# ئەزمونێک لە
# گۆڕانکاری مێژووی گەلان

نووسینی : ماکوان کەریم

...یی ژماره -١٦٠-
بڵاوکراوەکانی بزاڤی نوێ

# ئەزموونێک

# لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان

# ئەزموونێك لە گۆڕانكاری مێژووی گەلان

نووسینی: ماكوان كەریم

چاپی یەكەم/٢٠١٩

بسم الله الرحمن الرحيم

قال تعالى:

"إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ"

الرعد:١١

## پێشەكی

ەم كتێبەی لەبەر دەستی تۆدایە.. هەوڵ و ماندووبوونێكی زۆری لەگەڵدا كێشراوە، ئەوەی زیاتر انیداوم بۆ كۆكردنەوە و لە چاپدانی، ئەوە بوو؛ زۆرێك لە قوتابیی و دۆست و ئازیزانم دووره ەستبوون لێمەوە و نەمدەتوانی خۆم وەك پێویست وانەیان پێ بڵێمەوە و لەخزمەتیان دابم، ۆیە بریارم دا ئەم كتێبە، وەك سەرەتایەك بكەمە دیاری دەستم بۆ هەموو لایەكیان، تا بتوانن ۆشنبیریی و بیروباوەڕمان كۆبكەینەوە، لەم چوارچێوەیەدا و وەحدەتێكی فیكریمان بۆ دروست بێت.

ەم كتێبە بۆچی؟ سەردەم و زەمەن داوای ئێمە دەكات، یەكسەر خوێنەر بە مێشكی دا دێت و ەپرسێت ئەی ئێوە كێن؟ وەڵامێك، كە پڕ بەپێستی پرسیاركەر بێت بۆ ئەوەی گومانی نەمێنێت، ەڵێین: ئێمە وەك موسوڵمان دوور لەكاری حزبایەتی، ئینتیمامان بۆ نیشتمان هەیە و مرۆڤێكی كوردین..

ۆ و گەنج و پیر تینووە بۆ وەڵامی پرسیارەكان و ئەو خولیایانەی دەیانەوێ ببێتە هۆكاری گۆڕانكاری چۆن ئاڕاستەی باشەیان بكەین، تا كۆمەڵە خەڵكانێكی باش و سوودمەند دەربچن. لەم سەردەمە تا رادەیەك كاری حزبایەتی كاڵ بۆتەوە، بەڵام مانای وانییە، كە ماندووبوونی ئەوان ەبەرچاو نەگرم، جێدەستیشیان بەدڵنیاییەوە دیارە، ئەگەر ورد تەماشا بكەین بیرمەندانی ئەم ڕێبازی ئیسلامە، هەر خۆمانین و لە مەیدانەكەدا خۆمان دەبینینەوە، جا قەبووڵ دەكرێین یان ناكرێین، ئەوە واقیعەكە دەیسەلمێنێت.. باكیشمان نییە نە بە زیندان، نە بە لێدان، چونكە كاریگەری ئەماوە و خەڵكی لەو بوارەدا چەقاوەسو بوون.

گرنگە هەموو هیمەتێك بكەین لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات، تا بتوانین زۆرترین خزمەت بكەین بەو خەڵكە، بیسەلمێنین، كە بەڵێ ئێمە دڵسۆزین.. دووبارە دەپرسن ئێوە كێن، دەڵێین تەنها مووسڵمانی كوردین و دوورین لە هەموو بیرو بۆچوونێكی رێكخراوەیی و دوورین لە كاری حزبایەتی، پرۆژەی كاركردنمان تەنها تەوحیدە..

پرسێكی تر دێتە پێشەوە دەڵێن: ئەی ئەگەر هیچ نین، چۆن دەتوانن خزمەت بكەن، بێ ئەوەی لە چوارچێوەیەكدا كۆببنەوە؟ ئاسانە وەڵامەكەی. ئیسلام و دینداریی و خواناسی چەتری هەموو لایەكە. رێز لە هەموو ئەوانەش دەگرین و كاریان لەگەڵ دەكەین، كە مووسڵمانن و ئیسلامیان قەبووڵە و لەناو حزبەكانی كوردستاندان، لەڕووی مەیدانیشەوە تاقیكراوەتەوە. دڵسۆزانی پارتیی و یەكێتی و ئیسلامییەكان و تەنانەت بێلایەنەكانیش، كە تینوون بۆ خزمەتی ئەم ئیسلامە، تەنها چەترێكیان دەوێت، وەك رێكخراوێكی مەدەنی، یاخود سەنتەرێكی پڕ چالاكی، یان كۆنگرەیەكی ئیسلامی نەتەوەیی، كە ئاڕاستەیان بكات بۆ كاركردن.

دەپرسن داخۆ ئەو كارانە چین لەم پرۆژەی گۆڕانكاری ئەزمونی گەلانەدا؟

یەكەم: ئاڕاستەی كۆمەڵگە بۆ ڕەوشت و ئاكاری بەرزی ئیسلام و ڕەسەنێتیی و كوردەواری.

دووەم: هەوڵدان و هاندانیان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی لە هەموو بوارەكاندا.

سێیەم: دروستکردن و پاراستنی وەحدەتی فیکری بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی ئەو ئاسایشە نەتەوەییە، کە هەمانە لەم ڕێگەیەوە.

چوارەم: دۆزینەوەی تواناکان و بەگەڕخستنی تواناکان لە جێگەی شیاودا و دامەزراندنی تواناکان و بەتاڵنەکردنیان و گرنگیدان بە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان.

پێنجەم: هاندانی لاو و گەنجی کورد بۆ کارکردن، بێکاری لە بەرچاویان دا عەیبە بێت و هەموو کارێک لە نیشتماندا جێگەی شانازی بێت، بەو مەرجەی لە سنوری حەڵاڵدا بێت و نەچێتە سنورەکانی حەرام.

شەشەم: ڕواندنی ڕۆحی شۆڕشگێڕی لەناو خەڵکەکەدا و دروستکردنەوەی ئینتیما بۆیان..

حەوتەم: بەهۆشهێنانەوەیان لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە و پێگەیاندنی هەموو چین و توێژەکان لە بوارە جیا جیاکانی ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، تاکو ئاستی کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستان بەرزبکرێتەوە لەڕووی هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

هەشتەم: ڕواندنی (مەبدەئ) بۆ دۆسیەی کورد و کوردستان و ناوچە داگیرکراوەکان و هەستکردن بەو بەرپرسیارییەتییەی، کە هەموو تاکێك خاوەنییەتی، نەك حزبێك بەتەنها، بە بەرز ڕاگرتنی هەموو شۆڕشە کوردییەکان لە سەردەمی ناوەندەکانی مێژوو، تا مێژووی هاوچەرخی کورد بە سەرکردەکانیشیەوە.

نۆیەم: هاندانی خەڵکی بۆ پاراستنی ژینگە بەگشتیی و ژینگەی کوردستان بەتایبەتی، چاودێریکردنی لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە..

دەیەم: بەشداریپێکردنی ئافرەتان لەهەموو کایەکانی ژیاندا و بەرزکردنەوەی ئاستەکانیان، کە تەنها بۆ کلیپ و گۆرانیی و چێژی ئافرەتایەتی بەکار نەهێنرێن، بەڵکو ئەوە دروست بکەین بۆ هەموو نێرینەکان، کە مێینەکانیش وەك تۆ مرۆڤن و بیرکردنەوە ئەقڵیان لە نێرینەکان ئەگەر باشتر نەبێت، کەمتر نییە و ڕێزگرتنی منداڵ و پەروەردەیان بەشێوەیەکی تەندروست و هاندانیان بۆ نووسینی کتێب و نامیلکە و برۆشەر و کۆڕ و سمینار لەو بوارانەدا.

ئەم کتێبە ئەوە ئامانجەکەیەتیی و جێگەی خۆشیەتی، کە بەشێکی زۆری ئەم کتێبە پاداشت و ماندووبوونی من پێشکەش بکەم بەدایکی کاك لوقمان هەولێری بەڕێز، کە زۆر ماندووبوو لەگەڵم دا و هەمیشە هاوکارم بووە، وەکو کێو وەستاوە لە پشتم، خوای گەورە دایکی بەڕێزیان بە فیردەوسی بەرز شاد بکات.

پاشان کاك عوسمان کەلاری هاوکار و دڵسۆزی زۆری نواند تا ئەم بەرهەمە لەدایك بێت و لەهەمان کاتدا خێزانم - باران زۆر شەونخونی لەگەڵدا کێشا، کە زیاتر لە چەند مانگێك تەنها

پێداچوونەوەی زمانی وتار و نووسینە جیاوازەكانمی كرد بەیەك و تا بووە ئەو كتێبەی لەبەر دەستتان دایە.
سوپاسی ستافە ماندوونەناسەكەم دەكەم، كە شەو و ڕۆژ لەخۆم دڵسۆزتر كاریان كردووە، ئەم كتێبەش بۆ ئەوان نووسراوە، پێشكەشە بە هەموویان، بەتایبەت كاكە ئیكرام خورماڵیی و مامۆستا عەلی زەڵمی، كە ماندووبوون بە تایبی بەشێكی ئەم كتێبە.

دڵسۆزتان: ماكوان كەریم
فرێدریكستاد - نەرویج ٢٠١٩/٩/١

## ڕێڕەوی باس

گۆڕانکاری لە فەرهەنگی زمانەوانیی دا: گۆڕانی حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی نوێ و گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیە، بەڵام لە زمانەوانی خەڵکی دا بەگشتی، بەواتای هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک بۆ سەرنگونکردنی حکومەتێک و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ دێت، بەمەبەستی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەهەموو دامودەزگەکان دا، کە واتای شۆڕشیش دەگەیەنێت.

گەورەترین گۆڕانکاری لەمێژووی جیهاندا:

گۆڕانکاری سەرووەرمان محمد ﷺ گەورەترین شۆڕش و گۆڕانکاریەکی کامڵ و گشتگیر بووە، کە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی؛ ئازادی، عەدالەت، یەکسانی، ئەخلاق، کەرامەتی تاکی مرۆڤەکان، ئاشتیی و خۆشی لە نێوان مرۆڤەکان، بۆ کۆتاییهێنان بە هاوەڵ بۆ خوا دانان.

لەو ماوەی پێغەمبەرایەتییەدا باشترین و جوانترین نمونەی لە دەسەڵات و حکومەتداری نیشاندا لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی دا.

ئەم پەرتوکە باسێکی گرنگە لە سەر ئەو ئەوەرانەی، کە چۆن گۆڕانکاری بکرێت، کۆمەڵێک زانیارییە لەسەر ئەوەی، چۆن گەل بتوانێ گۆڕانکاری بکات لەناو کۆمەڵگەدا بەگشتی.

ئەوەی دەمانەوێ باسی بکەین و بیگەیەنین بریتیە لەوەی؛ ئێمە بتوانین گۆڕانکاری بکەین لە خراپەوە بەرەو چاکە و لە چاکەوە بەرەو چاکتر.

گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکاندا، گۆڕانکاری لە ژیانمان، گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتمان، گۆڕانکاری لە دەسەڵات و سیستەمی حکومڕانیماندا، هەروەها گۆڕانکاری لە هەموو ئەو شتانەی، کە لە چوار دەورماندا هەن و پێویستیان بە گۆڕانکارییە!

بزانین خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا چۆن باسی گۆڕانکاری کردووە و پێغەمبەری ﷺ فێرکردووە، چۆن هەنگاو بنێت بەرەو گۆڕانکاری؟ پاشان هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزامەندی و ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، چۆن گۆڕانکاریان کردووە؟ ئەو کەسانەی، کە شوێنکەوتووی ئەوان بوون بە چ شێوەیەک گۆڕانکاریان کردووە؟

بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ئەمە ناونیشان و سەرەتای باسەکەمانە.

پێش هەموو شتێک پێویستە باسی ئەوە بکەین کە گۆڕانکاری بە کێ دەکرێت؟

گۆڕانکاری بەباشترین خەڵک دەکرێت، ئەوەی دەیەوێ لە باشەوە بەرەو باشتر بروات، وە ئەوەی دەیەوێ گۆڕانکاری بکات لە خراپەکاریەوە بەرەو چاکەکاری، لە فەسادەوە بەرەو پێچەوانەکەی، پێویستە کەسێکی چاکەکار و کەسێکی باش و نمونەی ناو خەڵکی بێ.

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانین و خەڵکی تێبگەیەنین لەوەی، ئەو کەسەی گۆڕانکاری دەکا کێیە؟

وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی ناوە (خَيْرَ أُمَّة)، کە دەفەرموێت: كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾ آل عمران، واتە: بەڕاستی ئێوە چاکترین ئومەتێکن، کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و

قەدەغەی خراپە دەكەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هەیە، خۆ ئەگەر خاوەنانی كتێب باوەڕیان بهێنایە بەئاینی ئیسلام و چاكتر بوو بۆیان، هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهكار و تاوانبارن.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كەوا (خَيْرَ أُمَّه) دەتوانێ گۆڕانكاری بكات و لەناو فەساددا چاكسازی بكات، دەتوانێ كاری باشە بكات لەوەی، كە خەڵكێك فەساد و گەندەڵی تێدا كردووە.

خوای گەورە، كە باسی (خَيْرَ أُمَّه) دەكات، باسی ئەوەمان بۆ ناكات گوایە ئەو گەل و هۆزانەی، كە گۆڕانكاری دەكەن خەڵكێكی نایابن، یان خەڵكێكن خوای گەورە دەسەڵاتی پێ بەخشیون، وەكو چۆن بەهودییەكان پێشتر دەیان وت ئێمە شعب الله مختارین، واتا گەلی هەڵبژاردەی خواین و هەموو كەسێ دەبێ لەبەردەم ئێمەدا كار بكات و ئێمە بۆ ئەوە دروست كراوین خەڵك خزمەتمان بكات.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەپێچەوانەی ئەمانەوە هەرگیز رێگە نادات بە خەڵكی، بەو شێوەیە بیربكەنەوە و مامەڵە بكەن، بەڵكو دەیەوێت ئەم ئوممەتە خزمەت بەخەڵكی بكا بۆ ئەوەی لە فەساد و لە نەخۆشییەكان و لەخۆكوژیی رزگاریان بكات و بەرەو خۆشنودی و كامەرانی بەهەشت بیانبات.

أبو هريره -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لەباسی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەگەر خەڵكانێك بە زنجیر بیانبەستیتەوە و بیانهێنیتە ناو بازنەی ئیسلامەوە لە قازانجیانە!

سەرەتا لەمە تێ نەدەگەیشتم، چۆن لە كاتێكدا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتی ٢٥٦ی سورەتی البقرەدا، دەفەرموێ: لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ البقرە. واتە: دینداری بە زۆر نابێ بكرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر كەسدا، چونكە ڕێبازی چاك و دروست و ئاشكرا بووە و جیابۆتەوە لە توله ڕێگەی گومڕایی و سەركەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت، كە بریتییە لە هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێزو بەرنامە و بت و لادانێك، وە باوەڕی دامەزراو بێنێت بە خوا، بێگومان ئەوە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆكاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ كەوتووە، كە هەڵناوەشێت و هەڵناتەكێت، وە هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە، بە هەموو كردار و گوفتار و نیەت و نهێنی بەندەكانی.

هەروەها لە ئایەتی ٢٩ی سورەتی الكهف دا، دەفەرموێت: وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾ الكهف. واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە، كە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆتان رەوانەكراوە، هەمووشتان سەربەستێ ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بێنێ، ئەوەی دەیەوێ با كافر و بێباوەڕ بێ، بێگومان ئێمە دۆزەخێكمان ئامادەكردووە بۆ ستەمكاران، كە لەهەموو لایەكەوە دەورەیان دەدا و بەدیوار و بەربەستی سەخت ئابڵوقە دروان، ئەگەر هاوار بكەن و داوای ئاو بكەن، كانزایەكی تواوەیان بۆ دەهێنرێت، كە ئەوەندە گەرمە

دەموچاویان هەڵدەکڕوزێنێ و دەیانبرژێنێ، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی نالەبار و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی نالەبار و پڕ لە ئازارە.

لەم ئایەتانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوەی موسوڵمان دەبێت یان نا، ئازادە، بەڵام چۆن أبو هریرە لە باسی ئەم ئایەتەدا پێمان دەڵێت پێویستە خەڵکی بەزنجیر بهێنرێتە ناو ئیسلامەوە؟

دوای ئەوە تێگەیشتم، کە مرۆڤایەتی لە خۆکوشتندایە، ئەم مرۆڤایەتییە پێویستی بە گۆڕانکارییە، کاتێک کەسێک دەیەوێ خۆی بکوژێت، پێش هەموو شتێک تۆ دەستی دەگری و نایەڵیت خۆی بکوژێ، تەنانەت ئەگەر لە بەرانبەریشت بوەستێتەوە و ئازاریشت بدات، یاخود تۆ بێهۆشی بکەیت تاکو بەو کارە هەڵنەستێت، دوای ئەوە هەست دەکا، تۆ چاکەت لەگەڵی کردووە، هەست دەکا بەوەی پارێزگاریت لە ژیانی کردووە، خەڵکیش پێویستی بە ئیسلامە بۆ ئەوەی لە خۆکوژی دوور بکەوێتەوە.

کەواتە خوای گەورە کە دەفەرموێت: كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ. واتە ئێوە باشترین خەڵکن بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی ئێوە خەڵکی بەرەو کاری چاکە، بەرەو کاری پاشە، بەرەو فێرکاری و چاکسازی بەرن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئێمە، کە دەمانەوێ گۆڕانکاری بکەین و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بەرپا بکەین، ئایا بۆ خۆمان ئەو (خَيْرَ أُمَّةٍ)یەین کە خوای گەورە باسی کردووە؟

ئێمە پێویستی بە هەڵوێستە لەسەرکردنە، هیچ گەل و ئومەتێک ناتوانێت گۆڕانکاری بکات، ئەگەر خۆی چاک نەکات. کەواتە پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین ئایا ئێمە خۆمان (خَيْرَ أُمَّةٍ)ین، قسە و گفتوگۆ و هەڵسوکەوت و هەستان و دانیشتنمان، لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلمان وەکو خیر أمەیە؟

پێویستە پێش هەموو شتێک چاکسازی لە ناخی خۆماندا بکەین، پێغەمبەری نازدار ﷺ، کە ویستی گۆڕانکاری بکات پێش هەموو شتێک چاکسازی لە تاکەکانەوە دەست پێ کرد، سەرەتا بونیادی تاکی نا، ئینجا دوای ئەوە دەستی کرد بە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگە، بۆیە ئێستە ئێمە گیرمان خواردووە لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، مەنزومەکە بەگشتی گەندەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا تاک و کۆمەڵگەش بە باشی پەروەردە نەکراون، هەر بۆیە ئەوەشی لەناو دەسەڵاتدایە گەندەڵە، کەواتە مەنزومەکە بە گشتی بەیەکەوە گەندەڵ بوون، بۆیە پێویستە سەرەتا گۆڕانکاری لە ناخی تاکەکاندا بکرێت، گۆڕانکاری لە هەڵوێستی تاکەکاندا کە تاک باش بوو کۆمەڵگەش باش دەبێت، کە کۆمەڵگەش باش بوو ئۆتۆماتیکی دەسەڵاتیش باش دەبێت، خۆ ئەوانەی لەناو دەسەڵاتدان لە وڵاتێکی ترەوە نەهاتوون، هەموویان هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەن و خەڵکی ئەم وڵاتەن.

کەواتە دەبێت ئێمە بزانین جارێ پێش هەموو شتێ ئەو کەسەی، کە گۆڕانکاری دەکات دەبێت کەسێکی (خَيْرَ أُمَّةٍ) بێت!

(خَيْرَ أُمَّةٍ) بەواتای ئەوەی ئێمە لەلای خوایەکەوە بەرنامەیەکمان بۆ هاتووە بە باشترین فریشتەدا، کە جبرئیلە -علیه السلام-، لەناو هەموو فریشتەکاندا باشترین فریشتەیە، کە خوای گەورە هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی پەیامی خۆی بگەیەنێ بەم ئوممەتە، کە ئوممەتی گۆڕانکارین،

باشترین دەستووری بۆ ناردووە، وە باشترین قانونی بۆ ناردووە، كە قورئانی پیرۆزە، بۆ كێی ناردووە؟

بۆ ئەشرەف مەخلوق، كە پێغەمبەر ﷺ ئیمامی هەموو پێغەمبەرانە -علیهم السلام-، كەواتە خوای گەورە باشترین كتێبی ناردۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ، كە بریتییە لە شەریعەت، شەریعەتیش واتە یاسا و دەستور، بەواتای ئەوەی كە هەركەسێك دەگەڕێتەوە بۆ ئوصوڵێك دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا.

سەرەتای هەموو یاساكانیش لەلای خوای گەورەیە. كەواتە ئێمە (خَيْرَ أُمَّه)ین، چونكە پێغەمبەرەكەمان ﷺ، ئیمامی پێغەمبەرانە و یاسا و دستورەكەمان باشترین یاسا و دەستورە، كە پێویستە پیادەی بكەین لە ناخماندا و رەنگدانەوەی هەبێت لەناو كۆمەڵگەدا و دوای ئەوە لەناو دەسەڵاتدا.

كەواتە خاڵی سەرەكی بۆ ئێمە ئەوەیە، كە دەبێت ئەوە بزانین و هەستمان بەوە بێ گۆڕانكاری بە كەسێك دەكرێت، كە ئەو كەسە لەسەر ئەو بەرنامەیە بێت، كە بەرنامەی پێغەمبەری ئازدارە ﷺ. لە قورئانی پیرۆزدا ئاراستە كراوە بەوەی، كە ئەو كەسەی گۆڕانكاری پێ دەكرێت بریتییە لە (خَيْرَ أُمَّه).

(خَيْرَ أُمَّه) بە واتای ئەوەی، كە ئەو یاسا و دەستورانەی هاتوونەتە خوارەوە جێبەجێیان بكەیت و بیانكەیتە بزوتنەوەكەیەكی گۆڕانكاری، ئەم بزوتنەوە گۆڕانكارییە بەكێ دەكرێ؟

بەكەسێك دەكرێ، كە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّه وَسَطًا) لەناو ئەم (خَيْرَ أُمَّه)دا ئوممەتێكی وەسەتی تێدابێ.

لەوانەیە خەڵكێك وشەی میانڕەو لەبەرانبەر وەسەتییەت بەكاربێنن، بەڵام من زۆر دژی ئەوەم ئەم وشەیە ببەسترێتەوە بەوشەی میانڕەوەوە، لەبەر ئەوەی شتێك نییە لەسەر ئەم زەوییە ناوی میانڕەوی بێ و بۆ ئەم وشەیە بەكاربێتەوە، لەناو زۆربەی تەفسیرەكانیشدا، كە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە كراوە دەڵێن؛ واتای (أُمَّه وَسَطًا) لە بەرانبەر (أمه العدولا یان أمه العادیله) دێت، واتا ئوممەتێكی دادپەروەر.

گۆڕانكاری ناكرێت ئەگەر تۆ دادپەروەر نەبیت، ئەی میانڕەو واتای چییە، كە بەكاردێتەوە لەلای هەندێك لە خەڵكی بەرانبەر بە وشەی (وَسَطًا)؟!

ئەگەر بڵێین ئێمە گەلێكین لەناوەندابین و وەسەتین، خۆ هەموو شتێكی ناوەند باش نییە، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ بە خراپە یان بە زەمكراو باسی ناوەند و وەسەتییەت دەكات، مەرج نییە لە هەموو جێگەیەكدا، كە باسی وەسەت كرابێت بە باشە باسی كرابێت.

جگە لەوەش پێمان وایە وشەی میانڕەو بەواتای بێ هەڵوێستی دێت، یانی زۆر جار میانڕەو بەو واتایە دێت كە هەڵوێست لە مرۆڤەكاندا نەمێنێت یان نایهێڵێت و دەیشارێتەوە، وشەی وەسەتییەت لە ئیسلامدا لە بەرانبەر دادپەروەری بەكارهاتووە، واتە پێویستە موسوڵمانان هەموویان دادپەروەربن، لە هەڵسوكەوتیان دا، لە ناخیان دا، لەگەڵ دراوسێ و خەڵكدا، وە لەگەڵ هەموو حكومەتانی جیهاندا.

کەواتە (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً)، بەواتای ئەوە دێت، کە ئێمە خەڵکێکی دادپەروەربین تا بتوانین گۆڕانکاری بکەین لەناو گەلی خۆماندا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، بەچ بەڵگەیەکەوە دەڵێین وشەی وەسەتییەت پەیوەندی بەسەر میانڕەوەوە نییە، کە خەڵکێک بۆی بەکاردێنێت، بەڵگەشمان ئەو ئایەتەیە، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەدرێژەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ. واتە ئێوە شایەتن بەسەر خەڵکییەوە.

پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ، لە باسی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ئێوە شایەتن بەسەر گەلانی ترەوە.

شایەتی بەسەر گەلانی ترەوە بە واتای ئەوەی، خەڵکانێک لە گەلانی پێشوو خراپەکاربوون بەرانبەر بە پێغەمبەرەکانیان -علیهم السلام-، عەزیەت و ئازاری پێغەمبەرەکانیان دەدا. لە ڕۆژی دواییدا کاتێک کە بانگ دەکرێن و پێیان دەوترێت ئایا پێغەمبەرتان بۆ هاتووە؟

لە وەڵامدا دەڵێن نەخێر: پێغەمبەرمان بۆ نەهاتووە، بۆ نموونە هەر لەسەر ئەم باسە لە قورئانی پیرۆزدا، خوای گەورە گەلەکەی سەیدنا نوح -علیه السلام- بانگ دەکات و پێیان دەڵێت: ئایا پەیامتان بۆ هاتووە لە ڕێگەی پێغەمبەرێکەوە و داوای چاکسازی بکات لە ناوتاندا؟

لە وەڵامدا دەڵێن: نەخێر: پێغەمبەرمان بۆ نەهاتووە بەو ناونیشانە، پاشان خوای گەورە پێغەمبەر نوح -علیه السلام- بانگ دەکات و پێی دەڵێت: ئایا تۆ بۆ ئەم گەل و هۆزە نەڕۆیشتوویت؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ ڕۆشتووم و ئاگادارم کردوونەتەوە.

لەم کاتەدا ئوممەتەکەی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ، دەبنە شاهیدی پێغەمبەر نوح -علیه السلام- و شایەتی ڕاستگۆیی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە دەدەن، بۆچی ئوممەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم شایەتییە دەدات؟

لە وەڵامدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کە (خَيْرَ أُمَّة)ن، لەبەر ئەوەی کە ئوممەتی گۆڕانکارین، وەکو ئوممەتێکی وەسەتن، بەواتای دادپەروەرە نەک بە واتای میانڕەو.

میانڕەو نییە دادپەروەرە و هاتۆتە ناو کایەی ئەم ژیانەوە و گۆڕانکاری دەکات بە دادپەروەری، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت: ئێوە دادپەروەرن لەبەر ئەوەی شایەتی دەدەن، کە سەیدنا نوح -علیه سلام- هاتووە بۆ ناو ئەو گەل و هۆزە. ئەی ئێمە لە کوێ زانیمان، کە سەیدنا نوح -علیه سلام- هاتووە بۆ ناو ئەو گەل و هۆزە؟

بە باشترین بەرنامە، کە خوای گەورە ناردوویەتییە خوارەوە بۆ باشترین پێغەمبەر ﷺ، بۆیە لێرەدا ئێمە شایەتی دادپەروەریمان لەسەر دەدرێت و دەکرێینە ئوممەتێکی دادپەروەر. (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ) بۆ ئەوەی ئێمەش شایەت بین بەسەر گەلانی ترەوە، بنەڕەتەکە ئەوەیە تۆ بۆ خۆت ئەگەر دادپەروەر نەبیت، ناتوانیت شایەت بیت بەسەر گەلانی تریشەوە، بۆیە کراویتە (خَيْرَ أُمَّة) لەبەرئەوەی خەڵکێکی دادپەروەری، خەڵکێکی ڕاستگۆیت، خۆت ساغکردۆتەوە بۆ ئەم ئاینە، کەواتە گرنگە پێش هەموو شتێک بزانیت، کە تۆ بە دادپەروەری دە بیت بە (خَيْرَ أُمَّة)، وە (خَيْرَ أُمَّة)یش وەکو باسمان کرد بریتییە لەوەی، کە قانون

و پاسایەکی باشت هەیە، پێغەمبەرێکت هەیە ﷺ، هەموو ئەمانە پاڵپشتن بۆ ئەوەی تۆ گۆڕانکاریت پێ بکرێت.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا (خَيْرَ أُمَّه)یان ئوممەتی وەسەت و دادپەروەر، بەوە نابێت بە دادپەروەر، کە بێ هەڵوێست بێ بەرانبەر بە کایەکانی ژیان، کە پێی دەوترێت میانڕەوی یان فکری میانڕەوی، واتە ئەگەر کەسێک دزی بکات من دەبێ بۆی دابپۆشم و بڵێم قەیناکا من میانڕەوم و جارێکی کە دووبارەی ناکاتەوە، نەخێر موسوڵمان خاوەنی هەڵوێستە و هەرکەسێ دزی کرد دەبێت ئاشکرای بکات و بە خەڵکی بناسێنێ و تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە، سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە بە فیڕۆ نەبات.

دەبێ خاوەنی هەڵوێست بی لەم حاڵەتەدا، تۆ ئەگەر میانڕەو بیت لە کاتێکدا، کە خوای گەورە دەفەرموێت دەبێت دەستی دز ببرێت، بەڵام کەسی میانڕەو دەڵێ خۆ ئەم کۆمەڵگەیە قبووڵی دەست برین ناکات، ئەی چۆن دەستی ببڕینەوە؟ دەی قەیناکا جارێ با ئیش بەم حوکمە نەکەین، نەخێر ئەگەر دەستی چوار دز ببڕێت، ئیتر کەس جورئەتی ئەوە ناکات دزی بکات، ئەو هەموو سەروەت و سامانەی خەڵک بە هەدەر ناڕوات، ئەو هەموو کانزایەی، کە دەردەهێنرێتە دەرەوە لەم وڵاتەدا هەر وا بە هەوەنتە ناچێتە گیرفانی هەندێ کەسەوە، ئەگەر بە ئاشکراو بە ڕاستگۆیی ئێمە خاوەنی هەڵوێست بووین و بە دادپەوەرانە وتمان دەبێ گۆڕانکاری بکەین لەناو گەلی خۆماندا، ئەو وەختە هیچ کەسێک ناتوانێت سەروەت و سامان و قوتی خەڵکی و کاری گەندەڵی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە.

بۆیە دەبیتە (خَيْرَ أُمَّه) و دەبیتە شایەت بەسەر گەلانی ترەوە، بۆیە ئازناوی دادپەروەریت پێ دەدرێت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت ئێوە فەرمان دەکەن بە چاکە و نەهی دەکەن لە خراپە، وە باشیش بزانن کە فەرمانکردن بە چاکە بە چاکترین خەڵک دەکرێت، خەڵکێک وا دە زانی ئەگەر لە ماڵەوە بێت و سەری خۆی کز بکات، ئیتر بە (خَيْرَ أُمَّه) حساب دەکرێت، نەخێر (خَيْرَ أُمَّه) ئەو کەسانەن، کە خاوەنی هەڵوێستن، ئەو کەسانەن دەیانەوێ دادپەروەری بڵاو بکەنەوە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە (خَيْرَ أُمَّه) ئەوانەن کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن، واتە بەو کەسانە دەوترێت، کە باشترین خەڵکی ناو خەڵکین، سەربەرزی بۆ ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێت ببنە باشترین خەڵکی ناو خەڵکی، کێ هەیە لەناو ئێمەدا باشترین بێت، لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە هیچ کەسێک لەناو گەلاندا گۆڕانکاری پێ ناکرێت ئاوەکو خاوەنی هەڵوێست نەبێت، هەڵوێست بەواتای ئەوەی کە ئەو کارەی دەیکەیت لەبەر خاتری خوای گەورە بێت، وە لەبەر ئەوەی خۆشنودی و کامەرانی بەخشی بە خەڵکی.

ئەتان پرسیوە کۆمەڵگەیەک لەوپەڕی وشکانیی و هیچ فەیلەسوفێکیان تێدا هەڵنەکەوتووە، هیچ زانا و دانایەکیان تێدا هەڵنەکەوتووە، کەچی خاوەنی بەرنامەیەکن، کە بووە هۆی بەرپاکردنی گۆڕانکاری لەناو هەموو گەلانی جیهان، دوو هێزی گەورەی جیهان دەدات بە زەویەکەیان، کە

ئیمپراتۆرییەتیی فارس بوو، خاوەنی سوپایەکی دوو ملیۆن سەربازیی بوو، ئەوی تریشیان ئیمپراتۆرییەتیی ڕۆم بوو، کە ئەویش خاوەنی سوپایەکی یەک ملیۆن سەرباز بوو. ئەی چۆن ئەم محمدە ﷺ، توانی بە خەڵکێکی کەمی ڕەش و ڕووتەوە ئەم دوو زلهێزە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە؟ ئایا ئەمە بۆ خۆی پرسیار نییە!

با پرسیارە و وەڵامەکەشی ئەوەیە: ئەم کۆمەڵە خەڵکە ڕەش و ڕووتە خەڵکێکی دادپەروەر بوون، پەیوەندی نییە بەسەر کەمی و زۆرییەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەسەر ناخی مرۆڤەوە، پەیوەندی هەیە بەسەر ئەو گۆڕانکارییەوە، کە ئەو خەڵکە دەیەوێ ئەنجامی بدات، ئەویش بریتییە لەوەی، ئەم کەسانە هاتن بۆ ئەوەی دادپەروەری بڵاوبکەنەوە.

خەڵکێک وا دەزانن ئیسلام، هێرشی بردۆتە سەر وڵاتی فارس! نەخێر ئیسلام، هەرگیزاو هەرگیز هێرشی نەکردۆتە سەر هیچ گەل و نەتەوەیەک، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە سوپای فارس بوون، کە ویستیان پێغەمبەر ﷺ بە دیل بگرن، دوو کەسیان لە ڕێگەی سامانی کوڕی بازانی فارسییەوە نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە دیل بگرن، نێردرانە لای پێغەمبەری ﷺ پێیان وت، کە کیسرای پادشایان بانگی دەکات، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە لەسەرخۆیی پێی فەرموون: دیارە ئەتان زانیوە خواکەی من خواکەی ئێوەی لەناوبرد، تەبعەن ئەم قسەیان زۆر پێ سەیر بوو، لەڕاستیی دا لەو ڕۆژ و کاتژمێر و چرکەیەدا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵەکەی پێدان تەنەوشیروانی کوڕی شیروە باوکی خۆی کوشت و وتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ چەسپا، هەر ئەمەش بووە هۆکاری موسوڵمان بوونی سامانی کوڕی بازانی فارسی.

ڕەبیعەی کوڕی عامر -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لە شەڕێک لە شەڕەکان بەرانبەر فارسەکان، پادشای فارس ڕۆستەم بانگی دەکات و پێی دەڵێت ئێوە بۆچی هاتوون بۆ ناو ئێمە؟ پارەتان دەدەینێ بگەڕێنەوە! عەرەب بچووک بوون لەبەرچاوی فارس دا و قەومێک بوون هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدرا، چونکە خاوەنی شارستانی نەبوون، نە فەلسەفە، نە هیچ زانایەکیان تێدا هەڵنەکەوتبوو، لە خاکێکی وشک و برنگدا دەژیان.

موعجیزەکە لێرەدا دەردەکەوێ ئایا بۆچی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەم ناوچەیەدا سەری هەڵدا؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: لەبەرئەوەی خوای گەورە بە ئێمە بڵێ ئەم ئاینە خاڵییە لە فیکری مرۆڤایەتی، خاڵییە لەوەی کە خەڵک بیری لێ دەکاتەوە، وە هۆکاری هاتنی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەو جێگەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە دەیەوێ خەڵکی فێری ئەوە بکات ئەگەر پەیامی ئیسلام لەوێوە نەهاتایە و لە جێگەیەکی ترەوە بهاتایە خەڵکی تێکەڵی دەکرد لەگەڵ فکری خۆی، بپرسین چۆن؟

ئیسلام کاتێ کە هات لە جێگەیەکەوە هات، کە خاوەنی هیچ شارستانییەتێک نەبوو، یاخود هیچ شارستانییەتێکی تێدا هەڵنەکەوتبوو، جگە لەوەش عەرەب پێشینەی خۆی ناو ناوە جاهیلییەت، قەت باسی لەوەی نەکردووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی باشی کردبێت، زانایەکی تێدا هەڵنەکەوتووە، خاوەنی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو نەبوون، هیچ سوپایەکی بەهێز و ڕێکخراویان نەبووە، وە ڕۆژێک لە ڕۆژان عەرەب بەیەکەوە کۆنەبوونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و دواکەوتووییەکانی، خەڵکێکی بەدەوی بوون، ئەمە پرسیار دروست دەکات چۆن ئەم ئیسلامە

لەوێوە سەری هەڵدا و توانیشی سەركەوتوو بێت و هەموو جیهانش بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە، خەڵك ناپرسن موعجیزەكە لێرەدا چییە؟
وەڵامەكەی ئاسانە ئەگەر بهاتبایە و پێغەمبەر ﷺ، لە یۆنانەوە بهاتبایە هەموو لایەک دەیان وت محمد ﷺ، شتێكی ئەوتە گەورەی نەهێناوە، بەڵكو محمد ﷺ، شتێكی هێناوە، كە پێشتر سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ و فەلسەفەی كلاسیک باسیان لێوە كردووە، لەبەر ئەوە گرنگییەكی ئەوتۆی بۆ نەدەمایەوە، هەر بۆیە خوای گەورە لە یۆنانەوە نەینارد.
ئەگەر لە رۆماوە بهاتبایە، كە خاوەنی یەكێک لە گەورەترین شارستانییەتەكانی ئەوكاتە بوون، خاوەنی سیناتۆربوون، پەرلەمانیان هەبوو، سەردەمێک بوو ئەوان ئیشیان بە دیموكراسی خۆیان دەكرد، خاوەنی سیستەم بوون.
ئەی ئەگەر لە هیندەوە بهاتبایە یان لە ئیمپراتۆرییەتی توبا، كە یابان و بەشێك لە چینی ئێستە دەكات، لەوێوە بهاتبایە هیچ گرنگییەكی تێدا نەبوو، چونكە بە دەیان ئاین و فەلسەفەی گەورەی وەكو هیندۆسی و میترایسمی و شوشەنگی بوونیان هەبوو، ئەو كات دەیان وت ئەی محمد ﷺ شتێكی نوێی نەهێناوە!
ئەی ئەگەر لە چینەوە بهاتبایە دەیان وت محمد ﷺ شتێكی نوێی نەهێناوە، چونكە ئەم وڵاتە خاوەنی چەندین فەیلەسوفی گەورەی وەكو كۆنفۆشیۆس و بوزاو...تاد بوو، ئەمانە هەموو بانگەشە ئەفكار و سیستەم و دەسەڵاتیان دەكرد.
ئەی ئەگەر لە ئێرانەوە بهاتبایە، ئەوا ئەوانیش خاوەنی شارستانی و چەندان فەیلەسوف و زانابوون لەوانە: زەردەشت و یەزگورد و ئەنەوشیروان و...هتد.
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ، كە بۆچی ئەم ئاینە پیرۆزە لە ناوچەیەكی وشكی عەرەبنشینەوە سەری هەڵدا؟ بۆ ئەوەی بە خەڵكی بڵێت ئەم بەرنامەیە، كە هەموو بەرنامەكانی تری خستۆتە ژێر ركێفی خۆیەوە خاڵییە و دوورە لە زادەی فكری مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەی هەموو ئەفكارەكانی تر كە هاتوون خەڵک بەرهەمی هێناون.
كەواتە بۆیە رۆستەمی پادشای فارس بە رەبیعەی كوڕی عامر و هاوڕێكانی دەڵێت ئێوە بۆچی هاتوون؟ ئەنانەت ئەوەندە بە كەمی سەیری كردوون، كە وتوویەتی سەر و درهەم بدەن بە سوپای عەرەب و كەوایەكیش بدەن بە سەرگردەكەیان با بگەڕێنەوە، چونكە دەیانزانی جل و بەرگیان نییە، بە بەڵگەی ئەوەی لە شەڕی بەدردا یەكێک لە هاوەڵی بەڕێزەكان بە ناوی موصعەبی كوڕی عومەیر-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، كە شەهید دەبێت جلی نییە دایپۆشن، كوڕە دەوڵەمەندیش بوو پێش موسوڵمان بوونی، بەڵام كاتێ دێتە ناو ئاینی رەحمەتەوە، جیهانی لەلا بێ نرخ دەبێت، حەساری ئابووریان دەخرێتە سەر و ئەزیەت و ئازار دەدرێن.
رەبیعەی كوڕی عامر -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لە وەڵامی رۆستەم پادشای فارسدا دەفەرموێت: ئێمە بۆیە هاتووین، خوای گەورە فێری كردووین پێتان بڵێین: (لقد ابتعثنا الله لنخرج العباد من عباده العباد، الی عباده رب العباد). سەیری وشەی (ابتعاث) یان (بعث) بكەن، بەس تەنها بۆ پێغەمبەرانە، كە لێرەدا بەكاردێتەوە مەبەستی لە ئاینەكەیە، كەواتە ئێمە خوای گەورە ناردوینی بۆچی؟

بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەناو گەل و کۆمەڵگەی خۆماندا بکەین، بەو جۆرەی خوای گەورە لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە مەبەستی بووە، هەروەها لە ڕێگەی هاوەڵە بەڕێزەکانەوە، کە ئاڕاستەی کردوون و پێغەمبەر ﷺ، پەروەردەی کردوون. هەروەک شاعیری گەورە و خواناسی کورد مەحوی لە هۆنراوەیەکیدا دەفەرموێت:

بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوونبوون

غەریبی تازە هاتوو دەیگوت ئەمە پێغەمبەرستانە

ئەمانە هەموو (خَیر اُمّە)ن، چونکە هەمیشە لە حەرەکەت و گۆڕانکاریدا بوون، سەیرکەن ڕەبیعەی کوڕی عامر دەفەرموێت: ئێمە هاتووین (لنخرج العباد من عباده، العباد الی عباده رب العباد). واتە: ئێمە هاتووین خەڵکی لە بەندەی خەڵکییەوە، بکەینە بەندەی خوای گەورە.

ئەم قسەیە زۆر گەورەیە، گۆڕانکاری ناکرێت ئەگەر خەڵکێک پێی وابێ خەڵکێک خوایەتی، دەبێ ئێمەی موسوڵمان بیری ئەو خەڵکە بخەینەوە و بڵێین ئەوانە خوانین، دروستکراوی خوان، بەندەی خوان، خوای گەورە پەروەردگاری ئێوە و ئەوانیشە و دروستکەری ئێوە و ئەوانیشە.

لێرەدا ئەرک و کاری موسوڵمان ئەوەیە، واز لە پەرستشی تەقلیدیانە بێنێ، بەواتایەکی تر واز لە دەروێشی ئەم و ئەو بێنێ، چونکە هەندێک موسوڵمان بوونیان هەیە، کە هەرچییەکیان پێ وترا وەکو فەرمانی خوای گەورە جێبەجێی دەکەن، لەم جۆرە کەسانە هیچ ئومێدێکی گۆڕانکاری نییە.

ئەم هاوەڵە بەڕێزە -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- درێژە بە قسەکانی دەدات و دەفەرموێت: (ومن جَور الأدیان) لەناو ئەم هەموو ئەفکارەی کە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ئەم ئوممەتە موسوڵمانە، ئایا دەکرێت تۆ بە تەمای سەفەری شوێنێک بیت، بەڵام کە چویتە گەراج سواری پاسێک بیت، کە بۆ شوێنێکی تر دەڕوات، با پاسەکەش نوێ بێت، با مۆدێرن بێت، ئەم تایبەتمەندیانە و چەندانی تریشی هەبێت، پاسەکە فریای تۆ ناکەوێ، چونکە ئەو شوێنەی کە بۆی دەڕوات، جێگە و مەنزڵ و ئامانجی تۆ نییە، ئێمەی موسوڵمان هەرچی ئەفکارە تاقیمان کردووەتەوە، ئەم گەلەی ئێمە هەرچی ئەفکارە تاقیکردۆتەوە بەس ئیسلامەکە ماوە تاقییکاتەوە، بە هەموویانی دۆڕاند، بە ناسیۆنالیزم، بە لیبرالیزم، بە سۆسیال دیموکرات، بە دیموکراسی، بە هیچیان نەگەیشتە کەناری ئارامیی و نەگەیشتە ئامانج.

بۆیە پێویستە ئیسلامەکەش تاقیبکرێتەوە، بۆچی بەم هەموو تەجروبەی گۆڕانکارییەی کە لەبەردەمماندایە ئەمە تاقیناکەینەوە.

کەواتە ئەی خەڵکینە ئێمە گۆڕانکاریمان پێ ناکرێ هەتا خەڵک ئازاد نەبێ، هەتا خەڵک لە کۆیلایەتی ڕزگار نەکرێ، لەناو ئەفکار و گەلەکانی تردا بانگەشەی ئازادی دەکرێ و هەمووشی کۆیلەیە، یەکێ کۆیلەی مەشروبە، یەکێ کۆیلەی ئافرەتە، یەکێ کۆیلەی بەرپرسە، یەکێک کۆیلەی هەواو هەوەس و نەفسە، یەکێک کۆیلەی سەروەت و سامان و پارەیە، هەریەکە کۆیلەی شتێکە، بە پێچەوانەوە لەناو ئیسلامدا زۆر بە ئاشکرا و بە ئازایانە دەوترێ ئێمە بەندەی خوای گەورەین، هەتا ئێمە شوێن خەڵک و پلە و پایە و پارەو نەفس و...هتد بکەوین و بەتەمای ئەوەش بین گۆڕانکاری بکەین؟ بەڕاستی ئەمە قورسە، کەس ناتوانێت بەم شێوەیە گۆڕانکاری بکات، کەواتە

دەبێت هەموومان ببینە بەندەی خوای گەورە و خۆمان ساغ بكەینەوە بۆ ئەم ئیسلامە، ئینجا دەتوانین بڵێین ئێمە گۆڕانخوازین.

هاوەڵە بەڕێزەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەردەوام دەبێت لەسەر قسەكانی دەفەرموێت: (ومن جَور الأديان إلى عدل الإسلام). واتە رۆشتن لە ئەفكاری خراپەوە، دەرچوون لە هەموو ئەو دیكتاتۆرانەی، كە گەلەكانیان وەلا نابوو بۆ دادپەروەری ئیسلام، بەڵام بەداخەوە ئێمەی موسوڵمان تاوەكو ئێستە نەمانتوانیوە دادپەروەری ئیسلام بۆ خەڵكی روون بكەینەوە، بانگخوازەكانمان نەیانتوانیوە بەباشی ئەم فیكرە ئیسلامییە بگەیەنن، لە سەرەتاوە بیروباوەڕی ئیسلامی پاشان تەسەوراتی ئیسلامی و سیستەمی سیاسیی ئیسلامی، دوای ئەوە رەبیعەی كوڕی عامر -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەفەرموێت: (ومن ضِيق الدنيا إلى سعَتها). واتە لە بچووككردنەوەی ئەو جیهانەی، كە خەڵكی تێیدا دەژی، ئەها سەیركەن ئەو كەسانەی كە گەندەڵن و سەروەت و سامانی خەڵكی دەخۆن، جیهانیان لە خۆیان بچووك كردۆتەوە و خەڵكیان كردۆتە دوژمنی خۆیان و وازیش لە دەسەڵاتەكەیان ناهێنن، ئەگەر لەگەڵ گەلەكانیان بە دادپەروەری سەروەت و سامانەكەیان دابەش بكەن، هەم خۆیان ئاسوودەن دەبن، هەم گەلەكانیشیان.

لەبەر ئەوە ئیسلام هاتووە خەڵكی ئازاد بكات، لە كۆیلایەتیی كۆیلەكان، بەرەو بەندایەتی خوای گەورە، لە دیكتاتۆرییەتەوە، لە زوڵمی ئاینەكان و ئەفكارەكانی ترەوە، كە خەڵكیان قۆرخكردووە كردووە بەرەو ئەوەی، كە خەڵكی بەرەو باشەبەرن، زۆر گرنگە ئەوەش بزانرێ، كە رۆشتن بەرەو دادپەروەری رۆشتنە بەرەو ئارەحەتی جیهان، وە رۆشتنە لە بچووكی و تەسكی و تەنگی جیهانەوە، بەرەو كرانەوە و فراوانی جیهان، بەرەو ئەوەی خۆشەویست بیت لەلای خەڵكی، خۆشەویست بیت لەلای خوای گەورە، (إنَّ قلوبَ بني ءادم كلَّها بين إصبعين من أصابع الرحمن كقلبٍ واحد) رواه مسلم. بێگومان ئەگەر خوای گەورە خۆشی بوێت ئەوە خۆشەویستی خەڵكیشت دەست دەكەوێت بە فەرمودەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ.

چۆن گۆڕانکاری بکەین؟ بەچ ئامرازێك؟

ئامرازی یەکەم: بریتییە لەوەی دادپەروەری لە ناخی خۆماندا بچەسپێنین، پاشان دەست بکەین بە گۆڕانکاری، وە هیچ گەلێکیش لەسەر ئەم زەوییە بە موسوڵمان و کافرەوە ناتوانێت سەر بەرزبکاتەوە تەنها بە دادپەروەری نەبێت، دادپەروەری بەرانبەر بە خەڵکی خۆت، چونکە ئەگەر بەرانبەر خەڵکی خۆت دادپەروەر بیت، لەبەرانبەردا ئەوانیش کارت بۆ دەکەن. ئەوروپا بەو واتو مەفهومەی، کە هەیە دادپەروەرن بەرانبەر بە گەلی خۆیان، هەر بۆیە وەزیرێک و کەسێکی ئاسایی لە وڵاتەکەیان یەکسانن.

دێینەوە سەر ئەوەی کە (خیر أمه) ئەو کەسانەن دەیانەوێ چاکترینی خەڵک بن بۆ خەڵکی، چاکسازی خوازبن لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە دەم نابێت، بە دانیشتن لەماڵەوە نابێت، بەڵکو بەوە دەبێت: مرۆڤ بەردەوام لە جوڵە و چالاکیی و بزاڤێکی گۆڕانکاریدا بێت.

ئامرازی دووەم: گۆڕانکاری بە مرۆڤ دەکرێت، بۆچی ئێمە پێغەمبەرمان ﷺ، لە جنسی مرۆڤ بۆ هاتووە؟ بەدڵنیاییەوە خوای گەورە دەیتوانی لە جیاتی مرۆڤێک فریشتەیەک بنێرێت و گۆڕانکاریشی پێ بکات لەناو گەلەکاندا، ئەوکات زووش خەڵک بڕوای دەهێنا، بەڵام لێرەدا موعجیزەیەک ڕوو دەدات، ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر خوای گەورە فریشتەی بناردبایە خوارەوە بۆ خەڵکی، دوایی خەڵک نوێژی نەدەکرد، ڕۆژووی نەدەگرت، جیهاد و تێکۆشانی نەدەکرد، هیچ خەبات و گۆڕانکارییەکی نەدەکرد لەناو گەلەکانی خۆیاندا، چونکە خەڵکی ئەوکات بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کە خوای گەورە فریشتەیەکی ناردووە، کە لە جنسی مرۆڤ نییە، هەر بۆیە خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ ﴿١١٠﴾ الكهف. ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: من تەنها ئادەمیزادێکم وەک ئێوە وەحی و نیگام بۆ هاتووە، کە ئەم ڕاستیەتان تێ بگەیەنم: خوای ئێوە تەنها خوایەکی تاک و تەنیایە، جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شاد ببێت بە خۆشنودیەوە با کار و کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرستنی دا هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار نەدات.

خوێنەری بەڕێز، پێغەمبەرایەتی پلە و ئیمتیازات نییە، تاکو مرۆڤ پێی بگات، وەکو شێخایەتی نییە کە وەکو باوە لەناو کوردەواریدا، بە بەرماڵ پێی بگات، یان پیاو چاکی نییە، کە بە کۆمەڵە شتێکی چاک پێی بگات، بەڵکو خوای گەورە خۆی ئەو کەسە هەڵدەبژێرێ و پاکی دەکاتەوە و دەیکات بە پێغەمبەر.

هۆکاری هاتنی ئەم پێغەمبەر ﷺ بۆ ناو خەڵکی ئەوەیە، کە بە بەرنامەکەی گۆڕانکاری لەناو خەڵکی دا بکات، خۆ بەرنامەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئاشکرایە و لەبەر دەستمان دایە، کە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکەیەتی، کە چۆن پێغەمبەری ئازیز ﷺ گۆڕانکاری پێ کردووە لەناو خەڵکی دا.

باشە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت بڵێن: (لا اله الا الله). هەموو عەرەب و عەجەم دەخەنە ژێر دەستی خۆتان، ئایا موسوڵمان ئەو بڕوایەی نییە، کە بڵێت (لا اله الا الله) و عەرەب و عەجەم بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، با پرسیارەکە بەو جۆرە بکەین: ئایا گۆڕانکاری ناکرێت لەناو

گەلی خۆماندا ئەگەر پرۆژەی (لا اله الا الله) بەرنامەی كارمان بێت و كاری پێ بكەین؟ یانی پێتان وایە ئەی گەلی موسوڵمان، ئەگەر ئێمە بڵێین (لا اله الا الله تملكون بها العرب والعجم)، ئایا ئێمە ناتوانین ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان؟

با دەتوانین، بەڵام هێشتا ئیرادە و دینداری و گۆڕانكارییەكە لەناو ناخی ئێمەدا نەڕوێنراوە، ئێمە دینمان وەك یوتوپیایەك وەرگرتووە، وەكو عیبادەتێك وەرمان نەگرتووە، ئەگەر عیبادەتیش بكەین زۆرجار وەكو عادەتێك ئەنجامی دەدەین، بەجۆرێكی تر بڵێین عیبادەتی هەندێك لە ئێمە تەقلیدییە و چووەتە سنوری كولتوور و عادەتەوە، یان بۆ نمونە لەبەرمانە بڵێین (الحمدلله رب العالمین یاخود سبحان ربی العظیم یان سبحان ربی الاعلی) یان هتد...، ئەمانە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، هەندێك كات عیبادەتەكان تەنها لە كۆڵی خۆمان دەكەینەوە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە مرۆڤی موسوڵمان نابێت تەنانەت رۆژێكی لە رۆژێكی تر بچێت، ئایا ئێمە واین و وا بیر دەكەینەوە؟

ئێمە بۆیە ناتوانین گۆڕانكاری بكەین لەبەرئەوەی وەكو مرۆڤ سەیری پێغەمبەری خوا ﷺ ناكەین، پێمان وایە پێغەمبەری خوا ﷺ، كائینێكی ترەو لە كەونێكی ترەوە نێردراوە بۆ ئێمە، نا هەرگیز، بەڵكو پێغەمبەر ﷺ، وەكو ئێمە مرۆڤە و بە وەحی ئاڕاستە كراوە، لەلایەن خوای گەورەوە، وەحیەكەش لەبەردەستی ئێمەدا هەیە.

با پرسیاری ئەوە بكەین ئایا بۆچی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی -رەزامەندی خوایان لەسەر بێت- توانییان گۆڕانكاری بكەن، بۆ ئێمە ناتوانین؟

وەڵامەكەی ئاسانە، چونكە ئێمە خاوەنی ئیرادە نین، بە واتایەكی تر، ئیرادەكەمان لە دەستداوە، كەواتە دەبێ ئێمە ئەو ئیرادەیە بگەڕێنینەوە و هەنگاو بەرەو چاكسازی بنێین بەرەو گۆڕانكاری هەنگاو بنێین، وە وا بكەین كە سەرەتا گۆڕانكاری لە ناخی خۆمان بكەین، پاشان لەناو خێزان و كۆمەڵگەكەماندا، پاشان بەرەو دەسەڵاتەكەشمان، گۆڕانكاری لە فەسادەوە بەرەو باشە، كەواتە پێغەمبەری ﷺ، وەكو ئێمە مرۆڤ بووە و هەرچیەكیشی كردووە لە گۆڕانكاری لەناو كۆمەڵگەكەیدا بە شتی ماددی بەحت بووە، بەڵام ئەوەی كە موعجیزەیە ئەوەیە، ئەو ئاڕاستە كراوە بە وەحی، هەر ئەوەشە كە ئێستە لەبەردەستی ئێمەدا ماوە، هەم تەجروبەكەی پێغەمبەری ﷺ، هەم موعجیزە وەحییەكەی ماوە و ئێستە لەبەر دەستمان دایە.

زۆر بەلامەوە سەیرە نوخبەی موسوڵمان باوەڕی بەوە نییە، كە لەناو ئەم ئیسلامەدا گۆڕانكاری بكات، بەڵكو پەنا دەبات بۆ شتی تر، ابو حسن علی بن محمد الماوردی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لای زۆرێكتان ناسراوە، ئەم پیاوە بەڕێزە خاوەنی كتێبی (اعلام النبوة)، یەكێكە لەو زانایانەی، كە دەگمەنە كەسێك لە بواری نوخبەی سیاسی، یان لە بواری سیاسەتدا كار بكات و نەیناسێت، یاخود هەركەسێك بیەوێت لەم بوارەدا بگەڕێتەوە بۆ مێژوو، دەبێت چاوی بە كتێبەكەی ئەم زانایە بكەوێت، خوێنەری بەڕێز ژان ژاك رۆسۆ كە لە سەدەی هەشتەمی كۆچیدا ژیاوە و زۆر سەرسام دەبێت بە ابو حسن علی بن محمد الماوردی و سوودێكی زۆر وەردەگرێت لە تەجروبە و بەرنامەكەیی و دەیكاتە نوخبەی خۆی لە گۆڕانكاریكردن لەناو كۆمەڵگەكەیدا.

نەرمونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
هەروەها زانایەکی موسوڵمانی گەورەی وەکو ئەبو ئەعلای مەعری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە لە نێوان ساڵانی ٣٦٣ - ٤٤٩ی کۆچیدا ژیاوە، ئەمیش بە هەمان شێوە زانایەکی گەورەی وەکو دانتی پێی سەرسام دەبێت، بەتایبەتی بە کتێبە نایابەکەی بە ناوی (رسالة الغفران).
ئەمانە زانای ئەوروپان، کە سەرسام بوونەتەوە بە زانایانی ئەم ئوممەتە، ئاپرسین بۆچی ئەوروپا گۆڕانکاری کردووە بە سوود وەرگرتن لە ئەزمون و زانستی زانایانی ئێمە؟ کەچی ئێمە ئێستە پێمان وایە ئێمە شتی ئەواقان هەڵگرتووە، ئەوەیە کێشەکە، نوخبە و ڕۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە هەتا عەلمانیەکانیش پێیان وایە، ئێمە خاوەنی هیچ شتێک نەبووینە و نین.
ئەمە گرنگتر گۆڕانکاریەکی زۆر گەورە، کە پێی دەوترێت ریفۆرم لە ئەوروپادا کەسێک کردوویەتی، کە نازناوی پادشای گۆڕانکاری یان ریفۆرمی گۆڕانکاری لێنراوە ئەویش -مارتین لۆسەر-ە. ئایا خوێنەری موسوڵمان دەزانێت کە -مارتین لۆسەر- بە کێ سەرسام بووە و لەسەر چ بنەڕەت و بەرنامەیەک توانیویەتی گۆڕانکاری بکات لە ئەوروپادا؟ سوودی لە بەرنامەکەی -ئیبن ڕوشد-ی گەورە زانای موسوڵمان وەرگرتووە.
ئێمە ئەگەر مانەوێت گۆڕانکاری بکەین لە ژیانماندا، ئەوا خاوەنی زۆر ئامرازی باشین، کە لەناو ئەم ئیسلامەدا دەست دەکەون و گۆڕانکاریان پێ دەکرێت، بەڵام کێشەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە، بۆ خۆمان ژیانمان شێوێنراوە، ئێستە لەگەڵ نوخبەیەکی ئیسلامیی دا دانیشە و ئەمانەی بۆ باس بکە، گومانی هەیە، یاخود هەر بڕوات پێ ناکات.

## نمونەی زانای گەورەی كورد (الجزري)
## چ گۆڕانكارییەكی كردووە؟

ناوی ئەبو عزی كوڕی ئیسماعیلی جەزیرەییە، خەڵكی دیاربەكرە، لە نێوان ساڵەكانی ٥٦١-٦٠٧ كۆچی ژیاوە، ئەم زانا ئەندازیارە ناسراوە بە بدیع و زەمان، وە بەناوی جەزیرەی عومەر-ەوە نازناوی جەزیری وەرگرتووە، كە ئەو دەمە سەر بە ولایەتی شام بووە و ناوەندی جەزیرەی عومەر، دیاربەكر بووە. بەداخەوە بە هۆكاری ئەوەی زاناكانی خۆمان ناناسین، لێمان شاراوەتەوە و عەرەب و تورکی چواردەورمان ئەم زانا بەڕێزەیان كردووە بە ناوی خۆیانەوە، كە لەڕاستیی دا كوردە، وە یەكەم كەس بووە، مەكینەی دروستكردوە بە ئاو كاری كردووە، كە ئێستە لە ئۆتۆمۆبیلدا بەكار دێت. ئەم پیاوە دروستكەری مرۆڤی ئالییە و بە مۆسیقا گۆڕانكاری لە جوڵەی ئەو ئامێرەدا كردووە، بێجگە لەوەی دروستكەری كاتژمێری تیشك و كاتژمێری ناسراوی جیهانی فیلە، هەروەرها باشترین جۆری ئامێری ئاشی دروست كردووە، كە بە ئاو كاری كردووە. ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە: بۆچی بەهیچ شێوەیەك هیچ لە زانا ناسراو و دیارەكان بۆ ئێمەی كورد ئاشكرا ناكرێت، لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەكانەوە؟

بەبۆچوونی من وەڵامەكەی ئەمەیە: دەیانەوێت تەنها بە میدیا و كەی خوسرەوی دەوڵەتی ماد و زەردەشتیەت و هەموو ئەم خورافیات و شتە بێمانەیانە سەرقاڵمان بكەن و مێژووی جوانی خۆمان ون بكەین، چونكە لە دوای هاتنی ئیسلامەوە ئێمە خاوەن مێژووین و مێژوومان دیارە، بەڵام ئاڕاستەوانی عەلمانی كوردی بۆ ئەوەی شیرینی ئەو ڕاستییانە نەكەوێتە بەردەم خەڵكی، دەیشارنەوە و ناشرینی دەكەن. بەڵام بۆ كوێ دەچن، ئەو گەنجینەیە هەر دەردەكەوێت بۆ ئەو میللەتە و ئەو باسانە هەروا بە شاراوەی نامێنێتەوە و بەئاسانی ئاشكرا دەبن، چونكە پێداویستی خەڵكە.

هەروەها یەكێك لە خۆرهەڵاتناسەكان بە ناوی ولیام جیمس دیورانت دەڵێت: كاتێك كە ئەوروپا ویستی شارستانی دروست بكات و بەدوای زانستدا بگەڕێت، ڕووی كردە دوو شوێن، ئەوانیش: ئەندەلوس و سیسلیا، ئەندەلوس ئیسپانیای ئێستەیە كە شارستانی ئەوروپای لێوە وەرگیراوە، سیسلیاش ئێستە هەرێمێكی سەربەخۆیە و دەكەوێتە خاكی ئیتاڵیاوە و پایتەختەكەی ناوی بەرلۆیە و موسوڵمانان نزیكەی دوو سەد ساڵ حوكمیان تێدا كردووە.

جگە لەوەش ڕینۆی گەورە مێژوونووسی فەرەنسی، ئەم وتانەی دیورانتی دووپات كردۆتەوە. لەوەش گرنگتر، دڵنیام زۆربەی خوێنەرانی كوردی ئێمە ئاگایان لەوە نییە، كە كوردێك ئەم ناوچەیەی فەتح كردووە و گۆڕانكاری لە ناوچەی سیسلیا بەرپا كردووە، ئەویش - أبو عبد الله أسد بن الفرات بن سنان - فەتحی ئەو ناوچەیەی كردووە، ئەم پاڵەوانە خەڵكی شاری دیاربەكری كوردستانی باكوور بووە.

نووسینی: ماکوان کەریم

نەزموونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان

## أبو عبدالله أسد بن الفرات بن سنان بناسە

أبو عبدالله أسد بن الفرات بن سنان، ناسراوە بە قاضي القيروان، لە ١٤٢ کۆچی لەحاران لەدایکبووە و لە ٢١٣کۆچی، کۆچی دوایی کردووە و لە قەسریانە ئێژراوە لە دوورگەی سیسیلیا،خاوەنی دوو بروا نامەیە:مالیکی و جیهادی، هەروا پیشەی قازی بووە.

لە رۆژی ٩ی رەمەزانی ساڵی٢١٢ کۆچی، دورگەی "سیسیلیا" لای عەرەب ناسراوە بە "صقلیە" لەنێوان دەریای ناوەڕاست دایە و لەتەنیشت وڵاتی ئیتاڵیایە و سەر بەو وڵاتەیە، ئەو دورگەیە فەتح دەکرێت لەلایەن پیاوێکی بەڕێزی کوردەوە، کە یەکێکە لە سەرکردە قارەمانەکان، کە ناتوانین ناوێکی دیاریکراوی لێ بنێین لەبەر گەورەیی ئەم پیاوە، چونکە کەسایەتییەکەی کەم وێنەیە.

بەداخەوە زۆر لە ئێمەی کورد، ناوی ئەم پیاوە بەڕێزەمان لەبیر کردووە، ئەم سەرکردە کوردە لەمانگی رەمەزاندا، سیسیلیای ئازاد کردووە بە سەرکردایەتی خۆی و بە فەرمانی دەوڵەتی "ئەغلەبییەکان" یان "غالبی کوڕی ئەغلەب" کە ئەو کاتە لە ناوچەکانی مەراکیش-دا دەسەڵاتیان هەبووە، ئەم کوردە سەربەرزە ناوی" ئەسەدی کوڕی فوراتی کوڕی سینان"ە، لە ناوچەی حاران لە دایکبووە، پاشان باوکی بەهۆی خەبات و کۆششەوە لەگەڵ کۆمەڵێک موجاهید بەرەو قەیرەوان دەڕوات بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لە جەنگی خاچدروشمان بپارێزن، ئەسەد هەمیشە شانازی کردووە بەناوی خۆیەوە دەیوت من ناوەکەم ناوی بەهێزترین گیانداری دارستانە و فورات باشترین جۆری ئاوە و سینانیش باشترین شمشێرە.

ئەم مجاهیدە لە زەمانی ئیمامی مالیکدا ژیاوە، کە دەبیستێ ئیمامی مالیک ماوە لە تەمەنی ٣٦ساڵیدا هەڵدەستێت دەڕوات بۆ لای ئیمامی مالیک و لە خزمەتیدا دەبێت. خۆی دەڵێت: مادام ئیمامی مالیک لە مەدینەی منەوەرە دەژێ و ماوە، بۆ نەچمە لای خۆیی و دەرس بخوێنم لای ئەو. دەچێتە ناوچەکانی عێراق بۆ ئەوەی لە مەدرەسەی ئەبو حەنیفە بخوێنێت، دەچێتە ئەوێ دوو کەس دەناسێت لە زانا ناودارەکان، یەکێک لەوانە ئەبو یوسفە و ئەوەی تریان محمدی کوڕی حەسەنە، کە هەردووکیان مەزهەبی ئیمام حەنیفە دەڵێنەوە لە شاری بەغداد.

ئەم پیاوە بەڕێزە کوردە کتێبێک دەنووسێت بەناوی -المدونە- هەرچی لە دەمی ئیمامی مالیکەوە وتراێت نووسیویەتەوە لەم کتێبەدا یاخود بەناونیشانی -الاسدی- لەبەر ئەوەی خۆی ناوی ئەسەدە، بەناوی ئەوەوە ناونراوە، هەموو فیقهی ئیمامی مالیک دەنووسێتەوە، پاشان لەدوای ئەوەی ئەو کتێبە دەنووسێتەوە، لەو ماوەیەدا دەچێت بۆ ئەندەلوس بۆ ئەوەی دەورە زانستییەکەی تەواو بکات، پاشان لە تەمەنی ٣٦ ساڵی دا دەگەڕێتەوە بۆ قەیرەوان و لەو کاتەدا بەم شێوەیە، زانستی وەرگرتووە لە عێراق، پاشان چۆتە مەککە و مەدینە، پاشان بۆ دیمەشق و

دوائر دەورە زانستییەکەی لە میسردا بووە، ئینجا بەرەو قەیرەوان چووە و پاشان بەرەو ئەندەلوس چووە و ئیتر دەورە زانستییەکەی تەواو کردووە.

ئەوکاتە زانست بەو شێوەیە وەرگیراوە، بەڵام ئێستە ئەم هەموو کتێبە زۆرە و ئینتەرنێت هەیە، ئاسانکاری زۆر کراوە، بەڵام خەڵکی وا هەیە، تازە بەتازە پرسیار دەکات: ئایا دەستنوێژ چۆن دەشکێت، یان چۆن دەستنوێژ بگرێت.

ئەو تێکۆشەرە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی قەیرەوان ئەغلەبییەکان فەرمانڕەوای دەکەن، کە ناوچەی مۆریتانیا و جەزائیر و مەراکیش و ئەندەلوس لەژێر دەسەڵاتیان دایە، وە هەموو ئەو ناوچانە مالیکی مەزهەبن و ئەمیش دەست دەکات بە وتنەوەی مەزهەبی ئیمامی مالیکی و لەناو خەڵکی دا زۆر خۆشەویست بووە و زۆر گوێی بۆ دەگیرێت، وە چەند جاریش بووە بە قازی لە قەیرەوان و ئەندەلوس و میسر و ناوچەکانی دیمەشق دا، پاشان لەساڵی ٢١٨کۆچیدا، لە تەمەنی ٧٦ ساڵی دا واز لەهەموو کاروباری خۆی دەهێنێت و شمشێر و درعی جیهادی هەڵدەگرێت و بەرەو جیهاد دەکەوێتە ڕێ.

ئەسەدی کوڕی سینان بڕیارێکی زۆر گەورە دەدات، ئەویش فەتحی دورگەی سیسیلیایە لە وڵاتی ئیتاڵیا، بیزەنتیەکان فەرمانڕەوایان دەکرد، هۆکاری شەڕەکەش کە لە نێوانی موسوڵمانەکان و بیزەنتیەکان دایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک دیلی موسوڵمانان لای ئەوانە و ئازاریان دەنەوە، ئازاری موسوڵمانان زۆر دەدەن، پاشای ئەو ناوچە و جێگەیە ناوی -بەلاطەیە- وە زیاد الله ئەغلەبی بڕیار دەدات بەوەی، کە بچێت فەتحی ئەو جێگەیە بکات، دە هەزار کەس کۆ دەکاتەوە لە ساڵی ٢١٨ی کۆچیدا، ڕووەو سیسلیا دەکەوێتە ڕێ و شەڕێکی قورس ڕوودەدات سوپای دوژمن دەشکێنێت، کە سوپای دوژمن دەجار ئەوەندەی موسوڵمانان دەبێت بە سەرکردایەتیی ئەسەدە.

ئەم سوپا کەمە دەتوانێت ئەو سوپا زۆری ئەوان بشکێنێت، بەڵام هەمیشە سوپای موسوڵمانان بە کەمی و زۆری سەرنەکەوتوون، بە ئیمان سەرکەوتوون، خوای گەورە دەفەرموێت: کۆمەڵێکی کەم سەرکەوتوون بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا بەئیزنی خوای گەورە. (کم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله).

هەر کاتێک موسوڵمانان جیهادیان کرد، لە پێناوی خوای گەورەدا بوو، کەمی و زۆری کێشە نابێت بەلایانەوە، خوای گەورە سەری خستون، بەڵام ئەگەر لە پێناوی هەوەس و ئارەزودا بوو، دەبێت بە تەرازوی مادیەت سەرکەوتن بەدەستبێنن، بۆیە لە جەنگی بەلاطە توانیان سەربکەون بە ئیمانیان بەسەر بیزەنتیەکاندا، زۆریش لە موسوڵمانان شەهیدبوون، لەدوژمنیش زۆر تەفر و تونابوون و زۆریان لێ کوژرا.

بەڵاوە پاشای ئەو جێگەیە بوو، خۆی را دەکات بۆ ئیتاڵیا و خزم و کەس و کارەکەی دەیکوژن. دەڵێن: تۆ لە ژێر دەستی دە هەزار کەسدا هەڵیاتوویت، لە کاتێکدا خۆت خاوەنی سەد هەزار کەس بوویت لە سوپاکەتدا، دوای ئەوە روو دەکەنە بەرەو زۆرێکی تر لە ناوچەکانی سیسیلیا دەخەنە سەر ئەو جێگەیانەی، کە ئازاد کراوە، هەرچەندە ئەو دەمرێت لەوێ، لەبەرئەوەی نەخۆشییەک روودەکاتە موسوڵمانان پێ دەچێت نەخۆشی کۆلێرا بووبێت یان سیل بووبێت. ئەسەدی کوڕی فوراتی کوڕی سینان لەوێدا دەمرێت، بە هۆکاری ئەو نەخۆشییە.

هەتا ئێستە لەو دوورگەیە هیچ شتێک لەسیمای ئیسلامی ئەو دوورگەیە نەگۆڕاوە، خوای گەورە بیکات بە خاتری ناوە جوانەکانی خۆی جارێکی تر موسوڵمانان بتوانن رزگاری بکەنەوە.
کاتێک دەچیتە هەرجێگەیەک لە جیهاندا، کە شوێنی کۆمپانیاکانی هەلیکۆپتەر و تەیارتی گەورەن دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەی ئیسلام و زانستی کەسێک بەناوی -عەبباسی کوڕی فەرناسی کوڕی ویرداسی تاکرنی- کە توانیویەتی داهێنانی تەیارە بکات، لە ئەندەلوسدا بووە و لەوێ ژیاوە، هەر بۆیە خۆرهەڵاتناسێکی وەکو دیورانت ناچار دەبێت بڵێت: ئەو شارستانیەتەی کە دروستمان کردووە بە سوودوەرگرتن لە فکر و زانستی ئیسلام و موسوڵمانان بووە.
ئەم پیاوە چۆن گۆڕانکاریەکی گەورەی کردووە لە جیهاندا؟

## عەباسی کوڕی فەرناس
## یەکەم بە ئاسماندا فڕیوی موسوڵمان

عەباسی کوڕی فەرناس لەناو جەرگەی ئەندەلوسدا بڕیارێك دەدات، هەمووان زۆریان پەلاوە سەیر دەبێت و سەرسام دەبن، هەر پێشوەختە بەخەڵکی دەڵێت: من دەمەوێ بفڕم بەئاسماندا! ئەمە شتێکی ئەستەمە، خەڵکی ئەو سەردەمە ئەم قسەیەی پێ وەرنەدەگیرا، زانایەکی بەڕێز و بوێری وەکو عەباسی کوڕی فەرناس بڵێت: دەمەوێت بفڕم بە ئاسماندا! ئەم بیرە لە مێشکی خەڵکی دا بڵاو دەکاتەوە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسماندا بفڕێت. خەڵکەکە پێی دەڵێن؛ عەباسی کوڕی فەرناس شێت بووە. فەرناس دەکەوێتە لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی فڕین بەئاسماندا؛ ئەوە چییە وا دەکات تەنێک لەناو هەوادا بمێنێتەوە، هێزی ئەو ڕاکێشانەی زەوی چییە؟

پاشان لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو باڵی باڵندەکان دەکات و لە چۆنییەتی فڕینیان دەکۆڵێتەوە، لەدوای ئەوە کە ئەو کارە ئەنجام دەدات، جوڵەی باڵندە هەمووی بە لێکۆڵینەوە دەنووسێتەوە، پاشان کلکی لەکاتی نیشتنەوەی چۆن بەکار دێنێت، یاخود باڵندە چۆن چۆنی قاچی دەخاتە سەر زەوی، هەموو ئەمانە بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەنووسێتەوە، دوای ئەوە لێوردبوونەوەی کرد، کە چ شتێک هەیە لە جیاتی ئەوەی ئەم باڵندەیە دەچێ بە ئاسماندا، وە هەروەها چ شتێک ئەیجوڵێنێت و بەرزی دەکاتەوە بەرەو ئاسمان، ئەمیش وای لێ کرد کە شتێك دروست بکات وەکو مەکینەیەک، بۆ ئەوەی بفڕێت بە ئاسماندا، بۆیە بیر لەوە ئەکاتەوە کە قوماشێک بەکاربهێنێت بۆ فڕین، ئەویش چ جۆرە قوماشێک بێت، کە نزیکە لە پەڕی باڵندەوە لەڕووی بەهێزی و لەڕووی لەیەکچوونەوە، ئەویش قوماشی حەریرە، بۆیە حەریر بەکار دەهێنێت. لەناو ئەوەشدا شیشێکی سێگۆشەیی و لەدوایشەوە لە جیاتی قاچی وەکو -طیارانێکی شەراعی- کە زۆربەی زۆرمان بینیومانە، قوماشەکە لەشێوەی باڵدا پێوەی ئەکات و بەتەختەی ناسک لە شێوەی باڵی باڵندەدا دروستی ئەکاتەوە، پاشان خەریکی دروستکردنی دەبێت و خەڵکیش هەر دەڵێن؛ عەباسی کوڕی فەرناس -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- شێت بووە! پاشان بڕیاری فڕین دەدات. هەموو زانا و ئومەراکان و قازی وڵات کۆ ئەکاتەوە کە ئەیەوێت بفڕێت.

لەسەرەتای مانگی ڕەمەزاندا ئەو کارە ئەنجام دەدات، لە باخێکی گەورە لە ئەندەلوسدا کە -عەبدوڕەحمانی داخل- دروستی کردووە، کە ناوی -حدیقە الرصافە-ی پێ دەوترێت لە ئەندەلوس، کە تاوەکو ئێستەش ماوە، باخێکە بە بەرزییەوە دروستکراوە کە تەپۆڵکەیەکی زۆر گەورەی لێیە، لەسەر ئەو بەرزییەوە بە خەڵکەکە ئەڵێ؛ چاوەڕێم بکەن من ئەفڕم بەئاسماندا.

عەباسی کوڕی فەرناس لەسەر تەپۆڵکەکەوە دەفڕێت و سەرکەوتن بەدەست دێنێت، ئەو کارەی کە دەیکات بە سەرکەوتوویی، لەوانەیە هەندێ جیاوازی هەبووبێت لەگەڵ هەندێ لە زاناکانی ئەو سەردەمەدا لە چۆنییەتی ئالەتی باڵی تەیارە شەراعییەکەدا، وە لە فڕینەکەیدا کە ئەڕواتە ئاسمان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئاسماندا دەمێنێتەوە، بە خەڵکەکە ئەڵێت؛ کە من داهێنانەکەم سەرکەوتوو بوو، ببینن ئەوەتام بەئاسمانەوە، توانیم ئەنجامی بدەم، کە ئەگەڕایەوە

سەر زەوی لە جیاتی ئەوەی بە قاچ دابەزێت بە پشت دادەبەزێ و ئەکەوێ وە ئازاری زۆری پێ ئەگات و نارەحەت ئەبێت، پاشان ئەچن هەڵی دەگرنەوە.

بەهەرحاڵ کارەکەی سەرکەوتوو بوو هەرچەندە هەندێ لە خەڵکی گاڵتەی پێ ئەکەن و توانجی لێ ئەدەن، هەتا یەکێک لەو کەسانە کە ناوی -مۆمن کوڕی سەعیدە- کە یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی ئەندەلوسە، لەسەردەمی ئەودا ژیاوە، بەتوانجەوە هەجوی دەکات و دەڵێت: ئەو وا پەی دەبرد وەکو عنقا بفڕێ بە ئاسماندا بەڵام فڕی بەئاسماندا و هەموو لاشەی خۆی تێکشکاند بەسەر یەکدا. ڕاستە لاشەی تێکشکاند بەسەر یەکتریدا، ماوەیەک بە ئازاری ئەوەوە تلایەوە، تا لە ۱۹ ڕەمەزاندا وەفاتی کرد، بەڵام کە کارەکەی سەریگرت چەند کەسانێک نووسیانەوە، بە چوار سەد ساڵ دوای ئەو کەسێک بەناوی -ڕۆبن بیوکن- یەکێک بوو لەو کەسانەی کە فڕۆکە شەراعیەکەی عەباس کوڕی فەرناسی دروستکردەوە، بەدوای ئەودا -لیۆناردۆ داڤینچی-، کە هەمان کتێبەکانی عەباس کوڕی فەرناسیان بەکارهێنایەوە، لە ئیتاڵیا تەرجومەیان کردەووە بۆ زمانی لاتینی، پاشان لیۆناردۆ داڤینچی توانی هەلیکۆپتەر دروست بکات لەسەر بناغە و بیرۆکەکەی عەباس کوڕی فەرناس.

پاشان داهێنانەکەی عەباس کوڕی فەرناس بەهەدەر نەڕۆیی، ئێستە دەبینین تەیارە چەندە گەورە و پێشکەوتووە، تەیارەی جەنگی دروستبووە، فڕۆکە دروستبووە مەلەوانگەی تیدایە، یان هەیە بازاڕ و فرۆشتن و کڕینی گەورەی تیدایە، یان فڕۆکەی -کۆنکۆرد-ی فەرەنسی، کە بە دوو سەعات لە فەرەنساوە دەگاتە یابان ئەوەندە خێرایە، ئەمەش داهێنانی عەباسی کوڕی فەرناس بوو، کە موسوڵمانان لەسەرەتاوە ئەم داهێنانەیان کردووە.[1]

جگە لەوانەش ئەو کەسەی، کە جوگرافیای جیهانی خستە سەر تۆپێکی بچووک، بریتی بوو لە زانایەکی موسوڵمان، بە ناوی -ئیدریسی- کە بە ئەسڵ خەڵکی سیسیلیایە.

[1] هەر لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەدا، سەیری مۆزەخانەکانی فڕۆکەم کرد لە جیهاندا، یەکێک لەوانە کە گەورەترین مۆزەخانە تەیارەیە لە جیهاندا لە واشنتۆنە، کە باس لە دەستپێکی فڕۆکە دەکات یەکەم کەس وێنەی عەباسی کوڕی فەرناس و تەیارە شەراعیەکەی خۆی باس دەکرێت، هەروەها لە مالیزیا وڵاتێکی ئیسلامییە کە گەورەترین جۆری تەیارە دروست دەکات. وە کۆمپانیاکە لەناو تەیارەکە وێنەی عەباسی کوڕی فەرناسی هەڵواسیوە، لەگەڵ ئەوە ئەم پیاوە بەڕێزە یەکێکە لەو کەسانەی کە باس لەژیان نامەی کراوە بە داهێنانی فڕۆکە هەژمار دەکرێت.

## ئیدریسی كێیە؟

ناوی محمدی كوڕی عبدالله یە، لەنێوان ساڵەكانی ١٠٩٩-١١٦٠ز ژیاوە، وە لە شار سەبتەی وڵاتی مەغریب لەدایكبووە و لە سیسیلیای ئیتاڵیا ژیاوە و لەوێش وەفاتی كردوە. ناسراوە بە باوكی جوگرافیای عەرەب، وە یەكێكیشە لە گەورەپیاوانی بیركاری. یەكێك لەو گۆڕانكاریە گەورانەی كە كردویەتی، دامەزرێنەری زانستی جوگرافیایە، هۆكاری رابوونی ئەورووپیە لەسەردەمی رێنیسانس دا.

لەمانگی دوازەی ساڵی ٢٠١٥ ناسا زنجیرە چیایەكی گەورەی ناو هەسارەی بلۆتۆی ناونا ئیدریسی-ئیدریسی شتێكی زۆر گەورەی كردووە. هات وێنەی زەوی لەسەر تۆپێك كێشا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بۆ خەڵك كە زەوی گۆییە، ئەو قسەیەی پێش ئەو دەكرێت و دەڵێن: جیهان لەسەر پشتی گا و ماسی وەستاوە، ئەمە قسەی فارسەكان بوو، قسەی شارستانییەتیی میدیا و كەی خوسرەو بوو، ئەگەر ماسییەكە بجوڵێت یان گاكە بجوڵێت، ئیتر حاڵی ئەو خەڵكە لە بومەلەرزەدا بوو، ئەم ئەدەبیانە چووبووە ناو ئەوروپاش، بەڵام موسوڵمانان لە سقلیا -سیسیلیا-ی ئیتاڵیا، ئیدریسی یەكێك بوو لەوان هەستا بەكێشانی نەخشەی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا، ئیدرسی چۆتە ئەوسەری یابان رەسمەكەی كێشاوە، هەروەها ئەفەریقا، تاكو ئینگلتەرا رۆیشتووە و وێنەی كێشاوە.

## یەكەم كەس ئەمریكای دۆزییەوە، كێ بوو؟

لە مێژوودا دەوترێت كریستۆفەر كۆڵۆمبوس، بەڵام ئێستە ناسا، كە هەر خۆیانن ئەمە بە درۆ دەخەنەوە و دەڵێن كریستۆفەر كۆڵۆمبوس پیاوێكی شەڕەنگێزی ئینگلیز بووە و سەڵەبوتی هەڵگرتووەو رۆشتووە بۆ خەڵك كوشتن، دەزانن لە ماوەیەكی كەمدا ٨٠ ملیۆن هیندییە سوورەكانیان كوشت؟

ئەی ئەو كەسە كێ بوو، كە هەردوو جەزیرەكەی ئەمریكای دۆزییەوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: پیاوێكی موسوڵمانی كورد بوو بەناوی مەحیەدین رەئیس، كە بەپیری ناسراوە، لە نێوان ساڵەكانی ١٤٦٥ بۆ ١٤٧٠ی ز، لەدایكبووە و لەنێوان ساڵەكانی ١٥٥٤ بۆ ١٥٥٥ز كۆچی دوایی كردووە، ئێستە تورك كردوویەتی بەناوی خۆیەوە، كێشەمان نییە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی حسابە.

١٠٠ ساڵ پێش ئێستە كاتێک، كە كتێبەكەیان دۆزییەوە بینییان نەخشەی ئەمریكای كێشاوە، ١٨ساڵ پێش ئەوەی، كە كریستۆفەر كۆڵۆمبوس لە دایك بێت ئەم گەڕیدە كوردە چووەتە ئەو ناوچەیە و نەخشەی كێشاوە، لەوەش گرنگتر كاتێک چووەتە ئەو ناوچانە ناوی هەموو هۆزە هیندییە سوورەكانی تۆماركردووە، ناویان، جێگەیان و ئەو ناوچەیە چ جۆرە ئاژەڵێكی تێدا دەژی، تەنانەت چ جۆرە ماسییەكی تێدا دەژی، ناوی هەر هەموویانی تۆمار كردووە، ئێستە دەزگەی ناسا سەرسامە پێمە!

نەخشەی کێشاوە و وێنەی جوگرافیای بووە، واتە بە بیست ساڵ دوای ئەوەی، کە کریستۆفەر کۆلۆمبوس لە ساڵی ١٥٢٢ وتی: چوومەتە ئەمەریکا و ئەمەریکام دۆزیوەتەوە، جا وەرن گوێ بگرن سەیرکەن ئەم پیاوە کە کتێبەکەی موحەلەدێک کتێبی دۆزراوەتەوە، لە سەدەی بیستدا کتێبەکەی موجەلەدێک کتێبی دۆزراوەتەوە، نەخشەی کێشاوە و وێنەی

لە سەدەی بیستدا کتێبەکەی موجەلەدێک کتێبی دۆزراوەتەوە، نەخشەی کێشاوە و وێنەی جوگرافیای بووە، واتە بە بیست ساڵ دوای ئەوەی، کە کریستۆفەر کۆلۆمبوس لە ساڵی ١٥٢٢ وتی: چوومەتە ئەمەریکا و ئەمەریکام دۆزیوەتەوە، جا وەرن گوێ بگرن سەیرکەن ئەم پیاوە کە کریستۆفەر کۆلۆمبوس ئەم درۆیە دەکات! دوایی دەرکەوت، کە رەئیس بیری نەخشەی هەردوو دوورگەی ئەمەریکای باشوور و باکووری کێشاوە، ئێستە وەکالەتی ناسا بەشوێن ئەمەدا وێڵە ئەم پیاوە زۆر بەوردی هەموو جێگەکانی دەستنیشان کردووە، بەڵام کریستۆفەر کۆلۆمبوس بەس چووەتە جەزیرەکەی سەرەوەیان، واتا ئەمریکای باکوور. بیری هەردووکی رۆیشتووە و نەخشەی هەردوو کەنارەکەشی کێشاوە لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە، کە نەخشەی ئاوی ئەتڵەنتیکی کێشاوە، کە پێی وتراوە زەریای تاریک، کە کەس نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە، لەو گرنگتر و لەوە گەورەتر جەمسەری باکووری دۆزیوەتەوە و رەسمی ئەوەی کێشاوە، کە ئێستە گەورەیان کردووە ئەو نەخشەی قونیەکەی کێشاوە. واتا چووەتە ئەوێ بینیویەتی، دیارە ستافێکی گەورەبوون، کە دەوڵەتی عوسمانلی کار ئاسانی بۆ کردوون، کتێبەکە لە ئەستەنبوڵ دۆزراوەتەوە، دۆزینەوەی ئەم کتێبە بووە مایەی دروستبوونی موناقەشە لە نێوانی زاناکانی جوگرافیا لەسەدەی بیستدا لەسەر کتێبەکەی محێدینی رەئیس عوسمانلی. پێیان وابوو، کە هەندێ شتی تێدایە هەڵەی تێدا کردووە، وەکالەتی ناسا چووە ئاسمان، لەوێوە بەمانگی دەستکرد وێنەی ئەو جێگەیانەی گرت و دوای ئەوە دەرکەوت محێدین رەئیس راست دەرچوو ئەو کەسانەی، کە لە سەدەی بیستدا نەخشەی ئەمەریکایان کێشاوە راست دەرنەچووە، ئەوەی ساڵی ١٥١٣ی میلادی محێدین رەئیس عوسمانلی ئەوەی ئەو راست بووە. شتێکی سەرنجڕاکێش دۆزرایەوە کاتێك، کە نەخشەکەیان گەورە کردووە لەناو نەخشەکەدا ناوی جێگەکان، گژو گیا و رووەکەکان، وە هەروەها ناوی هەموو جۆری ئاژەڵەکان و ماسیەکان و گیانلەبەرانی ئاویشی نووسیوە و لەسەر نەخشەکە دیاری کردووە. هەروەها زۆر بەووردی جۆری خاکی جێگەکان و هۆزەکانیشی نووسیوە. تا ئێستەش وەکالەی ناسا بە شوێن ئەمەدا وێڵە و لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەکاتەوە، ئەمە ئەوە نیشان دەدات، کە تۆی موسوڵمان خوای گەورە قورئانێکی بە موعجیزە ناردۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرێکدا ﷺ، ئەگەر تۆ بەشوێن ئەم قورئانە بکەویت و هەوڵ بدەیت لەسەر ئەم قورئانە بینای زانستی شەرعی و زانستیی مرۆیی خۆت بکەی، پیاوانی وەکو ئەو پیاوانەت لێ دەردەچێت.

## ئێمە بۆچی زانایانی خۆمان ناناسین؟

وەڵامەكەی ئەوەیە، كە گۆڕانكارییەك هاتووە بەسەر ئێمەدا، زۆر گرفتی بۆ دروست كردووین، وە نەوەكانی ئێمەی پێ خەڵەتێنراوە وە بێهۆش و خومار كراون، ئەویش بریتییە لەوەی كە مێژووی ئەم ئیسلامە و مێژووی ئەم كوردە شێوێنراوە و وەكو خۆی نەناسێنراوە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ذَلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴿١٧٦﴾، الاعراف. واتە: خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەكردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و دەستی كرد بەدنیاپەرستی و شوێنی ئارەزووی خۆی كەوت، جا نموونەی ئەو جۆرە كەسانە، وەكو نموونەی سەگ وایە، ئەگەر دەری بكەیت و پێیدا هەڵبشاخێنیت هەناسە بڕكێیەتی زمان دەردەكێشێت، یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر هەناسە بڕكێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو كەسانەیە، كە ئایەتەكانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، كەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی دابچڵەكێن و بیربكەنەوە.

خوێنەری بەڕێز: دەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین، كە خەڵكانێك گۆڕانكارییان كردووە لەناو گەلەكانیان دا لەسەر بەرنامەی ئەم ئیسلامە، كەچی ئێمە بۆ خۆمان (لا حول ولا قوة الا بالله) سەرسام بووینەتەوە بەوان، كە ئەوان لە خۆمانەوە وەریان گرتووە، بەڕاستی ئەمە حەقی نوكتەیە، حەقی پێكەنینە، هەر بۆیە ئەوان ئێستە گاڵتەمان پێ دەكەن و پێمان پێ دەكەنن، ناهێڵن شتەكانی خۆمامان پێ بناسرێتەوە، شتی خۆمامان بۆ ئەهێنن و پێمان ئەفرۆشنەوە، بنەڕەتی ئەوەی خۆیان لە حەبلێكەوە وەرگیراوە، كە سەرەكەیان لای ئێمەوە راكێشاوە، بەڵام ئێستە ناوەڕاست و نیوەی حەبلەكە دەدەن بەدەست ئێمەوە، كێشەكە لێرەدا ئەوەیە ئێمەیان سەرقاڵ كردووە بەشتی خۆیانەوە و مێژووی خۆمامان لەبەرچاو ناشیرین كراوە.

بۆچی خوای گەورە فەرمان دەكا بە پێغەمبەر ﷺ، كە چیرۆك و بەسەرهاتەكان بگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەی بتوانین پیاوچاكانی خۆمان بناسینەوە و ئەزموونی گەلانی رابردوو وەرگرین بە چاك و خراپییەوە، ئێمە هیچ ئاگامان لە ئەزموونی گەلان نییە، ئێمە هەر دەڵێین شوێنكەوتووی پێغەمبەری خواین ﷺ، شوێنكەوتووی سوننەتین، كە تۆ شارەزا نیت لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، لە ژیانی هاوەڵان -سەلام و رەحمەتی خوایان لەسەر بێت-، ئەی چۆن دەتوانی شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بكەویت، تۆ هیچ نەبێت مێژووی ئەم ئیسلامە بخوێنەرەوە.

عەبدورەحمان ناصر -رەحمەتی خوای لێ بێت- كە یەكێكە لەو سەركردە موسوڵمانانەی گۆڕانكاری بەرپاكرد لە ئەندەلوسی ناوجەرگەی ئەوروپا، ئەم سەركردە موسوڵمانە ئەوكاتەی فەرمانڕەوای ئەندەلوس دەبێت، پادشای ئینگلتەرا نامەیەكی بۆ ئەنێرێ، كە ئێستە ئەو نامەیە پارێزراوە لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئیسپانیا، بۆی ئەنووسێ (خادم المطع ملك انكلترا) بۆ وای پێ دەڵێ؟ دەبێ شتێكی كردبێ ئەم سەركردە موسوڵمانە!

إلى صاحب العظمة / خليفة المسلمين / هشام الثالث الجليل المقام ـ
من جورج الثاني ملك إنكلترا والغال والسويد والنرويج ..
بعد التعظيم والتوقير، فقد سمعنا عن الرقي العظيم
الذي تتمتع بفيضه الصافي معاهد العلم
والصناعات في بلادكم العامرة.
فأردنا لأبنائنا اقتباس نماذج من هذه الفضائل..
لتكون بداية حسنة لاقتفاء أثركم
لنشر العلم في بلادنا التي يحيط بها الجهل من أركانها الأربعة
وقد وضعنا ابنة شقيقنا الأميرة (دوبانت)
على رأس بعثة من بنات الأشراف الإنكليز.
لتتشرف بلثم أهداب العرش والتماس العطف.
وتكون مع زميلاتها موضع عناية عظمتكم
وفي حماية الحاشية الكريمة..
وقد أرفقت الأميرة الصغيرة بهدية متواضعة لمقامكم الجليل
أرجو التكرم بقبولها مع التعظيم والحب الخالص
من خادمكم المطيع

George The Second

جورج الثاني

مێژووی گەلان
نووسینی: ماکوان کەریم

نەموونێک لە گۆرانکاری مێژووی گەلان

## نامەکەی پادشای ئینگلتەرا بۆ خەلیفە عەبدورەحمان ناسر

من جورج الثاني
ملك إنجلترا و فرنسا و السويد و النرويج
الى الخليفه المسلم عبد الرحمن الناصر
ملك المسلمين في مملكة الأندلس
صاحب العظمه و المقام الجليل
و بعد التعظيم و التوقير فقد سمعنا
عن الرقي العظيم الذي تتمتع بفيضه
الصافي معاهد العلم و الصناعات في
بلادكم العامره فأردنا لأبنائنا اقتباس
نماذج هذه الفضائل لتكون بداية حسنه
في اقتفاء أثركم لنشر أنوار العلم في
بلادنا التي يسودها الجهل من أربعة أركان
و لقد وضعنا ابنة شقيقنا الأميره "
دوبانت " على رأس بعثه من بنات أشراف
الإنجليز تتشرف بلثم أهداب العرش و
التماس العطف لتكون مع زميلاتها موضع
عناية عظمتكم و حماية الحاشيه
الكريمه و لقد أرفقت مع الأميره
الصغيره هديه متواضعه لمقامكم
الجليل أرجو التكرم بقبولها مع التعظيم
و الحب.

من خادمكم المطيع
جورج الثاني ملك إنجلترا

دەبێت نهێنیەک هەبێت! بەڵام ئێمە ئەمە نازانین بۆچی؟ بۆچی ئاگاداری ئەم نهێنییە نین! لەبەرئەوەی مێژووەکەمان شێوێنراوە، یەکێک لە گەورەترین ناهەمواریەکانیش ئەوەیە، کە مرۆڤ ئاگای لە مێژوو نەبێت، بەتایبەتی مێژووی خۆی.

هەرکەسێک ئاگای لە مێژوو بێت و شارەزا بێت تێی ئەمەنی درێژە! یانی تۆ ئەگەر لە مێژوو شارەزا بیت و ٥٠ ساڵ تەمەنت بێت، وەکو ئەوە وایە ٥٠٠٠ ساڵ ژیا بێتی! لاتان سەیر نەبێت، چونکە تۆ ئەزمونی گەلانی تر ئەخەیتە سەر ژیانی خۆت، ئێمە ئەوەندە ئاگاداری مێژووین، کە وا دەزانین هەر شەڕ و کوشتار و پێداکێشان بووە، ئەی ئەو شارستانییەتە ئیسلامییە گەورەیە چی؟ ئەی ئەو هەموو زانست و زانایە چی؟

ئایا ئێوە دەزانن ژمارە سفر، کە لە زانستی بیرکاریدا داهێنراوە، زانایەکی موسوڵمان دایهێناوە، هەروەها ئەو ژمارانەی، کە ئێستە بەئینگلیزی ناسێنراون و بەکاردەهێنرێن، موسوڵمانان دایانهێناون، تەنانەت هەموو ئەوروپاش بەکاریان دەهێنێت، بۆ نمونە ژمارە یەک یەک چەڵەی هەیە ١، ژمارە دوو دوو چەڵەی هەیە ٢، ژمارە سێ سێ چوکڵەی هەیە ٣، ئێستە خۆمان ژمارەی ئارامی بەکارئەهێنین و وازمان لە ژمارەکانی خۆمان هێناوە، کە زانایانی خۆمان داهێنەریان، ئەوروپا ژمارەی موسوڵمانان بەکاردەهێنێت و موسوڵمانانیش ژمارەی بێگانە!

زانستی ئەندازە جەبر، کە لە هەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێتەوە دەزانن خەوارزمی دایمەزراندووە، خەوارزمی زانایەکی موسوڵمانە، لەبەر ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە یاسای ویراسی ئیسلامی بپارێزێ، ئێستە هەموو جیهان بەکاری ئەهێنێتەوە.

هەروەها کاتێك باس لە علم بصریات دەکرێت، کە زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ ئەوروپا شوێنی ئەم زانستە کەوت، ناڵێم سەرچاوەیەک بووە لە سەرچاوەکان بەڵکو شوێنکەوتە بووە، ئاگە سەرچاوە بووە، کە لە زانستی بەصەریاتا هەموو ئەوروپا شوێنی کەوتووە، بریتییە لەو نەخشەکێشانەی زانای موسوڵمان ئەبو قاسمی زەهراوی، هەروەها یەکەم کەس، کە دەرزی دۆزییەوە و دەرمانی لە رێگەی دەرزییەوە کردە ناو لاشەی مرۆڤەوە بۆ مەبەستی چارەسەر، زانای موسوڵمان ئەبوبەکری رازی بوو، کە ئێستە هەموو جیهان بەکاری ئەهێنن، ئەمانە گۆڕانکارین لە ژیاندا، خۆ گۆڕانکاری تەنها لە سیستەمی سیاسییدا ناکرێت، بەڵکو گۆڕانکاری لە عەقڵیەتدا، لە کیاندا، لە ئاخیشدا دەکرێت.

گۆڕانکاری زۆر گرنگ و پێویستە لەناو گەلاندا، تێبینی کەن زۆر بەکەمی لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەبینی کەسێ بە کەسێ بڵێ داوای لێبوردن ئەکەم، خۆی زۆر بە گەورە دەزانێ، بەڵام ئامادەیە پێت بڵێت لێت تێ ئەکەم، لە ناخت لێ ئەکەم، بەڵام قەت ئامادە نییە بڵێت داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، چ ئیشکالیکی تێدایە کە ئەگەر بەرانبەر کەسێک هەڵەیەکت کرد یان بەرانبەر شۆفێرێکی تەکسی هەڵەیەکت کرد، ئایا دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت بە توندی پێوەدا یا پێی بڵێی داوای لێبوردنت لێ ئەکەم ببورە! داوای لێبوردن کردن مرۆڤی پێ بچووک نابێتەوە، بەڵکو مرۆڤ بەوە بچووک دەبێتەوە، کە خۆی بە گەورە بزانێ و لوتبەرز خۆی نیشان بدات.

گۆڕانکاریکردنی ئێمە بۆیە قورسە، چونکە هەرکەسێ هەڵدەستێت زلەیەکمان لێ دەدات، وەکو جوولەکەکانی ساڵانی شەستەکانمان لێ هاتووە، لەبەر ئەوەی زۆر خۆمان بە لوتبەرز دەزانین و

هیچیشمان پێ ناكرێت، ئەم هەموو داهێنراوانەی پێشتر باسكران، هەزارانی تریش بۆچی شانازییان پێوە ناكەین، هەر لەبەرئەوەی كولتووری خۆمانن، دەبێت ئەوەش بزانن، كە مێژووی ئێمە شێوێنراوە و گۆڕانكاری تێدا كراوە، ئاگامان لە هیچ شتێك نییە، سەرسامین بە كۆمەڵێك خەڵكی بێگانە، كە لە زانستیشدا ناگەنە ئاستی زاناكانی خۆمان.

زانای موسوڵمان ئەبوبەكری رازی یەكەم كەس بوو كەوا مەڵحەمی دۆزیەوە، كە لەرێگەی پێستەوە چارەسەری نەخۆشی بكات. وە یەكەم كەس كە نەخۆشخانەی دروستكرد لە مێژوودا، پیاوێكی موسوڵمان بوو بەناوی مەقرزی، بە ٧٠٠ ساڵ دوای دروستكردنی ئەم نەخۆشخانەیە لە فەرەنسا نەخۆشخانە دروستكرا كە زۆر سەرەتای بوو، بەڵام ئەو نەخۆشخانەیەی، كە مەقرزی دروستی كرد یەكەم نەشتەرگەری غودەی دەرەقی تێدا ئەنجام درا بۆ ئافرەتێك بە ناوی -سەكینەی كچی موعاویە-، ئەمە لە مێژوودا تۆمار كراوە و هەموو ئەوروپا باسی ئەمانەیان كردووە، لە مۆزەخانەی بەرلین لە ئەڵمانیا بەشێك لەم شارستانییەتەی ئێمە پارێزراوە و ئێمەش لێی بێ ئاگایین.

هەتا ئەم ساڵانەی دوایش كاتێك كەسێك نەشتەرگەری دەكرا، بە مەعیدەی پشیلە شوێنی نەشتەرگەرییەكەیان ئەدوریەوە، كە بۆ یەكەمجار ئەبوبەكری رازی زانای موسوڵمان دایهێنا. كە باسی مێژوو دەكرێت تەنها مێژووی فیتنە شارەزایین، مێژووی ئەوە شارەزایین، كە شەڕی جەمەل چییە و موعاویەی كوڕی ئەبوسوفیان و عەلی كوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوا لەسەر هەردووكیان بێت- شەڕیان كردووە و كوشتاریان كردووە. ئەی كوا مێژووەكەی ترمان، هەر ئەوە دەزانن، كە فەتحی وڵاتان بكەنە بەڵگە و بە شێوێنراوی و دەستكارییەوە لە دژمان بەكاری بهێننەوە، ئەم هەموو وڵاتانە فەتح كران ئەتان پرسی بۆچی كولتووری ئەم وڵاتانە وەكو خۆی مایەوە و پارێزرا لەژێر سایەی ئیسلامدا، بۆچی كەس بیر لەمە ناكاتەوە؟ بۆچی جلوبەرگی كوردی پارێزراوە؟ بۆچی زمانی فارسی پارێزراوە؟ بۆ كولتووری پاكستانی پارێزراوە؟ وە هەموو ئەو وڵاتانەی دیكە كە فەتح كران و موسوڵمانان چوونە ناوی، وە تا ئێستەش زمان و كولتووری هەموویان پارێزراوە و ئیسلامیش بووە بە میوانی هەموویان.

كاتێك جەزائیر داگیركرا لەلایەن فەرەنساوە دەزانن چی لەو وڵاتە كرد؟ هەموو شتێكی ئەو وڵاتەی گۆڕی، داگیركەرەكانی تریش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەمە بۆ ئیسلام راست نییە، بەڵكو ئیسلام رەحمەت بوو، چووە ناویان، دەزانن چی كرد لە شارستانی و لە ژیار و خاك و خۆڵی ئەوان؟

لەسەر ئەو وتەیە ئەوەستین، كە وتمان مێژووی ئێمە شێوێنراوە، بۆیە گۆڕانكاریمان پێ ناكرێ، تەنانەت مێژووی فیتنەی موسوڵمانانیش شێوێنراوە، لەسەر ئەمە نمونەیەك باس دەكەین: تەنها لە طبری دا زیاتر لە ١١٣ جێگەدا باسی فیتنەی نێوان موسوڵمانان كراوە و فەرمودەیان بۆ هێناوەتەوە، لەم فەرمودانە ٩٩ فەرمودەیان هەڵبەستراون بە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ و بەدەم هاوەڵانەوە -ڕەزامەندی و رەحمەتی خوایان لەسەر بێت-، نە مەوزوعن و نە هیچ بەڵكو تەنها درۆن و هەڵبەستراون، ١٤ فەرمودە ئەمێنێتەوە، كە ١٠ دانەیان فەرمودەی زەعیفن، سەنەدەكانیان واقیدیە یان لە خەڵكێكەوە گێڕدراونەتەوە، كە عیلمی رجال قەناعەتیان پێ ناكات، ئەمێننەوە ٤

فەرمودە، تەنها لەم ٤ چوار فەرمودەیەدا باسی کراوە بەجوانی، ئێستەش لەگەڵ هەرکەس گفتوگۆ ئەکەی، کە دێتە سەر باسی فیتنە دەڵێت طبری وای وت! ئەها چۆن خەڵکی ئەگەوجێنن چۆن خەڵکی ئەخەڵەتێنن، با بزانن ئیمامی طبری قەت قسەی نەکردووە لە مێژوودا، بە واتایەکی تر لە مێژوودا نابینی طبری رۆژێک لە رۆژان باسێکی خۆی کردبێت، چونکە لەپێشەکی کتێبەکەی دا کە باس دەکات دەڵێت فلان وای وت فیسار وای وت، واتە بەناوی خۆیەوە قسەی نەکردووە، بە واتایەکی تر مێژووی طبری بریتییە لە عن عن واتە عن فلان عن فلان عن فلان.

## بۆچی بەم شێوەیە مێژوومان شێوێنراوە؟

کەسانێک پێیان وایە مێژووی ئێمە شتی ناشیرینی تێدایە، نا، مێژووی ئێمە تێکەڵی درۆکراوە و بە دەممانەوە هەڵبەستراوە، نە لە مێژووی دروستی تەبەری شارەزایین، نە لە سەردێ نووسینەوەی مێژووشمان شارەزایین بۆیە گۆڕانکاریمان پێ ناکرێ.

مێژوو وەکو ئەوە وایە شۆفێری ئۆتۆمبێلێک ئاوێنەی ئەم لاو و ئەو لا و ئاوێنەی دواوەی نەبێت، ئاگادار نەبێت لەم شوێنانەی کاتێک کە شۆفێری دەکات، دەکرێت هەر بڕوات و گوێ نەداتە دەوروبەری، ئێ بە تەئکید ئەم پرسیارە لە هەر شۆفێرێک بکرێت وەڵامەکەی ئەوەیە، دەڵێت نەخێر نابێت، چونکە لە هەر چرکەیەکدا ئەگەری ڕوودانی کارەساتی هەیە، مێژوو ئەم ئاوێنانەن گرنگە خەڵک بیانزانێ و گرنگیان پێ بدات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاستیی دا پێکدادان دروست نەبێت.

وەکو پێشتریش باسمان کرد، بۆیە ئاگامان لە مێژووی خۆمان نییە، چونکە خەڵکانێک لە ژێر کۆمەڵێک ناونیشاندا هاتوون و کیان و ژیانی ئێمەیان وا لێ کردووە، کە هەمووی تێک بدرێ بەسەر یەکدا، سەیری کەسایەتییەکانی وڵاتی خۆمان بکەن، کوان ناوی ئەو پیاوە بەڕێزانەی وڵاتی ئێمە، کە پێشتر دیار و گەورە بوون؟ کوا دەسەڵات و سیستەمی ئیسلامی ئەم نەتەوەیە؟ بۆچی میدیا و کەیخوسرەو بە ئێمە دەناسێننەوە، لە کاتێکدا، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٦٠٠ ساڵ پێش زایین، ئێوە نەتان پرسی بۆ ئەمە بارز دەکرێ و لە بەرانبەردا میر بەدرخانێکی گەورەی ئێمە کە سیمای دەوڵەتەکەی لە سیمای وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا بەهێزتربووە!

بۆچی ئەمەمان بۆ باس ناکەن و پێمان ئاشنا ناکەنەوە؟ بۆچی لە قوتابخانەکاندا ناخوێنرێ؟ ئەی بۆچی هاتوهاوار دەکرێ لە پەرلەمان و شوێنەکانی تردا لەسەر کەیخوسرەوێک، کە کەس نازانێت کێیە و کوڕی کێیە؟ تەنانەت مێژوونووسانی وەکو مەردۆخی و ئەمین زەکی بەگ پێیان وایە کەیخوسرەو هەمان سیروس اعظمی فارسە.

لەبەرچی ئاگامان لە مێژوو و ژیانی سەرکردەیەکی وەکو میربەدرخانی سۆران نییە، کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین، کە چ گۆڕانکارییەکی گەورەی کردووە، هۆکاری ئەوەی نایەڵن بە ئێمە بناسێنرێ، ئەوەیە قوتابی شێخ عبدالعزیزی گەورە بووە و لەسەر بەرنامەیەکی ئیسلامیی پەروەردە بووە و هەر لەسەر بەرنامە ئیسلامییەکە، گۆڕانکاری کردووە لە ئیمارەتە گەورەکەی، ئەم سەرکردە کوردە سیماکانی دەوڵەتەکەی، سوپاکەی، ئابوورییەکەی... تاد.

لە فەڕەنسای ئێستە بەهێزتر بووە. هۆکاری ئەوەی، کە نەیانەوێت بیناسین و مێژووەکەی فێربین، چونکە نەیانەوێت ئێوانی بادینان و سۆران هەرگیزاو هەرگیز یەک بگرێتەوە، یەک گرتنەوە بەو واتایەی، کە ئێمە لە کرمانجی خۆمان تێ بگەین، لە خەڵکە بەڕێزەکەی وڵاتی خۆمان تێ بگەین، داگیرکەران ناهێڵن ئێمە ئەوە بکەین، پێویستە سوڵتە و دەسەڵاتی کوردی بیر لەوە بکاتەوە، کە ئێمە سەرلەنوێ بکاتەوە بەیەک لە کولتووری یەکتری تێ بگەین.

## ئێمە خاوەنی خاڵە ڕەجەبین
## خاڵە ڕەجەب کێیە؟
## داهێنانەکانی چین؟

خاڵە ڕەجەب یەکێک بووە لەو کەسانەی کە تۆپی دروست کردووە بۆ ئیمارەتەکەی میر محمدی سۆران، ئێستە هەموو کورد کۆبکەرەوە، ناتوانێت کەوچکە چایەکیش دروست بکات نەک تۆپێک. ئەی کوا بۆچی باس ناکرێ؟ بۆچی ناخوێنرێ؟ ئەی بۆچی دیراسەی گەورەی لەسەر ناکرێ؟ بۆچی لە ئەلەفزیۆنەکانەوە مێژوونووسەکانی ئێمە یان ئەوانەی، کار لە لێکۆڵینەوەی مێژوو دەکەن، بۆچی باسی ئەم پیاوە بەڕێزە ناکەن؟ بۆ هەر دەمیان کردەوە باسی فەتواکەی مەلای خەتێ دەکەن، کە هیچ ئەسڵ و بنەڕەتێکی نییە، نە لە مێژوویەکدا باس کراوە و نە بنەڕەتێکی فەتواکەی دەست ئەکەوێ، هەر دەڵێن فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەی بۆ باسی ئەوە ناکەن، کە مەلای خەتێ پارێزەر و گۆڕانکاری گەورەی کردووە لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا لە ڕێگەی کەسێکەوە، کە ناوی علی ئەفەندی بووە.

علی ئەفەندی یەکێک بووە لە مامۆستاکانی زانای گەورە محمدی کوڕی عبدالوهاب، کە زۆرێک لە موسوڵمانان پێی سەرسامن و کار لەسەر فەتواکانی دەکەن، ئەی بۆچی مەلای خەتێ لەناو ئێمەدا ئاوا ئەناسێنرێ و ئەبوغزێنرێ؟ من دەڵێم لەبەر ئەوەی عەقیدەیەکی سەلەفی هەبووە، لەبەرئەوەی لە یەک خەتەوە هاتووە، کە خەتی محمدی کوڕی عبدالوهابە، ئەویش لە ئین تەیمیەوە وەری گرتووە، ئەویش لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە وەری گرتووە، ئەویش لە سوفیانی سەوری و حەسەنی بەسرییەوە وەری گرتووە، ئەوانیش لە هاوەڵان و، هاوەڵانیش لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەریان گرتووە، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری گەورەیان پێ کردووە کەس نایانناسێ و نالناسێنرێن، پێویستە ئێمە مێژووی خۆمان بناسین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێ بکەین لەناو خەڵکی خۆماندا.

نمونەی میر محمدی سۆران و بەدرخان باس دەکەین و شکستیشیان لە گۆڕنکاریدا دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی ببێتە ئەزمون بۆ هەموو لایەک.

## میری سۆران و ئیمارەتەکەی

ئەم ئیمارەتە، کوردی بووە و زۆر گەورە بووە و لە بنەماڵەی سۆرانییەکان بوون، کە لە ڕەواندوزدا نیشتەجێبوون، لە سەردەمی دیناوەرییەکانەوە بوونیان هەبووە و لەو ناوچانەدا خاوەنی نفوز و دەسەڵات و هەیبەتی خۆیان بوون.
بنەماڵە و خانەوادەیەکی دیندار و موسوڵمان بوون و لە ئەهلی سوننەت و جەماعەیان پەیڕەو کردوە و شافیعی مەزهەب بوون و زۆر ڕێزی زانایانیشیان گرتووە. بەو ئیعتیبارەی میر محمدی سۆران پیاوێکی سوننی مەزهەب بووە و ئازا و چاونەترس بووە و یەکێکیش بووە لەوانەی، کە زۆر گرنگی داوە بە زانست، لە سەردەمی ئەودا ئیمارەتەکەی زۆر پێشکەوتوو بووە و باروتی تۆپی دروست کردووە، زۆربەی زۆری شارەزای سەربازی ناوچەکانی فەرەنسا و بەریتانیا هاتوون لە

ئیمارەتی ئەم پیاوەدا چەک و جبەخانەی خۆیان دروست کردووە، ئەندازە و جۆری چەکی لا دەستکەوتووە.
خالە رەجەب یەکێک بووە لە ئەندازیارە سەربازییەکانی هەیە، کە چەند تۆپێکی زەبەلاح و پۆلاینی دروست کردووە، بەڵام بەداخەوە خەڵکی ئێمە ئێستە کەم ناوی و ژیانی ئەم پیاوانە دەکەنە پێشەنگ و رێزیان لێ دەگرن، کە بە پیاوێکی شەرەنگێزی دەزانن لەراستییشدا وا نەبووە! بەڵکو پیاوێکی زیرەک و دووربین بوو، بۆ ناوچە کوردیەکان، بەتایبەت پاراستنی مەزهەبەکەی. راستە خەبات و شۆرشی کرد، لە پێناوی ئەوە بوو، کە سەفەوییەکان دەسەڵات و نفوزی شیعەی خۆیان بڵاو نەکەنەوە، دەیزانی دەیانەوێت لەلایەن کوردەکانەوە نفوزی خۆیان زۆر بکەن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بابانشین و جافەکان و تەنانەت ئەردەڵانیشدا.
میر محمد، کە ناسراوە بە پاشای کۆرە -رحمەتی خوای لێ بێت- دەیویست ئەم سێ کوچکەیە بگرێتەوە ژێر فەرمانرەوای خۆی، واتا: بابان و ئەردەڵان و سۆران.
لە ناو ئیمارەتەکەی دا قازییەکی ناسراو و زانایی هەبوو بە ناوی مەلای خەتێ کە موفتی بووە، خیلافەتی عوسمانلی بە خیلافەتێکی سۆفی مەزهەب دەزانی، بۆیە پێوانەبووە بتوانێت رێگری لە مەزهەبی شیعەگەرایەتی بکات. ئەگەر رێگریش بکات لەرێگەی نفوز و دەسەڵاتی سەربازییەوەیە، کە ناهێڵێت فەرمانرەوایی سەفەوییەکان زیاد ببێت، بەڵام لەرووی بیر و باوەرەوە گرنگییەکی ئەوەندە گەورەی نەبوو، بۆیە مەلای خەتێ لەناو نفوزی دەسەڵاتی سۆراندا دەیەوێت عەقیدەی ئەهلی سەلەف بڵاو بکاتەوە.
ئەم پیاوە بەرێزە قوتابی بووە لەلای عەلی ئەفەندی، عەلی ئەفەندیش یەکێکە بووە لەو کەسانەی کە مامۆستای محمدی کوری عبدالوهاب بووە. واتا هەرچی بیروباوەر و دید و تێروانین لە نێوانی محمدی کوری عبدالوهاب و مەلای خەتێدا هەبووە، دیدێکی سەلەفی بووە، ویستویانە ئەو دید و بۆچوونانە بڵاو بکەنەوە، بۆیە هەندێ خەڵک هەیە ئێستە رقیان لە مەلای خەتێیە و دەیانەوێت قسەی بۆ دروست بکەن و خەڵکی کورد چەواشە بکەن لەراستیی و پاکیی ژیانی ئەم کەڵە پیاوە.
ئەو سەردەمەش میر محمد عەلی پاشا، کە کوردە نەفی دەکرێت بۆ ئەلبانیا و لەوێوە دەچێتە میسر و پاشان لە وڵاتی میسر شۆرشێک بەرپا دەکات، بەڵام شۆرشی یەکەمی سەرناگرێت لەگەڵ پادشا داودی مەمالیک و میر محمدی سۆران دەیانەوێت سێ کوچکەیەک دروست بکەن لەدژی خیلافەتی عوسمانلی و سەفەوی، نەک بەو مانایەی بیانەوێت خیلافەتی ئیسلامی بروخێنن، ناچەڵکو دەیانەوێت فەلەمرەوی ئیمارەتی خۆیان زیاد بکەن لەژێر سایەی خیلافەتی ئیسلامییدا، وەکو سەردەمی عەباسییەکان وەک چۆن وەکو رەمزێک مابووەوە خیلافەتەکە، هەروەکو چۆن لە خیلافەتی عەباسیدا دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، دیناوەرییەکان، مەمالیک و سەلاجیقەکان هەبوو، هەریەکەشیان خاوەنی ئیمارەتی خۆیان بوون و جیابوون و سوڵتان و میری خۆیان هەبوو.
ئەم دید و بۆچوونە کەڵاڵە بوو لای هەر سێکیان، واتا محمد عەلی پاشا، مەلیک داود و پاشای کۆرە، میر محمدی سۆران وردە وردە توانی فەلەمرەوی خۆی زیاد بکات و هەتا ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و کەرکوکی گرتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و خەڵکێکی زۆر چوونە ژێر

ئیمارەتە کوردییەکەی ئەم میرە کوردە ئەوەندە بەهێز و دەسەڵاتی فەلەمڕەوییەکەیەوە. تەنانەت ئیمارەتە کوردییەکەی ئەم میرە کوردە ئەوەندە بەهێز و بەتوانا بوو، هیچ دەسەڵاتێک لە ناوچەکەدا لە بەرانبەریدا خۆی ڕانەدەگرت. شەڕێکی زۆر گەورە ڕوویدا لەناوچەی ڕەواندوز لە نێوانی یەزیدییەکان دا، ئەو دەمە یەزیدییەکان جاسوسیان دەکرد بۆ کونسوڵیەتی بەریتانی و هەرچی زانیاری نێوانی ئیمارەتی میر محمدی سۆران هەبوو دەیانگواستەوە بۆ ئینگلیزەکان، بۆیە ئەم کارە بەخیانەتی دەوڵەت هەژمارد دەکرا. میر محمد هەستا بەوەی کە لەناوچەی ڕەواندوزدا بکەوێتە شەڕ و زۆرێکی لە یەزیدییەکان کوشت، بەڵام لە مێژوودا زۆر گەورە کراوە و چەواشەکاری تێدا کراوە.

باس لەوە دەکرێت، کە گوایە یەزیدییەکانی قاتوقڕ کردووە، ئەوە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە. کونسوڵی بەریتانیا ترسی زۆری لێ نیشت لەسەر ئیمارەتەکەی میر محمد، چونکە زۆرتر یەزیدییەکان و ئەرمەنییەکان لەگەڵ کونسوڵگەری بەریتانیان لە مووسڵ و ئورومییە، هەرچی جاسوسیش کراوە لەسەردەمی خۆیدا لە ڕێگەی یەزیدییەکان و ئەرمەنییەکانەوە کراوە. هەموو جارێکیش کە ویستویانە نفوزی خۆیان زیاد بکەن، بەریتانیاو ڕوسیا لەڕێگەی ئەو دوو گروپەوە، یاخود ئەو دوو گەل و هۆزەوە توانیویانە ئەو کارە بکەن و زانیاری ناوچەکە ببەنە دەرەوە.

بەریتانیا بەتەواوەتی دەترسێت و پەیماننامەیەک مۆر دەکات لەگەڵ خیلافەتی عوسمانلی دا، کە بەهەر شێوەیەک بووە دەسەڵاتی میر محمدی سۆران لە جێگەیەکدا رابگیرێت و زیاد نەکات یان هەر چۆن بووە بیوەستێنن، هەروەها لەگەڵ سەفەوییەکاندا پەیماننامەیەکی تریش مۆردەکەن، بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە، نابێت فەرمانڕەواییەکەی میر محمد بڵاوە بکات.

لەو سەردەمەشدا پادشا داود، کە ئەمیری مەمالیک بوو لە بەغدادا زۆر پشتگیری لێ دەکرد، بەڵام هەندێک بەرژەوەندی هەبوو لەگەڵ بەریتانیادا و لە خواریشەوە لە ناوچەکانی بەسرە شۆڕشێکی زۆر گەورە لە ڕێگەی سەلەفییەکانەوە یاخود ئەوەی، کە پێی دەوترێت وەهابییەکان ڕوویدابوو. نەیدەویست لە نفوزی و نە دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکەی، کە هەیەتی لە بەغداد لە دەستی بدات و فشاریشی خرابووەسەر لەلایەن ئینگلتەراوە، هەروەها پارچە پارچەبوونی ناوچەکانی تر و گەورەبوونی ڕوسیای قەیسەری وەک جەمسەرێک و فەڕەنسا و بەرتانیاش وەک جەمسەرێک، کاریگەری خۆیان هەبوو لە ناوچەکەدا و دروستبوونی ئیتحاد و تورەقی و هاتنە ناوەوەی یەهودی دەونمە هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ناوچەکان.

محمد عەلی پاشا شۆڕشەکەی کردبوو لە میسردا وە جیابوونەوەی میسریش لە خیلافەتی عوسمانلی خۆی بۆ خۆی ڕووداوێک بوو، کە زیاتر کاریگەری لەسەر میر محمدی سۆران دروستکردبوو.

یەککرتنی بەریتانیا و شای سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانلی لەسەر میر محمدی سۆران کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو لە هەموو لایەکەوە فشار خرایە سەر میر محمد. عوسمانلییەکان بە هێز و سوپا و توانای سەربازی زۆرێکی ئینکیشارییەوە هاتوو و هێرشی کردە سەر میر محمد و زۆربەی زۆری ناوچەکانی لێ سەندەوە و سوپای میر محمدی خستە تەنگەژە و ماندووبوونەوە و تەفروتونا بوون، لێرەدا زۆربەی ناوچەکان لەژێر دەستی میر محمد سەندرانەوە و لە پاشاندا تا وای لێهات میر محمد هیچ جێگەیەکی بەدەستەوە نەما. تەنها ڕەواندوز نەبێت

وە خەڵکەکانیش زۆربەی لە ڕەواندوزدا بوون، وە خیلافەتی عوسمانلیش زۆر بێ ڕەحمانە بەرەو ڕوویان دەهاتن بەسەرکردایەتی ئینگلیز، بۆیە لەو کاتەدا کۆمەڵێک مەلای ڕەواندوز بەسەرکردایەتیی مەلای خەتێ دەچنە لای دەسەڵاتدار و صەدری ئەعزەم، کە سەرۆک وەزیرانی ئێستە دەکات ڕاستەوخۆ دەچنە لایان وقسەیان لەگەڵدا دەکەن، کە گوایە چەک بە میر محمد دابنێن بۆ ئەوەی وەزعەکە هێور بێتەوە و زیاتر خەڵک و سوپای کورد نەکوژرێت، بۆیە صەدری ئەعزەم و عوسمانلییەکان قسەی مەلا بەڕێزەکان قبووڵ دەکەن، وە هەروەها کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر شەڕ ڕوونەدات و ئەوە بڵاو دەکەنەوە بەناو خەڵکدا، کە دەبێت ئێوەش چەک دابنێن و شەڕ لەگەڵ عوسمانلیی دا نەکرێت. ئەو کەسانەی کە مێژووی کوردیان زۆر شێواندووە ئەمانەن مێجەرسۆن و حسێن حوزنی موکریانی لەگەڵ کابرایەك کەناوی مەلا سەعیدی سنەیی بووە و پاش ئەوەی دەبێتە گاور ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ میرزا سعید و دوای ئەوە بۆ دوکتۆر سەعید و پاشان کچەکەی قەشە شەمعون دەهێنێت، هەر ئەو میرزا سەعیدەیە کە لەگەڵ مێجەرسۆن هۆنراوەیەکی ساختە دەنووسن بەناوی هورمزگان دادەنێن.[١]

ئەمانە دەستیان هەبووە لە کاری گەندەڵیی و خراپەکاری و لە تەزویرکردنی مێژووی گەلی کورد و کوردستان، ئەو مێژووەی کە هەمانە زۆربەی تەزویرە، چونکە ئێوە دەزانن، کە حسێن حوزنی موکریانی دەستی تەواوی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکەڵ کردبوو، چاپخانەیان بۆ دانا لە ڕەواندوزدا، پاشان بۆ ئەوەی ئەو مێژووانە بشێوێنێت بە ئارەزووی خۆی لە هەمە چەشنە مێژووی بۆ خۆی دەنووسییەوە مێجەرسۆنیش لەگەڵ کۆمەڵێک لە عەلمانییە کوردەکان، کە لەگەڵ ئیتیحادی تورەقی کوردیدا بوون، بەتایبەتی حیکمەت بابان و جەودەت نامیق و کۆمەڵێکی تر لەوانەی، کە زۆر دژایەتیی خیلافەتی عوسمانلیان ئەکرد ئەچوون دەستنووسی مێژوویان دەنووسییەوە و ئەیانخستە ناو کتێبخانەی مامۆستا بەڕێزەکان یەکێک لەوانە، کە دۆزرایەوە بە دەستنووسێکی تەزویر کراو لە کتێبخانەکەی مەلا عبدالصمدی ناسی لە مەرگە دۆزرایەوە، کە باس لە مێژووی کورد دەکات، گوایە هاتوون و کوردیان تەفرتونا کردووە. ئەم مێژووە هیچ بنەما و ئەساسێکی نییە، وە ئەو کەسەشی، کە ئەو مێژووە ساختەیەی نووسیەوە، مەلا ڕەئوف حەویزی و حسێن حوزنی موکریانی بوون.

پاشان بەدوای ئەم ئیمارەتدا میر بەدرخان سەر هەڵدەدات بۆ ناساندنی هەر زەمینەیەکی فیکری پێویستە، گۆرەپانەکەی بناسێنین بۆ ئەوەی باشتر لە ژیار و باری کۆمەڵایەتیی و سیاسەت و ئابووریی ئەو دەسەڵاتانە تێ بگەین. لەساڵی ١٨٠٠ ی زاینی بەدواوە ململنێی نێوان روسیای

---

[١] دەقی هۆنراوەکە دەڵێت:

هورمزگان رمان آتران کژان ....... هوشان شاردوە گورە گورگان
زور کار ارب کردند خاپور ....... گنائی پالە هتا شارە زور
ژن و کینکان بدیل فشینا میرد ....... آزائلی رە روی هونیا
روشت زردشترە ماند بیکس ...... بزیکانیکا هورمزد هیوجکس

قەیسەر و بەریتانیا توند بووبوو، گۆڕەپانی هەردوو ئەو دەسەڵاتدارانە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عوسمانلی بوو.

لەدوای نەهێشتنی میر محمدی سۆران عوسمانلییەکان دەسەڵات و فەرمانبەری خۆیان لەو ناوچەدا دانا و باجێکی زۆریان لە خەڵکی دەسەند، گوندەکان رۆژ بە رۆژ بەرە و لاوازی و پووکانەوەی کشتوکاڵی دەڕۆشتن، چونکە بە هیچ شێوەیەک حوکمی عوسمانلی بایەخی بەو ناوچانە نەدەدا، بەڵکو هەر خەریکی پارە کۆکردنەوە و باج بوون لە خەڵکەکە، تا ئیتر بێزاری تەواوی رووی کردە خەڵکی بەتایبەت ناوچە کوردنیشینەکان.

میرنشینی سۆران بە تەواوەتی خۆری ئاوابوو، میرنشینی بادینان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی و هەندێک میرنشینی بچووک بچووک هەبوون لە ناوچەکەدا زۆربەیان کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی ئەوەی، کە مابووەوە لە ناوچەکەدا تەنها ئیمارەتێکی بچووک بوو، کە ناوی ئیمارەتی بۆتان بوو، کە پیاوێک بە ناوی عبدخان حوکمی ئەم ئیمارەتەی دەکرد، کە پەیوەندێکی زۆر باشی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانلی دا.

میساقێکی گرنگ هەیە، کە گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە، کە دەسەڵاتی عوسمانلی لە ناوچە کوردنشین و ئاشووری و یەزیدیی و ئەرمەنییەکان دا وەک حوکمی ئیداری فیدراڵی دابوو بە هەموو ئەو نەتەوانە، کوردیش کە پەیماننامەی هەبوو لەناو دەسەڵاتی عوسمانلیدا ئیمارەتی دروستکردبوو بە مەرجێک سەر بە فەرمانڕەوای عوسمانلی بن و لەکاتی پێویست دا بە سوپا و سامان یارمەتی دەسەڵاتی مەرکەزی بدەن، ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی ١٥١٦ زاینیدا بەسترابوو.

کە میرنشینی سۆران ئاوا بوو، ئەو دەمە روسیا لە ناوچەکەدا پێگەی لاواز بووبوو هاوپەیمانییەکی باش لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانلی و بەریتانیادا هەبوو بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەوە بەریتانیا دەیویست قەڵەمڕەوی عوسمانلییەکان گەورەتربێت، بۆیە بەهەموو شێوەک لە بەرانبەر روسیادا یارمەتی ئەدان، کوردستانیش رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی ئەڕۆیشت.

## ئیمارەتی بۆتان

ئیمارەتی بۆتان بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، جوگرافیاکەی لە رۆژئاوای دیجلە دەست پێ دەکات، تاکو رۆژهەڵاتی باشووری هەرێمی مووسڵ، ئەم ناوچەیە ئێستە لە کوردستاندا بە جەزیرە ناسراوە دەکەوێتە تورکیاوە. دامەزرێنەری ئەم ئیمارەتە کوردییە، کەسێکە بەناوی عەبدولعزیزی کوڕی کامیدی، کە بە رەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر سەرکردەی بەناوبانگی موسوڵمانان خالیدی کوڕی وەلید. هەندێک لە مێژوونووسان رەچەڵەکی ئەم پیاوە دەگێڕنەوە بۆ خێزانی بەدرخانییەکان لە دێی ئازیزان، کە نزیکی دوورگەی ئین و عومەرە، بەڵام فلادیمێر مینۆرسکی دەیگەڕێنێتەوە بۆ رەچەڵەکی یەزیدەکان و دوایی موسوڵمان بوون.
لەدوای مردنی عبد خانی باوکی واتا ساڵی ١٨٢٠زایینی، میر بەدرخان کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، بووە جێنشین لە ئیمارەتی بۆتان.

## میر بەدرخان

بەدرخان لەلای مێژوونووسان پیاوێکی شکۆمەند و باڵابەرز و جوانخاس و سەربازێکی کارزان و ئازا و سەرنجڕاکێش و لە خواترس و خاوەن وەرع و ناسرا بوو، دەڵێن پیاوێکی دیندار و خاوەن بەندایەتێکی زۆربوو هەمیشە لە زیکر و تەهلیلەدا بووە. ئاوستن هێنری لایارد لێکۆڵەرەوەی ئینگلیزی گەڕۆک، دەڵێت مامۆستای بەدرخان زانایەکی زیرەک بوو، کە ناوی شێخ طاهر بوو، زانستیی تەفسیر و زانستیی فەرمودەی لەم زانایە وەرگرتووە.
دکتۆر گرانت، کە ئەمریکییە، دەڵێت زۆر خۆشەویستی هەبوو بۆ شێخانی تەریقەت و زانایان و هەمیشە لە کۆڕ و مەجلیسیدا ئامادەبوون، بەبێ ئەوان هیچ کارێکی نەکردووە.
دکتۆر وادی جویدە و ئاوستن هێنری لایارد دەڵێن لە دوای ئەوەی بەدرخان تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج ساڵ لەو تەمەنەدا، وا خۆی دارشت، کە دەسەڵاتی تەواوی ئیمارەتی بۆتانی گرتەدەست.

بەدرخان لە ناو خەڵکی دا زۆر خۆشەویست بوو، زۆربەی جێگەکانی تری کوردستان هاتنە ژێر فەرمانڕەواییەکەیەوە. ئەمیش زەوی و زارێکی زۆری بە خەڵکی بەخشی و پارەی لێ وەرنەدەگرتن، تەنها لە کۆکردنەوەی بەروبووم نەبێت، کە پارەیەکی کەمی بۆ بەیتولمال لێ وەردەگرتن. بەدرخان بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە داوای یارمەتیدانی لێ دەکرد گوێگر بوو، هەرگیز نەیدەهێشت کەس لە ژێر فەرمانڕەواییەکەی دا بەهەژاریی بژینەوە. وای لێهاتبوو خەڵکی دەیانوت ئەمە محمەدی مەهدییە و خوای گەورە ناردوویەتی تاکو ئێمە رزگار بکات.
بەدرخان هەمیشە هانی میر و دەسەڵاتدارەکانی بۆ چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی خۆیان دا ئەدا و دیاری زۆری بۆیان ئەنارد، تاکو رازیان بکات و بیانخاتە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمارەتی بۆتان.
ئەو ماوەی، کە میر بەدرخان لەسەر دەسەڵات بوو، خەڵکی زۆر تێر و پۆشتە بوون، تەنانەت ا.ر دبلیو ستیفن، کە جێگری کونسوڵی بەریتانیا بوو لە مووسڵ خۆی ئەم شاهیدیە دەدات! دەڵێت ئەگەر ئاڵتون بەدەستی منداڵانەوە بووایە بەڕۆژی نیوەڕۆ کەس ترسی نەبوو ئەو ئاڵتونە ببرێت، ئیمارەتەکەی خۆی پڕ ئاسایش بوو، کوشتن و دزی لە قەڵەمڕەوی ئەودا زۆر ئەستەم بووە.

مستر رایت دەڵێت بەدرخان پیاوێکی لێهاتوو و ئەمیرێکی لێزان بوو لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات زۆر جەختی لەسەر پیادەکردنی یاسای ئیسلام دەکردەوە کە هەموو کاروبارێکی بە یاسای ئیسلام بوو، دیسان دەڵێت: ئەوەی بهاتبایەتە ناو ئیمارەتی بەدرخان، تووشی شۆک دەبوو، لەو ئاسایش و ئەمانەی بەخشیووی بە خەڵکی ناوچەی خۆی، بەدرخان سازشی لەگەڵ تاوانباران نەدەکرد، دەبوو زوو سزای خۆیان وەربگرن.

مستر راید دەڵێت: رۆژێک لای بەدرخان دانیشتبووین، دزێکیان هێنا خزمی بوو، ئەمری بە دەستبڕینی کرد، بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ خەڵکی ترا

گەرۆکی رووسی دیتلو دەڵێت: ئەوەندە خەڵکی ناوچەکەی سەرسام کردبوو، کە زۆربەی کوردەکان لە ئیمارەتەکانی ترەوە بۆ بۆتان دەچوون، بۆ لای فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆر حەکیمانە لەگەڵ خەڵک و والییەکاندا هەڵسوکەوتی دەکرد، تا وای لێهاتبوو ئەوەی لە ناوچەکانی جەزیرەی ئیبنو عومەردا بوو، خێرا خۆیان دەگەیاندە ژێر رکێفی بەدرخان -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بە ئازایەتیی و لێهاتوویی و دینداری، توانی دڵی هەموو ئەمیرەکانی کورد بۆ خۆی رابکێشێت، ئەم ئیمارەتە کوردییەی بەدرخان باش توانی قەڵەمڕەوی خۆی فراوان بکات و جۆرە فیدراڵییەک ببەخشێت بەوانەی، کە هاتنە ژێر دەسەڵاتییەوە تا لە خوێنڕێژی دەوڵەتی ئێران و عوسمانلی خۆیان رزگار بکەن، فەرمانڕەواییەکەی ئەوەندە گەورە بوو بوو، کە لە دیاربەکرەوە دەستی پێ کرد، تاکو مووسڵ لە باشوور، لە رۆژهەڵاتیشەوە لە سنەوە، تا وان هاتبوو.

## سیمای دەسەڵاتی ئیمارەتی بەدرخان

سیمای ئیمارەتەکەی بەدرخان -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ڕێکخستنی سوپا و چەک و جبەخانەیەکی بەهێزی هەبوو، چەندین کارگەی بارووت و چەک و تۆپی گەورەی دروستکرد.

سیمایەکی تری ئەم دەوڵەتە زانست بوو، کە زۆربەی لاوەکانی وڵاتی دەنارده دەرەوە بۆ روسیا و ئەوروپا تا بەهرەکانی ئەوان وەربگرنەوە لە ئیمارەتەکەی دا سوودی لێوەربگرن، زۆرێک لە کتێبەکانی زانستی فەلەک، فیزیا، کیمیا، ماتماتیک و زانستی پزیشکی لەسەردەمی بەدرخاندا زۆر برەوی پێ درا و چەندین زانکۆی دروستکرد، لەوانە؛ لە دیاربەکر و لە شاری مووسڵ و لە سنە و ئەرزرۆم...هتد.

بە هەمان شێوە زۆر باڵەخانەی جوان و قەشەنگی دروستکرد، ڕێگەوبانی دروستکرد، بۆ کار ئاسانی ئیمارەتەکەی، پۆست لەم سەر و ئەوسەری ئیمارەتەکەی هاتوچۆی دەکرد، زۆر برەوی دابوو بە کشتوکاڵ و یارمەتی جوتیارانی ئەدا و کارئاسانی بۆ ئەکردن، هەروەها کتێبخانەی مووسڵ و سنە و شارەزوری ئاوەدان کردەوە و بە هەزاران کتێبی تێدا دانابوو.

زانایان لە هەموو جیهانی ئیسلامی، دەهاتنە ئیمارەتی بەدرخان، چونکە کاری زانستی بۆ دەستەبەردەکردن وەک فەرمانبەر ئامادەی بۆ دەکردن و بژێوی بۆ ئامادەد و نەیدەهێشت بە کاری رۆژانە و پارە پەیداکردن خۆیان خەریک بکەن، بەم شێوەیە ئیمارەتی بەدرخان گەیشتبووە ئەوپەڕی بەهێزی دەسەڵات.

## هۆکاری سەرکەوتنی ئیمارەتی بەدرخان

لە دوای ساڵی ١٨١٦-١٨٤٧ زاینی دەسەڵاتی عوسمانلی گۆڕانکاری لە سیستەمی سەربازی خۆیدا کرد، لەژێر کاریگەری دەوڵەتی بەریتانیادا، کە سوپای ئینکشاری هەڵوەشاندەوە، ئەمەش گەورەترین هەڵە بوو یان هەڵەیەکی کوشندە بوو بۆ دەسەڵاتی عوسمانلی کە ئەوکارەی کرد، پاشان سوپای مەحموودیەی دامەزراند، کە لە مێژوودا بە (القوة المحمودية المنصورية) ناسراوە. ئەم گۆڕانکاریە وای کرد، بۆشاییەکی زۆر بکەوێتە ناوچەکە لەڕووی هێزی سەربازییەوە، بۆیە وڵاتی رووس چەند هەرێمێکی داگیرکرد، پاشان چەند هەرێمێکی ناو دوڵەتی عوسمانلی لە ئاسیای ناوەند و قەفقاس سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. هەر لەو سەردەمەدا واتا لەساڵی ١٨١٢-١٨٣٩ زاینی محمد علی پاشا لە میسر وەک هێزێکی بەرەنگاری دژی عوسمانلی دەرکەوت، پاشان هێزی مەمالیک لە عێراق دەرکەوت و خۆی لە دەسەڵاتی عوسمانلی جودا کردەوە و زۆربەی ئیمارەتەکانی باکووری ئەفریقا بەهەمان شێوە لە عوسمانلییەکان ترازان و سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.

لە ساڵی ١٨٣٨زاینی کوردستانیش بەبێ سوڵتەی مەرکەزی عوسمانلی مابووەوە، سەرەتای کۆکردنەوەی هێز و توانای بەردخان بوو، هەر لەو ساڵەدا قازی ئیبراهیم پاشا، کە سەرۆکی سوپای محمەد علی پاشا بوو لە میسر، لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ لە رۆژهەڵات و پاشان لە وڵاتی شام لەگەڵ سوپای عوسمانلی کەوتنە شەڕ، سوپای عوسمانلی توانای بەرەنگاری ئەم سوپایەی نەبوو، ناچار داوای یارمەتی لە بەدرخان کرد، بەدرخان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئیمارەتی بۆتان بەرگریی کرد.

تا چەند ساڵێک سوپای عوسمانلی لە ناوچەکانی میرنشینی سۆران و بادینان و ئیمارەتی بابان کەوتبووە خۆ و بۆ ئەوەی پارسەنگێک وەربگەڕێتەوە، ئەم سوپایە زۆر دڵرەقانە بە سەرۆکایەتی سەدری گەورەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کەوتبووە وێزەی خەڵکی، لەگەڵ رەشید پاشا و محمەد ئەنیجە و بیر قەدار پاشا، کە ئیمارەتەکانی کوردستانیان خستە ژێر رکێفی خۆیان بە تەنها میر بەدرخان لەو تێوەندەدا مابووەوە، کارێکی سروشتییە، کە هەموو میرە کوردەکان روویکەنە بەدرخان بۆ یارمەتی. ئەم دەسەڵاتدارانەی عوسمانلی لەگەڵ خەڵکی زۆر خراپ بوون، هەر خەریکی سەرانە سەندن و باج و خەراج بوون، بۆیە زۆربەی کوردەکان و پیاوە ناودارەکانیان و سوپاسالارە کوردەکان ناچاربوون بچنە لای میر بەدرخان.

خراپکاری عوسمانلییەکان وای کرد، کە چەند شۆڕش و راپەڕینێک لە ناوچەکاندا دروست بێن، کە میر بەدرخانیش بە ئاشکرا و بە نهێنی پشتگیری تەواوی دەکردن. هەروەها لە سەدەی نۆزدە دا سیاسەتێکی زۆر دژوار و خراپەکار لە ناو دەسەڵاتی عوسمانلییەکان دەرکەوت ئەویش برێتیی بوو لە سیاسەتی تەنجیر، واتا کرینەوەی پۆستی حکومی لە ناوچە و جێگەکانی دەسەڵاتی عوسمانلیدا، بۆ ساڵێک یان دوو ساڵ!

ئەمە وای کرد کە دەوڵەمەندەکانی ئەستەمبوڵ ئەم فەرمانبەرییە بۆ کاری شەخصی خۆیان بەکار بێنن، ئیتر بە تەواوەتی باری گوزەرانی خەڵکی تێکچوو بوو. بەدرخان زانی، کە ئەگەر فریا نەکەوێت کوردستان روو لە هەڵدێرە، خەڵکی ناوچەکە روو لە خراپەکاریی دەکەن و بەرەو پاشاگەردانی دەڕۆن، بۆیە هەموو وزەی خۆی خستەگەڕ بۆ کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە و

فێرکردنەوەی دینداریی و ئامادەکردنەوەیان بۆ کۆشش و جیهاد، تا ناوچەکە لەو خەڵکە گەندەڵ و خراپەکارانە پاک بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ دینداری لە دڵ و دەروونی خەڵکی دا چەکەرە بکات و بگەڕێنەوە لای خوای خۆیان، تا دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە دابمەزرێنێت. توانی کۆشش و جیهادێکی زۆر بکات، تا ئەو جێگەیانە بخاتەوە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی. هەرچەندە وا پێی دەکەن، کە شۆڕشی بەدرخان شۆڕشێکی نەتەوەیی بووە، بەڵام لە ڕاستیی دا وا نەبووە، ئەوەی کە ئەم وتەی وتوە یەکێک لە کورەزاکانی خۆی، کە ناوی جەلادەتی بەدرخانە، لەو سەردەمەدا ئەژیاوە، خۆی لەسەردەمی ناسیۆنالیزمیدا لەدایکبووە بۆیە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارە نەتەوایەتییە.

برونس دەڵێت: بزوتنەوەی بەدرخان بە هیچ شێوەیەک ناسۆنالیستی نەبووە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی چاکسازیخواز بووە لە ناوچەکەدا، کە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانلی چاکسازی ئەنجامی داوە.

ئەوەمان لە بیر نەچێت بەدرخان وەک محمد علی پاشای میسر و داود پاشای مەملوکی حاکمی عێراق، دەیویست دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام نەک لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی، بەڵکو لەسەر بنەمای دادی ئیسلام، خۆ داود پاشا مەملوکی خۆی تورک بوو، بەڵام حاکمی ئیداری عێراق بوو! ناکرێت بڵێین عێراق لەسەر بنەمای عەرەبچێتی جودا بووەوە! ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی، کە ڕۆژ بەڕۆژ بەدرخان ئەستێرەی لە ئاسماندا بەرز بێتەوە و هەموو هۆکارێکی ماددی و ئیمانی گرتبووەبەر بۆ سەرکەوتن، نەک بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بهێڵێتەوە، بەڵکو چەک و جبەخانەی باشی دروستکرد، سوپای بەهێزی پێکهێنا و برەوی بە زانستدا و دینداری لە ناو خەڵکی دا بڵاوکردوە. -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-.

## جەنگی نێوان ئاشورییەکان و ئیمارەتی بۆتان

ئاشورییەکان لە ناوچەی هەکاری لەگەڵ نەستورییەکان و کلدانییەکان و یەزیدییەکان نیشتەجێبوون، بەدرێژایی مێژوو، ئەم میللەتانە لەگەڵ کورد پەیوەندی باشیان هەبووە، ئەمانیش لە ناوچەکەدا نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو، خۆیان دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبرد، کە دەسەڵاتی عوسمانلی پێی دابوون، دەسەڵاتێکی ئێۆکراسیان هەبوو، واتا پیاوە ئاینییەکانیان فەرمانڕەوایان لەسەرووی ئەوانە، کە فەرمانڕەوایی دەکران، کەسێک بوو بە ناوی مارشەمعون، بە مەلیک ناسراو بوو.

لەسەرەتایی سەدەی نۆزدەدا ململانێی نێوان روسیا و بەریتانیا لە ناوچەکەدا گەیشتبووە رادەیەک، هەردوولا بە تەواوەتی لە دەوڵەتی عوسمانللی دا، کایەی خۆیان دەکرد، رووسەکان لە رێگەی ئەرمەنییەکانەوە و بەریتانییەکانیش لە رێگەی ئاشوریی و یەزیدییەکانەوە، روسیا توانی چەند جێگەیەک لە دەوڵەتی عوسمانلی لە ناوچەکانی ئازەربایجان و ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بخاتە ژێر رکێفیی خۆیەوە، بەمە ترس لە بەریتانیا نیشت، کە هیندستانی داگیر کردبوو بۆ ئەوەی نفوزی خۆی لەوێ لەدەست نەدات، دەوڵەتی عوسمانلی هان ئەدا، کە یەکێتی خاکی خۆی بپارێزێت، کە روسیا ویستی بێتە ناوچەکانی هەکاری دەسەڵاتی عوسمانلی بە هەڵیزانی بەناوی پاراستنی خاکی خۆی، هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی هەکاریی و ئامێدی و ناوچەکانی دەوروبەری، کە بە ئیمارەتی بادینان ناسرابوو.

سوپای عوسمانلی بە سەرۆکایەتیی محمد پاشا بیرقدار کەوتە رێ تا ناوچەی بادینان بگرێت، کە ئاترا سوپای عوسمانلی بەرەو ئامێدی کەوتۆتە رێ، ئەمیر ئیسماعیل، کە میری ئامێدی بوو، لە عەشایەرەکانی ئەو ناوچەیەی دوا کرد، سوپایەکی بۆ ئامادە بکەن، هەروەها میر بەدرخان و میر نورەڵا بەگی هەکاری دوایان کرد لە مارشەمعون کە سەر بە ئیمارەتی میرانی هەکاری بوو یارمەتی میر ئیسماعیل بدات، چونکە مار شەمعون لە ژێر دەسەڵاتی قەڵەم رەوی میری هەکاریدا بوو کە دەبێت سوپای ئاشوری دژی عوسمانلییەکان ئامادە بکات، بەڵام مارشەمعون کە کاریگەری کونسوڵی بەریتانیای لەسەر بوو، خوشی کەسێکی ئاینی نەسرانی بوو، ئەمەریکاش چەند قوتابخانەیەکی ئۆرتۆدکسی کردبووە هاوکاری تەواوی لە رۆژئاوا وەردەگرت پەیوەندی بە بەریتانیاوە بوو، داواکەی میر بەدرخان و میر نورەڵا ی رەتکردەوە و بەدەمیانەوە نەچوو، لەساڵی ١٨٤١ زاینی بە ئاشکرا داوای لە حوکمەتی بەریتانیا کرد، کە پشتگیری بکات و یارمەتی بدات، بۆ ماوەیەک روسیا لەو ناوچانەدا دوورکەوتەوە هێمنییەک لەو لایەنەوە هەبوو، لەبەر ئەوەی روسیا زیاتر دەیویست لە هیندستانەوە نفوزی بەریتانیا لاواز بکات.

مارشەمعون-ی نەسرانی لە ولایەتی مووسڵەوە پشتگیری دەکرا لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە بۆ جەنگ دژی کوردەکان، ئامادە دەکرا، ئیمارەتی هەکاری ویستیان چەند جارێک پەیوەندی نێوان مارشەمعون لەگەڵ خۆیان دا ئاسایی بکەنەوە، بەڵام مارشەمعون نەک رازی نەبوو، بەڵکو هێرشی کردە سەر کورد، لە ساڵی ١٨٤١-١٨٤٣زاینی، چەندجار هێرشی کردە سەر ناوچەکانی هەکاری و چەندەها خەڵکی لە ناوچەیە کوشت و هەزارانی دەربەدەر کرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٣زاینی، ئەمیری هەكاری داوای دانیشتنی لەگەڵ مارشەمعون كرد لەسەر ئەوەی كێشەكانیان بە گفتوگۆ چارەسەر بكەن و واز لە دژایەتیی یەكتری بهێنن. بادجر پاریدەدەری كونسوڵی بەریتانیا ئامادە بوو، لە كاتی هاتنی نوێنەری میری هەكاری و برازایەكی مارشەمعون، وتی: خاوەنی خۆمان و وڵاتمان ئەم پیاوەیە، ئاماژە بۆ بادجر دەكات، كە پاریدەدەری كونسوڵی بەریتانیایە.كە میری هەكاری لەوە نائومێد دەبێت، مارشەمعون مل بۆ ئاشتیی نادات، داوا لە میر بەدرخان دەكات بۆ ئەوەی پارمەتی بدات بۆ یەكلاكردنەوەی ئەو كێشەیە، بەڵام پێشوەخت مارشەمعون پەلاماری قەڵایەكی كوردەكانی دابوو، كە بۆ ماوەی چەند مانگێك بوو گەمارۆی دابوون و خەریكبوو لەبرساندا دەمردن.

مێژوونووسان دەڵێن ناردنی نێردراوی میری هەكاری بۆ لای مار شەمعون لەبەر ئەو كێشەیە بوو، كە واز لەو خەڵكانە بهێنێت، كە لەو قەڵایەدا گەمارۆی داون، بەڵام دیار بوو هەوڵەكە بێ سوود بوو، ناچار میر بەدرخان كەسێكی لە پیاوانی خۆی نارد، كە سوپاسالاری بەدرخان بوو، كەسێكی جوامێر و ئازا و چاونەترس بوو، ناوی زینەڵ بەگ بوو، بەدرخان سوپایەكی بۆ ئامادەكرد، كە ٣٦٠٠٠كەس بوون، ناردنی بۆ ئاڵقكردنی مار شەمعون! مێژوونووسان دەڵێن سوپایەكی ئازا و دلێر و چاونەترس بوون، كە كەوتنە رێ بەریتانیا دوای لە والی مووسڵ كرد، كە ناوی محمەد پاشای كریتلی بوو پارمەتی مار شەمعون بدات، والی زانی كە پارمەتیدانی مار شەمعون دەسەڵاتی ئەمیش لاواز دەكات، بۆیە بە گوێی كونسوڵی نەكرد، پاشان داوایان لە ئەفسەرێكی سیخوڕی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كرد، كە ناوی شیل بوو تا داوا لە ئێران بكات، كە داوا لە میر بەدرخان بكات مار شەمعون لە ناو نەبات. سوپای میر بەدرخان -رەحمەتی خوای لێ بێت- توانی سوپای مار شەمعون تێكوپێك بشكێنێت.

مار شەمعون رایكرد بۆ مووسڵ، بۆ لای كونسوڵی بەریتانیا، لە مووسڵ خۆی حەشاردا.

## ڕووداوەكانی دوای جەنگ

جەنگ کۆتایی هات، بەڵام بووە هۆکاری ئەوەی، بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەمەریکا بکەونە پیلان گێڕان لە دژی ئیمارەتی بەدرخان، وایان بڵاوکردەوە، گوایە شەست هەزار کەسی ئاشوری، لەو جەنگەدا بەدەستی موسوڵمانانی کورد کوژراون! ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەوەی لە شەڕەکەدا کوژرا و بریندار بوو، بە موسوڵمان و ئاشورییەوە نەدەگەیشتە هەزار کەس، بەڵام بۆ جوڵاندنی هەست و سۆزی خەڵکی، وا بڵاو کرایەوە کە کوشتارێکی زۆر لە ئاشورییەکان کراوە، تا هەموو شەقامی ئەوروپایان جوڵاند و تین و قورسایان خستە سەر دەسەڵاتی عوسمانلی بۆ ئەوەی جەنگەکە رابگرێت و هێرش بکاتە سەر ئیمارەتی بۆتانی میر بەدرخان.

لەهەمان کاتدا عوسمانلییەکان زۆریان پێ خۆشبوو، کە شەڕ لە نێوانی ئاشورییەکان و کوردەکان بەردەوام بێت، تا هەردوولایان لاواز بن و گۆڕەپانەکە بۆ خۆیان بمێنێتەوە. بەریتانیاش حەزی بەو سەربەخۆییەی میر بەدرخان نەدەکرد، چونکە ڕایگەیاندبوو ئیمارەتی بۆتان ئیمارەتێکی سەربەخۆیە و تەنانەت پارەی تایبەت بە دەوڵەتی خۆی دروست کردبوو، ئابوورییەکی زۆر باشیشی هەبوو.

دەوڵەتی بەریتانیا نەیدەویست ئەزموونی محمد علی پاشا لە ناوچەکەدا دوبارە بێتەوە، بەڵکو دەیویست دەسەڵاتی عوسمانلی لە بەرانبەر ڕووسیادا زیاتر بکات، بۆیە زۆر قورسایی خستەسەر عوسمانلییەکان، کە پەلاماری میر بەدرخان بدەن. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، کە میر بەدرخان -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- خەڵکی وڵاتەکەی زۆر لەسەر جیهاد پەروەردە کردبوو، بۆیە ئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کردبوون، کە سەر لەنوێ مار شەمعونیان هاندایەوە بۆ ئەوەی جەنگ دژی بەدرخان بکات، چەند جارێک خۆی کۆکردەوە، بەڵام بێ سوود بوو، سوپاکەی میر بەدرخان سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتنیان بەدەستدێنا و زانایانی ئیسلام، خەڵکیان بۆ جیهاد هان ئەدا.

ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپا بەردوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، سومعەی کورد بشێوێنن بەتایبەتی کەسایەتیی میر بەدرخان، دەیانوت میر بەدرخان قەسابخانەی بۆ ئاشورییەکان داناوە و ڕۆژانە بە هەزاران کەس لە ئاشورییەکان قاتوقڕ دەکات. هۆکارێکی تر کە بۆ ئیمارەتی بەدرخان کوشندە بوو ئەوە بوو، میر بەدرخان شارەزایی لە سیاسەتی دەرەوە و وڵاتانی ئەوروپا نەبوو، بۆیە جارێک لە یەکێک لە پیاوانی خۆی پرسی، کە ئایا فەڕەنسا بەهێزترە یان بەریتانیا؟

لەڕووی هەواڵگرییەوە، دەزگەکانی زۆر لاواز بوو. لە ناکاوێکدا نەخۆشی ڕوویکردە سوپای بەدرخان و زۆربەی سوپاکەی بە نەخۆشی لەناوچوون!

## هێرشی عوسمانلی بۆ سەر ئیمارەتی بۆتان

هەروەک ئاماژەمان پێ دا، هەموو ئەوروپا چاویان لەسەر ئیمارەتی بەدرخان بوو، پڕوپاگەندەیان بڵاوکردەوە: کوشتارێکی زۆر لە ئاشورییەکان کراوە، نوێنەرانی ئەوروپا داوایان لە سوڵتانی عوسمانلی کرد، کە ئەو کارانەی میر بەدرخان رابگرێت و هانیاندان، کە بچنە ناو ئیمارەتی بۆتان، عوسمانلییەکانیش ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ لێدانی میر بەدرخان، بۆ ئەم مەبەستەش داوای چەک و هێزیان لە ئەوروپا کرد، ئەوروپا هەموو ئوسطولە گەورەکانی خۆیان بۆ دەریاکانی عوسمانلی نارد بۆ یارمەتیدانی ئەوان و لە ناوبردنی میر بەدرخان.

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەدرخان

بە فەرمی لە ١٨٤٦/١٠/٢٧ زاینییدا، داوا لە سوڵتانی عوسمانلی کرا ، هێرش بکاتە سەر میر بەدرخان، میریش توانی شەست هەزار سەرباز بەسەرکردایەتیی خۆی بۆ ئەو جەنگە ئامادە بکات، بەڵام کە عوسمانلییەکان زانیان لە توانایان دا نییە بەرانبەر سوپای بەدرخان رابوەستن، جەنگەکەیان بۆ ساڵی دواتر دواخست.

هەرچەندە مێژوونووسان دەڵێن ئەمە تاکتیکی نێوان بەدرخان و سوڵتانی عوسمانلی بوو، تا جەنگ لەگەڵ یەکتری نەکەن، بۆیە جەنگەکە لە رێگەی ناژم ئەفەندییەوە دواخرا، کە یەکێک بوو لە گەورە پیاوانی عوسمانلیی و عوسمانلییەکانیش میر بەدرخانیان زۆر خۆش دەویست.

ئەوروپا بە گشتی زۆر تین و فورسایی خستبووە سەر دەوڵەتی عوسمانلی، بۆیە لە بەهاری ١٨٤٧زاینی سوڵتانی عوسمانلی داوای لە بەدرخان کرد بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان بچێت بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام میر بەدرخان رازی نەبوو، ئەمەش بووە سەرەتای جەنگێکی کاریگەر لە نێوان ئیمارەتی بۆتان و سوڵتانی عوسمانلی. سوڵتان لەشکرێکی زۆری بە فەرماندەیی عوسمان پاشا بۆ سەر ئیمارەتی بۆتان بەڕێکرد.

عوسمان پاشا فەرماندەیەکی بەتوانای ئەنادۆڵی بوو، سەرکردایەتیی سوپاکەی دەکرد بە چاودێری کونسوڵەکانی ئەوروپا دژی میر بەدرخان. لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بردە سەر کوردستان. لە باکوور و باشوور لە رێگەی ئاشورییەکان، هەروەها لە رۆژهەڵاتیشەوە، سوپاکەی میر بەدرخان بە سەرکردایەتیی برازایەکی خۆی، کە ناوی ئەمیر یەزدان شێر بوو، توانی زیانێکی زۆر لە سوپای عوسمانلیی بدات لە ئەرزڕۆم، پاشان خۆی لە نزیک جەزیرەی ئیبنو عومەر بۆ پاراستنی کوردستان سەرکردایەتیی سوپایەکی دەکرد، بۆ ماوەی چەند مانگێک شەڕ درێژەی کێشا، عوسمانلییەکان بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی هیچ پێشڕەویەک بکەن. بەداخەوە لەو ماوەیەدا نەخۆشی سیل و کۆلێرا بە ناو سوپای میر بەدرخاندا بڵاوبووەوە، کە بە هەزاران کەس لە سوپاکەی مردن، دوای لەدەستدانی ئەو رێژە زۆرە لە سەربازەکانی داوایان لێ کرد کە خۆی بدات بەدەستەوە و بێ خەم بێت لەوەی بێ رێزی بەرانبەر ناکرێت، میر بەردخان خۆی دا بە دەستەوە، هەروەک وەک مێژوونوسی تورکی لوطفی ئەفەندی دەڵێت: کە بەدرخان خۆی بە دەستەوەدا، عوسمان پاشا

پەیمانەکەی خۆی بردەسەر و زۆر ڕێزی لێگرت و خۆی و خێزانەکانی و ٢٠٠ پیاوی نێردران بۆ لای سوڵتان، سوڵتانیش زۆر ڕێزی لێگرتن و دوایی ناردنی بۆ دوورگەی قوبرص.

لە ساڵی ١٨٥٦زاینی لە دوورگەی قوبرص، ئینگلیز و یۆنانییەکان بە ئەمری کڵێسا بڕیاریاندا، میر بەدرخان بکوژن، بەڵام ئەم توانی بەسەریان دا سەربکەوێت بەوەی، کە دەست بەسەر یاخیبووەکاندا بگرێ و بۆ دەسەڵاتی عوسمانلیان بگەڕێنێتەوە و خۆی فەرمانڕەوای قوبرص بکات، کە ئەم هەواڵە چووە وڵاتی عوسمانلییەکان، سوڵتان خەلافەت ناوی میری میرانی لە بەدرخان نا!

ساڵی ١٨٦٦زاینی ڕێگە بە بەدرخان درا، کە بە ئازادی تەواو هاتوچۆ بکات، بۆیە گەڕایەوە بۆ دیمەشق، لەوێ سەرلەنوێ خەڵکی فێری دینداری و جیهاد کردەوە تا ساڵی ١٨٧٠زاینی لە دیمەشق وەفاتی کرد -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە تەنیشت باوکە گەورەمان صەلاحەدینی ئەیوبی لە مەرقەدەکەی ئەودا نێژرا.

ئەم کەڵە پیاوە حەقە ناوی بە ئاوی ئاڵتون بنووسرێتەوە، بەڵام وەک عەلمانیانی کورد ناوێرن ڕاستییەکانی وەک خۆی بڵێن، ئیسلامیەکانیش نازانن کە بەدرخان و دەسەڵاتی بۆتان سەرنجڕاکێشن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر مێژووی ئاڵبانێکی دوور، ئیمارەتێکی ئاڵبانی ئەفغانستان دەکەنە نمونە و پێشەنگ، تا لاسایی بکەنەوە، لە کاتێکدا ئیمارەتی بۆتان بە دەوڵەتی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە دەژمێردرێت، چونکە ئەوەندە کاریگەری بەدرخانیان لەسەر نییە!

بەدوای ئەمانەدا دەرکەوتنی شێخەکان دێت، واتە تەریقەتەکان کە گۆڕانکاریان کردووە، ئەوانیش جێدەستیان دیارە لە جیهانی ئیسلامی وەک بزوتنەوەی سەنوسی و سۆفیەکانی جەزائیر، بەتایبەت لە کوردستاندا.

لە سەرەوە بە تەواوی و بە ڕوونی باسمان لە ئیمارەتی بەدرخان کرد -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ، لەدوای لە ناوچوونی ئیمارەتەکەی و ناردنی بۆ قوبرس لەو نێوەندەدا چەند پێکدادانێک لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانلیی دا دروست بوو لە سەر دەستی چەند میرێک، بەناوبانگترینیان میر یەزدان شێر بوو، بەڵام ئەویش شۆڕشەکەی زوو دامرکایەوە. ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی، پاشەگەردانییەک لە ناوچەکاندا دروست ببێت، چونکە عوسمانلییەکان توانای حوکمڕانی ناوچەکانیان نەبوو، بۆیە دایانەدەست میرە بچووکەکان، تاکو ئەوان قەڵەمڕەویان بن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، باج و سەرانەیەکی زۆر لە جوتیاران وەربگرن، ناچار زۆری جوتیاران وازیان لە زەوی و زاری خۆیان هێنا و چوون جێگەی تریان ئاوەدان کردەوە، تا بە ئاسوودەی بۆ خۆیان بژین، ئەو هۆکارە وای کرد، خەڵکی پشت لە میرەکان بکەن و سەردەمی میرایەتی ڕووە و ئاوابوون بوو، هۆکارێکی تر، کە میرەکانی ئەو ناوچەیەی زیاتر ناشیرین کرد ئەوە بوو؛ پەلاماری گوندە ئەرمەنییەکانیان دا و زۆربەی جێگەکانیان تاڵان کرد، ئافرەتاکانیان وەک نۆکەر، یاخود بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی، خەڵکەکە زیاتر ڕوو لە شێخەکان بکەن و خۆیان لە سایەی دادپەروەری دینداریدا بحەسێننەوە

ئەگەر سەرنج بدەین و بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە مێژوویە دروستەکان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەرکات میرێک زیاتر ڕوو لە خوا و دیندار بووایە، ئەوا خەڵکی زوو ڕوویان تێ دەکرد و پێگە و نفوزی بەهێز دەبوو، لەدوای ئەوەی، کە میرەکان پیاوانی دیندار و جوامێریان تێدا نەما،

ئەرمونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان، کە ئەو سەردەمە خەڵکە دیندارەکە، کە ئەو سەردەمە ئەوانیش خەڵکی رووی لێ وەرگێران و روویان کردە خەڵکە دینداره‌که‌، که‌ ئه‌و سه‌رده‌مه‌ ئەوانیش خەڵکی رووی لێ وەرگێران و دادپەروەری لای ئەوان دەست دەکەوت، چونکە پابەندبوون بە بەشێخانی تەریقەت ناسرابوون و دادپەروەری لای ئەوان دەست دەکەوت، چونکە پابەندبوون بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

## سەرچاوەی دروستبوونی شێخایەتی

لە سەردەمی غورییەکان لە هیندستان لەنزیکی ساڵەکانی ٥٢٠ کۆچی، لەو سەردەمەوە ئەم تریقەتانە دامەزرا، کە موریدان و خەڵکیان لە خانەقاکاندا بۆ کۆدەکردەوە، هاوشێوەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی بوزییەکان و سیخەکان لە هیندستان، بەڵام لەشێوەی سۆفیگەری ئیسلامیدا لەسەر چەند بیروباوەڕێکی شێوێندراو، وە چەندەها جار پیاوانی بەناوبانگی سۆفی، کە ویستویانە چاکسازی تێدا بکەن، ئەگەر کردبێتیان، بەڵام خەڵکی هەر پەنای بردۆتەوە بۆ خورافات وەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەم تەریقەتانە لە هیندستانەوە سەرچاوەیان گرتووە لە سەردەمی پاشای ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە، کە هاشم فەرمانڕەوای بوو، بەهۆکاری ئەوەی زۆرێک لە ئاین و فەلسەفە و سیحر لەو ناوچەنەدا باو بوو، بۆیە ئەمە بووبووە هۆکاری ئەوەی، کە زۆرجار بۆ بەدەستهێنانی پارە و سەروەت و سامان ئەم کارانە دەکران بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە، یان بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی و کۆکردنەوەی موریدان دەیانوت گوایە، ئەم کارانە کەراماتە!

لەپاش هاتنی سوپای خوێنڕێژی تەتار و مەغول بۆ دەوڵەتی خەواریزمیی و دەوڵەتی غەزنەوی، پاشان ئیسماعیلی و ئەیوبییەکان و عەباسییەکان، کە لەم ناوچەنەدا بڵاوبوونەوە لەدوای تێکشکانیان لە ناوچەی عین جالوتدا، بە تەواوەتی لەوێدا تێکشکان و گەڕانەوە دواوە، چەند هێزێکی غورییەکان بۆ یارمەتی موسوڵمانان، کە پەڕینەوە بۆ وڵاتی کرمان، هەندێک لە بوزی و هیندۆسەکانیان لەگەڵدا بوو، کە شمشێریان بەکار هێنابوو لە جەستەی خۆیان دابوو، سیخ و شیش و ئەو جۆرە شتانەیان بەکارهێنابوو، کە بڵاوبوونەوە بەناو خاکی موسوڵمانانندا وایانزانی ئەمە کەراماتی شێخەکانیانەوە، بەناوی تەریقەتی قادرییەوە ئەمە بڵاو بوویەوە، کە گوایە سەر بە شێخ عبدولقادری گەیلانییە و ئەمە ڕێگە و شوێنی ئەوە، بۆمان ماوەتەوە. لای هەمووان ئاشکرایە، شێخ عەبدولقادری گەیلانی خەڵکی سریلانکای ئێستەیە، کە ئەو دەمە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی غورییەکاندا بووە.

ئەمە سەرچاوی تەریقەتی قادرییە کە بەو ناوە بڵاوکراوەتەوە و هەموو تەریقەتەکانی تر لەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە دواتر باسیان دەکەین و هەر بۆ زانیاری زیاتر چەند تەریقەتێکی هاوشێوەی تەریقەتی قادری لە دەوڵەتی شیعەکاندا هەبوو وەک تەریقەتی سەیفەدینی ئەردەبیلی، کە خۆی بە ڕەچەڵەک کورد بوو ئەم تەریقەتەی ناساند بە دەوڵەتی سەفەوی، کە بەتەریقەتی ئەو دەوڵەتە بناسرێت لە سەدەی دوازدە و سیازدەدا، کە قزڵباشەکان کردیانە تەریقەتی خۆیان پاشان لە دیاربەکر لە سەدەی حەڤدەدا وردە وردە تەریقەتی نەقشبەندی ئەوسی زیاد کرد.

هیچ دەوڵەتێک خۆشیان لەم تەریقەتانە نەدەهات، چونکە سەر بە دامەزراوەکانی دەوڵەت نەبوون، هەندێک بیروباوەڕی سەیرو سەمەرەیان هەبوو، هەندێک لە قزڵباشییەکان بروایان بە

تەریقەتی بەكتاشیە، كە تەریقەتێكی زۆر توندڕەوی سۆفی گەرانەبوو، پەیوەندیان بە نەقشبەندییەكانەوە هەبوو، وە ئەم تەریقەتە لە سەر سنورەكانی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانلی بڵاوبووەوە، ئەم تەریقەتە لە حاجی بەكتاشیەوە هاتووە، كە ناوی خۆی خستۆتە ناو تەریقەتەكە، حاجی بەكتاشی خۆی سەر بە نەقشیەكان بوو، بەڵام دوایی بوو بە شیعە و قزڵباشییەكان زۆر خۆشیان دەویست، پاشان لە ناوچەی كوردەكان تەریقەتێكی تر بڵاوبووەوە، كە ناوی خەڵوەتەیە، ئەم تەریقەتە تەنانەت لە ماڵی میرە كوردەكانیشدا زۆر دەستڕۆیشتوو بوو، تەنانەت لە باڵەخانەی سوڵتانەكانیشدا كاری پێ دەكرا، بەهەمان شێوە لە دەوڵەتی عوسمانلیی دا تەریقەتی نەقشبەندی رۆڵێكی زۆر گەورەی هەبوو، كە لەسەدەی پازدەهەمدا سەرچاوەی گرتووە و تا ئێستەش هەر رۆڵی خۆی دەبینێت . لە توركیادا.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە كوردستاندا تەنها یەك تەریقەت زاڵبوو بەسەر خەڵكی ناوچەكەدا ئەویش تەریقەتی قادری بوو وەك پێشتر ئاماژەم بۆ كرد، دەگەڕێتەوە بۆ بنیاتەرەكەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی عارفی، كە ٤٧٠ی كۆچی لەدایكبووە.

تا ساڵی ١٨٠٠ زاینی تەنها دوو بنەماڵەی شێخی قادری هەبوون لە كوردستاندا، یەكەمیان شێخانی بەرزنجە لە سلێمانیی و شێخان و ساداتی نەهری لە ناوچەكانی هەكاری، كە خۆیان بە نەوەی شێخ عەبدولقادر دەزانن، وە تەنها بنەماڵەكانی ئەمان دەیانتوانی شێخایەتی بۆ خۆیان قۆرخ بكەن، وەك ئامرازێكی دەسەڵات ئەو تەریقەتەیان بۆ خۆیان بەكاردەهێنا و بە ئارەزوو ویستی خۆیان بیروباوەری ئیسلامیان بڵاودەكردەوە.

لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا ئەم تەریقەتە بەرەو ئاوابوون رۆیی بە سەرهەڵدانی تەریقەتێكی نوێ لە ناوچەكەدا، لەسەر دەستی شێخی بەناوبانگ شێخ خالید، كە ناسرابوو بە مەولانا یان بە مەولانا خالید نەقشبەندی، كە هەڵسوڕێنەری ئەم بزوتنەوە نوێیە بوو، شێخ خالید خۆی لە هۆزی جاف بوو لە ساڵی ١٧٧٠ زاینی، لە شارەزوور لەدایكبووە و لە پێش چوونی بۆ شام چووەتە ماڵی خوا و لە ساڵی ١٨٠٥ زاینی لەخزمەتی هەردوو ماڵی شێخانی نەقشی و قادرییدا دەرسی خوێندووە.

لەساڵی ١٨١٠ زاینی چووەتە هیندستان بە خزمەتی شێخی نەقشی گەیشتووە و زیارەتی كردووە وئەزموێنێكی نوێ و مەنهەجی سیاسی لەسەر دەستی شێخی نەقشبەندی لە هیندستان وەرگرتوە، كە گەڕایەوە بۆ كوردستان بە بانگەوازەكەی هەموو شێخانی قادری سەرسام كرد و هەموویاتی وروژاند لە سەرەتاوە زۆر دژایەتیان كرد و بانگەوازەكەی ئەم بۆ ئەو سەردەمە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، هەندێك كاری كرد، كە بریتیی بوو لەوەی قسەكردن لەگەڵ مردووواندا رابطی دڵ و هەندێك كاری تر، كە جێگەی باسی ئێمە نییە ئێستە، وە بەهۆی ئەم نیدیعایەتەوە توانی زاڵ بێت بەسەر شێخانی قادری بەرزنجەدا، بەڵام پێشتر لە رێگەی بابانییەكانەوە هەڕەشەی لێ كرا، مەولانا خالید ناچار بەرەو بەغدا كەوتە رێ، بەڵام ئەوەندە خەڵكی خۆشی دەویست، كەسێكی زۆر قسەخۆش و زانابوو لە زانستەكانی ئیسلامدا، ناچار مەحموود پاشای بابان بانگی كردووە، دوای لێ كرد بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، چونكە ئەم تەریقەتە زۆر پشتگیری ئەهلی سونە بوو لە ناوچەكەدا، بە تەواوەتی خۆی لە شیعە جودا دەكردەوە، بۆیە دوور نییە كە دەوڵەتی عوسمانلی

هەستاییت بەم کارە و مەحموود پاشای بابانی هان دابێت، لەبەر ئەوەی ناوچەکانی سلێمانی بەرەو شیعەگەرای دەچوون و عوسمانلییەکان دەیان ویست بابانییەکان لەو کارانە دووربخەنەوە، شێخ مەولانا خالید لە سلێمانی جێگیر بوو، هەموو ئیمکانییەتێکی کەوتەبەردەست، تواتی لەو ماوەدا هەندێک مورید و شێخ لەوناوچانە دروست بکات، لە کۆچێکی کتوپڕدا، کە هۆکاری نەزانراوە سلێمانی بەجێهێشت و ئیتر نەگەڕایەوە ئەم شارە، تاکو مرد هەر لە دیمەشق بوو.

دەسەڵاتی شێخی مەولانا لە سووریادا بەربڵاو بوو تواتی هەموو سووریا بخاتە ژێر رکێفی خۆی زۆرێک لە ناوچەکانی تری، وەک ئوردن و لوبنانیش هەر لەدەستی ئەم دا بوون، تا ساڵی ١٨٢٧ زاینی هەر لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

تەریقەتی نەقشبەندی، کە لەسەر دەستی مەولانا بڵاوبووەوە، وەک ئاگرێک کە پوش بسوتێنێت ئەوەندە بە خێرای بڵاوبووەوە، بە هۆکاری ئەوەی هەموو کەس دەیتوانی ببێتە شێخ و ئەم خەلیفەکانی خۆی دەگەیاندە پلەی شێخایەتی، خودی مامۆستاکەی کە شێخ عوبێدوڵای نەهری بوو هاتە سەر تەریقەتەکەی و وازی لە تەریقەتی قادری هێنا و تەریقەتی نەقشی کرایە تەریقەتی شێخانی هەکاری.

لەدوای ئەوەی کە عوسمانلییەکان زۆر گرنگیان دا بە مەولانا خالید، تواتی سێ کوچکەی دەسەڵاتی سیاسی دروست بکات لە ناوچەکدا دژی ئێرانی شیعەی ئەو سەردەمە، کە دەسەڵاتی سیاسیان بکەوێتە دەست، کە ئەو گەشتەی شێخ لەساڵی ١٨٢٠زاینی وەک مورشیدێک لەلایەن عوسمانلییەکانەوە ناسرا و بابانییەکان پشتگیریان کرد، سێ دەسەڵاتەکەی دایمەزراند؛ یەکەم: لە ناوچەی هەورامان بنەماڵەی سەراجەدین بوو، پاشان بنەماڵەی شێخ عەبدوسەلامی بارزانی لە بارزان و لە هەکاری بنەماڵەی شێخ عوبێدوڵای نەهری، لەدوای کۆچی خۆی، ئەمانە دەسەڵاتی کورد و میرنشینەکان دەگرن بەدەستەوە، ئەمە هۆکارێک بوو بۆ لە ناوچوونی سەردەمی ئەمیرایەتی یاخود میرەکانی کورد سەردەمی شێخەکان دەست پێ دەکات کە دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێتە دەستیان.

## شۆڕشەكەی شێخ عوبێدوڵای نەهری

جۆش و خرۆشی ئاینی رۆژ بەڕۆژ لەبرەودا بوو بەهۆكاری ئەو تەریقەتانەی، كە رووی كردبووە ناوچەكە، هەروەها شەڕی روسیا بەرانبەر بەعوسمانلیی و شەڕی هۆزەكانی نەستورییەكان و ئەرمەنییەكان و شیعەكان، بەگشتی وای كرد كە پلەوپایەی شێخەكان رۆژ بەڕۆژ بەرەو بەرزی بروات و متمانە بۆ خۆیان پەیدا بكەن، شێخ تەهای باوكی شێخ عوبێدوڵای نەهری ترسی ئەوەی تێشاندا لەساڵی ١٨٤٣ زاینی، كە هەڕەشەی مەسیحی ئەرمەنییەكان و نەستورییەكان لە ئارادایە و پاشان لە ساڵی ١٨٤٨ زاینی دا نەستورییەكان و یەزیدەییەكان لەگەڵ ئەرمەنییەكان بوونە هاوپەیمان لەگەڵ یەكتری، بۆ لێدانی شێخەكان، شیعەكانی ئێران پشتیوانی ئەمانیان دەكرد دژی موسڵمانانی ناوچەكە، ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی كە عوسمانلییەكان شێخەكانی تەریقەت وەك دەسەڵاتێكی سیاسیی بناسێنن و بەرگری لە مەزهەبی سونی بكەن لە ناوچەكەدا.

شێخ تەهای نەهری لەناوچەكەدا ئەمەی بە هەلزانی بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بسەپێنێت بەسەر ناوچەكانی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا و سەرۆك هۆزەكانیش گوێڕایەڵی بكەن و فەرمانی دابوو، كە بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئەو هاوپەیمانییە بكەن، كە دژیان دروست كراوە، بۆیە لەسەر هەموو مینبەرێكی مزگەتەكان ئەم دوعایە دەكرا خودایە: جوو و دیان و ئاگرپەرستان و مەجوس و شیعەكانی ئێران و یەزیدییەكان لەناو ببە.

لە دوای كەوتنی ئیمارەتی بەدرخان شێخ تەهای نەهری، خۆی حەشاردا ساڵی ١٨٤٧ زاینی لەلای سەرۆك هۆزێكی سەربەخۆی كورد، كە ناوی موسای بەگی شەمزینانی بوو، كە وا دەردەكەوێت ئەم پیاوە خۆی بە موریدی شێخ تەها نەهری دەزانی، بۆیە هەر شێخ تەها فەرمانڕەوای ئەو ناوچەی دەكرد تا ساڵی ١٨٦٠ زاینی، عەبدولقادری كوڕی شێخ تەها فەرمانڕەوای ناوچەكەی گرتەدەست جێگەی باوكی گرتەوە و شێخەكانی نەهری فەرمانڕەوای ناوچەكانی شەمزینانیان دەكرد، تا دەگاتەوە بۆتان و پاشان ئەردەڵان، ئەوەندە قەڵەمرەویان فراوان بووبوو.

## شێخ عوبێدوڵای نەهری و شۆڕشەكەی لە ١٨٨٠-١٨٨٣ زاینی

شۆڕشەكەی شێخ عوبێدوڵای كوڕی شێخ تەهای نەهری نەقشبەندی، یەكێكە لە شۆڕشەكانی كوردایەتی لەسەر بنەمای ئاینی پیرۆزی ئیسلام و سۆفیگەرایی، هاوشێوەی شۆڕشەكانی میر محەمەدی سۆران و بەدرخان و یەزدان شێر بوو، شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە ئەنجامی ئەو كارە كەندەڵانەی عوسمانلیی و سەفەوییەكان بوو، كە هاتە بەرهەم، ئەنجامی كاردانەوە ئەم شۆڕشەی بەرهەم هێنا، شێخ هەستا بە كۆكردنەوەی موریدان و شێخانی تەریقەتی ناوچەكە لەدەوری خۆی، بۆ كەوتنەوە جیهاد لە دژی داگیركەرانی روسیا و بڵاوكردنەوەی بیری شیعە لە ناوچەكاندا و سۆفیەكی زۆری كوردی لەدەوری كۆبوونەوە، ئەم شۆڕشە هاوكات بوو لەگەڵ شۆڕشەكانی تری جیهانی ئیسلامی، كە ئەوروپییەكان هێرشیان كردە سەر وڵاتانی موسوڵمان، كە چەند شۆڕشێكی تر بەرپابوو لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی وەك شۆڕشی شێخ عەبدولقادری جەزائیری لە مەراكیش و شۆڕشە جیهادیەكەی ئیمام شامل لە قەفقاس و چیچان، هەروەها شۆڕشی شێخ عوسمان دانفیدۆ لە نیجیریا.

.رمونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان وەک زۆربەی شۆڕشەکانی تری سۆفیگەری
.ەرچەندە ئەم شۆڕشە سەرکەوتنی بەدەستەهێنا وەک زۆربەی شۆڕشەکانی تری سۆفیگەری
.ناوچەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر هاوپشتی ئەم جیهادە بوون، بەهۆکاری ئەوەی
.گەڵ ستراتیژی ئەوروپیەکاندا نەدەهاتەوە و بەرژەوەندییەکانی عوسمانلیی و قاجەری دەخست
.ەترسییەوە، لەپاشاندا هۆکاری ناوەکی وای کرد، کە ئەم شۆڕشە دابمرکێتەوە.

هۆکارە ناوەکییەکان ئەوەبوون: کوردستان بوو بە چەند پارچەیەک، لەوانە: بابانییەکان و
.ۆرانییەکان و بادینییەکان، لە باشووری کوردستان هەریەکەیان ئیمارەتێکیان دامەزراند، پاشان
ئیمارەتی ئەردەڵان و برادۆست لە ڕۆژهەڵات و لە وڵاتی ئێرانی ئێستە، وە هەندێک لە
ئیمارەتەکانی باکوور وەک بۆتان بەدلیس و چەند ئیمارەتێکی تری بچووک لەو ناوچانەدا، کە
تورکیای ئێستە دەکات.

پاشان دەوڵەتی عوسمانلی بە چەند شکستێکدا تێپەڕبوو لە سەدەی هەژدەهەمدا، کە دەیویست
چاکسازی بکات لەو ناوچانەدا لەسەر بنەمای ئەوروپی، وەک ئیبن خەلدون دەڵێت: هەمیشە
هێزی دۆڕاو و شکستخواردوو، چاو لە هێزی سەرکەوتوو دەکات، بۆیە عوسمانلییەکان
دەیانویست چاو لە ئەوروپا بکەن، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عوسمانلیی تورکیی نەتەوەیی
هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیمی دووەم و سوڵتان مەحموودی دووەم، کە
ئالیەنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزرێنن لە ساڵی ١٨٠٨-١٨٣٩زایینی، لەسەر
بنچینەی دەوڵەتی ڕۆژئاوایی، تا لێرەوە بۆ یەکەمجار لەو ناوچەدا بیری نەتەوەیی
عوسمانلییەکان دامەزراوە، تا بووە هۆکاری دروستبوونی ئیتیحادی تورەقی لە ساڵی ١٩٠٨-
١٩١٨زایینی، کە بە تەواوەتی خۆی داڕشتبوو بەنەتەوەی تورانییەکان.

نموونەی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەی دامەزرا، وەک ئەلبانیا و ئیمارەتەکانی ئەنادۆڵ کە
سیستەمێکی خۆیان هەبوو، هەروا لەهەمان کاتدا وەک عێراق، کە مەمالیک فەرمانڕەوایی دەکرد
و لە موسڵ کە بە ئیمارەتی جەلیلیە ناسراو بوو، هەموو سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، بە
بەهەمان شێوە لە سووریا، میسر، بۆتان و بادینان، کە هەموو ئەمانە سەر بەو بوون، وەک لە
باسی ئیمارەتی بەدرخان دا ئاماژەمان بۆ کردووە.

پاشان عوسمانلییەکان ویستیان لە ئەنجامی ئەوەی، کە میرەکان لە ناوچەکاندا لاواز بووبوون
دەیانویست ناوچەکان بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان بە سەرکردایەتیی ڕەشید پاشای شرکەسی کە
سەدری گەورەی عوسمانلیی پێشوو بوو، لەگەڵ والی کوردستان، کە بە محەمەد ئەنیجە قیدار ناسرا
بوو.

هەرچەندە میرەکان لەناو چووبوون، ناوبانگیان نەمابوو، لێرەوە شێخانی تەریقەتی قادری
نەقشبەندی دەستێکی باڵایان هەبوو لە هەموو ناوچەکاندا و هەر لەو سەردەمەدا لە شەمزینان
شۆڕشێک سەری هەڵدا لەسەر دەستی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە پارێزگایی هەکاری، دژی ئەو
نەخشە عەلمانییەی کە دەیانویست بیهێننە ناوچەکە و لە دەرچوونی عوسمانلیی و ئێران لە
نایسی پیرۆزی ئیسلام. شێخ عوبێدوڵا بە هەموو شێوەیەک بەرهەڵستی سیاسەتی ئێران و

عوسمانلییەكانی دەكرد. تا لێرەوە بە ئاشكرا رایگەیاند، كە ئەو سەربەخۆیە و مل كەچ ناكات بۆ دەسەڵاتی عوسمانلیی و ئێران.

وە ئەم شۆڕشی سۆفیانە بەردەوام بوو جیهادیان كرد، تا سەردەمی مەلا سەلیمی خیزانی لە ساڵی ١٩١٣زاینی، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ساڵی١٩١٤زاینی و شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥زاینی و شێخی مەحموودی حەفید لە كوردستانی باشوور لە ساڵی ١٩١٨-١٩٣٢زاینی.

لێرەوە بە ئاشكرا ئەوە دەردەكەوێت، كە هەموو شۆڕشەكان لە پێناوی چەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە بووە لە ناوچەكەدا، ئیسلام بكەنە مەنهەج و دەستور بۆ دەوڵەت و دەسەڵات تا مەزڵومییەت لەسەر موسوڵمانانی كورد هەڵبگیرێت.

## رووداوەكانی راپەڕین

ئەملیس كلاتین كە خۆی جێگری كونسوڵی بەریتانی بوو یەكێكە كە چاودێر بووە بەسەر شۆڕشی شێخ و دەڵێت: لەدوای گەڕانەوەی شێخ لە بەرەكانی جەنگی روسیا لەساڵی١٨٧٧-١٨٧٨زاینی، شێخ چەكێكی زۆری وەرگرتبوو لە عوسمانلییەكان بۆ شەڕی روسیا لە دوای گەڕانەوەیان شكستیان لەو جەنگە، هەموو چەكەكانی پاراست و لەلای خۆی هێشتییەوە و نەیگەڕاندەوە بۆ عوسمانلییەكان، هەروا خۆی خاوەنی ٥٠٠٠ موجاهیدی سۆفی بوو و ئەم موریدانەی خۆی بەكارهێنا بۆ ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەی عوسمانلی، تا لە كوردستان وەدەریان بنێت، شێخ بەتەواوەتی ناوچەكانی هەكاری لە دەستی عوسمانلییەكان پاككردەوە لە تەموزی ساڵی ١٨٧٩زاینی، ئەم كارەی بووە هۆكاری ئەوەی، زۆرێك لە خێزانەكانی هەركی لەو ناوچەنەدا بە دیل بگیرێن و بەوپەڕی ناشیرینیی و وەحشیگەریانە مامەڵەیان لەگەڵ بكەن. ئەمە یەكێك بوو لە هۆكارەكانی راپەڕین لە ناوچەكانی ژێر دەستی عوسمانلیی دا. بۆیە شێخ ناردی بەشوێن هەندێك لە هۆزەكانی ناوچەكە، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بكاتەوە، كە عوسمانلی توانای بەڕێوەبردنی ناوچەكانیان نەماوە، مەبەستی شێخ ئەوە بوو خۆی ئیدارەی ناوچەكان بەڕێوە بەرێت، بۆیە سوپایەكی ئامادەكرد و ناردنی بۆ ناوچەكانی ئامێدیی و پارێزگای دهۆك بۆ ئەوەی كوردستانی باشوور رزگار بكات، بەڵام عەبدوڵڵای بریفكانی هەواڵی نارد بۆ عوسمانلییەكان بۆ موسڵ، كە یارمەتی بدەن و بڕۆن تاكو هێزەكەی شێخ عوبێدڵای نەهری ناوچەی ئامێدی نەگرن، شێخ سەركردایەتیی سوپاكەی دابووە دەست كوڕەكەی، كە ناوی شێخ عەبدولقادر بوو، ٩٠٠ كەسی لەگەڵدا بوو، بەڵام نەیتوانی ئامانجەكانی بپێكێت، بۆیە هێزەكەی كشاندەوە دواوە، لەو دەمەدا موتەصریفی باشقەڵا هێرشی كردە سەر ناوچە سنورییەكان بۆ كۆكردنەوەی باج و سەرانە، شێخ ئەمری كرد، كە بیگرن و دوایی دیل بە دیلی پێ بكەن لەگەڵ گیراوە هەركییەكان دا.

عوسمانلییەكان لەهەمان كاتدا نەیاندەویست شێخ لاواز بكەن بەهێزی خۆیان، بۆیە سیاسەتێكی كلاسیكیان گرتەبەر و دایان بەشەڕ لەگەڵ هێزەكانی كوردی رۆژئاوای كوردستان، وەك حیدەرانلو و جیهان گیر پاشا و هەندێك لە هۆزەكانی تری ئەو ناوچەیە، كە كەوتنە شەڕ لەگەڵ هێزەكانی شێخ عوبێدوڵای نەهری، شەڕ و پێكدادان روویدا لەو ناوچەنەدا و تا رادەیەكی باش شێخ توانی سەركەوتن بەدەست بهێنێت. ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی عوسمانلییەكان دانووستان لەگەڵ شێخ

هێشتا هێزیان هەیە، بۆیە لەساڵی ١٨٨٠زایینی،
بكەن و شێخیش دەیزانی عوسمانلییەكان هێشتا هێزیان هەیە، بۆیە لەساڵی ١٨٨٠زایینی،
ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی عوسمانلییەكان بیست هەزار باستر[٢] بدەن بە شێخ خۆیی و موریدانی
لە ناوچەی هەكاری، شێخ بڕوات سەردانی سوڵتان بكات لە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی وەلاتی خۆی بۆ
تازە بكاتەوە.

لەدوای ئەوەی شێخ لەگەڵ عوسمانلییەكاندا دانووستانی كرد، ویستی سوود لە كات وەربگرێت
ڕووی كردە ناوچەكانی ئێران بۆ ڕزگاركردنی كوردستانی ڕۆژهەڵات و هێز و توانایەكی باشی
ئامادەكرد بۆ ئەم جەنگ، وە سەرنجی هەموو عەشایەرەكانی كورد و سەرۆك هۆزەكانی بۆ لای
خۆی ڕاكێشا، پێش ئەوەی دەست بكات بە هێرش بۆ سەر ئێران، هەموو هۆزەكانی لەدەوری
خۆی كۆكردەوە، ئامادەیكردن بۆ جیهاد، موسوڵمانانی كورد لەو دەمەدا ئامادەی هەموو
ڕووبەڕووبوونەوەیەك بوونەوە. لە ڕێگەی كونسوڵێكی ئەرمەنی، كە ناوی میسیۆ كریمان بوو
ڕاپۆرتی ئەدا بە شێخ لەبارەی هێزەكانی ئێرانەوە و دوای خۆی وەك شاهیدێك باسەكەش
دەگێڕێتەوە، هەر لەو ساڵەدا زیاد لە ١٠٠-١٥٠ كەسایەتیی كوردی ناودارانی ناوچەكەی لە
عوسمانلیی و ئێرانی لە هەكاری كۆكردەوە، كۆنگرەیەكیان بەست، كۆنگرەكەیان ناونا بە
پەیوەندی سەرۆكەكانی كورد، لەو سەردەمەدا كوڕێكی بەدرخان بە ناوی بەحری زۆر كاریگەری
هەبوو لەسەر ئەو كۆنگریە و دەوری باشی دی تێیدا، سەرۆكەكان بریتیی بوون لە شێخ و
میرەكانی ناوچەكان.

---

[٢] پارەی ئەو سەردەمەی عوسمانلیی بوو.

## وتارە مێژووییەكەی شێخ عوبێدوڵا لە كۆنگرەدا

ڕەوەتەی عوسمانلییەكان هاتوونەتە سەر دەسەڵات پێش ٥٥٠ ساڵ لە مەوبەر، بە ڕێگەیەكی زانەرعی نزیكەی ٤٠٠ ساڵ لایانداوە لە ئاینی پاكی ئیسلام، ئەم ئیمپراتۆرە خۆشی لاواز كردووە و ئەو دەسەڵاتانەشی لاواز كردووە كە لە ژێر سایەی دان، وە بەرەو دارمانی تەواوەتی دەڕوات، گومانی تێدا نییە كە هەر دەبێت ئەم دەسەڵاتە بڕوخێت، چونكە لە ئیسلام دووركەوتوونەتەوە.
بانگی ئیسلامەتی و جیهاد و بانگەوازی باوباپیرانتان ئەدەمەوە بە گوێدا، با بەرەنگاری ستەم و زوڵمی توركی دوور لە دین بوەستینەوە، كە دوورن لە ئیسلام و پابەندنین پێوەی، بەرگری بكەن لە مافەكانی خۆتان و مەصلەحەتی كورد لە بەرچاو بگرن، ئاگاتان لە بیروباوەڕی خۆتان بێت و بەرگری بكەن لە خاك و وڵاتتان، هەروەك چۆن باپیرانتان بەرگریان كردووە.پاشان بە تەنها دەسەڵاتی عوسمانلی نییە كە ستەممان لێ دەكات ئەوەتا براكانتان لە ئێران دەناڵێنن بەدەست ڕەوشی خراپی ئابووری و سیاسی، كە ئەمیش هیچ پەیوەندیەكی نییە بە ئیسلام، وە ئێران لە ژێر سێبەری ئیسلام دەرچووە، دەبینن كە ئێران سەرقاڵە بە شەڕكردن لەگەڵ توركومانەكانی ژێر ڕكێفی خۆی، وە بە هەزاران سەربازی ناردووە بۆ ئەو جەنگە، ئەگەر بێت و ئێمە جەنگیان لەگەڵ بكەین، ئێستە ئێران توانای كۆكردنەوەی ئەو سوپایەی نییە دژمان بوەستێت. هەروا سەركەوتنمان نزیكە ئەگەر رووبەڕووی ئێران ببینەوە، پاشان خەڵكانێكی تر دەورمان ئەدەن لەدوای ئەوە ڕوودەكەینەوە دەسەڵاتی عوسمانلی، ئەوانیش لە ناو دەبەین.
هەموو ڕازی بوون بە وتەكانی شێخی نەهری و لەهەمان كاتدا چەكێكی زۆری لەبەر دەستدا بوو، كە لە عوسمانلییەكانی وەرگرتبوو لە سەردەمی جەنگ لەگەڵ ڕوسیادا، شێخ فەرمانی دا، كە چەكی زیاتر بكڕن و خۆیان پڕ چەك كرد و چەكێكی زۆریان كڕی لە شاری وان، كە ئێرانییەكان وایانزانی عوسمانلییەكان خۆیان چەكیان داوە بە شێخ عوبێدوڵڵای نەهری.
جەنگ دەستی پێ كرد، شێخ توانی زۆربەی ناوچەكان بخاتە ژێر فەڵەمرەوی خۆی و دەستكەوتی لە چەك و پارە و سەروەت و سامان زیاتر بوو دیلێكی زۆری گرتبوو، پاشان كەوتە ناردنی پەیام بۆ كونسوڵەكانی ئەوروپا وپەیوەندی باشی بەست لەگەڵ نەستورییەكان و ئەرمەنەكاندا، شێخ دەیزانی كە ئەورپییەكان و ئەمەریكییەكان ڕاستەخۆ پشتگیری نەسرەكان دەكەن. وە شێخ هەنگاوەكانی وەك هەنگاوی سەركردە سەبازییەكان بوو لە كاتی شەڕكردندا. پاشان ڕوویان كردە شاری ئورومییە، ئێرانییەكان نامەیەكیان نووسی بۆ ئیقبال دەولە، كە شێخ لە ڕێگەی شێخ عبدولقادری كوڕیەوە دەیەوێت هەموو كوردستان ئازاد بكات و دەری بێنێت لە فەرمانڕەوای عوسمانلیی ئێرانی .پاشان سوپای كوردی لە هەموو لایەكەوە گەمارۆیان خستەسەر ئورومییە و شارەكانی تر، كە دەیانویست ئازادی بكەن.
لە مانگی ئۆكتۆبەر هێزەكانی شێخ عوبێدوڵا لە سێ قۆڵەوە خۆیان كرد بە ئێراندا.

- هێزی یەكەم: هێزی سەرەكیی بوو بەسەركردایەتیی شێخ عەبدولقادر، بە بیست هەزار كەسەوە گەمارۆی دەریاچەی ئورومییەیاندا و پاشان گەمارۆی سابڵاغیان دا.

- هێزی دووەم: لەپشتی ئەم هێزەوە بوون بۆ یارمەتیدانی، لە كاتی شكست، یاخود بۆ پێداویستی پێكهێنانی ،كە زیاد لە هەزار سەربازی شێخ عوبێدوڵا بوون، بەسەركردایەتیی شێخ سدیق كە برای شێخ عوبێدوڵا بوو.
- هێزی سێیەم: بریتیی بوون لە پێنج هەزار سەرباز بە سەركردایەتیی خەلیفە محمد سەعید، كە ڕاستەوخۆ بەرەو شاری ئورومیە ڕۆشت. شێخ خۆشی بە ناو خاكی كوردستان لە ئێران دا دەگەڕا و لە ماوەیەكی كەمدا توانی ئیدارەی ئێران لە كوردستاندا كۆتایی پێ بهێنێت، ڕۆژ بەڕۆژ خەڵكی دەهاتنە ناو سوپای شێخ، كە ئەودەمە خۆشی حەوت هەزار كەسی لەگەڵدا بوو، ئەم ئازادكردنە هەمووی ماوەی چەند هەفتەیەكی خایاند.

## هەڵەیەكی مێژوویی زۆر گەورە

لەماوەی ئەو شۆڕشەدا زۆرێک لە سەرۆک هۆز و عەشایەرەكانی ئەو ناوچەیە پەیوەندیان كرد بە شێخەوە، بە هۆكاری ئەوەی شێخ دەسەڵاتی تەواوی پەیدا كردبوو، سەرۆک هۆزەكان هەڵەكیان قۆستەوە و زۆرێک لە ناوچەكانی ئازەریان تاڵانكرد و خەڵكە شیعەكەیان كوشت و سەروەت سامانیان بەهەدەر بردن، پاشان هەرچی سەروەت و سامانی نەستورییەكان بوو بردیان بۆ خۆیان تاڵان و بڕۆیەكی زۆریان كرد، بەجۆرێك زۆربەی لادێكانی نزیک ئورومییەیان تاڵانكرد، بێ ئەوەی شێخ عوبێدوڵا ئاگادار بێت، بێگومان ئەو لادێیانە كەوتبوونە دەست كوردەكان، كە گەمارۆی میاندوابی دابوو، میاندواب درا بە سەركردایەتیی شێخ عەبدولقادر، داوایان كرد لە خەڵكی شاری میاندواب خۆیان بدەن بەدەستەوە. شێخ عەبدولقادر چەند كەسێكی نارد بۆ ئەوەی دانووستانیان لەگەڵ بكەن، كەچی دەسەڵاتداری ئەو شارە ئەو پەیامبەرانەی هەموو كوشت و گاڵتە و سوكایەتی كرد بە لاشەكانیان، ئەمەش بووە هۆكاری تووڕەیی سوپاكەی شێخ عەبدولقادر، كە چوونە شارەكە كوشتارێكی زۆریان كرد، كە زیاد لە سێسەد كەس لە ژن منداڵ كوژران، ئەم كارە لە داب و نەریتی كوردەواری و ئیسلامەتی و جوامێری دوور بوو، بێ گومان هەڵەیەكی زۆر گەورە بوو.

ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی، كە سومعەی ڕاپەڕینەكەی شێخ عوبێدوڵا ناشیرین بكرێت، و بڵاوكرایەوە ئەمە شەڕی هۆزەكانە لەناو خۆیان دا، شەڕی شیعە و سوننەیە و شەڕی نێوان ئازەریی و كورد و فارسە، ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی زۆرێک لە فارس و ئازەری و شیعەكان خۆیان بەخشیە سوپا، بۆ شەڕ لەگەڵ كورد.

لە كۆتایی مانگی ئۆكتۆبەر دوو هەفتە گەمارۆی شاری ئورومییە درا، بەڵام خەریكبوو ڕێك بكەون لەگەڵ شێخ عوبێدوڵادا، بەڵام كە كارەساتەكەی میاندوابیان بیست پەشیمان بوونەوە بووە هۆكاری ئەوەی كە زیاتر خۆیان قایم بكەن، مەتەرێز و سەنگەریان قایمتر كرد، بەڵام شێخ بەڵێنی پێدان كە كاری وا ڕوونادانەوە ئەگەر شارەكە بێ شەڕ تەسلیم بكەن، ماوەی دوو ڕۆژی بۆ دانان و نامەی نووسی بۆ ئیقبال دولە و زانا سونیی و شیعەكان، كە كاری وا ڕوونادات، وپێی

ڕماعەتیان پێ بكات، بەڵام بێ سوود بوو، هەروەها شێخ داوای لە كونسوڵ كرد، كە ناوی ولیم ئبوت ئینگلیز بوو، لەگەڵ كوجران، ئیقبال دەولە رازی بكەن،ئەوانیش داوایان لە شێخ كرد ماوەكەیان بۆ درێژ بكاتەوە، بۆ ماوەی رۆژێكی تر، بەڵكو رازی بكەن. ئیقبال دەولە دەیزانی هێزی ئێرانی بەڕێگەوەیە بۆ یارمەتیدانی، بۆیە دوای ٢٤ كاتژمێری تری كرد بۆ ئەوەی سوود لە كات وەربگرێت، وە لەو ماوەیەدا هێزێكی زۆری ئێرانی لە رۆژئاوای ئازەربایجانەوە بە سەرۆكایەتیی تەیمور پاشا هاتن بۆ یارمەتی ئیقبال دەولە، بۆ ئەوەی گەمارۆكەی سەر ئورومییە لابەرێت و ئەوەبو توانی ئەو گەمارۆیە بشكێنێت.

سوپایەكی تری گەورەی ئێرانی بە سەرۆكایەتیی حشمەت دەولە، كە سوپاسالاری شای ئێران بوو، هاتە ناوچەكە، بیست هەزار سوپای لەگەڵدا بوو، لەگەڵ بیست تۆپی گەورە، پاشان دوانزە هاوەن بە یارمەتی هەندێك لە ئەفسەرانی نەمساوی، كە سەرپەرشتی جەنگەكەیان دەكرد. شەڕێكی خوێناوی لە نێوان كورد و ئێراندا روویدا و عوسمانلییەكان رێگەی سنوریان لە شێخ داخست، كە نەتوانێت لە هەكارییەوە یارمەتی پێ بگات، ئەمە وای كرد سوپای شێخ بشكێت، سوپاكەی نەیتوانی پارێزگاری لەو دەسكەوت و تاڵانیانە بكەن، كە دەستیان كەوتبوو، بۆیە زۆربەیان هەڵهاتن، ئەم هەڵهاتنە كاریگەری لەسەر سوپاكەی شێخ دانا، ناچار شێخ فەرمانی دا سوپاكەی بڵاوە پێ بكات، بۆ ئەوەی گیانی سەربازەكانی بپارێزێت.

لە ١٢نۆڤەمبری ساڵی ١٨٨٠ی زاینی، شێخ عوبێدوڵا لەگەڵ چەند كەسێكدا گەڕایەوە بۆ شاخ لە نەهری، لە ناوچەكانی هەكاری و ئەم راپەڕینە وەک بەفر توایەوە و بە خێرایەكی سەرسوڕهێنەر كۆتایی پێ هات.

لە دوای گەڕانەوەی شێخ بۆ مەڵبەند و زێدی خۆی لە هەكاری، دەسەڵاتی ئێرانی داوای لە كونسوڵی خۆی لە ئەستەنبوڵ كرد لە دەسەڵاتی عوسمانلی، شێخ بگرێت، یان دووری بخاتەوە. ئەگەر ئەو كارە نەكات ئەوە داوای قەرەبووی جەنگەكە لە عوسمانلییەكان دەكاتەوە، چونكە لە خاكی عوسمانلییەوە هاتۆتە ناو ئێران، هەروەها شای ئێران داوای دەستگیركردنی سەدان كەس و سەركردەی كوردی دەكرد لە عوسمانلییەكان، لەوانە هەمزە ئاغای مەنگوڕی، كە سەركردەیەكی سوپای شێخ بوو، وە ئەو دەمە سی هەزار كوردی هەڵهاتوو لە بن دەستی ئێران رایان كردبووە لای عوسمانلیی و لەبارێكی زۆر دژواردا دەژیان.

لە هاوینی ساڵی١٨٨١زاینی، بە زۆری دەوڵەتی رووسی و دەوڵەتی بەریتانیا و ئێران كە جەختیان دەكرد دەبێت شێخ دەستگیر بكرێت، یان لە ناوچەكەی خۆی دوور بخرێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، ناچار شێخ رووبكردە ئەستەنبوڵ، وەک (إقامة الجبری) لەوێ نیشتەجێ بێت و دەست بەسەر بێت، بەڵام لە كاتی رۆشتنیدا هەموو بەرپرسەكانی عوسمانلی، پێشوازی قارەمانانەیان لێ كرد، نەک وەک ئەسیر، بەڵكو وەک شێر سەیریان دەكرد و سوڵتانی عوسمانلی خۆی پێشوازی لێ كرد. لە پلەوپایەیان بەرزكردەوە، مەقامی شەرەفیان پێ بەخشی لە قەسری سوڵتان، بەڵام شێخ خەونی بوو كوردستان رزگار بكات، بۆیە دوای ساڵێک و لە مانگی ئابی ١٨٨٢ زاینی، هەڵهات و گەڕایەوە بۆ نەهری.

ئەم گەڕانەوەی شێخ وای کرد، دەوڵەتی ئێران و هەردوو وڵاتی روسیا و بەریتانیا زیاتر ترسیان لێ بنشێت، وە بەدەستی عوسمانلییەکانیان دەزانی، بۆیە زیاتر عوسمانلییەکانیان تاوانبار دەکرد لەو کارە، ئەوانیش بۆ راگرتنی رەوشەکە بڕیاریان دا، کە شێخ دوور بخەنەوە بۆ مەککە، بە فەرمی ئەم بڕیارە لەلایەن عوسمانلییەوە دەرچوو.

شێخ کە گەڕایەوە لە هەموولایەکەوە مورید و سۆفیەکانی دەهاتن بۆ لایی و لە دەوری کۆدەبوونەوە، چاوەڕوانی شێخیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن پرۆژەکەی چییە، تا ئامادەیی خۆیانی بۆ دەربڕن، چونکە هەموو پرۆژەکانی شێخ بۆ رزگارکردنی کورد بوو لە ستەم و زۆری دەسەڵاتدارانی عوسمانلیی و ئێرانی، لەهەمان کاتدا نەیاندەتوانی شێخ بگرن، بە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆری لەدەوربوو، وە خۆی زانایەکی ئاینی بوو، پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەبوو.

لە کۆتایی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٨٢زاینی، چەند هێزێکی سەربازی لەدەوری ناوچەی هەکاری کۆبوونەوە و گەمارۆی ئەو ناوچەیان دا لە هەموولایەکانییەوە، شێخ ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات. نێردراوی سوڵتانی عوسمانلی هات بۆ لای و پێی وت، کە دەبێت بچێت بۆ مەککە، ئەویش داوای کرد کە بچێتە مووسڵ و ئەوەندە دوور نەخرێتەوە، بەڵام رازی نەبوون، چونکە مووسڵ زۆر لە ناوچەکانی هەکاری دەچوو، بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ نەکرا، دەیانزانی ئەگەر لەوێ بمێنێتەوە راپەڕینێکی تر ساز دەکاتەوە، خەڵکی ناوچەکانی مووسڵ زۆر خۆشەویستیان هەبوو بۆ شێخ عوبێدوڵڵا.

شێخ عەبدولقادر لەکاتی راگواستنی، باوکی و خێزانەکەیان بەگشتی، ویستیان لەدەستی عوسمانلییەکان ئازادی بکەن لەگەڵ شێخ محمد سادق، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوون، شێخ ساڵێک لە حیجاز مایەوە، پاشان چاوەکانی لەیەک ناو و بە غەم و ناسۆرەوە سەری نایەوە لە مەککە، لە ساڵی ١٨٨٣زاینی کۆچی دوایی کرد.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە، کە ئێمە پێویستە شارستانییەتمان بناسێنین بە خەڵکی، دوور لە شارستانییەتێکی شەڕەنگێز، چونکە موسوڵمانیان وا ناساندووە، گوایە موسوڵمانان تەنها خەریکی شەڕکردن و کوشتار و ئیرهاب و قژ و رز بووە، وە هیچ شتێکی پێ ناکرێ، بەڵام ئایا ئەمە راستە؟ ئیسلام گۆڕانکاری پێ دەکرێت یان نا؟

نمونەیەک باس ئەکەین: ئەبو رەجائی عەتاردی -رەحمەتی خوای لێ بێت- ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: لە سەردەمی نەفامیدا کاتێک، کە ئەچووین بۆ سەفەر، بەردێکمان لەگەڵ خۆماندا ئەبەرد و ئەمان پەرست، پاشان ئەگەر بەردەکەمان بەدڵ نەبووایە فڕێمان دەدا و لە شوێنێکدا کەمێک خۆڵمان دەهێنا و لەگەڵ شیری حەیواندا تێکەڵمان دەکرد، سیفەتی شیری حەیوان وەهایە کە ئەگەر لەگەڵ قوڕدا تێکەڵی بکەیت شێوەیەکی سیرامیکی جوان ئەبەخشێتە قوڕەکە، ئەمان کرد بە بت و ئەمان پەرست، ئەمە بارودۆخی عەرەب بوو پێش ئیسلام، لێ کاتێک ئیسلام هات چی؟ گۆڕانکاری بەرپا کرد لە عەقیدەیان دا، لە فیکریان دا، لە هەڵسوکەوتیاندا، لە....تاد.

خۆشەویستان سەیری کولتووری عەرەبیی بکەن پێش ئیسلام، کچی خۆیان زیندە بەچاڵ دەکرد عار بوو بەلایانەوە ئەگەر کچیان هەبێت و گەورەی کەن، کەچی پاش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نەهێشتنی ئەم کولتوورە سەقەتە زەینەب و فاتیمەی ئەخستە سەر شانەکانی و بە بازاڕدا ئەیگەڕاندن، دەزانی لەبەرچی بە بەرچاوی خەڵکییەوە ئەیخستنە سەر شانەکانی و ئەیگەڕاندن؟ لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری گەورە بەرپا بکات لەناو کۆمەڵگەکەی دا، چ کۆمەڵگەیەک؟ کۆمەڵگەیەک، لەسەر ئەوەی دارێک کێشراوە بە ملی وشترێکدا و خوێن و شیرەکەی تێکەڵ بوون لەناو هۆزی بەنی بەکر دا ١٣ ساڵ شەڕ کراوە و لە یەکتریان کوشتووە!
بەڵام کە ئیسلام دێت چی؟

کاتێک ئیسلام دێت، خێر و خۆشیی و ئاسوودەیی و کامەرانیی و عەقیدەیەکی پاکوێتگەرد بەسەر خەڵکی دا ئەبەخشێتەوە، هۆکاری ئەمەش روونە، دەگەڕێتەوە بۆ سیرەی خۆشەویست ﷺ، کە چۆن گۆڕانکاری بەرپا کرد، وە هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قورئانەی، کە جوڵانەوەیەکی گۆڕانکاری گەورەی بەرپا کرد لەناو خەڵکی دا، کاتێک کە قورئانی پیرۆز دێتە خوارەوە لە شاری مەککە، ئەبعەن دیمۆگرافی شاری مەککە وا هەڵکەوتبوو، نزیکەی سێ هەزار ماڵ بوون و نزیکەی دە هەزار کەسی تێدا دەژیا، وە قورەیشیەکانی ئەو شارە، بە هیچ شێوەیەک ئەیان ئەهێشت هیچ کەسێکی مەسیحی، یان جوولەکە بێتە ناویان و لەناویان دا بژی، ئەوانیش بە تەبیعەتی حاڵ نەئەهاتنە ناویان، هۆکارەکەشی ئەوە بوو ئەمانە وەسەنی بوون، واتە بتپەرست بوون، بەڵام کاتێک ئیسلام دێت، گۆڕانکاری دەکات، قورەیشییەکان خاوەنی وشە بوون و دەیانفرۆشت، بازاڕێکی تایبەتیان هەبوو بە ناوی (سوق عكاظ)، کە شوێنی موتافەسەی هۆنراوە خوێندنەوە بوو.

ئەمانە رەخنەیان لە قورئان ئەگرت، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا پێیان ئەفەرموێت: ئەگەر ئێوە راست دەکەن وەرن ١٠ ئایەت وەکو ئەم قورئانە بێنن، بەڵام عەرەب بێدەنگ بوو لە ئاستیدا، لەگەڵ ئەوەی، کە وشەیان دائەنا و وشەیان ئەفرۆشت، بەڵام لاڵ بوون لە بەرانبەر ئەم تەحەدایە، لە کاتێکدا هەموو ئەحکامەکان و هەموو باسەکان و هەموو خواستەکان لەسەر ژیانی گەلانی پێشووە، چونکە ئەگەر سەیری قورئان بکەین و لێی ورد بینەوە لە چوار بەش پێکهاتووە.
بەشی یەکەم: مێژووە. بەشی دووەم: بیروباوەڕە. بەشی سێ یەم: رەوشتە. بەشی چوارەم: یاسایە.
ئەم چوار بەشە پێکهاتەی قورئانن، کاتێک کە قورئان هات تەحەدای کردن، ئەمە لە مەککە، کاتێکیش چوونە شاری مەدینە، پێغەمبەری خوا ﷺ، لەسەر فەرمایشتی قورئان پێی فەرمون: ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾، البقرة. واتە: ئەگەر ئێوە لە دوودڵی دان و گومانتان لەم قورئانە پیرۆزە هەیە، کە دامان بەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد ﷺ، ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سورەتێکی وەك ئەو بهێنن، هاوپەیمان و هاوکارەکارەکانیشتان جگە لە خوا بۆ ئەو مەبەستە بانگ بکەن، ئەگەر ئێوە راست دەکەن.

نە عەرەب توانی وەڵامی بداتەوە، نە جوولەکەش وەکو ئەتەوە، چونکە باش دەیانزانی ئەم قورئانە کەلامی خوای گەورەیە و موعجیزەیە و جوڵانەوەیەکی گۆڕانکاری گەورەشی پێیە، گۆڕانکاریەکەشی کرد، کە بریتیی بوو لەوەی؛ توانی دوو گەورەترین ئیمپراتۆرییەتیی ئەوکات بە چۆکدا بهێنێ و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

تەماژەمان بەوەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ، کاتێک قورئانی بۆ هات ئەم قورئانە لەسەر چوار بنەما دامەزرابوو، قورئان بۆ گۆڕانکاری هەموو گەلان هاتووە و بۆ ئەم مەبەستەش چوار بنەمای سەرەکیی دیاری کردووە، کە گۆڕانکارییەکە بکەن، ئەو چوار بنەمایەش بریتیی بوون لە: مێژوو، بیروباوەڕ کە بنەڕەتە بۆ گۆڕانکاری و تا بیروباوەڕی خەڵکی نەگۆڕدرێ، ناتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت، لە یاسا دەستور و تەشریع، ڕەوشت.

لێرەدا باس و خواستەکانمان چڕ دەکەینەوە لەسەر مێژوو،

ڕەوشت زۆر گرنگە بەجۆرێک، کە ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەتوانێت گۆڕانکاری لە ڕەوشتیدا بکات، زۆر گرانە گۆڕان بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بێت، چونکە تەنانەت پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێت: "إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق". واتە: من بۆ ئەوە هاتووم، کە ئەخلاقی کۆمەڵگەکەم جوان و تەواو بکەم.

کەواتە دەبێت قورئانی پیرۆز چەکی دەستمان بێت بۆ گۆڕانکاری، وەکو باسمان کرد بەشێکی قورئانی پیرۆز بریتییە لە مێژوو، مێژوویەک کە بۆ ئێمە ماوەتەوە، گۆڕانکاری پێ کراوە، ئەزموونی تێدایە، موعجیزەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، خۆ ئەگەر خۆمانی لێ شارەزا نەکەین، هەرگیزاو هەرگیز ناتوانین گۆڕانکاری بکەین، لێرەدا خیتاب و قسە ئاڕاستەی ئوممەتی ئیسلامییە، ئەگەر ئەتانەوێت گۆڕانکاری بکەن لە خراپەوە بەرەو باشە، وە لە باشەوە بەرەو باشتر، دەبێت لەناو کۆمەڵگەدا قورئان بکەینە دەستور و ڕێنیشاندەر.

یەکێک لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز ئەوەیە، زۆرێک لە ڕووداوی ڕابردووی گەلانی تێدا تۆمار کراوە، بەتایبەتی زۆربەی ئەو ڕووداوانەی، کە بەسەر بەنی ئیسرائیلدا هاتوون.

ئەمە بۆ؟ بۆ لە شاری مەککەدا دێتە خوارەوە؟

لەبەرئەوەی نە جوولەکە و نە مەسیحی لە شاری مەککە نەدەژیان، تاوەکو ئەم هەواڵانەیان پێشتر بیستبێت و بیهێنن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم قورئانە پیرۆزە ئاگادارییان دەکاتەوە لە ڕابردووی خۆیان، لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز باسی بەنی ئیسرائیل دەکات، هۆکاری چییە ئەم هەموو باسە لەسەر بەنی ئیسرائیل هەیە لە قورئاندا؟ لەبەر ئەوەی ئەزموونی گەلێکە بۆ ئێمە باس دەکرێت، ئەگەر بێت و ئێمە چاو لەوان بکەین و دەرس وەرنەگرین لە خراپەکارییەکانیان، ئەوا بە هەمان دەردی ئەوان دەڕۆین، هەمان دیکتاتۆرەکانی جیهان زاڵ دەبن بەسەرماندا و لێمان ئەدەن.

ئەی بۆچی خوای گەورە باسی فیرعەون دەکات بۆمان؟ بۆچی باسی سەیدنا موسا -علیه السلام- دەکات؟ بۆچی باسی سەیدنا سلێمان -علیه السلام- دەکات؟ بۆچی باسی سەیدنا یوسف -علیه السلام- دەکات؟ ئەتان پرسی هۆکارەکەی چییە؟

لەبەر ئەوەی خاوەنی جوڵانەوەیەکی گۆڕانکاری بوون لەناو کۆمەڵگەکانیان دا، هەرکەس ئاگاداری ژیانی سەیدنا یوسف -علیه السلام- بێت، دەبێت ئەوە بزانێت کە سیاسەتێکی ئۆپۆزسیۆنی پیادە کردووە، ئەمە باسی مێژووە و قورئان بۆمان ئەگێڕێتەوە. هەروەها ئەمە فیکری سیاسی ئەم ئیسلامەیە، کە بە ئێمە ئەڵێت سەیدنا موسا-علیه السلام- جوڵانەوەیەکی چاکەخوازە

گەورەی بەرپا كرد لەناو كۆمەڵگەكەی دا، كە كۆمەڵگەی میسری ئەوكات بوو. وە توانی گەلەكەی لەژێر دەستی زاڵمێكی وەكو فیرعەون دەربهێنێت.

زەی ئەتان پرس بۆچی باسی سەیدنا یوسف -علیه السلام- دەكرێت لە قورئاندا؟

لەبەرئەوەی پرۆژەیەكی زۆر گەورە ئەگەیێنێت بە ئێمە لە رێگەی خەونێكەوە. ئەم پرۆژە لەناو ئەم قورئانە، كە مێژووە و بۆ ئێمە باس دەكرێت و پێمان دەڵێ پرۆژەی یوسفی بۆ ئیسلامییەكانی ئێستە. چونكە كاتێ پادشای دەسەڵاتدار خەونی بینی و خەونەكەیان بردە لای پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بۆ شیكردنەوەی، سەیدنا یوسف -علیه السلام- فەرموی: حەوت ساڵ دەبێت بەرهەم كۆبكەنەوە بۆ ئەوەی حەوت ساڵی دوای ئەوەی پێ بەڕێ بكەن. ئینجا دوای ئەوە ئێوە ئەتوانن موڵكی ئەو حوكمەتە بخەنە ژێر دەستی خۆتانەوە.

٧ ساڵ بریتییە لەوەی كە مرۆڤ ئامادە بكات و خۆی كۆبكاتەوە بۆ پەروەردەكردنی خەڵكی و دروستكردنی نوخبە و بڵاوكردنەوەی رەوشت لەناو كۆمەڵگەدا. ٧ حەوت ساڵی داهاتووش خەڵك خۆی دێت بە شوێنتدا و شتت لێ وەرئەگرێ. ئەمە بنەڕەتی پرۆژەكەی سەیدنا یوسف -علیه السلام- بوو. پاشان دوای ئەوە توانی حوكمەتێكی ئیئتیلافی دروست بكات لەگەڵ دەسەڵاتدارەكاندا.

سەیری سیاسەتی سەیدنا داود و سەیدنا سلێمان بكەن -علیهم السلام-. خوای گەورە فێرمان دەكات، كە ئەمانە سیاسەتێكی كۆماریی یاخود شێوە جمهورییان پیادە كردووە. هەموو جیهانیان لە ژێر دەستدا بووە. ئەوانیش و ذولقەرنەینیش. ئێمە شارەزاییمان نییە لە بابەتە مێژووییەكانی قورئانەكەمان. بۆیە بەرچاومان روون نییە و پرۆژەمان پێ نییە بۆ گۆڕانكاری. یاخودی سەیری سەیدنا نوح -علیه السلام- بكەن. توانی جوڵانەوەیەكی چاكسازی گەورە بەرپا بكات. لەناو گەلەكەی دا.

خوێنەرانی بەڕێز كاتێك ئێمە باس لە گۆڕانكارییەكان ئەكەین. بنەڕەت و بنچینەی گۆڕانكارییەكان لەناو ئەم قورئانەدا بوونیان هەیە. هیچ كەس لە قورئان تێناگات مەگەر شارەزایی هەبێت لە ژیانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ. چونكە پێغەمبەر ﷺ، كاری مەیدانی بووە. ئەم قورئانە لەسەر ژیانی پێغەمبەر ﷺ، دابەزیوەتە خوارەوە. لەناو ئەم ئیسلامەدا كاتێك باس لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و چوار خەلیفە راشیدینەكە -ڕەزامەندی و رەحمەتی خوایان لەسەر بێت- دەكرێت هەر هەمووی دووبارە دەبێتەوە لە ژیانی ئێمەی ئوممەتی ئیسلامییدا.

دوای ئەوەی ئەوەمان بۆ روون بووەوە، كە قورئانی پیرۆز لە چوار بەش پێكهاتووە. ئەم چوار بەشە لەناو مەككە و مەدینەدا دابەزیون. قورئان سەرەتا تەحەدای سەرانی عەرەب و ئەهلی قورەیشی كرد. كە ئەگەر ئێوە راست دەكەن. ومرنج تەنها ١٠ دە ئایەت بێنن هاوشێوەی ئایەتەكانی ئەم قورئانە بێوێنەیە. بەڵام بێ وەڵام بوون! ئەمە زۆر زۆر گرنگە، كە هیچ كەسێك لەسەر ئەم زەویە ناتوانێت كتێبێك هاوشێوەی قورئان بنووسێ. ئەمە تەحەدایە و قورئان كردوویەتی. كەسیش نەیتوانیوە و ناشتوانێ بەرەو رووی بێتەوە. وە كاتێكیش پێغەمبەری خوا ﷺ ،كۆچی كرد بۆ ناو مەدینە، مەدینەیەك، كە ئەو هەموو هەواڵەی تێدا بوو، ئەو هەموو

مێژووەی تێدا بوو، ئەو هەموو پەند و ئامۆژگارییەی تێدا بوو، کەچی ئەمانیش دەست و پێ سپی بوون لە بەرانبەر تەحەدای ئەم قورئانە پیرۆزە.

خوای گەورە ئاراستەی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەکات بەوەحی و ئەفەرموێت: وَإِنْ كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾، البقرة. واتە: ئەگەر ئێوە لە دوودڵی دان و گومانتان لەم قورئانە پیرۆزە هەیە، کە دامان بەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد ﷺ، ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سورەتێکی وەك ئەو بهێنن، هاوپەیمان و هاوکارەکارەکانیشتان جگە لە خوا بۆ ئەو مەبەستە بانگ بکەن، ئەگەر ئێوە راست دەکەن.

ئەگەر راست دەکەن ئەی خەڵکی بێباوەڕ خاوەنی هەر ئەفکار و ئایدۆلۆژیایەک هەن، ئەگەر راست دەکەن و گومانتان هەیە لەوەی ئەم قورئانە کەلامی خوای گەورەیە، تەنها یەک سورەت بێنن وەکو ئەو، (فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ). لەوانەیە یەکێک بڵێت جا سورەتێک چییە! وەڵا من زیاتر لە سورەتێکیشتان بۆ ئەهێنم، بەڵام گرنگە بزانن کە هەرگیز کەس ناتوانێت نەک سورەتێک بەڵکو تەنها ئایەتێکیش بهێنێت و بنووسێت.

یاسا و دەستوری ئیسلامی ئاموچێژی ئایەتی خۆی هەیە، هیچ کەسێک ناتوانێت وەکو ئیسلام بێ، ئیسلام لا شرقیە ولا غربیە، ئیسلام ئیسلامە، وەکو سید قوطب و هاوڕێکانی -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- لە زینداندا دەیان وت: ئێمە ئیسلامێکمان ئەوێت نە شەرقی بێت و نە غەربی، نە لە ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتبێ و نە لە رۆژهەڵاتیشەوە، بەڵکو ئیسلامێکمان ئەوێت، کە لە ئاراستەی وەحییەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، هاتووە.

گرنگە ئەوە بزانین، کە خوای گەورە بۆچی ئەمری کردووە بەوەی ئێمە دەبێت پیادەی قورئان بکەین؟ یاخود، ئەفەرموێت بە پێغەمبەر ﷺ: محمد پێیان بڵێ، کە ئەمانە دەبێ شوێنکەوتەی تۆ و سوننەتی تۆبن؟ ئایا بەڕاستی ئێمە قورئانمان وەکو خۆی پیادە کردووە، یان شوێنکەوتەی راستەقینەی پێغەمبەری خوداین؟ ئێمە پێویستە بۆ گۆڕانکاریکردن لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا جگە لە پیادەکردنی قورئان بە دروستی دەبێت شوێنکەوتەی پێغەمبەری خواش بین ﷺ شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوا بە شارەزابوون لە ژیانی ئەبێت.

لای هەموومان روونە، ژیانی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ، ٢٣ ساڵ بووە، لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا وەحی بۆ هاتووە، سەیر ئەکەی ئەو ٤٠ ساڵەی پێش پێغەمبەرایەتی، زۆر زیاترە لە تەمەنی پێغەمبەرایەتی، ئەدی پرسیوە حیکمەتی ئەمە چییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە موعجیزەی گۆڕانکارییە، ٤٠ ساڵ پێغەمبەر ﷺ پەروەردە کراوە بۆ ئەوەی ببێتە پێغەمبەر! ئەمە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، چونکە زۆرکەم لە ئێمە شارەزای ئەو ٤٠ ساڵەی ژیانیەتی، شارەزابوون لە ژیانی پێش پێغەمبەرایەتی بۆ ئێمە زۆر گرنگ نییە، بەڵام ئەم ٤٠ ساڵە دووبارە نابێتەوە لە ژیانی خەڵکی دا، ٢٣ ساڵەکەی تر، کە بریتییە لە ژیانی پێغەمبەرایەتی ئیلا لە ژیانی هەموو موسوڵمانێکدا دەبێ دووبارە بێتەوە بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز، کە خوای گەورە ئەفەرموێت: اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ

تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾، الفاطر. واتە: چونكە خۆیان بە گەورە و زلزانی لە زەویدا و پیلانی شەڕ و تاوانیان دێنا، بەمەرجێك پیلانی شەڕ و تاوان هەمیشە بەسەر ئەواندا دەشكێتەوە، كە لەخشەی بۆ دەكێشن، مەگەر ئەمانە بە دژایەتی ئیسلام تەنها چاوەڕێی ئەو كارەساتانە بكەن، كە بەسەر گەلانی پێش ئەماندا هاتووە، كاتێ كە بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێناوە، لەناوبران. ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەكانی خوادا گۆڕانكاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەكانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن، كە بەشێكی ڕیسواكردنی پیلانگێڕانە.

خوای گەورە خۆی ئەفەرموێت، كە بە هیچ جۆرێك گۆڕانكاری بەسەر سونەتەكەی دا نایەت، سونەتی پێغەمبەری خواش ﷺ، بەشێكە لەو سونەتە و دووبارە دەبێتە لە ژیانی موسوڵماناندا، ئەسنەمە خوای گەورە گۆڕانكاری بەسەر سونەتی خۆیدا بهێنێت، بۆچی ئەم هەموو ئارەحەتییە بەسەر ژیانی پێغەمبەری ئازیزماندا ﷺ، هاتووە؟ ئەی بۆچی ئەم هەموو شتە چڕ بۆتەوە لە ژیانی دا؟ لەبەر ئەوەی دووبارە دەبێتە لە ژیانی هەموو ئوممەتەكەی دا.

هەروەها ئەوەش بزانن ژیانی خەلیفەكانی ڕاشیدین بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە، خەلیفەی یەكەمی ڕاشیدینی ئەبوبەكری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ،كە دوو ساڵ و چەند مانگێك خەلیفەی موسوڵمانان بوو، ئەم دوو ساڵ و چەند مانگە دووبارە دەبێتەوە لە ژیانی موسوڵماناندا، موعجیزەیە و ئەزەریەكی گەورەیە و وە ئیسپاتیشە بە فەرمایشتی خوای گەورە: فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾، الفاطر.

گۆڕانكاری بەسەر ئەم سونەتانەی خوای گەورەدا نایەن، تا دووبارە بینەوە لە ژیانی موسوڵماناندا.

بەهەمان شێوە، دە ساڵ لە ژیان و خەلافەتی خەلیفەی دووەمی ڕاشیدین: عمری كوڕی خطاب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دووبارە ئەبێتەوە لە ژیانی موسوڵماناندا.١٢ ساڵ و ٦ مانگ لە ژیانی خیلافەتی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدینی عوسمان كوڕی عەففان -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەبێت دووبارە بێتەوە. ٧ حەوت ساڵ و چەند مانگێكیش لە ژیانی خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەبێ دووبارە بێتەوە. هەروەها ٦ مانگ لە ژیانی خیلافەتی حەسەنی كوڕی علی كوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەبێت دووبارە بێتەوە.

٢٣ ساڵ ژیانی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە ٣٠ ساڵ لە خیلافەتی ڕاشیدین، كە دەكاتە ٥٣ ساڵ. ئەم ٥٣ ساڵە دەبێت دووبارە بێتەوە لە ژیانی هەموو گەلێكی موسوڵماندا، گۆڕانكاری گەورەشی پێ دەكرێت، بەواتایەكی تر ئەگەر ئێمە مانەوێت گۆڕانكاری بكەین، دەبێ شارەزایی باشمان هەبێت لەم ٥٣ ساڵەی تەمەنی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ و پێنج خەلیفەكانی ڕاشیدین -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت-.

وتەكانمان دووپات دەكەینەوە، بەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت: عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، هەرچی دیراسەی مێژووم كردووە، وە ئەو كەسانەشی دیراسەی مێژوو دەكەن، دەبێت بە ژیانی ئەوانەدا تێپەڕ بووبن، شەرت نییە هەموو قۆناغەكان دووبارە بینەوە، هەندێكیان قۆناغی ئامادەیین، واتە قۆناغی دەستپێكردنی بانگەواز، یان قۆناغی

قۆناغی روونیا روونی، دیە روونییە. هەندێکیان قۆناغی زیلزالە، ئیصلاح و چاکسازی، هەندێکیان قۆناغی گیران و کوشتنە، قۆناغی کۆچە، قۆناغی ماڵەمینیە، قۆناغی بە واتای راچڵەکاندنی خەڵک، بە جێهێشتنی موسوڵمانانە لە شار و زێدی رۆشتنی پێغەمبەری خوایە ﷺ، بۆ شاری طائف، دواى هەموو ئەمانەش قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتە لەشاری مەدینە، خۆیانەوە بۆ حەبەشە، ئەمانە دەبێت دووبارە بینەوە لە ژیانی ئوممەتی ئیسلامیدا، لەوێ پاشان سەرکەوتنی بەدرە، کە لە فەلەستیندا روویداوە، لە شوێنێکی تردا ناوی بەدرە لە شوێنێکی تردا ناوی شەڕی بەقەرە، یاخود داگیرکردنی ناوچەکانی موسوڵمان، کە لە ژێر ناو و ناونیشانێکی تردا دووبارە ئەبنەوە، موسوڵمانان تێیدا سەرکەوتوو بوون.

بەدرێژایی مێژوو روویانداوە، یان ئەو شەڕانەی موسوڵمانان تووشی شکست بوون، تووشی موسیبەت بوون، شەڕی ئوحود دووبارە دەبێتەوە، کە موسوڵمانان حەسر دەکرێنەوە و لە جێگەیەکدا (ئەحزاب)خەندەق دووبارە دەبێتەوە، پاشان موسوڵمانان لەوێ ناوی ئەحزابە، لە جێگەیەکی تردا لەژێر ناوێکی تر دایە و دووبارە دەبێتەوە. موسوڵمانان لە جێگەیەکی تردا لە شوێنێکی تردا و لە بارەگەیەکی تردا حەسر دەکرێن.

کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە ئەحزابدا، چۆن و بە چ شێوەیەک و بە چ کەرەستەیەک، بە ٣١٦ کەسەوە سەرکەوتن بەسەر ١٠٠٠ کەسدا! ئەمە گرنگە دووبارە بێتەوە، بەهەموو پێوەرێکی سەربازی، هیچ سوپایەک ناتوانێت بە ٣١٦ سەربازەوە لەو سەردەمەدا بە خەڵکێکی رەش و رووتەوە سەرکەوێت بەسەر سوپایەکی ١٠٠٠ سەربازی دا، سەرکەوتن بەسەر گەورە پیاواتی قورەیش، کە ئەبوجەهل سەرکردایەتیی دەکردن، ئەمە بۆ خۆی پرسیارە.

ئێوە ئەتانپرسی بۆ ژیانی ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دووبارە دەبێتەوە؟ بەراوردی ژیانی ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بکەن، لەگەڵ ژیانی ئێمەی موسوڵماندا، ئێمە زۆر لەو لەپێشترین، لە زۆربەی رووەکانەوە سیاسی، سەربازیی و ئابووری، لە سەردەمی ئەم خەلیفە بەڕێزەدا: ٢٠٠ هەزار کەس لە سوپای ئیسلام هەڵگەڕانەوە، لە چوار شوێن هەڵگەڕانەوە رووی نەدا ئەوانیش مەککە و مەدینە و طائف بوون، لەگەڵ دێیەکی بچووکی ناوچەی بەحرەین، مەبەستمان ئەم بەحرەینەی ئێستە نییە، بەڵکو مەبەستمان ناوچەی ئەحدە بەحرەین ئەو کات پێی ئەوترا هجر، جگە لەم شوێنانەی ناومان هێنان هەموو ناوچەکانی تر هەڵگەڕانەوە، بەڵام ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لەماوەی دوو ساڵی خیلافەتی دا هەموو ئەم کێشانەی چارەسەر کرد و وەڵامی هێرشی فورسیشی دایەوە، کە هێرشیان هێنابوویە سەر موسوڵمانان.

ئەمە ئەزموونێکی گەورەیە، کە دووبارە بێتەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو ئالیەتی ئیشکردنە چی بوو کە ئەبوبەکری صدیق بەکاری هێنا؟ پێت وایە کە دووبارە نابێتەوە، یاخود ئەتەوێت پێغەمبەری خوا ﷺ، بە ناڕاست لە قەڵەم بدەیت؟ هەرگیز ناتوانیت ئەوە بکەیت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ، سیستەمە سیاسیەکەی بۆ ئێمە دیاری کردووە، کە ئەفەرموێت: (علیكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي). ئەمە سیستەمە سیاسیەکەیە و لەبەردەستمان دایە، بۆیە پێویستە وانەی لێوەرگرین و بزانین چۆن گۆڕانکاری پێ بکەین.

ژیانی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دووبارە دەبێتەوە، سەردەمی تەمكین و دەسەڵات و سەروەت و سامان و بەدەستهێنانی خاك و فراوانكردنی دەوڵەتی ئیسلامی، هەروەها ژیانی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، وە ئەو فیتنەیەی، کە ڕوویدا لەسەردەمی خیلافەتەکەی دا دووبارە دەبێتەوە لەسەردەمی موسوڵماندا، دەبێت بزانین و ببێتە ئەزموونێک بۆمان، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ، سیستەمە سیاسیەکەی بۆ ئێمە دیاری کردووە، کە بریتییە لە ژیانی پێغەمبەرایەتیی خۆیی و ژیانی خیلافەتی خولەفای ڕاشیدین -ڕەزامەندي خوایان لێ بێت-، دەبێ ئێمە ئەمە بزانین و گۆڕانکاری پێ بکەین.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- چۆن گۆڕانکاری کردووە؟ لەگەڵ خەواریجدا چۆن هەڵسوکەوتی کردووە؟ ئەی چۆن لەگەڵ هاوەڵی بەڕێز موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- کە برا بوون، موسوڵمان بوون بەیەکەوە، چۆن توانییان بەیەکەوە دەست بخەنەوە ناو دەستی یەک و کۆتایی بهێنن بەو کێشانەی لە نێوانیاندا هەبوو، وە هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- چۆن وازی هێنا لە سوڵتە و دەسەڵاتەکەی خۆی، بۆ موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، کێ هەیە وازبێنێ لە سوڵتە و دەسەڵاتی خۆی بۆ برایەکی؟ ئەی بۆچی چاوێك لە کردارەکەی حەسەنی کوڕی عەلی ناکەن!

دەزانن پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت: ما من رجل يلي أمر عشرة فمافوق ذلك، إلا أتى الله عز وجل مغلولا يوم القيامة يده إلى عنقه فكه بره أو أوبقه إثمه، أولها ملامة وأوسطها ندامة وآخرها خزي يوم القيامة. صححه الألباني.

واتە: هەرکەسێ دە کەس لەبەردەستیدا بوو یاخود لە دە کەس زیاتر، خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا بە بەستراوی ئەیهێنێ، چاکەکانی دەیکاتەوە، یاخود خراپەکانی ئەوەندەی تر دەیەستێنەوە.

زۆرێکتان لە ئوممەتی ئیسلامی ئێستە ریشی موسوڵمانانتان لە ژێر دەستدایە، چی دەکەن ناترسن لەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ، سەیری چ پرۆژەیەک ئەخاتە پێش چاوی خەڵکی، بۆیە حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- تەنازولی کرد لە سوڵتە و دەسەڵاتەکەی و بەخشیە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان -ڕەزامەندي خوای لەسەر بێت-.

باس ئەوە کرا کە سیستەمی ئیسلامی لە ژیانی هەموو موسوڵمانێکدا دووبارە دەبێتەوە، بە داخێکی زۆرەوە ئێستە وای لێهاتووە، کە خەڵکێک وادەزانێ سیستەمی ئیسلامی بەجێهێڵراوە بۆ مێشکی مرۆڤ، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و بەجێنەهێڵراوە بۆ مێشکی مرۆڤەکان، بەڵکو خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ، سیستەمە سیاسیەکەی بۆ ئێمە دیاری کردووە.

خوای گەورە فەتحی قورئانی کردووە بە سورەتی فاتیحە، مەبەستمان لەوەیە ناسنامەی موسوڵمانیەتی ئێمەیە، وە کۆتایی دێنێت بە سورەتی (الناس)، کە باسی خەڵک دەکات، ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی گەل سەروەر بێت، بەڵام بەمەرجێک، کە بەندایەتی خۆی بیر نەچێتەوە

نووسینی: ماکوان کەریم

# گۆڕانکاری مێژووی گەلان

...ەرموێتك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان

خوای گەورە دەفەرموێت: قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، واتە: پەنا ... هەروەکو چۆن لەم سورەتە پیرۆزەدا، خوای گەورە دەفەرموێت: مَلِكِ النَّاسِ، واتە: کە پادشای خەڵکییە.

بگرن بە خوای خەڵکی، مَلِکِ النّاسِ، واتە: کە پادشای گەل، دەی ئەمە رێی نابێتەوە لە ئیسلام بە داخەوە ئێستە ئێمە دەمانەوێت گەل بکەینە پادشای گەل، دەی ئەمە رێی نابێتەوە لە ئیسلام دا، خوای گەورە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی داهێناوە، چونکە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی پەیوەندی هەیە بە بیروباوەڕەوە، بە حاکمییەتەوە، بۆیە خەڵکیش ئەتوانێ گۆڕانکاری بکات، بەڵام پێش ئەوە دەبێت لە سیستەمە سیاسیەکە تێ بگات، تاکو گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەی لە سیستەمی کۆمەڵگەیەکدا، لە سیستەمی ئابووریدا، لە سیستەمی سیاسییدا، وە لە هەموو سیستەمەکانی تریشدا بکرێت.

سیستەمی سیاسیش، بریتییە لە دەسەڵات لە نێوان حاکم و مەحکوم، کە گوتاری سیاسییە. دەبێت لە بیروباوەڕەوە سەرچاوە بگرێت، چونکە حاکمییەتە. سیاسەت بۆ خۆی لە بیروباوەڕەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو سیاسەت لە فیقهی ئیسلامییەوە سەرچاوە ئەگرێ، کەواتە جیاوازی حاکمییەت و سیاسەت ئەوەیە: سیاسەت لە فیقهی ئیسلامی وەرئەگیرێت و بەجێهێڵراوە، مرۆڤ بۆ خۆی ئیدارەی تێدا بکات و هەڵهێنجانی فکری تێدا بکات. بەڵام لە حاکمییەتدا هیچ مەجالێک نییە، دەبێت خوای گەورە حوکم بکات، پێغەمبەر ﷺ، دەستنیشانی سیستەمی سیاسیی ئیسلامی کردووە، کە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، پێویستە لەسەر ئێمە هەڵوێستەی لەسەر وەرگرین، وە پێویستە باسی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری لەناو گەلی خۆماندا بکەین وەکو موسوڵمان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا، کە ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە و ئیمامی ئەلبانی ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت- بە صەحیح دایناوە دەفەرموێت: تَكُونُ النُّبُوَّةُ فِيكُمْ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا اللَّهُ إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ، فَيَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ يَكُونُ مُلْكًا عَاضًّا، فَيَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنَاهِجِ نُبُوَّةٍ.

سەیرە کەوا خەڵکێک باس لەوە دەکات، ئیسلام سیستەم نییە و بەجێهێڵراوە بۆ عەقڵی خەڵکی، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەرێتی لەناو ئێوەدا دەست پێ دەکات، هەتا ویستی خوای گەورەی لەسەربێت. پاشان هەر خوای گەورە هەڵی ئەگرێ، کەواتە کە دەوترێت پێغەمبەرایەتی سیستەمێکە واتای ئەوەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ، خەڵکی بینا کرد، ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکەی دامەزراند، ئەوەی کە پێی دەوترێت بانگەواز و حەرەکەی ئەم ئیسلامە پێکهاتووە لە خەڵک و نوخبە و خاک. وە پاشان لە دوای ئەوەی دەوڵەت، سوپا، بازاڕ، پرۆژەی ئاو و بۆرسەی دامەزراند، هەروەها پاکی کردەوە لە خەڵکی جاسوس و دووڕوو و خەڵکی گێرەشێوێن، وە پاشان دەوڵەت و لەناو ئەمیشدا دەستوری دامەزراند، هەموو ئەمانە لە سیستەمی پێغەمبەرایەتیی بوو، کە سیستەمی پێغەمبەرایەتیش کۆتایی پێ هات، هەرگیزاو هەرگیز جارێکی تر دووبارە نابێتەوە و نایەتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت: لە دوای سیستەمی پێغەمبەرایەتی، سیستەمێکی تر دەست پێ دەکات، کە بریتییە لە سیستەمی خیلافەتی راشیدین، سیستەمی راشیدین، واتە سیستەمی پێکەبەستوو، ئەم سیستەمە لە سیستەمی دیموکراسییە و نە سیستەمی لیبراڵییە و نە سیستەمی

سەرمایەدارییە، هیچ سیستەمێک لەمانە نییە، بەڵکو سیستەمی راشیدینە یاخود خیلافەی راشیدینە، واتە سیستەمێکی پێگەیشتووە.
دێینەوە سەر باسی ئەوەی، کە وتمان ئەو ٥٣ ساڵەی ژیانی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ و ژیانی ٥ پێنج خەلیفەکەی راشیدین -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت- دەبێت دووبارە بێتەوە، لە ژیانی موسوڵمانانندا، ٥٣ ساڵ لە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی، کە دووبارە دەبێتەوە بە بەڵگەی ئایەتیش باسمان کرد، کە خوای گەورە دەفەرمووێت:... تَجِدَ لِسُنَّتِ اللهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللهِ تَحْوِيلًا سورە فاطر:٤٣، دەبێت دووبارە بێتەوە لە ژیانی موسوڵماناندا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکرێت، لە فەلەستین دووبارە دەبێتەوە، لە میسر دووبارە دەبێتەوە، لە شوێنەکانی تریش جیاوازی نییە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام گرنگە بزانین کام قۆناغیان دووبارە دەبێتەوە، ئایا قۆناغی ئیعدادی پێغەمبەرە ﷺ، یان قۆناغی دوای ئیعداد، ئایا قۆناغی چوون بەرەو طائف و روانیای رووبە، یان قۆناغی ساڵی ماتەمینی و گەمارۆی ئابوورییە لەسەر موسوڵمانان، یاوەخود قۆناغی رۆشتنی موسوڵمانانە بۆ حەبەشە و دەرەوەی وڵات، یان قۆناغی کۆچی هاوەڵانە لە شاری مەککەوە بۆ مەدینە، یان قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتە یان تەمکین و نەسرەت و... هتد.
سەردەمی هەڵگەڕانەوەی هەندێک موسوڵمان و چارەسەری لەلایەن ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دووبارە دەبێتەوە، یان سەردەمی هێز و تەمکین و دەسەڵاتی عومەری کوڕی خەتاب، یان سەردەمی پڕ لە فیتنەی عوسمانی کوڕی عەففان -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت-.
کەواتە دەڵێین سیستەمی سیاسیی ئیسلامی لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەردەوام دەبێت بۆ خەلیفەکانی راشیدین و تەنانەت ئوممەتی ئیسلامیش، سیستەمێکی سیاسی، کە پێغەمبەری خوا ﷺ، دەستنیشانی دەکات بۆ ئوممەتەکەی و دەفەرمووێت: ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ. ئەم مِنهاج النبوة. واتە: ئەو پێگەیشتووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان باس دەکات، ئەمە سیستەمە سیاسیەکەیە و سیستەمە رێکەکەیە.
کێشەی ئێمە ئەوەیە، کە لە مێژوو شارەزا نین، بۆیە گۆڕانکاری ئەستەمە لامان، پێمان وایە سیستەمی ئیسلامی تاوەکو سەردەمی خولەفای راشیدین بەردەوام بووە و ئیتر کۆتایی پێهاتووە، لە راستیدا ئەمە راست نییە و تەسەورێکی زۆر هەڵەیە، سیستەمی خیلافەتی راشیدین سەدانجار دووبارە بۆتەوە و دووبارەش دەبێتەوە.
هەرکەسێک لەسەر رێوشوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ، هاوەڵ بوویێت، تەواو خیلافەتی راشیدینە، عومەری کوڕی عبدالعزیز خیلافەتی راشیدینە، ئەبوبەکری عومەری لەمتونی خیلافەتی راشیدینە، شێخ عبداللە یاسین و دامەزراندنی دەوڵەتی مرابطین خیلافەتی راشیدینە، ئیبراهیمی جودالی لە مۆریتانیا خیلافەتی راشیدینە، یوسفی کوڕی تاشفین خیلافەتی راشیدینە -ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت-.
پیاوێکی وەکو محمدی کوڕی تومرت، کە دەوڵەتی موەحدینی دامەزراند لەبەرئەوەی پیاوێکی کەندەڵ بووە، هیچ کەس ناتوانێ بڵێ پیاوێک بووە لە خیلافەتی راشیدین، با زیرەکیش بووبێ، با بە تواناش بووبێ، با بەهێزیش بووبێ، بەڵام سەرکەوتنی دەوڵەتی موەحدین پەیوەندی بەدوای

ئەوەوە هەیە دوای ئەو، کەسێکی چاکساز هاتووە، هەروەها سیستەم و دەسەڵاتی دەوڵەتی موحدین لەسەر بنەڕەتی خیلافەتی راشیدین بوو، کە عەلی کوڕی موئمین و دوای ئەویش ئەبو مەنصوری موەحیدی -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- کە توانییان لەسەر سیستەمێکی راشیدین بڕۆن. هەروەها پیاوانێکی سەر راستی وەکو نورەدین مەحموود، عیمادەدین زەنکی، ئاق سنقوری باوکی عیمادەدین زەنکی، ئەسەدەدین شێرکۆ، صەڵاحەدینی ئەیوبی، ئەلب ئەرسەلان، مەلیک شای کوڕی ئەلب ئەرسەلان، هارونە رەشید، یان کەسێکی وەکو ئەبو جەعفەری مەنصور، کە دووساڵ پێش وەفاتی وازی لە هەموو شتێک هێنا و گەڕایەوە سەر سیستەمی راشیدین، یان سەرکردەیەکی وەکو عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە، یان عەبدوڕەحمانی ناوەڕاست یاخود عەبدوڕەحمانی ناصر -ڕەحمەتی خوا لە هەموویان-، ئەمانە هەموویان لەسەر خیلافەتی راشیدین بوون و بەرنامەی خیلافەتی راشیدینیان جێبەجێ کردووە.

یان پیاوێکی بەڕێزی وەکو عوسمانی کوڕی ئارتوغرول -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، کە دەوڵەتی عوسمانلی کەیاندە لەوپەڕی دەسەڵات، یان کەسانێکی وەکو محمدی بەربەرۆس ریش سوور و سولەیمانی قانونی -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت-، ئەمانەش بەهەمان شێوە لەسەر بەرنامەی خیلافەتی راشیدین بوون و سیستەمی راشیدینیان پەیڕەو کردووە و لایان نەداوە لەو سیستەمە، بە بێ هەڵەش نابێت، چونکە ئەمانە مرۆڤ بوون و هەڵەکردنی مرۆڤیش شتێکی سروشتییە، لەم بارەیەوە پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ، دەفەرموێت: کل ابن آدم خطاء، وخير الخطّائين التوابون. واتە: هەموو مرۆڤێك شایەنی هەڵەیە و هەڵەش دەکات، بەڵام دوای ئەوەی، کە هەڵەی کرد هەڵەکانی چاک دەکات، وە خوای گەورەش سەربەستیی و ئازادیی و سەرکەوتن ئەبەخشێ، لە بەرانبەر ئەوەدا دەبێت دوو شت ئەنجام بدات، تەسبیحاتی خوای گەورە بکات و هەمیشە لە عیبادەتی خوای گەورەدا بێت، ئەگەر تاوانێکیشی کرد، بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

خوای گەورەیش دەفەرموێت: فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا ﴿٣﴾، النصر. واتە: ئەوسا ئیتر تۆ سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە و داوای لێخۆشبوونی لێ بکە، بەڕاستی خوا زۆر چاوپۆشی دەکات و تەوبە وەرگرە. ئومێدە لە ئایندەیەکی نزیکدا، خوای باڵادەست سەرکەوتنێك بەخشێت، لەو کاتە ئیمانداران هەست دەکەن ئەم سورەتە تازە دابەزیوە.

کەواتە فەتحەکە بەستراوە بەم دوو مەرجەوە، کە خوای گەورە دایناوە، خوای گەورە دەفەرموێت فەتحت پێ ئەبەخشم بە مەرجێک: وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾، النصر. ئینجا خەڵکیت بینی هاتنە ریزی ئاینی خواوە پۆل پۆل و دەستە دەستە.

(وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا) بەچی؟ بە هۆکاری ئەوەی کە تۆ (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا)، واتە: تۆ تەسبیحاتی خوای گەورە بکەی و داوای لێخۆشبوونیشی لێ بکەی.

ئەمە تەنها پەیوەست نییە بە خەڵکە عامەکەوە، بەڵکو هاوەڵانیش -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت- دەگەڕێنەوە و ئەوانیش هەڵەیان کردووە، تەنانەت هەڵەی گەورەش، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ، زۆرجار خۆی لێ بەری کردوون، بەڵام بەزوویی گەڕاونەتەوە بۆ لای خوای گەورە و داوای لێخۆشبوونیان کردووە، هاوەڵ هەبووە جاسوسی کردووە وەکو أبو لوبابە، ئەوانەی کە

ئەچن بۆ حەج کاتێک ئەچنە ناو مەرقەدی پێغەمبەری خوا ﷺ، کۆڵەکەیەک ئەکەوێتە بەرچاویان، ئەم کۆڵەکەیە ناوی تەوبەیە، ئەم هاوەڵە بەڕێزە -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بەس بە چاو ئیشارەتێکی کرد بۆ جوولەکەیەک و ئاگاداری کردەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دێت و دەیەوێ لەناوتان بەرێت، دوایی بیری کردەوە کارێکی هەڵەی کردووە و بە جاسوسی حسابە، هات خۆی بەست بە کۆڵەکەوە و فەرمووی هەتا خوای گەورە وەحیم لەسەر دانەبەزێنێ خۆم ناکەمەوە.

هەروەها پاش ئەوەی، کە چەند هاوەڵێکی کەم ئەڕۆشتن بۆ جیهاد و خۆیان لادا، خوای گەورە ئەمری کرد بە هاوەڵان، کە قسەیان لەگەڵ نەکەن، چونکە تاوانێکی گەورەیان کردووە، هەروەها خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ئەوەندە کوشتاری کرد، کە پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ، ناچار بێت بفەرموێت: من لە کارەکانی خالید بێ بەریم، بەڵام خۆ دواتر هەر خالید بوو نازناوی سیف الله مسلولی وەرگرت لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ، کەواتە بەدەر لە پێغەمبەران -علیهم السلام- مرۆڤ بە سروشتی ژیان هەڵە دەکات، پێغەمبەرانیش بە ویستی خوای گەورە بێ هەڵەن مەعصومن.

کەواتە سیستەمە ڕاشیدینەکە هاوەڵانیش پەیڕەویان کردووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێت ئەم سیستەمە سیستەمێکی پێگەیشتووە و ئێوە ئەتوانن بەکاری بێننەوە، کەواتە خەڵکی تریش پیادەی ئەم سیستەمەیان کردووە، وە هەر لەناو ئوممەتی ئیسلامییدا سیستەمێکی تر دێتە پێشەوە، کە باسی لێوە دەکات پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ثم تكون ملكًا عاضًا، پاشان پادشای بۆماوەیی پشتا و پشت دێت، کە لە دوای سیستەمی ڕاشیدین حوکم دەکەن، لە سەردەمی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، ئەمەش شتێکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا یەک ئەگرێتەوە، بە واتای کافربوون یاخود خراپەکاری نییە، هەروەها بەواتای ئەوە نییە کە ئیتر هەرکەسێک پەیڕەوی حوکمی پشتاو پشتی کرد و قەپی کرد بە کورسییەکەی دا و ئەوە لە دوای ئەوە هاتنە پێشەوە، ئیتر ئەمە حەرامە و نابێت، ڕاستە ئەمە داهێزاوە و لەوە باشتر هەیە، کە سیستەمە ڕاشیدینەکەیە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ، باسی لێوە کردووە و ئاماژەشی داوە کە لەناو موسوڵمانانندا روو دەدات.

ئەشێ کابرا پشتا و پشت میراتی بیربکاتەوە و مەلیکێکی عاز بێت، بەڵام دادپەروەر بێت، چ گرفتێکی تێدایە کوڕ و باوکێک بەدوای یەکدا بێن، بەڵام بە مەرجێک دادپەروەر و باش بن بۆ خەڵکەکە، هەروەها دیندار بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانمان لەوە نییە، کە تەنها خیلافەتە ڕاشیدین سیستەمە پێگەیشتوو و یەکەمینەکەیە، ئەمە واتای ئەوە نییە تۆ ڕەخنە بگری لەوەی، کە پەنا بەخوای گەورە مادام موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، یەزیدی کوڕی خستۆتە جێگەی خۆی، ئیتر پیاوێکی خراپەکار بووە، شتێکی سەرنجڕاکێشە، کە زۆرێک لە ئەهلی سوننە چۆن ئەتوانن بەرامبەر یەزیدی کوڕی موعاویە قسە بکەن، لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت:
أَوَّلُ جَيْشٍ مِنْ أُمَّتِي يَغْزُونَ مَدِينَةَ قَيْصَرَ مَغْفُورٌ لَهُمْ. رواه البخاري، ٢٩٢٤.

ئەو سوپایەی، کە بەرەو شاری قەیسەری قوسطەنطینییە دەڕوات، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە لێیان خۆش بووە، یەزیدی کوڕی موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان

سەرکردەی ئەو لەشکرە بووە -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت-، ئایا چۆن دەتوانی قسەی پێ بڵێی؟
خەڵکێک پێی وایە مەشروب خۆر بووە، لەلای خەڵکێک کە ناوی ئەبرق بە کەسێکی خراپەکار دێتە بەرچاوی، ئەم یەزیدە لە جێگەیەکدا پەروەردە بووە، کە هەمووی کوڕە هاوەڵ بوون لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عباس و نموونەی ئەودا ژیاوە و پەروەردە بووە، ڕۆژێک لەڕۆژان لە شاری دیمەشق نەبووە.
هەر لەناو موسوڵمانانیشدا سیستەمی تریش دێتە پێشەوە و جێبەجێش دەکرێن وەکو سیستەمی جەبابیرە، ئەم سیستەمی جەبابیرە ئەشێ پیاوانێکی خراپەکاری وەکو حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بێ، ئەشێ پیاوێکی وەکو بەرقیا روق بێ، یاخود پیاوێکی خراپەکاری وەکو رزوایی کوڕی تورتووش بێ، یان پیاوێکی خراپەکاری وەکو عاضدی فاتمی بێ، کە لەگەڵ سێ ملوکی خوشکی دا رابیواردووە، جگە لەوەش پەنا بەخوای گەورە خۆی بە خوا دەزانی، ئەم گەندەڵییانە و ئەم حوکمی دیکتاتۆرییانە لەناو ئەهلی ئیسلامدا هەبووە و هەیە.
ئەم سیستەمانە و چەندانی تریش زادەی فیکری مرۆڤن، هێناویەتە پێشەوە، کابرایەکی وەکو حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی لەناو ئەهلی ئیسلامدا بووە، بەڵام ڕۆژێک لەڕۆژان شەرعی خوای گەورەی قەبووڵ نەبووە، بەڵکو شەرعی خوای گەورەی گۆڕیوە، وە تا بڵێی پیاوێکی جەبابیرە و خوێنڕێژ بووە، یان کەسێکی وەکو تەیموری لەنگ، کە هەموو قورئانی لەبەر بووە و بە هەردوو دەستی شمشێری ئەوەشاند بۆ ئەم ئیسلامە، بەڵام بۆچی لای خەڵک خۆشەویست نییە؟ بۆ بە حوکمی جەبابیرە کاری دەکرد؟ لەبەر ئەوەی پیاوێکی خوێنڕێژ بوو، بە یاسا و یاسقەکەی جەنگیز خان حوکمی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دیندار بوو، بەڵام جەبابیرە دیکتاتۆر، زاڵم بوو، خراپەکار بوو، کەواتە سیستەمی ئیسلامی بۆ خۆی دەستنیشان کراوە.
زۆرێک هەوڵیاندا بۆ چاکسازی دوای ئەوەی، کە گەندەڵیی و خراپەکاری رووی کردبووە وڵاتەکەیان، نموونەی سوڵتان عەبدولحەمید -ڕەحمەتی خوای لێ بێت - نموونەیەک وەردەگرین لە ژیان، گۆڕێنکاری و ڕەوشی ناوچەکە و کوردستانیش بەتایبەتی.
لە ساڵی ١٨٧٦-١٩٠١زاینی، سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان عبدالحمید دێتە ئاراوە -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ئەم سەردەمە قۆناغێکی زۆر گرنگە بۆ مێژووی گەلی کورد. لەم قۆناغەدا ململانێیەکی داگیرکەرانە دێتە دی لەسەر هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە باکووری کوردستان دەکات، زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردنشینن، وە لەم ناوچەیەدا هێزی کوردی هەیە و کاریگەری زۆر گرنگی هەبوو لەو ململانێیەدا. ئەو ململانێیە بووە هۆی ئەوەی، شەڕی ناوخۆ لە هەرێمەکاندا دروست ببێت، لەنێوان کورد و ئەرمەن دا.
لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئاماژەیەک بە خەلیفەی موسوڵمانان سوڵتان عبدالحمید بکەین، کە یەکێکە لە کەڵە پیاوانی ئەم ئیسلامە، هەر ئەم پیاوە بەڕێزە بوو توانی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ خیلافەتی ئیسلامی بهێڵێتەوە، لەهەمان کاتدا سیاسەتێکی زۆر باشی پیادە کرد لەناو کورددا، کە باسێک دەکەین لەو هێزە کوردییە حەمیدییە کە لەناوچەکەدا دروست بوو.

كاتێک سوڵتان عبدالحمید هاتە سەر دەسەڵات لە ئەنجامی ئەو كودەتا سەربازییە بوو، كە چاكسازان (الإصلاحات الغربیە) ویستیان بیكەن لەناو دەوڵەتدا لەدژی سوڵتانێكی وەك عبدالعزیز، سوڵتان عبدالحمیدیش خۆی یەكێک بوو لە چاكسازان، كە لەو گروپەدا كاری دەكرد، بۆیە بەهاتنە سەرحوكمی هەرچی خەڵكە دیندار و دەستپاكەكە بوو دایمەزراند، لەوانە مدحت پاشای كردە سەرۆكی وەزیران، كە پێشتر خۆی والی بەغدا بوو، ناسرابوو بە كەسێكی بەتوانا و بەهێز لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا "لیداری بوو"، سوڵتان عبدالحمید سەرلەنوێ دەستورێكی تازەی نووسییەوە و دیوانی لێكۆڵینەوەی دروستكرد، هەروەها دیوانی چاودێرانیشی دروستكرد. بۆیە لەدوایدا لەیادگاری نامەكەی سوڵتان عبدالحمیددا هاتووە و باس دەكات، كە دووجۆر چاكسازان و گۆڕانكاران هەبوون، یەكێک لەوانە ئەو چاكەخواز و بانگەواز چییە موسوڵمانانە بوون، كە دەیانویست سەرلەنوێ لەناو ئیمپراتۆرییەتیی عوسمانلییدا دینداری و دەستپاكیی و خۆشەویستی بۆ ئیسلام بگەڕێننەوە. باڵێكی تری ئیصڵاحییەكان بریتیی بوون لە ڕێكخراوە یەهودییەكان، وەك ڕێكخراوی ماسۆنی و لیۆن، ئەمانیش لە ڕێگەی سەفارەتەكانی بەریتانیاوە بەهەموو شێوەیەك نفوزی خۆیان پەیدا كردبوو، بەناوی چاكسازیەوە لەناو دەوڵەتی عوسمانلیی دا، ئەوەی سەرپەرشتیاری ئەم مەحفەلانە "ڕێكخراوانە" بوو، یەهود ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەكرد و مدحت پاشا یەكێک بوو لەو كەسانەی، سەربەم ڕێكخراوە بوو و ئەندامێكی چالاک بوو، بۆیە داوای دەستورێكی پەرلەمانیان دەكرد. سوڵتان عبدالحمیدیش دەیزانی دەستوری پەرلەمانی، واتە نەهێشتنی خیلافەتی ئیسلامی، چونكە دەیزانی ئەوانە گروپێكن دەیانەوێ دابوونەریتی لادینی سیكۆلار بڵاوبكەنەوە لەناو كۆمەڵگەی عوسمانلیی دا، هەر ئەوەبوو بەدەستوری مدحت پاشای لابرد، پاشان دەڵێن بەهۆكاری ئەوەش بوو، كە فێری ماددە بێهۆشكەرەكان و مودمین بوو لەسەر ئەلكهول.

ئەمە یەكێک بوو لەو بەرەبەرەكانێ گەورەیەی، كە تووشی سوڵتان عبدالحمید هات، فكری ماسۆنی لادینی لە ئیمارەتەكانی عوسمانلیی دا بە تەواوەتی پەرەی سەندبوو، پشتگیر و پشتیوانانی ڕێكخراوە ماسۆنییەكان لەژێر دروشمی ئیصڵاحی و چاكسازی و بانگەوازی گۆڕانیان دەكرد، هەروەک ئاماژەمان بۆ كرد، ئەوانە پەیوەندیان بە یەهود و سەفارەت و كونسوڵە ئەوروپییەكانەوە هەبوو. بەهاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان عبدالحمید تووشی شكستییەكی ئابووری زۆر گەورە بووەوە لەناو ئیمپراتۆرەتەكەی دا، كە قەرزی ئەو دەمە خۆی دەدا لە ٣٠٠ ملیۆن لیرەی ئاڵتونی عوسمانلی،.كە تەنها قەرزاری وڵاتانی دەرەوە بوو، بێجگە لەو هەموو كێشە ناوخۆییە، كە ڕووبەڕووی بوویبۆوە.

كێشە دەرەكییەكانیش بریتیی بوون لەوەی لە وڵاتانی بولغاریا، صربیا و میسری ئێستە، خۆیان بەتەواوەتی لەلاشەی ئەو دەوڵەتە دابڕی، لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە ئەم كێشانەی ڕووبەڕوو بوویبۆوە، وە لەهەرێمەكانی ئەنادۆڵی ئاسیاوە، كە ناوجەرگەی وڵاتی عوسمانلی دەكات، تووشی كێشەی گەورەتر بوو، كێشەكانی ئەرمەن و ناوچەكانی قەفقاز و ڕوسیا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم كێشانە سوڵتان عبدالحمید چەند ستراتیژیەتێكی دانا، كە كاریان لەسەر بكات و ڕووبەڕووی ئەو هەموو كێشانە ببەستێتەوە.

## ستراتیژییەتەکانی سوڵتان عبدالحمید

یەکەم: نەهێشتنی گەندەڵی کارگێڕی، نەهێشتنی سەربەخۆ کارکردن بە سەروەت و سامانەوە دەکردەوە، هەروەها زۆر جەختی زۆر جەختی لەسەر پیادەکردنی دابوونەریتی رەسەنی ئیسلامی دەکردەوە، کە دەبێ ئەو رەوشتانە زیندوو بکرێنەوە. بۆیە سەرەتا لە لەسەر رەوشتی ئیسلامیی دەکردەوە، کە هەبوو هەمووی کرد خۆیەوە دەستی پێ کرد. ئەو کۆشک و تەلار و باڵەخانە بەرزانەی، کە هەبوو هەمووی کرد مولکی دەوڵەت، خانوویەکی زۆر سادە و ساکاری بۆ خۆی دروستکرد و چووە ناوی و وازیشی هێنا لە خۆشییەکانی ژیان، زۆر جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کاربەدەستانی بەردەوام وابەستەبن بە مزگەوتەوە و نوێژەکانیان بە جەماعەت لە مزگەوت بکەن و لە نوێژی جومعەکانیدا ئامادە بن.

هەموو کۆشکەکانی سەرای طۆبقاپی کە لە باو و باپیرانییەوە لە ئەستەنبوڵ بۆی مابووەوە، کردیە زانکۆ بۆ خوێندنی زانستە شەرعییەکان و زانستە مرۆییەکان، ئەو سەروەت و سامان و ئاڵتونەی کە بۆی بەجێ مابوو بەکاری هێنا بۆ زیندووکردنەوەی خاکی عوسمانلی بۆ چاکسازی رێگەوبان و خزمەت گوزارییەکان، هەروەها باج و سەرانەی لەسەر خەڵکی کەم کردەوە، هەرکەس خاکێکی زیندوو بکردایەتەوە خاکەکەی دەبەخشی بەخۆیی و ماڵیاتێکی کەمی لێ وەردەگرت ساڵانە بەکورتی دەمانەوێت بڵێین؛ سوڵتان عبدالحمید ویستی ئەوە بوو، کە ئیدارەیەکی بەهێزی ئیسلامی دامەزرێنێت.

دووەم: زیندووکردنەوەی بیری خیلافەتی ئیسلامی لەناو گەل و هۆزە موسوڵمانەکان دا، پێشتر سوڵتانەکانی عوسمانلی هیچ گرنگییەکیان نەدابوو بە دامەزراوەکانی خیلافەت، تەنها سوڵتان عبدالحمید چەندەها زانا و کەسایەتی بەرزی ئیسلامی دامەزراند لە عەرەب و لە کورد. سوڵتان عبدالحمید زۆر جەختی لەسەر خۆشەویستی نێوان گەل و هۆزەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکەی دەکردەوە، زۆر گرنگی دابوو بە شێخانی تەریقەتەکان و سۆفییەکانی زۆر لەخۆی نزیک کردبووەوە.

سێیەم: دانانی پیلانێک زۆر بەهێز بۆ رزگارکردنی ئابووری دەوڵەتی عوسمانلی، کە لە رووی ئابوورییەوە بەتەواوەتی رووخا بوو، گرنگی تەواوی دا بە دروستکردنی قوتابخانە و پەیمانگەکان و زانکۆ لەهەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتدا. سوڵتان عبدالحمید ئیمتیازاتێکی زۆری دا بەو کارخانانەی، کە لە ئەوروپاوە هاتبوون بۆ دەرهێنانی کانزاکانی ژێر زەوی و زۆر گرنگی دەدا بە چاکسازی رێگەوبان و دروستکردنی وێستگەی شەمەندەفەر و بەستنەوەی خەتی بەغدا بە دیمەشقەوە، دیمەشق بە حیجازەوە و دیمەش بە بەرلینەوە.

چوارەم: بەهێزکردنی یەکە سەربازییەکان، سوڵتان عبدالحمید بەردەوام ئەو سیاسەتەی سوڵتان عبدالعزیزی گرتبووەبەر، کە گرنگی دەدا بە سوپا لە رووی چەک و جبەخانەوە، گرنگی زۆری دابوو بە سوپای دەریاوانی.

پێنجەم: گرتنەبەری رێگەیەکی زۆر بە حیکمەت لە سیاسەتیی دەرەوەدا، سیاسەتی "الحیاد" گرتەبەر، سوڵتان عبدالحمید دەوڵەتەکەی نەیدەتوانی رووبەڕووی ئەو هەموو هێزە ئەوروپیە ببێتەوە بەیەکجار، بۆیە توانی ئەو ململانێیە بگوازێتەوە بۆ ناو خاکی ئەوروپا، توانی

هاوپەیمانییەک لە نێوان خۆیی و ئەڵمانیادا دروست بکات بۆ پشتگیری لەخۆی، ئەوەندە کاریگەری هەبوو. وە کەسایەتییەکی ئەوەندە کاریزما بوو چەندجار ویستیان تیغتیالی بکەن لە رێگەی چەتەو مافیاکانی ئەرمەنیا و ماسۆنییەتی یەهودەوە، هەر لە سەردەمی ئەویشدا بۆ بەکەمجار دەزگەی ئاسایش زۆر بەرەوپێش چوو.

سوڵتان عبدالحمید فشاری ماسۆنییەتی زۆر لەسەر بوو بۆ ئەوە صەهیۆنییەکان لەهەموو جیهانەوە کۆچ بکەن بۆ فەڵەسطین، بۆیە کاتێ تیۆدۆر هێرتزل سەرۆکی صەهیۆنییەتی جیهان دانیشت لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیددا، ویستی سەربەستی بکات و تەماعی پارەی زۆری بداتێ بە فرۆشتنی خاکی فەڵەسطین بۆ یەهود، کە ئەگەر ئەو خاکە بدا بە یەهود، ئەوە هەرچی قەرزی دەوڵەتی عوسمانلی هەیە دەیداتەوە، واتا ویستی رەشوە بداتە سوڵتان، بەڵام سوڵتان ئەوەی بەتەواوەتی رەتکردەوە و پێی وت: ئێوەی یەهودی لەهەموو جیهاندا دەتان چەوسێننەوە، وە لە ئەوروپا لەناو چەوساندنەوە رادەکەن، هەموو دەرگەکانی دەوڵەتی عوسمانلی کراوەیە بە رووی ئێوەدا کە بێنە ناوی، ئەگەر ئەشتانەوێت خاکی فەڵەسطین لەمن بکڕن، ئەوە من ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە ئاگاتان لە پارەکانی خۆتان بێ، چونکە ئەم خەونەی ئێوە قەت نایەتە دی هەتاکو من لەژیاندا بم، بەڵام دڵنیاش بن لەوەی بە مردنی من یان بە داماڵینم لە دەسەڵات ئێوەی یەهود فەڵەسطینتان دەست دەکەوێت بە بێ پارە.

هەر لەو کاتەوە یەهود ویستی سوڵتان عبدالحمید لەناو بەرێت بۆ ئەوەی فەڵەسطین داگیر بکەن، چونکە تاکە بەربەست ئەو بوو بۆیە زۆر چالاک بوون. یەهودیەکان لە رووخاندنی دا هەرچی رێکخراوی ماسۆنی هەیە لەگەڵ رێکخراوەکانی تری ئەوروپادا بەهەمان شێوە سەفارەت و کونسوڵییەکان کەوتنە تەشهیرکردنی سوڵتان عبدالحمید و هەموو رۆژنامە ئەوروپییەکان هێرشێکیان راگەیاند کە بەجۆرەها شێوە ناو و ناتۆرەی ناشیرنیان لێنا، لەو دەمەش دا جەنگی کوردو ئەرمەن دەستی پێ کرد و ئەستەنبوڵیش بەهەموو شێوەیەک دژی ئەرمەنەکان وەستایەوە، چونکە ئەوانیش دژایەتی سوڵتانیان دەکرد، هەرچەندە ئەم جەنگە هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ هێزە دەرەکییەکان، سوڵتان عبدالحمید بیری لەوە کردەوە کە چۆن خیلافەتی ئیسلامی بپارێزێت، چونکە ئەو هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو کە سیمای خیلافەتی ئیسلامی بهێڵێتەوە، لەبەرانبەریشی دا یەهود و ماسۆنییەت و دەوڵەتەکانی ئەوروپا برەویان دەدا بە بیرۆکەی لادینی سیکۆلار، وە لەهەمان کاتدا بانگەشەکردن بۆ نەتەوەپەرستی و تایفەگەرایەتی لەنێوانی موسوڵماناندا.

سوڵتان عبدالحمید لە نووسینەوەی یاداشتەکانی دا دەڵێت: من زۆر هەڵە بووم لەوەی کە زۆر بەخشندە بووم بەرانبەر بەو کەسانەی تاوانیان ئەنجام دەدا و زۆر لێبووردەبووم بەرانبەریان.

هەرچەندە سوڵتان عبدالحمید خۆی پیاوێکی زیرەک و دڵناو خاوەن طموحێکی زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رەخنە لەخۆی دەگرێت هەمیشە بەرهەڵستکارەکانی بۆ ماوەیەک لە زیندان دەهێشتەوە و دوای ئەوە ئازادی دەکردن، یاخود نەفی دەکردن، وە هەر هۆکاری ئەوەش بوو ئەو کودەتایەی ماسۆنی، کە بەسەرۆکایەتی پارتی ئیتحاد و تورەقی لەساڵی ١٩٠٨دا سەربکەوێت، کاتێکیش کە ئەو حزبە نەتەوەپەرستە هاتە سەر دەسەڵات بەناوی ئازادی دەستورەوە دیموکراسی

بانگەشەی بۆ کردو سەرەتای فۆناغێکی تازە بوو لە وڵاتی موسوڵمانان دا، ئەم پارتە کە پارتێکی قەومی تورکی بوو هەموو گەل و هۆزەکانی تری لەناو برد بۆ سەرخستنی خۆی، دەوڵەتی تورکی جەنگێکی زۆر گەورە کرد، لەو نێوەندەش دا جەنگی جیهانی یەکەم رووی دا کە موسوڵمانان هیچ دەستێکیان تێدا نەبوو بە هۆکاری ئەوە زۆربەی ناوچەکانی دار ئیسلام لەنێو هەموویانەوە فەلەسطین کەوتەوە ژێر دەستی داگیرکەران.

## سوارچاکانی حەمیدیە یاخود سوارچاکانی کورد؟

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوە رۆژئاواییەکان لەسەر ئەم سوارچاکە حەمیدیانە لێکۆڵینەوە و پشکنینیان ئەنجام داوە بە شێوەیەکی گشتی، هەرچەندە وڵاتانی رۆژئاوایی بەشێوەیەکی نەرێنی وێنەیان کردووە بۆ ئێمە.

لێکۆڵەرەوێکی سۆڤیەتی، کە ناوی ئەفیر بالۆفە، قسە لەسەر سوارچاکانی حەمیدیە دەکات، هەرچەندە ئەمیش بەگشتی ئەو سەرچاوە و لێکۆڵینەوانەی، کە دەستی کەوتووە لەسەر کورد، سەرچاوەکەی بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی حکومەتی رووسی قەیسەری ئەو سەردەمە، کە هەموو راپۆرتی کۆمەڵە ئەرمەنییەکان بوو لەسەر کورد، هەرچەندە ئەوەشمان لەبیر نەچێت زۆربەی زۆری سەرچاوەکانی سوارچاکانی حەمیدیە هەر لە ئەرشیفی وڵاتی روسیادا دەست دەکەوێت، چونکە زۆربەی سەرچاوەکان لە دەوڵەتی عوسمانلی دا ئیتحاد تورەقیەکان شاردبوویانەوە ئەو دەمە، بەڵام ئێستە لە تورکیادا ئاشکرایە.

لە ساڵی ١٨١٩ دا سوڵتان عبدالحمید فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنی هێزی سوارچاکان لەناو کورددا، لەو ناوچانەی نزیکی ئیمپراتۆرییەتی روسیا بوون، واتە لە رۆژهەڵاتی تورکیای ئێستە، بریار دەرچوو ئەم هێزە هێزێکی سەربازی نییە، واتا هیچ پەیوەندییەکی بە سوپای ئەو دەمەی عوسمانلییەوە نەبوو، وە ئەم هێزانە کە دروستکران هەموو کەسێک تێیدا دەیتوانی ببێتە ئەفسەرێکی پلەداری زۆرگەورە و جەنەراڵ، کە دەیتوانی ماوەی بیست و سێ ساڵ خزمەت بکات، هەرچەندە ئەم بیست و سێ ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام نەبوو، واتە بەشێوەیەکی کاتی بوو، وە زانکۆی سەربازی بۆ دەکرایەوە لە ناوچەکانی خۆیان دا و بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەروەها بەم شێوەیەش پۆلێن کرابوون:

یەکەم: سوارەی سەرەتایی الإحضارية: بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستی دەکرد بە مەشق لەناو ئەو زانکۆیەدا، بەڵام مەرج بوو کە تەمەنی ١٧ ساڵ بێت وە لەناوچەکانی خۆیان دا بێت.

دووەم: سوارەی پاسایی النظامية: ماوەی ئەمەش دوانزە ساڵ بوو، بەڵام بۆ ماوەی پێنج پێنج، واتە هەمووی بەسەریەکەوە نەبوو، وە ئەم سوارە پاسایانە تەمەنیان لەنێوانی ٢٠-٣٢ ساڵ بوو کە دەبوایە پەیوەندیان بەم بەشەی زانکۆکەوە بکردایە، کە بەردەوام لە خوێندن و مەشقدا بوون و دەبوو ئامادەباشی خۆیان دەربڕیبایە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا، ئەگەر بانگەوازی جەنگ بکرایە لە ئەبێت چەک و ئەسپ و ئەقەمەنییەکانیانەوە بن.

سێیەم: سوارچاكانی ئامادەباش الأحطیاط:كە ماوەی ئەم سوارانەش ٨ ساڵ بوو، وە تەمەنیان دەبوو لە ٣٢-٤٠ ساڵ بووایە، بەڵام ئەمانە بەهیچ شێوەیەک مەشقیان نەدەكرد، چونكە ئەمانە لە ئامادەباشی دابوون بۆ كاتی پێویست، بەڵام مەرج بوو كە مەرجەكانی سوارەییان تێدا بووایە، جاروبارێش دەسەڵاتدارانی عوسمانلی خولی یەک تا سێ مانگیان بۆ ئەو سوارانە دەكردەوە، جۆری گشتی ئەم سوارچاكی حەمیدیانە هەمیشە ژمارەیان لە ٨٠٠-١٠٠٠ سوارچاک دەبوو، لە هەموو لیوایەكدا فەوج و لە هەموو فەوجێكیش ٣-٦ كەتائیب بوون وە هەموو كەتیبەیەكیش لە ٢٠٢ سوارچاک پێک دەهات، لە هەرەمی هەموو فەوجێكدا جەنەراڵێكی سەربازی ئەكادیمی دادەنرا ئەم ناوچە عەشایەریە كوردانە زۆر سوودمەندبوون لەم سیستەمی سوارچاكی حەمیدیە، چونكە هەركەسێک بەشدار بووایە لەم سوپایەدا هیچ باج و خەراجێكی بە دەوڵەت نەدەدا، وە هەركەسێكیش بەشداری بكردایە زەویەكی پێ دەبەخشرا، كە لە دەوڵەتی سوڵتان عبدالحمیددا نابرابوو بە زەوی ئەمیرەكان، هەموو سوارچاكێک دەبووە خاوەنی زەویەک و هیچ سوارەیەكی حەمیدیە هیچ دادگەهكی مەدەنی نەیدەگرتەوە، سوڵتان عبدالحمید خۆی گرنگی زۆرباشی دابوو بەو سوارچاكە كوردانە، چونكە كۆڵەكە و پایەیەكی زۆرباش بوون بۆ راوەستاندنی خیلافەتی ئیسلامی، ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی زەكی پاشای دامەزراند، كە مێردی خوشكی سوڵتان عبدالحمید بوو، وە چوارەم كەسایەتی ناو سوپای عوسمانلی بوو لەناوچەكانی ئازەربایجان، كە زەكی پاشا خۆی كورد بوو بۆ هاندانی عەشایەرە كوردەكان بۆ تەشكیلاتی سوارچاكانی حەمیدیە، وە سوڵتان عبدالحمید داوای كرد لە زانایانی كورد بچنە ناو ئەو سوپای سوارچاكانەوە بۆ ئەوەی بەرگریی لە ئیسلام و لە شەرەف و لەو نیظامە خیلافەتیە بكەن و جیهاد بە پیرۆز رابگرن.

و لەتیوەندەدا زانایان و شێخانی تەریقەتی سۆفی دەورێكی زۆر گرنگیان هەبوو بۆ هاندانی كورد بۆ چوونە ناو سوارچاكانی حەمیدیەوە لە ساڵی ١٨٩١ دا، لە ئەستەنبوڵ كۆنگرەیەكی كوردی زۆر گەورە بەسترا هەرچی سەرۆک عەشایەر و زانا و شێخی تەریقەتەكان بوو بەشدار بوون تێیدا و سوڵتان عبدالحمید خۆشی لەم كۆنگرەیەدا بەشدار بوو كە باسكردن بوو لە زیندووكردنەوەی جیهاد و بیروباوەڕی ئیسلامی و هێشتنەوەی سیمای خیلافەت.

## هۆکاری دروستبوونی سوارچاکانی حەمیدیە

لێکۆڵەرەوەی سۆڤیەتی یەهودی لازاریف دەڵێت: هۆکاری دروستبوونی سوارچاکانی حەمیدیە بۆ ئەوە بوو، کە بەندی ٦١ی بەرلین لەساڵی ١٨٧٨ دا ئیمزا کرابوو، چونکە ڕێکەوتنێک بوو لەنێوانی دەوڵەتی ئەوروپا و عوسمانلیدا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی لەرووی ئیدارییەوە بە خەڵکی ئەرمەن. عوسمانلی ویستی هەندێک چاکسازی بکات لە دامەزراوەکانی خۆیدا، کە گوایە پێشتر کوردەکان هێرشیان بردۆتە سەر ئەرمەنەکان، ئەرمەنەکان ئەمەیان بە هەلقۆستەوە هێرش بکەنە سەر دێنشین و شارە کوردییەکان، زۆربەی زۆری کوردەکانیان کوشت و سەروەت و ماڵیان بەهەدەر بردن.

ئەوەی کە شایانی باسە لەهەمان کاتدا وەفدێکی رووسی، کە بەترپاکێکی ئەرمەنیان لەگەڵدا بوو لەکۆنگرەی سان ئیس فتی فانوی بەرلین داوای ئەوە کرا لە کۆنگرەکەدا بەفەرمی ئەرمەن بخرێتە سەر روسیا، لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانلی هێرشی کردۆتە سەر ئەو ناوچانە لە ساڵی ١٨٧٨دا و ناوچەکانی شەرقی ئەنادۆڵ کە ناوچە ئەرمەننشینەکان بوو، بکەوێتە ژێر رکێفی روسیای قەیسەری، بۆیە سوڵتان عبدالحمید هەستی بەوە کرد، هەندێک چاکسازیش لە ویلایەتی شەرقیدا بکات بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبێت بۆ ئەو کێشەیە هەرچەندە ئەوروپییەکان چەند هەنگاوێکیان گرتبووە بەر بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانی صربیا و مەقەدۆنیا و بولغاریا. ئەروپییەکان بەناوی چاکسازییەوە پارمەتی هێزە نەتەوەییەکانی ئەو ناوچەیەیدا لەرووی سەربازیی و سیاسییەوە خۆیان جودا بکەنەوە لە دەوڵەتی عوسمانلی.

ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی سوڵتان عبدالحمید سوارچاکانی ویلایەتی حەمیدیە دروست بکات وە ویستی کوردەکان خۆیان بەرگری لە وڵات و دینی خۆیان بکەن، چونکە دەیزانی بەهیچ شێوەیەک ئاسایش ناچەسپێت لە ئیمارەتە کوردی و ئەنادۆڵییەکاندا، بۆیە ئەبێت سەرنجی سەرکردە کوردەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت، سوارچاکانی حەمیدیەش سەرنجراکێشانی عەشایەرەکان و سەرکردە کوردەکان بوو، سوڵتان عبدالحمید زەکی پاشای راسپارد کە لەو تەشکیلاتی عەشایەری ناوچەکە بکات و سوارچاکانی حەمیدیە دروست بکات، بەشێوەیەک کە پارسەنگ لەناو گەل و هۆزەکان دا بپارێزێت، نەک سوارچاکانی حەمیدیە ببێتە هۆکارێکی گەورە بۆ شەڕی گەل و هۆزەکانی ناوچەکە، ئەمەش وای کرد جەنگی نێوان قەبیلەکان و خوێنڕشتنی نێوانیان کەم بێتەوە.

لێکۆڵەرەوەی رووس و ئەوانەش کە کتێبیان لەسەر کورد نووسیوە دەڵێن هۆکاری سەرەکی سوڵتان عبدالحمید لە دروستکردنی سوارچاکانی حەمیدیە لە کوردستاندا بۆ ئەوە بوو، کوردەکان لە رێگەی بزوتنەوە نەتەوەییەکانەوە و لەرێگەی گەلەکانی غەیری تورکیاوە بەکار نەهێنرێن، ئەمەش وای کرد کە ئەم سوارچاکانە ببنە سوپایەکی بەهێز بۆ دەوڵەتی عوسمانلی دژی رووس. کەسیش گومانی لەوەدا نیە کە سوارچاکانی حەمیدیە دروستکرا بە فەرمانی سوڵتان بوو، کە تەرزێک و سەنگەر نشینێک بن بۆ بەرگریی لە بەرانبەر روسیای قەیسەری دا، چونکە روسیا چەند هێرشێکی دوژمنکارانەی کردبووە سەر ناوچە عوسمانلییەکان لە رۆژهەڵاتدا، وە هەروەها ئەم سوارچاکانە بۆ ئەوە دروستبوون کە لە بزوتنەوە نەتەوەیەکانی تر بدەن بۆ داگیرنەکردنی

خاكی كوردستان، تەنانەت دژایەتیكردنی بزوتنەوە نەتەوەییە كوردیەكانیش بوو، چونكە سوڵتان عبدالحمید دەیویست بیری ئیسلامیی و سیمای خیلافەت بپارێزێت، چەند هۆكارێكی دیكەش هەیە سوڵتان عبدالحمید خۆی بیری بەلای نەتەوەی توركیی و تورانیدا نەدەڕۆشت و زۆر دژی ئەو كەسانەش بوو، كە بیری نەتەوەییان بڵاو دەكردەوە لەناو توركەكاندا، وە زۆربەی زۆری ڕاوێژكارانی سوڵتان -رەحمەتی خوای لێ بێت- عەرەب یان كورد بوون.
هۆكارێكی دیكە ئەوەبوو لەساڵی ١٨٩١دا، كورد هیچ بزوتنەوەیەكی نەتەوەی بەهێزی نەبوو تەنها لەناو نوخبەیەكی كەم دا نەبێت، بەڵام زۆرینەی جەماوەری كوردی خۆشەویستیان بۆ ئیسلام و تەریقەتی شێخایەتی هەبوو، تەنانەت ئەو سەردەمەش هیچ جۆرە بزوتنەوەیەكی نەتەوەی كوردی بەهێز نەبوو لەناوچەكەدا، هەرچەندە كۆمەڵێك لەنەوەكانی میر بەدرخانی گەورە كە رۆژنامەی كوردستانیان دەركرد لەدەرەوەی وڵات لەساڵی ١٨٩٨دا بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەكی نوخبەوی نەتەوەیی كوردی دابمەزرێت لەدەرەوەی وڵات، ئەم رۆژنامەیەش بە یارمەتی ئینگلیز چاپ دەكرا لەناوچە ئەرمەنییەكانەوە دەهاتە ناو كوردستان و هەروەها لە رێگەی سووریاشەوە دەهاتە ناو كوردستان، بێجگە لەو رۆژنامە، لە ئەرمەنیاش بەهەمان شێوە رۆژنامەی دیكە دەردەچوون كە باسیان لەمافەكانی ئەرمەن دەكرد و بەهەردوو لایەن دژایەتی سوڵتان عبدالحمیدیان دەكرد، ئەوەشمان لەیاد نەچێت دامەزراندنی سوارچاكانی حەمیدیە لەلایەن سوڵتان عبدالحمیدەوە بۆ كورد، سوڵتان بڕوای بە راستگۆیی كورد و دڵسۆزیی كورد هەبوو و دەیزانی خەڵكێكی ئازا و چاونەترسن، پێشتر كوردەكانی ناسیبوو لە رووبەڕووبوونەوەیان، لەبەرانبەر روسیادا لەساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨دا، كە دوای ئەوە ڕاپەڕینەكەی شێخ عوبێدڵڵای نەهری بوو كە پێشتر ئاماژەمان پێ دابوو كە ئەویش لەساڵی ١٨٨١دا بوو كە رووی كوردی بەجوانترین شێوە نیشاندا، كە چۆن بەرگرییان لە خاكی موسوڵمانان و سیمای خیلافەتی ئیسلامی كردووە، كە سوپای رووسی سوپایەكی بەهێزو مەشق پێكراو بوو وە موجاهیدە كوردەكان لەبەرانبەر ئەو سوپایە وەستانەوە بەسەركردایەتیی شێخ عوبێدڵڵای نەهری، ئەرمەنیش دركی بەوە كردبوو كە بۆ ماوەی زیاد لە هەزار ساڵ لەژێر سێبەری ئیسلام دا حەسابوونەوە، هەروەها دركیشیان بەوە كردبوو كە وڵاتێكی داگیركەری وەك روسیا چۆن خاكەكیانی سوتاندووە و سەروەت و سامانیانی بە هەدەر بردووە، وە چی نەكرد بە خاكی ئەرزروم.
عەشیرەتە كوردەكان خۆیان ئامادەكرد بۆ جیهاد ئەم جارە لەدژی رووس و ئەرمەن لە جەنگی ساڵی ١٨٧٨دا، ئەو كوردانەی كە نیشتەجێی سەرسنورەكانی روسیا بوون روسیا و ئەرمەن زۆربەی زۆریانیان كوشت و خاكەكەشیان داگیر كردن، كە ئەمە بیسترا لەناو خاكی عوسمانلی دا كە بەو شێوەیە ناموس و كەرامەتی كوردەكان هەتك كراوە زۆربەی زۆری كوردە موجاهیدەكان لە ویلایەتی مووسڵ و ناوچەكانی تری كوردستانی باشوور كەوتنە رێ بۆ یارمەتی برا موجاهیدە كوردەكانی تریان بە سەرۆكایەتی دوو زانا و پیاوچاكی ناوچەكە، ئەوانیش: شێخ كاك ئەحمەد بەرزنجی و كوڕەكەی شێخ سەعید بەرزنجی، كە كاریگەریەكی زۆریان هەبوو لەسەر خەڵكی بۆ

چەندەها هێز ئامادە کرا بۆ ئەو جەنگە، ئەمەش بوو سوڵتان عبدالحمیدی وا لێ کرد، کە سوود لە وزەی موسوڵمانانی کورد وەربگرێت، بۆیە هاندانیان بۆ جیهادکردن، هەمووانی بۆ دروستکردن کە روسیا لەناوچەکانی رێکخست و پارمەتیدان و شێوە سوپایەکی نیزامی بۆ دروستکردن کە روسیا لەناوچەکانی قەوقازدا لەشێوەی سوارچاکانی حەمیدیەدا، ئەویش فەوجی لەبەرانبەریان دا دروستکرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرینەی کەسایەتییە بەرزەکانی کورد لە دەوری سوڵتان عبدالحمید کۆببنەوە و بچنە ناوەندی بڕیاردان[٤].

تەشکیلاتی سوارچاکانی حەمیدیە بووە هۆکاری ئەوەی کوردەکان هەموویان کۆبکاتەوە و لە قیادەیەکی کلاسیکی عەشایەری دەریان بهێنێ، بۆیە کوردەکان توانیان بچنە ناو هەموو ناوەندە حوکمییەکانی عوسمانلی، چونکە پێشتر کوردەکان ئیمارەتی بچووک بچووکیان هەبوو، یان زۆرجار راپەڕین دژی حکومەتی ناوەندی دەکرا لەوەی کە خراپەکارە بەرانبەریان، بەڵام ئێستە زەکی پاشا و سوڵتان خۆیان بەرگریی لە کورد دەکەن و لەبەرانبەر روسیا و چەتەکانی ئەرمەنیا، چونکە وڵاتانی رۆژئاوا هەمیشە رق و بوغزیان لە عەشایرە کوردەکان و لە شێخی تەریقەت هەبوو، بۆیە هەمیشە داوا دەکرا زیندانی بکرێن یان دوور بخرێنەوە، وە یان لە ملیان بدرێت. لێرەدا جێی خۆیەتی قسەی لێکۆڵەرەوەیەکی رۆژئاوایی باس بکەین، بەناوی فان برونسن، کە چەندجار خۆی هاتۆتە ناوچە کوردییەکان و ناوچەکانی تورکیا و دەڵێت: کوردەکان وەک باوکێکی بەخشندە سەیری سوڵتان عبدالحمیدیان دەکرد، تەنانەت لە کتێبەکەی خۆی دا ناوی بردووە بە "بابی کوردان"، ئەو سەرکردە گەورانەی کە لەناو دەوڵەتی عوسمانلییدا بوون و پێگەیشتن کە دەسەڵاتیان لە تورکەکانیش و لە خزمانی سوڵتان عبدالحمید زیاتر بوو، بۆ نمونە مصطفی پاشای میران کە جێگەی بەدرخانی گەورەی گرتبووەوە لە بۆتان لەهەمان کاتدا سوڵتان زۆر متمانەی هەبوو بەم پیاوە و زۆر خۆشەویست بوو، سەرکردەیەکی بەڕێزی تری بەناوبانگی کورد دەرکەوت ئەویش برایم پاشای میللی بوو، کە بووە سەرۆکی میللیەکان لە سنوری تورکیا، سووریا و عێراق ئەمیش سەرکردەیەکی مونەفیزی ناوچەکە بوو، وە جێگەی باوەڕی سوڵتان بوو، ئیبراهیم پاشا دایکی یەکێک بوو لە عەرەبەکان کە لە عەشایەرەکانی شەمر بوو، کرایە لێپرسراوی ناوچەکانی ئورفە، ورفە، حەلەب و دیاربەکر کە خاوەنی هەزاران سوارچاکی حەمیدیە بوو لەو ناوچانەدا هەروەها ئیبراهیم پاشا زۆر خۆشەویستی هەبوو بۆ خیلافەتی ئیسلامی، بۆیە لەساڵی ١٨٩٤دا ئەستەنبوڵ داوای کرد لە ئیبراهیم پاشا، کە ببێتە سەرۆکی یاخود سوپاسالاری هەموو سوارچاکی حەمیدیە.

---

[٤] دکتۆر عوسمان عەلی لە کتێبی (الحركة الكردية المعاصرة) دەڵێت: لە راستییدا کوردەکان لە رۆژئاوا لەساڵی ١٨٤٣، کۆمەڵەی تەبشیرییەکان لەگەڵ بەرپرسانی ئینگلیز و فەرەنسی پروپاگەندەیان کرد و ویستیان و دەم و چاوی میر بەدرخانی گەورەمان ناشیرین بکەن لەبەرانبەر لەمسوریەکان "ئاشوریەکان"دا، کە لەم کۆمەڵە عەڵکە چەندەها راپۆرتیان پڕ کردەوە بە درۆ و دەلەسە و چەندێک لە عەشایەری کوردیان بە دەستی یەزیدییەکان و قزڵ باشیە شیعەکان و ئەرمەنییەکان لەناوبرد، لەدوایدا رۆژنامە رۆژئاواییەکان ئەم عیبارەتەیان بەکار هێنا کە کورد بەربەرییە.

هەروەها ڤان برونسن لەباسی ئیبراهیم پاشادا دەڵێت: كە ئەم هێزە سیاسیی و سەربازییە كەوتە دەست ئەم پیاوە بەڕێزە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە سوڵتان عبدالحمید باوەڕی تەواوی هەبوو بە كوردەكان كە بێنە ناوەندی بڕیاردان لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانلیی دا، وە جێدەستی سوارچاكانی حەمیدیە دیاربوو لە ژیانی كۆمەڵایەتیی و ئابووریی و رۆشنبیریی و هەموو بەرهەنگەكانی تر لە كوردستان دا.
سوڵتان عبدالحمید فەرمانی دەركرد كە لە ناوچە كوردنشینەكاندا قوتابخانەی سەربازیی بكرێتەوە و هەموو جۆرە چەكێكی نوێ، سوارچاكی حەمیدیە مەشقی لەسەر بكەن، هەروەها لەناو ئەستەنبوڵ و شارە سەرەكییەكانی تردا بەگشتی ناوچە كوردیەكان پەیمانگە و قوتابخانەی كوردی تێدا كرایەوە، كە ناسرابوو بە (عشيرە مكتب لري) بۆ پێگەیاندنی سەرۆك عەشیرەكان و ئەفسەرانی سوارچاكانی حەمیدیە، وە بۆ هاندانی لاوانی رۆشنبیری كورد بوو، وە فێركردنیان بوو بۆ راگرتنی سیمای خیلافەتی ئیسلامی، رۆژێك لەرۆژان سوارچاكانی حەمیدیە بیریان لە كودەتا و ئینقلاب نەكردەوە دژی سوڵتان عبدالحمید، بەڵكو خۆیان بە سەربازی خیلافەت دەزانی، ئەمەش بووە هۆكای ئەوەی كە شۆڕشی شێخ سەعیدی بەرزنجی لە ١٩٠٩دا، وە شۆڕشەكەی مەلا سەلیم لە خیزان، هەروەها شۆڕشەكەی ئیبراهیم پاشا هەر لەو ساڵانەدا، شۆڕشێك بوو بۆ هێنانەوە كایەی خیلافەتی ئیسلامی، ئەوانەشی كە هاتن و ویستیان كودەتا بكەن لە ئەفسەراتی كورد و لە تورکە تۆرانییەكان هیچیان لە سوارچاكی حەمیدیەدا نەبوون، بەڵكو لە ئیتحاد و تورەقیی دا بوون، هەر ئەو قوتابخانە و پەیمانگەیانەی سوڵتان عبدالحمید بوو، كە كاریگەری قوڵی زۆر گەورەی لەناو كۆمەڵگەی كوردستاندا بەجێهێشتبوو.
كورد تا ساڵی ١٩٢٥ هەر هەوڵیان دەدا بۆ گەڕاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، بۆیە شێخ سەعیدی پیران -رەحمەتی خوای لێ بێت- یەكێك بوو لە پشتگیران و هەوادارانی سوڵتان عبدالحمید كە گەورەترین راپەڕینی جیهادی كرد لە ساڵی ١٩٢٥دا و داوای دەكرد كە خیلافەتی ئیسلامی بگەڕێتەوە، زۆربەی زۆری سەركردەكانی ئەم راپەڕینە هەموویان ئەفسەرانی سوارچاكانی حەمیدیە بوون، وە دەرچووانی قوتابخانەی حەمیدیە بوون، نمونەی ئەوانە جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا، خالید جبرانیلی و...هتد، پرۆفیسۆر رۆبێرت ئولسن دەڵێت: قوتابخانەكانی سوارچاكانی حەمیدیە، بوونە هۆكاری ئەوەی كە لەناو كورددا سەركردەی سیاسیی و سەربازیی بەهێز دروست بێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێك بكەین، ئەویش بریتیە لەوەی زۆرێك لە مێژوونووسە عەلمانییە كوردەكان بیر لەوە دەكەنەوە، گوایە كورد خوێنی ئەرمەنییەكانی رشتووە، یەكێك لەوانە كە زۆر داكۆكی دەكات لەسەر ئەو مەسەلەیە كەمال مەزهەرە، هەرچەند لەڕاستیی دا سەرچاوەكانی وەك دوكتۆر عوسمان عەلی باس دەكات جێگەی بڕوا نین، چونكە پێشتر ئاماژەمان پێ كرد كە رۆژئاوا و رێكخراوە مەسیحییەكان دژی گەلی كورد دەجەنگان لەو دەمەدا، سەرنجتان رادەكێشم بۆ باسە گرنگەكەی دوكتۆر عوسمان عەلی لەكتێبی (الحركة الكردية المعاصرة) كە وەڵامی هەموو ئەو گومانانە دەداتەوە كە گوایە كورد ئەوەندە كوشتاری زۆری لە ئەرمەن كردبێت، دوكتۆر

عوسمان عەلی ناوی شارەکان و سەرژمێری دانیشتوان و ئەو ناوچانەی کە جەنگ تێیدا ڕووی داوە هەمووی بە بەڵگە و دیکۆمێنتەوە لەو کتێبەدا خستۆتە ڕوو!

ئەمەش درۆیەکی تری عەلمانییەکان بوو کە لە سەردەمی ئیتحاد و تورەقیی دا بۆ موسوڵمانانیان هەڵبەست، بۆ ئەوەی سیمای خیلافەت و موسوڵمانانی پێ ناشیرین بکەن.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، گۆڕانکاری بە باشترین خەڵک دەکرێت، مەبەست لە باشترین خەڵك ئەوەیە کە باشترین بێت بۆ خەڵكی، وە باسی ئەوە کرا کە خیتابی سیاسیی ئیسلامی لەسەر ئەوە دامەزراوە، خەڵکی لە خراپەکارییەوە بەرەو چاکەخوازی ببات، چونکە ئەسڵ ئەوەیە کە ئوممەتێکی خەیرە ئوممەتن و ئەمر بە چاکە دەکەن و نەهی لە خراپەش دەکەن، وە باسیشمان لەوە کرد، کە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی چییە، وە باسیش کرا کە مێژووی ئیسلام بۆ خۆی تەزویر کراوە و مێژووەکەشمان لەبەرچاومان نییە و گەلانێکی تر بۆ خۆیان بردوویانە بۆیە ئێمەش: لا حول ولا قوە الا بالله، هیچ گۆڕانکارییەکمان پێ ناکرێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: إنَّ اللهَ يَبعَثُ لِهَذِهِ الأمَّةِ عَلَى رَأسِ كُلِّ مائةِ سَنةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا. رواه أبو داود: رقم/٤٢٩١ و صححه السخاوي في "المقاصد الحسنة" ١٤٩، والألباني في "السلسلة الصحيحة" رقم/٥٩٩.

واتە هەموو سەدساڵ جارێک، خوای گەورە کەسێک ئەنێرێ کە دینەکەی تازە بکاتەوە، دینی موسوڵمان تازە بکاتەوە بە واتای ئەوەنا، شتی تازەی بۆ زیاد بکات، بەڵکو بە واتای ئەوەی کە لە تەفسیردا سەرلەنوێ تازەی دەکاتەوە و لەگەڵ واقیعی ئەو سەردەمەدا ئەیگونجێنێ، لەگەڵ ڕەوشەکەدا ئەیسازێنێ.

ئەگونجێ ئەم نوێکەرییە کەسێکی وەرزشی بیکات، نوێکەرێکی فیکری ئیسلامی بیکات، نوێکەرێکی زانستی بیکات، یانی لەماوەی هەر سەد ساڵێکدا خوای گەورە وەکو سوننەتێکی خۆی خەڵکێک ئەنێرێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سەرلەنوێ گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا بکات، وە گۆڕانکاری لەناو دینەکەیدا بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوشەکەدا بیگونجێنێ، نەک گۆڕانکاری لە تێکست و دەق و لە شتە جێگیرەکاندا، بەڵکو گونجاندنی لە مێشکی خەڵکی دا و سازاندنی لەگەڵ واقیعەکەدا، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك سەیارەیەکی هەبێت و بیەوێت نوێکەرییەکی تیا بکات، ئەوا یان ڕەنگی بۆیاخەکەی دەگۆڕێت یان جوانکارییەکی تێدا دەکات، نەوەك مەکینەکەی بگۆڕێت.

لەناو ئەم ئیسلامەدا خەڵکێکی زۆری نوێکەر هەڵکەوتووە و گۆڕانکاری تەواویشیان ئەنجام داوە لەو نوێکەرانەش پیاوێکی وەکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کرد. هارونە ڕەشید داوای کرد لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە ببێت بە قازی دەوڵەتەکەی بەڵام ڕازی نەبوو. دەپرسین بۆچی ڕازی نەبوو؟

لە وەڵامیشدا دەڵێین: لەبەرئەوەی نەیدەویست خەڵکی ڕقی لێ هەڵگرن، ئەم پیاوە بەڕێزە نەیدەویست سوڵتە و دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، ئەم ئیمامە بەڕێزە ماوەیەک ئاوی شارە بەغدادی نەخواردۆتەوە، چونکە پێی وابووە دەسەڵاتی حوکمڕان دەسەڵاتێکی ستەمکار و طاغوتە، دەسەڵاتدارێکی خراپەکار و تاوانکارە، ئاوی سوێری نەخواردەوە، زۆرێک لە مێژوونووسان

ئەمە دەكەن بە هۆكاری وەفاتی ئیمامی ئەحمەد، لەبەرئەوەی دەیویست گۆڕانكاری بكات، نوێخوازێكی دین بوو لەسەردەمی خۆیدا، پێویستە زاناكان وا هەست نەكەن كە هەموو خەڵك دەبێ سەرلەنوێ گۆڕانكاری بكەن، یاخود پێیان وابێت تەنها گەنجەكان دەبێت گۆڕانكاری بكەن، بەڵكو گۆڕانكاری بنەڕەتی لەلایەن زانایانەوە دەكرێ، لەلایەن مامۆستا بەڕێزەكان و زانایانی ئاینی ئەم ئیسلامەوە دەست پێ دەكات.

سەیری ژیانی ئیمامی ئەحمەد بكەن! سەیری ئەو پرۆژەكەی كەن كە دایمەزراند! مرۆڤ نابێ بێدەنگ بێ بە تایبەتی زانایان نابێت بێدەنگ بن لە كاتێكدا كە پێویستە دەنگی ئەوان بەرز بێت، كە ئەوان دەنگیان نەبوو ئیتر تەواو خەڵك فاسید و گەندەڵ دەبێ، كەواتە پێویستە مامۆستایانی بەڕێز چاو لەم پرۆژەیە بكەن، چونكە هەموو سەد ساڵ جارێك خوای گەورە كەسێك لە ئێوە ئەنێرێ، كە ئەم دینە بۆ خەڵكی زیندوو بكاتەوە.

## ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

### نموونەیەک لە ژیانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل: یەکێکە لە زاناکانی ئەهلی سوننەت و جەماعە، گەورەترین ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەسەر مەنهەجی ئەڕۆن، مەبەستمان مەزهەب نیە، بەڵکو کەسایەتییە، هەروا زۆرترین خەڵک لەسەر مەنهەجی ئەڕۆن، ئەم زانایە ئەوەندە خۆشەویست و گەورەیە کە وەفات بەرنامەکەیەتی کە ئەهلی سەلەفە، ئەم زانایە ئەوەندە خۆشەویست و گەورەیە کە وەفات دەکات لە شاری بەغداد، یەک ملیۆن خەڵک بەشوێنییەوە بووە، هەموو ڕێگەکانی بەغدا کرابوونەوە و دەرگەی مەڵەکان ئاوەڵا کرابوو بۆ هەموو خەڵکی، دەستنوێژیان دەگرت و بۆ ئەوەی نوێژ لەسەر تەرمەکەی بکەن، لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە کە ٦٠٠٠٠ ئافرەت لەسەر قەبری ئەم پیاوە بوون، نە لە سەردەمی جاهیلیی دا و نە لە سەردەمی ئیسلامەتیی دا نەبووە، کەسێك وەفات بکات و ئەو ژمارە زۆرە لە خەڵك بەڕێی بکەن بۆ سەرقەبران، ئەگەر ئەم پیاوە نەبوایە جیهانی ئیسلامی تووشی گەورەترین فیتنە دەبوو، هەموو خەڵکی بەغداد لەگەڵ تەرمەکەیدا ڕۆشتن

٢٠٠٠٠ کەس لە مەسیحی و لە جولەکە موسوڵمان دەبن لە شاری بە غداد کاتێک دەبینن ئەم هەموو خەڵکە دوای تەرمەکەی کەوتوون، تەنانەت مردنەکەشی هەر بانگەواز بوو بۆ خەڵکی لە ١٤ی ڕەمەزاندا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ئیمامە بەڕێزە لەتەمەنی ٦بۆ ٧ ساڵییەوە حەزی بە زانست بووە، بە هەتیویش پەروەردە بووە و دایکیشی فەقیر بووە، هەموو کاتێکیش هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە بچێتە مەجلیسی زاناکانەوە، خەڵک سەریان سوڕماوە لە ژیانی ئەم پیاوە بەڕێزە، هەردەم موناقەشەی لەگەڵ دایکیدا بووە کە زوو بچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی لە مەجلیس و دانیشتنی پیاوچاکان و زاناکاندا بەشداربێت، هەتا خەڵکێکیش کە ئەم کوڕە گەنجەیان بینیوە بەم هەتیویە پەروەردە بووە، هەرچەندە ئەوان منداڵەکانیان دەنارده ئەو کۆبوونەوانە و پارەیان بۆ تەرخان دەکرد، بەڵام هەروەکو ئەو دەرنەدەچوون .

هەیسەمی کوڕی جەمیل مامۆستای ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت: ئەگەر بێت و ئەم گەنجە بژی ئەوا ئەبێتە حوجە بۆ ئەهلی سەردەمی خۆی.

یەزیدی کوڕی هارون کە ئەمیش مامۆستای بووە دەفەرموێت: ئەمە لە گەورەیی خۆیەتی دێتە لای ئێمە، چونکە لە منداڵییەوە ئەو زانا بووە!

ئیمامی شافعی لە وەصفی ئەم پیاوەدا دەفەرموێت: ئەی باوکی عبدالله، واتا ئیمامی ئەحمەد تۆ زیاتر لە زانستیی فەرموده شارەزای، ئەگەر خەبەرێکی ڕاستت بیست لە فەرموده لە کوفە یان لە بەصرە یان لە شام پێمان بڵێ بۆ ئەوەی بۆی بڕۆین، ئیمامی شافعی بەو گەورەیی و زانایەی خۆیەوە ئاوا باسی ئەم پیاوە دەکات.

لە سەردەمی ئیمام ئەحمەد دا، واتە لە کۆتایی ژیانی هارونە ڕەشید دا کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا دەبێت، فیتنەیەک دروست دەبێت لەلایەن موعتەزیلەکانەوە، بڵاو دەبێتەوە لە ناو خەڵکی دا کە قورئان مەخلوقە، زیاتر ئەم بیرە لە ناو خەڵکی دا پەرەی سەند و کۆمەڵێک خەڵک موبەتەلا بوون پێوەی، هۆکارەکەی ئەوەیە هەندێ فەلسەفەی یۆنانی و سریانی تەرجومە کراون و هاتوونەتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە و ئیمام ئەحمەدیش بەتەواوەتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و لەناو

خەڵکی دا بڵاوی کردەوە، کە قورئان کەلامی خوای موتەعالە و ئەزەلییە و قەدیمە وەکو زانستی خوای موتەعال وایە، ئەم ئایەتەشی ئەهێنایەوە بە بەڵگە: وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾، التوبە. خۆ ئەگەر کەسێک لە هاوەڵگەران داوای پەنای لێ کردیت ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار، ئەوە تۆیش پەنای بدە هەتا گوێی لە فەرمودەکەی خوا قورئان دەبێت، پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و ماڵ و گیان و ژیانی تێدایدا پارێزراوە، ئەم میهرەبانییە لەبەر ئەوەیە ئەوانە کەسانێکن نازانن خواناسی چییە.

ئەم وتەیە زۆر سامناک بوو کە دەیانووت قورئان مەخلوقە، واتا قورئان وەک دروست کراوەکانی خوا وایە، لە کۆتاییدا لە ناو دەچێت، هەموو دروستکراوێک نوقسانە، قابیلی ئەوەیە دەستکاری بکرێت. ئیمامی ئەحمەد هەموو جارێک ئەم ئایەتەی پێ ئەوتەوە: "إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ" ٩ الحجر. خوای گەورە مادام خۆی قورئانەکەی دابەزاندووە هەر خۆشی دەیپارێزێت.

کەسێک بەناوی ئەحمەدی کوڕی ابی دوئادە دەیویست ئەم فیتنەیە کە بیری خۆی بوو بەهێز بڵاوی بکاتەوە لە دوای مردنی هارونە ڕەشید، ئەو خەڵکە بەهێز وای لێ کرا لە سەردەمی مەئمونی کوڕی هارونە ڕەشید دا کە خۆی و ڕەعیەتیەکەی موبتەلا بوویوون بەم ئەفکارەوە، پاشان بەزۆر مەئمون لە خەڵکی دەدا و خەڵکی تاقی دەکردوە، زاناکانی موعتەزیلەی دەنارد بۆ بەغداد و شارۆچکەکانی تر، کە خەڵک تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن، کە قورئان مەخلوقە یان نا!

ئەگەر وتیان نا، ئەوا نان بڕاویان بکەن لەسەر ئیشی و کاریان دەریان بکەن و نانیان مەدەنێ، ئەمانە هەمووی بەفەرمانی ئەحمەدی کوڕی ئەبی دوئادەوە بووە، کە خۆی موعتەزیلە بووە و دەیویست بە زۆر ئەم ئەفکارە بڵاو بکاتەوە، پاشان زۆرێک لە خەڵکی بەغداد ئەم کارەیان بە توقیە کرد، تەنها چوار کەس تەبێت لە دژی ئەمە وەستانەوە، کە ئەیان وت قورئان مەخلوق نییە، بەڵکو کەلامی خوایە. لەسەرەتاوە دوان لەو زانایانە بە هۆی لێدانی زۆرەوە مردن و دواییشیان مابەوە کە یەکێکیان کوڕێکی گەنج بوو بە ناوی محمدی کوڕی نوح ئەوەی تریان ئەحمەدی کوڕی حەنبەل -ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت-. ویستیان بیانیەن بۆ لای مەئمون، تا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، زۆر گرنگە مرۆڤ تەوەکولی بە خوا هەبێت، لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ڕوداوێک ڕووی دا، کە تەوەکولی مرۆڤ دەردەخات.

محمدی کوڕی نوح نزا دەکات لەرێگە، کە دەیبەن بۆ لای مەئمون و دەڵێت: خوایە نەگەمە لای مەئمون گیانم بکێشیت، دەستبەجێ نزاکەی گیرا دەبێت و ناگاتە ئەوێ و دەمرێت.

ئیمامی ئەحمەد کە محمدی کوڕی نوحی بینی بەو شێوە گیانی دەرچوو بەسەر دەستی پاسەوانەکەی مەئمون دا چاو پڕ لە گریان بوو، نزایەکی زۆر سەرسامانەی کرد و چاو و دەست بەرز دەکاتەوە بەرەو ئاسمان دەفەرموێت: خوایە گیان ئەم پیاوە واتە مەئمون بوغرا بووە و هەڵە ڕەفتار دەکات بەرانبەر صفاتی قورئانەکەت کە کەلامی خۆتە، زۆر ئازاری پیاوچاکانی تۆی داوە بە لێدان وکوشتن، خوایە گیان ئەگەر ئەم قورئانە کەلامی جەنابتە و مەخلوق نییە بەس ڕزگارمان بکە لە شەڕی ئەمە خەلیفەیە.

ناگاتە لای مەئموون هەواڵ دێنن، کە مەئموون وەفاتی کردووە، بۆیە دەستی دەگرێتەوە و ئازاد
دەکرێت و دەگەڕێتەوە ناو کەسوکاری.
هەندێک لەو کەسانەی بەناو سەلەفی کە مەدخەلین دەڵێن: گوایە ئیمام ئەحمەد دوعای کردووە
بۆ دەسەڵاتدار و خەلیفەکانیان، بەڵام لە راستیی دا وانییە، لەبەرئەوەی ئەم دوعایەی کردووە کە
مەئموون لە ناو بچێت، نەک دوعای خێری بۆ کردبێت!
لەدوای مردنی مەئموون، موعتەصیمی برای دێتە سەر فەرمانڕەوای ئەم کەسە پیاوێکی سەربازی
بەهێز بووە، بزوتنەوەیەکی سەربازی دروست کردووە لە خیلافەتی عەباسیی دا وە توانا و
هێزێکی زۆری هەبوو، بەناوبانگە بە فەتحی عاموریا و بەهەمان شێوە ئەمیش وەک مەئموون
موعتەزیلە بوو، زۆر توندڕەو بوو، ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد کە لە پێشدا ئاماژەمان پێدا یەکێک
بووە لەسەر دەستەی موعتەزیلەکان، وە یەکێک بووە لە توندڕەوەکان، هەردەم دەیویست بە هێز
ئەم فیکرە بچەسپێنێت. جارێکیتر بەهەمان شێوە ناردیەوە بە شوێن ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا و
پێی وت قورئان مەخلوقە یان خالقە؟
ئیمام ئەحمەد هەمیشە ئەو قسەیەی دووبارە کردۆتەوە کە وتویەتی کەلامی خوای گەورەیە
بۆیە چەند جارێکیش مونازەرەی لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی ابی دوئادە دا گرتووە، هەموو جارەکان
ئیمام ئەحمەد سەرکەوتوو بووە، بەڵام چونکە ئەوەندە توندڕەوبوون، موعتەصیم بڕیاری دا کە
زیندانی بکات، ئیمام ساڵ و نیوێک ل هزینداندا بوو، لەو کاتانەی کە لە زینداندا بوو موعتەصیم
دەچوو بۆ لای پێی دەوت: پێم بڵێ و مەترسە، وە ئیمامی ئەحمەدیش بەم شێوەیە جوابی
دەدایەوە و دەیفەرمو: واللە کە هاتوومەتە لای تۆ، بەقەدەر مثقالە زەرەیەک ترسم لە تۆ نیە
ئەویش دەڵێ: ئەی رات چییە بەرانبەر بە قورئان؟ ئیمام ئەحمەدیش فەرموی: قورئان وتەی خوای
گەورەیە و مەخلوق نییە. ئەم جارە دەیانەوێت بەشێوەیەکی تر بیگەڕێننەوە سەر ئەو مەنهەجە
هەڵەیە، بۆیە مامی دەتێرن بۆ زیندان و پێی دەڵێت: ئەحمەد تۆش وەکو ئەو خەڵکە بەتوبە
خۆت نەجات بدە لەمە بۆ خۆت خستۆتە ئەشکەنجە و ئازارەوە، لەوەڵامدا دەڵێت: "مامە جاهیل
هەر جاهیلە ئەگەر زانایش بێدەنگ بێت ئەی کێ زانست فێری ئەو خەڵکە بکات" مامی کە
گوێی لەمە دەبێت دەزانێت ئیمامی ئەحمەد دەتوانێت رووبەڕوی ئەم فیتنەیە بێتەوە.
ڕۆژێک دەیانەوێت بە قامچی لێی بدەن و هەڕەشەی لێ بکەن بۆیە لەو کاتەدا مەی خۆرێک لە
گەڵیدا زیندان دەبێت، ئیمام ئەحمەد پێی دەڵێت: ئەترسم لە فیتنەی قامچی، وە نەبێت لە مردن
بترسێت، بەڵکو لەوە دەترسێ کە لەژێر لێدان دا قسەکەم بگۆڕم، بۆیە پیاوە مەی خۆرەکە پێی
دەڵێت: ئەی ئەحمەد من تا ئێستە هەزار جەڵدەم خواردووە لەسەر ئەوەی کە مەشروبم
خواردووەتەوە، تۆ ناتوانی بەرگەی ئەو جەڵدانە بگریت کە لەبەر خوای موتەعالە؟ مەی خۆرەکە
دەڵێت تەنها قامچی یەکەم و دووەم ئازاری هەیە باقی ئەوانی تر لاشەت سڕ دەبێت گوێ
مەدەرێ.
ئەمە دەبێتە هۆی ورە پێدانەوەیەک بە ئیمام ئەحمەد، دوای ئەوە موعتەصیم بانگی دەکات و
پێی دەڵێت: من دڵم بۆت دەسوتێ حەز ناکەم لێت بدرێت، بەس ئەوەندە بڵێ قورئان مەخلوقە

ئیمامی ئەحمەدیش پێی دەڵێت شتێكم بۆ بێنە لە قورئان و سوننەتدا باسی مەخلوقی قورئان بكات، منیش جوابێكتان ئەدەمەوە.
لێدان دەست پێ دەكات..
دوای ئەوە كە یەكەم قامچی لێ دەدەن دەڵێت بسم الله...
دووەم قامچی لێ دەدەن دەڵێت ماشاءالله...
سێیەم قامچی لێ دەدەن دەڵێت لا حول ولا قوە الا بالله...

چوارەم قامچی لێ دەدەن دەڵێت: قورئان كەلامی خوایە و دوای ئەوە بێدەنگ دەبێت تا سەد جەڵدەی لێ دەدەن.

ئەم رووداوانەی كە بەسەریدا دێت لە مانگی رەمەزاندایە، ئەحمەدی كوڕی ابی دوئاد زۆر دڵی بۆی دەسوتێت دەڵێت بەس بچێتە گوێمدا بڵێ قورئان مەخلوقە رزگارت دەكەم لەم عەزابە! ئیمام ئەحمەد-یش دەفەرموێت: تۆ وەرە بەگوێچكەی مندا بچرپێنە بڵێ قورئان كەلامی خوایە من لای خوای موتەعال داوات بۆ دەكەم كە لە عەزابی جەهەنەم بتپارێزێت، ئەوەندە لێی دەدەن كە دەیەن بۆلای دكتۆرحەكیم دەڵێت تا ئێستە لێداني وام نەدیوە بە هیچ كەسێكەوە پاشان ئاوی بۆ دێنێت دەڵێت من بەڕۆژوم!

لەسەر ئەو هەموو ئازاردان و لێدانەوە رۆژووەكەی نەشكاندوە، لەدوای ئەمە هەربەردەوام دەبێت وە خەڵك لەشاری بەغدادا كە دەبینن دەسەڵات بەرانبەر ئەم پیاوەدا وەستاونەتەوە زیاتر خۆشیان دەوێت ئیتر بۆ دواجار ئەوە خەڵك خۆپیشاندان دەكەن دەچنە بەردەم باڵەخانەی خیلافەت بە موعتەصیم دەڵێن: دەبێ دەریبهێنێت لە زیندان، چونكە ئەو پیاوە پیاوی زیندانی كردن نیە، بۆیە موعتەصیم دەترسێت لەوەی كە شۆڕش دروست ببێت دەری دەهێنێت لە زیندان، بەڵام دەبێت دەست بەسەر بێت لە ماڵی خۆیدا و نابێ هیچ وانەیەك بڵێتەوە و نابێ فوتابی هەبێت و وتار بدات لەمزگەوتدا.
مەدخەلیەكان بۆ چەواشەكردنی خەڵك دەڵێن ئیمامی ئەحمەد دوعای خێری كردوە بۆ سەرۆكەكان باشە بۆ راستی ناڵێن ئەمە لە كوێدا هەیە كە نزای كردبێت بۆیان.
ئیمامی ئەحمەد بڕوای وا بووە هەر كەسێك لە دەسەڵاتەوە نزیك بێتەوە بەرەو لاوازی و سوكایەتی كەسایەتی دەڕوات، ئیمامی ئەحمەد نوێژی لەدوای ئەو كەسانەوە نەكردوە كە پیاوی دەسەڵات و سوڵطە بوون!.
پاشان برایەكی تریان دەبێتە فەرمانڕەوا بەناوی موتەمین بالله، ئەویش هاوشێوەی براكانی تری ئازاری خەڵك دەدەن و خەڵكی تاقی دەكەنەوە بۆ ئەوەی كە قورئان بە مەخلوق بناسێنن. لەسەر و بەندی ئەم رووداوانەدا و لەم كاتەدا خوای گەورە زاتایەك دەنێرێت بۆ شاری بەغداد

کە کەس ناوی نازانێت دەچێتە لای موتەمین دەڵێت: من دەمەوێت مناقەشە و گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد بکەم؟
موتەمین رازی دەبێت منازەرە ساز دەکرێت و کە دەکەوێتە قسە و موناقەشە پێی دەڵێت: پێغەمبەری خوا هیچ شتێکی شاردۆتەوە؟ ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد: نەخێر.
زاناکە: باشە خوای گەورە راستی فەرمووە کە دەفەرموێت: ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ....؟

ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد: بەڵێ.

زاناکە: زانستی پێغەمبەر لای خواوە هاتووە؟

ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد: بەڵێ

زاناکە: ئایا لە مانەدا باس کراوە کە قورئان مەخلوق بێت؟ ئەگەر باس نەکراوە باشە تۆ بۆچی باسی دەکەیت؟ یان ئەوان زانستیان پێ نییە و تۆ زاناتری لە خوا و پێغەمبەر، یان درۆ دەکەیت.

ئەحمەدی کوڕ ابی دوئاد: ئەوان هیچیان نەیان زانیوە.

لەو کاتەدا موتەمین دەست دەگرێت بە دەمییەوە لە پێکەنیندا، دەزانێت دۆڕاوە.

لەدوای ئەوەی کە ئەحمەدی کوڕی ابی دوئاد دۆڕاندی و حوجەی پێ نەبوو، ئیتر عەزابەکە لەسەر خەڵکی لا دەبەن و ئەو فیتنەیە تا رادەیەک کۆتای پێ دێت، بەڵام موعتەزیلە هەر سەر دەستەیە و لە دوای مردنی موتەمین باللە پیاوێک دێتە سەر حوکم بە ناوی متوکل علی اللە کە یەکێکە لە خەلیفە باشەکان و دوای ئەوە ئیمامی ئەحمەد دەهێنێتە دەرەوە لە ماڵەکەی خۆی و مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد بڵاو دەبێتەوە و ئەهلی سوننەت و جەماعە زیاد دەکاتەوە.

پیاوانێکی بەڕێزی وەکو ئیمامی شافعی، ئیمامی مالیک، ئیمامی ئەبو حەنیفە، محمدی کوڕی عبدالوهاب و ئیبن تەیمیە -ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت-، هەروەها پیاوێکی بەڕێزی وەکو مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز—ڕەحمەتی خوای لێ بێت—لەسەردەمی خۆیدا بۆ شۆڕش و خەبات و تێکۆشان و براف بەهەمان شێوە پیاوێک بووە نوێکەری ئەم دینە بووە، سەرلەنوێ براڤی ئیسلامی و رابوونی ئیسلامی خستەوە ناو دڵی خەڵکی، هەروەها پیاوانێکی تر، کە پێشتر هاوکار و پشتیوانی ئەو پیاوە نورانییە بوون.
لێرەدا هەڵوێستە ئەکەین لەسەر باسی ئیمامی ئەحمە چۆن گۆڕانکاری بەرپاکرد لەناو کۆمەڵگەکەی دا؟ پرۆژەی ئیمامی ئەحمەد پرۆژەیەکی زۆر گرنگ بوو، ئەم پیاوە بەڕێزە کاتێک کە رازی نەبوو بۆ ئەوەی بێتە قازی لەناو خیلافەتی عەباسیی دا و بە تایبەتی دەسەڵاتەکەی هارونە رەشید، لەسەر ئەم هەڵوێستەی کەسانی دەوری خەلیفە رقیان لێ هەڵگرت، بەڵام هارونە رەشید بۆ خۆی زۆر ئیمامی ئەحمەدی خۆش ئەویست، بەلای کەسانی دەوروبەری خەلیفەوە ئیمامی ئەحمەد کەسێکی لوتبەرز بوو، ئەم سیفەتەش زۆر دوور بوو لە ئیمامەوە، ئیمامی ئەحمەد سوڵتە و دەسەڵاتی نەئەویست، بەڵام ئەوان وایان دەزانی ئیمام بە سیستەم و دەسەڵاتی عەباس

ڕازی نییە، بەڵام ئەو ئامانجی ئەوە بوو نەیدەویست بكەوێتە ناو كێشمەكێش و ململانێی دەسەڵاتەوە، پلەی قازیش لەو سەردەمەدا وەكو وەزیری دادی ئەم سەردەمە وابووە.

ئیمامی ئەحمەد لە مردن نەترسا و سازشی لەسەر قسەی حەقی خۆی نەكرد، چونكە ئەو زانا بوو باوەڕی وابوو كە مردن تەنها بە دەستی خوای گەورەیە، ئەوان دەیانویست مەرگی بسێنن، بەڵام ئەو مەرگی نەك هەر مەئموون، بەڵكو مەرگی المعتصم بالله، الواثق بالله، المتوكل على الله، المنتصر باللهی بینی، كە بەدوای یەكدا دەسەڵاتیان وەرگرت و بوونە خەلیفە، بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی ئەم پێنج خەلیفەیە ئیمامی ئەحمەد هەر لە زینداندا دەمێنێتەوە، لە كۆتاییدا بەهەر جۆرێك بووە ئیمامی ئەحمەد بەسەربەرزی ئازاد دەبێت و دێتە دەرەوە.

مەرج نییە تەنها بە زیندانیكردن گۆڕانكاری بكرێت، سەیری ئیمامی بوخاری بكەن -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، وەك باس دەكرێت لەسەرچاوەكان دا ئەم ئیمامە بەڕێزە ٦٠٠٠٠٠ فەرمودەی بە سەنەدەوە لەبەر بووە، ڕۆژێك دێتە شاری بەغداد، خەڵكی شاری بەغداد پێشتر ناوی ئیمامی بوخاریان بیستبوو، كاتێك دێتە ناو شارەكەوە، هەواڵی هاتنی بڵاو دەبێتەوە بەناو خەڵكی دا، لەناویشیان دا زاناكان هەربۆیە دە زانای گەورەیان دێن و هەریەكەیان دە فەرمودە ئەهێنن بۆ ئەوەی ئیمامی بوخاری، بۆ ئەوەی تاقیبكەنەوە و بزانن ئایا ئیمامی بوخاری ئەو پیاوەیە، كە باسی لێوە دەكرێت و هەموو جیهانی ئیسلامی پێی سەرسام بووە، هەر دە زاناكە فەرمودەكان ئەهێنن و سەنەدەكانیان تێك دەدەن، واتە دەستكاری ئەو كەسانە دەكەن، كە فەرمودەكانیان گێڕاوەتەوە، هەریەكەیان فەرمودەی خۆی ئەخوێنێتەوە، واتە ١٠٠ فەرمودە، فەرمودەكان ئەگێڕنەوە بۆ ئیمامی بوخاری لە یەكێك لە مزگەوتەكانی شاری بەغداد، ئیمامی بوخاری بۆ یەك بەیەكیان فەرمودەكان ڕاست دەكاتەوە! ئەمەیە نوێكەری دین ، ئەمەیە گۆڕانكاری ڕاستەقینە، پارێزگاری كرد لە سوننەتی پێغەمبەری ئازادر ﷺ.

ئیمامی بوخاری زانایەكی عەرەب نەبووە، بەڵكو لە ناوچەی بوخارای توركستانەوە سەردەردێنێ، توركستانی ئێستە كە وڵاتی صین داگیری كردووە، وڵاتی موسوڵمانانە و زیاد لە ٧٠ ملیۆن موسوڵمانی تێدایە.

ئەم پیاوە كەسێكە لەم سەری جیهان بۆ ئەوسەری جیهان خەڵكی دەیناسێت، زانایەك نییە كتێبەكەی ئەوی نەخوێندبێت.

كەسێك نییە لەسەر ئەم زەوییەدا، ناوی ئەم پیاوەی نەبیستبێت لە موسوڵمانان، تەنانەت غەیری موسوڵمانانیش دەیناسن، ئەوەندە پیاوێكی ناودار و زانایەكی بەڕێزە. لەڕاستیی دا موعجیزەیەكە و خەڵكانێك دەڵێن: ئەمە ئەگەر هاوەڵ بووایە دەبووە موعجیزەیەك لە موعجیزەكان و ئایەتێك لە ئایەتەكان، لە ڕاستیی دا ئێستەش ئایەتێكە لە ئایەتەكان و موعجیزەیەكە لە موعجیزەكانی خوای گەورە لەسەر زەویدا .

ئەم پیاوە بەڕێزە هیچ كەسێك نەیتوانیوە شان بدات لەشانی بۆ كتێبەكەی، ئەوەندە كتێبێكی ڕاستی نووسیوە، ئەتوانین بڵێین: لە دوای قورئان دووەم كتێبە لەسەر زەویدا، قورئان وتەی پەروەردگارە و ڕاسترین كتێبە، بۆیە بەدوایدا ئەم كتێبە هەژمار دەكرێت بە دووەم كتێب لە ئیسلامدا

ئیمامی ئەحمەد لە وەصفیدا دەفەرموێت: تا ئێستە پیاوێ وا لە ویلایەتی خوراسانەوە نەهاتووە، ئەویش ئیمامی بوخارییە -رەحمەتی خوای لێ بێت-. ئیمامی موسلیم کە قوتابی بووە دەفەرموێت: اشهد انه لیس احد مثلک. واتە: شایەتی ئەدەم ئەی بوخاری کە هاوشێوەی تۆ نییە لەسەر زەویدا وە هاوشێوەی تۆش نەبووە و ناشبێتەوە.

ئیمامی ابن خوزەیمە، کە بە ئیمامی ئیمامەکان ناسراوە، بۆ ئەوەی گەورەیی و درەخشانیتان بۆ دەربکەوێت، قوتابی بوخاریە و لە وەصفیدا دەفەرموێت: ما تحت أديم السماء اعلم بحديث رسول الله. واتە: کەسێک نییە هاوشێوەی ئەم پیاوە بەڕێزە شارەزا بێت لە فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

ئیمامی زەهەبی دەفەرموێت: وكان شيخ الاسلام،-كان امام الفضاء، كان رأس في الزكاء، كان رأس في العلم،كان رأس في ورع وتقوا وفي المناقب لعجب، واتە: ئەو شەیخی ئیسلام بووە، پیاوێک بووە ئیمامی حافزەکان بووە، ئەم پیاوە لە لوتکەی زیرەکیی دا بووە، لە لوتکەی زانستیشدا و لە لوتکەی تەقوا و بەندایەتیی و زوهددا بووە، باسکردنی ژیانی ئەم پیاوە سەرسوڕهێنەرە و موعجیزەیەکی گەورەیە لەسەر زەویدا و خاوەنی وەرعێکی بێشومار بووە..

ابن حەجەری عەسقەلانی دەفەرموێت: انه البحر لا ساحل له. واتە: بوخاری دەریایە و کەناری نییە.

هیچ کەسێک ناتوانێ لە کەناری ئەم دەریایەدا ئارام بگرێت و هیچ کەنارێکی تێدا نادۆزێتەوە، چونکە پیاوێکی ئەوەندە موتەبەحیر و قوڵە لە زانستدا. ئەو کەسە بوخاریە؛ ناوی محمدی کوڕی ئیسماعیلی بوخارییە، کە نازناوی بەناوی شارەکەیەوە ناونراوە، خەڵکی بوخارا و سەمەر قەند بووە، کە ئەو کاتە لەژێر دەسەڵاتی فارسدا بووە بە ناوچەکانی خوراسان ناسراو بووە، ئیمامی بوخاری برایەکی هەبووە ناوی ئەحمەد بووە. هەروەها لەساڵی ١٧٤کۆچیدا لەدایکبووە و لە ٢٥٦کۆچیدا وەفاتی کردووە، واتە ٦٢ ساڵ ژیاوە، ئەم پیاوە بەڕێزە لەو ڕۆژەدا لە دایک بووە کە ڕێکەوتی فەتحی مەککە دەکات، کەزانی لەدایکبوونی خۆی لەو ڕۆژەدایە و بیستی ڕەمەزان دەکات، وە کە بیستی ڕەمەزان لە فەتحی مەککەدایە قەرارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەدات، ئەویش سوننەت و فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ، کۆ بکاتەوە. واتا هەموو فەرمودەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ کۆی بکاتەوە، لە دووتوێی کتێبێکدا بینووسێتەوە، مەرجی ئەوەی دانا بۆ خۆی دەبێت هەموو فەرمودە ڕاستەکان بنووسێتەوە.

پاشان لە بیستی ڕەمەزاندایە لەو ڕێکەوتەدایە، کە بوخاری لەدایکبووە، ابن حەجەری عەسقلانی قەرار دەدات، کە (فتح الباری) بنووسێت، شەرحی سەحیحی بوخارییە -ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت-. باوکی ئیمامی بوخاری ناوی ئیسماعیلە، یەکێکە لە زانا پایە بەرز و جەلیلەکان، یەکێکە لە زانای فەرمودەوانی باوەڕپێکراو لە ناوچەکەی خۆیدا، زانایەکی زۆر بەناوبانگ و خۆشەویست بووە لەناو خەڵکدا، ئەم پیاوە لەکۆتایی تەمەنیدا وەسیەت دەکات بۆ منداڵەکانی و دەڵێ کوڕ لەم وشانەم بکرن، بزانن چی ئەڵێم: لە سەروەت و سامانی مندا یەک درهەم حەرامی تێدا نییە! کە هاتبێت بە شوبهەیش. ئەم بنەماڵە بەم شێوەیە ئەم کوڕەیان پەروەردە کردووە، بەو شێوەیە ئیمامی بوخاری پەروەردە کراوە.

ئیمامی زەهەبی لە كتێبە نایابەكەیدا (سیر اعلام النبلاء) دەفەرموێت: ئیمامی بوخاری لەتەمەنی دوو ساڵی تا تەمەنی شەش ساڵی كوێر دەبێت، ئیتر لەو تەمەنەوە لەناچاری كوێر بوونی دا ئەم كوڕەی دەخرێتە لای كەسێك بۆ قورئان لەبەركردن، بەڵام لە تەمەنی پێنج ساڵیدا وردە وردە چاوی ئەبینێت، بەڵام بینینەكەی زۆر كەمە تاكو لەگەڵ منداڵاندا یاری دەكات پێی دەڵێن: جنۆكەت بۆ دێت و ئەتخوات، ئەو قسانەی كە منداڵان ئەیكەن لەگەڕەكدا زۆر پێی دەترسێت، ئیمامی بوخاریش لەگەڵ منداڵەكاندا ئەو قسەیە هەڵدەگرێت لە مێشكیدا خول دەخوات زۆر لە جنۆكە ئەترسێت، رۆژێك منداڵان دەڵێن: گوایە بیستومانە ئەگەر كەسێك بەوێ جنۆكە نەیبینێت ئەبێ ریخی ئاژەڵ یاخود پشقل بخاتە چاویەوە، ئەم منداڵە لەسەرەتای تەمەنییەوە ئەو كارە ئەنجام دەدات و بۆیە چاوی لەدەست دەدات، دایكی زۆر دەگری، لە تەمەنی حەوت ساڵی دا ئەم كوڕە بەڕێزە هەموو قورئان لەبەر دەكات، هەتا دەڵێن پێش حەوت ساڵیش هەموو قورئانی لەبەر بووە! دایكی ئەوەندە دەگری و بێتاقەت دەبێت، كە ئیمامی زەهەبی دەفەرموێت: شەوێك پێغەمبەر ئیبراهیم -علیه السلام- دێتە خەوی دایكی و دەفەرموێت: ئەوەندە مەگری، ئەوا خوای گەورە چاوی كوڕەكەتی چاك كردەوە، ئەمەش یەكێكە لە موعجیزەكان كە ئیمامی بوخاری دەستی كەوتووە، بەم شێوەیە چاوی چاك دەبێتەوە.

لە تەمەنی شازدە ساڵیدا كتێبی نووسیووە و لەتەمەنی بیست و سێ ساڵی دا ئەیەوێت قەرارێك بدات كە هەرچی فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ، كۆی بكاتەوە، بەڵام ئەوەی فەرمودەی صحیحە. ئەو سەردەمە كێشەیەكی گەورە تێردراوەتەوە لەناو جیهانی ئیسلامیدا، بە موعتەزیلە و بە جهمیی و بە شیعە و بە مورجیئەوە، تا وای لێهاتبوو خەڵكی نەیدەزانی كام فەرمودە وەربگرێت، مەرجی وەرگرتنی فەرمودە كامانەن؟ بۆیە ئیمامی بوخاری مەرجی زۆر قورس دا ئەنێ كە ئەمە یەكێكە لە جورئەتی ئەو ئیمامە بەڕێزە، كە هیچ كەسێك جورئەتی وەكو ئەوە نەبووە، ئیمامی بوخاری تەنانەت فەرمودەی وەرنەگرتووە لەكەسێك كە عەمامەی بەسەرەوە نەبووە، فەرمودەی لە كەسێك وەرنەگرتووە كە ریشی تاشیبێ، لە كەسێك كە لە بازاڕدا نانی خواردبێ یان بەڕێوە نانی خواردبێ، سبحان الله، ئەم پیاوە مەرجی وا قورسی داناوە، كە مەرجی بوخاری قورسترین مەرج بووە لە زانستی فەرمودەواتیدا.

بوخاری لەتەمەنی منداڵیدا كە دەچێتە بەر خوێندن، هەموو منداڵان دەنووسن دەفتەریكیان پێیە و قەڵەمیان پێیە، بەڵام ئەم چونكە بەهەتیوی گەورە بووە و كوێرە، ئەو شتانەی نەبووە تەنها گوێ دەگرێت، منداڵەكان گاڵتەی پێ دەكەن و دەڵێن هیچ نازانی و هیچ نانووسی، ئەویش پێیان دەڵێ: دەفتەرەكانتان دەربێنن، ئیمامی بوخاری هەر پازدە هەزار فەرمودەكەیان بۆ ئەڵێتەوە كە تا ئەو كاتە پازدە هەزار فەرمودەیان خوێندووە، ئیتر ئەوان سەریان سوڕدەمێنێ لە زیرەكییەكەی، لەدوای ئەوەوە ئەگەر هەڵەیەكیشیان كردبێ، دەچوون بۆ لای ئەو، تاكو بۆیان راست بكاتەوە، ئەمە لە تەمەنی دە ساڵیدایە، پاشان مامۆستاكەی ناتوانێت وانەی پێ بڵێتەوە لەبەر ئەوەی زۆر لابغەیە واتا لە تەمەنی خۆی زۆر زیاتر دەزانێت، بۆیە ناچار دەیبەن بۆ لای زانایەكی تر كە وانەی پێ بڵێ.

لەدوای ئەوەی ئەو زانا بەڕێزە وانەی پێ دەڵێت، بوخاری دائەنێت كە لە تەمەنی دەساڵیدا بووە وانە بوخاری وانە بەو كەسانە دەڵێتەوە، كە تەمەنیان بیست ساڵ و سی ساڵن، پاشان وانەی تایبەتی لای چەند زانایەكی تر دەخوێنێت. بوخاری لە تەمەنی شازدە ساڵیدا كتێبی (ابن مبارەك) لەبەر دەكات، هەروەها كتێبی (وەكیع) لەبەر دەكات، وەكیع مامۆستای ئیمامی شافیعی بووە، هەروەها شارەزا دەبێت لە مەزاهیبی ئەهلی رەئیی و ئەهلی كوفە لە رای جیاوازی ئەو مەزاهیبانە.

ئەوەندە خۆشەویست دەبێت لەناو شاری بوخارادا، كە دەهاتە دەرەوە خەڵكی لێی كۆدەبوونەوە و گوێیان لە وتەكانی ئەم پیاوە بەڕێزە دەگرت. بۆ ئەو قەرارەی كە دابووی وە بۆ كۆكردنەوەی فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ، بە وڵاتاندا دەگەڕێت، دەچێتە وڵاتی عێراق و مەدینەی پێغەمبەر ﷺ و دەچێتە مەككە، پاشان دەچێتە میسر و ئێران و كوردستان، بەدوای فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ، لە دەوڵەتی دیناوەری وە لەلای ابن صلاح شارەزوری و دەچێتە لیبیا و دەگەڕێتەوە بۆ ئەفغانستان بۆ كۆكردنەوەی فەرمودە، ئەم پیاوە بەڕێزە ناوبانگێكی باش دەردەكات لەوەی، كە خەڵكی ئیتر دەیناسن كە زانایەكی گەورەیە وە لەم تەمەنە منداڵەشیدا دەگەڕێ بە شوێن فەرمودەی راستی پێغەمبەردا ﷺ.

ئیمامی ابن حجری عسقلانی لە پێشەكی كتێبەكەیدا (فتح الباری) دەفەرموێت: هەموو زانایانی بەغداد گەردنكەچ و خاضع بوون لەبەر دەستی دا. ئیمامی بوخاری لە خزمەتی ٢٨٧ زانا، وانەی فەرمودەوانی خوێندوە، لەو مامۆستا بەڕێزانە: ئیمامی ئەحمەد، عەلی كوڕی مەدینەیی بووە، قوتابیەكانیشی ئیمامی موسلیم، ئیمامی ترمزی، ئیمامی رازی و ابن خوزەیمە بووە.

شتێكی زۆر سەیر لە (سیر اعلاء النبلاء)ی ئیمامی زەهەبیدا هاتووە و دەڵێت: ئیمامی بوخاری لە خزمەتی ١٤٠٠ زانا فەرمودەی خوێندوە و وەرگرتوە، لە باسی ئیماندا لێی وەرنەگرتوون لە یەكێكیان مەگەر هەموویان وتویانە ئیمان كردار و گوفتارە و زیاد و كەم دەكات.

ئیمامی بوخاری شەشسەد هەزار فەرمودەی لەبەر بووە بە مەتن و بە راویەكانی و بەسەنەدەكانیەوە، هەروەها لەناو ئەم شەشسەد هەزارەدا ئیمامی بوخاری تەنها ٣٦٠٢ فەرمودەی هەڵبژاردووە بە صەحیحی داناوە بۆ ئەوەی دڵنیای بێت ئەم كتێبەی هیچ شتێكی تێدا نییە كات لە صحیح زیاتر، بۆیە كتێبەكەی بە ناوی صحیحی بوخاریەوە ناوناوە. پاشان پێنج هەزار و ٣٠٨ فەرمودەی تر دووبارە بۆتەوە، فەرمودە دووبارەبوونەتەوە لە شێوەی مەتندا، بەڵام سەنەدەكانیان جیاوازە.

بوخاریدا، لە ناو شەشسەد هەزار فەرمودەی صحیح هەیە لەصحیحی بەمە ٨٠٠٠ هەزار فەرمودەدا ئەوەندەی هەڵبژاردووە، تەنها چەند فەرمودەیەك نەبێت موعەلەقە خۆشی ئیشارەتی پێداوە. تا ماوەیەك لە مەوبەر وا پەیم دەبرد، كە ئیمامی بوخاریش دەبێت هەڵە بكات چونكە مرۆڤە! گومانی تێدا نییە كە مرۆڤ دەبێ هەڵە بكات، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە، فەرمودەكانی ئیمامی بوخاری هەمووی صەحیحن، ئیمام مەقدیسی، كە یەكێكە لە زانا بەرزەكانی فەرمودە دەفەرموێت: ئەو سەنەدانەی كە لە صحیحی بوخاریدا هاتووە هیچ شك و گومانی تێدا نییە، چونكە بوخاری ئەوەندە بە وردی هێناویەتی.

پاشان ئەعنیان گرت لە ١١٠ فەرمودەی بوخاری كە وتیان گوایە فەرمودە و راویەكان لاوازن، بەڵام دوایی دەركەوت، كە فەرمودەكانی لای ئیمامی بوخاری، هەمووی راستن و ئەعن گرەكان هەڵەن، بەڵام ئیمامی زەهەبی دەفەرموێت: ئەوكەسانەی كە ویستیان ئەو فەرمودانەی بوخاری لاواز بكەن خەڵكێكی تر بەكاری هێنایەوە و كۆمەڵێک لەوانەی كە ناویان هاتووە، كە یەكێک لەوانە واقیدی بووە، كە بەناوی بوخارییەوە فەرمودەی لاوازیان خستۆتە ناو كتێبەكەوە. دوایی وتویانە ئەمە لەناو بوخاریدا لاوازی تێدایە، كە حاشا بوخاری هەموو فەرمودەكانی صحیح بووە و هەڵەی تێدا نەبووە، پاشان دەفەرموێت هیچ كاتێک فەرمودەیەكی لەنووسیوەتەوە لەو كتێبەی خۆیدا كە دەستنوێژی نەگرتبێت و نوێژی ئیستیخارەی نەكردبێت.

ئەو كتێبە هەروا بە ئاسانی نەگەیشتووە بە دەستی ئێمە، شەرحی صحیحی بوخاری زیاد لە ١٣١ كتێب لەسەر دەرچووە، كە یەكێک لەوانە (فتح الباري)یە، كە ابن حەجەری عەسقەلانی نووسیویەتی لە شەرحی فەرمودەكانی بوخاریی دا. ئەم شەرحە خۆی زیاد لە ١٥ بەرگە بەچاپی تازەی، بەڵام چاپە كۆنەكەی و ئەصڵەكەی، كە ئیمامی ابن حەجەری عەسقەلانی نووسیویەتی شەرحی ئەم حەوت هەزار فەرمودەیەی كردووە، خۆی ئەدا لە ١٣٨ بەرگ، دوای ئەوە وردە وردە كورت كراوەتەوە ئێستە بووە بە ١٥ بەرگ یان ١٦ بەرگ.

دوای ئەمە چوون بۆ لای ئیمامی شەوكانی وتیان: بۆ راڤەی كتێبی صحیحی بوخاری ناكەی؟ لە وەڵامدا وتی: لەبەرئەوەی ابن حەجەری عەسقەلانی كردوویەتی، بۆیە لەدوای ئەوە كەس ناتوانێ وەكو ئەو راڤەی بكات، بۆیە ئەوە كیفایەتمانە و بەسمانە.

ئیمامی بوخاری ئەوەندە خۆشەویست بووە لەناو خەڵكی دا كە گەڕایەوە بۆ سەمەرقەند و ناوچەكانی بوخارا، خەڵک ئەهاتە دەرەوە بە زانا و گەورە پیاوان و بە ژن و پیاوەوە هەموو خەڵكی شارەكە رووبەڕوی ئەم پیاوە بەڕێزە دەبوونەوە بەس بۆ ئەوەی بەرەو پیری بچن، چوار كیلۆ مەتر لە شارەكەی خۆیان ئەهاتنە دەرەوە، كە ئەیانزانی ئیمامی بوخاری دەچێتەوە بۆ ئەوێ. لەسەرەتاوە ئەوەندە بێ پارە بوو دایكی نەفەقەی پێ نەبەخشی لە ژیانی دا زۆر پیاوێكی شەرمن بوو هەندێک جار دەگێڕنەوە كە ئەو زانایانەی وانەی لایان خوێندوە وەک ئادەمی كوڕی پاس دەفەرموێت: سێ رۆژ نەمبینی، كە چووم سەیر دەكەم دەستی گرتووە بە سكییەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەسكێ گیای كۆكردبووەوە ئەیخوارد، كە پارەكەی دایكی پێ نەگەیشتبوو!

خوێنەری بەڕێز..

ئەو زانستە ئاوا گەیشتووە بە ئیمامی بوخاری، تا بەو شێوەیە ئەو زانستی وەرگرتووە، بەڵام ئێستە ئەو هەموو ژیانە لەبەر دەستی ئێمەدایە و ئەو هەموو كاتە، پاشان ئینتەرنێت و ئەو هەموو كتێبە لەناو ئینتەرنێتدا هەیە، تا بەم شێوەیە خوای گەورە شتەكانی بۆ ئاسان كردووین، ئەی چۆن لە قیامەتدا رووومان دێت لەبەردەم خوای گەورەدا بڵێین خوایە بانگەوازمان نەكردووە بۆ لاینەكەت.

زۆر گرنگە مرۆڤی موسوڵمان هەوڵ بدات. ئەم پیاوە بەڕێزە ئەوەندە قورئانی خۆش دەویست، شەغەف بووبوو بە قورئانەوە، واتە چۆن خوای گەورە دەفەرموێت لە سورەتی یوسفدا: "قَدْ شَغَفَهَا حُباً". واتە شەغەف لە مەسەلەی عیشق و دڵداری زۆر بەرزترە، ئیمامی بوخاری لە

لە كاتەكانی تریشدا هەر سێ ڕۆژ جارێکیش قورئانی خەتم کردووە و ڕەمەزاندا هەموو ڕۆژێ قورئانی خەتم کردووە، کە بەرەو پیربوون ڕۆیشتووە ١٥ جار هەستاوە قورئانی خەتم کردوەتەوە، شەوی وا بووە، خوای نووسیوەتەوە، دەفەرموێت غولامێکی قبیلەکەی داگیرساندووە و فەرموودەی پێغەمبەری ئیسراحەتی زیاتر هەیە لەگەڵدا بوو پێی وت بۆچی هەڵمناستێنی؟ وتی: تۆ گەنجی پێویست بە بە ناڕەحەتت ناکەم، بوخاری لە کۆتایی تەمەنی دا دەگەڕێتەوە بۆ بوخارا، خەڵکێک زۆر پیریەوە دێن خەڵکێکی زۆر خۆشیان دەوێت و ئەو کاتە والی ئەو جێگەیە کەسێک بووە بەناوی خالیدی کوڕی هەزری، کە دەبینێت ئەو خەڵکە هەمووی بەو شێوەیە ڕوو دەکەنە ئیمامی بوخاری تووشی غیرەیەک دەبێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت، ئەیەوێ لە شان و مەقامی ئیمامی بوخاری کەم بکاتەوە، بۆیە پێی دەڵێت: وەرە بۆ ماڵی ئێمە، منداڵەکانم فێری خوێندەواری بکە، بە شێوەیەکی ناشیرین وتی و دەیویست لە شانوشەوکەتی کەم بکاتەوە، هەر کەسێک بە ئیخلاص کاری کرد ئەو کەسە ١٠٠٪ نیشەکەی بۆ خوای گەورە بووە وە خوای گەورەش هەر کەسێکی خۆش بوێت ناوی لەناو خەڵکی دا بڵاو دەکاتەوە و وای لێ دەکات، کە خەڵکی خۆشی بوێت، دڵەکان لە بەینی پەنجەی خوای گەورەدایە، لەبەر ئەوە هەر کەسێک لە دەسەڵات نزیک بێتەوە سووک و ڕیسوا دەبێت، هیچ زانایەک نەبووە لەسەر ئەم زەویەدا لە دەسەڵاتدار و خەلیفە نزیک بوویێتەوە، ئەوانەی نزیک بوونەتەوە شان و شەوکەتیان نزم بۆتەوە، ئەمەی کە باسمان کرد لەسەردەمی دەسەڵاتی موسوڵمانان بووە، ئەی ئەگەر لەسەردەمی عەلمانییەکان بێت، ئەوا هەر ڕیسوا دەبێت.

زانایانی بەڕێز و زانای چاک ئەو کەسانن کە پایەبەرز بوون، هەمیشە بەرز و پیرۆز بوون، دوور بوون لە دەسەڵاتەوە، کاتێک کە وای پێ دەڵێت: ئیمامی بوخاری بە جۆرنەتێکەوە پێی دەفەرموێت: بەڕاستی عیلم زەلیل نابێت و ناچێتە بەردەرگەی هیچ کەسێک، ئەگەر زانستت ئەوێ یان ئەبێ بێی بۆ مزگەوت یاخود بۆ ماڵەکەم. ئەمەشیان قسەی ئیمامی مالیکە کە کاتێک هارونە ڕەشید بانگی دەکات ئەڵێت: با مالیک بێت بۆ بەغداد بۆ ئەوەی عیلم لەوێ فێری خەڵکی بکات، ئیمامی مالیکیش ئەم قسەیەی پێ دەفەرموێت: خەڵک دەبێ بچێت بۆ لای عیلم نەک عیلم بچێت بۆ لای خەڵکی.

هەموو زانایەک کە گەیشتوون بە زانستی شەرعی هەروا بە ئاسانی نەهاتووەتە بەردەستیان، هەر کەسێک کە بیەوێ فێر بێت پێویستە شەونخونی بکات، هیچ کەسێک بە تێر وت هەڵی ئەم عیلمەی پێ ناگات ئەگەر خۆی ماندوو نەکات.

دوای ئەوەی کە ئیمامی بوخاری وای پێ وت: دەری دەکاتە دەرەوە و ئەو کەسانەی کە بەرگریشیان لێ کردووە، دەریان دەکاتە دەرەوە. لە پاشاندا ئیمامی بوخاری دوعای لێ دەکات، ئیمامی ئەحمەد چۆن دوعای کرد لە موعتەصیم، کە لە ناوی بەرێ خوای گەورەش لەناوی برد، ئەمیش دوعا ئەکات کە ڕەزیل و ڕیسوای کات خوای گەورە ڕەزیل و ڕیسوای ئەکات، لەدوای ماڵێک دەچێتە زیندانەوە هەر لە زیندانەکەیشیدا دەمرێت.

ئیمامی شاطبی دەفەرموێت: خوای گەورە وەعدی داوە بە پاراستنی قورئان هەر چۆن وای داناوە پاراستنی قورئان بکرێت، هەر واش دایناوە کە پاراستنی سوننەت بکرێت بەم پیاوانە: بوخاری،

موسلیم، ترمزی، ئیمامی ئەحمەد، ابن عباس، ئیمامی حاكم، ئیمامی نیسائی و ئەبی داود. ئەم پیاوانە هەموویان پارێزەری سوننەتی پێغەمبەر بوون ﷺ. پاشان ئەو كەسانەی تەقلیدیان كردەوە، وەك ئەحمەد شاكر و ئیمامی ئەلبانی، ئەمانەش یەكێك بوون لەئایەكانی خوای گەورە بۆ ئەوەی سوننەتی خوای گەورە بمێنێتەوە.
بە بەرچاوی ئێمەی موسوڵمانانەوە چەند وڵاتێكی موسوڵمانان داگیركراون وەكو فەلەستین، چیچان، ئەەرستان، داغستان، توركستان، ئەندەلوس، سیسلیا و زۆرێكی تر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا، كە وڵاتی موسوڵمانان و داگیركراون، كەچی ئێمە (لا حول ولا قوه الا بالله) ئاگامان لە موسوڵمانانی ئەو ناوچانە نییە، یاخود وڵاتێكی وەكو یۆنان كە بنكەی داری عوسمانلیی بوو، كەچی ئێستە ئێمە پێمان وایە ئەسڵەن پەیوەندیشی بە موسوڵمانانەوە نییە. زۆرێك لە شار و دیهاتەكانی موسوڵمانان و ئەهلی ئیسلامن و دەنگی بانگی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبیستن، بەڵام موسوڵمانان ئاگایان لە ژیانی ئەو موسوڵمانانە نییە، بانگخوازەكان ناچنە ناویانەوە، ئەی نازانن ئەركی گەیاندنی ئەم دینە لەسەر شانی هەر هەموومانە و پێویستە گۆڕانكاری پێ بكەین و بیگەڕێنینەوە بۆ ناو كۆمەڵگەی خۆمان، بۆ ناو كۆلێژەكانمان و قوتابی كۆلێژەكانمان لێیان بپرسە خەلیفەكانی راشیدین كامانەن؟ بڕوا بكەن زۆرێك لەوانە نەیانزانیوە بە ریزبەندی خیلافەتیان بیانژمێرن. تەنانەت یەكێك لەوانە بە منی وت: كاك ماكوان نووسەر، ئایا عومەری كوڕی عبدالعزیزیش خەلیفەی راشیدین نییە، نەخێر عومەری كوڕی عبدالعزیز -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- خەلیفەی راشیدین نەبووە، بەڵكو لەسەر نەهجی سیستەمی سیاسیی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، كە خیلافەتە راشیدینەكەیە، بەڵكو خیلافەتی راشیدین ئەو هاوەڵە بەڕێزانەن، كە پێشتر باسمان كردن -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت-.
چۆن دڵنیا بین لەوەی كە كتێبی (صحیح البخاري) هیچ هەڵەیەكی تێدا نییە؟ بەوە دڵنیا دەبین كە ئەم كتێبەی ئیمامی بوخاری بە دووەم كتێب دادەنرێت لە دوای قورئانی پیرۆز لەناو ئەهلی ئیسلامدا، بەو پاڵپشتیەی كە ٦٠٠ هەزار فەرمودەی لەبەر بووە و تەنها دوو هەزاری تۆماركردووە بۆمان، ئەمەش بۆ ئەوەی كە بەتەواوی و سەد لە سەد پاك و بێگەردی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بپارێزێ، راستە خۆی حەوت هەزار فەرمودەیە صحیحەكەی، بەڵام ئەم حەوت هەزار فەرمودەیە یان مەتنەكەیان دووبارە بۆتەوە یان راوییەكانیان دووبارە بوونەتەوە، باقی دوو هەزار فەرمودەی بێ دووبارەن، هەروەكو زانای گەورە ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە شەرحی (فتح الباري) باسی كردووە.
گرنگە ئەوە بزانین كە ئیمامی بوخاری نوێكەری دین بووە و بە پاك و بێگەردی هێناویەتی، بۆیە پێی دەوترێت (صحیح البخاري) و لەدوای قورئانی پیرۆز پاكترین و راسترین كتێبە. زۆرێكی تر لەوە تێناگەن كە مەسنەد چییە؟ تێناگەن لەوەی كە بۆ نمونە سوننەت چییە؟ زانین و تێگەیشتن لەمانە بۆ خۆی زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەهلی ئیمان، بۆ ئەوەی گۆڕانكاری پێ بكەن لەناو دینەكەیان، سوننەت ئەوەیە، كە لە یەك كەسەوە فەرمودەكە گێڕدرابێتەوە، یانی بۆ نمونە لە ئەبوهورەیرەوە گێڕدراوەتەوە یان لە خاتوو عائیشەوە یان لە عبدالله ی كوڕی عباس-ەوە یان...هتد -ڕەزامەندی و ڕەحمەتی خوای گەورە لە هەموویان بێت.

ئیمامی شافعی دایکی بە هەتیوی پەروەردەی کرد، کەچی سەیرکەن چ گۆڕانکارییەکی گەورەی کرد، ماموستایانی بەڕێز ئێوەش ئەتوانن گۆڕانکاری بکەن، چونکە شوێنکەوتەی مەزهەبی ئیمامی شافعین و شوێنکەوتەی ئەو پیاوە بەڕێزەن، کە پارێزەری ئەهلی سوننە و جەماعەیە.

ئیمامی شافعی بێ باوک گەورە دەبێت و دایکی بە هەتیوی و پەروەردەی جوانی ئیسلامی دەکات، لە تەمەنی شەش ساڵی دا هەموو قورئان لەبەر دەکات، لە تەمەنی دە ساڵی دا دەبێتە موفتی و فەتوا دەدات، ئەم پیاوە بەڕێزە بە چی پەروەردە بوو، ئایا بە پارەو سەروەت و سامانی زۆر؟ بە مووچە و مەعاشێکی زۆر؟ نەخێر، دایکی وەرەقەی دەوڵەتی عەباسی لە عەمارا بۆ هەڵئەگرتەوە، عەمارە پووی پێ ئەوترا واتە وەرەقەکان کۆن بووبوون، هەپرون هەپرون ئەبوون و شتیان لەسەر نەئەنووسرا، نەساخەکان بەکاریان نەدەهێنان بۆ نووسین، دایکی ئیمامی شافعی ئەم وەرەقانەی کۆ دەکردەوە بۆ کورەکەی بۆ ئەوەی دەرسیان لەسەر بخوێنێت.

بەم حاڵەوە ئەم زانایە زانستێکی داهێنا، پێی دەوترێت ئوصوڵ فیقھ زانستێکی زۆر گرنگ، دەزانن لە هەموو جیهاندا کاتێک کە دەستور ئەنووسرێتەوە پێویستیان بەو یاسایە هەیە، کە ئیمامی شافعی دایناوە، ئەمریکا، ئوسترالیا، وڵاتانی ئەوروپا، دەبێت دەستورەکانیان سەرچاوەیەکی ئوصوڵی فیقهی تێدا بێت، تاوەکو بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەستوری خۆیان بنووسنەوە، ڕاستە ئیمامی مالک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (المُوَطَّأ) ئاماژەی بە ئوصوڵی فیقھ کردووە و باسی کردووە، بەڵام وەکو تدوین و نووسین کەس نەیتوانیوە وەکو ئیمامی شافعی بێت لەم زانستەدا.

هەروەها پیاوێکی بەڕێزی وەکو ئەبو حامیدی غەزالی —ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، کە بە ئەصڵ خەڵکی ناوچەی طوس یاخود مەشهەدی ئێستە لە ئێران، هەندێک لە خەڵکی ئەم زانا بەڕێزە بە نوێکەری دین دەزانن، بەڵام بەداخەوە هەندێکی تر تەکفیری ئەم پیاوە بەڕێزە دەکەن و هەر بەکافری دەزانن، کە لە ڕاستیی دا ئەم زانا بەڕێزە پارێزەری بەرنامەی ئەهلی سوننەت بووە، ئەی چۆن بەم شێوەیە باسی لێوە دەکرێت لە کاتێکدا گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجام داوە لەناو سەرجەم کۆمەڵگەکەی مرۆڤایەتیدا نەک تەنها لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا.

لەسەر ئەم زانا کەم وێنەیەش ئەوە بزانن کە لە ماوەی ژیانیدا توانیویەتی ٦٠٠ کتێب بنووسێت، لەو ٦٠٠ کتێبە ٢٠٠ کتێبیان بە دەستی خۆی نووسیوە، ٢٠٠ دانەی تریان قوتابیەکانی نووسیویانەتەوە، وە ٢٠٠ دانەشیان فەوتاون، تەمەنیشی ٥٥ ساڵ بووە! باشە تۆ بڵێی ئەو هێز و توانایە ئێستە لەناو خەڵکی ئێمەدا نەمابێت؟ بەڵی ماوە بەڵام ئیرادە لاواز بووە، تاقەتی گۆڕانکاری نەماوە.

ئیمامی غەزالی لە سیاسەتدا نەبووە و حەزیشی بە سیاسەت نەکردووە، تەنانەت ڕۆژێک لەڕۆژان هیچ کەسێک ناتوانێت بڵێت، کە ئیمامی غەزالی باسی جیهادیشی کردووە، تەنانەت ڕەخنەی لێ دەگیرێت لە کاتێکدا کە موسوڵمانان شەڕی نەسرانیان کردووە ئەو باسی خەبات و تێکۆشانی نەکردووە دژی ئەو داگیرکەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری کردوە و سەنگ و قورسایشی بە جۆرێک بووە کە هەر خەلیفەیەک دابمەزرایە ئەبووایە ئەو دانی پێدا بنێ.

بەمە ئەو زانایەیە، كە بە هەتیوی پەروەردەبوو، دوو برا بوون محمد كە ناوی تەواوی ئیمامی غەزالی یە لەگەڵ ئەحمەدی برای، ئەم دوو برایە لە دار الأیتامی عەباسییەكان پەروەردە بوون، ئیمامی غەزالی بوو بە عالم و كتێبی نووسی، گۆڕانكاری بەرپاكرد لەناو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا. لەناو شاری بەغدادی ئەو كات كوشتن و برینێكی زۆر هەبوو لەنێوان سونەو شیعەدا، شەڕە دار و شەڕە بەرد ئەكرا، تەنانەت بە شمشێر لە یەكتریان ئەكوشت، بەڵام ئیمامی غەزالی توانی كۆتایی بەمە بهێنێ، فیقهێكی دروستكرد لە نێوانیان دا بە مەبەستی لەیەك نزیک كردنەوەیان، توانی برایەتیی و خۆشەویستی بخاتە ناو هۆزەكانەوە، باشە ئەم پرۆژە چاكسازییەی ئیمامی غەزالی بۆچی ئێستە لەناو ئێمەدا نییە یان بۆچی خەڵكی بەكاری ناهێننەوە؟ وانەزانن ئێستە ئەمە نییە، ڕاستە لە هەرێمەكەی ئێمەدا شیعە كەمترە، بەڵام جیاوازی چییە ئەفكار هەر ئەفكارە، لە نێوانی عەلمانیی دا، لە نێوانی یەزیدییدا، خۆ ئەمانە لە ئەسڵدا هەموویان بەچكە موسوڵمان بوون بەچكە مەلا و بەچكە شێخ بوون مەفتون بوونەتەوە بە ئەفكاری تر، بۆچی ناتوانین وەكو زانای بەڕێز ئیمامی غەزالی ئەم ئەفكارانە نزیک بكەینەوە لە دینەكەمان و ئیش لەسەر خاڵە هاوبەشەكانمان بكەین.

خوێنەری بەڕێز ٤٠ خاڵ هەن بۆ ئەوەی مرۆڤەكان بە هەموو ئەفكار و ڕەنگێكەوە پێكەوە بژین و درێژە بەژیانی هاوبەش بدەن، هەر ئەفكارێكیان هەیە موسوڵمانە، عەلمانییە، یەزیدییە، مەسیحییە، جووە، بێدینە، دیندارە، بوزییە، شیوعییە، زەردەشتییە...هتد، ئەمانە هەموویان وەكو مرۆڤ ٤٠ خاڵی هاوبەشیان هەیە و دەتوانن بەبێ كێشە بەیەكەوە بژین، بەدڵنیاییەوە ئیسلامەكەی ئێمەش داوای ئەوە دەكات.

خۆشەویستان ئیمامی غەزالی ئیشێكی كرد كە هەموو جیهانی ئیسلامی پێویستی پێی بوو، توانی گۆڕانكاری بكات لە دڵ و دەروونی خەڵكی دا، ئەگەر پێشەوا بوخاری توانیبێتی پارێزگاری بكات لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، نوێگەری تێدا بكات، یان ئەگەر پێشەوا شافعی نوێگەر و گۆڕانكار بووە لەناو كۆمەڵگەدا لە زانستی ئوصولی فیقهدا، یان هەریەكە لەو زانایانەی تریش، كە هەرشتێكیان كردووە، ئەوە ئیمامی غەزالیش توانیویەتی لە زانستی ڕەوشتدا گۆڕانكاری بكات لەناو كۆمەڵگەكانی جیهاندا، تەنانەت قسەكانی ئیمامی غەزالی لەڕووی ڕەوشتەوە بە ئەزمەرییە وەردەگیرێن.

ئەم زانا بەڕێزە لە پەنای كەعبەدا كتێبێكی نووسی بە ناوی (احیاء علوم الدین)، بەرگی یەكەم و دووەمی ئەم كتێبە باسی عیباداتە، بەڵام بەرگی سێیەم و چوارەم باس لەوە دەكات، كە مرۆڤ چۆن بتوانێ گۆڕانكاری لەناو دڵ و دەروون و ناخیدا بكات، چۆن بتوانێ عەقڵی وا لێبكات قسە لەگەڵ دڵ و دەروونیدا بكات، چۆن بتوانێت خۆی بخوازێتەوە، چۆن بتوانێ وەكو ئیمامی غەزالی دەفەرموێت ئەم دڵە سنەوبەرییە كە لە شێوەی سنەوبەر دایە و خوێن ئەهێنێ و خوێن دەبات، بەڵام لەناویدا شتێک هەیە، كە ئاڕاستەی هەموو جەستە و مێشک دەكات، هەر لەم بەرگانەوە باسی زانستی ڕەوشت دەكات.

هەندێک زانای بەڕێزی وەکو ئیبن قەیمی جەوزی توانیویانە بەرنامەکەی ئیمامی غەزالی زیاتر بۆ ئێمە روون بکەنەوە، کە گۆڕانکاری تەواوی کردووە لە رەوشتی مرۆڤایەتیی دا، هەروەها لە رەوشتی ئیسلامییدا تەزکییەی نەفسییان دامەزراند.

کەسانێک پەیدابوون کە پێیان ئەوترا سۆفی، سۆفی بە واتای ئەوەی کە وەکو زانایەکی بەڕێزی ئەم ئیسلامە شی دەکاتەوە و دەفەرموێت: سۆفی بە واتای سینە صاف لە سادەکەیدا، ویرد و موحیبەت لە واوەکەیدا، جیهانی فانی لە فاکەیدا، یادی خوا لە یایەکەی دا ئەمە رەوشت و سۆفییەتی ئیسلامییە، پەیوەندی بەسەر تەزکییە و نەفسەوە هەیە، پەیوەندی بەسەر ئەوەوە بوو کە پەروەردەی رەوشت و دڵ و دەروونی خۆیان بکەن، گۆڕانکاری بکەن لەناو کۆمەڵگەکاندا ئەی بۆچی ئەم زانا بەڕێزە تەکفیر دەکرێت؟ لەبەرئەوەی لە سەرەتادا ئەم پیاوە بەڕێزە بوو بە باطنی، پاشان بوو بە شیعە، کە دەڵێین شیعە مەبەستمان شیعەی فاطمی و ئیسماعیلیە ماوەیەک لەناو شیعەدا مایەوە، ئینجا لە دوای ئەوە کتێبێکی نووسی بە ناوی (فضائح الاسماعيلي) یان بە ناوی (فضائح الباطني).

حەسەنی کوری صباح و ئیبن عطاش هاتن هەرچی خراپەکاری هەبوو کردیان، هەروەها لەو سەردەمەدا شیعە ئیسماعیلیەکان حەشیشەیان دۆزییەوە، ئەم زانا بەڕێزەش هات دەستی کرد بە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەکەی دا بە رەوشت و ئەخلاق بە جوانترین شێوە، یان پیاوێکی بەڕێزی وەکو جەلالەدینی ئەسیوطی کە لە مێژوودا توانیویەتی گۆڕانکاری بکات، یاخود ئیمامی طبری کە زۆربەمان ناومان بیستووە، دەزان ئەم ئیمامە بەڕێزە یەکەم کەس بووە، تەفسیری قورئانی پیرۆزی نووسیوە، وە یەکەم کەس بووە کە مێژووی نووسیوە، یەکەم کەس بووە کە زانستی فەرموودەی نووسیوە، وە یەکەم کەس بووە کە بیروباوەڕی نووسیوە، وە شارەزایی باشی هەبووە لە زانستی عروض و قافیە، ئەمانە هەمووی گۆڕانکارین، گۆڕانکاریش بە نمونەی ئەم کەسانە دەکرێت.

یان سەرکردەیەکی بەڕێزی وەکو صەلاحەدینی ئەیوبی، ئەو شەوەی کە صەلاحەدین لە دایک دەبێت، باوکی دەیەوێت بیکوژێت چونکە دایکی بەسەریەوە رۆشتووە و زۆریش گریاوە لەو شەوەدا، هەروەها ئەو شەوەی کە لە دایک دەبێت بنەماڵەی صەلاحەدین دەیانەوێت هەڵبێن لە دەسەڵاتی عەباسی و برۆن بەرەو ناوچەی مووسڵ بۆ ژێر دەسەڵاتی عیمادەدین زەنکی، لە کاتێکدا کە باوکی صەلاحەدین بیر لە کوشتنی کوڕەکەی دەکردەوە، یەکێک لە خزمەتکارەکان دەڵێت بۆ وای لێ ئەکەی؟ بۆ بە شومی دەزانی؟ وە بۆچی بیر لە لەناوبردنی ئەکەیتەوە؟ کێ دەڵێت ئەم کوڕەت نابێتە گۆڕانکار و فریادڕەسی خەڵکی، لە دواتردا باسی ئەوە ئەکەین کە صەلاحەدین چۆن بوویە گۆڕانکار، ئەم سەرکردە موسوڵمانە نەک تەنها لە جیهانی ئیسلامیدا ناوی خۆی تۆمار نەکرد، بەڵکو لە هەموو جیهاندا ناوی لەناو گۆڕانکارەکاندا تۆمارکراوە، هەروەکو مێژوونووسێکی وەکو میشێل دەڵێت: صەلاحەدینی ئەیوبی توانی ئەخلاق و رەوشت فێری نەصرانییەکان بکات، ئەخلاق و رەوشتی فێری دەرەوەی جیهانی ئیسلامی کرد کە ئەوروپییەکان بوون.

هەروەها زانایەكی گەورەی وەكو ئبن تەیمیە كە ئەچووە هەر شارێك یان هەر جێگەیەك دەیویست گۆڕانكاری بەرپا بكات، دەیویست كتێبێكیان بۆ بنووسێ لە بواری بیروباوەڕدا، لە فیكردا، لە سیستەمی سیاسییدا.
یان نوێگەرێكی وەكو عیزی كوڕی عبدالسلام، ئەم پیاوە بەڕێزە كاتێك كە لە دیمەشق دەردەكرێ ئەچێتە میسر، ئەوكات سەردەمی مەمالیك دەبێت، ئەو كاتەی كە مەمالیك دەیانەوێ خۆیان بكرنەوە، ئەم زانا بەڕێزە حاكم و دادوەر دەبێت، بەڵام دەسەڵاتداران دادوەری ئەمیان بەدڵ نابێت دەیانەوێت دەری بكەن، بەڵام خەڵكی بەمە رازی نابن و ئەیهێننەوە چونكە دەیانزانی ئەم كەسە گۆڕانكاری كردووە لەناو ئەم كۆمەڵگەیەدا. كاتێك كە قودس لە شەڕەی عین جالوتدا بەرانبەر بە تەتار ئەوەستێتەوە و حاكمی وڵات دەیەوێت پارە و باج لە خەڵكی وەرگرێت بۆ دابینكردنی پێویستیەكانی ئەم شەڕە، عیزی كوڕی عبدالسلام بەمە رازی نابێت و دەڵێت بە حاكمی فەرمانڕەوا پێویستە هەرچیەكت هەیە لە سەروەت و سامان بەو زینەتانەشەوە، كە بەخۆتەوە كردووە جگە لە شمشێرەكەت بخەیتە بەردەست، ئێمە ئینجا دەتوانی باج لە خەڵكی وەرگری. ئاوا گۆڕانكاری لەناو كۆمەڵگەدا كراوە. زاناو عالمەكان توانیویانە نوێگەری لەم دینە بكەن، توانیویانە سەروەت و سامان بە حاكمەكان دابنێن ئینجا رێیان داوە، كە باج لە خەڵكی وەرگرن.
كەواتە گۆڕانكاری بە خەڵكی پێشەنگ دەكرێ، گۆڕانكاری ناكرێت ئەگەر مرۆڤ خاوەنی رابەرێك نەبێت یان خاوەنی كەسێك نەبێت كە پێشەنگی گۆڕانكاری بگرێتە دەست، دەبێت مرۆڤ خاوەنی رەمز بێت، رەمز زۆر گرنگە لەناو ئەم ئیسلامەدا ئێوە پێویستە ئەوە بزانن كە رەمزی ئیسلامی گرنگە ئێمە دروستی بكەین و باوەشی پێدا بكەین بە واتای ئەوە نا كە ببینە دەروێش، بە واتای ئەوە نا كە هەر رەمزێك هاتە پێشەوە بڵێین خۆشمان ئەوێ، یان بەخوا مادام لە حزبەكەی خۆمە یان لە گروپەكەی خۆمە ئیتر تەواو، نەخێر رەمز بە واتای ئەوەی كە تۆ سەركردەی ئیسلامیت بۆ دروست بوو بە باوەش بیپارێزی.
لە ئەوروپادا كاتێك كەسەركردەیەكیان بۆ دروست دەبێت بە هەموویان ئەیپارێزن، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە بە پێچەوانەوە كاتێك سەركردەیەك دروست دەبێت یان ئەوەتا خۆی ناتوانێ خۆی بپارێزێ یان ئەوەتا هەركەسێكمان هەڵئەسێ هەوڵی شكاندن و لەناوبردنی دەدات تەنها لەبەرخاتری سوڵتەو دەسەڵاتی ئەو سەركردەیەی كە خۆمان دەمانەوێ، هەروەها لە ئیسلامدا پێویستت بە لۆگۆیە وەكو چۆن هەموو شوێنێك پێویستی بە لۆگۆیەك هەیە بۆ گۆڕانكاری، ئەو كەسەش كە دەیەوێ گۆڕانكاری كا دەبێ رەمز بێ، دەبێ پێشەنگ بێ.
بۆ نمونە هەموو وڵاتێك خاوەنی لۆگۆ و ئاڵای خۆیەتی، بەڵام ئێمەی موسوڵمان رەمزەكانمان فەوتاوە و نەماوە، تەنانەت ئەلەفزیۆنەكانیش خاوەنی لۆگۆ و رەمزی تایبەتن، ئەی چۆن دەبێت ئێمەی موسوڵمان لۆگۆمان نەبێت، ئەی چۆن گۆڕانكاری دەكرێت ئەگەر تۆ خاوەنی لۆگۆ نەبێت، ئەوەش دەبێت باش بزانین كە ئەو لۆگۆ و رەمزەی، كە دەیەوێ گۆڕانكاری بكات لەناو كۆمەڵگەدا هەر ئەوەشە، دەیەوێ ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەكە دابمەزرێنێت، دەزانن بە بێ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی گۆڕانكاری ناكرێت.

لێرەدا پێویستە بپرسین کە ئایا رەمز و لۆگۆی ئیسلامی چییە، کە گۆڕانکاری پێ دەکرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین رەمزی ئیسلامی ئەو بەرنامەیەیە، کە ئیسلام هەڵیگرتووە.
خۆ ئیسلام دەبێت کۆمەڵێک لە خەڵکی هەڵیبگرێت و بیکاتە ئایدۆلۆژیای خۆی، ئایدۆلۆژیا واتە فیکری لۆجیکی مەنتیق، دەبێت لەوە تێ بگەین کە ئەم ئیسلامە ببێتە حەرەکەیەک بۆ گۆڕانکاری، ئایدۆلۆژیا ئەو بەرنامەیەیە کە سەرکردەیەکی پاکی وەکو ئیمامی غەزالی، یان وەکو ئیمامی بوخاری، یان هەریەک لەو زانا و سەرکردە بەڕێزانەی تر کە باسمان کردن پێشتر هەڵیئەگرن و ئەیگەیەنن بە نوخبەیەک، ئەم نوخبەیەش بەناو جەماوەردا بڵاو ئەبنەوە تاوەکو بتوانن بەرنامەکەیان پێ بگەیێنن.
کێشەکە ئەوەیە هەرکەس هەڵئەستێ خۆی دەکات بە لۆگۆ، خۆی دەکات بە سەرکردە، نوخبەمان نەماوە، وە هەرکەسێک هەڵئەستێ لەناو ئەم ئیسلامەدا بە تایبەتی لەناو ئەم گەلەی ئێمەدا بۆ خۆی سەرکردەیە، کادیری ناوەڕاستمان نەماوە کە نوخبەکەیە، کادیرە ناوەڕاستەکە هاتووە و خۆی کردووە بە سەرکردە و خۆی بە سەرکردە دەزانێ، هێشتاش بەو پلەیە نییە کە بەرزببێتەوەو ببێتە ئەو جێگەیە بۆیە حەرەکەتی گۆڕانکاری لەناو ئێمەدا بوونی نییە، بۆیە ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکەمان بۆ ناگرێ، ئێمە کێشەمان لە نەبوونی نوخبەدایە، کێشەمان لە نەبوونی کادیری ناوەڕاستدا هەیە، کادیرە ناوەڕاستەکە خۆی کردووە بە سەرکردە و دەیەوێ بچێتە سەرەوە و هەموو ئیشێ بکات، بەڵام لە کاتێکیشدا پێویستی بەوە هەیە کە جارێ کادیری ناوەڕاست بێت، نوخبە بێت، بەمەش ئایدۆلۆژیاکە دائەمەزرێ. بەرنامەکە ئەم سەرکردە هەڵیگرتووە، ئەم سەرکردەیەیە کە دەیەوێت بەسەر نوخبەکەدا بڵاوی بکاتەوە، تاوەکو بتوانێ ئەم بەرنامەیە بەو خەڵکە زۆرەی ناو کۆمەڵگەکە بگەیەنێ و گۆڕانکاری تێدا بکات.
ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە لە سەرەتادا باسمان کرد کە خوای گەورە ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە بە وەحی، کە دەفەرموێت: "وكذلك جعلناكم أمة وسطا". ئێوە ئوممەتێکی وەسەتن وەسەت لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەمانای ناوەڕاست نایەت، ئەوەی کە دەڵێت بە واتای ناوەڕاست دێت ئەوە بێ هەڵوێستی لە ئیسلام دا دەرئەخات، ئیسلام دادپەروەر و عەدالەتە، وەسەتیەت لەم ئایەتە پیرۆزەدا وەکو زانایانی تەفسیر دەفەرمون بە واتای دادپەروەر دێت، بۆیە ئەم ئیسلامە کاتێک کە دەکرێت بە ئایدۆلۆژیا و حەرەکەی ئیسلامی پێ ئەنجام دەدرێت، پێویستە بزانرێ کە ئەم ئیسلامە ئەوە ئەگەیێنێ بەخەڵکەکە، کە بەهەر شێوەیەک بووە بەهەر جۆرێک بووە، نوخبە دەنگی بەرنامە و سەرکردە و لۆگۆکە بگەیێنێ بە خەڵکی، کە ئەمە بنەڕەتی ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکەیە.
ئەمە گرنگە هەمووممان هەستی پێ بکەین و عەقڵمان پێی بشکێ مامۆستایانی بەڕێز وە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ نوێگەر بن و دەیانەوێ سەرلەنوێ جوڵانەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابووری بخەنەوە ناو ئەم خەڵکە، وە بەهەر شێوەیەک بووە بەهەر جۆرێک بووە ئەم ئیسلامە بەجوڵانەوە بخەنەوە، ئەم ئیسلامە بە ئایدۆلۆژیا بکەنەوە.
ئێستە مامۆستایانی بەڕێزی ئێمە یان زانایانی ئاینی ئیسلام پێیان وایە دەبێ سیاسیی بێت ئینجا ئەتوانێ گۆڕانکاری بکات، ئەمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە، بۆیە نمونەی ئیمامی غەزالی و ئیمامی

بوخاریمان هێنایەوە، ئەمانە هیچ كامیان دەستیان لە سیاسەتدا نەبوو، بەڵام بەبێ ئیجازەی ئەوانیش هیچ سوڵتان و خەلیفەیەک نەیەتوانی دابمەزرێ، کەواتە مەرج نییە تەنها سیاسی بتوانێ گۆڕانكاری بكات، ئێمە هەمووومان چاوەڕێی دەمی سیاسیەكانین.

دەبێت ئەوەشتان لە بیر بێت، زانایەكی بەڕێزی كوردی وەكو بەدیعو زەمان سەعیدی نەوڕەسی هەروا بە ئاسانی نەیوتووە پەنا ئەگرم لە شەیتان و لە سیاسەت، بەواتای ئەوەی كە ئەگەر مرۆڤ ئیمان لە دڵ و دەروونی دا بوو، یاخود بە واتایەكی تر ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی جوڵانەوەیەكی گۆڕانكاری بەتەواوەتی بێنێتە پێشەوە لەناو دڵ و دەروونی خۆیدا بە ئیمانەكەی، ئەوە هیچ كاتێک ناتوانێت بە سیاسەت گۆڕانكاری بكات.

کەواتە ئەسڵ ئەوەیە، كاتێك تۆ حزب دائەمەزرێنی یان كۆمەڵ كۆئەكەیتەوە یان خەڵكی لەدەوری خۆت خڕ ئەكەیتەوە، یان ئەتەوێ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دابمەزرێنی پێویستە دوو شت بە خەڵكی بناسێنی بۆ ئەوەی حەرەكەی گۆڕانكاری دەست پێ بكات، بۆ ئەوەی گەل گۆڕانكاری تێدا بكرێت، یەكەم: خواناسی. دووەم: بیرخستنەوەی قیامەت.

لە ئیسلامدا مەبەست نییە خەڵک هەوڵ بدات بۆ دەسەڵات، هەوڵدان بۆ دەسەڵات شتێكی مەحموودە، شتێكی باشە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە كە خەڵک بەرەو بەهەشت بەری، ئەسڵ ئەوەیە خەڵكی بەرەو ئامادەكارییەك بەری بە هۆیەوە ئەم ئیسلامەی پێ سەرخەی، تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە بتوانی ئەم ئیسلامە وەكو ئیعداد بە خەڵكی بناسێنی، ئەم ئیسلام وەكو كردەوە بە خەڵكی بناسێنی.

ئامانج گرنگە لە ئیسلامدا بەڵام مەرج نییە ئێمە هەموومان بگەین بە ئامانج، بۆ نمونە سومەیە و یاسر -ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت- هیچكامیان ئامانج و حكومەتی پێغەمبەری خوایان ﷺ نەبینی، بەڵكو خەڵكانێكی تر بینییان، كەچی بوونە یەكەم شەهیدی ئیسلامیش، مامی پێغەمبەر ﷺ حەمزەی كوڕی عبدالمطلب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- شەهید بوو، نەگەیشت بە ئامانج، كۆمەڵێكی تر لە هاوەڵە بەڕێزەكان بە هەمان شێوە شەهید بوون و نەگەیشتن بە ئامانج.

کەواتە ئەسڵ ئەوەیە مرۆڤ كردار بكات، ئێمە ئەگەر ئەمانەوێت گۆڕانكاری بكەین، پێویستە لەناو كۆمەڵگەی خۆماندا سەرلەنوێ عەقڵمان بەوە بشكێ كە كردارمان هەبێ، ئیمان بەبێ كردار هیچ واتایەكی نییە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا كە باسی ئیمانی كردووە لەگەڵی دا باسی كرداری هێناوە، كە دەفەرموێت: الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ. الطلاق:١١. پێویستە زانایانیش هەموویان بە یەكڕیز بوەستن وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾، الصف. بەڕاستی خوا ئەو كەسانەی خۆش دەوێت، كە دەجەنگن لە پێناویدا بە یەكڕیز و یەكپارچە و یەكدڵ، هەروەک دیوارێكی بەرزی قایمی تێهەڵكێش و رێكوپێك.

پێویستە زانایان ریز بی ریز بوەستن بۆ ئەوەی جوڵانەوەیەكی گۆڕانكاری لەناو ئەم كۆمەڵگەیەی ئێمەدا بكەن، كەواتە هیچ كەسێک ناتوانێت گۆڕانكاری بكات مەگەر (خَيْرَ أُمَّه) بێت، واتە پێشەنگ بێت، یاخود خاوەنی سیفەتەكانی (خَيْرَ أُمَّه) بێت، هەندێک لە سەركردە و پێشەنگەكانی ئێمە لای ئێمە بوونەتە خەیاڵی، وایان لێهاتووە كەس نەیانناسێتەوە، پێویستە ئێمە

سەرلەنوێ پێشەنگ و نوێگەر و موجەدیدەکانمان بناسێتینەوە، ئەو کەسانەش کە ئەبنە سەرکردە لەناو گەلی خۆماندا باوەشیان پێدا بکەینەوە و نەهێڵین بفەوتێن بەواتای ئەوەی کە بتوانین ئەو کەسانەی کە ڕەمز و لوگۆی ئیسلامەتین سەرلەنوێ بە هەموومانەوە بیانپارێزین و ڕێز و تقدیر و ئیحترامیان بگرین چ لەڕووی ئیمانەوە بێ، چ لەڕووی سیاسییەوە بێ، وە یاخود لەڕووی ئابوورییەوە بێ، یان لە هەر ڕەهەندێکی تری ژیانەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانین لەناو ئەم کۆمەڵگەیەی خۆماندا هەرچۆنێک بێ و هەرچییەکمان کردووە بتوانین گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا بکەین.

## پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ چۆن گۆڕانکاری کردووە

ئەو کەسەی بڕیاری گۆڕانکاری دەدات دەبێت خاوەنی بڕیاری ئازایانە بێت، خاوەنی بڕیاری ئازایانە بێت، هیچ کەسێک ناتوانێت لەسەر ئەم زەویەدا گۆڕانکاری بکات، ئەگەر جورئەت و ئازایی و غیرەتی تێدا نەبێت، جورئەت بە هەموو واتاکانی، بە هەموو مەفهومەکانی، هەموو مەفهومێک کە لەم ژیانەدا بوونی هەیە، بەڵام بەو واتایەش نا، کە سەرسەریانە بیربکاتەوە هەرگیز مەبەستمان ئەوە نییە، بەڵکو بە واتایەک کە خاوەنی بڕیاری ئازایانە و چاونەترسانە بێت.
لێرەدا هەندێک نمونە باس ئەکەین بۆ ئەوەی زیاتر تێ بگەین بڕیاری ئازایانە چییە:
خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- پێش موسوڵمان بوونی لەکاتی پەیمانی حودەیبیەدا دەیەوێت هێرش بکاتە سەر موسوڵمانانندا، بڕیار دەدات لە کاتێکدا زەفەر بە موسوڵمانان بگەیەنێت کە موسوڵمانان لەکاتی ئەنجامدانی نوێژدا بن، بە تایبەتی لەکاتی سوجدەبردندا بن، تەبعەن پێش ئەوە یەکێک لە نزیکەکانی بانگ دەکات و پرسیاری ئەوەی لێ دەکات کە موسوڵمانان چەندجار نوێژ دەکەن، ئەویش بۆی باس دەکات کە موسوڵمانان چەندجار نوێژ دەکەن، وە روکنەکانی نوێژی پێ دەڵێت لەگەڵ ئەوەی چەند لە ڕکوع و سوجدە دا ئەمێننەوە، تەبعەن ئەو کەسەی، کە خالید پرسیاری لێ دەکات کەسێکی شارەزا بووە لە ئیسلام وەکو ئەوانەی ئێستە، کە باسیان دەکرێت شارەزا لە ئیسلام یان شارەزا لە ئیسلامی سیاسیی و ئەو قسانەی تر کە دەکرێن، ئەم گفتوگۆیەی خالید و کەسە نزیکەکەی لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا بووە خالیدیش بڕیار دەدات لەکاتی نوێژی عەسردا بدات بەسەریان دا.
(سبحان الله) خوای گەورە لەو کاتەدا نوێژی (صلاة الخوف) دادەبەزێنێ بۆ موسوڵمانان، دوای بیستنی ئەم هەواڵە لەلایەن خالیدە، هەست بەوە دەکات، کە ئەمە بێ حیکمەت نییە و مانای ئەوەیە موسوڵمانان خوایەکیان بەسەرەوەیە چاودێریانە و ئاگای لێیانە و دەیانپارێزێت، بۆیە دەڵێت: (ان القوم ممنوعون)، بەڕاستی ئەم قەومە ئاگاداریەکیان بەسەرەوەیە، بۆیە لەو کاتەوە بڕیار دەدات، موسوڵمان بێت، ئەمە یەکێکە لەو بڕیارە ئازایانەی، کە خالید دای لە ژیانی خۆیدا تەبعەن ژیانی هاوەڵان پڕە لە بڕیاری ئازایانەی لەم شێوەیە.
خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لە هەموو شەڕەکانی موسوڵمانان لە دژی فارس بەشدار بووە و لە هەموویشیان دا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا ئەمیرە

موسوڵمانان عومەری كوڕی خەتاب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- داوا دەكات خالید-ی كوڕی وەلید بگەڕێتەوە بۆ شام بە مەبەستی هاوكاریكردنی سوپای موسوڵمانان لە شەڕی دژی ڕۆمانەكان، چونكە سەركردەیەك بوو لە زۆربەی ئەو شەڕانەی بەشداری دەكرد بەویستی خوای گەورە موسوڵمانان سەركەوتنیان تێدا بەدەست دەهێنا، خالید بڕیاریدا بەزوویی خۆی بگەیێنێتە سوپای موسوڵمانان، بۆیە لە ماوەی تەنها حەوت ڕۆژدا لە بیابانی سامەرا، وە خۆی گەیاندە بوصرا لە خاكی ئەردەنی ئێستە، كە ئەوكات یەكێك بوو لە ناوچەكانی شام، خالیدی كوڕی وەلید بەو ڕێگە دوور و ناخۆشەدا، خۆی گەیاندە سوپای موسوڵمانان كە ئەبا عوبەیدەی جەراح -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- سەركردایەتیی دەكردن، ئەم بڕیارەی خالید گۆڕانكاری كرد لە سوپای موسوڵمانان لەڕووی هێز و تەوازنەوە.

هەركەسێك ژیانی خالیدی كوڕی وەلید بخوێنێتەوە دەزانێ ئەم بڕیارە چەندە بڕیارێكی ئازایانە و بە جورئەتانە بووە، چونكە لە ماوەی تەنها حەوت ڕۆژدا كە گەیشتۆتە سوپای موسوڵمانان بە شوێنێكدا هاتووە، هەمووی بیابانە و زۆر بەكەمی ئاوی تێدا دەست ئەكەوێت، كەواتە هەركەسێك دەیەوێ گۆڕانكاری بكات دەبێت خاوەنی بڕیاری ئازایانە بێت.

## خالید كوڕی وەلید كێیە؟

سەركردەیەكی گەورەی ئیسلامە كە لە مێژووی ئیسلامیدا هاوشێوەی كەمە، ئەتوانم بڵێم لە مێژووی مرۆڤایەتیی دا هاوشێوەی نییە. ئەم پیاوە بەڕێزە پێغەمبەری خوا ﷺ، زۆری خۆش ویستووە، تەنانەت لەكاتێكدا كە بێباوەڕ بووە لە فەرموودەیەكدا بە براكەی، كە ناوی وەلیدی كوڕی وەلیدی موغیرەیە دەفەرموێت:كەسێكی وەك خالید ئەوەندە خۆی بێ ئاگا دەكات لەم ئیسلامە، سەیرە كە نایەتە ناو ئیسلام، چونكە خالید پیاوێكی ژیرە. پاشان دەفەرموێت: ئای پیاوێكی وەكو ئەم پیاوە واز لە ئیسلام دێنێت و نایەتە ناو ئیسلامەوە. ئەگەر بێتە ناو ئیسلامەوە ئێمە ئەو تاوانانەشی، كە بەرانبەر موسوڵمانان كردوویەتی لێی خۆش دەبین.

پێغەمبەری خوا ﷺ، ناوی ناوە بە شمشێری خوا كەسێك بووە لە تەمەنی خۆیدا، كە فەرماندەی هەر جەنگێكی كردبێت هەمیشە سەركەوتوو بووە.

لەسەرەتای موسوڵمان بوونییەوە یان لەوكاتەی كە دەیەوێت موسوڵمان بێت لەكاتی پەیمانی حودەیبیەدا موسوڵمانان نوێژ دەكەن، وا دادەنێت لە دڵی دا بێ ئەوەی، كە بە هیچ كەس بڵێت كە لە كاتی سوجدەبردنی موسوڵماناندا هێرش بكاتە سەریان و خۆی ئامادە دەكات، كە لە نوێژی عەسردا كارەكە ئەنجام بدات، چونكە پێشتر لەكاتی نوێژی نیوەڕۆ ئەو بینی موسوڵمانان زۆر دەمێننەوە لە سوژدەدان، وە پرسیاری ئەوەشی كردبوو پێشتر، كە موسوڵمانان چەندجار نوێژ دەكەن و چۆن نوێژ دەكەن، بەڵام پەروەردگار نوێژی ترسی دابەزان (الصلاة خوف) فەرز دەكات لەسەر موسوڵمانان ، ئەم نوێژەش بەم شێوازەیە كە ئیمام دەوەستێت كۆمەڵێك دەچنە سوجدە كۆمەڵێك پاسەوانی ئەوانی تر دەكەن، تا سەر لە سوجدە بەرز دەبنەوە، پاشان ئەوانی تر سوجدە دەبەن.

كاتێك كە ئەمە روویدا خالیدی كوڕی وەلید قسەیەكی زۆر سەرسوڕهێنەری كرد و دەڵێت: سوێند بەخوا ئەمانە قەومێكی پارێزراون و خوای گەورە پارێزگاریان دەكات، لەپاشاندا ئەو وتەیەی كە بە خالید بڵێ نمونەی وەكو خالیدی كوڕی وەلید واز لە ئیسلام دێنێت و نایەتە ناو ئیسلام و لە ئەگەر بێتە ناو موسوڵمانانەوە لە هەموو تاوانەكانی خۆش دەبێت، كە بەرانبەر موسوڵمانان پێغەمبەری خوا ﷺ، وەك سڵاو بۆی دەنێرێت بە برایەكی خالیدی كوڕی وەلیدا دەفەرموێت: ئەنجامی داوە، وە پۆست و پلەوپایەی پارێزراوە لەناو موسوڵماناندا، بۆیە پێغەمبەری خوا زۆر متمانەی پێ بوو، وە چەندجار كردوویەتی بە سەركردە و بە ئەمیری سوپا، ئەم پیاوە لە هیچ شوێنێكدا نەیدۆڕاندووە زیاد لە ١٠٠ جەنگ و غەزوەی كردووە لە هیچیان دا نەیدۆڕاندووە و زیاد لە ٧٠ جار بریندار كراوە.

لە ١٨ رەمەزاندا، كە لەسەر جێگەدا دەبێت و نەخۆش دەكەوێت بێگومان زۆری پێ ناخۆشە و زۆر دەگری و دەڵێ: مردنێكی ترسنۆكانە مردم لەسەر جێگە، بەڵام ئەو خۆی هەستی پێ ناكاتە

وەک چۆن زانایان دەفەرموون چۆن دەبێ شمشێری خوای گەورە بەدەستی مرۆڤ بشكێنرێت و نابێ شەهید بێ، دەبێ لەسەر جێگەدا بمرێت، لە راستیی دا ئەمەش یەكێكە لە موعجیزەكانی پەروەرمان ﷺ.

زۆری دەستە وەستانە لە وەسفی ئەم پیاوە هەرچی ئەكادیمیای سەربازی هەیە، لێكۆڵینەوە لەسەر ئەم پیاوە بكەن ناتوانن مافی خۆی بدەنێ، توانای سەربازی خالید -رەزامەندی خوای لێ بێت- ئەو سەردەمەی، كە ئێستە شیكاری و لێوردبوونەوەی دەكەیتەوە هەمیشە دوژمنی تووشی شۆک كردووە هەمیشە لە جێگەیەكەوە بەرانبەری دوژمن بۆتەوە، دوژمن هەرگیزاو هەرگیز بیری بەلایدا نەچووە و خالید لاشەیەكی زۆر بە توانای هەبووە.

لەدوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ، ئەبوبەكری صدیق -ڕەزامەندی خوای لێ بێت-، كە دەبێت بە خەلیفەی خالیدی كوڕی وەلید دەیكات ئەمیر و بەسوپاوە دەینێرێت لە بەرانبەر هەڵگەڕاوەكاندا جەنگ بكات، لەشەڕ لەگەڵ مورتەدەكاندا دەستێكی زۆرباشی هەبوو ئەبوبەكری صدیق، ناردییە سەر طلحەی كوڕی خوەیلدی ئەسەدی هەروەها موسەیلەمەی درۆزن، كە توانی سەركەوتنێكی بێ وێنە بەدەستبهێنێت لە بەرانبەر هەموویان دا، ئەدوای ئەوە ئەبوبكری صدیق قەرارێكی زۆر عەجیب دەدات، لەكاتێكدا موسوڵمانان خاوەنی پارچە زەوییەكن لە مەدینەدا، بریار دەدات، كە بە ١٨ هەزار كەسەوە خالید بڕوات لە بەرانبەر سوپای فارسدا بجەنگێ و فەتحی وڵاتی فارس بكات.

كە باسی وڵاتی فارس دەكەین واتا ئەم جێگەیانە: عێراق، ئێران، كوردستان، بەشێكی ئەنادۆڵ، پاكستان، ئەفغانستان، قرقیزستان، ئازەربایجان، تاجیكستان، توركەمەنستان و تا ئەگاتە توركستانی ئێستە، كە چین داگیری كردووە لەبەر دەستی فارسدا بووە، ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێكی زۆر گەورە بووە، تەنها ژمارەی سەربازەكانی دوو ملیۆن كەس بوون، خالید كوڕی وەلیدیش ئەم سەربازە بەناوبانگە ئەم هاوەڵە بەڕێزەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەگوێی ئەمیری خۆی دەكات و دەڕوات و روو دەكاتە ئەو وڵاتە، جەنگ دەكات لە هیچ كام لەجەنگەكاندا نادۆڕێت، پێشرەوییەكی زۆر باش و نایاب دەكات بەو سوپا كەمەش كە لەبەر دەستی دایە، تەنانەت كیسرا دوا دەكات، كە بەهەر یەک لە سوپاكەی قاتێک جل و درهەمێكیان بدەنێ و بە سەركردەكەشیان ١٠٠ دەرهەمیان بدەنێ ، كیسرا وادەزانێ بۆ پارە دەجەنگن!

لەو جەنگەدا فارسەكان بەتەواوی لێی دەترسن پێی دەڵێن باشە تۆ بۆچی هاتووی یا تووڕە ئەبین وەک ترسێک ئەیانەوێ بیانترسێنن بۆ ئەوەی خالیدی كوڕی وەلید بگەڕێتەوە، رۆستەم لە نامەیەكدا، كە بۆی دەنێرێت پێی دەڵێت: بگەڕێرەوە ئەگەر تووڕە بین تەفروتوناتان دەكەین.

خالیدیش لە بەشێکی بچووک و سوچی نامەکەیدا بۆی دەنووسێتەوە دەڵێت: تۆ بەچی دەمان ترسێنی، من بە پیاوانێکەوە هاتووم، چۆن ئێوە ژیانتان خۆش دەوێت، ئەوانیش ئاوا مردنیان خۆش دەوێت، لەبەر ئەوە هیچ ترسێکیان لە دڵدا نەبووە لە شەڕی (ذات السلاسل)دا سەردەکەوێت لەو شەڕە بەمانای ئەوەی سوپاکەی فارس بۆ ئەوەی سەربازەکانیان رانەکەن بە زنجیر بەستوویانەتەوە لە پێشی خۆیانەوە، ئینجا سەر دەکەوێت بەسەر ئەواندا.

لەجەنگی قادسیەدا بۆ یەکەمجار ئەم سەرکردە بەناوبانگە جوامێر و بەتوانایە رووبەڕووی فیل دەبێتەوە، یەکەمجارە موسوڵمانان لەگەڵ فیلدا شەڕ بکەن، کە فارسەکان بەکاریان هێناوە لەو شەڕەدا لەگەڵ ئەوەشدا پلانێکی باش بەکاردێنێ و لوتی هەموو فیلەکان دەشکێنێت و ئەوانەی کە سەنگەرنشین بوون بەسەر پشتی فیلەکانەوە و تیریان ئەهاویشت بۆ موسوڵمانان، کە لوتی فیلەکان شکێنران هەڵدەگەڕانەوە و دەکەوتنە خوارەوە، کە ئەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیی بۆ یەکەم جارە خالید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- توانیویەتی ئەو کارە ئەنجام بدات.

لە جەنگێکی تردا بە ناوی ئەماغشی، کە مەوقیعێک بوو موسوڵمانان سەرکەوتنێکی زۆر باشیان بەدەستهێنا زیاد لە ٤٠ هەزار فارسیان کوشت لەوێدا هەرچەندە ژمارەی موسوڵمانانیش کەم بوون، ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- لە وەسفی خالیددا دەفەرموێت: شێرەکەی ئێمە سەرکەوت بەسەر شێرەکەی ئەواندا! دەوڵەتی فارس رەمزیان شێر بووە هەتا ئێستەش ئەو رەمزە ماوە لە تەختی جەمشیی دا و لە سەردەمی دەسەڵاتی پادشایی ئێراندا ئاڵای وڵاتەکەیان شێری تێدا بوو، دوای ئەوە دەفەرموێت: ئایا ئافرەتان لەتوانایان دا نەماوە کە منداڵی وەک خالید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- بەرهەم بهێنن؟ ئەمە قسەی ئەبو بەکری صدیقە -ڕەزامەندی خوای لێ بێت-.

ئەبو بەکری صدیق دوو ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە لەسەردەمی ئەم پیاوەدا شتێکی سەیر روویداوە کە هەموو نیشتمانی عەرەبی هەڵدەگەڕێنەوە تەنها سێ جێگە نەبێت، ئەویش طائیف و مەککە و مەدینە و لادێیەکی بچووک لەنزیک بەحرەین، بە ناوی هەجرە، بە پیاوانێکی وەک خالید توانی سەرکەوێتەوە.

پاشان ئەم پیاوە بەڕێزە لە سەرکردایەتییکردنی سوپاکەی دا دەبێت لە بەرانبەر فارسدا رۆژ بەڕۆژ لە پێشڕەوی دایە، بەڵام ئەبوبەکری صدیق لەوکاتەدا بڕیارێکی سەرسوڕهێنەرتر دەدات. لێرەدا ئەبوبەکری صدیق بڕیار دەدات، کە چوار سوپا ئامادە بکات بۆ ناو وڵاتی رۆم، بۆ ئەوەی فەتحیان بکەن کە بەسەرکردایەتیی ئەبو عوبێدەی جەراح، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان، شورەحبیلی کوڕی حەسەنە و عەمری کوڕی عاص -رەزا و رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت- بە ٣٠ هەزار کەسەوە ئەیانخاتە رێ بەرەو وڵاتی رۆم.

لێرەدا نهێنییەک دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە، کە سەرکەوتن بە هێز و توانا نییە، چونکە ژمارەی موسڵمانان لەچاو هێزی ئەواندا زۆرکەم بووە، بەڵام کە لە پێناوی خوادا بووە خوای گەورە سەریان دەخات وەک چۆن دەفەرموێت: "إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا،إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ". ئەم چوار سوپایە کە دەڕۆنە ئەوێ دوو سەرکەوتنی سادە بە دەستدەهێنن و لەشەڕێکیشدا زۆر بەباشی دەدۆڕێن، کە ئەم هەواڵە دەگاتەوە بە ئەبوبەکری صدیق زۆری پێ ناخۆش دەبێت، باسی سوپای خالیدی کوڕی وەلید دەکات، لەوڵاتێکی وەکو فارسدا ئەو هەموو پێشڕەوییەی کردووە و ١٥بۆ ١٦ جەنگی کردووە و لە هیچیان دا نەیدۆڕاندووە. بۆیە لەسەر مینبەرەوە دەفەرموێت:سوێند بەخوا ئەبێ رۆم لەبیریان بچێتەوە بەو وەسوەسەی شەیتان کە پێی سەردەکەون بە خالیدی کوڕی وەلید لە بیریان دەبەمەوە. ئەم پیاوە ئەبێ چ عەزەمەتێکی هەبووبێت، چ توانایەکی هەبووێت کە ئەبوبەکری صدیق، کە بەڕێزترین پیاوە لەسەر زەویدا لە دوای پێغەمبەران -سەلامی خوایان لێ بێت-، بەم شێوەیە وەسفی خالید دەکات، بۆیە نامە دەنووسێت بۆ خالید و پێی دەڵێت: بە زوترین کات برۆ یارمەتی براکانت بدە کە چوار سوپا بوون ژمارەیان سی هەزار کەس بووە، هەروەها لە نامەکەدا دەفەرموێت: سوپاکەت بکە بە نیوە تا دەگەیتە لای ئەوان لە شام.

خالید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت - بیر دەکاتەوە چۆن بگەڕێتەوە کە بە خاکی بەصرەی بەجێهێشتووە و کوفەی بەجێهێشتووە و چۆتە ناو خاکی عێراقەوە وا لە جەلەولا و خانەقین نزیک دەبێتەوە، لە شەڕی قادیسەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەبوبەکری صدیق ئەیگەڕێنێتەوە و نیوەی سوپاکە لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە و بۆ ئەوەی بگاتە براکانی لە ئوردن، ئەگەر خالیدی کوڕی وەلید بگەڕێتەوە دەبێت بگاتە جێگەیەک کە پێی دەڵێن (دومة الجندل) شوێنێکە بێتەوە ناو جەزیرەی عەرەبی و لە باشوورەوە بچێتەوە شام ئەمە زۆری پێ دەچێت و فریای براکانی ناکەوێ لە ئوردون لە بوصرا، پاشان خالیدی کوڕی وەلید بیر لەوە دەکاتەوە لە جێگەیەکەوە بڕوات کە بیابانی بادییەی شامە، کە پێی دەوترێت بیابانی سەماوە، سەحرایەکی دورو ودرێژە هیچ ئاوێکی تێدا نییە و ئەگەر بێت و لە ماوەی پێنج رۆژدا ئەو جێگەیە نەبڕێت خۆی و سوپاکەی بەهەلاکەتدا دەڕۆن و دەمرن، بۆیە لێرەدا دەکەوێتە بەینی دووڕیانێکەوە و بڕیارێکی زۆر گەورە و ئازایانە دەدات، کە ئەو بیابانە دوور و درێژە ببڕێت.

خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- هەردەم کەسێک بووە، کە شتێک بیووایە راوێژی زۆر دەکرد بە سوپاکەی، بۆیە کۆبوونەوەیەکی زۆر خێرا بە سوپاکەی دەکات و پێیان دەڵێت: کێ شارەزایی هەیە لەو جێگەیە؟ لە ٩٠٠٠ کەس یەک کەس دەڵێ من، ئەویش دەڵێت: بە منداڵی لەگەڵ باوکمدا بەو رێگەیەدا رۆشتووم کە رێگەیەکی زۆر ناڕەحەتە. ئەو کەسە ناوی رافع کوڕی عومەیری ئەقطائی بوو دەڵێت: ئەگەر لەماوەی ٥ شەودا رێگەکە نەبڕین هەموومان لەناو دەچین ئەمە کارێکی زۆر ترسناکە! بەو شێوەیە ٩٠٠٠ کەس دوای وتەی یەک کەس دەکەون، کە بە منداڵی لەگەڵ باوکی دا بەوێدا رۆیشتووە، دەست دەکەن بە دوعای نزا و

پاڕانەوە، هەموو سوپاکەش ئەیانەوێ لە ڕێگە ناخۆشەکەوە بڕۆن، چونکە ئەمان جیهاد دەکەن لەپێناوی خوادا هەر کەسێکیش کوشتار و جیهادی کرد لە پێناوی پەروەردگاریدا چاوەنترسە و بەدوای مردندا دەگەڕێت.

ئیسحاق شارۆن ئەو درۆزنە لە لێدوانێکی دا وتەکی زۆر گەورە دەڵێت بە موسوڵمانان و وتی: من تەحەدای گەورەترین دەزگەی موخابەراتی ئەمەریکا و ئیسرائیل و هەموو رۆژئاوا دەکەم، بتوانن رێگری بکەن لەو کەسانەی کە ئەیانەوێ رووبەڕووی ئێمە و مالان ببنەوە، مەبەستی هێزە ئیسلامییەکانە. بەردەوام دەیوت: ئێمە بە مردن دەیان ترسێنین، کەچی ئەوان خۆیان بەدوای مردندا دەگەڕێن.

خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- هەمیشە ئاگادار بوو سەرکەوتنەکانی لای خوای گەورەوە بووە، هەموو هەوڵێکیشی ئەوە بووە کە لە پێناوی خوادا کار بکات بۆیە هەموویان ئەو بڕیارە ناوازە و شازە دەدەن کە لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید دا لەم ڕێگە ناخۆشەوە بڕۆن بەرەو شام، دوای ئەوە خۆی باش ئامادەکرد هەرچی حوشترە بەهێز و سەنگین و چاکەکانە بۆ ماوەی چەند رۆژێک تینویان دەکات لەدوایدا ئاویان دەداتێ بۆ ئەوەی ئاوێکی باش بخۆنەوە و تێر ئاویان دەکات، وە حوشتریش ئاوی زیادەش هەڵدەگرێت، کاتێکیش تینویان بووە، حوشترەکە سەر ببڕن و گۆشتەکەی بخۆن و ئاوەکەشی بخۆنەوە کە لە پشتیدا هەڵیگرتووە، بۆیە خوای گەورەش یەکێک لە ئاماژەکانی لە قورئان دا بۆ حوشتر چۆن دروستکراوە.

(أفلا ينظرون الى الابل كيف خلقت)دەکەونە ڕێ لە ئاوی کوفە هەموویان تێر ئاو دەبن و ڕێ دەکەن بەرەو سەماوە لە دوای چەند رۆژێک ڕێ، ئەوە خەڵکە هەمووی تینویانە و خەریکە سوپاکە دەکەونە هەلاکەتەوە، لەو کاتەشدا رافعی کوڕی عومەیری ئەقطانی چاوی تووشی ڕەمەد بووە، واتە چاوی زیخی بیابانەکەی تێچووە ناتوانێ تەرکیز بکات و سەری لێ دەشێوێت، بۆیە پێی دەڵێن ئەگەیشتین دیارە ئەویش چاوی نابینێت باش ڕێگەی بۆ دیاری ناکرێت لە پاشاندا پێیان دەڵێت: ئەی خەڵکینە سەیری دارێک بکەن، کە ئاوەکە لەژێر ئەو دارە دایە، سوپاکەش دەڵێن: هیچ دارێک نابینین! رافع -یش دەڵێ لای خواوە هاتووین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، خۆشم و ئێوەشم لەناو برد!

دوای ئەوە ئەم سوپا نازانن روو بکەنە کوێ ۹۰۰۰ کەس ٥ رۆژە بەرێکەوەن ئاویان پێ نەماوە خەریکە بەرەو مردن دەچن هەموویان روو دەکەنە خوای گەورە و نوێژ دەکەن و دەستبەرز دەکەنەوە لە پڕدا کۆمەڵێک لەوانە شوێنی دارەکە دەدۆزنەوە، کە پێشتر باسی کردووە رافعی کوڕی عومەیری ئەقطانی، بەڵام دارەکەیان بڕیوەتەوە خوای گەورە ڕەحمیان پێ دەکات، دەڵێن: ئەی رافع ئەوە شوێنەکەیە ئەویش دەڵێ هەڵی بکەنن ئەو ناوە بیرێکی تێدایە و تێر ئاو بخۆنەوە، بیرەکە ئەدۆزنەوە و تێر ئاو دەخۆنەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی بیاباتی بادیەی شامدا

وە لە سەحرای سەماوەدا سوپایەکی ٩٠٠٠ کەسی ڕووی تێ بکات، ئەویش خالیدی کوڕی وەلید بووە -ڕەزامەندی خوای لێ بێت - کە درێژی ٨٥٠ کیلۆمەتر بوو. لە ڕێگە پێش ئەوەی بگاتە بوصرا لە پێنج شوێندا بەسەر ڕۆم دا سەردەکەوێت و تێکوپێکیان دەشکێنێ، کە دەگاتە بوصرا هەر چوار سەرکردەکە زۆریان پێ خۆش دەبێت و دەستخۆشی لێ دەکەن و بەو سوپا زۆرەوە سەرکەوتنی تەواو بەدەست دێنێت، پاشان ئەمیری دەدەنە دەست خالیدی کوڕی وەلید، دوو سەرکەوتنی تر بەدەست دێنێت لە دوو جێگەی تر، کە ئەوانیش ئەژنادین و بیساندا لەم دوو جێگەیەدا موسوڵمانان بەتەواوی سەردەکەون بەسەر ڕۆمدا.

جەنگی یەرموک دەست پێ دەکات، کە موسوڵمانان بەرانبەر بە دووسەد هەزار سەربازی ڕۆمدا دەوەستنەوە و سەرکەوتنی تەواو بەدەست دەهێنن، هەموو جارێک خالیدی کوڕی وەلید کە ئەم سەرکەوتنانەی بەدەستهێناوە نامەی نووسیوەتەوە بۆ ئەمیرەکانی خۆی بۆ عومەری کوڕی خەطاب -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- لە نامەکەدا بەم شێوەیە نووسیویەتی: سەرکەوتین بە پشتیوانی خوا، ئەوان لەناوچوون بە پشتیوانی خوا، بۆیە هەموو ئەو سەرکەوتنانەی داوەتە پاڵ خوای گەورە، بۆیە لەکاتی سەرکەوتن و بارینی خێر بەسەرتدا زیاتر تەوازع بنوێنە و لوت بەرز مەبە و گەردەن کەچبە و سوجدەی شوکر بەرە بۆ خوای گەورە، چونکە هەمیشە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت. هەر کاتێک موسوڵمانان لوتیان بەرزکرد و وایانزانی سەرکەوتن لەلای خۆیانەوەیە ئەوا شکستیان خواردووە و سەریان شۆڕ بووە، چونکە ئەمە سوننەتی خوای گەورەیە، وە خوای گەورەش سوننەتەکانی گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت. لەشەڕی یەرموکدا دوو سەد هەزار کەس لە بەرانبەر موسوڵمانان وەستانەوە کە بەسەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- بوو کە ٣٩ هەزار کەسی لەگەڵدا بوو، بەهەموو پێوەرێکی ماددیی و سەربازیی و ئەقڵی، دەبێت دوو سەد هەزار کەس بەسەر موسوڵماناندا سەربکەون، بەڵام هێزی موسوڵمانان سەردەکەون بەسەر ئەواندا.

لە جەنگی یەرموکدا کە خالیدی کوڕی وەلید سەپەرشتیاری کردووە، سەربازێک لە تەنیشت خالیدی کوڕی وەلیدەوەیە لەو کاتەدا ئەوە سەربازە دەڵێت: یا الله ڕۆم چەندە زۆرن! خالید گوێی لێوە دەبێت و دەڵێت: بێدەنگ بە ئەی سەرباز بزانە موسوڵمانان زۆرن و بەالله ڕۆم کەمن، هەرگیز موسوڵمانان بەهێز و توانەیانەوە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، بەڵکو بە ئیمانیانەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

عومەری کوڕی خەطاب -ڕەزامەندی و ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: ئێمە گەل و هۆزێکین خوای گەورە سەربەرزی پێ بەخشیوین بە ئیسلام، ئەگەر وازمان لە ئیسلام هێنا ئەوە زەلیل دەبین. خوای گەورە دەفەرموێت کاتێک مەلیک و پێدینەکان ڕوو دەکەنە جێگەیەک یاخود شوێنێک یان دێیەک گەندەڵیان دەکەن، سەربەرزی و عیزەتی خەڵکەکە زەلیل دەکەن: ﴿قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٣٤﴾، النمل. واتە: بەلقیسا وتی: بەڕاستی لەشکری پاشاکان هەرکاتێ چووبنە شار و دێهاتەکانەوە وێران و کاولیان

ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ریسوا کردووە، و
کردووە، وە کەسانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی
هەمیشە ئەوە پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن .

پاشان لە سەماوە دەگاتە رۆم ئەسپەکەی نەخۆش کەووتوە، کە ناوی ئەشقەرە، ئەڵێ وەڵاهی
ئەگەر ئەشقەرم پێ نەبوو، خۆم بە تەنها ئەمتوانی لە بەرانبەر هەر دوو سەد هەزار کەسەکێ
بجەنگم. لەم وتەیەی خالیدتان بەلاوە سەیر نەبێت، کاتێک خالید وەفات دەکات ئافرەتێک
دەگریی و دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: خالید هەزار هەزار پیاو دەهێنێت واتا یەک ملیۆن
کەس، ئیمامی عومەر دەفەرموێت: ئەو ئافرەتە کێ بوو ئەو قسەیەی کرد؟ خەڵکی وەڵامی
دەدەنەوە و دەڵێن: دایکی خالیدە. ئیمامی عومەریش دەفەرموێت: سوێند بە خوا راست دەکات
دەچن بۆ لای عومەری کوڕی خەطاب دەڵێن با ئەو ئافرەتانە دەنگ بەرز نەکەنەوە بۆ خالید
عومەری کوڕی خەطابیش دەفەرموێت: چۆن ئەتوانن خەڵکانێک بێدەنگ بکەم لە بەرانبەر سیف
الله مسلول دا کە وەفاتی کردووە، کە ئەم قسەیەی کرد خۆشی دەگریا.

خالید بە ملیۆنێک پیاو رۆیشتووە، خالید-ی کوڕی وەلید لەسەر جێگە دەمرێت لەبەر ئەوە
نەبووە ترسنۆک بووبێت و خۆی دزی بێتەوە لە شەڕەکان، بەڵکو ئەم پیاوە لە ٧٠ شوێنەوە
بریندار کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی زانایان دەفەرمون پێغەمبەر ﷺ ناوی ناوە سیف الله مسلول
بۆیە شەهیدی نەبووە بە نسیبی، هیچ کەسێک نەیتوانیوە بیکوژێ لەبەرئەوەی شمشێری خوای
گەورە بەهیچ کەس لەناو ناچێت، ئەمە ئەو نهێنییەیە، کە لەناوی ئەم پیاوەدا هەبووە.

خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ئەم هاوەڵە بەڕێزە و هەموو
هاوەڵە بەڕێزەکان تەنانەت عومەری کوڕی خەتابیش -ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت-
داوایان لێ کرد، کە هەموویان بچنەوە ماڵی خۆیان، چونکە پێیان وابوو ناتوانن دژی ئەو هەموو
کەسە بێنەوە کە مورتەد بوویبوونەوە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ
بەڵام ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، چونکە دەیویست گۆڕانکاری بکات
هەستی گۆڕانکاری لەناخ و دەروونیی دا جۆشی دەدا، بۆیە فەرموی ئەگەر بە تاق و تەنهاش بێ
ئەم جیهادە ئەکەم، بۆیە سوپای ئیسلامی کۆکردەوە، کە لە ١٠ هەزار سەرباز پێکهاتبوو، دابەشی
کرد بەسەر یازدە بەشدا و ناردنیە سەر هەموو ئەو هۆزانەی کە هەڵگەڕابوونەوە و توانیشی
سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئیرادەی گۆڕانکاری لە ناخی مرۆڤدا پێویستی بە بڕیاری ئازایانە
هەیە.

یاخود زۆر کەم کەس هەیە بتوانێ هاوشێوەی عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزامەندی خوای لەسەر
بێت- لە کاتێکدا وڵات لە دوای وڵات فەتح ئەکرا، سەروەت و سامان لە دوای سەروەت و سامان
دەهاتە بەردەستی، بەڵام جواب ئەنێرێ بۆ هەموو سەرکردەکانی سوپاکەی لە ناوچەکانی فارسدا
و پێیان رائەگەێنێ، کە دەبێت بە هەموو شێوەیەک سەرکەوتن و فتوحاتتان رابگرن،
ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە لەناخ و دڵ و دەروونی هەمووماندا دروست دەبێت، ئایا ئەو بڕیارە
چییە، کە عومەری کوڕی خەتاب ناچار دەکات بەرانبەر بە سوپایەکی سەرکەوتوو بیدات؟ ئەمە

بڕیارێكی ئازایانەیە، چونكە ئەیزانی سەركەوتنی موسوڵمانان بەستراوە بە ئیمانەكەیانەوە، ترسی لاوازی ئیمانی هاوەڵان ئیمامی ناچار كرد ئەو بڕیارە بدات و فتوحات رابگرێت. بەتایبەت كاتێك هاوەڵەكانی بینی، كە گەڕانەوە هەموویان رەنگیان سوور و سپی و جوان بوو، هەموو رەنگیان زاڵ و واڵا نەخشین بووبوو، گەرمای عەرەبستانی سعودی لەسەریان لاچووبوو. هەربۆیە بڕیاری ئازایانەی دا. هەروەها وتەیەكی زۆر جوانی هەیە كە دەفەرموێت: نحن قوم أعزنا الله بالإسلام- واتە ئێمە گەلێكین خوای گەورە عیزەتی بە ئیسلام پێ بەخشیوین.

ئیسلام گەلێكی ئەوێت كە هەمیشە لە كۆشش و خەباتدا بێت، گەلێكی ئەوێت كە بە خۆشییەكانی ژیان پەروەردە نەبووبێ، خوای گەورە باسی هەر گەلێكی كردبێ لە قورئانی پیرۆزدا، كە تیاچووبێ هۆكارەكەی ئەوەبووە، كە بەدوای خۆشییەكانی ژیاندا گەڕاون، كەواتە خوای گەورە هەمیشە گەلێكی خۆش ئەوێت، كە رەنجبەر بێت، هەروەكو دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ ﴿٦﴾، الإنشقاق. واتە: ئەی ئینسان بەڕاستی تۆ خۆت زۆر ماندوو دەكەیت، زۆر رەنج و زەحمەت دەكێشیت، سەرەنجامیش دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ لای پەروەردگارت، تا پاداشتی رەنج و هەوڵەكەت وەربگریت.

هەمیشە پێویستە مرۆڤ زەحمەتكێش بێت، هاوكاری براكەی بێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت بە ئێمەش (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) بۆ ئەوەی باشترین بن بۆ خەڵكی و هەمیشە لە خزمەتی خەڵكیدا بن، ئەوە ئەو رۆحییەتەیە، كە مرۆڤی موسوڵمان فێری دەبێت، مرۆڤی موسوڵمان هەرگیزاو هەرگیز لوتبەرزیی بۆ دروست نابێت وەكو ئەفكارەكانی تر كە هەن.

بۆ نمونە نازییەكان ناسیۆنالیزمەكانی كۆن ناسیۆنالیزم بەواتای ئێستە نالێم وەختی خۆی، كە وشەی ناسیۆنالیزم بەكارهاتووە بەواتای جنێو بەكار هاتووە، بەكارهاتووە بە واتای نازیست، ئێستەش هەروا بەكاردێتەوە، بەڵام لە هەندێک جێگەدا وەكو مەسەلەی نیشتمانپەروەری بەكاردێتەوە، بە مەفهومەكەی تری باسی دەكەین كە نازیەت یاخود ناسیۆنالیزم كە موسوڵمان هەرگیز وابیر ناكاتەوە.

یاخود بۆ نمونە موسوڵمان هەرگیزاو هەرگیز وابیر ناكاتەوە كە وابزانێ وەكو جوولەكە گەلێكە و هیچ گەلێكی تر لەسەریەوە نییە، یان پێیان وابێ مادام ئیتر ئەم لە گەلی نارییە، ئەوا دەبێت وەكو نارییەكان بیربكاتەوە، موسوڵمان بیروبڕوایەكی هەیە، كە هەر كەسێک وەكو مرۆڤ مامەڵەی مرۆڤایەتیی لەگەڵدا دەكات، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمان بە ئێمە دەكات بەرانبەر بە یەهودیی و مەسیحیی و خەڵكانی تری غەیرە موسوڵمان، چاكەیان لەگەڵدا بكەین. ئەمە دینی ئێمەیە، بەڵام لە دینەكانی تردا فێری لوتبەرزی ئەبی.

بۆ نمونە ئێستە لەناو دینی یەهودییدا لە غەیری بەنی ئیسرائیلی كەس تر وەرناگرن، یان سەیر لەكەی لە ئەمریكادا، لە كاتێكدا باس لە دیموكراتییەت دەكرێت یان باس لە شارستانییەتیی ئەمریكا دەكرێت، ئێوە ئەگەر وردبینەوە لەناو ئەمریكادا لەسەر جومگەی مرۆڤ و خوێنی مرۆڤ ئەو شارستانییەتییەیان دروستكردووە، ٨٠ ملیۆن هیندی سوور لەناچوون، ئەی باشە كوا كە باس لە دیموكراسی دەكرێت بۆ خەڵك بیری بەلای ئێمەوە نییە لەدوای ئەوەش، كە لەوە رزگاریان بوو سەیركە ئەمان چەندە لوتبەرز بوون، چەنێک خراپەكار بوون لەدوای ئەوەی ٨٠

ملیۆن هیندی سووریان کوشت و لەناو برد، دەڕۆشتن لە ئەفریقاوە خەڵکیان دەکردە ئەو قەفەزەوە و بە بووندوقیەی ئەو سەردەمە دەیانهێنان بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی جادە و ڕێگە و بانەکانی خۆیانی پێ خۆش بکەن لە کاتێکیشدا، تا سالانی شەستەکان لە هەندێ چێشتخانە و شوێنی گشتی نووسرابوو بۆ ڕەش پێست و سەگەکان نییە بێنە ژوورەوە، ئەمە بوو وڵاتی دیموکراتییەت کە خەڵکێک باسی لێوە دەکات، تازە دڵیان خۆشە بەوە، کە کەسێک بە ناوی ئۆباما و ڕەش پێستە و سەرکردەیانە، ئەوان تازە گەیشتوون بەو شارستانییەتەی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی و پێشیان وایە کە مرۆڤەکان یەکسانن لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ، کە لە دایک دەبێت هەر بە لەدایکبوونی ماسی بەندەیەک ئازاد دەکات، چونکە بە لە دایکبوونی ئەو ئازادی دەست پێ دەکات.

مرۆڤی موسوڵمانیش، ئیسلام وا فێری دەکات، کە هەرگیز فێری لوتبەرزی نەبێ، لوتبەرزی لە ئیسلامدا نییە. خەڵکێک لە موسوڵمانی وڵاتی ئێمەش کە لوتبەرزە بۆ حزب و گروپەکەی خۆی چاوی لە حزبایەتیی عەلمانیی و حزبایەتیی ڕۆژئاوا کردووە، بۆیە تووشی ئەم لوتبەرزیە بووەتەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا لوتبەرزی بوونی نییە، دەمارگیری بوونی نییە، بەڵکو لە ئیسلامدا پابەندی و ئیلتیزامات هەیە، مرۆڤی موسوڵمان دەبێ پەیوەست بێ، (وکذلک جعلناکم أمة وسطا) بۆ ئەوەی ئوممەتێکی دادپەروەر بن، ئینجا لە جێگەی تردا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾﴾، الحجرات. واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لە نێرو مێیەک دروست کردووە، کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە، وە کردوومانن بە گەلان و تیرەو هۆزانی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە. بەڕاستیی بەڕێزترینتان لای خوا ئەوەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان.

خوای گەورە پێش هەموو شتێک ئەوە دیاری دەکات کە هەموو مرۆڤێک قابیلی ئەوەیە کە کەرامەتی بپارێزرێ، ئەمە زۆر زۆر گرنگە بۆ کەسی گۆڕانکار کە دەیەوێ گۆڕانکاری بکات سەیری مرۆڤەکان بکات بەوەی کەرامەتی پارێزراوە، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ. مادام کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوە، دەبێ چی بکەین؟ پێویستە یەکترناسین لە نێوانیان دا هەبێت، حاڵی هاوبەش لە نێوانیان دا هەبێت.

( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)، ئێوەمان دروستکردووە بە گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکترناسین لە نێوانتاندا هەبێت و سوود لە کولتوور و نەریتی یەکتر وەربگرن، کەواتە ئەوەی کە ئەمێنێتەوە بە تەقوا و بە دڵ و دەروون و نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، ئەوە لەلای خوای گەورەیە و خوای گەورە خۆی حساب لەسەر مرۆڤەکان و لەسەر موسوڵمانان دەکات، واتە ئێمە پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو کەسەی، کە گۆڕانخوازە ئەو کەسەی گۆڕانکارە و دەیەوێ گۆڕانکاری بکات لەناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا و دەیەوێ کۆمەڵگە بەرەو چاکە بەرێ و لە فەسادەوە بەرەو چاکەکاری بەرێت، پێش هەموو شتێک دەبێت خاوەنی بڕیاری ئازایانە بێت، لەدوای بڕیاری ئازایانەش پێویستە خاوەن و پارێزەری کەرامەتی مرۆڤ بێت.

ئەوانە هۆكاری بڕیاردانی ئازایانە، كە مرۆڤ ئەیدات بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە بتوانێ لەگەڵ زەمینەكەی دا گۆڕانكاری بكات و خاوەنی قەرار بێت، چونكە مرۆڤی ترسنۆك هەرگیزاو هەرگیز گۆڕانكاری پێ ناكرێ.

كۆمەڵێک خاڵ هەن پێویستە لەو كەسانەی كە دەیانەوێ گۆڕانكاری بكەن بوونیان هەبێت. ئێمە كە باس لە دروستكردنی سەركردە ئەكەین و دەڵێین سەركردە دەبێت دروست بێ، سەركردە بە سێ شێوە دروست دەبێت، وەكو مامۆستا ئیكرام كەریم، كە یەكێكە لە پیرمەندەكانی كورد لە یەكێک لە كتێبەكانی دا، باس لەوە دەكات، سەركردە بەگشتی گەر كورد بێت، یان غەیری كورد، یاخود سەركردەیەكی شەرعییە، سیاسییە یانیش سەربازییە.

زۆر دەگمەنە لەناو سەركردە ئیسلامییەكان دا ئەم سێ تایبەتمەندیە كۆبووبێتنەوە، ئەشێت سەركردەیەک پیاوێكی باشی شەرعزان بێت و حەقی سەركردایەتیشی هەیە، یەكێكی تر سەربازییە و ئەویش حەقی سەركردەیی هەیە، پێویستە ئەوانەی كە لە خوار ئەوەوەن و نوخبەن بتوانن ئەو سەركردەیە تەواو بكەن و ببنە پاڵپشت بۆی، كەسانی خوار ئەتوانن پاڵپشتیان بكەن بۆ گۆڕانكاری، بۆیە پێویستە ئێمە تێ بگەین ئازایەتیی لەوانەوە دەست پێ دەكات، دەبێت نوخبەكەش پاڵپشتی بكات و جەماوەریش هاوكارییان بكات بۆ گۆڕانكاری، هەركەسێک بیەوێ گۆڕانكاری بكات و نوخبەكەی ئازا فێر نەكات و خۆیشی بە جورئەت نەبێت، ئەوە بۆ خۆی ئەو گۆڕانكارییە سەركەوتوو نابێت و فەشەل ئەهێنێت، وە خۆیشی پێویست ناكات لەناو ئەو زەمەنەی گۆڕانكارییەدا بێت.

ئازایەتی بەتەنها بەس نییە بۆ گۆڕانكاری، بەڵكو پێویستە لەگەڵ ئازایەتییەكەشدا راستگۆیی هەبێت، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ، كەسێكی راستگۆ بوو بە (صادق الأمين) ناوی دەركردبوو لەناو خەڵكی دا، پارێزەری ئەمانەتی خەڵكی بوو، بۆیە توانی گۆڕانكاری بەرپا بكات، هەروەها هاوڕێ خۆشەویستەكەی، كە یەكەم كەسیش بانگی دەكات بۆ ئەم ئیسلامە ئەگەر دیقەت بدەن ئەویش هەر نازناوی صدیقە واتە راستگۆ، چونكە راستگۆیی لە هەموو شتێكدا لەگەڵ گۆڕانكاریدا دەڕوات.

ئەگەر بێت و مرۆڤ راستگۆ نەبێت، ئاستەمە بتوانێت گۆڕانكاری بكات، راستگۆیی لەگەڵ خەڵكی خۆیدا، راستگۆیی لەگەڵ جەماوەرەكەی دا، ئەگەر قسە بكەی بۆ خەڵكی و راستگۆ نەبیت، خەڵک لێت وەرناگرێت، چونكە وەكو كوردەواری دەڵێت قسەی دڵ بۆ دڵ دەڕوات، تۆ ئەگەر راستگۆ نەبیت چۆن دەتوانی ببیتە گۆڕانكار لەناو خەڵكی دا، ئەگەر نەتوانی سەروەت و سامانی خەڵكی بپارێزیت و بە ئاشكرا و بەشەفافیەت بەكاری بێنی و گومی نەكەیت، زیندانەكانت پڕ نەبن لە خەڵكی بێ تاوان و هەژار، كە باس لە جۆرێک لە نیشتمانپەروەری دەكرێت، ئەگەر راستگۆ نەبیت لەگەڵ نیشتمانپەروەری خۆتدا و تەنها هەر حزب و گروپەكەی خۆت بخەیتە ناو كایەی دەسەڵاتەوە، دەی ئەمە كەی نیشتمان پەروەرییە، مەگەر ئەو خەڵكەی تر لەم وڵاتەدان لە وڵاتێكی وەكو مۆزەمبیق و كواللا لامپورەوە هاتوون، مەگەر هەر خەڵكی ئەم وڵاتە نین؟

لە وڵاتی ئێمەدا شتەكان بوون بە ڕێكلام، پێی وایە تەنها ئەو دەستە و دائیرەی، كە لە دەوری خۆیەتی یان ئەو كۆمەڵەی كە لە خۆیەتی تەنها ئەوانە ئینتیمای نیشتمانیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە ئەوەی لەم وڵاتەدا بێت، كوڕی ئەم وڵاتەیە، پێكهاتەی ئەم وڵاتەیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مرۆڤ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئازایەتییەكەی دا، بۆ ئەوەی گۆڕانكاری بكات.

بۆ هەموو كەسێك كە دەیەوێ لە كایەی گۆڕانكاریدا كار بكات، دەبێت ڕاستگۆ بێت وەكو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ، (صادق الامین) بوو، وە هاوڕێكەشی بەهامان شێوە ئەبوبەكری صدیق بوو -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، هاوڕێكانی تریشیان بەهەمان شێوە بە ڕاستگۆ و دەستپاك ناسرا بوون، ئەبا عوبەیدەی جەراح ئەم پیاوە بەڕێزە پێغەمبەری خوا ﷺ، نازناوی ئەمینی ئەم ئوممەتەی پێ بەخشی بوو، كەواتە زۆر گرنگە بۆ گۆڕانكاری مرۆڤ ڕاستگۆ بێت.

پێغەمبەری ئازدار ﷺ، پێش هەموو شتێك كە دەست دەكات بە گۆڕانكاری لەسەر گردی صەفا ئەوەستێ و خەڵكی كۆ دەكاتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ، بە تەبیعەتی حاڵ پیاوێكی ئیعلامی بووە، بە خەڵكەكە دەفەرموێت: ئایا تا ئێستە ئێوە درۆیەكتان لە من بیستووە؟ پاشان پێیان دەفەرموێت: ئەگەر پێتان بڵێم لە پشتی ئەو گردەوە كۆمەڵێك سوار بەرەو ئێرە دێن و دەیانەوێ لەناوتان بەرن بڕوا دەكەن؟لە وەڵامدا هەموو دەڵێن ئەی محمد ﷺ، تا ئێستە ئێمە درۆیەكیشمان لە تۆ نەبیستووە، ئەی چۆن بڕوا ناكەین!

پاشان لەسەر گردی صەفا بە خەڵكی دەفەرموێت: من یەك شتتان پێ ئەڵێم، ئەویش ئەوەیە: من پێغەمبەری خوام و نێردراوم بۆ ئێوە و هەموو خەڵكی.

بەدڵنیاییەوە بڕوای پێ ناكەن! ئەبو لەهەبی مامی پێی دەڵێت "الی هذا جمعتنا یا محمد" ئێمەت بۆ ئەمە كۆكردۆتەوە ئەی محمد؟ وە پێی دەڵێت "تبت لك" كە قسەیەكی ناشیرینە لە كاتێكیشدا مامی بوو ئەبووایە پێش هەموو كەس پشتی بگرتایە، بەڵام عەقڵ بچووك بوو هەستی بەوە نەكرد، كە ئەم برازایەی (صادق الأمین)ە و هەرگیز درۆ ناكات، ئەو بیری لەوە دەكردەوە كە ئەگەر پشتگیری پێغەمبەر ﷺ بكات، قەبیلە و هۆزەكان لە دژی ئەوەستنەوە، پێغەمبەر ﷺ، زانی مام و كەس و كارەكەی و خەڵكی بەو شێوەیە دژی وەستاونەتەوە و پشگیری ناكەن بڕیاری هەڵگرتنی گۆڕانكارییەكەی دا بۆ كاتێكی تر.

لێرەدا خاڵێكی جەوهەری گرنگمان بۆ دەردەكەوێت، پێویستە باسی بكرێت، ئەویش ئەوەیە چۆن كاتێك كە مرۆڤ دەبێت بڕیاری ئازایانە بدات دەبێت ڕاستگۆش بێت و پێویستە ورد بێت لەو كاتە دیاریكراوەی كە دەیەوێت گۆڕانكارییەكەی تێدا ئەنجام بدات، لە هەموو كاتێكدا مرۆڤ ناتوانێت گۆڕانكاری بكات ئەگەر پێشتر ڕەوشەكەی بۆ نەسازێنێ، ئەگەر پێشتر زەمینەكەی نەگونجێنێ، پێویستە زەمینەسازی بكرێ بۆ گۆڕانكاری، ئینجا سەركردەی بەتوانا و زلنگۆ بەهێز و بەجورئەت ئەتوانێ گۆڕانكارییەكە بكات.

كەواتە پێغەمبەر ﷺ، كاتێك زانی كاتەكە گونجاو نییە لە گردی صەفا هاتە خوارەوە بێدەنگی، دوای ئەوە خەڵكی گردی صەفایان چۆڵ كرد بەناو خەڵكی دا بڵاو بوویەوە كە محمد ﷺ دینێكی تازەی هێناوە و دەیەوێ بڵاوی بكاتەوە، ئەمە زۆر گرنگ نەبوو، چونكە كاریگەری

ئەبو لەسەر پرۆژە و كۆمپانیاكانی قورەیش بازرگانی خۆیان دەكرد، پێغەمبەری خوا ﷺ، وردە وردە خەریكی پەروەردەكردنی خەڵكی بوو، ئەمە سەرەتای دەستپێكی بانگەوازەكەی بوو.
پێغەمبەری خوا ﷺ، دەستی كرد بە گۆڕانكاری، بۆ ئەم مەبەستەش خەڵكی كۆدەكردەوە، پارەی سەرف دەكرد، میوانداری خەڵكی دەكرد و خواردنی بۆ دروست دەكردن، نەرمی زۆری ئەنواند لەگەڵ خەڵكی دا، تاوەكو خەڵكی ئاشنا بكات بە بانگەوازەكەی. بە خەڵكی ڕاگەیاند كە ئەم كۆمەڵگەیە كۆمەڵگەیەكی گەندەڵە، كۆمەڵگەیەكە خەریكی پەرستنی غەیری خوای گەورەن، لە غەیری خوای گەورە جۆرەها خوایان هەیە، جۆرەها بتیان هەیە، هەروەكو خەڵكی ئێستە كە هەیە ئارەزوویەرستە، ئافرەت پەرستە، مەشروب پەرستە، ئەوكاتیش هەریەكە و شتێكی دەپەرست، پێغەمبەر ﷺ، هات بۆ ئەوەی ڕزگاریان كات و وابەستەیان كات بە ئاراستەیەكی ئیمانی، وەحییەكی ئیمانی، كە لەلایەن خوای گەورە وە دابەزیوە ئەویش قورئانە، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ، بە ئەهلی قورەیشی فەرمو: الحمد لله، أحمده وأستعينه، وأومن به، وأتوكل عليه، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له. ئەم وتەیە زۆر خەتەرە، ئەمە كەلیماتی یەكتاپەرستییە و كۆمەڵگەش هەموو موشریكن، بەس لە كەعبەدا ٣٦٠ بتیان هەبوو، لەم شوێنەدا پێغەمبەری ئازداریش ﷺ دەفەرموێت: الحمدلله سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەكات، خۆ ئەوان هیچ كێشەیەكیان لەگەڵ سوپاس و حەمدی خوای گەورەدا نییە هەتا ئەگاتە ئەو شوێنەی دەفەرموێت: أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له. پرۆژە خەتەرەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ لێرەوە دەست پێ دەكات بۆ ئەوان، خۆ ئەگەر ئەوان بە هێمنی بیریان لەم پرۆژەیە بكردایەتەوە و ئیشیان بكردبایە بە مێشكیان سەركەوتوو ئەبوون، هەروەكو چۆن لەسەرەتادا پێی فەرمون بڵێن: لاالله الاالله تفلحوا. سەركەوتوو ئەبن ئەگەر بڵێن هیچ خوایەك نییە جگە لە خوای گەورە. ئەی فەرمو پێیان، تەنها بڵێن: لا اله الا الله هەموو عەرەب و عەجەم دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتان.
ئەبو جەهل ئەوەندە عەقڵی بچووك بوو یەكەمجار كە ئەم وتە پیرۆزەی بیست لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ وتی یانی ئێمە ٣٦٠ خودا بگۆڕینەوە بە یەك خودا، نموونەی ئەم بیركردنەوانە تەنها لە عەقڵی بچووكەوە سەرچاوە ئەگرن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرمو پێیان: قولوا لا اله الا الله تملكون بها العرب وتدين لكم بها العجم. تەنها بە وتنی (لا اله الا الله) عەرەب و عەجەم دەخەنە ژێر دەستی خۆتان.
پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستگۆ بوو لە گۆڕانكارییەكەی دا، بەوەی عەرەب و عەجەمی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، خەڵكێكیش هەیە ئێستە لەسەر موسوڵمانانیش حسابە و لەوانەیە ئەندامی حزبێكی ئیسلامیش بێت پێی دەڵێی كاكە گیان با پرۆژەی ئیسلامیمان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی، پرۆژەی (لا اله الا الله) بێت، چونكە (تملكون بها عرب والعجم) لەوانەیە دەست بكات بە گاڵتەكردن و پێت بڵێت بەخوا دواكەوتوویت، ئەوە بۆ وەختی خۆی بووە، كە هەمووی موشریك بوون ئێستە جیاوازە.

تێ باشە پێغەمبەرەكەی من و تۆ ﷺ بەم پرۆژەیە توانی عەرەب و عەجەم بخاتە ژێر دەستی خۆی، عەرەبێک کە لە ژیانی دا نەیتوانیوە کۆببێتەوە، هەموویانی کرد بە یەک و دوو ئیمپراتۆری گەورەی ئەوكاتیشی لەناو برد، كە ئیمپراتۆریەتیی فارس و ئیمپراتۆریەتیی رۆم بوون موسوڵمانان دوو ئیمپراتۆریەتیی فاسد و خراپەكاریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە بەبێ ئەوەی كولتووریان بگۆڕێ، نەک تەنها هەر ئەم دووانە، بەڵكو ناوچەكانی تریش كە ئازادكران پارێزكاری كرا لە توراث و كولتووریان، لە پاكستان و لە خەواریزم و لە داغستان و لە ئۆزبەكستان و لە قەوقاز لە...هتد، هەموویان ناویان وەكو خۆی مایەوە زمانیان پارێزرا، كولتور و عادایان وەكو خۆی مایەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان موسوڵمان بوون و شارستانییەتەكانیشیان بوون بەیەک.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: إن الرائد لا يكذب أهله. بەڕاستی سەركردە و قائید ێ دەیەوێ گۆڕانكاری بكات، درۆ لەگەڵ خەڵكی خۆی ناكات، ئایا ئەو كەسەی كە دەیەوێ گۆڕانكاری بكات بیری لەم وتەیەی پێغەمبەر ﷺ كردۆتەوە؟ زۆر گرنگە ئەو كەسەی ێ سەركردەیە و دەیەوێ گۆڕانكاری بكات چەواشەكار نەبێت، گەر نیازی گۆڕانكاری هەیە لەو كۆمەڵگەكەیدا، زۆر گرنگە ئەو هەستەمان بۆ دروست ببێت بە تایبەتی بابای موسوڵمان ێ دەیەوێ گۆڕانكاری بكات، گرنگە ئەو وتەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە گوێ بگرێت و كاری پێ بكات، كە پێغەمبەری خوا ﷺ، كردوویەتی بە بەرنامەیەک بۆ گۆڕانكاران لە ئیسلامدا ئەویش بریتییە لەوەی كە دەفەرموێت: إن الرائد لا يكذب أهله. چۆن خەڵكی قائد و رائد درۆ لەگەڵ ئەهلی خۆیان دا دەكەن، تۆ كە هەڵگری ئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێویستە پرۆژە ئیسلامییەكەت بەجوانی پێشكەشی خەڵكی بكەیت، نابێت هیچ شتێكی تری تێكەڵاو بكەی.

بۆ ئەوەی بزانین پرۆژە ئیسلامییەكە وەكو چی وایە، نموونەیەک ئەهێنینەوە، پرۆژەی ئیسلام فیترەتە.

فیترەتێكی پاک و سەلیم، هەركەسێک لە فیترەتی ئیسلام لایدا هەرگیزاو هەرگیز سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەمە قاعیدەیەكی ئیلاهییە و پێشتر باسمان كردووە، كە سوننەتی خوای گەورە هەرگیز گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، كەواتە مادام سوننەتی خوای گەورە گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، ئەگەر من كارێكم كرد خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی ﷺ لێی رازی بوون و پێیان خۆش بوو وە ئەمریان پێ كردبوو ئەوە ئەوكاتە من سەركەوتن بەدەست ئەهێنم-﴿إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ سورة محمد:٧.

كەواتە سەركەوتنی خوای گەورە بە پیادەكردنی شەریعەتەكەیەتی، شەریعەتەكەش بریتییە لە فیترەتێكی پاک، كە خوای گەورە ناردوویەتییە خوارەوە بۆ مرۆڤایەتی.

كەواتە دەبێ ئێمە بزانین فیترەتی پاک واتای چییە؟

هەركەسێک دەیەوێ گۆڕانكاری بكات، پێویستە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، بۆیە بەرنامەكەی و ژیاننامەی دەمانبەستێتەوە بە واقیعی ئێستەوە، بۆ ئەوەی تێ بگەین كە ئێمە دەبێت بەزنجیرە و قۆناغی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا بڕۆین، ئینجا دەتوانین گۆڕانكاری

بکەین، باسی ئەوەشمان کردووە، کە سیستەمی ئیسلامی بریتییە لە سیستەمی پێغەمبەر ﷺ و سیستەمی پێکەیشتوو، کە خیلافەتی راشیدینە.
کەواتە لێرەدا بۆمان واتای کە فیترەتمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی دەبات بۆ میعراج، لە ئیسراو و معراجدا کاتێک، کە دەیەوێت بەرە و ئاسمان تەشریف بەرێ لەوکاتەدا جبریل -علیه سلام- پەرداخێک مەشروب و پەرداخێک شیری بۆ ئەهێنێت، پێغەمبەر ﷺ پەرداخە شیرەکە هەڵئەبژێرێ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا بۆ پێغەمبەر ﷺ شیرەکەی هەڵبژارد و مەشروبەکەی هەڵنەبژارد، خۆ ئەگەر هەڵیشی بژاردایە هیچ کێشەیەک نەبوو، کەسیش پێی نەوتبوو دەبێت ئەوە هەڵبژێری و ئەوەش مەشروبە و پیسە نابێت هەڵیبژێری.
خوای گەورە دەفەرموێت: إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ. سورة الرعد:١١.
ئەگەر ئێمە گۆڕانکاری لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین و بەرپای نەکەین لە ناخماندا خوای گەورەش قەت گۆڕانکاریمان بەسەردا ناهێنێ. ئەگەر قابیلی گۆڕانکارییەکە نەبین خوای گەورەش لامان دەبات و جێگرەوەمان بۆ دائەنێت:يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ. سورة محمد:٣٨. لاتان دەبات و خەڵکی تر ئەهێنێتە پێشەوە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە لە دین هەڵگەڕانەوە و گۆڕانکاریتان پێ نەکرا یان لە خراپەکارییەوە بەرەو چاکە نەڕۆشتن، ئەو کات لاتان ئەبەم و خەڵکێکی تر ئەخەمە جێگەکەتان.
خوای گەورە خاوەنی سونەتی لەناوبردنە، وە خاوەنی سونەتی (استبدالە) کە ئەو خەڵکە خوای گەورەیان خۆش ئەوێ و خوای گەورەیش ئەوانی خۆش ئەوێ، کەواتە فیترەتی پاکی ئیسلامەتی بۆ گۆڕانکاری دەبێت بەکاربێتەوە کە پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەستی دایە شتێک کە فیترەتێکی پاک بوو، پاکی شیر بەو واتایەی، کە کاتێک لە ئاژەڵەکە دێتە دەرەوە هیچ شتێکی تێکەڵاو نابێت و پاک و بێگەردە، ئەی خەمرو شەرابەکە چی؟ بنەڕەتی شەرابەکە ترشێندراوە و بۆگەن کراوە تاوەکو ئەوەی لێ بەرهەم هێنراوە، بۆیە فیترەتێکی پاکی نییە.
تۆ کە ئەتەوێ ئیسلامەتی بکەی، ئیسلام بۆ خۆی پاکە بۆ خۆی شتێکی جوانە "ترکتکم على المحجة البيضاء ليلها كنهارها، لا يزيغ عنها إلا هالك". شەوە زەنگی ئەم ئیسلامە وەکو خۆر درەخشانە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: لەسەر پارچە پەڕۆیەکی سپی بێ لەکە ئێوەم بەجێهێشتووە، ئەم ئیسلامە بێ لەکە و پەڵەیە چۆن دەکرێت تۆ شتێکی تری تێکەڵاو بکەی!
ئایا خوای گەورە توانای ئەوەی نەبووە، بتوانێت شتێک دابەزێنێتە خوارەوە بۆ مرۆڤایەتی لە هەست و سۆزی خەڵکی قسە ناکات، ئەو قورئانە پیرۆزەی کە ناردوویەتییە خوارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ئایا لە ناخی ئێمە قسە ناکات کە پێویستە خەڵک شتی تری تێکەڵاو کات، بۆیە هیچ کەسێک ناتوانێت گۆڕانکاری بکات لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا بە هیچ ئەفکارێکی تر، بە هیچ بەرنامەیەکی تر ئەگەر موسوڵمانی بابایەکی تر بە مارکسیزم دەیکات، یەکێکی تر بە لیبرالیزم دەیکات، یەکێکی تر بە دیموکراسی دەیکات، یەکێکی تر...تاد.
نە دیموکراسی لە ئیسلامدا هەیە، نە لیبرالیزم، نە سەرمایەداری و نە هەر بەرنامە و ئەفکارێکی تر، ئەمانە بۆ خۆیان زادەی بیری مرۆڤایەتین و خەڵکێک دایمەزراندوون، ئیسلام ئەو ئیسلامەیە کە لە رێگەی وەحییەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتووە، کەواتە هەرکەسێک بیەوێ هەر ئەفکارێکی

من ئیسلامیكی دیموكراسیم یان من ئیسلامیكی لیبراڵیم یان...هتد
تری تێكەڵاو بكات، یان بڵێت من ئیسلامیكم ئەوێت كە دیموكراس بێت ئەوە هەرگیز نابێت، وەكو ئەو شەرابە وایە
یان بڵێت من ئیسلامێكم ئەوێت كە دیموكراس بێت ئەوە هەرگیز نابێت، وەكو ئەو شەرابە وایە كە ترشێندراوە و بۆگەنكراوە، ئەوكات شتێك دەرخواردی خەڵكی دەدرێ، كە زیانی هەیە بۆیان و تووشی سەرئێشە و رشانەوە و جۆرەها نەخۆشییان دەكات. وە لە كۆتاییدا خەڵك وا لێ دەكات وەرنەگرێ.

ئەم ئیسلامە بەفیترەتە پاكەكەی خۆی سەركەوتن بەدەست ناهێنێت. یاخود
زۆر جار خەڵكێك پرسیار دەكەن بۆچی پرۆژەی ئیسلامی سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، یاخود پرۆژەی موسوڵمانان بۆچی تاكو ئێستە لە جێگەی خۆیدا چەقیوە و ناڕواتە پێشەوە؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە راستگۆیانە كارەكان ئەنجام نادرێت یان وەكو عەرەب دەڵێت خالصەن موخلیصەن بۆ خوای گەورە نییە و شتی تری تێكەڵاو دەكرێت، یان دەیانەوێ خەڵك لە خۆیان رازی بكەن یان ئەوەتا هەواو هەوەس و شتێكی دڵ و دەروونی خۆی تێكەڵە، خوای گەورەیش قبوڵی ناكات لە هیچ كەسێك كە بۆ خوای گەورە كار نەكات، تەنانەت بۆ عیبادەتیش خوای گەورە رازی نابێت ئەگەر لەسەر بنەڕەتی یەكتاپەرستی نەبێت، شتێكی تێدا نییە تۆ بڵێی من دڵی فلانە كەس و فیسارە بەرپرس رازی ئەكەم، ئەی تۆ خوایەكت هەیە بۆچی لە خۆتی رازی ناكەیت، كە دروستكەری هەرچی سەركردەی سەر ئەم زەوییەیە، خوای كەون و كائیناتە، كەواتە قسەكەمان لێرەوە دەست پێ دەكات، تەنانەت لەناو موسوڵماناندا خەڵكێك ئەبینی دەڵێ من ئیسلامیكی دیموكراتخوازم بەڕاستی ئەمە نوكتەیە، چ جای ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە دژی دیموكراسی بووە، ئەم ئیسلامە كە هاتووە بنەڕەتەن بۆ ئەوە هاتووە كە شەڕ دژی دیموكراسی بكات، لەوانەیە پێت وابێت كە دەڵێ شەڕ دژی دیموكراسی دەكات كەواتە بڕۆین ئەو خەڵكە هەمووی ئەفروتونا بكەین و بیكوژین، نا بنەڕەتی پەیامەكە ئەمە نییە، بەڵكو پەیامی ئەصڵ ئەوەیە كە شەڕ لەگەڵ سیستەمەكە دەكرێت پێش هەموو شتێك تۆ لە جێگەیەكەوە كە سەر دەرنەهێنی ئەم سیستەمە خەڵك بۆ خۆی دەبێتە خوای تاك و تەنهای سەرزەوی، ئیسلامیش ئەوەی ناوێ و دژیەتی، شتێكی ئەوێ كە خوای گەورە و تاك و تەنها و بێ شەریكە و هیچ پەرستراوێك نییە جگە لەو، سەیرە كە موسوڵمان ئەچێتە نوێژەوە و دوعای دەستپێككردن ئەخوێنێ و دەڵێت: ( وجهت وجهي للذي فطر السماوات والأرض حنيفاً وما أنا من المشركين إن صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لا شريك له وبذلك أمرت وأنا من المسلمين).

تۆ كە رووی دڵت كردۆتە خوای گەورە و نوێژ و هەڵسوكەوت و ژیان و هەموو شتێكت بۆ ئەوێ ئەی چۆن سیستمی ژیان و بەڕێوەبردنیشت هەر خوای گەورە بۆت دانامەزرێنێ، چۆن لەسەر بنەڕەت و بنەمای دین ناڕۆیت بە رێگەوە؟ پێت وایە ئیدارییانە، ئەگەر ئیدارییانە باشە هیچ كەس كێشەی نییە، بەڵام هەموو ئەفكارێك، چ دیموكراسی، چ لیبراڵی، چ سەرمایەداری و چ...هتد جیهان بینی خۆی جیاوازە بۆ مرۆڤ بۆ ژیان بۆ كەردوون، لەبەرئەوە زۆر سەیرە خەڵكێك ئەگەر بیەوێت خەڵكێكی تر بخەڵەتێنێ و بڵێت ئەمە ئیدارییانە، ئیداریات جیاوازی هەیە لەگەڵ شتێكا كە بارگاوی كراوە بە فیكر، كە تەسەووراتی هەیە و جیهان بینی هەیە بۆ ژیان بۆ كەردوون بۆ مرۆڤ، بۆ دەسەڵات، بۆ هەموو رەهەندەكانی تری ژیان، كەواتە كاتێك دەڵێین پێغەمبەری خوا ﷺ، هات دژی دیموكراسی بوو، وە سیستمی دیموكراسی گۆڕی، فیعلەن شەڕی لەگەڵ

دیموكراسیدا كرد، ئەوەبوو ئەو وەختە سیستەمی قورەیش سیستەمێكی دیموكراسی بوو، ئێستە چۆن ئەبینی پەرلەمان بوونی هەیە ئەوكاتیش شوێنێک هەبوو كە شوێنی پیاوماقوڵانی قورەیش بوو پێی ئەوترا (دار الندوة)، ئێستەش هەروایە پیاو ماقوڵانێک و خەڵكێكی بەڕێز لەناو ئەو جێگەیەدا دائەنیشن، كە پێی دەوترێت پەرلەمان.

هەریەكە لە بەنی هاشم و بەنی مەخزوم لە دار الندوەدا بوونیان هەبوو، بەنی هاشم ١٥ ئەندامیان هەبوو، بەنی مەخزومیش ١٤ ئەندامیان هەبوو، هەمیشە ململانێیان هەبوو لەگەڵ یەكتریا، بۆیە ئەبو جەهل هەرگیزاو هەرگیز نەهاتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بە قەبیلەی بەرانبەری ئەوت كە قەبیلەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیوت من چۆن دێمە ناو قەبیلەیەكەوە كە هەرچیەكتان كردووە ئێمە لە دژتان بووین و ململانێمان لەگەڵدا كردوون، پێشبڕكێمان لەگەڵدا كردوون بۆ ئەوەی ركابەرتان بین، ئێستە دەڵێن پێغەمبەرێكمان بۆ هاتووە، نێ ئەمە جێگەی قبوڵ نیە لەلای ئەو، چونكە ئەو هەر پەنجا بە پەنجا بیری دەكردەوە، دەیویست ئیدارەی خۆی پەتێكە ئەوەندەش لە بەنی هاشم دا هەبێت، بۆیە پێغەمبەری ﷺ ئەم سیستەمەی قبووڵ نەبوو، جگە لە بەنی مەخزوم و بەنی هاشم و بەنی كیلاب و هەموو بەنییەكانی تر كە لە دار الندوة دا هەبوون، هەریەكەیان بە گوێرەی رێژەی خۆیان بوونیان هەبوو لە دار الندوة دا و ئێستەش هەر هەمان شێوەیە، خۆ كاتێک كە پێغەمبەر ﷺ داوای گۆڕانكاری كرد، داوای ئەوەی كرد كە نابێت بەم شێوەیە سیستەم بڕوات بەڕێوە، نابێت خەڵک لەسەر بنەڕەتی قەبیلە و حزبایەتی بەڕێوە ببرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ هات ئاوەكو دینی هەموویان بكات بە یەک، ئێستە ئەگەر بە خەڵكی بڵێیت وەرن با هەموومان ببین بە یەک، دەڵێن شتێكی جوانە! ئەی كە جوانە بۆچی هەموومان فەشەلمان هێناوە. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾، الأنفال.

واتە: گوێڕایەڵی خو او پێغەمبەرەكەشی بكەن لە هەموو كردار و گوفتارێكدا و ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن و مەچن بەگژ یەكدا، خۆ ئەگەر بچن بەگژ یەكدا و یەكتر بشكێنن، ئەوە شكست و لاوازی رووتان تێ دەكات و هەیبەت و شكۆداری و دەسەڵاتتان لەبەین دەچێت و دەبێت خۆگر و ئەفـدرێژ بن هەم لە مەیدانی جەنگدا، هەم لەناو یەكتردا، چونكە بەڕاستی خوا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە.

هۆكاری فەشەلەكەمان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێكەمان، ڕاستیش ئەوەیە كە موسوڵمانان یەک بن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ داوای دەكات.

هەریەكێكیش لەو هۆزانە بەگوێرەی توانا و نفوسی خۆیان خەڵكیان خستبووە ناو دارالندوە وە، ئەو سیستەمە كە سیستەمی قورەیشی پێ ئەوترا هەر هەمان سیستەمە، كە ئێستە دیموكراسی دووبارەی دەكاتەوە و خەڵكێكیش شانازی پێوە دەكات.

كۆمەڵێک لە سەرانی قورەیش هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ و پێیان وت چیت ئەوێت پێت ئەبەخشین بەزیادەوە جگە لەوەش ئەتكەین بە گەورەی خۆمان، ئەتكەین بە پادشا و هەموو سەروەت و سامان ئەخەینە ژێر دەستت بەس لەبەرانبەردا واز لە پرۆژەكانمان بێنە، با ئەم پرۆژانەمان بچنە پێشەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە ئاسایی فەرموی من وازتان لێ ئەهێنم

بەس یەک وشەم بەنێ، ئەبو جەهل بەئەزانی خۆی وتی یەک وشە، سەد وشەت دەدەینێ ئەی محمد ﷺ بەس وازمان لێ بێنە، فەرمووی باشە بڵێن (لا الە الا الل)ە بە واتای ئەوەی کە هیچ خوایەک نییە جگە لە خوای گەورە، هیچ سیستمێک نییە جگە لەو سیستەمەی کە خوای گەورە نادوویەتی، قبووڵیان نەکرد دوای ئەوە بۆ دڵنیایان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەگەر ڕۆژ لەلای ڕاستم دابنێن و مانگیش بخەنە لای چەپم من دەست هەڵناگرم لەم بانگەوازە، ئەگەر ئێستە بووایە ئەیوت قەی چی دەکات با بچینە دار الندوة فکرەیەکی باشە، ئەچین بانگەوازی خۆمانی تێدا ئەکەین و فکرەکەی خۆیشمان ئەگەیەنین، بەڵام پێغەمبەری ﷺ قبووڵی نەکرد. قبووڵی نەکرد نەک لەبەر ئەوەی رقی لێی بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی خاوەنی سیستەمی تایبەتی خۆی بوو، دەیویست خاوەنی خۆی بێ، ئەم بۆ خۆی خاوەنی ئەدەبیاتی تایبەتە وە لەلای خواوە شتێکی بۆ هاتووە کە دەیەوێ بە خەڵکەکەی بناسێنێ.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە تۆ بڵێی وەڵا من دەبێ هەر بە پیاو کوشتن و بەشەڕ بڕۆم، دەبێت ئەم فکرەیە لە مێشکی خەڵک بچێتە دەرەوە بە تایبەتی کۆمەڵێک خەڵک هەن تەنها بیرلە بەلای پیاو کوشتنەوەیە بۆ گۆڕانکاری، وا نییە ئەگەر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وردبینەوە کاتێک کە گۆڕانکاری کردووە، ئیمامی طبری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ٦٥ غەزوەی کردووە و تەنها ١٢٧٠ کەس کوژراون، ٢٣٠ کەسی موسوڵمان و ئەوانی تریش بێباوەڕ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ توانی بە هەزارەها خەڵک موسوڵمان کات، پرسیار ئەوەیە ئەو خەڵکە بۆچی بیر ناکاتەوە، بۆچی کەمترین خەڵک کوژراون لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا ﷺ؟ بۆچی ئەو هەموو خەڵکە سەلامەت بوون و ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی کوژران، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە ئیسلام بۆ هیدایەتی خەڵکی هاتووە نەک بۆ کوشتنی خەڵکی، ئیسلام دەیەوێ ژیان بۆ خەڵکی بگەڕێنێتەوە و نایەوێ خەڵکی لەناو بەرێ.

سەیر بکەن و ورد بینەوە تەنها لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا یازدە ملیۆن کەس کوژراون و لەناو چوون، لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا شەست و چوار ملیۆن کەس کوژراون لە نێوان نازیەتی هیتلەری کە حزبێکی سوسیالیزمی عەلمانی بوو لەگەڵ حزبێکی تری عەلمانی کۆمۆنیزمی، جگە لەو هەموو خەڵکەی کە ماڵوێرانی بەسەردا هات وە جگە لەو هەموو دواکەوتنە ئابوورییەی کە بەسەر وڵاتاندا هات، تەنها لەم دوو شەڕەدا ئەمە جگە لە شەڕی تەتار و مەغۆل و شەڕی خاچپەرستان و شەڕو داگیرکاری ئەمریکا لەگەڵ هیندییە سوورەکان، ئەمانە و سەدان نمونەی تریش وەڵامن بۆ ئەوانەی ڕەخنە لە فتوحاتی ئیسلامی ئەگرن.

موسوڵمانان خێر و خۆشی و شارستانییەتیان پەخش کردووە، لە ڕابردوودا باسمان کە چۆن موسوڵمانان داهێنانیان کردووە و ئێستەش عەلمانییەت و فیکرەکانی تر هەڵگرەوەی ئەو فیکرە ئیسلامییەن، بەڵام بە داخەوە ئێمە لە ئاستی ئیسلامەکەماندا شەرمنین، هەتا ئیسلام خاوەن مڵ بوو ئێمە خاوەنی سەدان پیاوی وەکو خالە ڕەجەب و مەحیەدین ڕەئیس و ئەسەدی فوراتی و میر محمدی سۆران و شێخ مەحموودی حەفید و سەدان پیاوی تر بووین، کە ڕاند و قاند و گەورەی ئەم گەلە کوردە بوون، بەڵام کاتێک، کە عەلمانی هاتە وڵاتی ئێمەوە بە فەرمی بووە هۆی لە دەستدانی کیانمان و دواکەوتین و دەبێت هەردەم چاوەڕێی دەستی ئەم و ئەو بین.

ئێمە ئێستە توانای دروستكردنی چاپاڵێوێكمان نییە وەكو كورد، كاتێك موسوڵمانان دەسەڵاتیان هەبوو لە وڵاتی ئێمەدا ئێمە خاوەن كیان بووین، خاوەن ماف بووین، خاوەن بڕیار بووین، لە پەیمانی سیڤەردا خیلافەتی ئیسلامی بەسەركردایەتیی سوڵتان عبدالحمید عوسمانلی بڕیاریان دا كورد وەكو گەلێكی سەربەخۆ سەیر بكرێت و ببێتە خاوەنی حكومەت، یەكەم پەیمان، كە دامەزرا بۆ ئەوەی كورد ببێتە حكومەت، وە موسوڵمانان بڕیاریان لەسەر دا، ئەوە لە هەموو بەڵگەنامەكانی ئینگلتەرا و تەنانەت جیهانیشدا پشت ڕاستكراوەتەوە، كە یەكەم پەیمان كە ویسترا كورد بكرێتە حكومەت پەیمانی سیڤەر بوو.

ئەی كێ ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندەوە لە پەیمانی لۆزاندا!! دیموكراتخوازەكان، عەلمانییەكان، ئەو كەسانەی كە ئێستە شانازی دەكەن بەوەی كە دەڵێن ئێمە عەلمانین، كەچی بوونە هۆكاری لەناوچوونی فیكری دەوڵەتی كوردی لە پەیمانی لۆزان دا، بە ڕاستی بۆ گەلێك، كە بیەوێ گۆڕانكاری بكات ئاوا گەل و هۆزەكەیشی و ئەمنییەتی قەومەكەی بەو شێوەیە بەرێتە پێشەوە، كەچی هێشتا شانازی بە شتێكەوە بكات كە گەلەكەی بەرەو هەڵدێر بردووە.

بڕۆن بگەڕێن بزانن ئەمە هەر لە خۆیەوە دەوترێت و تۆمەت بەخشینەوەیە یان حەقیقەتە و هەندێك خستویانەتە پشت گوێ، واتە پێش هەموو شتێك ئێمە بزانین گۆڕانكاری پێویستە، ئەگەر تۆ ئەیكەی وەكو موسوڵمان پێویستە بە بەرنامەی لە سەدا سەدی خۆت بیكەیت كە ئیسلامەیە، ئەو كەسەیشی كە دەیەوێ بە هەر شێوەیەكی تر گۆڕانكاری بكات با بفەرموێت ئەوە زەمینەی بۆ كراوەتەوە و با بچێت بیكات، كێ بەڵگە و بورهانی بەهێزتر بوو با ئەو خەڵكە لێی وەرگرێ، مەرج نییە تۆ هەرشتێكت كرد دەبێت بە شەڕ بێت، مەرج نییە تەنها بە كوشتن بێت، بەڵكو بە عەقڵێكی سەلیمە. تۆ ئەگەر توانیت عەقڵی خۆت پێش بخەیت و خەڵكت بە فیكری خۆت ئاساند، وە خەڵكت ئاشنا كرد بە تەسەوراتی خۆت، ئەو وەختە ئەگەر شتی باشت پێ بوو، خەڵكیش لێت وەرنەگرێ، بە چی ئەچێ ئەگەر هەر بڵێین ئیسلام حەلە، شتێكی جوانە.

خەڵك كارەبای ئەوێت، ڕێگە و باڵی ئەوێت، ئاوی ئەوێت، پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەوێت، كە ئەمەت كرد پێشتر لەڕووی فیكرییەوە تێی بگەیێنی و تێری بكەی، ئینجا دەتوانی ئەمانەشی بۆ دابین بكەی، دەبێت ئەو خەڵكە بتناسێ لەبەر ئەوەی هیچ كێشەیەكی تێدا نییە، تۆ بۆ خۆت وەكو ئیسلام لەڕووی فیكرەوە، لەڕووی بەرنامە و ڕەوشتەوە لەڕووی پێغەمبەرەوە ﷺ، تەنها لە یەك شتدا توانات نییە بێنیتە پێشەوە ئەویش لەڕووی فیكری سیاسییەوەیە، خاوەنی ئەمەشی، بەڵام شەرمی لەگەیاندنیدا و توانای ئەوەت نییە فیكرە سیاسییە ئیسلامییەكە پێش بخەیت و خۆت بە خەڵكی بناسێنی، بۆیە هەركەس هەڵئەستێ گاڵتەت پێ دەكات و پێت پێ دەكەنێ، چونكە كاتێك كە تۆ دەڵێی من ئیسلامێكی دیموكراتخوازم، كابرای دیموكراتخواز گاڵتەت پێ دەكات، چونكە پێت دەڵێت وەڵا دیموكراتییەت هاتووە بەس بۆ ئەوەی عەلمانییەت بپارێزێ و دین لە دەوڵەت جودا بكاتەوە.

لێ بەڕاستیش وایە و پێناسەكەشی وا دەڵێت، بڕۆ ئینسكلۆپیدیای هەموو جیهان بخوێنەرەوە، ئەلبەرت كامۆ یەكێكە لە فەیلەسوفە جەزائیرییەكان، كە لە فەڕەنسا گەورە بووە و پەروەردە

یەكێك لە ئامانجەكانی دیموكراسی ئەوەیە، بتوانێت دین لە دەوڵەت جودا بكاتەوە، سیستەمێكە پارێزەری عەلمانییەتە. كراوە، ئەم فەیلەسوفە دەڵێت:
قسەی ئێمە ڕوو لە موسوڵمانانە بۆیە دەڵێین: ئەی موسوڵمانی بەڕێز، ئەی سەركردەی موسوڵمانان، ئەی ئەو كەسەی ئەتەوێت گۆڕانكاری بكەیت لەناو كۆمەڵگەكەتدا، ئەی ئەو كەسەی ئەتەوێت بە گۆڕانكارییەكەت لە ڕۆژی دواییدا سەربەرز بیت، دڵنیابە تۆ ناتوانیت بە غەیری ئاینی پیرۆزی ئیسلام گۆڕانكاری بكەیت، ئەگەر موسوڵمانی، ئەگەر خۆت بە شوێنكەوتەی ئەم ئیسلامە دەزانی، كەسێكی تر دیموكراسخوازە پیرۆزی بێت با بچێت بە دیموكراسییەكەی خۆی كە قبووڵی كردووە گۆڕانكاری بكات، یەكێكی تر لیبراڵە، كۆمۆنیزمە، یاخود..هتد، بۆ خۆی ئازادە و با بڕوات بەو فیكرەی هەیەتی گۆڕانكاری بكات.
بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: إن الرائد لا يكذب أهله. سوێندی خوارد بە خوایەك كە شەریكی نییە، وە پاشان درۆش ناكات ئینجا فەرموی: والله الذي لا إله إلا هو، إني رسول الله إليكم خاصة وإلى الناس عامة. سوێند بەو خوایەی كە تاك و تەنهایە من نێردراوی ئەوم و بەتایبەتی بۆ ئێوە نێردراوم ئەی عەرەب، (والى الناس عامە)، وە بۆ هەموو خەڵكیش هاتووم بە گشتی. (والله لتموتن كما تنامون، ولتبعثن كما تستيقظون، ولتحاسبن بما تعملون، وإنها الجنة أبدًا أو النار أبدًا).
ئەمە كورتكراوەی ئیسلامە كە پێغەمبەر ﷺ باسی كردووە بۆ خەڵكی، سوێند بەو خوایەی كە تاك و بێ شەریكە منی ناردووە بۆ ئێوە ئەی عەرەب وە پاشان بۆ هەموو جیهان، پێویستە ئەوە بزانن، كە لە دوای ئەوەی ئەم ژیانەتان هەیە دڵنیابن ئەمرن، ئاخر مرۆڤ چۆن بیر ناكەیتەوە كاتێك كەسێكت نەخۆش ئەكەوێت، یان كەسێكت كە تووشی نەخۆشی دەبێت، لە قەهران تەلەفۆن ئەكەی بۆ دەیان كەس و دەڵێی من فڵان كەسم فریام كەون فڵان كەسم نەخۆشە، یان دەچیتە فەرمانگەیەك خوا خواتە یەكێك بناسیت بۆ ئەوەی كارەكەت بۆ بكات، یان كارەكەت بۆ ئاسان بكات.
ئێمە پێویستە پێش هەمو شتێك بڕوامان بەوە تۆكمە بێت كە خوای گەورە تاك و تەنهایە وە پێغەمبەری خوا ﷺ، نێردراوی خوایە و گۆڕانكاری بەرپا كردووە لەناو كۆمەڵگەكەیدا، پێویستە مرۆڤ خوای گەورە بناسێ چونكە سەرەنجام بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، ئێمە زۆرجار وا هەست ئەكەین كە خەڵك زۆر ئەناسین، بەڵام خوا ناناسین.
دەزانن خەڵكێك لەناو ئێمەدا یان بەرپرسەكانمان زۆربەی زۆریان بە گەندەڵ و خراپەكار ناسراون؟ لەبەرئەوەی ئاگایان لە مردن نەماوە، وە خوای گەورە وەكو خۆی ناناسن، سەركردەكانی وڵاتی ئێمە بەخراپەركار ناسراون، چونكە سەروەت و سامان و قوتی خەڵكیان هەموو بۆ خۆیان بردووە، ئەی ئەگەر بێت و ئەم سەروەت و سامانەی خەڵكی وا لێ ئەكەن چی ڕوو دەدات؟ بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوو دەدات، كە خۆشیان و كەلەكەشیان بە ئاسوودەی و موزتاحی دەژین، بەدەیان بەرپرس هەیە لەم وڵاتەدا باڵەخانەی هەوربڕی دروست كردووە، بۆ چیتە؟ ئەی نەتزانیوە ئەگەر هەموو جیهان هی تۆ بێت كۆتاییەكەی دەخرێیتە جێگەیەكەوە كە ئەو پەڕی مەتر بەمەترە، ئەگەر زۆر قەڵە و و وركزلیش بیت، ئەگینا بە دڵنیاییەوە بچووكترە، ئەی كۆشك و بیناو باڵەخانەكانت چی؟ دەبێت هەموویان بەجێبهێڵیت و خۆشت تووشی تاوان ئەكەیت و

کەسیش دوای خۆت منەتت نازانێت، بەڵام ئەگەر بڕوات بە خوای گەورە هەبوو، ئەوە دواڕۆژێک هەیە بە دڵنیاییەوە ئەگەڕێیتەوە بۆ لای، ئەگەر بڕواشت پێی نییە ئەی خۆ باس لە ئازادی مرۆڤ و ویژدان و یەکسانی دەکەن! دەی کوا ئەمانە چییان لێهات؟ بۆچی خەویان لێکەوتووە؟
کەواتە بە هەموو پێوەرێک مرۆڤ کاتێک، گۆڕانکاری دەکات هەستێکی بۆ دروست دەبن، کە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوایەک، کە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، بەتایبەتی ئەی موسوڵمان تۆ پێغەمبەرەکەت ﷺ، فەرمویەتی: والله لتموتن كما تنامون، ولتبعثن كما تستيقظون، ولتحاسبن بما تعملون، وإنها الجنة أبدًا أو النار أبدًا. چۆن لە خەو هەڵئەستن بەو شێوەیەش زیندوو دەکرێنەوە و وە هەرهەمووتان لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێت، باشە کە باسی لێپرسینەوە دەکرێت بەسەرچی لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت؟ لێپرسینەوەی کار و کردەوەکانمان دەکرێین، ئەم کار و کردەوانەی کە ئێمە ئەیکەین ئایا چەندێکی بۆ خوایە و چەندێکی بۆ خۆمانە؟ وە چەندێکی بۆ ڕازیکردنی خەڵکییە؟ لەم سێ حاڵەتە بەدەر نیین، ئەگەر بێت و هەموومان ڕۆژێ تەنها یەک کاتژمێر، ئیش بۆ خوای گەورە بکەین بە دڵنیاییەوە بەسمانە.
یەکێک لە مامۆستا بەڕێزەکانی کوردستان و ناو ئەم ڕابوونە ئیسلامییە ئەیوت وەرن با یەک کاتژمێر ئیش بکەین بۆ خوای گەورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم کە زۆر زۆر قورسە. بەڵێ، قورسە کێ دەڵێت قورس نییە با بێت بەیەکەوە هەموومان کاتژمێرێک ئیش بکەین بۆ خوای گەورە بزانن چۆن گۆڕانکاری ئەکەین لەناو کۆمەڵگەدا، زۆربەی زۆری کارەکانمان بۆ خەڵکە یاخود بۆ ئەوەیە نەفسی خۆمانی پێ زیاد بکەین، بۆیە کە پێغەمبەر ﷺ هات بەم فەرمودەیە هەموو ئیسلامی خستە بەردەستی گەلان، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتێکدا ئەم فەرمودەیەی فەرمو هەر هەموو خەڵکی هەستانە سەرپێ بۆیی و بەرەو ڕووی ڕۆشتن و شەڕیان لەگەڵی دا بەپارکرد و ناو و ناتۆرەیان لێنا، پێغەمبەری خواش ﷺ، زۆر بە هێمنی و ساڵایی، دەستپێک و سەرەتای بانگەوازەکەی بوو، زۆر گرنگە بزانن، کە خوای گەورە باسی پێغەمبەران -عليهم السلام- لە قورئانی پیرۆزدا دەکات، باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوە هاتوون و نێردراون، گۆڕانکاری بەرپا بکەن لەناو گەلەکانیان دا.
کاتێک کە سەیدنا ئادەم -عليه السلام- دێت لە سەرەتا و دەستپێکی مرۆڤایەتییەوە گۆڕانکاری کرد لەناو مەخلوقاتی ترا کە مەخلوقاتێک بوون پێیان ئەوترا جن، چونکە ئەوان سروشتیان وەکو سروشتی مرۆڤ نییە، یان ئەوەتا زۆر چاکەخواز و باشن و ئەبنە فریشتە بە بەڵگەی ئەوەی، کە ئیبلیس زۆر چاکەخوازو زۆر باش بووە بەڕادەیەک کە چووبووە ریزی فریشتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾، البقرة. وە بیریان بێنە کاتێك کە پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: من لە زەویدا جێنشینێك دادەنێم تا زەوی ئاوەدان بکاتەوە. فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێ تیایە دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تێدا بکا و خوێنڕێژیی تێدا ئەنجام بدات! لە کاتێکدا کە ئێمە شایستەترین قەدری تۆ بەچاکی دەزانین، لە وەڵامیان دا خوا فەرمووی: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

کەواتە سەیدنا ئادەمیش بۆ خۆی جوڵانەوەیەکی گۆڕانکاری خستە ناو مەخلوقێکی ترەوە، لە دوای ئەوەی کە نەوەکانی ئادەم زۆربوون، سەیدنا شیث و سەیدنا ئیدریس -علیهم السلام- نێردران، وە گۆڕانکارییەکی گەورەیان کرد لەناو کۆمەڵگەی ئادەمییدا کرد و خەبات و شۆڕش و جیهادییان دەست پێ کرد، وەپیشەسازییان خستە ناویانەوە، هەروەها یەکەم کەس کە قەڵەمی دروستکرد سەیدنا ئیدریس بوو، هەمیشە پێغەمبەران، کە هاتوون گۆڕانکارییان کردووە، سەیدنا نوح -علیه السلام- ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە جوڵانەوەیەکی گۆڕانکاری چاکسازی خستە ناو خەڵکەوە، سەیدنا یوسف، سەیدنا داود، وە سەیدنا سولەیمان -علیهم السلام-، هەموو ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی تریش، کە هاتوون بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکەن لەناو کۆمەڵگەکانیان دا.

پێغەمبەری ئازداریش هاتووە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دا لە دوای پێغەمبەر محمد ﷺ، هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت، سەرەتای دەستپێکی گۆڕانکاری پێغەمبەری خوا ﷺ بە فەرمودەیەک دەست پێ دەکەین کە دەفەرموێت: (وَإِنَّ اللهَ نَظَرَ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ فَمَقَتَهُمْ عَرَبِهِمْ وَعَجَمِهِمْ فَمَقَتَهُمْ)، خوای گەورە سەیری خەڵکی سەر زەوی کرد بە عەرەب و عەجەمییەوە، خوای گەورە رقێکی زۆری لێ بووە لە خەڵکی سەر زەوی، (فمقتهم) واتە توورەیی گرتی بە توورەییەکی توند خوای گەورە لەو خەڵکە، کە عەرەب و عەجەمن لەسەر زەوییدا ( إِلَّا بَقَايَا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَقَالَ إِنَّمَا بَعَثْتُكَ لِأَبْتَلِيَكَ وَأَبْتَلِيَ بِكَ)، کۆمەڵێکی کەم نەبێت کە پیاو باش بوون لە ئەهلی کیتاب، (بقایا) بۆ شتێکی زۆر زۆر کەمە، یانی ئەشێت لە شاری سلێمانی یەک پیاوچاکی تێدا بێت، لە شاری هەولێریش پیاوچاکێ، لە هەورامان پیاوچاکێ لە هەڵەبجە پیاوچاکێ، ئەوەندە کەم بوو ژمارەیان، ئەگەر گەورەتری بکەین مەوداکە لە دەوڵەتی فارس پیاوچاکێ و لە دەوڵەتی رۆم پیاوچاکێ و لە میسردا پیاوچاکێ.

ئەوەی ژیانی سەلمانی فارسی خوێندبێتەوە راستی ئەم قسانەی بۆ دەردەکەوێت، سەلمانی فارسی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- سەرەتا لەسەر ئاینی زەردەشتی ئاگرپەرست دەبێت، رۆژێکیان باوکی ئەینێرێت بە شوێن کارێکدا ئەویش لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکەی باوکی دا چاوی بە کەنیسەیەک ئەکەوێت و سەری سوڕ ئەمێنێت، چونکە پێشتر شتی وای نەبینیووە، باوکی ئەوەندەی خۆشدەویست نەیدەهێشت لەماڵ بچێتە دەرەوە، کە سەرنج دەدات سەیر دەکات لە حاڵەتی نوێژکردندان، تاکو ئێوارە لایان ئەمێنێتەوە ئەکاتە ئەو بڕوایەی، کە ئەم دینە لە دینەکەی خۆیان باشترە کە زەردەشتی بووە، پرسیاریان لێ دەکات، کە ئەم دینە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانیش پێی دەڵێن لە شامەوە سەرچاوەی گرتووە، پێیان دەڵێت ئەگەر قافڵەی بازرگانی هاتنە ئێرە و بەرەو شام ئەڕۆیشتن ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی بچم لەگەڵیان، کە گەڕایەوە باوکی پرسیاری ئەوەی لێ دەکات کە لە کوێ بووە؟ ئەویش هەموو شتێکی بۆ باس دەکات، باوکی پێی ناخۆش دەبێت و لە ترسی کەوتنە شوێن ئەو ئاینە، کە ئاینی مەسیحییە بە ئاسنێکی گەورەوە دەیبەستێتەوە بۆ ئەوەی نەچێتە دەرەوە، دوای ماوەیەک هەواڵ ئەکاتە لای سەلمان، کە قافڵەیەک بەرەو شام دەڕوات، ئەویش بە هەرجۆرێک بووە خۆی ئەگەیێنێتە لایان و لەگەڵیان دا ئەکەوێتە رێ، ئەکاتە شام و دەچێتە لای بەناو پیاوچاکێک بە ناوی ئەسقەن، دوای مانەوە لەلای بۆ ماوەیەک سەیر دەکات کەسێکی درۆزن و ناپاکە و پارە لە خەڵکی کۆ دەکاتەوە و هەڵی

ئەگرێت بۆ خۆی، ماوەیەكی پێ ئەچێت ئەسقەن ئەمرێت، دوای مردنی بە خەڵكەكە دەگەیێنێت كە كەسێكی چۆن بووە ئەوانیش لاشەكەی هەڵئەواسن و بەردبارانی دەكەن و پیاوچاكێك دەهەنە شوێنەكەی، ماوەیەكیش لای ئەو ئەمێنێتەوە پێش وەفاتی پرسیاری لێ دەكات، كە چی بكات و روو بكاتە لای كێ ، ئەویش ئەینێریت بۆ لای پیاوێك لە مووسڵ، بەرەو مووسڵ ئەكەوێتە رێ و ماوەیەكیش لای ئەو ئەمێنێتەوە بە هەمان شێوە پێش وەفاتی پرسیاری لێ دەكات كە بچێتە لای كێ، ئەویش ئەینێرێت بۆلای پیاو چاكێك لە ناوچەی نصیبین، دەفەرموێت دوای وەفاتی ئەویش رووم كردە عموریە و لای پیاوچاكێكی تر دەستم كرد بە شوانی تاكو بوومە خاوەنی چەند مانگایەك، پێش وەفاتی ئەوەی پێ راگەیاندم، كە پێغەمبەرێك بەرێوەیە، لەناوچەیەكدا سەرهەڵدەدات كە خاكێكی بەرداوی هەیە و دەوڵەمەندە بە دارخورما، هەروەها مۆرێك لە نێوان هەردوو شانییەتیی و صەدەقە ناخوات و دیاری وەرئەگرێت.

سەلمانی فارسی دەڵێت دوای ئەوە چووم بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بدۆزمەوە لە رێگەدا قافڵەیەك لە هۆزی (كلب) تووشم بوون مانگاكانم پێ دان لە بەرانبەردا بمگەێننە ئەو شوێنە، بەڵام راستیان نەكرد لەگەڵم دا و لە شوێنێك بە ناوی (وادی القری) لە نێوان شام و مەدینەدا منیان وەكو كۆیلە فرۆشت بە پیاوێكی جوولەكەی ناو بەنی قورەیضە، ئەویش بردمیە مەدینە سەیر ئەكەم ئەو شوێنەیە، كە پیاوچاكەكەی عموریە پێی دام، دوای ئەوە پێغەمبەر هات بۆ قوباو، ناوبانگی بڵاو بوویەوە منیش پێشتر هەندێك شتم بیستبوو دەربارەی بۆیە هەندێك خورمام بۆ برد و بە ناوی صەدەقەوە، ئەویش لێی وەرگرتم و دایە هاوڕێكانی، دوای ئەوە هاتە ناو شاری مەدینەوە دیسانەوە هەندێك خورمام بۆ برد بەناوی دیارییەوە پێم دا، ئەویش لێی وەرگرتم و لەگەڵ هاوڕێكانیی دا دەستی كرد بە خواردن، لە دڵی خۆمدا وتم ئەمە دوو نیشانە، دوای ئەوە رۆژێك كەوتینە شوێن جەنازەیەك بۆ گۆڕستانی بەقیع زۆر سەرنجی ناوشانم دا، تاكو هەستی پێ كردم و زانی مەبەستم چییە، بۆیە جلەكانی لادا و مۆرەكەی پیشاندام، دوای ئەوەی كە دڵنیابووم فیعلەن پێغەمبەری خوایە ﷺ، باوەشم پێدا كرد و بەسەرهاتی خۆمم بۆ باس كرد، بەڵام بە كۆیلە مامەوە تاوەكو دوای بەدر و ئوحود، دوای ئەوە هاوەڵان یارمەتیان دام، كە بە ٣٠٠ دارخورما و ٤٠ ئۆقیە خۆم كڕیەوە و بەشداری خەندەقم كرد.

هەموو ئاینەكان موژدەی هاتنی پێغەمبەرێكیان داوە، چونكە ئەم پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ وەكو خۆی دەفەرموێت، كە خەڵك تووشی خراپەكاری بوون لەسەر زەویدا، دەبێت كەسێك بێت و گۆڕانكاری بەرپا بكات، هەركاتێك فەساد و خراپەكاری زۆر بوو ئەوە خوای گەورە چاكەخوازێك، چاكەكارێك، ئومێد بەخشێك ئەنێرێت بۆ ئەوەی گۆڕانكاری بكات لەناو كۆمەڵگەكاندا، ئەو سەردەمەش كە پێغەمبەری خوا ﷺ هات سەردەمێكی خراپ بوو، فەساد زۆر بوو، هات گۆڕانكاری بكات و گۆڕانكارییەكەی دەست پێ كرد وەكو باسمان كرد، خەڵكی باش زۆر كەم بووە، هەموو خەڵكیش چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد، كە گۆڕانكاری روو بدات، چونكە زەمینەكە رەخسابوو بۆ گۆڕانكاریكردن.

لەوەدا پیرشالیار -رەحمەتی خوای لێ بێت-، كە یەكێك بووە لە پیاوە بەڕێز و یەكتاپەرستەكانی ناو زەردەشتییەت، پیاوێكی زانا بووە مژدەی هاتنی پێغەمبەری خوای ﷺ داوە، ئەم پیاوە

یەكتاپەرستە لە یەكێك لە كتێبەكانی دا دەڵێت وشتری مل زێڕین ئاوا دەبێ و سەرلەنوێ وشتری مل گراوی یان وشتری مل سوور سەر دەردێنێ. خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەر عیسا، كە لە تەورات نووسیویەتی دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾، الصف، ٦. سەیدنا عیسا -علیه السلام- خاتەمی ئەنبیای بەنی ئیسرائیلە موژدەی هاتنی پێغەمبەرێك دەدات، كە خاتەمی ئەنبیای هەموو پێغەمبەرانە و ناوی ئەحمەدە، پاككراوەیە لە حەمدەوەوە هاتووە، وە سوپاسكراوە لە جیهان و دواڕۆژدا، هیچ كەسێك لەسەر ئەم زەوییە نییە، كە بە قەدەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ خۆشەویست بێ لە دڵی خەڵكی دا. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ ۚ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ سورة الاحزاب، ٥٦.

خوای گەورە و فریشتە سەڵاوات لەسەر پێغەمبەری نازدار ﷺ دەدەن، نوێژی لەسەر دەكەن. پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەكدا دەفەرموێت: كاتێك كە مردم لای راستم چۆڵ بكەن، چونكە خوای گەورە نوێژم لەسەر دەكات، بەڕاستی ئەمە گەورەییە بۆ ئەو سەروەرەمان ﷺ.

كەسێك دێت گۆڕانكاری دەكات لەناو كۆمەڵگەكەیدا خوای گەورەش نوێژی لەسەر دەكات: ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾، ئەمە گەورەیی ئەو پێغەمبەرەمان بۆ دەردەخات كە گۆڕانكاری بەرپا كردووە، هەر بۆیە دەفەرموێت: هەركاتێك سەرزەوی خەڵكێكی خراپەكار حوكمی تێدا كرد، خوای گەورە كەسانێك لە ژێر ناوی پێغەمبەران -علیهم السلام- دەنێرێت بۆ گۆڕانكاری و چاكسازیكردن.

گۆڕانكارییەكەی پێغەمبەر محمد ﷺ ئەوەبوو، كە كۆمەڵگەكەی جوڵانەوەیەكی ئەقڵی و هەڵگەڕانەوەیی پێ بكات، لە خراپەكارییەوە بەرەو باشە و توانیشی پڕۆژەكەی خۆی پێشكەش بكات لە پارچەیەك زەوی بچووكدا كە شاری مەككەیە، ئەم زەوییە بچووكە جوگرافیا و دیموگرافی، وا هەڵكەوتبوو تەنها بتپەرستی تێدا بوو، سەروەر و خۆشەویستمان ﷺ هات ئەم گۆڕانكارییەی كرد لەناو خەڵكیدا و دەیویست بە خەڵكی بڵێت بەرنامەیەكم بۆ هێناون، كە تەواوكەری هەرچی بەرنامەكانی تری پێش خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئوممەتێكی خاوەن ئیمتیازین، تۆ ئەگەر بتەوێت گۆڕانكاری بكەیت دەبێت بەم ئیمتیازە بیكەیت، ئیمتیازەكەش بریتییە لە ئیسلامەكە.

سەیری ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ، بكەن ماوەی سێ ساڵ كە بە بانگەوازی نهێنی ناسراوە بانگەوازەكەی هەر ئاشكرا بووە، دەبێت ئەوە بزانن، چونكە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ناو شاری مەككە هەر لەسەرەتاوە لە سەردەمی وەرەقەی كوڕی نەوفلەوە -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بانگەوازەكەی ئاشكرا بووە، بەڵام توخبەكە و تەنظیمە سەرەتاییەكانی نهێنی بوون.

تەنظیمی سەرەتای پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماوەی پێنج ساڵدا توانی ٦٥ توخبە دروست بكات، ئەم ٦٥ توخبەیە لە ماڵێكدا دایانا، كە ماڵی ئەرقەمی كوڕی ئەرقەم بوو -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، تەبعەن ئەبتەهێشت ئەم توخبانە هیچ كەسیان بە هیچ كەسیان بزانێت لەناو شاری مەككەدا، راستە لە سەرەتادا ئەبوبەكری صدیق، خاتوو خەدیجە، عەلی كوڕی ئەبی طالب

و زەیدی كوڕی حارس ئاشكرا بوون -ڕەزامەندی خوای گەورەیان لەسەر بێت-، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بكەیت دەبینیت هەموو چینەكانی كۆمەڵگەی گرتۆتەوە بانگەوازەكە.
خاتوو خەدیجە نوێنەری چین و توێژی ئافرەتانە كە بەشدارە لە بانگەواز و گۆڕانكاری، ئەبوبەكری صدیق نوێنەری چینی پیاوانە، زەیدی كوڕی حاریسەش لەلای خۆیەوە نوێنەری چینی بەندە و عەبیدەكانە، یان نوێنەری چینی گەنجانە، عەلی كوڕی ئەبی طالب نوێنەری منداڵانە، كە ئەوكات تەمەنی تەنها ١٠ ساڵ بووە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەشداری بە هەموو چینەكانی كۆمەڵگە كرد بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت لە گۆڕانكاریەكەی دا، چونكە دەبێت گۆڕانكاری لەناو هەموو چینەكانی كۆمەڵگەدا بكرێت، تەنظیمێكی گرنگی دروست كرد.
هەر ئەمە وای كرد كە ئەبوبەكری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ١١ كەس بهێنێتە ناو ئیسلامەوە، نهێنی تەنظیمەكە ئەوەبوو، كە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی تازە دێنە ناو ئیسلامەوە هیچ كەسیان بەوی تریان نازانێت، تەنظیمێكی حەلەقەیی سڕی زۆر نهێنی بوو، هەتا ماوەی سێ ساڵ دوای سێ ساڵەكە پێغەمبەری خوا ﷺ بارەگایەكیان بۆ دروست دەكات، كە ماڵی كوڕێكی گەنجی تەمەن ١٦ ساڵە، زۆر جار كە ئەم ناوانە ئەهێنین ئەم ناوانە هەموویان گەنج بوون، ئەوەش دەزانن كە ئیسلام هاتووە لەسەر شانی گەنج بووە و لاوەكان دروستیان كردووە، بەتەمەنترینیان پێغەمبەر بووە ﷺ، كە تەمەنی ئەو كات ٤٠ ساڵ بووە، ئەبوبەكری صدیق ٣٨ ساڵ بووە، عوسمانی كوڕی عەففان ٢٥ ساڵ بووە، سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص ٢٣ ساڵ بووە، ئەرقەمی كوڕی ئەرقەم ١٦ ساڵ بووە، عەلی كوڕی ئەبی تالب ١٠ ساڵ بووە، -ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت-.
ئەم پیاوە بەڕێزانە بەردێكی ئەستور و قایم بوون لەناو ئەم ئوممەتە ئیسلامییەدا و هەر ئەمانەش هۆكاری گەیاندنی ئەم دینەن بە ئێمە.
پێغەمبەری خوا ﷺ جێگە و بارەگایەكی بۆ دیاریكردن بە نهێنی بەس بۆ ئەوەی سەیری یەكتری بكەن، یەكتریان خۆش بوێت و بین بە برای یەك، ئەوكات توێژی جەماعەت نەبوو لە غەیری برایەتی هیچ شتێكی تر نەبوو، وە فێری ڕەوشت و بیروباوەڕ و برایەتیی بین. سێ چەمكی زۆر گرنگ، كە بەبێ بوونی ئەم سێ چەمكە ئاستەمە گۆڕانكاری بكرێت لەناو كۆمەڵگەدا.
چەمكی یەكەم: ڕەوشتجوانییە؛ ئەگەر مرۆڤ ڕەوشتجوان نەبێت، هەرگیز گۆڕانكاری پێ ناكرێت.
چەمكی دووەم: بیروباوەڕە؛ بە هەمان شێوە ئەگەر خاوەنی بیروباوەڕێكی سەلیم و پاك نەبێت گۆڕانكاری ئاستەمە.
چەمكی سێیەم: برایەتییە؛ بەبێ ئەم چەمكەش هەرگیز گۆڕانكاری ناكرێت.
بیروباوەڕ خۆی لە ناوخۆدا نەكرێتە ئایدۆلۆژیا هەرگیزاو هەرگیز نابێتە چەك و چەمكی گۆڕانكاری، پاشان دوای ئەوە خیتابە سیاسیەكە، تا دەیكاتە بزاوتێك و حەرەكەیەك تاكو بتوانن ئەو ئایدۆلۆژیایە جێبەجێ بكەن، ئەمە بۆ خۆیشی پێی دەوترێت ئایدۆلۆژیا.
ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بریتییە لە بەجوڵانەوەكردنی ئیسلامەكە لەناو زەمینەی گۆڕانكاریدا، پێغەمبەری سەروەرمان نوری چاومان ﷺ كارەكەی بۆ ئاسان كرا، چونكە بەرنامەیەكی بۆ هاتبوو لەلای خوای گەورە و لەسەر ئەو بەرنامەیەش توانی نوخبەكە دروست بكات، دروستكردنی ئەم

نوخبەیە بۆ ئەوە بوو زۆرترین ئەرکی ئوممەتەکە جێبەجێ بکەن، هەرئەمەش بوو کە لە ماوەی ۵ ساڵی بانگەوازدا تەنها ٦٥ هاوەڵی بەڕێزی کردە نوخبە و پەروەردەیکردن بۆ ئەوەی کۆڵە قورسەکە بە هەموویانەوە هەڵبگرن، ئەو کۆڵە قورسە ئەو بەرنامە عظیمە بوو کە خستیانە سەر شانیان و دەیانویست بە سێ چەمکە گەورەکە بیروباوەڕ، ڕەوشت، برایەتی لە نێوانی خۆیان دا پیادەی بکەن و پیبەسپێنن، دەستگرتن بەم چەمکانەوە زۆر گرنگە، چونکە وەحدەتی رۆشنبیری، وەحدەتی بیروباوەڕ، وەحدەتی ڕەوشت و برایەتی دەکات بە یەک.

ئەگەر سەرنج بدەن و ورد بینەوە لەماوەی بانگەوازی ١٣ ساڵی شاری مەککەدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاڕاستەی وەحی لەو زەمینەیەدا بۆ گۆڕانکاری لەسەر دوو چەمکی سەرەکی کاری کردووە، چەمکی بیروباوەڕو چەمکی ڕەوشت، سەبارەت بە چەمکی دووەم کە چەمکی ڕەوشتە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إنّما بُعثت لأتمّمَ مكارم الأخلاق)، واتە: من بۆ ئەوە هاتووم کە ئەخلاقتان جوان بکەم.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وردبینەوە بەشێکی زۆری ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە لە شاری مەککەدا هاتوونەتە خوارەوە لە دەوری باسی ئەخلاق و ڕەوشت دا ئەسوڕێنەوە، بۆ نمونە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ، ئایا سەرنجت نەداوە لەو کەسەی کە ئاینی خوا بەدرۆ دەخاتەوە. فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ ، ئەو جۆرە کەسە بە هەتیودا هەڵدەشاخێت و (ڕێزی لێ ناگرێت). وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ، هانی کەسیش نادات تا خواردن و خۆراك ببەخشێت بە هەژار و نەداران. فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ.

لەم چەند ئایەتەدا دەبینین کە خوای گەورە باسی بیروباوەڕ و ڕەوشت و هاوکاری و دەستگیرۆیی بێسەرپەرشتان دەکات، کە دیسانەوە دێتەوە سەر ڕەوشت دوای ئەوە باسی عیبادەت دەکاتەوە، کە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە.

ئەمە نمونەیەکە لە نمونەکان وە هەرنمونەیەکی تریش، کە وەربگیرێت لەم قۆناغەدا دەبینین بە دەوری ئەم چەمکانەدا دەسوڕێتەوە، برایەتیش لەگەڵ ئەم دووانەدا دەرئەکەوێ، کۆمەڵێک لە ئەهلی ئیسلام دەڵێن برایەتی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ڕەوشت، کۆمەڵێکی تر پێیان وایە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بیروباوەڕ، بەڵگەشیان ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ). ﴿١٠﴾، الحجرات. واتە: لە ڕاستیدا ئیمانداران هەر برای یەکن، کەواتە هەرکاتێك لە نێوان دوو براتاندا (ناکۆکی پەیدا بوو) ئێوە نێوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت.

(إِنَّمَا) ئامالی حەسرە بۆ (اثبات) بەکاردێت، واتە بەڕاستی ئیمانداران برای یەکن.

دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت، کە کاتێک ئێمەی موسوڵمان دەمانەوێ گۆڕانکاری بکەین، دەبێت ئەوە بزانین ئایا بەڕاستی موسوڵمانانی ئەم سەردەمە برای یەکن، یاخود بە پێچەوانەوە، خوای گەورەیش دەفەرموێت: (لَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ) ئێستە سبحان الله لە باتی ئەوەی خۆمان لە ئەلقابەکان رزگار بکەین خۆمان لەقەب بۆ خۆمان دروست ئەکەین، لە کاتێکدا کە خوای گەورە

لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ) لەسەر زمانی سەیدنا ئیبراهیم - علیه السلام- دەفەرموێت ئێوە ناوتان تراوە موسوڵمان كەچی ئێمە بە ئەنواع و ئەشكال ناو بۆ خۆمان ئەدۆزینەوەو حەزتەكەین بە ناوی ترەوە بانگ بكرێین و بناسێنرێین، یەكێك حەز دەكات بەناوی حزبەكەیەوە بانگ بكرێت، یەكێك حەز دەكات پێی بوترێت جیهادی، یەكێك حەز دەكات پێی بوترێت سەلەفی، یەكێك حەز دەكات پێی بوترێت سۆفی، یەكێك حەز دەكات پێی بوترێت ئیخوانی، یەكێك حەز دەكات پێی بوترێت تەحریری، یەكێكی تر...تاد.

هەریەكە لەم ناوانە كە موسوڵمان حەز دەكات پێوەی بلكێنرێت و پێوەی بانگ بكرێت هەمووی لەقەب و ئەلقاب و لوغزە، لە كاتێكدا یەكگرتن و وەحدەتی موسوڵمانان لەوەدایە، كە خوای گەورە دەفەرموێت: (هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ) كێشە و فەشەلی ئێمە ئەم جودابوونەوە و ماڵ جیاییەیە، پیرۆزەكانمان فەشەلیان هێناوە، هەریەكەمان بەناوێكەوە ئیش ئەكەین، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ، برایەتی كردووەتە یەكێك لە بنچینەكانی گۆڕانكاری و ئیشی لەسەر ئەوە كردووە، كە كۆمەڵگەكەی بكات بە یەك و شیعاری برایەتی بداتە دەستیانەوە، لە ماوەی زێڕینی پێغەمبەرایەتیی دا هەموویانی وا لێ كرد كە وەكو شانە بن، وەكو لەشی مرۆڤ بن، ئەگەر بەشێكی لەش تووشی ئازار بێت سبحان الله هەموو لەش هەست بەو ئازارە دەكات و ئارامی لە دەست دەدات، ئەی ئەمانە پرسیوە بۆچی ئەم هەموو نموونەیە بۆ ئێمە باس باسكراوەتەوە؟ لەبەر جەرەكەتە گۆڕانكاریەكەیە، چونكە لە راستییدا پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ گۆڕانكاری هاتووە، باشە كە مادام بۆ گۆڕانكاری هاتووە ئەم سێ چەمكەش لەناو ئەم زەمینەیەدا باوە بۆ ئێمە، كەواتە پێویستە ئەم سێ چەمكە لە خۆماندا پیادە بكەین.

گرنگە وە مەرجێكی زۆر گەورەیشە كە مرۆڤ بیروباوەڕێكی پاكی هەبێت بۆ گۆڕانكاری، ناشێ بڕوامان بە فرەخوایی هەبێت، ناشێ بڕوامان بەوە هەبێت، كە جگە لە خوای گەورە بپاڕێینەوە، ناشێ بڕوامان بەوە هەبێت، كە حاكمییەت بۆ غەیری خوایە، ناشێ لە بیروباوەڕماندا خوای گەورە و سیفاتە بەرز و پیرۆزەكانی بشوبهێنین بە سیفاتی دروستكراوەكانی، وە هەروەها كۆمەڵێك شتی تر، كە ئێستە باون لەناو خەڵكی دا، وەحدەتی بیروباوەڕ بە تایبەتی پێویستە موسوڵمانان یەك بیروباوەڕیان هەبێت، تاكو بتوانن گۆڕانكاری پێ بكەن.

سەبارەت بە رەوشتیش ئەگەر ورد ببنەوە و سەرنج بدەن بەرانبەر ئەوروپا، ئێستە ئەوروپا بۆچی توانیویەتی سەركەوتن بەدەست بهێنێت، یان بەگشتی بۆچی ئەوروپا لە سەركەوتن دایە؟ بۆچی توانیویانە لە بەرانبەر موسوڵماناندا سەركەوتن بەدەست بهێنن؟

لەبەرئەوەی ئەوان ئیرادەی گۆڕانكارییان هەیە و هەڵەكانیان قۆستۆتەوە، ئێمە خاوەنی پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەین، بەڵام ئیرادەمان لاواز بووە لە جێبەجێكردنیدا، ئەخلاقی كۆنی ئەوانمان

وەرگرتووە! ئەوان ئێستە دادپەروەرن، ئێمە ئێستە بە پێچەوانەوە لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ سورة الأعراف، ٨٥.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر کۆمەڵێک لە پێناوی خوای گەورەدا کۆبوونەوە و یەکێک هات بۆ ئەوەی کۆمەڵەکە تێک بدات لە ملی بدەن، چونکە ئامانجی تێکدانی کۆمەڵەکەیە و دەیەوێت شیرزی کات، زەرەر لە ئەمنی قەومی دەدات، بەڵام ئێمە بەداخەوە بیرمان بەلای ئەم چەمکەدا ناڕوات، کەواتە ئێستە زۆر گرنگە ئێمە ئەو چەمکە پیادە بکەین.

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی دەکات و دەفەرموێت: گۆڕانکاری بە خەڵکێکی کەم دەکرێت، ڕێک بە پێچەوانەی دیموکراسییەوە، خەڵکێک پێی وایە کە گۆڕانکاری بە زۆرینەی خەڵک دەکرێت، فەتحی یەکن یەکێکە لە بیرمەند و بانگخوازە گەورەکانی ئیسلام، ئەم پیاوە بەڕێزە لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دەڵێت: ( ٪٦ خەڵکی جیهان پلان دائەنێن بۆ باقی خەڵکەکەی تر)، لەناو ئەم ئیسلامەشدا وایە. ئیسلام واقیعە و پێویستە کۆمەڵێک خەڵک هەستن بە پلاندانان، تاکو نوخبەی پیادەی دەکەن و بیکەێنن بە جەماوەرەکە.

پلانی ئیسلامەتی ئەونە شتێکی گەورە قورس نییە، چونکە ئامادەیەو دانراوە، مەگەر پلان دابنرێ بۆ چۆنییەتی ئیشکردن، پلانی ئیسلامەتی بریتییە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە شتێکی روون و ئاشکرایە، ئیسلام هیچ شتێکی شاراوەی نییە، بەڵکو بە ئاشکرا خۆی بە خەڵکی ئەناسێنێ، وە لە هیچ شتێکیش ناترسێ و پێویستی بە چپە چپ نییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئاشکرا دینەکەی گەیاندووە، هەروەکو کوردەواریش دەڵێت: بانگی محمد بە ئاشکرا خۆشە. ئیسلام روون و ئاشکرایە، بە ئاشکراش پێویستە بیڵێین، کە کۆمەڵێک خەڵکی کەم ئەم دینە ئەگەیەنن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق حتى تقوم الساعة. واتە: بەشێک یان کۆمەڵێک لە خەڵکی لەسەر حەق ئەمێننەوە بە ئاشکرا، بۆ ئەوەی ئەم دینە بگەیەنن بە خەڵکی. چونکە ئەسڵ وایە تۆ نابێت بە دوای ئەودا بگەڕێی، کە دەبێ هەموو خەڵکی فکرەکەی تۆ هەڵگرێ، تۆ ئەگەر پلانی باشت پێ بوو، خەڵکی خۆی دوات ئەکەوێ، ئیتر مەرج نییە ئەوەی تۆ ئەیڵێی بە تەواوی شوێنکەوتەی هەبێت، بەڵام ئەگەر فکرەت باش بوو، بیروباوەڕەکەت جوان و پاک بوو خەڵکی شوێنت ئەکەوێ.

بەدڵنیاییەوە ئەمە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە لە ئیسلامیشدا کۆمەڵە خەڵکێکی کەم پلان دائەنێ و کۆمەڵێکی زۆریش جێبەجێی دەکەن، وە لە قورئانی پیرۆزیشدا هەمیشە زۆرینە جێبەجێکارە، وەکو ئەفکاری دیموکراسی نییە، دیموکراسی بە دوای زۆرینەدا ئەگەڕێ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ ﴿٧٨﴾﴾ الزخرف. بەڕاستی ئێمە پەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوە رەوانە کردووە، کەچی زۆربەتان حەزتان لە حەق و راستی نییە و لێی بێزارن.

یان دەفەرموێت: وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ. ﴿١٠٦﴾، یوسف. زۆربەی زۆری خەڵكی باوەڕ ناهێنن بە خوای (تاك و تەنها) بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (بێگومان ئیمان و باوەڕێ وا هیچ نرخی نییە و خوای گەورە لەو ئاوانە خۆش نابێ).

بەئایەتێكی دیكەشدا دەفەرموێت: مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ. ﴿٣٩﴾، الدخان. (بەڵكو هەمووی) لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەبێت دروستمان نەكردوون، بەڵام زۆربەیان لەم ڕاستییە ناگەن.

زۆر گرنگە مرۆڤی موسوڵمان ئەو هەستەی بۆ دروست بێ، كە مەرج نییە هەمیشە شوێن زۆرینە بكەوێ، جاری وا هەیە زۆرینە لەسەر حەق نییە، بەڵێ كەمینەیەك ڕاستی لایە و لەسەر حەقیش ئەمێننەوە، ئیسلام بۆ خۆی قورسە، هەموو كەسێك ناتوانێت هەڵیگرێت،بەڵكو ئیسلام پیاوی ئەوێ! وشەی پیاو یان نێرینە لە زمانی عەرەبیدا بۆ هەردوو ڕەگەز بەكارئەهێنرێت و سیفەتە، سیفاتی پیاوەتی سیفاتی رجال لە زمانی عەرەبیدا، كۆمەڵێك سیفەتن كە عەرەب دیاری كردوون، هەندێكیان بریتین لە ئیخلاص، تجرود، ئازایەتی، بەخشین...هتد.

ئیسلام پیاوی ئەوێت جێبەجێی بكات، ئەفكارەكانی تر ئاسانن، ئیلتیزاماتێكی ئەوتۆیان تێدا نییە، بڕۆ چی ئەكەی بیكە بۆ خۆت ئازادی، بەڵام كە هاتیتە ناو بازنەی ئیسلامەوە نابێت درۆ بكەیت، دەبێت نوێژ بكەیت، ڕۆژوو بگریت، ئەمە بۆ خۆی خەڵكێكی ئەوێ، كە خاوەنی بەرپرسیارەتی بێ، بۆیە تۆش پێویستە گۆڕانكاری بكەیت، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا. ﴿٥﴾، المزمل. چونكە بەڕاستی ئێمە فەرمودە و گوفتارێكی سەنگین دادەبەزێنینە سەرت (كە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئەرك و زەحمەتی زۆر دەبیت).

بەڵام گرفتەكەی ئێمە لەوەدایە كە پێمان وایە ئیسلام پێكهاتووە لە پێنج پایەو تەواو! ئەی دیوارەكانی، سەقفەكەی، ناوماڵەكەی، گەچكاری و جوانكارییەكانی ناوی، خەڵكێك وا دەزانێ تەنها بە پێنج پایە ئیسلام دامەزراوە، ڕاستە ئەم پێنجە پایەكانییەتی و بەڵام لە غەیری پایەشمان هەیە، بۆ تەواوكردنی بینا كراوەكە.

كەواتە ئەم هەموو قسە و باسەی كە ئەیكەین ئەگەر لە خۆماندا بوونی نەبێت، كەواتە وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: فَكَانَتْ هَبَاءً مُّنبَثًّا. ﴿٦﴾، الواقعة. دەبنە تەپ و تۆزێكی پەرشوبڵاو (زەویان پێ تەخت و ڕێك دەكرێت).

كەواتە پێویستە بیروباوەڕێكی پاك، ڕەوشتێكی جوان، برایەتی لە نێواندا بهێنینەوە، بەڵام نەك بە واتای ئەوەی كە سوود وەرگرێت لە برایەتی براكەت و بیقۆزیتەوە بۆ ئەوەی بەسەر پشتی دا سەركەوی.

كەواتە زەمەنی بیناكردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەككەوە دەست پێ دەكات، چونكە ئەمە زۆر گرنگە بۆ هەر شارستانییەتێك كە بینا دەكرێت، هەرشتێك كە بونیاد ئەنرێت لە ئیسلامدا لەسەر

بیروباوەڕو ڕەوشت دائەمەزرێت، واتە لە سەردەمی مەککەوە دەستی پێ کردووە، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی فێرکردین، پێش هەموو شتێک بینای کەسایەتی مرۆڤ بکرێ، چونکە ئەگەر بەوێت گۆڕانکاری بکەیت پێویستە ڕەوشت جوان بێت، پێویستە هەڵسوکەوت و گوفتارت جیاواز بێت لەگەڵ خەڵکی دا، پێویستە شۆفێریت جیاواز بێت، سیمای دەم و چاوت جیاواز بێت. ئەوکات دەتوانی بەرەو گۆڕانکاری بڕۆیت!

یەکەم کاری پێغەمبەری خوا ﷺ، بریتیی بوو لە بیناکردن و بونیادی مرۆڤەکان، خەڵکی باشی لەگەڵ بوو و پەروەردەی کردوون، ئەوانەی بونیادیان ئەنێین پێویستیان بە لۆکۆیەکە، کە لە ڕابردوودا باسمان کردووە یان سەرکردەیەک هەڵئەستێت بە گۆڕانکارییەکە، چ سەرکردەیەکی سیاسی، دینی، یان سەرکردەیەکی سەربازیی بێت، یاخود کۆمەڵێکن بەیەکەوە و هەموویان هەڵئەستن ناوێک یان لۆکۆیەک یان سەرکردەیەکیان پێوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێکن وەکو مرابطین یان موەحدین یان وەکو جەماعەی طولانی یان ئەخشەدی یان وەکو جەماعەتی خەواریزمی هەریەک لەم کۆمەڵ و جەماعانە هەڵئەستن و کار ئەکەن، بنەڕەتیش ئەوەیە کە جەماعی کار بکرێ، پێغەمبەری ئازداریش ﷺ دەفەرموێت، هەرچەند فەرمودەکەش بە لاواز هاتووە بەڵام مەفهومەکەی روون و جوانە کە دەفەرموێت: مَنْ أرادَ بُحبوحَةَ الجنَّةِ فَلْيَلزَمِ الجماعة. واتە هەرکەسێک دەیەوێت بچێتە ناو خۆشییەکانی بەهەشتەوە، با پابەند بێت بە کۆمەڵەوە.

لە دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بینای کۆمەڵگە و نوخبەکەی خۆی کرد، پاشان فەترەیەکی زەمەنی دانا. وەك باسیشمان کرد، هەمیشە ئەم بانگەوازە بە خەڵکێکی کەم دەکرێ، هەموو کەس ناتوانێ بانگەواز بکات، چونکە هەموو کەس مەرجی گۆڕانخوازی تێدا نییە. لەبەر ئەوەی ئیسلام بۆ خۆی قورسە. پێویستیشە بڵێین، کە ئیسلام بە خەڵکی ڕەش و ڕووت ئەچێتە پێشەوە، زۆر گرنگە ئەم بیرەمان هەبێت. خەڵکی ڕەش و ڕووت بە واتای ئەوە نا کە بێپارەو بێدەرەتان بن. پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، خێزانەکەی خاتوو خەدیجە -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ئافرەتێکی بازرگان بوو، ئەبوبەکری صدیق ئەوەندە دەوڵەمەند بوو ئاڵتوونەکانی لە شاری مەککەدا بە ئەور لەت ئەکران، عوسمانی کوڕی عەفان کوڕە دەوڵەمەند بوو، سەفیری ئیسلام موسعەبی کوڕی عومەیر جلی گرانبەهای بۆ ئەهات لە وڵاتی یەمەنەوە عەتری بۆ ئەهات لە شامەوە، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، ئەبا عوبەیدەی جەراح عەبدوڕەحمان ی کوڕی عەوف -ڕەزامەندی خوای گەورە لە هەر هەموویان بێت-. هەموو ئەمانە دەوڵەمەند بوون، بازرگانی باش بوون، بەڵام ڕەش و ڕووت کران و دوور ئەخرێنەوە لەو نیعمەتانەی، کە هەیە لە جیهان، بێبارەیان دەکەن، نان براویان دەکەن، لە پلە کۆمەڵایەتییەکانیان دەریان دەکەن، بۆیە ئەگەر موسوڵمان نەگات بەو حاڵەتە ناتوانێت گۆڕانکاری بکات. سەیریش بکەن ئەوانەی، کە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئیسلامەیان وەرگرت بە دەیان بەڵە

بوون، وەكو بیلالی حەبەشی، سوهەیبی رۆمی و سەلمانی فارسی، یان وەكو سومەیە و یاسر -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت-.

كۆچە و كۆڵان و شار نییە لە ئەوروپادا ئێستە مزگەوتی تێدا نەبێت، ئەمە بۆ خۆی گەورەیی ئەم ئیسلامە دەردەخات، لە هەمان كاتدا نابینی چوار كەنیسە بكرێتەوە لە جێگەیەكدا، ئەمە واتای ئەوە نییە، كە ڕێگری هەیە، هەرگیزاو هەرگیز ئەهلی ئیسلام ڕێگری نەكردووە لە خەڵكی، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو هەموو یەزیدییە لەناو ئەهلی ئیسلامدا حەق و مافیان پارێزراوە، خۆ ئەوە نەبێت ئێستە یەزیدی بوو بێت یان قەڵخانی بوو بێت یان بۆ نمونە مەسیحیی و جوولەكە بوو بێت، درۆیەكی گەورەش بەدەم موسوڵمانانەوە دەكرێت، بەتایبەتی بەدەمی خەڵكی شاری سلێمانییەوە، كە گوایە جوولەكەكانیان بە زۆر ناردووەتەوە بۆ جێگەكانیان، هەروا لە هەڵەبجە و لە پێنجوێنیش جوولەكەكانیان ناردووەتەوە، لە ڕاستیدا وانییە،كاتێك بەناو دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند، هەموویان لە ژێرەوە وەكو تەنظیم و كاری ڕێكخستن بردنیانەوە بۆ ئەو وڵاتە، هیچیان دەرنەكراون، خۆیان بەئاشكرا ڕۆیشتوونەتەوە، ئەوان زەرەریاندا لە خۆیان و لە وڵاتی موسوڵمانانیش كە پشتیوان بە خوای گەورە بەم نزیكانە وڵاتی فەڵەستینی خۆشەویستیش ڕزگار دەكرێت لە دەستیان و صەلاحەدینێكی كوردی بۆ پەیدا دەبێت.

كەواتە ئەم ئیسلامە دەبێت خەڵكێكی رەش و رووت بیبات بەڕێوە، كە وازی هێنابێت لە سەروەت و سامان و خۆی ساغ كردبێتەوە بۆ گۆڕانكاری، خۆی یەكلاكردبێتەوە كە ئیتر منداڵان بێباوك نەكرێن، ئافرەتان بێوەژن نەكەون، ئیتر لەمەولا زانست و زانیاری پێش بكەوێ، ئێستە گۆڕانكاری دەكرێت، بەڵام پێویستە موسوڵمانان زانستی شەرعی و زانستە مرۆییەكانیان بەهێزبن، بەڵام بەداخەوە تۆ چۆن گۆڕانكاری ئەكەیت، یان ئەتەوێ گۆڕانكاری بكەیت، كە شوێنكەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ، نیت.

موسوڵمانی وا هەیە مەقالەیەك ئەنووسێت بە دەیان ڕەخنەی لێ ئەگرێت و ناخوێنرێتەوە و دەڵێن گوایە زۆری نووسیوە و بابەتەكەی دوور و درێژە، كێ تاقەتی هەیە ئەو هەمووە بخوێنێتەوە! ئەی ئەم هەموو موجەلەدە كتێبە بۆچی نووسراوە و بۆ كێ نووسراوە؟ تۆش ئەتەوێ گۆڕانكاری بكەی.

ئیمامی عوقەیلی كە یەكێكە لە قوتابییەكانی ئیمامی غەزالی -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- یەك كتێبی نووسیوە ٨٠٠ موجەلەدە.

چۆن دەتوانین گۆڕانكاری بكەین گەر نەخوێندەوار بین؟ گەر تاقەتی خوێندنەوەمان نەبێت؟ دەڵێی چی لە كاتێكدا ئەم ئیسلامە لەناو ئەم هەموو ئەحكامە، كە تێدایەتی لەناو ئەم هەموو وشە گەورەیە كە تێدایەتی لە نوێژ، ڕۆژوو، زەكات، حەج، جیهاد، ئەمر بەچاكە و نەهی لە خراپە، دەستهێنان بەسەر سەری هەتیواندا، وە لە هەرچی ئەحكامی تری گەورەیە كە تێدایەتی، كەچی

پێغەمبەر ﷺ یەک وشەی بۆ دێت کە کلیلی دەرگەی کردنەوەی ئەم قورئانەیە، کە بریتیە لە وشەی (اقرأ)، لەوە گرنگتر خوای گەورە ئەم پێنج ئایەتە پیرۆزەی سورەتی العلق، کە سەرەتا ناردییە خوارەوە هەمووی باس لە زانست و عیلم دەکات، باس لە ئاداتی زانست دەکات، کە قەڵەمە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾
(ئەی محمد ﷺ) بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە
(کە هەموو شتێکی) دروست کردووە.
خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾
ئادەمیزادی لە چەند خانەیەکی خۆهەڵواسەر (لەناو منداڵاندا) دروستکردووە.
اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾
بخوێنە، پەروەردگاری تۆ خاوەنی رێزو بەخششی بێ سنورە.
الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾
ئەو زاتەیە کە بەهۆی قەڵەمەوە زانستی و زانیاری فێر دەکات.
عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾
ئادەمیزاد فێری ئەو شتانە دەکات کە نایزانێت و بێ ئاگایە لێیان.

دەزانی ئیسلام بۆچی کەرامەتی پارێزراوە؟ دەزانی بۆچی ئیکرامە؟ لەبەرئەوەی خاوەنی زانستە هەروەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بینای هەموو هاوەڵە بەڕێزەکانی کردبوو بە زانست، هەر ئەمە بوو لە ماوەی دوو بۆ سێ سەدەدا موسوڵمانان دەسەڵاتیان گەیشتە ئەوپەڕی لوتکە و ترۆپك لە بواری زانست، ئەدەب، سەربازیی و هونەری، وە لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا، بۆیە زۆر پێویستە ئێمە چاوێک بخشێنینەوە بە ژیانی پێغەمبەر ﷺ، پاشان دەست بکەین بە گۆڕانکاری.

تۆ پێت وایە ئەو سەردەمە تازە بەسەرچووە؟ تۆ بەسەرچوویت، بۆیە ناتوانی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ خۆت بگونجێنیتەوە، داوای پرۆژەی هاوچەرخ ئەکەیت؟ ئیسلام بۆ خۆی هاوچەرخە شوێنکەوتەی ئەم محمدە ﷺ نیت، بۆیە دواکەوتوویت.
بۆیە هیچ کەس حیسابت بۆ ناکات و هەرکەس هەڵئەستێ وەکو جوولەکانی ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٦٠ شەقێکت تێ هەڵدەدا، لە ئەوروپادا هەرکەسێک هەڵئەستا لێی دەدان! تۆش لەبەر ئەوەی

ساحێبی دینەكەی خۆت نیت، ئەتەوێ خۆت (الشباع) بكەیت، ئیسلام وەكو خۆی ناناسێنی و پەرمێی، لە كاتێكدا كە كۆمەڵگەكەت موسوڵمانە، كەچی باسی ناكەیت، ئەی چۆن گۆڕانكاری دەكەیت؟ ناوێری باسی ئەحكامەكانی بكەیت دەڵێی ئەوەكو خەڵكم لێ بڕەنجێ، ئەگەر موسوڵمانی و ئەم دینە بە حەق دەزانی بۆ بە ئاشكرا نایكەێنی و باسی ناكەیت؟ ئەگەر واش نییە بۆچی خۆت هەڵواسیوە پێیەوە و بوویت بە مشەخۆر بەسەریەوە و خۆتی پێ دەوڵەمەند دەكەیت؟ خوای گەورە گۆڕانكاری ناكات بۆ كەسێک كە مشەخۆر بێت بەسەر دینە جوانەكەیەوە، هەروەكو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمویت: اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ). ﴿٩﴾، التوبة. (هاوەڵگەران نرخیان بۆ ئایەتەكانی خوای گەورە دانەناوە) ئەوانە بە ئایەتەكانی خوا پارە و دەستمایەیەكی كەمی دنیایان كڕی و گۆڕیانەوە، (ئایەتەكانی خوایان گۆڕیەوە بەنرخێكی كەم و هەرزان) و ئینجا پشتیان هەڵكرد لە ڕێگەی خوا، ڕێگری خەڵكیشیان لێ دەكرد، بەڕاستی ئەو (خوا نەناسانە) ناپەسەند بوو ئەو كار و كردەوەیەی كە دەیانكرد و ئەنجامیان دەدا.

واتە ئایا ئەتانەوێت ئایەتەكانی خوای گەورە بە پارەیەكی كەم بفرۆشن، تۆ دەبێت هەوڵ بدەیت و كار بۆ ئەوە بكەیت كە خوای گەورە سەربخەیت ئینجا چاوەڕێی ئەوە بیت خوای گەورە سەرت بخات، خوای گەورە دەفەرمو یت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾، محمد. ئەی ئەو كەسانەی كە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بكەن و هەوڵی سەركەوتنی بدەن، خواش پشتیوانی لە ئێوە دەكات و سەرتان دەخات، وە پایەدار و جێگیرتان دەكات.

سەركەوتنی دینی خوای گەورە بە چییە؟ سەرخستنی خوای گەورە بە جێبەجێكردنی شەریعەتەكەیەتی.

كەواتە پێویستە ئێمە بزانین، گۆڕانكاری بە زانست دەكرێت. وە پێش هەموو شتێك كە بینای مرۆڤ دەكرێ، دەبێت لەسەر بنەمای زانست بێت، پێغەمبەری خوا ﷺ وەكو باسمان كرد، یەكەم ئایەت بۆی دابەزی لەسەر زانست بوو.

هەموو ئەمانەی باسمان كرد سەرەتایەكە بۆ گۆڕانكاری نەك خودی گۆڕانكارییەكە خۆی؛ بیروباوەڕ، ڕەوشت، برایەتیی و زانست و هەموو ئەمانە، ئەگەر سەرەتا دەست پێ نەكەن و كۆ نەبنەوە بەیەكەوە هەرگیزاو هەرگیز گۆڕانكاری ڕوو نادات، تۆ ئەتەوێت گۆڕانكاری بكەیت لە خراپەوە بەرەو چاكە، بەڵام ئەگەر ئەمانەت تێدا نەبوو گۆڕانكاری لە خراپەوە بەرەو خراپتر ئەكەیت، لێ باشە كەواتە ئێمە هیچمان نەكرد.

هەروەها خاڵێكی تر، كە زۆر گرنگە بۆ سەرەتای دەستپێكی گۆڕانكاری بریتییە لە سەبات و ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتییەكانی ژیان، دوای ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ موزاهەرەی دەست

پێ کرد و چووە ناو سەرای شاری مەککەوە، لە سەرای مەککەدا بە ئاشکرا بە خەڵکی فەرموئی ئیمەین! زۆرێک لە هاوەڵە بەڕێزەکان ڕەزامەندی خوایان لێ بێت قوڵیان کرد بە قوڵی یەکدا و چوونە بەردەمی خەڵکی و خۆیان ئاشکرا کرد، ژمارەی ئەو هاوەڵە بەڕێزانە ۳۰ کەس بوو بەئاشکرا چوونە ناو خەڵکی، هەندێک پێیان وایە ٦٠ هاوەڵ بوون، هەرچەندێك بوون گرنگ ئەوەیە، بەئاشکرا دەستیان کرد بەگەیاندنی پەیامی خوای گەورە، هەموو پیاوی مەرد و ئازا و قارەمان بوون، کە خۆپیشاندانیان کرد لە شاری مەککەدا بەبێ ئەوەی داوای ئەوە بکەن مۆڵەتیان پێ بدرێ لەلایەن سەرانی قورەیشەوە، پێویستیان بەوە نەبوو ئەوان دەیانویست ئەفکاری خوایان بڵاوبکەنەوە.

بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کرد بە گۆڕانکاری:

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ ﴿١﴾

(ئەی محمد (ﷺ)، ئەی ئیماندار) بڵێ: ئەو خوایە تاك و تەنهایە (بێهاوەڵ و هاوتایە).

اللهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾

خوا زاتێکی پایەدار و دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییە و هەمووان ئاتاجی ئەون، هەر ئەوە دەتوانێت بەڵا و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازییەکانمان جێبەجێ بکات.

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾

نە کەسی لێ بووە و نە کەسی لێ دەبێت، وە خۆیشی لە دایك نەبووە و دایك و باوکی نییە.

وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾الأخلاص

هەرگیز هاوتا و هاوشێوە و بە دەسەڵاتێکی تر نییە، کە لە بەرانبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت.

دەیانویست بە خەڵکی بگەیەنن، کە پێویستە گۆڕانکاری لە مێشک و لە فکریان دا، لە بیروباوەڕیان دا و لە ڕەوشتیان دایە. بۆ پێتان وایە ئێستە پێویستمان بەو گۆڕانکارییانەی پێغەمبەری خوا ﷺ نییە؟ پێویستمان بەوە نییە کە گۆڕانکاری لە عەقڵماندا بکرێت؟ ئێستە چەند کەس تووشی شەلەلی عەقڵی بووە، ئەمە شەلەلی عەقڵ نییە ئافرەتێک خۆی ڕووت دەکاتەوە و لەسەر سەکۆیەک خۆی با دەدات و هەموو لاشەی خۆی بۆ خەڵکی نیشان دەدات و خۆی ئەلەرزێنێ و ناویشی بنێیت هونەر! ئەم فیکرە پێویستی بە چاکسازی هەیە.

یان ڕیبا ئەخوات و دەڵێت کۆمەڵگەکە پێویستی پێیەتی، نەخێر هەرگیز کۆمەڵگە پێویستی پێ نییە، بەڵکو ئەوە تۆیت وات کردووە، ئەو کۆمەڵگەیە ناچار بێت و پێویستی پێی بێت، ڕەنگە دەدات و دەڵێت ئاخر ئەگەر وا نەکەم کارەکەم ناڕوات، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەکە فاسد بووە و

پێویستی بە گۆڕانکارییە. لەناو وڵاتانی ئێمەدا خەڵکانێکی بێ دین کە هاتن ویستیان ئیسلام وردە وردە پەراوێز بخەن بۆ ئەم مەبەستە سێ شتیان لەناو خەڵکی دا نەهێشت: عەیبە، گوناحە، نابێ. ئێستە هیچ شتێک عەیب نییە لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا جاری وا هەبوو ماڵێک گۆشتی نەبرژاند، پێی عەیب بوو دووکەڵ و بۆنەکەی بکات بەسەر دراوسێکەی دا، خۆ ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ماڵەکەی دراوسێی نیەتی، ئەیزانی خواردنە. ئەگەر دەوڵەمەندیش بێت ئارەزووی بۆی ئەچوڵێ، لەبەر ئەوە ڕێز و ئیحترامی دراوسێکەی ئەگرت و ئەمەی بە عەیبە دەزانی.

حەرامە، وشەی حەرامە لەناو خەڵکی دا زۆر کەم بووەتەوە، خەڵکێک هەن دەڵێن: ئا ماڵت ئاوایێت، ئەمە چییە هەموو شێکتان حەرام کردووە، لە ئیسلامدا بەشێکی کەم نەبێت، کە حەرامە هەمووی حەڵاڵە کۆمەڵێک شتی کەم نەبێت کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، ئەمە حەرامە ئەوە حەرامە بەڵام بۆ ناوێری باسی بکەیت؟ بۆ ناڵێی بەو خەڵکە ئەوەی، کە حەڵاڵە چاکە بۆ مرۆڤ، قیاسێکی زۆر زۆر پیرۆز و گەورەیە، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا هەرشتێک چاک بوو حەڵاڵە و هەرشتێکیش خراپ بوو حەرامە، بەڵێ جگەرە حەرامە، بەڵێ مەشروب حەرامە، بەڵێ ریباخواردن حەرامە، بەڵێ ئەزەرکردن حەرامە، لەبەر ئەوەی پیسن، هیچ دکتۆرێک هەیە لەسەر ئەم زەوییە بڵێ مەشروب چاکە.

ئەمریکا لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٠-١٩٦٠دا بڕیاریدا مەشروب قەدەغە بکرێت لە وڵاتدا، چونکە بۆی دەرکەوت کە پیسە، بەڵام خەڵکی ناڕازی بوون و هاتنە سەر جادە و بە دیموکراسییەکەی خۆیان ڕێگەیان پێ دایەوە، لەساڵی شەستەکاندا نێربازی لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکادا قەدەغە و حەرام بوو، وە تاوان و عەیبە بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەئاشکرا یاسای بۆ دانرا، پیاو لە پیاو مارە دەکرێ، قانونی میرات هەیە و قانونی تەڵاقی هەیە، ئێستە گرفتیان ئەوەیە، کە پیاو لە پیاوکە مارە دەکرێ، پیاوی فاعل و مفعول کە حەزیان لە منداڵە چۆن منداڵ دروست بکەن، ئەم حکومەتە دەبێت ئەو کێشەشیان بۆ چارەسەر بکات، چونکە عەیبە و حەرامە و نابێ نەماوە لەناویان دا، دیموکراسییەکە بەرەو ئەوەیان دەبات بۆ چارەسەری ئەم کێشەیان ئەچن منداڵێک هەڵئەگرنەوە لەو منداڵانەی کە بێسەرپەرشتن، کاتێک کە منداڵەکە هەڵئەگرنەوە و کاتێک وردە وردە گەورە دەبێت، کێشەیەکی تر دروست دەبێت ئەم منداڵە نازانێت بە کامیان بڵێت باوکە و بە کامیان بڵێت دایکە!

سەیری ئەم کۆمەڵگەیە بکەن چۆن لە فیترەتی پاکی خۆی دەرچووە، چۆن شتی بۆگەن ئەهێنن و بە باش وەسفی دەکات، گۆڕانکاری بەم شێوەیە ناکرێت ئەوەی، کە پێی وایە ئەوە شتێکی چاکە و ئازادییە، پێویستە لە مێشک و فیکری ئەویشدا گۆڕانکاری بکرێت، پێویستە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ فیترەتە پاکەکە، کە بریتییە لە فیترەتی ئیسلام.

ڕۆژئاوا بە زۆر یاسا بۆ خۆیان دروست دەکەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، کەچی ئێمە بۆ خۆمان یاسامان هەیە بەزۆر وەلای ئەنێین بۆ ئەوەی ژێرکەوین، تەنها جیاوازییەکەمان ئەمەیە و هیچی تر.

هەتا ئیسلام هەبوو قیادە و ریادەی ئوممەتانی دەکرد و شتی ئەبەخشی بە خەڵک، بەڵام کە عەلمانییەکان هاتنە ناومانەوە ئێستە ئێمە دەست لە ڕۆژئاوا پان دەکەینەوە. عەلمانییەت کام گۆڕانکاری کردووە، ئایا عەلمانییەت توانیویەتی خاڵە رەجەیێک بۆ کورد دروست بکات؟ کە توانای دروستکردنی تۆپێکی هەبێت کە گولەی تۆپەکە، باروتی تۆپەکە و تۆپەکە، خۆی لە پۆڵا دروستی کردووە، فەرەنسا دێت چاوی لێ دەکات و فکرەکەی دەباتەوە و لەوڵاتەکەی خۆیدا دروستی دەکات.

لەکام سەردەمەدا ئێمە توانیمان ئەوە بکەین؟

ئامانجمان لەم باسانە ئەوەیە، کە ئیتر بەسە پێویستە خەڵکی ئێمە جارێکی تر بە کردار بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە پاکەکە، بگەڕێتەوە بۆ بونیادەکە، کە بریتییە لە بیروباوەڕێکی پاک، لە ڕەوشتێکی جوان، برایەتییەکی راستگۆیانە.

ئەمەی باسی ئەکەین بە تەنها لە فکری خۆمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو وەرگیراوە لە فکری ئەو زانا بەڕێزانەی کە پێشتر باسمان کردوون، کە حەرەکەتی مێژوویان کردووە بۆ گۆڕانکاری یان بزاڤی مێژوویان کردووە بۆ گۆڕانکاری.

ئەم بونیادەی باسی لێوە ئەکەین حەرەکەتی گۆڕانکارییە بۆ مرۆڤ، چونکە دەبێت مرۆڤ بینای خۆی بکات لەڕووی بیروباوەڕ، ڕەوشت، برایەتیی و لە ڕووەکانی تریشەوە، کەواتە ئەم بونیادە پێویستی بە چییە؟

پێویستی بە زەمەنێکی مێژوویی هەیە، چونکە مرۆڤ کە ئامانجێکی هەبوو، ئەو ئامانجە پێویستی بە واقیعیەت هەیە تاوەکو جێبەجێی بکات و بیگەیێنێتە ناو خەڵکی. ئەم واقیعیەتەش پێویستی بە رەوشێک هەیە، کە بەو خەڵک بناسێنرێت و واقیعی بێت لەناو خەڵکی دا یان بە واتایەکی تر، ئامانجمان پێویستی بە واقیعی بوونە! ئەم واقیعیەتەش پێویستە لە شوێنێکدا بێتە وە ئەو شوێنەش پێویستی بە میزانیەیە، ئەم میزانیەیەش پێویستی بە بەرنامەیەکە، بەرنامەکەش پێویستی بە نەخشە و پلانە، وە نەخشە و پلانەش پێویستی بە جێبەجێکارێکە، هەروەک چۆن جێبەجێکارەش پێویستی بە کەمییەکە و کەمییەتیش پێویستی بە نەوعییەتە، هەروەها نەوعییەتەش پێویستی بە زەمەن و مێژووە بۆ ئەوەی بتوانێ حەرەکەتە گۆڕانکارییەکەی تیا بکات.

کەواتە هەموو ئەمانە مەنزومەیەکی تەواو و کامڵن لەڕووی ئیداریی و پێکهاتەی گۆڕانکارییەوە بۆیە ئەوەی کە باسی لەکەین دەستپێکی گۆڕانکارییە لە هەموو شتێکدا و لە خاڵێکەوە دەست

پێ دەكات كە بونیادە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە خاڵی سفرەوە دەستی پێ كردووە، بەڵام لە دوای وەفاتی هەرگیزاو هەرگیز لە خاڵی سفرەوە دەست پێ ناكرێتەوە، بەڵكو لەسەردەمێكی دیاری كراوەوە دەست پێ دەكاتەوە كە ئەم سەردەمە دیاریكراوە، جاری وا هەیە لە مەوقیعێك دایە، واتا ئوممەتی ئیسلامی قەت نامرێ، ئوممەتی ئیسلامی مردنی ئاستەمە، كە مرد واتە قیامەتە، كەی ئوممەتی ئیسلامی و گەل و هۆزی موسوڵمان لەسەر زەویدا نەمان، ئەوە قیامەتە و خوای گەورە جیهان بۆ كافران راناگرێ، كەواتە دەستپێك لە بونیادەوەیە و پێویستمان بە زەمەن و مێژووە، كە بكرێتە ئەجروبە بۆمان.

كێ گۆڕانكاری دەكات؟ بە دڵنیایەوە پێویستە سەركردەیەك بیكات، لە رابردووشدا باسی سیفەتەكانی سەركردەمان كرد، یان سەركردەیەكی سیاسییە، یان سەركردەیەكی سەربازییە، یان سەركردەیەكی دینییە و شەرعزانە، ئەشێ ئەم سەركردەیە هەموو ئەمانەی تێدا كۆ نەبووبێتەوە، ئەشێ سەركردەیەكی سیاسیی بێ و نوخبە و شوراكەی دەوروپشتی هێزی بداتێ، كەواتە سەركردە و لوكۆ زۆر گرنگن بۆ گۆڕانكاری، ئەگەر سەركردە دەست نەكەوت ئەشێ كۆمەڵێك بەیەكەوە ئەم كارە ئەنجام بدەن، تاكو دەستپێكی گۆڕانكاری دەست پێ بكات. دەستپێكی گۆڕانكاری بە چی دەست پێ دەكات؟ بە سەرەتای بانگەواز لە ئیسلام دا.

پەلەنەكردن لە كاری ئیسلامیدا، بەداخەوە ئێمە لە هەموو شتێكدا پەلەمانە، هەمووان دەزانین سەرەتای بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ درێژترین سەردەمە كە دەست پێ دەكات لە هەموو سەردەمەكان درێژترە، كەواتە دەبێت بزانین پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕیوە هیچكامیان ناگەنە قۆناغی دەستپێكی بانگەواز، قۆناغی سەركەوتنی پێغەمبەر ﷺ چەند ساڵێك بوو، قۆناغی ئەمكینی دوو ساڵ بوو، قۆناغی ناڕەحەتی ساڵێك بوو، ناڕەحەتی مەبەست لە ساڵی ماتەمینییە، كە تێیدا خانوو خەدیجەی خێزانی و ئەبو طالبی مامی كۆچی دواییان كرد.

بەڵام زەمەنی ئیعدادی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ پەروەردەكردنی ئەو ٦٥ هاوەڵە بەڕێزەی، كە باسمان لێوەكردن ١٣ ساڵی خایاند، كە لەو ماوەیەدا ئەو خەڵكەی پەروەردە كردووە، بنەڕەت ئەمەیە: خەڵكی بۆ بانگ دەكرێت لە ئیسلامدا و گۆڕانكاری دەكرێ، چونكە گۆڕانكاری بنەڕەتی لەم زەمەنەدا دەست پێ دەكات، كە زەمەنی سەرەتای بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو. وە هەركەسێكیش بیەوێت گۆڕانكاری بكات، دەبێت بەو قۆناغانەی پێغەمبەری خوادا ﷺ بڕوات، چونكە ئێمە وەلان خوای گەورە كۆمەڵێك سوننەتی هەیە، ئەم سوننەتانە قەت گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت، سوننەتی خوای گەورە دیارە (... فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا)، هەرگیزاو هەرگیز نابینی رۆژ لە رۆژئاواوە هەڵبێت، هەرگیز نابینی؛ ئاگر گەرم و سوتێنەر نەبێت.

لەوانەیە کەسێک پرسیار بکات و بڵێت خۆ پێغەمبەر ئیبراهیم -علیه السلام- خرایە ناو ئاگریشەوە و نەسووتا، دەڵێین ئەمە موعجیزە بوو خەڵکی بێ دەسەڵاتە لە ئاستی موعجیزەدا، بەڵام بنەڕەت ئەوەیە کە تا ڕۆژی دوایی ئاگر سووتێنەرە، کەواتە سوننەتی خوای گەورە لە نیعمەتی خۆیەتی وە گۆڕانکاریش لە ئیسلامدا مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە لە بونیاد و شەخسیەت و کەسایەتیدا بکرێ، سەرکردەیەک یان کۆمەڵێک هەڵسن بۆ سەرەتای دەستپێکی بانگەواز، سەرەتای بانگەوازیش دەبێت دوورو درێژ بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت.

هەموو سەرەتای بانگەوازێک بریتییە لە سەرەتای دەستپێکی گۆڕانکاریە، بانگەواز بۆچی ئەکەی ئەگەر ئامانجت گۆڕانکاری نەبێت! ئەی بانگەوازەکە چییە و بۆ چییە؟ بۆ ئیخلاصە؟ (قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَ لَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ). ﴿٨٨﴾، هود. واتە: (شوعەیب) وتی: ئەی قەوم و خزمەکانم ئەگەر منتان بینی و بۆتان دەرکەوت کە لەسەر بەرنامەیەکی ڕێك و ڕۆشنم لەلایەن پەروەردگارمەوەیە، وە هەر لەلایەن ئەویشەوە ڕزق و ڕۆزی باش و ماڵ و سامانی زۆرم هەیە، من نامەوێ قەدەغەی شتێکتان لێ بکەم کەچی خۆم وەك ئێوە نەکەم (چی بە ئێوە بگەیەنم خۆم لە پێشدا ئەنجامی دەدەم) من تەنها چاکەخوازیم دەوێت، بەگوێرەی توانام، من بەردەوام تەوفیق و یارمەتی و سەرکەوتوییم تەنها لەلایەن خواوەیە، پشت و پەنام تەنها ئەوە و تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە.).

بۆ چاکسازییە؟ وەکو چۆن لەم ئایەتە پیرۆزەدا باس کراوە سەیدنا شوعیب -علیه السلام- دەیەوێ لەناو کۆمەڵگەکەیدا چاکسازی بکات، دەیەوێ گۆڕانکاری بکات، دەیەوێ خەڵکێک بەرەو ڕێگەی ئیصلاح بێنێت.

خەڵکێک ئەپرسن ئێوەی ئیسلامی هەمیشە ڕەخنەتان هەیە لە هەموو شتێک و خەڵکی تر (ڕۆژئاوا) بە کەم دەزانن، کەچی ڕۆژئاوا خاوەنی ئەو هەموو پێشکەوتنەیە و قائد و ڕائدە، ئێوە بۆ خۆتان چین وا ئەوەندە خۆتان بە گرنگ دەزانن، لە کاتێکدا بە خۆتان دەڵێن (خیر الأمة)، سەیری ژیار و شارستانی ڕۆژئاوا بکەن و سەیری ژیار و شارستانی خۆشتان بکەن؟

پرسیارێکی گرنگە و لە جێگەی خۆشیەتی، فیعلەن وایە ڕۆژئاوا لە پێشکەوتنێکی زۆر گەورە دایە، ئەوان خاوەنی شارستانییەت و سیستەمی ئیداری و سیستەمی پێشکەوتن و ڕێگە و بانن.

ئەی ئێوە کە باشترینی ئوممەتن چیتان پێیە؟ کوا ئیصلاحەکەتان؟

لەوەڵامدا دەڵێین پێش هەموو شتێک موسوڵمانان خاوەنی کیان نین، خاوەنی سیستەمی سیاسی خۆیان نین. وامان لێهاتووە کە موسوڵمانەکەشمان داوای سیستەمی ئیسلامی ناکات، ئەوەتا خەڵکە موسوڵمانەکەش داوای دیموکراسی دەکات، سیستەمی ئێمە نییە بۆچی گلەیی لە ئێمە

ڕەکان، حەقە گلەیی لە خاوەن سیستەمەکە بکرێت، نەک لە ئیسلام، ئێمە لەسەرەتای ئیصلاح و ڕێکەوازین بۆیە خۆشمان بە خەیرە ئومە دەزانین وە دەمانەوێت ئیصلاح بەرپا بکەین.

ڕاستە ئێمەی موسوڵمان لە شتێکدا دۆڕاندوومانە، ئەویش زانستە دانی پێدا دەنێین، دانپێدانان نیشانەی سەرکەوتنە لەگەڵ ئەوەشدا لە دووشتی گرنگدا براوەین کە بیروباوەڕ و ڕەوشتە، وەرن بە هەموو پێوەرێک سەیر بکەن باسی موسوڵمان ئەکەین، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ)، سەیری بیروباوەڕی موسوڵمان بکە ئەهلی تەوحیدە و یەک خوا ئەپەرستن، ڕەوشت جوانە، دەست و دەم پاکە، داوێن پاکە، باسی ئەوە ناکەین کە کابرا تەنها ناوی موسوڵمانە و دزی دەکات، موسوڵمان ئەگەر بەڕاستی موسوڵمان بێت، قەت دزی ناکات!

ئەشێ موسوڵمانێک دزی بکات، بەڵام یەکسەر پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، کێشەکەمان لێرا ئەوەیە پەروەردەکەمان کە مەنزومەیەکی گەورەیە و لە وەزارەتی پەروەردە و لە تەلەفزیۆن و لە سینەما و ...هتد، کە ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکەن، خۆ خەڵکێکی موسوڵمان ئاڕاستەی ناکات، خەڵکێکی عەلمانی ئاڕاستەی دەکات. ئەی بۆچی ڕەخنە لە موسوڵمان ئەگیرێت؟ پێویستە ئەو ڕەخنانە لە خودی خۆیان بگرن نەک لە موسوڵمانان، تەنها چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئیسلامیمان هەیە، زۆرجار ئەوانیش سەقافەتی عەلمانییان وەرگرتووە و وەکو ئیسلامەکە ئاڕاستەی خەڵکی ناکەن، ئەوان لە زانستدا پێشکەوتوون، بەڵام لە بیروباوەڕ و لە ڕەوشتدا بەتەواوەتی دۆڕاون.

کەواتە ئێمە لە یەکێکیان دا نوقسانین، وە ئەوان لەهەردووکیان دا، ئێمە دەمانەوێت بەم دوانەی کە سەرکەوتووبووین بگەڕێینەوە بۆ دەستپێکی ئیصلاح، وە بۆ ئەو قۆناغەی کە لە ڕابردوودا خاوەنی ئەو هەموو شارستانییەتە بووین. شاری بەغداد یەکێک بووە لەو شارانەی زۆر پێشکەوتوو بووە لە زانستدا، تەنها کتێبخانەی گشتی شاری بەغداد، خاوەنی هەشت ملیۆن کتێب بووە لە سەردەمی خیلافەتی دەوڵەتی عەباسییدا، ئەوەندەی کە ژمێردراو وە تۆمار کراوە، کاتێک کە سوپای خوێنڕێژی ئەتار دێنە ناو عێراقەوە و دەیانەوێت لە ڕووباری دیجلەوە بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری بەغداد، پردیان دەست ناکەوێت، ئەبەەن ئەو کەسانەی چوونەتە شاری بەغداد دەزانن پانتایی ڕووباری دیجلە دوو ئەوەندەی پانتایی دەریاچەی دوکان دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە کتێبیان هێناوە و خستوویانەتە ناو ئەم ڕووبارەوە و کردوویانە بە پرد و سوپاش بەسەریان دا پەڕیونەتەوە، ئەوە شارستانییەتی ئیسلامە، کاتێک کە صەلیبییەکان و ئەوروپا و ڕۆژئاوا هاتنە ناو وڵاتی ئێمەوە بەس لە شاری تەرابلوسدا نۆ ملیۆن کتێبیان سوتاند.

شارستانی ئێمە ئاوا لەبەرچاوی ئەو خەڵکانە سووک بووە، لە سەردەمی خیلافەتی عبدالله مأمون، لە ۱۹۸-۲۱۸ی کۆچی، کە کتێبێک وەرنەگێردرایە سەر زمانی عەرەبی کتێبەکەیان ئەکێشا و

بەقەدەر كێشەكەی پارە و ئاڵتونیان ئەبەخشی بە وەرگێڕەكەی! ئەوە شارستانییەتی ئیسلام بوو كەچی (سبحان الله) موسوڵمانی ئێستە دەڵێی پێی بخوێنەرەوە ئەو كتێبە جوانانە، كە بە جوانترین شێوە چاپ دەكرێن، كەچی (لا حول ولا قوە الا بالله) زۆرێك ئافەتی خوێندوەیان نییە و خۆیان بە ئوممەتی (اقرأ) دەزانن. كاتێك كە صەلیبییەكان هاتنە ئەرابلوس و عەككاو ناوچەكانی تری شوێنەكانیان سوتاند زیاد لە هەشت ملیۆن كتێبی موسوڵمانانیان سوتاند و لەناویان رد و ویستیان كتێبخانەی قاهیرە بسوتێنن، بەڵام دەستیان پێی نەگەیشت، بیربكەنەوە شارستانییەتی گەورەی موسوڵمانان لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا كۆتایی پێ هات، زۆر بەكەمی باسی ئەو شارستانییەتە گەورەیەی ئیسلام دەكرێت لە ئیسپانیا، كە ئەندەلوسە.

ئەندەلوس لە ئەسڵدا ناوی فەندەلیسیایە ئەم ناوە لەبەرئەوەی عەرەب نەیتوانیوە بڵێ بۆیە كردوویەتی بە ئەندەلوس، ئەی بۆ كەس ناپرسێ ئەندەلوس بۆ بوو بە ئیسپانیا؟ خۆ پێش ئەندەلوس ناوی نەگۆڕا، كە موسوڵمانان چوونە ناوی خەڵكەكەی بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لە ئیسلام و موسوڵمانان كرد، لە دوای شاری بەغدا بەهێزترین شارستانییەتە لە جیهاندا، كە خەڵكی تێیدا ژیاین لەڕووی بیناسازی، دیمۆگرافی، ئەندازیاری، زانست و زانیارییەوە. شاری قورتوبە پایتەختی بووە، ئەی بۆچی ناوەكەی گۆڕدرا بۆ ئیسپانیا؟

لەبەرئەوەی خەڵكی ئەندەلوس هەرهەموویان كوژران و راوەدوو نران بۆ مەغریب و وڵاتانی تری ئیسلامی و لە جێگەی ئەوان خەڵكێكی فرەنجە، واتە فەڕەنسی و ئینگلتەرا و جێرمەنیان تێ كردن، بەم سیانە دەوترێت ئیسپان، یانی ئەوان ئەسڵ داگیركەرێك بوون، خەڵكیان لە جێگەی خۆی هەڵكەند و فڕێیان دایە دەرەوە و خۆیان هاتنە جێگەكەیان و نیشتەجێ بوون، وەكو ئێستەی ئیسرائیل، كە چۆن هاتوون فەلەستینیەكانیان وەدەرناوە و خۆیان لە جێگەیان نیشتەجێبوون.

(وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ) بۆ باسی مێژوو ئەكەین؟ بۆ باسی سوننەتەكان ئەكەین؟ لەبەر ئەوەی دووبارە ئەبنەوە، دەبێت ئێمە كورد وریای شاری كەركووك بین، نابێت بهێڵین كوردی تێدا هەڵبكەنرێت و لە جێگەیان خەڵكی تر نیشتەجێ بكرێ، نابێت وەكو ئەندەلوس و فەلەستین لە دەستمان بچێت. گرنگە بزانین ئیسلام لە ئەوج و دەسەڵاتی خۆیایەتی، هەركاتێك كە موسوڵمانان خۆیان تەكاند و خۆیان ساغكردەوە بۆ ئەم ئیسلامە ئەتوانن لە ماوەیەكی كەمدا شارستانییەتەكەیان بخەنەوە سەر پێ بە تایبەتی لەڕووی زانستەوە، هەرچەندە پێمان وایە زانست زادەی بیر و داهێنانی مرۆڤایەتییە و هەموو جیهان تێیدا بەشدارە و ئیسلام كردوویەتی ئێستە وای لێهاتووە، كە بڵێین ئیسلام ئەوەی كردووە و ئەوەی كردووە، چونكە ئەشێ كابرایەكی هیندۆسی خزمەتێك بكات، ئەشێ كابرایەكی مەسیحی خزمەتێك بكات، ئەشێ كابرایەكی جوولەكە یان...تاد، خزمەتێك بكات، هەموو ئەمانە زادەی بیری مرۆڤایەتین، بەڵام بەداخەوە

پەكەوێتە من و تۆ توێی، كە ئەكەوێتە ململانێ، پێویستە ئێمەش وەك موسوڵمان باسی خۆمان بكەین و وەكو خۆمان بناسرێین.
كەواتە ئیصلاحی ئێمە یەكەم شت لە رەوشتدایە، چونكە بەرێزان ئەگەر رەوشت جوان نەبوو خەڵك دزی دەكات، خەڵك گەندەڵی دەكات و رەشوە ئەخوات، لەبەرئەوەی خوا پەرست نییە گوێ نادات بە رەوشت و هەر شتێك بیەوێت دەیكات، بۆیە سەرەتا پێویستە بیروباوەڕەكە پاك بكەینەوە، فیكرەكە چاك بكەینەوە، وەكو وتمان خەڵكێك بەناوی هونەرەوە لاشەی خۆی دەرئەخات و گەنجانی پێ سەرگەردان دەكات، فكری گەنجانی پێ تێك دەدات یان كەسانێك بە پارەو رەشوە كاری خۆیان ئاسان دەكەن، ئەی خەڵكە هەژارەكە چی، یان كردنەوەی هەندێك نەخۆشخانە كە پێویستە فەقیر و هەژارەكان سوودی لێ ببینن، بەڵام بە پێچەوانەوە بە پارەیەكی زۆر ئینجا دەچینە ناوی، لێ كەوایە ئیتر بۆچییە؟ خۆ دەوڵەمەندەكان مەمنونتان نابن ئەوان پارەیان هەیەو دانامێنن ئەمە پەیوەندی بە رەوشتەوە هەیە، رەوشت ئەوەیە كە خزمەت بە خەڵكی بكرێ و بیروباوەڕیان باش بكرێت و چاكسازی لەناویاندا بكرێت، بۆیە سەرەتای دەستپێكی بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئیصلاح كردن بوو، وە لەناو ئەو ئیصلاحەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی بیروباوەڕێكی پاك لە مێشكیان دا بچەسپێنێ، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی مەبدەء نەبێت نابێتە خاوەنی قیەم و ئەخلاق، پێمان وایە هەركەسێك خاوەنی بیروباوەڕێكی پاك بوو خاوەنی قیەم و ئەخلاقیشە، هەروەها كابرایەكی كۆمەنیست یان سۆسیال دیموكرات یان كەسێكی تر بە راستگۆیی خاوەنی بیروباوەڕەكەی بوویە نیسبەتی خۆیەوە خاوەنی قیەم و ئەخلاقە، چونكە باوەڕی بە قیەم و ئەخلاق هەیە، بۆیە گرنگە مرۆڤ خاوەنی بیروباوەڕ بێت، خاوەنی فیكر بێت، خاوەنی مەبدەء بێت، ئەگەر خاوەنی مەبدەء نەبوو رێگەی چاكسازی ناگرێتە بەر.
قۆناغی دووەم لە چاكسازی و دەستپێكی بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ ئەوەبوو كە بیروباوەڕەكەی خستە ناویانەوە، ئێمەش پێویستە ئەم بیروباوەڕە بخەینە ناو خۆمانەوە و بیروباوەڕمان بكەین بە ئەك، دوای ئەوە پێویستە برایەتیشمان لە نێواندا دروست بێت، چونكە زۆر گرنگە، پێشتر باسمان كرد كە لە ماڵی ئەرقەمی كوڕی ئەرقەم نە ئەحكام هەبوو، نە هیچ شتێك، تەنها ئەوەندە بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیویست ئەم هاوەڵە بەرێزانە سەیری یەكتری بكەن و یەكتریان خۆش بوێ و برایەتییان بەهێز بێت، برایەتی زۆر گرنگە لە جێگەیەكدا كە تۆ بتەوێت گۆڕانكاری بكەیت، دوای برایەتیش رەوشت، رەوشت زۆر زۆر گرنگە چونكە ئەگەر رەوشت جوان نەبوو لە هیچ مەنزومەیەكدا ئیش و كار ناڕوات، بۆیە ئەوەندەش جەخت دەكەینەوە لەسەر بابەتی رەوشت، چونكە لە دواییدا باسی گەلان ئەكەین كە چۆن گۆڕانكارییان كردووەو هەموو گۆڕانكارییەكەشیان بە رەوشت بووە.

ئەوروپا ڕەوشتێکی نیسبییان هەیە، بەڵام ناکەن بە موسوڵمان، ڕەوشتی نیسبی ئەوان لە چی دایە؟ لە لێخوڕینی ئوتومبێلدا جیاوازی هەیە، چونکە ئەوان بە یاسا ڕێکیان خستووە و ڕەوشتەکەیان بۆ دروستبووە، ئێمە دەبێت بە خواناسی ڕێکی بخەین، ئینجا ڕەوشتەکەمان بۆ دروست دەبێت، چونکە سروشتی خەڵکی ئێمە وەهایە، کە خواناسە نەک یاساناس، خۆ لە وڵاتی ئێمەدا یاسا زۆرە، پەرلەمان یاسای زۆر دەردەکات، بەڵام بەگشتی کەس حیساب بۆ یاسا ناکات، هەر ئەو بەرپرسانە بڕوایان بە یاسا نییە و پێشێلی دەکەن کە پەرلەمانیشیان دامەزراندووە، چەند کەسی بێتاوان لە وڵاتی ئێمەدا کوژرا ئەی بۆچی بکوژەکانیان نادرێنە دادگا، لەبەرئەوەی ئەوان حیساب بۆ یاسا و دادگە ناکەن، ئەی ئەگەر موسوڵمانێکی فەقیر بەکەسێک بڵێ تۆ کافری، یاسای تیرۆری بۆ دەردەکەن و دەڵێت بە کافرێکی وتووە کافر، لێ ئەو خۆی بڕوای بە خوا نییە، ئەی پێی بڵێی چی؟ کافر بوون جنێو نییە حوکمی شەرعییە، دەکرێ یەکێک بە من بڵێ تۆ مادام بڕوات بە یەزیدی نییە هەر یەزیدیت، تێ من یەزیدی نیم، یەکێ بە من بڵێ تۆ هەر هەویت، ئەبعەز لە ناو دینی مەسیحییدا هەرکەسێک لەسەر دینی خۆیان نەبێت، پێی دەڵێن هەرتەقە، چۆن ئێمە بە یەکێک دەڵێین کافر ئەوانیش دەڵێن هەرتەقە، دەی بەڵێ من هەرتەقەم، لەبەرئەوەی بڕوام نییە بە ئاینی مەسیحی، بڕوام بە بیروباوەڕەکەی نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێز و ئیحترامی ئەکرم کەواتە من هەرتەقەم بە دینەکەی ئەو، ئەویش کافرە بە دینەکەی من. کافر بوون پەردەیەکە لە نێوانی ئەو و خوای گەورەدا، لە نێوان و ئەو و دینەکەی مندا، ئەم ڕەوشتە گرنگە لەنێوان هەموواندا دروست بێت.

قۆناغێکی تر دێتە پێشەوە لەم بانگەوازەدا پێی دەوترێت ساڵی ماتەمینی، ساڵی ماتەمینی لەم قۆناغەدا چییە؟ لەسەرەتای بانگەوازدا خەڵک زۆر ئیش دەکات و چالاکی زۆرە، بەڵام بەرهەم کەمە، چالاکی زۆر و بەرهەمی کەم لە نێوانی سەرەتای بانگەواز و ساڵی ماتەمینی دایە، ٥ پێنج ساڵی ڕێک پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی پەروەردە کرد، هەتا ٦٥ کەسی دروستکرد و کردنی بە نوخبە، چالاکییەکی زۆر و بەرهەمێکی کەم، ئیتر لەمە زیادی نەکرد، کە هاتە ساڵی ماتەمینیەوە دەبێ تەحەمولی بەرپرسیارەتی ئەوە بکەیت کە بانگەواز ئەکەیت، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان ئەوت بەخوا ئەم کابرایە شێتە با وازی لێ بێنین دوایی وتیان ساحیرە دواتر وتیان شاعیرە ئەنواع و ئەشکال قسەیان بۆ دروست دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا تەحەمولیان نەماو کەوتنە جنێودان و ئەزیەتدانی، ڕیخی ئاژەڵیان دەکرد بەسەریدا، پاشان گەمارۆی ئابووریان خستەسەری بۆ؟

لەبەرئەوەی زانییان پرۆژەکەی وردە وردە گەورە دەبێت و پرۆژەیەکی ڕاستەقینەیە، لەو ساڵی ماتەمینییەدا هەموویان کۆکردنەوە، گەل و هۆزەکەیشی لەگەڵ ئەوەشدا کە دیندار نەبوون بەڵام دەبێت ئەو خەڵکە هەر ناڕەحەتی بچێژن هەرچیەکیان کردووە مادام پشتگیری محمد ﷺ

دەكەن. تۆش بزانە كە گۆڕانكاریت كرد نان براو دەبێت، كە گۆڕانكاریت كرد، زیندانەكانت لێ پڕ دەكرێت، كە گۆڕانكاریت كرد هەرچی ئازار و ناڕەحەتییە بەسەرتا ئەیهێنن و بێ پارەت دەكەن، ژیانت ناهەموار دەكەن، دەروونت ئازارت دەدەن، زۆر لە خۆشەویستانت لە دەست دەدەیت.

كەواتە گۆڕانكاری بەرهەمێكە دەبێت قوربانی بۆ بدرێت، هەركەسێكیش قوربانی بۆ نەدات سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، قاعیدەیە قوربانی بدە تاكو سەركەوتن بەدەست بهێنیت، كەواتە سەركەوتنی موسوڵمانان لە سەرەتاوە بەوە دەست پێ دەكات، كە خۆڕاگرین لەبەرانبەر بانگەوازەكەیان دا، وەكو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵێنی هەموو شتێكیان پێدا، پێیان وت پارە و سەروەت و سامانت دەدەینێ، بەڵێ هەوڵی ڕاكێشانت دەدەن، هەرچی جەمسەرەكانی جیهانییە دێن بۆ لات و دەڵێن با لەگەڵتدا بین، ئێمە هەموومان بە یەكەوە جوانین، واز لەم پرۆژەیە بێنە هەر پرۆژەكەی خۆمان باشە و قەیچییەك دەكات، كورە چ مشكیلەیەكمان هەیە. بەڵام تۆ كە ڕازی نەبوویت ئینجا ڕێگەی ڕاگەیاندنت لەگەڵدا بەكار ئەهێنن و لە ڕاگەیاندنەوە قسەت پێ دەڵێن و دەڵێن سەرشێتە، ئیرهابییە، توندڕەوە، پیاوكوژە، ئیرۆریستە، ئاگاتان لێ بێ، ئەتان كوژێ، ئەتان خوات، ئەگەر هەر بەردەوام بوویت و بەرەو سەركەوتن ڕۆیشتیت، گەمارۆی ئابووریت دەخەنە سەر، پارەت پێ ناهێڵن، برسیت دەكەن، ڕاوەدووت ئەنێن، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ، كە وایان لێ كرد.

دڵنیاش بن ئەم قۆناغەی باسی ئەكەین، بەسەر هەموو كەسێكدا دووبارە دەبێتەوە، چونكە قۆناغی ناڕەحەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە شاری مەككەدا، یاخود كاتێك پێغەمبەری ئازیز ﷺ كە ئەچێت بۆ شاری طائف بە هاوڕێیەتی هاوەڵی بەڕێز زەیدی كوڕی حاریس -ڕەزامەندی خوا لێ بێت- لەوكاتەدا بنەماڵەیەكی ناودار حوكمی تێدا دەكەن بە ناوی عبدلیالیل، سێ برا ئەبن پێیان دەڵێت هاتووم بمپارێزن، بەڵام ئەوەندە سەخیفن بەرانبەر پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكەی منداڵ و كۆیلە هان دەدەن لە دژیان.

زەیدیش منداڵە ڕا دەكات سەری ئەشكێ، قاچی ئەشكێ، پێغەمبەری خوا ﷺ قاچی موبارەكی بریندار دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كە لێی دەدەن و ئازارێكی زۆری پێ ئەگەیێنن لێیان ڕزگار دەبێت و ئەچێتە سێبەری باخێكەوە، بۆ خەڵكێك پێی وایە ئێستە ئەمە دووبارە نابێتەوە و موسوڵمانان ڕەش و ڕووت نین، وەڵاهی موسوڵمان، كافر بەزەیی پێیاندا دێتەوە، ئەوەندە ناڕەحەتن وەكو ئەو پێغەمبەر ﷺیان لێهاتووە، لە سێبەری باخەكەدا دادەنیشن و خاوەنی باخەكەش كە لە دوورەوە دەیانبینن بەزەیی پێیان دا دێتەوە و بە كۆیلەیەكی خۆیدا هەندێك ترێیان بۆ ئەنێرێ، كاتێك كە كۆیلەكە ترێكەیان بۆ ئەهێنێ، پێغەمبەری ئازدار ﷺ، بسم الله دەكات و لەگەڵ زەید دا وردە وردە دەست دەكەن بە خواردنی، كە بەناوی خوای گەورە دەست

پێ دەکەن ئەم کۆیلەیە سەری سوڕنەمێنێ و بە پێغەمبەری خوا ﷺ، دەڵێت خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەم قسەیە ناکەن، ئەویش دەفەرموێت: من بە پێغەمبەرم، نێردراوم بۆ ئەم ئوممەتە، سەیرکەن ئەم خۆشەویستەی خوا لەو کاتەشدا کە خوێن بە لاشەیدا دێتە خوارەوە و لەتاو ئازاری لاشەی فرمێسک لە چاوەکانی دا نابڕێت، کەچی هێشتا خەریکی بانگەوازە، دەست دەکەن بە گفتوگۆ و پێغەمبەر ﷺ، پرسیاری لێ دەکات و پێی دەڵێت: ناوت چییە و خەڵکی کوێی؟ کۆیلەکە دەڵێت: عەداسە و خەڵکی نەینەوام، پێغەمبەری ئازادار ﷺ دەفەرموێت: شوێنی براکەی من یونس کوڕی متی؟ عەداسیش سەری سوڕنەمێنێ و پێی دەڵێت: تۆ ئەمە چۆن دەزانی؟ ئەبەهەن پێغەمبەری خوا ﷺ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی دەکات و دەفەرموێت: من پێغەمبەرم، عەداس راستەوخۆ بڕوای پێ دەهێنێ و موسوڵمان دەبێت، لە دوای ئەو هەموو ناخۆشییە خوای گەورە دیارییەکی پێشکەش دەکات، ئەمە دەرسە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی هەرگیز لە کاتی کارکردندا بێتاقەت نەبین.

یان نموونەی هاجەرە خاتوونی دایکی ئیسماعیل پێغەمبەر -علیە السلام- جاری یەکەم دەزانێ لە گردی صەفا ئاو نییە، جاری دووەم را دەکات بەرەو مەروە، جاری سێیەم دەگەڕێتەوە، جاری چوارەم دەڕوات و هەر ئاو نییە، ئێ ئەم راکردنەت لە چییە؟ ئەمە بەڵگەیە کە خوای گەورە هەرگیز کەس نائومێد ناکات و پاداشتی ماندووبوونەکەی دەداتەوە، ئاوێک لەژێر قاچی ئیسماعیلەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمە پێمان دەڵێت کار بکەن بۆ گۆڕانکاری، خوای گەورە نائومێدتان ناکات، ئەگەر بە موعجیزەش بێت ئاو و فێنکایی و هێشووە ترێ ئەخاتە بەردەستان.


ڕاپەڕینەکان
تەمکین و سەرکەوتن
چالاکی کەم بەرهەم
دەستپێک
دەستپێکردنەوە
کۆچ
سەردەمی
بانگەواز
کەوتن و دارمان
زەمەن و مێژوو

بونیاد و زەمەن و سەرەتا و دەستپێکی بانگەواز و ئیصلاح و برایەتیی و ڕەوشت و بیروباوەڕ و سەرکردەی باش و کۆمەڵێکی باش و چالاکییەکی زۆر و بەرهەمێکی کەم و ساڵی ماتەمینی، هەموو ئەمانە دەبێت بە ژیانی موسوڵمانانیدا گوزەر بکەن و دووبارە ببنەوە، ئینجا ئەوکاتە گۆڕانکاری ڕوو دەدات و خەڵکێک ئەتوانێت ئیعدادەکە بەدەست بهێنێت، ئەمە شتێکی حەتمییە، یانی هیچ کەسێک ناتوانێت بەبێ بانگەواز و بەبێ ئەوەی ئیعداد بکات، بکاتە قۆناغی ئەمکین و سەرکەوتن،

پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای بانگەوازی مەککەوە ڕاستەوخۆ نەگەیشتە بەدر، بەڵکو ساڵی ماتەمینی و چوونە طائف و گەمارۆی ئابووریی و ئازاردانی موسوڵمانان و ئیسرا و و میعراج و کۆچکردن و...تاد، هەموو ئەمانەی بەسەردا هات ئینجا گەیشتە سەرکەوتنی بەدر. ئەمانە هەمووی بە قۆناغ ڕۆیشتن بۆ ئەوەی قۆناغی ژیانی موسوڵمانانیشی پێدا تێپەڕ بێنەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانی پێغەمبەرایەتدا زۆر ناڕەحەتی بەسەردا هاتووە، زۆر چەرمەسەری و ناهەمواری بینیوە بۆ ئەوەی خەڵکێک بزانێت کە ئەم پێغەمبەرە ﷺ ئەم هەموو ناڕەحەتییەی بینیوە.

ڕۆژێک پێغەمبەری ئازدار ﷺ لەلای کەعبەدا، عەباکەی شانی ڕاخستبوو و بەندایەتی دەکرد، خەبابی کوڕی ئەرەت -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- هاتە خزمەتی و پێی فەرمو: دوعای خێرمان بۆ ناکەی؟ قسەیەکی زۆر ئاساییە ئێمە هەموومان ڕۆژانە بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێین کە پیاوباشێک دوعایەکی خێرمان بۆ بکات، فەرمودەکە وا هاتووە کە پێغەمبەری ئازدار ﷺ (محمر وجهه)، دەم و چاوی موبارەکی سوور هەڵگەڕا، سەیرە خۆ ئەم هاوڕێ بەڕێزە تەنها داوای دوعای خێری کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا بێزار و بێتاقەت بوو بوو، ناڕەحەت و هیلاک بوو بوو، بە مەئویسی بە پێغەمبەری ئازداری ﷺ وت: ألا تدعو لنا ألا تستنصر لنا دوعای خێرمان بۆ بکە لەو ناڕەحەتییە نەجاتمان بێت بۆ ئەوەی قەدەری ناڕەحەتییەکەی خەبابیش بزانن، لە دوای وەفاتی پێغەمبەری ئازدار ﷺ ڕۆژێکیان عومەری کوڕی خەتاب بە خەبابی کوڕی ئەرەت فەرمو -ڕەزامەندی خوا لە هەردوکیان بێت- چ ڕۆژێکت لە هەموو ڕۆژەکان لا ناڕەحەت تر بوو ئەی خەباب، ئەویش کراسەکەی هەڵدەداتەوە و پشتی پیشان دەدات کە بە قەدەر بەردێک کونی تێ بووە و سوتێنراوە، عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بەو هەموو جورئەت و غیرەتەیەوە هاوار دەکات و چاوی ئەگرێت،

بەڵێ: کاتێک ئەمەی بەسەردا دێت و دەچێتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ داوای دوعای خێری لێ دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ بە مێژوو بیری ئەخاتەوە وە تەجروبە و ئەزمونی گەلانی تری بۆ باس دەکات، پێی دەفەرموێت: گەلانێک پێش ئێوە لە پێناوی ئەم دینەدا چاڵیان بۆ هەڵدەکەنرا و ئەخرانە ناوی و لە ناوەڕاست دا بە مشار ئەکران بە دوو کەرتەوە، کەچی وازیشیان لە دینەکەیان نەدەهێنا،

ئەمە حاڵەتێکی ناخۆش و قورسە هەربۆیە باسمان لەوە کرد، کە ئیسلام بۆ خۆی لە ئەرکانەکاندا قورس نییە، چونکە خەڵکێک پێی وایە کە ئەو قۆناغەی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی پێدا تێپەڕ بوون تەنها ڕۆژوو و نوێژ بووە، نەخێر بەڵکو چەندان ڕووداوی ناخۆشی ئاوا ڕوویداوە لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیدا -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت-.

ئیسلام بریتییە لەو قۆناغەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەل هاوەڵە راشیدەكانی پێیدا تێپەڕیون، بریتییە لەو قۆناغەی كە خەبابی كوڕی ئەرەت، بیلالی حەبەشی، سەلمانی فارسی، عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف، ئەبو عوبەیدەی جەراح، خالیدی كوڕی وەلید، موصعەبی كوڕی عومەیر، زەیدی كوڕی حاریسە و ئوسامەی كوڕی زەیدی پێدا تێپەڕیون -ڕەزامەندی خوای گەورە لە هەموویان-.

ئایا ئێستە ئێمە لە كام قۆناغداین؟ لەبەر ئەوەی قۆناغەكانی زەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ نازانین، بۆیە قۆناغەكانی خۆشمان بۆ ناخوێنرێتەوە، لە دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بانگەوازی كرد، چالاكی زۆر بوو، بەڵام بەرهەمی كەم بوو، چووە قۆناغێكەوە كە پێی دەوترێت قۆناغی دید روونی.

قۆناغی دید روونی قۆناغێكە لە قۆناغەكانی بانگەواز بۆ گۆڕانكاری، مەرجە، كە ئەم قۆناغە لە سەرەتای بانگەوازەكەوە دەست پێ بكات. درێژترین كاتە و سیفەتی وایە چالاكی تێیدا زۆرە و بەرهەم كەمە، تا دەگەیتە ساڵێك، كە ساڵی ماتەمینی پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەم قۆناغەش دەبێت ببڕین.

قۆناغی دید روونی چییە؟ دید روونی قۆناغێكە لەو قۆناغانەی، كە ئیتر بۆت روون دەبێتەوە كێت لەگەڵدایە بۆ گۆڕانكاری، بۆت روون دەبێتەوە، كە ئایا ئەوانەی كە لەگەڵتدان بۆ خوا ئیش دەكەن یان بۆ پارە و سوڵتە و دەسەڵات، چونكە ئەو ناڕەحەتییەی كە بەسەر خەبابی كوڕی ئەرەتدا هاتووە، ئەو ناڕەحەتییە بەسەر ئەبوبەكری صدیق و عومەری كوڕی خەتاب و هەموو ئەو پیاوە بەڕێزانەدا هاتووە. پێغەمبەری خوا ﷺ دیدێكی روونی وەرگرت لەو خەڵكە، بۆی دەركەوت فیعلەن ئەمانە ئەتوانن ئەم ئیسلامە بخەنە سەرشانی خۆیان.

لە سەرەتادا پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەركی ئوممەتەكەی خستبووە سەرشانی خۆی، هەروەك چۆن لە وێنەكەدا روون كراوەتە، بەڵام وردە وردە بە حەرەكەتی گۆڕانكاری خەڵكی دروستكرد بە مەبەستی ئەوەی ئەم خەڵكە وا لێ بكات، كە بتوانن بە ناڕەحەتی گەیاندنی بانگەوازەكە رابێن. هەروەها قۆناغەكانیش لە وێنەكەدا روونكراونەتەوە.



كەواتە ئەمە بنەڕەتی بزوتنەوەی گۆڕانكارییە، كێشەی ئێمەی موسوڵمان و ڕابوونی ئیسلامی بەگشتیی و كێشەی ئیسلامییەكانی كورد بەتایبەتی ئەوەیە، كە قورسایی ئەم ڕەوتەیان خستۆتە سەرشانی نوخبەكە، بەڵام سەیری هێزە شۆڕشگێڕە كوردەكان بكەن، هەر لەو هێزانەی كە لە دەوروبەری خۆمان، حزبە عەلمانییەكانی دەوروبەرمان، ئەم هێزانە قورسایەكەیان نەخستۆتە سەرشانی نوخبەكەیان، بەڵكو قورساییەكەیان خستۆتە سەرشانی جەماوەرەكە، هەر بۆیە لەوان زیاتر سەركەوتوون، بۆیە سەیر لەكەیت ئەگەر نوخبەیەك دوو نوخبە تێدا بچن تەواو هەست ئەكەیت سەحوەكە یاخود ڕابوونەكە فەوتاوە، یان ئەو حەرەكە ئیعدادەیەی كە باسمان كرد بۆ هەرجێگەیەك بێت فەوتاوە. بۆیە دید ڕوونی لێرەدا گرنگە كە ئەو كۆمەڵە جاری نوخبەیە و نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی كە قورساییەكە هەڵگرن بۆ ئەوەی بیدەنەوە بە جەماوەرەكە، بزوتنەوە ئایدۆلۆژییە ئیسلامییەكەیە، كە ئەمان هەڵیدەگرنەوە لەم قۆناغی دید ڕوونییەدا.

كەواتە زۆر گرنگە ئێمە ئەو هەستەمان بۆ دروست ببێ، چونكە لێرا خەڵكت بۆ ئەناسرێ و پاڵفتە ئەبێ تا بزانی كێ لەگەڵتدایە، كێ بۆ سەروەت و سامانە، كێ دەیەوێ لەگەڵتدا ڕێ بكات، ئەوەش ڕاستە كە ئەم قۆناغە لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ نایبینیتەوە، بەڵام لە قۆناغی تردا بۆت ڕوون دەبێتەوە كە فیرقەیەكی زۆری ئیسلامی سەر دەردێنن.

لەم قۆناغەشدا پێغەمبەر ﷺ كۆمەڵێك هاوەڵی لەدەور كۆبووبوونەوە و پێی وتن من ڕۆیشتووم بەرەو ئاسمان و ئیسراو و میعراجم پێ كراوە، كۆمەڵێكیان هاتنەوە و وتیان ئێمە بڕوا ناكەین بە محمد ﷺ و مورتەد بوونەوە. لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا بۆیان ڕوونبوویەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ناسینی،كە كێ ئەتوانێ ئەم ئیسلامە هەڵگرێ و كێ ئەتوانێ لەم قۆناغەدا ئەم بانگەوازە بپارێزێ، مەرج دەبێت ئەم قۆناغەش ببڕیت بۆ ئەوەی بزانیت كە كێ لەگەڵ دایە، ئێمە بڕوامان وایە ئیسلامییەكان هێشتا لەسەرەتان و نەگەیشتوونەتە ئەم نارەحەتییە.

خاڵێكی تر كە دێتە پێشەوە بریتییە لە كۆچ، ئەم كۆچە لە دوای دید ڕوونی دەردەكەوێت، خەڵكە كە نارەحەتییەكە دەخەنە سەرشانی خۆیان، بەڵام ئەهلی كوفر ئەو كەسانەی كە خاوەنی پرۆژەن نەیانەوێت ئەم كۆچە بكەن، چونكە دەیانەوێ كۆتاییان پێ بێنن و لەناویان بەرن، پێغەمبەری خوا ﷺ ناچار بوو كۆچ بكات و كۆچی كرد بە دوو قۆناغ، قۆناغێك بۆ دەرەوەی مەدینە، قۆناغێكیش بۆ ناو مەدینە، كە خۆیشی بەشدار بوو. كۆچ زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا. پێناچێت خەڵك كۆچ بكات بۆ جێگەیەك بۆ مەتوایەك، بەڵام ئەشێت كۆچ بكات لە دڵێكی خراپەكارەوە بۆ دڵێكی باشەكار، لە فیكرێكی خراپەوە بۆ فیكرێكی باش. كۆچ تەنها واتای ئەوەی نییە، كە لە شارێكەوە بچیت بۆ شارێكی تر، بەڵكو ئەشێ لە نادی و بارەوە كۆچ بكەیت بۆ مزگەوت، لە ئەلەقۆنكردنی حەرام و كاری قێزەون و ئیشی داوێنپیسیەوە بڕۆی بەرەو داوێنپاكی و ڕەوشتی جوان. ئەمانە هەموو كۆچن لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر، وە ئەم قۆناغی كۆچەش كە خەڵكێك تێیدا كۆچ دەكەن لە دەستی زاڵم و ستەمكارەكان، پێی دەوترێت قۆناغی ڕاچڵەكاندن: قۆناغی ڕاچڵەكاندن قۆناغێكی سەختە و لێرە زۆرجار خەڵكی ئیمانداریش لەم قۆناغەدا تەحەمولیان نامێنێ.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ. ﴿٢١٤﴾، البقرة. ئایا وا دەزانن هەروا بە ئاسانی دەچنە بەهەشتەوە (بێ تەنگانە و ناخۆشی) مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشوتان بۆ باس نەكراوە، كە تووشی شەڕ و ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەكانیان خواردووە و زۆریان بۆ هاتووە بەڕادەیەك كە هەتا پێغەمبەرەكە و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە تەكیا وتویانە: كەی پەروەردگار سەركەوتن دەبەخشێت؟ كەی خوا سەرمان دەخات؟ ئاگادار بن و دڵنیابن، كە تا ئەو كاتە ئیتر سەركەوتنی خوا نزیكە.

دەی ئیتر نصر و سەركەوتنی خوای گەورە لەكوێ دایە؟ ئەمە قۆناغی ڕاچڵەكاندنە، ئیتر كەس تەحەمولی ناكات، هەموو ناڕەحەتییەكیان بەسەردا هاتووە (مَتَى نَصْرُ اللَّهِ)؟ ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: (أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ)، ئێوە وا دەزانن سەركەوتنی خوای گەورە دوورە، ئەم قۆناغە دەبێت بژاركرابێتن لەناو گۆڕانكارییەكدا، دەبێت پاڵفتە كرابێتن بۆ گۆڕانكارییەكە، بەڵێ بۆ گۆڕانكارییەكە، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵیبژاردن، بۆچی ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان و عەلی و هەموو ئەو پیاوە بەڕێزانەی هەڵبژارد -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت-، ئەمانە هەڵبژێردراوی گۆڕانكارییەكەن،، چونكە پەروەردە كرابوون بە بیروباوەڕ، بە ڕەوشت، بە برایەتی، بە ڕاستگۆیی، بە بەخشین ،بە ئازایەتی.

ئاخر تۆ كە سەروەت و سامانی خۆت نابەخشی لە پێناوی ئەم ڕەوتە ئیسلامییەدا، چۆن قسەی زل ئەكەیت و ئەڵێیت من ڕۆحی خۆم ئەبەخشم، تۆ جارێ سەروەت و سامانەكەت لە پێناوی خوای گەورەدا ببەخشە، ئەوكات ئامادەی ئەوە بە، كە ڕۆحت ببەخشیت، تۆ كە سەروەت و سامانت نەبەخشی، تۆ كە قوربانی بە پارەكەت نەدەی، چۆن قوربانی بە ڕۆحت دەدەیت، كەواتە گۆڕانكارییەك كە زیلزالت پێ دەكات دەبێت جوداكاریشت بكات لە خەڵكی و ئیمتیازێكت هەبێت كە لە خەڵكی جیاواز بیت، مەعقولە تۆ خۆت بە گۆڕانخواز بزانیت و بڵێیت من گۆڕانكاری ئەكەم لەناو موسوڵماناندا، كەچی لە ڕەمەزانیشدا بە ڕۆژوو نەبیت؟ مەعقولە نوێژ نەكەیت؟ مەعقولە زەكات نەدەیت؟ نێ نابێت، چونكە تۆ ئیمتیازێكت هەیە، ناسنامەت جیاوازە، من كە بە بازاڕدا ئەڕۆم و هەستی موسوڵمان بوونم بۆ دروست دەبێت و بەڕۆژووم خەڵكێكیش بە دەوروپشتماندا دەخۆن و دەخۆنەوە، ئەوكات هەست بە ناسنامەی ئیسلامەتی ئەكەم؟ هەست بە جیاوازییەك ئەكەم؟.كەواتە خوای گەورە كە دەفەرموێت: أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا. ئەمە قۆناغی زیلزالە و دەبێت بەسەر هەموو موسوڵمانێكدا بێت، قۆناغی ڕاچڵەكاندنە.

پاش ئەم قۆناغە قۆناغێكی تر دێتە پێشەوە كە پێی دەوترێت قۆناغی سەركەوتن و بەدر، ئەم قۆناغە زۆر گرنگە كە هەموو لایەك بیزانن، قۆناغێكە بەناو سەركەوتنە بەڵكو هەمووی ئازارو ناڕەحەتییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە دار الندوەی قوڕەیشدا بەبێ ئامادەبوونی فراكسیۆنی بەنی هاشم هەموو فراكسیۆنەكانی تر كۆبوونەوە لە بەنی مەخزوم و هەموو هۆزەكانی تری ناو قوڕەیش،

نەرمونێك لە گۆڕانكاری مێژووی گەلان و پلانەکەیان دانا و وتیان بە هەموومانەوە محمد ﷺ و پلانەکەیان دانا و وتیان بە هەموومانەوە بڕیاریان دا لەسەر کوشتنی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر فراکسیۆنی بەنی هاشمیش وتیان ئەکوژین و خوێنەکەی لەناو خۆماندا بڵاو دەکەینەوە، ئەگەر فراکسیۆنی بەنی هاشمیش وتیان ئەکوژین و خوێنەکەی لەناو خۆماندا بڵاو دەکەینەوە. کاکە خوێنباییەکەتان دەدەینێ و نەجاتمان بدەن.

بۆچی کوشتوتانە.دەڵێین وەرن کاکە خوێنباییەکەتان دەدەینێ و ئەمسالەکانی گیرایان، پێغەمبەری خوا ﷺ الله أكبر لەم پلانە گەورەیەی کە ئەبو جەهل و ئەمسالەکانی گیرایان، پێغەمبەری خوا ﷺ هەروا بە ئاسانی ناوی ئەناوە باوکی ئەزانی (ئەبو جەهل)، عەرەبیش پێی ئەوت أبو الحكم، ئەم ئەبو جەهلانە پێیان وابوو شەڕ لەگەڵ خوای گەورەدا دەکەن. هەرکەسێکیش حەز دەکات زۆرانبازی لەگەڵ خوای گەورەدا بکات ئەوە عەرز و ئەوە گەز، کێ پیاوە زۆران لەگەڵ خوای گەورەدا بگرێ، تا خوای گەورەش پشتی ئەشکێنێ، ئەبو جەهل دەیویست زۆران لەگەڵ خوای گەورەدا بگرێ، وە ئەیزانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نێردراوی خوایە. بە چ بەڵگەیەک؟ لە شاری مەککەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: والله جێنکم بذبح. هاتووم بۆ ئەوەی هەرهەمووتان سەر ببڕم. لە سیرەی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە سیرەی ئیبن هیشام دا باس دەکرێ کە زۆر ئازاری پێغەمبەری خوایان دا ﷺ، نوێژی دەکرد قسەیان پێ ئەوت گاڵتەیان پێ دەکرد تفیان لێ دەکرد ریخی حەیوانیان دەکرد بە لاشەیدا. ئەو ئازیزە ئاوڕی دایەوە و فەرمووی پێیان: جێنکم بذبح. هاتووم بۆ ئەوەی سەرتان ببڕم، لە سیرەدا هاتووە دەفەرموێت ئەو کەسانەی کە گاڵتەیان بە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ بە ئاوڕدانەوەیەکی بچووک تەنها ئەوەندەی پێی وتن هاتووم سەرتان ببڕم، هەموویان لە جێی خۆیان وەستان و حەپەسان، وەکو کۆتەرە داریان لێ هات و ڕەقبوون، لە عوتبە و ئەبو جەهل و لە صەنا دیدەکانی تری قورەیش، هەموویان بەم قسەیە وەستان، باس دەکرێت کە ئەگەر باڵندەیەکیش بەسەریانەوە بنیشتبایەتەوە کەس هەستی نەدەکرد، کە ئەمانە زیندوون، چونکە دەیانزانی ئەمە پێغەمبەرە ﷺ ، لەوکاتەدا ئایەتی: كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾، العلق، واتە: نەخێر.. (ئاوا بۆی ناچێتە سەر) ئەگەر کۆڵ نەدا و کۆتایی (بە دوژمنکاری نەهێنێت)، ئێمە قژی پۆپەی سەری دەگرین و (بۆ دۆزەخ پەلکێشی دەکەین). هاتە خوارەوە.

خیتابەکە بەرانبەر بە ئەبو جەهلە، خوای گەورە دەفەرموێت: ڕۆژێک دێت بەم ناوچاوە ڕاڵەکێشرێ، ئەمە قسەیەکە و لە شاری مەککەدا کراوە و خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باس دەکات. هەروەها دەفەرموێت: (نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ)، واتە: ئەو پۆپە سەرە درۆزنە تاوانکارە.

مەبەست لەکێیە؟باس وەلیدی کوڕی موغیرەیە، کە پیاوێکی لوت درێژ بوو، گاڵتەی بە پێغەمبەری خوا دەکرد ﷺ خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا پێی دەفەرموێت: (سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ)، ئێمە سەرەنجام لووتی داغ دەکەین و سەری لووتی ڕەش دەکەین. (هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ)، ئەوانەی کە بەشوێن عەیب و عاردا دەگەڕێن و دووزمانی دەکەن و فیتنە دەگێڕن و حەزیان لە ئاشووبە.

وەلیدی کوڕی موغیرەش خۆی بە پیاوێکی گەورە دەزانی لە کاتێکدا پیاوێکە لە ئافرەتێکی داوێنپیس لە دایک بووە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئەیشکێنێ و ئاشکرای دەکات بۆ خەڵک. وەلید کە زانی ئەم قسەیە ڕاستە، چوو بۆ لای دایکی و وتی دایە من کوڕی کێم؟ دایکیش وەڵامی دایەوە و وتی یانی چی؟ تۆ کوڕی باوکی خۆتی، وەلید بڕوای نەکرد و وتی

راستم پێ بڵێ من کوڕی کێم؟ چونکە ئایەت دەربارەم هاتۆتە خوارەوە و بە زۆڵ ناوم دەبات، ئەوجار دایکی دانی نا بەوەی کە شەوێک لەگەڵ شوانێکدا خەوتووە و وەلیدی لێ بووە.
ماوەیەک تێپەڕی و رۆژی بەدر هاتە پێشەوە شمشێرێک دای بە لوتی وەلید دا و لوتی پەڕاند، سەیری موعجیزەی قورئانی پیرۆز بکەن، چۆن وا بە زوویی هەواڵەکە هاتە دی، ئەوان گومانیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبوو. با بزانین ئەبو جەهل چی لێ هات، ئەبو جەهلیش لە شەڕی بەدردا کاتێک هەردوو هاوەڵی مەعازی کوڕی جموح و مەعوزی کوڕی عەفرا -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت- هێرشیان بۆ برد و بریندارایان کرد، دوای ئەوە عبدالله ی کوڕی مەسعود -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بە ناوچاوان رای ئەکێشێ و ئەهێنێتە بەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ کە هێشتا رۆحی تێدا ماوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەوکاتەدا دڵی بۆی ئەسوتێ و دەیەوێ رزگاری کات لە ئاگری جەهەنەم، پێی دەڵێت ئەی ئەبو جەهل ئێستەش مۆڵەتت هەیە و دەتوانی موسوڵمان بیت و قیامەتت رۆشن بکەیتەوە، کەچی ئەو ئەبو جەهلە ئەڕانە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت: محمد واز لەم قسانە بێنە و پێم بڵێ، خەڵکێک لەناو سوپای ئێوەدا بوو شەڕی دەکرد و زۆر بەهێز بوون، ئەوانە کێ بوون؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموی: ئەمانە فریشتەی ئاسمان بوون و هاتبوونە یارمەتی ئیمانداران. ئەبو جەهلیش دەڵێت: ئاە ئەمردم و لەگەڵ فریشتەی ئاسمانیشدا شەڕم کرد. بەڕاستی ئەبو جەهل هەر خۆی ئەبو جەهلە، ئەمەی بەسەر ئازیزماندا هاتووە ﷺ نەک لەسەردەمی خۆیدا، بەڵکو لە دوای خۆیشی چەندانجار دووبارە بووەتەوە.
حویەی کوڕی ئەختەب کە یەکێک بوو لە جوولەکەکان هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە و ئەیوت خۆ دەزانم ئەی محمد ﷺ تۆ پێغەمبەر و نێردراوی خوایت، بەڵام دڵم رێگەم نادات بڕوات پێ بێنم، لە ئاخیریشدا پێش ئەوەی لە ملی بدرێت و ملی بپەڕێندرێت دەڵێت وەڵاهی هەرکەسێک بیەوێت خوا ببەزێنێ خوای گەورە ئەیبەزێنێ و پشتیشی ئەشکێنێ، هەرکەسێ بیەوێت لە خوای گەورە بباتەوە خوای گەورە لێی دەباتەوە، زۆران لەگەڵ خوای گەورەدا ناگیرێت.
لەم قۆناغەدا کە قۆناغی سەرکەوتنە و بەدوای کۆچ دا دێت تەواو ناڕەحەت بوون و کۆچیان کرد، وەکو باسمان کرد هەموو فراکسیۆنەکانی ناو دار الندوەی مەککە جگە لە فراکسیۆنی بەنی هاشم کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پلانی کوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دانێن، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن خوای گەورە وە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەمە موعجیزەیەکی گەورەیە، ئەم ئەمرە ئیلاهییە کە دێتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ لە کۆچدا دەفەرموێت لە دوای ئەوەی نیوەڕۆ ئەچێت بۆ لای ئەبوبەکری صدیقی هاوڕێی بۆ ئەوەی ئاگاداری کاتەوە کە بەیەکەوە شاری مەککە جێ بهێڵن، هەموو سەرکەوتنێک و هەموو کۆچکردنێک، ئەگەر خەڵکێک وابزانێ خۆی پلان دائەنێ بۆ سەرکەوتن و گۆڕانکاری ئەمە خەون و خەیاڵە ئەگەر تەنانەت پێغەمبەرانیش بن -علیهم الصلاه والسلام- تۆ نابێت وا هەست بکەیت کە خۆت سەرکەوتن بەدەست ئەهێنیت، ئەمە بۆیە لێرەدا باسی سیرەی پێغەمبەری خوادا ﷺ باسی ئەکەین بۆ ئەوەی بیبەستینەوە بە واقعی خۆمان و بزانین کە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی پلانی داناوە بۆ سەرکەوتن پلانەکانی هەڵوەشاندووەتەوە،

چۆن؟ سەرەتا سەرانی قورەیش بڕیاریان دا لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دا پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژن، بەڵام خوای گەورە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگادار دەکاتەوە لەو پلانە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشتە ماڵی ئەبوبەکری هاوڕێی بۆ ئەوەی شەو لەوێوە دەرچن بۆ جێگەیەک، سەرانی قورەیش پلانەکەیان گۆڕی و ویستیان شەو بکونە سەری و بیکوژن بۆ ئەوەی بەیانی لەدەستیان دەرنەچێ، ئەم پلانە لەلایەن ئەبو جەهلەوە گۆڕا، چونکە هەستی کردبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بەتەمای دەرچوونە، پێغەمبەری ئازدار ﷺ کاتێک لە ماڵ چووە دەرەوە شتێکی بەست بەسەریەوە بۆ ئەوەی نەیناسنەوە. بەڕێکەوت، بەڵام هەر پێیانزانی و ئاشکرا بوو، چونکە خوای گەورە دەیویست تێیان بگەیەنێت کە ئێوە چ پلانێک دابنێن ئەگەر خوای گەورە ویست و ئارەزووی سەرکەوتنی لەگەڵدا نەبوو نابێت، خوای گەورە خۆشحاڵ دەبێت و پێی خۆشە خەڵک بگەڕێنەوە بۆ لای بۆ ئەوەی سەرکەوتنی پێ ببەخشێ، هەرکەس پێی وابێت خۆی سەرئەکەوێت و خۆی خاوەن پلانە هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

سەیری پێغەمبەری خوا بکەن ﷺ یەکەم قۆناغی ئاشکرا بوو، پاشان دێن دەوری ماڵەکەی دەدەن و بڕیار دەدەن بیکوژن، بۆ ئەم مەبەستەش لە شەوە وە پیلانەکەی بۆ دادەنێن بەوەی کە دەوری ماڵەکەی دەدەن ئەوەکو لە دەستیان دەرچێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕێگەی وەحییەوە خوای گەورە ئاگاداری دەکاتەوە لە هەرهەموو پلانەکانی قورەیش، پاشان لە ماڵەکەی خۆی دێتە دەرەوە و لەم کاتەدا ئەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی یاسین دێتە خوارەوە، کە خوای گەورە ئەفەرموێت: وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾، يس.

هەروەها بەربەستمان لە بەردەمیانەوە و لە پشتیانەوە داناوە، پەردەشمان هێناوە بەسەر چاویاندا (مەبەست ئەو بەربەستانەشە کە لە دەروونیان دا هەیە و ناهێڵێت ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە، ئیتر ئەوانە حەق و ڕاستی نابینن)، پێغەمبەری خوا ﷺ مشتێک خۆڵ هەڵئەگرێ و دەیکات بە ڕوویان دا و بەئیزنی خوای گەورە هەموویان لە ئاستیدا کوێر ئەبن، ئەویش بە بەرچاویاندا دەڕوات بەرەو ماڵی ئەبوبەکری صدیق و کەسیان نایبینن، لەوێوە لەگەڵ ئەبوبەکرا دەکەونە ڕێ بەرەو کێوی ثور، لەوێشەوە بەرەو وڵاتی یەمەن وا نیازیان بوو، بەڵام ئاڕاستەی ڕۆشتنەکەیان گۆڕی لەگەڵ ئەوەشدا دیسان ئاشکرا دەبنەوە و سەرانی قورەیش دەچنە بەردەمی گەورە وا بوو ئاشکرا ئەبن. ئەگەر لە ڕێگەی موعجیزەیەکەوە نەبووایە ئاشکرا بووبوون، ویستی خوای خستیە دڵی پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە بە سوراقە بڵێت تۆ ئاشکرامان مەکە، دوو بازنەکەی کیسرات دەدەینێ، پاشان سوورافەی کوڕی مالک شوێنیان کەوت لەوکاتەدا خوای گەورە ئاخر دوو بازنەی کیسرا یانی چی لە کاتێکدا موسوڵمانان دەربەدەرن و ئەڕۆن لە جێگەیەکدا و لە ڕێگەی خوا ڕێیان دەگەنەوە، کەچی دەڵێت دوو بازنەی کیسرات دەدەینێ ئاشکرامان مەکە، ئەوەندە دڵنیان لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ قەت درۆ ناکات و ڕاستگۆیە یەکسەر بڕوای پێ دەکات.

ئەوانەیە بڵێن جا باشە ئەم قسانە ﷺ پەیوەندییەکیان هەیە بەسەر گۆڕانکاری ئێستەوە یا پەیوەندی هەیە بەسەر گۆڕانکاری ئێستەوە لەبەرئەوەی یەکەم تۆ کاتێک، کە دەست ئەکەی بە

گۆڕانكاری بێت وا نەبێت خۆت سەركەوتن بەدەست ئەهێنیت و سەركەوتن لە دەست خۆت دایە، پێغەمبەری خوا ﷺ پلانی دانا، بەڵام بە یارمەتی خوای گەورە سەركەوتنی بەدەستهێنا، ڕاستگۆ بوو، چونكە تاكە پشت و پەنای خوای گەورە بوو، ئەگەر تۆش ڕاستگۆ بیت و ئەگەر بە ڕاستگۆیی پەیامەكە هەڵگری، خەڵكیش بڕوات پێ دەكەن و شوێنیشت دەكەون و یارمەتیشت دەدەن لە گۆڕانكاری دا، وەكو سوراقەی كوڕی مالیك، كە چۆن خێرا باوەڕی كرد و گەڕایەوە، ئەگەر تاكو ئێستە نەتزانیوە یان هەستت پێی نەكردووە لەمەولا باش بزانە تۆ خاوەنی پرۆژەی ڕاستگۆیت، خاوەنی پرۆژەیەكی، كە ئیسلام بە درێژایی ١٤ سەدە حوكمی پێ كردووە، هەر بۆیە بڕوایان بە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد، چونكە بەدرێژایی تەمەنی (صادق الأمین) بوو، سوراقە بڕوای پێ كرد و گەڕایەوە ئەوانیش ڕێگەی شاری یەثریبیان گرتەبەر.

چەند كیلۆمەترێكیان مابوو بگەنە سەنتەری شاری مەدینە بە هەموو پێوەرێكی ماددی و مەعنەوی دەبێت هەموو مەترسییەكی سەریان كۆتایی پێ هاتبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوێكی چەتە و ڕێگر لە هۆزی بەنی ئەسلەم بە خۆی و ٧٠ حەفتا كەسی چەتەی هاوڕێیەوە دێنە سەر ڕێگەیان، ئەم چەتانە ئەو هەواڵەیان پێگەیشتووە، كە هەركەسێك پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە ڕاستگۆكەی بگرێت و تەسلیمیان بكات بە سەرانی قورەیش بە ٢٠٠ وشتر خەڵاتی دەكەن، بڕیان كردەوە كە غەنیمەتێكی باشیان دەستكەوتووە، لەوكاتەی دەیانەوێ دەستگیریان بكەن پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ئازایانە لەسەر وشترەكەی دا دەبەزێت و دەست دەكات بە بانگەواز و بانگیان دەكات بۆ ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لە ئەنجامدا هەر ٧٠ چەتەكە موسوڵمان دەبن و دەبنە پیاوچاك و سەرڕاست بۆ خزمەتكردنی ئەم دینە و گۆڕانكاری بەرپا دەكەن لە ناخیان دا و لە هەڵسوكەتیان دا، ئەمەش یەكێكی تر بوو لە دیارییەكانی خوای گەورە كە بەخشی بە پێغەمبەری ئازدار ﷺ، ئەمە سەركەوتنە و لەلای خوای گەورەوە وەكو دیاری پێشكەش دەكرێت.

لە ڕۆژی بەدردا موسوڵمانان دەچنە دەرەوە وە بڕوایان پێەوە بە سەركەوتن بە سەركەوتنێك كە لەلای خوای گەورەوە بێت، ئیمانیان پێ و بوو خوای گەورەش سەری خستن، سەركەوتن لەم شەڕە بچووكەدا گۆڕانكاری بەسەر سەرزەوی دا هێنا، كەواتە قسەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە خەڵكێك نابێت وا بیر بكاتەوە كە دەیەوێت سەربكەوێ پەلە بكات بۆ سەركەوتن، پەلەكردن بۆ سەركەوتن هەڵەیە، چونكە سەركەوتن بە دەست من و تۆ نییە.

دەگەڕێینەوە سەر ئەو یاسەی خوای گەورە كۆمەڵێك سونەنی هەیە، دەبێت ئەو سونەنانەی جێبەجێ بكرێ، ئینجا سەركەوتن بەدەست ئەهێنرێ، بەنی ئیسرائیل دەیانویست بەزوویی سەربكەون بەسەر فیرعەوندا، بۆیە قەومێكی گێل بوون، سید قطب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە تەفسیرە ناوازەكەی دا دەفەرموێت: ژیانی بەنی ئیسرائیل بۆیە ئەوەندە باس كراوە لە قورئانی پیرۆزدا، چونكە لەگەڵ ژیانی هەموو كەسێكدا دووبارە دەبێتەوە! سبحان الله زۆرجار سەیری ژیانی بەنی ئیسرائیل ئەكەین لەگەڵ ژیانی كورددا جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە.

كوردیش ژیانی وەكو بەنی ئیسرائیل وایە، هەركەسێك هەڵئەسێت داگیری دەكات، بەنی ئیسرائیلیش ئەگبەت بوون و لە ناڕەحەتییدا دەژیان، كە فیرعەون لەو ئەهرامە گەورانەی میسری

نەرمونێك لە بە هێز و توانای ئەوان دروست کرد، ئەو هەموو توانا و زەحمەتەی، کە بەکارهاتووە لە میسرا جوولەکە دروستی کردووە، بەنی ئیسرائیل دروستی کردووە، چونکە داگیر کرابوون، ئەوەن نەگبەت بوون کاتێك کە پێغەمبەرەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جووڵانەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن لەناویان دا دروست بکات، زۆربەی زۆریان بڕوای پێ ناکەن و ناکەونە شوێنی، خوای گەورە ئاقاویان بۆ ئەنێرێ، کولەیان بۆ ئەنێرێ، ئەسپێیان بۆ ئەنێرێ، خوێنیان بۆ ئەنێرێ، هەموویان لە سەیدنا موسا -علیه السلام- داوا دەکەن، دوعا بکات و بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی خوای گەورە ئەمانیان بدات، سەیدنا موسا -علیه السلام- دەیویست گۆڕانکارییان پێ بکات و بیانباتە دەرەوە لە جێگە و مەنزڵگە و زێدی خۆیان بۆ ئەوەی لە زوڵم و ستەمی فیرعەون نەجاتیان بێت، کەچی هەڵنەستن و ناجوڵێن بۆ گۆڕانکاری.

هەرگەلێك توانای گۆڕانکاری نەبێت و نەتوانێت گۆڕانکاری بکات، تووشی ساڵێك دەبێت پێی دەوترێت ساڵی تیدا. ساڵی تیدا واتە ساڵی بازنەی بەتاڵ! سەیدنا موسا -علیه السلام- بە ئەمری خوای گەورە ئەو هەموو موعجیزەیەی نیشاندان کە بە بەرچاویانەوە دەریایەکی گەورە بوو بە دوو کەرتەوە و رزگاریان بوو لە دەستی فیرعەون و سەربازەکانی، دوای پەڕینەوەیان پێی وتن با بڕۆین قودس رزگار بکەین، وتیان ئەوەڵا نایەین خۆت و خواکەت بچن و رزگاری بکەن ئێمە سەیر ئەکەین، ئێمە تاقەتی ئەمەمان نییە و بۆ خۆمان دائەنیشین لە سینا تۆ خوات لەگەڵ دایە و بەهێزیت بۆ خۆت بڕۆ، لەبەرانبەردا خوای گەورە ٤٠ ساڵ خستنیە جێگەیەکەوە ئەیان دەزانی بۆچی ئەگەڕێن و سەرگەردان بووبوون، پەلەیان بوو بۆ سەرکەوتن و دەیانویست لە کوێ فەیەکوێکدا خوای گەورە سەریان بخات، سەرکەوتنی خوای گەورە دەبێت ئارەحەتی چەشتنی لەگەڵدا بێت، دەبێت بە تاریکیدا بڕۆیت بۆ ئەوەی بزانیت چێژی رووناکی چەندە خۆشە، دەبێت برسێت بێ بۆ ئەوەی قەدری بزانیت.

لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان هەموو ئەم شتانەیان بەسەردا هات کەچی دەستیشیان گرتبوو بە ئیسلامەکەوە، خوای گەورە لە بارەی سەیدنا نوحەوە -علیه السلام- دەفەرموێت: ئەم پیاوە هەزار ساڵی رێک ژیانی بردە سەر لەناو گەلەکەی خۆیدا ٥٠ ساڵ یەکەس ئەمەلی و ٩٥٠ ساڵیشی بە پێغەمبەرایەتی. ٩٥٠ ساڵ بانگەوازی کرد، وەکو زانایان دەڵێن هەر هەمووی ٨٠ کەس شوێنی کەوتن و موسوڵمان بوون، واتە هەر ١٤ ساڵ و یەک کەس بەرتەکەوێ سەرکەوتنیشی بەدەست نەهێنا، دوای ئەوەی ٥٠ ساڵی تر ژیانی بردە سەر کە ژیانێکی تر، دوای ٩٥٠ ساڵ خوای گەورە هەر هەموویانی لەناوبرد و سەرلەنوێ ژیان و مرۆڤایەتیی دروستکردەوە.

کەواتە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان لەوە تێ بگات، کە پەلە نەکات لە سەرکەوتن و ئەم قۆناغانە ببڕێت تاکو ئەگاتە قۆناغی سەرکەوتن، واتە قۆناغی سەرەتای بانگەواز قۆناغێکە ئەچێتە ناوی، کە قۆناغی چالاکی زۆر و بەرهەمی کەمە، قۆناغی دید روونییە، قۆناغی راچڵەکاندنە، قۆناغی سەرکەوتنە، ئەم قۆناغە لە قۆناغی دەستپێکی پێغەمبەری خواوە ﷺ لە شاری مەککەدا دەستی پێ کردووە، بەڵام دوای ئەوە قۆناغێکی تر دەست پێ دەکات کە پێی دەوترێت قۆناغی سەردەمی هێز.

قۆناغی سەردەمی هێز: ئەم قۆناغە لەدوای بەدرەوە دەستی پێ كرد، ئەشێت ئەمە زیكزاكی بێت وەكو لە وێنەكەدا دیارە كە پێشتر ئاماژەمان پێدا، تاكو ئەگاتە تەمكین و جێبەجێكردنەكە، بەدر سەركەوتنێكی جوزئی بوو ئەشێت دۆڕانیشی بەدوادا بێت، بەڵێ دۆڕاندنمان بینی لە ئوحوددا، بەڵام لە دوای ئەوە دیسان موسوڵمانان تووشی ناڕەحەتی ئیعدادێكی تر بوونەوە و بەسەریشیان دا دێنەوە.

لێرەدا قسەمان ئەمەیە ئەو قۆناغانەی، كە بینیمان گەیشتنە تەمكین، چ كاتێك دەگاتە تەمكین و سەردەمی هێز؟ لەو كاتەدا موسوڵمانان كۆبوونەوە لە شاری مەدینە و خەندەقیان هەڵكەند، دە هەزار كەس لە عەرەب كۆبوونەوە بۆ كوشتنی موسوڵمانان، پێغەمبەر ﷺ خەندەقی لێدا ناڕەحەت بوو، هیچ كاتێک عەرەب نەیتوانیوە دە هەزار كەس كۆبكاتەوە، مەگەر لە (ذی قار)دا دژی پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ جێگەی خۆی پتە و كرد لە ڕۆژهەڵاتییەوە جوولەكانی لێبوو، پەیمانێكی لەگەڵدا مۆركردن كە لەلای ئەوانەوە سوپا و جەیشی ئەحزاب دزە نەكەنە ناو شاری مەدینەوە، جوولەكە بەڵێنیان دا پشتی موسوڵمانان بگرن، لە بەشی ڕۆژئاوای شاریشەوە خەندەقێكیان لێدا، خەندەقێک كە من بۆ خۆم (نووسەر) شوێنەكەیم بینیوە و سەردانم كردووە، بەڵام ئێستە شوێنەوارێكی نەماوە لەو كاتەدا كە سەردانم كرد ئەندازیارێكی عەرەبم لەگەڵدا بوو، كە بە هەموو پێوەرێک لەو زەمەنەی كە تێدایدا هەڵكەندراوە لەگەڵ ئەو هەڵكەندن و ئەو مەودایە موعجیزەیە.

هیچ كەسێک ناتوانێت ئێستە بیكات، قیاسەكە كراوە ئەم قیاسە بێنە و بەراوردی كە بە كاری حەفارە و گلدۆزەر و شۆفڵ و نازانم هەرچی وەسائیلی ترە، كە ئێستە ئەو ئیشە دەكەن بەراوردیكە بەو سەردەمەی كە پێغەمبەری خوا و ﷺ هاوەڵان كردوویانە قیاس، ناكرێت ئاستەمە نابێ، بۆ ئەمانەیان كردووە، چونكە ئیرادەی گۆڕانكاریان هەبووە، ئەوە ئەوان كردوویانە هیچ ئالیەتێكی ئێستە نایكات، بڕۆن قیاسی زەمەنەكە بكەن لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەو شوێنەیان هەڵكەندووە، مەسافەكەش چەندەیە و لەگەڵ هەرچی ئالیەتی هەڵكەندنی ئەم سەردەمە هەیە قیاس بكەرەوە فیعلەن بۆت دەرئەكەوێ كە موعجیزەیە.

كاتێک كە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵان ئەم خەندەقەیان لێدا، ئیرادەی گۆڕانكارییان تێدابوو و دەیانویست بەرەو سەردەمی هێز بڕۆن و ناڕەحەتییان بینی بوو بەلایانەوە ئاساییە برسی ئەبن، ناڕەحەت ئەبن...هتد، دە هەزار كەسیان لێ كۆ دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە سەركەوتنیان پێ ئەبەخشێت، بەڵام خەریكە خۆشەویستی ئەوەیان بۆ دروست دەبێت و تێیان ئەگەوێ كە ئەو خەندەقەكە وای كردووە كە بپارێزرێن، بەڵام بەزوویی خوای گەورە بیریان ئەخاتەوە كە سەركەوتن لەلای خوای گەورەیە نەک بە هۆی هەڵكەندنی خەندەقەوە.

كاتێک لە بەرنامە لاتاندا لە شاخی ڕوما هاتنە خوارەوە و دۆڕاندتان، سەرەتا سەركەوتن بەسەر دوژمنەكانتاندا، بەڵام لەبەرچی لاتان دا لەو بەرنامەیە؟ لەبەر كۆكردنەوەی غەنیمەت، لەبەرئەوەی سەروەت و سامان وماڵی ژیان چووە دڵتانەوە؟ هاوارتان كرد غەنیمەت! غەنیمەت! كە هاتنە خوارەوە دۆڕاندتان، لە خەندەقیشدا خەریک بوو دووبارە بێتەوە، وایانزانی خەندەق هۆكاری ڕزگاربوونیانە! ڕاستە لێدانی خەندەقەكە بۆ خۆی فیكرەیەكی گرنگ بوو، كە لە سەلمانی

ئەزموونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
ئەزموونێك لە گۆڕانکاری هەڵئەسن بە پلانێک بۆ ئەوەی سەرکەوێ و
فارسییەوە سەرچاوەی گرت فکرەکە، قورەیش هەڵئەسن بە پلانێک بۆ ئەوەی سەرکەوێ و
خەندەق تێپەڕێنن، پلانەکەش بریتیە لەوەی، کە دەیەوێ هەرهەموویان هەڵکەنن لەناو شاری
مەدینەدا، فیعلەن پلانەکەیان سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێت. هەواڵ ئەهێنن بۆ پێغەمبەری خوا
ﷺ کە جوولەکەکان ڕێکەوتنەکەیان شکاندووە، ئەگەر بێت و لە شوێنی جوولەکانیشەوە بێ
ناوەوە سێ هەزار کەسی تێدایە ئەو ناوچەیە و هەر سێ هەزارەکەش لەناو ئەچن، پێغەمبەر
ﷺ بەم هەواڵە ئەوەندە بێتاقەت بوو کراسەکەی هەڵدایەوە بەسەر خۆیدا و لە جێگەی خۆیدا
دانیشت، ئەی دوای ئەمە دەبێت چی ڕوویدات بۆ ئەوەی موسوڵمانان سەرکەوتن بەدەست
بهێنن؟ یەک شت ڕوو دەدات، کە لە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نییە و خوای گەورەش ئەینێرێ بۆ
پێغەمبەرەکەی ﷺ و شوێنکەوتووانی.
باسمان کرد و دووپاتمان کردەوە، کە سەرکەوتن تەنها دەبێت لەلای خوای گەورەوە بێت
خەڵکێک پێی وابێت کە سەرکەوتن بە دەست خۆیەتی، ئەوە خوای گەورە هەرگیزاو هەرگیز
سەرکەوتنی پێ نابەخشێ، بەتایبەتی لەناو موسوڵماناندا، چونکە وتەکانی ئێمە ئاراستەی ئەهلی
ئیمان و ئەهلی ئیسلامە، کە دەیانەوێت گۆڕانکاری بکەن، لە باسی ئەوەدا بووین، کە پێغەمبەری
خوا ﷺ کاتێک هەموو جێگەکانی لێ گیرا خوای گەورە سەرکەوتنی بۆ نارد یەک لە دوای یەک
لەکاتی هیجرەتیدا، لە کاتی شەڕی ئەحزابدا، وە هەروەها ئەو بەرنامەیەی خستە بەردەم
موسوڵمانانەوە کە ئەگەر لەپێناوی خوای گەورەدا کاریان کرد ئەوە خوای گەورە سەریان ئەخات
ئەگەر ئارەزوو و هەواو نەفسیش چووە دڵیانەوە و لە بەرخاتری جیهان بوو ئەوە خوای گەورە
ژێریان ئەخات، چونکە لە ئوحوددا جیهان چووە دڵی هاوەڵانەوە بۆیە خوای گەورە ئایەتی
دابەزاند و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّىٰ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي
الْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ
صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾، آل عمران. واتە
بێگومان خوا بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردە سەر (لەسەرتای جەنگی ئوحود)دا، هەر بە
مۆڵەت و یارمەتی ئە (دوژمنانتان) بەگیر هێنا و تێکتان شکاندن، هەتا ئەو کاتەی کە سارد
ڕووی تێکردن و بوو بە کێشەتان لەسەر هەندێک شت، و هیاخی بوون (لە فەرمانی پێغەمبەر و
ﷺ سەنگەرتان چۆڵ کرد)دوای ئەوەی کە هەندێ شتی نیشان دان کە حەزتان لێ دەکرد
هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوەودوا دەستی ئێوەی کۆتا کرد (لە
دوژمنان) تا تاقیتان بکاتەوە، بێگومان لەوەودوا خوا چاوپۆشی لێ کردن و لێتان خۆش بوو، و
خوا فەزڵ و ڕێزی هەیە بۆ ئیمانداران.
عبدالله ی کوڕی عباس -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەفەرموێت: تاکو ئەو ساتەش نەم زانیبوو
لەناو دڵی هاوەڵاندا خۆشەویستی ژیان بوونی هەیە، ئاخر مەعقولە دڵی هاوەڵ ژیانی تێدابێت!
بەڵێ مەعقولە چونکە ئەویش مرۆڤن، بۆیە هاواریان کرد لە کێوی ئوحوودەوە لە کێوی ڕماە و
غەنیمەت غەنیمەت، تاوەکو خوای گەورە ئەو موصیبەتەی بەسەردا هێنان کە هەمووما
بیستوومانە.

کاتێک کە موسوڵمانان خەندەقیان هەڵکەند دە هەزار سەربازیان لێ کۆبوویەوە تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون، علی کوڕی ئەبو تالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- توانی پاڵەوانی عەرەب بکوژێت، بەڵام لە دواییدا موسوڵمانان کەلێنێکیان تێ کەوت لەلای جوولەکەکانەوە و خیانەتیان کرد بەرانبەر ئەو پەیمانەی کە دابوویان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و موسوڵمانان. ئایا ئەمە دووبارە دەبێتەوە لە ژیانی ئێمەدا؟ بەڵێ دووبارە دەبێتەوە لە ژیاماندا، چونکە ئەشێ موسوڵمانان زۆرجار سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئاگادار بن سەرکەوتنی جوزئی مانای ئەمکین نیە، سەرکەوتنێکی جوزئی دیاری کاتیە لەلایەن خوای گەورە وە.

ئەگەر پێت وابێت خۆت سەرکەوتوویت و بە عەقڵی خۆت و بە توانای خۆت سەرکەوتنت بەدەست هێناوە دەبێت لە جێگەی خۆتدا دابنیشیت و هەتا ماویت بە هیچ نەبیت، پێغەمبەری خوا ﷺ کە کراسەکەی هەڵدایەوەو دای بەسەریا نەی دەزانی چی بکات تەواو بێئومێد بووبوو، ئەنانەت داوا کرا لە ئەوس و خەزرەج، کەربحی ساڵانەی خۆیان بدەن بە قەبیلەکانی بەنی حەنیفە تاوەکو لەناو جەیشەکەدا بڵاوەیان پێ بکەن، بەڵام ئەوس و خەزرەج چونکە ئیمانێکی پتەو و دامەزراویان هەبوو، وتیان ئێمە لە کاتی جاهیلیەتدا شتی خۆمامان نەبەخشیوە بە خەڵک، چۆن لە کاتی ئیمانداریدا ئەیبەخشین بە خەڵک.

پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی دەستەوسان وەستا بوون؟ نەخێر ئەگەر هەموو جیهانت لێ بگیرێ خوای گەورە فریات ئەکەوێ بە مەرجێ راستگۆ بیت، خوای گەورە سەرکەوتنت بۆ ئەنێرێ کە تۆ ئاگات لێی نیە سەرت ئەخات ئەگەر ئارەزووت بێت گۆڕانکاری بکەیت، ئەگەر مەبەستت بێت و لەبەر خاتری خوای گەورە ئیش بکەیت.

پیاوێک لەناو قورەیشەوە بەرەو ناو موسوڵمانان کەوتە رێ بەناوی نعیمی کوڕی مەسعودی کوڕی عامر غطفانی ئەم پیاوە بۆ خۆی هیچ کاتێک بیری لەوە نەکردبوویەوە کە رۆژێک لە رۆژان موسوڵمان بێت، بەڵام خوای گەورە هیدایەتی دەدات و ئەیخاتە دڵیەوە کە موسوڵمان بێت، ئەچێت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و پێی دەڵێت ئەوە من موسوڵمان بووم و لەمەولا ئەندامێکم لە ئێوە و قەناعەتم پێتان هەیە، ئەوکات موسوڵمانان لە دۆڕاندان، پێغەمبەری ئازدار ﷺ کۆمەڵێکی لە سوپاکەی کە هاوەڵە بەڕێزەکان بوون -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت- ئاردە جێگەیەکەوە، کە ئاگاداری خێزانی موسوڵمانان بن.

ئەو سەربازە سەرەتاییانە کە تازە موسوڵمان بووبوون پێغەمبەری خوا ﷺ بەکاریان ئەهێنێت بۆ ئەوەی توانایان پێ بەدەست بهێنێت و لە ئەمری قیادەی خۆیان دەرنەچن، بەڵێ چوونە ئەو شوێنەی کە خێزانی موسوڵمانانی لێ بوو بۆ ئەوەی چاودێریان بن و پارێزگاریان بن، نعیمی کوڕی مەسعودی کوڕی عامر غطفانیش دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێ گۆڕانکاری بکات، دەیەوێ بەردێک بێت دەستێک بێت لەم گۆڕانکاریەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەفەرموێت: ئەی نوعمان ئێستە چیت پێ دەکرێت؟ برۆ نێوانی جوولەکە و قورەیشمان بۆ تێک بدە، ئەویش بەبێ ئەوەی بیری لێ کاتەوە و بڵێت ناڕۆم قورسە خێرا ئەکەوێتە رێ، چونکە خۆی ئامادەکردبووەوە بۆ گۆڕانکاری، وە موشریکینیش نەیان زانیبوو کە موسوڵمان بووە، دەڕوات و بە پلانێکی ژیرانە نێوانیان تێک دەدات.

ئێمەش لەم باسەدا ئەوەیە، كە مرۆڤ هەوڵی دا بەسەرهاتەكە دوور و درێژە و خاڵی جەوهەریی سەركەوتن لەلای خوای گەورەیە، ئەمە گرنگە كە نەك جارو بۆ سەركەوتن، دەبێت ئەوە بزانێت دووبارە بووەتەوە و دووبارەش دەبێتەوە، ئەمە لە ژیانی دووجار، بەڵكو زیاد لە دەیان جاریش هەروەها لە مێژووی گەلانی تریشدا پێغەمبەری خوا دا ﷺ، وە لە سیرەی پیاوچاكاندا روویداوەتەوە.

كەسێك بەناوی سوملەی كوڕی ئوسیل لە ناو بەنی حەنیفەوە دێت بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بكوژێت، دەیەوێت گۆڕانكاری بكات، بەڵام لە خراپەوە بەرەو خراپتر و خراپترین، ئەم ئیرادەی گۆڕانكاری تێدایە و خۆی حەزی بە گۆڕانكاری هەیە، شمشێرێكی ژەهراوی كردووە و دێت بۆ كوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەبێ ئەوەی بە كەس بڵێ، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لە رێگەی وەحییەوە ئاشكرای دەكات و پێغەمبەری ئازدار ﷺ ئاگادار دەكاتەوە، دوای ئەوە كۆمەڵێك لە هاوەڵان دێنەوە، كە بۆ پاراستنی سنورەكانی شاری مەدینە شاری مەدینەیان جێهێشبوو لە رێگەدا ئەیبینن و شكی لێ ئەبەن و ئەیگرن و ئەیهێننەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، موسوڵمانان زیندانیان نەبووە یانی سەربەرزی موسوڵمانان ئەوەیە كە رۆژێك لەرۆژان زیندانیان نەبووە، بە یەكێك لە پایەكانی مزگەوتەوە ئەیبەستنەوە، بۆچی؟ چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە بۆ ئەوەی گۆڕانكاری بكات و ئیصلاحی خەڵكی بكات، نەهاتووە بۆ ئەوەی زیندان دروست كات و خەڵكی زیندانی بكات، نەهاتووە بۆ ئەوەی خەڵكی لەناو بەرێت، هەركەسێك زیندانی زۆری هەبوو، هەركەسێك پاسەوانی زۆری هەبوو، هەركەسێك چەكی زۆری هەبوو كەسێكی ترسنۆكە، كەسێكی دۆڕاوە، كەسێكە بۆ گۆڕانكاری ناشێت، چونكە ئەم كەسانە دوژمنیان زۆرە، پێغەمبەری خوا ﷺ پاسەوانی نەبووە، وە قبووڵی نەبوو كەس پاسەوانی بكات، چونكە یەقینی هەبوو كە خوای گەورە ئەیپارێزێ، هەروەها دەیوت خۆ من خراپەم بۆ كەس نییە و نەبووە.

سوملە لە مزگەوتەكەدا سێ رۆژ ئەمێنێتەوە و موسوڵمانان ئەبینێت كەچی دەكەن و چۆن رەفتار دەكەن سەرسام دەبێت پێیان، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەڵێت موسوڵمان بە، ئەویش دەڵێت موسوڵمان نابم، ئازادم ئەكەیت لە چاكە و پیاوەتی خۆتە و لەبیرم ناچێتەوە، ئازادیشم ناكەی و ئەمكوژیت، قەبیلەیەك لە دوامەوەیە دێن و تۆڵەم دەكەنەوە، سێ رۆژ ئەم قسەیە دووبارە دەكاتەوە و لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت، دوای سێ رۆژ پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی دەكات، ئەویش رێگە ئەگرێتەبەر و دەڕوات دەچێت لە بیرێكدا خۆی ئەشوات و دێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ موسوڵمان دەبێت.

سوملە یەكێك دەبێت لە پیاوە دەوڵەمەندەكانی ناو بەنی حەنیفە و هەرچی خۆراكی ئازوقە و ئابووریی ئەو سەردەمە لە یەمەنەوە بۆ قورەیش دێت، لە رێگەی ئەم پیاوە دێت، واتە بۆرسەی گەنم هەیە، كە لە دەستی ئەم پیاوەدا بووە، بەڵێ ئەم پیاوە موسوڵمان ئەبێ و كەمارۆیەكی ئابووریی گەورەش ئەخاتە سەر قورەیش، تا قورەیش وای لێ دێت، كە دێن و تەنەزول دەكەن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی دەڵێن، كە داوا لە بكات بۆ ئەوەی گەمارۆ ئابوورییەكەیان لەسەر هەڵبگرێ.

هەموو ئەو سەركەوتنانەی، كە لە ڕابردوودا باسمانكردن خوای گەورە بەخشیتی بە پێغەمبەری خوا ﷺ و بە موسوڵمانان، ئەگەر موسوڵمانان لە گۆڕانكاریدا بن و هێز و دەسەڵاتی خۆیان بگەڕێننەوە بۆ خوای گەورە خوای گەورە شتێكی تریان پێ ئەبەخشێ، كە پێی دەوترێت تەمكین. سەردەمی هێز، ئەم سەردەمی هێزە زۆر گرنگە، كە هەستی پێ بكرێ، سەردەمی هێز و تەمكین لە كەیەوە دەست پێ دەكات؟ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: الان نغزوهم ولا یغزوننا. سەردەمی تەمكین ئەو كاتە دەست پێ دەكات كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئێمە ئەچینە سەر ئەوان و ئەوان ناتوانن بێنە سەر ئێمە. سەردەمی سەركەوتن جیاوازە، سەركەوتن قۆناغێكی زۆر گرنگ نیە، چونكە ئەشێ بەدوای سەركەوتنا نشوستی بێت و بینیشمان نشوستی هات، بەڵام گرنگە لە دوای هەموو نشوستیەكیش گۆڕانخوازەكان، كە گۆڕانكاری دەكەن لەناو ئیسلامدا دەبێت ئەو ئایەتەیان لەبیر بێت، كە خوای گەورە دەفەرموێت كاتێك كە شكستت هێنا لە گۆڕانكاریدا بێئومێد مەبە، مەبەزێ و ڕامەكەرە دواوە، ئیتر مەزانە جیهان ئاخیرە و كۆتایی پێ هاتووە، ئەها خوای گەورە دەفەرموێت چی، كاتێك موصیبەت هات بەسەر موسوڵماناندا و لەشەڕی ئوحودا شكستیان خوارد، كاتێك كە ددانی موبارەكی پێغەمبەری خوا ﷺ شكا، كاتێك كە موسوڵمانان هەواڵیان پێ گەیشت، كە پێغەمبەری خوا ﷺ كوژراوە، تەنانەت ئەو لەتەمەی كە لەبەری پێغەمبەری خوادا ﷺ بوو و لەزنجیر دروست كرابوو، هەموو چەقییە دەم و چاوی پیرۆزی ئاكو وەفاتیشی كرد ئاسەواری ئەو لەتمانە بە دەم و چاویەوە مابوون، كە ئەبو دوجانە بە ددان بۆی دەرهێنا، كەلە كاتی دەرهێنانی دا، ددانی شكا ئەمەندە ناڕەحەت بوو بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەزیەتی پێ نەگات.

ئەم هەموو حاڵەتانەیان بەسەردا هات خوای گەورە پێی نەوتن ئێوە بۆچی واتان كردووە، ئەگەر واتان بكردایە واتان لێ بەسەر نەدەهات، یانە هاتن بەیەكەوە سەرزەنشتی یەكتری بكەن، هیچیان نەوت، چونكە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا یەك بەرنامەیان دەداتێ بۆ گۆڕانكاری، ئەویش ئەوەیە كە ئەگەر تۆ دۆڕاشی: وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾، آل عمران. كۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونكە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفراز و سەركەوتوو دەبن، ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن.

نە بێزاربن، نە بێتاقەت بن، نە ناڕەحەت بن، ئەگەر ئێوە ئیماندار بن، سەربەرز و سەركەوتوون، بۆیە كاتێك ئەو ناڕەحەتیەشیان بەسەردا هات بە ڕێگەی -نوعیمی كوڕی مەسعود - سەركەوتنیان بەدەستهێنا لە ئەحزابدا و تەمكین بەدەست هات، تەمكین واتە جێنشینكردن. حاڵەتێكە، كە ئیتر لە دوای ئەمە موسوڵمانان تووشی داڕمان ئەبنەوە، ئەم قسەیە زۆر سەیرە! تەمكینیش هەمیشە كەمە چونكە تۆ سەیری، كە سەرەتای بانگەوازەكە چەندە زۆرە و چەندە بە درێژی هاتووە، سەرەتا هێز و سەركەوتن و تەمكین چەندە كەمە، چونكە هەمیشە تەمكین یان دوو ساڵە یان سێ ساڵە، دوای ئەو تەمكینە دەبێت داڕمان ڕووبات و دەست پێ بكاتەوە.

داڕمان بە واتای ئەوەی، كە لە دوای سەركەوتنی موسوڵمانان هەمیشە داڕمانێك هەیە: إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾، آل عمران. ئەگەر زام و سەختی و

ئەو خەڵكەش لە جەنگی بەدردا تووشی ناخۆشییەك لە جەنگی ئوحوددا تووشی ئێوە هاتووە، ئەو ڕۆژە دەگێڕین بەناو خەڵكی دا (تا لە جیهادی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، ئێمە ئەو ڕۆژە دەگێڕین بەناو خەڵکی دا (تا لە جیهادی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، وە هەندێك قوربانی و شەهیدیشیان لێ وەربگرێ، بێگومان خوا ستەمكارانی خۆش ناوێت.

بۆ ئەم حاڵەتە ڕوو دەدات؟ زۆر گرنگە بیزانین هەموو ئەمەی، كە باسمان كرد دەبێت بەسەر هەموو كەسێكدا بێت، قۆناغی بانگەواز چالاكی زۆر و بەرهەمی كەم، دید ڕوونی، ڕاچڵەكین سەركەوتن و تەمكین، دوای ئەوە بۆ دەبێت داڕمان دەست پێ بكاتەوە؟ چونكە موسوڵمانان تووشی فیتنە دەبن، چ فیتنەیەك؟ سەروەت و سامانیان دەست ئەكەوێت، ژیانیان خۆش دەبێت و حەزیان لە جیهادكردن نامێنێت، حەزیان لە جوڵە و خەباتكردن نامێنێت، حەزیان لە جلوبەرگی جوانە، حەزیان لە شتی خۆشە، سواری ئۆتۆمبێلی جوان ئەبن و ئەچن بە ئەورووپادا ئەگەڕێن و هەموو شتەكانیان دەست ئەكەوێت، كەس بیری بەلای بانگەواز و دەعوەكەوە نامێنێ، دیناهوێ لەم قۆناغەوە بڕۆنەوە بۆ قۆناغی سەردەمی هێز، كەچی داڕمان دەست پێ دەكاتەوە.

ئێمەش بۆ خۆمان ئەم تەسەور و ئەزموونەمان بۆ ماوەی دە ساڵ لەو زانا بەڕێزانە و بە تایبەتی د.راغب السرجانی وەرگرتووە و هەندێ دەستكاری و گۆڕانكاریمان تێدا كردووە، بۆ خۆشمان ئەگەیشتبووینە ئەو بڕوایەی، كە ئەمە سوننەتی گۆڕانكاری ژیانە، كە دەبێت بەسەر خەڵكی دا بێت، چونكە داڕمانەكە دەست پێ دەكاتەوە، وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەست پێ دەكات، لەدوای بە وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ چەند مانگێكی نەبرد دووسەد هەزار كەس بەس لە بەنی حەنیفە هەڵگەڕانەوە، تەنها لە سێ جێگە نەبێت ئەوانیش مەككە، مەدینە و طائف لەگەڵ دێیەكی بچووك بە ناوی هجەر لە بەحرەین، دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەكری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- سەرلەنوێ لە قۆناغی ئیعداد و بونیادەوە دەستی پێ كردەوە دوای بونیادیش دیسانەوە زەمەن و مێژووەكەی ئەبوبەكری صدیق دەست پێ دەكاتەوە.

زۆرجار خەڵكێك هەیە پەلە دەكات لە بانگەوازدا، تەبعەن ئەوە وەكو نموونەیەك بوو كە باسی ئەبوبەكری صدیقمان كرد، دوای ئەوە كە ئەبوبەكری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- وەفاتی كرد سەردەمی هێز و تەمكین تاكو سەردەمی خیلافەتی عوسمانی كوڕی عەففان -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بەردەوام بوو، دوای ئەوە فیتنە لەناو موسوڵماناندا سەری هەڵدا دوای وەفاتی عوسمانی كوڕی عەففانیش علی كوڕی ئەبو طالب -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- سەرلەنوێ دەستی پێ كردەوە، سەركەوتن لە سەردەمی علی كوڕی ئەبو طالبدا بوو، بەڵام لە سەردەمی حەسەنی كوڕی علی دا -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- سەردەمی تەمكین بوو.

حەسەن -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- پیاوێكی بەڕێز بوو سەروەت و سامانی نەویست ژیانی هەڵنەبژارد، دەسەڵاتی نەویست، چونكە كچەزای پێغەمبەری ئازدار ﷺ بوو، سەركردەی لاوانی بەهەشتە ئەم پیاوە بەڕێزە دەسەڵاتی پێشكەشی موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان كرد -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، ئەمش سەرەتای دەستپێكی هەموو جێگەیەك سەرەتای بانگەوازێك دەست پێ بكاتەوە، بەڵام ئەگەر بانگەوازەكە ڕاستەقینە و بۆ خوای گەورە نەبوو ،هەر لەوێوە كەوتن و داڕمان دەست پێ دەكاتەوە، مەرج نییە تۆ ئەو قۆناغانە هەموو ببڕیت، چونكە تۆ ڕەنگە

ئەبوویت لە سەرەتای بانگەوازەكەدا بۆیە ئەشێ لەوێ داڕمان دەست پێ بكاتەوە، دیسان جارێكی تر دەستپێكردنەوە دەست پێ دەكاتەوە، دوای دەستپێكردنەوە دەبێت سەرلەنوێ كۆمەڵێك هەستن بە بیناكردن، دوای بیناكردن بە زەمەن و مێژوو وە دوای ئەوەش دەستپێكردنی بانگەوازە، سەركردەیەك دەبێت هەبێت كۆیان بكاتەوە، وە كۆمەڵێك هەبن لەگەڵیدا بەیەكەوە ئیش بكەن، ئینجا دەست بكەنەوە بە بانگەواز، ئەشێ ئەم قۆناغە سەرەتای دەستپێكی گۆڕانكاری بێت و بە ئیصلاح دەست پێ بكاتەوە، هەمان شت دوای ئیصلاحەكە بیروباوەڕێكی پاك و بێگەرد هەبێت وە برایەتیەك هەبێت، بەڵام رەوشتی تێدا نەبێت یان خاوەنی رەوشت بوو بەڵام برایەتی تێدا نەبوو سەرلەنوێ ئەم قۆناغەش ئەگاتە قۆناغی ساڵی ماتەمینی، چالاكی زۆر و بەرهەمی كەم، دیە روونیەك دێتە پێشەوە و دەیانەوێ كۆچ بكەن لەم كۆچەدا سەرلەنوێ راچڵەكاندنێك دێتە پێشەوە، بەڵام ئەم جێگەیە بژاركردنێكی تێدا نییەو خەڵكێكی مونافیق و خراپەكاریان لەگەڵدا رۆشتووە بۆیە سەرلەنوێ كەوتن و داڕمانێك دەست پێ دەكاتەوە. مەرج نییە بگاتە سەردەمی هێز و ئەمكین، بەڵكو ئەو كەوتن و داڕمانانە سەرلەنوێ و جارێكی تر دەبێت بۆ سەركەوتن و تەمكین دەست پێ بكەنەوە، سەرلەنوێ جارێكی تر بونیادنانی خەڵك، زەمەن و مێژووەكە، دەستپێك، سەرەتای بانگەواز، سەرەتای دەستپێكی باوەڕ و رەوشت و برایەتی.

هەموو ئەمانە دەست پێ دەكەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە سەركەوتن دا پەلەیانە و پێیان وایە سەركەوتن خۆیان بەرهەمی ئەهێنن، بۆیە دیسان دەكەونەوە و دەستپێكردنەوە دەست پێ دەكاتەوە، ئەم قۆناغانە سوونەتی خوای گەورەن و هەركەسێك بیەوێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت، دەبێت تەنها بە سیرەی ژیانی پێغەمبەری خوادا ﷺ بڕوات، ئەمە ئاستەمە تۆ بڵێی من بە ژیانی جان جاك رۆسۆ، دیكارت، كافكا و ئەلیەرت كامۆدا رۆیشتووم یان ئەڕۆم، ئەگەر تۆ پێت وابێت بە قۆناغی سەردەمی رێنیسانسدا بڕۆی ئەمە خەیاڵە.

كەواتە زۆر گرنگە بۆ ئێمەی گۆڕانخوازی موسوڵمان، كە ئەم قۆناغانەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ بزانین، قۆناغی مەككی چی بووە؟ ئەی قۆناغی مەدەنی چی بووە؟ ئەگەر تۆ ئەم قۆناغانەت زانی ئەوكات دەزانی ئەردۆغان لە توركیادا لە چ قۆناغێكی ئیسلامیدایە، ئایا لە قۆناغی دەستپێكی ئیعداد دایە یاخود لە قۆناغەكانی تردایە، یاخود میسر لە چ قۆناغێكە، یەمەن لە چ قۆناغێكە، ئەوانی تر لە چ قۆناغێكدان ئەوكات گلەیی ناكەیت لە رەوشی موسوڵمانان، كە لە چ قۆناغێك و لە چ شوێنێكدا كار دەكەن، زەمینەی كاریان بۆ بەم شێوەیەیە؟ كەواتە گرنگە ئەم شێوەیە لەبەرچاوی خەڵكی دا بێت، گرنگە ئەم بزوتنەوەی گۆڕانكاری ناو گەلانە لەبەر چاوی خەڵكی دا بێت.

بۆیە كە ئیسلام دەگەڕێتەوە ناو خەڵكی بە غەریبی ئەگەڕێتەوە، هەروەكو چۆن پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: بَدَأ الإسلام غَرِيبًا، وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ غَرِيبًا، فَطُوبَى لِلْغُرَبَاء، واتە: ئیسلام بە نامۆی هاتووە، بە نامۆیش دەگەڕێتەوە، سێبەری داری بەهەشت، ئاییەت بۆ نامۆكانە.

دەزانن بۆچی بە غەریبی و نامۆیی دەستی پێ كردووە؟ چونكە بانگەوازی ئیسلامی لە هەر جێگەیەكدا دەكرێت غەریبە، ئێوە وردبوونەتەوە كاتێك، كە بانگەوازی خەڵكێك ئەكەیت و شتێك لەم دینەی بۆ روون ئەكەیتەوە، یەكسەر دەڵێن كورە بابە ئەم ئیسلامییانە شتێكی تازەیان

نەرمونێك لە گۆرانکاری مژووی گەلان نیيە بەسەر ئەوەوە چونکە ئەو خۆی تێناگات هەست دەکات نامۆيە، ئەمە پەيوەندی نیيە بەسەر ئەوەوە چونکە ئەو خۆی تێناگات هێناوە هەست دەکات نامۆیە، ئەمە پەیوەندی وەکو کوردەواری دەڵێت خۆی بە پەنجا مەو خۆی ناخوێنێتەوە! خۆی بە موسوڵمان دەزانێ وەکو کوردەواری دەڵێت خۆی بە پەنجا مەو ناگۆڕێتەوە، بەڵام لە هەموو ژیانی دا دوو کتێبی لەسەر ئەم ئیسلامە نەخوێندۆتەوە، لێ گاگە ناگۆڕێتەوە، بەڵام لە هەموو ژیانی دا دوو کتێبی لەسەر ئەم دینە گوێی لێ بگرە یان لەگەر وازیش بێنە. مادام ئەم شارەزایە و شتێک دەزانێ لەسەر ئەم دینە گوێی لێ بگرە یان لەگەر بروات پێی نییە لە جێگەی تر پرسیار بکە، بۆیە بە غەریبی و نامۆیی وەری گرتووە، لێرەدا نیوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە جێبەجێ دەبێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی بەجێ نەهێشتووە لە م دینە بۆ ئێمە کە روون نەکرابێتەوە.

خوای گەورەیش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا ﴿٥٤﴾، الكهف. بێگومان ئێمە لەم قورئانەدا لەهەموو جۆرە نمونەیەکمان هێناوەتەوە بۆ خەڵکی (تا پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرن) کەچی ئینسان لەهەموو شتێك زیاتر موجادەلە دەکات و لە شت دەکۆڵێتەوە.

هیچ شتێک نەماوە لە قورئاندا بەیان نەکرابێت بۆ خەڵکی، بەڵام مرۆڤەکان حەزیان بە موجادەلەکردن و حەزیان بە رەخنەگرتنە، ئەمە بۆ وانەبێ بۆ وابێ، بۆ ئاوا بوو بۆ ئاوا نەبوو، بۆ رۆژووی رەمەزان سی رۆژە، ئەی بۆ دە رۆژ نەبوو، بۆ دەبێت حەج لە مانگی ذی الحجەدا ئەنجام بدرێت و لە مانگێکی تردا تردا دروست نییە، بۆ؟ بۆ؟...هتد، یەکێک لە سیفاتەکانی عیبادین ئەوەیە، کە مرۆڤ دەبێت ملکەچ بێت لەبەردەمی خوای گەورەدا، جیدال و موجادەلە نەکات بەڵام تەبعی مرۆڤیش وایە مەگەر ئەم ئیسلامە بۆی رێک بخاتەوە.

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: بَدَأَ الإسلام غَرِيبًا. ئیسلام بە غەریبی دەستی پێ کردووە بەڵام کە بە غەریبیش هاتووە هەموویشی رۆشن کراوەتەوە بۆ خەڵکی، بۆیە هاوەڵە بەڕێزەکان -رەزامەندی خوایان لێ بێت- بە پێغەمبەری خوایان ﷺ فەرمو غەریبان کێن؟ من الغرباء؟ ئەو کەسانە کێن کە گۆڕانکاری دەکەن و غەریبیشن؟ لە وەڵامدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: الغرباء الذين يصلحون إذا فسد الناس يصلحون ما أفسد الناس من سنتي. زۆرتان ئەم فەرمودەتان بیستووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی ئەم ئیسلامە بە غەریبی دێت، بەڵام دەبێت بشزانین غەریبەکان کێن، لەبارەی غەریبەکانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: الذين يصلحون، ئەو کەسانەن کە چاکەخوازن و چاکەکاری دەکەن لە دوای ئەوەی گەندەڵی گەندەڵییان خستۆتە ناو کۆمەڵگەکان.

ئەو کەسەی کە گۆڕانکاری دەکات فیعلەن نامۆیە، غەریبە، دینی خوای گەورە، سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە باسمان کرد نامۆ و غەریب دەبێتەوە، ئەم قۆناغەی کە پێغەمبەر ﷺ پیایدا تێپەڕیوە بە ناڕەحەتی و ناهەمواری تاکو گەیشتۆتە قۆناغی ئەمکین، پێویستیشە بۆ ئەو قۆناغەدا تێپەڕین، بۆیە هاوەڵە بەڕێزەکان کە ئەم قسەیان بیست لە پێغەمبەری خواوە ﷺ زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیریان کرد و وتیان ئایا دینەکەی خوای گەورە و سوننەتەکانی تۆ غەریب دەبنەوە، کەسانێک هەن چاکسازی بکەنەوە تیيدا؟ فەرموی: بەڵێ رۆژێک دێت غەریبە گۆڕانکاری دەکەن، بەڵام بە غەریبی و نامۆیی، ستعود غريبا. واتە: ئیسلام دەگەڕێتەوە بە نامۆیی دەفەرموێت لەکاتەدا کە بە غەریبی و نامۆیی دەگەڕێتەوە شتێکی سەیر روو دەدات، ئەو ئە

بەرە چی بێت؟ فەرموی: پێویستی بە ڕۆژانێکە ئەم ڕۆژانە پێیان دەوترێت ڕۆژانی ئارامگرتن، ڕۆژانێک کە دەبێت خەڵک ئارام بگرێت لەسەر ئەو کارە، ئەی ئەو کارە چییە کە ئارامگرتن لەسەری پێویستە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: وەکو ئەوە وایە خەڵکێک پشکۆیەک ئاگری بەدەست هەڵگرتبێ.

بانگەوازی ئیسلامی و گۆڕانکاری لەناو گەلاندا کە تۆ بتەوێت ئەنجامی بەیت وەکو ئەوە وایە پشکۆیەکی ئاگرت بە گەشاوەیی لەسەر دەستت هەڵگرتبێ ئاگو ئەو کاتەی کە لەناو دەستتدا بێت بە ژیلەمۆ، ئەوەیە گۆڕانکاری وە گۆڕانکاری بە سواری ئۆتۆمبێلی جوان و مۆدێل بەرزو باڵەخانەی بەرز و شتی مەرموق نابێت، گۆڕانکاری بەهەڵگرتنی پشکۆی ئاگرە بەدەستەکانت، بەئازار وەرگرتن، بێ پارەیی، ناڕەحەتی، تووشی ئەشکەنجە و ئازار دەبیت، تەنها ئەوەی کە پێت ماوە فرمێسکی چاوەکانتە تا بەڵکو خوای گەورە بەزەیی پێماندا بێتەوەو بتوانین ئەم پشکۆیەی کە لەسەر دەستمانە داینەنێین، گرنگە ئەوەیە کە پشکۆکە هەڵگرین و فڕێی نەدەین. ئەم پشکۆیەش بە پیاو هەڵئەگیرێ! پیاو بە واتای سیفەت، کە ئازاییە، وریاییە، پلاندانانە، بەخشندەییە، لێبوردەییە، ڕەوشتە، باوەڕی پاکە، هەموو ئەمانە ئەتکات بە (رجال)، خوای گەورەش دەفەرموێت: مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾، الاحزاب. واتە: مەردانێکی زۆر هەن لەئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا، ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەندبوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لاری رووی لێ نەکردوون.

خەڵک ئێستە کە دەبێت بە بەرپرس، بەرپرس زۆر وشەیەکی جوانە! کە تۆ دەبیت بە بەرپرسی شتێک واتە هەستێکی بەرپرسانەت ئەکەوێتە سەر شان، بەڵام سبحان الله ناشیرینترین ناو لەم وڵاتەی ئێمەدا ناوی بەرپرسە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بە ئەرک و کاری خۆیان هەڵناسن، هەرکەسێک بێت بەبێ جیاوازی بە ئیسلامیی و عەلمانیی و غەیری ئەوانیشەوە، دەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خەڵکێک وا دەزانێ بەرپرسیارێتی تەرەفە (تەرەف واتای خۆشییەکانی ژیان و بەدەستهێنانی شەهوەت). لە ئیسلامدا بەرپرسیارەتی تەرەف و خۆشی نییە، بەڵکو بەرپرسیارەتی قیامەتی هەیە، وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ ﴿٢٤﴾، الصافات. واتە: (لە کاتی ڕاپێچکردنیان دا فەرمان دەدرێت) ئادەی بیان وەستێنن، ئەوانە دەبێت پرسیاریان لێ بکرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەگریا و دەیفەرمو: ئەم ئایەتە پیرۆزە پیری کردم!

لە باسەکانی پێشوودا فەرمودەیەکمان باس کرد لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە، پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەفەرموێت هەرکەسێک دەبێت بە بەرپرس یان دە کەسی دەکەوێتە ژێر دەست (مامن رجل يلي أمر عشرة فمافوق ذلك). هەرکەس بەرپرس بێت لە دە کەس یان زیاتر، خۆ جاری وا هەیە لێوە نەک دە کەس پێنج ملیۆن کەستان لەبەردەستان دایە، هەرکەسێک دە کەس یان زیاتری لەبەردەستدا بوو (إلا أتى الله عز وجل مغلولا يوم القيامة)، ڕۆژی قیامەت بە بەستراوی ئەهێنن ڕاست و چەپ دەستەکانی بەستراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (فكه بره أو أوبقه) یان ئەوەتا چاکەخوازی و پیاوەتی و بەرپرسێکی باش بووە خوای گەورە دەیکاتەوە بە

لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان...... نەرمونێك لە گۆرانكاری دەستەكانی توند دەكرێتەوە، ئەمە، كە دزە چاكەكانی دەستی دەكاتەوە، یاخود ئەوەندەی تر بەهەدەر بردوە ئەو هەموو كانزا و بۆریە ئەوتەی قۆرخ كردووە سەروەت و سامانی خەڵكی بەهەدەر بردوە ئەو هەموو خەڵكە بێ پارەیە، لەبەرانبەریشدا خەڵكێكی كردووە، ئەو هەموو گەنجە بێ ئیشە، ئەو هەموو خەڵكە بێ پارەیە، لەبەرانبەریشدا خەڵكێكی بەناو بەرپرس بەدەیان باڵەخانە دروست دەكات بۆ خۆی، ژیان بۆ گۆڕباچۆف، رووسی سوور و تەتار و مەغۆل نەما، دڵنیابن بۆ ئێوەش نامێنێ، بۆ كوێی ئەبەن؟

سەرنجی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن زۆر گەورەیە كاتێك دەفەرموێت: أولها ندامة، وأوسطها ملامة، وأخرها خزي يوم القيامة. سەرەتای هەوڵدان بۆ سەروەت و سامان دەسەڵات، پۆست و پلە و پایە و مەقام، چاوشۆڕیە!

دەزانی ئەگەر كەسێك بەرپرسیارێتی بكەوێتە ئەستۆ و لە پێناوی خوای گەورەدا بە رێك و سەر راستی ئەنجامی بدات، وەكو ئەركێكی قیامەتی پەیڕەوی بكات چەندە شەرەف مەندە ئەو كەسە! پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (أوسطها ملامة) ناوەڕاستەكەشی لۆمەكردنە و خەڵكی كاتێ بێ دەكات، پێت دەڵێت هەوڵت دا بۆ ئەوەی ببیت بە بەرپرس ببیت، بە مەسئول، هەرچی دەزگەیە باست دەكەن، ئەها مەسئولەكان دزییان كرد! گەندەڵ بوون! باسی گەندەڵیەكانت! ئەی پاداشتی قیامەتەكەی چییە و چۆنە؟ (خزي يوم القيامة)، سەرشۆڕیە لەلای خوای گەورەیش.

فەرمودەكە بەم شێوازەیە: عن أبي أمامة -رضي الله عنه عن- النبي ﷺ أنه قال: مامن رجل يلي أمر عشرة فمافوق ذلك، إلا أتى الله عز وجل مغلولا يوم القيامة يده إلى عنقه فكه بره أو أوبقه إثمه، أولها ملامة وأوسطها ندامة وأخرها خزي يوم القيامة. صححه الألباني.

ئیمامی غەزالی -رەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: دوو كردەوە هەن مرۆڤ سووك دەكەن یەكەمیان شوێنكەوتنی پارە و سەروەت و سامانە، دووەمیشیان شوێنكەوتنی ئافرەتە!

پێغەمبەری خوا ﷺ قسەیەكی زۆر سەیر دەكات، دەفەرموێت: هەركەسێك بیەوێت گۆڕانكاری بكات وەكو ئەوە وایە پشكۆیەكی ئاگر لەسەر دەستی بێت، بەڵام پاداشتی ٥٠ هاوەڵی هەیە! هاوەڵە بەرێزەكان سەریان سوڕما و وتیان (منا أو منهم)، لە ئێمە یان لە ئەوان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (منكم) لە ئێوە.

هەركەسێك گۆڕانكاری بكات لەم سەردەمەی ئێمەدا و بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەركانەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ سپاردویەتی پێمان لە بیروباوەڕ و رەوشت و برایەتی ئەوە پاداشتی ٥٠ هاوەڵی هەیە، بیربكەرەوە پاداشتی ٥٠ هاوەڵ! كام هاوەڵانەش؟ (ئەبوبەكر، عومەر، عوسمان، علی، خەبابی كوڕی ئەرەت، طلحە، بیلال، خالید، سەلمان و...هتد.

بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەتەوێت گۆڕانكاری بكەیت لەناو كۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی غەریبیت و ئاگرێك هەڵگرتووە هەروا بە ئاسانی هەڵناگیرێت، بۆیە پاداشتی ٥٠ هاوەڵت هەیە. كەواتە تۆ دەبیتە هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاداشتدا! لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا ئەو كارە ئەنجام دەدەیت.

كەواتە بۆ ئەوەی ئێمە لەم سەردەمەدا بتوانین ژیانێكی روون بێتە بەرچاومان و دیدێكی روونمان هەبێت پێویستە گۆڕانكاری بكەین، راستە گۆڕانكاری كردن قورسە و هەروا ئاسان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەجر و پاداشتەكەشی زۆر گەورەیە و پێویستی بە ئازایەتییە.

تەنها لە شارێکی وەکو قاهیرە هەموو ساڵێک پێنج هەزار کەس تەنها بە ڕووداوی هاتووچۆ گیان لەدەست دەدەن، وە لە شاری بەغدادیش بە هەمان شێوە نزیکەی پێنج هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن، لە هەولێر و سلێمانیش ساڵانە ۳ بۆ ٤ هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن بە ڕووداوی هاتووچۆ، ئەی لە بەرانبەردا چەند کەس لە پێناوی خوای گەورەدا خۆیان بەخت دەکەن و دەمرن؟ چەند موجاهید دەیەوێت دینی خوای گەورە بکەیەنێ و شەهید دەبێت؟

ئەبوبەکری صدیق -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- وتەیەکی جوانی هەیە کە دەفەرمەێت: وەڵاهی ئەو کەسانەی کە گۆڕانکاری دەکەن یان نیازیانە گۆڕانکاری بکەن لە کۆمەڵگەدا و فەساد لابەرن و ئیصلاح بکەن تەمەنیان درێژە، ئەی بۆچی ئەترسی؟ بۆچی نایەیتە پێشەوە بۆ ئەوەی بیت بە باشترینی ئوممەت؟ کە دەوترێت باشترین ئوممەت (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ). بە واتای ئەوەی تۆ دەبێت ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بکەیت، نەک بەو مانایەی کە تۆ لەماڵەوە دابنیشیت و دەست بخەیتە ژێر چەناگەت و بێ دەنگ بیت و قسە نەکەی، ئەخێر هەرگیزاو هەرگیز ئەمە خەیرە ئومە نییە، ئەمە پێی دەوترێت ئومەتی ترسنۆک، ئوممەتێک کە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی هەڵنەگرتووە، خەیرە ئومە ئەوەیە کە هەموو وەکو هەنگ ئیش بکەن، شانەکانیان دروست بکەن و هەنگوین بەرهەم بێنن بۆ ئەوەی نەوەکانی دوای خۆیان بیخۆن.

بەتەنەکەش ئەوە نییە کە دەبێت تەنها کار بۆ سەرکەوتن بکرێت، بەڵکو ئەوەیە هەوڵ بدەیت بۆ ئیعدادکردن، چونکە ئەگەر ئیعدادەکەت باش بوو سەرکەوتنەکەشت باش دەبێت و زۆر دەبێت، وە بە پێچەوانەوە ئەگەر ئیعدادەکەت کەم بوو سەرکەوتنەکەت کەم دەبێت، کەواتە با هەموومان هەوڵ بدەین بۆ سەرکەوتن لە ڕێگەی ئیعدادێکی باشەوە و هەوڵ بدەین بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ. ئێستە هەموو گەلانی جیهان خاوەنی وڵاتی خۆیانن، خاوەنی گیان و ماڵی خۆیانن ئێمە نەبێت، بۆ ئێمەی موسوڵمان نەیکەینە گوتارێکی سیاسی خۆمان و بەئاشکرا بڵێین جیهان لە میر بەدرخانی گەورە کەمترە؟ مەگەر میر محمدی گەورەی سۆران بۆ ئەوە هەوڵی نەدا؟ مەگەر ئەو هەموو میر و بەگە بەڕێزانەی تر بۆ ئەوە هەوڵیان نەدا؟ مەگەر خەڵکانێکی تر ئارەزوومەند نەبوون بەوەی، کە ئەم نیشتمان و خاک و خۆڵەی خۆیان سەربخەن؟ مەگەر ئێمە نەوەی صەڵاحەدین نین؟

خوێنەری بەڕێز باش بزانە، هەتا ئیسلام هەبوو ئێمە خاوەنی ٥٧ ئەمارەت بووین، لەم خاکەی ئێمەدا ٥٧ دەوڵەت دروستکراوە، کەچی کە وازمان لە دینەکەمان هێنا و لێی دوورکەوتینەوە ئێستە بە هەموومانەوە بە دوای وڵاتێکدا ئەگەڕێین بۆمان دروست ناکرێت، لە سەردەمی عەلمانیەتدا یەک وڵاتمان دروست کرد، ئەویش ۱۱ مانگ تەمەنی بوو، کە کۆماری مەهاباد بوو، کەواتە وەرن با بە هەموومان بگەڕێینەوە بۆ ئەم دینە و پرۆژەی (لا اله الا الله) بکەینە کارنامەی ئیمانی و بە دەوڵەت بوونمان، ئیتر بەسە هەموومان تینووین بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ، هەموومان تینووین بۆ ئەلا پێناوەکەمان، هەموومان تینووین بۆ ئەوەی کە ئەم خاکە ببێتە نیشتمان و ئینتیمامان بۆی هەبێت، چیتر با خاکەکەمان بێناز نەبێت، ئێمە کاتێک کە خاوەنی ئەم ئیسلامە بووین، بڕوا بکەن تواناکان سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

باسی هەندێک خەسڵەتی گۆڕانکاریمان کرد لەناو گەلاندا لەوانە بوونی رابەرێکی باش کە هەڵدەسێت بە گۆڕانکارییەکە، هەروەها باس لەگرنگی رەمز و لۆگۆی کۆمەڵەکەمان کرد و باسی بیروباوەڕێکی دروست و برایەتیی و رەوشتی جوانمان کرد، هەموو ئەمانە نموونەی باش بوون بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ئەوروپا روویداوە و ئێستە خەڵکانێک پێی سەرسام بوونەتەوە بنەڕەتەکەی چۆن بووە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ زۆر گرنگە ئەمە بزانین، پێمان وانەبێ کە ئەوروپا لە ئاسمانەوە گۆڕانکارییان بۆ هاتۆتە خوارەوە یاخود خۆیان گۆڕانکارییەکەیان کردووە بۆیە باسی گۆڕانکاری و ریفۆرمی ئەوروپی ئەکەین، دەزانن ئەوروپا بە درێژایی مێژوو خەڵکێکی دواکەوتوو بوون، دواکەوتوویان لە ئاستێکدا بوو، کە بەربەرییەت لەناویان دا لە لوتکە بوو بەجۆرێک کە میزی ئاژەڵیان بەکارهێناوە بۆ شۆردنی دەم و ددان، جگە لەوەش بێ متمانەیی بە ئافرەت لە ئاستێکدا بوو کە نەیان دەهێشت بە بێ دەرپێی ئاسن ئافرەتانیان بچنە دەرەوە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێک بوون پێیان وتراوە ڤایکین یان ڤیلین واتە خەڵکی هەمەجیێتی پڕ چەتەی دەریا، هەمیشە خەریکی دزی و خراپەکاری بوون، بەردەوام خەریکی رووتکردنەوەی خەڵکی بوون لەناو دەریاکاندا، هێرشیان دەکردە سەر وڵاتان و خەڵکەکەیان دەکوشت یاخود دەربەدەریان دەکردن.

تا ئەو کاتەی کە دوو شارستانییەتی گەورە سەر دەهێنن، یەکێکیان سیسیلیایە کە شارستانییەتی موسوڵمانانە و عەرەب پێی ئەوت صقلیە. ئەوروپا بە شتی پێی وتراوە سیسیلیا، ئەم ناوچەیە لەلایەن پیاوێکی بەڕێزی کوردەوە بە ناوی ئەسەدی فوراتی سینانی فەتح دەکرێت کە ئێستە پایتەختەکەی ناوی پەرلەمۆ یە، ۲۰۰ ساڵ موسوڵمانان لەو جێگەیەدا حوکمیان کردووە، بە دەیان زانا گەورەی وەکو ئیدریسی و ئەستەخەری و...هتد، خەڵکی ئەو ناوچەیەن و لەوێ پەروەردە بوون و گەشەیان کردووە.

پاشان شارستانییەتێکی تر دروست دەبێت کە شارستانییەتی ئەندەلوسە، باسمان کرد شارستانییەتی ئەندەلوس لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا فەتحکرا، ئەم شارستانییەتە گەیشتبووە ئەوجی دەسەڵاتی خۆی لە هەموو لایەنەکانی وەکو بیناسازی، ئەدوینی، ئەساخی، پزیشکی، ئەندازیاری، هونەر، ئەدەب، جوانکاری و تەواوی لایەنەکانی تریشەوە. ئەندەلوس یەکێک بوو لەو شوێنانەی کە ببووبووە رووگەی زانست و هەموو ئەوروپا رووی تێ دەکرد، وردە وردە ئەوروپییەکان خەڵکی خۆیان ئەنارده زانکۆ و دانشگەکانی ئەندەلوس و سیسیلیا بۆ ئەوەی بێ بکەن.

وردە وردە زانستی موسوڵمانان گەیشتە ئەوروپا، ئەوروپا سەرسام بوونەوە بە ئەبو ئەعلای مەعری، ماوەردی، ئبن سینا، ئەبو نەسر فارابی، ئیمامی غەزالی و...هتد -رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت-، تاکو ئەوکاتەش ئەوروپا هیچ کاتێک نەیتوانییوو گۆڕانکاری بکات لەناو کۆمەڵگەی خۆیاندا، باسی ئەو فەیلەسوف و فەلسەفانەی کە ئێستە هاتوونەتە پێشەوە و خەڵکانێکیان سەرسام کردووە، موسوڵمانان دۆزیبیانەوە و لە لەناوچوون رزگاریان کردن، ئیبن سینا و ئیبن روشد، فارابی، ئیمامی غەزالی...هتد، هەموو ئەم پیاوە بەڕێزانە توانییان ئەدوین و

سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بە زیندووکردنەوەی ئەم فەلسەفانە بۆ ئەوروپا، کە ئێستە سیستەم و دەسەڵات و پەروەردە و هەموو شتێکی خۆیانیان تێدا دارشتۆتەوە، کەواتە ئەم دوو شارستانییەتە سیسیلیا و ئەندەلوس بناغەی شارستانییەتیی ئەوروپا بوون.

شارستانییەتیی سیسیلیا دوای ٢٠٠ ساڵیش، کە لەلایەن نۆردمانەکانەوە ئەڕوخێ ئەوەندە سەرسام ئەبن بەو شارستانییەتە موسوڵمانە دراوێک لێ دەدەن و ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەسەر ئەنووسن: هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ. ﴿٣٣﴾، التوبة واتە: هەر ئەو زاتە بوویە پێغەمبەرەکەی هاوڕێ لەگەڵ هیدایەت و ڕێنموویی و ئایینی ڕاست و دروستدا رەوانە کردووە تا سەری بخات بەسەر هەموو بەرنامە و ئاینەکانی تردا، هەرچەندە موشریک و هاوەڵگەران پێی سەغڵەت و دڵتەنگ بن.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەوان دژایەتی قورئان و موسوڵمانانیان دەکرد؟ لەبەر ئەوەی سەرسام بوون بە سەقافەت و شارستانییەتیی ئیسلامی.

پاش ماوەیەک کە ئەوروپا لە تەنگژەیەکی زۆردا دەبێت فلیپی چوارەم پادشای فەڕەنسا بڕیارێکی زۆر سەیر دەردەکات، بڕیارەکەشی ئەوەیە کە هیچ جوولەکەیەک بۆی نییە لە ئەوروپادا بمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سێ پێشنیاریان ئەخاتە بەردەست، یان ئەوەتا ئەوروپا بە تەواوەتی بەجێ بهێڵن، یان ئەبنە مەسیحی، یاخود ئەکوژرێن، زۆرێکیان ناچار ئەبن ئەچنە ناو ئاینی مەسیحییەوە، هەندێکیشیان ژێر حوکمی موسوڵمانان لە ئەندەلوس هەڵئەبژێرن و دەچنە ئەو وڵاتەوە، هەندێکیشیان دەکوژرێن.

ئەبی عامری مەنصوری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە یەکێک بوو لە خەلیفە بەڕێزەکانی موسوڵمانان لە ئەندەلوس لەو کاتەدا دەرگای وڵات دەکاتەوە بۆیان و ڕێزیش لە زاناکانیان ئەنێت و بە زانای خۆیشی ناویان دەبات. ئێمە شارستانییەتمان وایە کە زانایانی جوولەکەش بە زانا ناوزەند کراون لە قورئانی پیرۆزداو ڕێزیشیان لێ گیراوە، هەموو ئەفکارێک هەموو بیروباوەڕێک لەناو ئەم قورئانەی ئێمەدا دانی پێدا نراوە، سبحان الله کەچی هیچ فیکرێکی تر دان بەم ئیسلامەدا نانێت و موسوڵمانان بە ئیرهابی و دواکەوتوو و کۆنەپەرست لە قەڵەم دەدات لە کاتێکشدا وانییە.

سەرنج بدەن کاتێک کە قورئانی پیرۆز ئەکەیتەوە خوای گەورە یاسای داناوە بۆ جوولەکە، مەسیحی، مەجوسیی و تەنانەت بۆ عەلمانیش ،بۆ ئەفکارەکانی تریش جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەشدا پێوەر دەکرێتەوە.

هەرکەسێ کە تووڕە بوو لە فیکریدا و هەرکەسێ کە هێزی فیزیکی بەکارهێنا و نەیتوانی ڕووبەڕووی بەڵگە و بوەستێتەوە بە هەموو پێوەرێک دۆڕاوە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام دان بە هەموویان دا ئەنێت و ناشترسێت و فیکری خۆیشی ئەرخ دەکات، کەچی ئەوان ڕێک بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەن.

بەڵێ لەو سەردەمەدا هەندێک لە جوولەکەکان ڕوویان کردە جێگەیەک، کە ڕووگەی زانستی ئەوروپا بوو مەبەستمان لە ئەندەلوسە، کۆمەڵێکیشیان وەکو باسمان کرد بەهۆی نەگۆڕینی دینەکەیان هەر لەوێ کوژران و کۆتایی بە ژیانیان هێنرا و هەندێکیشیان بوونە مەسیحی و هەر

لە شوێنی خۆیان مانەوە، ئەوانەی کە لە ئەوروپا مانەوە و بەناو بوونە مەسیحی لە ژێرەوە هەر بە جوولەکەیی مابوونەوە و دووڕوو بوون، وردە وردە خۆیان لە کڵێسا نزیک کردەوە تاوەکو چوونە ناو کڵێساوە و لەوێشەوە چوونە ناو جومگە گرنگ و سەرەکییەکانی دەسەڵاتی فەرەنسا و وڵاتانی تری ئەوروپاوە، چونکە فرنجە لەو سەردەمەی فلیپی چوارەمدا زۆرترین دەسەڵاتی هەبوو لە دوای هێزی چوارەم، فلیپی چوارەم بەهێزترین ئیمپراتۆرییەت بوو، وە دوای ئەویش بنەماڵەی هێزی چوارەم زۆر بەهێز بوون، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە سەردەمی دەستپێکردنی ڕێنیسانسدا فلیپی چوارەم لە هەموویان بەهێزتر بوو، چونکە وردە وردە ڕێچکەی دەسەڵاتی کڵێسا بەرەو لەناوچوون و داڕمان هەنگاوی کرداری نا.

پرسیار ئەکەین کە ئەو ریفۆرمە گۆڕانکارییەی کە لە ئەوروپادا بەرپا کرا چۆن دەستی کرد لە ساڵانی ٤٠٠ کۆچی؟

لەژێر زەبرو زەنگی فلیپی چوارەمدا زۆرێک لە جوولەکەکان بوونە مەسیحی، بەڵام ئەوانیش هەروا دانەنیشتن، بەڵکو لەناو کڵێساکاندا ڕێی خۆیان کردەوە و دەسەڵاتیان وەرگرت. لەو سەردەمەدا پلە و پایە و دەسەڵات بە زۆرێک لە جوولەکەکان درا، کە هاتبوونە ناو دینی مەسیحییەوە، جوولەکەکانیش وردە وردە توانییان بەناوی مەسیحییەوە دەسەڵاتە گرنگەکان وەربگرن و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوە فیکری خۆیان، کە فیکری کاتۆلیکی بوو، وە لە مارتین لۆسەرەوە سەرچاوەی گرتبوو.

مارتین لۆسەر پیاوێکی مەسیحی بوو باوەڕی وابوو، کە دەبێت ریفۆرم بکرێت لەناو ئاینی مەسیحیدا، پێی وابوو مادام لەناو کتێبی ئینجیلدا شەریعەت و ئەحکام و قانون نییە پێویستە سەرچاوەکەیان بگەڕێتەوە بۆ تەورات، ئەمە شتێکی تازە بوو بەم پێیە بێت، ئیتر ئینجیل هیچ بایەخێکی نامێنێت و ئەولەویات هەموو دەگەڕێتەوە بۆ تەورات، تەورات خاوەنی ئەحکامە و ئینجیل تەنها کۆمەڵێک موژدەدانە، لەبەر ئەوەی هیچ ئەحکامێکی لەسەر بینا ناکرێت.

وردە وردە ریفۆرمەکە دەستی پێ کرد، هەرچەندە مارتین لۆسەر دوایی پەشیمان بووەوە چونکە زانی ئەو کەسانەی ئەم کارەیان لەگەڵدا کردووە جوولەکە بوون، بەڵام دوای چی فیکرەکەی بەتەواوەتی بڵاو بوویەوە بە جیهانی ڕۆژئاوادا، ئێستەش مارتین لۆسەر بە پادشای گۆڕانکاری و ریفۆرمخوازی ناسراوە.

گومانی تێدا نییە ریفۆرمی مارتین لۆسەر بۆ ناو کۆمەڵگەی خۆی شتێکی زۆر باش بووە، ئەم ریفۆرم و گۆڕانکارییەی مارتین لۆسەر تەنها ئەوروپای نەگرتەوە، بەڵکو پریشک و کاریگەریشی گەیشتە ناو جیهانی ئیسلامی و ناو موسوڵمانان.

بۆ؟

کاریگەری ئەم ریفۆرمەی ئەوروپا بۆ ناو جیهانی ئیسلامی لەوەدا دروست دەبێت، کە ئەم ریفۆرمە شتێکی تازەی بەرهەم هێنا ئەویش ئەوەبوو، کە تاکو ئەو ساتەش جوولەکە بیری لەوە نەکردبووەوە، کە خاوەنی دەوڵەت بێت.

سەرەتا بیریان لەوە کردەوە، کە لە ڕوسیا دەوڵەت دروست بکەن، بەڵام قەیسەری ڕووس زۆر ڕقی لە جوولەکە و یەهودی بوو، تیۆدۆر هێرزل بە نوێنەری جوولەکەکان چووە لای قەیسەر و

داوای لێ كرد كە واز لە كوشتنیان بهێنێت و یارمەتییان بدات. تاكو لە سیبریا دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن چەندیش پارەت ئەوێت ئەتدەینێ. یەهودی بۆ خۆیان ئەسڵ خەڵكێكی بەدەوین، لە مێژوویاندا خاوەنی دەوڵەتێك نەبوون، خەڵكێكی كۆچەرەو بوون، لە عێراقەوە بەرەو فەلەستین، لە فەلەستینەوە بەرەو میسر، لە میسرەوە بەرەو سعودییە، لە چەند ناوچەیەكی تریش هەمیشە هاتووچۆیان كردووە، وە خاوەنی كیان نەبوون بێنیشتمان بوون.
دوای ئەوە وردە وردە بیریان لەوە كردەوە كە لە دەوری یەك كۆببنەوە و لە جێگەیەكدا و ببنە لانكە و نیشتمانی خۆیان، كە دواتر باسیان ئەكەین، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەوە بوو، كە دروست بوونی ئەم فیكرە بێ بەرنامە و بێ مەرام نەبوو، ئەم ریفۆرمە كە لە ئەوروپا دا ئەنجام دراو جوولەكە سپۆنسەری بوو، وە هەرچی زانا و بیرمەند و قائد و رائد و گۆڕانخواز بوون لە ئەوروپا، كە هەستان بەم گۆڕانكارییە هەموویان جوولەكە بوون، كامەیان دەڵێیت لە كانت، جان جاك رۆسۆ، ماركس و ئەنگلس. راستە خۆیان ئاشكرا نەدەكرد، بەڵام هەموویان بە نهێنی و لە ژێرەوە ئینتیمای تەواویان بۆ جوولەكە هەبوو، وە لە خانەوادەیەكی موتەدەیینیش بوون. تەنانەت ستالین و لینین لە خانەوادەیەكی موتەدەیینی جوولەكە بوون. لە دوای ئەوە، كە بیر دەكەنەوە كە لە شوێنێكدا وڵاتێك بۆ خۆیان دروست بكەن، بەڵام بەداخەوە قەیسەر ناهێڵێت! بۆیە ئەڵێم بەداخەوە، چونكە دواتر دێنە خاكی موسوڵمانانەوە و لە فەلەستین نیشتەجێ ئەبن.
دوای ئەوەی لە سیبریا رێیان پێ نادرێت بیر لەوە دەكەنەوە، كە لە ئەرجەنتین دەوڵەت دروست بكەن، بەڵام هەر زوو پەشیمان ئەبنەوە، چونكە دەیانزانی ئەرجەنتین وڵاتێكی دوورە و خەڵكیان بۆ كۆ نابێتەوە، بۆیە بیریان لەوە كردەوە كە بچنە ئوگەندا و لەوێ خەونەكەیان بهێننە دی، بەڵام دوای ئەوە بیریان لەوە كردەوە ئەوان بە ئەسڵ سامین و ئوگەندیەكانیش لە نەوەی حامن، چۆن دەبێت نەوەی سام بچێتە جێگەیەك كە نەوەی حام بن، پێیان قورس بوو. دوای ئەوە بیریان لەوە كردەوە كە لە قوبرس دەوڵەتێكی ئیسرائیلی دروست بكەن، بەڵام لەمەش پەشیمان ئەبنەوە بە هۆكاری ئەوەی كە زانییان قوبرس ناوچەیەكی بەرفراوان نییە و جەزیرەیەكی بچووكە و لەوە زیاتر گەورە نابێت، بنەڕەتی فیكرەی دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەنی جوولەكەوە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەكەی مارتین لۆسەر، دوای ئەوە پەیوەندی هەیە بە تێكدانی جیهانی ئیسلامیی و خودی موسوڵمانانەوە بۆ ئەوەی لەم رێگەوە دزە بكەنە ناو موسوڵمانانەوە و پەرتەوازەیان بكەن، ریفۆرمیان كرد لەناو خۆیاندا بەڵام بنەمای ئاینیشیان لەناو موسوڵماناندا هەڵوەشاندەوە.
بنەڕەتی فیكرەكەی مارتین لۆسەر لەسەر ئەوە دامەزرا بوو، كە دەبێت هەموو وڵاتان رێز لە قەومی جوولەكە بگرن بۆ ئەوەی حەزرەتی مەسیح بێتەوە خوارەوە، بۆ ئەم مەبەستە پادشای ئینگلتەرا لەو كات و ساتەدا بڕیارێكی دەركرد و رایگەیاند كە دەبێت هەموو جوولەكە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ئینگلتەرا، ماوەیەك پێش ئەوە رێیان لێ ئەگیرا كە لە ئەوروپادا بمێننەوە بە هۆكاری مەكروهبوونیان، بە قەومێكی پیس لەلای ئەوروپییەكان لە قەڵەم دەدران، بەڵام دواتر لەبەر خاتری ریفۆرم و فیكرەكەی مارتین لۆسەر پەشیمان ئەبنەوە.
جوولەكە هەموویان گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرا و لەوێ دەستیان بە كاركردن كرد و یەكەم كاریش كە كردیان بونیادنانی بانكێك بوو بە ناوی بانكی باركلی، ئەم بانكەیان دامەزراند بۆ ئەوەی لە

زایەندییەکی نزیکدا ببنە خاوەنی سەرمایەی خۆیان، واش بوو توانییان پارەیەکی زۆر کۆبکەنەوە دوای ئەوە دەستیان دایە کاری ئیعلامی و توانییان رۆژنامە و گۆڤارێک دەربکەن و دەزگای دەبینەوە بۆ ئەمسا و دەیان پیاوی راگەیاندکاری وەکو ئیۆدۆر هێرزل، کە بە رەچەڵەک خەڵکی ئەمسایە.

دێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەمە چ پەیوەندیەکی بەسەر جیهانی ئیسلامییەوە هەیە لەوەڵامدا دەڵێین بە پێچەوانەوە پەیوەندیەکی زۆر گەورەی هەیە بەسەر جیهانی ئیسلامییەوە چونکە هەر لەسەر ئەو فیکرەیە پیاوێک دروست دەکەن بە ناوی سەبەتای تەسفی و دەینێرن بیخەنە ناو جیهانی ئیسلامییەوە. سەبەتای تەسفی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە سەرەتا بانگەشەی خوایەتی دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەک زانی کە ناتوانێت بەو درۆیەی خەڵکی فریو بکات و بڕوای خەڵکی دەست ناکەوێت، دەست دەکات بە بانگەشەی حەزرەتی مەسیح بوون و ئەیوت من مەسیحم! ئەم کەسە مەسیحی بوو لە کۆمەڵەی مارتین لۆسەر بوو، ئەمەی باسکرا چەند ساڵێکی خایاند و ئامانجیان بوو هاوشێوەی ریفۆرمەکەی مارتین لۆسەر لەناو جیهانی ئیسلامیشدا ریفۆرمێکی زۆر گەورە بەرپا بکەن، ویستیان پاشقولێک لە موسوڵمانان بگرن و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بوون، بەڵام پاشقولەکە زۆر گەورە نەبوو، چۆن؟

خیلافەتی ئیسلامی ئازادی تەواوی دابووە دانیشتوانی لە هەموو چین و توێژەکان، لە هەموو فیکرەکان لە مەسیحی، جوولەکە و باقی فیکرەکانی تریش، هیچ کێشەیەکیان نەبوو تەنانەت لە شاری بەغداد لەسەردەمی عەباسییەکاندا بەترپاکی بەغداد هیچ قانونێکی ئیسلامی بەسەردا جێبەجێ نەئەکرا لەبەر ئەوەی بۆ خۆی کابرایەکی مەسیحی بوو و دادگەیان جیاواز بوو، یاسایان جیاواز بوو، ئەوانیش بەسیفەتی ئەوەی کە لە سنوری دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامیدا دەژیان رێزیان لە دەستور و قانونی ئیسلامی ئەگرت.

خەڵکێکی نەخوێندەوار و نەشارەزا ئێستە دەیانەوێ ئەمەمان پێ بفرۆشنەوە، دەڵێن گوایە موسوڵمانان خاوەنی خیتابێکی گشتی نین بۆ یەهودی، مەسیحی، یەزیدی، کاکەیی و...هتد. لەکاتێکدا ئێمەی موسوڵمان ئەم هەستەمان بۆ دروست بێ و بزانین خیلافەتی ئیسلامی لەسەردەمی عەباسییەکاندا، وە لە سەردەمەکانی تریشدا توانیویانە بە هەرجۆر و شێوەیەک بووە کەمایەتییە دینیانەی، کە بوونیان هەبوو رێزیان بگرن و خزمەتیان بکەن.

مارتین لۆسەر جوولەکەی زۆر بە گەورە پیشاندا و توانی بەتەواوەتی ئاینی مەسیحی وەلا بنێت، وە هەموو ئاواتی ئەوەبوو هەرچۆنێک بووە، ئیش بە ئەحکامەکانی جوولەکە بکرێت و ئینجیل هیچ کارێکی پێ نەکرێت و وای بە خەڵکی گەیاند: ئینجیل دەستکاری کراوە.

لەناو ئەم ریفۆرم و گۆڕانکارییەدا سەرلەنوێ گۆڕانکارییەکی تر روو لە جیهانی ئیسلامی دەکەن، دەیان ویست هەمان ریفۆرم هەمان گۆڕانکاری هەمان تەجروبە لە وڵاتانی ئیسلامیشدا دووبارە بکەنەوە لە رێگەی سەبەتای تەسفییەوە. سەبەتای تەسفی کەسێکی تورک بوو و خەڵکی ئەدەنە بوو، وەکو پێشتر باسمان کرد کەوتە بانگەوازی ئەوەی کە عیسای کوڕی مەریەم-د -علیه السلام- دەیویست بە هەرجۆرێک بووە بە خەڵکی رابگەیێنێت، کە لە ئاسمانەوە هاتووەتەوە لەلای خوا گەورەوە، پێویستیشە خەڵکی شوێنی بکەون، بەبێ هیچ رێگریەکی دەوڵەتی عوسمانلی زۆرێک

لە وڵاتانی ئیسلامی گەڕا، چونكە پێیان وابوو هەركەسێك ئازادە لە گەیاندنی فیكری خۆی بە هەرچێك كارنەكاتە سەر موسوڵمانان.

گەڕانی بە جیهانی ئیسلامی دا بەردەوام بوو، وە ئەم وڵاتانەش گەڕا عێراق، فەلەستین، میسر، تونس، لیبیا و شوێنەكانی تری جیهانی ئیسلامیش گەڕا، دەچووە هەرجێگەیەكیش كەسێكی وەكو نوێنەر و دەمڕاستی خۆی دیاری دەكرد و دەگەڕایەوە بۆ ئەستانە، یاخود بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێ خۆی وەكو پادشای هەموویان ناساند، وردە وردە بانگەوازەكەی فراوان بوو لەناو خەڵكی دا بڵاو بوویەوە كە ئەمە عیسایە و كوڕی خودایە، بانگەوازەكەی گەیشتە ئاستێك كە لەناو ئەستەمبوڵ دا لەناو خیلافەتی ئیسلامی دا خۆپیشاندان و نارازی بوون دژی دەسەڵاتی ئیسلامی دەستی پێ كرد، ئەمەش بۆ خۆی ڕووداوێكی زۆر گەورە و سەیر بوو! كاتێك كە ئەم كارەی كرد خیلافەتی عوسمانلی گرتیان و ئەمری لەسێدارەدانیان بۆ دەركرد بە هۆكاری ئەوەی زەرەری داوە لە ئەمنی قەومی موسوڵمانان.

ئەمەش شتێكی ئەوەندە گەورە نییە یانی خەڵكێك وابزانێ نابێت موسوڵمانان خەڵك بكوژن، لە هەموو جیهاندا وایە هەركەسێك بیەوێت هەوڵی گۆڕینی سیستەمی وڵات بدات بەبێ هۆ نەكوژرێت، چونكە لە تەرەفی جاسوسیدا حیسابی بۆ دەكرێ، دوای ئەوە مەحكەمە دەكرێت و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەكرێت، دوای دەركردنی بڕیاری سزاكەی سەبەتای ئەسفی بە هەرچۆنێك بووە دان بەوەدا دەنێت كە هەڵەی كردووە و پەشیمان دەبێتەوە لە كارەكەی و موسوڵمان دەبێت، حاكمی موسوڵمانانیش بڕیارەكەی سەری ڕەت دەكاتەوە.
زۆر گرنگە بزانین كە موسوڵمانان هەمیشە شارستانییەتیدان وا بووە، لەسەر بنەڕەتی دڵ و دەروون حیسابیان لەگەڵ خەڵكیدا نەكردووە، لەسەر بنەڕەتی ئەوەی فڵانە كەس وابیر دەكاتەوە فیسارە كەس ڕەنی وایە ئەو كارەیان ئەنجام نەداوە، زانیویشیانە ئەم كەسە درۆزن و موونافیقە و لەبەر ئەوە خۆی كردووە بە موسوڵمان كە لە بڕیاری لەسێدارەدانەكە ڕزگاری بێت، لەگەڵ ئەوەشدا قازی و موسوڵمانان ئازادی دەكات، ئەڵیەتە بە تەنها نابێت بەڵكو كۆمەڵێكن بە یەكەوە ئەم كارەیان ئەنجام داوە، ئەبنە موسوڵمان و لەناو خەڵكی دا بە یەهودی دەونەمە دەناسرێن، یەهودی دەونەمە بە واتای هەڵگەڕاوەكان لە ئاینی مەسیحی، لەناو ئاینی مەسیحی دا ئەوەی مورتەد بێتەوە بە ئاینەكەیان پێی دەوترێت: دەونەمە. ئەی بۆچی پێیان دەوترێت یەهودی؟ لەبەر ئەوەی ئاڕاستە و پاڵپشتە گەورەكەیان یەهودی بوو، واتە سەبەتای ئەسفی بڕیاری لەوانەوە وەرئەگرت و لەوانەوە ئاڕاستە دەكرا.
بەڵام كاریان نەوەستا و هەر بەردەوام بوو، مەحفەلەكانیان وردە وردە گەورە بوون، ڕێكخراوی گەنجانیان دروست كرد، ڕێكخراوی ئافرەتانیان دروست كرد، چەند ڕێكخراوێكی تریان دروست كرد لەناو خیلافەتی عوسمانلی دا، یەكێك لەو ڕێكخراوە گەورانەی كە دروستیان كرد بەناوی ئیتیحادی تورەقی بوو. ئیتیحادی تورەقی سەرەتا لەلایەن هەندێك كەسایەتی ناو خیلافەتی عوسمانلی یەوە دروست كرا بۆ مەبەستی چاكسازیكردن لەناو خیلافەتەكەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەیان مەحفەلی ماسۆنی پشتگیری لێ دەكردن و ئامانجیشیان ئەوەبوو كە دەستوری وڵات بگۆڕن، یەكەمجار كە دەیانوت دەستوری وڵات دەبێت بگۆڕدرێ، مەبەستەكەیان ئەوە

نەزمونێك لە گۆرانکاری مێژووی گەلان، نەخێر مەبەستیان ئەوەبو کە دەبێت چاکسازی نەبوو، کە دەبێت دەستوری ئیسلامی بگۆردرێت، بەڵێ هەرچۆنێک بوو ئەمە چەند ساڵێکی خایاند و ریفۆرم بکرێت لەناو خیلافەتی عوسمانلییدا. ئەمە بەردەوامی هەبوو، تاکو گەیشتە سەردەمی سوڵتان عبدالحمید "رەحمەتی خوای لێ بێت- رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەیان زیادی دەکرد و بەدەیان و نزیکیش بوو کە ئامانجەکەیان سەربگرێت. کەسایەتیی گەورە پەیوەندییان پێوەکردن لەوانە: جەودەت نامیق، حیکمەت بابان، جەلالەدینی کوڕی میر بەدرخان و...هتد.

خیلافەتی عوسمانلیش لاواز دەکرێت لە رێگەی ئیتیحادی تورەقییەوە و نیشەکەیان گەورە دەبێت و محمد علی پاشا و ئەفقەتەهاوی و جەمالەدینی ئەفغانی و محمد ئیقبال و زۆرێکی تر لەمانە کە رائد و قائد بوون، جا هەندێکیان بە مەبەست لە رێگەی کەمال نامیق و کەمال ئەتاتورک و بوو بێت یان بێ مەبەست بوو بێت چوونە ناو ئەم مەحفەلانەوە و ئیشیان کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی عەلمانییەت بێتە پێشەوە لە رێگەی ئیتیحادی تورەقی و دەستوری خیلافەتی ئیسلامی بگۆردرێت.

رەحمەتی خوا لە سوڵتان عبدالحمید بێت، کە توانی بە وردی و لێزانی خۆی سی ساڵ لە تەمەنی خیلافەتی ئیسلامی درێژ بکاتەوە و نەهێڵێت ئەو دەستورە بگۆردرێت، بەڵام دوای ئەوە بە مەرامی خۆیان گەیشتن و دەستوری ئیسلامییان گۆری بۆ دەستورێکی دەستکردی عەلمانی بەت، کە خەڵکێک دەیانویست خۆیان بینووسنەوە، بەڵام کەسانێکی هۆشمەند و دینداریش هەبوون کە بەربەرەکانێی ئەمەیان دەکرد لەوانە بەدیعول زەمان سعیدی نەورەسی، شێخ سەعیدی پیران ئیراهیمی خیزانی و...تاد "رەحمەتی خوایان لێ بێت"، زۆر شۆڕش کرا دژی ئەو کارە لە کوردستانی باکوور و لە کوردستانی خۆرهەڵات وە لە زۆر جێگەی تریش لە دژی ئەو بڕیارە وەستانەوە. تەنانەت شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی حەفید لە دژیان وەستایەوە، بەڵام ئیتیحادی تورەقییەکان راوەدوویان نا بەرەو مووسڵ.

زۆرێک لە خەڵکی وا هەست دەکەن ئەمانە کوردایەتییان کردووە، گومانی تێدا نییە کە کوردایەتییان کردووە، چونکە یەکەم کاری کوردایەتی کە ئەنجام درا، دەویسترا دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنرێت، خیلافەتی عوسمانلی بوو کە دانی نا بە کورد و رایگەیاند، دەبێت دەوڵەتێکی کوردی بۆ کوردەکان دابمەزرێنرێت لە پەیمانی سیڤەردا، بەڵام بەداخەوە لە پەیمانی لۆزانا هەڵیان وەشاندەوە، لەبەر ئەوەی ئەیان ئەویست دەوڵەتێک بوونی هەبێت بەناوی دەوڵەتی کوردییەوە، چونکە کوردان هەمیشە پشتگیرییان لە خیلافەتی ئیسلامی دەکرد و خەڵکێکی موسوڵمان بوون.

شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودیش یەکێک بوو لەو سەرکردە کوردانەی کە پشتگیریی تەواوی لە سوڵتان عبدالحمید دەکرد، هەر بۆیە ئیتیحادە تورەقییەکان راوەدوویان نا بەرەو مووسڵ و لەوێش رووداوێکیان بۆ دروستکرد کە بووە هۆی شەهیدبوونی ئەو پیاوە بەرێزە و کوڕێکی، دوای ئەوە شێخ مەحموود گەڕایەوە و ئەوانیش توانییان لەگەڵ ئینگلیزدا دەست تێکەڵ بکەن تا کۆتایی بە خیلافەتی عوسمانلی بهێنن و شێخ مەحموودیش کەوتە شەڕێکەوە لەگەڵ ئینگلیزدا

ئەو گۆڕانكارییە جزریەی كە كراوە لە ئەوروپادا تەئسیری لەسەر وڵاتی ئێمەش دانا، خەڵكێك دەپرسێت ئەی باشە كەس نەبوو ئەمە رابگرێ، لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ بەدڵنیاییەوە خەڵكێك هەبوون كە ئەمە رابگرن، دەیان پیاوی وەكو سەعیدی نەورەسی، ئیبراهیمی خیزانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ سەعیدی باوكی شێخ مەحموود، شێخ عوبەیدوڵای نەهری و زۆرێكی تریش كە رانەو قائد بوون دەیانویست رێگری بكەن لەو كارە ترسناكە، بەڵام هۆكارەكەی چی بوو كە نەتوانرا ئەو دەمە رێ بگیرێ تاكو عەلمانیەت هاتە وڵاتمان و گۆڕانكاری خۆی كرد لەناومان دا و تاكو ئێستەش پێوەی ئەناڵێنین، (كە دەڵێین پێوەی ئەناڵێنین بە واتای ئەوەی ئێمە خۆمان لەدەستدا، بیر و بۆچوون و تەسەوراتی بنەڕەتی خۆمان لە دەستدا).

ئەگەر دیقەت بدەن ئەو كەسانەی كە لە لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عوسمانلییەوە رۆشتنە ئەوروپا كەسانێكی وەكو محمد علی پاشا، رەفاعە طهطاوی و جەمالەدینی ئەفغانی ئەمانە هەموو چوونە فەرەنسا و گۆشەگیركران یان كەسێكی وەكو ئیسماعیل خدێوی ئەمانە لە ئەوروپا پەروەردەكران و دەیانویست ئەو سیستەمەی كە لە ئەوروپا پەیڕەو دەكرێت بیهێننە وڵاتی موسوڵمانانەوە، باشە سیستەمەكەی ئێمە چ هەڵەیەكی تێدا بوو، وا ئەوان دەیانویست راستی بكەنەوە؟ ئەوان ئیشباع نەبوو بوون بە فیكری ئیسلامی، ناڵێین خیلافەتی ئیسلامی بێ كێشە و گرفت بوو، نەخێر، ئەم خیلافەتە لە كۆتایی تەمەنی دا سەرێكی مێرولەیی و لاشەیەكی دایناسووری هەبوو! خاوەنی فیكری خۆی نەبوو لەڕووی سەربازیی و چەكەوە زۆر پێشكەوتوو بوو، وە زۆربەی ناوچەكانی لە ژێر دەستابوو، بەڵام لەڕووی عەقڵ و فیكرەوە نەیدەتوانی خەڵكەكەی خۆی ئیشباع بكات.

ئەم سیستەمەی سەری هەڵدا تازە بوو لە سەدەی ١٨-١٩ زایینی دا سەر هەڵدا كە سەدەی رێنیسانسی ئەوروپا بوو، سەدەی پێشكەوتنی زانست و عیلم بوو، بەڵام خیلافەتی عوسمانلی هیچ گرنگییەكی نەدا بەوە چونكە وەكو باسمان كرد لاشەیەكی دایناسووری و سەرێكی مێروولەیی هەبوو هەربۆیە ئەو خەڵكە بەو شێوەیەی لێهات، خەڵكانێكی تر ویستیان دەست بكەنەوە بە گۆڕانكاری لە رووی قیەمەوە، لەڕووی بیروباوەڕەوە لە رووی زانستەوە، بەڵام فریا نەكەوتن.

ئەوەی كە باسمان كرد لە باسی گۆڕانكاری گەلان دەبێت ئەوەمان بۆ روون بووبێتەوە كە خاڵی زەعف و لاوازی ئێمەی ئوممەتی ئیسلامی لە كوێدایە، تا كاتی خۆی بوو گۆڕانكاریمان پێ نەكراو خەڵكانێكی نامۆ بە كولتوور و قیەممان هاتنە وڵاتمانەوە، ئەفكارێك رووی لە وڵاتی ئێمە كرد كە هاوردەی جێگەیەكی تر بوو، عەلمانیەك هاتە پێشەوە كە بە ئێمە نامۆ بوو ئێمەش بەئەو نامۆ بووین، راستە لە جێگەو مەكانی خۆیدا ئیش باشی كرد، خزمەتی باشی كرد بە هەندێ كۆمەڵگە، لەبەرئەوەی ئەو كۆمەڵگەیانە كۆمەڵگەیەكی تینوو بوون بۆ ئەوەی بپارێزرێن لە دەسەڵاتێك، كە دەسەڵاتی ئەكلریۆس بوو، دەسەڵاتی خوایەتی خەڵك بووە كە خۆیان بە خوا زانیوە. بەرهەمی هەبوو بۆ وڵاتی ئەوان بەڵام بۆ وڵاتی ئێمە تووپەكی زڕ دەرچوو، ئەشێت مودەیەك سێبەری هەبێت بەڵام هیچ بەرەوبوومێكی نییە، بۆیە كە عەلمانیەت پەلی هاویشتە وڵاتی ئێمەوە خەڵك پێی نامۆ بوو وە وردە وردە خەڵك پێی ئاشنا نەبوو، ئێستەش هەر بە خەڵكی وڵاتی ئێمە نامۆیە،

ئەوەشی کە عەمەلی هەڵبژاردووە بەچکە موسوڵمانە و کوڕی شێخ و مەلایە، بۆیە لەناو ئێمەدا ئەو حەرەکەتە گۆڕانکارییە تاکو ئێستە بە تەواوەتی ئەنجام نەدراوە، ئێمە بۆ خۆمان نازانین گۆڕانکاریی بە چی بکەین.

گۆڕانکاری و ریفۆرم کرا لە ئەوروپادا ویستیان خاڵی جەوهەری و پەیامی ئێمە ئەمەیە کاتێک کە گۆڕانکاری و ریفۆرم کرا لە ئەوروپادا ویستیان هەمان شت دووبارە بکەنەوە، لەناو خەڵک و وڵاتی ئێمەدا، فکر و پلانەکەشیان تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەداخەوە هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە خەڵکی وڵاتی ئێمە شوێنیان کەوتن، ئەگەر تۆ بۆ خۆت خواردنێک سوودی بۆت نەبێت و زەرەر بدات لە لاشەت تووشی نەخۆشیت دەکات، ئەم ئەفکارانەش کە گەشت بە ئێمە راستەوخۆ ئێمەی تووشی رشانەوەی فیکری کرد، ئەسڵ ئەوەیە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی خۆمان، تاکو بتوانین گۆڕانکاری لەناو گەلی خۆماندا بەرپا بکەینەوە.

گەلی ئێمە تینووە بۆ رەوشتی ئیسلامی بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی بۆ قیەم و ئەخلاقی ئیسلامی بەڵام بەو مەرجەی کە هیچ شتێکی تری تێکەڵاو نەکەین، ئیسلامەکە وەکو خۆی بە خەڵکی بناسێنین ئەگەر باش بوو با خەڵک لێمان وەرگرێ لە پێچەوانەکەشی تۆ چیت لەسەرە وەکو خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ)، واتە: تۆ تەنها راگەیاندنت لەسەرە و هیچی تر کە حاشا هەرگیزاو هەرگیز خراپ نییە، بەڵام مەبەستەکەی ئێمە ئەوەیە تۆ لەسەرتە بانگەوازەکە بکەیتی، وە بۆ بانگەوازی گۆڕانکاریش پێویستە بەردەوام سیاقی تازەکردنەوەی خۆت بکەیت لەگەڵ سەردەمدا.

چۆن بتوانین ژیانی خۆمان گرێ بدەینەوە لەگەڵ ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی لە خیلافەتی راشیدین، بۆیە ئەو هەموو ناڕەحەتی و چەرمەسەری و دەربەدەرییەیان بە سەردا هات، چونکە سوننەتی خوای گەورە وەهایە، کە دەبێت ئەو شتانە لەژیانی موسوڵمانانیشدا دووبارە ببنەوە، گۆڕانکاری ناکرێت ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ شارەزایی نەبێت، ئەگەر ئەتەوێت لەسەر بنەڕەتی بونیادی کەسایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر رێگەیەکی پێغەمبەرانە هەوڵ بدەیت و گۆڕانکاری بکەیت ئەی چۆن دەبێت تۆ ئاگادار نەبیت بەوەی، کە پێغەمبەرە ئازیزەکەت ﷺ چی کردووە خۆی کێشەی ئێستەی زۆربەی زۆری موسوڵمانان لەوەدایە، دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ سەردەمی خۆی بوو، (نووسەر: من دەڵێم پەنا بە خوا لەم قسەیە)، چونکە راستە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو سەردەمە بوو، بەڵام هەر هەمان شتە دووبارە دە بێتەوە (وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ) باس لەوە ئەکەین ئایا ئەوەی کە لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ روویداوە لە ژیانی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە و هەمان شتە، یاخود نا، "ئەو سەردەمە بەسەرچوو ئەمە سەردەمێکی ترە دەبێت ئێمە بۆ خۆمان بە بیرو عەقڵی خۆمان بیربکەینەوە و واز لەوە بێنین کە پێغەمبەری خوا ﷺ چی کردووە، نابێت ئێمە لاسایی ئەو بکەینەوە!"، لە کاتێکیشدا ئەو فەرمانی پێ کراوە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ئەم پێغەمبەرە ﷺ کە بۆ ئێوە هاتووە (أسوة الحسنة) یە، دەبێت بزانین کە پێشەنگ و لاساییکردنەوەی واجبە.

ئەگەر كەسێكیش بڵێت من لاسایی ناكەمەوە پەنا بە خوای گەورە ئەوكات تەنها یاخیی بوون نییە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵكو ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورەشی بەدرۆ خستۆتەوە، بەڵێ ئەمە شتێكی حەتمییە و نابێت خەڵكێك بڵێت وەڵا ئەمە شتانێكە كە دەیەوێ بەسەر خەڵكی دا بسەپێنێ و دەبێت شوێنكەوتەی پێغەمبەر ﷺ بیت. بەڵێ، گومانی تێدا نییە كە مرۆڤ دەبێت شوێنكەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت، وە نمونە زۆرە لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو شتانەی كەبەسەریدا هاتووە وە دەبێت ئێمەش سەرنج بدەین و بزانین ئەوەی بەسەر پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە، چۆن چارەسەری كردووە.

بۆ نمونە ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داوە لە ژیانی دا ئایا ئێمەی شوێنكەوتەی دەتوانین لەم سەردەمەدا دووبارەی بكەینەوە، ئایا هەمان كارمان پێ دەكرێت یاخود پێمان ناكرێت. نمونە لەسەر بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ گومانی تێدا نییە، كە ئێمە دەمانەوێت گۆڕانكاری بكەین لە ناخدا لە دڵ و دەروندا، وە لەناو خێزانەكەی دا دوای ئەوە لەگەڵ دراوسێدا و لەناو دام و دەزگەكانمان دا، پاشان لە وڵاتمان دا، سەرباری ئەوەش دەبێت بزانین خەڵكێكی حوكمڕان بەرژەوەندی لەوەدا نییە كە گۆڕانكاری بكرێت، چونكە پرۆژەكانی دەكەونە مەترسییەوە، هەركەسێكیش پرۆژەی بكەوێتە مەترسییەوە و ترسی هەبێت لەوەی كە سیستەم و دەسەڵاتەكەی تێك بچێت، حەتمەن ناهێڵێ گۆڕانكاری بكرێت.

كاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی گۆڕانكاری بكات خەڵكێک ڕووبەڕووی بوویەوە، سەرەتا بەشێوەیەكی ئاشتیانە هاتن بۆ لای و پێیان ڕاگەیاند؛ محمد چیت ئەوێت بۆت ئەكەین، بەڵام با پرۆژەكانمان فەشەل نەهێنێ، پێیان وت خۆت باش دەزانیت ئەچین بەرەو یەمەن و شام و خەریكی كەسابەتی خۆمانین و خەڵكێكی زۆریش بەبۆنەی كەعبەوە ڕوومان تێ دەكات، با ئەم هەلەمان لە دەست دەرنەچێت، ئەتكەین بە شەریكی خۆمان و لای خۆمان ڕێت بۆ دەكەینەوە.

ئێستەش هەر هەمان حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، خەڵكێک خاوەن پرۆژەیە و نایەوێت دەسەڵاتەكەی لەناو بچێت و نایەوێت كۆمپانیاكانی لەكار بكەون، كاتێک كە تۆش ئەتەوێت گۆڕانكاری بەرپا بكەیت و بیخەیتە مەترسیەوە وە ئەتەوێت ئاگاداری بكەیتەوە كە سەروەت و سامانێكی زۆری خەڵكی خواردووە، پێی دەڵێی كاكە گیان ئەم سەروەت و سامانە بۆ ئاوا بە هەدەر دەدەیت، پێت دەڵێت وەرە كاكە تۆش لەگەڵماندا شەریک بە، بەڵام مەبخۆ.

(وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ)، ئەو ڕۆژانە چی ڕوویداوە سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە، كوردیش جوانی وتووە: "ڕۆژان ڕۆژێ لە دوایە". دوای ئەوە زانییان كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر وریاكردنەوەی خەڵكی بەردەوامە دەستیان كرد بە ناشیرینكردنی شێوە و بانگەوازەكەی، یەكەمجار وتیان ئەمە چییە شتێكی هێناوە هەمووممان ئەیزانین خۆ ئێمەش دەڵێین با خەڵک باش بێت و خراپەكار نەبێت و دەست و دەم پاک بێت، بەڵام لە ڕاستییدا بیروباوەڕی لەگەڵدا نەبوو، بۆ نمونە كاتێک كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: إِنَّمَا بُعِثْتُ، خۆ لەناو عەرەبدا درۆكردن شتێكی قێزەون بووە، عەرەب درۆی نەكردووە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی هاتووم بۆ ئەوەی ئەخلاقە جوانەكان تەواو بكەم، هەندێ ئەخلاقیات هەبووە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە بۆ ئەوەی تەواو و كاملیان بكات جوانتریان بكات، بۆیە

بانگەوازەکەی، جاری وا هەبوو گاڵتەیان بە شێوەی قسەکردنی دەستیان دایە ناشیرینکردنی بانگەوازەکەی، جاری وا هەبوو گاڵتەیان بە شێوەی قسەکردنی دەکرد و دەیان وت ئەمە چییە هەر باسی خوایەکمان بۆ ئەکەیت، ئەوە چییە ئەو جلوبەرگەی لەبەردایە.

ئێستەش هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، یەکێک دێت پێت دەڵێت تۆ سەیرە وا هەست ناکەن ئێستەش هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، یەکێک دێت پێت دەڵێت تۆ سەیرە ریش ئەم موسوڵمانانە ناکەیت؟ ئەرێ ئەم ریشە درێژە چییە هێشتووتەوە؟ ئێ کاکە تۆ عیلاقەت چییە بەسەریەوە خۆ ئەگەر فەرزیش نەبێت لەسەر موسوڵمانان لانیکەم سوننەتێکی پێغەمبەری خوایە ﷺ، تۆ کە خۆت کەمتەرخەمیت و نیتە، بۆ وا لە یەکێکی تریش ئەکەیت نەیبێت، بۆچی گاڵتە بە ریشی خەڵکی ئەکەیت؟ بۆچی گاڵتە بە جلوبەرگی خەڵکی ئەکەیت؟ ئێستەش هەمان رێگە بەکار ئەهێننەوە، خەڵکانێک دەیانەوێ بانگخواز ناشیرین بکەن، پێی دەڵێن دزە، پارەخۆرە، کورە راست ناکات، بە پێغەمبەری خوایان ﷺ ئەوت ئەمە شاعیرە هەر خۆیان وتیان باشە تۆ تاکو ئێستە رۆژێک لە رۆژان محمدمان نەبینیوە هۆنراوە بڵێت!، وتیان دەی باش پێی ناڵێین شاعیر پێی دەڵێین کاهین هەرلەبەر ئەوەی ناشیرینی بکەن لەبەرچاوی خەڵکی و خەڵکی لێ دوورخەنەوە، دوای ئەوە وتیان دەی باشە خۆ ئەمان بینیوە وەکو کاهینەکان هەڵسوکەوت کات، وەلیدی کوڕی موغیرە وتی دەی باشە مادام ناتوانین پێی بڵێین شاعیر و ساحیر و کاهین، کەواتە پێی دەڵێین شێت! بەڵکو بەمەیان خەڵکی بڕوامان پێ بکات و لێی دوورکەونەوە.

لەسەر ئەم بابەتە نموونەیەک باس ئەکەین کە بەسەرهاتی کات ستیڤنسە، کات ستیڤنس گەنجێکی گۆرانیبێژی بەریتانی زۆر دەوڵەمەند بوو، هاندەرێکی زۆری هەبوو، هیچ شتێکی کەم نەبوو لە پارە و سەروەت و سامان و خۆشیە فریودەرەکانی جیهان، رۆژێک هەر لەخۆیەوە تووشی نارەحەتی دەبێت تا وای لێ دێت بەردەوام هەست بە نائارامی دەکات، بێ ئەوەی شتێکی وا رووی دابێت تووشی کائەبە بووە و هەست بە شڵەژانی دەروون دەکات. زۆرێکیش لە گەنجەکانی ئێمە ئێستە لەو حاڵەتەدان کە پێیان دەڵێیت ئەوە کاکە بۆ بێتاقەتی دەڵێت وڵا نازانم هەر لەخۆمەوە بێتاقەتم، ئێ بۆچی هۆکارەکەی چییە؟ حەتمەن دەبێت شتێک هەبێت کە ئاوا بێتاقەتی کردوویت.

بێتاقەتی کات ستیڤنس هەر لە خۆوە بوو خۆ هیچ شتێکی کەم نەبوو، گەنج بوو، گۆرانی بێژ بوو، دەوڵەمەند بوو، ناسراو بوو و کاتێک کە ئەم حاڵەتەی بەسەردا هات لە ماڵەوە بۆ خۆی کەوتە لە گۆرانی وتن دوورکەوتەوە و هاتووچۆی دەرەوەی نەدەکرد و هاوڕێیەتی کەسیشی نەدەکرد، برایەکی لە دەرەوەی ئینگلتەرا رۆژنامەنووس بوو، هەندێک دەڵێن لە سعودییە بووە، لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئینگلتەرا قورئانێکی بە دیاری بۆ ئەهێنێتەوە، پێش ئەوە کات ستیڤنس زۆرێک لە کتێبەکانی تری خوێندبوویەوە وەک ئینجیل و تەورات، بەڵام چارەسەری دەردی ئەویان نەکردبوو، کاتێک براکەی قورئانەکەی بۆ ئەهێنێت، دەست دەکات بە خوێندنەوەی سورەتی رەعد، تاکو ئەگاتە ئایەتی ٢٨ لەو سورەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾. ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خوا و (پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

ئەمە بەرپاكردنی گۆڕانكارییە لە ناخدا، وەکو کوردەواری دەڵێت راستەوخۆ فەریحی بە دڵ و دەروونیدا دێت، موسوڵمان دەبێت و ناوی خۆی ئەگۆڕێت بۆ یوسف الاسلام-. هەموومان ئەیناسین و گوێمان لەو دەنگە خۆشەی بووە کە ئێستە سرود دەڵێت بۆ خۆشەویستی ئیسلام و پێغەمبەرەی ﷺ.

چی ئەم گەنجە گۆرانیبێژەی رزگار کرد لە نائارامیی و رەشبینیی و ناڕەحەتی و ناهەمواری؟ بۆیە ئێستە خەڵكێک پێی سەیرە بە تایبەتی لە ئەوروپادا کە موسوڵمانێک ئەبینێت هەمیشە روو خۆش و بۆن خۆشە و بە سیواک بە دەست و دەم و ددانی بە جوانی ئەهێڵێتەوە و بەڕێزە لەناو خەڵکی دا، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی تر ئەمەی ئەوێ بەڵام پێ ناکرێت هەزار و یەک قسەی بۆ دروست دەکات.

گۆڕانکاری بەمانە دەکرێت بە خەڵکێک دەکرێ کە پاک و تەمیز و روو خۆش بێت، واجیبەی جوان بێت، چونکە موسوڵمان واجیبەی جوانە، لەبەرانبەردا خەڵکێک قسەی بۆ دروست دەکات کە پرۆژەکانی لە مەترسیدان، یان هەمیشە هەوڵ دەدەن خەڵکی سەرقاڵ بکەن بە شتی لابەلا و بێ سوودی وەکو جگەرە و ئێرگەلە کێشان و کات بە فیڕۆدان و مۆدێلبازی و سەیرکردنی ئەفلام و ڤیدیۆ کلیپ و...هتد، تەنها بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە سەرقاڵ بێن و بیر لە گۆڕانکاری نەکەنەوە، خەڵکی سەرقاڵ دەکەن بە شتانێکەوە کە نەسوودی دنیای هەیە و نە سوودی قیامەتیشی هەیە، خۆ سەرقاڵیان ناکەن کە داهێنان بکەن.

پێویستە دەسەڵاتداری وڵاتی ئێمە گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، ئێستە ئەگەر ئێمە بیر لەکورد بکەینەوە و بڵێین دەی باشە چ داهێنانێکی کردووە لە جیهاندا کە دیار بێت و جێی شانازیمان بێت ئارەقەی شەرم بەگیانتدا دێتە خوارەوە، بە هەموو ئەو قسە زلانەی، کە دەکرێت کە شارستانیمان هەیە و نازانم ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، باشە کوا لە ئەرزی واقیعدا چیت کردووە؟ تۆ پێویستت بەوە هەیە داهێنان بکەیت، پێویستە لەناو گەلانی جیهاندا سەرت بەرز بکەیتەوە، ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا هاتە ژێر سفرەوە، بەڵکو زۆر لەوەش خوارتر، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خۆی هەڵساندەوە و هەموو مەکاینەکانی خۆی خستەوە کار، ئێستە قسە رۆشتووە لە جیهان دا بە هۆکاری زانست و زانیاری و داهێنانەکەی.

سەیری وڵاتێکی وەکو یابان بکەن لە دوای هیرۆشیما و ناکازاکی، کە بە بۆمبی قەدەغەکراو بۆردومان کران هەموو شتێکیان لەناوچوو، بەڵام لەدوای ماوەیەکی کەم هەستانەوە و ئێستە هەمووتان دەزانن کە یەکێکە لە وڵاتە بەرهەمهێنەرە گەورەکان لەبواری تەقەنییەت و تەکنەلۆجیای ئەلیکترۆنی دا، ئەمریکا قسە رۆشتووە لە جیهاندا لەبەر ئەوەی خاوەنی زانستە و خەڵکەکەی سەرقاڵ ناکات بە شتی ئەرفیهی و لابەلاوە، خەڵکی وڵاتەکەی هان دەدات بە خوێندن و خوێندنەوە، بەرهەمەکەشی دیارە ئێستە باشترین زانکۆکانی جیهان لە ئەمریکا دان، دوای ئەو فەڕەنسا دێت پاشان ئینگلتەرا و یابان، لەم ریزبەندیەدا هەبێت و نەبێت چەند وڵاتێکی موسوڵمان ئەبینرێت، لەوانە: تورکیا و مالیزیا و ئەندەنوسیا و باقی وڵاتانی تر ناوی زانکۆکانیان نابرێت لەبەرئەوەی ئەوەکانیان سەرقاڵ کراون بە شتی لاوەکیی و کات بەڕێکەر.

هەمیشە دوژمن بۆ ئەوەی کە گۆڕانکاری نەکەیت بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵت دەکات، بۆیە باسی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن چارەسەری ئەم مەوقیفانەی کردووە، کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ قورئانی ئەخوێندەوە لەناو شاری مەککەدا خەڵک سەرسام ئەبوون، کابرایەک بە ناوی نەزری کوڕی حارس چوو بۆ وڵاتی فارس و هەندێ چیرۆکی ئەسفەندیار و رۆستەمی هێنا لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی سەماکەر، کاتێک کە پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی ئەخوێندەوە، ئەویش لە شوێنێکی دیاری شارەکەدا لەسەر سەکۆیەک ئافرەتەکانی دائەنا و ئەیخستنە سەما و خەڵکی کۆ دەکردەوە و لەدەوریان.

ئەیوت وەرن ئێمە لە محمد شتی باشتر و چاکتر و سەرسوورهێنەرترمان هێناوە، ئێمە لەو قسانەی کە محمد دەیانکات باشترمان لایە، ئەو باسی چیرۆکی بەنی ئیسرائیل دەکات بۆتان، ئێمەش باسی ئەسفەندیار و رۆستەمتان بۆ ئەکەین، ئەو گۆرانیتان بۆ نائێت ئێمە گۆرانیشتان بۆ دەڵێین، خۆ ئەو ئافرەتی سەماکەری لەگەڵدا نییە، ئێمە ئافرەتی جوان و سەماکەریشمان لەگەڵ دایە.

خوای گەورە ئایەتێکی نارده خوارەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٦﴾﴾، لقمان. واتە: هەندێ لە خەڵکی هەن قسەی بێ خێر و بێ مانا دەکڕن (وەك گۆرانییە ناپوختەکان، کتێب و شریتە بێ نرخەکانیان...هتد) تا خۆی و کەسانی تریش لە رێبازی خوا وێڵ بکات، بێ ئەوەی هەست بکان بە مەترسی کارەکەی، بێ ئەوەی بزانێ چ کەتنێك دەکات بەخۆی و خەڵکی، وە گاڵتە بە پەیام و رێبازی خوا دەکات، ئا ئەوانە سزا و تۆڵەیەکی ریسواکەر و ئابڕوبەر چاوەڕێیانە.

هەرکەسێک بیەوێت خەڵکی لەسەر رێگەیەک لا بەرێت و بەرەو خراپەکاری و سەرگەردانیان بەرێت، وەکو نەزری کوڕی حارس وایە.

پیاوەران و ناحەزانی رێگەی راستی پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە لە هەوڵی ئەوە ئەکەوتوون، کە خەڵکێک سەرقاڵ بکەن بە شتی تەرفیهی و شتی لابەلاوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری کاریان تێ نەکات و ئاوڕ بەلایدا نەدەنەوە، بەتایبەتی لاوەکان، چونکە لاوەکان کەرەستە و داینەمۆی گۆڕانکارین، بۆیە نموونەی نەزری کوڕی حارسمان هێنایەوە، چونکە ئامانجی سەرقاڵکردنی خەڵکی بوو بەتایبەتی لاوان. بەڵام خوای گەورە هەر زوو چارەسەری ئەمەی نارد بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ کاتێک کە نەزری کوڕی حارس و دار و دەستەکەی خەریکی سەما و گۆرانی وتن بوون خوای گەورە ئایەتی دابەزاند بەشێوەیەک کە جێگەی سەرسوورمانی خەڵکی بێت، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: (الم) ﴿١﴾ البقرة. خەڵک بەلایانەوە سەیر بوو بۆ یەکەمجارە لەناو عەرەب دا شتی پێت دەوترێت، (یس) ﴿١﴾ یس، (ص) ﴿١﴾ ، (کهیعص) ﴿١﴾ مریم. ئەمانە جێگەی سەرسوڕمان بوون کاتێک ئەوان رێگەیەکی راگەیاندنی بەکار ئەهێنن، پێغەمبەری خواش ﷺ دژەکەی بەکار دەهێنایەوە لەگەڵیان دا، ئەمە وانەیە بۆ ئێمە کاتێک کە کەسێک دەیەوێت سەرقاڵت بکات بە شتێکی بێ سوودە، وە ئەوکات تۆش پێویستە بۆ گۆڕانکاری تاقەکانی خەڵک تەوزیف بکەیت تا بتوانی گۆڕانکاریەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەیت.

یان بۆ نموونە ئەهاتنە لای پێغەمبەر ﷺ داوای موعجیزەیان لێ دەکرد، لەوانەیە ئێستە خەڵکێک بڵێت ئەو کاتە موعجیزە هەبوو چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیاندا بوو، ئەی ئێستە چی بۆ

کەس توانای ئەوەی نییە موعجیزە بخولقێنێت یاخود داوای موعجیزە بکات؟ ئەمە راستە، بەڵام ئێستە خەڵک داوای بەڵگەت لێ دەکەن، پرسیاری ئەوەت لێ دەکەن ئایا موعجیزەکانی محمد ﷺ راست بوون؟ موشریکانی شاری مەککە داوایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد، باشە تۆ ئەگەر پێغەمبەری، مانگ لە ئاسماندا بکە بە دوو کەرتەوە! ئەمە شتێکی تەعجیزییە و شتێکە زلەمە، کێ ئەتوانێ مانگ بکاتە دوو کەرتەوە؟

بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها لە پێناوی هیدایەتی ئەوان داوای لە خوای گەورە کرد و لێی پاڕایەوە، کە لەسەر دەستی ئەو مانگ بکرێت بە دوو کەرتەوە، خوای گەورە نزاکەی قبووڵ کرد و بە بەرچاوی موشریکینی قورەیشەوە لەسەر ئیشارەتێکی پەنجەی موبارەکی پێغەمبەری خوا ﷺ مانگی لە ئاسماندا کرد بە دوو کەرتەوە و هەر لەتێکی خستەسەر شاخێکی شاری مەککە! ئێمە وەکو موسوڵمان بڕوای تەواومان بەم موعجیزەیە هەیە، لێ ئێستە ئەتەوێت گۆڕانکاری بکەیت؟ ئەتەوێت بە پڕۆژەی ئیسلامییەوە بێیتەوە ناو خەڵکی؟ ئەی پێت نالێن نا، کاکە تۆ خاوەنی دینێکی کە بە خەڵکی دەڵێن پێغەمبەرەکەمان ﷺ مانگی کردووە بە دوو کەرتەوە.

بەڵێ ئێمە وا دەڵێین بڕوای تەواویشمان هەیە، دەڵێن بەڵگەت چییە خۆ بە قسە نابێت؟ بەلگەکان زۆرن، بەڵام لێرەدا بەسەرهاتێکی راستەقینە باس ئەکەین بۆ ئەو کەسانەی، کە بڕوایان نییە یاخود گومانیان هەیە.

یەکێک لە بانگخوازە موسوڵمانەکان بەناوی د. نجات زغلول لە شاری کاردیفی وڵاتی ئینگلتەرا لە سیمینارێکدا باسی موعجیزەی لەتکردنی مانگ دەکات، گەنجێکی ئامادەبووی ناو محازەرەکە رەخنە ئەگرێت لە قسەکانی د.نجات و دەڵێت ئەم قسانە بێ مانان، چۆن مانگ دەبێت بەدوو کەرتەوە؟ بڕوا ناکات.

ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا چەسپاوە خوای گەورە دەفەرموێت: (اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ)، ﴿١﴾، القمر. ڕۆژی قیامەت نزیك بۆتەوەو مانگیش لەتبووە (هەندێ گێڕانەوە هەیە کە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە: خوانەناسان داوای (معجزة)یان لە پێغەمبەر کردبێت، ئەویش پەنجەی موبارەکی رووەو مانگ بزواند و بە ویستی خوا لەت بوو)، بەڵام هەندێك لە مفسرین دەڵێن: ئەم رووداوە لەسەرەتای بەرپا بوونی قیامەتدا پێش دێت.

بەڵێ، لە راستیدا روویداوە و لە قورئانی پیرۆزیشدا باس کراوە، ماوەیەک بەسەر ئەم سیمینارەدا تێپەڕ دەبێت و ئەم بابەتەش هەر لە مێشکی ئەم گەنجەدا ماوە تاکو ڕۆژێک لە بەرنامەی کەناڵێکی ئاسمانیدا پێشکەشکاری بەرنامەکە رەخنە ئەگرێت لە دەزگەی ناسای ئەمریکی، (ناسا دەزگەیەکی گەورەی جیهانییە، بەڵام ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات)، رەخنە ئەگرێت و دەڵێت ئەو هەموو پارەیەی کە ئێوە سەرفتان کردووە بۆ ناسا و سەرفی دەکەن لەو دەزگەیەدا هەمووی بەفیڕۆدانە و دەچێتە بابی گەندەڵی، ئەمە پارە و سەروەت و سامانی خەڵکییە، ئێوە چ سوودێکتان لێ بینیوە؟ ئەم رەخنانە لە سێ پسپۆڕی ئامادەی بەرنامەکە ئەگرێت، یەکێک لە پسپۆڕەکانیش دەڵێت بۆچی ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی ئێمە ئەکەیت و رەخنەمان لێ دەگریت لە کاتێکدا ئێمە دۆزیومانەتەوە کە مانگ شەق بووە و پاشان بەیەکەوە لکێنراوەتەوە.

لە دین نییە و بەرگریکردن لە دین نییە و نە کەناڵێکی ئیسلامیش نییە، بەڵام ئەو باسەکە باسی دین نییە و بەرگریکردن لە دین نییە و نە کەناڵێکی ئیسلامیش نییە، بەڵام ئەو ناڕاستەوخۆ و بێ ویستی خۆیان موعجیزەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەسەلمێنن و خەڵكی بەرەو دینی ئیسلام ڕادەكێشن! گەنجێکیش بینەری ئەم بەرنامەیە و پێشتر ئەمەی بیستووە، بەڵام بڕوای نەکردووە ئەوە ئێستە دووبارە پەخشی ئەکرێتەوە. گەنجەکە کە ئەمە ئەبیستێ قسەکانی دکتۆر زغلولی بیردێتەوە لە سیمینارەکەدا و ڕاستەوخۆ موسوڵمان دەبێت.

کەواتە گرنگە بڕوامان بەوە هەبێت خوای گەورە هەر موعجیزەیەکی بە پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشیبێت بەڵگەیەکی مادی گەورەی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە، ئەشێت ئێمە ئێستە بڕوایەکی وامان بۆ دروست نەبووبێ لە ڕووی حیکمەتەوە لێکی بدەینەوە بۆ خەڵکی، بەڵام گومانیان لێ نییە، تەنانەت زۆرێک لەوانەی کە بێ دینن لەسەر میعراجی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنووسن و دەڵێن ئەمە شتێکی ڕاست نییە، چۆن بڕوا بەوە دەکەن، کە کەسێک بتوانێت حەوت تەبەقی ئاسمان ببڕێت؟ هەریەک لەم تەبەقانە لە مەلاین مەجەرە پێک هاتووە، چۆن محمد توانیویەتی ئەم حەوت تەبەقەیە ببڕێت.

بەڵێ بەدڵنیاییەوە ڕۆشتووە و هەر حەوت تەبەقەکەشی بڕیوە، ئەو سیستەم و نیزامەش کە هەناسەی پێداوە تایبەت بووە، هەر لەوکاتەدا نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە، تەبعەن پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانی دا دوو نەشتەرگەری دڵی بۆ ئەنجام دراوە، یەکیان بە منداڵی ئەوکات کە لەلای دایەنی بەڕێزی خاتوو حەلیمەی سەعدیە بووە، دووەمیشیان لە کاتی ئەنجامدانی گەشتی ئیسراو میعراجدا بۆی ئەنجام دراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان باس دەکات کە دڵی لە کوێ بۆی شۆردراوە، ئەمە جارێ بۆ خۆی بەڵگەیەکی مادیە، ئەگینا محمدێکی نەخوێندەوار ﷺ چۆنێتی سیستەمی ناو لاشەی گۆڕاوە.

بەڵگەیەکی تری مادی گەشتی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەلیلێکی مادی زۆر گەورەیە بۆ ئەوانەی کە بێدینن و ڕەخنە ئەگرنەوە، وە بەڵگەشە بۆ خەڵکانێک کە بڕوا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر موعجیزەیەکی کردبێ لەدوای ئەوە ئیسپاتێکی مادیشی بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی بزانرێ لە سەدا سەد ئەم شتە وایە. وەکو سید قوتب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: "دین کە هاتووە قسەکردنە لەگەڵ ناخی مرۆڤایەتیدا، قسەکردنە لەگەڵ من و تۆ و کەسێکی تردا" باشە کە مادام قسەکردنە لەگەڵ ناخی من و تۆدا دەبێت شتێکت بۆ بڵێ، کە تۆ قەناعەتی پێ بکەیت، بەڵام بەداخەوە تۆ بۆ خۆت نەخوێندەواری و ناخوێنیەوە ئەتەوێت بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئیسلام کەیت بۆیە ناگەیتە هیچ ئەنجامێک.

کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ لە ئیسرا و میعراجەوە دەگەڕێتەوە باسی شتێکی زۆر سەیر دەکات بۆ هاوەڵان، باسی ئەوە دەکات کە لە ئاسماندا کۆمەڵێک ڕەنگی بینیوە ئەم ڕەنگانە لەسەر زەویدا بوونیان نییە، لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک پەیدا بووبوون ڕەخنەیان ئەگرت لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیان وت بە موسوڵمانان پێغەمبەرەکەتان ئیدیعای ئەوەی کردووە کە چووەتە ئاسمانەکان و هیچ بەڵگەیەکیشی پێ نییە بۆ دووپاتکرنەوەی قسەکانی، بەڵام یەکێک لە بانگخوازە بەڕێزەکان بە ناوی عبدالمجید زەندانی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ئیسپاتی ئەو قسەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و دەڵێت ئێستە بە ئاوێزە و تەلیسکۆب و بە مەلاین جار

گەورەکردن ئینجا دەرکەوتووە کۆمەڵێک ڕەنگ لە ئاسماندا بوونیان هەیە کە لەسەر زەوی ئەو ڕەنگانە نین، باشە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی لە کوێ زانی ئەلیسکۆپی هەبوو، لە زانکۆدا خوێندبووی؟ نەخێر ئەمە ئیسپاتی ئەوەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ صادق ئەمینە.
ئەمە پێشەنگ و رابەرەکەمانە و بەمە گۆڕانکاری ئەکەین، چۆن دەڵێیت بە کەڵکی ئەم سەردەمە نایەت و نابێت سوود لە ژیانی وەربگیرێت، ئێمە هەرشتێک بکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.
یەکێکی تر لەو گۆڕانکاری و خراپەکاریانەی، کە دوژمنانی ئیسلام هەڵیان گرتبوو بریتی بوو، لە گاڵتەکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت- باوکی ئەبوبەکری صدیق سەرزەنشتی کوڕەکەی دەکرد، کە جگە لە گاڵتەپێکردن سەرزەنشتیش ئەکران وە دەیان وت چییە محمد تۆ ئەم هەموو کۆیلە و بەندەیە ئازاد ئەکەیت؟ بۆچی کۆمەڵێکی تر ڕزگار ناکەیت بۆ ئەوەی ببنە پاسەوانت و پاڵپشتیت بکەن چیت داوە لەم کۆیلانە؟ بەڵام دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانیش لە پێناوی خوای گەورەدا ئەو کارەیان ئەنجام دەدا.
ئەوان ئازادییان بۆ خەڵک ئەویست نەک دروستکردنی میلیشیاو خەڵک ئەزیەتدان! یان دەیانوت سەیرکەن محمد هەرچی ڕەش و رووتە لە دەوری خۆی کۆی کردوونەتەوە، بەڵێ ڕەش و رووت بوون بەڵام مەگەر مرۆڤ نەبوون، بەڕێز نەبوون، خاوەن هەست و سۆز نەبوون، مەرجە کە مرۆڤ دەوڵەمەند بێت تا حیسابی بۆ بکرێت؟
موسوڵمانان گرنگە لەوە تێ بگەن، گۆڕانکاری بە خەڵکی فەقیر و هەژارو ڕەش و رووت دەکرێت، کەم کات ڕێکەوتووە کە بە نوخبە گۆڕانکاری بکرێت، ئەوەی دیراسەی مێژوو بکات ئەوەی بۆ دەرئەکەوێت، کە گۆڕانکاری لەناو جەماوەرەوە سەریهەڵداوە، پێویستە ئەو بڕوا و متمانەمان بۆ دروست ببێت ئەم جەماوەرە بەڕێزەی کە هەمانە بە فەقیر و هەژارەکان دەتوانین بیانکەینە وەسیلەی گۆڕانکاری و گۆڕانکارییان پێ بەرپا بکەین لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، لەوانەیە بپرسین باشە چۆن گۆڕانکارییان پێ دەکرێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین بۆ نموونە: "کەسێک خاوەنی چێشتخانەیەکە، ئەگەر راستگۆ بێت لە لێنانی چێشتەکەی دا، لە پاک و ئەمیزی و دڵسۆزیی و ڕووخۆشی لەگەڵ میوانەکانی دادەتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات لەناو کۆمەڵگەدا". ئەمەیە گۆڕانکاری بنەڕەتی، ئەو کەسەی کە بەڕێوەبەری گشتییە، یاخود فەرمانبەرە پێویستە دڵسۆز بێت و بە کارەکەی خزمەتی خەڵکی بکات، هەموو تاکێک پێویستە بە جوانی هەڵبستێت بە ئەنجامدانی کارەکەی بۆ ئەوەی شۆڕشێکی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەکەی دا بەرپا بکرێت.
هەموومان دەڵێین دەسەڵات گەندەڵە، فەرمانبەران ئیشی خەڵکی بە جوانی بەڕێ ناکەن و گەندەڵی تیدا دەکەن، باشە ئەو کەسانەی کە لە فەرمانگەکاندا فەرمانبەرن هەر خەڵکی ئەم وڵاتە نین؟ کەس و کا رو نزیکی ئێمە نین؟ خۆ لە وڵاتێکی ترەوە نەهاتوون، گەندەڵی تاکەکان وای کردووە کە حکومەتەکەش گەندەڵ بێت، بۆیە پێویستە گۆڕانکاری لە پەروەردەدا لە ناخی خەڵکی دا دووبارە بکرێتەوە، کە تاک گۆڕانکاری بەسەردا هات راستەوخۆش کاریگەری لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و حکومەت و دەسەڵاتیش نابێتە مشەخۆری سەروەت و سامان و قوتی خەڵکی.

ڕاستە دەسەڵات دەتوانێ بەم کارە هەڵسێت و گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا بەرپا بکات، بەڵام نابێت چاوەڕێی ئەوە بین، چونکە هەرگیز بەو کارە هەڵناسێت، لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی ئەو نییە، دەسەڵات وەزارەتی پەروەردە و ڕاگەیاندنی لەبەردەست دایە وە سەرجەم ئەو بوارانەی لە بەردەستدایە، کە خەڵکی ئاڕاستە دەکەن بەرەو باشە، بەڵام بۆچی نایکات؟ مەبەستی نییە بیکات بۆ ئەوەی پرۆژەکانی بە باشی بچنە پێشەوە و خەڵکیش بێ ئاگابن لەو یاساکانەی کە گۆڕانکاریان پێ دەکرێت.

گۆڕانکاری دروست بە پشت بەستن بە سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرێت، ئەمە بەو جۆرە دەبێت کە پێغەمبەری ﷺ چی بەسەردا هاتووەو چۆن چارەسەری کردووە و ئێمەش چۆن سوود وەرگرینەوەو چارەسەر کێشەکانمانی پێ بکەین.

حاڵیکی تر ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن پرۆژەی گۆڕانکاری دامەزراند لەناو دەوڵەتەکەیدا ئێوە قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە کاتێک کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی موبارەکی برد بۆ یەثریب کە دواتر ناونرا بە مەدینەی پێغەمبەر ﷺ خەڵکەکە هەموو پێشوازییان لێ کرد و خۆشەویستیان بۆ دەربڕی، هەمووان بە دەف و سرود و کامەرانییەوە، پێشوازییان لێ کرد و بەرەو ڕووی هاتن، بەڵام پێش ئەوەی بێتە ناو شاری مەدینەوە لە قوبا مایەوە، ئەی بۆچی خەڵک چوون بە دەفەوە و سرودی:

طلع البدر علينا من ثنيات الوداع
وجب الشكر علينا ما دعـــا لله داع

یان ئەوتەوە، بۆچی بە پێغەمبەری خوایان ئەوت نور؟ لەبەر ئەوەی خاوەنی پرۆژە و شتی جوان بوو، یەکێک لەو پرۆژانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشکەشی کرد بۆ خەڵکی دەستور بوو یانیا بوو، هەر زوو دەستیکرد بە نووسینەوەی قانون، بە پرۆژەیەکی پێشکەوتووی بنیاتنەرەوە تەشریفی بردە مەدینەی خۆی، پێش کۆچ عبدالله ی کوڕی سەلول دەسەڵاتدار و حوکمڕانی یەثریب بوو، بەڵام بۆچی لە ماوەیەکی کەمدا پێغەمبەر ﷺ شوێنەکەی عبدالله ی کوڕی سەلولی لێ گرتەوە و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، چونکە ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خەڵکی و خاوەنی پرۆژەیەکی نایاب بوو.

ئەمە دەبێت ببێتە دەرس و وانە بۆ موسوڵمانان، زۆر گرنگە تۆی موسوڵمان ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ پرۆژەی خۆتدا ئێک بدەیت.

یەکەم پرۆژەی نووسینەوەی دەستور بوو، لە هەمووی گرنگتر میلیشیاکانی ئەوس و خەزرەجی کردە یەک، چونکە نەی ئەویست دوو ئیدارە هەبێت، هەموویانی لەناو سوپای ئیسلامدا ڕێکخکردەوە، باشە بۆ ئیسلامییەکان سەیری ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ ناکەن؟ خۆ خەڵکێک کە گۆڕانکاری دەکات هەر داوای ئەمانە دەکاتەوە، جگە لەوە برایەتی خستە نێوان پێکهاتەکانی ئەهلی مەدینەوە، خۆشنودی و کامەرانی خستە ناویانەوە و کۆتایی هێنا بە میلیشیاکانی ئەوس و خەزرەج، کە بە درێژایی چەندین ساڵ لەیەکتریان ئەکوشت.

لەم وڵاتەی ئێمەشدا ئەم هەموو گەنجە دەڕواتە ئەملا و ئەولا و ئەکوژرێ و لەناو ئەچێتە، کە کەسەی دەیەوێ سەربازیی بکات و خزمەت بەم وڵاتە بکات، ئەگەر جێگەیەک هەبێت بۆی

ـەربازیی تێدا بكات، ئەوە دوور ناكەوێتەوە و ئەو وزە و توانایەی كە هەیەتی لە شوێنێكی تردا پەنالی ناكاتەوە، بەڵام تۆ كە خاوەنی میلیشیا بوویت نایەتە لات، چونكە دەڵێت تەنها میلیشیای فڵانە كەس و قیسارە حزبە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ نەیهێشت ئەمە رووبدات.
یەكێكی تر لە كارەكانی ئەوەبوو كە بازاڕی رزگاركرد لە دەستی قۆرخكار و مۆنۆپۆڵچییەكان، هەروەها رزگاری كرد لەژێر دەستی ئەو كەسانەی كە تەنها بۆ خۆیان دەژین و ئاوڕ لەكەس نادەنەوە، بەنی قینوقاع دەسەڵاتیدان گرتبوو بەسەر بازاڕدا، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ هەر زوو بازاڕێكی سەربەخۆی دروستكرد بۆ خەڵكی شارەكە و بۆرسەی بۆ ئازادكردن، بۆ ئەوەی خەڵكێك بزانێت بۆخۆیان كار بكەن، هەنگاو بە هەنگاو پرۆژەی ئابووریی بردە پێشەوە، هەروەها لە رێگەی عوسمانی كوڕی عەففانەوە -رەزامەندی خوای لەسەر بێت- ئاوی بۆ شارەكە دابین كرد و نەیهێشت خەڵكێك بە ئارەزووی خۆی سەد بۆ ئاوەكان دروست بكات و قۆرخیان بكات.
تۆش ئێستە دەتوانی بە پرۆژەی جوان بەشدار بیت، ئەندازیارەكانت پێبگەیەنە بۆ ئەوەی پرۆژەی ئاوی دروست بكەن، بۆ ئەم وڵاتە، هەروەكو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بیرەكانی كڕیەوە و ئازادیكردن بۆ خەڵكی، ئەم كارانەی كە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داون، تۆش دەبێت دووبارەیان بكەیتەوە، ئێ باشە بۆ چاو لەو ناكەیت؟ بۆ سەیری ئەو ناكەیت؟ مەگەر ئەمەی كە ئێمە باسی ئەكەین لە ژیانی پێغەمبەری خوادا ﷺ نییە؟ بۆچی تۆ لە كاتێكدا خاوەنی ئەم هەموو شتە جوانانە بیت كەچی پەنا بەیتە بەر ئەفكارێك كە لە شەرق و غەربەوە سەرچاوەی گرتووە و بیكەیتە بەرنامە و پرۆژەی خۆت و پشتی پێ ببەستی.
پێغەمبەرەكەت ﷺ حاكم بووە و وەزیری هەبووە، چۆن بڕوات وایە دەبێت بچیت لە جێگەیەكی ترەوە شتی تر بهێنی، لە كاتێكدا ئەو هەموو پرۆژە جوانانەشت لەبەردەست دایە، ئەترسی پێغەمبەری خوا ﷺ بەچی بوو بە دەسەڵاتداری شاری مەدینە؟ لە كاتێكدا عبدالله ی كوڕی سەلول پێش ئەو خاوەنی ئەو شار و دەوڵەتە بوو، لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا ﷺ ٨٥ كەس لەگەڵدا بوو، كە چووە ناو شاری مەدینەوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری مەدینە لەو دەمەدا نزیكەی سێ هەزار كەس بوون لە قەبیلەی ئەوس و خەزرەج، ئەمە جگە لە جوولەكەكان و عەرەبی بادیە.
كەواتە گومانی تێدا نییە كە ژیانی پێغەمبەر ﷺ لە ژیامان دا دووبارە دەبێتەوە، وە دەبێت گرنگی بدەینەوە بەم زەمەنەی ئێستەمانەوە، موسوڵمانی وا هەیە پێی دەڵێی كاكەگیان پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرموە، لەوەڵامدا دەڵێت كاكەگیان ئەو شتە بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت. موسوڵمانان ئەمسالی ئەم قسانە دەكەنەوە لەبەرئەوەی تێگەیشتنێكی باشیان نییە بۆ سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ، پێی سەیرە پێی بڵێیت كاكە دەسەڵاتداران و غەیرە دینەكان روو دەكەنە دنیا ویستی و دەست دەكەن بە بڵاوكردنەوەی فەساد و خراپەكاری، وە وڵاتمان داگیر دەكرێت و خەڵكێك دێت بە ئارەزووی خۆی فەسادمان دەكات، ئەمە لە قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەری خوادا ﷺ باس كراوە، بەڵام ئەو پێی سەیرە خوای گەورە باسی كردووە لەسەر زمانی بەلقیس بۆ سەیدنا سلیمان -علیه السلام- كە دەفەرموێت: ﴿قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٣٤﴾، النمل. واتە: بەلقیسا وتی: بەڕاستی

(لەشکری) پاشاکان هەرکاتێ چوونە شار و دێهاتەکانەوە وێران و کاولیان کردووە، وە کەسانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ریسوا کردووە، وە هەمیشە ئەم پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن.

عیزەت و سەربەرزیمان نەماوە هەرکەسێک هەڵئەستێ بە ئارەزووی خۆی خۆی دەسەپێنێ بەسەرماندا، چونکە وڵاتمان داگیرکراوە کەواتە دەبێت سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ و قورئانی پیرۆز باش لەگەڵ واقیعەکەی خۆماندا بگونجێنین، چونکە ئەوە فیقهی واقیعیەتە، فیقهی ئەولەویات و فیقهی موازەناتیشە.

گرنگە ئەوەمان لا روون بێت کە هەموو پێغەمبەران -علیهم السلام- بۆ گۆڕانکاری هاتوون بەڵام کە هاتوون بۆ گۆڕانکاری بەتایبەتی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلی بە سیاسەت گۆڕانکاریان کردووە لەناو کۆمەڵگەی خۆیاندا بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت (كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ)، بەڕاستی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل کە هاتوون بە سیاسەت گەل و هۆزەکەی خۆیانیان بەڕێوە بردووە و گۆڕانکاریان کردووە، خەڵکێک دەبێ پرسیار بکات بۆچی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل بە سیاسەت حوکمیان دەکردووە؟ ئایا پێغەمبەرانی تریش بە هەمان شێوە بە سیاسەت حوکمیان کردووە لەگەڵ گەلەکانیان دا؟

بەڵێ گومانی تێدا نییە ئەگەر سیاسەت بەمانای ئیدارە بێت ئەوە هەموویان بردوویانە بەڕێوە، خوای گەورە زۆرینەی بەسەرهاتەکانی بەنی ئیسرائیلی بۆ باس کردووین لە قورئانی پیرۆزدا لەبەر ئەوەی دووبارە ئەبنەوە لە مێژووی گەلاندا، خوای گەورە باسی ئەم گەلەمان بۆ دەکات بە باش و بە خراپیش، چونکە بەسەرهاتەکانی ئەم بەنی ئیسرائیلە لەناو هەموو گەلاندا دووبارە دەبێتەوە. سید قطب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە تەفسیرە نایابەکەیدا باسی ئەوە دەکات بۆیە خوای گەورە ئەوەندە باسی بەنی ئیسرائیلی کردووە لە قورئانی پیرۆزدا، چونکە گەلێکی سەرکێش بوون و ئەم هەموو پێغەمبەرانەیان بۆ رۆشتووە کەچی هەر لاربوون و نە ئەهاتن بەدەمیانەوە بۆ ئەوەی رزگاریان بێت، بەڵێ ئەزموون و ژیانی بەنی ئیسرائیل سەرلەنوێ لەناو گەلانی تردا دووبارە دەبێتەوە.

بەنی ئیسرائیل ئەوەی تێوان دوو پێغەمبەرن سەیدنا ئیبراهیم --علیه السلام- لەسەرەتای منداڵیان نابێت پاشان خوای گەورە لە دوو خێزانەکەی هاجەرە خاتوون و سارە خاتوون دوو کوڕیان پێ ئەبەخشێ ئیسماعیل و ئیسحاق -علیهم السلام-، سەیدنا ئیسحاقیش دوو کوڕی دەبێت یەعقوب و عیص -علیهم السلام-، سەیدنا ئیسحاق دوعا دەکات کە خوای گەورە یەکێک لە کوڕەکانی بکاتە پێغەمبەر، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دووکوڕەی ئەخاتە ژێر تاقیکردنەوە وە بۆ ئەوەی بزانێت کامیان قابیلیەتی ئەوەی هەیە کە بتوانێت گۆڕانکاری بەرپا بکات لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا، وەکو ئەوەی کە لە مێژووی ژیانی ئەم دوو پیاوە بەڕێزەدا هاتووە یەعقوب و عیص، ئەگەر ئەم باسە ئەسەریش بێت خۆ پەیوەندی هەیە بەسەر گۆڕانکاری ناو گەلانەوە و ئێمە دەتوانین سوودی لێ وەرگرینەوە.

کاتێک سەیدنا ئیسحاق دەبینێ عیص کوڕی مەرجی ئەوەی تێدایە کە ببێتە پێغەمبەر، چونکە توانای راو و شکارو توانای رووبەڕووبوونەوەی هەیە و کەسێکی بەهێزە، وە توانای هەیە بە

هێزو تواناى خۆى گۆڕانكارى بەرپا بكات لەناو دڵ و دەروونى خەڵكى دا. چەسپاوە كە ئەم كوڕەیان تواناى ئەوەى هەیە كە گۆڕانكارى بكات. یەعقوبى كوڕیشى كەسێكى لەسەرخۆ و هێمن و بە ئەدەب و ڕێز لێكیراوە، وە لەناو كەس و كارەكەى خۆیدا وا ناسراوە كە ئەم كوڕە ڕووناكەوێتەوە لە دایكى.

سەیدنا ئیسحاق تاقیكردنەوەیەك ئەخاتە بەردەمى هەردووكیان ئەویش ئەوەیە كە كامیان بتوانێت زووتر بزنە كێویەكى بۆ ڕاو بكات و بهێنێتەوە و دەرخواردى بات ئەوەیان دوعاى بۆ دەكرێت دەبێتە پێغەمبەر، بۆچی سەیدنا ئیسحاق ئەم مەرجە دائەنێت؟ چونكە پێش هەمووشتێك ڕاو وشكار بنەڕەتى ئەم وشەیە لە سیاسەتەوە هاتووە، تەنانەت لە زمانى كوردیدا كە دەوترێت سیاسەت هاو واتاكەى ڕامیارى یە، ڕامیاریش بە واتاى ڕامكردنى ئەسپى كێوى، واتە هەركەسێك بتوانێت ئەسپێكى كێوى ڕام بكات یاخود ڕاو بكات ئەوە بەو كەسە دەوترێت سیاسەتمەدار.

هۆكارەكەى ئەوەیە كە پێغەمبەرى خوا ﷺ دەفەرموێت: (كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأنْبِيَاءُ). دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوەى سەردەمى سەیدنا ئیسحاق -علیه السلام- سەرەتاى سەرهەڵدانى سیاسەتە، سارە خاتوونى دایكى سەیدنا یەعقوب بۆ ئەوەى كوڕەكەى بكرێتە پێغەمبەر ئاژەڵێك سەر ئەبڕێت بۆ یەعقوبى كوڕى و دەرخواردى سەیدنا ئیسحاقى دەدات پێش ئەوەى كە عیص بگەڕێتەوە، سەیدنا ئیسحاقیش دوعاى پێغەمبەرایەتى دەكات بۆ سەیدنا یەعقوب و دەبێتە پێغەمبەرى بەنى ئیسرائیل، سەرەتاى دەستپێكى سیاسەتەكە لەناو بەنى ئیسرائیلدا بە خێچ و خوارى دەست پێ دەكات، پاشان سەیدنا یەعقوب كۆچ دەكات بۆ ناوچەكانى عێراق بە جۆرێك، كە بەشەودا ڕێ دەكات و بە ڕۆژیش ئەخەوێت.

وشەى بەنى ئیسرائیل ڕاستە لێكدراوەتەوە بە واتاى بەندەى خوا، بەڵام بە زمانى عەرەبى و بە زمانى ئەو سەردەمە و ئێستەش كە باوە هەركەسێك بە شەو ڕێ بكات پێى دەڵێن ئیسراى كردووە، وەكو چۆن خواى گەورە لە قورئانى پیرۆزدا (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ). ﴿١﴾، الإسراء. پاكى و بێگەردیى و ستایش بۆ ئەو زاتەى كە شەوڕۆیى كرد بە بەندەى خۆى ﷺ لە مزگەوتى (حرام) (كەعبەى پیرۆزەوە) بۆ مزگەوتى (اقصى) لە (بیت المقدس)، كە دەوروبەریمان پیرۆز و پڕ بەرەكەت كردووە، تا هەندێ نیشانە و بەڵگەى (دەسەڵاتدارێى و توانایى) خۆمانى نیشان بدەین، بەڕاستى ئەو زاتە بیسەر و بینایە.

كەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە بنەڕەتى وشەى بەنى ئیسرائیل لەو شەوڕۆیەى سەیدنا یعقوبەوە هاتووە كە بە شەو ڕێ دەكات بە ڕۆژیش ئەخەوێت لە گەشتەكەى بۆ وڵاتى عێراق.

ماوەیەك لە عێراق دا ئەمێنێتەوە و نەوەیەكى زۆر ئەخاتەوە، دواى ئەوە ڕوو دەكاتە ناوچەكانى كەنعان ناوچەكانى فەلەستین و دەست دەكات بە بەخێوكردنى مەڕو ماڵات، عادەتیش وایە ئەوانەى كە مەڕ و ماڵاتیان هەیە هەمیشە بە شوێن سەوزایدا ئەگەڕێن بۆ مەڕو ماڵاتەكانیان، بۆیە هەرشوێنێك سەوزایى تێدا بووایە كۆچیان بۆ دەكرد، فەلەستین كۆمەڵێ خەڵكى تێدا ژیاوە

پێیان وتراوە کەنعانییەکان، کە بنەڕەتیان گەڕاوەتەوە بۆ عەرەب، ئەوانیش ئەچنە ئەوێ و نیشتەجێ ئەبن.

پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ ناوچەکانی کەنعان سەیدنا یەعقوب -علیه السلام- لە وڵاتی عێراق دا دەست دەکات بە گۆڕانکاری، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە سەیدنا یەعقوب لە ناوچەی بابل نیشتەجێبوو ئەو ناوچەیەش بە تەبیعەتی حاڵ بتپەرست بوون، بۆیە خەڵکەکە لێی هەڵئەستن و دەری دەکەنە دەرەوە، ئەویش ناچار خۆی و ئەوەکانی لە بابلەوە کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی کەنعان، لەکەنعانیش دەست دەکات بە گۆڕانکاری و خەڵکێکی زۆر شوێنی ئەکەوێت و ڕێز و تەقدیرێکی زۆری لێ ئەگیرێ.

دوای ئەوە کوڕەکانی خیانەت دەکەن لە کوڕێکی تری و هەمان کێشەی باوکی دووبارە دەبێتەوە کە نازانێت پێغەمبەرایەتی و ریسالەت بداتە دەست کامیان بۆ گۆڕانکاری، دیاریشە کە یوسفی کوڕی هەڵئەبژێرێت بۆ ئەو کارە، سەیدنا یوسف -علیه السلام- خەوێک ئەبینێ و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکات کە شەوێک یازدە ئەستێرە و ڕۆژ و مانگ سوژدەی بۆ ئەبن، دوای ئەمە گۆڕانکارییەکی تر بە خراپەکاری لەناو براکانی دا دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی سەیدنا یوسف گۆڕانکاری نەکات، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەن، لەدوای ئەوەی کە ناڕەحەتی دەست پێ دەکات و سیاسەت دەبێتە سەرچاوەی ژیانی ئەوان و بە سیاسەت یەکتری ئەبەن بەڕێوە فرت و فێڵیش لەناویان دا دروست دەبێت، چونکە سیاسەت بە تاق و تەنها ناتوانێت گۆڕانکاری بکات لەناو و کۆمەڵگەدا، بەڵکو سیاسەت لەگەڵ پەروەردەیەکی باش و فێرکاری و هەموو ئەو شتانەی تر پەیەکەوە ئەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکاری بەرێت.

بۆیە سەیدنا یەعقوب هەمان کێشەی رووبەڕوو دەبێتەوە کە پێشتر لە بنەماڵەی خۆیاندا لەگەڵ باوک و براکەی تریدا رووبەڕووی بووبوونەوە، پاشان سەرلەنوێ لەناو منداڵەکانیدا دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەکەیان دەیەوێ خۆی بە سیاسەت گۆڕانکارییە کە ئەنجام بدات، بۆ ئەم مەبەستە و گەیشتن بە مەرامی خۆیان سەیدنا یوسف دەخەنە ناو بیرێکەوە، بەڵام بە ویستی خوای گەورە رزگاری دەبێت و بەرەو میسر بەڕێ ئەکەوێت.

سەیدنا یوسف -علیه السلام- لە میسردا گۆڕانکاری بەرپا دەکات لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا بەتەنها و بە سیاسەت گۆڕانکاری ناکات، بەڵکو دەیەوێ ئەزموونەکە بۆ ئەوان راست بکاتەوە، کێشەی خەڵکانێکی وڵاتی ئێمەش ئەوەیە کە پێیان وایە بەس بە سیاسەت گۆڕانکاری دەکرێت، بەڵام لە راستیدا وانییە، پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل تەنها بۆ ئەو قەومە هاتوون، توانیویانە چاکسازی بەرپا بکەن لەناویان دا، وە زانیویانە چاکسازی بە تاقی تەنها لە یەک شتدا ناکرێت لە یەکێک لە رەهەندەکانی ژیاندا، کە سیاسەتە، سیاسەت لە ئیسلامدا لە فیقهەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڵام خۆ بەتاقی تەنها فیقهـ بریتی نییە لە هەموو ئیسلام.

پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە ویستی تەشریف بەرێت بۆ عێراق بۆ ئەو بەنی شەیبان بۆ ناوچەی بەسرە و نەجەف و ئەو ناوچانە، کاتێک کە لەگەڵ موسەنای کوڕی حارس و نوعمانی کوڕی موقەرن و قەعقاعی کوڕی تەمیمی -ڕەحمەتی خوا لە هەموویان- ئەمانە هێشتا هاوەڵ نین، ڕاستە پێغەمبەری خوایان ﷺ بینیوە، بەڵام لەدوای وەفاتی

پێغەمبەری خوا ﷺ موسوڵمان ئەبن، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان دەفەرموێت بمپارێزن لە عەرەب ئەحمەر و ئەسوەد، واتە لە شەڕی عەرەب و فارس، لەوەڵامدا دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئیمپەراتۆریەتی فارسدا هیچ كێشەیەكمان نییە و ناشمانەوێت كێشە دروست كەین، بەڵام ژمارەمان نزیكەی هەزار كەس و دەتوانین بەم هەزار كەسەی خۆمان لە عەرەب بتپارێزین، پێغەمبەری خوا ﷺ سوپاسیان دەكات و دەفەرموێت: وإن دين الله عز وجل لن ينصره إلا من حاطه من جميع جوانبه. واتە: خوای گەورە دینەكەی خۆی سەرناخات ئەگەر ئەو خەڵكەی كە شوێنی كەوتووە و دینەكەیان وەرگرتووە لە هەموو لاكانەوە نەیگرنەوە.

ئێمە دەمانەوێت گۆڕانخواز بین و گۆڕانكاری بكەین لەناو كۆمەڵگەی خۆماندا، بەڵام یەكێك پێی وایە كە هەر دەبێت بە عەقیدە گۆڕانكاری بكرێت، ئەمە هەڵەیە تۆ بتەوێت بە بێ گەڕانەوە بۆ رەهەندەكانی تر تەنها بە عەقیدە گۆڕانكاری ساز بكەیت، ئەخێر عەقیدە بەشێكە لەكاری گۆڕانكاری، ئەگەر بابای موسوڵمان هەر هەوڵی بۆ ئەوە بوو بە عەقیدە گۆڕانكاری بكات، دوایی مورجیئەیەكی لێ دەردەچێت، یان یەكێكی لێ دەردەچێت لەو فیرقانەی تر،كەسێكی تر پێی وایە كە دەبێت سەرەتا بە تەزكیەی نەفس دڵ و دەروونمان پاك بكەینەوە ئینجا گۆڕانكاری بكەین، ئەمە شتێكی جوانە و پەروەردەیەكی جوانە، بەڵام ئەمە بەشێكە لە گۆڕانكاری و ئەگەر كەسێك ویستی تەنها بە تەزكیەی نەفس ئەو كارە بكات، سۆفیەكی خانەقای لێ دەردەچێت و لە خەڵوەتگەیەكدا بۆ خۆی گۆشەگیر دەبێت و هیچ گۆڕانكارییەكی پێ ناكرێت، كەسێكی تر بیەوێت تەنها بە جیهاد گۆڕانكاری بكات بە كلاشینكۆف و چەك و ئەوانە دوایی چەتەیەكی لێ دەردەچێت، چونكە هیچ پەروەردەیەكی عەقیدەیی نەكراوە، هیچ پەروەردەیەكی تەزكیەی نەفس نەكراوە، بۆیە هەر حەزی كردووە چەكێكی بەدەستەوە بێت و سیلاحچی بێت و پیاوكوژ دەرئەچێت، ئەمە پێی ناوترێت جیهاد، بەڵكو ئەمانە هەموویان مەنزومەیەكی كامڵن و بەیەكەوە یەكتری تەواو دەكەن بۆ گۆڕانكاری.

یان كەسێك هەمیشە بیر لە فیكرو سیاسەت دەكاتەوە و دەیەوێت سیاسەت بكات، نوێژەكانیشی ناكات، فیكر و سیاسەت شتانێكی باشن، بەڵام پێویستیان بەوە هەیە كە بە عەقیدەیەكی پاك و بە رەوشتێكی جوان، وە بە تەزكیە و نەفسێكی پاك و باش ئەمانە پاڵفتە بكرێن، كەسێك پێی وایە هەر دەبێت خەریكی شەریعەت بێت، دوایی كەسێكی لێ دەردەچێت گەر فەتوایەك بۆ خەڵكی بكات، یان كەسێك داوای چاككردنەوەی تەڵاقی لێ بكات سەرقەڵەمانەی لێ بستێنێ، وەكو كۆمەڵێك خەڵك كە ئێستە بوونیان هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا.

كەواتە گۆڕانكاری وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: وإن دين الله عز وجل لن ينصره إلا من حاطه من جميع جوانبه، هیچ كەسێك ناتوانێت دینی خوای گەورە سەربخات دەبێت لە هەموولاكانەوە شان بداتە ژێری، ئەمە خیتابی سیاسی ئیسلامییە و ئەمە ئەو خیتابە سیاسیەیە كە پێویستە ئێمەی موسوڵمان بە خەڵكی بناسێنینەوە كە بەڵێ دینی خوای گەورە هەموو رەهەندەكانی ژیانەو بەیەكەوە مەنزومەیەكی كاملە و لە هەر ساتێكدا بیەوێت ئەتوانێ گۆڕانكاری بكات.

ئێمە لە ڕابردوودا باسی قەومی بەنی ئیسرائیلمان كرد وەكو ئەزموونێك كە لە مێژوودا بەسەر ئەو گەلەدا هاتووە بەسەر گەلانی تریشدا دێتەوە ئەوەیە كە ئەوان تەنها ویستوویانە بە سیاسەت گۆڕانكاری بكەن، سەیدنا یوسف -علیه السلام- بە پەروەردەیەكی ڕەسەن لەناو زیندانەوە دەستی پێكرد، پاشان لە ڕووی ئابووری، سیاسی، عیلاقات و دیبلۆماسیەت و كۆمەڵایەتییەوە و لە ڕووەكانی تریشەوە توانی لەناو گەلی میسردا كە وڵاتی خۆیشی نەبوو حكومەتێكی ئیتیلاف دروست بكات لەگەڵ فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە.

دوای ئەوەی كە ڕووداوی ناخۆشی سەیدنا یوسف كۆتایی پێ دێت دەبێتە ئەرەقێكی دەسەڵاتدار لەو وڵاتەدا، براكانی پەشیمان دەبنەوە لەو هەڵەیەی كە كردبوویان لەگەڵ یوسف-ی برایان و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت، هەموویان بە خۆشی و شادییەوە، كە هەموویان پێغەمبەر بوون و پێیان ئەوترا ئەسباط -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- لەگەڵ سەیدنا یەعقوب-ی باوكیان علیه السلام- لە كەنعانەوە كۆچ دەكەن بۆ وڵاتی میسر بۆ لای براكەیان، لەوڵاتی میسردا بەنی ئیسرائیل ئاسوودە بوون و دەیانویست لەوێ بمێننەوە، چونكە ڕێزێكی زۆریان لێ ئەگیرا بەهۆی سەیدنا یوسف-ەوە -علیه السلام-.

پاش ماوەیەك سەیدنا یوسف -علیه السلام- وەفات دەكات، ڕۆم دیسان دێتەوە و ناوچەكانی میسر دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، میسر كە داگیر دەكرێت كۆمەڵێك فیرعەونی ژاڵمی تیا بەرهەم دێت، ئەبعەن سەردەمی سەیدنا یوسف مەلیكی ئەو وڵاتە خەڵكی میسر خۆی بووە بۆیە داگیر نەكراو بوو، بەڵام دەوڵەتی ڕۆم كە هاتە ئەو ناوچانەو داگیریان كرد هەموو شارستانییەتەكەشیان لەناو بردن، وە پاشان خەڵكی خۆی هێنایە ئەو وڵاتە و نیشتەجێی كردن ئەمە ستراتیژییەتێك بوو، ڕۆم لە وڵاتی میسردا پیادەی كرد.

لەو ماوەیەی كە بەنی ئیسرائیل لە كەنعانەوە كۆچیان كردبوو بۆ میسر، ئەوەیەكی زۆریان خستبوویەوە بەجۆرێك بووبوون بە پێكهاتەیەكی گرنگی ئەو وڵاتە و قسە ڕۆیشتوو بوون، ڕۆمیش هاتبوو بۆ ئەوەی داگیری بكات. وە لە دوای ئەوە بە هەرجۆرێك بوو ڕۆم توانی جێگیر بێت و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت لەناوچەكەدا، پاشان كەوتنە كوشتن و لێدانی بەنی ئیسرائیلییەكان بە بیانوی ئەوەی، كە ڕێزیان لێگیراوە لەو وڵاتەوە و نابێت بمێننەوە لەوێ، چونكە خەڵكی ئەو وڵاتە نین و لە شوێنی ترەوە كۆچیان كردووە و نابێت لەگەڵ قیبتیەكاندا بژین وشەی قیبتی ئێستە، كە بەكاردێتەوە هەموومان دەڵێین Egypt واتە میسری، ئینگلیز پێی دەڵێت ئیجبت- Egypt، هەمووشمان دەزانین كە ئیجبت بە واتای میسر دێت، مەفهومەكە بە عەرەبی كراوە بە میسر واتە ئیجبت قیبتیەكان بوون، بەنی ئیسرائیلیش لەو شوێنە ژیانیان بردۆتە سەر كاتێك كە بەنی ئیسرائیلییەكان ژیانیان ئەكەوێتە خەتەریاتەوە پێویستیان بە گۆڕانكارییە لێ ئەم گۆڕانكارییە بە كێ دەكرێت یان كێ بیكات؟

ماوەیەك لێ بەر دەبێت ژیانی بەنی ئیسرائیل تەواو ناخۆش دەبێت كە منداڵیان سەر ئەبڕا ئافرەتانیان بەكارئەهێنرا بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری فیرعەون و قیبتیەكان، سەیری ئەو هەمووە هەرەمە كەن لەگەڵ ئەو هەموو شارستانییەتەی وڵاتی میسر كە هەمووی بە هێزی گەنجی بەنی ئیسرائیلی بنیاتنراوە، ئەو شارستانییەتەی كە ئێستە ئێمە لەبەر چاوماندایە لەسەر شانی ئەوان

بەناکراوە، ئەمە زوڵم و زۆرداری زاڵمەکان بووە کە ئاوای کرد گەلێکی ستەم دیدە بەو شێوەی لێ بکرێت. کاتێک کە بەنی ئیسرائیلی ئەکەوێتە ئەم حاڵەتەوە هیچ کەسێک توانای گۆڕانکاری نییە کە ئەو بارودۆخە بگۆڕێ؟ بەڵێ: پێویستە کەسێک بێت بۆ ناو ئەم گەلە و گۆڕانکاری بەرپا بکات، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرێک ئەنێرێت هەر لەخۆیان بۆ ئەوەی رزگاریان کات لەو ستەمەی فیرعەونییەت، پێغەمبەرێک بەناوی موسا -علیە السلام- رەوانە دەکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات لەناو گەل و هۆزەکەیدا.

سەرلەنوێ خراپەکاری دەکەوێتەوە ناو وڵاتی میسر، فەساد و گەندەڵییەکی زۆر بڵاوبوویەوە بە هۆکاری ئەوەی کە داگیر کرابوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆر فیرعەون پەیدا بووبوون و لە جێگە و شوێنی ترەوە هاتبوونە ناویانەوە و لە رۆماشەوە پشتگیری تەواویان لێ ئەکرا. ئەوانیش درێغییان نەدەکرد لە ئەزیەتدان و چەوساندنەوەی خەڵکی میسر بەتایبەتی بەنی ئیسرائیلییەکان، ئەم فیرعەونە زاڵمانە ئافرەتانی بەنی ئیسرائیلیان بەکار دەهێنا بۆ خۆشییەکانی خۆیان و لەگەڵیشیاندا رایان ئەبوارد، پیاوەکانیشیان بەکار دەهێنا بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان وە زۆرجاریش نەوەکانیانیان سەرئەبڕی و لەناویان ئەبردن.

ساحیرەکان بە فیرعەونی ئەو سەردەمیان راگەیاند، کە منداڵێکی بەنی ئیسرائیلی لە دایک دەبێت و تەخت و تاجی تۆ لەناو دەبات، ئەویش دەستی کرد بە لەناو بردن و سەربڕینی هەرچی گەنجی بەنی ئیسرائیلییە وە ئەگەر منداڵی کوڕیان بووایە ئەیکوشت، تاکو وای لێ هات گەنجیان نەمابوو لە میسردا کە ئیش و کارەکانی قیبتی و فیرعەونەکەیان بەڕێ بکات، ناچار فیرعەون بڕیاریدا کەساڵێک لەدایک بووان ئەکوژرێن و ساڵێکیش ناکوژرێن.

سیفەتی قیبتیەکان وابوو خۆیان بە گەلێکی موختار دەزانی لە میسردا، زۆر زاڵبوون بەسەر بەنی ئیسرائیل دا، لەیەکێک لەو ساڵانەی کە منداڵیان لەناو ئەبرد بە ویستی خوای گەورە موسا -علیە السلام- لە دایک دەبێت، چیرۆکی فیرعەون و سەیدنا موسا -علیە السلام- بیستووە کە دایکی لە ترسی فیرعەون و دارو دەستەکەی ئەیخاتە ناو سندوقێکەوە و ئەیخاتە ناو رووباری نیلەوە، بەڵام خوای گەورە ئەم منداڵەی بۆ گۆڕانکاری ناردووە، نەک بۆ ئەوەی کە لە نیلدا بخنکێت، ئاسیا خاتوونی خێزانی فیرعەون ئەیگرێتەوە و لە کۆشکی فیرعەوندا پەروەردەی دەکات.

ئاسیا خاتوونی خێزانی فیرعەون ئافرەتێکی بەڕێز بوو، فیرعەون زۆر لێی ئەترسا چونکە فیرعەون نەزۆک بوو و منداڵی نەئەبوو بەو هۆکارەش ئاسیا خاتوون قسە رۆشتوو بوو، سەیدنا موسا -علیە السلام- لەناو کۆشکی فیرعەوندا گەورە دەبێت، رۆژێک لە رۆژان رووداوێک بەسەر سەیدنا موسا -علیە السلام- دا دێت و بەو هۆیەوە ئەو جێگەیە بەجێ ئەهێڵێت و دوور ئەکەوێتەوە لە فیرعەون و سەربازەکانی، ماوەیەکی پێ ئەچێت خوای گەورە ئەمری پێ دەکات، کە بگەڕێتەوە بۆ میسر و دەست بکات گۆڕانکاری، کە دێتەوە میسر دەبینێت بە ئاشکرا گەلەکەی واتە بەنی ئیسرائیل ئازار دەدرێن، ئەچەوسێنرێنەوە وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە دەیەوێ بە سیاسەتێکی نوێوزسیۆنی گەلەکەی رزگار بکات.

سەیدنا موسا -علیە السلام- تەنها داوای ئەوەیە کە گەلەی ئازار نەدرێن و چیتر وەکو کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی بەرژەوەندی قیبتییەکان یان ئیجبتییەکان

ئەزموونێك لە گۆڕانكاری مێژووی گەلان
لە ئیش و كار و خۆشییەكانی خۆیاندا بەكار بهێنن
ئەوەدا بوو كە ئەو گەلە هەروا بمێننەوەو لە ئیش و كار و خۆشییەكانی خۆیاندا بەكار بهێنن
ئەو داوایە رەتدەكەنەوە، دوای ئەوە كە سەیدنا موسا -علیه السلام- بێهیوا دەبێت لە
جێبەجێكردنی داواكەی و لەبەرچاوی گەلی میسردا فیرعەون شەرمەزار دەكات و چەندان سامی
موسولمان ئەبن، پلانێك دائەنێت بۆ ئەوەی گەلەكەی لە میسردا بیاتە دەرەوە، موسا و گەلەكەی
بە موعجیزەیەكی ئیلاهی لە دەستی فیرعەون هەڵدێن و فیرعەون و سوپاكەشی دەخنكێن
سەیدنا موسا و گەلەكەی رزگاریان بوو، وە ئەمە بووە دەستپێكی گۆڕانكارییەكی نوێ بۆ گەلی
بەنی ئیسرائیل.

خوای گەورە سەركەوتن ئەبەخشێت بە سەیدنا موسا و بەنی ئیسرائیل، بەنی ئیسرائیل ئەم
هەموو رووداوانەیان بە چاوی سەر بینی لە سەیدنا موسا -علیه السلام-، لەماڵی فیرعەوندا گەورە
دەبێت پاشان رووبەڕووی فیرعەون دەبێتەوە و شەرمەزاری دەكات، پاشان بە عەساكەی دەستی
ئاویان بۆ كەرت دەكات، بۆ ئەوەی لە سوپای فیرعەون رزگاریان بێت و بە بەرچاویانەوە
فیرعەونی رائم ئەخنكێت، چەندین موعجیزەی تریش لەوانە هەرچییەكیان ئەخوارد ئەبوو بە
خوێن و بەدەمیانەوە ئەهاتە خوارەوەوە، ناچار بە قیبتی و فیرعەونیشەوە پەنەیان بۆ سەیدنا
موسا -علیه السلام- ئەبرد بۆ ئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە تا لەو بەڵایە رزگاریان بكات، دوای
ئەوە بۆق هەراسانی كردبوون هەموو جێگەیەكیان پڕ بووبوو لە بۆق، ئاو خواردنیان تێ
جێگەیان، دیسان داوایان لە سەیدنا موسا -علیه السلام- كرد كە بۆیان بپاڕێتەوە و رزگاریان كات،
فیرعەون و گەلەكەی دڵنیا بوون لەوە كە ئەمە غەزەبی خوای گەورەیە دێت بەسەریاندا و هەر
لەرێی سەیدنا موسا -علیه السلام- رزگاریان دەبێت.

لەوانەیە پرسیارتان بۆ دروست بێت چۆن سەیدنا موسا -علیه السلام- دەیتوانی بچێتە نێو
كۆشكی فیرعەونەوە دوای ئەو رودلوەی كە روویدا لە نێوانیانداو میسری جێهێشت، یاخود چۆن
سەیدنا موسا -علیه السلام- دەیتوانی هەڵسوكەوت لەگەڵ فیرعەوندا بكات، لە راستیدا وایە
ئەگەر سەرنج بەیت لەناو ئەم چیرۆك و باسانەدا هەموو رەهەندەكانی سیاسیی ژیانی تێ
دەردەكەوێت، سەیدنا موسا -علیه السلام- لەژێر دەستی ئاسیا خاتووندا گەورە بووبوو لە كۆشكی
فیرعەوندا هەر بۆیە ئەو ئافرەتە بەرێزە بووبووە سەنەدێكی باش و گەورە و بەهێز بۆی، هەر
ئەمەش هۆكار بوو بۆ ئەوەی كەس بەئاسانی نەتوانێت ئازاری بدات، هەروەها لە ماوەیەكی
كەمدا توانی خەڵكێك لەدەوری خۆی كۆ بكاتەوە و خاوەنی دەسەڵاتێكی ئۆپۆزسیۆن بێت و
چالاك بوو بە ئامانجی گۆڕانكاریكردن.

بەنی ئیسرائیل بە سەلامەتی ئەپەڕنەوە و نزیكی وڵاتی فەلەستین ئەبنەوە، دوای ئەوە سەیدنا
موسا -علیه السلام-داوایان لێ دەكات كە هاوكاری بكەن بۆ ئەوەی فەلەستین رزگار بكەن و بچنە
ناوی و تیدا بمێننەوە، بەڵام ئەو بێ سفەتانە دەڵێن ئێمە لەگەڵ تۆدا جیهاد ناكەین، تۆ خوت
ئەگەر گەل و هۆزێك شوێنكەوتەی پێغەمبەرەكەیان ئەبن، ئەچنە ساڵێكەوە كە خوای گەورە
لەگەڵ دابە و لەگەڵ خواكەی خۆتدا برۆ كوشتار بكە و ئازادی بكە.

قورئانی پیرۆزدا بە ساڵی لیە ناوی بردووە، چونكە شایەنی گۆڕانكاری نەبوون، وە شایەنی ئەوە
نەبوون كە رزگار بكرێن لە ستەمكارێكی وەكو فیرعەون، راهاتبوون بە ژێر دەستەیی و كۆیلەیی

گۆڕانكاری نەبوون، سەیدنا موسا -علیه السلام- دەڕواتە كێوی طور بۆ موناجاتكردن لەگەڵ خوای گەورەدا ماوەیەک گەلەكەی بەجێ ئەهێڵێت، كەچی تاكو دێتەوە ئەم گەلە نەفامەی ئاژەڵێک دروست دەكەن و دەست دەكەن بە پەرستنی.

گەلێكی بێ مێشكن گەلێكی بێ سفەتن لە ئاستی حەقدا كەڕ و كوێر و لاڵن، شایەن نین بە گۆڕانكاری كەواتە دەبێت سونەتی ئیستبدادیان بەسەردا بچەسپێت، بۆیە خوای گەورە دەیانخاتە ناو ساڵی تیە وە واتە ساڵی بازنەی بەتاڵ، بەردەوام بە دەوری خۆیاندا ئەسوڕانەوە، بێ ئەوەی بشزانن بۆچی ئەسوڕێنەوە یان بۆ نمونە كاتێک بە لای دێیەكدا تێپەڕ ئەبن، خەڵكێک ئەبینن كە خەریكی بتپەرستین، ئەوانیش دەڵێن ئەی موسا تۆش وەكو ئەوانە خوایەكمان بۆ پەرستن بۆ دروست بكە.

گەلانی بەنی ئیسرائیل حەزیان بە تەقلید كردنەوە بوو، باسكردنی ئەمە بە واتای گاڵتەكردن و بەكەم زانینی ئەم گەلە نایەت، یاخود گاڵتەكردن نییە بە عەقڵیەتیی سەردەمی ئەوكاتی بەنی ئیسرائیل، ئەختیر خۆ لەم سەردەمەیشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە جۆرێكی تر لەژێر ناوێكی تر، وە هەر گەل و هۆزێک باوەڕی وابوو كە دەبێت تەقلید بكاتەوە و خاوەنی داهێنان نەبوو وەكو بەنی ئیسرائیلی لێ دێتەوە، پێغەمبەرێكیان بە بەرنامەیەكی جوانەوە بۆ ڕەوانە كراوە، بەڵام چی!

ئێمەش بەهەمان شێوە خاوەنی پێغەمبەرێكین ﷺ خاوەنی بەرنامەیەكی بێلەكە و كاملین، بەڵگەشمان وتەی خوای گەورەیە كە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣﴾﴾، المائدة. واتە: گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن و گۆشتی بەراز لێتان حەرام كراوە، هەروەها ئەو ماڵاتانەش كە سەردەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت، ماڵاتی خنكاویش، ئەوەش كە بە ئازارو لێدان مردار دەبێتەوە، یا دەكەوێتە ناو بیرێكەوە و مردار دەبێتەوە، ئەو ماڵاتەش كە بە شۆقی ماڵاتێكی كە مردار بوبێتەوە، ئەوانەش كە دڕندەی كێوی پەلاماری دابن و لێی خواردبن مەگەر فریای چەقۆ كەوتبن، (هەر حاڵەتێك لەوانەی كە باسكرا ئەگەر بە چەقۆدا بكات حەڵاڵە) بەڵام ئەو ماڵاتانەی كە لە شوێنی تایبەتیدا بۆ بتەكان سەردەبڕدرێن ئەوانەش هەر حەرامە، هەروەها حەرامە سوێند خواردن و پشت بەستن بەو دارو تەختە بچووكانەی (كە خۆتان دەیتاشن و)، ئەو جۆرە كردارو ڕەفتارانە سەرپێچی و دەرچوونە لە (فەرمانی خوا)، ئەمڕۆ (كە ڕۆژی عەرەفەیە) كافران نائومێدبوون لە دین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتاناو هەرگیز نوری خوایان بۆ ناكوژێتەوە) كەواتە لەوانە مەترسن بەڵكو هەر لە من بترسن ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەكەتانم بە كۆتایی گەیاند، وە ناز و نیعمەتەكانی خۆمم بۆ تەواوكردن و ڕازیم بەوەی ئیسلام ببێتە بەرنامە و ئاینتان، (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا كە حەرامسان كردووە) هەركەس ناچاربوو لە گرانیی و برسێتیدا (وە مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات كە حەرامسان كردووە،

بەمەرجێك دەست درێژكار نەبێت و بەئارەزوو زۆری لێ نەخوات و خۆی تووشی ئازار نەكات
بەڕاستی خوا لێخۆشبووە و میهرەبانە (بەرانبەر بەندەكانی).
كەچی ئێمە بچین شوێنی سیستەم و دەسەڵاتێكی تر بكەوین و بڵێین ئەوەمان پێ جوانە و
ئەمەمان لا پەسەندە و واز لە دینەكەی خۆمان بهێنین، یان بە نوقسان سەیری بكەین.
ئێ ئەمە هەمان حاڵەتی بەنی ئیسرائیلە و دووبارە دەبێتەوە، خوای گەورە گەزۆی بۆ باراند
گەزۆ یەكێكە لەو خواردنە شیرینە خۆشانەی، كە خوای گەورە لە ئاسمانەوە ئەیبارێنێتە سەر
گەڵای هەندێك لە دارەكان بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی سوودی لێ وەرگرن، كەچی ئەوان داوای
ئەوەیان دەكرد كە خوای گەورە پیاز، سیر، پاقلە و فولیان بۆ بنێرێ، هەمیشە بە دوای شتێكدا
ئەگەڕان كە حەز و ئارەزووەكانی خۆیان داوای دەكرد، كێشەیە مرۆڤ قیاس بە عەقڵی خۆی
بكاتەوە.
بۆچی خوای گەورە شەیتانی دوورخستەوە لە ڕەحمی خۆی؟ چونكە قیاسی بە عەقڵی خۆی كرد
و عەقڵی پێش نەقڵ خست، عەقڵی خۆی خستە پێش فەرمایشتی خوای گەورە، بۆیە
هەركەسێكیش عەقڵی پێش فەرمایشتی خوای گەورە بخات، چارەنووسی شەیتانی دەبێت، ئیبلیس
شەیتان لە سەرەتادا یەكێك بوو لە بەڕێزترین دروستكراوەكان و لە خوای گەورەوە زۆر نزیك
بوو لە ریزی فریشتەدا بوو، بەڵام كاتێك كە خوای گەورە ئادەم دروست دەكات و بە فریشتە
دەفەرموێت سوجدەی ڕێزی بۆ بەرن، فریشتە ئەشرەفی مەخلوقن لای خوای گەورە پێش ئەوەی
مرۆڤ دروست بكرێت، شەیتانیش لە گرۆی جنۆكەیە، بەڵام خوای گەورە لە ئاستی فریشتەدا
سەیری دەكات. بەڵێ خوای گەورە ئادەم دروست دەكات و ڕێزی لێ ئەنێت، وە عیلمی پێ
ئەبەخشێت هەروەكو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ
عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٣١﴾، البقرة. واتە: (ئەوسا ئیتر خوا
ویستی توانایی و لێهاتوویی ئادەم بۆ فریشتەكان ڕوون بكاتەوە)، ناوی هەرچی پێویستی
دەوروبەر هەیە فێری كرد، لەوەو دوا نیشانی فریشتەكانیشی داو پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی
ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەكەن و (توانای ئاوەدانكردنەوەی زەویتان هەیە؟)" هەروەها
بە گرۆی فریشتە دەفەرموێت: وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ
فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾
الكهف. ئێمە كاتێك بە فریشتەكانمان وت سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەرهەموو سوژدەیان برد جگە
لە ئیبلیس نەبێت، كە لە دەستەی پەریەكان بوو، لە فەرمانی پەروەردگاری یاخی بوو، ئایا
(ڕەوایە) كە ئەوو نەوەكەی بكەنە پاڵپشت و یار و یاوەری خۆتان لەجیاتی من، لەحاڵێكدا ئەوانە
دوژمنی ئێوەن، ئای كە ستەمكاران شتێكی نارەواو ناپەسندیان هەڵبژاردووە و (گۆڕیانەوە)
دەكەن).

سوجدەی ڕێز بردن بۆ ئادەم بۆ چییە؟ لەبەرئەوەی ئادەم زانستێكی پێ بەخشرابوو بە ئەوان
نەبەخشرابوو، ( وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَؤُلاء إِن كُنتُمْ
صَادِقِينَ)، ئەو ناوانەی كە خوای گەورە فێری كردبوو، نە فریشتە و نە جنۆكەش نەیان دەزانی

زانا نەبوون پێیان، بە هۆكاری ئەو زانستەی كە خوای گەورە بە ئادەم و شوێنكەوتوانی بەخشیووە تاكو رۆژی دوایی رێز لێگیراوە.
ئادەم لە رەگەزی مرۆڤە و لە گڵ دروستكراوە، لە پێكهاتەكانی گڵ لەشی مرۆڤ بونیادنراوە، شەیتانیش هات قیاسی بە عەقڵی خۆی كرد و وتی چۆن سوجدەی بۆ ئەبەم لەكاتێكدا منت لە ئاگر دروست كردووە و ئەویشت لە گڵ دروست كردووە لێ ئاگریش باشترە لە گڵ، خوای گەورە ئەم وتانەی شەیتان لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار دەكات بۆمان كە فەرمویەتی: قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ ﴿٧٦﴾، ص، واتە: شەیتان وتی: من لەو چاكتر و بەنرختر و پیرۆزترم، چونكە تۆ منت لە ئاگر دروست كردووە و ئەوت لە قوڕ بەدیهێناوە.
پشتی بە عەقڵی خۆی بەست خۆ قسەكەیشی راستە، كە دەڵێت ئاگر لە گڵ باشترە، ئاگر سوتێنەر و ماڵ وێرانكەرە، گڵیش هەمیشە بیناكەر و بنیادنەرە.
خوای گەورە ئازادی تەواوی بەخشیوە بە مرۆڤایەتی لە ئاكار و هەڵسوكەوتدا لە بەرپاكردنی گۆڕانكاری دا، وەكو ئەوە نییە كە باوە لەناو عەلمانی و غەیرە دینەكاندا كاتێك كەیەكێكیان تاوانێك ئەنجام دەدات بە موسوڵمانان دەڵێن ئەم تاوانەی ئەنجاممان دا لە ناوچاوانماندا نووسرابوو، ئەگینا ئەنجامامان نە دەدا. ئەمە هەرگیز راست نییە مرۆڤ لەسەر كردەوەكانی خۆی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكرێت. شەیتان قیاسی بە عەقڵی خۆی كرد سەراپا ئازاد بوو لە راو بۆچوونەكانیدا، خوای گەورە موناقەشەی دەكات و هەوڵی لەگەڵدا دەدات بۆ ئەوەی سوژدەی رێز بەرێت بۆ ئادەم، بەڵام خۆ بەگەورە زانین و ئەكەبوری شەیتان بووە رێگر لە جێبەجێكردنی فەرمانی خوای گەورە، تاكو ئێستەش گرفت نییە ئەشێت خوای گەورە بە رەحمی خۆی لێی خۆش بێت، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر هەڵەكانی سەرباری ئەوەی كە فەرمانی خوای گەورەی پێشێل كرد و تاوانیشی دایە پاڵ خوای گەورە.
ئەو كەسەی كە گۆڕانكاری دەكات دەبێت كاتێك كە هەڵەی كرد دالی پێدا بنێت، وە بیداتە پاڵ خۆی نەك، تاوان و هەڵەكە بداتە پەنای خوای گەورە، بەنی ئیسرائیل رێك وەكو شەیتان هەڵەیان دەكرد و دەیاندایە پاڵ خوای گەورە و خۆیان بە پاكوبێگەرد دەزانی، شەیتان خۆی نەكردە خاوەنی تاوانەكەی و دایە پەنای خوای گەورە. تاوانەكەش چی بوو؟ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەكات و دەفەرموێت: شەیتان وتی: قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾، الأعراف، واتە: شەیتان وتی: بەهۆی ئەوەی تۆ منت گومڕا و سەرگەردان كرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە رێگە راستەكەتدا بۆیان دادەنیشم تا (لایان بدەم).
بەوەی كە منت گومڕا كردووە، بەڵام بە پێچەوانەی شەیتانەوە كاتێك سەیدنا ئادەم و دایكە حەوا لەو دارە دەخۆن كە خوای گەورە لێی قەدەغە كردوون، خێرا كە دەزانن هەڵەیان كردووە داوای لێ خۆشبوون لە خوای گەورە دەكەن، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان تۆمار دەكات و دەفەرموێت: قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٢٣﴾، الأعراف، واتە: (ئەوسا ئیتر هەردووكیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان كرد و) وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان كرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێمان دا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین.

نەرمونیک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان... ئەبینین ئەوە هەڵە دەبینێت ئەپارێتەوە لە خوای گەورە

یاخود سەیدنا یونس -علیه السلام- کاتێک کە تووشی هەڵە دەبێت ئەپارێتەوە لە خوای گەورە: ﴿وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿٨٧﴾، الأنبیاء، واتە: (ذوالنون)یش (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێ کە قەومەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت، گومانی وابوو کە دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە، لەناو تاریکستانی (شەو و دەریا و ناو سکی نەهەنگەکەدا) هاوار و نزای لێ بەرز بۆوە و وتی پەروەردگارا هیچ خوایەک نییە جگە لەتۆ، هەر تۆ شایستەی هەموو ستایشێکی، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد (کاتێک کە بەبێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت).

پاکوبێگەردی هەر شایەنی خوای گەورەیە و تاوانەکە دەداتە پاڵ خۆی، بەڵام شەیتان بە کیبرەوە وتی: ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾، الأعراف، واتە: شەیتان وتی بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەدا بۆیان دادەنیشم تا (لایان بدەم).

بەنی ئیسرائیل بەهەمان شێوەی شەیتان خۆیان بە پاکوبێگەرد دەزانی، شەیتانیش بە خوای گەورەی وت تۆ منت گومڕا کرد، ئێستەش ئەم نمونانە بەرچاو دەکەون لە خەڵکانێکدا دەڵێن خوای گەورە هیدایەتمان نادات، خوای گەورە منی تا بەو شێوەیە دروست کردووە، بۆیە گۆڕانکاریم پێ ناکرێت لەناو کۆمەڵگەدا، وەکو تەبیعەتی بەنی ئیسرائیلیان هەیە، گۆڕانکاری ئاستەمە بە بێ گۆڕینی گەل.

﴿هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ ۚ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاءُ ۚ وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم ﴿٣٨﴾، محمد. واتە: ئا ئەوەتە ئێوە بانگ دەکرێن لە پێناوی خوادا تا بەخشینتان هەبێت، کەچی هەتانە ڕەزیل و بەرچاو تەنگە، خۆ ئەوەی ڕەزیل و بەرچاو تەنگ بێت، ئەوە ڕەزیلیی لە خۆی دەکات و (زەرەر لەخۆی دەدات)، چونکە خوا خۆی دەوڵەمەندو بێنیازە، هەر ئێوەن کە هەژارو نەدارو کەمدەستن. جا ئەگەر پشت هەڵکەن لەم دین و بەرنامەیە، خوا کەسانی چاکتر لە ئێوە دەهێنێتە مەیدان، کە بەهیچ شێوەیەک لە ئێوە ناچن و وەک ئێوە نابن.

ئەمە پێی دەوترێت سونەتی ئیستبدال، یان ئەوەتا دەکەونە ساڵێکەوە، پێی دەوترێت ساڵی بازنەی بەتاڵ: تیە.

هەست ناکەن ئێمە هەندێکجار لەناو ئەم بازنەی بەتاڵەدا ئەسوڕێینەوە؟ بەڵێ؛ زۆرجار هەست بەوە ئەکەین، هۆکارەکەشی ئەوەیە خاوەنی هیچ پرۆژەیەک نین، لە جێگەی خۆماندا چەقیوین و هیچ زیاد ناکەین، زۆر هەڵەیە ئێمە کە تووشی تاوان و کەوتن بووین بیدەینە پاڵ خوای گەورە و خۆمانی لێ بێبەری بکەین هاوشێوەی شەیتان کە ئەیووت (فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي) ئەمە لە کاتێکیشدا کە خوای گەورە ئازادی تەواوی پێ بەخشیوین، تۆ بۆ خۆت هۆکاریت بۆ خۆت کە ڕێگەکە هەڵنابژێریت، خاوەنی ئەو هەموو پرۆژە ئیسلامییەیت، کەچی پەنات بردووە بۆ پرۆژەیەک کە لە شەرق و غەربەوە هاتووە، بۆیە سەرکەوتن بەدەست نایەت، بۆیە گۆڕانکاری ئاستەم بووە.

بەنی ئیسرائیلیش بەم شێوەیە بیریان دەكردەوە، بەم شێوەیە دەژیان، بۆیە كاتێک لە فیرعەون ڕزگاریان بوو و چوونە ناوچەكانی سینا ٤٠ ساڵی ڕێک لە بازنەی بەتاڵدا ئەسوڕانەوە، داوای شتی وای پێمانەیان دەكرد لە سەیدنا موسا كە خاوەن هۆش و عاقڵ قەت داوای ناكات.

سەیدنا موسا وەفات دەكات و خوای گەورەش بۆ پڕكردنەوەی شوێنەكەی یوشەعی كوڕی نون و هارونی برای -علیهم السلام- ئەنێرێتە ناویان، ئەم دوو پێغەمبەرە دەست دەكەن بە گۆڕانكاری، تاكو ئەوكاتەی بە جیهاد و خەبات ئەچنە ناو قودسەوە و ئازادی دەكەن.

لەم وڵاتەدا نیشتەجێ ئەبن تاكو ئەوكاتەی خوای گەورە دوو پیاوی بەڕێز وەكو پێغەمبەر ئەنێرێتە ناویان بۆ گۆڕانكاری كە سەیدنا داود و كوڕەكەی سەیدنا سلێمان بوون -علیهم السلام-، ئەم دوو پیاوە بەڕێزە هەموو جیهان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەتەواوەتی كۆتایی بەو نەوەیەی پێشوو دێت كە نەوەی گۆڕانكاری نەبوون، هەر بۆیە خوای گەورە لە ساڵی تیەدا لە ساڵی بازنەی بەتاڵدا كۆی كردنەوە، بەڵام دوای ئەوان نەوەیەكی باش و بەهێز دێنە پێشەوە لە بەنی ئیسرائیل، نەوەیەكی گۆڕانكار هاتنە پێشەوە لەگەڵ سەیدنا داو و سەیدنا سلێمان دا دەستیان كرد بە خەباتكردن و توانیان هەموو جیهان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، هۆكاری سەركەوتنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بە قسەی ئەمیر و سەركردە و ڕابەر و پێغەمبەرەكەی خۆیانیان كرد، هەڵەیان نەبوو بۆ جیهان، ئەزموون و دەرسیان لە نەوەی پێش خۆیان وەرگرتبوو، دەیانزانی كە جیهان بچێتە دڵی هەركەسێكەوە لە گۆڕانكاری باش دووری ئەخاتەوە، هەركەسێک خۆشی جیهان چووە دڵییەوە، توانای گۆڕانكاری نامێنێت، چونكە بەردەوام خەیاڵی لای سەروەت و سامان و ماڵی دنیایە، هەمیشە خەیاڵی لای ئەوەیە كە گەندەڵی و خراپەكاری و ئەو شتانە زۆر بێنێت بۆ ئەوەی بتوانێ سەروەت و سامان و ماڵی دنیایی زیاد بكات، ڕەشوە زۆر بدات و كۆمپانیای باشتری بۆ دەكرێتەوە، خۆی ئیحتیكاری خەڵكی دەكات و گوێش نادات بە خەڵكی هەژار.

عوقبەی كوڕی نافع -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- یەكێک بوو لە هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێكی بەعیزەت و بەغیرەت بوو، ئەم هاوەڵە بەڕێزە بەرەو مۆریتانیا كەوتە ڕێ، لە مۆریتانیا هاواری دەكرد و ئەیوت وەڵاهی ئەی خوای گەورە ئەگەر بزانم خاک و جێگەیەک لەسەر ئەم زەویەدا هەیە كە تۆی تێدا نایەرسترێت دەڕۆم فەتحی ئەكەم بۆ ئەوەی تۆی تێدا بپەرسترێت و ئەم ئیسلامەی تێدا بڵاو ئەكەمەوە تا مۆریتانیای فەتح كرد، بەڵام لەكاتی گەڕانەوەیدا لە ڕێگەدا بەربەرەكان یاخود ئەمازیغییەكان لە تونس شەهیدیان كرد، دوای ئەوە كەسێک دێت بۆ ئەوەی بەردەوامی بەم گۆڕانكارییە بدات، بەڵام ئەیزانی عوقبەی كوڕی نافع هەوڵی ئەوەی نەداوە كە لەگەڵ ئازادكردنی ناوچەكاندا پەروەردەی خەڵک بكات بۆ ئەوەی گۆڕانكارییەكەی بەردەوام بێت، بەڵكو ئەو تەنها خاكی ئەویست و وای دەزانی بۆ گۆڕانكاری و موسوڵمانكردنی خەڵكی تەنها فەتح پێویستە.

لە ڕاستیدا واتییە خوای گەورە كە باسی فەتح دەكات دەفەرموێت: إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ، واتە: كاتێك كە خوا سەركەوتنی خۆی بەخشی و شاری مەككە ڕزگاركرا (وە لە بتپەرستی خاوێن كرا).

وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾، النصر، واتە: ئینجا خەڵکیت بینی هاتە ڕیزی ئاینی خواوە پۆل پۆل و دەستە دەستە.

خوای گەورە مەرجی هەیە لە بەخشینی سەرکەوتن و فەتح! بۆ ئەوەی کرانەوەی وڵاتانی بۆ بیەخشێت و خەڵکی فەوج فەوج بێنە ناو دینی ئیسلامەوە دوو مەرجی هەیە، هەرکەسێک ئەم دوو مەرجە جێبەجێ بکات و پیادەی بکات خوای گەورەش کاری بۆ ئاسان دەکات و فەتح و سەرکەوتنی پێشکەش دەکات، هەروەها وا لە خەڵکیش دەکات، بێنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

## مێژووی پڕ لە گۆڕانکاری ئەندەلوس

ئەم چەند لاپەڕەیەی هەڵی دەدەینەوە، لە مێژووی ئیسلامی گەورەترین ئەزموونی موسوڵمانانە لە ئەورووپادا، کە ڕێگەیان بەرەو ئەندەلوس گرت. لەوانەیە خەڵکێک بپرسێت بۆ باس لە مێژوو دەکەیت شتێکی تر نییە بێجگە لەمە؟

خوای گەورە کە قورئانی ناردوە سێ بەشی قورئانی پیرۆز لە شێوەی چیرۆک ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەمە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە جۆرە پەروەردەکردنێکی ناوازەیە و هاوشێوەی زۆر کەمە، بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانمان گێڕانەوەی مێژوو بەشێوەی چیرۆک زۆر گرنگە بۆ پێگەیشتنیان تا ببێتە مەشخەڵێک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی داهاتوو.

من بڕوام وایە پەروەردەکردنی خەڵکی سێ بەشی لە ڕێگەی چیرۆک و ڕۆمانەوە دەبێت، کە شێوازێکی قورئانییە و خوای گەورە فێرمان دەکات بۆ هەموو جیهان، ئەمەی لەڕووی واقیعەوە سەلمێنراوە ئەوەندەی خەڵکی ئێمە دوای ڕۆمان و چیرۆک دەکەون ئەوەندە دوای بابەتەکانی تر ناکەون، جاری وا هەیە لە ڕۆمانەکانیش تێناگەن، بەڵام چونکە باوە لە ناو خەڵکی دا ئەگەر چی بە سەدان لاپەڕەش بێت کاتی بۆ تەرخان دەکەن).

دەبێت بپرسین بۆ خوای گەورە ئەم شێوە پەروەردەیەی هەڵبژاردوە؟ گومانی تێدا نییە بۆ زوو تێگەیشتنیان و ئارەزوی گوێگرتن و خوێندنەوەیان لێی، بۆیە هەمیشە مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە بەشێوەی چیرۆک بۆ ئەوەی کەسایەتیان بەهێز بکات و بیانکاتە خەڵکانێکی کاریزما و دامەزراویان بکات لەسەر مەنهەجی ئیسلامەتی.بۆ نمونە: ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، خوای گەورە باسی ژیانی پیاوچاکان و ڕاستگۆکان و شەهیدان و زاناکانمان بۆ دەکات بۆ دروستبوونی مرۆڤەکانە، تا لەسەر ڕێگەی ئەوان دروست بن، پاشان لە هەمان کاتدا باسی خراپەکاران و درۆزنەکان و دووڕووەکانمان بۆ دەکات بۆ خۆ دوورخستنەوەمان لە کارو فەرمانی ئەو گەندەڵانە، وە پێشمان دەڵێت، چۆن کۆتاییان هاتووە و ڕووە و کوێ چوون. وە خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە کە باسی چیرۆکی مێژوومان بۆ دەکات دەفەرموێت بۆ ئەوانەی کە خاوەنی بیرن و هزرڤانن، ئەوانە دەبێت بیری لێ بکەنەوە، کەواتە ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوەیە کە وانەی زۆر گرنگی تیدایە وەک دەفەرموێت: وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ. ﴿١٧٦﴾، الأعراف. واتە: خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و (دەستی کرد بە دنیاپەرستی) و شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت، جا نمونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو نمونەی سەگ وایە، ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی (زمان دەردەکێشێت)، یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنێت ئەوە هەر هەناسەبڕکێیەتی، ئەوە نمونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەوە بۆ ئەوەی (رابچڵەکێن) و بیربکەنەوە. هەروەها دەفەرموێت: لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ. ﴿١١١﴾، يوسف.

وانە: بەڕاستی لە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند. وە ئەمێ قسە و باسی دەست هەڵبەست بێ. بەڵکو لەلایەن کتێبە پێشووەکانەوە (وەکو تەورات و ئینجیل) پەسەندکراوە. وە ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی تیا دیاریکراوە. وە هیدایەت و ڕێنموێی و ڕەحمەتە بۆ کەسانێ، کە باوەڕ دەهێنن.

وانە ئەم بەسەرهاتانە کە ئەم قورئانە باسیان دەکات شتێکی هەڵبەستراو نییە. بەڵکو درێژەی ڕاست دانانی بەشە ڕاستەکانە، کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە و نەفی ئەو بەشانەش دەکات کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. هەموو شتێکی ڕوونکردۆتەوە لە ئەمری ئەم دینە. هەروەها ڕێنمایی و ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران. کەواتە مەبەستمان لە (لأولي الألباب) واتا ئەو کەسانەی کە هزرڤانن. پاشان کە چیرۆکێک دەگێڕینەوە یان مێژوویەک باس دەکەین، ئەگەرچی مێژووەکە مێژووی ئیسلامی بێت یان مێژوو بێت بەگشتی بۆ وانە لێ وەرگرتنە و دەبێت ئەو کەسانەی خاوەنی بیر و هزر و هۆش ـن لێی بڕوانن و تێبفکرن بۆ خۆیان، تا ئەرێنی و نەرێنی جیا بکەنەوە و پەروەردە بن لەسەری.

مەبەستمان لە گێڕانەوەی مێژووی ئەندەلوس وروژاندنی هەست و سۆزی موسوڵمانان نییە و خۆ پێوە بادانی نییە. بەڵکو تێڕامانە و وانە لێ وەرگرتنە وە باسکردنی ماستی ڕژاو نییە. یاخود بۆ ئەوە بێت کە ئێمە وەک موسوڵمان خاوەنی چی بووین. بەپاسی ئێمە لێرە ئەوەیە کە پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرین بۆ ژیانی خۆمان و داهاتوومان. باسکردنی مێژووی ئەندەلوس هەڵدانەوەی لاپەڕەی مێژووی ئیسلامییە نەوەک بۆ پێدا هەڵدان بێت. بەڵکو شیکردنەوەیەکە لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سەربازی...هتد. وە پێ خستنە ناو مێژووی ئەم ئیسلامەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوەی بۆمان کارا لە مێژووی ئەم ئیسلامە دەیخەمە بەردەستی خوێنەران. وە ئەم باسە بە دوور و درێژی نییە. بەڵکو سەرە داوێکمان لێ گرتووە، تا بتوانم لەو سەرە داوە خزمەتێک بە ئاین و کۆمەڵگاکەی خۆم بکەم. خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەک بێت. ئەمە تەنها پێشەکییەك بوو لە باسەکەمان. خوای گەورە کارەکانمان بۆ ئاسان بکات. هۆکاری ئەم شیکردنەوە و ڕاستەوخۆ نەچوونە ناو مێژووی ئەندەلوس بەو هۆکارەیە کە تێگەیشتن لەمێژوو، وە لە ژیان پێویستە هەموو خەڵکی لە سوننەتی خوای گەورە تێ بگەن کە سوننەتی خوای گەورە نە گۆڕانی بە سەردا دێت و نە لەناو دەچێت. وەک خوای باڵا دەست خۆی دەفەرموێت: ﴿اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾﴾. الفاطر. واتە: چونکە خۆیان بە گەورەو زل‌زانی لە زەویدا و پیلانی شەڕ و تاوانیان کێشا. (بە مەرجێك) پیلانی شەڕ و تاوان (هەمیشە) بەسەر ئەواندا دەشکێتەوە، کە نەخشەی بۆ دەکێشن، مەگەر ئەمانە لە (کاتێ کە بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێناوە، لەناوبران) ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەکانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن (کە بەشێکی ڕیسواکردنی پیلانگێڕانە).

وە خوای گەورە ئەمەی بۆ دیاری كردووین لە ژیاندا، وە یەكێكیشە لە نیعمەتەكانی خۆی، یەكێكێك لەوانەیە باش لەمە تێنەگەن بڵێن چ مانەیەكی هەیە سوننەتی خوای گەورە لە ژیانمان دا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین خوای گەورە لە سوننەتی خۆیدا وا دایناوە كە ئاو لە پلەی سەدیدا بكوڵێت، واتا تا ڕۆژی قیامەت ئەمە ناگۆڕێت، خۆ ئەگەر بهاتەیە و هەر ڕۆژە لە پلەیەكدا ئاو بكوڵایە ڕۆژێك لە پلەی ٣٠ دا بكوڵایە، ڕۆژێكی تر لە پلەی ٥٠ دا، ئەوا ژیان جێگیر نەدەبوو، كەواتە ئەوە نیعمەتێكی خوایە كە سوننەتەكەی گۆڕانكاری بە سەردا نایەت، یان ئاگر تا ڕۆژی قیامەت سوتێنەرە كەواتە هەرگیز ئاگر ئاو ناكوژێنێتەوە، بەڵكو ئاو ئاگر دەكوژێنێتەوە، بێجگە لە معجزەكان بۆ نمونە كەسێك بڵێت ئەی ئەوە نییە ئیبراهیم پێغەمبەر-علیه السلام- لە ئاگرەكەدا نە سوتا، دەڵێین ئەمە موعجیزەیە كارێكی ئاسایی ژیان و مرۆڤ نییە، كەواتە ئەگەر كەسێكی ئاسایی دەستی بخاتە ناو ئاگر بێگومان دەسوتێت، نابێت وەك ئیبراهیم بڵێت ئەی ئەو بۆ كردی منیش دەیكەم! كەواتە دەبێت تێبگەین لەو یاسایانەی كە خوای گەورە بۆی داناوین لەم ژیانەدا.

مرۆڤ و ئاژەڵ پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە هەیە و پێویستیان بە خەو هەیە و لە كۆتاییدا دەبێت هەموی بمرێت كە ئەمانە هەمووی بەڵگە نەویستە، سوننەتی خوای گەورەن بۆ خەڵكی، تا ژیان بە ئاسایی بڕوات، كە پێی دەوترێت سیستەمی ژیان و لە هەمان كاتدا خوای گەورە سوننەتێكی تری هەیە، كە پێی دەوترێت سوننەتی گۆڕان یان سیستمی گۆڕان، هەر كۆمەڵ و دەستەیەك ئاژاوەچی و خراپ بوون، ئەوا خوای گەورە لایان دەبات و خەڵكی باشتر دێنێت كەواتە ئەم سوننەتە نەگۆڕە، كە خەڵكانێك خەریكی فەساد و گەندەڵی و خراپەكاری بن خوای گەورە دەیان گۆڕێت بە خەڵكانێكی باش و چاكەخواز، ئەمە نەگۆڕە لە مێژوودا هەمیشە خۆی دووبارە كردۆتەوە.

بۆ نمونە ئەگەر تەماشایەكی مێژوو بكەین دەبینین هەر ئەو ڕووداوانەیە كە ڕوودەدەن بەس خۆیان دووبارە دەكەنەوە، بەڵام بە گۆڕانی مێژوو ناوەكانیان و سەردەمەكانیان دەگۆڕێن. لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە سوننەتی خوای گەورە گۆڕانكاری بەسەردا نایەت لەو سیستەمەی كە بۆی داناوین.كاتێك مێژوو دەخوێنیتەوە وا هەست دەكەیت خوای گەورە ئەو سیستەمەی دایناوە نەگۆڕە، وە بۆی داناویت كە چۆن هەنگاو هەڵبێنیت، وە چۆن كار بكەیت و داهاتووی خۆشت بزانیت بێ ئەوەی پەنا بەریت بۆ فاڵ و بورج و ئەو شتە بێ مانایانە، كە خەڵكی خۆی پێوە سەرقاڵ كردووە، بەڵام مێژوو ئەوەت بۆ دەستنیشان دەكات بێ خورافات و حەرام بوون، بۆ نمونە كاتێك كە باس لە سەردەمی تەتار دەكەین، كە هات ئەفغان و عێراقی داگیر كرد، كتومت دەڵێی ئەو كاتەیە كە ئەمەریكا ئەفغان و عێراقی داگیر كرد تەنها سەردەمەكە گۆڕاوە ناوی تیمۆ جین بووە بە جۆرج بۆش !

كەواتە ئەوە ماوە بڵێین بەم سوننەتە مێژوو باشتر دەخوێنینەوە و بۆ خەڵكی موسوڵمان دەبێت بزانێت كە بە هەڵەی ڕابردووی دا نەچێت بیر و هزر لە ڕابردووی وەر بگرێت، تا ئەو هەڵانە دووبارە نەبێتەوە ئەگەر چی، بە نەزانی بێت یان بە عەمدەن.

## بۆچی مێژووی ئەندەلوس شیكەینەوە؟

هۆكاری ئەوەی كە بۆ باسی مێژووی كوردستان ناكەین خەڵكانێک زۆر هەن كە زەحمەتیان كێشاوە بەو كارانەوە وە میللەتەكەم پێویستی بە زیاری وڵاتانی تر هەیە، كە بێ ئاگایە لێی وە ئەم كارە ڕێخۆشكردنێكە بۆ شیكردنەوە و لێكۆڵینەوە لە مێژووی كورد ئەمە سەرەتایەكە، چونكە ئەگەر باسی مێژوویەكمان كرد، كە لە خۆمانەوە دوور بوو دوایی ئەوەمان بۆ دەسەلمێرێت كە مێژووی وڵاتی ئێمە و وڵاتانی تر لەیەک دەچن. بۆ هۆكاری شیكردنەوەی مێژووی ئەندەلوس ئەوەیە، كە مێژوویەكی زۆر دەوڵەمەندە لە هەموو شێوەكانی تێدایە و تەمەنی خۆی ئەدا لە ٨٠٠ ساڵ، واتا لە ساڵی ٩٢ی كۆچی تا ساڵی ٨٩٧ی كۆچی بەردەوام بووە، كەواتە ٨٠٥ ساڵ موسوڵمانان لە ئەوروپادا زیاریان دروست كردووە.

ئەم مێژووە بریتیە لە مێژووی ئیسلام وە پێویستە لە سەرمان جوان لێی بكۆڵینەوە و بزانین چی لێ فێر دەبین.

موسوڵمانانی كورد ئاگاداری ئەم مێژوە نەبن كە سێ یەكی مێژووی ئەم ئیسلامەیە وە لە گەورەیی و فراوانی ئەم مێژووە پانتاییەكی بێشوماری داگیر كردووە لە ژیانی مێژووی موسوڵمانان، وە چەندەها قۆناغ و سەردەمی تێپەڕاندوە تا بووە بە مێژوو وە بە تەواوەتی سوننەتی خوای گەورەی تێدا بەدی دەكرێت خۆ ئەگەر هیچمان نەكردبێت، زۆر بەجوانی توانیومە سوننەتی خوای باڵا دەستی تێدا نیشان بدەین وە لەم مێژووی ئەندەلوس دا بەتەواوەتی ئەوەی تێدا بەدی دەكرێت زۆر لە گەل و هۆزەكان توانیویانە ببنە ئەستێرە لەو مێژوودا وە زۆرێک لە میللەتان مردوون كاریان خەریكە لەناو مێژوودا لە ناو دەچێت وە زۆر لە خەڵكانی ئەو ئەم مێژووە تواونەتەوە ئەستێرەیان كشاوە هیچ ڕێ و شوێنێكیان نەماوە، وە زۆر لە دەوڵەتانێک دەسەڵاتیان هەبووە و زۆر بە هێز و دەسەڵات بوون خەڵكانێكیان لە ژێر دەستا بوو، كە ئێستە خۆیان بە پێشەنگی مرۆڤایەتی دەزانن وە هەندێک دەوڵەت كە موسوڵمانان ئازادیان كردووە و فەتحیان كردووە ئێستە كە موسوڵمانی ئێمە هەر بە خەیاڵیش بە مێشكیان دا نەهاتووە كە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک موسوڵمان فەرمانڕەواییان كردووە و زۆرێک لە دەوڵەتانی فەرمانڕەوایی تێداچووە هێز و دەسەڵاتی خۆی لە دەست داوە، وە لەناو ئەم مێژووەدا خەباتگێڕ و موجاهیدی زۆر بەتوانای تێدا دەردەكەوێت و لە مێژووی ئەندەلوسدا بە هەمان شێوە خەڵكانی ترسنۆک و دووڕووی تێدا دەبینرێت، وە خەڵكانی تێدا دەبینرێت كە دڵسۆزبوون بۆ خاک و نیشتمان و ئاینەكەیان، پیاو چاک و ڕاستگۆ و زانا وشاعیرو مێژوو نووسی تێدا دەبینرێت، وە زیارو پێشكەوتن سەر هەڵدەدات هەروەها خراپەكار و نیشتمانفرۆشی تێدا دەبینرێت، ئاینفرۆشی سەرهەڵدەدات فەرمانڕەوای دادپەروەر و خەڵكانی گەندەڵ و فەرمانڕەوای خۆویستی تێدا دەبینرێت، وە ئەمانەت دەستنیشانی خەڵكانی سادە و ساكارەكەیشی دەكەین بە پشتیوانی خوای گەورە،بێگومان ئەم مێژووە گەر وابێت سوودێكی زۆر باشمان پێدەگەیەنێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین كە شی بكەینەوە،با لەخۆمان بپرسین چەند كەس زانیاری هەیە لەسەر ئەندەلوس؟

ئایا دەزانین چی ڕوویداوە لە ئەندەلوس، كە ئێستە ئیسپانیا هەموو خەڵكی لە جیهانەوە ڕووی تێ دەكەن، سەیری ژیار و پێشكەوتنی ئێوەی موسوڵمان دەكەن، كە مایەی سەرسوڕمانی ئێستە و ئەوسایە!

یا بپرسین ئەی ئێستە بۆ وامان لێهاتووە ڕۆژانێك بوو ئێمە گەلانمان فێری زانست و ڕەوشت و ژیار دەكرد چاوەڕوانی دەستی ئێمە بوون، ئەی بۆ ئێستە ئێمە چاوەڕوانی دەستی ئەوانین؟ كەواتە ئێستە زانیتان بۆ باسی مێژووی ئەندەلوس دەكەین بۆ هەستانەوەی ئەم ئومەتی ئیسلامیە، كەواتە زۆر بە وردی ئەم باسە بخوێننەوە دەبێت زیاد لە یەكجار بیخوێنینەوە، وە زۆر پێویستە بیخوێنیتەوە و هەرچی بەرنامەیەكت هەیە لەبەر خوێندنەوەی ئەم بابەتە وازی لێبێنە!

كەواتە دەبێت باسی مێژووی ئەم وڵاتە بكەین چونكە خەڵكی ئێمە ئاشنا نییە پێی، وە بڕوا بكەن ڕووداوەكانی لە ڕووداوەكانی شەڕی فارس دەچێت وە زۆر هاوشێوەن لەگەڵ هاتنی موسوڵمانان بۆ كوردستان، كێمان شەڕی وادی بیرباتی بیستووە كە ڕووی داوە لە ئەندەلوس، كتومت ئەڵێی شەڕی قادیسیە و یەرموک بووە، وە لە بنەڕەتدا زۆر لە موسوڵمانان باسی ئەو شەڕە نازانن و ئێستە لە زانكۆكانی ئەوروپادا دەیانەوێت لە ڕێگەیی ئەو مێژووە بەچەواشەی لەقە لە موسوڵمانان بدەن، تا لەو ڕێگەوە ژەهری خۆیان بڕێژن!

وە كامان ئاگادارین لە سوتاندنی بەلەم و سەفینەكانی طاریقی كوڕی زیاد، ئایا ئەمەی كە ئێستە ئەوروپا بۆمان دەگێڕێتەوە لە زانكۆكانی دا دەیەوێت فكری خەڵكی پێ بشێوێنێت بە پشتیوانی جولەكە ئەم كارانە دەكەن، بۆیە مێژووی ئەندەلوس گرنگە كە ئاگاداری بین لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا دەیەوێت لەو ڕێگەوە فكری خۆی بڵاو بكاتەوە تا ئەو شتە خورافیانەی كە هەڵیبەستوە بۆ موسوڵمانان ئاگاداری بین، ئایا ڕاستە، یان درۆیە، یان بزانین بۆ ئەم باسانە بڵاوبوونەتەوە لە ناو خەڵكی دا؟

پاشان بزانین عەبدورحمانی داخل كێیە وە چەندە لە خەڵكی ئێمە دەیناسن، مێژوونووسان دەڵێن ئەگەر عەبدوڕحمانی داخلی ئیسلام نەبووایە، بە تەواوەتی ئیسلاك كۆتایی پێ دەهات لە ئەندەلوس دا، بزانین كێ بووە؟ عەبدوڕەحمانی ناسر كێیە و مێژوونووسان بەگەورەترین پاشای هەموو ئەوروپا ناوی دەبن لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، ئایا هیچ لە ژیانی ئەم پیاوە دەزانین، یان چۆن گەیشتە ئەو پلە و پایە، هەروەها با بزانین چۆن گەورەترین دەسەڵات بووە لە سەردەمی خۆیدا، كەس نەیتوانیوە شان لە شانی دەوڵەت و دەسەڵاتی بدات، چۆن بزانین؟ ئێمە ناوی یوسفی كوڕی تاشفینمان بیستووە ،كە چۆن سەركردەیەكی لێهاتوو و موجاهید بوو، چۆن خەڵكی فێری جیهاد دەكرد و خاوەنی شەڕی زەلاقەیە، كە گەورەترین جەنگ بوو، توانی سەركەوێت بەسەر نەساراكاندا. وە دەبێت بزانین چۆن دەوڵەتی پێكهێنا كە ئەمانە هەموو ئەزمونن بۆ ئیسلامیەكانی ئێمە! ئایا كەسمان ئاگامان لە ژیاننامەی ئەبوبكری عومەری لەمتونی هەیە كە بست و پێنج دەوڵەتی ئەفەریقی لەسەر دەستی ئەو موسوڵمان بوو؟

ئایا كێ ناوی ئەبی یوسفی یعقوب-ی منصور-ی بیستووە كە سەركردەیەكی جەنگی ئەڕاكی ژیلدووە كە سەركەوتنێكی زۆر گەورەی بەدەستهێنا بەسەر نەسرانییەكاندا؟

وەک موڕابطینی موجاهید، چی دەزانین، چۆن دەوڵەتی ئایا چی دەزانین لەبارەی دەوڵەتێکی موەحەدین دامەزرا؟ دەزانین گەورەترین مزگەوت لە جیهاندا مزگەوتی قورطوبەیە، کەچی ئێستە بووە بەکڵێسا و موسوڵمانان بێ ئاگان لێی؟ کاممان، لە موسوڵمانانی کوردە ئاگایان لە مزگەوتی گەورەی ئیشبیلیە؟ یان زانکۆی قورطوبە و کتێبخانەی ئەمەوی لە ئیسپانیا؟ کاممان لە ئێمە ئاگاداری ژیاری شاری زەهرای و باڵەخانەکانی زەهرەیە، کە ئێستە بۆتە جێی گەشت و گوزاری ئەورووپیەکان یان بەگشتی هەموو خەڵکی، لە موسوڵمان و بێباوەڕ وەیان ئەو هەموو زەخرەفە و وێنانەی کە موسوڵمانان خاوەنین، کەچی بە ژیاری ڕۆژئاوا ئاوزەد دەکرێت؟ وە پێویستە بپرسین لە شەڕی ئیقاب، کە موسوڵمانان تێیدا دۆڕان و زیانێکی زۆر کەوت لە موسوڵمانان، مێژوونووسان دەڵێن لە دوای ئەو جەنگە غوبار و تەپوتۆز تا یەک هەفتە بەئاسمانەوە بوو، تاکە گەنجێک نەما بوو لە ئەندەلوس بۆ خەبات و جیهاد، ئایا موسوڵمانان بۆ لەو شەڕەدا دۆڕان کە زیاد لە هەشت هەزار موسوڵمان کوژرا؟!

دەبێت بپرسین بۆ موسوڵمانان لە ئیسپانیا دۆڕان بۆ لە دوای هەشت سەد ساڵ ژیار و مانەوە چۆڵکرە هۆکارەکەی چی بوو؟ بۆ لە دوای ئاوابوونی دەسەڵاتی ئەندەلوس، کە ڕۆژیان ئاوا بوو پرشنگی ڕۆژ لە قوستەنتینەوە هەستایەوە ئینجا لە ئەورووپای شەرقییەوە چوونە ناوەوە؟

ئەمانە و هەزاران پرسیاری تر لەم بابەتە دا دەبیزرێتەوە. لەوانەیە خەڵکەکە بپرسێت جا بۆ ئەم هەموو زانیاریە لە کاتێکدا پەیوەندی نییە بەوڵاتی منەوە نییە، ئەم هەموو زانیاریەمان بۆ چیە بۆ ئەم کاتە بەوە بەسەر بەرین؟ لەوەڵامدا دەڵێین: موسوڵمانی زیندە ئازیز زۆر بەسادەیی، ئەگەر لە ژیاری دۆڕاوی خۆت نەزانی هەرگیز هەڵناسیتەوە، ئەم مێژووە بەس بۆ موسوڵمانە ئەگەر چی لە هەر کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا بێت سوودی لێ وەردەگیرێت وەک تاکە کەس، ئەگەر دەوڵەت بێت هەر بە هەمان شێوە وە ئەگەر دەستەو گروپ و سەرکردەیش بێت بۆ هەمووی شیاوە ئەزموونێکی زۆر گەورەیە.

دەبێت بزانین ترازیدیای بەلنسیا چییە کە زیاد لە شەست هەزار موسوڵمان تێیدا کوژرا لە یەک ڕۆژدا بۆ کوژران؟ دەبێت بزانین لە ترازیدیای بربارشاتار، کە لە ماوەی ڕۆژێکدا چل هەزار کەس کوژران و ئافرەتەکانیان بە دیاری دابەشکران بەسەر ئەورووپادا، کە هەموو موسوڵمان بوون بۆ ئەم کارە ڕوویدا کە هاوشێوەی ئافرەتانی بۆسنە و هێرسک بوو؟ دەبێت شیکاری بکەین ئەی موسوڵمانان ئەوکات چیان دەکرد، یان چۆن بەرهەڵستی ڕووداوەکانیان دەکرد ئایا لەدوای کەوتیان هەستانەوە؟ ئەگەر وەڵامی ئەمانەمان دەستکەوت خۆمان فێر کرد لەو ئەزموونانە دڵنیابن کەوتنمان زۆر ئاستەم دەبێت! مێژووی ئەندەلوس مێژوویەکی دوور و درێژە کە تەمەنی هەشت سەدەیە، سەروەتێکی نەبڕاوەیە لە ئەزموون و کار و چالاکیی موسوڵمانان. لەم مێژووەدا بۆمان دەردەکەوێت موسوڵمانان چۆن کاریان کردووە، وە دەبێت ئێمەیش بزانین چۆن کار دەکەین لەگەڵ ڕووداوەکاندا تا کارە خراپەکان دووبارە نەکەینەوە، چاکەکان لە بەرچاو بگرین و واز لە تەمەڵ و قسەی زل و کێشمە کێشمی حزبایەتی بهێنین، چونکە ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە پێشە، با کات بە فیڕۆ نەدەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ کار و خەبات و جیهاد.

## شۆڕش و تایبەتمەندییەكانی لە ناو ئیسلامدا

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەو ٨٠٠ ساڵەی، كە لە ٩٢ی كۆچی، تا ساڵی ٨٩٧ی كۆچی، واتا لە سەرەتای فەتحییەوە، تا رووخانی، پێویستە بپرسین بۆ موسوڵمانان روویان كردە ئەو وڵاتە و شمشێریان لەوان دەرهێنا و چوونە ناو خاكی ئەندەلوس؟ لە كاتێكدا دەوڵەتی ئەندەلوس دەوڵەتێكی سەربەخۆ بوو سەرووەری خاكی خۆی پاراستبوو، وە لە هەمان كاتدا دراوسێی موسوڵمانان بوو، وە نەسرانییەكان فەرمانڕەوایان دەكرد، وە موسوڵمانان خاوەنی خاكێكی زۆر بوون بۆ ئەم بەیاننامەیان خستە بەردەمی نەسارا یان ئیسلام بوون، یان جزیەدان یان جەنگ!

خەڵكانێك هەمیشە ئەم وتەیە دووبارە دەكەنەوە كە گوایە ئەم ئیسلامە بە شمشێر بڵاوبۆتەوە، ئەوەكانی ئەم ئیسلامە زۆرجار داكۆكی دەكەن لەسەر ئەوەی، كە شتی وانییە و ئیسلام بە شمشێر بڵاو نەبۆتەوە، بەڵكو ئیسلام خێر و خۆشییە، عەلمانییەكان دەڵێن ئەوە نییە وڵاتێكی وەك ئەندەلوس كە سنوری خۆی پاراستوە، بەڵام خۆ سوپای موسوڵمانان چووە سەریان، ئەی وەڵامتان چییە بۆ ئەمیان وەك موسوڵمان؟!

موسوڵمانەكان هەمیشە دەڵێن كەس بە زۆر موسوڵمان ناكەین خوای گەورە لە قورئانەكەیدا دەفەرموێت: لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ. ٢٥٦، البقرة. واتە: كەس بەزۆری ناهێنرێتە ناو ئیسلامەوە و روون بۆتەوە بە ئایات و بەبەڵگەی رۆشن، كە ئیمان و ئیسلام راستییە و حەقە، وە كوفریش ناراستە و باتڵە.

ئەو پرسیارەی كە هەمیشە لێمان دەكرێت، خۆ ئێوە دەڵێن دین بە زۆر نییە، چۆن دەتوانن پارسەنگی نێوان رستەی (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) بكەین، كە لەكاتێكدا موسوڵمانان هەمیشە دەست بەچەك و چەپۆك و چاونەترس و دلێر بوون، هەمیشە كە بانگەوازی جیهاد بكرابایە، بەگیان و ماڵ خۆیان پێشكەش دەكرد؟

هەندێك لە ئەوەكانی ئەم ئیسلامە خۆیان لەم پرسیارە لا ئەدەن، دەیانەوێت وا بیسەلمێنن، كە ئەم دینە وەك تەبشیر بڵاو بۆتەوە، بەڵام لە راستیدا وانییە بێگومان ئەم دینە بە شمشێر بڵاوبۆتەوە، مەگەر هەندێك شوێنی كەم نەبێت! وەك فلیبین، مالیزیا و ئەندەنوسیا، كە لە رێگەی بازرگانە موسوڵمانەكانەوە موسوڵمان بوون، ئەمەش ناكرێتە پێوەر بۆ ئەوە هەموو خاكە گەورەیەی كە موسوڵمانان فەتحیان كردوە.

لە مێژووی ئیسلامدا دروشم نییە ئەوەی راستە بڵاوی دەكەینەوە ئێمە مێژووی خۆمان بە راستگۆیی دەنووسینەوە درۆ هەڵنابەستین چۆن باسی عومەری كوڕی عەبدول عەزیز دەكەین، باسی دادپەروەری و چاكەكانی دەكەین، بەهەمان شێوە باسی خراپەكانی حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی دەكەین، كە چەندە پۆخڵەواتی هەبوو بە زمانی ئێستە دیكتاتۆر بووە، خۆ هەردووكیان لە سەر مێژووی ئیسلام ئاماژەیان بۆ دەكرێت. كەواتە بۆ تێگەیشتن لەم چەمكی شمشێر و جیهادە، كە خەڵكانێكی سەرقاڵ كردووە زۆر بە سادە و سانایی دەڵێین، جیهاد دوو جۆرە لە ناو ئیسلامدا، جۆری یەكەم پێی دەوترێت جیهادی دەفع و جۆری دووەم پێی دەوترێت جیهادی طەلەب.

جیهادی دەفع: بریتییە لەو خەبات و کۆششەی کە خەڵکی دەیکات لەسەر خاک و نیشتمان و
سەروەت و سامانی خۆی و ماڵ و خێزانەکەی وە پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خۆی و
خانەوادەکەی ئەمە لای هەمووان ئاسراوە ئەم جیهاد و کۆششە پێی دەوترێت دیفاع لە خۆکردن و
پاراستنی گیانی خۆت.

جیهادی طەڵەب: بریتییە لەو کۆشش و خەباتەی کە تا ئێستە موسوڵمان بە کەمی لێی
تێگەیشتوون بۆیان قوت ناچێت لەم سەردەمەدا لەبەر ئەوەی کە خۆمان دواکەوتوو و هیچ
نەزانین شارەزانین لە دینەکەمان بۆیە زۆر بە دەگمەن خەڵکانێکمان هەبێت لە جیهاد وکۆششی
طەڵەب تێگەن کە بانگەوازێکە بۆ ئەم دینە وە ئەم ئیسلامە کە دینی کۆتاییە لەدوای ئەم ئاینە
هیچ ئاینێکی تر نایەت کە وشەکانی وشەی خوای باڵا دەستە وە لەسەر شانی یەک بە یەکمان
پێویستە کە ئەم دینە بۆ خەڵکی روون بکەینەوە و بانگەوازی بۆ بکەین، وە تا ئێستە چواریەکی
جیهان ئەم ئاینەی پێنەگەیشتووە! مەبەستیش لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نێردراوە خۆ تەنها بۆ
عەرەب نییە، بەڵکو بۆ هەموو جیهانە، کەواتە یەکەم کاری کۆشش و خەباتی جیهادی طەلەب
بریتییە لە بانگەوازکردن بۆ ئاینی ئیسلام.

دەبێت لەوە تێ بگەین کە ئەرکی سەرشانمانە بگەڕێین بەم جیهانەدا بۆ بانگەوازکردنی ئەم ئاینە
ئەگەر موسوڵمان روونی نەکاتەوە خۆ ئەم ئەوروپیانە دەڵێن عیسا کوڕی خوایە! یان خەڵکانێکی
تر گا ئەپەرستن، خەڵکانێکیش هەر نازانن پەرستن چیە؛ هەیە دار دەپەرستێت یان رۆژ
دەپەرستێت..تاد. کەواتە کێن ئەوانەی کە ئەو ئەوانە تێ بگەیەنن کە خوا لە کەس نەبووە و
لەکەسیش نابێت؛ کێن ئەوانەی کە بەخەڵکی دەڵێن خوایەکەتان مانگا و گا و مشک نییە. کەواتە
لەسەرمانە کە هەوڵ بدەین بۆ بانگەوازی دینی خوا، بەندایەتییەکی راست و دروست لە ناو
خەڵکی دا بڵاو بکەینەوە، کە خوای گەورە ئێمەی بە ئوممەتێکی شاهید ناوزەدی کردووە، دەبێت
بپرسین بۆ؟ کە خوای گەورە دەفەرموێت: وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ
وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا. ١٤٣، البقرة. واتە: هەروەکو چۆن رێنومایيمان کردن بۆ قیبلەی
ئیبراهیم-علیه السلام-، ئا بەم شێوەیە کردوومانن بە ئوممەتێکی دادپەروەر، وە چاکترین
ئوممەتەکان بۆ ئەوەی لە رۆژی قیامەت بن بە شاهید لەسەر خەڵک، کەوا پێغەمبەرەکان پەیامی
خوایان بە خەڵکی گەیاندوە، وە پێغەمبەریش بێت بە شاهید لەسەرتان کە پەیامی خوای بە
ئێوە
گەیاندووە.

کەواتە کە ئەرکەکەی خۆتت زانی کە تۆ شاهێدی و سبەی رۆژ لە قیامەت خوای گەورە لێت
دەپرسێتەوە، دەڵێی خوایە گیان رۆیشتم دینەکەی تۆم بڵاو کردەوە گوێیان بۆ نەگرتم باشە
بۆیان گرتم کاری تۆ لێرە تەواو بوو بەڵام تا رۆژی مردن تۆ دەبێت هەر بانگەواز بکەیت
لێرەدا دەبێت شتێکمان لە بیر نەچێت ئەویش بریتیە لەوەی کە سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە
یان بروات پێدەکات یان بە درۆت دەخاتەوە، وەیان خەڵکانێک ئەوانیش بیروباوەڕێکی
تردەپەرستن خەڵکانێکی تر سوود وەردەگرن بەم پەرستنە سەروەت و سامانیان دەست دەکەوێت
رێکریت لێدەکەن، یان دەسەڵاتدارێکی زاڵمە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی کە خەڵکەکەی لە
چوار دەور بهێنێتەوە سوودی لە بیباوەڕی ئەوان وەرگرتوە بۆ هاتنە سەر دەسەڵات بێ شک!

گومان دژایەتیت دەکات و بۆسەت بۆ دادەنێت وە بە سوپا و شمشێرە وە دێنە بەردەمت خۆ ناکرێت تۆ بڵێیت ملم ئامادەیە بۆ سەر برین؛ بێگومان دەبێت تۆش سوپات هەبێت شمشێرت هەبێت بۆ گەیاندنی بانگەوازەکە. ئەم چەمکی بانگەوازە پێویستی بە شمشێر نییە لە ئیسلامدا بەڵام کاتێک بەرانبەرەکەت ڕێگەت پێ دەگرێت وشمشێرت لێ دەردێنێت، ئەوکات تۆ پێویستت بە سوپا و شمشێر دەبێت، کەواتە فکر بە فکر، گفتوگۆ بە گفتوگۆ، هەرکات بەرانبەرەکەت شمشێری دەرهێنا دەبێت تۆش ئامادە بیت.

کەواتە موسوڵمانان کەدەچنە جێگەیەک خەڵکی ناکوژن لە سەر ئەوەی کە موسوڵمان نین، بانگەوازەکە دەکەن کێ وەری گرت سەرفرازە ئەوەی وەری نەگرت و گوێی بۆ نەگرت خۆی زەرەرمەندە و بەجێی دێڵیت بۆ خوای گەورە ئەو خۆی حوکمی خۆی دەدا لە قیامەت کەواتە تۆ بۆت نییە هیچی لێبکەیت تەنها بانگەواز بۆ خەڵکەکە دەکەیت، وەک ئیمامی عومەر فەرمووی بە سوپاکەی کە چوونە ناو خەڵکەکەی ئاگاتان لە جوتیاران و خەڵکی ڕەش و رووت بێت، چونکە بە سروشتی حاڵ خەڵکی بە دوای ژیان دا دەگەڕێت و حەزی بە ئاژاوە نییە ئەوەی کە ئاژاوە دەنێتەوە ئەوەیە کە دەسەڵاتی لە کیس نەچێت چونکە خەڵکی ئەوەی خێر بێت خێرا دوای دەکەوێت. وەک دەفەرموێت: عمر بن الخطاب رضي الله عنه يخاطب الجيوش الفاتحه فيقول: اتقوا الله في الفلاحين، اتقوا الله في عموم الناس. وهم المغلوبون على أمرهم، الذين لا يهمهم مصلحه الحاكم هذا أو ذاك، إنما يريدون أن يتعلموا أين الخير فيتبعوه، اتقوا الله في هؤلاء، يقول: ولا تقتلوا إلا من قاتلكم. موسوڵمان هەرگیز ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە ناکوژێت، بەڵکو ئەڕی شەرەفمەندانە دەکات لەگەڵ هێز و توانادارالدا دەجەنگێت، چونکە موسوڵمان بەس لەگەڵ سوپادا دەجەنگێت، وە ئەوە مایەی سەربەرزی موسوڵمانانە کە لە هیچ مێژوویکی باوەڕپێکراودا نەبووە کە موسوڵمانان خەڵکی ڕەش و رووت بکوژن، بۆیە چوونەتە هەر جێگەیەک خۆشەویستیان لە دڵی خەڵکی دا چەسپیوە و خەڵکی زوو باوەشی بۆ کردونەتەوە، کە لە داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێت.

کەواتە موسوڵمانان بەس دەجەنگن لەگەڵ گومڕا و دەسەڵاتدارانی خاوەن بەرژەوندی خۆیان و ورگە زلەکانیان، بۆیە پێویستە سوپا لەگەڵ خەڵکانی بانگەوازچیدا بن، کەواتە بانگەواز ناکرێت ئەگەر سوپای ئیسلام پاڵپشتی نەکات.

## سوپا و بانگەوازکاران!

ئەوەتا ئێستە لە ئەوروپا خەڵکانێک بانگەوازی خۆیان دەکەن و کەسیش سوپایان بۆ ئامێز
مزگەوتیان هەیە و چالاکیان بەردەوامە، ئازادن لە کارەکانی خۆیان لە مزگەوتەکاندا و ڕێکخراو
ئایەت بەخۆیان هەیە، ئەوەتا لە مالیزیا، ئەندەنوسیا و فلیپین ئەو ئەزمونە بوو، کە بە شمش
ئیسلام بڵاو نەبووەوە، لە ڕاستیدا ئەم وتەیە لە زەمینەی واقیعدا وانییە، هەر وتەیەک دەوێ
دەبینەوە، ئەو ئازادیە ڕێژەییە واتا فلتەرێکی بۆ دانراوە لە چوارچێوەی یاسایەکدا خۆ
دەبینێتەوە، کە ڕۆژئاوا دیاری کردووە. واتا سنوردار کراوە لە چوارچێوەیەکدا دیاری کراو
هەروەها ئەو وڵاتانەی، کە ئەم ئیسلامە لە ڕێگەی بازرگانییەوە چۆتە ناوی تەنها وەک نوێژ و
ڕۆژو کۆمەڵێک لە تەقدیس دینی سەیر دەکرێت، وە ئیسلام بۆتە ئاینێکی ڕاهیبانە، تەنها وەک
سۆفییەکی سادە ئەم ئاینە پیادە دەکەن، کەوا لە هەندێک کاتدا شەرمی لێ دەکەن باسی بکە
بەداخەوە ئەم ئاینە سروشتی بەو شێوەیە نییە.

کەواتە بۆ ئەوەی زیاتر لە سروشتی ئەم ئاینە بزانین دەبێت بزانین، کە ئەم دینە دینێکی
گشتگیرە، وە لەسەر هەموو فەرهەنگەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەجیاواز وتەی خۆی هەیە
لە سەر هەموو شتەکان؛ کەواتە بۆ شەرم بکەین لەوەی کە ئەم ئیسلامە خاوەنییەتی کە
هەموو جوانەکان جوانترو لە هەموو گەورەکان گەورەتر و بە پێزترە، کەواتە دەبێت لە وەز
بکەین، کە سروشتی ئەم ئیسلامە لە ڕووی ئاکە کەس بەزۆر نییە، خەڵک ئاینی خۆی بە دەستی
خۆی هەڵدەبژێرێت، وە هیچ کەس بۆی نییە بە زۆر بیسەپێنێت وە پێ نیازین لەم وتەیە، چونکە
نە سیاسەت دەکەین وە نەدروشمیشە، ئێمە بڕوامان وایە دەبێت ئیسلام فەرمانڕەوایی سەر زەوی
بکات وە ئەمە دیکتاتۆری نییە بە زمان حاڵی ئێستە، بەڵکو کێبڕکێی دەسەڵاتە بە ئاشکرا دەڵێ
دەمانەوێت دەسەڵاتی خوا بچەسپێت لە سەرزەویدا وە هەموو مرۆڤایەتی بیر لەوە دەکاتەوە کە
دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت، بۆ نمونە فارس ئیمپراتۆرییەتی دامەزراند و ڕۆم کردی، لە سەردەمی
نوێدا ڕوسیا کردی، ئێستەش وا ئەمەریکا خەریکە، لێرە پێویستە پرسیارێک بکرێت بۆچی بۆ
ئەوان ڕەوا بێت بۆ من بلە بێت؟ لە کاتێکدا بەرنامەکەی من لەوەی ئەوان جوانتر و بەوێژدانتر
نە هێندە سوورەکانی لە ناو بردووە و نە ناکازاکی و هیرۆشیمای وێران کردوە، نە هیتلەری نا
و نە مۆسۆلۆنی فاشی و نە لینین و ستالینی دیکتاتۆری دروستکردووە، وە نەوەک تەتار بەربە
بووە، کەواتە ئیسلام زۆر جوانە و بۆ پیادەکردنی پێویستی بە سوپا هەیە، تا دادپەروەری و
خۆشنودی بۆ خەڵک دەستەبەر بکات، لەوانەیە خەڵکانێک بپرسن بۆ سوپا؟

لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای زلهێزانی جیهان بکەیت، دەبینیت ئەو هەموو چەکی ئەتۆمی و
کیمیایی و مووشەکە دروست دەکەن، لە دواییدا دەڵێن بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکەدا ئە
کەسەی کە ماڵوێرانی دروستکرد بۆ مرۆڤایەتیی و تەقینەوەی دروستکرد؛ نۆبڵ بوو، کە ئێ
بووە بە خەڵات و بەسەر خەڵکانێکی کارامەدا دابەش دەکرێت!

کەواتە لە هەموو کاتەکاندا پێویستت بە سوپا و هێز هەیە بۆ ئەوەی خۆتی پێ بپارێزی، ئێ
بۆمان دەردەکەوێت کە کارێکی زۆر سروشتییە، کە ئەم ئیسلامە خاوەنی سوپاو هێزی تایبە
خۆی هەبێت. کەواتە نابێت هەرگیز شەرم لەوە بکەین، کە بڵێین ئەم ئیسلامە بە هێز و سو

بڵاوبۆتەوە، دەبێت بزانین كە ئەمە مافی خۆمانە، ئەوەی دەیەوێت پێتان بڵێت، كە ئەم ئیسلامە بە بازرگانی بڵاوبۆتەوە ئەوە بە دۆستی ئیسلامی مەزانن، بەڵكو دەیەوێت لەم ئیسلامە كەم بكاتەوە و لە كەسایەتیی موسوڵمان كەم بكاتەوە و رازی نین بەو وشەیە، بەڵكو ئەو جەنگانەی كە ئیسلام كردوویەتی هەمووی سەروەرین و دەبێت ئەوە بزانین، كە ئەگەر كەسێك باسی جەنگەكانی ئیسلامی كرد، دەڵێین چی لێ دەزانیت لەو جەنگانە مێژووەكەی بڵێ، ئەگەر وتی ئیسلام هەر خەریكی پیاوكوشتن بووە هەمیشە شەڕ و شۆڕی كردوە، لە ساڵی شەڕەكەی زانی و ئەیزانی هۆكاری جەنگەكە چی بوو، ئەوە راستەوخۆ پێی بڵێ كە تۆ گێلیت، چونكە وتوێژ وا ناكرێت جەنگی ئیسلام بۆ كامەرانی خەڵكی بوو وەك لە مێژووەكانیدا دەردەكەوێت وە دەبێت بزانرێت كەوڵاتی فارس وەك (عێراق، ئەفغانستان، پاكستان وە تا دەگاتەوە سەمەرقەند و هندستان ) موسوڵمان بە شەڕ فەتحیان كردووە و پاشان لە وڵاتی رۆم وەك (ئوردون، شام، فەلەستین، قوستەنتینییە، قوبرص، سووریا، لوبنان و باشووری توركیا)دا هەمووی بەسەربازیی گیراوە و فەتح كراوە، پاشان ئەوروپا هەر لە (باكووری توركیا، بلغاریا، یۆنان، ماڵطا، چیكۆسلۆفاكیا، بەشێكی نەمسا، وڵاتانی ئەلبانیا نەژاد، رۆمانیا و مەجەر) ئەمانە هەموو بە جیهاد گیراون، ئەی باشە ئەوە كەمكردنەوە نییە لە خەباتی موسوڵمانان، بڵێیت ئەم ئیسلامە بە بازرگانی چۆتە وڵاتەكانەوە بەڕاستی شەرمە!

هەروەها (باشووری ئەفریقا، میسر، لیبیا، مەراكیش، تونس، جەزائیر تا دەگاتە سنغال و ناوەندی رۆژاوای ئەفریقا) هەمووی بە جیهاد و خەبات و شۆڕش گیراوە، چۆن دەبێت پێوەری ئەو هەموو وڵاتە بكرێت بە مالیزیا، ئەندەنوسیا و فلیپین، كە لە كاتێك دا جیهاد بەندایەتییە، تۆ لە بەندایەتی موسوڵمانان و شەهیدان كەم بكەیتەوە، وە هەرچی دەسەڵات هەیە لە مێژووی ئەم جیهانییەدا شانازی بە سەروەرییەكانی خۆیەوە دەكات، ئەوەی موسوڵمانان كردوویانە هەموو سەروەری بوون دەبێت خۆمان لە مێژووەكانی شارەزا بكەین و زۆر بەسەربەرزیەوە باسی بكەین، كەواتە ماوەتەوە بڵێین ئەوانەی كە دراوسێی ئەم وڵاتی ئیسلامەبوون هەمیشە جەنگیان پێ فرۆشتووە، وەك ئێستەش كە دەیبینین، كەواتە موسوڵمان هەمیشە پێوستی بە پارێزگاری لە خۆی بووە و دەبێت سوپای هەبێت، تا بتوانێت ئەم دینەی خوای گەورە بڵاو بكاتەوە، كە مافێكی سروشتی خۆیەتی و ئەركێكی قیامەتییە.

بۆ ئەوەی لە سروشتی فەتحی ئیسلامی، وە لە فەتحی ئەندەلوس تێبگەین، پێویستە سەردەم و زەمینەكەی بناسێنین، سنوری ئەندەلوس بە باكووری ئەفریقا وە بەستراوە پێویستە بزانین چۆن ئەو فەتحە روویدا وە پاشان حەفتا ساڵ پێش فەتحی ئەندەلوس، موسوڵمانان ئەفریقایان فەتح كرد، واتا ساڵی ٢٣ كۆچی وە ئەم هەرێمە گەورەیە كە باكووری ئەفریقا دەگات، كۆمەڵێك لە گەل وهۆزی بەربەری لەو ناوچانەدا دەژیان كە گەورەترین گەل و هۆز بوون، ئەمانە هەمیشە لەوەدا بوون كە ئیسلامیان وەردەگرت و پاشان پەشیمان دەبوونەوە دووبارە موسوڵمان دەبوون لە پاش ماوەیەكی كەم دیسان مورتەد دەبوونەوە، بەم هۆیەوە هەمیشە لە شەڕدا بوون لەگەڵ موسوڵماناندا، بۆ یەكەمجار دینی ئیسلام لە ساڵی ٨٥-٨٦ كۆچی لەسەر دەستی موسای كوڕی نوصێر -رەحمەتی خوای لێ بێت - لەو هەرێمەدا بەتەواوەتی بڵاو بووەوە.

موسای كوڕی نوصێر لە ساڵی ١٩كۆچی لە دایک بووە لە ساڵی ٩٧ كۆچی كردووە. ئەم سەرکردە لێهاتووە بەتوانایە لە خوا ترسە، چاو نەترسە كە خوای گەورە لەسەر دەستی ئیسلامی لەم هەرێمەدا چەسپاند بەتەواوەتی لە باكووری ئەفریقادا موسوڵمانان جێ پێی خۆیان گرت لەسەر دەستی موسای كوڕی نوصێر، كە یەكێک بووە لە شوێنكەوتووانی پێغەمبەری خوا ﷺ یەكێك لەوانەی ئەو وتەی فەرموە. ناوی تەمیمی داری كە دەفەرموێت: موسای كوڕی نوصێر لەشوێنكەوتووانی پێغەمبەرە ﷺ.

ئیبنو خەلەكان لە باسی موسای كوڕی نوصێر دەڵێت: پیاوێكی جوامێر، ئازا، لەخوا ترس خۆپارێزەر بووە. وە دەڵێت لە یەک جەنگیشدا نەدۆڕاوە، هەمیشە سەركەوتوو بووە.

ئیبنو خەلەكان لە باسی باوكی دا دەڵێت: نوصێری باوكی نەسرانی بووە و بە دیل گیراوە لە شەڕی (عین تمر) دا، بە دەستی خالیدی كوڕی وەلید پێش ئەوەی بگیرێت باوكی لە كەنیسەی خەڵكی فێری ئینجیل دەكرد. زانستەكانی تری دینی نەسرانی لە كاتی دیلیدا ئیسلامی خوێندەوە زۆر بە ئیسلام سەرسام بووە، بە خۆشحاڵی خۆی موسوڵمان بوو، پاشان كوڕەكەی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بوو، كەسێكی تر بەناوی سیرین موسوڵمان بوو لەگەڵی دا. كە بوو بە شوێنكەوتووانی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە ناسراوە بە ئیبنو سیرین كوڕی محمەدی سیرینی تابعی ناسرا بوو، شارەزایەكی راڤەكاری خەو بوو.

پێویستە لێرەدا هەڵوێستەیەک بكەین ئەگەر تەماشای فتوحاتی ئیسلامی بكەین دەبینین كە خێر و رەحمەت بووە بۆ خەڵكی، بەهۆكاری فتوحات زۆرێك لەخەڵكی موسوڵمان بوون لەرێگای بانگەوازی ئەم ئیسلامەوە وەک خوای گەورە دەفەرموێت: وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ٣٣، فصلت. واتە: جا كێ لەو كەسە جوان گوفتارتر و قسە بەجێترە كە بانگەوازی كردووە بۆ لای خوا، كاروكردەوەی چاكیشی ئەنجام داوە، وە وتویەتی: بەڕاستی من لە ریزی موسوڵمانانندام.

ئەوە بەرهەمی فتوحات بوو، كە نوصێری موسوڵمان كرد پاشان كوڕەكەی دروستبوو بۆ خزمەتی ئەم دینە و هەموو موسوڵمانان سوودیان لێوەرگرت. ئەگەر تەماشای ئەم ئیسلامە بكەین چی كرا بە نوصێر، ئەگەر هەر كافر بووایە كۆتایەكەی روو لەكوێ بوو، بێگومان دۆزەخ جێی بوو، بەڵام چەندە پاداشت و چاكە بۆ خالیدی كوڕی وەلید دەنووسرێت، كە لەسەر دەستی ئەودا موسوڵمان بوون ئەوە بەرهەمی جیهاد و خەبات و كۆششی موسوڵمانانە وە ئەوتراوە لەبەر ئەوەی، كە دیل بووە ئیتر هیچ كارێكی نادرێتێ، بەڵكو خۆی پلەی بەرز دەبێتەوە كوڕەكەیشی دەبێتە سەركردەیەكی ئەم ئیسلامە، ئەگەر كوڕەكەیشی هەرچی چاكە بكات هەرچی لەسەر دەستی ئەودا لە ئەندەلوس دا موسوڵمان بێت هەر خێر و پاداشتی خالیدی كوڕی وەلیدی تێدایە -خوای گەورە لە هەموویان رازی بێت-.

دوای ئەوەی كە موسوڵمان بوو و خۆشەویستی ئەم ئیسلامەی كەوتە دڵەوە، نوصێر خۆشی بوو بە سەركردەیەكی ئەم ئیسلامە، دەستی هەبوو لە چەندین جەنگ دژ بە فارسەكان و

سەرکردەیەکی ئەمەوییەکان بوو، جوامێر و ئازاو چاونەترس بوو، هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکردایەتیی موسوڵمانانی دەکرد.

(المقري لە نفح الطيب) دا لەبارەی موسی کوڕی نصیر دەڵێت: زۆربەی کات نوصێر لەگەڵ معاویە دەردەچوون بۆ جیهاد، بەڵام جارێک ناچێت لەگەڵیان دا معاویە دەڵێت بۆ لەگەڵمان دا نایەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرموی منداڵەکەم بەتەنهایە کەس نییە پەروەردەی بکات، بۆیە معاویە فەرموی با بچێتە لای منداڵەکانی ئێمە، ئیتر موسای کوڕی لە ناوە منداڵانی خەلیفەدا پەروەردە بوو، وە پەروەردەیەکی باشی جەنگ و جیهاد کراو، فێری زانستە شەرعییەکان بەباشی بوو لەگەڵ کوڕە ئەمیرەکان و خەلیفەدا پەروردە بووبوو، وای لێ هات موسای کوڕی نوصێر کە خۆی داڕشت بوو، گەنجێکی زۆر بەتوانا و بەهێز بوو، ئامادەیی ئەوەی تێدابوو کە پلە و پایەی بدرێتێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خیلافەت. کرا بە سەرکردەی سوپای ئەمەوی لە میسر، لەسەردەمی عەبدولعزیز کوڕی مەڕوان، پاشان کرایە والی ئەفەریقا لە ساڵی ٨٥ کۆچی. پاشان سوپای رێکخست بەرەو ئەو جێگەیانەی کە هەڵگەڕابوونەوە لە ئەفریقادا، وە سوپایەکی بێشوماری هەبوو لە کاتی ئامادەکردنی سوپاکەی دا وتەیەکی فەرمو: ئەگەر منتان بینی کارێکی باشم کرد، ئەوا سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکەن، خۆ ئەگەر هەڵەم کرد بۆم راست بکەنەوە، منیش وەک ئێوە مرۆڤم، تووشی هەڵە و تاوان دەبم، جا ئەگەر تووش هاتم ئاگادارم بکەنەوە، با خۆم چاک بکەم.

ئیبنو خەلەکان لە (وفيات الأعيان)دا دەفەرموێت: هەمیشە خەڵکی هان دەدا بۆ نوێژ و رۆژو وە چاککردنی نێوانیان رێکخستنی ریزەکان و وابەستەکردنی دڵەکان و هەمیشە دەچووە بیابان و سوپاکەی دەبرد لەگەڵ خۆیدا دەپاڕانەوە و هەڵی دەستاندن بۆ شەونوێژ و خۆی وتاری بۆ ئەدان لەنوێژی هەینیدا، تەنانەت وەلیدی کوڕی عەبدول پادشا هەمیشە لە وتارەکانی دا دادەنیشت پێی دەوت ئەوە نزا و پاڕانەوە بۆ من ناکەیت زۆر پیاوێکی خاون وەرع بوو.

موسای کوڕی نوصێر بەتەواوەتی جێ پێی خۆی قایم کرد لە ئەفریقادا دەستی کرد بە بانگەوازی خەڵکەکەی.بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە زوولە دینەکە پەشیمان دەبوونەوە؟ زۆریان لە موسوڵمانان شەهید کرد لەو ناوچەیەدا هاوکارەکەی چی بوو؟ لای هەمووان ئاشکرایە کە عوقبەی کوڕی نافع ئەو هەرێمەی فەتح کرد، پاشان لە گەڕانەوەیدا لە وڵاتی قەیرەوان شەهید کرا بەدەستی بەربەرییەکان، پاشان موسای کوڕی نوصێر بیری لەوە کردەوە هاوکاری پەشیمان بوونەوەیان چی بێت، زانی کە دوو هۆکارە.

یەکەم: عوقبەی کوڕی نافع زۆر بەخێرایی ئەم وڵاتەنی فەتح دەکرد ئەوەی کە لەگەڵیدا بوون، کەم بوون فەتحیان دەکرد و دەڕۆشتن، وە زیاتر دەیانویست جێگەی تر فەتح بکەن، بۆیە پەلەیان دەکرد و تێڕوانینێکی زیادیان هەبوو بۆ خاکی زیاتر، تەماعیان زۆر بوو لە شوێنەکاندا، پاشان لە پشت خۆیان هیچ هێزێکیان بە جێنەدەهێشت بۆ پارێزگاری لەخۆیان. ئەو جێگەیەنەی کە ئازادیان دەکرد هەروا بەجێیان دەهێشت، بۆیە کاتێك بەربەر بەمەیرانی هەلەکەی قۆستەوە شەڕیان لەگەڵ موسوڵمانان دەکرد، وە زۆریان لە موسوڵمانان شەهید کرد. موسای کوڕی نوصێر کە چووە جێگەکان وەک عوقبە کوڕی نافعی نەکرد، چونکە عوقبە لە ماوەی چەند مانگێکدا

توانی ئەو جێگەنە فەتح بکات، بەڵام موسای کوڕی نوصێر لە ماوەی شەش ساڵدا ئەو جێگەیانەی فەتح کردووە، ئەم ستراتیژیەکی تری گرتەبەر وەک خالیدی کوڕی وەلید بە هێمنی پلە بە پلە بۆ جێگەکان ڕۆیشت، تا جێ پێی خۆی قایم نەکردبایە و لەدوای خۆی پشتی بە هێز نەبوایە هەنگاوی تری هەڵنەدەهێنا بۆ فەتح، تا لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا توانرا ئەو هەرێمە بەتەواوی ئازاد کرا.

دووەم: بریتییە لەوەی خەڵکی ئەو هەرێمە بەباشی و بەجوانی ئیسلامیان وەرنەگرتبوو وابەستە نەبووبوون بە ئیسلامەکەوە، پاشان موسای کوڕی نوصێر هەستا بەوەی کە ئیسلامی فێرکردن زانایانی بڵاو کردەوە بەناویاندا، وە ئەو زانایانە بریتیی بوون لە دواکەوتووان، واتا زاناکانی لە تابعینی شام و حیجاز تا ئیسلامەکە لە پێش چاویان خۆشەویست بوو، وە بەکۆمەڵ هاتنە ناو ئیسلام، ئیسلامیان خۆشویست، بەو شێوەیە ئیسلامی چەسپاند لە باکووری ئەفریقادا، وە هەموو ناوچەکە پاککرایەوە لە دووڕوو و دەستی بێباوەڕەکان تەنها یەک جێگە نەبێت ئەویش (سبتة) بوو، کە شارێکە لە شارەکانی مەراکیش لە ژێر دەستی ئیسپانیا بوو ئەو سەردەمە پاشان دەکەوێتە سەر کەنداوی شاخی طارق (جبل طارق) تەنها ئەو جێگەیە فەتح نەکرا، بەڵام طنجە فەتح کرا میناکەی لە ژێر دەستی نەسرانییەکان بوو، وە زۆر نزیک بوو لە سبتە، لە پاش ماوەیەکی کەم مینای طنجە ئازاد کرا، کە جێگەیەکی زۆر گرنگ بوو واتا شوێنێکی ستراتیژی بوو، هەروەها زۆر نزیک بوو لە ئەندەلوسەوە بۆیە موسای کوڕی نوصێر هەمیشە بیری لێ دەکردە وە چۆن فەتحی بکات، بەڵام هێزێکی زۆری لێ بوو و یارمەتی لە ئەندەلوسەوە وەردەگرت، بۆیە فەتحی هەروا ئاسان نەبوو، موسای کوڕی نوصێر والییەکی نارد بۆ طەنجە ناوی طارقی کوڕی زیاد بوو کە ئەم سەرکردە قارەمانە عەرەب نەبوو، بەڵکو بەربەری بوو لە باسی ئەم سەرکردەیەدا مێژوونووسان دەڵێن: پیاوێکی باڵا بەرزی چاوشینی قژئاڵ بوو، وە کەسێکی زۆر جوامێر و ئازاو لەخوا ترس بوو، وە ئەم پیاوە ڕەچەڵەکی ئەوروپیی بوو، چونکە بەربەرییەکان لە سەرەتاوە لە ئەوروپاوە هاتوونەتە ناوچەکە و لە ئارەزووکانی طارق کوڕی زیاد، تەنها جیهاد بووە لە پێناوە خوای گەورەدا، وە هەمیشە سەرقاڵ بووە بە کۆشش و خەبات بۆ ئەم ئیسلامە.

پاشان موسای کوڕی نوصێر بیری لەوە کردەوە، کە ئەو هەموو خەڵکەی لەبەردەست دایە نایەوێت هەر وا بە ئاسانی وازیان لێ بێنێت، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی وازی هێنا لە فەتحی شوێنەکان هەستا بەوەی کە کار بۆ خەڵکی باکووری ئەفریقا دەستەبەر بکات، زیاتر مەشق پێ بکەن و خۆشەویستی جیهاد لە دڵیان دا دروستبوو، تا بەجوانترین شێوە ئیسلام فێری خەڵکی خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە دروستکردنی بەلەمی گەورە و سەربازگەی زۆر باشی دروستکرد بۆ بەباشی چاودێری سوپاکەی دەکرد، پاشان لە شارەکان خزمەتگوزاری بڵاو کردەوە بە دروستکردنی مزگەوت، زانکۆ، نەخۆشخانە و چاککردنی ڕێگە و بان. لە ڕاستییدا موسا کوڕی نوصێر لە سەدەی بەکەسی کۆچیدا، لە ناوچەی خۆیدا کەسێک نەبووە، شان بدات لەشانی بۆ بەڕێوەبردنی خەڵکی و هاوشێوەی زۆر کەم بوو لە سیاسەت و هونەری بەڕێوەبردندا و لەهەمان کاتدا بێجگە لە ئازایەتی و شارەزایی جەستەییەوە، هێزێکی ئیمانی کۆبووبووە، زۆر شارەزا بوو لە تەفسیر، لە

زانای فەرموودە، فیقهـ، زانستی گەردوونناسی، هۆنراوە، سیاسەت، وە شارەزایەکی بێوێنەی هەبوو لە زانستی سەربازیدا لەڕووی پیادەیی و دەریایی، کە بەجوانترین شێوە سەرکردەی هەردوو بوارەکەی دەکرد. توانی خەڵکەکەی پەروەردە بکات، گەلەکەی هەمیشە ئامادەی رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی هەبوو، وە زۆر خۆشەویست بوو، سیستەمێکی زۆر جوانی ئیسلامی پیادە دەکرد لە ناوچەکەدا، کە تایبەت بوو بەخۆیی و هاوشێوەی زۆر کەم بوو.

## بیرکردنەوە لە فەتحی ئەندەلوس

فەتحی ئەندەلوس لە سەردەمی موسای کوڕی نوصێرە وە دەستی پێ نەکرد، بەڵکو زۆر پێشتر بیری لێکرابووەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان کە فەرموی قوسطەنطەنییە فتح ناکرێت لە رێگەی دەریاییەوە نەبێت.

پاشان فەرمو هەرکەس ئەندەلوس فەتح بکات، وەک ئەوە وایە قوسطەنطەنییەی فەتح کردبێت، ئەویش تەنها لە رێگەی دەریاییەوە فەتح دەکرێت، وە پاداشتیان وەک یەک وایە. ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندەلوس پێش قوسطەنطەنییە فەتح دەکرێت، چونکە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا موسوڵمانان توانایان نەبوو ئازادی بکەن، تا سەردەمی ئەمەوییەکان لە سەردەستی موسای کوڕی نوصێر، چونکە لە دەریای رەشەوە ویستیان فەتحی قوسطەنطەنییە بکەن، بەڵام نەتوانرا وە لە رێگەی دەریاوە هەر دەبێت ئەندەلوس فەتح بکرێت، بەڵام موسایی کوڕی نوصێر رێگریەکی زۆر هاتە بەردەمی بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس. لەسەر بنەمایی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾﴾، التوبة. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بجەنگن دژی ئەو بێباوەڕانەی کە لێتان نزیک دەبنەوە بەدەوروبەرتاندا (نیازی شەڕ فرۆشتنیان هەیە) و باتوندوتیژی و هێز و توانانتان تێدا بەدی بکەن، بشزانن بەڕاستی خوا یار و یاوەری پارێزکارانە.

## کێشە و ڕێگرییەکان

یەکەم: کەمی کەشتی موسای کوڕی نوصێر بیری لەوە کردەوە تێوانی مەراکیش و ئەندەلوس سیانزە کیلۆمەترە بۆ پەڕاندنەوەی سوپاکەی بۆ ئەندەلوس پێویستیان بە چەندین کەشتی گەورە هەیە، بەڵام کەشتییەکان بەشیان نەدەکرد و زۆربەی کەشتی موسوڵمانان لە قوبرص بوون، نەدەکرا سوپای ئەوێ بێ کەشتی بکەن.

دووەم: بوونی دوورگەیەک لە ناوچەکەدا بەناوی دورگەی بلیار، کە دەکەوێتە پشتی ئەندەلوس شوێنێکی ستراتیژی بوو، زۆربەی سوپای نەسرانی لەوێدا کۆبووبوونەوە کە هاوشێوەی قوبرصە.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە موسای کوڕی نوصێر تا لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە جێی پێی خۆی نەچەسپاندبایە شوێنێکی تری فەتح نەدەکرد، واتا دەبوو خۆی بۆ بەرگریی ئامادە بکات، تا سوپای بەرێ دەکرد بۆ جێگەیەکی تر، وە لە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس ئەو دوورگەی لێ بوو، بۆیە بیری لەوە دەکردەوە، کە سەرەتا بچێتە ناو ئەو دوورگەیەوە، وە سێ دوورگەی تر لە نزیکی ئەم دوورگەیە بوو، کە لە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس بوون ئەوانیش دوورگەکانی (میورقە و منورقە و

یابسە)، کە بە زمانی عەرەبی ئێستە پێی دەڵێن جەزیرە شەرقیە، کە زۆر نزیکە لە ئەندەلوسەوە کەواتە ناتوانێت پشتی خۆی بۆ بەرگری قایم بکات بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس، کە ئەم دوورگانە سەر بە دەوڵەتی ڕۆمان بوون.

سێیەم: بوونی سەبتە مینایی سەبتە، کە بەدەستی نەسرانییەکانەوە بوو، وە سەر بە پادشای ئیسپان بوون لەسەر کەنداوی جەبەل طارق وە دەبوو ڕاستەوخۆ لەو جێگەیەوە بپەڕینایەتەوە بۆ ئەندەلوس.

ئاماژەمان بەوەدا کە تەنیا لە باکووری ئەفریقادا سبتە فەتح نەکرا، کە ئەم شارە پادشایەک فەرمانڕەوایی دەکرد ناوی (یولیان)یان (جریان) وە ئەم پاشایە پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ پاشای ئەندەلوسی پێشوو هەبوو، کە ناوی (غیتەشە) بوو، پاشان شۆڕشێک کرا لە ئەندەلوسدا کەسێکی تر بەناوی (لۆزریک)یان (یۆردیکۆ)، کە توانی دەسەڵاتی غیتەشە لە ناو بەرێت و لوزریک توانی فەرمانڕەوایی هەموو ئەندەلوس بکات.

موسای کوڕی نوصێر زۆر دەترسا ئەگەر لە جێگەیەکی ترەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس یولیان شۆڕشێک بەرپا بکات دژی سوپای موسوڵمانان، کە خاوەنی مینایی سبتەیە و موسا لەوە دەترسا کە پاشای ئەندەلوس پارەی بدات بە یولیان لە دواوە لە سوپای موسای کوڕی نوصێر بدات، یان هەر بەندێکی تری لەگەڵدا ئیمزا بکات موسای کوڕی نوصێر زۆر بەوردی چاودێری هەردوولایەنی دەکرد، زەمینەی هەردووکیانی خوێند بووەوە، دەیزانی بۆ ماددە نەسرانییەکان هەموو کارێک دەکەن!

چوارەم: کەمی ژمارەی سەربازانی موسوڵمان ئەو سەربازانەی کە لە دەور و پشتی موسای کوڕی نوصێر بوون زۆربەی خەڵکی شام، حیجاز و یەمەن بوون، وە بەربەرییەکانیش ژمارەیان کەم بوو لە هەمان کاتدا بڵاو بووبوونەوە بەناو باکووری ئەفەریقادا بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ شۆڕشێکی تر دروست نەبێتەوە لە ناوچەی باکووری ئەفەریقادا، ئەم هۆکارە وای کرد کە موسای کوڕی نوصێر چاوێک بە جەنگەکەدا بخشێنێتەوە ،چونکە بڕیاردانی جەنگ ئاسانە، بەڵام دەبێت سەرکردە گیانی سەربازەکانی بپارێزێت، بۆ ئەوەی ئەرکی قیامەتی نەکەوێتە سەر شان.

پێنجەم: زۆری ژمارەی نەسرانییەکان، موسای کوڕی نوصێر دەیزانی هێزەکەی ئەم زۆر کەمە لە چاو ئەو هێزە بێشومارەی کە نەسرانییەکان هەیانبوو کە لە جێرمەن و فرنجە هاتبوونە ئەندەلوس، وە هێزی موسوڵمانان زۆر دیاری کرابوو، ئەوە هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەوەی موسای کوڕی نوصێر پەڕاندنەوەکەی دوا بخات.

شەشەم: خاکی ئەندەلوس خاکێکی نوێ بوو بۆ موسوڵمانان واتا ئاشنا نەبوون بە خاک و جوگرافیای ئەو ناوچە، لە نێوان مەراکیش و ئەندەلوس خاک نییە، وە موسوڵمانان ئاشنا نەبوو لە خاکی ئەندەلوس، وە هەر نەیان دەزانی چۆنە وە کەشتی گەورەیان نەبوو بۆ پەڕاندنەوە، تا سروشتی ئەو خاکە بزانن، خاکی ئەندەلوس خاکێکی زۆر سەوز و شاخاوی و ڕووبارێکی زۆری تێدا بوو، بۆ گواستنەوەی هێزی موسوڵمانان زۆر بەربەستی دەهاتە پێش.

ئەم هۆكارهانە بەگشتی موسای كوڕی نوصێریان سەرقاڵ كردبوو، بۆیە هەمیشە بیری لێ دەكردەوە، كە چۆن ئەو كێشانە چارەسەر بكات، ئایا چۆن ئەم سەركردە لێهاتووە كێشەكانی چارەسەر كرد؟

## چارەسەری كێشەكان

لێرەدا توانای سەركردەیەكی وەك موسای كوڕی نوصێرمان بۆ دەردەكەوێت، كە چۆن چارەسەری ئەو هەموو كێشانەی كرد، هەروا بە ئەمەڵی و دەستەوسانی دانەنیشت، بەڵكو دەستی كرد بە هێز كۆكردنەوە و چارەسەری كێشەكان بە هێمنیی و بە پشوو درێژی.

یەكەم: دەستكردن بە دروستكردنی كەشتی گەورە، بۆ پەڕینەوە لە ساڵی ٨٨/٨٧ كۆچی لەسەر كەناری دەریاكانی باكووری ئەفەریقا، چەند كەشتییەكی گەورەی دروستكرد و موسوڵمانان كاریان تێدا دەكرد.

دووەم: بەربەرەكانی فێری ئادابی ئیسلامی كرد دەستی كرد بە فێركردنی ئەو گەل و هۆزەی ناوچەكە كە بریتیی بوون لە بەربەرەكان تا بتوانێت سوپایەكی ئیمانی بەهێزیان لێ دروست بكات تا چاونەترس و پەروەردەكراوی قورئان بن، تا كۆشش و خەبات بكەن لە پێناوی ئەم دینەدا، نەك لەبەر سەروەت و سامان بجەنگن، ئەوكات سەركەوتن لە رووی مادیەوە دەست پێ دەكات، سەركەوتنی ماددی ماوەیی دەبێت و موسوڵمانان ناتوانن جێ پێی خۆیان لە ناوچەكاندا بچەسپێنن بۆ ئەوەی موسوڵمانان كەچوونە وڵاتی بێباوەڕەكان بگۆڕێن و تا ئەمان هۆكاری بڵاوكردنەوەی دینی خوای گەورە بن لەو ناوچەنەی كە فەتحی دەكەن، كاتێك كە فەڕەنسا بۆ ماوەی سی ساڵ جەزائیری داگیر كرد و دوای ئەوەی كە چووە دەرەوە لە وڵاتەكەدا نەیتوانی یەك تاكە كەس لە دینەكەی هەڵبگەڕێنێتەوە، بۆیە سەرەتا دەستی كرد بە فێركردنیان تا لە پێناوی خوای گەورەدا بجەنگن، وە ژین و دینیان بۆ خوا بێت تا صەحوەكە بەرەوپێش بەرن لە ئەندەلوسدا.

موسای نوصێر دەیزانی بەربەرکان زۆر ئازا و بەتوانان، بۆیە سەرەتا بیروباوەڕی ئیسلامی فێركردن و زانستی پێ بەخشین تا پێنج ساڵ لەگەڵیان دا، خەریك بوو تا هەموویانی پێگەیاند، سوپایەكی بەربەری پێكهێنا، كە پەروەردەكراوی دەستی موسای نوصێر بوون، تا لە پێناوی خوای گەورەدا بجەنگن، كەواتە لەگەڵ دروستكردنی كەشتی بۆ پەڕینەوە، بەبەرەكانی دروستكرد بۆ جیهاد لە پێناوی خوای گەورەدا.

لەوانەیە كاتێك كە باسی بەربەر دەكەین خەڵكانێك بەربەری وا بزانن كە ئەمانە خەڵكێكی هیچ نەزان و وەحشی گەرن، نەخێر ئەمان گەل هۆزی بەربەرن نەك هێزی بەڕبەڕ بن جیاوازی هەیە لەو دوو ناوەدا بەربەر گەل هۆزن وەك كورد وعەرەب و تورك و فارس، بەڵام هێزی بەڕبەڕی هێزێكی وەك تەتارە بۆنموونە یان وەك ئەمەریكایە كە هیچ رەوشتێكیان نییە لە جەنگدا منداڵ، ئافرەت و پیر دەكوژن و وێرانكاری دەكەن ئەم كارە پێی دەوترێت بەڕبەڕی.

مامۆستایی مێژوو الطاهر أحمد الزاوی دەڵێت: بەربەری بە چوار قۆناغدا تێپەڕیون لەو ناوچەیەدا، تا ئەو ناوەیان وەرگرتووە، یەكەمجار لە سەردەمی هۆمیر ،كە گەل و هۆزێكی زۆر

پەیدەنگ بوون لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون، وە لەسەردەمی هێرۆدۆت کە هاتوونەتە ناوچەکە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، سەردەمی سێیەم بەتلیۆس کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمەکان، وە قۆناغی کۆتایی سەردەمی عەرەبەکان بوو، کە بە زمانێک ئاخافتنیان دەکرد، ئەوان لێیان تێ نەدەگەیشتن تا وشەی بەربەریان پێ بەخشین ئەو ناوە لەوە وەرگیراوە.

سێیەم: طارق کوڕی زیاد، کرایە سەرکردەی سوپایی ئەندەلوس، موسای کوڕی نوصێر زانی کە سەرکردەیەکی لێهاتوو و بەتوانایە، وە لە گەل و هۆزی بەربەر بوو، خۆشەویستی هەبوو بۆ جیهاد و شەهید بوون، کەسێکی زیرەک و بەتوانا بوو، لە شەرعدا شارەزا بوو، هەروەها لە زانستە سەربازییەکاندا کەسێکی لێوەشاوە بوو، بۆیە کردیە سەرکردەی سوپاکەی و ڕیشمەی ئەو سوپا گرنگە درایە دەست طارقی کوڕی زیاد، وە ئەم سەرکردە بەڕێزە لە ساڵی ٥٠ کۆچی لەدایکبووە لە ساڵی ١٠٢ی کۆچی ناوی لە مێژوودا ون بووە و باس نەکراوە، ئەم سەرکردەیە جیهاد و وەرع و زانستی تێدا کۆبوبوەوە. هۆکاری سەرەکی بوونی بە سەرکردە ئەوە بوو، کە عەرەب نەبوو؛ بەربەر بوو. بۆچی موسای نوصێر ئەو پۆستەی پێ بەخشی؟ چونکە زۆربەی سوپاکەی بەربەر بوو لەگەڵ چەند هۆکارێکی تردا.

یەکەم: طارقی کوڕی زیاد عەرەب نەبوو پەیامێک بوو بە خەڵکی ناوچەکە کە تەنها عەرەب بۆی نییە سەرکردەی ئەم ئوممەتە بکات، جیاوازی لە نێوانی عەرەب و فارس ڕۆمدا نییە و لە نێوان سوور و ڕەش و سپیدا نییە وە ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکە بۆ خەڵکی کە ئیسلام دینی گەل و هۆزێک نییە بە تەنها، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکییە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ.

دووەم: لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و ئازایەتیی طارقی کوڕی زیاد لەگەڵ ئەوەی، کە سەرەتای بوو بۆ ناو ئیسلام، بەڵام خۆی کەسێکی بەهێز و بەتوانا و زیرەک بوو، لە توانای سەربازیی و بەڕێوەبردنی سوپایەکی لەو چەشنەی کە موسای کوڕی نوصێر ئامادەی کردبوو، وە خەڵکی ناوچەکە زۆر خۆشیان دەویست و هاوزمانیان بوو، چونکە زۆربەی بەربەرییەکان عەرەبیان نەدەزانی، طارق زۆر لێهاتوو بوو لە زمانی عەرەبی و بەربەریدا، بۆیە موسای کوڕی نوصێر ئەو ئەرکەی پێ بەخشی.

چوارەم: فەتحکردنی دوورگەی بلیارد، خرایە سەر دەسەڵاتی موسوڵمانان ئەو کارە گرنگەی کە کردی موسای کوڕی نوصێر ئەوە بوو هێزێکی ئامادەکرد تا دوورگەی بلیارد بگرێت ئەم سەرکردە تێگەیشتووە وای کرد کە پشتی خۆی سەنگین بکات، بۆ پارێزگاری لە سوپاکەی کە بەرە ئەندەلوس بکەوێتە ڕێ، وە توانی لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا ئەو دوورگەیە بە تەواوەتی پاک بکاتەوە، کە لە مێژووی موسوڵماناندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە، ڕاستە وەک خاک بچووک بووە، بەڵام هەمیشە سەربازگەیەکی گرنگی موسوڵمانان بووە، توانیویەتی ئەو دوورگەیە پشتی موسوڵمانان بگرێت و بیان پارێزێت لە هێزی دوژمن، ئەگەر لەدواوە هێرش بهێنن بۆیە موسای کوڕی نوصێر پێش هەموو جێگەیەک ئەو دوورگەیەی لە دەستی نەسرانییەکان پاککردەوە و فەتحی کرد.

ئێستە كێشەی گەورە كە ماوە تەنها سەبتەیە، مەتەرێز و قەڵای زۆر گەورەی نەسرانییەكانی تێدایە، زۆر دوور نییە لە موسوڵمانان و لە هەمان كاتدا موسوڵمانان ئاشنا ئین بە خاكی ئەندەلوس. موسای كوڕی نوصێر خەون دەبینێت بەوەی كەی بێت سبتە ئازاد بكات، تا ببەڕێتە ئەوبەر بۆ ئەندەلوس و پاشای سەبتە كە ناوی یولییان بوو هەر جێ پێی خۆی چەسپاندووە لە ناوچەكەدا، لەگەڵ ئەویشدا كە موسا چەند كەشتییەكی گەورەی دروستكرد بوو بۆ پەڕاندنەوەی سوپاكەی، بەڵام هەر كەم بوو بەشی سوپاكەی نەدەكرد، وە هەموو توانایەكی خستەكار بۆ بەدەستهێنانی سەركەوتن، بەڵام چارە نەما، ئێستە خوای گەورە خۆی پارێزكاری لە موسوڵمانان دەكات، چونكە سونتەتێكی خوایە كە ئەوەی لە توانایدا بوو بیكە ئەوی تر خوای گەورە خۆی پارێزگاریت لێ دەكات وەك دەفەرموێت: إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ ﴿٣٨﴾، الحج. واتە: بێگومان خوا پشتگیری دەكات لەوانەی كە ئیمان و باوەڕیان هێناوە، چونكە بەڕاستی خوا هەموو خیانەتكار و كافر و بێباوەڕێكی خۆش ناوێت.

وەیان دەفەرموێت: فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾، الأنفال. واتە: كەوابوو ئەی ئیمانداران: وەنەبێت ئێوە كافرانتان كوشتبێت، بەڵكو خوا كوشتنی و لەناوی بردوون، تۆش ئەی محمد(ﷺ) كاتێك مشتێك خۆڵت روو بەكافران فڕێدا ئەو كارە تەنها تۆ نەتكرد، بەڵكو خوا فڕێی دا و (خۆڵی كردە چاوی كافرانەوە)، تا ئیمانداران تاقیبكاتەوە بە تاقیكردنەوەیەكی چاك، چونكە بەڕاستی خوا بیسەری (دوعا و نزایانە)، زانایە (بەنهێنی دڵان).

لە راستیدا ئەوەی روویدا لەسەر بنەمایی ئەم فەرمودە قورئانییانە بوو، پاشان كۆمەڵێك گۆڕانكاری روویدا لەوانە: یولییان بیری لەوە كردەوە، هەموو لاكانی تەنراون و رۆژ بەڕۆژ موسوڵمانان لە بەهێزبوون دان و پێش پێشڕەوی دەكەن و ناكرێت ئەمیش هەروا بێدەنگ بێت لە جێی خۆیدا بەو بێدەنگی وخامۆشیە بمێنێتەوە، ئایا هەروا بێدەنگ بێت تا دێنە سەری؟ ئەوەمان لەبیر نەچێت كە یولییان زۆر رقی لە پاشای ئەندەلوس بوو، لەبەر ئەوەی غەیتەشە هاوڕێی، كە زۆر خۆشەویستبوو لای كوشتبووی. وە لە پێشاندا لەنێوانی ئەم دوو فەرمانڕەواییەدا ئەندەلوس و سەبتە پەیوەندیەكی زۆر باشیان هەبوو، كوڕەكانی و خزمەكانی غەیتەشە رایانكردبوو بۆ لای یولییان و پاشای ئەندەلوس لوزریك پەیوەندی تێكچوو بوو لەگەڵی دا، وە یولیان دەیزانی كە لوزریك پارمەتی نادات بۆ جەنگی موسوڵمانان و ئاواتە خوازە بەوەی كە سەبتە لە ناو بچێت، موسوڵمانان لە سەر سنورەكانی میناى سەبتەن خۆیان ئامادە كردوە بۆ فەتحێكی نوێ، لێرەدا نازانێت چی بكات روو لەكوێ بكات؟

كەواتە ئێستە یولییان دەتوانێت بڕیارێكی باش بدات، وە منداڵەكانی غەیتەشە هەموو لەلای یولیان بوون و تەیدەویست هیچیان بەسەر بێت وەك وەفایەك بۆ باوكیان، لەخاكی ئەندەلوس لوزریك سەرانەیەكی زۆری لە خەڵكی دەسەند وە خەڵكەكەش زۆر بێزار بوون، هەژاری بەتەواوەتی رووی كردبووە خەڵكی ناوچەكە. خەڵكەكە دەیانویست بە هەر شێوەیەك بووە لە كۆڵ لوزریك ببنەوە، كەسێكی تر بێتە سەر دەسەڵات ئەوەی خۆی پێی خۆش بووایە دەیكرد،

کەسێکی خوێنڕێژ بوو، سروشتی خەڵكی وایە گوێ نیە كێ دەسەڵاتدارە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە دەستەڵاتێك بێت بیانحەسێنێتەوە. سەروەت سامانی خەڵكی بە هەدەر دەبرد و

لە ڕێکخستنی كارەكانی خوای گەورە پارێزگاریكردنی لە موسوڵمانان لە دوای بیركردنەوەیەكی زۆر یولیان بریارێكی زۆر سەیریدا كە بەخەیاڵی موسای كوڕی نوسێردا هەرگیز نەدەهات، كە سەرقاڵبوو بە دروستكردنی كەشتی و هێنانی زانیاری لەناو خاكی ئەندەلوس، بەهێزكردنی سوپاكەی و ڕێكخستنیان لە كەنارەكانی باكووری ئەفەریقا، لەم كاتانەدا نامەیەك لە یولیان وە دێت بۆ طنجە بۆ طارقی كوڕی زیاد، كە چەند كیلۆمەترێك لەیەكەوە دوورن، نامەیەكی زۆر سەیر كە داوای دانووستنیان لەگەڵ دەكات، وە موسوڵمانان هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدا نەڕۆشتبوو زۆر سەرسام بوون لەوەی، كە لەنامەكدا هاتبووە دەڵێت بە طارقی كوڕی زیاد ئەمە دوای ئێمەیە لە دانووستنەكەماندا:

یەكەم: ئێمە سەبتەتان پێشكەش دەكەین وەرنە ناوی بەبێ شەڕ، كە خەونی موسوڵمانان بوو چەندەها ساڵ بوو موسوڵمانان خۆیان بۆ ئەو جێگەیە ئامادە كردبوو.

دووەم: هەرچی كەشتیمان هەیە بەكاری بهێنن بۆ گوێزانەوەی سوپاكانتان بۆ ئەندەلوس، واتا بۆ ئەو جێگەیەی كە دوایی ناوی لێ دەنرێت جبل طارق، كەواتە خوای گەورە زۆر بەباشی یارمەتی موسوڵمانی دا ئەو چەند ساڵەی، كە خۆیان ئامادەكرد بوو بۆ دروستكردنی كەشتی، ئەوە ئەو كێشەیان نەما، چونكە سەبتە بەوە بەناوبانگ بوو، كە كەشتی زۆری هەیە ئەمە دیاریەكی خوایی بوو بۆ موسای كوڕی نوصێر، وە دەشزانیین چەندە پێویستیان بە كەشتی هەیە بۆ پەڕاندنەوەی سوپای موسوڵمانان بۆ ئەندەلوس.

سێیەم: هەرچی زانیاریتان دەوێت لەسەر خاكی ئەندەلوس ئێمە پێتان دەبەخشین و ڕێبەری سوپاكەتان بۆ دەكەین، كەواتە هەموو كێشەكان كۆتایی هات، بەڵام لەبەرانبەر چیدا ئەم هەموو پێدانە بە موسوڵمانان، ئەی دەبێت داوای یولیان چی بوێت و چی لە موسوڵمانان بوێت؟

داوای یولیان ئەوەیە: هەرچی سەروەت و سامانی غەیتەشە هەیە و داگیركراوە، بۆم بگەڕێننەوە كە بدرێتەوە بە من و منداڵەكانی غەیتەشە، وە منداڵەكان بە كوڕە پاشا ناوزەد بكرێن و دەسەڵاتیان بدرێتەوە، نەك وەك فەرمانڕەوایی، بەڵكو وەك ئەوەی، كە كوڕە پاشان لە ئەندەلوسدا، جوانترین و باشترین داوای پێشكەشی موسوڵمان كرد. بەم داوایە یولیان كە خاوەنی سەبتەیە بەجێیهێڵێت بۆ موسوڵمانان وە یارمەتیان بدات بۆ چوونە ناو ئەندەلوس، كاتێك موسوڵمانان چوونە ناو خاكی ئەندەلوس ئەو هەروەك پاشا بمێنێتەوە و سەروەت و سامانی پێشێل نەكرێت، وە بەئاشتی لەگەڵ موسوڵماناندا بژین، لە ڕاستییدا جوانترین داوای كرد بە هەرزانترین پارە، داواكەی زۆر گەورە و هزرمەندانە بوو، چونكە دیارە سروشتی موسوڵمانان ناسیوە و زانیویەتی موسوڵمانان پەیمان شكێنی ناكەن، موسوڵمانان ڕۆژێك بیریان لە سەروەت و سامان نەكردۆتەوە، وە كاتێك كە فەتحی وڵاتیان كردوە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی یولیان یان غەیتەشە وە یان لوزریك نەبوو، بەڵكو لەبەر خاتری دینی خوای گەورە بووە، وە مەبەستیان فێركردنی خەڵكی بووە لە ئیسلام !

بەندایەتیان بۆ خوای تاک و تەنها، ئەگەر موسوڵمان بوونیان قبووڵ بکردایە، ئەوا وەک موسوڵمانان ئاماژەیان بۆ دەکرا خۆ ئەگەر لەسەر دینی خۆیان بمانایەتەوە دەبوو جزیە بدەن و ئازاد دەبوون سەروەت و سامانیان دەپارێزرا لە لایەن موسوڵمانانەوە.
طارق کوڕی زیاد خێرا هەواڵی نارد بۆ موسای کوڕی نوصێر، کە لە قەیروان دادەنیشت کە پایەختی باکووری ئەفریقا بوو، هەواڵێکی لەوشێوە گەیشتووە بەدەستمان لەلایەن یولیان پاشای سەبتە، کە بینی زۆر دڵخۆش بوو داواکەیان هەر زۆر ئاسان بوو بۆ موسوڵمانان داوایەکی زۆربەرزان بوو ئەویش خێرا هەواڵی نارد بۆ خیلافەتی ئیسلامی، وە بۆ خەلیفەی موسوڵمانان لە دیمەشق، کە وەلیدی کوڕی عبدالمەلیک بوو دوای لێ کرد کە مۆڵەتی بدات بۆ فەتحی ئەندەلوس. وەلیدی کوڕی عبدالمەلیک مۆڵەتی پێ دا، بەڵام موسای کوڕی نوصێری ئاگادار کردەوە کە سوپاکەی لە سەرەتاوە نەباتە ناو خاکی ئەندەلوس، با سریەیەک بنێرێت بۆ ئەندەلوس، چونکە ئەم داوا کەمەی ئەوان لەوە دەچێت کە پلانێک بێت بۆ ئێوە نەک لەگەڵ لوزریک پەیمانیان بەستبێت، ئەگەر راستیان لەگەڵ کردن ئەوا ناوی خوای لێبنن و بپەڕنەوە، بەڵام با ئەو سریەیە ببێتە چاوساغتان لە خاکی ئەندەلوسدا.
موسای کوڕی نوصێر سریەیەکی ئامادەکرد کە لە ٥٠٠ کەس پێکهات بوو بەسەرکردایەتی طریفی کوڕی مالیک، ئەم سەرکردە لێهاتوە بە رەچەڵەک بەربەر بوو، وە هاوشێوەی طارقی کوڕی بوو لە پلە و پایەدا لە ساڵی ٩١ کۆچی، طریف خۆی و ٥٠٠ کەس کەوتنە رێ بەرەو ئەندەلوس وە کاری ئەوە نەبوو کە جەنگ بکات، بەڵکو سریەیەکی زانیاری بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە خاکی ئەندەلوس و ناسینی جوگرافیاکەی. طریف کوڕی مالیک یەکێک بوو لەوانەی، کە تازە موسوڵمان بووبوو، بەڵام چونکە دڵسۆز بوو بۆ ئیسلام کرایە سەرکردە و سەرکردەیەکی لێهاتوو و بەتوانا بوو، زۆر بەباشی کەوتە کۆشش و جیهاد بۆ ئەم ئیسلامە، وە بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لە رەمەزانی ساڵی ٩١ کۆچی خۆی و سوپاکەی لە خاکی ئەندەلوس دابەزین، زۆر بەباشی لە ناوچەی باشووری ئەندەلوس کارەکانی ئەنجامدا، زۆر بە وردی جوگرافیاکەی و زەمینەکەی هەڵسەنگاند و بە سەرکەوتووانە گەڕاوە بۆ لای موسای کوڕی نوصێر، وە لەسەرەتادا ئەم دوورگەیە بە ناوی طریف ناسرا کە گەڕایەوە دوای ساڵێک موسای کوڕی نوصێر سوپای کۆکردەوە و خۆی ئامادە کرد، کە سوپاکەی خۆی تێدا لە حەوت هەزار سەرباز ئەو سەربازانەی، کە هەڵبیژاردبوون، زۆربەی زۆری بەربەربوون و بەشێکی بریتیی بوون لە خەڵکی حیجاز و شام و یەمەن، سوپاکەی رێکخست بۆ فەتحی ئەندەلوس کە خاکێکی جیاوازە لەو خاکانەی کە پێیدا رۆشتبوون و دەیزانی، کە سوپای ئەسپانی سوپایەکی بێشومارە.

## یەکەم پێکدادانی موسوڵمانان و سەرەتای فەتحی ئەندەلوس

لە شەعبانی ساڵی ۹۲ کۆچی سوپای موسوڵمانان کەوتنە ڕێ بەرەو ئەندەلوس کە حەوت هەزار سەرباز بوون بە سەرۆکایەتی سەرکردەی چاونەترس و لێهاتوو و لەخوا ترس طارق کوڕی زیاد. ابن الکردبوس دەڵێت: ئەو ڕۆژەی کە موسای کوڕی نوصێر سوپاکەی بەڕێکرد، ئەوەندە گریا لەناو ڕیشیەوە فرمێسکەکانمان بینی سەریان کردبوو، زۆر پاڕایەوە ئەوەندە دەستی بەرزکردەوە عەباکەی سەرشانی کەوتەخوار هاواری دەکرد، خوایە سوپاکەت سەربخە.

سوپاکەی طارق کوڕی زیاد لە خاکی ئەندەلوس دابەزی و ئەو کەنداوە ناونرا بە کەنداوی جەبەل طارق (مضیق جبل طارق)، هەروەها لە ئیسپانیش پێی دەڵێن کەنداوی طارق و ڕاستەوخۆ شاخێک لەبەردەم ئەو کەنداوە دایە، سەرکەوت بە شاخەکەدا ناونرا بە شاخی طارق "جبل طارق". پاشان بە سوپاکەیەوە کەوتەڕێ ڕوبوان کردە ناوچەیەکی تر بەناوی دوورگەی سەوز کۆمەڵێک لەو ناوچەدابوون لە سەربازانی ئەسڕانییەکان بۆ پاراستنی ناوچەکە وەک پاسانی سنورەکان لەبەر ئەوەی سوپاکەی طارق کوڕی زیاد زۆربوون هەڵهاتن تا هەواڵی بەرنەوە بۆ دەسەڵاتدارەکانیان، وە گەورەکەیان گیرا بەناوی تودمیر. طارق نامەیەکی نووسی بۆ لوزریک بۆ طوڵەیطیلە کە ئەو سەردەمە پایتەختی ئەندەلوس بوو، سێ داوای لێ کرد، کە بریتی بوون لە

یەکەم: موسوڵمان بوون و هاتنە ناو دینی ئیسلام.

دووەم: دەبێت جزیە بدەن بۆ ئەوەی سەروەت و سامان و ژیانیان پارێزراو بێت.

سێیەم: جەنگان و شەڕکردن.

نامەکە گەیشتە دەستی لوزریک بە لوزریکیان وت: کۆمەڵێک هاتوون خەڵکانێکی زۆر سەیرن لەخەڵکی سەر زەوی ناچن وەک وایە لە ئاسمانەوە هاتبن، نازانین خەڵکی سەر زەوین یاخود ئاسمان!

زۆریان بەلاوە سەیر بوو ئەو داوایانەیان کرد لە دەسەڵاتی لۆزریک، چونکە داگیرکردن لای ئەوان شەڕ، کوشتن، دزین و تاڵانی و بردنی ئافرەت و پیاوان بە کۆیلەگرتن و دەیان کاری تر، کە ئاشنایین بە کاری داگیرکاری ڕۆژئاوا لە کۆن و ئێستەشدا، بەڵام ئەمان داوای ئەوە دەکەن یان موسوڵمان بن ئەوا سەروەت و سامان و هەموو شتێکیان پارێزراوە.

پاشان ئەگەر جزیە بدەن ئەوا هەر سەروەت و سامان و گیانیان هەر پارێزراوە، بەڵکو لە دەستی دوژمنانیشیان دەیانپارێزن! ئەم وشانەیان لە ژیانی خۆیاندا نەبیستبوو نە لە مێژووەکەیشیاندا ئەوەی تیدا بووە، بۆیە بە لوزریکیان وت ئەمانە بە شەو خەریکی بەندایەتین، وەک ڕوهبان وان ئەمانە خاوەنی کام ناون تودمیر وتی حزبی خوان ئەوە نییە لەلای نامەکەدا نووسیویەتی بۆیە وتی حزبی خواین: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾، المجادلة. واتە: نابینیت کەسانێك باوەڕیان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی

هەیت كەسانێكیان خۆش بوێت كە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەكەی دەكەن، هەرچەندە ئەو ڕۆژمانە لە باوانیان، یا نەوەكانیان، یا براكانیان، یا عەشرەتیان بن، ئەوانەی كە بەو شێوەیەن (ئیمان و پیرۆزترە)، خوا ئیمان و باوەڕی لە دڵیان دا چەسپاندووە و جێگیری كردووە، وە لە بەهرە و میهرەبانی تایبەتی خۆی پشتگیری كردوون و یارمەتی داون، سەرئەنجامیش دەیانخاتە باخاتی بەهەشتەوە، كە جۆگە و رووبار بەژێر درەخت و كۆشكەكانی دا تێ دەپەڕێت، هاوڕێ یەكێ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان رازییە و ئەوانیش لە خوا رازین، ئا ئەوانە دەستە و تاقم ولایەنی خوای گەورەن، ئاگادا بن كە بەڕاستی هەر لەلایەن و دەستە و تاقمی خوا سەركەوتوو و سەرفەرازن. پاشان لوتبەرزی لوزریک وای كرد وەک فیرعەون وتی ئەمەنە جاد و سحریان پێیە با بەتوبان بەرین، سوپا ئامادە بكەن، داوای ژمارەی موسوڵمانانی كرد تا ئەویش خۆی ئامادە بكات.

## ڕووداوی دۆڵی برباط لە ساڵی ٩٢ كۆچی فەتحی ئەندەلوس

پاشان كە ئەم هەواڵانە درا بە لۆزریک پاشای ئەندەلوس هاواری لێ هەستا و چاوەكانی سووربووە و شێتییەک گرتی، خۆی ئامادە كرد بۆ جەنگ بە لوتبەرزییەوە هاواری كرد، سەد هەزار سەربازم بۆ ئامادە بكەن، سوپای ئامادەكرد لەسەد هەزار سەرباز لە باكوور بۆ بەرەنگاری موسوڵمانان لە باشووری ئەندەلوس، وە سوپای موسوڵمانان بریتیی بوون لە حەوت هەزار سەرباز، بەسەرۆكایەتیی طارق كوڕی زیاد، كە زۆربەی سوپاكەی طارق پیادە بوون و ئەسپسواریان زۆر كەم بوو، بەرانبەر ئەو سوپا بێشومارەی لوزریک، طارق كوڕی زیاد كە هەواڵی زانی بەپەلە نامەی نووسی بۆ موسای كوڕی نوصێر كە سوپای تری فریا بخات، چونكە بەهەموو پێوەرێكی جیهانی حەوت هەزار كەس توانای سەد هەزار كەسی نییە، پاشان موسای كوڕی نوصێر پێنج هەزار كەسی تری نارد بۆ طارق كوڕی زیاد بە سەرۆكایەتیی طەریفی كوڕی مالیک بە چەک و جبەخانەیەكی باشەوە.

طەریفی كوڕی مالیک گەیشتە لای طارق كوڕی زیاد سوپاكەی گەیشتە سیانزە هەزار سەرباز و طارق ئامادەیكردن بۆ جەنگ، بە دوای خاكێكدا دەگەڕا كە جەنگەكە لەوێدا بكات و سوپای موسوڵمانانی تێدا كۆبكاتەوە، لە دوای گەڕان و ڕاوێژكردن توانی جێگەیەک هەڵبژێریت بەناوی دۆڵی برباط یان كۆمەڵێک لە مێژوونووسان ناوی دەنێن بە دۆڵی لیكە، هەرجۆرێک بێت ئەوەی كە مێژوونووسان لەسەری یەكڕان دۆڵی برباطە.

بۆ ئەم جێگەیەی هەڵبژارد؟

چونكە ئەم جێگەیە زۆر گرنگ و ستراتیژی بوو، وە كۆمەڵێک ڕەهەندی سەربازی گەورەی تێدا بوو، لەلای چەپی ئەو دۆڵە شاخێكی زۆر سەخت و بەرزی لێ بوو، كە هیچ هێزێک نەیدەتوانی بەو شاخەدا هەڵبگەڕێت، وە لای ڕاستی بەهەمان شێوە شاخی زۆر بەرز و هاوشێوەی بەرانبەرەكەی بوو، ڕوویان لەیەک كردبوو ئەویش لەو نێوەندەدا بوو، پشتی دەریا بوو، وە كە پارێزەرێكی زۆر باش بوو بۆ سوپای موسوڵمان، وە لە دەروازەی چەپ ئەو دۆڵە هێزێكی گەورەی دانابوو بە سەرۆكایەتیی طریفی كوڕی مالیک بۆ پاراستنی سوپای گەورەی موسوڵمانان، تەنها ڕێگە كە مابووە تەنها بەردەمی دۆڵەكە بوو كە سوپای لوزریک تەنها ڕووبەڕوو دەتوانێت

بجەنگێت پشت و پەناکانی خۆی باش بەستبوو طارق کوڕی زیاد، وە سوپای نەسرانی بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی پشتی لێ بگرێت. بە گەشتنی لۆزریک لەدوورەوە بۆ دۆڵەکە لەبەر ئاڵتونین و عەرشەکەی هەمووی ئاڵتون زیو بوو، تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا نەیدەتوانی دەست بەرداری سەروەتەکەی بێت وە پەت و حەبلێکی زۆری هێنا بوو بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە کاتی جەنگدا بگرێت وەک کۆیلە و بەندە بیانفرۆشێت بە ئەوروپا، وە بە سەرکردەیەتی سەد هەزار سەرباز هاتووە زۆر لوتبەرزانە دەیڕوانییە جەنگەکە بۆ ئەوە هاتوو جەنگەکە بباتەوە و کۆتایی بە سوپای موسوڵمانان بێنێت، زۆرجار وا دەردەبڕی کە ئەم بەزەیی بەو سیانزە هەزار موسوڵمانە دێتەوە، کە هاتوون چونکە وا پەی دەبرد کە ئەمانە ژیانیان کۆتایی هاتووە. بە پێوەری ماددی هەروا دەردەچێت سەد هەزار نەسرانی بەرانبەر بە سیانزە هەزار موسوڵمان، کە خاکی خۆیان نییە، لەکوێوە پارمەتی خواردن و چەکیان بۆ بێت ئەم بیرکردنەوە وای کردبوو لە لوزریک وەل ڕابواردن بەزەیی بۆ موسوڵمانان بجوڵێت بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سوپاکەی خۆی.

لە ٢٨ ڕەمەزانی ساڵی ٩٢ کۆچی، هەردوو سوپاکە بەیەکگەیشتن، وەستان بەرانبەر بەیەکتری و لە کاتژمێری دیاریکراودا جەنگ دەستی پێ کرد، ئەم جەنگە گەورەترین جەنگە و ترسناکترین جەنگ بووە لە مێژووی موسوڵمانان، دەبێت کێ سەرکەوتوو بێت لەم جەنگەدا؟

## جیاوازی نێوان ئەم دوو هێزە

لەگەڵ جیاوازی ئەم دوو هێزەدا ئەگەر ورد ببینەوە لە ڕاستییدا دەبێت بەزەیی و شەفقەتمان بۆ ئەوە سەد هەزار کەسە بێباوەڕە هەبێت، چونکە دوو هێزی جیاوازن بە هەموو پێوەرێک هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿هَٰذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ ﴿١٩﴾﴾، الحج. واتە: ئەمانە دوودەستەی دژبەیەکن (ئیمانداران و بێباوەڕان) کردیانە کێشە لەبارەی پەروەردگاریانەوە (لە زات و سیفات و قەزا و قەدەری و... هتد): جا ئەوانەیان کە بێباوەڕ بوون پارچە پۆشاك لە ئاگر بڕاوە بە باڵایان ئاوی زۆر لەکوڵ لەسەرروویانەوە دەکرێت بەسەریان دا (لە دەرەنجامی سەر سەختی و سەرکەشییان دا).

بێگومان جیاوازییەکان بەئاشکرا دیارن هێزێک لە بەرخاتری خوا جەنگ دەکات، دەیەوێت شەهیدی بەدەست بێنێت لە پێناوی بیروباوەڕێکی پیرۆزدا، وە کۆمەڵێکی بەرز و بەهێز لە ژینەدا سوودبەخش بۆ خەڵکی هەموو ئاواتێکیان ئەوەیە لە پێناوی خوای گەورەدا بمرن، وە لە بەرانبەر هێزێکدا وەستاون کە ئەم بیروباوەڕە لە مێشکیان دا نەچەسپیوە، هەموو ئاواتیان ئەوەیە بەزۆر هاتوون بۆ جەنگ، پێیان خۆشە زوو بگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان و زوو کۆتایی بە جەنگ بێت، تەنانەت جیاوازی هەیە لە وەستانیان دا، ئەوان وەک ڕیزی نوێژ ڕیزیان بەستووە دەوڵەمەند لە تەنیشت هەژار، گەورە لە تەنیشت بچووک دەسەڵاتدار لە تەنیشت بندەستان بەرانبەرەکەیان خەڵکانێکن، کە یەکتری دەپەرستن هەر کەس هەوڵی خۆیەتی وشەی برایەتی لەناو ئەواندا هیچ مانایەکی نییە، هاتووە بەس دەستکەوتی ژیانی بەدەست بێنێت، وە ئەم

کۆمەڵە سەرکردەیەکی لە خوا ترسی رەبانی ریادە و قیادەی دەکات کە ئیمان و تەقوا لەگەڵ زیرەکی و حیکمەت لەم پیاوەدا هەیە، پارسنگیەک لە بەزەیی لە ناو دەرونی ئەم پیاوەدا دروست بووە کە طارقی کوڕی زیادە، سەربەرزە و چاو نەترس و جوامێرە. کەسێکی لە خۆ بردوو خۆ بەکەمزانە و لە هەمان کاتدا هێزی ئەسڕالی هێزێکی لوت بەرزو خۆ بەزل زانە، سەرکردەیەکی بێ بەزەیی بەرانبەر بە گەل و هۆزی کە خۆی لە خوشی و خواردنی خۆش و زێر دەستەکانی برسی و زوڵم و زۆر لە ناو خەڵکیدا بڵاوە، خەڵکی خۆشیان لە فەرمانڕەواکانیان نایەت و بۆیانە زوو بگەڕێنەوە ناو کەسوکاری خۆیان. سوپای موسوڵمانان خومسێک دەیات لە دەستکەوتی جەنگ، بەڵام ئەوان هەمووی بۆ پادشایە و کەس بۆی نییە هیچ بڵێت، وە کۆمەڵی طارقی کوڕی زیاد خوای گەورە سەریان دەخات و نوصرەتیان پێ دەبەخشێت. ئەمان خوایان هەیە، ئەی ئەوان کێیان هەیە؟

ئەمان هێزی خوایی یارمەتیان دەدات، ئەوان کێ بە هانیانەوە دەچێت؟ لە ژیان دۆڕاون و لە دواڕۆژیش بەشیان هەر ئاگرە، ئەوان لەگەڵ خوای ئەم گەردونە دەجەنگن لەگەڵ دەستور و یاساکانی خوای گەورە شەڕ دەکەن، دەیانەوێت دەسەڵاتی خوا لە ناو بەرن. لەڕاستیدا دەبێت بڵێین هەرکەس وەک ئەم هێزە بیری کردەوە دەبێت بەزەیمان پێدا بێتەوە، وە بزانین کۆتاییان هەر سەرگەردانی و ماڵ وێرانییە، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام لە راستیدا دەبێت بەزەیمان پێیان دا بێتەوە. بۆ دەبێت بەزیمان پێیاندا بێتەوە؟

خوای گەورە دەفەرموێت: كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٢١﴾، المجادلة. واتە: خوا بڕیاری داوە کە: هەر خۆم و پێغەمبەرەکانم سەرکەوتوو دەبین، چونکە بەڕاستی هەر خوا خۆی بەهێز و باڵادەستە.

لە راستیدا بەزیمان پێیاندا دێتەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: الَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِنَ اللَّهِ قَالُوا أَلَمْ نَكُنْ مَعَكُمْ وَإِنْ كَانَ لِلْكَافِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوا أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُمْ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾، النساء. واتە: ئەوانەی کە خۆیان بۆ ئێوە مەڵاس داوە ئەگەر سەرکەوتنێکی خوایتان دەست بکەوێت دەڵێن: ئەی ئێمە لەگەڵتاندا نەبووین؟ خۆ ئەگەر کافرەکان بیبەنەوە، دووڕووەکان دەڵێن: ئێمە ئەمان وت: کە لەگەڵ ئێوەداین و نایەڵین ئیمانداران زەرەرتان پێ بگەبەنن. ئەوە ئیتر خوا لەڕۆژی قیامەتدا داوەریی دەکات لە نێوانتان دا (ئەی کافر و دووڕووەکان)، وە هەرگیز خوا نایەڵێت کافر بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بێت.

شەڕ دەستی پێ کرد، شەڕێکی توند و تیژ خوێبار و تۆز ئاسمانی گرت زرەی شمشێر و هاوار و ناڵەی نەسڕانی و (الله اكبر)ی موسوڵمانان و تورەیی چاویان وەک چەخماخە برووسکەی ئەدا، شەڕێکی زۆر قورس روویدا کاتەکەشی مانگی رەمەزانە و هاوینە.

## جەنگی دۆڵی برباط لە مانگی رەمەزاندا

لە مانگی رەمەزاندا بوو، شەڕ دەستی پێ کرد لەنێوانی هێزی موسوڵمانان و لوزریکدا
موسوڵمانان بە رۆژوون لە پێناوی خوای گەورەدا دەجەنگن، داخۆ ئەو ئیمانە لەناو دڵی ئەو
سەربازانەی ئیسلامدا چۆن چەکەرەی کردبێت، بە چی گیانێکی پڕ جۆش جەنگاون، نزا و
پاڕانەوەی رۆژووەوان و بە بۆنی خۆشی موسوڵمانان، تۆ بڵێیت خوای گەورە بەدەمیانەوە پێکەر
نێت؟ کەچی ئێستە مانگی رەمەزان بۆتە مانگی زنجیرە دراما و تا بەیانی بەدیار تەلەفزیۆن
دانیشتن و تەماشای ئەو کەناڵە ئاسمانییەکان کە هیچی خێری تێدا نەماوە، یان بەداخەوە مانگی
رەمەزان کە لە راستییدا مانگی فەتحە زۆربەی فەتحەکان لەم مانگەدا کراون، کەچی لای ئێمە
بۆتە مانگی خواردن و رازاندنەوەی خوانەکانمان.

ئەو جەنگە بە رۆژێک و دوو رۆژ کۆتایی نەهات، بەڵکو هەشت رۆژی خایاند و جەژنی هات
بەسەردا چونکە جەنگە لە ٢٨ رەمەزاندا بوو، بەڵام وەک شێر راوەستا بوون ئەو پیاوانەی کە لەم
جێگەیەدا دەجەنگان لە پێناوی خوا ئەوە پلە و پایەی پیاوەتی پێ دەبەخشرێت، پلەی پیاوەتی
هەموو کەس ناتوانێت بەدەستی بێنێت مەگەر ئەو کەسانەی کە پێوەری ئیسلام دەیانگرێتەوە
وەک خوای گەورە دەفەرموێت: مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ
نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾، الأحزاب. واتە: مەردانێکی زۆر هەن لە ئیماندارا
ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا، راستیان کرد لەسەر ژیان و پابەند بوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا
هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەک گۆڕان و
لاری رووی تێ نەکردوون. ماوەی هەشت رۆژ جەنگ بەردەوام بوو، چونکە موسوڵمانان ئیمانێکی
پاک و خاوەنی ئارامی تەواو بوون دانیان بە خۆیاندا گرت کەواتە بە هەموو پێوەرێکی ئیمانی
سەرکەوتن نزیکە، خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە موسوڵمانان بە کوشتنی لوزریک هێزی
نەسرانی تێکوپێک شکا. طارقی کوڕی زیاد لەناو جەنگدا نەڕەی وەک شێر دەگەیشتە ئەم بەری
ئەوبەری جەنگەکە، طریفی کوڕی مالیک وەک پڵنگ هەڵمەتی دەبرد، وە کەشتی شەپۆلی
ئەوانی دەڕماند. موسوڵمانان سەرکەوتن بە خۆشیی و شادی و دەستکەوتێکی زۆر و دڵێکی
زۆریان گرتبوو. جەژنی رەمەزان بووە دوو جەژن هەموو دەست لەملان برایەتی و خۆشەویستیان
نوێ دەکردەوە لە خاکی جیهاد دڵەکان وابەستەی خوای گەورە بووبوون.

لێرەدا دەبێت باسی ئەوە بکەین، کە کۆمەڵێک لە مێژوونووسان دەڵێن لوزریک نەکوژرا بەڵکو
بریندار بوو و بەرەو باکووری ئەندەلوس رۆیشت، بەڵام لە دوای جەنگی دۆڵی برباط ناوی لە
مێژوودا نەماوە و کۆتایی بە ناوی هات.

ئەم جەنگە کۆمەڵێک ئامانجی پێکا و سوودی باشی هەبوو بۆ موسوڵمانان ئەویش بریتین لە
چەند خاڵێ:

یەکەم: ئەم جەنگە لاپەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوە لە مێژووی ئەندەلوس لە زەمینەی ئەو وڵاتە
جەهلەوە بردنی بۆ ئەوبەڕی زانست. وە سەرەتایی دەستپێکردنی مێژوویەکی پڕشنگدار بوو لە
ناوچەکە و فەتحی ئیسلامی لە جەنگەوە بووە خێر و خۆشی بەرەکەت بۆ خەڵکی ناوچەکە.

دووەم: دەستکەوتی ئەو جەنگە بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی سوپای موسوڵمانان، کە خاوەنی ئەسپ و بەرزە وڵاغ نەبوون، بەڵام ئێستە موسوڵمانان هەموو خاوەنی ئەسپ و چەک و جبەخانەی باشن کە پێشتر هەموو پیادە بوون. زۆر بەداخەوە ئەم وشەیە دوژمنانی ئیسلام بۆ دەستکەوت وشەی تاڵانیان بەکار هێناوە لە کاتێک دا ئەم وشەیە هیچ مانایەک نادات بەدەستەوە بۆ دەست کەوتی جەنگ، چونکە تاڵانی ماڵی خەڵکیە بە هەدەر بیرێت. بەڵام جەنگ لەبەرانبەر دوژمندایە ئەگەر تۆ سەر نەکەویت ئەو دەسکەوتی خۆی دەبات لە جەنگەکەدا ئەمە مرۆشتی هەموو جەنگێکە، کەواتە پێویستە جیاوازی لە نێوان دەستکەوت و تاڵانیدا بکرێت ئەگەر چی لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بەکار هاتبێت. من وا هەست دەکەم بۆ چەواشەکردنی خەڵکی موسوڵمانە.

سێیەم: موسوڵمانان بە سیانزە هەزار سەرباز دەستیان کرد بە جەنگ، لە دوای ئەم جەنگە نۆ هەزاریان مایەوە، سێ هەزار موسوڵمان شەهید بوون لە جەنگەکەدا و بە خوێنی گەشی سێ هەزار موسوڵمان ئەم ئیسلامە گەیشتە ئەندەلوس، خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە کە ئەو کارە گەورەیەیان کرد بۆ ئەم دینە.

## ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ لە مێژوونووسانی ئەوروپا لەبارەی طارقی کوڕی زیاد

لەدوای جەنگی دۆڵی برباط پێویستمان بە هەڵوێستەیەک هەیە لە هەندێک مێژووی ئیسلامیدا، وە بەگشتی لە مێژووی ئەوروپا نووسراوە، کە طاریقی کوڕی زیاد هەموو کەشتیەکانی سوتاند، وە بە سەربازەکانی وت: ئەوە پشتان ئاوە و پێشتان دوژمن، کەشتیەکانم سوتاند، دەبێت سەر بکەون بەسەر دوژمنەکانتان دا بۆیە طارقی کوڕی زیاد سەرکەوت لە جەنگەدا بە سیانزە هەزار سەرباز، بەرانبەر بە سەد هەزار سەربازی نەسرانی، ئەم وتەیەی طارقی کوڕی زیاد، کە لە هەموو سەرچاوە مێژووییەکانی ئەوروپادا نووسراوە لە زانکۆ و جێگە تایبەتەکاندا دەخوێنرێت، تەنانەت لە قوتابخانەکانی ئیسپانیادا هەر ئەم وتەیە دووبارە دەکرێتەوە، وە لە ناو موسوڵماناندا ئەم وتەیە بڵاوە

تۆ بڵێیت کەسێکی لێزان و سەرکردەیەکی بە توانای وەک طارق کوڕی زیاد ئەو کارەی کردبێت و بڵێت پشتان ئاوە و پێشتان دوژمن ڕزگاربوون تەنها لە شمشێر دایە؟

گومان لەوەدا نیە، وەک ئاماژەمان بۆ کرد لە مێژووکاندا هاتووە، وە لە مێژووی موسوڵماناندا بە هەمان شێوە هاتووە، بەڵام ئایا تا چەند ڕاستە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مێژووە پێویستمان بە لێکارییەک هەیە بۆ سەلماندنی ڕاستی، یان بزانین بۆ ئەم مێژووە وا دەگێڕنەوە، وە بۆ ئەم لێکارییە چەند خاڵێک باس دەکەین..

یەکەم: ئەم ڕیواتە، کە باس کراوە لە مێژووی موسوڵماناندا لە سەرچاوەیەکی ڕاستەوە نەهاتووە، زانایانی علمی رجال لێیان کۆڵیوەتەوە لە سەرچاوەی ئیسلامییەوە نەهاتووە، بەڵکو سەرچاوەکەی مێژووی ئەوروپییە، چونکە ئەم باسە لە کەسێکی باوەڕ پێکراوی ئیسلامییەوە

نەنووسراوە و سەنەدی نییە، تەنها وتەیەكی هەڵبەستراوە لە كاتی مێژووی دۆڵی بەرباط و دانانی بیری خۆیانە.

ئەورووپییەكان نووسیویانە

دووەم: ئەگەر طارق كوڕی زیاد ئەو كارەی بكردایە بێگومان موسای كوڕی نوصێر وەڵامێكی بۆ طارقی كوڕی زیاد دەنارد، بۆچی ئەو كارەی كردووە یان وەلیدی كوڕی عبدالملك لێپرسینەوەیەكی دەبوو بۆ ئەو كارە ئەو رودلوەی كە رویداوە، هیچ گفتوگۆیەك لە نێوانی طارقی كوڕی زیاد و موسای كوڕی نوصێر رووی نەداوە لەسەر ئەو باسە مێژوو هیچی تۆمار نەكردوە، وە بێگومان هیچ سەرچاوەیەك لە بەر دەستا نییە لە سەر ئەوەی كە زانایان باسی ئەو كارەی طارقی كوڕی زیادیان كردبێت ئایا دروست بووە ئەو كارەی كردوە یان كارێكی ناشەرعی بوو، هیچ باسێك لە لایەن زانایانەوە نەهاتوە وە هیچ لەو دەستەو پۆلێنانەی كە باسمان كرد هیچ وەڵامێكیان نەبوو بۆ ئەوە كارە، جێگەی گومانە كە طارقی كوڕی زیاد كاری وای كردبێت هەموو كەشتییەكان سوتاندبێت.

سێیەم: ئەم سەرچاوەیە لە ئەورووپییەكانەوە دەرچووە، چونكە بەپێوەری ئەوان جێی سەرسوڕمانە سیانزە هەزار موسوڵمان توانی سەركەوێت بەسەر سەد هەزار سەربازی نەسارادا لەخاكی خۆیاندا و تێكوپێكیان بشكێنن، چونكە جێگەی باوەڕی ئەوان نییە بە پێوەری ماددی سەرباز سەر دەمێنێت، هۆكار چییە كە ئەورووپییەكان باوەڕ ناكەن و تەفسیری خۆیان هەیە بۆ ئەم كارە؟

ئەورووپییەكان وا تەفسیری ئەم جەنگە دەكەن، كە گوایە بۆیە طارقی كوڕی زیاد كەشتیەكانی سوتاندوە بۆ ئەوەی سوپاكەی نەگەڕێتەوە نەسارا لە بەردەمیان دایە تەنها خۆپاراستن لە مەرگ شەڕكردنە كەواتە بۆیە موسوڵمانان سەركەوتن ئەمە كارێكی سروشتییە لە ترسی مەرگ تۆ خۆت دەرباز بكەیت، بەرانبەر بە سەد هەزار نەسارا سەربكەوێت ئەمە راڤەی ئەورووپییەكانە، بەڵام نەیانتوانی نهێنی ئەو جەنگەی دۆڵی برباط راڤە بكەن كە تەنها راڤەكەی لە قورئاندا دەست دەكەوێت ئەوان بە هێزێكی ماددی لێكی دەدەنەوە، بۆیە دەبێت هەزاران وتەی هەڵبەستراو بنووسن تا دۆڕاندنەكانی خۆیان بشارنەوە، وە هاوشێوەی ئەم جەنگانە زۆرن لە ناو موسوڵماناندا كە چۆن بەسەر سوپای دوژمندا سەركەوتن وە خوای گەورە ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشكرا دەكات و دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو اللَّهِ كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ ﴿٢٤٩﴾، البقرة. واتە: ئینجا طالوت سەربازانی جیاكردەوە و پێی وتن (وا ئێمە دەڕۆین) ،(بەڵام) خوا (لە رێگوزەرمان دا) تاقیمان دەكاتەوە بە رووبارێك (دوای ماندووبوون و تینوێتی)، جا ئەوەی تێر لێی بخواتەوە (ئەوە سەربازی) من نییە و (بگەڕێتەوە) وە ئەوەی جگە لە لوپچێك زیاتر ناخواتەوە (ئەوە سەربازی) منە و (دەپەڕێتەوە) دەڕۆین، جا لەگەڵ ئەو روونكردنەوەیەشدا) زۆربەیان (لە ئاوی رووبارەكەیان) خواردەوە كەمێكیان نەبێت. كاتێك كە پەڕینەوە خۆی و ئەوانەی باوەڕدار بوون لە تەكیا (كەلێكیان) وتیان ئەمڕۆ (زەحمەتە بەم ژمارە كەمەوە) دەرەقەتی جالوت و سەربازانی بێین، (بەڵام) ئەوانەی كە

دڵنیابوون بە خزمەتی پەروەردگاریان دەکەن وتیان: (مەترسن) چەندەها جار دەستەی کەم، زاڵ بووە بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا، وە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.
کەواتە هێزی زۆر و بۆر مەرج نییە، بەڵکو ئیمانی زۆر مەرجە بۆ سەرکەوتن، وەرن با تەماشای مێژوو بکەین و لاپەڕەکانی هەڵدەینەوە هەرکات موسوڵمانان کەم بوون هەمیشە سەرکەوتو بوون، بەڵام کاتێک لە حونین دا موسوڵمانان بە هێزی خۆیاندا نازین بەرانبەر بە هەوازن خوای گەورە چۆن باسیان دەکات: ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ﴾ (٢٥)، التوبة. وە لە ڕۆژی حونەین واتە لە غەزای حونەین کاتێک کە زۆری ژمارەی خۆتان سەرسامی کردبوون، جا بینیتان ئەو زۆریە هیچ فریاتان نەکەوت و بێبازی نەکردن، زەویش چەندە فراوانە لێتان هاتەوە یەک و تەنگ بوودوە، لەوەو دوا هەموو پشتتان هەڵکرد.
ئێردایە کە ئەورووپییەکان ئەو سوننەتە خوایەیان بۆ نادۆزرێتەوە و پێوەرەکانی ئەوان پێوەری مادیە، بۆیە هەمیشە خەریکی درۆ هەڵبەستن بۆ موسوڵمانان، موسوڵمان زۆر بە دەگمەن نەکەمیدا لە جەنگدا دۆڕا بێت، بەڵکو هەمیشە بە ئیمان و تەقوا سەرکەوتوو بووە.
چوارەم: کەی موسوڵمان پێویستیان بەوە بووە خەڵکانێکی دەسەڵاتدار هانیان بدات بۆ جیهاد ئەوان خۆیان بە ئارەزووی خۆیان هاتوون بۆ ئەوەی شەهید بن، ئیتر پێویستیان چییە بەوەی کە کەشتی بسوتێنن و حەماسی ئەوان نە بەسوتاندنی کەشتییە، نە بە سەروەت و سامانی جیهانییە، بەڵکو کاری موسوڵمان تەنها بۆ خوایە.
پێنجەم: کەسێکی وەک طارقی کوڕی زیاد کە سەرکردەیەکی دووربین و لێهاتوو شارەزایە، چۆن کاری وا دەکات کەشتی دەسوتێنێت، ئەی ئەگەر هاتوو لە جەنگەکەدا دۆڕا، دەبێت هێڵی گەڕانەوەی خۆی دابین بکات ئەوە کارێکی شەرعییە، پێویستە ئەنجام بدرێت وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾ (١٥)، الأنفال. واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێک بەرەنگاری ئەوانە بوونەوە، کە بێباوەڕ بوون لەکاتی لەشکرکێشیدا ئەوە پشتیان تێ مەکەن و رامەکەن.
﴿وَمَنْ يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ (١٦)، الأنفال. واتە: هەرکەس لەو ڕۆژەدا رابکاتە دواوە و پشتیان تێ بکات، ئەوە بەڕاستی لەگەڵ خەشم و قینی خوادا گەڕاوەتەوە و سەرەنجام جێ و ڕێگەی دۆزەخە کە ناخۆشترین جێگە و سەرئەنجامە، مەگەر مەبەستی بەکارهێنانی هونەری جەنگ بێت یاخود مەبەستی شوێن گۆڕین و جێگۆڕین و جێگۆڕکێ بێت بۆ لای دەستەیەکی تر.
کەواتە هەرگیز طارقی کوڕی زیاد ئەو ڕێگەیانە لە خۆی ناگرێت، کە ئەو کەشتییەکانە تاکە ڕێگەیەتی بە سوپای موسوڵمانان لە مەراکیش بپستێتەوە و بیانگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی مەراکیش، وە هەرگیز ڕێگەی یارمەتی لە خۆی نابڕێت، کە تەنها لەڕێگەی کەشتییەکانەوە خواردن و چەکی بۆ دێت، چۆن کاری وا ئەنجام دەدات لە کاتێکدا هەمیشە چاوەڕوانی یارمەتییە لە موسای کوڕی نوسێر، وە گیانی موسوڵمانان لە بەردەستی ئەودایە، تۆ بڵێیت ئەو کارەی کردبێت؟ بێگومان کاری

وای لێئاوەشێتەوە چونکە طارق کوڕی زیاد سەرکردەیەکی لێهاتوو و شارەزای هونەری سەربازییە، لەهەمان کاتدا کەسێکی لەخوا ترس و خاوەن وەرعە، ئیتر چۆن کەشتییەکان دەسوتێنێت و بێ پرس کارێکی وا ئەنجام دەدات، لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتی یەکەم نییە.

شەشەم: لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەو کەشتییانە کە سوپای موسوڵمانانی پێ پەڕییەوە هەمووی موسوڵمانان خاوەنی نەبوون، بەڵکو زۆربەی کەشتییەکان (یولییان) خاوەنی بوو، ئەو دابووی بە موسوڵمانان کە پاشای سەبتە بوو کەواتە طارق کوڕی زیاد ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە ئەمانەتە و شەرعەن بۆی نییە ئەوکارە بکات، تەنها وەک وەسیلە دابووی بە موسوڵمانان بۆ خاکی ئیسپانیا، تا سەربازەکانی لە دەریا پێ بپەڕێنێتەوە، وە پاشان هەر ئەو کەشتییانە بوون کە گەڕانەوە. سوپای موسوڵمانان بە سەرۆکایەتی موسای کوڕی نوصێر پەڕینەوە بۆ خاکی ئیسپانیا کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نەزانی و بەناگایی مێژوونووسانی ئەورووپی لە موسوڵمانان، بۆیە ئەم مێژووە نادروستەیان داتاشیوە لەو سەرکەوتنە گەورەیەی، کە موسوڵمانان لە دۆڵی برباط بەدەستیان هێنا لەسەر دەستی طارق کوڕی زیاد.

## طارق کوڕی زیاد دوای جەنگی دۆڵی برباط

لەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە طارق کوڕی زیاد راوێژی کرد بە سەرکردەکانی تر، کە ئێستە باشترین هەلە بۆ تەواوکردنی فەتحەکەیان، چونکە کە هێزێک شکا هەروا بە ئاسانی ناتوانێت ریزەکانی یەک بخاتەوە. بۆیە بەپەلە خۆی ئامادەکردەوە ئەگەر چی زامی موسوڵمانان قوڵبوو سێ هەزار موسوڵمان شەهید بوون، بەڵام زانی زەمینەکە لەبارە بۆ تەواوکردنی فەتحەکەی تەمەڵی نەکرد و خۆی دووبارە ئامادە کردەوە وەک شێر راپەڕی، وە هۆکاری ئەوەستانی دەستپێکردنی فەتحی ئەندەلوس ئەتوانین بە چەند خاڵێک دەستنیشانی بکەین.

یەکەم: باری دەروونی موسوڵمانان زۆر بەرزبوو کە سەرکەوتبوون بەسەر سەد هەزار کەسدا پێچەوانەکەی نەصرانییەکان بوو، کە باری دەروونیان تێک شکابوو. موسوڵمانان ڕۆحێکی بەرزی جیهادی لەلایان دروستبوو بوو وەک شێر نرکەیان دەهات.

دووەم: هۆکاری ئەو هەموو کوژراوەی کە لە قوتی نەسارا کەوتبوو پاشاکەیان کوژرابوو یا هەڵهاتبوو ئەمە وای کرد، کە طارق کوڕی زیاد خۆی ئامادە بکاتەوە، چونکە دەیزانی بەبێ سەرکردە سوپا شیرازەی لەدەست دەدا.

سێیەم: طارق کوڕی زیاد زانی، کە لوزریک نەماوە دوورە لەخەڵکی ئەندەلوسە، وە ویستی هەلەکە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی دینی خوای گەورە بڵاو بکاتەوە، چونکە ئەو خراپەکاری و سەروەت و سامانی خەڵکی بەهەدەر دەبرد، خەڵکی دەکرد بە بەندە بۆ خۆی، لە راستییدا خەڵکی تە بێزار بووبوون.

چوارەم: طارق کوڕی زیاد ئەیزانی یولییان پاشای سەبتە خاوەنی هیچ پەیمانێک نییە لەوانەیە پەیمانەکەی بشکێنێت بۆیە ویستی بە قوڵی بچێتە ناو خاکی ئەندەلوس و ئەو بۆشاییەی نا خەڵکی بقۆزێتەوە و زەمینەکە بۆ ئیسلام فەراهەم بێنێت و خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ بێنە ناو ئاینی ئیسلام.

ئەم هۆکارانە وای کرد لە سەرکردەیەکی وەک طارقی کوڕی زیاد کە سوپاکەی ئامادە بکات و بکەوێتە ڕێ بۆ ناو خاکی ئەندەلوس و بەتەواوەتی فەتحی بکات، سوپای کەوتە ڕێ بەرەو گەورەترین شاری باشووری ئەندەلوس، کە ناوی ئیشبیلیە بوو وە بەهێزترین شار بوو لەڕووی دیواری شارەکە و قەڵاکانی دەوروبەری شارێکی زۆر مەحکەم بوو لەڕووی سەربازییەوە، بەڵام لێرەدا شتێکی زۆر سەیر ڕوونەدا، کە ئەنجامی وتەیەکی پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە لێرەدا وەک موعجیزە دەردەکەوێت کە دەفەرموێت: يرويه البخاري عن جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلَّتْ لِي الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي، وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ، وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً. بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە جابر کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پێنج شتم پێ بەخشراوە کە نەبەخشراوە بە کەس لە پێش من، سەرکەوتنی تۆقێنەر ڕێگەیەکی بەردەوام، وە ئەم زەویەشی بۆ کردومەتە مزگەوت، وە جێگەیەکی پاک بۆ ئەوەی هەر کەسێ لە ئوممەتەکەم کاتی نوێژکردن هات لەهەر کوێ بێت نوێژەکەی بکات، وە پاش بە جێماوی شەڕ، کە بۆ کەس حەڵاڵ نەکراوە لە پێش من، وە تکاکاری پێ بەخشیوم، پێغەمبەران بۆ قەومەکانیان ئەنێران، هەر پێغەمبەرێ بۆ کۆمەڵێکی تایبەت نێردراون، بەڵام من نێردرام بۆ هەموو خەڵکی بەگشتی. ئەو شارە دەرگەکانی کرایەوە بەبێ جەنگ و شەڕ و شۆڕ بۆ موسوڵمانان چوونە ناوەوە، بەبێ ئەوەی خوێن لە لوتی هیچ کەس بێت، موسوڵمانان کار و فەرمانڕەواییان گرتە دەست لەگەڵ خەڵکی شاردا پیاو ماقوڵان و ناسراوان شار کەوتنە ڕا و بۆچوون گۆڕینەوە، تاکو چۆن خزمەتی خەڵکەکە بکەن، ئیتر خەڵکی خۆیان چوون بە دەمیانەوە داوایان کرد کێ موسوڵمان دەبێت، ئەوا وەک ئێمەیە ئەوەی لەسەر ئاینی خۆشی دەمێنێتەوە دەبێت جزیە بدات.

## طارقی کوڕی زیاد و فەتحکردنی باکووری ئەندەلوس

لەدوای فەتحکردنی شاری ئیشبیلیە، کە بەبێ جەنگ گیرا، پاشان ڕووی کردە شاری ئوستوجە ئەویش یەکێک بوو لە شارە گەورەکانی باشوور، بەڵام لەو شارەدا، کە چوونە ناوەوە شەڕێکی زۆر گەورەیان کرد کە کوشت و کوشتارێک کرا لە نێوانی موسڵمانان و قوتی نەساڕادا، بێگومان بە ئەوەندەی جەنگی دۆڵی برباط گەورە نەبوو، چونکە لە دۆڵی برباط دا زۆربەی زۆری هێزی خۆیان لە دەست دابوو ، بەڵام ئەوەندەی نەمابوو کە دەرگەی شارەکە بکەنەوە و بچنە ناو شارەکە لە ئوستوجە خەڵکەکە داوای ئاشتی لێ کردن، موسوڵمانانیش هەمیشە باڵی بەزەیی درێژ بوو ئاشتیان لەگەڵ کردن و لەسەر بنەمای جزیە ڕێککەوتن.

جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوانی ئەوەی کە بە جزیە ئاشتی لەگەڵ موسوڵماناندا بکەن و یان موسوڵمانان خۆیان فەتحی شارەکە بکەن، ئەگەر فەتحی شار بکەن بە کوشت و کوشتار دەیکەن وە موسوڵمانان دەبنە خاوەنی شارەکە، بەڵام ئەگەر لەسەر جزیە ئاشتیان کرد و ڕێککەوتن ئەوا دەسەڵات و ئەوەشی، کە موڵکایەتی دەکەن وەک خۆی دەمێنێتەوە.

لەدوای ئەوەی کە ئوستوجەیان بەجێ هێشت موسوڵمانان بە نۆ هەزار سەربازەوە کەوتنە ڕێ لەبەر ئەوەی سوپای موسوڵمانان کەم بوون طارقی کوڕی زیاد سریەی بۆ دروست کردن لە ١٠٠ بۆ ٧٠٠ کەس تا بچن شارەکان فەتح بکەن، بەڵام هێزی گەورەی سوپاکەی لەگەڵ خۆیدا برد بەرەو پایتەختی ئەندەلوس کە ناوی طولەیطیلە، وە سریەیەکی نارد بۆ قورطوبە، سریەیەکی تریشی نارد بۆ غرناطە وە سریەکی نارد بۆ مالاگا، وە سریەکی تریش بۆ مورسیە کە هەموو ئەمانە شارێ باشووری ئەندەلوس بوون، کە لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست بوون ئەو شارانە، وە مطلە کە لە نزیکی کەنداوی شاخی طارق بوو بە تەواوەتی ئازاد کرا کە بەو سریە کەمانەوە توانی ئەو شوێنە ڕزگار بکات وە هۆکاری کەمی موسوڵمانان کە توانیان ئەو جێگەیانە بگرن ئەوە بوو کە موسوڵمانان ئیمانێکی زۆر پتەو و بەهێزیان هەبوو بۆیە خوای گەورەش یارمەتی تەواودتیان دا وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾، الأنفال.

واتە: کەوابوو ئەی ئیمانداران: وەنەبێت ئێوە کافرانتان کوشتبێت، بەڵکو خوا کوشتنی و لەناوی بردوون، تۆش ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم) کاتێک مشتێک خۆڵت ڕوو بەکافران فڕێدا ئەو کارە تەنها تۆ نەتکرد، بەڵکو خوا فڕێی دا و (خۆڵی کردە چاوی کافرانەوە)، تا ئیمانداران تاقیبکاتەوە بە تاقیکردنەوەیەکی چاک، چونکە بەڕاستی خوا بیسەری (دوعا و نزایانە)، زانایە (بەنیەتی دڵیان).

طارقی کوڕی زیاد بەردەوام بوو ، ڕووی کردە باکووری ئەندەلوس، تا چووە ناو شارێک بە ناوی جیان، کە یەکێک بوو لە شارەکانی نەساڕا، کە دیوار و قەڵای بەهێزی زۆری تێدا بوو.

## چوونە ناو پایتەختی ئەندەلوس طوڵەیطیلە

طوڵەیطیلە: شارێکی کۆنی ئیسپانیایە، کە لە ناوەڕاستی شێوە دوورگەی ئیبریا کە نزیکەی ٩١ کم دوورە لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مەدرید، کە دەوری بە رووباری تاجویە دراوە، کەوتۆتە نێوانی سێ دۆڵی گەورەوە، کە لە خاکێکی زۆر بەرفراوانە.

موسا کوڕی نوصێر کە پیاوکی دانا و ژیرو لێ هاتوو بوو نامەی نووسی بۆ طاریقی کوڕی زیاد، کە لە شاری جیاندا بمێنێتەوە و خۆشی لە قورطوبەدا نیشتەجێ ببێ و پەلە نەکات لە فەتحی پایتەختی ئەندەلوس کە طوڵیطیلە بوو، موسای کوڕی نوصێر ترسی ئەوەی هەبوو، هێزەکانی قوتی نەسارا ریزەکانانیان ڕێکبخەنەوە و هێرش بکەنە سەر موسوڵمانان.

طارقی کوڕی زیاد بینی کە هەموو ڕێگەکان کراوەیە لەبەردەمیدا، وە بینی ڕێگەی طوڵەیطیلە هیچ کێشەیەک و قورسایەکی تێدا نییە بۆ فەتحکردنی، ئیجتیهادی بە بیر و بۆچوونی خۆی کرد، وە بە گوێی بیر و بۆچوونەکەی موسا کوڕی نوصێری نەکرد، زانی کاتەکە لەبارە بۆ فەتحکردنی طوڵەیطیلە کە پایتەختی ئەندەلوس بوو با بە هێز بێت بە قەڵا و دیوار ئەو شارە، بەڵام هێزی نەسارا ورەی لەدەستداوە، بۆیە وای بە باشزانی کە هێرشەکەی بەردەوام بێت، لەم ماوەیەی کە نەساراکان بێ هێزو بێ توانان وە توانای بەرگری سوپای موسوڵمانانیان نەماوە بۆیە طارقی کوڕی زیاد فەتحکردنی طوڵەیطیلەی بە باشزانی ئەگەر ئێستە فەتحی نەکات، لەوانەیە لەماوەی داهاتودا بۆی فەتح نەکرێت.

خۆی وا باش بوو طاریقی کوڕی زیاد را و بۆچوونی خۆی بە موسا کوڕی نوصێر لە مەراکیش رابگەیەنێت بە نامەیەک، ئەگەر لە نامەکەدا زەمینە و سروشتی ئەندەلوسی بۆ روون بکردبایەوە، لەوانە بوو موسای کوڕی نوصێریش بیر و بۆچوونەکەی زیادی پێ قبووڵ بێت، وە ئەو جیاوازیە نەکەوتایە نێوان بۆچوونەکانیانەوە، بەڵام پەلەی فەتحکردنی طوڵەیطیلە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە موسا کوڕی نوصێر، لە پاشاندا ڕۆشن دەبێتەوە، کە موسا کوڕی نوصێر دەیزانی، کە طوڵەیطیلە ئازاد دەکات، بەڵام زیاتر مەبەستی بوو چەک و جبەخانە و هێز فریای طارقی کوڕی زیاد بخات، بۆیە ویستی بیوەستێنێت، تاکو هەموو کەرەستە و لەشکرەکانی بگەیەنێتە چونکە ڕێگەکە زۆر دوور و درێژ بوو لە مەراکیشەوە بۆ طوڵەیطیلە.

لەهەمان کاتدا شاری طوڵەیطیلە بە گەورەترین شارو دیواری بە هێزو قەڵای قایم دادەنرێت، بەڵکو بە بەهێزترین شاری هەموو ئیسپانیا دادەنرێت، چونکە هەموو چوار دەوری بە شاخ گیراوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژ هەڵات و باکووری ئەو شارە تەنها ئەو جێگەیەی کە دەیانتوانی بڕۆنە ناو شارەکە تەنها بەشی باشووری بوو وە هەموو چواردەوری بە قەڵا بۆ بەرگری لە شارەکە ئامادە کرابوو.

لەگەڵ ئەوەش دا خوای گەورە کارەکانی بۆ طارقی کوڕی زیاد ئاسان کرد دەرگەکانی بۆ خستە سەر پشت خەڵکی شارەکە بە جزیە ڕێکەوتن و نامەیان لەگەڵ مۆر کرد بە ئاشتی ڕێکەوتن.

موسای کوڕی نوصێر نامەیەکی بە پەلەی ناردەوە بۆ طارقی کوڕی زیاد فەرمانی پێ دەکات کە لە جێی خۆی بوەستێت، نامەکەیش هەندێک ڕەقی لە لایەن موسای کوڕی نوصێرەوە پێوە دیار بوو کە پێ دەڵێت لە جێی خۆت دابنیشە تا دەگەمە لات.

کاتێک کە طارق کوڕی زیاد ئەو هەموو پێشڕەویەی کرد بۆ فەتحکردن لەو ماوە کەمەدا توانی زۆربەی شارەکانی ئەندەلوس فەتح بکات، موسای کوڕی نوصێر ئەمەی بە پەلە زانی چونکە خۆی ئەزموونی وڵاتی ئەفریقای باکووری لە پێش چاو بوو کە چۆن توانی جێ پێی خۆی لە مەراکیش و جەزائیر و تونس بچەسپێنێت، بۆیە نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی نووسی بۆ طارق کوڕی زیاد و پێ وت لە جێ خۆت بمێنەرەوە تا دەگەمە لات، لەوە دەترسا کە سوپای نەسارا دەوری بدەن و سوپای موسوڵمانان لەناو بەرن،

موسای کوڕی نوصێر لەوکاتەوەی کە طارق دەرچووبوو بۆ وڵاتی ئەندەلوس ئەو هەر خەریکی کۆکردنەوەی لەشکرو چەک و جبەخانە بوو بۆیە هەشت هەزار سەربازی تری ئامادە کرد بۆ یارمەتی طارق کوڕی زیاد چونکە زۆر دوور کەوتبووەوە لە خاکی موسوڵمانان لەوانەیە خوێنەر بپرسێت ئەم هەموو سوپایە لە کوێ ئامادە بوو تا سیانزە هەزار کۆبووەوە زۆری پێ چوو وە پاشان ئەم هەشت هەزارە لە کوێوە دروست بوون بۆ موسای کوڕی نوصێر؟

لە وەڵامدا دەڵێین موسوڵمانان لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە بانگ و سەدای جیهادیان بیستایە خێرا بە دەم ئەو بانگەوازەوە دەڕۆشتن و ئامادەی کۆشش و خەباتیدان تێدا بوو بۆ ئەم دینە کە بیستیان وا کۆشش و جیهاد لە خاکی ئیسپانیادا دەستی پێ کردوە بە سەرکردایەتی سەرکردەیەکی لێهاتوی بەربەر، ئەو هەشت هەزارەی کە کۆ بوونەوە هەمووی خەڵکی وڵاتی یەمەن و شام و ئێران و ئازەربایجان و کورد بوون، خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بگەنە وڵاتی مەراکیش لە ڕێگەی سەرکردە و ئەمیرەکانیانەوە، پاشان بە سەرکردایەتی موسا کوڕی نوصێر پەڕینەوە بۆ خاکی ئەندەلوس تا هێز و تواناو پشتیوانی بگەیەنە طارق کوڕی زیاد، چونکە لای موسوڵمانان هەر وایە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە موسوڵمان پێویستی بە یەکتر بێت خێرا بۆ یارمەتی یەکتر ئامادەن.

پەڕینەوەی موسا نوصێر و گەورەترین کاری لە خاکی ئەندەلوس

کاتێک کە موسا کوڕی نوصێر پەڕیەوە بۆ ئەندەلوس خۆی و سوپاکەی بینی کەوا لە پشتی طارق کوڕی زیادە، وە لە شاری ئیشبیلیە کە گەورەترین شاری باشووری ئیسپانیا بوو، هەروا بەهێزترین شاریش بوو لەڕووی قەڵا و دیواری شارەکەوە، کە پێشتر پەیمان نامەیان ئیمزا کردبوو لەگەڵ طارق کوڕی زیاددا بۆ دانی جزیە، بەڵام لە پەیمانەکای خۆیان پەشیمان بوونەوە و پەیمانەکەیان شکاندبوو خۆیان ئامادە کردبوو، کە لە پشتەوە لە طارق کوڕی زیاد بدەن، بەڵام خوای گەورە کاری ئەوانی ژێرخست و موسا کوڕی نوصێر هات و دەوری شارەکەی دا و شاری ئیشبیلیەی گرت.

موسا کوڕی نوصێر سەکردەیەکی لێوەشاوە و بەتوانا بوو زۆر دووربین بوو زۆر بەووردی لێشەکانی هەڵدەسەنگاند کاتێک کە نامەی نووسی بۆ طارق کوڕی زیاد خەڵکانێک بوون لە دەوروبەری پێیان دەوت ئەوە ئیرەیت پێ دەبات، کە تۆ ئەو جێگەیانەت فەتح کردووە، بۆیە ئەویش پێی خۆش بوو کە لەگەڵتدا بەشدار بێت و خۆی خاوەنی فەتحەکە بێت، بۆیە طارق کوڕی زیاد ئەم قسەیەی بەبێ مانا و بەکاری دوژمنانی موسوڵمانان زانی، بۆیە بەئاشکرا وتی هەر

کردبوویەک من دەیکەم بەشێکی موسا کوڕی نوصێری تێدایە، چونکە من پەروەردەکراوی دەستی ئەو پیاوەم و هەرچیەکم کردووە لە خاکی ئەندەلوس ئەو بەشداره لەگەڵ مندا. هەرچی پاداشت و چاکەی منە لە تەرازودا موسا کوڕی نوصێردا بەشێکی هەیە، چونکە ئیسلامی لەسەر دەستی موسا کوڕی نوصێر وەرگرتبوو، وە تەنها مەبەستی موسا کوڕی نوصێریش ئەوە بوو کە سوپای موسوڵمانان لە ناو نەچن لە خاکێکی دووره دەستی موسوڵمانان.
لە دوای ئەوەی کە چەند مانگێک دەوری شاری ئیشبیلیەی دا توانی بچێتە ناو شارەکەوە بەتەواوەتی، پاشان موسای کوری نوصێر بەرەو باکووری ئەندەلوس کەوتە ڕێ و ڕۆشتن بەرەو ئەو شارانەی کە طارق کوڕی زیاد فەتحی نەکردبوو. چوون بەرەوە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوا، کە طاریقی کوڕی زیاد بەو ڕێگەیانەدا نەڕۆشتبوو، ویستی یارمەتییەک بێت بۆ طاریقی کوڕی زیاد، وە سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بێنێت لە ئیسپانیادا.
موسا کوڕی نوصێر توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە دەیان شار ئازاد بکات، وە توانی ئەو جێگەیانەی کە زۆر گەورەن فەتحیان بکات، کە پێی ئەوترێ ناوچەکانی ماردە، ئەم ناوچانەی هەموو ئازاد کردوو طارقی کوڕی زیاد هات لە طوڵەیطیڵە چاوەڕێی سەرکردەی لێهاتوو موسا کوڕی نوصێر دەکات، هۆکاری ڕووکردنە ماردەشی ئەوە بوو، کە زۆربەی هێز و سوپا و قوتی نەصارا لەو ناوچەدا کۆبووبوونەوە، وە ئەمەش چەند مانگێکی پێ چوو، کە کۆتاییەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا بوو، کە زۆربەی ئەو شارانەی کە کەوتە دەستی لە کۆتایی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا بوو یان شارەکانی فەتح دەکرد وەیان بە دانی جزیە ڕێکەتننامەی لەگەڵدا دەبەستن، وە ئەو جەژنەش بوو بە دوو جەژن بۆ موسوڵمانان.
موسا کوڕی نوصێر زۆر بیری طارق کوڕی زیادی دەکرد ویستی فەتحەکە نەوەستێت، بۆیە کوڕەکەی خۆی نارد بەسەرۆکایەتیی سوپاکە، تا بەتەواوەتی فەتحەکان ئەنجام بدەن، کوڕەکەی ناوی عبدالعزیز کوڕی موسا کوڕی نوصێر، کە وەکو باوکی پەروەردە کرابوو. پەروەردەکراوێکی کۆشش و خەبات و جیهادیانە عبدالعزیز کوڕی موسا بەرەو ناوچەی ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی هەموو ڕۆژئاوای ئەندەلوس فەتح بکات، کە ئێستە ناونراوە بە پورتوگال وە توانی بچێتە لیشبۆنە کە لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی پورتوگاله. عبدالعزیز کوڕی موسا کوڕی نوصێر یەکێکە لەو کەسانەی کە پورتوگالی فەتح کردووە.

## بەیەكگەیشتنی طارقی كوڕی زیاد و موسا كوڕی نوصێر

هەندێك لەسەرچاوەكان وا دەگێڕنەوە، كە كاتێك كە موسا كوڕی نوصێر گەیشت بە طارق كوڕی زیاد، موسا طارقی گرت و دای بە زەویدا، وە هەروەها دەگێڕنەوە كە بە قامچی لێی داوە ئەم سەرچاوەیە تەنها لە مێژووی ئەورووپییەكاندا هاتووە، كە هیچ كاتێك ناكۆكی لە نێوانی ئەم دوانەدا رووی نەداوە. ئەو گرژیەی لە نێوانی طارقی كوڕی زیاد و موسای كوڕی نوصێردا باسمان كرد، تەنها لە پەلەكردنی گرتنی شارەكاندا بوو، چونكە كاتێك طاریق لە قورطبە و جیاندا بو خۆی ئامادە كردبوو، بەرەو طولەیطیلە بڕوات، بەڵام كە نامەكەی موسای كوڕی نوصێر بەدەست گەیشت، وای بە باشزانی كە پایتەختیش بگرێت و لەوێ بوەستێت، بەڵكو موسای كوڕی نوصێر زۆر خۆشحاڵ بوو بە كردەوەكانی طارقی كوڕی زیاد. ئەم جۆرە كارانە لە نێوانی سەركردەكاندا روو دەدات و كارێكی زۆر سروشتییە، كاتێك كە بەیەك گەیشتن وەك سەرچاوە راستیەكان بۆمان باس دەكەن، دوو ساڵ بوو ئەم دوو سەركردەیە یەكتریان نەدی بوو، بۆیە زۆر بەگەرمی باوەشیان بە یەكتردا كرد و لە رەمەزانی ساڵی ٩٢ كۆچی یەكتریان بەجێهێشتبوو، تاكو مانگی ذوالعقدە ساڵی ٩٤ كۆچی، ئەو هێرشەی كە طارقی كوڕی زیاد دەستی پێ كردبوو پەل ساڵی خایاند، تا گەیشتە طولەیطیلە، وە پاشان هێرشەكەی موسای كوڕی نوصێر ساڵێكی خایاند و گەیشتەوە بە طارقی كوڕی زیاد.

هەر دوو سەركردەی قارەمان كەوتنەڕێ بۆ فەتحكردنی ناوچەكانی ئەندەلوس وە ناوچەكانی باكووری رۆژهەڵات و باكووری رۆژئاوا. سەرەتا لە ناوچەی باكوورە وە دەستیان پێ كرد كە ناوچەیەكی زۆر گرنگ بووو كە یەكێك لەو ناوچانە بریتیی بوو لە بەرشەلۆنە، بەرشەلۆنەیان بەیەكەوە فەتحكرد، كە بەداخەوە خەڵكی وڵاتی ئێمە بەرشەلۆنە تەنها بە تیپێكی دووكۆلی دەناسن، بەڵام نازانن بۆ درێژای چەند سەدە ئەم خاكە حوكمی خوای گەورەی تێدا پیادە كراوە لەسەر دەستی دوو سەركردەی قارەمان و موجاهد كە فەتحیان كرد.

پاشان روویان كردە شارێكی زۆر گەورەی باكووری رۆژهەڵات كە پێی ئەوترێ ساراگۆستا كە چەند ئەزدادێكی موسوڵمانان لەوێدا پەروەردە بووبوون و زۆربەی زۆری ناوچەكانی باكوور و ناوەڕاست و بەرەو باكووری رۆژئاوا ئەم جێگەیانە فەتحكران لەسەر دەستی ئەو دوو سەركردە مەزنە. لەپاشاندا لە ناوچەی باكوور موسای كوڕی نوصێر هەستا بە كارێك، كە هاوشێوەی ئەو كارە زۆر دەگمەن بوو لەو سەردەمەدا، كە ئێستەش جێگەی سەنجی زۆربەی مێژوونووسانە سریەیەكی نارد بۆ پشت شاخی برنییە، ئەم شاخە سنووری نێوان فەڕەنسا و وڵاتی ئەندەلوس دیاری دەكات و كەوتووەتە باكووری رۆژهەڵاتی وڵاتی ئەندەلوس، وە ئەو سریەیە شاخی برنییەیان بڕی و چوونە شارێكی فەڕەنسی بە ناوی ئەربوونە، كە ئەم شارە ئەكەوێتە سەر كەناری دەریای سپی و دەریای ناوەڕاست، وە بەم كارە موسای كوڕی نوصێر توانی بنكەیەك لەناو خاكی فەڕەنسادا دابنێت كە جێ پێی خۆیان چەسپاند لە شاری ئیربوونە. لە دوای ئەوە كە ئەم تاكە سریەیەی ناردە باشووری رۆژئاوای فەڕەنسا موسا كوڕی نوصێر و سوپاكەی روویان كردە رۆژئاوا، تا گەیشتە كۆتای خاكی ئەندەلوس لە رۆژئاوادا موسوڵمانان هەرچی شارە

ئەندەلوس بوو فەتحیان كرد وە خاكی ئەندەلوس هەرهەمووی فەتح كرا تەنها ناوچەیەكی زۆر بچووك نەبێت لە باكووری ڕۆژئاوا كە پێی ئەوترێ صخرە، یان بلای پێ دەوترێ، ئەمەش ئەكەوێتە سەر كەنداوی بسكای لەسەر دەریای ئەتڵەنتی، ئەم كارانە لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا ئەنجامدرا واتا لەسەرەتای ساڵی ۹۲ كۆچی وە كۆتاییەكەی لە كۆتای ساڵی ۹۵ كۆچی، هەرچەندە موسوڵمانان دەوری ئەم شارەیان دابوو بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ، بەڵام هەر نەیان توانی فەتحی بكەن، هۆكاری نەتوانینی فەتحی بلای ئەوە بوو، كە نامەیەكی لە خەلیفەی موسوڵمانانەوە پێ گەیشت كە بە زووترین كات بگەڕێتەوە، لەپاشاندا دەبێتە دەوڵەتێكی زۆر گەورەی نەسارا كە بە مێشكی هیچ كەسێكدا نەهاتووە، وە دەبوو ئەو شوێنەی فەتح بكردبایە موسا كوڕی نوصێر.

نامەیەك لە وەلیدی كوڕی عبدالمەلیك بۆ وەساندنی فتوحات

لەوپەڕی وڵاتی موسوڵمانان لە دیمەشق لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانان وەلید كوڕی عبدالمەلیك نامەیەك بۆ موسای كوڕی نوصێر و طارقی كوڕی زیاد هات، كە دەبێت بەپەلە و بێ دواكەوتن بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق و كۆتایی بێنن بە فەتحەكانیان، لە ڕاستیدا كارێكی زۆر سەیر بوو، وە هەمووانی سەرسام كرد! خەفەت و بێزاریەكی زۆریدا بە موسای كوڕی نوصێر و ئاخ و ئەسەفێكی زۆری هەڵكێشا، بەڵام خەلیفەی موسوڵمانانە و دەبێت فەرمانەكانی جێبەجێ بكرێت، بۆچی لەوكات و ساتەدا ئەو كارە ڕوویدا؟!

بەدڵنیاییەوە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ لای وەلیدی كوڕی عبدالمەلیك، كە مێژوونووسان بۆمان باس دەكەن.

یەكەم: لە ڕاستیدا وەلیدی كوڕی عبدالمەلیك هەمیشە بیری لەوە دەكردەوە، موسوڵمانان زۆر لەخاكی خۆیان دوور كەوتوونەتەوە و مەنزڵگەیان بەجێهێشتووە، وە ئەویش خۆی بە بەرپرس دەزانی لە بەرانبەر موسوڵماناندا، ترسا لەوەی كە هەموو خاكی ئەندەلوس لە ماوەیەكی كەمدا فەتح كراوە، ترسەكەشی لە جێگەی خۆیدا بوو -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لەوە دەترسا كە هەموو نەساراكان كۆ ببنەوە و دژی موسوڵمانان بجەنگن هەرچەند هێز و توانای موسوڵمانان زۆر بێت، بەڵام لەو خاكەدا ناگاتە هێز و توانای نەساراكان، وە ناشتوانرێت هەروا بەئاسانی چەك و یارمەتیان بۆ بنێرێت، چونكە موسوڵمانان زۆر دوورە دەستن بۆیە ویستی موسوڵمانان لە شوێنێكدا بوەستێ و جێ پێیان بچەسپێنێت.

دووەم: لە ڕاستیدا وەلید كوڕی عبد المەلیك ئەیتوانی فەتح ڕابگرێت، وە داواش نەكات لە موسای كوڕی نوصێر وە طاریقی كوڕی زیاد كە نەگەڕێنەوە، بەڵام ئەوەی كە زۆر زۆر جێگەی تێڕامانە زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە، كە ئەو دوو سەركردە بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق بەپەلە و بێ دواكەوتن چونكە وەلید دەیزانی كە موسای كوڕی نوصێر دەیەوێت لە دوای فەتحی ئەندلوس هەموو ئەوروپا فەتح بكات تا دەگاتە وڵاتی قوسطنطنیە لە ڕۆژئاوا.

لە ڕاستیدا قوسطنطنیە لە ڕۆژهەڵاتەوە نەدەتوانرا موسوڵمانان فەتحی بكەن زۆر لە سوپای موسوڵمانان و دەوڵەتی ئەمەوی ڕۆیشتن بۆ فەتحكردنی، بەڵام نەیانتوانی، موسای كوڕی نوصێر بیری كردەوە، كە لە وڵاتی ئەوروپاوە فەتحی قوسطنطنییە بكات، یەكەمجار ویستی فەتحی

فەڕەنسا بکات، پاشان یوگوسلافیا پاشان ڕۆمانیا پاشان بولگاریا، پاشان ناوچەی تورکیا و دەگەیشتە قوسطنطنیە لە ناوچەکانی ڕۆژئاواوە ئەمەی لە نامەیەکدا بۆ وەلیدی کوڕی عبدالمەلیک نووسی بوو موسای کوڕی نوصێر، بۆیە وەلید ترسی لێ نیشت و بەپەلە هاواری لێ هەستا بۆ گەڕانەوەی ئەو دوو سەرکردەیە، ئەو ئەترسا لەوەی سوپای موسوڵمانان بە قوڵایی خاکی ئەورووپادا بڵاو ببنەوە وەلیدیش نەتوانێت هیچ یارمەتی و پێداویستییەکیان بۆ بنێرێت چونکە ئەگەر پێویستیان بە کەرەستە و پێداویستی ببووایە بەلایەنی کەمەوە چەند مانگێکی بۆ دەچوو تا بە دەستیان بکات وە گەیشتنی کەرەستە و پێداویستی هەروەها ئاسان نەبوو، بەڵکو چەندەها شاخ و دەریا و دۆڵ و دەشت لەو نێوەندەدا هەبوو. وەلید کوڕی عبدالمەلیک لەو ترسا، کە کارەکە ئەنجام بدەن، وە سوپای موسوڵمانان بەرەو تێداچوون و ڕۆچوون بڕوات، بۆیە فەرمانی دا بەپەلە موسای کوڕی نوصێر و طارقی کوڕی زیاد بگەڕێنەوە.

پێویستە لێرەدا بپرسین وە هەڵوێستەیەک بکەین لەو توانا بەرز و بەهێزەی کە موسای کوڕی نوصێر هەیبوو، لەو کاتانەیدا کە بیری لێدەکردەوە، کە بچێت وڵاتی قوسطنطنیە ڕزگار بکات و ئەخشە و پلانی بۆ کێشا بوو تەمەنی ئەم پیاوە ٧٥ ساڵ بوو.

چ توانایەک و چ هێزێکە کە شێخێکی ئاوا پیر موجاهید بێت و لە پێناوی خوای گەورەدا بجەنگێت و هەمیشە دەست بەچەک و سوارێکی لێزان بێت، وە شار لە دوای شاریش فەتحی بکات لە پێناوی خوای گەورەدا کێ ئەم ڕۆحە بەرزەی بەخشی بەم پیاوە؟ کە توانی ببێتە خاوەنی مێژووی شاری ئیشبیلیە و شاری مەرادە و بەرشلۆنە و ساراگۆسا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس و باکووری ڕۆژئاوا و ڕوو بکاتە بلای و پاشان بیر لە فەتحی فەڕەنسا و ئیتاڵیا و جێگەکانی تریش بکاتەوە تا دەگاتە قوسطنطنیە.

کێ دەتوانێت پێناسەی ئەو توانایە بکات و ئەو ڕۆحە بەرزە بکات کە پیاوێکی ئاوا گەورە و بەساڵدا چوو لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ئاوا بیر بکاتەوە. کاتێک کە موسا کوڕی نوصێر فەتحی باکووری ئەفەریقای کرد تەمەنی ٦٠ ساڵان بوو ئەگەر بە پێوەری ئەم سەردەمە پێوەری بکەین خانەنشین کرابوو، بەڵام وا لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدایە و خەفەتێکی زۆر دەخوات بەوەی کە نەیتوانی جێگەکانی کە فەتح بکات!

خەفەتی یەکەمی ئەوە بوو کە خەلیفەی موسوڵمانان بانگی کردۆتەوە لە خاکی جیهاد دا دووەم خەفەتی ئەوەیە کە شەهید نەکراوە، سێیەم خەفەتی ئەوەیە کە نەیتوانی کە بلای فەتح بکات، خەفەتی چوارەمی لە هەمووی گەورەتر، ئەوە بوو کە نەیانهێشت قوسطنطنیە فەتح بکات لە ڕێگەی ئەورووپاوە.

لە باسی موسا کوڕی نوصێردا زانای پایەبەرز مقری کە خاوەنی (نفح الطیبة) دەڵێت شمشێرەکەی خستە سەرشانی و دەستی خستەسەر ئەملاولای شمشێرەکەی و بە پێناقەی پیاسەی دەکرد و لەبەردەم خۆیەوە دەیوت نەیانهێشت وڵاتی فرنجە ڕزگار بکەم، وە نەیانهێشت خاکێک بۆ موسوڵمانان فراوانتر بکەم، کە لە شامەوە زۆر بەئاسانی بۆم فراوان دەبوو، ئاگو ئە

جێگەیەی كە بیرم لێ دەكردەوە، لە راستییدا كە سواری دەریا بووم و لە رۆژهەڵاتەوە هاتم بۆ رۆژئاوا بەڵام رێگەكەم تەواو نەكرد، هەموو شتێكیش ویستی خوای گەورەی لەسەرە.
طارق كوڕی زیاد و موسای نوصێر گەڕانەوە بۆ دیمەشق پایتەختی خیلافەتی ئیسلامی، كە گەڕانەوە بینیان وەلید كوڕی عبدالملك لە جێگەدا كەوتووە و نەخۆشە، نەخۆشیەكەی هەراسانی كردوە لە دوای سێ رۆژ لە گەڕاندنەوەیان وەلید وەفات دەكات، بەڵام وەلید دڵئارام بوو لەوەی كە سوپای موسوڵمان بەرەو قوسطنطنییە ئاڕوات لە ئەوروپاوە، چونكە موسا و طارقی بینی.
لەپاش مردنی وەلید سولەیمانی برای هاتە سەر حوكم.
لەدوای ساڵێك لە گەڕانەوەی موسای كوڕی نوصێر و لە ساڵی ٩٧كۆچی، سولەیمانی كوڕی عبدالملیك ویستی بچێت بۆ حەج وە فەرمانی كرد بە موسا كوڕی نوصێر كە بچێت لەگەڵی دا، چونكە ماوەیەكی زۆر بوو لە خاكی كۆشش و خەباتدا ژیانی بردبووەسەر، بۆیە زۆر موشتاق بوو تا بگاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆیە بە هاوڕێیەتی لەگەڵ سولەیمان بەرەو حەج رۆشتن.
لە رێگەدا كە كاتێك رۆشتن دەستی بەرزكردەوە بۆ ئاسمان، موسای كوڕی نوصێرلە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا بوو و وتی خوایە ئەگەر ژیانم تێیدا ماوە و ژیانم پێ دەبەخشیت زۆر ئارەزوومەندم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ خاك و مەیدانی كۆشش و جیهاد، ئاواتەخوازم بەوەی كە شەهید بم، بەڵام خوا گیان ئەگەر ژیانم بەشی ئەوەی تێدا نەماوە داوات لێ دەكەم كە لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزدا ﷺ لە مەدینەدا بمرم لە دوای حەجكردنی لە كاتی گەڕانەوەیدا وەفاتی كرد و لە خاكی پیرۆزی مەدینە و لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزدا ﷺ ناشتیان هەزار درووود و سڵاو لە سەر پێغەمبەری ئازیز و رەحمەتی خوای گەورەش لەو قارەمان و سەركردە لێوەشاوەیە، كە لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا جیهادی دەكرد لە پێناو خوای گەورەدا كە لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دا گیانی خۆی سپاردە كرد، لە راستییدا ئەوەیە ژیانی پیاوچاكان و موجاهیدان، هەموو ژیانی كۆشش و خەبات بوو بۆ ئەم ئیسلامە، دڵی وابەستە بوو بەخوای گەورەی خۆیەوە، بۆیە خوای گەورەش نائومێدی نەكرد و نزاكەی گیرا كرد، ژیا لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوپەڕی خاكی ئەندەلوس و گیانیشی سپارد لە خاكی مەدینەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە پێشەنگی سەركردە.
بەڵێ موسای كوڕی نوصێر وەفاتی كرد لە دوای ئەوەی كە ژیانی پڕ بوو لە جیهاد و كۆشش و خەبات، وە سەركردەیەك بوو بە بەردەوامی بۆ ئەم ئیسلامە، تاكو خەڵكی مەراكیش و باكووری ئەفەریقا و وڵاتی ئەندەلوس و هەموویانی لە تاریكی و گومڕایەوە برد بەرەو ئەم ئیسلامە و ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەدوای خۆی بەدیاری بۆ ئەو خەڵكە بەجێهێشت، بەڵام هاوڕێی ئازیزەكەی ئەو سەركردەیەی كە پەروەردەكراوی دەستی خۆی بوو لە دوای مردنی موسای كوڕی نوصێر ناوی طارق كوڕی زیادیش لە مێژوودا نامێنێ و كەس نازانێ كە طارق كوڕی زیاد لە دیمەشق مایەوە یان گەڕایەوە بۆ ئەندەلوس، هەرچەند كۆمەڵێك لە مێژوونووسان دەڵێن كە ئەو سەركردە لێ وەشاوەیە لە دوای پێنج ساڵ لە مردنی موسای كوڕی نوصێر ئەویش گیانی خۆی سپاردە كرد لە خاكی ئەندەلوسدا، واتا لە ساڵی ١٠٢ كۆچی، وە كۆمەڵێكی كە لە مێژوونووسان دەڵێن كە طارقی كوڕی زیاد لە دیمەشق وەفاتی كردووە -رەحمەتی خوا لە هەرهەموویان بێت-.

## (صخره بلای) وانەیەكی زۆر سەخت

كاتێک کە موسا کوڕی نوصێر و طارقی کوڕی زیاد گەڕانەوە لە ئەندەلوس، موسوڵمانان هەر لە پێشڕەویدا بوون بەرەو خاکی فەڕەنسا، زۆربەی ڕۆژئاوای فەڕەنسایان فەتحکرد، بەڵام ئەو ناوچە کەمەی کە لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئەندەلوسدا بوو هێشتا هەر فەتح نەکرابوو، وە داخەوە بەمێشکی هیچ موسوڵمانێکدا نەهات، کە ئەو جێگەیە فەتح بکەن، ڕۆژانێک دێتە پێشەوە کە ئەو ناوچەیە دەبێتەوە بەسەرهەڵدانی مەمالیکی نەسرانی کە هۆکارێکی گەورەیە بۆ ڕوخاندنی دەوڵەتی ئەندەلوس لەدوای چەند سەدەیەک ناوچەی صەخرە یاخود بلای کە لەلایەن موسوڵمانانەوە پشتگوێ خرا، گەل و هۆزێکی گەورەی نەسارا لەو خاکەدا نیشتەجێبوون زۆربەی زۆری خەڵکی وا گومان دەبات کە ئەگەر موسا کوڕی نوصێر طارقی کوڕی زیاد بلای ئەو ناوچەیەیان هەروا بەجێ نەدەهێشت، پاشان هەر ئەو ناوچە بچووکە بوو، کە گەورەترین ویلایەتی نەسرانییەکانی لێ دروست بوو، بۆیە دەبێ موسوڵمانان ئەم وانەیە لەبیر نەکەن و ئەگەر کارێکیان کرد کارەکە بگەیەننە ئەنجام، وە بە دڵ ئارامی و هێزو بازوویەکی گەورەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

لە دوای گەڕانەوەی موسا کوڕی نوصێر و طارقی کوڕی زیاد بۆ دیمەش ئەو سەردەمە تەواو بوو، سەردەمی فەتح، کە گرنگترین سەردەم بوو لە مێژووی ئەندەلوسدا، هەرچەندە مێژووی ئەندەلوس دابەش دەکرێت بەسەر چەند سەردەمێکدا بەگوێرەی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە موسوڵمان فەرمانڕەواییان کردووە، لێرەوە سەردەمی یەکەمی مێژووی ئەندەلوس، کە لە ساڵی ٩٢کۆچی دەستی پێ کرد و لە ساڵی ٩٥ کۆچی کۆتایی پێ هات.

لە سایە و سێبەری ئەم سێ ساڵ و نیوەی فەتحی ئیسلامی کۆتای هات بەمێژووی فەتح وە مێژوونووسان و چاودێرانی سەربازی باسی لێوە دەکەن، موعجیزەیەک بووە لە موعجیزە سەربازی یە هەموو پێوەرێک، موعجیزە سەربازییەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەگەڵ قورسی گرانی جوگرافیای ئەندەلوسدا کە ئەو هەموو شاخ و ڕووبار و زەویە دوور و درێژەی تێدایە، موسوڵمانانیش خاکەکەیان نەناسیوە، توانیان ئەو خاکە فەتح بکەن تەنها ئەو ناوچە بچووکە نەبێت، کە لەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای ئەندەلوسە کە ناوی بلای یە، هەموو مێژوونووسەکان بە موعجیزەیەکی سەربازیی ناو زەدیان کردووە ئەو سەردەمە.

## سەردەمی والییەكان

لەدوای كۆتایی سەردەمی فەتح سەردەمێكی نوێ دەست پێ دەكات لە وڵاتی ئەندەلوس، كە سەردەمی والییەكانە، مێژووی والییەكان(عهد الولاة) لە سەرەتای ساڵی ٩٥ كۆچی دەست پێ دەكات، ئەم سەردەمە بۆ ماوەی ٤٢ ساڵ بەردەوام دەبێت، تا كۆتایی ساڵی ١٣٨ كۆچی، ئەم سەردەمە بۆیە وا ناونراوە، چونكە والییەكان فەرمانڕەواییان كردووە و سەر بە دەسەڵاتی خیلافەت بوون.

یەكەم والی كە دەسەڵاتی گرتە دەست عەبدالعزیز كوڕی موسای كوڕی نوصێر بوو لە ئەندەلوس لە ساڵی ٩٧كۆچی، كە بە فەرمانی سولیمانی كوڕی عبدالمەلیک بوو بەوالی ئەندەلوس، لە ڕەفتار و كرداری دا وەكو باوكی موسای كوڕی نوصێر وابوو، كوڕێكی ئازا و لەخوا ترس و هەمیشە لە كۆشش و خەبات و جیهاددا بوو بۆ ئەم ئیسلامە ، كوڕێكی چاونەترس بوو و زانستی باشی هەبوو لە فەرموودە و تەفسیر.

لەبارەی ئەم سەركردەیە الزركلی لە (الاعلامة)كەی دا ئەڵێت: لە پێش ئەوەی كە دەسەڵاتی ئەندەلوس بگرێتە دەست لە مەدائین بوو، توانی دیوارەكانی مەدائین بەهێز بكات و زۆر بەباشی توانی ئەو جێگەیە بەڕێوە بەرێت و دەڵێت ئەم پیاوە كەسێكی زۆر بە رەوشت و هێمن و لەسەرخۆ بووە.

زۆر بە باشی توانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەكەی دا ئەندەلوس بەڕێوەبەرێت لەسەر پیادەی مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ فەرمانڕەوایی كرد.

ئەگەر تەماشایەكی سەردەمی والییەكان بكەین، دەبینین لە ماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایان ٢٢ والی گۆڕاوە، بەڵام والی وا هەبووە، دووجار دەسەڵاتی وەرگرتۆتەوە، ئەو سەردەمە بە بیست و دوو قۆناغدا دەڕوات لە ماوەی ٤٢ ساڵدا. كەواتە زۆربەی والییەكان یان دووساڵ فەرمانڕەوایان كردووە یان سێ ساڵ.

بێگومان ئەم گۆڕانكاریانە كاریگەری خراپی دەبێت لە سەر فەرمانڕەوای وڵاتی ئەندەلوس، زۆربەی والییەكان لە كاتی جیهاد دا دەكوژران لە شەڕی فەرەنسادا، وەیان زۆربەی والییەكان لە ڕێگەی شۆڕش و سیخوری و داونانەوە بۆ یەكتری و پاشقول لەیەكتری گرتن دەهاتنە سەر شانۆی دەسەڵات یان لە ڕێگەی كاری نادروست.

ئەتوانین ئەم سەردەمی والیانە بكەینە دوو سەردەم، ماوەی سەردەمی یەكەم زۆر جیاوازە لە سەردەمی دووەم. سەردەمەكان بە گوێرەی دەسەڵاتەكان دابەش دەكەین بەسەر دوو دەسەڵاتی سەرەكی، سەردەمی یەكەم ئەتوانین بڵێین سەردەمی دەسەڵات و پێشكەوتن و كۆشش و خەبات و جیهاد و فەتحی زۆر گەورە بوو، ئەم سەردەمە زێڕینە لەساڵی ٩٥ی كۆچی دەست پێدەكات تا ساڵی ١٢٣كۆچی، واتا بیست وحەوت ساڵی فەرمانڕەوای زۆر بەهێز و زێڕین بۆ ئیسلام و موسوڵمان بوو.

بەڵام ماوەی سەردەمی دووەم بریتییە لە سەردەمی لاوازی موسوڵمانان و پاشقولگرتن لە یەكتری و تێرۆركردنی ناوخۆ دژی یەكتری، ئەم سەردەمە لە ساڵی ١٢٣ كۆچی، بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٣٨ كۆچی، كە بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەردەوام بوو، زۆر بەناو ورد و درشتی ئەم سەردەمانەدا

ئەگەڕێین بەڵكو ئەوەی كە زۆر گرنگە جێگەیەتی بۆ موسوڵمانانی باس دەكەین، تا ببێتە وانەیەك
بۆ نەوەكانی دواڕۆژ ئەویش بریتییە لە سەردەمی یەكەمی فەرمانڕەوایی والییەكان.

## سەردەمی یەكەمی فەرمانڕەوایی والییەكان

بە شێوەیەكی گشتی ئەم سەردەمە زۆرباش بوو، كە بەسەردەمی زێڕینی والییەكان دادەنرێت
لەو كارانەی كە كراوە بریتین لە:
یەكەم: بڵاوكردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.
لەدوای ئەوەی موسوڵمانان توانیان جێ پێی خۆیان لە ئەندەلوسدا بچەسپێنن دەوڵەتیان دامەزراند و بنەماكانی دەوڵەتیان سەپاند، پاشان كەوتنە بانگەوازی خەڵكی ئیسپانیا بۆ ئیسلامە، چونكە ئەم ئیسلامە دینی فیطرەتی خەڵكییە، زۆر بە دڵفراوانی وەریانگرت و ئیسلامەكەیان خۆشویست و بەجوانی پیادەیان دەكرد. تێگەیشتن لەوەی لەناو ئەم ئیسلامە جیاوازی خەڵكەكان نییە، هەموو خەڵكی یەكسانن لەڕووی مافەكانەوە، بۆیە باوەشیان بۆ ئیسلام كردەوە و زانیان زۆر ئازیزە ئەم ئیسلامە.
تێگەیشتن لەوەی ئەم ئیسلامە ئاینێكی تەواوە بێ هیچ خێچ و خواریەك و گشتگیرە و هەموو ژیان ڕێكدەخات، بینیان لە ناو ئیسلامدا بیروباوەڕەكەی ئاشكرایە و ڕوونە شتی شاراوەی تێدا نییە، بەندایەتیكی ڕێكوپێكە وە ئەرك و فەرمانت تێیدا دەستنیشان كراوە، تێگەیشتن لەوەی لە ئیسلام دارێژەری یاسا سیاسییەكان، فەرمانڕەوایی، بازرگانی، كوشتوكاڵ و كڕین و فرۆشتن، هەروەها ئاگاداربوون لەوەی كە سەركردە ئیسلامییەكان لوتبەرز و خۆبەزلزان نین، تێگەیشتن لەوەی كە لەناو ئیسلامدا مافی دایك و باوك و منداڵ و خوشك و برا و دراوسێ و خزم و كەسوكار و هاوڕێ دیاریكراوە. تەنانەت بینیان لە ئیسلامدا چۆن لەگەڵ دوژمنەكانیان دا ڕەفتار دەكەن، وەیان چۆن لەگەڵ دۆستەكانیان ڕەفتار دەكەن، هەروەها ڕەفتار لەگەڵ دیل و بەكۆیلە لەگەڵ هەموو خەڵكی دا.
پێشتر هاوشێوەی ئەم ئاینە لە ئیسپانیادا نەبووە، هەمیشە دین جیاواز بووە لە ئاین، كۆمەڵێك بیروباوەڕی لاهووتی بەناو خەڵكەكەدا بڵاوكرابووەوە، كە هیچ كەسێكی ئەو وڵاتە لێی تێنەدەگەیشت، زۆر نامۆ بوو بە خەڵكەكەی و هیچ كەس نەیدەتوانی پیادەی بكات و وەك بەندایەتی بەكاری بێنێت، هەر كەس هەڵدەستا لەو وڵاتەدا بە ئارەزووی خۆی یاسا و دەستووری دادەنا، بە گوێرەی ئارەزووە تایبەتییەكانی خۆی، بۆیە خەڵكەكە هەموو بێزار بوون، كە ئیسلام هات زۆر جیاواز بوو لەم ئاین و بۆچوونانە جیاوازیەكی زۆری تێدا بەدی دەكرا، زانیان كە ئەم ئاینە لەگەڵیان دا لە ناخیان دا ڕووا و كۆمەڵ كۆمەڵ هاتنە ناو ئیسلام.
بەربەر و نەتەوەكانی تر زۆر كەم بوون لەچاو ئەواندا، پاشان ئەوان بوونە خاوەنی ئەم ئیسلامە و بوونە سەربازی ئەم ئاینە پیرۆزە، زۆربەی فەتحەكانی فەڕەنسا خەڵكی ئەندەلوس كردی. زۆربەی خەڵكی ئەندەلوس موسوڵمان بوون، تەنانەت موسوڵمانانی عەرەب
دووەم: پەروەردەكردنی نەوەی نوێی ئیسلامی ئەندەلوسی، كە پێیان دەوتن موەلەدین.

ئەم ئەوەیە كە پێگەیشتن زۆر گرنگ بوو، كە باوكیان عەرەب بوو یان بەربەر بوون، بەڵام دایكیان خەڵكی ئەندەلوس بوون واتا ئینتیمایان بۆ دروستبوو بۆ وڵات و بۆ ئیسلامەكەش.

سێیەم: قەدەغەكردنی چینایەتی و ئازادكردنی بیروباوەڕ و ئاینەكان.

موسوڵمان لەناو خاكی ئەندەلوسدا یاسای چینایەتیان هەڵوەشاندەوە پێشتر بەگزادەكان و دەوڵەمەندان و خاوەن فەرمانەكان، كە كۆمەڵی چینی یەكەم بوون هەمیشە لە داد و لە یاسا و فەرمانەكانی تردا جیاوازیان هەبوو، بەڵام ئیسلام كۆتایی بەوە هێنا هەموو خەڵكی وەك یەك سەیر دەكرێن، كەس جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوی تردا وەزیر و هەژار وەك یەك هاوتان لە دادگاكاندا لەبەردەمی دادگادا هەموو یەكسانن. پاشان هەموو ئاینێك ئازاد كرا لە وڵاتدا ئەم كارە زۆر سوودی موسوڵمانانی تیدا بوو لەبەر ئەوەی موسوڵمان بەڵگەی لەڕووی جیهان و قیامەتە بە هێزترە ئەم هۆكارە وایكرد كە زۆربەی نەساڕاكان واز لە ئاینەكەیان بێهێنن و بینە موسوڵمان، تەنانەت زۆربەی كڵێساكانیان لێ كڕینەوە بە پارەیەكی زۆر، كە خەیاڵی بوو لەو سەردەمەدا ئەوەش كە ئەیان دەفرۆشت موسوڵمانان وازیان لێ دەهێنا و ئازادبوون بۆ خۆیان، بەڵام زۆر نەساڕا كەم بووبوویەوە، بۆیە خۆیان ناچار دوایان دەكرد كە بیفرۆشن.

لە راستییدا ئەمە رەفتاری موسوڵمانەكان بوو لەگەڵ نەساڕاكاندا، بەڵام دوایی كە ئەوان دەسەڵات دەگرنە دەست خۆتان دەبینن، كە چۆن مزگەوت و ماڵی موسوڵمانان وێران دەكەن، كە لە مێژوودا بە مەحاكیمی تەفتیش ئیسپانی ناو دەبرێت.

چوارەم: پەرەپێدانی خزمەتگوزای و دروستكردنی ژیاری ماددی.

ئەو سەردەمەی دەسەڵاتیان هەبوو موسوڵمانان برەوێكی باشیان دەدا بە دروستكردنی بینا و باڵەخانەی بەرز و دروستكردنی پردی زۆر گەورە، هەروەها دروستكردنی مزگەوت وەك مزگەوتی قرتوبە و قوتابخانەی زۆر لە ناوچەكەدا، پاشان دەستیان كرد بە دروستكردنی كەشتی گەورە و بەهێزكردنی سوپاكەیان و دروستكردنی كەرەستەی جەنگی بە هێز، وە ئەو بینا و باڵەخانانەی كە ئەوان دروستیان دەكرد هاوشێوەی نەبوو لە هەموو ئەوروپادا، كەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات كە موسوڵمانان هەمیشە خاوەنی ژیار بوون.

پێنجەم: ئیسپانییەكان لە هەموو شتێكدا لاسایی و چاولێكەری موسوڵمانانیان دەكرد.

لەسەردەمی یەكەمی والییەكان هەموو خەڵكی لاسایی موسوڵمانانیان دەكردەوە، زۆر حەزیان بە زمانی عەرەبی بوو، تەنانەت شانازیان دەكرد ئەگەر كەسێك زمانی عەرەبی بزانیبایە، لە قوتابخانەكان وەك وانەیەكی سەرەكی دەخوێندرا.

شەشەم: بە پایتەختكردنی قورتوبە

پێشتر وەك ئاماژەمان پێ كرد پایتەختی ئەندەلوس طوڵەیطیلە بوو، بەڵام موسوڵمانان قورتوبەیان كرد بە پایتەخت لەبەر ئەوەی طوڵەیطیلە نزیك بوو لە فەڕەنسا و وە هەروەها لە بلای صخرەوە كە لە باكووری ئیسپانیایە نەك زوو بگیرێت بۆیە بە باشیانزانی كە قورتوبە بكەنە پایتەخت لەبەر ئەوەی نزیك بوو لە مەراكیش وڵاتی موسوڵمانان، ئەگەر شتێك بوو بۆ ئەوەی زوو شتیان پێ بگات لە مەراكیشەوە.

حەوتەم: خەبات و جیهاد لە فەڕەنسا

لە سەردەمی یەکەمی والییەکاندا کۆشش و جیهاد زۆر گرنگی پێ دەدرا لە فەرەنسادا زۆربەی جێگەکانی فەرەنسا فەتحکرا، هەنگاوی زۆرباش نرا ئەو سەردەمە ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە خەبات و جیهاددا، باسی هەندێکیان دەکەین کە چۆن سەرکردایەتی موسوڵمانانیان کردووە لە فەتحی فەرەنسادا تەنها بۆ ناو شاری پاریس ۳۰ کیلۆمەتر مابوو، کە بەڕاستی هەنگاوی زۆر گەورەیان لەسەردەمی یەکەمی والییەکان بۆ نمونە:

## سامیحی کوڕی مالیکی خولانی ۱۰۲ کۆچی

ئەم سەرکردە لێهاتووە پەروەردەکراوی دەستی خەلیفەی پێنجەمی موسوڵمانان عومەری کوڕی عبدالعزیز بوو، کە ئەو خەلیفە دادپەروەر بوو لە سەردەمی دەسەڵاتی دا، هەموو جیهانی ئیسلامی لەخۆشیی و شادی بوون، وە لە ساڵی ٦١ کۆچی لەدایکبووە تا ساڵی١٠١ کۆچی سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی پێنجەم، تەنها دووساڵ نیو بووە!

وە عومەری کوڕی عەبدولعزیزی هەڵبژارد، کە بچێت بۆ ئەندەلوس بۆ بڵاوکردنەوەی دینی خوا پاشان بۆ جیهادکردن لە باشووری رۆژئاوای فەرەنسا، ئەم سەرکردە لێهاتووە سامیحی کوڕی مالیکی خولانی زۆر لە خواترس و خاوەن بیروباوەڕێکی پاک و زۆر لێوەشاوە بوو، کەسێکی زۆر بە توانا بوو لە کاری ئاینیی و سەربازییدا. مێژووی ئەم سەرکردە رەبانییە زۆر دیار و ناسراوە سەرەتا باسمان کرد کە سریەیەکی موسای کوڕی نوصێر توانی شارێک لە باشووری فەرەنسا کە ناوەی ئەربوونە بوو بە خەڵکێکی کەم فەتح بکات، پاشان کە سامیحی کوڕی مالیکی خولانی چووە، ئەندەلوس لەماوەیەکی کەمدا توانی لە شاری ئەربوونەوە، سوپایەک ئامادە بکات کە هەموو باشووری رۆژئاوای فەرەنسای ئازاد کرد، کە گەورەترین بەشی خاکی ئەو وڵاتەیە و ئێستە پێی دەوترێت سپتمانیا کە بەناوبانگترین شوێنی گەشتوگوزارە لە هەموو جیهاندا بەکەناری دەریای ریڤییرا ناسراوە.

سامیحی کوڕی مالیکی خولانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک توانی خەڵکی فەرەنسا و ئەندەلوس فێری ئیسلام بکات لە ناوچەکانیدا ئیسلامی بەتەواوەتی وەک یاسا و رێسا پیادە دەکرد لە جەنگێکدا لە ساڵی ١٠٢کۆچی شەهید کرا.

## عەنبەسەی کوڕی سوحیم

لەدوای سەرکردەی قارەمان و چاونەترس سامیحی کوڕی مالیکی خولانی چەند والیەک فەرمانڕەوایان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکەیان زۆر گرنگ نەبوو بەسەریان دا تێ دەپەڕین تا ئەم سەرکردە جوامێرە بەناوی عەنبەسەی کوڕی سوحیم، ئەم سەرکردەیە بەهەمان شێوە باوەڕێکی بەهێز و لەخواترس و خۆپارێز بوو لە هەموو تاوانەکان، بەوە ناسراو بوو، کە خاوەنی لێدارەیەکی سەربازی بەهێزە زۆر ئازا و موجاهید و خۆ بەکەمزان بووە، لە بەرانبەر خەڵکی خۆی وەک پڵنگ هەڵمەتی بردووە بۆ دوژمانی، لە ساڵی ١٠٣ کۆچی، تا ساڵی ١٠٧کۆچی فەرمانڕەوایی ئەندەلوس و فەرەنسای کردوە، توانی بە جیهاد بگاتە شارێکی بەناوبانگی فەرەنسا، کە ناوی سانس کە تەنها ٣٠ کیلۆ مەتر دوورە لە شاری پاریس، ئەگەر سەیری نەخشەی فەرەنسا بکەین

دوبینین پاریس لە ناوەڕاست نییە، بەڵكو لەوپەڕی باكووری فەرەنسایە. واتا عەنبەسەی كوڕی سەحیم توانی زۆربەی خاكی فەرەنسا ئازاد بكات، كە مێژوونووسانی فەرەنسی و ئیسلامی هاوڕان لەسەر ئەوەی كە توانی ٧٠٪ خاكی فەرەنسا فەتح بكات، رەحمەتی خوا لەم سەركردە لێهاتووە دووربینە بێت. لە مێژووی (الأعلام) لە باسی غەزوەی فرنجە دا هاتووە عەنبەسە كوڕی سەحیم -رەحمەتی خوای لێ بێت - توانایەكی زۆر گەورەی هەبوو لەڕووی سەربازییەوە پاشای فەرەنسا كە ناوی ئەیزبدۆر بوو، زانی كە لە توانایدا نییە ڕووبەڕووی ئەم سەركردەیە بێتەوە، بۆیە ناچار كەوتە رێكەوتن لەگەڵی دا بەجزیە، وە گەورەترین شاری فەرەنسای ئەوە سەردەمە كە ناوی غەرغەشونە بوو لە دوای ئەوەی كە ماوەیەكی زۆر لە دەوریدا مایەوە گەمارۆی دابوو لە كۆتایدا بەئاشتی رێككەوتن بەناو شارەكەیان تێپەڕی جزیەی لێ وەرگرتن تا پەڕیەوە لە رووباری روون بۆ رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی عەنبەسەی كوڕی سەحیم لە جەنگەكاندا زۆر بریندار ببوبوو مێژوونوسان دەڵێن زۆر ئازاری هەبوو، بۆیە ناچار گەڕایەوە، لە رێگەدا تووشی جەنگێك هاتن، لە جەنگەدا شەهید كرا.

## عەبدوڕەحمان غافقی

لەدوای شەهیدبوونی عەنبەسەی كوڕی سەحیم وردە وردە فەرمانڕەواییەكان بەرەو گۆڕان دەچوون، هەندێك لە والییەكان دەسەڵاتیان گرتە دەست، كە هەرگیز لەم سەركردانە نەدەچوون زۆر جیاواز بوون، وە كۆتاییەكەی لەوانەی كە دەسەڵاتی ئەندەلوس و فەرەنسای گرتە دەست پیاوێك بوو بەناوت هەیثەمی كیلابی كە بە رەچەڵەك عەرەب بوو، زۆر دەمارگیری بوو بۆ گەل هۆزەكەی خۆی.

لە سەردەمی ئەم پیاوە كە دەسەڵاتی گرتە دەست لە ئەندەلوس و فەرەنسادا هەر لەو كاتەوە دەمارگیری كەوتە ناو خەڵكی لە ئەندەلوس، عەرەب بۆ خۆی هەوڵی دەدا، پاشان بەربەر یان لەسەر بنەمای نەتەوە و گەل و هۆز فەرمانڕەوایی دەكرا كارەكان دابەش دەكرا، وە ئەمە یەكەمجارە كە كاری وا روو ئەدا لە سەردەمی فەتح، وە تا ئەو كاتەی كە باسمان كردوە.

هیچ كات لە نێوانی موسوڵمانان لە سەر بنەمای نەتەوایەتی شەڕ رووی نەدابوو، بەڵام بۆ یەكەمجار لە خاكی ئەندەلوس عەرەب و بەربەر كەوتنە شەڕكردن و شمشێر دەرهێنان لەیەكتری تاوای لێ هات هێزیان كۆدەكردەوە بۆ یەكتر، تا خوای گەورە رەحمەتی خۆی باراند پیاوێكی بۆ ناردن، كە هەموو ریزەكان رێكبخات و دڵەكان بەیەكەوە ببەستێتەوە و ئیسلامیان فێربكاتەوە، كە هەوەن پێشتر عەرەب بەربەری فێر كردبوو بە برا و پشتیوانی یەكتری، وە هیچ جیاوازیەك لە نێوانی عەرەب و عەجەم نییە، تەنها بە تەقوا نەبێت، ئەویش عەبدوڕەحمانی غافقیە.

عەبدوڕەحمانی غافقی كێیە؟

ناوی عەبدوڕەحمانی كوڕی عبدالله كوڕی بەشیری كوڕی صارمی عەكیە، لە گەل و هۆزی غافقە، سەرێكی لە هۆزی عەكیەی یەمەنە، یەكێكە لەوانەی كە هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ی بینیوە

لە شوێنکەوتووانە، واتا تابیعە، نازناوی ئەبو سەعیدە و یەکێکە لە والییەکانی ئەندەلوس بەکۆ
لە گەورە پیاوانی سەرکردەی فەتحەکانی فەرەنسا و جەنگەکانی تر زۆر ئازا و لەخۆبردوو بوو.

لەدایکبوونی:

لەوانەیە لە یەمەن لەدایکبوو بێت پاشان لە یەمەنەوە رۆیشتووە بۆ ئەفریقا، نوێنەر
سولەیمانی کوڕی عبدالملک ئەمەوی بووە، پاشان پەیوەندی کردووە بە موسای کوڕی نوسەیر و
کوڕەکەی عبدالعزیزەوە، ئەو سەردەمە لە ئەندەلوس نیشتەجێبووە و سەرکردەی سوپای
موسوڵمانان بووە لە کەناری دەریاکانی رۆژهەڵاتی ئەندەلوس.

بیرکردنەوەی عاقڵی لەڕووی سەربازییەوە:

عەبدوڕەحمان پیاوێکی ئازا و چاونەترس و رەق بووە، لەکاری سەربازیدا زۆر چالاک بووە،
کاتی پێویستدا هەمیشە هاتۆتە دەست، وە لەکاتی بڕیارداندا زۆر چاونەترس و ئازاو بوێر بوو،
بڕیارەکانی هەمیشە لە جێگەی خۆیدا بووە لەکات و زەمەنی تایبەتدا پیادەی کردووە.
ئەم سەرکردە گەورە و لێهاتووە هەمیشە پارسەنگی راگرتووە لە نێوانی هێزەکەی و مەبەستی
بۆیە بە سەرکردەیەکی زۆر ئاوازە ناوبانگی دەرکردوە، لەکاتی جەنگدا وای کردوە کە خەڵک
هانی سوپاکەی بدەن بۆ جەنگ تا سوپاکەی بە توانایەکی بەهێزە وە رووبەڕووی دوژمن ببێ
بێنەوە لە هەموو رووەکانەوە پێداویستی بۆ جەنگ ئامادەکردووە، تا سوپاکەی لاواز نەبێ
هەموو هێزەکانی خستۆتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، سەرەتا هێزی بیروباوەڕی بەکار
هێناوە، پاشان هێزی برایەتی خستۆتە پێش چاوی سەربازەکانی بەگشتی، وە هەموو خەڵکی
سڵیلی لەسەر جیهاد و کۆششکردن راهێناوە، فێری هەموو جۆرە چەکێکی سەردەمی خۆی
کردوون، پارسەنگی کردوە لە نێوانی هێزی ماددی و هێزی مەعنەوەی هەمیشە وا بیر
کردۆتەوە، کە سوپاکەی لە شکست رزگار بکات و هۆکارەکان بە هەند وەربگرێت.

رەوشتی ئەم سەرکردە لێزانە:

رەوشتێکی بەرز و ئاوازەی هەبووە زۆر بەڕێز بووە لە ناو خەڵکی دا دەڵێن تا زەردەخەنە ئەمر
لێوی نەبووایە خەڵکی شەرمیان دەکرد پرسیاری لێ بکەن، پەروەردە کراوی دەستی هاوەڵانی
پێغەمبەر ﷺ بووە. کەواتە بەلامانەوە سەیر نەبێت کە باسی ژیانی ئەم پیاوە بکەین، چونکە
مێژوویش خۆی سەرسامە لە ئاستی دا، هەمیشە پیاوێکی ئارام و دادپەروەر و بەهێز و چ...
بووە، زۆر رقی لە تەماڵی بۆتەوە و خۆی زۆر بە هەژاری پەروەردە کردبوو، خۆ پێویستی بە غ
نەبوو، چونکە سەرکردەیەک بووە دەیتوانی سەروەت سامان بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بە
سەرکردە جوامێرە بەهێزە بەتوانایە زۆر توانای تری هەبووە کە جێگەیی سەرنج و باسکردنە
بەڵام هەمیشە لەگەڵ خەڵکە رەش و رووتەکەدا بوو چاوەڕێی پاداشت بوو لە خوای گەورە نەک
لە خەڵکی.

ئەو مێژوونووسانەی باسی ئەم پیاوەیان کردوە:

- ئیبن ئەلیر جزیری دەڵێت: پیاوێکی لەخواترس و خاوەن وەرع و ئازا و لێهاتوو بووە

* پێشەوا زەهەبی لە کتێبی مێژووی ئیسلام دەڵێت: ئەم ئەمیرە کە دەسەڵاتی گرتە دەست هاوشێوەی عومەری کوڕی عبدالعزیز بوو.

* عەبدولواحیدی مەراکیشی لە کتێبی تابعین کە چوونە ناو ئەندەلوس دەڵێت: کە لە عومەری کوڕی خەتاب فەرموودەکانی دەگێڕایەوە.

هەروەها لە مێژووی حەمیدیا لە کتێبی چەند وەرگیراوێک لە پیاوچاکانی ئەندەلوس دەڵێت: دیارە ئەم نووسەرە کە باس لە عەبدورەحمانی غافقی دەکات زۆر ورد تر لەسەری کۆڵیوەتەوە بۆیە دەڵێت کە ئەم راویەکی تابعین بووە ئەو رشتانەی کە لێوەی وەرگرتوون بریتین لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، وە پاشان عبدالله ی کوڕی عیاض، ئەم پیاوە لە ساڵی ١١٥ کۆچی شەهید دەبێت بەدەستی رۆمەکان لە ئەندەلوس، بەردەوام دەڵێت کە ژیانی ئەم پیاوە زۆر پاک و بێگەردە پیاوێکی لەخواترس و دانا و زانا و چاونەترس و جوامێر بووە، لە جەنگەکاندا زۆر بە داد پەروەرانە دەستکەوتەکانی دابەش دەکرد، ئەم هەواڵە زۆر گێڕاوەتەوە لەلایان مێژوو ناسانەوە.

* ئەبو قاسمی کوڕی موضفەر لە کتێبی قسطاط دەڵێت: توانی گەورەترین غەزوەی فرنجە تێکوپێک بشکێنێت زۆرترین دەستکەوتی هەبوو، کە خۆی هیچی هەڵنەگرت و توانی بە دادپەروەرانە دابەشی بکات، تەنانەت ئەوەندە یاقوت و ئاڵتون و زیو دەستکەوتیان بوو، کە وەک گردێکی بەرز دەستکەوتەکانیان هەڵدابووەوە، لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوتە ئەم سەرکردە هیچی هەڵنەگرت.

پاشان کە عەبدورەحمان غافقی توانی خەڵکی ئەندەلوس یەک بخات کۆیان بکاتەوە و ریزەکانیان یەک بخات، وە هێزەکانی ئامادە کرد بۆ تەواو کردنی فەتحی فەرەنسا، عەبدورەحمان توانی بچێتە ئەو جێگەیانەی کە موسوڵمانانی پێش خۆی نەیان توانی بوو بچنە ئەو ناوچەنانە وە ئەم شار لە دوای شار فەتحی دەکرد لەو شارانەی کە فەتحی کرد لە فەرەنسا بریتین لە شاری ئارل، پاشان چوونە ناو شارێکی زۆر گەورەی فەرەنسا کە ئێستە بەردەوام ئەو شارە هەر ئەو ناوەی هەیە کە ناوی بودو یە، دوای ئەوە چوونە طەلوشە و دواتر شاری تور تا گەیشتنە شاری پۆتێ، لە دوای ئەم شارە راستەخۆ پاریس-ە لە شاری پۆتێ وەستا، کە نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە پاریسەوە دوورە لە رۆژئاواوە، دووری ئەم شارە لە قورتوبەوەکە پایتەختی موسوڵمانانە نزیکەی هەزار کیلۆمەتر دوورە، واتا موسوڵمانان توانیان باش بڵاوببنەوە لە خاکی فەرەنسادا بەتایبەت لە باکووری رۆژئاوای فەرەنسا.

پاشان عەبدورەحمان لە نزیک شاری پۆتێ سەربازگایەکی دروست کرد لە ناوچەکە ناوی بیلات کە بەزمانی ئەندەلوسی واتا باڵەخانەی بەرز یان قەڵایەکی بەرز، بۆیە ئەو ناوەی لێنرا لەبەر ئەوەی باڵەخانەیەکی کۆنی لێ بوو، پاشان سەربازەکانی رێکخست و سەربازگەکەی بەهێز کرد، سەربازانی ئامادەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەسرانییەکان، سوپاکەی گەیشتە پەنجا هەزار

لە شوێنكەوتووانە، واتا تابیعە، ئازناوی ئەبو سەعیدە و یەكێكە لە والییەكانی ئەندەلوس بەگێر لە گەورە پیاوانی سەركردەی فەتحەكانی فەرەنسا و جەنگەكانی تر زۆر ئازا و لەخۆبردوو بوو.

لەدایكبوونی:
ئەوانەیە لە یەمەن لەدایكبوو بێت پاشان لە یەمەنەوە رۆیشتووە بۆ ئەفەریقا، لە زەمانی سولەیمانی كوڕی عبدالملك ئەمەوی بووە، پاشان پەیوەندی كردووە بە موسای كوڕی نوسەیر و كوڕەكەی عبدالعزیزەوە، ئەو سەردەمە لە ئەندەلوس نیشتەجێبووە و سەركردەی سوپای موسوڵمانان بووە لە كەناری دەریاكانی رۆژهەڵاتی ئەندەلوس.

بیركردنەوەی عاقڵی لەڕووی سەربازییەوە:
عەبدوڕەحمان پیاوێكی ئازا و چاونەترس و رەق بووە، لەكاری سەربازیدا زۆر چالاك بووە لە كاتی پێویستدا، هەمیشە هاتۆتە دەست، وە لەكاتی بڕیارداندا زۆر چاونەترس و ئازاو بوێر بوو، بڕیارەكانی هەمیشە لە جێگەی خۆیدا بووە لەكات و زەمەنی تایبەتدا پیادەی كردووە.

ئەم سەركردە گەورە و لێهاتووە هەمیشە پارسەنگی راگرتووە لە نێوانی هێزەكەی و مەعنەوی بۆیە بە سەركردەیەكی زۆر ئاوازە ناوبانگی دەركردوە، لەكاتی جەنگدا وای كردوە كە خەڵك هانی سوپاكەی بدەن بۆ جەنگ تا سوپاكەی بە توانایەكی بەهێزە وە ڕوویەڕووی دوژمن ببێتەوە لە هەموو رووەكانەوە پێداویستی بۆ جەنگ ئامادەكردووە، تا سوپاكەی لاواز نەبێ هەموو هێزەكانی خستۆتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی سەركەوتن، سەرەتا هێزی بیروباوەڕی بەكار هێناوە، پاشان هێزی برایەتی خستۆتە پێش چاوی سەربازەكانی یەكتری، وە هەموو خەڵكی لەسەر جیهاد و كۆششكردن راهێناوە، فێری هەموو جۆرە چەكێكی سەردەمی خۆی كردوون، پارسەنگی كردوە لە نێوانی هێزی ماددی و هێزی مەعنەوی هەمیشە وا یان كردۆتەوە، كە سوپاكەی لە شكست رزگار بكات و هۆكارەكان بە هەند وەربگرێت.

رەوشتی ئەم سەركردە لێزانە:
رەوشتێكی بەرز و ئاوازەی هەبووە زۆر بەڕێز بووە لە ناو خەڵكی دا دەڵێن تا زەردەخەنە لە لێوی نەبوایە خەڵكی شەرمیان دەكرد پرسیاری لێ بكەن، پەروەردە كراوی دەستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بووە، كەواتە بەلامانەوە سەیر نەبێت كە باسی ژیانی ئەم پیاوە بكەین چونكە مێژوویش خۆی سەرسامە لە ئاستی دا، هەمیشە پیاوێكی ئارام و دادپەروەر و بەهێز و چالاك بووە، زۆر رقی لە تەمەڵی بۆتەوە و خۆی زۆر بە هەژاری پەروەردە كردبوو، خۆ پێویستی بەوە نەبوو، چونكە سەركردەیەك بووە دەیتوانی سەروەت سامان بۆ خۆی دەستەبەر بكات، لە سەركردە جوامێرە بەهێزە بەتوانایە زۆر تواناى ترى هەبووە كە جێگەیی سەرنج و باسكردنە بەڵام هەمیشە لەگەڵ خەڵكە رەش و رووتەكەدا بوو چاوەڕێی پاداشت بوو لە خوای گەورە نەك لە خەڵكی.

ئەو مێژوونووسانەی باسی ئەم پیاوەیان كردوە:

- ئیبن ئەلئیر جزیری دەڵێت: پیاوێكی لەخواترس و خاوەن وەرع و ئازا و لێهاتوو بووە.

- پێشەوا زەهەبی لە كتێبی مێژووی ئیسلام دەڵێت: ئەم ئەمیرە كە دەسەڵاتی گرتە دەست هاوشێوەی عومەری كوڕی عبدالعزیز بوو.
- عەبدولواحیدی مەراكیشی لە كتێبی تابعین كە چوونە ناو ئەندەلوس دەڵێت: كە لە عومەری كوڕی خەتاب فەرموودەكانی دەگێڕایەوە.

هەروەها لە مێژووی حەمیدیا لە كتێبی چەند وەرگیراوێك لە پیاوچاكانی ئەندەلوس دەڵێت: دیارە ئەم نووسەرە كە باس لە عەبدوڕەحمانی غافقی دەكات زۆر ورد تر لەسەری كۆڵیوەتەوە بۆیە دەڵێت كە ئەم راویەكی تابعین بووە ئەو رشتانەی كە لێوەی وەرگرتوون بریتیین لە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز، وە پاشان عبداللە ی كوڕی عیاض، ئەم پیاوە لە ساڵی ١١٥ كۆچی شەهید دەبێت بەدەستی رۆمەكان لە ئەندەلوس، بەردەوام دەڵێت كە ژیانی ئەم پیاوە زۆر پاك و پێگەردە پیاوێكی لەخواترس و دانا و زاناو چاونەترس و جوامێر بووە، لە جەنگەكاندا زۆر بە داد پەروەرانە دەستكەوتەكانی دابەش دەكرد، ئەم هەواڵە زۆر گێڕاوەتەوە لەلایان مێژوو ناسانەوە.

- ئەبو قاسمی كوڕی موضفەر لە كتێبی قسطاط دەڵێت: توانی گەورەترین غەزوەی فرنجە تێكوپێك بشكێنێت زۆرترین دەستكەوتی هەبوو، كە خۆی هیچی هەڵنەگرت و توانی بە دادپەروەرانە دابەشی بكات، تەنانەت ئەوەندە یاقوت و ئاڵتون و زیو دەستكەوتیان بوو، كە وەك گردێكی بەرز دەستكەوتەكانیان هەڵدابووەوە، لەگەڵ ئەو هەموو دەستكەوتە ئەم سەركردە هیچی هەڵنەگرت.

پاشان كە عەبدوڕەحمان غافقی توانی خەڵكی ئەندەلوس یەك بخات كۆیان بكاتەوە و ریزەكانیان یەك بخات، وە هێزەكانی ئامادە كرد بۆ تەواو كردنی فەتحی فەرەنسا، عەبدوڕەحمان توانی بچێتە ئەو جێگەیانەی كە موسوڵمانانی پێش خۆی نەیان توانی بوو بچنە ئەو ناوچەنانە وە ئەم شار لە دوای شار فەتحی دەكرد لەو شارانەی كە فەتحی كرد لە فەڕەنسا بریتین لە شاری ئارل، پاشان چوونە ناو شارێكی زۆر گەورەی فەڕەنسا كە ئێستە بەردەوام ئەو شارە هەر ئەو ناوەی هەیە كە ناوی بودو یە، دوای ئەوە چوونە طەلوشە و دواتر شاری تور تا گەیشتنە شاری پۆتێ، لە دوای ئەم شارە راستەخۆ پاریس-ە لە شاری پۆتێ وەستا، كە نزیكەی سەد كیلۆمەتر لە پاریسەوە دوورە لە رۆژئاواوە، دووری ئەم شارە لە قورتوبەوەكە پایتەختی موسوڵمانانە نزیكەی هەزار كیلۆمەتر دوورە، واتا موسوڵمانان توانیان باش بڵاوببنەوە لە خاكی فەڕەنسادا بەتایبەت لە باكووری رۆژئاوای فەڕەنسا.

پاشان عەبدوڕەحمان لە نزیك شاری پۆتێ سەربازەگایەكی دروست كرد لە ناوچەكە ناوی بیلات كە بەزمانی ئەندەلوسی واتا باڵەخانەی بەرز یان قەڵایەكی بەرز، بۆیە ئەو ناوەی لێنرا لەبەر ئەوەی باڵەخانەیەكی كۆنی لێ بوو، پاشان سەربازەكانی رێكخست و سەربازگەكەی بەهێز كرد، سەربازانی ئامادەكرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەسرانییەكان، سوپاكەی گەیشتە پەنجا هەزار

عەبدوڕەحمانی غافقی بە گەورەترین هێرش دادەنرێت لە هێرشەكانی سەرباز و موجاهید، وە مێژووی فەرەنسا.

لەگەڵ ئەوەی كە عەبدوڕەحمان توانی ئەو سوپا بەهێزە كۆبكاتەوە، بەڵام پارچە پارچەی ڕووی تێكردن وە هۆكارەكەی ئەوە بوو كە موسوڵمانان بەسەركردایەتی ئەو سەركردە بەتوانایە زۆر لە شارەكانی فەرەنسایان فەتحكرد تا گەیشتبوونە پۆتێ، زۆر دەستكەوتیان هەبوو موسوڵمانان دەستیان قورس بوو هەیان بوو دەستكەوتەكانی بۆ هەڵندەگیرا یان زۆرجار دەمەبۆڵە دروست دەبوو لەسەر دەستكەوت، وردە وردە ژیانیان لەبەرچاو خۆشەویست بوو.

هۆكاری ئەم دەستكەوتە زۆرە وای كرد لە موسوڵمانان كە پشتیان سارد ببێتەوە لە جیهاد و بگەڕێنەوە بۆ ئەندەلوس تا دەستكەوتەكان لە دەست نەدەن و پارێزگاری لێ بكەن لەبەرابەر فەرەنسادا، بەڵام عەبدوڕەحمانی غافقی وتارێكی بۆ دان، ئەو ڕۆژە تا هەموویان ڕێكبخاتەوە پێی وتن ئێمە بۆ دەستكەوت نەهاتووین، بەڵكو هاتووین تا دینی خوای گەورە سەربخەین وە هاتووین كە خەڵكی فێری ئاینی ئیسلام بكەین و دینی خوای گەورە بڵاوبكەینەوە، تا بەندەكان لەبەندەی خەڵكەوە بكەینە بەندەی خوا، تا وای كرد سوپاكەی حەزیان لە جیهاد و مردن بێت لەپێناوی خوای گەورەدا، وە هەموویانی ئامادەكرد، تا هەموو ناوچەكانی پۆتێ ئازاد بكات و بەرەو پاریس بكەوێتە ڕێ.

پاشان كە عەبدوڕەحمان غافقی بەتەواوەتی جێ پێی خۆی قایم كرد لە شاری پۆتێ، بەڵام كێشەیەكی تر هاتە بەردەم عەبدوڕەحمان ئەویش ئەوە بوو كە سەر لەنوێ موسوڵمانان دەمارگیری كەوتەوە ناویان ئەم هاواری دەكرد، كە دەبێت عەرەب زۆری بەریكەوێت، وە بەربەر دەیوت ئێمە سەرەتا ئەندەلوسمان فەتحكردووە، دەبێت ئێمە لە پێشتر بین، هەروەها ئەندەلوسییەكان دەیانوت ئێمە لە هەردوولا باشترین خۆمان خاوەنی خاكی خۆمانین، ئەم هەموو سەركێشی و جیابوونەوەیە لەسەر دەستكەوت و غەنائیم بوو، ئەم هۆكارانە بووە كەرت كەرتبوونی سوپاكەی غافقی، كە پێشتر ئەندەلوس ئەم دەمارگیرییەی بەخۆیەوە نەدی بوو لە سوپاكەی دا. لەكاتی جەنگدا كە خۆشەویستی ماڵی جیهان ئاوا پارچە پارچەی كردن، ئەگەر چی سوپای موسوڵمانان تا ئێستە ژمارەی وا گەورەیان بەخۆیانەوە نەدی بوو كە ئەوەندە زۆرر بووبێ بۆ یەكەم جارە موسوڵمانان سوپاكەیان بگاتە پەنجا هەزار كەس و وا هەستیان دەكرد، كە بە هۆی زۆریەوە دەتوانن سەر بكەون، بەڵام ئەمە نەبووە بە سوننەتێكی خوایی بە زۆر و بۆری دەبێت موسوڵمانان سەربكەون وەك خوای گەورە لە جەنگی حونەیندا بۆمان باس دەكات و دەفەرموێت: لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾، الأنفال. واتە: سوێند بێت بێگومان خوای گەورە لە زۆر شوێندا سەری خستن (بەسەر بێباوەڕاندا)، لە ڕۆژی حونەینیش كاتێك كە زۆریی ژمارەی خۆتان سەرسامی كردبوون، جا (بینیتان) ئەو زۆریە هیچ فریاتان نەكەوت و بە نیازی نەكردن، زەویش چەندە فراوانە لێتان هاتەوە یەك و تەنگ بووەوە، لەوەو دوا هەموو پشتان هەڵكرد و ڕاتانكرد.

هەرگیز موسوڵمانان بە زۆری لە جەنگەكاندا سەرنەكەوتون بە هێزی مادەی جەنگیان بەبردۆتەوە، بەڵكو بە ئیمان ئیخلاس دووركەوتنەوە لەتاوان بەجێهێنانی فەرمانەكانی خوای موتەعال سەركەوتنیان بەدەست هێناوە وە مێژوو ئەوەی سەلماندوە، بەڵام ئەم جارە هۆكارەكە لەناو سوپای موسوڵمانانەوە دەست پێ دەكات كێشەكە ناوخۆییە، هیچ كاریگەری دەركیی لەسەر نییە، كەواتە موسوڵمانان خۆیان بەرپرسن.

د. عەبدولحەلیم عەیس لەكتێبی لێكۆڵینەوەی لە سەر رووخاندنی سێ دەوڵەتی ئیسلامی لەبەشی یەكەمدا لەژێر ناونیشانی چیرۆكی رووخاندنی موسوڵمانان لە ئەوروپا دەڵێت: زۆر سەرسوڕهێنەرە لە مێژووی موسوڵمانان دەستكەوت، تا ئێستەش وانەیان لەو مێژووە غەریبەی لەنیمە وەرنەگرتووە!

یەكەم شكستی موسوڵمانان لەسەر غەنیمەت بوو، زۆر لەمێژووی ئیسلامیدا هاوشێوەی ئەو كارەمان هەیە، دەبێت خۆمان بپرسین چەند جار شكستمان هێناوە بەدەست سەروەت و دەستكەوتی زۆرەوە تا ئێستە نەبۆتە وانە!

دوو چیرۆك باس دەكەین لە مێژوودا لەبارەی غەنیمەت:

لای هەمووان ئاشكرایە سەركردەی جەنگی یەكەم پێغەمبەری خوای ﷺ راستەخۆ سەركردایەتیی دەكرد، وە كۆمەڵی سەر شاخەكە كە بە "الرماه " ناسرا بوون، كە سەرپێچیان كرد لە بەر غەنیمەت جێگەكەیان جێهێشت بۆ ئەوەی دەستكەوتیان دەست بكەوێت هۆكارەكەی ئەوە بوو، كە موسوڵمانان شكستیان هێنا او حەفتا هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ شەهید بوون، بەڵێ هۆكارەكەی غەنیمەت بوو، بەڵام سەركردەی سوپای دووەمیان عەبدوڕەحمانی غافقی بوو، كە لە شاخی برانس خۆی ئامادەكرد سوپایەكی بەهێزی لەگەڵ بوو، كە زۆربەی خاكی فەرەنسای فەتحكرد، زۆری نەمابوو بەرەو ئیتاڵیا بكەوێتە رێ، كە لەناو دڵی ئەوروپادا نیشتەجێبوو!

بەڵێ غافقی شكستی هێنا لەجەنگی فرنجەدا لە جێگەیەكدا پێی دەوترێت "بلاط الشهداء"، كە مێژوویەكی ئەمرە بە بەردەوامی مێژوو بۆمان باس دەكات، بەڵام خەونەكانی موسوڵمانان بوو بە ژێلەمۆ ئەوروپایان لەدەستدا، وە هۆكاری شكستی ئەم جەنگە غەنیمەت بوو، بۆیە باسی دەستكەوت و غەنیمەتمان كرد، جەنگی بیلاتی شەهیدان وای كرد كە موسوڵمانان بەتەواوەتی شكستیان هێنا لەو وڵاتەدا هەرچەندە ماوەی یەك سەدە موسوڵمانان لە باشووری فەرەنسا حوكمی خوایان پیادەكرد.

لەوكاتەی كە موسوڵمانان لە مەراكیش جێ پێیان سەپاند، ئەندەلوس بووبە وڵاتی ئیسلامی لەو كاتەدا ویستیان كە شاخی برانس فەتح بكەن، چونكە ناوچەیەكی زۆر گرنگ بوو بۆ موسوڵمانان وە ئەمە ویستی موسای كوڕی نوصێر و وەلید كوڕی عبدالمەلیك بوو، بەڵام وەلید دەترسا لەوەی كە موسوڵمانان بچنە خاكێك، كە ئاشنا نین پێی تا گیانی موسوڵمانان بپارێزرێت، بەڵام سامیحی كوڕی مالیكی خولانی زۆر بە گرنگی ئەوكارەی بیر لێ كردەوە و هەوڵی بۆ دەدا، كە لەماوەی فەرمانڕەوایدا توانی تا ناوچەی سپتیمانییە بڕوات لەماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتی لە ساڵی ١٠٠-١٠٢، توانی ئەو ناوچانە پاك بكاتەوە لە دەستی نەسارای فرنجە، كە سپتیمانە دەكەوێتە سەركەنارەكانی دەریای ناوەڕاست و دەریای سپیی باشووری فەرەنسای هەمووی فەتحكرد، پاشان

لە جێگەیە ئازاد بکات تا دەگاتە ڕووباری جارۆن سامیحی خولانی توانی شاخی برانس ببڕێت ئەو جێگەیە ئازاد بکات تا دەگاتە ڕووباری جارۆن کە لە ڕۆژئاوای فەڕەنسایە وە زۆربەی ناوچەکانی فەڕەنسای فەتحکرد، لەو شارە بچووکانەی کە هاتنە ڕێی هەمووی پاککردەوە، تا دەگاتە شاری بەناوبانگی فەڕەنسی بەناوی تولوز لە باشووری فەڕەنسا بەڵام سامیحی خولانی نەیتوانی لەو شارە دا جێگیر بێت، چونکە لە گەڕانەوەی دا شەهید بوو، کە گەڕانەوە لەو جێگەیە لە دوای شەهیدبوونی سامیحی خولانی بەسەرکردایەتی عەبدوڕەحمانی غافقی بوو کەواتە نەیانتوانی سپتیمانییە بخنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە تەواوەتی.

## بیلاتی شەهیدان و گەورەترین و خوێناویترین جەنگ لە مێژووی موسڵمانانندا

سوپای موسوڵمانان بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە سەرکەوتندا بوون، چونکە کاریان بۆ ئیسلام و بۆ خوای خۆیان بوو، سوپای نەسارا لە پاریسەوە کەوتەڕێ بۆ شوێنی بیلات، کە نزیکەی چوار سەد هەزار سەربازیان ئامادە کرد بوو، کە سوپای موسوڵمانان بەو زۆر و زەبەندیە خۆی ئەدا لە پەنجا هەزار موجاهید، ئەم چوارسەد هەزار سەربازەی ئەسرانی بە سەرکردایەتیی سەرکردەی ناسراوی نەسارا بەناوی تشارل مارتل کە لەناو عەرەب بە قارلە ناسراوە، پاشان نازناوی چەکوش "المطرقة" لێنرابوو، ئەم ناوە لە لایەن پاپایی ئیتاڵیاوە پێی بەخشرابوو، چونکە زۆر ڕەق بوو بەرانبەر بە دوژمنەکانی کە بە بەهێزترین پاشاکانی فەڕەنسا دادەنرێت، ئەو موسوڵمانانەی کە سەرەتا بوون لە فەتح دا هاوشێوەی ئەو سوپایان نەدی بوو کە لە فەڕەنساوە کەوتبووە ڕێ، وە هۆکاری ڕووخانی موسوڵمانان زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، چونکە موسوڵمانان پارچە پارچە بووبوون لە قورتوبەی پایتەختەوە زۆر دوو بوون، کە نزیکەی هەزار کیلۆ مەتر لە پایتەختەوە دووربوون، هیچ هێزیان وا بە زووی پێ نەدەگەیشت و پێداویستیان زۆرکەم بوو لەچاو سوپای نەسارا.

لە ناوچەی پۆتێ لە شوێنێک بەناوی بیلات گەورەترین شەڕی خوێناوی ڕوویدا کە ئەهیچ مێژوویەک لەو ناوچە هاوشێوەی ئەو جەنگە ڕووی نەداوە، هەردووکیان لە جێگەیەدا بەرەوڕوی یەک وەستان و دایان بەیەک دا جەنگ دەستی پێ کرد. موسوڵمانان کۆبوونەوە بەو هەموو کێشانەی کە باسمان کرد، نەسارا کۆبنەوە بەو ژمارە زۆرەی کە هاتبوون بریتیە لە چوارسەد هەزارکەس، وە ئەم جەنگە لە مانگی ڕەمەزاندا دەستی پێ کرد لە ساڵی١١٤ کۆچی جەنگ بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بەردەوام بوو، موسوڵمانان توانیان سەرەتا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، کوشتارێکی زۆر بکەن لە نەسارا، وێڕای ئەو ژمارە زۆرەی نەسارا هێنابوویان هۆکارەکەی ئەوە بوو، کە ئەو دەستکەوتانەی موسوڵمانان گرتبوویان لە پشتی خۆیان هەڵیان دابووەوە نەساراکان هەوڵیان دەدا بۆ ئەو دەستکەوتانە، موسوڵمانانیش لە ناو خۆشەویستی سەروەت سامانەکانیان هەوڵیان دەدا کە دەستکەوتەکانیان نەبرێت، کە توانرا دەستبەسەر دەستکەوتەکان بگیرێت لە پشتی موسوڵمانان، ئیتر موسوڵمانان پارسەنگی خۆیان لە دەستدا و جێگەکانی خۆیان چۆڵ کرد، شڵەژانی و دوژمن توانی ڕیزەکانیان بەزێنێت. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە ویستیان دەستکەوتەکان بپارێزن ئەمەش بووە هۆکاری شڵەژانی موسوڵمانان و وای کرد، کە لەو جەنگەدا شکستێکی زۆر گەورە

تۆمار بکەن بۆ خۆیان، لە جێگەیەدا کە ناسراوە بە پۆتێ یاخود بیلاتی شەهیدان کە زۆرترین شەهیدی موسوڵمانانی تێدا درا، بۆیە ئەو ناوەی لێنرا بە جێگەی قەڵای بەرزی شەهیدان.
هەرچەندە تا ئێستە ئامارێک لەبەردەست نییە کە جێگەیی باوەڕ بێت لە لای موسوڵمانان کە چەند موسوڵمان لەو جەنگەدا شەهید بوون، بەڵام سەرچاوە ئەوروپییەکان دەڵێن زیاد لە سێ سەد و پەنجا و پێنج هەزار موسوڵمان لەو جێگەدا کوژراون، بەڵام ئەمە هیچ ڕاست نییە، چونکە سوپای موسوڵمانان نزیکەی پەنجا هەزار کەس بوون.
هەروەها ئەوروپییەکان خۆیان دەڵێن ئەگەر بهاتایە و موسوڵمانان لە جەنگی پۆتێ سەربکەوتنایە ئەوە بەتەواوەتی هەموو ئەوروپا فەتح دەکرا، ئەم وتەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەی قورئان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وتراوە، دەڵێن چونکە زۆربەی سوپای ئەوروپا بەشدار بوون لەو جەنگەدا، ئەگەر موسوڵمانان سەربکەوتنایە جارێکی تر لە ناو ئەوروپادا کڵێسا نەدەبینرا و شیرک ولانکاری تێدا نەدەکرا، ئاینی خوای گەورە دەچەسپی بەتەواوەتی.
لەپاشاندا موسوڵمانان گەڕانە دواوە سوپایی نەسارا وازیان هێنا بەو دەستکەوتانەی کە دەستیان کەوتبوو، ئەمە ئەوە دەردەخات کە موسوڵمانان بەو شێوەیە نین کە ئەوروپییەکان باسی دەکەن، چونکە سوپای دۆڕا و هەمیشە سوپای براوە ڕاوی دەنێت، تا جێگەکانی لەدەست دەسێنێتەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، بەڵکو موسوڵمانان گەڕانەوە دواوە بۆ جێگەکانی پێشوی خۆیان سوپای نەسارا لە پاریس مانەوە.
ئەو مێژووەی کە تا ئێستەش فەڕەنسا شانازی پێوە دەکات:
هەموو مێژوونووسەکانی فەڕەنسا وەک شانازیەک ئەم مێژووە دەگێڕنەوە بەتایبەت مێژوونووس بە ناوبانگی فەرنسی ئەناتول فرانس دەڵێت: لەدوای جەنگی بیلات شەهیدان لە پۆتێ بەتەواوەتی ژیاری موسوڵمانان و عەرەب کۆتایی هات، ئەم مێژووە لە هەموو سەرچاوە مێژوویەکانی فەڕەنسا تۆمار کراوە و شوقی ئەبو خەلیل لە مێژووی بیلات شەهیدان لە لاپەڕەی ٤٤ بەدرێژی باسی لەم مێژووە کردوە.

## هەڵوێستەیەک لەسەر جەنگی بیلاتی شەهیدان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ «٥»، فاطر. واتە: ئەی خەڵکینە دڵنیابن کە بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە (قیامەت بەرپا دەکات و لە هەموو کەس دەپرسێتەوە) نەکەن ژیانی دنیا سەرتان لێ بشێوێنێت و شەیتان فەریو سەرگەردانتان بکات.

بێ گومان موسوڵمانان تووشی خۆشەویستەکانی ژیان بێت و مەفتون بێت بەم دەستکەوتانە ئەوا ئاقار و کۆتایی موسوڵمانانە بەو شێوە دەبێت کە ئامازەمان بۆ کرد. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنْ أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا، وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ». واتە: سوێند بە خوا لە هەژاریدا لێتان ناترسم، بەڵکو دەترسم دنیا زاڵبێت بەسەرتاندا، کە چۆن زاڵ بوو بەسەر گەلانی پێش ئێوەدا، پێشبڕکێیان بۆ دەکرد تا بەو هۆکارەوە لەناوچوون.

ئەمە یاسا و سوننەتێکی خوای گەورەیە، نە دەگۆڕێت، نە لە ناو دەچێت، بۆیە دەبێت بزانین کە هەرکات موسوڵمان خۆشیەکانی ژیانی بەهەند گرت و کردیە مەبەست، ئەوا دڵنیابە کە ئەوە ئانجامەکەیەتی، وەک خوای گەورە باسی سوننەتی خۆیمان بۆ دەکات و دەیەوێت یاسا و ڕێساکانی خۆی بە مرۆڤەکان بناسێنێتەوە دەفەرموێت: ﴿اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ «٤٣»، فاطر. واتە: چونکە خۆیان بە گەورە و زلزانی لە زەویدا و پیلانی شەڕ و تاوانیان کێشا، (بە مەرجێك) پیلانی شەڕ و تاوان (هەمیشە) بەسەر ئەواندا دەشکێتەوە کە نەخشەی بۆ دەکێشن، مەگەر ئەمانە (بە دژایەتی ئیسلام) تەنها چاوەڕێی ئەو کارەساتانە بکەن کە بەسەر گەلانی پێش ئەماندا هاتووە، (کاتێ کە بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێناوە. لەناو بران) ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاساو بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەکانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن، (کە بەشێکی ریسواکردنی پیلانگێڕانە).

هۆکارێکی تری شکستی موسوڵمانان بریتیی بوو لە دەمارگیری و پارچە پارچەبوون لەسەر بنەمای نەتەوەگەری لەو جێگە و شوێنەی کە جەنگەکەی تێدا ڕوویدا، پاشان فەڕەنسیەکان لەو شەڕەدا خۆیان زۆر بەباشی هەستیان بەو دەمارگیریە کرد، کە لە مێژووی خۆیاندا باسیان کردووە ئەوەندە بەئاشکرا دیار بوو بە سوپای موسوڵمانانەوە، فەڕەنسا ئەم لەسەر بنەمایی ئەو کارەی موسوڵمانان کە لە جەنگی بیلات بینی هاتە ناو وڵاتی موسوڵمانان لە ساڵی ١٨٣٠ زاینی تا ساڵی ١٩٦٠ زاینی، بەهەمان شێوە ئەو کارەی کرد لە نێوانی عەرەب و بەربەر لە وڵاتی جەزائیر دەمارگیری خستە نێوانیان، لە ساڵی ١٩٢٠ لەجەزائیر کە هێزی بەرگریی و نیشتمانی جەزائیر دروستبوو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی فەڕەنسا بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتەکەی بهێنێتەوە هات دووبەرەکی خستە نێوانی عەرەب و بەربەر بۆ ئەوەی شۆڕشەکەیان بکاتە ژێلەمۆ وە تۆوی بیانکات بە دژی یەکتری دا، وە وای کرد کە بەربەر واز لە زمانی عەرەبی بهێنن، زیاتر خۆیان سەرقاڵ بکەن بە زمانی فەڕەنسیەوە. هەروەها زانکۆ وپەیمانگەیی ئەکادیمی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی فێری زمانی ئەمازیغی یان بکات کە بە زمانی بەربەر دەژمێرێت، وە وای کرد کە زمانی

بەمازیغی فێربن بە لاتینی، تا نەتوانن وشە عەرەبییەکان بخوێننەوە، دوای چەندەها ڕێکخراوی بەسرانی هێنایە ناو جەزائیر، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بکاتە نەسرانی، نەیتوانی بەربەر بکاتە نەسرانی، بەڵام توانی زمانیان بگۆڕێت و دژایەتی بخاتە نێو موسوڵمانان. هەرگیز بۆی نەکرا وازیان پێ بێنێت لە ئیسلام، ئەگەرچی بەربەر لە شێوە و سیمادا لە ئەورووپی دەچوون، بەڵام هەر لەسەر ئیسلامەتی خۆیان مانەوە. دەبێت لەوە تێبگەین کە جیاوازی نییە لە نێوان نەتەوەکان، بەڵکو تەنها لە تەقوادا موسوڵمانان لە لای خوای گەورە جیاوازن کێ زیاتر نزیکترە لەڕووی ئیمان و بەندایەتی، ئەوە ڕێزی لای خوای گەورە زیاترە.

هەندێک پرسیار لێرەدا پێویست بە وەڵام دەکات:

لەدوای شەهید بوونی عەبدوڕەحمانی غافقی لە پۆتێ لە جێگەیی شەڕی بیلاتی شەهیدان کە موسوڵمانان شکستیان خوارد لەوکاتەوە موسوڵمانان وازیان لەفەتح هێنا و فەتح کۆتایی پێهات، وە هەرچەندە هەندێک راڤەی هۆکاری شکستی جەنگەکمان کرد، بەڵام هەندێک پرسیار دروست بووە دەبێت وەڵامیان بۆ دەستە بەر بکەین کە بریتین لە.

پرسیاری یەکەم: لەکات وسەردەمی والییەکان بۆ هیچ شۆڕش و هەڵگەڕانەوەیەک دروست نەبوو دژی سوپایی موسوڵمانان لە وڵاتی ئەندەلوس؟

وەڵام: لای هەمووان ئاشکرایە هێزی گەورەی موسوڵمانان کە هاتنە ناو خاکی ئەندەلوس بیست و چوار هەزارکەس بوو، هەشت هەزار موجاهید لەگەڵ طارقی کوڕی زیاد چوونە ناو خاکی ئەندەلوس پاشان موسای کوڕی نوصێر پێنج هەزار موجاهیدی نارد بۆ یارمەتی طارقی کوڕی زیاد و موجاهیدان، کە خۆشی پەڕیەوە بۆ ئەندەلوس پانزە هەزار موجاهیدی لەگەڵ بوو، لە دۆڵی برباط سێ هەزار کەسیان لێ شەهید بوو، وەک مێژوو نووسان دەڵێن سوپای طارق تاگەیشتە طولێطلە سێ هەزار کەسی تریان لێ شەهید بوو، واتا تاگەیشتە طولێطلە حەوت هەزار موجاهیدی لەگەڵ بوو، بە باکوورو باشووری ئەندەلوس بڵاو بوونەوە هەندێکیان وەک هێزی سنوری لە سەر سنورەکانی فەرەنسا بۆ یارمەتی سوپایی تری موسوڵمانان لەوێ جێگیر بووبوون بۆ پارێزگاری.

جێگەی سەرسوڕمانە چۆن ئەم هەموو فەتح و جەنگە روویدا یەک شۆڕش و هەڵگەڕانەوە رووی نەدا؟ کە هەرگیز بەرانبەر ناکرێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەندەلوس کە چەندە خەڵکێکی زۆر بوون لەو سەردەمەدا.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بڵێین بۆ دەبێت خەڵکی ئەندەلوس شۆڕش بکەن یان یاخی بن لە موسوڵمانان؟ لەکاتێکدا کە موسوڵمانان هاتنە ناوچەکە و خەڵکی ئەندەلوسیان لە چەوساندنەوە و ناڕەحەتی رزگار کرد، تەنانەت لەگەر کشتوکاڵیان بکردایە دەسەڵاتداران نەک زەویەکانیان دەفرۆشتن بەڵکو خۆیان زەویەکانیان کرین فرۆشتنیان پێوە دەکرا، بێجگە لەو هەموو سەرانە و باجانەی کە لێیان وەردەگیرا لەهەمووی ناهەموار تر کە لە ئاین و ژیانیان نەگیشت بوون پێش ئیسلام.

ئیتر بۆ شۆڕش بکەن، یان شۆڕش دژی کێ بکەن؟

شۆڕشێک بکەن غیطشەیەک بێتەوە یان لۆزێک دەسەڵات بگەڕێتەوە دەست، ئەوان رزگاریان بوو لە ستەم و سەرانەی ئەسرانییەکان و لە گەندەڵی و باج و سەرانە رزگاریان بوو، لە برسێتی و نامەسواری و بێ پارەی بێناگایان لە ژیان رزگار بوون، بۆیە هەرگیز بیریان لە شۆڕش نەکردەوە، باشە ئەگەر شۆڕش بکرێت کێن ئەوانەی کە جێگەیی موسوڵمانان دەگرنەوە؟ کە موسوڵمانان هاتنە ناوچەکە دادپەروەریان بڵاوکردەوە لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو موسوڵمانان وتیان ئەمە دیاری خوایە نەک ئێمە، بەڵکو قازی، کە فەرمانڕەوای دەکرد جیاوازی نێوانی موسوڵمان و جوولەکە و نەسرانی نەدەکرد، جیاوازی نێوان رەش پێست و سپی پێست نەبوو، ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانیان پارێزراو بوون.

ئەوە ئیسلامە، جیاوازی نەهێشت لە ناوچەکەدا، هەژار و دەوڵەمەند وەک یەک بوون، تەنها موسوڵمانە، کە ٢.٥٪ دەبەخشێت بە هەژاران، خۆ ئەگەر پارەی نەبوو، ئەوا لە بێتولمال وەردەگرێت، وە باج لەسەر هەموو کەسێک هەڵدەگیرێت. ئەوەی کە موسوڵمان نییە و خاوەن سەروەت و سامانە توانای سەربازیی هەیە، تەنها پارەیەکی کەم دەبەخشێت لەماڵی خۆی لەناو ماڵی خۆی دادەنیشێت، لەناو کەسوکاری دا خۆ ئەگەر موسوڵمانان نەیانتوانی بەرگری لێ بکەن ئەوە پارەکەی بۆ دەگەڕێنەوە.

لە راستیدا ئیسلام رزگاریکەری خەڵکی ئەندەلوس بوو، بۆیە خەڵکی باوەشیان کرد بە ئیسلامدا خۆشیانویست، ئەوان ئیتر پارێزگاریان لە ئیسلام دەکرد.

پرسیاری دووەم: لەوانییە خەڵکانێک بڵێن لەناو ئەو هەموو خەڵکەی ئەندەلوس، کەسێک نەبوو دژایانیان بکات، دژی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییە بێت لە خەڵکی ئەندەلوس بەرژەوەندی نەبووبێت لە شۆڕشێک لەو وڵاتەدا بە ئەنجامی بگەیەنێت؟

وەڵام: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین بێگومان خەڵکێک هەبوو، بەرژەوەندی لەگەڵ ئیسلامدا نەبوو، خەڵکانێك هەرگیز بەرژەوەندیان لەگەڵ ئیسلام و موسوڵمانان یەکیان نەگرتۆتەوە، بەڵام بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان و یاخیی بوونیان نەکردووە؟ وەڵامەکەی خوای گەورە دیداتەوە کە خۆی لە قورئانەکەیدا دەفەرموێت: لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾، الحشر. واتە: بەڕاستی ئێوەی (ئیماندار) ترستان زیاترە لە دڵ و دەروونیان دا تا خوای گەورە، چونکە ئەوانە کاسانێکی ناحاڵیی و تێنەگەیشتوون (هەمیشە لە دڵەڕاوکێدان).

موسوڵمانان لە کاتی فەتحیان دا و لە رووبەڕووبوونەوەدا ترس و بیمان خستبووە ناو دڵی یەهودی و نەسڕاکان، بۆیە هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە شۆڕشێک ئەنجام بدەن، خوای گەورە کەسایەتی موسوڵمان بەهێز دەکات و سەربەرزیان دەکات ئەگەر لەپێناوی دا کار بکەن، وەک سەروەرمان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ...

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا ۖ وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا ۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴿٢﴾ الحشر. واتە: هەر ئەو زاتە، ئەوانەی بێباوەڕ بوون لە خاوەنانی کتێب (واتە

جووەكان) هەڵیكەندن لە شوێنەواریان و ناچاری كۆچیكردن لە سەرەتای دەستپێكردنی تۆكردنەوە و دەركردنیان دا، ئێوە هەرگیز بە ئەما نەبوون و گومانتان نەدەبرد ئاوا بەئاسانی برۆن، ئەوانیش گومانیان وابوو كە قەڵاكانیان بەرگری دەكات (لە ویست و فەرمانی) خوا، ئەوسا لێز لەلایەكەوە، (بەناچاری) دەستیان كرد بە كاولكردنی خانووبەرە و ماڵەكانیان بەدەستی خۆیان و دەستی ئیمانداران، كەواتە: ئەی خاوەن بیر و هۆش و دووربینەكان، دەرس و پەند و ئامۆژگاری وەرگرن (دڵنیابن ستەمكاران هەروا بۆیان ناچێتە سەر).

لە ڕاستیدا موسوڵمانان لەكاتی جەنگیان دا دڕندە نەبوون، تا خەڵكی لێیان بترسێت، یاخود كاری ناشرینیان كرد بێت، وەك هێزەكانی تری جیهان، بەڵكو دیاریەكی خوای بوو بەخشی بووی بە موسوڵمانان خوای گەورە ئەوە سەروەریەی بەخشیوە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: اغزوا باسم الله، في سبيل الله، قاتلوا من كفر بالله ، اغزوا ولا تغلوا، ولا تغدروا، ولا تمثلوا، ولا تقتلوا وليداً. وفي رواية: ولا تقتلوا شيخاً فانيا ولا طفلاً صغيراً ولا امرأة. واتە: برۆن بەناوی خوا لە پێناوی خوادا بجەنگن، ئەوانە بكوژن لە جەنگاوەرانێك كە كافرن بە خوا، ڕزگاركەربن و زیادەڕۆی مەكەن، دەستدرێژی مەكەن، گاڵتە بە لاشەی مردوو مەكەن، لاشەی مردوو مەشێوێنن، منداڵ مەكوژن. لە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە، دەفەرموێت: پیر و پیاوانی ئاینی و منداڵ و ژن مەكوژن.

جەنگی موسوڵمانان لە كوێ كە جەنگیان هەمووی خێر و خۆشی بووە بۆ خەڵكی، جەنگی بیاوەڕن سەیر بكەن چیان نەكرد بە بۆسنە و هرسك، یان ڕوسیا بە چیچان، یان بە موسوڵمانانی كشمیر، یان ئەمەریكا بە ئەفغان، یان یەهود چیان نەكرد بە فەلەستین، یان خاكی كوردستان چۆن دابەشكرا لەلایەن ئینگلیزەوە، چی نەكرا بە گەلی كوردی موسوڵمان لەلایەن عەلمانییانی عێراق و سووریا و توركیا، یان ڕژێمی شاهەنشاهی پاشان شیعەی ئێران.

لەگەڵ ئەوەی كە موسوڵمانان ترس و بیمیان خستبووە دڵی دوژمنانیان، بەڵام جەنگیان ڕەحمەت بوو بۆ خەڵكی تەنانەت ئەوانەی كە یەهودی نەسرانی بوون لە سایەیاندا ئارامیان گرتبوو وەك خوای گەورە دەفەرموێت: لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ الممتحنة. واتە: (دڵنیابن) كە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناكات كە چاكەڕەفتار و دادپەروەربن لەگەڵ ئەو كەسانەدا كە جەنگیان دژ نەكردوون و دژایەتیی ئاینییان نەكردوون و لە شوێنەوارتان دەریان نەكردوون، چونكە بەڕاستیی خوا دادپەروەرانی خۆشدەوێت.

هەروەها موسوڵمانان ئازادییان دابوو پێیان لە كڵێساكانیان دا طقوسی ئاینی خۆیان بكەن، یاسای ئاینی خۆیانیان هەبوو لە دادگەكاندا، وە هیچ جیاوازیەك نەبوو لە نێوانیاندا واتا نێوانی یەهودی نەسارا و موسوڵمان بەیەكچاو تەماشا دەكران، وەك ماف لە دەسەڵات دا، لێرەدا ماوە بڵێین بەڕاستی سەیر دەبوو ئەگەر شۆڕش و یاخیی بوون ڕووی بدابا، چونكە ئەو بەرنامەیە لەلایەن خوایەكەوە هاتووە ناخی مرۆڤەكان دەخوێنێتەوە و لەگەڵ مرۆڤەكاندا دەگونجێت وەك خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ ﴿١٩﴾ غافر. واتە: (ئەو خوایە هەمیشە) چاوە خیانەتكار و ناپاكەكان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەكاندا حەشاردراوە.

پرسیاری سێیەم: ئەم پرسیارە کە دروستبووە لەسەر شکستی جەنگی بیلاتی شەهیدان، دەبێت ئایا ئەوەیەکی وا نزیک لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە هەندێکیان تابیع بوون، وە هەندێکیان تابعی تابعین بوون، چۆن بەو شێوە ژیانیان خۆشویست و بۆ دەستکەوت ئاوایان لێ بەسەرهات؟ وەڵام: ئەم رووداوەی کە روویدا لە بیلاتی شەهیدان لە ساڵی ١١٤ کۆچی، بەهەمان شێوە لەگەڵ هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ روویداوە لە ساڵی ٣ کۆچی لەجەنگی ئوحودا، خوای گەورە زۆر بە ئاشکرا باسی ئەو روداوەمان بۆ دەکات کە دەفەرموێت: وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ آل عمران. واتە: بێگومان خوا بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردە سەر (لە سەرەتای جەنگی ئوحود)دا، هەر بە مۆڵەت و یارمەتی ئەو (دوژمنانتان) بەگیرهێنان و تێکتان شکاند هەتا ئەو کاتەی کە ساردی رووی تێ کردن و بوو بە کێشەتان لەسەر هەندێک شت، وە یاخی بوون (لە فەرمانی پێغەمبەر و صلى الله عليه وسلم سەنگەرتان چۆڵ کرد)دوای ئەوەی کە هەندێ شتی نیشاندان کە حەزتان لێ دەکرد، هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوە دوا دەستی ئێوەی کۆتا کرد (لە دوژمنان) تا تاقیتان بکاتەوە، بێگومان لەوەو دوا خوا چاوپۆشی لێ کردن و لێتان خۆش بوو، وە خوا فەزڵ و رێزی هەیە بۆ ئیمانداران.

راستەخۆ روو لە هەوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ سەردەم و دابەزینی ئەم ئایەتە بۆ ئەو مەبەستە هاتە خوار، کە موسوڵمانان تووشی خۆشەویستیی ژیان و ماڵ بوون، خۆ دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووی بیلاتی شەهیدانمان بۆ دەردەخات، کە موسوڵمانان شاخەکەیان بەجێهێشت و هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی دەستکەوت کۆبکەنەوە، هۆکاری شکستی جەنگی ئوحود هەر خۆشەویستی ژیان بوو، بۆیە عبدالله ی کوڕی مەسعود دەفەرموێت:" تا ئەم ئایەتە نەهاتبووە خوارەوە من نەمدەزانی موسوڵمانان بۆ ژیان هەوڵ دەدەن".

کەواتە هۆکاری شکستی موسوڵمانان هەمیشە ئەوە بووە، کاتێک خۆشەویستی ژیان چووەتە دڵیانەوە، ئەوە بێگومان شکست تووشیان بووە، وەک دیمان لە بیلاتی شەهیدان و جەنگی ئوحوددا. مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ. واتە: هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوە دوا دەستی ئێوەی کۆتا کرد (لە دوژمنان) تا تاقیتان بکاتەوە، بێگومان لەوەو دوا خوا چاوپۆشی لێ کردن و لێتان خۆش بوو، خوا فەزڵ و رێزی هەیە بۆ ئیمانداران.

خوای گەورە لە موسوڵمانان خۆش بوو لەو شەڕەدا بۆ ئەوەی جارێکی کە هەستانەوە رووبەڕووی سەربەرزی دەبنەوە، واتا هەلێکی تریان پێ ئەدا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن. ئەگەر موسوڵمانان وازیان لەو کارە هێنا ئەوە گومانی تێدا نییە کە هەڵدەستنەوە و خۆیان ئامادە دەکەن. هۆکاری ئەوە بوو کە موسوڵمانان کە شکستیان هێنا لە بیلات و گەڕانەوە دواوە و لە ئێرەدا دەمانەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشین، سەرکەوتنێکی تر خۆیان ئامادە کرد.

ئوحود، کە جەنگی بەدر بوو لەدوای سەرکەوتنیان خوای گەورە بۆمان باس دەکات پێش ئەوە خوای گەورە دەستخۆشیان لێ ناکات بەڵکو

ـەرزەنشتیان دەکات روونکردنەوەیان دەداتێ لە سەر دەستکەوت بۆ ئەوەی لەخۆبایی نەبن و بزانن سەرکەوتن لەلای خواوە دێت، وەک لە سەرەتای سورەتی ئەنفالدا بۆمان باس دەکات و دەفەرموێت: يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١﴾ الأنفال. واتە: ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی دەستکەوتەکان، تۆ بڵێ: هەموو دەستکەوتەکان هی خوا و پێغەمبەرن (هەر ئەوان بۆیان هەیە بڕیاری چۆنییەتی دابەشکردنی بدەن)، کەواتە لە خوا بترسن و چاکسازی نێوانی خۆتان بکەن (بەیەڵن لەسەر تەماعی دنیا نێوانتان بشێوێت) و فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

ئەم ئایەتانە وەک تیر داباڕین بەسەر هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا ﷺ، بۆیە موسوڵمانان لەکاتی سەرکەوتندا دەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن. ئەوەمان لەبیر نەچێت عەبدوڕەحمانی غافقی لە جەنگەدا شەهید بوو، هیچ کات دڵی بە ژیان و بە خۆشییەکانی ژیاندا نەچوو، تێکچوونێکی زۆری تێدایە لە جەنگی ئوحوددا کە بانگۆی ئەوە کرا پێغەمبەر خوا ﷺ لەو جەنگەدا شەهید کرا، کاتێک کە عەبدوڕەحمان شەهید بوو، ئیتر موسوڵمانان تووشی شکست بوون، بۆیە مێژوو وانەیەکە، دەبێت خەڵکی شارەزایی لێی هەبێت، تا هەڵەکان دووبارە نەکرێنەوە!

## کێشەی هۆزگەرایی و جاهیلیەت

ئەم کێشەیە هەندێک جار لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ سەریهەڵداوە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بەوردی چارەسەری کردووە، کە زۆرجار لە نێوانی هاوەڵەکاندا رووی داوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبازەڕی غەففاری فەرمو: ئەی ئەبازەڕ تۆ کەسێکی بیروباوەڕی جاهیلیەتت بەتەواوەتی فڕێ نەداوە، ئەو برایانەی کە خوای گەورە هەژاری کردوون یاخود کردونی بە بەندە، واتا بەگشتی پێداویستی یان بە کەسانی تر بەهێز و باز و دەوڵەمەند پێویستە لە خواردنی خۆیان بدانێ، لە جلوبەرگێك کە خۆیان دەیپۆشن، بیاندەی بە ئەوانیش بیپۆشن، ئەم قسەکردنەش لەوە سەرچاوەی گرت، کە ئەبازەڕ بە بیلالی حەبەشی وت، کوڕی دایکە رەشەکە، ئیتر ئەم وتەیە بووە هۆکاری ئەوەی کە پێغەمبەری خوا تووڕە ببێت و ئامۆژگاری ئەبوزەڕ بکات، ئەویش دەستبەجێ پەشیمانی خۆی دەربڕی و بڕیای دا کاری وا دووبارە نەکاتەوە: دەقی فەرمودەکە: وقال لأبي ذر: طَفَّ الصَّاع، إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّة، إِخْوَانُكُمْ خَوَلُكُمْ جَعَلَهُمُ اللهُ تَحْتَ أَيْدِيكُمْ، فَمَنْ كَانَ أَخُوهُ تَحْتَ يَدِهِ فَلْيُطْعِمْهُ مِمَّا يَأْكُلُ وَلْيُلْبِسْهُ مِمَّا يَلْبَسُ وَلَا تُكَلِّفُوهُمْ مَا يَغْلِبُهُمْ، فَإِنْ كَلَّفْتُمُوهُمْ فَأَعِينُوهُمْ. وفي روايه أنه ﷺ قال: وَالَّذِي أَنْزَلَ الْكِتَابَ عَلَى مُحَمَّدٍ لَوْ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَحْلِفَ مَا لِأَحَدٍ عَلَى أَحَدٍ فَضْلٌ إِلَّا بِعَمَلٍ، إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا كَطَفِّ الصَّاعِ.

پاش ئەوەی پێغەمبەر خوا ﷺ لەم کارەی تورە بوو، ئەبازەڕ چووە لای بیلال و پێی وت ئەوا سەرم دەخەمە سەر ئەو خۆڵە، وەرە پێیەکانتی لەسەر دابنێ، بەڵام بیلال ئەو کارەی نەکرد و لێی خۆشبوو، وەچەند جار لە نێوانی ئەوس و خەزرەجدا روویدا، ئەوسییەکان بەسەر خۆیاندا هەڵدەدا بە هەمان شێوە خەزرەجییەکانیش، بەڵام کە پێغەمبەر ﷺ بەمەیزانی زۆری پێ ناخۆش بوو، فەرموی: جا ئەمە چۆن دەبێت هەریەکە باست و خواسی جاهیلی هزگەرایی دەکاتەوە، لە کاتێکیشدا من لە نێوانتاندام، دەقی فەرمودەکە: قال الرسول ﷺ: اللهَ اللهَ أَبِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ وَأَنَا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ، دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَة. والحديث في البخاري ومسلم.

پاشان لە نێوانی گەل هۆزەکاندا لەدوای مردنی پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەم دەمارگیری نەتەوەپەرستییە هاتە ئاراوە لەناو هۆزی حەنیفە دەستی پێ کرد، کە خەڵکانێک لە دەوری موسەیلەمەی درۆزن کۆبوونەوە، کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، لە پیاوێکیان پرسی کە لە هۆزی حەنیفە بوو، پشتیوانی لە موسەیلەمەی درۆزن دەکرد: وتیان ئایا محەمەد بەراستگۆ و پێغەمبەر نازانیت وە موسەیلەمەش بەدرۆزن؟ لە وەڵامدا وتی: وەڵاهی دەزانم کە موحەمەد راستگۆیە و موسەیلەمە درۆزنە! بەڵام درۆزنێکی بەنی رەبیعە و بەنی حەنیفەم پێ باشترە، لە راستگۆیەکی وەک محمد ﷺ. کێشەی نەتەوە و گەل و هۆزەکان گەیشتبووە ئەو ئاستە، کە ئیمان رەگی دانەدەکوتی لە دڵی موسوڵمانانلدا.

ئەگەر ئەم کێشەیە لەناو موسوڵمانانلدا سەری هەڵدا ئەوە دڵنیابن کە شکست دێنین و هەرگیز سەر ناکەوین، وە هەمیشە کۆیلەی دەستی عەلمانیی و بێباوەڕەکانی تر دەبین، دەبێت موسوڵمانان هەمیشە ئەم کێشانە روون بکەنەوە بۆ خەڵکی وەک خوای گەورە دەفەرموێت: وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾ الذاريات. واتە: (بەڵکو تۆ هەمیشە) یادیان بخەرەوە چونکە یادخستنەوە سوود بە ئیمانداران دەگەیەنێت.

بوومان لەبیر نەچێت ئەوەی، کە ڕوویدا تازە ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ زەمەنی خۆمان، بەڵام دەتوانین سوود لەمێژووەکەیان وەربگرین.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: روى البيهقي عن أبي هريره رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَه أَمَرَ اللهُ مُنَادِيًا يُنَادِي: أَلا إِنِّي جَعَلْتُ نَسَبًا وَجَعَلْتُمْ نَسَبًا، فَجَعَلْتُ أَكْرَمَكُمْ أَتْقَاكُمْ، فَأَبَيْتُمْ إِلَّا أَنْ تَقُولُوا فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ خَيْرٌ مِنْ فُلَانِ بْنِ فُلَانٍ، فَأَنَا الْيَوْمَ أَرْفَعُ نَسَبِي وَأَضَعُ نَسَبَكُمْ. ويقول سبحانه وتعالى في كتابه الكريم: فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنْسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ، واتە: کاتێ کە فوو کرا بە (صور)دا، ئیتر هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەنێوانیان دا نامێنێت، وە پرسیاریشیان (لەو بارەیەوە) لێ ناکرێت. فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ، واتە: ئەوەی تەرازووی چاکەی سەنگینە، ئا ئەوانە سەرفەراز و سەرکەوتوون، وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ. ﴿١٠٣﴾ المؤمنون. واتە: بەڵام ئەوەی تەرازووی چاکەی سووک بێ، ئەوانە و ئەو کەسانەن، کە خۆیان لە کیسچووە و خۆیان خەسار و ڕیسوا کردووە، دەبێت هەر لەناو دۆزەخدا ژیانی ئەبڕاوە بیەنە سەر.

## گەڕانەوەی موسوڵمانان بۆ ئەندەلوس

لە دوای گەڕانەوەی موسوڵمانان بۆ ئەندەلوس والییەکی تازە فەرمانڕەوای دەکرد، کە ناوی عوقبەی حەجاجی سەلولی بوو، لە ساڵی ١١٦ کۆچی دەسەڵاتی وەرگرت تا ساڵی ١٢٣ کۆچی سەر لەنوێ توانی موسوڵمانان کۆبکاتەوە لەسەر جیهاد و خەبات و دینداری، توانی هاودینەکانەوە نێوان خەڵکی ئەندەلوس و فەرەنسا.

ئەم سەرکردە عوقبەی حەجاجی سەلولی کەسێکی لێهاتوو و شارەزا بوو لە بەڕێوبردنی دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتدا، بۆیە ئازاد بوو لە هەڵبژاردن، هەموو باکووری ئەفریقا بگرێتە دەست یان ئەمارەتی ئەندەلوس، بێگومان ئەندەلوسی هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی خاکی جیهاد و خەبات بوو، وە هەمیشە نزیک بوو لە وڵاتی نەسارەوە. ئەم سەرکردە شارەزا و جوامێرە توانی خەبات و جیهاد دەست پێ بکاتەوە لە فەڕەنساوە زۆربەی شوێنەکانی گرتەوە و توانی بەتەواوی ئەربوونە و جلیقیە و بنبلونە فەتح بکات، وە ئەم پیاوە وەک باسی لێوە دەکەن چەندە ئازا و چاونەترس بووە، ئەوەندە هەست ناسک و چاو بەفرمێسک بووە، تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی گریاوە و هەرگیز دیلی نەکوشتووە، بەڵکو ئیسلامی بە جوانی تێدەگەیاند و بتپەرستی لەبارچاو ناشیرین دەکرد.*

خاوەنی کتێبی (البيان المراكش في أخبار الأندلس و المراكش: بەرگی ١ / لاپەڕە ١٥١)، لەبارەی گەورەیی ئەم سەرکردەیە دەڵێت: کاتێک کە رەشمەی فەرمانڕەوایی ئەندەلوسی گرتە دەست، بە جوانترین شێوە بەڕێوەی برد و مێژوویەکی پڕ جوامێری و سەروەری بۆ خۆی تۆمار کرد، لە دادپەروەریدا هاوشێوەی لەسەردەمی خۆیدا زۆر کەم بووە.

مەقری لە کتێبی (نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب: بەرگی ١ / لاپەڕە ٢٣٦) باسی فەرمانڕەوای ئەندەلوسی کردووە و دەڵێت: عوقبەی حەجاجی سەلولی بۆ ماوەی پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی ئەندەلوسی کردووە، پیاوێکی زۆرباش و مێژوویەکی پڕ سەروەریی و سەرکەوتنی هەیە، زۆر هێمن و هێواش بووە و موجاهید و سەرکردەیەکی لێوەشاوە و ئازا و جوامێر بووە.

لە راستیدا ئەم سەرکردە بۆ ماوەی حەوت جار هێرشی بردە سەر نەسرانییەکان، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، خۆی لەگەڵ دیلەکان دەکەوتە گفتوگۆ تا موسوڵمانی دەکردن، هەمیشە دەیوت ئەوە بۆ من گرنگترە، کە خەڵکی موسوڵمانان بکەم " فو الله لأنْ يَهْدِيَ اللهُ بِكَ رجُلًا واحدًا خَيْرٌ لكَ من حُمْر النعم " متفق عليه. جا ئەگەر هەزار کەس بێت! ئەوە خێر و پاداشتێکی نەبڕاوەی هەیە، واتە فەرموودەکەش ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر کەسێك هیدایەت و رێنموونی لەسەر دەستی کەسێکی تر وەربگرێت، پاداشت و خێری زۆرترە و باشترە لەوەی هەیە لەم جیهانەدا.

پاشان عوقبەی حەجاجی سەلولی لە جەنگێکدا شەهید دەبێت و لە ساڵی ١٢٣ کۆچی بە شەهیدبوونی ئەو سەرکردە ئازا و جوامێرە، کۆتایی هات بە سەردەمی یەکەمی والییەکان.

---

* ئەم باسە لە کتێبی (الأعلام للزركلي بەرگی ٤، لاپەڕە: ٢٢٠)دا هاتووە.

سەردەمی دووەمی والییەكان دەست پێ دەكات لەدوای شەهیدبوونی عوقبەی حەجاجی سەلولی، ئیتر سەر لەنوێ براكوژی و دەمارگیریی و پاشڤولكرتن لەیەكتری دەستی پێ كردەوە.

سەردەمی دووەمی والییەكانی ئەندەلوس

ئەم سەردەمە لە ساڵی ۱۳۲ كۆچی تا ساڵی ۱۳۸ كۆچی، دەستپێكردنی ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك، لەوانە: جەنگی بیلاتی شەهیدان و خۆشەویستی ژیان و دەستكەوت و سەروەت و سامان، وە دەمارگیریی و نەتەوەپەرستی دەكەوێتە نێو موسوڵمانان.

هۆكارەكانی شكستی موسوڵمانان چی بوون؟

یەكەم: خۆشەویستی دنیا

لەسەردەمی یەكەمی والییەكاندا دەستكەوتێكی باش كەوتە دەست موسوڵمانان، وە خەڵكی ئەندەلوس بەگشتی دەوڵەمەندبوون جیهان بەڕوویان دا كرایەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: یقول إِنَّ مِمَّا أَخَافُ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِي مَا يُفْتَحُ عَلَيْكُمْ مِنْ زَهْرَةِ الدُّنْيَا وَزِينَتِهَا. واتە: ئەترسم لە دوای خۆم دەرگاكانی خۆشیی و شادیی و جوانی ئەم دنیایە بەسەرتاندا بكرێتەوە و پێهەڵبخەڵەتێن.

بەو شێوە موسوڵمانان كاریگەری دنیایی كەوتە سەریان و مەست بووبوون بە خۆشییەكانی ژیان، وە تەنانەت كاریگەری لەسەر ئیمانیان هەبوو!

دووەم: دەمارگیریی و نەتەوەپەرستی

دەمارگیریی و نەتەوەپەرستی بەشێوەیەكی گشتیی و گەورە رووی كردە ناو موسوڵمانان و ریزەكانیانی بەزاند، توانی ئەو دیوارە موسوڵمانان بیەزێنێت لە وڵاتی ئەندەلوس، هەروەك لە پێشتر ئامازمان بۆ كرد سەرچاوە بنەڕەتەكەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی پۆتن لە بیلات شەهیدان، تەنانەت عەرەبەكان لە ناو خۆیاندا دابەشبوون بەربەرەكانیش بەهەمان شێوە، خەڵكی ئەندەلوسیش تووشی دەمارگیری نەتەوە پەرستی بوون، بۆ نمونە لە نێوانی عەرەبەكان كێشە كەوتە ناو هۆزی موضارییین و حیجازی وە كێشە كەوتە نێوان عەدنانییەكانی حیجازی و قەحطانییەكانی یەمەن، شەڕێكی زۆر گەورە روویدا لە نێوانیان دا كە سەرەتایەكی زۆر ترسناك بوو بۆ ئەندەلوس.

سێیەم: ستەمی والییەكان

لەدوای شەهید بوونی ئەو والییە بەڕێزانەی كە ئاماژەمان بۆ كردن، والییەك دەسەڵاتی گرتە دەست بەناوی عەبدولمالیكی كوڕی قەطن ئەم پیاوە تا بڵێیت كەسێكی گەندەڵ و ستەم كار و خوێن ڕێژ بوو. خەڵكەكەی بەش كرد لەسەر بنەمای هۆزگەری و نەتەوە چێتی، زەوی ئەندەلوسی پڕ كرد لە نەهامەتی و ناخۆشی، بۆنمونە دەستكەوت و غەنیمەتی ئەدا بە گەڵ و هۆزی موضارییی، بەڵام بەربەری بێ بەش دەكرد. ئیتر خەڵكی بەش بەش بوون و دەستیان كرد بە شۆڕش هەڵگەڕانەوە.

لەپاشاندا كەسێكی تر دەسەڵاتی گرتە دەست بە ناوی یوسفی كوڕی عەبدولڕەحمانی فەهری ئەم فەرمانڕەوایە لەوی پێشوتر خراپتر بوو، زۆر ستەم و جەوری لە ناو خەڵكی دا بڵاوكردەوە.

تەنانەت خۆی دابڕاند لە خیلافەتی ئەمەوی و خۆی بە ئەمارەتێكی سەربەخۆ ناو زەندكرد، و ئەم یوسفی كوڕی عەبدولڕەحمانی فەهری تا ساڵی ١٣٨ كۆچی فەرمانڕەوای كرد، كە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەكەی دا زیاد لە ٣٠ شۆڕش و یاخی بوون دژی كرا، بەڵام بە خوێن و بە ستەم و زۆركاری هەمووی لە ناوبرد، وە خەڵكی بەجۆرەها ناو و ناتۆرە دەچەوساندەوە و زوڵمێكی زۆری لە دانیشتوانی ئەندەلوس دەكرد.

چوارەم: وازهێنان لە جیهاد

پێشتر باسی سەركەوتنە یەک لەدوای یەكەكانی موسوڵمانانمان دەكرد، كە چەند سەروەریان بۆ خۆیان تۆمار كرد لە ئەندەلوس و فەڕەنسا، بەڵام هەر كات ژیان لە دڵدا جێگیر بوو و دەمارگیری و نەتەوەپەرستی هاتە ئاراوە دەسەڵاتداران ستەمیان كرد، شۆڕش دەستی پێ كرد و دژیان، كارێكی سروشتییە كە خەڵكی واز لە جیهاد بێنێت و وەک وەڵامدانەوەیەكە، كە خوای گەورە موسوڵمانانی فێر دەكات، كە سوننەتێكی خواییە كە دەبێت زەلیل بن و دوژمنانیان سەر بكەون بەسەریان دا، چونكە جیهادەكەیان بەجێهێشتووە و سەرگەردان بوون بە خۆشی دەسەڵاتی خۆیانەوە، فتوحات وەستا لەخاكی فەڕەنسا و بەهەمان شێوە لەگەڵ نەسرانییەكانی بلای صخرە شەڕ لەگەڵ ئەوان ڕاگیرا لە باكووری ڕۆژئاوای ئەندەلوس، ئەو جێگەیەی كە لەسەردەمی طارق كوڕی زیاد و موسای كوڕی نوصێر ئەو جێگەیە مابوو وە فەتح نەكرابوو، هەروەک وتمان هەر گەل هۆز و سەركردەیەک واز لە جیهاد بهێنێت ئەوا خوای گەورە سەر شۆڕ زەلیلیان دەكات وەک سەروەرمان ﷺ دەفەرمووێت: يروي أبو داود عن ابن عمر - رضي الله عنهما - أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ (نوع من الربا) وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمُ الْجِهَادَ، سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ. واتە: ئەگەر هەوڵتان دا بۆ كار و كەسابەتی ڕیبا و سەرقاڵبوون بە مەڕ و ماڵات بەخێو كردنەوە بەلای كشتوكاڵ و جوتیارییەوە بەسترانەوە و وازتان لە جیهاد هێنا، ئیتر خوای گەورە دوژمنتان بەسەردا زاڵ دەكات، زەلیل دەبن، تا ئەوكاتەی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئائینی پاكو بێگەردی خوای گەورە.

بەڵێ ئەوە ژیانی موسوڵمانانە ئەگەر جیهاد بەجێبهێڵن خوای گەورە سەرشۆڕ و زەلیلیان دەكات بەو شێوە سەرقاڵ دەبن بە ژیانی دونیایان، بۆیە زەلیل بوون، چونكە جیهادیان بەجێهێشت لە فەڕەنسا و ئەندەلوس.

ئەو ڕووداوە گرنگانەی كە لەسەردەمی دووەمی والییەكاندا ڕوویدا:

ئەگەر تەماشای كارەكانی پێشووی سەردەمی دووەمی والییەكان بكەین، دەبینین چیان بەرهەم هێناوە، وە دەبێت هەر ئەوەش بدۆزینەوە لەو كارانەی كە ڕوویداوە لە سەردەمی دووەمی والییەكاندا بریتییە لە:

یەكەم: لە سەردەمی ئەم والییە خوێن ڕێژە یوسفی كوڕی عەبدولڕەحمانی فەهری هەرچی خاكی فەڕەنسا بوو لەدەستچوو، فرنجەكان وەریانگرتەوە و خستیانەوە ژێر ڕكێفی خۆیان، بێجگە لە ناوچەی سێتمانیا كە موسای كوڕی نوصێر بە سریەیەک لە سریەكانی فەتحی كردبوو كە پێشتر ئاماژەمان پێ كردبوو.

دووەم: وڵاتێكی بچووكی نەسرانی لە ناوچەی باكووری رۆژئاوای ئەندەلوس سەریهەڵدا خۆی ئاشكرا كرد، كە ئەو جێگەیە بوو بەناوی بلای صخرە دەوڵەتەكەیان ناویان نا مەملەكەتی لیۆن.
سێیەم: وە لە هەمووی ناهەموارتر ئەوەبوو ئەمارەتی ئەندەلوس لە خیلافەتی ئەمەوی خۆی جیاكردەوە سەربەخۆی خۆی راگەیاند لەسەر دەستی والی خوێنڕێژ یوسفی كوڕی عەبدولرەحمانی فەهری.
چوارەم: خاكی ئەندەلوس پارچە پارچە كرا لەسەر بنەمای گەل و هۆز، وە هەریەكە دەسەڵاتی جیاواز دەكردەوە، شۆڕش و یاخیی بوون روویدا لە نێوانی موسوڵمانانندا.
پێنجەم: لەهەمووی ترسناكتر ئەوە بوو هزری خەوارجی هاتە ناوچەی مەراكیش و تونس جەزائیر و بەبەرەكان ئەو هزرەیان وەرگرت لەدژی ستەمی یوسفی كوڕی عەبدولرەحمانی فەهری واتە بیروباوەڕی راستی ئیسلامی، وا خەریكە تووشی گۆڕان دەبێت لەناو بەربەرەكان زۆربەی تری خەڵكی ناوچەكە لەتاو زوڵم و ستەمی یوسفی كوڕی عەبدولرەحمان فەهری.
شەشەم: لە هەمووی سامناكتر جیهانی ئیسلامی بەرەوە پارچە پارچە بوون دەڕوات و شۆڕشی عەباسیەكان دەستی پێ كرد لە دژی ئەمەویەكان، وە خیلافەتی ئەمەوی بەتەواوەتی روخا لەسەر دەستی عەباسیەكان لە ساڵی ١٣٢ كۆچی، عەباسییەكان هاتنە سەر فەرمانڕەوای جیهانی ئیسلامی بەمەش كێشەی ئەندەلوس لە بەرچاو ون بوو كەس باسی نەدەكرد.

## گۆڕانکاری لە ئەندەلوس

بۆ ئەوەی چاکسازی و گۆڕانکاری بکرێت پێویستی بە موعجزەیەک هەیە، تا ئەو وڵاتە پارچە پارچە بکاتەوە بەیەک، چونکە لەسەردەمی دووەمی والییەکان دا زۆرترین ستەم و خراپە کاری کرا موسوڵمانان بە دەیان دەستەو دەسەڵاتیان لێدەرچوو بوو. لە راستیدا ئەم رەوشە تەنیا موعجیزەیەکی خوایی دەتوانێت رێکیان بخاتەوە، بەڵێ ئەو موعجیزەیە روویدا ئەویش بریتییە لە پیاوێک کە مێژوو هەمیشە لەلانکەی خۆی گرتووە ئەو سەرکردە ئەژدەرە کە عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە کوڕی هیشامی کوڕی عبدالمەلیکی ئەمەوی بوو، ئەم سەرکردە لێوەشاوەیە هاتە خاکی ئەندەلوس نەخشەی ئەندەلوسی گۆڕی و توانی جوانترین ژیاری تێدا دروست بکات، کە لە مانگی ذي الحجه ساڵی ١٣٨ کۆچی هاتە ناو خاکی ئەندەلوس.

عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە لە ساڵی ١١٣ تا ١٧٢ کۆچی، بۆ ئەوەی چیرۆکی مێژووی ژیانی ئەم سەرکردە گەورەیە بزانین لە خاک و وڵاتی ئەندەلوس پێویستە بگەڕێینەوە چەند ساڵێک بۆ دواوە بۆ ئەوەی رووداوەکان لە پێش چاومان بێت، کە ئەم سەرکردە ئەژدەرە چۆن پێگەیشت لە خاک و وڵاتی ئەندەلوس، وە بۆ ئەوەی بزانین چۆن هاتە ناو خاکی ئەندەلوس.

سەرەتا لە ساڵی ١٣٢ کۆچی سەرەتایی شکستی ئەمەوییەکان بوو لەسەر دەستی عەباسییەکان کە بە شمشێر و خوێن زۆربەی ئەمەوییەکان لە ناوچوون و کوژران، ئەوەی لە بەنی ئومەیە ئامادەبوو بۆ گرتنە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خیلافەتی عەباسییەکان لە ملیان ئەدا و دەیان کوشت، عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە کوڕەزای هیشامی عبدالمەلیک بوو کە یەکێک بوو لە ئەمیرەکانی بەنی ئومەیە، بەڵام شمشێری عەباسییەکان بەم سەرکردەیە نەگەیشت لە دەستیان هەڵهات.

لە راستیدا هیشامی باپیری عەبدوڕەحمان لە ساڵی ١٠٥ کۆچی تا ١٢٥ فەرمانڕەوایی کرد.

عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە لە ناو فەرمانڕەوایانی خیلافەی ئەمەوی دا پەروەردە بوو، کوڕێکی ئازاو خاوەن دەسەڵات بوو وەک باپیر و مامەکانی کەسێکی لێهاتوو بوو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کاری سەربازییدا لەهەمان کاتدا کەسێکی لە خواترس و خاوەن وەرع بوو، کەسێکی زیرەک و لە خۆ بووردە بوو،لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەمەوییەکان خەریکی کاری کەندەڵی بوون، بۆیە عەباسیەکان کەوتنە لە ملدانی ئەمیرەکانی ئەمەوی ئەمە هۆکارێک بوو لە نێوانی جەنگی عەباسیەکان و جەنگی ئەمەوییەکان. توانیان هەڵگەڕانەوەیەکی زۆر باش بکەن وپاش بن لە دەسەڵاتی ئەمەویەکان هەرچی ئەوەی بەنی ئومەیە بوو لەگەڵ ئەمیرەکانیان تەنانەت ئەوەی دەستیان پێ بگەیشتایە لە ملیان ئەدا، واتا ئەمەوی قڕانیان دەست پێ کرد بوو بەئاشکرا ئەوەی لە ماڵی ئەمەوییەکاندا پەروەردە بیووایە، دەبوو بکوژرێت بێجگە لە منداڵ و ژن و پیریان.

لەساڵی ١٣٢ کۆچی عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە لە عێراق دادەنیشت، لە ناکاو منداڵەکەی بە گریان و هاوار خۆی کرد بە ژوورەکەی عەبدوڕەحماندا ئەویش گرتییە باوەش تا هێوری بکاتەوە وایزانی لە شتێکی ترسناک ترساوە، ئەو سەردەمە عەبدوڕەحمان تووشی نەخۆشی چاو ئێشان بوو وەک مێژوونووسان دەڵێن چاوی بەردی دروست دەکرد تووشی ئەراکومە بووبوو، دەبووڵە ژووری

دارێکا دابنیشتیدایە، هەر خەریکی ژێر کردنی منداڵەکەی بوو لێی دەپرسی چی روویداوە نەبوو. ئەو ماوەیە عەبدوڕەحمان زۆر گۆشەگیر بوو بەهۆکاری نەخۆشییەکەی لە ڕەواش خۆیەوە سەیری دەرەوەی کرد بینی وا ئاڵای ڕەشی عەباسیەکانە لە دەوری ماڵەکەی دا ماڵەکەی بوونەتەوە، دیارە ئاڵای عەباسییەکان ئاڵای ڕەش بووە ئەو دیەیان هەموو گرتبوو ئەوەی کە پێویست بیگرن عەبدوڕەحمان و براکەی بوو. عەبدوڕەحمان خێرا وەلیدی برای ئاگادار کردەوە بەرووت و سامانەکەی خستەناو تورەکەیەکەوە و بردی رایان کرد لەدەست عەباسییەکان، ژن و منداڵەکانی بەجێهێشت. دوای ئەوەی عەبدوڕەحمان و براکەی رایان کرد بەرەو رووباری فورات بینیان وا هێزی عەباسی چواردەوریان گرتوون لەسەر رووبارەکە، بۆیە ناچار خۆی و براکەی ویستیان بە مەلە بە ئاوی فورات دا بپەڕنە ئەوبەری، بەڵام هێزی عەباسییەکان هاواریان لێ کردن بگەڕێنەوە ناتانکوژین و ئەمانتان ئەدەینێ. وەلیدی برای عەبدوڕەحمان زۆر ماندوو بوو لە مەلەکردن بە عەبدوڕەحمانی وت من دەگەڕێمەوە ئەوان پەیمانی پاراستنیان بە ئێمە داوە، بەڵام عەبدوڕەحمان زۆری پێ وت نەکەی بگەڕێیتەوە ئەوانە هەر دەتکوژن بەقسەم بکە مەگەڕێوە بۆ خاتری خوا براکەم سوێند بەخوا دەتکوژن، زوو زوو عەباسیەکان هاواریان دەکرد بگەڕێنەوە سوێند بە خوا دەتانپارێزین ژیانتان پارێزراوە. ئیتر ئەمە وای کرد لە وەلید کە بگەڕێتەوە، کە گەڕایەوە عەباسیەکان وەلیدیان گرتوو هەر لەسەر ئاوەکە لە سەریان دا و سەریان پەڕاند، عەبدوڕەحمان چاوی لێی بوو لەناو خەفەت و گریان قسەی بۆ نەکراو بەردەوام مەلەی کرد تا پەڕیەوە ئەوبەری رووباری فورات، ئەوندە خەفەت بارو دڵ پڕ لە حەسرەت بوو نەیدەزانی چی بکات بیری بۆ نەدەکرایەوە، چونکە وەلیدی برای تەمەنی سیانزە ساڵ بوو کە کوژرا، عەبدوڕەحمان رووی کردە خاکی مەراکیش بەرەو ئەو جێگەیە کەوتە ڕێ لەبەر ئەوەی دایکی عەبدوڕەحمان لە بەربەرەکان بوو ماڵی خاڵوانی لەوێ دەژیان، ڕوی کردە ماڵی خاڵوانی لە گۆچێکی دوورو درێژ و پڕ ئاسۆر بوو بۆ عەبدوڕەحمان کە خاکی حیجاز و میسر و لیبیای بڕی بە نارەحەتی تا گەیشتە قەیرەوان لە تونس کە هەندێک جار وای لێ دەهات خۆی ئامادە دەکرد بۆ مردن یان بۆ کڕین و فرۆشتن خەریکبوو دەکرایە بەندە، بەڵام ئەوەندە ئازا و لە خۆ بردوو بوو لە هەموو ناهەمواریانە رزگاری کرد خوای باڵا دەست تا گەیشتە ماڵە خاڵوانی لە قەیرەوان.

بەڵێ عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە گەیشتە قەیرەوان، ئەو دەمە تەمەنی ئەم سەرکردەیە حەڤدە ساڵ بوو کاتێک گەیشتە ئەو وڵاتە لە تونس و قەیروان شۆڕشی خەواریجەکان دەستی پێکرد بوو دژی ئەمەوییەکان، واتە لە ڕۆژهەڵات عەباسییەکان شۆڕشیان کرد وە بەهەمان شێوە لە ڕۆژئاوا خەواریجەکان دەستیان کرد بە شۆڕش دژی ئەمەوییەکان، وە ئەم شۆڕشەی خەوارجەکان زۆر گەورە بوو لە باکووری ئەفەریقا نزیکەی زۆربەی جێگەکانی گرتەوە بەسەرۆکایەتی پیاوێکی خەوارجی خوێنڕێژ بەناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەبیب وە لە هەمان کاتدا دژایەتی خیلافەتی عەباسیەکانی دەکرد زۆر ناکۆک بوون بەیەکەوە، لەبەر ئەوەی کە خەوارجەکان زیاتر لایەنگری عەلی کوڕی ئەبوطالب بوون زۆر رقیان لە معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دەبووەوە -ڕەزامەندی خوای گەورەیان لەسەر بێت- کەواتە زیاتر دژایەتی ئەمەویەکانیان دەکرد بە هەمان شێوە عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە لەوێش نەیدەتوانی دابنیشێت ئەگەر بیان گرتایە ئەوا بێ گومان لە

ملیان ئەدا پاشان عەبدوڕەحمانی كوڕی حەبیب هەواڵی پێگەیشت كە عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە لە قەیرەوانە وتی هەركەس سەرەكەی یاخود بیگرێت ئەوە خەڵاتی دەكەم، لە قەیرەوان پێیانزانی ناچار هەڵهات بۆ لیبیا بۆ شارێك بەناوی برقە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ماڵی هەندێك لەخاڵوانی لەوێ مایەوە، تا ساڵی ١٣٦كۆچی تەمەنی عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە بوو بە بیست و سێ ساڵ.

عەبدوڕەحمان كوڕی معاویە بیری لەوە كردەوە ئایا دەبێت هەروا خۆی بشارێتەوە لەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات؟

ئەم سەركردە لاوە لەهەموو وڵاتەكانی دەوروبەری ئەگەر بیگرن ئەوا دەیكوژن لە هەموو جێگەكانی جیهان بە شوێن ئەم كەسەدا دەگەڕێن لە شام و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەشوێنیدا دەگەڕێن واتا لای عەباسیەكان، وە لە باكووری ئەفریقا لەلایەن خەوارجەكانەوە بەشوێنی دا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیكوژن، بیری لەوە كردەوە كە نابێت ئەم تا مردن خۆی بشارێتەوە كە لەزنجیرەی خەلیفەكانی ئەمەویە وە دەزانێت لەو هەموو جیهانی ئیسلامی ئەمەویەكان بەشوێنیان دا دەگەڕێن و دەیان كوژن و سەریان دەبڕن، بۆیە بیری لەوە كردەوە كە ئەمەویەكان كۆبكاتەوە لە هەرجێگەیەكن هەواڵی یەكتری بزانن، لەوانییە سەر لە نوێ عەبدوڕەحمان كوڕی معاویە شۆڕشی ئەمەوی دەست پێ بكاتەوە؟

عەبدوڕەحمان كوڕی معاویە بیری لەوە كردەوە، كە بڕوات بۆ خاكی ئەندەلوس، لەبەر ئەوەی باشترین جێگەیە بۆ ئەو لەوانەیە پێشوازی لێبكرێت، خۆ ئەگەر پێشوازی لێنەكرێت دووری لەدەست خەوارج و عەباسییەكان دەستیان بە ئەندەلوس ناگات، وە ئاماژەمان بۆ كرد كە لەسەردەمی دووەمی والییەكان بوو كە خۆیان داماڵی بوو لە خیلافەتی ئیسلامی، ئەندەلوس خۆی بۆ خۆی ئەمارەتێكی جیاواز بوو كە فەرمانڕەوای سەرەكی یوسفی عەبدوڕەحمانی فهری بوو بێجگە لە چەند دەسەڵاتێكی بچووك بچووكی تر لەناو ئەو ئیمارەتە بچووكەدا، كەواتە باشترین جێگە بۆ عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە دورە دەستی ئەو دوو دەسەڵاتەیە، وەك عەباسی و خەوارجی لەوانەیە بتوانێت شۆڕشێكی تێدا بەرپا بكات.

عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە چۆن چووە ناو خاكی ئەندەلوس

لە ساڵی ١٣٦كۆچی خۆی ئامادەكرد چۆن بپەڕێتەوە بۆ ناو خاكی ئەندەلوس، ویستی چەند كارێك بكات بۆ پێداویستییەكانی بۆ خاكی ئەندەلوس ئەو كارەنە بریتیی بوون لە:

یەكەم: ناردنی خزمەتكارەكەی كە ناوی بەدر بوو بۆ خاكی ئەندەلوس، تا لێكۆڵینەوەیەكی بۆ بكات لە چۆنیەتی رەوشی ئەو ئەمارەتە و چۆنییەتی فەرمانڕەواكانیان و زەمینەی سیاسی ئەندەلوس.

دووەم: ناردنی بەدر بۆ ئەو شوێنانەی كە خیلافەتی ئەمەویەكانیان خۆش دەویست، چونكە خەڵكانێك هەبوون لەسەردەمی معاویەی كوڕی ئەبوو سوفیان كە ئەو دەسەڵاتەیان خۆش دەویست لەشام زۆر رازیبوون لە دەسەڵاتی عومەری كوڕی خەطاب خۆشەویستی ئەو بوو وای كرد دەسەڵاتی ئەمەوییەكان خوشەویست بێت، وە لە خیلافەتی عوسمانی كوڕی عەفان پاشان خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبو طالب، وە لە هەموو جیهانی ئیسلامی دەسەڵاتی خیلافەتی ئەمەویان خۆش دەویست، چونكە دەیان زانی كە بەنی ئومەیە زۆر لێهاتوو بوون لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات، لەسەردەمی ئەواندا فتوحاتی زۆر گەورە كرا و زۆربەی وڵاتان كەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان لە سەردەمی ئەمەویەكاندا، وە لە سەردەمی ئەمەوییەكاندا وڵاتی ئەندەلوس فەتحكرا و خەڵكی ئەندەلوس خۆشەویستییەكی بێ وێنەیان هەبوو بۆ ئەمەوییەكان، خەڵكانێكی موجاهید و هەمیشە لە خەبات و جیهاد دا بوون بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەندێك لە گەل و هۆزەكان زۆر رقیان لە بەنی ئومەیە دەبووەوە.

سێیەم: لە زیرەكییەكی بێ وێنەدا هەواڵی نارد بۆ بەربەرەكان كە لەگەڵی یەك بگرن لە ئەندەلوس، چونكە لە ململانێیەكی زۆر گەورەدا بوون لەگەڵ یوسفی كوڕی عەبدوڕەحمانی فهری وە هەمیشە عەرەبەكانی بەرز كردبووەوە و بەربەرەكانی پەراوێز كردبوو، یوسفی عەبدوڕەحمانی فەهری لەسەر بنەمایی دەمارگیری نەتەوە پەرستی فەرمانڕەوای دەكرد.

چوارەم: هەواڵی نارد بۆ هەموو ئەمەویەكان لە جیهاندا كە لە ئەندەلوس كۆببنەوە و بیرەكەی خۆی بۆ باس كردبوون، ئەگەر رازین بەو بیرو سیاسەتەی كە ئەم بۆی باس كردبوون یارمەتی بدەن بۆ سەركەوتن لەگەڵیدا بن.

بەڵێ توانی خەڵكی لە خۆی كۆبكاتەوە و یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی بچنە ناو خاكی ئەندەلوس، توانی لە ماوەی دوو ساڵدا توانی بە تەواوەتی كارەكانی ئەنجام بدات، وە خزمەتكارەكەی نارد بۆ لای كەسێك بەناوی غالبی تەمیمی تا بۆ پێشوازی كردنی عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە ئامادە بكات لە ئامادەكردنی كەشتیەك بۆ پەڕینەوە لە ساڵی١٣٨ كۆچی توانیان كە كەشتیەكی بۆ ئامادە بكەن لەگەڵ غالبی تەمیمی كاتێك كە چووە لای غالبی تەمیمی لێیپرسی ناوت چیە؟ ئەویش ناوی خۆی پێ وت و وتی: سوپاس بۆ خوا ئەوا سەركەوتین و كۆتایی هات بە كارەكەمان، خۆی بە تەنهایی لەگەڵ ستاقی كەشتیەكە لە خاكی ئەندەلوس دابەزی لەو كاتەوە عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە ناونرا بە عەبدوڕەحمانی داخل.

عەبدوڕەحمانی داخل لە خاکی ئەندەلوسدا:

عەبدوڕەحمانی داخل بەتەنها لەسەر کەنارەکانی ئەندەلوس دابەزی، ئەوەی پێشوازی لێکرد تەنها خزمەت کارەکەی بەدر بوو. پاشان رووی کردە قورتوبە کە ئەو سەردەمە وەک ئاملازمان بۆ کرد یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری فەرمانڕەوای دەکرد، وە مێژوونووسان دەڵێن لە ساڵی ١٣٨ کۆچی بەتەواوەتی خەریبوو ئیسلام لە ئەندەلوس کۆتایی پێ بێت، چونکە شۆڕش لەسەر شۆڕش دەکرا نەسرانییەکان خۆیان ئامادە کردەوە بۆ جەنگ لەگەڵ موسوڵمانان دا وە پێگەی دەسەڵاتی خۆیان بەهێز کرد لەناوچەکەدا نەسرانییەکان دەیانویست خاکی ئەندەلوس لەدەستی موسوڵمانان وەربگرنەوە رۆژی موسوڵمانان بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت.

لەو کاتەی کە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە چوە ناوخاکی ئەندەلوس دەستی کرد بە خەڵک کۆکردنەوە لە دەوری خۆی و هەواڵی نارد بۆ ئەوانەی کە دەسەڵاتی ئەمەوییەکانیان خۆش دەویست، بەربەرەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، هەندێک لەو گەل و هۆزانەی، کە لەگەڵ یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری کێشەیان هەبوو رقیان لە دەسەڵاتەکەی بوو، وە زۆربەی ئەمەویەکان لە ئەندەلوس کۆبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا ژمارەیەکی وای کۆنەکردەوە، کە بتوانێت گۆڕانکاری بکات هیچ گۆڕانکاریەک رووی نەدا لە ماوەی کۆکردنەوەی خەڵکی دا.

پاشان عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە بیری لەوە کردەوە کە لەگەڵ یەمەنییەکاندا یەک بگرێت، چونکە ئەوانیش کێشەیان هەبوو لەگەڵ یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری، چونکە یوسف خەڵکی حیجاز بوو کێشەی هەبوو لەگەڵ یەمەنییەکاندا، بۆیە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە یەمەنییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، یەکبگرن بۆ لێدانی یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری.

ئەو سەردەمە سەرکردەی یەمەنییەکان بنکەی لە شاری ئیشبیلیە بوو بەناوی ئەبوصوباحی یەحصەبی لەوێ نیشتەجێ بوو بوون زۆربەی یەمەنییەکان لەوێ دەسەڵاتیان هەبوو فەرمانڕەوایان دەکرد. وە ئەو شارەی، کە ئەوان فەرمانڕەوایان دەکرد یەکێک بوو لە شارە گەورەکانی سەردەمی ئەندەلوس، عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە خۆی چوو بۆ لای ئەبوو صوباحی یەحصەبی لە ئیشبیلیە کۆبوونەوەی لەگەڵ کرد، وە رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە دژی یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری بجەنگن تا لە دەسەڵات دایبماڵن.

پێش ئەوەی جەنگ دەست پێ بکەن عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە چەندجار نامەی نووسی بۆ یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری کە دەسەڵاتەکەی رادەست بکات لەبەر ئەوەی ئەم یەکێکە لە زنجیرەی خیلافەتی ئەمەوی هێمایی ئەمەوییەکانە، بەڵام ئەو سوپایی ئامادەکرد بۆ لێدانی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە ئەوانەی کە لەگەڵی دا بوون، بەڵێ موسوڵمانان لەبەرانبەر یەکتری وەستان شەڕی براکوژی دەستی پێ کرد لە ئەندەلوس، ئەگەرچی گەورەترین نەهامەتیە موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان بجەنگێت، بەڵام بۆ یەکلای کردنەوەی دەسەڵاتی باش لە خراپ دەبێت جودا بکرێنەوە بەزەبری شمشێر کە لەو کارە زیاتر نەبوو ئەنجام بدرێت تەنها چەک کارەکەی یەکلایی دەکردەوە.

## شەڕی مەسارە

پەرداختەوە موسوڵمانان شمشێریان لەیەک راکێشا و لە جێگەیەک کردیانە شەڕ وەک ئاماژەمان بۆ کرد هەندێکجار بە شەڕ نەبێت کارەکان یەکلایی ناکرێنەوە.

لە ذو الحجە ساڵی ١٣٨کۆچی، شەڕێکی خوێناوی روویدا لە نێوانی سوپای موسوڵمانان لە مەسارە لە دوو هێڵەوە:

هێڵی یەکەم: بە سەرۆکایەتیی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە.

هێڵی دووەم: ئەبو صوباحی یەحصەبی.

لە راستیدا عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە، زیاتر بە پشتیوانی یەمەنییەکان شەڕی کرد لەگەڵ یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی فەهری.

بەڵام پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات لە ناو یەمەنییەکاندا وا بڵاوبووەوە، کە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە خاوەنی ئەسپی بەهێز و زۆر خێران لەوانەیە لە شەڕەکاندا هەڵبێن، ئەسپەکانی ئەوان زۆر گران بوون لەو سەردەمەدا، کە باشترین جۆری ئەسپیان پێبوو کەپێی دەوترا جواد، ئەم وتانە گەیەندراوە بە ئەبو صوباحی یەحصەبی ئەویش زۆر ترسا و وتی ئەگەر ئەمان بەجێمان بێڵن شەڕەکە بەسەر تیمەدا دەکەوێت، بۆیە ئەو ترسە لەدڵی ئەبو صوباحیدا دروست بوو، وە دەترسا خاکی شەڕ چۆڵ بکەن.

ئەم هەواڵ و وتانە گەیشتەوە بە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە، ئەم سەرکردە تەمەن بیست و پێنج ساڵە لە زیرەکییەکی بێ وێنەدا کۆتایی پێهێنا بێ ئەوەی کەس بزانێت.

عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە خۆی چوو بۆ لای ئەبو صوباحی یەحصەبی پێ وت: من خاوەنی ئەسپێکی زۆر خێرام ناتوانم لەسەر ئەسپەکەمەوە تیر بهاوێژم، جا پێم خۆشە بیدەم بە تۆ، تۆش ولاغەکەی خۆت بدەی بە من وە ئەوانەی لەگەڵم دا بە هەمان شێوە دەیانەوێت بیبەخشن بە جەنگاوەرەکانی تۆ کە ئەم وتانەیان گوێ لێ بوو وتیان ئەم پیاوە بەتەمای ئەوە نییە لەخاکی جەنگدا هەڵبێت ئەمە خۆی بە خاوەنی جەنگەکە دەزانێت، ئیتر لەوە تێگەیشتن کە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە دەیوێت لەخاکی جیهاد بمرێت، پاشان شەڕەکە دەستی پێکرد ئەو جەنگەی کە عەبدوڕەحمان کردی زۆر بێ وێنە بوو، توانی زۆر بەباشی سەربکەوێت بەسەر دوژمنەکەی خۆیدا پاشان گەڕایەوە بۆلای ئەبو صوباح یارمەتی ئەوی دا توانییان بەسەر یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری سەربکەون، سەرکەوتنێکی زۆرباش کە سەردەمانێک بوو دەیانویست. یوسفی فەهری برووخێنن، وە یوسفی فەهری رای کرد و هەڵهات.

فەرمانڕەوایی عەبدوڕەحمانی داخل:

هەندێک لە سوپاکەی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە ویستیان بکەونە دوای سوپا هەڵهاتووەکە تا هەموویان لەناو بەرن، وە ئەم سەرکردە بەهێز و توانایە لەسەروەریەکی تر، کە لە مێژوودا تۆمار کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی تر وانەی لێوەر بگرێت، ولی دوای براکانتان مەکەون لە کۆتاییدا هەر دەگەڕێنەوە ناو سوپایی موسوڵمانان، زۆر وردبینانە بۆ کێشەکان دەچوو زۆر بۆ کارەکانی

دووربین بوو، هەرچەندە تەمەنی زۆر کەمی هەبوو، بەڵام توانا و زیرەکییەکی زۆر نایابی هەبوو، بۆیە پێی وتن دوایان مەکەون و وازیان لێبێنن فێری جەنگیان مەکەن با بڕۆن ئازادبن.

عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە دەیویست ئەو سوپایە بکاتەوە بەسەربازی خۆی، بۆ ئەوەی لەبەرانبەر نەساراکاندا بەکاریان بهێنێت، وە سەر لەنوێ سوپای ئامادەکرد بۆ جەنگی فەرەنسا و لیۆن. عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە بوو بە ڕەحمەت بۆ خەڵکی ئەندەلوس، عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە دەیویست سەر لەنوێ خیلافەتی ئەمەوی دابمەزرێنێت چۆن لە شام دامەزرا بوو و دەیویست موڵکی ئەمەوییەکان بگەڕێنێتەوە بەم شێوەی کە باسی دەکەین:

یەکەم: ئەم سەرکردە هیچ بوغز و قینێک لە دڵی دا نەبوو، باسی ئەوەمان کرد کە خەڵکی شەڕیان لەگەڵ کرد، بەڵام ئێستە دەیەوێت بیانگەڕێنێتە و بەچاوێکی میهرەبانانە سەیریان دەکات.

دووەم: تێگەیشتنێکی فراوانی هەبوو، چونکە دەیزانی دوژمنی سەرەکی تەنها نەسارایە بەرانبەر بە موسوڵمانان هیچ رقێکی لە دڵدا نەبوو بە دوای تۆڵەدا نەدەگەڕا.

سێیەم: لەگەڵ ئەوەی ئەم سەرکردە تەمەنێکی زۆر کەمی هەبوو، بەڵام زۆر زانا بوو بە شەرع و فقە و سیاسەت زۆر ورد بینانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکرد دەیزانی ناشەرعییە کە دوای موسوڵمانان بکەوێت بۆ ئەوی بیانکوژێت بۆیە وازی هێنا، هەمیشە دەیویست موسوڵمانان کۆبکاتەوە لەژێر یەک ئاڵادا، وە دەیزانی نابێت موسوڵمانان بریندار بکات و بیانکوژێت یان بە دیل بیان گرێت، نابێت دیلەکان بەچاوی دیل سەیر بکرێن، بۆیە هەموویانی ئازاد کرد سەر لەنوێ هاتنەوە ناو سوپاکەی خۆی ئەوی دەستکەوت و غەنیمەتی ئەوان بوو، زانی ڕەوا نیە بۆیە هەمووی دایەوە بەخۆیان زیاتر خۆشەویستی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە لە دڵیان دا چەسپی دەیانزانی سەرکردەیەکی ڕەبانییە.

کێشەی نێوان عەبدوڕەحمانی داخل و ئەبوو صوباحی یەحصەبی:

لەدوای سەرکەوتنی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە بەسەر سوپای یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری لە شەڕی مەسارەدا، خەڵکی یەمەن هاتن بۆ لای ئەبوو صوباحی یەحصەبی پێیان وت ئەوە عەبدوڕەحمانی داخل خۆ ئەوەندە نییە هاتۆتە ئەندەلوس توانی دەسەڵاتی ئەندەلوس بگرێتەدەست کەچی تۆ لە ئەندەلوسیت بۆ دەسەڵات ناگریتە دەست، لەهەمان کاتدا دەنگۆ ئەوەیان بڵاو کردەوە کە ئەمڕۆ توانی بەسەر یوسفی عەبدوڕەحمانی فەهری سەربکەوێت سبەینێ سەرەی یەمەنییەکان دێت، ئەوا ئێمەیش پەراوێز دەکرێینەوە وەک جاران تا عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە خۆی نەگرتووە لەسەر دەسەڵات بە خێرای شۆڕشێکی بەسەر دا بکەین.

لە ڕاستیدا خەڵکی یەمەن کە گوێیان لەم وتانە بوو زۆریان پێناخۆش بوو، نەک لەبەر ئەوەی عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە خۆش دەویست، بەڵام لێ دەترسان دەیانوت کەسێکی هەروا ئاسان نییە بەو ئاسانییە لە ناو ناچێت، پاشان ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە

بەڵام لای خۆی هێشتیەوە وەک نهێنییەک پاراستی بەکەسی نەوت نەیدەویست بڵاوبێتەوە. بەڵام چاوی خستەسەر ئەبو صوباحی یەحصەبی چاودێری باشی دەکرد.

نەیدەویست پارچە پارچەی بکەوێتە ناو موسوڵمانان ئاشکرای نەکرد بە کارێکی شەرعی زانی کە موسوڵمانان یەک بن لەسەر کاری کۆمەڵ کاری بەردەوام بن، هەروەها نە یدەویست یەک ریزی نێوان موسوڵمانان بشێوێنێت تا ئەوەنەی خۆشەویستیان هەبوو بۆ دەسەڵاتی ئەمەویەکان و یەمەنییەکان و بەربەرییەکان تووشی پارچە پارچەی نەبن، لە هەمان کاتدا نەیدەویست شەڕو ئاشنارو شۆڕش لە نێوان موسوڵمانان روو بدات، عەبدوڕەحمان کوڕی معاویە دەیویست خەڵکی نزیکاتەوە بۆ جەنگی نەسارا، خێرا نەهات ئەبوو صوباحی یەحصبی لابەرێت یان لەناوی بەرێت، بەڵکو دوای پانزە ساڵ لەسەرکار لای برد، وە خۆی توانی هەموو دەسەڵاتی ئەندەلوس بەتەواوەتی بگرێتە دەست.

عەبدوڕەحمانی داخل و سەردەمی ئەمارەتی ئەمەوی

لە سەرەتای باسی عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە باسی ئەوەمان کرد، کە ناوی گۆڕا بە عەبدوڕەحمانی داخل کە قورتوبە و باشووری ئەندەلوسی خستە ژێر رکێفی خۆی، ئیتر بەتەواوەتی ئەو ناوەی بەسەردا سەپا بوو بە نازناوەکەی، بۆیە ئەو نازناوەشی وەرگرت، لەبەر ئەوەی یەکەم ئەمیری ئەمەوییەکان بوو کە هاتە ناو خاکی قورتوبە و دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمیشە ئەمەوییەکان دەستێکی سپی هەبوو بەسەر ئوممەی ئیسلامییەوە، بەتایبەت بەسەر ئەمارەتی ئەندەلوسەوە کە لە داهاتوودا باسی دەکەین.

ئەو سەردەمەی کە عەبدوڕەحمانی داخل فەرمانڕەوای کرد بەسەردەمی ئەمارەتی ئەمەوییەکان ناسرا وە لە ساڵی ١٣٨ کۆچی دەست پێدەکات تا ساڵی ٣١٦ کۆچی ئەم سەردەمانە ناونرا بە ئەمارەت، وە بۆیە ئەو ناوەی لێنرا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بوو دابڕا بوو لە دەسەڵاتی عەباسییەکان تا دەوڵەتی عەباسی رووخا، هەر دابڕاو بوون لە یەکتری، تا ئەندەلوسیش رووخا بۆیە هەر بە ئەمارەت ناونرا.

عەبدوڕەحمانی داخل دەستی کرد بە رێکخستنی ئەمارەتەکەی بە دانانی یاساو ریسایەکی خوایی بۆ ئەمارەتەکەی، هەرچەندە شۆڕش و یاخی بوونێکی زۆر روویدا لە ئەمارەتەکەیدا بێشومار شۆڕش دژی دەکرا، بەڵام یەک بەدوای یەک هەمووی کردە ژێلەمۆ و نەیدەهێشت شۆڕشەکان گەورە بن، عەبدوڕەحمانی داخل توانی نەخشەی ئەو وڵاتە بگۆڕێت بە جوانترین شێوە و ئەندەلوس بکاتە نمونەی دەسەڵات لە ئەوروپادا، ئەوانەی دەیانویست ئەو ئەمارەتە و دەسەڵاتی لاق بکەن جەنگی لەگەڵ هەموویان کرد.

سی و چوار ساڵ بە بەردەوامی فەرمانڕەوایی کرد لەسەر بنەمای قورئان سوننەت، وە لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڕەحمانی داخل بیست و پێنج شۆڕش و یاخی بوون رووی دا، توانی هەمووی بەدوای یەک دا کپ بکاتەوە هەموو شۆڕشەکانی کردە ژێلەمۆ، وە ئەم سەردەمەش بەهێزترین سەردەم بووە لە هەموو مێژووی ئەندەلوسدا بەشێوەیەکی گشتی.

لەماوەی ئەمارەتی ئەندەلوس لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی داخل بیست پێنج شۆڕشی تێدا کرا
وە بەسەر هەموویان دا سەرکەوتووە هەندێک لە شۆڕشەکان بریتیین لە:

- شۆڕشی قاسمی کوڕی یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری و لەگەڵ ڕەزاقی کوڕی ئەعمانی غەسانی لەساڵی١٤٣ کۆچی.
- شۆڕشی یوسفی کوڕی عەبدوڕەحمانی فەهری لە ساڵی١٤٣ کۆچی.
- شۆڕشی هیشامی کوڕی عروەی فەهری لە ساڵی١٤٤ کۆچی.
- هەندێک شۆڕشی تر لە لایەن حیجازییەکانەوە، کە هەر سەر بە فەهرییەکان بوون لە ساڵی ١٤٤ کۆچی.
- شۆڕشی عەلائی کوڕی موغیسی یەحصبی لە ساڵی ١٤٦ کۆچی.
- شۆڕشی سەعیدی یەحصبی یەمەنی لە ساڵی ١٤٩ کۆچی.
- باوکی صوباحی کوڕی یحیایی یەحصبی لە ساڵی ١٤٩ کۆچی.
- شۆڕشی بەربەرەکان لە ئەندەلوس، بە سەرۆکایەتیی شەقایەی کوڕی عەبدولواحید مەکناسی لە ساڵی١٥١ کۆچی.
- شۆڕشی یەمەنییەکان لە ئیشبیلیە بە سەرۆکایەتیی عەبدولغفاری یەحصبی لەگەڵ حەیوت کوڕی مەلامسی حەضرەمی لە ساڵی ١٥٦ کۆچی.
- شۆڕشی سولەیمانی کوڕی یقظانی لە بەرشلۆنە لە ساڵی١٥٧ کۆچی.
- شۆڕشی عەبدولڕەحمانی کوڕی حەبیب لە ساڵی ١٦١ کۆچی.
- شۆڕشی حسێنی کوڕی یەحیایی ئەنصاری لە ساڵی ١٦٦ کۆچی.
- شۆڕشی موحەمەدی کوڕی یوسفی فەهری لە ساڵی ١٦٨ کۆچی.
- شۆڕشی بەربەرەکان لە تفزە لە ساڵی ١٧٠ کۆچی.

زۆری تر لەو شۆڕشانە، بەڵام ئەوەی کە لە مێژوودا گرنگی هەبوو بێت ئاماژەیەکمان پێدا ساڵەکانیمان دەستنیشان کردوە.

## هەڵۆی قورەیش و شۆڕشی عەباسییەکان لە ئەندەلوس

بیست و پێنج شۆڕشەی کە ئاماژەمان پێ کرد تەنها لەسەر ئەمەیان بەدرێژی باس دەکەین و ڕووداوەکانی دەخەینە پێشچاو، تا ببێتە وانەیەک بۆ هەموو لایەک، لەبەرئەوەی گەورەترین ڕووداو تێیدا ڕوویدا، ئەویش جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمارەتی ئەندەلوس بوو لە خیلافەتی عەباسی. ئەم شۆڕشەی کە عەباسییەکان کردیان لەساڵی ١٤٦ کۆچی، واتە لەدوای هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی عەبدوڕەحمانی داخل لە ئەندەلوسدا کەسێک بەناوی عەلائی موغیثی حەضرەمی شۆڕشێکی بەرپاکرد، دژی عەبدوڕەحمانی داخل لە ئەندەلوس.

لە ڕاستیدا ئەبو جەعفەری مەنصور، کە دووەم خەلیفەی عەباسییەکان بوو، ئەوی کە خیلافەتی عەباسی دامەزراند، خەلیفەی یەکەمی بوو ناوی ئەبوو سفاحی عەباسی بوو، کە خیلافەتی عەباسی دامەزراند، ئەبوو جعفری مەنصور کەسێکی نارد بۆ ئەندەلوس بەناوی عەلائی موغیثی حەضرەمی بۆ ئەوەی عەبدوڕەحمانی داخل بکوژێت و دوای ئەوە خیلافەتی ئەندەلوس بخاتە ژێر ڕکێفی خیلافەتی عەباسی.

ئەم کارە بۆ ئەبو جەعفەری مەنصور کارێکی ئاسایی بوو، چونکە دەیویست ئەندەلوس بکات بە موڵکی عەباسییەکان، چونکە تاکە دەسەڵات بوو، کە لە خیلافەتی عەباسی دابڕابوو هەموو وڵاتانی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆی، لە مەراکیش پەڕییەوە ئاڵای ڕەشی عەباسییەکانی هەڵکرد لە خاکی ئەندەلوسدا.

پاشان جەنگێکی زۆر گەورە ڕوویدا لەنێوانی عەلائی موغیثی حەضرەمی و عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە، وەک پیشەی هەمیشەیی عەبدوڕەحمان توانی سەربکەوێت بەسەری دا و تێکوپێکی بشکێنێت، وە خۆیشی بکوژێت و سوپاکەی لە ناو بەرێت شکستێکی گەورەی پێهێنان لە خاکی ئەندەلوس دا.

کاتێک کە هەواڵیان دا بە ئەبو جەعفەری مەنصور کە سوپای عەلائی موغیثی حەضرەمی لەناو چووە وتی: "ئەو سەرگەردانە کوژرا؟ سوپاس بۆ خوا، کە لە نێوانی ئێمە و ئەو سەرکردە لێهاتووە لە نێوانمان دا دەریایەکی گەورە هەیە و دەستی پێمان ناگات!

لەو سەردەمەوە هەرگیز خیلافەتی عەباسی بیری لەوە نەکردەوە، کە بچێتەوە خاکی ئەندەلوس، بەڵکو خەلیفەی عەباسییەکان ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویەی ناونا بە هەڵۆی قورەیش، جارێک لە دیوانی خۆیدا پرسیاری کرد کێ هەڵۆی قورەیشە؟

دەستوپێوەندەکانی دەور و پشتی هەموویان وتیان جەنابتان هەڵۆی قورەیشن!

وتی: نەخێر!

ئینجا خەڵکی تریان بۆ هەڵدا، کە هەڵۆی قورەیشن ئاگەیشتە سەر ناوی معاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان، وتی: نەخێر ئەوەی کە هەڵۆی قورەیشە عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویەیە، کە بەتەنها خۆی چووە ئەندەلوس وڵاتی ساز کرد، تەنها خۆی بیری کردەوە بیرەکەی خۆی سەرخست، کەسێکی جوامێر و ئازا بوو، خۆی توانی خۆی سەربخات، پاشان شتێکی زۆر جوان دەڵێت: "خۆی بڕیاری شەڕی دەکرد و سواری دەریا بوو، تا گەیشتە وڵاتی بێگانە و سوپا و سەربازی بۆ خۆی ئامادەکرد، چاونەترس و ئازاو لێهاتوو بوو، زۆر دووربینانە لە کێشەکانی دەڕوانی". بەوشێوە ئەبو

جەعفەری مەنصور خۆشەویستی کەسایەتیی عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە بۆ دروست بووبوو و کاریگەری خستبووە سەر دوژمنەکانیشی، بۆیە نازناوی هەڵۆی قورەیشی بۆ دانا.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە و خیلافەتی عەباسی

جودابوونەوەی ئەندەلوس لە خیلافەتی عەباسی جێگەی مشتومڕی خەڵکی بووە بەدرێژایی مێژوو، هەرچەندە هۆکاری قۆناغەکانی مێژوو بوو، کە ئەندەلوس خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، وە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێیەی دەسەڵات، خەڵکانێک دەپرسن بۆ عەبدوڕەحمان دانیشت ئەمارەتێکی وا بەهێزی دروستکرد، پاشان بە تەواوەتی خۆ لە خیلافەتی عەباسی جودا کردەوە؟ پێویستە هەڵوێستەیەکی دادپەروەرانە بکەین لەم رووداوە، دەبێت ئەوە بەئاشکرا بڵێین کە عەباسییەکان زۆر هەڵەیەکی گەورە و ستەمێکی زۆریان کرد لە ئەمەوییەکان لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتیان، چونکە زۆریان لە ئەمەوییەکان کوشت و سەروەت و سامانیان بەهەدەر بردن، خەڵکانێکی زۆریان لێ دەربەدەرکردن، وە هەموو کارەکانیان لەبەرانبەر ئەمەوییەکاندا کارێکی زۆر ناشیرین بوو، بەشێوەیەکی هەمەجیانە بوو. راستە لە کۆتایی دەسەڵاتیاندا هەندێ وگەندەڵیەکی زۆریان کرد ئەمەوییەکان کەوتبوونە ستەم لەخۆیان و لە خەڵکی ژێر دەستیان بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە تەڕ و وشک بەیەکە بسووتێنرێت، ئەتوانرا دەسەڵاتەکە بگۆڕێت بەدەیان شێوەی تر لە راستییدا دەبووایە بگۆڕایە، بەڵام زۆر کاری خراپ کرا بەرانبەر بە ئەمەوییەکان، ئەم گۆڕانکاریە لەسەر مەنهەج و رێبازی پێغەمبەر ﷺ نەبوو.

دەبوو عەباسییەکان توانا و هێزی ئەمەوییەکان بۆ خۆیان بقۆزنەوە، چونکە توانا و هێزێکی باشیان هەبوو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و ئەزموونێکی چاکیان هەبوو لەکاری سەربازی و شێوەی بەڕێوەبردنی هونەرەکانی دەوڵەت، دەبوو بەکاریان بێنێت و دایان بمەزرێنێت بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و موسوڵمانان، نەک وایان لێ بکات هەموو هەڵبێن و رووبکەنە دووری وڵاتانی موسوڵمانان و لەوێدا کۆببنەوە یان لە زۆر جێگەی تری ئەم جیهانەدا ژیانیان بردە سەر، کە وڵاتی موسوڵمانان نەبوو هۆکارەکەی دەسەڵاتدارانی عەباسییەکان بوو، کە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ئەمەوییەکان دەربەدەربن.

ئایا ئەو کارانەی کە عەباسییەکان کردیان بە موسوڵمانانی ئەمەوی، کارێکی دروست و شەرعی بوو؟ بێگومان نەخێر. کەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی دەبێت موسوڵمان بەو شێوەیە موسوڵمان لەناو بەرێت؟ هەمیشە پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ فێری کردووین، کە دەبێت بەرانبەر بە موسوڵمان رەفتار و کردارمان جیاواز بێت. هەروەها لە فەرمودەیەکدا ئەوکارەی کە عەباسییەکان کردیان بە باشی سەرزەنشت دەکات دەفەرموێت: لا يَحِلُّ دَمُ امْرِءٍ مُسْلِمٍ إِلاَّ بِإِحْدَى ثَلاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ. كما رواه البخاري ومسلم عن عبد الله بن مەسعود رضي الله عنه. واتە: خوێنی موسوڵمان حەڵاڵ نابێت، تەنها بە سێ شێوە نەبێت: کەسێك خاوەنی خێزان بێت و زینا بکات. کەسێك کەسێکی تر بکوژێت و لە جیاتیا دەکوژرێتەوە، کەسێکیش کۆمەڵی موسوڵمانان و ئاینەکەی جێبهێڵێت و واز لە ئیسلام بهێنێت و بچێتە بەرەی دوژمن.

هیچ كێشەیەك نییە ئەگەر ئەوەی خراپە لە بەنی ئومەیە بخرێتە بەر دادگاو تۆڵەی لێبكرێتەوە، بەڵام ئەوەی كە بێ تاوان چی بكات؟ یان بێجگە لە بەنی ئومەیە خەڵكانی تر هەبوون بۆ حەد بەسەر ئەوان دانەنرا؟

ئەگەر عەباسییەكان چەند شار وئەمارەتێكیان بدایەتە دەست ئەمەوییەكان چی كاریگاریەكی دەبوو، ئەگەر ئەمەوییەكان لەدەسەڵاتی خیلافەت بوونایە مافیان بوو لەبەر ئەوەی چەندەها ساڵ ئەزمونی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان هەبوو وە زۆر كاری باشیان كردوە بۆ موسوڵمانان كە زۆربەی وڵاتان لەسەردەمی ئەواندا فەتح كراوە خۆ ئەوان لە زنجیرەی خەلیفەكانی موسوڵمانان بوون مافیان هەبوو لە دەسەڵاتدا، دەبوو هەموویان لە یەك ریز كار بكەن؟

وەك چۆن عەبدوڕەحمانی داخل لە جەنگی مەسارە لە دژی یوسفی عەبدوڕەحمانی فەهری جەنگا، پاشان سەركەوت بەسەریان دا، یەمەنییەكان ویستیان دوای سوپای فەهریەكان بكەون، بەڵام عەبدوڕەحمان داخل ئەو كارەی نەكرد و وتی وازیان لێبێنن دوارۆژ دێنەوە ریزەكانی ئێمان! خۆ عەباسییەكان دەیانتوانی ئەوكارە بكەن، لەپاشان سەرنجی ئەمەوییەكان رابكێشنەوە، بێنەوە لەسایەی دەسەڵاتی عەباسییەكاندا دابنیشن و ببنە سەربازی ئەوان. نەك كێشمە كێشمی دەسەڵات بكەوێتە نێوانیان.

دەبوو چاو لە پێغەمبەری ئازیز ﷺ بكەن، كە چۆن لەدوای فەتحی مەككە كە چووە ناو شار فەرمووی: "هەر كەس بڕواتە ماڵی ئەبو سوفیان ئەوا پارێزراوە". پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەم كارەی كرد! خۆ ئەبو سوفیان سەركردەیەكی موشریكەكان بوو، لە دوو جەنگدا بەشداری كردبوو دژی موسوڵمانان، لە جەنگی ئوحود و ئەحزاب دا، بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجی رابكێشێت و بیهێنێتە ریزی موسوڵمانان. ئەو كارەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ راستترین بوو، چونكە لە دواییدا ئەبو سوفیان بووە هاوەڵێكی بەڕێزی پێغەمبەری ئازیز ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "چاوەڕێی چین لە من؟" فەرموویان برایەكی بەڕێز و خاوەن رەحم، وە برازو كوڕە مامێكی بەڕێزی هەمیشە چاوەڕێی كاری باشین لە تۆ، ئەی موحەمەد ﷺ، بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو وتەی فەرموو، كە هەموو مێژوو باسی دەكات فەرمووی: "اذهبوا فأنتم الطلقاء". واتە: بڕۆن ئێوە ئازادن.

ئەمە بەتەنها كارێكی نەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانیدا كردبێتی، بەڵكو تەمەنی ئەو سەروەرە پڕە لە خێر و بەرەكەت و نور. ئەوانەی لە مەككە پێشتر ئازاری موسوڵمانیان دابوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیتوانی لە ملی هەموویان بدات، بەڵام نەك ئەو كارەی نەكرد، بەڵكو هەموویانی ئازاد كرد. چونكە ئەگەر ئەوكارەی بكردبایە رۆژێك لەرۆژان بەدوای هەلێكدا دەگەڕان بۆ ئەوەی یاخیی بن لە پێغەمبەری خوا و خۆیان جودا دەكردەوە، بەڵام ئەگەر لەڕووی زەمینەی مەككەوە ئەم كارە تەماشا بكەین، دەبینین پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە كەرەم و رێزی نواند بەرانبەریان، ئەوە بوو لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ تەنها مەككە و مەدینە و طایف و چەند دێیەك نەبێت، هەموو هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، تا پێشەوامان ئەبوبەكر كێشەكەی چارەسەر كرد، دەبێت بپرسین بۆ مەككە یەكێك نەبوو لەو شارانەی هەڵبگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەچاوی میهرەبانییەوە سەیری كردن، نەك هەر هەڵنەگەڕانەوە، بەڵكو دەستیان هەبوو

لە کارە کە سەر لەنوێ موسوڵمانانیان خستەوە سەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام.

عەباسییەکان دەیانتوانی ئەو کارەیان بەرانبەر بە ئەمەوییەکان بکردبایە، ئەوان پاکێتی ئەو دەسەڵات بکەن، لەجیاتی ئەوەی پەرتەوازە ببوونایە بە ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژئاوای جیهاندا دەتوانرا سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێت.

لە ڕاستییدا دەبێت ئەوە بزانین کە عەلای کوڕی موغیث حەضرەمی هاتبوو بۆ کوشتنی عەبدوڕەحمانی داخل، دەبێت ئەوە لە بەر چاو بگیرێت ئایا ئەو کارەی، کە ئەبوجەعفەری مەنصور کردی ڕاست بوو؟ بێگومان نەخێر، هەرچەندە لە کۆتایی دەسەڵاتی دا مێژوونووسان وەک باس دەکەن پیاوێکی باش و لە خواترسی لێ دەرچوو بوو، بەڵام ئەو خەڵکی ناردبوو کە عەبدوڕەحمانی داخل بکوژێت، دەبێت ئەویش پارێزگاری لە خۆی و دەسەڵاتەی، کە هەمووی کردۆتەوە بەیەک بکات، ئەم پیاوە کارێکی زۆر باشی کردووە ئەمارەتێکی سەر لەنوێ دروست کردۆتەوە بە شاهێدی مێژوونووسان دەڵێن ئەگەر عەبدوڕەحمانی داخل نەبووایە ئەوا بۆ کۆتایی ئیسلام لە ئەندەلوسدا نەدەبینرایەوە، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کەواتە بە هەموو ئێوەرێک پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی کە پەیدای کردبوو لە ناوچەدا دەبوو بە هەموو شێوەیەک بیپارێزایە وە عەبدوڕەحمان لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ کاری دەکرد. ئەوەشمان لە بیر نەچێت ڕێگەی دەمارگیری هەر چاوسوورکردنەوەی لێ بەرهەم دێت، ڕێگەی شەڕ و خوێن هەر خوێنی تێدا بەرهەم دەهێنرێت. ڕێگە زۆرە بۆ گەیشتنە مەبەست، بەڵام دەبێت بزانین کام ڕێگە دروستە و خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ پێیان خۆشە، بێگومان ڕێگە ڕاستەکە ئیسلامە، کە خوای گەورە بۆی دەستنیشان کردووین و دەفەرموێت: وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ الأنعام. واتە: بێگومان ئەمەی (کە باس کرا) ڕێبازی ڕاست و ڕاستەقینەی منە شوێنی بکەون، (دەیەم) شوێنی ڕێبازە (جۆرا و جۆرەکان) مەکەون تا لە ڕێبازەکەی خوا وێڵ نەبن، تا بەو شێوەیە پەروەردگارتان ئامۆژگاریتان دەکات، بلکو خواناس و پارێزکارین.

## عەبدوڕەحمانی داخل و كێشەی یاخی بووەكان

ئاماژەمان بۆ كرد لە سەرەتاوە كە چەندین شۆڕشی و یاخی بوون لە دژی عەبدوڕەحمانی داخل دروستبوو، لە ماوەی سی وچوارساڵی دەسەڵاتی بیست و پێنج یاخی بوونی كپ كردەوە زۆر بە سەركەوتوانە لە هەمووی گەورەتر یاخی بوونی عەباسییەكان بوو لەسەر دەستی عەلای موغیثی حەضرەمی كە توانی هەموو سەرهەڵدانەكان لەناو بەرێت .

لێرەدا پرسیارێكی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە ئایا عەبدوڕەحمانی داخل، دەتوانێت ئەو هەموو خەڵكە لە موسوڵمانان بكوژێت، كە شۆڕشیان كرد دژی؟

بەڵێ كوشتنیان، بەلای منەوە هەمووی ڕەوا بووە، چونكە ئەوانەی شۆڕشیان كرد بۆ ئەوە شۆڕشیان نەكردووە، كە دەسەڵات گەندەڵە یان لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ نییە، بەڵكو بۆ دەسەڵات و سەروەت و سامان بووە، هەموو دەیویست ئەندەلوس بكاتە موڵكی خۆی، وە شەڕی ئەم لەسەر دەسەڵات نەبوو، بەڵكو لە ڕاستیدا چاكسازی بوو، هەروەها توانی هەموو خەڵكی ئەندەلوس لە ژێر یەك ئاڵادا كۆبكاتەوە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ كردووین هەركەس لە موسوڵمانان خەڵكانێكیان كۆكردەوە بۆ بەرگریی لە ئیسلام لە ژێر یەك ئاڵادا، هەركەس هات ئەو كارەی تێكدا ئەوا بدەن لە ملی هەر كەسێك بێت، وە فەرمودەكە بەم شێوەیە: "جاء في صحيح مسلم عن عرفجه رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ - أي مجتمع - عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ فَأَرَادَ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ كَائِنًا مَنْ كَانَ".

كارەكانی عەبدوڕەحمانی داخل دیار و ئاشكران، زۆر بەئازایانە یاخی و شۆڕشەكانی لەناو بردووە بۆ ئەوەی ئاسایشی خەڵكی و سەروەت و سامانیان بپارێزێت، وڵات بە ئاقارێكی باشدا بەرێت ئارامیی و خۆشی بۆ خەڵكەكەی دەستەبەر بكات، وە كردیشی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-.

ئەوەمان لەبیر نەچێت كە عەبدوڕەحمانی داخل زۆر ڕقی لە جەنگ شەڕ و شۆڕی موسوڵمانان دەبووەوە هەمیشە حەزی بە ئاشتیی كردووە، وە لە ژیانیی و لە دامەزراندنی ئەمارەتەكەی دا دەردەكەوێت. بێگومان ئەو هەموو شۆڕش و یاخی بوون و ئاژاوە ناوخۆییە كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ناوچەكە و لەسەر موسوڵمانان، بەگشتی ئەو چوار ساڵەی كە عەبدوڕەحمانی كوڕی معاويه هاتە ناو خاكی ئەندەلوس هەرچی شاری فەڕەنسا بوو لە دەست موسوڵمانان چوو، وە فرنجەكان توانیان داگیری بكەنەوە لەدەستی موسوڵماناندا نەما، وە ئیسلام لەو ناوچەدا بۆ ماوەی ٤٧ ساڵ فەرمانڕەوایی كرد.پاشان زۆربەی خەڵكەكەی موسوڵمان بوون كە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك موسوڵمانان لەو ناوچانەدا دەژیان كە زۆربەیان ڕوویان كردە دورگەی بلیارد كە بەم نزیكانە باسی دەكەین، ئەوە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە و سوننەتێكی خوای گەورەیە، هەركات موسوڵمانان بەخۆیانەوە خەریك بوون، ئەوا دڵنیابن لەوەی تووشی زەلیلی و بێهێز و بێتوانایی دەبن.

## عەبدوڕەحمانی داخل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ

لە دوای ئەوەی کێشەکان بۆ ماوەیەکی کاتی هێور بوونەوە، عەبدوڕەحمانی داخل بیری لەو کردەوە، کە بنەمای دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت، بۆیە هەستا بە ئەنجامدانی چەند کارێکی زۆر گرنگ لە ئەندەلوسدا، کە بریتیی بوون لە:

یەکەم: دروستکردنی سوپایەکی بەهێز.

ئەو کارانەی کە کردی بۆ دامەزراندنی ئەو سوپا بەهێزە و ژێرخانێکی بەهێز بریتیین لە چەند خاڵێک، وە لەسەر بنەمای چەند توخمێک دایمەزراند:

- زۆر برەوی دا بە لەدایکبوواتی ئەندەلوس، ئەوانەی کە موسوڵمانن و بەڕەچەڵەک خەڵکی ئەندەلوسن، دەیویست خەڵکی ئەندەلوس خۆیان پارێزگاری لە ئەندەلوس بکەن.
- پشتی بەست بەو گەل و هۆزانەی کە لەناو ئەندەلوس دابوون، هەموو گەل وهۆزەکانی تری لە خۆی نزیک کردەوە، ئەگەر چی ئەمەوی بێت یان خەڵکانی تر بووبن، لە هەمانکاتدا هەرچی گەل و هۆزی بەربەر بوو هاتنە لای عەبدوڕەحمانی داخل و پەیوەندیان پێوە کرد، وە لە دەسەڵات بەشدار بوون، هۆزەکانی یەمەن پەیوەندیان پێوە کرد و بوونە بەشێک لە دەسەڵاتی ئەندەلوس. وێڕای ئەو سەرکێشیانەی کە ئەبوو صوباحی یەحصبی کە لەماوەی چەند ساڵێک لە دەسەڵات دوری خستەوە،ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە عەبدوڕەحمان داخل کەسێکی پیاوکوژ نەبووە، بەڵکو هەمیشە ئەیویستووە پارچە پارچەیی ڕوو بکاتە ناو خەڵکەکە، دوای کوشتنی ئەبوو صوباح زۆر ئاسان بوو، بەڵام ترسی خوا لە دڵی دا بوو، نەیگەیاندە ئەو کارەی کە حەدی کوشتنی بەسەردا بسەپێنێت.
- لەهەمووی گرنگتر ئەو منداڵانە بوون کە لە بازاڕەکانی ئەوروپادا دەفرۆشران، خەڵکی دروست کرد و زۆربەیانی کڕیەوە فێری ئیسلامی دەکردن جێگەی بۆ دابین کردن، دەبوو بە باوکیان و خۆی سەرپەرشتی دەکردن، لە مێژوودا ئەم منداڵانە بە صەقالیبەکان ناسران، پاشان پەروەردەیەکی باشی سەربازیی دەکردن و ڕایدەهێنان بۆ جەنگ و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئیسلام هەبوو، وەک مێژوونووسان دەڵێن خۆشەویستییەکی باوکانەیان هەبوو بۆ عەبدوڕەحمانی داخل.

لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی داخل سوپای موسوڵمانان گەیشتە سەد هەزار سوار (فورسان) بێجگە لەخەڵکی پیادە، ئەم سوپایە هەمیشە بەدوای خەلیفەکانی بەنی ئومەیە بوون واتا ئەو شەڕیان بۆ ئەمەوییەکان دەکرد، بەڵام پەروەردەیەکی باش بوو بۆ دوای ئەمەوییەکان ئەو کارە سەربازگەیانەی کە کردیان لە ناو ئەندەلوس بریتی بوون لە:

- دروستکردنی کارگەی شمشێر و مەنجەنیق و دەبابە، باناوبانگترین کارخانەی ئەو سەردەمە لە هەموو ئەوروپادا بریتیی بوو لە کارخانەی طولەیطیلە و کارخانەی بردیل.
- دروستکردنی چەند کەشتییەکی گەورە و ئەسطولێک و چەند مینایەک لەوانە مینای طرطوشە، ئەلمیریە، ئیشبیلە، بەرشلۆنە.
- ڕێکخستنی میزانییەی دەوڵەتی ئەندەلوس: میزانییەکەی کرد بە سێ بەشەوە.

بەشی یەكەم بۆ سوپا، بەشی دووەم بۆ خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوە و كاروباری دەوڵەت و كاری سڤیلی ناو ئەندەلوس، بەشی سێیەم پاشەكەوتكردن بۆ كاتی پێویست.

دووەم: بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری وە بەرزكردنەوەی زاناكان و گرنگیدان بە زانست، پاسەنگێكی دانابوو بۆ زانستە ئاینییەكان و زانستە جیهانییەكان.

زیاتر لە پلە و پایەی زانایانی ئاینی بەرز كردەوە، جێگەیەكی تایبەتی پێدان، ئەوەی كە گرنگ بوو لە زانستەكان دابەشی كرد بەسەر زاناكاندا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- دامەزراندنی قوتابخانەی زۆر و ئاسانكاری بۆ زاناكان لە هەموو بوارەكانی ژیان دا.
- برەودان بە خەڵكی شیاو بۆ جێگەی شیاو و برینەوەی موچە بۆیان.
- گرنگیدان بەو زانایانەی كە هەمیشە خەریكی فەرمان بەچاكە و رێگرتن لە خراپە بوون، تا بەباشی بانگەوازی خۆیان بكەن.
- لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو كە مزگەوتی گەورەی قورتوبەی دروستكرد لە سەردەمی خۆیدا كە بە هەزاران دیناری زێری تێچووە، پاش خۆی هەر خەلیفە و ئەمیرێكی تر دەهات زیاتر گەورەیان دەكرد و برەویان پێدەدا، هەموو خەلیفەكانی ئەمەوی كە هەشت خەلیفە بوون لە ئەندەلوس لەسەردەمی خۆیان دا هەر گەورەتر و جوانتریان دەكرد.

سێیەم: گرنگیدان بە ژیار و شارستانییەتی ماددی كە هاوشێوەی لە ئەوروپادا كەم بوو لەسەردەمی خۆیدا.

گرنگی دا بە چەند لایەنێكی ژیاری وەكو:

- دروستكردنی پردو قەڵا و باڵەخانەی بەرز، ئاش و جۆگە، هەروەها ئەمسەر و ئەوسەری ئەندەلوسی بەیەكەوە بەستەوە.
- دروستكردنی پارە و دراوی تایبەت بە ئەندەلوس.
- دروستكردنی رەصافە، پاركی گەورە و باخچەی زۆر ناوازە لە ناو شارەكاندا، كە گەورەترین باخچەی دروستكرد لەناو جیهانی ئیسلامیدا لەسەر شێوەی رەصافەی شام دروستكرا كە هیشام كوڕی عبدالملەیك دروستی كرد. هانی خەڵكی دا هەر جۆرە رووەكێك هەیە بیهێنن بۆ ئەندەلوس و ئەو بە پارەیەكی زۆر دەیكڕی، پاشان زۆر گرنگی دا بە كشتوكاڵ و دانەوێڵە و كاری پەلەوەری، دروسكردنی گەوڕی زۆر بۆ بەخێوكردنی جەلەبی ئاژەڵ، لەوڵاتی ئەندەلوس لەرووی كوشتوكاڵەوە زۆر پێشكەوت.

چوارەم: پاراستنی سنورەكان لەدەستی داگیركەرانی فەرەنسا و دوژمنانی دەوروبەر.

هەرچەندە سوپایەكی بەهێزی لە بەردەمی دوژمنانی دانا بوو بۆ ئەوەی ئاسایشی دەوڵەتەكەی پارێزێت، بە دوو قۆناغ ئەو كارەی ئەنجامدا لە بەرانبەر دوژمنەكانی قۆناغەكانیش ئەمانەن:

قۆناغی یەكەم: دروستكردنی چەند بەربەستێك وەك قەڵا و دیوار لەبەردەم سنورەكانی دا، عەبدورەحمانی داخل دەیزانی، كە دەوڵەتی فەرەنسا و لیۆن ترس لەسەر دەوڵەتی ئەندەلوس دروست دەكەن، بۆیە ئەو بەربەستانەی لە بەردەم دروستكردن، وە سوپایەكی بەهێزی لە بەردەم دانان بۆ ئەوەی ئەو مەتەرێزو قەڵا و دیوارانە بەربەستێك بن ئەگەر نەساراكان هێرش بكەن بەربەستەكان بریتیی بوون لە:

• بەربەستی دیواری لە سەراگۆستا لەباكووری رۆژهەڵاتی ئەندەلوس بۆ بەرەنگاری سوپای فەرەنسا.

• بەربەستێكی دیواری تر لە ناوەڕاستی ئەندەلوس بەرانبەر بە شاری سالم، وە ئەم بەربەستە دیوارە درێژ دەبووەوە تا شاری طوڵیطیلە.

• لە باكووری رۆژئاوا بەربەستێكی زۆر بەهێزی دروستكرد لە بەرانبەر دەوڵەتی "لیۆن"ی لەسپانیا.

قۆناغی دووەم: عەبدوڕەحمانی داخل لە باو باپیرانییەوە كارێكی بۆ بە جێما بوو، وەك بۆماوەیی كە بریتیی بوو لە جیهاد بەشێوەیەكی رێكوپێك هەموو ساڵێك دەبوو دەرچووبایە بۆ جیهاد، لەو سەردەمە بە جیهادی هاوینی ناسرابوو هەموو هاوینێك دەردەچوو بۆ جیهاد، وە زۆر جار كە بەفر دەتوایەوە دەردەچوو بۆ جیهاد بۆ باكووری رۆژهەڵات بۆ ئەوەی دوژمن بترسێنێت باری دەروونیان تێك بدات و نەوێرن ئەوان هێرش بێنن هەمیشە.ئەوانی لە بەرگریدا دانابوو بیریان لەوە نەدەكردەوە كە هێرش بكەن، ئەم جۆرە تاكتیكە لە زانستی سەربازی پێی دەوترێت تێكدانی باری دەروونی دوژمن یاخود نمایشكردنی هێز و دەسەڵات لە بەرانبەر دوژمن.

هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە كۆكن، كە ئەگەر عەبدوڕەحمانی داخل نەچوایەتە ناو خاكی ئەندەلوس بەتەواوەتی ئیسلام لەو خاكەدا رۆژی ئاوا دەبوو.

زۆر لە مێژوونووسەكان باسی ئەم سەركردە لێوەشاوەیان كردوە، زۆربەیان وا باسیان كردووە كە گوایە لە ئاسمانەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی كە مێژوونووسی ناوچەكەیە ئین حەیانی ئەندەلوسی لەباسی ئەم پیاوە گەورەدا دەڵێت[1]: عەبدوڕەحمانی داخل خاوەنی تێگەیشتنێكی فروان بوو و بە كارزانی كاری دەكرد و زانستێكی بەرفروانی هەبوو. كەسێكی خاوەن هێزو توانایەكی زۆر گەورەی هەبوو هەرگیز تەمەڵی نەدەكرد، كەسێك بوو لە راپەرینیدا هەمیشە خێرا و دەیزانی چۆن كارەكانی ئەنجام لەدا وە هەلەكانی دەقۆستەوە، زۆر بەدوای خۆشییەكانی ژیان نەكەوتبوو، لوتبەرز نەبوو زۆر لێهاتوو وخاوەن بیرێكی فراوان و تێگەیشتنێكی خێرا بوو، دەست و دڵباش و بەخشندە بوو. كەسێكی زمان پاراو و قسەزان و خاوەنی كەسایەتییەكی بەهێز بوو لەبەردەم دۆست و دوژمنی دا. هەمیشە كاتێك تەرمی موسوڵمانانی بەڕێدەكرد خۆی نوێژی لەسەر دەكردن، لە بۆنە و جەژنەكان و هەموو نوێژی جومعەكاندا خۆی نوێژی بە خەڵكی دەكرد و سەردانی نەخۆشی دەكرد.

كاتێك عەبدوڕەحمانی داخل رایكرد لە عێراقەوە بەدوای سەریدا دەگەڕان عەباسیەكان خەواریجەكان لە مەراكیش دەیانویست بیكوژن كە لەدەست ئەوانیش هەڵهات، پاشان ئەو هەموو یاخی بوون و شۆڕشەی كە دژیكرا بێجگە لە دەوڵەتی فەرەنسا و لیۆن لەبەردەما

---

[1] كان عبد الرحمن الداخل راجح العقل، راسخ الحلم، واسع العلم، ثاقب الفهم، كثير الحزم، نافذ العزم، بريئا من العجز، سريع النهضة، متصل الحركة، لا يخلد إلى راحة، ولا يسكن إلى دعة، بعيد الغور، شديد الحذر، قليل الطمأنينة، بليغًا مفوهًا، شاعرا محسنًا، سمحا سخيا، طلق اللسان، وكان قد أعطي هيبة من وليه وعدوه، وكان يحضر الجنائز ويصلي عليها، ويصلي بالناس الجمع والأعياد إذا كان حاضرا، ويخطب على المنبر، ويعود المرضى

پەسابوون، لە تێوانی ئەم هەموو دوژمنانەدا توانی ئەو دەوڵەتە گەورە و بەهێزە سەربازیە دروست بكات، وە توانی بنەماكانی دابمەزرێنێت و سەروەری زۆر بۆ خۆی تۆمار بكات.
ڕۆژێكیان یەكێک لەسەربازەكانی زۆر بە تووڕەیەوە قسەی كرد لەگەڵ عەبدوڕەحمانی داخل زۆر بەناشیرینی پرسیارەكەی ئاڕاستەی عەبدوڕەحمان كرد، ئەویش زۆر بەجوانی وەڵامی دایەوە و فێری ئەدەبی ئاخاوتنی كرد، كە سەربازەكە تێگەیشت هەڵەیە، دەستبەجێ داوای لێبوردنی لێ كرد و وتی خوای گەورە هەموو قسەیەكی ڕەقی من بۆ تۆ بكاتە سەركەوتن وە بێ ڕێزی من بەرانبەر بە جەنابتان بێتە ڕێزو سەروەری بۆ تۆ، زانی كە ئەم سەربازە داوای لێبوردنەكەی لێبوردنێكی ئەفلاماتە نیيە بۆیە لەخۆی نزیک كردەوە و پلە و پایەی پێبەخشی.
ئەم سەركردە لێهاتووە لەگەڵ كەمی تەمەنیدا وە هەبوونی سەروەت سامانێكی زۆر لەبەردەستیدا لە هیچ مێژوویەک دا باس نەكراوە نە بە مێژووی ئیسلامی نە بە مێژووی ئەوروپی، كە ئەم سەركردەیە خەیاڵی بەلای ئافرەت و خواردنەوی مەی و گوێ گرتن لە گۆرانی نەچووە، بەڵكو لە دیوەخانەكەی دا هەمیشە پڕ بووە لە زانای ئاینی و پیاوانی كارامە و لێزان لە بوارەكانی دین و ژیندا، دەروونێكی زۆر بەرز و ڕەوشتێكی نموونەی هەیە.
مێژوونووسی بەناوبانگ بەناوی سعیدی كوڕی عوسمانی ئوغەوی دەڵێت: "هەرچی دارخورما هەیە لە وڵاتی ئەندەلوس یەكەمجار ئەو ڕواندویەتی".
وە ئەو هۆنراوە بەناوبانگەی عەبدوڕەحمانی كوڕی معاویە لەبارەیەوە تا ئێستاش شاعیران لەسەر ددمیانە كە دەڵێت[1].

عەبدوڕەحمانی داخل و بیری سەربازی:
لەسەردەمی ئەمەوییەكان ئەو دەربەدەریەی كە بینی بووی لە بیبانەكان و ئەو هەموو شۆڕش و یاخی بوونە ئەزموونێكی گرنگبوون بۆ عەبدوڕەحمانی داخل، هەر بۆیە توانی ببێتە خاوەنی موڵكی ئەندەلوس كە جێگەی سەرنجی هەموو مێژوونووسان لێكۆڵەرانی سەربازییە.
ئەگەر ئەم هەموو سەروەتە ئەزموونییەی لەبەردەستا نەبووایە چۆن دەیتوانی ببێتە سەركردەیەكی وا كارامە و لێزان، بۆیە توانی سەركەوتوو بێت بەسەر ئەو هەموو جەنگانەی كە لە دژی كرا. دووبینی و ئازایەتیی و لێهاتووییەكەی سەرچاوەی ئەزموونێكی درێژخایەنی بوو لەگەڵ باوەڕێكی بەهێز و پتە و بەخوای باڵادەست و كارزان.

---

[1] قال وفي ذلك يقول عبد الرحمن بن معاوية:
يا نخل أنت غريبة مثلي في الغرب نائية عن الأصل ... فابكي وهل تبكي مكيسة عجماء، لم تطبع على خبل؟
ولها تبكي إذا ابكت ماء الفرات ومنبت النخل ... لكنها ذهلت وأذهلني بغض بني العباس عن أهلي
ومن شعره أيضاً:
أيها الراكب الميمم أرضي أقر من بعض السلام لبعضي ... إن جسمي كما علمت بأرض وفؤادي ومالكيه بأرض
قدر البين بيننا فافترقنا فعسى باجتماعنا الله يقضي

عەبدوڕەحمانی داخل هەموو كارەكانی لەبەرخاتری خوای گەورە بوو، توانی لاوێتی زۆر بە هێز بوو، سەركێشی چاونەترسیەكەی وای لێكرد مە بیگەێنێتە مەبەست. برەوێكی باشی دابوو بە ئابووری بۆیە مەبەستە سەربازییەكانی خۆی پێهنایە دی و ئامانجەكانی پێكا.
(هەڵۆكەی قورەیش) ژیانێكی ئەفسانەیی بۆ خۆی تۆمار كرد
ئەم هەڵۆ چاو نەترسە هەموو ژیانی لە چالاكیی و جیهاد بەڕێكرد، لە بەهێزكردنی سوپاكەی و سەربازانی، وە لەناوبردنی ئەوانەی دەیانویست دەوڵەتەكەی لەناوبەرن. بەهێزكردنی دیواری بەهێز و قەڵای گەورە دژی دوژمنانی، پەكخستنی ریزەكان و ئاڵاكان. رۆژێك لەڕۆژان تەمەڵی و درێغی نەكرد بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی ئیسلامی، بوونیادی ژیاری ئیسلامی پێكهێنا لە وڵاتی ئەندەلوس. بۆیە لە دوای خۆی شارستانییەتێكی بەردەوام بوو، توانی ژیارێكی بێ وێنە دروست بكات لە هەموو ئەوروپادا.

كۆچی دوایی عەبدوڕەحمانی داخل:
عەبدوڕەحمانی داخل پەنجا و حەوت ساڵ ژیا، حەڤدە ساڵی لە دیمەشق و عێراقدا پێش رووخاندنی خیلافەتی ئەمەوییەكان، وە شەش ساڵ لە دەربەدەری و راوەدوونانی لە وڵاتان تا گەیشتە ئەندەلوس، سی و چوار ساڵی لە خاكی ئەندەلوسدا، كە خەلیفەی موسوڵمانان بوو لە وڵاتی ئیسپان، تا لە جمادی یەكەمی ساڵی ١٧٢كۆچی لە شاری قورتوبە وەفاتی كرد، تا ئێستەش وێنەكی لە مۆزەخانەی مەدرید دانراوە.
سێ سەردەمی ئەمارەتی ئەمەوییەكان لە ئەندەلوس
بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئەمارەتی ئەمەوییەكان لە ئەندەلوس دەیكەین بە سێ سەردەمی جیاوازەوە:
سەردەمی یەكەم: ئەم سەردەمە ماوەی سەد ساڵی خایاند و لەساڵی ١٣٨ كۆچی دەستی پێ كرد تا ساڵی٢٣٨ كۆچی بەردەوام بوو، ئەم سەردەمە بە سەردەمی دەسەڵات و ئەوپەڕی بەهێزی و بەتوانایی بوو، كە یەكەم دەسەڵاتی ئیسلامیی بوو لە ناوچەكەدا، كەسانێكی تر نەیاندەتوانی شان بدەن لەشانی.
سەردەمی دووەم: بە سەردەمی لاوازی موسوڵمانان دەژمێردرێت، كە شەست و دوو ساڵی خایاند لەساڵی ٢٣٨ كۆچی بەردەوام بوو، تا ساڵی ٣٠٠ كۆچی.
سەردەمی سێیەم: كۆتایی سەردەمی ئەمەوییەكانە لە ساڵی ٣٠٠ كۆچی، دەست پێ دەكات تا كۆتایی.

سەردەمی هیشام كوڕی عەبدوڕەحمان داخل:
لەسەردەمی عەبدوڕەحمان داخل زۆر بیری كردەوە لە كوڕەكانی كامیان بكات بەجێنشینی خۆی لەدوای ئەوەی كە تاقیكردنەوەیەكی زۆری كرد لە تێوانیان دا، كوڕە گەورەكەی ناوی سولەیمان بوو، ئەوی تریان ناوی هیشام بوو، پاش پرس و رایەكی زۆر هاتە سەر ئەو رایەی كە هیشام بكاتە جێنشینی خۆی ئەگەر چی لە سولەیمان بچووكتر بوو، وەك مێژوونووسان دەڵێن هەڵبژاردنەكە

لە جێی خۆیدا بوو، مێژوونووسان بەگشتی سەردەمی فەرمانڕەوایی هیشام کوڕی عەبدوڕەحمان داخل بە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناوزەد دەکەن، چونکە پیاوێک بوو زۆر بەخواترس دادپەروەر بوو لە کردەوە و کرداردا.

پاش شەش ڕۆژ لەدوای مردنی باوکی بەیعەتی پێ درا، بوو بە ئەمیری ئەندەلوس لە ساڵی ١٧٢ کۆچی. وەک لە هەموو سەرچاوە مێژووە ئیسلامیەکاندا هاتووە، کە هیشام کوڕی عەبدوڕەحمان داخل پیاوێکی زانا و خۆشەویستی زانایان لە دڵی ئەم ئەمیرە ڕوابوو، وە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر کۆمەڵگەیی ئەندەلوسی توانی زمانی عەرەبی بکاتە زمانێکی سەرەکی لە ئەندەلوس دا پەیوەندە هەوڵی دا لەگەڵ کۆمەڵگەکەی دا خەڵکە یەهودی و نەسرانییەکان لە قوتابخانەکانی خۆیان دا زمانی عەرەبیان دەخوێند، هەستا بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی مالکی و مەزهەبی ئەوزاعی لابرد، هەمیشە وەک کێو لە بەردەم نەساراکانی باکووری ئەندەلوس وەستابوو، هەمیشە هێزی ئامادە کردبوو بۆ سەریان و نەساراکان هەمیشە لە بەرگریدا بوون.

وە ئەم ئەمیرە لێهاتووە لە مانگی سەفەری ساڵی ١٨٠ کۆچی وەفاتی کرد، کە توانی حەوت ساڵ و نۆ مانگ فەرمانڕەوایی کرد، هیشام لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا کۆچی کرد لە باڵەخانەکەی خۆیدا نێژرا، پاشان کوڕەکەی هاتە سەر دەسەڵات کە ناوی حەکەم بوو.

## حەكەمی كوڕی هیشامی عەبدوڕەحمانی داخل

سەردەمی حەكەم دەسەڵاتی ئەندەلوسی گرتە دەست لەساڵی ١٨٠ لەدوای هیشامی باوكی ڕاستەوخۆ حەكەم دەسەڵاتی ئەندەلوسی گرتە دەست لەساڵی ١٨٠ كۆچی فەرمانڕەوایی دەستپێكرد تا ساڵی ٢٠٦ كۆچی، بەڵام حەكەم نەوەك باوكی بوو نەوەك باپیری كەسێكی خوێنڕێژ و ڕەق بوو باجی زیاد كرد لەسەر خەڵكی، وە گرنگی دابوو بە هۆزاوە و شانامە و ڕاوكردن. ئەو كەسانەی كە شۆڕشیان دەكرد بەرانبەری بە خوێن وەڵامی ئەدانەوە كەسوكارەكەیانی هەموو دەربەدەر دەكردن و ئەی كوشتن و هەرگیز لە ژیانی ئەمەویەكاندا هاوشێوەی ئەو كارانەی حەكەم كەسێكی تر نەیكردبوو، تەنانەت خانووەكانی دەسووتاند و نەفی دەكردن بۆ جێگەی دوور لە خەڵكی.

یەكێك لەو شۆڕشانەی كە بەخوێن وەڵامی دانەوە بەناوبانگترین شۆڕش بوو، كە هەموویانی دەربەدەر و لەناوبرد بە شۆڕشی ڕایاض ناسراوە لە دژی حەكەمی كوڕی هیشام، ئەو خەڵكەی كە شۆڕشەكەیان كرد گەل و هۆزێك بوون لە نزیك قورتوبە دەژیان ناویان ڕایاض ئ ماڵەكانیانی هەموو سووتاند و خەڵكەكەی دەربەدەركرد بۆ دوورگەیەك لە باشووری ئەندەلوس لە ناو دەریای ناوەڕاست بەناوی دوورگەی كریت، كە ئەوانیش بۆ ماوەی یەك سەدە توانیان دەوڵەتی ئیسلامی ڕایضیییەكان دابمەزرێنن، كە بە ناشیرینترین شێوە نەفی كرابوون. ئەم دەوڵەتە بچووكە لەساڵی ٢١٢ كۆچی دامەزرا لە كریت لە دەریای ناوەڕاست بە ناوی خیلافەتی ڕایضیییەكان كە سەد ساڵی خایاند.

لەگەڵ ئەو هەموو كردەوانەی كە هەیبوو، بەڵام ڕۆژێك لە جیهاد دوا نەكەوتووە، پەروەردەكراوی جیهادی بوو، ئەم جیهادە بووبوو بە كولتوور و عادەت لەناو ئەمەوییەكاندا، ئەگەر چی لە شام بووبێت یان لە ئەندەلوس، بۆیە حەكەمی كوڕی هیشام هەموو ساڵێك دەچوو بۆ جیهاد و لەهەمان كاتدا سەركەوتنی باشی بەدەست دەهێناو وە زۆر جاریش شكستی دەخوارد. ئەمە كارێكی سروشتییە سوننەتێكی خوای گەورەیە لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرەی دەكرد دەبوو هەر شكست بێنێت، وە بەهۆی ئەو كارانەی كە حەكەمی كوڕی هیشام كردی زۆرێك لە شارەكانی موسوڵمانان كەوتە دەستی نەسارەكان بۆنموونە لەو شارە گەورانەی كە گیرا و كەوتە دەستی نەسارا برێتی بوون لە بەرشلۆنە، پاشان نەسارەكان ئەمارەتێكی بچووكیان لە ناوچەكەدا دروستكرد بەناوی ئەمارەتی ئەرەگۆن كە لەباكووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس دەستی پێ كرد تا نزیك چیاى بیرینییە لە سنووری فەرەنسا، كە دەكاتە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس.

حەكەمی كوڕی هیشام لەوپەڕی دەسەڵات و توانایی خۆیدا زانی هەڵە و تاوانی زۆری هەیە هەستا داوای لێبوردنی لە خەڵكی ئەندەلوس كرد، كە كاریگەری خەڵكی ئەندەلوسی لەسەر بوو لەبەر ئەوەی خەڵكێكی دیندار و لەخواترس بوون، بۆیە بە ئاشكرا داوای لێبوردنی لێكردن و بۆ هۆی ئەوەی كە ئاقیبەتی خێربێت لە دوای دوو ساڵ داوای لێبوردنی، كە كردی لەخەڵك كارێكی زۆر باشی كرد خزمەتی بە زانایانی ئەم ئیسلامە كرد پاشان خۆی كۆچی دوای كرد، ڕەحمەتی خوا لە حەكەمی كوڕی هیشام بێت، كە ئەوەندە جوامێرو ئازا بوو شەرمی نەكرد لە پلە و پایەی خۆی بە ئاشكرا دوایی لێبوردنی لەخەڵكەكەی كرد و تەوبەی كرد لەلای خوای گەورە لەدوای ئەو دوو ساڵە كۆچی دوای كرد، لەدوای خۆی كوڕێكی خۆی هەڵبژارد، كە گونجاو بوو بۆ فەرمانڕەوایی.

سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەند "الأوسط"

پەدوای کۆچی دوایی حەکەمی کوڕی هیشام کوڕەکەی هاتە سەر شانۆی فەرمانڕەوایی بەناوی عەبدوڕەحمانی دووەم لە مێژوودا بە عەبدوڕەحمانی ناوەند ناسراوە، لەبەر ئەوەی یەکەم عەبدوڕەحمانی داخل بوو، پاشان لەدوای عەبدوڕهەحمانی دووەم عەبدوڕەحمانێکی تر لە دایک دەبێت کە بە عەبدوڕەحمانی ناصر دەناسرێت لەبەر ئەوەی لە ناوەندی ئەو دوو عەبدوڕەحمانە دایە -رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت- پاشان دێینە سەر باسی عەبدوڕەحمانی ناصر و دوای ئەویش عەبدوڕەحمانی ناوەند لەساڵی ٢٠٦ کۆچی فەرمانڕەوایی گرتە دەست لە ئەندەلوس بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٣٨ کۆچی کە تا کۆتایی سەردەمی یەکەمی هێزی ئەمەوییەکان دەناسرێت. باشترین مێژووی ئەندەلوس لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەند دایە، جیهادی دەست پێ کردەوە دژی نەساراکان لە باکوور، توانی زۆربەی شارەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان ئەوی تر، بەجزیە رێکەوتنامەی لەگەڵ بەست، عەبدوڕەحمانی ناوەند بە کەسێکی چاک و سەرکردەیەکی لێهاتوو و پیاوێکی لەخواترس و دانا و زانا و کارزان بووە، وە زانایانی ئاینی زۆر خۆشویستووە و خەڵکیش بەگشتی عەبدوڕەحمانی ناوەندیان زۆر خۆشویستوە.

## کارە گرنگەکانی عەبدوڕەحمانی ناوەند بۆ ئەندەلوس

### سەرهەڵدانی ژیاری زانستی

یەکەم: سەرهەڵدانی ژیاری زانستی
هانی زانایانی ئەدا کە داهێنان بکەن، زۆرێک لەزانایانی شاری بەغدای هاندا بۆ ئەوەی بێن بۆ ئەندەلوس تا لەوێ خزمەت بکەن، پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکردن و زۆر هانی زانستی دەدا لە ئەندەلوس، پلە و پایەی زانایانی زۆر بەرز دەکردەوە، سەرەتای دامەزراندنی کتێبخانەی قورتوبە لە سەر دەستی ئەم سەرکردە جوامێرە بوو و زانست لە هەموو ئەندەلوسدا بڵاو بووەوە خەڵکی لە هەموو جیهان روویان دەکردە ئەوێ بۆ وەرگرتنی زانست.

لە راستیدا عەبدوڕەحمانی ناوەند
ئەو سەردەمە لە ئەندەلوس زۆر زانای ناوداری جیهانی تێدا هەڵکەوتن، لەو زانایانەی کە ناودارن عەباسی کوڕی فەرناس -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە یەکەم کەس بوو توانی بفڕێت، وە هەر بەو هۆکارە گیانی لە دەستدا. ئەم زانایە خاوەنی زۆر داهێنانە لە بوارەکانی تردا یەکێک بوو لەوانەی کە کاتژمێری داهێنا، وە هەروەها قەڵەمی مرکەبی داهێنا، کە بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بوو بۆ نووسین، خێراترین بوو، زۆر گرنگ بوو بۆ ئەو سەردەمە تا زانست خێرا بڵاو بێتەوە. یەکەم کەس بوو کە شووشەی دروستکرد لە زیخ و رمڵ.

دووەم: سەرهەڵدانی ژیاریی ماددی یاخود شارستانییەت
عەبدوڕەحمانی ناوەند زۆر گرنگی دابوو بە ژیاری مادی وەک خزمەتگوزاری و بیناسازی و ئابووریی بەشێوەیەکی بەرفراوان، نمونەیەکی زۆر گەورە رووی دابوو لەڕووی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن لە ئەندەلوسدا، هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەندا ئەوەی کە پێ دەڵێن سالی بازاڕ، وەک چۆن لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تر هەبوو، کە کاتی بۆ دیاریکرابوو لە ئەندەلوس ئەوە نەبوو، بەڵکو هەمووکات بازاڕەکانی کراوە بوون بەڕووی جیهاندا لە وڵاتانی ئیسلامی ئەوروپا روویان دەکردە ئەندەلوس.

هەروەها لەڕووی رێگە و بانەوە گرنگییەکی زۆری دابوو بە ئەندەلوس کە شۆستە و شەقامەکانی ئەندەلوس لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەند دا ئەوپەڕی پێشکەوتووی بەخۆیەوە دی بوو، سەر شەقامەکانی بە چرای تایبەت رۆشن کردبووەوە، کە ئەوروپا ئەو سەردەمە لە تاریکیدا بوون، هەروەها چەندەها بەڵەخانەی بەرزی دروستکرد کە لەم سەردەمەشدا جێگەیی تێرامانی گەشتیارانن، بێجگە لەو هەموو باخ و پارکە گەورانەی کە نمونەی بوون، تەنانەت وای لێهاتبوو لە ئەندەلوس خەڵکی لە وڵاتانەوە دەهاتن بۆ سەیر و تەماشای ئەو وڵاتە، وە ناوبانگی پەیدا کردبوو لە هەموو جیهاندا.

سێیەم: شەڕی ڤایکین لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەند
ڤایکینەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەسکەندەناڤیا بوون، کە وڵاتی دانیمارک و سوید و نەرویژ دەگرێتەوە، لە کۆندا پاشایەکیان هەبوو بەناوی ئەسکەندەناڤ، ئیتر ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشایە یان دەڵێن زمانەکانیان لەیەکچووە، بەزمانەکایان وتوە ئەسکەندەناڤ، ئەم هۆزە کە ناویان ڤایکین بوو، خاکی ئەندەلوسیان بە خاکی خۆیان دەزانی، چونکە لەسەرەتادا ئەوان لەم ناوچەیە ژیانیان کردووە، پاشان ئەسارەکان دەریان کردوون و خۆیان لەجێگەکانی ئەواندا

پێشەجێبوون، ئەم گەل و هۆزە بەوە بەناوبانگ بوون کە هەمیشە لەدەریادا بوون و توانیویانە کەشتی زۆر گەورە دروست بکەن لە کەشتی دروستکردندا نموونە بوون، وشەی ڤایکین بە واتای پیاوی ناو دەریا، چونکە چوونەتە هەر جێگەیەک وێرانیان کردووە. ئەمانە هەمیشە شەڕی وێرانکاریان کردووە ئەو جێگەیانەی کە چوونەتە ناوی شارەکانیان سووتاندووە و خەڵکەیان کوشتووە، بۆ جارێکی تر بیریان لەوە کردەوە لە ڕێگەی دەریاوە بگەڕێنەوە بۆ خاکی ئەندەلوس، چونکە بیستبوویان کە خاکێکی دەوڵەمەندە، بۆیە بە شەڕی ڤایکین دەناسرێت ئەو سەردەمەی کە عەبدوڕەحمانی ناوەند فەرمانڕەوایی دەکرد.

سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناوەند لە ساڵی ٢٣٠ کۆچی لەڕێگەی دەریاوە ڤایکینەکان هاتنە ناو خاکی ئەندەلوس و چوونە شاری ئیشبیلیە، کە هێزی ڤایکینەکان پەنجا و چوار کەشتی بوون، دابەزین لەو شارە چوونە شارەکە و وێرانیان هەرچی سەروەت و سامانی بوو دزرا و بەهەدەر برا شەرەفی ئافرەتەکانی هەمووی شکێرا دەستدرێژی کرایە سەر حورمەتی ئافرەتانی ئیشبیلیە، پاشان ڕوویان کردە شارەکانی مریە، شزونە، مرسیە زۆری کاری ناشیرین و وێرانکاریان کرد کە هیچ کەمتر نەبوو لە شاری ئیشبیلە. ئەو سەردەمە ترس و بیمیان خستبووە ناو دڵی هەموو ئەندەلوس و خەڵکی وردە وردە شارەکانی چۆڵ دەکرد لە ترسی خراپەکاری ڤایکینەکان، ئەمە سروشتی شەڕی مادیەکانە کە هیچ بڕوایەکیان نییە. بێگومان جیاوازیەکی زۆر گەورە دەبینرێت لە نێوان فەتحی ئیسلامی و شەڕی لایەنەکانی تر.

بەڵێ عەبدوڕەحمانی ناوەند -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- سوپایەکی گەورەی کۆ کردەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵیان دا و هێزێکی باشی پێکهێنابوو لە هەموو ڕوویەکی سەربازییەوە کە ماوەی سەد ڕۆژ شەڕی کرد لەگەڵ ڤایکینەکاندا، شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا لەو نێوەندەدا موسوڵمانان توانیان سی و پێنج کەشتی ڤایکین ژێر ئاو بخەن. خوای گەورە موسوڵمانانی سەرخست بەسەر ئەو هێزە وەحشیگەرییەدا، ڤایکین بە سەرشۆڕی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، کە مێژوویەکی ناشیرینیان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

عەبدوڕحمانی ناوەند -ڕەحمەتی خوای لێ بێت - لەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە هەروا دانەنیشت بە سەربەرزی و بە شادیی و خۆشی بگەڕێتەوە، بەڵکو هەستا بەوەی بزانێت ئەم هەڵەیە، لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و چۆن توانیویانە بێنە ناو خاکی ئەندەلوس، بەدوای هۆکارەکان دەگەڕا کەچۆن ئەمانە هاتونەتە ناوخاکی ئەندەلوس بۆ ئەوەی کارێکی وا بکات جارێکی تر ئەوە ڕوونەداتەوە ئەو کارانە بریتیی بوون لە:

یەکەم: بینی کە شاری ئیشبیلە کەوتۆتە سەر زەریایی ئەتڵەسی هەرکاتێک ڤایکین یان هەر هێزێکی تر بیەوێت دەتوانێت بەئاسانی بگەڕێتەوە ناو ئەو شارە، بۆیە هەستا بە دروستکردنی چەند دیوارێک لەسەر کەناری زەریای ئەتڵەسی بۆ پاراستنی شاری ئیشبیلیە، پاشان بە دەیان قەڵا و مینای دروستکرد لەسەر کەناری ئەو زەریاییە بۆ پاراستنی خاکی ئەندەلوس، کە ئەو دیوارانە بە بەهێزترین دیواری ئەندەلوس دادەنرێت تاکو ئێستاش لە هەموو ئەورووپا.

دووەم: هەروەها بەو کارانەوە نەوەستا، بەڵکو هەستا بە دروستکردنی دوو ئوستولی گەورە یەکێکیان لە زەریای ئەتڵەسی ئەوی تریان لە دەریای ناوەڕاست، بۆ ئەوەی کەناری ئەندەلوس

پاریزێت، ئەم دوو ئوستولە لە باکوور تا نزیک مەملەکەتی لیۆن دەبووەوە، بۆ پاراستن
کەنارەکانی ئەندەلوس لە باشوور لە دەریای ناوەڕاست، تا ئیتاڵیا و کەنارەکانی ئەندەلوس
دەپاراست.

لە ئەنجامی ئەم دوو ئوستولە جارێکی تر دوورگەی بلیارد فەتح کرایەوە لەلایەن عەبدوڕەحمانی ناوەند پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە لەسەردەمی موسای کوڕی نوصێر پێش هاتنە ناو ئەندەلوس ئەو دوورگەیە فەتح کرا فەتحی یەکەمی لەساڵی ٩١ کۆچی بوو لەسەردەمی دووەمی والیەکان نەصاراکان توانیان ئەو دوورگە داگیر بکەنەوە، وە موسوڵمانان لە ساڵی ٢٣٤ کۆچی جارێکی تر فەتحیان کردەوە.

هۆکاری ئەم سەرکەوتنانەی عەبدوڕەحمان ناوەند وای کرد کە لە دانیمارک و وڵاتانی تری جیهانەوە سەفیری خۆیان دەنارد بۆلای عەبدوڕەحمان تا پەیمانی ئاشتی لەگەڵ مۆر بکەن و ڕێکەوتنی ئاشتیدان لەگەڵ دەبەست کە دەسەڵاتی گەیشتبووە ئەوپەڕی.

سەردەمی دووەمی ئەمەوییەکان کە بەسەردەمی لاوازی و نەهامەتی دادەنرێت، لەدوای کۆچی دوای عەبدوڕەحمانی ناوەند -ڕەحمەتی خوای لێ بێت - سەردەمێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات کە بەقۆناغی لاوازی و بێ دەسەڵاتی ئەمەوییەکان دادەنرێت، ئەم قۆناغە لە ساڵی ٢٣٨ کۆچی دەست پێ دەکات تا ساڵی ٣٠٠ کۆچی کە نزیکەی شەست و دوو ساڵ دەکات لەدوای عەبدوڕەحمانی ناوەند کوڕەکەی دەسەڵاتی گرتە دەست، بەناوی موحەمەد کوڕی عەبدوڕەحمان ناوەند پاش موحەمەد دوو کوڕەکەی دەسەڵاتیان گرتە دەست بە ناوەکانی مونذیر و عبدالله لە ڕاستییدا لە کاری ئەندەلوس خەڵکی سەرسام دەبێت چۆن دەسەڵاتێکی وا بەهێز، خێرا لاواز دەبێت، بەو شێوە کە زۆر ترسناکە، بەڕاستی جێگەی پرسیارە دەسەڵاتێکی وا بەهێز بکەوێتە لاوازیەکی لەو شێوەیە. دەبێت هۆکارەکان چی بن؟

ئەم سەردەمی دووەمی ئەمەوییە کە باسی لێوە دەکەین زۆر لەسەردەمی دووەمی والیەکان دەچێت، خوای گەورە سوننەتێکی هەیە کە ناگۆڕێت و دەست کاری ناکرێت، وە سوننەتی خوا هەرگیز نەبوو کە موسوڵمانان بەو خێرایە لەناو بچن یان دەسەڵاتیدان لاواز بێت، بەڵکو پلە بە پلە بوو بەگوێرەی قۆناغەکان ڕوویداوە. هۆکاری لاوازی ئەم دەسەڵاتی دووەمی ئەمەویە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە.

یەکەم: کردنەوەی دەرگەکانی جیهان و خۆشەویستی بۆ ژیان و کۆکردنەوەی سەروەت و زەنگی غەنیمەت.

دووەم: دیسان دروستبوونەوەی نەتەوەگەریی و دەمارگیری لە نێوانی گەل و هۆزەکاندا.

سێیەم: ستەم و زۆری والییەکان و گەندەڵی لەناو دەسەڵاتدا.

چوارەم: وازهێنان لە کۆشش و خەباتی ئیسلامی، شەرمکردن و ترسان لە جیهاد.

ئەم هۆکارانە هەروا ڕاستەوخۆ نەبووە، بەڵکو پلە بە پلە بوون، ئەم هۆکارانە لە بنەڕەتدا لەسەردەمی دووەمی والییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە لەدوای جەنگی بیلاتی شەهیدان کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەگەر بمانەوێت لە سەردەمی لاوازی ئەمەوییەكان تێبگەین پێویستمان بە گەڕاندنەوەی مێژوو هەیە بۆ دواوە بۆ ئەوەی ڕووداوەكان شیبكەینەوە. لێكۆڵینەوە لەسەر سەردەمی هێزی ئەمەوی دەكەین، پاشان باسی لاوازی سەردەمی دووەمی ئەمەوییەكان دەكەین هۆكاری بێ هێزیی و لاوازیەكان دەخەینە ڕوو.

## كاریگەریی و هۆكارەكانی سەردەمی لاوازی ئەمەوییەكان

هۆكاری یەكەم: خۆشەویستی سەروەت و سامان كردنەوەی دەرگەكانی وڵاتانی جیهان بەڕووی موسوڵمانانەدا لەبیر چوونەی كاری قیامەتی هەوڵدان تەنها بۆ ژیان.

سەرلەنوێ موسوڵمانان خۆشەویستی ژیان و ترسانیان لە مردن وای لێكردن كە لاواز بن و دوژمنانیان بە ئارەزووی خۆیان بەسەریاندا زاڵ بن، لەهەمان كاتدا زۆری پارە وای لێ كردن كە ترسنۆك بن، وە ئەم دەوڵەمەندی و ژیان ویستیە لە سەردەمی كۆتایی هێز و دەسەڵاتی موسوڵمانان بوو، لە ئەندەلوس دا بازرگانییەكی باش كرابووەوە خەڵكی سەرقاڵبوون بە بازرگانی لە وڵاتی ئەندەلوسدا یەك هەژاری تێدا نەمابوو، خەڵكی سەرگەردان بووبوون بە پارەی زۆرە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دووبارە دەكەینەوە كە دەفەرموێت: فَوَاللهِ مَا الفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنْ أَخْشَى أَنْ تُبْسَطَ الدُّنْيَا عَلَيْكُمْ كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا، فَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ. واتە: لە هەژاریدا لێتان ناترسم، دەترسم دنیا و خۆشییەكانی ژیان زاڵ بێت بەسەرتان دا، كە چۆن بەسەر گەلانی پێشوتردا زاڵ بووە هەوڵی بۆ بدەن و ركابەریی بۆ بەدەستهێنانی تا لەناوتان دەبات و گەلانی تری لە ناو بردووە.

وە پاشان هەر لەم بارەیەوە دەفەرموێت: إِنَّ لِكُلِّ أُمَّةٍ فِتْنَةً وَفِتْنَةُ أُمَّتِي الْمَالُ. واتە: هەموو گەلانێك خاوەنی فیتنەیەك بوون، فیتنە و ئاشوبی ئوممەتەكەی منیش پارەیە..

بۆ ئەوەی فێرمان بكات، كە بزانین ئەگەر زۆر دوای خۆشییەكانی ژیان كەوتین ئەوا لاڕێمان دەكات و هیچمان دەست ناكەوێت وەك دەفەرموێت: وَمَا الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلَّا كَمَا يَضَعُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ فِي الْيَمِّ فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ. واتە: ئەم ژیانە لە چاو ژیانی كۆتاییدا وەك ئەوە وایە كەسێك پەنجەكانی بخاتە ناو زەریایەكەوە و دوای دەرهێنانەوەی چەند ئاوی لەگەڵ خۆی گەڵگرتووە!

هۆكاری دووەم: زریاب

ئەم ناوە لە جیهانی عەرەبیی و لە ئەندەلوس ئەوروپادا زۆر بەناوبانگە لەلای ئەوان نامۆ نییە، زریاب هونەرمەندێكی خەڵكی عێراقە لە بەغداد لە دایك بوو لە ناو باڵەخانەكانی خەلیفەكاندا پەروەردە بووە، ئەوندە ناوی بەرز بووە لە جیهانی ئیسلامیدا كە تەنانەت ئەمیرەكانیش حەسوودیان پێ دەبرد، وەك ئەوە بوو كە لەسكی ماسیدا ئەنگوستیلەكەی پێغەمبەر سولەیمان -علیه السلام- دەست كەوتبێت وەك كوردەواری خۆمان دەڵێت، زریاب لە ناو باڵەخانەی خەلیفەكان گۆرانی موسیقای دەژەند، مامۆستاكەی زریاب كەسێك بوو بەناوی ئیبراهیمی موسڵی، كە گەورەی گۆرانیبێژانی بەغداد بوو لەو سەردەمە.

ڕۆژ بەڕۆژ ئەستێرەی زریاب دەكشا بەرەو ئاسمان و ناوبانگی زیاتر دەردەكرد، مامۆستاكەی زانی ئەوا بەرەو بەناوبانگی دەڕوات لە بەغداد كێشەیەكیان بۆ دروستكرد تا وای لێ هات بەپەلە رای

كرد لە بەغداد، زۆر گەڕا بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتی ئیسلامیدا بیری لەوە كردەوە كە بچێتە جێگەیەک پارەی زۆری دەست بکەوێت تا گۆرانی و مۆسیقای خۆی لەوێ بژەنێت. بۆ دواجار خۆی لە ئەندەلوس بینییەوە، چونکە ئەندەلوس وڵاتێکی خۆش و خەڵکێکی دەوڵەمەند و خاکێکی زۆر جوان پڕ لە باخ و باخاتی خۆشی پێشکەوتوو بوو، خەڵکانێکی زۆر هەن ئێستاش لە پێشوازی لەم جۆرە خەڵکانە دەکەن، بە چوونی بۆ خاکی ئەندەلوس لەلایەن خەڵکیەوە پێشوازیەکی باشی لێ کرا.

ئەو سەردەمە تا زریاب نەچوو بووە ئەندەلوس خەڵکی ئەو وڵاتە نەیان دەزانی گۆرانی و مۆسیقا چیە، کە چووە ئەوێ خەڵکی زۆر ڕێزیان لێ گرت، لە پلە و پایەیان بەرزکردەوە تەنانەت قوتابخانەیان بۆ کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری مۆسیقا و گۆرانی بکات، وە یانەی شەوان خەڵکی بەدیاریەوە دادەنیشتن تا بەیانی خەڵکی فێری دانیشتنی شەوان بوون، بە دەیان قوتابی وەک خۆی پەروەردە کرد لە وڵاتی ئەندەلوس. تەنانەت خەڵکی ئەوەندەیان خۆش دەویست ناوی منداڵەکانی خۆیان بە ناوی ئەوەوە ناو دەنا.

زریاب تەنها بە گۆرانی مۆسیقاوە نەوەستا، بەڵکو خەڵکی ئەندەلوسی فێری مۆدێلەکانی جلوبەرگ کرد و مۆدێلی جلی زستانە، هاوینە، بەهارە و پایزەی بۆ خەڵکی داهێنا، هەروەها خەڵکی فێری هونەری خواردن کرد لە بۆنەکانیان دا خواردنی تایبەت دروست بکەن، وای لە خەڵکەکە کرد کە مەفتون بووبوون بە کردەوەکانی زریاب.

لە ڕاستیدا خەڵکی ئەندەلوس زۆر زوو گوێیان بۆ زریاب دەگرت وکارەکانیان وەردەگرت لە گۆرانی و جۆری جلوبەرگ و جۆرەها جۆری خواردن کە بۆ بۆنەکانیان بەکاریان دەهێنا، بلی چیرۆکی خورافی و گۆرانی بەسەر عیشق گۆرانی وتن بەسەر مەی و ئەو شتانەی کە ئیسلام حەرام و قەدەغەی کردبوو. خەڵکی زۆر وابەستە بووبوون پێیەوە، تەنانەت خەڵکی وەکو ئەویان دووبارە دەکردەوە، هەروەک لەم سەردەمی خۆمان دەیبینین بە چەندەها زریاب دروستبوون، وە لە هەمووی ترسناکتر سەما و هەڵپەرکێی فێری خەڵکی کرد، لە سەرەتاوە پیاوانی فێر کرد، تا دوای ئەوە ژن و پیاو بەیەکەوە تێکەڵ بوون.

ئەوەی کە لێرەدا جێگەیی سەرسوڕمانە چۆن پیاوێکی لەخواترسی وەک عەبدوڕەحمانی ناوەڕاست -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- هێشتی کەسێکی وا بچێتە وڵاتەکەیەوە بەو شێوەیە وازی لێ هێنا عەبدوڕەحمان خۆی کەسێک بوو زۆر گرنگی دا بوو بە زانستی ئاینییەکان، بەڵام بەداخەوە ڕێگەیی ئاسان کرد بۆ کەسێکی وەک زریاب کە ئەو هەموو کارە فەسادیەی نایەوە لە ئەندەلوس هەموو لاشەی ئەو وڵاتەی سڕ و بێهۆش کرد لە دینداری.

لەو سەردەمەدا ئەندەلوس پێشکەوتنێکی زۆر بەرچاوی بەخۆیەوە دیبوو لەڕووی ئەندازیاری و بازرگانی، وە هەموو خزمەت گوزاریەکانی ژیان، زاناکان لەوڵاتەدا زۆر بوو بوون بەڵام خەڵکی گوێیان بۆ وتە باق و بریقەکانی زریاب دەگرت و وازیان لە زاناکان هێنا بوو، گوێیان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ نەدەگرت وازیان هێنا بوو لە چیرۆکی هاوەڵان و شوێنکەوتوانی سەلەفی صالح، گوێیان لە چیرۆکی خەیاڵی ئەفسانەکەی زریاب دەگرت. تەنانەت خەڵکی لەجیاتی گوێ لە قورئان بگرن گوێیان لە گۆرانی زریاب دەگرت، زۆر خۆشەویست بوو لە لایان.

پەوەی كە بەسمان كرد دەزانم كارێكی سەرسوڕهێنەر نییە بەلای زۆربەی خەڵكی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا خەڵكی بە هەمان شێوە وابەستەن بە گۆرانی و ئەو كارانەی تر كە باسمان كرد، وە پەكۆنیشەوە هەروا بووە بۆیە مێژوونووسان دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە، لەسەردەمی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لەسەرەتایی بانگەوازەكەی هاوشێوەی ئەم كارەنە لە شاری مەككە ڕوویداوە، كاتێك بینیان كە پێغەمبەری ﷺ بانگەوازی دەكرد نەضیری كوڕی حارس كە یەكێك بوو لە سەركردە گەورەكانی كوفر كە زانی خەڵكی گوێ بۆ بانگەوازەكەی دەگرن قورئانەكە زوو دەچێت بە گوێیاندا هەستا بەوەی ڕێگەیەكی دوورو درێژی بڕی بەرەو وڵاتی فارس كەوتەڕێ، بۆماوەیەكی زۆر لە وڵاتی فارس مایەوە بۆ فێر بوونی چیرۆكە ئەفسانەكان وەك ڕۆستەم و ئەسفەندیار، خۆی فێری هەموو ئەفسانەكانی فارس كرد و چەند ئافرەتێكی سەماكەری فارسی هێنا بۆ مەككە، كە گەڕایەوە دەستی كرد بەهێرش كردنە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك پێغەمبەر ﷺ وتەكانی قورئانی باس دەكرد نەضیری كوڕی حارس ئافرەتەكانی دەخستە سەما و خۆی چیرۆكی دەخوێندەوە تا خەڵكی ڕوو بكەنە لای ئەو و گوێ بۆ پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ نەگرێت، تا خوای گەورە قورئانی نارد بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ دەفەرموێت: وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ. ﴿٦﴾لقمان. واتە: هەندێ لە خەڵكی هەن قسەی بێ خێر و بێ مانا دەكڕن (وەك گۆرانییە ناپوختەكان، كتێب و شریتە بێترخەكانیان...هتد) تا خۆی و كەسانی تریش لە ڕێبازی خوا وێڵ بكات، بێ ئەوەی هەست بكات بە مەترسی كارەكەی، بێ ئەوەی بزانێ چ كەتنێك دەكات بەخۆی و خەڵكی، وە گاڵتە بە پەیام و ڕێبازی خوا دەكات، ئا ئەوانە سزاو تۆڵەیەكی ڕیسواكەر و ئابڕوبەر چاوەڕێیانە.

عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود -ڕەزامەندی خوای لە سەر بێت- دەفەرموێت: ئەم ئایەتە بۆ گۆرانی دابەزیوە.

لە ڕاستیدا شەیتان لە پێشكەوتنێكی ئاوا گەورە كە موسوڵمانان بەدەستی بێنن هەروا بە ئاسانی خەوی لێناكەوێت، دەبێت تێكی بدات، چۆن چاوی بەو ڕاپەڕینە زانستیە دێت لە ئەندەلوس دا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ. ﴿١٧﴾الأعراف. واتە: پاشان سوێند بەخوا لە بەردەمیانەوە، لە پشتیانەوە، لە لای ڕاستیانەوە، لە لای چەپیانەوە، بۆیان دێم و (دنیایان لا خۆشەویست دەكەم و گومانیان لەبارەی قیامەت لا دروست دەكەم) و دەستت ناكەوێت زۆربەیان سوپاسگوزار بن.

هەتا موسوڵمانان وابەستەبن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هاتوچۆی مزگەوت بكەن دڵیان بە مزگەوتەوە وابەستە بێت، ئەوا شەیتان چالاكتر دەبێت بە دەیان زریاب دروست دەكات، بۆ ئەوەی خەڵكی دووربخاتەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بیخاتە سەر مەنهەجی خۆی.

بەداخێكی زۆر گەورەوە لە دوای لە ناوچوونی زریاب كە نزیكەی هەزار و سەدساڵێك دەبێت كەچی لە وڵاتان وەك مەراكیش، تونس و جەزائیر دا ئەم كەسە ناوی هەر ماوە، بەڵام بەسەدان ناوی وەك عەبدوڕەحمانی غافقی، سامیحی خولانی، عینبەسە، عەبدوڕەحمانی داخل و ناوەند ...هتد ناویان ون بوو لە لای لاوەكانی ئەم وڵاتانە، ئەگەرچی ئێستا مێژووی ژیانی زریاب

دەخوێنرێت بە یەکێک دادەنرێت کە زۆر خزمەتی هونەری کردوە لە راتیدانی هونەری ناوچەی دادەهێنرێت[8].

هۆکاری سێیەم: لە هۆکاری لاوازی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان عومەری کوڕی حەفصون بوو. عومەری کوڕی حەفصون لە دایک بووەکانی ئەندەلوسە بە رەچەڵەک ئیسپانە موسوڵمان بوو سەرەتا، پاشان بوو بە چەتەی سەر رێگە وەک مێژوونووسان دەڵێن سەرەتا چل کەسێکی لەگەڵ دا بوو بە هۆی ئەوەی کە پەروەردەیەکی باش نەما بوو لە ئەندەلوس خەڵکی زۆر لە دەوری کۆ بوونەوە وە یارمەتی لە دەوڵەتەکانی نەسارا وەردەگرت زۆر لە نەساراکان لە دەوری کۆبوونەوە تا توانی هەموو باشووری ئەندەلوس بخاتە ژێر رکێفی خۆی، وە زۆر گەورە بوو توانی زۆر لە شارە گەورەکانیش بخاتە ژێر دەستی خۆی، وە لەساڵی ٢٤٠ تا ٣٠٦ کۆچی بەردەوام دەبێت.

وە لەساڵی ٢٨٦ کۆچی عومەری کوڕی حەفصون کارێکی کرد کە لە مێژووی هەموو ئەندەلوس شتێکی وا رووی نەداوە ئەویش بریتیی بوو لەوەی کە وازی هێنا لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بوو بە نەسرانی، وە بیست و دوو ساڵ بوو شۆڕشی کردبوو خۆی گەورەی خۆی بوو کەچی وازی لە ئاینەکەی هێنا وەک مێژوونووسان دەڵێن گرێبەستی لەگەڵ نەساراکاندا وابوو، کە سەرکەوێت بۆ ئەوەی بیێتە پاشا دەبێت واز لە ئاینەکەی بێنێت! بۆ ئەوەی تا سەر ئێمە یارمەتی بدەین و خۆی ناوتا بە صامۆئیلیۆ ئەوەی مەملەکەتی نەسرانی لە باکوور کە ناوی لیۆن بوو لە خۆی رازی بکات وە هەندێک موسوڵمانی لەگەڵدا بوون وازیان لێ هێنا، مەملەکەتی لیۆن بەڕاستی بڕوای پێ کرد و پشتگیری کرد، ئەو کاتە بوو کە جیهاد دژی نەساراکان وەستابوو.

بەڵێ کاتێک کە جیهاد لە مێشکی موسوڵماناندا نەما خەڵکانێکی تر دەست پێ دەکەن بۆ ئەوەی خاکی موسوڵمانان داگیر بکەن، مەملەکەتی لیۆن لە باکوور دەستی کرد بە هێرش وە عومەری کوڕی حەفصون لە باشوور دەستی کرد بە هێرش[9].

تێڕوانینێک و شیکاریەک لەسەر سەردەمی کۆتایی لاوازی ئەندەلوس وە ئەو هۆکارەکانی:

---

[8] دکتۆر ڕاغب سەرجانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە ووتارێکدا باسی دەوڵەتی ئەندەلوسم کرد، ناوی زریابم لێتێکچوو بە زریات خوێندمەوە، وتی لە دوای تەوابوونی ووتارەکە زیاد لە بیست کەس وشەکیان بۆ ڕاست کردمەوە، پاشان بۆ ڕۆژی دواتر باسی پیاو چاکێکی ئەندەلوسم کرد، خۆم بە ئارەزوو ناوەکەیم هەڵە وت، بەئومێدی ئەوەی کە دوایی بۆم ڕاست بکەنەوە، بەڵام کەسێک نەبوو ناوی ئەو زانا ئاینیە بۆ ڕاست بکاتەوە، بەداخەوە یەکێک لە هۆکاری ڕووخانی دەسەڵاتی ئەمەوییەکانی ئەو سەردەمە هۆکارەکەی زریاب بوو (ولا حول ولا قوە إلا باللە)!

[9] وەک هێرشەکەی ئەمریکا و یەهودو جۆن گرانج لە باشوری سودان دێتە بەرچاوم، ویستیان ئەندەلوس بە کێشەی ناخۆ خەریک بکەن، وە مەملەکەتی لیۆن لەولاوە هێرشی هێنا تاکو هەموو ئەندەلوس داگیر بکەن.

## لاوازیی و كۆتایی ئەمەوییەكان لە ئەندەلوس

یەكەم: شۆڕشەكانی ناوخۆ

لەناو خاكی ئەندەلوس دا بە دەیان شۆڕش روویدا تەنانەت بووە هۆی ئەوەی كە زۆربەی شارەكان سەربەخۆی خۆیان وەرگرت و لە دەسەڵاتی مەركەزی جودا بوونەوە، بۆ نمونە لەوانە صامۆئیلی كوڕی حەفصون كە زۆربەی باشووری خستە ژێر ركێفی خۆی، وە هەندێك لە شارەكانی تر پەیوەندیان كرد بە صامۆئیلەوە وەك شاری ئوستوجە و جەییان لەگەڵ هەموو قەڵا و سەربازگەكانی كە بەهێزترین سەربازگەو قەڵای ئەندەلوس بوو، وە لەو شارانەی كە سەربەخۆییان وەرگرت شاری غەرناطە بوو، كە شەڕ كەوتە دەست صامۆئیل و دەوڵەتێكی دامەزراند پایتەختەكەی شاری بەربەرشاتر بوو، كە نزیك شاری ئیمرایە لە باشووری ئەندەلوس وە دەكەوێتە سەر كەنارەكانی دەریای ناوەڕاست.

دوای ئەوە شۆڕشێكی گەورە رووی دا لە شاری ئیشبیلیە لەسەر دەستی ئبن حەجاج وە صامۆئیل یارمەتی دا لە دژی دەسەڵاتی مەركەزی لە قورتوبە.

شۆڕشی سێیەم لە رۆژهەڵات روویدا لە شاری بەلانسیە، شۆڕشێكی تر روویدا لە شاری ساراگۆستا لە باكووری رۆژهەڵات، وە ئەمارەتی ساراگۆستا بەتەواوی لە ئەمارەتی ئەمەوی جیا بوەوە و سەربەخۆی خۆی راگەیاند.

شۆڕشی پێنجەم كە رووی دا لەسەر دەستی عەبدوڕەحمانی جلیقی بوو لە رۆژئاوای ئەندەلوس، شەشەم شۆڕش لە طوڵێطیلە بوو، تا بەوشێوەیە شۆڕش لەسەر شۆڕش رووی دەدا لە خاكی ئەندەلوس تا پارچە پارچە كرا و وای لێهاتبوو ئەمارەتی ئەمەوی تەنها دەسەڵاتی بەسەر قورتوبە و چەند شارێكی دەوروبەریدا مابوو هەموو جودا بووبوونەوە، خاكی موسوڵمانان بەوشێوە دابەش بووا!

دووەم: دروستبوونی دەوڵەتێكی تری نوێی نەسڕانی

پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد كە دوو دەوڵەتی بچووكی نەسڕانییەكان دروستبوو بوون، ئەم دەوڵەتە كە تازە دروستبوو بەناوی دەوڵەتی ناڤار یان مێژوونووسانی عەرەب بە دەوڵەتی نابارە ناویان بردووە، ئەم دەوڵەتە بچووكە ئەنجامی ئەو هەموو شۆڕشە بوو كە موسوڵمانان لە ناوخۆدا كردیان، ئێستا لە ئیسپانیادا ئەم ناوچە بە هەرێمی باسك ناسراوە تا ئێستاش لەهەوڵی ئەوەدایە كە دەیەوێت سەربەخۆی خۆی لە ئیسپان رابگەیەنێت داوای جودابوونەوە دەكات.

ئەم دەوڵەتە توانی خاكی خۆی گەورە بكات و زۆربەی جێگەكانی موسوڵمانان لە باكووری ئەندەلوس بۆ خۆی داگیر بكات، زۆر كوشت و بڕی لە موسوڵمانان كرد لەشارەكانی باكووری ئەندەلوس.

سێیەم: كوشتنی جێنشینی خەلیفەی موسوڵمانان لە قورتبە

كارەساتێكی زۆر گەورە روویدا لە ئەندەلوس كە هاوكات بوو لەگەڵ ئەو هەموو كارەساتانەی تر ئەویش بریتی بوو لە كوشتنی جێنشینی خەلیفەی موسوڵمانان محمدی كوڕی عەبدوڵای كوڕی موحەمەدی عەبدوڕەحمانی ناوەند بوو بەدەستی براكەی مونضیری كوڕی عەبدوڵا، ئەم رووداوە لەو سەردەمەدا كاریگەریەكی زۆری هەبوو لەسەر موسوڵمانان.

چوارەم: دروستبوونی دەوڵەتی شیعە لە وڵاتی مەراکیش کە ترسناک بوو بۆ داهاتووی ئەندەلوس
لە هەمووی ناهەموارتر ئەوە بوو لە وڵاتی مەراکیش دەوڵەتێک دروستبوو بەناوی دەوڵەتی فاطمی یان باشتر بڵێم دەوڵەتی عوبێدیەکان کە زۆر ترسناک بوون بۆ ئەمارەتی ئەمەوییەکانی ئەندەلوس.
دەوڵەتی عوبێدیەکان لە مەراکیش لە ساڵی ٢٩٦ کۆچی دروستبوو واتا پێش کۆتایی هاتنی سەردەمی دووەمی ئەمەوییەکان، کە کۆتاییەکەی ساڵی ٣٠٠ کۆچی دەکات بەچوار ساڵ دوای کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی دووەمی ئەمەوی. ئەو دەوڵەتە شیعە هەرچی زانایانی موسوڵمان بوو کوشتیان یان زیندە بەچاڵیان کردن، توانیان خەڵکێکی باش لە خۆیان کۆبکەنەوە لە وڵاتی مەراکیش، تونس، جەزائیر، میسر، شام و حیجازکە پیسترین و فەسادترین دەوڵەت بوون .
ئەم دەوڵەتە شیعەیە چەک و خواردەمەنی دەنارد بۆ صامۆئیل کوڕی حەفصون تا دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لەناو بەرێت، کێشە نییە گەرچی ئەو نەسرانییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی ئەهلی سوننە و جاماعە لە ناو بچن، ئەو هەموو پارمەتیە لە ڕێگەیی شاخی طاریقە وە دەینارد بۆ صامۆئیل بۆ ئەوەی قورتوبە بڕوخێنێت .
پێنجەم: وازهێنان لە ڕێگەی جیهاد و بیر نەکردنەوە لێی
لە ناو خاکی ئەندەلوس خەڵکانێک وازیان هێنابوو لە خەبات و شۆڕشی ئیسلامی بۆ بانگەوازی دینی خوای گەورە، گومانی تێدا نییە ئەگەر خەڵکانێک وازیان هێنا لە شۆڕش و خەبات لە پێناوی خوای گەورەدا ئەوا بەو شێوەیان بەسەر دێت، کە لە پێش چاوماندایە ئەوکات هەستانەوە زۆر ئاستەم دەبێت.
شەشەم: ڕەوش و زەمینەی وڵاتە ئیسلامیەکان و جیهان بەگشتی لەو سەردەمەدا
جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی لە پارچە پارچەبووندا بوون هەر وەک ئەندەلوسیان لێ هاتبوو، خۆیان بەدەست پارچە پارچە بوونەوە دەیانناڵاند هەر لە ڕۆژهەڵات، تا ڕۆژئاوا بۆ نمونە: لە وڵاتی شام ئەخشەدیەکان دەسەڵاتیان هەبوو، لە هەولێر و مووسڵ کوڕانی حەمدان فەرمانڕەواییان دەکرد، لە بەحرەین یەمامەکان و قەرامیطەکان دەسەڵاتیان هەبوو، لە ئەصفەهان بەنی بوویە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوون، لە خوراسان ناصری سامانی فەرمانڕەوایی دەکردن، لە طبەرستان دەسەڵاتی دلەیم فەرمانڕەوا بوون، لە ئەهواز دەسەڵاتی بورەیدیەکان هەبوو، لە کرمان محمدی کوڕی ئیلیاس فەرمانڕەوایی دەکردن، لە خیلافەتی عەباسی لە بەغداد زیاتر هیچی بەدەستەوە نەمابوو، کە تەنانەت توانای بەسەر دەروپشتی خۆی و ناوچەکانی عێراقدا نەمابوو ئەوە بەگشتی حاڵی وڵاتانی ئیسلامی بوو کە بەو شێوە ترسناکە پارچە پارچە بووبوون، ئەوە ئەندەلوس لەوپەڕی جیهانی ئیسلامی هەر باس ناکرێت لەناو کەرتبوونی خۆی لە ڕاستیدا دەژین پێویستمان بە موعجیزەیە هەڵمان بستێنێتەوە، بەڵێ هەموو جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەک موسوڵمانان پێویستیان بە موعجیزەیەکە بۆ ئەوەی بیانکاتەوە بەیەک، هەروەک ئێستا کە تیایدا دابەشبوو بوو (ولا حول و لاقوة إلا بالله).
ئەگەر سەیری ڕەوشی ئەندەلوس بکەین، بێگومان دەڵێین ئەوا ئیسلام بە تەواوەتی کۆتایی هات لەو وڵاتەدا کە بەتەواوەتی نەسارا دەسەڵاتی ئەندەلوسیان گرتبوو بۆ خۆیان لە باکوور و باشوور

پەرمان رەوایان دەكرد رۆژانە بە سەدان موسوڵمان دەكوژران، بێگومان پێویستمان بە موعجیزەیەكی تر وەك عەبدوڕەحمانی داخل كەچۆن لە عێراقەوە توانی ئەو وڵاتە دروست بكاتەوە -رەحمەتی خوای لێ بێت-.

بەڵێ خوای گەورە نیعمەتی خۆی باراند رەحمی كرد بە موسوڵمانان كەسێكی بۆ ناردن، كە گەورەترین خەلیفەی سەردەمی خۆی بوو، وە لە هەموو ئەوروپادا هاوشێوەی نەبوو لە هێز و دەسەڵات و پێشكەوتندا، پیاوێكی ئازاو جوامێر و لەخواترس هاتەوە سەر شانۆی دەسەڵات، بۆ ئەوەی كاروانی ئیسلامەتی زیاتر بەڕێوەبەرێت ئەو سەركردە لە ناو مێژوودا ناسراوە بە عبد الرحمن الناصر -رەحمەتی خوای لێ بێت- كە بەڕاستی نەخشەی ئەندەلوس و وڵاتانی دەوروپشتی دەگۆڕێت.

## كۆتایی دەسەڵاتی ئەمەوییەكان، سەردەمی هێز و دەسەڵات

عەبدوڕەحمان ناصر، لە ساڵی ٢٧٧ كۆچی تا ٣٥٠ كۆچی ژیاوە، عەبدوڕەحمانی ناصر كوڕی محمد كوڕی عبدالله‌ی مەروانی ناصرالدین كوڕی مطرف ئەمیری ئەندەلوسە، كە نازناوی دەركردبوو بە ئەمیرلوئمینین واتە باپیری بە شەش پشت دەچێتەوە سەر عەبدوڕەحمانی موعاویەی ئەمەوی، كە بە هەڵۆی قورەیش و عەبدوڕەحمان داخل ناسراو بوو.

عەبدوڕەحمانی ناصر لە قورتوبە لەدایكبووە، وە هەر لەوێش ژیاوە و بەهەتیوی گەورە بووە، كاتێك كە تەمەنی بیست رۆژ بوو باوكی بەدەستی مونضیری مامی دەكوژرێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، لەبەر ئەوەی باوكی ئامادە بوو بۆ هاتنە سەر دەسەڵات، وە جێنشینی خەلیفە بوو، دەبوو بە هەشتەم ئەمیری ئەمەوییەكان لە ئەندەلوسدا، لە دوای باوكی محمد كە ناوی عبدالله بوو وە خەلیفەی موسوڵمانان بوو لە قورتوبە، كاتێك عەبدوڕەحمان چاوی هەڵهێنا باپیری زۆر بە باشی پەروەردەی كردوو وە لە باوەشی باپیریدا هەموو زانستەكانی خوێند، زۆر گرنگی دابوو بە مێژووی ئەمەوییەكان و شارەزاییەكی زۆر باشی هەبوو لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، باپیریشی زۆر گرنگی دابوو بە عەبدوڕەحمانی ناصر خۆی زۆر سەرقاڵكردبوو بە پەروەردەكردنییەوە، ئەوەی كە باپیری خۆی نەیتوانی بیكات ویستی، كە عەبدوڕەحمان بۆ ئەو كارە پەروەردە بكات، پەروەردەی كرد لەسەر زانست، وە وەك سەركردە رای هێنا و بەباشی فێری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كرد و لەسەر هێزو پیاوچاكی و چالاكیی پەروەردەی كرد، هەروەها پەروەردەی كرد لەسەر تەقوا، چاكسازی، خەڵكی خۆش بوێت، ئارامیی و حیكمەت و سەربەرزی و كەرامەت، وە پەروەردەی كرد لەسەر دادپەروەری لە دوور و نزیكەوە، فێری كرد كە ستەملێكراوان سەربخات. كاتێك كە باوكی عەبدوڕەحمان كوژرا بەدەستی مونضیری برای، باپیری واتا عبدالله كوڕەكەی خۆی كوشتەوە، هەر لەو كاتەوەی مونضیری كوشتەوە لە حەقی كوشتنی باوكی عەبدوڕەحمان دا وە عەبدوڕەحمانی ئامادە كرد بۆ وەرگرتنی فەرمانڕەوایی، وە باپیری زۆری خۆش دەویست، وە زۆر بەزەی پێدا دەهاتەوە لەبەر ئەوەی، كە بە هەتیوی بەخێو كرابوو دایكیشی مەسیحی بوو ناوی ماریا بوو بۆیە نەی دەهێشت كە ماڵی خاڵوانی پەروەردەی بكەن.

عەبدوڕەحمان پەروەردە بوو لەو کەش و ڕەوشەی کە ئەو هەموو ڕووداوە یەک لەدوای یەکتر بینی، زۆر ئاگاداریش بوو لەوەی، کە بەسەر باوکی و مامیدا هاتووە، وە زۆر ئاگاداری ژیانی باپیرە گەورەی بوو. عەبدوڕەحمانی داخل کە بە هەڵۆی قوڕەیش ناسراو بوو. پیاوێکی زۆر زانا سەرکردەیەکی زۆر لێهاتوو بوو هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو کە دەوڵەتێکی وەک ئەوەی باپیرە دابمەزرێنێتەوە، بەڵکو ئەوەی کە ڕووبەڕوی دەبوەوە شۆڕش و یاخی بوونەکان بوون کە ڕووی دەدا لە وڵاتی ئەندەلوس دا، بەڵام توانی بنەمای ئیمارەتێکی تازە دابمەزرێنێت و سەرکەوتنی بۆ تێیدا، بۆیە دەستی کردەوە بە کۆکردنەوەی ئەمەوییەکان لە دەوری خۆی و دەستیشانی خائن گەندەڵ و فاسدەکانی کرد. ئەم هەموو کێشەیەی، کە ڕووبەڕووی دەبووەوە دەیویست وەک باپیری هەڵۆی قوڕەیش چارەسەریان بکات کە پلە بە پلە بۆی بچێتە پێشەوە، ئەم لاوە تەمەن کەمە سەرەتا بیری لەوە کردەوە ئەوەی کە خزم و کەسوکار و مامەکانییەتی، کە خەریکی خراپەکارین، وە جێگەی زۆر گەورە و پۆستی زۆر گەورەیان پێ دراوە لەوانەوە دەست پێ بکات و لەدەسەڵات دایان بماڵێت هەر هەموو ئەم کارانەی کرد لە قورتوبە لە قەسری خیلافەوە دەستی پێ کرد بۆ چاکسازی.

وا پەروەردە کرا بوو کە هەرگیز هیوا بڕاو نەبێت باپیری لەسەر ئارام و هێز، وە بڕوابوون بە خوا و پشت بەستن بە خوا پەروەردەی کردبوو، دڵنیاش بوو کە سەرکەوتن هەر لەلایەن خواوەیە.

چاوەڕێی هەلێک بوو بۆ ئەوەی سەروەری بۆ ئومەتەکە بگەڕێنێتەوە و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەیان لەسەر لابەرێت.

لەسێبەری ئەم هەموو ڕەوشە گەندەڵیەدا کە پڕە لە خراپەکاری عەبدوڕەحمانی ناصر سەرێکی پڕە لە خەفەت و حەسرەت بۆ خەڵکەکەی خۆی، شتێکی زۆر سەیر ڕوویدا، کە جێگەی سەرنجی هەموو لایەک بوو، بەڵام لە ڕاستییدا چاوەڕوان کراو بوو هەموو کوڕەکانی عبداللهی کوڕی محمد ئامادە بوون بۆ فەرمانڕەوایی لە قورتوبەدا، بەڵام هیچیان وەریان نەگرت لەبەر ئەو هەموو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی ئەندەلوس بوەبوە، چونکە بێ هیوا بوون لەوەی کە جارێکی کە بتوانن چاکسازی بکەن، بۆیە هەموویان وازیان هێنا لە دەسەڵات عەبدوڕەحمانی ناصر بوو بە خەلیفەی موسوڵمانان لە ئەندەلوس کە تەنها شاری قورتوبە و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری بەدەستەوە مابوو.

عەبدوڕەحمان ناصر و سەرەتای ژیانی بەرەو چاکسازی

باسی پێشترمان لەسەر ژیانی عەبدوڕەحمان زیاتر بۆ ناساندنی ئەم سەرکردە لێوەشاوە بوو، کە لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دا بەتەواوی دەسەڵاتی قورتوبەی گرتە دەست یان هەندێک دەڵێن کە لە تەمەنی ٢١ ساڵی دا فەرمانڕەوایی گرتە دەست.

زۆرجار گەنجان لەو تەمەنەدا خۆیان بە منداڵ دەزانن بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵکو نەک فەرمانڕەوایی تەمەنی خۆیان بەکەم دەزانن بۆ سیاسەت، بەڵام هەموو مێژووەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە تەمەنی عەبدوڕەحمانی کوڕی ناصر ٢٢ ساڵ بووە.

عەبدوڕەحمان ناصر چاوی بە ڕۆشنای جیهاندا هەڵهێنا کە تەمەنی تەنها سێ هەفتە بوو کە باوکی کوژرا، پاشان باپیری گەورەی کرد عبداللەی کوڕی محمد پەروەردەی کرد بۆ کردنی ئەو کارانەی کە خۆی نەیتوانی بوو بیان کات، پەروەردەی کردبوو لەسەر زانست و هێز و لێوەشاوەی لە سەرکردەیدا، پەروەردەی کردبوو لەسەر خۆشەویستی جیهاد پەروەردەی کردبوو لەسەر هەموو شتەباشەکان لە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد بۆ ئەوەی کە عەبدوڕەحمان سەکەوتوو دەربچێت، وە ئەمەش پەیامێکە بۆ هەموو باوکان کە دەیانەوێت منداڵەکانی خۆیان پەروەردە بکەن، ئەگەر ئێمە خۆمان ئەمانتوانی عەبدوڕەحمانی ناصر بین با منداڵەکانمان وەک عەبدوڕەحمانی ناصر پەروەردە بکەین، با منداڵەکانمان لەسەر فیترەتێکی پاکی ئیسلامی پەروەردە بکەین لێ پرسینەوەیان لێ بکەین لە کاری خراپەو وە هانیشیان بدەین بۆ کاری چاکە، ئایا کام مان فەرمانمان کردووە بە منداڵەکانمان، کە لە تەمەنی نۆ ساڵی دا نوێژ بکەن یان ڕۆژێک لەڕۆژان لە منداڵەکانمان داوە لەسەر نوێژکردن، تا لە داهاتوودا عەبدوڕەحمانێکی کوڕی ناصریان لێ دەربچێت؟ ئایا ڕۆژێک لەڕۆژان قورئانمان بە منداڵەکانمان لەبەر کردووە یان فێرمان کردوون کە ئاینی پەروەردگار بەباشی بناسن؟ یان هەمیشە بە لەبەرکردنی گۆرانی و سەرقاڵبوون بە فیلم کارتۆنەوە، ئایا کێ بکەین بە پێشەنگ بۆ منداڵەکانمان؟ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەموومان بەرپرسین لە منداڵ و ئەوە کانمان "كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ".

عەبدوڕەحمانی ناصر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کاتێک کە دەسەڵاتی گرتە دەست، پشتیوانییەکی زۆری بە خوای گەورە هەبوو، وە بڕوای بەهێز و توانای خۆشی هەبوو کە دەتوانێت گۆڕانکاری و چاکسازی بکات، چونکە لەسەر ئەساسی قورئان پەروەردە کرابوو وەک خوای گەورە دەفەرموێت: إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ. ﴿١٦٠﴾ آل عمران. واتە: ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ بەخشێت کەس ناتوانێت سەرکەوێت بەسەرتان دا، خۆ ئەگەر شکستتان پێ بێنێت، کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکا و یارمەتیتان بدات، دەبا ئەوانەی ئیماندارن هەر پشت بە خوا ببەستن.

ڕۆژێک لەڕۆژان گومانێک لەدڵی دا دروست نەبوو بێزاریەک و بێهیوابیەک دروست نەبوو، بە قورس و گەورەی نەزانی کە گۆڕانکاری و چاکسازی بۆ ناکرێت، ئەو کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو هەمیشە وای ئەزانی، کە کۆڵ و بارێکی زۆر قورس بەسەر شانییەوەیەتی وەک ئاسمان و ئاخەکان، بۆیە دەیزانی کارەکەی زۆر گەورەو قورسە، وە دەبێت مێژووی پێ بگۆڕێت و پرشنگی پێ بخاتە مێژووی ئیسلامەوە.

## عەبدوڕەحمانی ناصر و گۆڕانکاری لە مێژوودا

عەبدوڕەحمانی ناصر حوکمی کرد لە ئەندەلوس دا لەوپەڕی بێدەسەڵاتییەوە بۆ لەوپەڕی دەسەڵات گۆڕانکاری تەواوی کرد لە سەر شۆڕییەوە بۆ سەربەرزی لە پارچە پارچەییەوە و یەکگرتووی لە تاریکیەوە بەرەو ڕۆشنی هەموو ئاسمانی ئەندەلوس لەسەرەتای دەسەڵاتی لەم پیاوەدا خۆری پرشنگدار هەمووی گرتبووەوە سەروەری و گەورەی بۆ خۆی تۆمار کرد.

لە دوای گرتنە دەسەڵاتی عەبدوڕەحمانی ناصر کە خۆی پەروەردەکراوێکی باش و کەسایەتییەکی بەهێز بوو، وە هەموو شتەکانی بەگشتگیری دەبینی، وە کەسایەتییەکی بەرزی ئیسلامی لێ دەرچو بوو بە پشتبەستن بە خوا و پاشان ئەو کەسایەتییە بەرزەی خۆی توانی گەورەترین گۆڕانکاری بکات لە مێژووی ئەندەلوس دا ئەو کارانە بریتیی بوون لە:

یەکەم: سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی پۆستەکان بەسەر خەڵکی لێهاتوو و لێوەشاوە و دەسپاکی شاری قورتوبە.

کاتێک کە دەسەڵاتی گرتە دەست لە هەموو وڵاتی ئەندەلوسدا تەنها شاری قورتوبە چەند جێگەیەکی کەی بەدەستەوە بوو، بەڵام زۆرینەی خەڵک لە قورتوبە دادەنیشتن، چونکە پایتەختی ئەندەلوس و. ئەم شوێن و جێگەیەش کە بەدەست عەبدوڕەحمانی کوڕی ناصرەوە بوو لەچو ئەندەلوسدا زۆر کەم بوو، بەڵام ئەو توانی مێژووی پێ بگۆڕێت.

هەموو چەقی دەسەڵاتە گەورەکانی لە قورتوبەدا گۆڕی وە ئەو کەسانەی کە لە وەزارەتی سوپادا هێمای گەندەڵی بوون هەر هەموویانی لەسەر کار لابردن و گۆڕینی بە خەڵکی دیندار و لەخواترس و خاوەن وەرع، وە لە هەمان کاتیشدا زانا بوون بە کارەکەیان، وە لە هەموو ناوەندێکی دەسەڵاتدا و سەرکردایەتییەکاندا لە قورتوبە گۆڕانکاری تەواوی کرد.

لە پلە و پایەی زانایانی زۆر بەرز کردەوە بەرزکردنەوەیەک کە هەموویانی هێنابوویە ئاستی خۆی وە هەموو کارو فەرمانێکی لەسەر دەستی زانایانی ئاینی ئەم ئیسلامە بوو. زانایانی ئیسلام هەر کارێکیان پێ بوایە لە پێشدا لە خۆیدا پیادەی دەکرد پاشان لە گەلەکەیدا بەتەواوی لەسەردەمی ئەودا حوکمی خوای گەورە پیادە دەکرا وە تەنانەت لەسەر یەک خاڵ لەم ئیسلامە پێی دادەگرت و دەبوو هەر پیادە بکرایە هەرگیز نەی وتووە ناگونجێت بۆ ئەم سەردەمە ئەگەرچی لە قورئانەکەی خوای موتەعال دا بیووایە یان لە سوننەتی ڕەسولی ئەکرەم ﷺ دا بیووایە، وە هەمیشە پێغەمبەری خوا ﷺ ی کردبووە پێشەنگ لە کارەکانی خۆیدا.

مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە کە عەبدوڕەحمانی ناصر هەمیشە لە وتاری هەینی زانای پایەبەرزی قورتوبە بەناوی مونضیری کوڕی سەعید لە مزگەوتی قورتوبە ئامادە دەبوو، وە یەکێک لە زانا گەورەکانی قورتوبە، وە کەسێکیش بووە لەو زانایانەی کە زۆر سوور بووە لەسەر فەرمانی بە چاکە و دووربوون لە خراپە بۆیە لە وتارێکی هەینیدا بەسەر عەبدوڕەحمانی ناصردا دابارێ و ڕەخنەی لێگرت لەوەی کە باڵە خانەیەکی زۆر گەورەی بۆ خۆی دروست کردووە، بەڵام دیار بوو ناوی عەبدوڕەحمانی ناصری نەبرد وە ناڕاستەوخۆ قسەی لەسەر دەسەڵاتداران کردبوو.

کاتێک کە عەبدوڕەحمانی ناصر گەیشتەوەماڵەوە وتی: سوێند بەخوا مونضیر لە وتارەکەیدا مەبەستی من بووە بێجگە لە من هیچ دەسەڵاتدارێک خاوەنی ئەو باڵەخانەیە نیە بۆیە چی

بواز بوو لە کارو باری سیاسی خۆیدا، وە وتەکانی مونضیریش کاریگەری هەبوو لەسەر دڵ و ڕەوانی عەبدوڕەحمان.

عەبدوڕەحمانی ناصر خۆی دەڵێت: خەریک بوو بە گۆچانەکەی بکێشێت بە سەر و کوڵاکم دا، بونەی کەلە دەورو پشتی عەبدوڕەحمانی ناصر بوون وتیان پێویستە کە لە مینبەر لایبەری و بێ ئەو وتاری هەینی نەدات، عەبدوڕەحمانی ناصر بە توندی وەڵامی دانەوە و وتی: "چۆن دەبێت ئوونەی مونضیری کوڕی سەعید لە چاکە و خێر و کردەوە جوانەکانی و قسە ڕاستگۆکانی تەنها لەسەر ئەوەی کە ڕاستگۆیە لای بەرم؟

یالای بەرم کە بە بوێرانە و ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی ئێمە بۆتەوە؟

بەی سوێند بە خوای پەروەردگار شتی وا لە من ناوەشێتەوە، وە زۆر شەرم دەکەم لە خوای گەورە کە پیاوێکی چاک و پاک و بێگەردی وەک مونضیر لەسەر کارەکەی لابەرم، من داوام وایە لە خوای گەورە کە نوێژی هەینیم ببێتە شافیعێک لە قیامەتدا.

بەڵێ بیرو باوەڕی تا بەو شێوە دامەزراو بوو عەبدوڕەحمانی ناصر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- وە خەڵکی قورتوبەی سەر لەنوێ لەسەر بنەمانی ڕاستگۆی پەروەردە کردبووەوە و خۆشی ببوە نموونەیەکی باش بۆ گەلەکەی.

دووەم: ڕووی کردە ئەو شۆڕش و یاخیانەی کە لە دەوروبەری دەکرا بۆ ئەوەی کۆتاییان پێ بێنێت. لەدوای چاکسازی ناوخۆی قورتوبە کە بە تەواوی گۆڕانکاری کرد لە ناو شاری قورتوبەدا، پاشان عەبدوڕەحمانی ناصر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت بیری لەوە کردەوە کە ڕوو بکاتە دەوروپشتی خۆی کە ئەو هەموو یاخی بوون و شۆڕشانەی کە لە خاکی ئەندەلوسدا کراوە، لەکوێوە دەست پێ بکات لە ساڵی ٢٤٠ کۆچی تا ٣٠٦ وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کەسێک شۆڕشێکی کردبوو لەو سەردەمەدا بە ناوی عومەری کوڕی حەفصون کە خۆی ناونابوو ساموئیل و ببوو بە نەصرانی ویستی لە یاخی بوونەکەی ئەوەوە دەست پێ بکات.

بەڵام: ئەم پیاوە بیری لەوە کردەوە کە یەکەم جار لە کوێوە جیهاد دەست پێ بکات بۆیە پێی وابوو یەکەم کەس کە دەبێت بکوژرێت ساموئیلەوە دەبێت شۆڕشەکەشی لەناو بچێت، چونکە هەڵگەڕابووەوە لە دینی خوا، وە جیهادیش فەرزە لەسەر موسوڵمانان کە لەگەڵ ئەو یاخی بووانە کوشتار بکەن. لەلایەکی تریشەوە پەیامێک بوو بۆ خەڵکی قورتوبە کە ئەمە جەنگی موسوڵمانان و هەڵگەڕاوەکانە، وە سەرلەنوێ ڕاهاتنەوەی خەڵکەکەیە لەسەر کۆشش و خەبات.

## کۆتاییهێنان بە شۆڕشی سامۆئیلی کوڕی حەفصون

ئەنجامی فەرمانڕەوایی ئەندەلوس عەبدوڕەحمانی کوڕی ناصر هێرشی
لەدوای دوو مانگ کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لەدەست وەرگرتنەوە ، کە بەهێزترین قەڵا و
کردە سەر هەڵگەڕاوەکان، وە شاری ئوستوجەی لەدەست وەرگرتنەوە ، کە بەهێزترین قەڵا و
دیواری هەبوو لە هەموو شارەکانی ئەندەلوسدا، وە لە سەرەتای فەتحی ئەندەلوسیشدا باسمان
لەم شارە کردووە، لە دوای نیشتەجێبوونی دوو مانگ یاخود دەڵێن سێ مانگ لە شاری ئوستوجە
ئەمجارە خۆی هەستا بەشۆڕشێکی گەورە بەرانبەر بە سامۆئیلی کوڕی حەفصون، کە سێ مانگی
خایاند واتا مانگەکانی شعبان، رمضان، شوال لە ساڵی ٣٠٠ ی کۆچی -رەحمەتی خوای لێ بێت-
توانی شاری جییان بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە یەکێک بوو لە شارە گرنگ و بەهێزەکانی
ئەندەلوس، وە قەڵای زۆریشی لە دەورو پشتدا بوو کە زیاد لە ٧٠ قەڵای لە دەستی سامۆئیلی
کوڕی حەفصون سەندەوە.
ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هێز و توانای حەفصون زۆر لەوە گەورەترە، چونکە لە باکوورەوە
لەلای دەوڵەتەکانی نەصاراوە یارمەتی بۆ دەهات، هەروەها لە باشووریشەوە لە دەوڵەتی
فاطمیەوە یارمەتی بۆ دەهات، بە هەمان شێوە لە شاری ئیشبیلیەوە، کە کوڕانی حەجاج
فەرمانڕەواییان دەکرد یارمەتی بۆ حەفصون دەهات، کوڕانی حەجاج بەداخەوە موسوڵمان بوون
وە سوپایەکی گەورەی موسوڵمانیشیان لە ژێردەستا بوو، بەڵام دەیانویست کە قورتوبە بخەنە ژێر
فەرمانڕەوایی خۆیانەوە.
عەبدوڕەحمانی ناصر بیری لەوە کردەوە، کە چۆن رێگەی ئەو یارمەتیانە لە سامۆئیلی کوڕی
حەفصون بگرێت، یەکەم هێرش کە دەستی پێ کرد لە دوای گرتنی ئەو دوو شارە گەورە، کە گرنگ
ئەم هێرشەیان بۆ شاری بەناوبانگی ئەندەلوس ئیشبیلیە بوو هەرچەندە شارێکی موسوڵمان بوون
وە توانی بە هێز بیخاتەوە ژێر دەستی فەرمانڕەوایی خۆی، وە سوپای گەورەی ئیشبیلیە
موسوڵمان بوونەوە بەیەک لەگەڵ سوپای ئەمارەتی ئەمەوی هێز و دەسەڵاتێکی بێشوماریان
پەیدا کردەوە و زۆر لە پلە و پایەی ئەو سوپایە بەرزبووەوە.
لە راستیدا ئەمە دیاریەکی خوای بوو بۆ عەبدوڕەحمانی ناصر، کە لە ماوەی ساڵێکدا توانی ئەو
جێگەیانە بخاتەوە ژێر رکێفی خۆی سەر لەنوێ توانی گەورەیی بداتەوە بە فەرمانڕەوایی
دەسەڵاتی خۆی، وە لەدوای ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی سامۆئیلی کوڕی حەفصون
بچووک بکاتەوە و یارمەتی لە رۆژئاواشەوە پێ نەگات، هەروەک چۆن ئیشبیلیەی خستەوە ژێر
دەسەڵاتی خۆی رووی کردە چیاکانی رندە و پاشان شزونە و لەگەڵ قەرمونە ئەمانە، کە گشتیان
شاری باشووری بوون خستنیەوە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی.
عەبدوڕەحمانی ناصر زیاتر بە قوڵای باشووردا چووە ناوەوە تا گەیشتە کەنداوی شاخی طارق
جبل طارق-وە، توانی دەسەڵاتی تەواویش بەسەر ئەو کەنداوەدا بگرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر
یارمەتی بۆ دەسەڵاتەکەی سامۆئیلی کوڕی حەفصون لە دەوڵەتی فاطمیەکانەوە نەیەت،
عەبدوڕەحمان لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چۆن رێگری بکات لە باکوورەوە لە رێگەی دەریای
ئەطلەسیەوە چۆن کەنداوی طاریقی گرت ئاواش ئەو رێگەیەش بگرێت لە سامۆئیل، واتە هەموو

ڕێگاکانی لێ بچووک کردەوە بۆ ئەوەی هیچ هێز و توانایەک نەگاتە سوپاکەی سامۆئیلی کوڕی حەفصون.

سامۆئیل کوڕی حەفصون بیری لەوە کردەوە، کە ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردن، بۆیە داوای ڕێکەوتن و ئاشتیی کرد لە عەبدوڕەحمانی ناصر ئەویش ڕێکەوتننامەکەی پەسەند کرد، بەڵام بەمەرجێک کە ١٦٢ قەڵای تەسلیم بکات، لەبەر ئەوەی جارێکی کە ئەو وڵاتە نەکەوێتەوە ژێر پارچە پارچە بوون. بەڵێ سامۆئیلی کوڕی حەفصون ڕازی بوو وە ١٦٢ قەڵای تەسلیم بە عەبدوڕەحمانی ناصر کرد بەمەش سامۆئیل ئەوەندەی کە بچووک بویەوە.

عەبدوڕەحمانی ناصر هەموو لایەک سەرسام دەکات و ڕوو دەکاتە باکوور بۆلای نەساڕاکان بۆ جەنگ، لە دوای ئەوەی کە زۆربەی جێگەکانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی هێزی عەبدوڕەحمانی ناصر گەورەتر بوو نزیکەی شەش بەشی خاکی ئەندەلوس بەدەستی عەبدوڕەحمانی ناصرەوە بوو کە زۆربەی شارەکانی باشووری هاتەوە ژێر دەسەڵات وەک ئیشبیلیە و جەییان و توستوجە و زۆربەی قەڵا و دێکانی تری خستەوە ژێر دەستی خۆی. بەم کارە ڕووبەری ئەندەلوسی ئیسلامی گەورەتر بووەوە و توانی هەموو ئەو جێگەیانە بکاتەوە بەیەک فەرمانڕەوایی، کە فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان بوو.

لەلایەکی ترەوە زۆربەی جێگەکانی باشووری ئەندەلوس تا ئێستاش بەدەست سامۆئیل کوڕی حەفصون وەیە، بەڵام ڕێگەیی یارمەتی چەک و خواردنی لێ بڕیبوون لە هەموو لاکان.

ئەرکەکانی تری ناوچەکە کە لە طوڵەیطیلە بوو، کە دەکەوێتە باکووری ئەندەلوس، شۆڕشی جیاکەرەوەکانی ساراگۆستە لەباکووری ڕۆژ هەڵات، یاخی بوونی ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لە بەلەنسیا یاخی بوونێکی گەورەی تر لە ڕۆژئاوای ئەندەلوس بە سەرۆکایەتیی عەبدوڕەحمانی جلیقی.

ئەندەلوس لە ساڵی ٣٠٢ کۆچی دابەشکرابوو بەسەر شەش بەشدا، تەنها یەک بەش لە ژێر فەرمانڕەوایی عەبدوڕەحمانی ناصر بوو، ئەوانی تر دابەشبووبوون بەسەر یاخی بووەکاندا کە پێنجیان لەدەستی ئەواندا بوو، ئەوەی کە خەڵکی چاوەڕێی دەکرد ئەوە بوو، کە کام لەو یاخی بووانە لەوەی نزیکە پەلاماریان بدات و بیانگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەمارەتی ئەمەوی.

ئەوەی پێویستە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین، وە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەکە، ئەوەی هەمووانی سەرسام کرد ئەوە بوو، عەبدوڕەحمانی ناصر هەموو یاخی بووەکانی بەجێهێشت و ڕاستەوخۆ ڕووی کردە باکووری ڕۆژئاوا بۆ جەنگی دەوڵەتی لیۆنی نەسڕاتی، هەموو سەربازەکانی لە قورتوبە و ئیشبیلیە کۆکردەوە ڕووی کردە مەملەکەتی لیۆن، لە باکووری ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی سوپای نەساڕا وەستایەوە، وە زۆربەی یاخی بووەکان لە ڕۆژئاوای ئەندەلوس ئیشتەجێ بووبوون.

لە شێوەی یاخی بووەکان دوو ساڵ جەنگی کرد لەگەڵ مەملەکەتی لیۆن، لە پاش دووساڵ کە گەڕایەوە بەسەربەرزی و بە سەرکەوتووی، کە توانی چەندەها سەروەری بۆ خۆی تۆمار بکات بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ قورتوبە و ئیشبیلیە. لە ڕاستیدا ئەمە پەیامێک بوو بۆ هەموو یاخی بووان و خەڵکی ناوچەکە بەگشتی بانگی کردن کە ئێمە دوژمنی سەرەکیمان نەساڕایە وە پەیامەکە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ هەمووان، تێگەیاندن کە موسوڵمانان لە

ناوخۆدا نابێت سەرقاڵ بن بەیەکەوە. دوژمنمان نەسرانییەکانە لە باکوور، کە بریتین لە دەوڵەتی لیۆن، نافارو ئەرەگۆنە.

بەم کارە عەبدوڕەحمانی ناصر هەموو پاخی بووانی شەرمەندە کرد، بەڵام چ شەرمەندەییەک و گەورەترین شەرمەزاری بوو بۆ سەرکردەی پاخی بووان لە بەردەم گەلەکەیان دا. عەبدوڕەحمانی ناصر توانی هەست و سۆزی خەڵکەکەی بەلای خۆیدا رابکێشێت و پێگەی جەماوەری خۆی زیاتر بەهێز بکات لەناو خەڵکی ئەندەلوسدا، وە تێیگەیاندن کە دوژمنی راستەقینەی نەسرانییەکان.[١٠]

نەسرانییەکانی باکووری رۆژئاوا:

ئەنجامی ئەو هێرشەی کە کردیە سەر نەسرانییەکانی ناصر، لەدوای دوو ساڵ جەنگ لەگەڵ عەبدوڕەحمانی ناصر، ئەزموونێکی زۆر باش فێر بووبوو عەبدوڕەحمانی ناصر، لەدوای دوو ساڵ جەنگ لەگەڵ نەساراکانی باکوور کە سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بە دەستی دەهێنا، دەستکەوت و غەنیمەی باشی دەستکەوت، لەساڵی ٣٠٤ کۆچی کۆتاییهێنا بە شەڕی نەسارا. هۆکاری ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی دەسکەوتی زۆر باش و گەورە، بەبێ هیچ جەنگێک ساراگۆستا هاتەوە ژێر دەسەڵاتی عەبدوڕەحمانی ناصر. ئەمە دیاری خوای گەورە بوو کە هەرکەس رێگەی جیهاد و کۆشش بگرێتەبەر ئەوا خوای گەورە دیاری خۆی پێشکەش دەکات.

سامۆئیل کوڕی حەفصون بە هەڵگەڕاوی و گومرایی و لە تەمەنی شەست و شەش ساڵی مرد و کۆتایی بە ژیانی ئەو سەرلێشێواوەش هات لە ساڵی ٣٠٦ کۆچی.

عەبدوڕەحمانی ناصر ئەم هەلەی قۆستەوە و نەیهێشت بەسەریدا تێپەڕێت خێرا پەلاماری ناوچەکەی دا هەموو باشووری رۆژهەڵاتی لەدەستیان پاککردەوە ئەوەی کە موسوڵمان بووە وازی لێ هێنان و ئەوەی کە هەر بە هەڵگەڕاوەی مایەوە لە گەردنی هەموویانی دا و کوشتنی. بەڵام کچەکەی سامۆئیلی کوڕی حەفصون هانی خەڵکی ئەدا کە شەڕ بکەن لەگەڵ عەبدوڕەحمانی ناصر و بانگەشەی دەکرد، کە واز لە دینەکەیان نەهێنن و کە ئاینی باو باپیریانە ئاینی خۆیان نەسرانی بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبوو ئەویش لە جەنگێکدا بەدیل گیرا.

عەبدوڕەحمانی ناصر و یەکخستنی ئەندەلوس و هەڵکردنی یەک ئاڵا:

لەساڵی ٣٠٨ کۆچی کەوتە رێ بەرەو پاخی بوانی طوڵیطیلە وە پاخی بوانی ئەو شارە زۆر بە ئاسانی خۆیان بە عەبدوڕەحمانی ناصر بەخشی و طوڵیطلیان بە شەڕێکی کەم دایە دەستەوە و توانایی بەرگری ئەو سوپا بەهێزەی قورتوبەیان نەبوو، بەتەواوەتی رێگەی باکوور ئاسان بوو هیچ ئاستەمێک لە بەردەمیدا نەما. دوای ئەوە رووی کردە باکووری رۆژهەڵات و توانی شاری ساراگۆستا رزگار بکات لەدەستی پاخی بوان و بیکاتە موڵکی ئەمەوییەکان لە ژێر رکێفی خۆی

---

[١٠] هەروەها من وا هەست دەکەم کە ئەمە پەیامێک بێت بۆ سەرکردەکانی ئێمە کە کاری موسوڵمانانیان بەدەستە واز بێنن لە کێشەکانی نێوانیان زیاتر گرنگی بدەن بە کێشەی دوژمنانیان لە دەرەوەی خۆیان کێشە ناوخۆییەکان وەک برا چارەسەر بکەن. هیوام وایە کە ئەم رووداوە کاریگەری هەبێت لەسەر سەرکردەی موسوڵمانانی کوردستان و سەرکردەکانی ئوممەی ئیسلامی بەگشتی.

پاشتە کەوانە طوڵێطیلە و ساراگۆستا کە دوو ناوچەی سەربەخۆ بوون خستیەوە ژێر فەرمانڕەوای ئەندەلوس. هەر لەو ساڵەدا تەمەنی ئەم سەرکردە لێهاتووە گەیشتبووە ٣٠ ساڵ، ئەو هێرشەی کە کردیە سەر مەملەکەتی لیۆن و نافار بە گەورەترین هێرشی عەبدوڕەحمانی ناصر دەژمێردرێت کە شەڕەکانی ناو نا بە جەنگی مۆبەشی گەورە وە هەردوو سوپایی نافار و لیۆن یەکیان گرتبوو لەگەڵ عەبدوڕەحمان دەجەنگین، بەڵام توانی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەدەست بێنێت کە هەرچی پاشایانی ئەوروپا بوو لەم لاو لاوە ترسیان لێ نیشتبوو، ئەوەندە دەست کەوت و غەنیمەتی دەست کەوت بوو سوپاکەی بۆی هەڵنەدەگیرا. سەروەریەکی بۆ خۆی تۆمار کرد کە هەموو مێژوونووسان بە سەرسامیەوە باسی دەکەن لەو تەمەنەدا، وە لە هەموو گرنگ تر توانی شاری سالم بەخاتەوە ژێر رکێفی خۆی.

دوای چوار ساڵ لە جەنگی مۆبەشی گەورە واتا لەساڵی ٣١٢ کۆچی عەبدوڕەحمانی ناصر سوپایەکی گەورەی کردە سەر مەملەکەتی نافار کە خۆی سەرکردایەتی ئەو جەنگەی دەکرد بە زیرەکی خۆی ئەو جەنگەی دەجوڵاند، ئەوەندە ئاستی سەربازی بەهێز بوو توانی پایتەختی نافار بگرێت و مزگەوتی سەر لەنوێ تێدا دروست بکاتەوە کە هەموو مزگەتەکانی شاریان کرد بووە تەویلەی ئاژەڵ. پایتەختی دەوڵەتی نافار ناوی بەمبلونە کە لەسەر دەستی موسای کوڕی نوصێر فەتح کرابوو وا ئەم جارە بەدەستی عەبدوڕەحمانی ناصر فەتح کرایەوە و دەوڵەتی نافار شکستی هێنا. پاشان کەوتە ئەو جێگەیانەی کە نەسارەکان خۆیان تێدا حەشار دابوو هەموویانی دەربەڕاند. ئەو جێگەیانەی رزگار کردەوە کە لەسەردەمی لاوازی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان داگیر کرابوو. لەساڵی ٣١٦ کۆچی خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی کرد بەرەو یاخی بووەکانی تر کەوتە رێ هێرشی کردە سەر یاخی بووەکانی رۆژ ئاوای ئەندەلوس و هەموویانی لەناو بردو شارەکانی خستەوە ژێر فەرمان ڕەوای خۆی، پاشان هەربەرەو باکووری رۆژئاوا تا شاری گەورەی قەلمەریای خستەوە ژێر فەرمانڕەوای خۆی کە شارێکی زۆر گەورە بوو وە بەتەواوەتی شکستی بە عەبدوڕەحمانی جلیقی هێناو هەموو ناوچەکانی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە ماوەی شانزە ساڵدا دەوڵەتی ئەندەلوس هەمووی بوەوە بەیەک ئەوەی کە شۆڕشی کرد بوو یاخی بوون هەموو ئالاکانی کردەوە بەیەک دەوڵەتی بەهێزی ئەندەلوسی دروست کردەوە.

## دامەزراندنەوەی خیلافەتی ئەمەوی

لەدوای یەکگرتنەوەی ئەندەلوس، عەبدوڕەحمان سەیری جیهانی ئیسلامی بەگشتی هەموو لە تەنگژەیەکی زۆر گەورەدا بوون، خەلافەتی عەباسی خەلیفەکەی کوژرابوو کەناوی موقتەدیر باللە بەدەستی مونیس موضفر تورکی، وە پاشان ئەوەی فەرمانڕەوای عەباسییەکانی دەکرد قاهیر باللە بوو کە توانای بەڕێوە بردنی باڵەخانەکەی خۆی نەبوو.

سەیری باشووری کرد بینی فاطمیەکان خیلافەتێدان دامەزراندوە خۆیان ناوناوە بە ئەمیری موسوڵمانان، وە بینی خۆی هەموو ئەندەلوسی کردۆتەوە بەیەک هێزێکی گەورە و خاوەن دەسەڵاتی دروست کردوە کە هاوشێوەی زۆر کەمە لە هەردوو قارەکەدا ئەوروپا و باکووری ئەفەریقا، کە لە ڕەوشەکەی کۆڵیەوە زانی خۆی باشترین دەسەڵاتی هەیە خۆی ناونا بە ئەمیری موسوڵمانان و ئەمارەتی ئەمەوی گۆڕی بە خیلافەتی ئەمەوییەکان لە ئەندەلوس.

لێرەوە سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات لە ئەندەلوس بە ناوی خیلافەتی ئەمەوییەکان، دەست پێکردنی ئەم خیلافەتە لەساڵی ٣١٦ کۆچی دەست پێدەکات تا ساڵی ٤٠٠ کۆچی واتا نزیکەی ٨٤ ساڵ دەکات ئەم خیلافەتە بەردەوام بوو، لەمێژووی سەردەمی خیلافەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس زۆر خەلیفەی باش و چاکە خوازی تێدا هەڵکەوت.

### عەبدوڕەحمانی ناصر و پیادە کردنی سیاسەتی گەورەکردنی پێگەی سەربازی

لەدوای سێ ساڵ لە بانگەواز کردنی خیلافەتی ئیسلامی ئەمەوی لە ئەندەلوس، هێزی کۆکردەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر فاطیمەکان و بەرەوە وڵاتی مەراکیش کەوتە ڕێ لە شاخی طارق پەڕیەوە توانی زۆر بەی ناوچەکانی مەراکیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتەکەی لەو ناوە بەناوبانگەنەی کە گرتی دوو شاری زۆر سەرەکی بوون سەبتە لەگەڵ طنجە، بەناوبانگی سولیەکانی مەراکیشی لە خۆی کۆکردەوە و یارمەتی پارەو چەک و خواردنی ئەدان بۆ لێدانی فاطمیەکان خۆی بەرەو فەرەنسا و باکوور بۆ لێدانی نەسڕانییەکان کەوتە ڕێ.

لە ساڵی٣٢٣ کۆچی ڕوودوانێکی زۆر سەیر ڕووی دا لە ساراگۆستا کە ئەمیرێکی عەبدوڕەحمانی ناصر یاخی دەبێت و پەیوەندی دەکات بە مەملەکەتی لیۆن بۆ لێدانی عەبدوڕەحمانی ناصر، ئەم ئەمیرە ناوی موحەممەدی کوڕی هیشامە هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی لەبەر دەست بوو عەبدوڕەحمانی ناصر سوپایەکی زۆر بە هێزی کۆکردەوە بەرەو ساراگۆستا کەوتەڕێ وە توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی وە یەک دوو شاری تر لە نەسڕانییەکان بسێنێتەوە و بیکاتەوە بە موڵکی موسوڵمانان، ئەم هەرێمە قەڵاو دیواری بەهێزی تێدا بوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەیی سەرنجە عەبدوڕەحمان ناصر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ئەوەندە لێهاتوو بوو کە دەچووە ناوشارەکان خەڵکەکە کە دەیان بینی شەرمیان دەکرد کە ئەو کارە ڕوویدا ئەوەندە بە ئازایی و جوامێرانە شارەکانی گرتەوە کە بەڕاستی نموونەی سەرکردەوە پیاوەتی بوو، ئەمیری ساراگۆستا موحەممەدی کوڕی هیشام بەئاشکرا ڕایگەیاند کە زۆر شەرمەزارە لەو کارەی کردوێتی، زۆر پەشیمانە و دەیەوێت بگەڕێتەوە ژێر سایە موسوڵمانان بژی ئەگەر بە زیندوویی بووە نایەوێت لەوڵاتی کافران دا بێت، عەبدوڕەحمانی ناصر داوەکەی لێوەرگرت و ئەمانەی پیشان دا کە بگەڕێتەوە لێی خۆش دەبێت، ئەم لێخۆش بوونەش کردەوەی پیاوی جوامێر!!

پێتووە، کە گەڕایەوە ساراگۆستا خۆی لە شارەکەدا بوو لەوێ خۆی فەرمانڕەوای دەکرد، فەرمانی دا بە موحەممەدی کوڕی هیشام کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی جارانی کردیەوە بە ئەمیری هەرێمی ساراگۆستا، کە بەڕاستی ئەم کارەی لە کاری پێغەمبەری خوا ﷺ دەچوو کە کاتێک چووە ناو شاری مەککە هەموویانی ئازاد کرد لە هەمووان خۆشبوو کە فەرمووی: "اذْهَبُوا فَأَنْتُمُ الطُّلَقَاءُ". بەم جۆرە کردەوانە لەکاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتدا کە لە خەڵکی خۆش بێت ئەویش خاوەنی هیچ دەسەڵاتێک نییە، ئەوە بەڕاستی سەرکردەی دەوێت کە لێهاتوو لێوەشاوە بێت کە پیاوانی وەک عەبدوڕەحمانی ناصر لایەقیانە، ئەوەی کە پەشیمان دەبێتەوە دڵسۆز تر دەبێت لە دوای ئەو کارە پاش بوونێکی تر رووی نەدا چونکە هەموو شەرمیان دەکرد لە رێزو جوامێری ئەو سەرکردەیە - رەحمەتی خوای لێ بێت-.

لە ساڵی ۳۲۵ کۆچی عەبدوڕەحمانی ناصر هێرشێکی گەورەی بردەسەر مەملەکەتی ئەرەگۆن یاش ئەو مەملەکەتە لەناو بەرێت کە لە تەنیشت هەرێمی ساراگۆستا بوو لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەندەلوس وە پایتەختەکەی بەرشلۆنە بوو توانی بیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان و خیلافەتی ئەمەوی، ئەوەبوو کە لە ئەنجامی بێ هێزی ئەمارەتی ئەندەلوس ئەم دەوڵەتە دروست بوو، بەڵام ئەوا هاتەوە ژێر رکێفی عەبدوڕەحمانی ناصر.

هەڵەیەکی زۆر گەورەی عەبدوڕەحمانی ناصر:

نابێمان لە بیر نەچێت هەموو مرۆڤێک دەکەوێتە هەڵەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو مرۆڤە لەسەر هەڵەکەی بەردەوام نەبێت، چونکە مرۆڤ زۆر جار حەزو ئارەزووەکانی بەرەو هەڵدێر و سەر لێتێوای دەبەن، بۆیە ئیسلام هاتووە تاکو هەموو حەزەکان و ئارەزووەکان رێک بخات و بزانێت چۆن بەکاریان دێنێت تا ئاراستەی خۆی لەسەر رێگەیی راستی ئیسلامەتی ون نەکات، هەندێ جار مرۆڤ بە هۆی توانا و زیرەکی خۆیەوە وا هەست دەکات گەیشتۆتە ئەوپەڕی، بەڵام خوای گەورە نیشانی دەدات کە چەندە بەتوانا لێهاتوو بێت لوت بەرزی دادی نادات وە لە کۆتاییدا ئەوانە چاوی چاڵێکی بچووک نابینێت ئەوەی کە ئەنجامی داوە لەو چاڵەدا نغرۆ ببێت.

لەسەرەتای ساڵی۳۲۷ کۆچی عەبدوڕەحمانی ناصر سەرژمێریەکی سوپاکەی کرد، کە سوپاکەی خۆی تیادا لە سەد هەزار سەربازی پیادە وە پەنجا هەزار سوار چاک کە لەژێر یەک ئاڵادا کۆببوونەوە. عەبدوڕەحمان ناصر سوپاکەی ئامادە کرد کە بچێت مەملەکەتی لیۆن بگرێت بەتەواوەتی و بیخاتەوە ژێر رکێفی خیلافەتی ئیسلامی.

عەبدوڕەحمانی ناصر زۆر بە سوپاکەیەوە دەنازی، هێزو دەسەڵاتی خوای گەورەی لە بیر کرد بەجۆرێک نزاو پاڕانەوەی لەخوای گەورە نەکرد ئەم جارە، هێزی مادی لە بەرچاو بوو وە سوننەتی خوای گەورە هەمیشە وابوو کە هەرکات موسوڵمان بە هێزو بازوی خۆیدا نازی ئەوا هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەو دەسەڵاتە خوای گەورە لە ناوی دەبات، ئەگەرچی خاوەنی هەموو پێداویستیەکان بێت. ئەمە وانەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ موسوڵمانان کە هەرگیز لە بیریان نەچێتەوە، خۆی مێژوو نووسان ئاماژەیان بۆ کردووە کە بە یەکێک لە جەنگە گەورەکانی ئەو سەردەمە بووە، ئەو جەنگە هاوشێوەی خەندەق ناو دەبرێت کە جەنگەکە ناوی جەنگی سامورە بوو کە هاوشێوەی ئەو جەنگە زۆر کەمە لە مێژوودا.

لەو جەنگەی کە پێی دەوترێت جەنگی سامورە پیاوەڕان تەنها پەنجا هەزار کەس بوون، بەڵام موسوڵمانان نزیکەی سەد هەزار سەرباز بوون، بەڵام زۆریان لێ کوژرا و بەدیل گیرا و عەبدوڕەحمانی ناصر خۆی لەو شەڕەدا رایکرد، کە زیانێکی ئەوەندە گەورە کەوت لە موسوڵمانان لە رووی ماددی و گیانییەوە کە باس ناکرێت!

عەبدوڕەحمانی کوڕی ناصر بەخۆداچوونەوە:

لەدوای جەنگی سامورە لەگەڵ سوپای نەسرانی لیۆندا عەبدوڕەحمان ناصر چۆکی دادەدا و خۆی بەدەستەوە، ئەو پەروەردە کرابوو لەسەر خەبات و جیهاد و قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە سەرزەنشتی خۆی زۆر کردو داوای لێخۆش بوونی کرد، دەستەکانی هەڵبڕی بۆلای پەروەردگار کە یارمەتی بدات بەدڵێکی پڕ لە ئیمانەوە، زانایان و بانگخوازانی لە خۆی کۆ کردەوە و سەر لە نوێ خەڵکەکەی فێری دینداری و خوا پەرستی کردەوە سوپاکەی رێکخستەوە و خۆی ئامادەکرد.

سەر لەنوێ چەکو تفاقی بۆ سوپاکەی ئامادەکردەوە بۆ جەنگێکی گەورە لەگەڵ نەسارا لەساڵی ٣٢٩ کۆچی گەورەترین هێرشی بردە سەر نەساڕاکان تاساڵی ٣٣٥ کۆچی بەردەوام بوو شار لەدوای شار فەتحی دەکرد و هەموو هێزی ئەوروپا هاتبوونە ناوچەکە لە فرنجە و جێرمەن لەگەڵ نەسارای لیۆندا جەنگیان دەکرد لەگەڵ موسوڵمانان، موسوڵمانان بەوپەڕی ئارامی و دڵ پڕ لە ئیمان و لەگەڵ سەرکردەی رەبانی لەخوا ترس عەبدوڕەحمانی ناصر کە زیاد لە سەد و سی هەزار فرنجەو جێرمەن و لیۆن لەوماوەیەدا کوژران[11].

لەدوای ئەوەی کە هەموو سوپاکانی تێکشکاند شکستی بە هەموویان هێنا پاشای مەملەکەتی لیۆن خۆی دا بەدەستەوە داوای کرد کە چیدی شەڕ ناکات لەمەولاوە جزیە دەدات، بەڵام لەوڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە، عەبدوڕەحمانی ناصر بە دانی جزیە رازی بوو بە سەربەرزی گەڕایەوە بۆ قورتوبە وە دەسەڵاتی لیۆن بە چاودێری موسوڵمانان بوو چەند ئەمیرێکی لەوێ وەک چاودێر بەجێهێشت و پاشای لیۆنی سەر شۆڕ کرد.

وە هەروەها پاشای نافارو ئەرگۆن داوایان کرد بگەڕێنەوە ئەوانیش جزیە بدەن، لەگەڵ ئەوانە رێکەوتن نامەیان ئیمزاکرد بەدانی جزیە بە موسوڵمانان کە دەبێت لە ئێستاوە جزیە بدەن لە لەساڵی ٣٣٥ کۆچی جزیەیان دا بەردەوام بوون لە جزیەدان تا ساڵی ٣٥٠ کۆچی.

[11] مێژوونووسانی ئەوروپی ئەم ئامارەیان تۆمار کردووە، کە لەوانەیە لەبەر رای گشتی هەندێ گۆڕانکاری تیاکرابێت، بەڵام من پێم وایە کوشتارەکان زۆر لەوە زیاتر بووە، مێژوو نووسانی موسوڵمان هیچیان تۆمار نەکردوە.

عەبدوڕەحمانی ناصر و بیر هێزی سەربازی:

سەركردەی لێ وەشاوە عەبدوڕەحمانی ناصر بیرو باوەڕی بنەمای سەربازی لە عەبدوڕەحمان داخل بۆ ماوەتەوە، ئەویش بیری پارتیزانییە كە لە كارە سەربازیەكانی خەلیفەی موسوڵمانان عەبدوڕەحمانی ناصر رەنگی دەدایەوە بە شێوەیەک كە لە لای مێژوونووسان زۆر بە ئاڵۆزی باسی لێوە دەكەن تەنانەت وای لێهاتبوو هەموو كارە سەربازیەكانی لە رێگەی پارتیزانییەوە بوو تەنانەت سەركەوتنی سەرەتای لە ناوچەی قورتوبە هەر لەرێگەی پارتی زانییەوە بوو وە بۆ دەست گرتن بەسەر گەل و هۆزەكانی تردا هەر لە رێگەی سەربازە پارتی زانییەكانییەوە بوو. تەنانەت دوژمنەكانیشی پەیان بە شەڕەكانی عەبدوڕەحمانی ناصر نەدەبرد لە شانۆی كردەوە سەربازیەكانیدا دوژمنەكانی هەرگیز هێزی سەربازی عەبدوڕەحمانی ناصریان بۆ نەدەخوێنرایەوە، بۆیان دەست نیشان نەدەكرا قورسای هێرشی عەبدوڕەحمان چۆنە ئەوەندە كاری كرد بوو لەسەر هێزی پارتیزانی زۆر جار لە ئاستێكی ستراتیژیدا بیری لێ دەكردەوە تەنانەت هەردوو پایتەختی مەملەكەتی لیۆن و نافار لە باكوور هەر بە هێزی پارتیزانی توانی هێرشیان بكاتە سەرو ملیان پێ خۆر بكات بۆ جزیە دان، وە ئەم هێزە پارتیزانییە هەمیشە لە پێشی سەربازەكانییەوە بووە كە زۆر جار تەنها بە هێزی پارتیزانی جەنگەكانی دەبردەوە و سوپای سەرەكی لە پشتیەوە بوون وەک هێزی یەرگری سوودی لێ وەردەگرتن. بۆیە ئەمە وای كردبوو كە هێزی دوژمن بە ئاقارێكی دژواردا بەرێت وە مێژوو نووسانیش بە بیرو هزرێكی زۆر پێش كەوتوو لە تێگەیشتنی پارتیزانی دایدەنێن، تا ئێستاش لە مێژووی موسوڵمانانندا هاوشێوەی جەنگی عەبدوڕەحمان نەكراوە، چاودێرانی سەربازی لە ناو ئەوروپا و لە ناو موسوڵماناندا سەرسامن بە كارەكانی عەبدوڕەحمانی ناصر.

پارسەنگی لە توانی بەڕێوەبردنی جەنگ و شەڕكردنی خۆی لە جەنگدا:

هەر جەنگێک خۆی سەركردایەتی بكردایە ئەوە لە پێشی خەڵكەكەوە خۆی دەجەنگا وە خۆی سەركردایەتی شەڕەكەی دەكرد ئەوەشی كە پاڵی پێوە دەنا ئیمان و ئیسلام بوو پاشان گەنجێتی و لاوێتی و توانا و هێزو دەسەڵاتی خۆی بوو، خۆی ئارەزوومەند بوو بەوەی كەلە پێشی جەنگەكاندا بجەنگێت تا هەست و سۆزی موسوڵمانان بەلای جەنگەكەدا رابكێشێ و هەموویان بیر لە جەنگ بكەنەوە. ئەمەش بوو وای لێ كرد كە چەندەها سەركەوتنی گەورە تۆمار بكات بۆ خۆی بۆیە توانی ببێتە عەبدوڕەحمانی ناصر، لە هەمان كاتدا وا لێ نەگەین كە كەسێكی یاخی و سەرەڕۆ بووە، بەڵكو هەر هەنگاوێک هەڵی بهێنایەتەوە بە وردی كاری بۆ دەكرد بۆ ئەوەی بزانێت كە چەندە سوود بە ئیسلام و موسوڵمانان دەگەیەنێت، چەندە ئازاو جوامێر و لێهاتوو بوو لە جەنگدا لەوەندەش توانای هەبوو لە بەڕێوەبردنی جەنگەكاندا بۆیە پارسەنگی لە توانی خۆی و سەركردایەتی شەڕەكەدا دادەنا، هەمیشە چاوی لەسەر سەربازەكانی بوو وە خۆشی سەربازەكانی رێک دەخست، ریزی سوپاكەی قایم و بەهێز دەكرد هەمیشە بە وردی و سەرنج راكێشانە لە مەیدانی جەنگدا چاوی لە سەربازەكانی بوو وە دەستەبەری هەموو داواكانی دەكردن لە رووی چەک و خواردن و هەموو پێداویستیەكانی تری جەنگ.

تا ئەو کاتەی کە عەبدوڕەحمانی ناصر دەسەڵاتی ئەندەلوسی بەدەستەوە بوو جەنگ هەمیشە بەردەوام بوو لە هەموو لایەنەکانەوە بازگە و سوپاکانی ئامادە بوو وە خۆی سەرپەرشتی هەموو مەیدانەکانی دەکرد، دەستەبەری ئەو هەموو کەرەستە سەربازیانەی دەکرد لە مەیدانەکاندا بە شێوەیەکی پارسەنگ نەی دەهێشت هیچ سەربازگەیەک پێویستیان بە کەرەستەی جەنگی بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ هێزو توانای موسوڵمانانی بە هێزتر دەکرد و سوپاکەی لە گەورە بووندا بوو، لە جیهانی نوێشدا هەر وایە ئەو دەسەڵاتەی کە دەستەبەری پێداویستی سەربازەکانی بکات هەمیشە لە پێشە عەبدوڕەحمانی ناصریش توانی بەو شێوەیە سوپا گەورەکەی خۆی بەڕێوە بەرێت بە ئەرکێکی قیامەتی دەزانی و هەمیشە دەی وت "چەندە پێداویستیەکانی جەنگتان بۆ ئامادە دەکەم ئەوەندەش گرنگی دابوو بە گیانی سەربازەکانی" کە ئەم کارانە ڕوویدا گومانی تێدا نییە کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت. عەبدوڕەحمانی ناصر چەندە بایەخی دابوو بە سوپاکەی، هەروا لایەنەکانی تری فەرامۆش نەکردبوو

کە بریتی بوون لە:

-دروستکردنی شارستانییەت لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا

پێشتر ئامازەمان کرد بە مێژووی سەربازی و سیاسی عەبدوڕەحمانی ناصر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، لە ڕاستیدا لە ڕەوشی کارکردندا تەنها خەباتی بۆ سوپاکەی و جەنگەکان نەبوو بەڵکو زۆر بەتەواوی و بە شێوەیەکی یەکسانانە هەموو کارەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئەنجام دەدا، لەو سەردەمەدا کە ئەو دەسەڵاتی بەدەست بوو شارستانی موسوڵمانان هەرگیزاو هەرگیز بە خۆیانەوە نە دیبوو کە ئێستاش مێژوو نووسان ئامازەی بۆ دەکەن کە پەیکەرێکی بەڕێوەبردنی زۆر گەورەی دروست کرد، کە چەندەها وەزارەت و فەرمانگەی دروست کرد وە بۆ هەر ئیش و کارێک دوو ڕاوێژ کارو ئەمیرێکی دادەنا، بەسەر هەموو وەزارەتەکانەوە چەندەها چاودێری دروست دەکرد وە لەم سەردەمەدا بەڕێوە بردنی دەوڵەت و نووسین کە خەڵکی سەرقاڵ بوون پێوەیەوە کە باسی چەند چەمکێکی لایەنی ژیان و ژیار و شارستانییەتی ئەو سەردەمە دەکەین.

لایەنی یەکەم: خزمەتگوزاری بیناسازی

لە ڕاستیدا گرنگترین کاری کە کردی لە لایەنی بیناسازیەوە ئەوە بوو کە گەورەترین شاری دروست کرد بە ناوی شاری زەهرا، ئەم شارەش دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری قورتوبە ئەوەندە گرنگی دابوو بەم شارە کە کرایە پایتەختی هاوینەی ئەندەلوس هەرچی پاشا و دەسەڵات دارەکانی جیهان بوو لەو شارەدا پێشوازیان لێ دەکرا.

لە ڕاستیدا شاری زەهرا لە سەر شێوەیەکی زۆر جوان و پێش کەوتوو دروست کرا ئەو کەرەستانەی کە لە شارەدا بەکار هات لە بەغدا و تونس و قوستەنتەنییە و ئەورووپاوە دەهاتن کە لەسەر شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو وە جیاواز لە شارەکانی کە دروست کرا، بۆ نموونە ئەو باڵەخانانەی کە دروست دەکران دەبوو لە پێنج نهۆم کەم تر نەبن، نهۆمی یەکەم دەکرایە جێگەی سەربازی و پاسەوانەکان، نهۆمی دووەم لە وەزارەتەکاندا هەمیشە دەکرایە کاری بەڕێوە بردن وەک نووسین و ژمێریاری و هاوشێوەی ئەو کارانە، نهۆمی سێیەم دەکرایە میوانخانە، نهۆمی

چوارەم بۆ بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و وەزیرەکان و گەورە دەسەڵات داران، وە نهۆمی کۆتایش خەلیفە خۆی تێیدا دادەنیشت.

لە پاشاندا خۆی لە شاری زەهرا گەورەترین باڵەخانەی بۆ خۆی دروست کرد کە هاوشێوەی نە لە ئەوروپادا وە نە لە وڵاتانی ئیسلامیدا نەبینرابوو تەنانەت ئەوەندە بایەخی دابوو بەو باڵەخانەیەی کە بوو بووە موعجیزەیەکی سەردەمی خۆی هەموو خەڵکی لە ئەوروپاو وڵاتە ئیسلامیەکانەوە دەهاتن بۆ بینینی باڵەخانەی زەهرا لە شاری زەهرا.

هەموو شارەکان بەو شێوەیە کاری خزمەتگوزاری تێدا کردبوو تەنانەت کوێرە دێیەکی ئەندەلوس نەمابوو کە قوتابخانە و مزگەوتی تێدا نەبێت، ئەگەرچی لە باکوور بوبێت یان لە باشوور لە هەموو شارەکاندا ئاشی لە ئاو بۆ دروستکردبوون وەکو کارێکی دەوڵەتی کە خەڵکی بە کۆیێن سەرەیان بەر دەکەوت.

هەمان کاتدا گرنگیەکی زۆری دابوو بە پایتەختی ئەندەلوس کە قورتوبە بوو، لەسەر شەقام و کۆچەو کۆڵانەکانیدا خەڵکانێک کاری پاک کردنەوە و خزمەتگوزاریان دەکرد بۆ ئەو شارە، ئەو شارە ئەوەندە گەورە بوو بوو کە ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە نیو ملیۆن کەس بەمەش ببووە دووەم شاری جیهان لە گەورەییدا، ئەو سەردەمە گەورەترین شار لە جیهاندا شاری بەغدا بوو کە دانیشتوانەکەی خۆی دەدا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس.

لە شاری قورتوبەدا ١٣ هەزار خانووی تێدا بوو کە لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا نۆژەنکردنەوەیەک ڕوی دا لە هەموو قورتوبەدا هەموو خانوەکان بەرفراوان بوون وە هەموشیان خاوەنی باخچەی خۆیان بوون وە ٢٨ شارۆچکە لە دەوروبەری قورتوبە بوون لە جوانکاریەوە ئەوەندە بایەخی دابوو بە شارەکان لە ناوچەی قورتوبە دا بۆیە ناونرا بوو بە گەوهەری جیهان "جوهرە العالم".

پاشان مزگەوتی گەورەی قورتوبەی سەر لەنوێ گەورەتر کردەوە و نۆژەنی کردەوە وە میحرابەکەی لە ئاڵتون بۆ دروست کرد وە ئاڵتونەکەشی لە ئیتاڵیاوە بۆ هێنا، بۆ یەکەمجار لە هەموو مێژووی جیهاندا باخچەی ئاژەڵانی دروست کرد لەگەڵ گوڵخانەدا.

لایەنی دووەم: ئابووری

لە وڵاتی ئەندەلوس دا لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا خەڵکی لە خۆشگوزەرانی و هەرزانی دا دەژیان کە هاوشێوەی ئەم وڵاتە لە خۆشگوزەرانیدا وێنەی نەبوو لە جیهاندا پارەیەکی زۆر دەهاتە ناو بودجەی خیلافەتی ئەمەویەوە کە ساڵانە شەش ملیۆن دیناری ئاڵتونی ئەندەلوس بوو، هەروەک باپیری عەبدوڕەحمانی داخل دەیکرد بە سێ بەشەوە -ڕەحمەتی خوا لە هەردوکیان بێت-، بەشێکی بۆ سەرباز و سوپاکەی وە بەشێکی بۆ ئاوەدان کردنەوە و بیناسازی و خزمەتگوزاری وە بەشەکەی دی هەڵدەگیرا بۆ پێداویستیەکانی سەردەم و پاشەکەوت دەکرا.

لە ڕاستیدا گرنگیەکی زۆری دابوو بە کشتوکاڵ لە سەردەمی ئەودا میوە و میوەهات زۆر بوو بوو تەنانەت دەنێردرایە دەرەوەی وڵات، یەکەم جار لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا یاسای کشتوکاڵی دامەزراند بۆ جوتیارەکان، زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن لە سەردەمی ئەودا کشتوکاڵی

لۆکە و کەتان و لەگەڵ دروست کردنی شەکر دەستی پێکرا کە خۆی زۆر چاودێری کاری کشتوکاڵی دەکرد.

لایەنی سێیەم: پیشەسازی

لەسەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا زۆر گرنگی درابوو بە دەرهێنانی زێڕ و زیو و مس، هەروەها پیشەسازی پێستەو وە پاشان پیشەسازیە گەورەکان وەک دروست کردنی کەشتی و کەرەستەکانی کێڵان و وە کارگەی زۆری دروست کردنی دەرمانی لە وڵاتدا. عەبدوڕەحمانی ناصر هەستا بە کردنەوەی بازاڕێکی گەورە بۆ ئەوەی هەموو بازرگانەکانی جیهان بێنە وڵاتی ئەندەلوس وە لەوێ کاڵاکانی خۆیان ساغ بکەنەوە، هەروەها لە بازاڕەکانی شارە گەورەکاندا بە گوێرەی کاری بازرگانەکان دوکانەکانی جیا کردەوە، بۆ نمونە گوزەری ئاسنگەران جیا بوو لە گەڵ قەسابەکاندا.

وە هەروەها بازاڕی گوڵ فرۆشەکان جیا بوو لەگەڵ وشکە فرۆشەکاندا.

لایەنی چوارەم: ئاسایش

لەم سەردەمەدا گەورەترین ئاسایشی دەستەبەر کردبوو بۆ خەڵکی لەدوای کپکردنەوەی شۆڕشەکان، واتا سەردەمی دووەمی یەک ئاکە شۆڕشیش ڕووی نەدا، وە دەزگەی پۆلیسی جیا کردەوە لە سوپا، کارەکانی بۆ پۆلیس دەست نیشان کرد بۆ نمونە پۆلیسی شەو جیاواز بوو لە پۆلیسی رۆژ، هەروەها کۆمەڵێک پۆلیسی تەرخان کردبوو کە پێیان دەوترا پۆلیسی بازرگانی چاودێری بازاڕیان دەکرد بۆ ئەوەی کە بازاڕ مۆنۆمپۆڵ نەکرێت وە هەروەها پۆلیسی دەریاوانیشی جیا کردەوە، هەر لەو سەردەمەدا برەوێکی زۆری دابوو بە بواری پۆستەو گەیاندن کە نامە ئاڵوگۆڕ دەکرا لەم سەر بۆ ئەو سەری ئەندەلوس.

هەروەها گەورەترین دادگای دروست کرد کە ئەو سەردەمە ناو دەبرا بە دادگای ستەم لێکراوەکان کە هاوشێوەکەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دادگای ئیستینافی پێ دەوترێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئاسایشە لە ڕووی شەرع و پیادە کردنی حوکمی خوای گەورە وە پیادە دەکرا وە بە وردی پیادە دەکرا بۆیە ئاسایش بەرقەرار بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەردەمی دەسەڵاتیدا سەری نەوی نەکرد بۆ غەیری قورئان و سونەتی پێغەمبەری ﷺ.

لایەنی پێنجەم: زانست

لە سەردەمی عبدوڕحماندا بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندن و نووسین و خوێندنەوە بە شێوەیەکی زۆر بەرز پەرەی سەندبوو گەورەترین کتێبخانەی دروست کرد لە هەموو جیهاندا کە کتێبخانەی قورتوبە بوو، دیارە پێشتر کتێبخانەی قورتوبە هەر هەبوو، بەڵام ئەم توانی گەورەتری بکات و بیکاتە خاوەنی چوار هەزار پەرتوک لەو سەردەمەدا کە لەو سەردەمەدا چاپ نەبوو، بەڵکو پەرتوکەکان بە شێوەی دەستووس دەنووسرانەوە.

هەر بۆیە هەستا بە دروست کردنی ستافێک کە هاوشێوەی لە ناو موسوڵماناندا نەبووە ئەویش کۆمەڵێک فەرمانبەری دامەزراند کە پێیان دەوترا(النثاخين) واتا ئەم فەرمانبەرانە لە کتێبخانەی قورتوبەدا دادەنیشتن کتێبەکانیان دەنووسیەوە بۆ نمونە ئەگەر کەسێک خاوەنی پەرتوکێک بوایە دەچوە لای ئەو فەرمانبەرانە دەیووت کە دە دانەی بۆ لەبەر بنووسنەوە یاخود هەرچەندێکی کەی پێویست بوایە، کەواتە یەکەم جار فەرمانبەری النثاخين لە قورتوبە دروستبوو.

هەروەها کۆمەڵێک فەرمانبەری تر دروستبوون کە پێیان دەوترا فەرمانبەرە لێکۆڵەرەوەکان (الباحثین) ئەمانیش کاریان ئەوە بوو کە پوختەی بابەتە فیقهیەکان یان بیرو باوەڕیەکان "عقیدە" یان سیرەی پێغەمبەران و پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی کە پوختەی ئەو بابەتانەیان دەخستە بەردەستی خەڵکی، بۆ نمونە کەسێک نەدەکرا بچێت لە ناو چوار هەزار کتێبدا بابەتێک دەربهێنێت بۆیە ئەم لێکۆڵەرەوانە دەچوون بابەتەکانیان بە پوختی دەخستە بەردەستی خەڵکەکە.

لایەنی شەشەم: سیاسەتی دەرەوە

ناوی ئەم سەرکردە لێهاتوە -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە هەموو جیهاندا بەرز بوبوە کە جزیەی لە پاشاکانی نەسرانییەکان دەسەند لە باکوور هەموو نوێنەری وڵاتانی ئەوروپا داوای ڕێکەوتن نامە و هاوڕێیەتی و خۆشەویستیان لێ دەکرد، هەمیشە نوێنەرانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا و ئینگلتەرا لە ئەندەلوس نوێنەریان هەبوو، تەنانەت لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە نوێنەری خۆیان دەنارد بۆ ئەندەلوس لە لایەن بیزەنتیەکانەوە کە زۆر دوریش بوون لە عەبدوڕەحمانی ناصرەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە پەیوەندیان هەبێت بە چەندەها دیاریەوە دەهاتنە لای. لەو دیاریە گەورانەی کە پێشکەشی عەبدوڕەحمانی ناصر کرا لە ئەوروپاوە گەورەترین ئەڵماسی جیهان بوو وە عەبدوڕەحمانی ناصریش لە ناوەڕاستی باڵەخانەکەی خۆی دانا لە شاری زەهرا کە بەداخەوە لە سەردەمی محاکم تەفتیشدا دزرا پاشان ناپلیۆن بردی بۆخۆی وە دوای ئینگلیزەکان دزیان و لە مۆزەخانەیەکی ئەو وڵاتە خۆی بینییەوە.

نامەیەک لە پاشای بەریتانیاوە دێت بۆ عەبدوڕەحمانی ناصر کە داوای لێ دەکات چوار لە زاناکانی ئینگلیز بنێرێت بۆ کتێبخانەت قورتوبە کە لەوێ بخوێنن لە کۆتای نامەکەیدا دەنووسێت خزمەت کاری گوێڕایەڵت پاشای بەریتانیا "خادمکم المطیع ملک إنجلترا".

دانانی نامەی پادشای بە ریتانیا بۆعەبدوڕەحمان ناصر:

موسوڵمانان لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا گەورەترین سەروەری بۆ خۆی تۆمار کرد کە تێکڕای هەموو مێژوو نووسانی هەموو جیهان لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا بە گەورەترین پاشای ئەوروپای دەژمێرن لە ساڵی ١٩٦٣زاینی لە ئیسپانیادا کە گەورەترین فیستیڤاڵیان ساز کرد بە بۆنەی یێیەڕبوونی هەزار ساڵ بەسەر کۆچی دوایی عەبدوڕەحمانی ناصردا وێڕای ئەوەشی کە هەموویان نەسرانی بوون، بەڵام نەیان توانی سەرنجی خۆیان و گەورەی عەبدوڕەحمانی ناصر بشارنەوە بۆیە لەسەر گۆڕەکەی هەموو دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا وەستان کە وتیان پێویستمان بە عەبدوڕەحمانێکی کە هەیە کە بمان کاتەوە بە گەورەترین دەسەڵاتدار لە هەموو جیهاندا!!

## عەبدوڕەحمانی ناصر و بەرزترین ڕەوشت

هەرکەسێک گوێی لەژیانی ئەم پیاوە دەبێت و زیاتر لە ژیانی قوڵ دەبێتەوە هەرچەند باس لە مێژووشی بکەین ئەوەندەی کە گەورەی ئەم پیاوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەو ڕێگایانەی کە گرتبویە بەر لە ژیانی خۆیدا هەمیشە پێی دادەگرت لەسەر بەها ڕۆحیەکان و بەرز کردنەوەی دینی ئیسلام وە ڕێگەی سەربەرزی و سەروەری هەڵبژارد بوو دوور لە لوت بەرزی، کەسایەتیەکی وای بۆ خۆی دروست کردبوو کە تەنانەت دوژمنەکانیشی سەرسام بوون پێی و هەمیشە دەیان ویست لاسایی بکەنەوە، ئەم سەرکردە لێهاتووە توانی لە سێبەری خۆیدا وڵاتی ئەندەلوس بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەڕێوە بەرێت واتا نیو سەدە ساڵی ۳۰۰- ۳۵۰ کۆچی لەم سەردەمانەدا کە ئەم هەموو هێز و دەسەڵاتەی هەبووە هەمیشە لە دیوانی زانایان و مزگەوتەکاندا یادی خوای تیا دەکرد، هەرگیزا و هەرگیز بیری لە سەمای جاریەکانی نەکردووەتەوە وە تەنانەت وەک مێژوونووسان دەڵێن جاریەشی نەبووە، هەمیشە گەردن کەچ بووە لە بەرانبەر خوادا دەستی ئاوا بۆ ئاسمان بەرز بووە، پیاوێکی لە خوا ترس و خاوەن وەرع بووە.

دەگێڕنەوە ڕۆژێک کە لەناو خاکی ئەندەلوس دا وشکە ساڵی بوو خەڵکی چوونە دەرەوە بۆ نوێژە بارانە، خەڵکەکە سەیریان کرد کەوا خەلیفەیان لەگەڵدا نییە چوون گەڕان بە شوێن عەبدوڕەحمانی ناصردا تا بزانن بۆچی نەهاتوە بۆ نوێژە بارانە، ئەو کەسەی کە نوێژەبارانەی بۆ دەکردن زانای پایە بەرز موندر کوڕی سەعید -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، کەسێکی نارد بە شوێن عەبدوڕەحمانی ناصردا ئەو کەسە کە چووە باڵەخانەکە بینی وا بە تەنیا دانیشتوە لەسەر ئەرزێ گەردن کەچ بوو جل و بەرگێکی زبری لەبەردا بوو لەسەر خۆڵ دانیشتبوو ئەگریا بە دەنگی بەرز کە فرمێسکەکانی بە ڕیشیدا دەهاتنە خوارێ هاواری دەکرد ئەی وت "خوای گەورە من دڵ بە تاوانەکانی خۆمدا دەنێم خوای گەورە ئەوە ئێوچاوانی منە بە دەستی تۆ من گەردن کەچم لە ئاستی تۆ بە بۆنەی منەوە ئازاری خەڵکەکە مەدە تۆ دەسەڵاتدارو گەورەی هەموانی، خوای گەورە هیچ شتێک لە تۆ ون نییە لێم خۆش بە داوای لێ خۆش بوونت لێ دەکەم". ئەو کەسەی کە نێردرا بوو بە شوێنی دا وە گوێی لەم وشانە بوو گەڕایەوە بۆ لای موندر کوڕی سەعید ئەوەی کە بینیبووی پێی ڕاگەیاند موندر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- وتی: بەو کەسە مژدە بدە بە خەڵکەکە کە تۆ هەڵگری بارانیت لەلایەن عەبدوڕەحمانی ناصرەوە وە خوای گەورە فەرمانی کردوە بەوەی کە باران ببارێت، "فإذا خشع جبار الأرض يقصد من يملك الناس فقد رحم جبار السماء". واتە: ئەگەر دەسەڵات دارانی سەرزەوی گەردن کەچ بن بەرانبەر بە خوای خۆیان ئەوا پەروەدگاریش لە ئاسمان بزەی خۆی دەبارێنێت"[1].

وە لە پێداهەڵدان و زیرەکیی و بەتوانای و ڕەوشت و کرداردا خەڵکانێک زۆر باسی عەبدوڕەحمانی ناصریان کردووە لە جوانی کردەوەی سیاسەتی، ڕۆژێک لە بازاڕ دەگەڕا پێی

---

[1] هەروەها شاعیرێک دەڵێت:

همم الملوك إذا أرادوا ذكرها من بعدهم فبألسن البنيان
إن البناء إذا تعاظم شأنه أضحى يدل على عظيم الشان

بازرگانێكی ئەورووپی سەد دیناری لێ كەوتووە ئەمیش هیچ باس و خواستێكی نەكرد لە دورەوە هەر سەیری دەكرد، كابرای تاجر هاواری كرد كە من ئەو پارەیام لێ كەوتووە كەسێكی كە پارەكەی بۆ دۆزیەوە، بەڵام دە دیناری كەمتر بوو لە سەد دینارەكە ئەو هاواری كردبوو كە سەد دیناری لێ ون بووە بەڵام ئەم نەوەد دیناری دۆزیبووەوە پەیمانیشی دابوو كە دە دینار دەدات بەو كەسەی كە بۆی دێنێتەوە، لەو كاتەدا لە نێوانی ئەو دوو كەسەدا دەمە بۆڵەیەك دروست بوو لە دوایدا كەسێكی كە هاواری كرد ئەوە من سەد دیناری ترم دۆزیوەتەوە خەڵكەكەی ئەوەندە چاوتێر كردبوو كە بەدوای خێرو چاكەدا دەگەڕان بۆیە چووە لای هەموویان و دە دینارەكەی لە گیرفانی خۆی دا بەو پیاوە و وە كەسی دووەم دە دیناری خۆی بردوو وە كەسی سێیەمیش پارەكەی خۆی وەرگرتەوەو وە وەك دیاریش نەوەد دینار چووە ناو بەیتولمالی موسوڵمانانەوە، هەرچەندە دەگەڕا بەدوای كەسێكی بێ دەرەتاندا كە پارەی بداتێ كەسێك دەست نەدەكەوت لە وڵاتی ئەندەلوس دا، هەموو خەڵكە هەژارو بێدەرەتانەكان كە لە بازاڕدا دەستیان پان دەكردەوە بۆ پارە هەموویانی چاوتێر كردبوو وە كاری بۆ دۆزیبوونەوە"[٣].

بەڵێ ئەوا عەبدوڕەحمانی ناصركۆتایی بە ژیانی دێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، لە ساڵی ٣٥٠ كۆچی لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵی دا كۆچی دوای كرد، لە خەزنەكەی خۆیدا نامەیەكی تێدا بوو كە بەدەست وخەتی خۆی نووسرابوو حەكەمی كوڕی جێنشینی بێت، وە بەهەمان شێوە نامەیەكی تێدا بوو ئەو ڕۆژانەی كە ڕۆژانی سەخت بوون بەلای عەبدوڕەحمانی ناصرەوە كە نووسیویەتی لە ڕۆژی ئەوەندە لە ساڵی ئەوەندە كە ژمارديان ڕۆژانی سەختی تەنها بریتی بووە لە ١٤ ڕۆژ.

---

[٣] ئەو مێژوونووسانەی كە لەبارەی عەبدوڕەحمانی ناصرەوە باسیان كردووە: قال عنه الذهبي :كان شجاعا شهما محمود السيره،لم يزل يستأصل المتغلبين حتى تم أمره بالأندلس، واجتمع في دولته من العلماء والفضلاء ما لم يجتمع في دوله غيره. وله غزوات عظيمه ووقائع مشهوره. قال ابن عبد ربه: قد نظمت أرجوزه ذكرت فيها غزواته. قال: وافتتح سبعين حصنا من أعظم الحصون ومدحه الشعراء.
قال عنه الصفدي: ولم يكن بعد عبد الرحمن الداخل أجزل منه - أي الناصر - في الحروب وصحه الرأي والإقدا م على المخاطره والهول حتى نال البغيه وبنى المدينه الزهراء قراراً بنفسه وخاصه جنده عن عامه قرطبه الكثيره الهرج الجمه سواد الخلق فرتب الجيوش ترتيباً لم يعهد مثله قبله وأكرم أهل العلم واجتهد في تخير القضاه وكان مبخلاً لا يعطي ولا ينفق إلا فيما رآه سداداً.
قال اليسع بن حزم: نظر أهل الحل والعقد، من يقوم بأمر الإسلام، فما وجدوا في شباب بني أميه من يصلح للأمر إلا عبد الرحمن بن محمد، فبايعوه.

## سەردەمی حەکەمی عەبدوڕەحمانی ناصر ٣٥٠- ٣٦٦ کۆچی

لەدوای کۆچی دوای عەبدوڕەحمانی ناصر کوڕەکەی فەرمانڕەوایی ئەو خیلافەتەی گرتە دەست بەناوی حەکەمی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەد. لەسەردەمی حەکەم دا راپەڕینێکی زۆر گەورەی زانستی سەری هەڵدا لە ئەندەلوس دا کە هاوشێوەی نەبوو، کاتێک دەسەڵاتی گرە دەست ئەمەنی ٤٧ ساڵ بوو. ئەوە حەکەم خۆی یەکێک بوو لە زاناکانی ئەندەلوس وە ئەم خەلیفەیە بە عاشقی کتێب ناوبانگی دەرکرد بوو.

حەکەم لەسەردەمی خۆیدا گەورەترین کتێبخانەی دروستکرد بەناوی کتێبخانەی ئەمەوی لە ئەندەلوس کە کێبڕکێی دەکرد لەگەڵ کتێبخانەی قورتوبە و بەغداد، کە بە هەزارەها دیناری بەکار هێنا بۆ دروست کردنی کتێبخانەی ئەمەوی، وە کتێبی لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات کۆدەکردەوە بۆ ئەو پەرتوک خانەیە، لەم جیهاندا هەر کتێبێکی زانستی لە زانستەکانی پزیشکی، فەلەک زیندەوەر زانی، کیما و فیزیا کەسانێکی پسپۆڕی دەنارد بە وەرگێڕانی تا کتێبخانەکانی ئەندەلوس سوودی لێوەر بگرن زۆربەی لە کتێبخانەی ئەمەوییەکان ئەو کتێبە نایابانە دەست دەکەوتن.

هەر کتێبێک لە جیهاندا زانایەک بینووسیبایە ئەم بە هەر پارەیەک بوایە لێی دەکڕی و بڵاوی دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی سوودی لێوەربگرن بۆ نموونەی لەو کتێبانەی کە بەدەستی هێنابوو لە کتێبخانەی ئەمەوی کتێبی ئەدەبیاتی ئەصفهانی ئێران بوو، ئێران چەندە دوور بوو لە ئیسپانیاوە بەڵام بۆ ئەوەی زانست بڵاو بێتەوە لە وڵاتەکەی دا ئامادە بوو لە هەموو جیهانەوە کتێبی بۆ بهێنێت.

وە لەسەردەمی حەکەم دا فەرمانبەرانی ناو کتێبخانەکەی قورتوبە و کتێبخانەکانی تر زۆربەیان ئافرەتان بوون، ناوبانگی ئافرەتانی ئیسپانیا دەرچوو بوو بۆ خۆش نووسی و زیرەکی، ئەگەر لە جیهانی ئیسلامیدا ئافرەتێکی زیرەکیان بدیبایە دەیانووت دەڵێیت لە ئەندەلوس پەروەردە بووە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە پیاوان زیاتر سەرقاڵ بوون بە جیهاد خەبات و کۆشش و زانست دروستکردنی بینای گەورە و پرد و کارە خزمەتگوزارییەکان. لەسەردەمی حەکەم دا بەشێوەیەکی بەربڵاو پیشەسازی کاغەزو بەرگ تێکرتن و قەڵەمی حبر زۆر بەرچاو وە ئاستێکی زۆر بەرزی گرتبوو لە ئەندەلوس دا، بۆیە پاپایی ئیتاڵیا فەرمانی کرد کە کاغەز لە ئەندەلوس بکڕن بۆ نووسینەوەی ئینجلەکان، لەو سەردەمە هەموو ئەوروپا لە ئەندەلوس کەرەسەکانی زانستیان دەکڕی.

حەکەم کتێبخانەکانی رۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەکرد وە رۆژانە قوتابخانەی دروست دەکرد، تەنانەت قوتابخانەی دامەزراند کە دەبێت هەژارەکان بە خۆڕای بخوێنن، هەروەها بڕێک پارەی مانگانە ئەدا بە قوتابیەکان بۆ ئەوەی زیاتر خۆشەویستی زانست لە دڵیاندا بەچەسپێت، بە شێوەیەکی گشتی لە خاکی ئەندەلوس زانست زۆر بەفراوان بوو بەتەواوەتی لە ئەندەلوس دا کەسێک نەبوو خوێندەواری نەبێت، بەڵێ خەڵکی ئەندەلوس خەڵکێکی رۆشنبیرو خوێندەوار دەژمێران لە جیهاندا.

زانکۆی قورتوبەی گەورەتر کرد بە فەرمی ناوی نا زانکۆی قورتوبە، پێشتر زاناکان سەرقاڵ بوون بە کشتوکاڵ و بازرگانی و نووسینەوە کارێکی تایبەتیدان نەبوو، بەڵام حەکەم -رەحمەتی خوای لێ

بێت. ئەوانی دامەزراند لە زانكۆكەدا ژیانی دابین كردن و كردنی بە مامۆستایی زانكۆ كە بۆ یەكەم جار بوو هاوشێوەی ئەوەش رووبدات لە مێژووی ئیسلامدا كە زاناكا تەنها كاریان زانست بێت سەرقاڵ نەبن بە كاری ترەوە، بەڵكو دەسەڵات بژێوی ژیانیان دابین بكات.

### قورتوبە بووە شارێكی نمونەیی لە جیهاندا

ئەم شارە ناوبانگی لە جیهاندا دەركرد لە سەردەمی خۆیدا زانا دانیشمەندەكان لەسەریان ڕەنووسی وە زانایان زۆر وتەیان لەسەر ئەم شارە هەبوو لە بارەی ناوەكەیەوە كە ناوەكەی لە چیەوە هاتووە ئێستاش هەر بەو ناوە هاتووە بە ئیسپانی پێی دەوترێت[4].

Cordoba.Cordova .Crdoba

مێژووی چوونی ئیسلام بۆ قورتوبە:

لەسەردەمی طارق كوڕی سریەیەكی نارد كە حەوسەد كەس بوون بۆ ئەم شارە بەسەركردایەتی موغیثی رۆمی توانی لە ساڵی ٩٣ كۆچی ئەو شارە فەتح بكات، موغیث هەندێك لە رێبەرەكانی خۆی نارد لە پێشەوە بۆ ئەوەی بزانێت سوپایی لێیە لە قورتوبە كە چوون گەڕانەوە سەیریان كرد هیچیان بۆ دەست نیشان نەكرا، چونكە دیوارو قەڵای بە هێزی هەبوو شاری قورتوبە بۆیە موغیث رووی كردە شوانێك لەو ناوچەیەدا لێی پرسی ئەو شارە چەند سوپایی لێیە ئەویش وتی نزیكەی چوار سەد كەسێك دەرگەیی كەی پێ وتن كە دەكەوێتە چ بەشێكی شارەكە.

پاشان پرسی بەهێزو دیوار و قەڵاكانی لێپرسی ئەویش وەڵامی داوە، بەڵام موغیث بڕوای پێنەكرد بۆیە لەگەڵ خۆی هێنای بۆ نزیك قورتوبە تابزانێت چۆن بچێتە ناو شارەكەوە.

كاتێك لە رووبار پەڕینەوە لەگەڵ رێبەرەكەیان چوونە نزیك شار بە هێمنی لەشەودا بوون، كە زانی هەموو زانیاریەكانی شوانەكە راستە داوای لێبوردنی لێكرد بە وڵاغێك ناردیەوە بۆ جێگەیی خۆی پاش ئەوەی، كە هەموو لاكانی دیوارەكانی ئەوە قەڵای پێشانداو بە جێی هێشتن. موسوڵمانان توانیان بەسەر دیوارەكەدا سەركەون و دەرگەی قەڵاكان بكەنەوە و بچنە ناو شاری قورتوبە لەپاش ئەوەی، كە شار گیرا موغیث داوای كرد گەورە ئەمیری شارەكەیان بێت بەڵام بێ سوود بوو هەڵهاتبوو وە شارەكایان بە تەواوەتی خستە ژێر ركێفی خۆیان وە توانیان بی كوشتار ئەو شارە بگرن[5].

جێگە و شوێنی قورتوبە:

---

[4] بەڕەچی ناوەكە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە ؛ قال یاقوت الحموي: قُرطُبه: بضم أوله وسكون ثانیه وضم الطاء المهملة أیضاً والباء الموحدة كلمة فیما أحسب عجمیه رومیه ولها في العربیه مجال یجوز أن یكون من القرطبه وهو العدو الشدید. قال بعضهم: إذا رأني قد أتیت قرطب، وجال في جحاشه وطرطبا. پاشان زانایەكی تر دەڵێت "وقال الزبیدي في تاج العروس قَرْطَبَهُ: إِذا صَرَعَهُ يُقَال: طَعَنَهُ فَقَرْطَبَهُ وقَحْطَبه وقول أبي وجزه السَّعْدِيّ: والضَّرْبُ قَرطَبه بِكُلِّ مُهَنَّد... تَرَكَ المُداوِسَ مَتْنَهُ مَصْقُولاً قال الفراء: قَرطَبْتُهُ: إذا صرعته أو قرطبه: إذا صَرَعَهُ على قَفاه. وتَقَرطَبَ على قَفاه: انْصَرَعَ.

[5] ئەم باسە لە كتێبی كوڕی عەزاریدا هاتووەالبیان المەراكیش في أخبار الأندلس و المراكیش - ابن عذاري.

لەم بارەوە زانایان و مێژوونووسان زۆریان لە مەڕ قورتوبە وتوە هەندێکیان وەک سەرچاوە بلێ
دەکەین گفتوگۆکانیان دەخەینە بەچاو لەوانە:
"الإصطخري" لە کتێبی "المسالک والممالک"دا دەڵێت: رۆژئاوای مەراکیش پێی دەوترێت
ئەندەلوس، ئەندەلوسیش وڵات گەلێکی پانوبەرینە لە کۆمەڵێ شاری بەپیت و بەرفراوان پێکدێت
گەورەترین شاریش تێیدا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەندەلوس پێی دەوترێت: قرطبه[71].
"ابن سعد المراكشي" لە کتێبی ( الجغرافيا) دەڵێت: لە دەورانی بەنی ئومەییەدا قورتوبە پایتەختی
ئەندەلوس بوو، کە درێژیەکەی دە پلە و پانییەکەی سی و هەشت پلەو نیو بوو، رۆژئاوای زێی
گەورەیە کە ئیشبیلیەی بە سەرەوەیە[72].
قورتوبەی ئێستا پایتەختی دەڤەری رۆژئاوای ئیسپانیایە و دەکەوێتە سەر زێیەک و پێی دەوترێت
جواد الكبير، یاخود رووباری دۆڵی گەورە نهر الوادي الكبير.
"الحميري" خاوەنی کتێبی (الروض المعطار في خبر الأقطار) دەڵێت: قورتوبە بنکەی ئەندەلوس و
دایکی شارەکانییەتی، پێگەی خیلافەتی ئەمەوییەکان بوو، کە شوێنەواریان تا ئێستاش پێوە دیارە
پێگەو پلەو پایەو شتە نایاب گەلەکانی خەلیفەکانی ئەوێ زۆر لەوە بەناوبانگترن کە باسیان لێوە
بکرێت، ئەوان پێشەنگ و ناسراوانی خەڵکی بوون، بەوە ناسرابوون کە لەسەر مەزهەبێکی راست
و دروست بوون، کارەکانیان جوان و لە جێی خۆیبوو، هیمەتیدان بەرزو رەوشتیدان لەوپەڕی
جوانی بوو، لە نێو ئەوانیشدا چاوساغ و پێشەنگی زانایان و پێشەوایانی تێدا هەڵکەوتبوو،
بازرگانەکان لە گەڕان و سوڕانێکی چاک و بەرچاو فراوانییەکی باشدا بوون. لە قورتوبە پێداویستی
شاری ئەوتۆی تێدابوو لە میوانخانە و حەمام و تەواوی کار و پیشەکانی تر کە پێویستی
هەموانی لێ پێکدەهات، درێژیەکەی لە رۆژهەڵاتەوە تاکو رۆژئاوا سێ مایل بوو، پانییەکەشی لە
دەرگەی پرد باب القنطرەوە تاکو دەرگەی جولەکە باب اليهود یەک مایل بوو، هەروەها دەکەوێتە
بناری شاخێکی درێژەوە کە پێی دەوترێت: شاخی بوک (جبل العروس). شارە ناوەڕاستەکەشیان
کە دەرگەی پرد باب القنطرەی تێدا هەڵکەوتووە[73].

---

[71] قال "الإصطخري" في "المسالك والممالك": وأما الغربي من المەراكيش فهو الأندلس، والأندلس بلاد عريضه كثيره المدن خصبه واسعه، ومدينتها العظمى تسمى "قرطبه"، وهي من الأندلس في وسطها
قال "ابن سعد المراكشي" في كتابه "الجغرافيا": وطول "قرطبه"، قاعده الأندلس في مده بني أميه، عشر درجات، وعرضها ثمان وثلاثون درجه ونصف، وهي على غربي النهر الكبير الذي عليه إشبيليه وقرطبه الج مدينه وعاصمه مقاطعه في جنوب اسبانيا تحمل اسمها وتقع على نهر يسمى جواداالكبير أو نهر الواد الكبير.

[72] قال "ابن سعد المراكشي" في كتابه "الجغرافيا": وطول "قرطبه"، قاعده الأندلس في مده بني أميه، عشر درجات، وعرضها ثمان وثلاثون درجه ونصف، وهي على غربي النهر الكبير الذي عليه إشبيليه وقرطبه الج مدينه وعاصمه مقاطعه في جنوب اسبانيا تحمل اسمها وتقع على نهر يسمى جواداالكبير أو نهر الواد الكبير.

[73] قال "الحميري" صاحب "الروض المعطار في خبر الأقطار"

هەروەها یاقوت الحموي لە کتێبی (معجم البلدان) دا دەڵێت: قورتوبە شارێکی گەورەی ئەندەلوسە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکانی تر، بریتی بوو لە پێگەو پایتەختی پادشای ئەم شارە، هەروەها جێگەو پێگەی پادشاکانی بەنی ئومەییە و پیاوچاکان و مەردو جوامێران بوو، تێوان قورتوبە و دەریاش پێنج ڕۆژە ڕێبوو.

ابن حوقل بازرگانی مووسڵ دەڵێت: قورتوبە لە ساڵانی ٣٥٠ی کۆچی دەروازەی شارەکانی تر بوو، وە دەڵێت: گەورەترین شاربوو لە ئەندەلوس کە لە هیچ شارێکی تر لە ڕۆژئاوا هاوتای نەبوو لە زۆری خەڵک و نووسەران، ئەو شوێنە وەک لایاڵێکی بەغدا وابوو، ئەگەر وەک ئەو نەبووبێت لێی نزیکبوو، کە پارێزراو بوو بە شورایەکی بەردی کە دوو دەرگەی هاتوو چۆی هەبوو، لە هەمان دیوارێکەیەک بۆ ڕێگەی دۆڵەوە لە ڕەسافەوە هەڵدەکشێت، ڕەسافە چەند خانوێکە لە بەرزایی زێوەیە پەیوەستە بەوانەی خوار و باشوورە وە بەرەو دۆڵ هەڵدەکشێتەوە، هەروەها زێنەیەکی ناسراوی هەیە کە پێکدێت لە بازاڕو ماڵی گشتی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، خەڵکەکەی زۆری پارەدارو پسپۆڕ بوون، زۆربەیان هێستر سواربوون کە نرخی هەر هێسترێک لای ئەوان پێنج سەد دینار بوو.

هەروەها " أبو الحسن بن بسام " لە کتێبی " الذخيره في محاسن أهل الجزيره " دەڵێت: ئیسلامیەتی قورتوبە لەم ڕۆژەی کە دوورگە فەتح کراوە، لەوپەڕی گرنگی و ئەهمیەت پێدان و پلە و تاڵا هەڵکردن و دایکی شاران و شوێنی خاوەن فەزڵ و لە خوا ترسان بوو، هەروەها نیشتمانی زانایان و شارەزایان بوو، دڵی هەرێم و سەرچاوەی زانست بوو، گومەزی ئیسلام و

---

قرطبه قاعده الأندلس وأم مدائنها ومستقر خلافه الأمويين بها وآثارهم بها ظاهره، وفضائل قرطبه ومناقب خلفائها أشهر من أن تذكر، وهم أعلام البلاد وأعيان الناس، اشتهروا بصحه المذهب وطيب المكسب وحسن الزي وعلو الهمه وجميل الأخلاق، وكان فيها أعلام العلماء وسادات الفضلاء، وتجارها مياسير وأحوالهم واسعه، وهي في ذاتها مدن خمس يتلو بعضها بعضاً، وبين المدينه والمدينه سور حاجز، وفي كل مدينه ما يكفيها من الأسواق والفنادق والحمامات وسائر الصناعات، وطولها من غربيها إلى شرقيها ثلاثه أميال، وعرضها من باب القنطره إلى باب اليهود ميل واحد وهي في سفح جبل مطل عليها يسمى جبل العروس، ومدينتها الوسطى هي التي فيها باب القنطره

وقال عنها "ياقوت الحموي" في "معجم البلدان": مدينه عظيمه بالأندلس وسط بلادها وكانت سريراً لملكها وقصبتها وبها كانت ملوك بني أميه ومعدن الفضلاء ومنبع النبلاء من ذلك الصقع وبينها وبين البحر خمسه أيام. قال ابن حوقل التاجر الموصلي: وكان طرّق تلك البلاد - في حدود سنه ٣٥٠ هـ= ٩٦١م - قال: وأعظم مدينه بالأندلس قرطبه وليس لها في المغرب شبيه في كثره الأهل وسعه الرقعه ويقال: إنها كأحد جانبي بغداد وإن لم تكن كذلك فهي قريبه منها وهي حصينه بسور من حجاره ولها بابان مشرعان في نفس السور إلى طريق الوادي من الرصافه والرصافه مساكن أعالي البلد متصله بأسافله من ربضها وأبنيتها مشتبكه محيطه من شرقيها وشماليها وغربيها وجنوبيها فهو إلى واديها وعليه الرصيف المعروف بالأسواق والبيوع مساكن العامه بربضها وأهلها متمولون متخصصون وأكثر ركوبهم البغلات من خوّرهم وسيم أجنادهم وعامتهم ويبلغ ثمن البغله عندهم خمس مائه دينار وأما المائه والمائتان فكثير لحسن ألوانها وألوانها وقدودها وعلوها وصحه قوائمها.

شارستانییەتی پێشەوایان بوو، شوێنی ئەقڵ و بێستانی خاتیرەکان و دەریای تێگەیشتن بوو، هەر لەوێ پێشەنگان و زانایانی سەردەم و شۆڕە سواری هۆنراوەو پەخشان سەریان هەڵدا، هەر لەوێ نووسراوی بە پێز و کتێبی بەهێز نووسرا، هۆیەکانی دەرکەوتنی خەڵک لە کۆن و ئێستا هەر لەکوێیان فەت نەدەگەیشتن بە ئەهلی قورتوبە لە رووی توێژینەوەو خوێندن و هەموو چەشنەکانی زانست و ئەدەبەوە. بەکورتی زۆرینەی خەڵکی ئەم شارەبوو کە سەربەرشتیاری عەرەبی رۆژهەلات بوون لە فەتحکردنی وڵاتانی تر، گەورە پیاوانی شام و عێراق بوون کە لە قورتوبە دابەزیبوون، ئەوەو وەچەیان لەهەموو کون و قوژبنەکانی ئەم شارە بڵاوبوونەوە، وای لێهات هیچ شارێک نەمێنێت کە بەدەر بێت لەم نووسەر و شاعیرە بەتوانایانەی ئەوێ"[١٩].

هەروەها "ابن الوردي" لە کتێبی "خريده العجائب وفريده الغرائب" دەڵێت: لە هەرێمەکانی ئەندەلوس هەرێمی کینانەیە، وە یەک لەشارە بەناوبانگەکانیشی شاری قورتوبەیە، کە پێتەختی وڵاتی ئەندەلوس و خیلافەتی ئیسلامییە، شارێکی گەورەیەو خەڵکەکەی خەڵکە ناسراوەکانی شارن، ناسراون بە بوونی خواردنی باش و جلوبەرگو سوار چاکی چاک و هیمەتی بەرز، لەوێوە زاناو پێشەوایان و خاوەن فەزڵەکان سەریان هەڵداو کەڵەپیاوان و شۆڕەسوارانی جەنگ و جیهادی لێ پەیا بوو.

---

[١٩] وقال "أبو الحسن بن بسام" رحمه الله في كتابه "الذخيره في محاسن أهل الجزيره": وحضره قرطبه، منذ استفتحت الجزيره، هي كانت منتهى الغايه، ومركز الرايه، وأم القرى، وقراره أهل الفضل والتقى، ووطن أولي العلم والنهى، وقلب الإقليم، وينبوع متفجر العلوم، وقبه الإسلام، وحضره الإمام، ودار صوب العقول، وبستان ثمره الخواطر، وبحر درر القرائح؛ ومن أفقها طلعت نجوم الأرض وأعلام العصر، وفرسان النظم والنثر؛ وبها أنشئت التأليفات الرائقه، وصنفت التصنيفات الفائقه؛ والسبب في ذلك، وتبريز القوم قديماً وحديثاً هنالك على من سواهم، أن أفقهم القرطبي لم يشتمل قط إلا على أهل البحث والطلب لأنواع العلم والأدب، وبالجمله فأكثر أهل بلاد هذا الأفق أشراف عرب المشرق افتتحوها، وسادات أجناد الشام والعراق نزلوها؛ فبقي النسل فيها بكل إقليم، على عرق كريم، فلا يكاد بلد منها يخلو من كاتب ماهر وشاعر قاهر.

جۆرەها نەخشی تێدا بەدی دەكرا بۆ ئەو كەسانەی كە لەو مزگەوتەدا زانستیان دەخوێند، بە سەدەها كەس بۆ زخمەتكردنی ئەو مزگەوتە دیاری كرا بوون، چوار كاغەز لە دەست نووسی قورئانەكەی عوسمانی كوڕی عەفان -ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێ- كە لەو كاتەدا كە شەهید دەكرێ خوێنەكەی بەسەر پەڕەكانەوە بوو لەو مزگەوتەدا هەڵگیرا بوو. لە تەنیشتی مینبەرەكەوە دەرگەیەكی گەورەی تێدا بوو كە هاوشێوەی دەرگەی باڵەخانەی خەلیفەكان بوو، لە هەموو چوارچێوەی دیوارەكانی هاوشێوەی ئەو دەرگەیە دروست كرابوون كە هەشت دەرگە بوون، كە چوار دەرگەیان ڕووە باڵەخانەی خیلافەت بوو وە چوارەكەی تریان ڕووە شاری قورتوبە بوون. هەموو دەرگەی مزگەوتەكە بیست دەرگە بوو كە لە بە بەهاترین و بەنرخترین دار دروستكرا بوون، هەموو دەرگەكان دوو زەنجیری ئاڵتونی پێوە بەسترا بوو، نەخشی سەر دەرگەكانیش واتا دیوارەكانی بە ڕەنگێكی سوور نەخشێنرا بوو وە ئایەتی قورئانی بە ئاڵتون لەسەر نووسرا بوو، هاوشێوەی دروست كردنی ئەم مزگەوتە لە جیهاندا بێ وێنە بوو، چەندەها سەردابی تێدا دروست كرا بوو وە لە بەردەم مزگەوتەكەشدا بە سەدان دارو بە دەیان باخچەی گەورەی تێدا دروست كرابوو.

دوو منارەی گەورەی پلە پلەشی هەبوو لەگەڵ سێ گومەزی سەرنج ڕاكێش، یەكێك لە لایەنی ڕۆژئاوا وە یەكێكی كەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە وە ئەوی كەیان لە نێوەند دا. جۆرەها نەخش و نیگاری لە خۆ گرتبوو بێجگە لەو هەموو نووسینە قورئانیانەی كە لە سەری هەڵكەندرا بوو. لە ڕووبەرێكی چوارگۆشە بە شێوەیەكی بازنەی دروست كرا بوو، وە حەوشە و هەیوانی مزگەوتیش بە جۆرەها نەخش ڕازێنرا بووەوە، سێ ماڵی بچووكیش لە حەوشەكەدا دروست كرابوو كە ڕووكەشی ماڵەكە بە گەڵای سەوسەن و بە نووسینی زیو كە جۆرە ڕۆنێكیان بۆ بەكار دەهێنا بۆ ئەوەی بریقە باتەوە، لە هەر ستونێكیشیدا پیاوێك بۆ خزمەت كردن وەستا بوو هەتا سەردەمی موحەمەدی كوڕی ئیدریس بەو شێوەیە بوو.

ابن الوردي باس لەو مزگەوتە دەكات لە پەرتوكەكەیدا (خريدة العجائب و فريدة الغرائب)داو دەفەرموێت:

لەوێوە واتە لە قورتوبەدا ئەو مزگەوتەی لێیەتی كە لە هیچ ئاوەدانییەكی سەرزەویدا هاوشێوەی نییە، بە بەرزایی گەزێك لە بەرینایی هەشت گەزدا وە ١٠٠٠ ستونی گەورەی تێدایە (مەبەستی هەڵگری سەقفەكەیە) وە ١١٣ قەندیلەی نەوت هەڵگری لێیە یان پێوەیەتی، گەورەكەیان شوێن داگیرسانی ١٠٠٠ چرا بووە، وە ئەو شێوەكاریەی لە مزگەوتەكە ئەنجام درابوو هیچ كەس ناتوانێت وەسفی بكات، لە قیبلەكەیا شتی وا دروست كرابو عەقلی مرۆڤی پێوە مەست دەبوو، وە لە سەرپای( لە پێپلكانی یەكەم ) میحرابەكەوە بە حەوت كەوانەی وەستاو بە بەرزای دیكەكانەوە یاخود كۆڵەكەی پێدەوترێت دەورە دراوە، ڕۆم و موسوڵمانەكان سەرگەردان دەكات لە جوانی چۆنییەتیەكەیە وە،وە میحرابەكە لەسەر چوارستون وەستاوە دوانی سەوزن وە دوانی تری لاجوەردین (لازورديان) هیچ بەهایەكی بۆ نییە (واتا ناكرێت).

میحرابەكەی لە هیچ ئاوەدانییەكی سەرزەویدا جوانی هاوشێوەی دروستكردنی ئەو نییە، پێكهاتەی دارەكانی لە ( ساج وأبنووس وبقس وعود قاقلي ).

هەروەها لە پەرتوكەكانی یەلی تومەیەدا هاتووە دروست كردنی ئەو مینبەرە و نەخشاندنی حەوت ساڵی خایاند وە، وە هەشت وەستا كاریان تێدا كردووە لەماوەی ئەو حەوت ساڵەدا، هەر وەستایە و رۆژانەی نیو مسقاڵ ئاڵتون لە جۆری (محمدی) تەنها هەقدەستی دروستكردنی مینبەرەكە بەتەنها دەهەزار و پەنجا مسقاڵ بووە.

لە مزگەوتەكەدا شوێن كۆكراوەیەكی گەورە هەیە پڕە لە قاپی ئاڵتون و زیو بۆ مەبەستی خەرجی مزگەوتەكە بەكار هاتووە.

لەو مزگەوتە قورئانی لێیە كە چوار پەڕی پێكهاتوەی نووسراوەكەی ئیمامی عوسمانە وانە بەدەستی خۆی نووسیویەتی وە چەند خاڵی خوێنی ئەوی پێوەیە.

بیست دەرگەی هەیە لە پێكهاتەی (بالنحاس الأندلسي) جۆرەها نەخش هەڵكەنراوە لەسەر ئەو دەرگەیانە كە پیاهەڵدانی بە زمان ناكرێت، وە لەسەر هەر دەرگەیەك ئەڵقەیەكی هەیە كە ئەوداهێنانەی كە لە و مزگەوتەدا كراوە مرۆڤ لە وەصفی دا دەستاو سان و سەرسام دەبێت، هەروەها لەو داهێنانەی كە كراوە زۆر بە وردی و سەرنج راكێش ئەنجام دراوە، وە لەسەر سێ پایەی گەورەی مزگەوتەكە كە بە رەنگی سوور ناوی محمەد ﷺ لەسەر یەك پایەیان نەخشاوە، پایەیەكی تریان گۆچانەكی پێغەمبەر موسا -علیه السلام- نەخشێنراوە لەگەڵ وێنەی ئەصحابی كەهف، وە لەسەر پایەیی سێیەم وێنەی قەلە رەشەكەی نوح -علیه السلام- نەخشێنرابوو.ئەمانە هەموو نیشانەی دروست كراوەكانی خوای پەروەردگار بوون[٢٠].

---

[٢٠] و وصف "ابن الوردي" هذا المسجد في كتابه "خريده العجائب وفريده الغرائب": فقال:- وبها - أي بقرطبه - الجامع الذي ليس في معمور الأرض مثله، طوله ذراع في عرض ثمانين ذراعاً وفيه من السواري الكبار ألف ساريه، وفيه مائه وثلاث عشره ثريا للوقود، أكبرها يحمل ألف مصباح، وفيه من النقوش والرقوم ما لا يقدر أحد على وصفه، وبقبلته صناعات تدهش العقول، وعلى فرجه المحراب سبع قسي قائمه على عمد طول كل قوس فوق القامه، تحير الروم والمسلمون في حسن وضعها. وفي عضادتي المحراب أربعه أعمده، اثنان أخضران واثنان لازورديان، ليس لها قيمه. وبه منبر ليس على معمور الأرض مثله في حسن صنعته، وخشبه ساج وأبنوس وبقس وعود قاقلي. ويذكر في كتب تواريخ بني أميه أنه أحكم عمله ونقشه في سبع سنين، وكان يعمل فيه ثمانيه صناع، لكل صانع في كل يوم نصف مثقال محمدي، وكان جمله ما صرف على المنبر أجره لا غير عشره آلاف مثقال وخمسي مثقال. وفي الجامع حاصل كبير ملآن من آنيه الذهب والفضه لأجل وقوده. وبهذا الجامع مصحف فيه أربع ورقات من مصحف عثمان بن عفان رضي الله تعالى عنه بخطه، أي بخط يده، وفيهن نقط من دمه. وله عشرون باباً مصفحات بالنحاس الأندلسي مخرمات تخريماً يعجز البشر، وفي كل باب حلق، في نهايه الصنعه والحكمه. وبه الصومعه العجيبه التي ارتفاعها مائه ذراع بالملكي المعروف بالرشاشي، وفيها من أنواع الصنائع الدقيقه ما يعجز الواصف عن وصفه ونعته. وبهذا الجامع ثلاثه أعمده حمر مكتوب على أحدها اسم محمد، وعلى الآخر صوره عصا موسى وأهل الكهف، وعلى الثالث صوره غراب نوح. والجميع خلقه ربانيه.

پێناسە و ناساندنی مزگەوتی قورتوبە لە سەدەی بیستویەكەمدا:
مزگەوتەكە ئێستا لە شێوەی لاكێشەیدایە و حاكێكی بەرفراوانی هەیە، هەیوانێک كە بە سەقف گیرابوو هاوشێوەی كەپرێک، لەهەموویان گەورەتر ئەوەیە كە ئالای محرابەكە رۆیشوتوە، هەروەها تایبەتمەندی ئەو مزگەوتە زیاتر لە محرابەكەیدایە كە محرابەكەی لە حەوت كەوانە پێكهاتووە، ئەو كەوانانە لەسەر پایە وەستاوە، مینبەرەكەی لە جۆرە دارێكی بەنرخ دروستكراوە كە پێی وتراوە ساج، ئەو ساجە زۆر بەنرخە، هەروەها منارەی مزگەوتەكە بە منارەی عەبدورەحمانی ناصر بەناوبانگە یەكێكە لەو داهێنراوانەی، كە هاوشێوەی زۆر كەمە لەناوەوە بە پلیكانە بۆی سەردەكەویت، ژمارەی پلیكانەكانی بریتیین لە ١٠٧ پلە، لەسەرەوە خاوەنی سێ چەترە كە دوانیان لە زێرە و دانەیەكیان لە زیو لە سەر شێوەی گەڵای سەوسەن دروست كراوە هەنارێكی ئاڵتونی بچووكیان لەسەر داناوە، پاشان ئیسپانییەكان ئەو منارەیان كردە بورجێک بۆ جەرسی مەزهەبی كاتدراڵی لە ئیسپانیا كە سەر بەنەسرانییەكان بوون، دەرگەی منارەكە درێژیەكەی ٨ مەترە وە پانییەكەی ٢٠ مەترە وە رووی بینایی مزگەوتەكە لە جۆرە بەردێكی رووخام پێكهاتووە كە بەردێكی زۆر بەنرخە بەجۆرەها نەخشی عەرەبی لەسەر هەڵكەنراوە كە تەنها عەرەب خاوەنی ئەو نەخشەن، لەلای باشووری منارەیەكی تر هەیە چوارگۆشەیە درێژیەكەی ١٢ مەترە و بەرزیەكەی ٩٣ مەترە وە پێک هاتووە لە پێنج نهۆم وە لەهەر نهۆمێک زەنگۆڵەیەكی تێدا دانراوە ١٩ دەرگەی تێدا دروست كراوە بە داری نوحاس توندو تۆڵ و بەهێز، گومەزی مزگەوتەكە لەسەر ٣٦٥ پایە یاخود دینگە وەستاوە كە مەڕمەڕە و ژمارەی چراكانی ناوەوەی بریتیین لە ٤٧٠٠ چرا وە ژمارەی پایەو دینگەكانی ئەو مزگەوتە بریتیین لە ١٢٣٩ پایە وستون لەجۆری بەردی رووخامی بەناوبانگ، بەڵام ئێستا تەنها ١٠٩٣ پایەی تێدا ماوە.
بەڵام بەداخێكی زۆر گەورەوە ئێستا كراوەتە كڵێسای نەسرانی لەسەر مەزهەبی كاتەدراڵی كە ئیسپانیا لەسەر ئەو مەزهەبە بوون لەدوای رووخانی دەوڵەتی ئەندەلوس، لە راستییدا چاو پڕ لەفرمێسک دڵ بۆی مەحزون خەفەت بار دەبێت كە دەیبیستێت، بەڵام ناوەكەی هەر وەک خۆی ماوەتەوە وە بەیەكێک لە شوێنەوارە گەورەكانی جیهان دەژمێرێت وە خەڵكی بەردەوام دەچن بۆ سەیری كە چوونە ژوورەوەی بە ٦ ئیرۆیە "[٢١].

---

[٢١] وصف مسجد قرطبه في الوقت الحالي: المسجد مستطيل الشكل يمتاز بصحنه الفسيح، ويضمّ العديد من الأروقه يعتبر الرواق الأوسط المؤدي إلى المحراب أوسعها، ويمتاز المسجد بمحرابه البديع الصنع حيث توجد فوقه سبعه أقواس قائمه على أعمده، ويوجد فيه منبر نفيس مصنوع من خشب الساج النفيس وتعتبر مناره الجامع المسماه بمناره عبد الرحمن الناصر من المنائر البديعه التي تحتوي على سلمين ولها ١٠٧ درجات وفي أعلاها ثلاث مظلات اثنتان من الذهب والثالثه من الفضه فوقها سوسنه من الذهب توجد فوقها رمانه ذهبيه صغيره وقد حوّل الأسبان هذه المناره إلى برج للأجراس الكاتدرائيه، ويبلغ طول باب المناره النحاسي ٨م وارتفاعه ٢٠ م وواجهه البناء من الرخام المنقوش بنقوش عربيه بديعه، وفي الزاويه الجنوبيه للمسجد توجد مناره أخرى مربعه الشكل طول ضلعها ١٢م وارتفاعها ٩٣م وهي مكونه من خمسه طوابق في كل طابق عدد من الأجراس، وفي ١٩ باباً مصنوعاً من صفائح النحاس القوي وتقوم فيه

پردی قورتوبە:
لە هەمان کتێبدا "خريدە العجائب و فريدە الغرائب" یلی لە وەسفی ئەم پردە دا ئیبن وەردی لە هەمان کتێبدا زۆر نایاب بووە، وە بەش گەورەی ئەو پردەدا دەڵێ کە ئەو پردە عەجیبە لەسەر زەویدا زۆر نایاب بووە، وە بەش کەوانەیی ئەو پردە ١٧ کەوانە بووە، بەپێی هەر کەوانەیەک بۆ کەوانەیەکی کە ٥٠ بست بوو. هەروەها ئیدریسی لە کتێبی "نزهە المشتاق في اختراق الآفاق" دا دەڵێ: پردی قورتوبە یەکێکە لە نایاب ترین پردەکانی جیهان کە هەمان قسەی ئیبن وەردی دووبارە کردۆتەوە کە ١٧ کەوانەی تێدایە وە هەر بەپێی کەوانەیەکیش ٥٠ بستە، لە ئاستی بەرزی ڕووبارەکەوە ٣٠ پێ بەرزە، وە هەر لەسەر پردەکە شەقام و جادەی تێدا دروست کراوە، سەرەتا چوارچێوەکەی بە تەختەیەکی زۆر نایاب دروست کرابوو ئێستا ئەو تەختانە نەماوە بەڵکو لە چیمەنتۆ چوارچێوەیان بۆ دروست کردوە وە لەسەر ڕووبارەکە سەدێکیان بۆ دروست کردوە کە لە سەر سەدەکە سێ خانوو دروست کرابوو ئەم خانوانە عەماری گەنم بوون وە لە سەر ئەو سەدە چوار ئاشی تێدا دروست کرابوو.

زانکۆی قورتوبە:
زانکۆی قورتوبە لە ناو مزگەوتی قورتوبە دا بوو کە گەورەترین مزگەوتی جیهان بوو، هەموو جۆرە زانستەکانی تێدا دەخوێنرا گەیشتبووە ئەو رادەیەی کە ببووە ناوەندێکی رۆشنبیری لە هەموو ئەوروپادا تەنانەت زۆربەی زانستە ئیسلامیەکان گەیشتبووە وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا وە هەتا ڕووخاندنی قورتوبەش ئەم زانکۆیە بەردەوام بوو، تاوەکو پاشای قشتالە لە ساڵی ٦٣٣ی کۆچی بە ناوی فەرناندۆی سێیەم توانی ئەو زانکۆیە بڕوخێنێ و ئەو مزگەوتەی کردە کەنیسە، تا ئێستاش لە ئیسپانیادا ئەو مزگەوتە بە شوێنێکی شوێنەوارناسی گەورە دادەنرێت لە قورتوبە وە بە ئیسپانی بە مزگەوتی قورتوبە دەوترێ میسکویتا.
Mizquita
لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا یەکێک لە براکانی کە ناوی مونذر بوو خۆی سەرپەرشتی زانکۆی قورتوبەی دەکرد.

خوێندن و خوێندنەوە لە قورتوبە:
لە سەردەمی حەکەمی کوڕی عەبدوڕەحمانی ناصردا ئەندەلوس گەورەترین پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی لە زانست و ئەدەبیاتدا بە تایبەت لە شاری قورتوبەدا کە یەکێک بووە لە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە کە زۆر کتێبی خۆش ویستووە، کە با عاشقی کتێب ناسراوە، پارەیەکی

---

على ٣٦٥ عموداً من المرمر، وعدد قناديله نحو ٤٧٠٠ قنديل وكان للجامع ١٢٩٣ عموداً من الرخام بقي فيها ١٠٩٣ عموداً.
ومما يحزن القلب ويدمع العين أن هذا المسجد العظيم المهيب قد تحوّل عقب سقوط الأندلس إلى كاتدرائيه وأصبح تابعًا للكنيسه مع احتفاظه باسمه وهو من أشهر المواقع التاريخيه في العالم كله وتستطيع دخوله مقابل دفع ٦ يورو.

زۆری بەكار هێنا بۆ ئەوەی كتێب لە شاری قورتوبەدا كۆبكاتەوە، هەر ئەویش بوو كە بەرگی كرە هەموو كتێبەكان واتا لەسەردەمی ئەودا. ئەو سەردەمەش بە سەردەمی راپەڕینی خوێندن و نووسین ناونرا لە ئەوروپادا، بەڵام بێجگە لە دەسەڵاتدارانی كڵێسا ئەوان بە دەرسی شەیتان ناوزەدیان دەكرد ئەو سەردەمە، دەیان وت زانستە ئیسلامیەكان زانستی شەیتانییە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد كە موچەی بۆ مامۆستایانی ئاینی و قوتابیەكان بڕیەوە وە قوتابخانەی بۆ هەژارەكان دروست كرد بۆ ئەوەی بە خۆڕای بخوێنن. پێشبڕكێ خرایە نێوان قوتابییەكانەوە كە هەركەسێک توانای بەرزبوونەوەی هەبوو لە زانستەكاندا ئەوا دەكرێتە مامۆستا لە زانكۆی قورتوبە، وە لە سەردەمی حەكەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا براكەی سەرپەرشتی زانكۆی قورتوبەی دەكرد كە ناوی عەبدوعەزیز بوو.

بازاڕی قورتوبە:

لە ڕاستییدا قورتوبە یەكێك بوو لە بازاڕە بازرگانییە جیهانییەكان كە بازاڕەكانی تایبەت كرابوون بۆ هەموو كاڵایەک كە بازرگانان بێن كاڵاكانیان لەوێ ساغ بكەنەوە، ئەمەش لە كتێبی ئیدریسی نووسراوە كە پێشتر ئاماژەمان پێ كرد.

خەڵكی قورتوبە:

خەڵكی قورتوبە ئەو سەردەمە بە گەورەترین و رۆشنبیر ترین خەڵكی دەناسران وە هەموو زانستەكانیشیان وەك ئەبول حەسەنی كوڕی بەسام دەڵێت: " كە بە زمانی عەرەبی خەڵكەكە قسەی دەكرد، وە هەموو زانستەكانیان لە دەستی خەڵكی شام و عیراق وەرگرتبوو، زۆربەی زۆری خەڵكەكانی كە لە ناو ئەندەلوس دا بوون هەر خەڵكی شام و عێراق بوون"

هەروەها ئەم باسەش ماهیر كردویەتی لە كتێبە هۆنراوەیەكەی خۆیدا بە ناوی شاعر قاهر.

ئیدریسی لە كتێبەكەی دا "نزهە المشتاق في اختراق الآفاق" دەڵێت:

"گەورەترین ڕێزیان لە زانایانی ئاینی و زانستەكانی دیكە دەگرت، وە جوانترین پۆشاكیشیان دەپۆشی خەڵكی قورتوبە". دانیشتوانی قورتوبە ئێستا دەگاتە ٣٢٥ هەزار كەس.

جیهاد و كۆشش لەلای حەكەمی كوڕی ناصر و گەورەبوونی وڵاتەكەی:

لە سێبەری ئەم زانستەی كە بەر بڵاو بوو لە سەردەمی فەرمانڕەوای حەكەمدا، مەملەكەتی ئەوروپای باكوور و مەملەكەتەكانی نەسرانی ئەندەلوس ئەمیش بەهەمان شێوە وەك باوكی عەبدوڕەحمانی ناصر توانی جزیەیان لێ بسێنێت و وە زۆربەی زۆری شوێنەكانیان لێ بسێنێتەوە و بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە وە هەمیشە چاو شۆڕو سەر زەلیل بوون لە بەردەمی حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصردا.

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ كرد عەبدوڕەحمانی ناصر توانی بجەنگێت لەگەڵ دەوڵەتی فاطمیەكاندا لە وڵاتی مەراكیش وە ئەو سەردەمە ئەندەلوسییەكان تەنها دوو شاری گەورەی مەراكیشیان لە ژێردەستدا بوو كە پێی دەوترا سەبتە و طەنجە لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا، بەڵام حەكەمی كوڕی توانی كە هەموو وڵاتی مەراكیش بخاتە ژێر ركێفی خیلافەتی

ئەمەویەوە. لە سێبەری حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصردا واتا لە ساڵی ٣٥٠ی كۆچی تا ساڵی ٣٦٦ی كۆچی گەورەترین دەسەڵاتی فەرمانڕەوای لە هەموو جیهاندا ئەندەلوس بوو و گەورەترین دەسەڵاتیشیان هەبوو لەسەردەمی خۆیاندا بەبێ ئەوەی كەسێك بتوانێت لە بەرانبەریاندا بوەستێت.

## حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمان و لەدەستچوونی دەسەڵات

حەكەم كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر ئەگەرچی دەسەڵاتێكی باشی هەبوو، بەڵام لە كۆتایی تەمەنیدا گەورەترین هەڵەی كرد، كە هەڵەكەی بووە لە ناوچوونی دەسەڵاتی ئەمەویەكان لە ئەندەلوس.بەڵام ئەمان لە بیر نەچێت كە موسوڵمانان لە سایەی سێبەری ئەودا چووە ئەوپەڕی دەسەڵات پێشكەوتن، لەكۆتایی تەمەنی حەكەم دا تووشی نەخۆشی ئیفلجی بوو شەلەل و لەسەر جێگەدا هەستا بەهەڵبژاردنی گەورەترین كوڕی خۆی كە تەمەنی تەنها دوانزە ساڵ بوو ئەم كوڕە منداڵەی دانا لەبەردەم وڵاتێكی وەك ئەندەلوس، كە زۆربەی ئەسڕاكانی باكووری لە ژێر دەستا بوو، پاشان هەموو وڵاتی مەراكیش كە لە دەست فاطیمیەكانی سەندبوەوە لەژێر سایە سێبەری دەسەڵاتی ئەندەلوس بوو ئەم وڵاتە بەر فراوانە كەسێكی پێویستە كە خاوەنی ئەزموون بێت لە بەڕێوبردنی دەسەڵات و خیلافەت، چونكە بەربڵاوی ئەو دەوڵەتە بپارێزێت نەك كەسێك كە تەمەنی بلوغی تەواو نەكردوە خاوەنی هیچ ئەزموونێك نییە، وە مەمەلیكەكانی ئەوروپا و نەسرانییەكانی باكوور و دەوڵەتی فاطیمی زۆر خۆشحاڵ دەبوون بە لەناو بردنی ئەو دەسەڵاتە و ئاواتیدان بوو كە بەرەو شكست بڕوات ئەوە بەهێزیی و دەسەڵاتە بەرەو ئاوابوون بڕوات.

بێگومان ئەو هەڵە گەورەیە كە كردی حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمان بووە هۆی رووخان و شكستی ئەو دەسەڵاتە. دەبوو بیزانیبایە كە كێ هەڵدەبژێرێت، خۆ دەیتوانی كەسێك لە نەوەكانی بەنی ئومەیە هەڵبژێرێت بۆ ئەو فەرمانڕەواییە ئەو دەیزانی دوژمنێكی بێشوماری هەیە لە دەوروبەر، هەموو چاوی داگیركاریان بڕیبووە ئەندەلوس.

لە ساڵی ٣٦٦ كۆچی دا حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر كۆچی دوای كرد لەدوای خۆی منداڵە دوانزە ساڵانەكەی لە جێگەیی خۆی دانا كە دیوانی چاودێری بۆ دروستكرد كە پێ دەوترا سەرپەرشتی ئەو لاوە لەلایەن سێ كەسەوە بوو "مجلس وصایە" .

ئەو سێ كەسە بریتی بوون لە:

یەكەم: حاجب كە ناوی خۆی جعفری كوڕی عوسمانی مصحفی حاجب كەسی دووەم بوو لە خیلافەت لەدوای خەلیفە راستەخۆ، واتا هاوشێوەی سەرۆك وەزیرانی ئێستا.

دووەم: سەرۆكی پۆلیسی خیلافەت یاخود وەزیری ناوخۆ ئێستا دەكات، ناوی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامر-ە كە لەبنەڕەتا خەڵكی یەمەن بوو.

سێیەم: دایكی هیشام كوڕی حەكەم و ناوی خۆی صوبح بوو.

## موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر

بەڕاستیدا موحەممەد كوڕی ئەبی عامر كەسێكی زۆر بەرچاو برسی بوو هەمیشە هەوڵی دەسەڵاتی زیاتری هەبوو وە سەروەت و سامانی زۆری كۆكردبووەوە وە هەوڵی ئەوەی ئەدا كە ببێتە والی لە ئەندەلوس، لەبەر ئەوەی ببێتە والی چەند كارێكی كرد.

یەكەم: بیری لەوە كردەوە كە چۆن لە دەستی ئەو دوو سەرپەرشتیدارەی تر رزگاری بێت كە بۆ هیشامی كوڕی حەكەمی عەبدوڕەحمانی ناصر دانرابوون واتا دایكی و حاجب كەناوی جعفری كوڕی عوسمانی موصحفی، كارێكی رێك خست سەرەتا كە چۆن جعفری كوڕی عوسمان بكوژێت وە كارەكەی سەری گرت كوشتی بە فێڵ! پاشان ویستی دایكی هیشام بە هەمان كاردا بەرێت، بەڵام زانی وەك دایكی كورەكە هیچی پێناكرێت لە چاو ئەم دا كە خاوەنی ئەو پۆستەیە كاریگەری نیە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد كە سەرۆكی هەموو پۆلیسی ئەندەلوس بوو واتا وەك وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بۆ دەكرێت بە دەسەڵاتی ئەمڕۆ،بۆیە وازی لە دایكی هێناو لە باڵەخانەكەدا هێشتیەوە، وە توانی خۆی وڵات بگرێتە دەست بەناوی خەلیفەی بچووكەوە فەرمانڕەوایی بكات لە ئەندەلوس.

دووەم: هەر بۆ بەهێز كردنی پێگەی خۆی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر كچی ئەمیری سوپای ئەندەلوسی خواست كە ئەمیری سوپای ئەو سەردەمە ناوی غالبی كوڕی عەبدوڕەحمان بوو، وای كرد كە سەرنج و پشتگیری ئەمیری سوپای ئەندەلوس و سوپاكە بەگشتی بۆ خۆی رابكێشێت، لەپاش ئەوەی كە پێگەی بەهێز بوو لە مەراسەكەی تێگەیشتن بەكارەكەیان زانی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر توانی نەخشە بۆكوشتنی ئەمیری سوپا بكێشێت وە ئەویشی كوشت، كەسێكی نزیكی خۆی كردە ئەمیری سوپایی ئەندەلوس.

سێیەم: موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵكو كارێكی تری ئەنجام دا ئەویش داوای كرد لە سەركردەو فەرماندەی سوپایی مەراكیش كە لەسەردەمی حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر كە ئەندەلوس فەرمانڕەوای دەكردن بانگی سەرۆكی سوپاكەی كرد كە ناوی جعفری كوڕی عەلی كوڕی حەمدون بوو وە نزیكی كردەوە لەخۆی پلەوپایەی زیادی دایە، كارێكی بۆ رێكخست ئەویشی بەفێڵ كوشت. كەواتە بەم كارە توانی دەسەڵاتی تەواوەتی لەئەندەلوس دا بچسپێنێت و بیخاتە ژێر ركێفی خۆی بەتەواوی.

چوارەم: لەو كارانەی تر كە كردی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر ئەوە بوو كە بەخەلیفە هیشامی وت بۆ ماوەیەك لە چاو ون بیە بۆ ئەوەی نەك شۆڕش و یاخی بوونت بەسەردا بكەن، وە وای تێگەیاند كە خەلیفە دەبێت خەریكی بەندایەتی بێت خۆی لە كاری سیاسی و بەڕێوە بردنی دەوڵەتەوە خەریك نەكات، بەم كارە توانی هیشامی كوڕی حەكەم لە دەسەڵات بە تەواوەتی دوور بخاتەوە بینێرێتەوە بۆلای دایكی وە بە گشتی لە سەر ئەوە پەروەردە بكرێت كە نابێت خەریكی كاری سیاسی بێت، بەڵكو سەرۆكی وەزیران سەركردەی سوپا ئەم كارانە ئەنجام ئەدەن.

ناسرا بە حاجب مەنصور:
موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر ئەبی عامر توانی هەموو وڵاتی ئیسپان بخاتە ژێر رکێفی خۆی بەتەواوەتی فەرمانڕەوایی لە پاش ئەوەی کە توانی هەموو دەبوو لەتەمەندا، بەڵام توانای سیاسی و بکات، ڕۆژ بەڕۆژیش هیشامی کوڕی حەکەم گەورەتر دەبوو لەتەمەندا، بەڵام توانای سیاسی و بەڕێوە بردنی دەوڵەتی نەبوو نەیدەزانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی چیە، لەساڵی ٣٦٧ کۆچی کە ماوەی پێنج ساڵ فەرمانڕەوا بوو توانی هیشامی کوڕی حەکەم دووربخاتەوە لە دەسەڵات خۆی ناونا بە حاجب منصور وە خۆیشی بە سەرپەرشتیداری هیشام دەزانی.
پێشتر لە سەردەمی هەموو خەلیفەکاندا زانرا بوو کە خەلیفەیەک دەسەڵات بگرێتە دەست ناوێک بۆ خۆی دادەنێت جا ئەگەر لایەقی بێت یان نالایەق، بەڵام ئەم جارە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامدا کەسێک کە سەرپەرشتیداری خەلیفە بێت و سەرۆکی وەزیران بێت ناوی خۆی بنێت بۆ نمونە خەلیفەکان ئەم ناوانەیان دەنا لەخۆیان الناصر بالله، الحاکم بأمر الله، المؤید بالله...هتد بەڵام ئەم خۆی ناو نا وەک خەلیفەیەک حاجب منصور! تەنانەت لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ناوی لەگەڵ خەلیفەدا دەهێنرا و لەسەر پارەی وڵات وێنەو ناوی خۆی تیا دانا لەسەر هەموو نووسینەکان نامەکان ناوی لە تەنیشتی خەلیفە وە دەنووسرا.
چۆن عەبدوڕەحمانی ناصر شارێکی دروست کرد بەناوی شاری زەهرا لە باکووری ڕۆژئاوای شاری قورتوبە، بەهەمان شێوە موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر شارێکی نوێی دروست کرد بەناوی شاری زاهیرە لە ڕۆژ هەڵاتی قورتوبە یاخود ناویان لێنا بوو شاری عامریە.
موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر وای لێهات هەموو وەزارەتەکانی گواستەوە بۆ شاری زاهیرە ئەوەندە گرنگیان پێدا تا وای لێهات بوو پایتەختی فەرمانڕەوای ئەندەلوس ئیتر لەو شارەو فەرمانڕەوایی دەکراو دەسەڵات و ئەرکەکان لەوێوە دەبەش دەکرا وە باڵەخانەی دەسەڵات "قصر الحکم" لەوێ دروستکرا.

## دامەزراندنی دەوڵەتی عامریە لە ساڵی ٣٦٦-٣٩٩ کۆچی

ئەم سەردەمە لە وڵاتی ئەندەلوس بە سەردەمێکی نوێ دادەنرێت، چونکە موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر هەندێک کاری کرد کە بریتیی بوون لە:
یەکەم: لە ساڵی ٣٨١ کۆچی بۆ یەکەم جار لە مێژووی موسوڵمانان کارێکی زۆر گرنگ ڕوو دەدات کە هاوشێوەی نەبووە ئەویش موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر لەدوای خۆی کوڕەکەی دەکات بە جێنشینی خۆی واتا جێنشینی سەرۆک وەزیران! هەمیشە لە مێژوودا خەلیفەکان کەسێک دەکەن بەجێنشینی خۆیان دوای مردن، بەڵام ئەمجارە سەرۆک وەزیران کردی.
دووەم: لەپاشاندا کارێکی زۆر سەرسوڕمان تر ڕوویدا کە بریتی بوو لەوەی لە ساڵی ٣٨٦ کۆچی ناوێکی تری لە خۆی نا کە هەموو ئەمەوییەکانی سەرسام کرد بەوەی خۆی ناونا "الملک الکریم" لەگەڵ ئەویشدا تەمەنی هیشامی کوڕی حەکەم گەورە بوو، بەڵام هیچی بۆ نەدەکرا (کەوتە دەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە ئەمیش هەڵە دەرچوو) بۆیە موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر گەورەتر دەبوو، بەڵام هیشام بچووکتر دەبووەوە.

سێیەم: موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر هەستا بەكارێكی زۆر ترسناك ئەویش بریتی بوو لەوەی هەرچی خەڵكی هۆزی موضری و ئەمەوی بوو دوری خستنەوە بەربەریەكانی هێنایە جێگەیان لە پلەو پایەی ئەوانی بەرز كردەوە و هۆزەكانی تری پەراوێز كرد وە خۆشی لە یەمەنییەكان بوو، ئەم كارە دەبێتە هۆی پارچە پارچە كردنی ئەندەلوس، چونكە زۆربەی سەركردەی سوپا و سوپا یەكێتی موضری و ئەمەوی بوون بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بكات بەربەری هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی وەلائیان بۆی هەبێت.

موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر هەرچی عامریەكان بوو، خستیەسەر دەسەڵات و پۆستە گرنگەكانی پێدان، ئەم هۆكارە وای كرد كە ئەم دەسەڵات و دەوڵەتە ناو نرا بە دەوڵەتی عامریە، وە ئەم سەردەمە لەو كاتەوە دەست پێ دەكات كە موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر بوو بە سەرپەرشتیاری هیشامی كوڕی حەكەم تا كۆتایی دەسەڵاتی واتا لە ساڵی ٣٦٦ كۆچی تا ساڵی ٣٩١ كۆچی واتا سی وسێ ساڵ بەردەوام بوو كە هەزارساڵ لەمەوبەر دەكات، بەڵام هەر لەناوخۆی خیلافەتی ئەمەوی ئاماژەی بۆ دەكرێت لە مێژوودا چونكە تا ئێستاش خەلیفەی ئەمەوی هیشامی كوڕی حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر هەر خەلیفەیە ئەگەرچی وەك هێمایی خەلیفە مابێتەوە یان دوور لە ڕووداوەكان بێت.

ژیانی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر سەرسامترین ژیان:

هەندێك لە لایەنەكانی ژیانی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر باس دەكەین كە پێشتر بینیمان كە ویستی بۆ هاتنە سەر دەسەڵاتی بەلای كەمەوە سێ كەسی كوشت، ئەو دەسەڵاتەی كە هەیبوو لەساڵی ٣٦٦ كۆچی  دەست پێ دەكات تا مردنی ساڵی ٣٩٢ كۆچی وە توانی ئەندەلوس بخاتە ژێر ركێفی خۆی.

ئەو سەرسوڕمانەی كە باسی دەكەین لەژیانی ئەم پیاوە زۆر كاری باشەی كردوە لە ژیانیدا كە هەموو مێژوونووسان بە سەرسوڕمانەوە باسیان كردوە زۆر لایەنەكانی ژیانی جێگەیی ورد بوونەوە و تێڕامان بووە كە هەندێكیان باس دەكەین.

یەكەم: كۆشش و خەباتی لایەنی جیهاد

بەڵێ لە ڕاستیدا سەركردەیەكی ئازاو چاو نەترس و موجاهید بووە، ئەوەی كە جێگەیی تێڕامانە لە ژیانی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر ئەوەیە كە خاوەنی پەنجاو چوار شەڕی بەناو بانگ بووە لە ژیانیدا لە یەك جەنگدا شكستی نەهێناوە زۆر بەتوانا و لێهاتوو بووە لە بەڕێوە بردنی كاری سەربازی دا، لە هەموو سەرسوڕمان تر ئەوەیە كە موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر ئەو جێگەیانەی كە رزگاری كردوون هیچ سەركردەیەك لە سەركردەی موسوڵمانان نەیانتوانی، وە فەتحی بكەن ئەم توانی دەوڵەتی لیۆن فەتح بكات تەنانەت موسای كوڕی نوصێرو طارقی كوڕی زیاد بۆیان نەكرا، بەڵكو توانی بگاتە وڵاتی صخری بلای ئەویش فەتح بكات كە موسوڵمانان خەونیان پێوەی دەبینی، بەڵام ئەو توانی فەتحی ئەوێ بكات كەناو ماڵی نەصرانییەكان خۆیان بوون، توانی بگاتە كەنداوی بسكای دەریایی ئەتڵەسی لە باكووری ئەندەلوس، وە بەتەواوەتی لوتی نەصارا بشكێنێت لە هەموو ئیسپانیادا -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-.

لای هەمووان ئاشكرایە پێشتر باسمان كرد كە دەرچوون بۆ جیهاد ساڵانە لە یەك وەرزدا بووە بەڵام لەسەردەمی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر لەساڵێكدا بوو بە دوو وەرز واتا هاوین و زستان.

چەند وێنەیەكی درەوشاوە لە جیهادی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر:
ژیانی ئەم سەركردەیە لە رووی خەبات و جوامێریەوە سەروەری بۆ خۆی زۆر تۆمار كردووە هەرچەند بەو شێوە هاتە سەر شانۆی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام ئەوەندە كاری چاكەی كردوە پێویستە ئەو كارانەی لەیاد نەكرێت.
یەكەم: ناردنی سوپایەكی بەهێزی گەورە بۆ ئازاد كردنی سێ ئافرەت لەلایی نەسرانییەكان.
مێژوو نووسان دەگەڕێنەوە رەحمەتی خوایان لێ بێت دەڵێن لە نێوانی مەملەكەتی ئاڤار و موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر گرێبەستی شەڕ هەبوو، وە بەهەمان شێوە جزیەیان دەدا بە دەوڵەتی ئەندەلوس یەكێك لە مەرجەكانی ئەو پەیمان نامەیەی نێوانی ئاڤار و موسوڵمانان ئەوە بوو كە موسوڵمان بە دیل نەگیرێت خاكی موسوڵمان داگیر نەكرێت، كۆمەڵێك لە نێراوەكانی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر دەنێرێت بۆ وڵاتی ئاڤار بۆ كۆكردنەوەی جزیە و بۆ ئەوەی لە هەواڵی خەڵكەكە بزانن و رەوشەكە بۆ موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر بگێڕنەوە، بەڵام ئەو نێراوانەی كە ناوچەكەدا دەگەڕێن دەبینن سێ ئافرەتی موسوڵمانن لە كڵێسەیەكدان. نێراوەكان زۆر سەرسام دەبن بەوە دیمەنە چۆن ئافرەتی موسوڵمانان لە كەنیسەدا دەبێت پرسیاریان لێ دەكەن بۆ لەم شوێن وجێگەیەن؟ لەوەڵامدا دەڵێن ئێمە دیل كراوین لە لایەن نەساڕاكانەوە لەم شوێنە دەست بەسەرین.
نێراوەكان زۆر تورەبوون لەو كارە و گەڕانەوە بۆلای موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر باسی ئەو سێ ئافرەتەیان بۆ گێڕایەوە ئەویش زۆر تورەبوو سوپایەكی گەورە و بەهێزی ئامادەكردە سەر مەملەكەتی ئاڤار، كاتێك سوپا نزیك بوویەوە پاشای ئاڤار زۆر سەرسام بوو وتی ئێمە پەیمان لە نێوانماندا هەیە بۆ هاتوونەتە سەرمان خۆ جزیەمان داونەتێ هیچ جێگەیەكمان داگیر نەكردوە! موسوڵمانان چیرۆكی سێ ئافرەتەكەیان بۆ پاشای ئاڤار گێڕایەوە ئەویش بێ ئاگایی خۆی نیشان دا دەست بەجێ خۆی چووە جێگەكەو سێ ئافرەتەكەی ئازاد كرد ئەو سەربازەی كە ئافرەتەكانی دیل كردبوو لەگەڵ نامەیەكی لێبوردن بۆ موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر ناردوو سێ ئافرەتەكەی بە سەربەرزی گەڕاندەوە پاشان سزایی سەربازەكانیان دا موسوڵمانان بە سەربەرزی و جوامێریەوە گەڕانەوە.

دووەم: دەربازبوون لە گەورەترین بۆسە و كەمینی نەسرانییەكان دانانی مەرج بۆ وازهێنانی جەنگ لەگەڵ نەسرانییەكان.
یەكێكی تر لەو جەنگانەی موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر كە كردی لەگەڵ نەساڕا -رەحمەتی خوای لێ بێت-، ساڵێك دەرچوو بۆ جیهاد بۆ مەملەكەتی نەساڕا كە فەتحی بكات لە باكوور ویستی لە كەنداوێكە و بپەڕێتەوە، بەڵام لە پەڕینەوەیدا نەسرانییەكان بۆسەو كەمینێكی زۆر گەورەیان بۆدانا بۆ ئەوەی خۆی سوپاكەی لەناو بەرن، كاتێك كە گەڕایەوە بینی دەربەندی كەنداوەكە بە سوپا گیراوە.

ڕێکی زۆر سەیری کرد کە زۆر بەکەمی سەرکردەکان توانیان ئەوەیان بووبێت لە ئەندەلوس دا، چرانی هەموو دەربەند و کەنداوەکەی لێگیراوە ناچار گەڕایەوە دواوە بۆ وڵاتی نەسارەکان چووە شارێک لەوێ دانیشت شارەکەی داگیر کرد خۆی و سوپاکەی لەوێ قایم کرد، وە هەموو خەڵکی شارەکەی دەکرد لە ماڵەکانیاندا وە سوپاکەی خۆی لەو شارەدا دامەزراند هیچ پێویستیکیان نەبوو، ئەو شارەی کردە ناوەندی سەربازی خۆی سەربازەکانی لەوێوە دەنارد بۆ جەنگ وەک بەرە پارێزانی دەستی باشی دەوەشاند لەنەساراکان زۆر لە ناوچەکانی تری خستە ژێر رکێفی خۆی کە هەموو ناوچەی نەسارا بوو، ئەوەی کە دەیکرد زیاتر گرنگی دابوو بە کوشتنی نەسرانییەکان و دەستکەوت دەبوو هەرچی بکوشتیدایە لە نەسارا تەرماکانی بهێنایە بۆ ئەوەی بیکاتە پردێک لەو کەنداوەی کە نەسرانییەکان دەربەندەکەیان لێگرتووە و ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس. بەلاشەی نەسرانییەکان خەریبوو پردەکەی تەواو دەکرد، بەتەواوەتی نەسارا بەراسان بووبوون خۆیان پەشیمان بوون لەوەی کە ئەو کارەیان لەگەڵ کرد، بۆیە وای کرد لە نەسارا بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ترس و بیم بخاتە دڵ و دەرونیان و باری دەرونی هەموو نەسارای تێک دابوو. کە ناوی حاجب مونصوریان دەبرد هەموو نەسارا لەترسان ئاوڕی ئەداوە چونکە جەنگی زۆر خێراو لە ناکاو هەمیشە لە جەنگدا دەرکەوتوە.

کە نەسارا زانیان ئەو هەمووەیان لێکۆڕاوە رۆژ بەرۆژ شاریان داگیر دەکرێت خەڵکیان بەدیل دەگرێت ناچار خەڵکەکە لە دەسەڵاتدارەکانیان تورە بوون چوون بۆ لایان تا دەروازەی کەنداوەکیان بۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی تێپەڕ بن و بڕۆن، تەنانەت هەندێک لە مێژوو نووسانی ئەوەکە دەڵێن کۆمەڵێک دایانە پاڵ موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر لە نەساراکان بۆ ئەوەی کەنداوەکە بکەنەوە لە دەستی حاجب منصور رزگاریان بێت، ئینجا هاتن بۆلای حاجب مەنصور و پێیان وت ئەوا ڕێگەکەت بۆ دەکەینەوە بۆ ئەوەی بڕۆیت، بەڵام ئەو ئەم داوایەی ئەوانی وەرنەگرت و وتی لێرە ناڕۆم، چونکە من هەموو ساڵێک دووجار دێم بۆ جیهاد ئەم ساڵ بۆ کاتی جیهادەکەم زۆری نەماوە لە باتی ئەوەی بگەڕێمەوە هەرلێرە دەبم جیهادی ئەم ساڵیش دەکەم ئینجا دەگەڕێمەوە، ناکرێت لە قورتوبەوە بگەڕێمەوە هاوین و زستان ئەم هەموو ڕێگە دوورە بڕم ئەمە سیاسەت نەبوو کردی موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر، بەڵکو ئەوپەڕی راستگۆی بوو لەوەی کە دەیووت دەبوو بیکردایە، چونکە ئەوان ساڵانە کردبوویان بە فەرز لەسەر خۆیان کە جیهاد بکەن، وە لە ناو ئەمەوییەکان زاناکانیان بۆیان دیاری کردبوون کە دەبێت ساڵی جارێک بڕۆن بۆ جیهاد چونکە جیهاد بەندایەتیە دەبێت بکرێت بۆیە کاتێدان بۆ دیاری کردبوو.

نەسارا بە تەواوەتی تەنگیان پێ هەڵچنرا بوو هیچ دەروازەیەکیان نەمابوو بیکەن لەگەڵ حاجب مەنصور بۆیە ئەم توانی داوای خۆی لەسەر ئەوان پێویست بکات ئینجا گوێ بۆ حاجب مەنصور موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر بگرن و داواکانی ئەو ئەنجام بدەن!

موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر رازی بوو بەڵام مەرجی دانا بۆیان کە بریتیی بوون لە:

یەکەم: دەبێت دەربەندی ئەو کەنداوە بەتەواوەتی چۆڵ بکەن تاکە نەسرانییەکی تێدا نەمێنێت.

دووەم: پێش ئەوی من لە کەنداوەکە بپەڕمەوە هەرچیم لە نەسرانییەکانی ئێوە کوشتووە دەبێت لاشەکانیان لابەرن بۆ ئەوەی سوپاکەم توشی نەخۆشی نەبن و بۆنی پیس بەسەریاندا نەڕوات،

چونکە ئەوەندەی لێکوشتبوون ئەوانەی کە حەکیم بوون وتیان ئەگەر توشی نەخۆشی تاعون بێ وە زاناکان وتیان دەبێت لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە دەبێت بشارێنەوە بۆیە لاشەکانیان بێ لابردن.

سێیەم: هەرچی دەسکەوتم هەبوو دەبێت ئێوە بۆم هەڵبگرن تا جێگەی خۆم لە قورتوبە، بەڵام هەرچی دەست کەوتی دەستکەوتبوو لەو جەنگانەدا هەمووی بە ئەسارا هەڵگرت بێ ئەوەی موسوڵمانێک بارێک هەڵبگرێت یاخود وڵاغەکانیان.

وە لەترسی ئەو توانا و هێزەی کە هەی بوو موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر پاشای ناڤار کچەکەی خۆی بە دیاری دەنێرێت بۆی تا زیاتر خۆی لێ نزیک بکاتەوە!

نەسرانییەکان بەمە ڕازی بوون وە هەموو دواکانیان قبوڵ کرد کە دەبێت مەملەکەتی لیۆن و فەرەنسا بەیەکەوە جزیە بدەن وە جزیەکە بێهنن بۆ وڵاتی ئەندەلوس لەوێ وەربگیرێت یان بەکوڕێکی پاشاکانیاندا یان بەکچێکی یاخود بە کەسێکی دەسەڵاتداری وڵاتەکە بیهێنێت بۆ ئەندەلوس، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە لە پشتەوە پەیمانەکەیان شکاند بۆیە ئەوەندە لەسەری توند کردن وە بەڕاستیش کردیان توانیان موسوڵمانان سەربەرز و عەزیز بکەن.

سێیەم: هەرچی تۆز و غوباری جەنگەکانی بوو لە شەڕەکاندا کە پێوەی دەنووسان هەمووی کۆدەکردوە لە سندوقێک هەڵیدەگرت.

بۆیە ئەم کارەی دەکرد خۆی کەسێک زۆر دیندار بوو زۆر حەزی بە سوننەتی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ بوو بۆیە وەک لە فەرموودەیەک دا بۆمان دەگێڕنەوە: "لَا يَجْتَمِعُ عَلَى عَبْدٍ غُبَارٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدُخَانُ جَهَنَّمَ" رواه الترمذي وهو حديث حسن صحيح.

حاجیی مەنصور کە لە هەر جەنگێک دەگەڕاوە جلەکانی دادەکەند دەیتەکاند و خۆڵ و تۆزەکەی دەخستە ناو ئەو باوڵە و هەڵی دەگرت، ئەوکاتەی کە مرد لەگەڵ خۆیدا ناشتیدان بۆ ئەوەی لە قیامەتدا شایەدی بۆ بدات کە چۆن دژی نەسرانییەکان جەنگاوە.

لەگەڵ ئەو هەموو جەنگە گەورەی کە کردی زیاد لە پەنجا و چوار جار غەزوەی وڵاتانی نەسارای کرد لەیەک جەنگدا شکستی نەهێنا، نە عەبدوڕەحمانی ناصر وە هیچ کەسێکی تر ئەو جێگەیانەی کەم ئەم چووە نەیانتوانی بوو جەنگی تێدا بکەن، بەڵام ئەم هەموو کارەکانی شەڕ کردن بوو فەتحی نەکرد خەڵکەکەی موسوڵمان بکات ئیسلامی تێدا بڵاو نەدەکردەوە، دوای گرتنی بەجێی دەهێشت بۆ نەساراکان و جزیەی لێدەسەند وە هیچ کەسێک لە زانایانی ئیسلامی نەدەناردە ئەو ناوچانە تا ئاینی پیرۆزی ئیسلام بڵاو بکەنەوە، تەنها سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا بە دەستکەوت و غەنیمەتی زۆرەوە دەگەڕایەوە و کوشتاری لێدەکردن وە چاو ترسێنی دەکردن ئەمە وای کرد کە نەسارا زیاتر قین لە موسوڵمانان هەڵبگرن و ڕقیان لە موسوڵمانان بێتەوە چونکە جەنگی موسوڵمان بۆ مەبەستە نەک بۆ دەست کەوت و چاو ترساندن.

## ژیار و شارستانییەت لەسەردەمی
## موحەمەدی کوڕی ئەبی عامرحاجب مەنصور

پ ڕووی شارستانییەت و ژیارەوە، توانی گرنگییەکی باش بدات بە ئەندەلوس، موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر توانی شارێکی نوێ دروست بکات بەناوی شاری زاهیرە، یاخود عامریە، کە نموونەی شارەکانی ئەندەلوس بوو لە جوانیی و گەورەیی ئەندازە و باخچە و بیناسازیدا، پاشان گرنگی دا بە گەورەکردنی مزگەوتی قورتوبە، ئەو زەویانەی کە لەدەووروو پشتی بوون بە پارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی کڕیەوە تا زیاتر مەزگەوتەکە گەورەتر بکەن ئەوەندە مزگەوتەکەیان گەورە کرد لە ڕووبەرەکەی خۆی زیاتر بەو پارەیەی کە خەڵکەکەی پێ ڕازی بوون نەک بەزۆر وە خەڵکی ئەندەلوس زۆر ئەو مزگەوتەیان خۆش دەویست چونکە بووبووە ناسنامەی شارەکەیان وە ئێستاش هەروایە.

دەگێڕنەوە کە ئافرەتێکی پیر لە نزیک مزگەوتەکەدا خانویەکی هەبوو داوایان لێکرد بیفرۆشێت، لە ماڵەکیدا دارخورمایەکی گەورەی تێدا بوو کە ژیانی لەسەر ئەو دارخورمایە بوو لە بەرهەمەکەی دەفرۆشت و بژێوی خۆی پێ دابین دەکرد، هەواڵیان دا بە حاجب منصور کە ئەو پیرەژنە خانووەکەی نافرۆشێت، موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر خۆی هەستا چوو بۆلای داوای لێکرد بە هەرچەندێک بوو خانوەکەی بفرۆشێت یان بەچەند پارە دەیدات دەیکڕین بەس ئەو داوا بکات، ژنەکە زۆر دارخورماکەی خۆش دەویست وتی خانویەکم دەوێت نزیک بازاڕ بێت دارخورمایەکی وەک ئەوەی خۆمی تێدابێت، موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر فەرمانی دا ئەگەر دارخورماکەتان بۆ گواستۆتەوە دەبێت خانویەکی وەک ئەوەی خۆی بۆ پەیدا بکەن، تا خانوەکەیان بۆ پەیدا نەکرد دەسیان نەکرد بە نۆژەن کردنەوەی مزگەتەکە وە ژنە پیرەکەیان ڕازی کرد.

لەسەردەمی حاجب مەنصوردا یەکەم مزگەوت بوو لە هەموو جیهاندا هاوشێوەی نەبوو وە پێشتر ئامادەمان بۆ کرد کە ئێستاش ماوە لە ئیسپانیا، بەڵام بەداخەوە ئێستا کەنیسەیە موسوڵمانان سەیری دەکەن.

وە لەسەردەمی موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر پێشکەوتنێکی زۆر باش ڕوویدا لە ڕووی هەموو ڕاستەکانەوە ڕێزی زانایان زۆر دەگیرا، پاشان خەڵکی زۆر بەدەگمەن هەژار بوون ئەوانیش خەڵکی وڵاتی ئیسپان نەبوون بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەوە هاتبوون خەزێنەی دەوڵەت هەمیشە پڕ لە پارە بوو، وە بازاڕو بازرگانییەکی گەرم کەوتبووە وڵاتی ئەندەلوس لەو سەردەمەدا هیچی کەمتر نەبوو لەسەردەمی حەکەم و عەبدوڕەحمانی ناصردا -ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت-.

لەسەردەمی موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر هیچ یاخی بوونێک و شۆڕشێک ڕووی نەدا لەماوەی دەسەڵاتیدا کە فەرمانڕەوای کرد لەساڵی ٣٦٦-٣٩٢ کۆچی لەگەڵ ئەو بەرفراوانییەی کە وڵاتی ئەندەلوس بەخۆیەوە دیبووی.

ئەم پیاوە ئەوەندە بە توانا و دەسەڵات بوو هیچ هێزێک خۆی بۆ نەدەگیرا لەبەر سوپاکەیدا پاشان خۆی کەسێکی لێزان و لێهاتوو بوو سەرباری هەمووی لەگەڵ خەڵکیدا زۆر دادپەروەر بوو، دادپەروەری ئەم موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر مێژوونووسان زۆر بەسەرسامیەوە دەگێڕنەوە:

ئەمانەت کەسێک جارێک هاواری لێکرد حاجب مەنصور وەرە بە هانامەوە زوڵمم لێکراوە و دەسەڵاتدارەکانت وامان لێدەکەن لە ناو شاردا هاواری لێکرد، ئەویش لەگەڵ دەستەو ستافەکیدا وەستا لە ئەسپەکەی دابەزی و چووە بەردەم ئەوکەسەی کە هاواری لێ کرد، وتی: براکەم کێ ستەمی لێ کردوویت؟

ئەویش وتی: قاضی وڵات گەورەم، من خاوەنی شتێکم کەچی بۆم ناگەڕێنێتەوە.

قاضی بانگ کرد وتی: ئەم پیاوە کێشەی چییە؟

قاضی وتی: کێشەی ئەم پیاوە لای من نییە، بەڵکو لای وەسیطە[22].

موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر وتی: بانگی وەسیط بکەن بێت بۆ دادگا، کە هاتە دادگا شمشێر و پۆستەکەی لێوەرگرتەوە تا وەک ئەو کەسە لەبەردەم دادگادا بوەستێت. لەپاشان کە سەیری کێشەکە یان کرد ماف بە کابرای رەعیەت بوو، قاضی مافەکەی بۆ وەرگرتەوە سزاشیان دا لەسەر ئەوەی کە وای کردوە بە پیاو، بەڵام موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر سزاکەی زۆر لەسەر توند کرد دوونەوەندە زیاتری کرد لەسەری قاضی وتی: من ئەو سزایەم نەداوە قوربان بۆ زیادی دەکەیت؟

موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر وتی: ئاخر لەبەر ئەوەی کە پۆستی هەیە لەدەسەڵاتدا چونکە لەئێمە نزیکە بۆیە ئەو کارەی کردوە دەبێت سزاکەی زیاتر بێت.

پاشان قاضی لەسەر کار لابرد بۆ ئەوەی جارێکی تر جیاوازی نێوان فەقیر وەزیر نەکات.

---

[22] وەسیط بە کەسێک دەوترێت کە سەرۆکی موخابەرات و چاودێری ئاسایشی وڵات بێت، یان وەک سەرۆک وەزیران، بۆیە کێشەکەی لای قاضی نەبوو، بەڵکو قاضی کێشەکەی بە هەند وەرنەگرتبوو لەبە وەسیط!

## دەوڵەتی عامریە دوای فەرمانڕەوای موحەمەدی کوڕی ئەبی عامر

پێنز وەک ئاماژەمان بۆ کرد لە دوای خۆی، کوڕەکەی کرد بە جێنشین، گەرچی خەلیفە وەک پێنایەکی وڵات لەسەر تەختی خیلافەتە، لەدوای خۆی کوڕەکەی کردە جێنشینی کە ناوی عبدولمەلیک بوو، موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر فەرمانڕەوایی کرد لە ساڵی ۳۶۶-۳۹۲ کۆچی، پێتان کوڕەکەی ۳۹۲-۳۹۹ کۆچی لەسەر یەک واتا حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کرد لە ئەندەلوس دا کەسێک بوو هاوشێوەی باوکی کەسێکی بەهێز و سەرکردەیەکی لێهاتوو هەمیشە وەک باوکی ساڵی دووجار دەچووە دەرەوە بۆ جیهاد لە دژی نەسارەکان، ئەمیش هەر لە سێبەری دەوڵەتی ئەمەوییەکاندا بوو واتا هیشام هەر لەسەر تەختی خیلافەت بوو، بەڵام هیچی پێ نەدەکرا وەک پێنایەک مابووەوە هیچ گۆڕانکاریەکی پێنەدەکرا وەک بەنموونەی سەردەم باسی بکەین وەک پاشای ئینگلیز و نەرویژ و سوید وا بوو کە تەنها وەک هێما ماونەتەوە هیچ بایەخێکیان نییە لە دەسەڵات دا.

لەگەڵ ئەویشدا تەمەنی هیشامی کوڕی حەکەم بووبوو بە سی و هەشت ساڵ، بەڵام وەک پێشەی هەمیشەی بەدوای نفوس و دەسەڵاتدا نەدەگەڕا تەنها خەریکی منداڵ بەخێوکردنی خۆی و ڕاو شکار و سەفەر کردن بوو. بەبێ ئەوەی ڕۆژێک دوای فەرمانڕەوای بکات تەنها عبدالمەلیک هەموو کارەکانی ڕادەپەڕاند سیاسەتی دەوڵەت بەدەست عبدالمەلیکی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر بوو.

## کۆتایی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عامریەکان:

لەدوای ئەوەی کە عبدالملک حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کرد لە جەنگێکدا لە بەرانبەر نەساراکانی باکووری ئەندەلوس سەرکەوتن بەدەست دێنێت و لە گەڕانەوەیدا دەمرێت، هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن لە جەنگەدا بریندار کرا وە برینەکەی بووە هۆکاری مردنەکەی، لەدوای مردنەکەی برایەکی هەبوو بەناوی عەبدوڕەحمان ئەو فەرمانڕەوای ئەندەلوسی گرتە دەست، بەڵام ئەم کوڕە نە لە عبدالملک برای وە نە لە موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر دەچوو، بەڵکو کەسێکی داوێن پیس و زیناکەر بوو کە هەمیشە سەرخۆش بە مەی بوو، هەرگیز گوێی بە یاساو ڕێساکان نە ئەداو خۆی لە حەڵاڵ و حەرام نەدەپاراست، عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر دایکی لە نەساراکان بوو کچی پادشای نافار بوو، چونکە دایکی مەسیحی بوو وە خۆشی گەنجێکی سەر شێت و زیناکەر و مەی خۆر بوو خەڵکی بەگشتی ڕقیان لێ بوو، چونکە خەڵکی ئەندەلوس ئەو دەمە زۆربەی موسوڵمانان بوون، پێیان خۆش نەبوو کەسێک دەسەڵات بگرێتە دەست کە دایکی مەسیحی بێت خۆی ڕەفتارو کرداری بەوشێوە بێت.

لەسەر ئەم هەموو کارە ناشیرینەی خۆی کارێکی زۆر سەیری کرد کە لەسەردەمی عامریەکاندا کەس بیری لێ نەکردبووەوە، داوای کرد لە خەلیفەی موسوڵمانان کە بیکاتە جێ نشینی خۆی، هیشام ئەم کارەی کرد ئەوە بووە هۆی توڕەبوونی خەڵکی بەتایبەت بەنی ئومیە، بەڵام چونکە زۆربەی وڵات بەدەست عامریەکانەوە بوو بەربەریش هاو پەیمانیان بوون لەدەسەڵاتدا وە دەسەڵاتی بەهێزی هەبوو لە لایەن عامریەکانەوە خەڵکی نەیانتوانی هیچ بکەن لەبەرانبەریدا،

ئەم كارە نە عبدالملک و نە باوكی ئەنجامیان نەدابوو خۆ ئەوان دەیانتوانی بیكەن بەڵام دەیانزانی ئاقارەكەی بەرەو باشی ناڕوات.

لەگەڵ ئەو هەموو سەر شێتی سەرە رۆییەی عەبدوڕەحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامر هەر وەك پیشەی باوكی دەچوو بۆ جیهاد هەموو ساڵێك دوو جار خۆی سەرۆكایەتی جەنگەكەی دەكرد هێرشی باشی دەكردە سەر نەسڕاكان، لەو كاتەی كە ئەو دەرچوو بۆ جەنگ لەگەڵ نەسڕاكاندا ئەمەوییەكان ئەمەیان بە هەل زانی ویستیان شۆڕشێك بەرپا بكەن لە دژی عەبدوڕحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامرهاتن كەسێكی تریان دۆزیەوە لە نەوەكانی عەبدوڕەحمانی ناصر بەناوی موحەمەدی كوڕی هیشامی كوڕی عەبدولجباری كوڕی عەبدوڕحمانی ناصر. موحەمەدیان كردە خەلیفە و هیشامیان لابرد لەسەر دەسەڵات بە هێز دووریان خستەوە و نەفیان كرد، ئەمەوییەكان توانیان نەخشەیەك داڕێژن بۆ لەناوبردنی عەبوڕەحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامر وە نەخشەكەیان سەری گرت عەبدوڕەحمانیان كوشت، ئەمە بووە رووخاندنی دەسەڵاتی عامریەكان لەو سەردەمەی ئەندەلوس دا یاخود ناودەبرێت بە سەردەمی لە ناو چوونی دەوڵەتی عامری.

كۆتایی خیلافەتی ئەمەوی كۆتایی دەسەڵاتی عامریەكان:

لەدوای كوشتنی عەبدوڕەحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامر ئەندەلوس كەوتە شۆڕش و یاخی بوون لە یەكتری وڵات دیسان بەرەو پارچە پارچەی رۆشت هەر كەس ناوچەیەكی دەبرد بۆ خۆی كە دەسەڵاتی هەبووایە تێیدا.

لەسەربۆچوونی هەندێك لە مێژوونووسان و لێكۆڵەرەوان دەڵێن هۆكاری رووخاندنی دەوڵەتی عامری و تەنانەت خیلافەتی ئەمەوییەكان هۆكارەكەی عەبدوڕەحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی ئەبی عامر بوو، چونكە كەسێكی سەر شێت و خراپەكار بوو[٢٢].

پێشتر شیكاریمان لەسەر ئەمارەتی ئەمەوی كرد لە ئەندەلوس دا كە هۆكاری لاواز بوونیان چی بوو، ئێستاش باسێك و شیكاریەك لەسەر رووخانی دەوڵەتی عامری لە ئەندەلوس دەكەین كە دەبێت هۆكارەكان چی بن؟ بێ گومان سێ هۆكاری گەورە هەن بۆ رووخانی ئەم دەسەڵاتە:

---

[٢٢] لە راستیدا من وای نابینم كە لەماوەی دەسەڵاتدارێكی خراپ، كە بۆ ماوەی چەند مانگێك دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو دەوڵەتە گەورە بەو شێوە بەرەو ئاوابوون لە ناوچوون بڕوات، وە سوتانی شێت ئەو دەوڵەتە بڕوخێت، من دەڵێم هەڵەكان زۆر لەوە گەورە ترن كە بۆ چەند مانگێك كەسێكی وەك عەبدوڕەحمان بێتە هۆكاری شكست و ڕوخانی بەڵكو سەرچاوەكەی لە جێگایەكی ترەوە هۆكاری ڕوخانی خیلافەتی ئەمەوی لە جێگایەكی ترەوە سەرچاوە دەگرێت ڕاستە هۆكارێك لەهۆكارەكان نەوەكانی عامریە بوون كە بووە هۆی شكستی دەسەڵاتیان.

بوارێکی یەکەم: دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصر خودی خۆی، بۆ ئەو سەردەمەی کە هێزو دەسەڵاتی لەوپەڕی دا بوو، سەروەت و سامانێکی زۆری بەکار هێنا بۆ زخرەفە و نەخشەکانی سەر بیناکان کە زۆرێک لە وڵاتانی موسوڵمانی تر برسی بوون، پاشان خەڵکی بە هەندێک کاری بێماناوە خەریک بوون وەک سەما و وێنەکێشان و کردنەوەی یانەکان بۆ خەڵکی ئەندەلوس...هتد، لە راستییدا ژیانی دنیایی دەبێتە ماڵ وێرانکردنی خەڵکی ئەگەر ژین و دین پاشەنگیان بۆ دانەنرێت، بۆ نموونە ئەو باڵەخانەی کە عەبدوڕەحمانی ناصر دروستی کرد پارچەیەکی خەیاڵی تێچوو لە سەردەمی خۆیدا کە ناونرا بە قصر زەهرا کە ئەوەندە بە جوانی نەخشێنرا بوو خەڵکی لە هەموو جیهانە وە دەهات بۆ سەیری ئەو قەسرە کە بنمیچ وسەقفی ئەو باڵەخانە بە ئاوی ئاڵتون و زیو نەخشێنرا بوو، یەکێک بوو لە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەو سەردەمە.

نابێ ئەوەمان لە بیر نەچێت عەبدوڕەحمانی ناصر هیچ درێغیەکی نەکرد بوو لە رووی خزمەت گوزاری و زانست پەرەپێدانی سەربازی بە گشتی هەموو بوارەکانی تری ژیان، کە ئەمە زیادە رۆی زۆربەی لە ئاینی ئیسلامدا رێگەی لێگیراو بووە، چونکە زۆربەی ئەو کارانە مرۆڤ بە رەو ئاڵۆزی و هەڵدێرو خۆشیەکانی ژیان دەبات کە خوای گەورەی لە بیر بچێتەوە تەنانەت زۆر جار لەو سەردەمەدا قاپ و قاچاخی ئاڵتون و زیو بەکار دەهات.

کاتێک کە باڵەخانەی زەهرا تەواو بوو عەبدوڕەحمانی ناصر قاضی گەورەی ئەندەلوسی بانگ کرد مونذیری کوڕی سەعید وەک شانازیەک بۆ خۆی وتی ئەم قەسرەت بەلاوە چۆنە بەو هەموو نەخشەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کە هاوشێوەی نەبووە لە هەموو جیهاندا لەو سەردەمەدا، لە وەڵامدا مونذیرکە چاوەکانی پڕ بووبوو لە فرمێسک و گریان کە بەدەم گریانەوە فەرموی: "نەمدەزانی شەیتان دەتباتە ئەو ئاستەی کە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەو شێوە بەکار بێنیت! تۆ کە بەندەیەکی لەبەندەکانی خوای گەورە بەڵام واشەیتان دەتباتە رێگەیی کافرەکان لە دروست کردنی خۆشیەکانی ژیاندا، چونکە دەبێت موسوڵمان لە هەموو شتێکدا لە کافرەکان نەچێت".

عەبدوڕەحمانی ناصر وتی: چۆن شەیتان من دەباتە ئاستی کافرەکان؟ بۆیە زوو دوای وەڵامی کرد لە مونذیر.

مونذیر فەرموی:-ئەی نەت بیستووە کە خوای گەورە چۆن پێناسەی ئەو خەڵکانەمان بۆ دەکات، لێرەدا ئەم چەند ئایەتەی بۆ خوێندەوە.

﴿وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ الزخرف واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خەڵکی هەموو دەبوون بە یەک پێرەو باوەڕ (لە بێباوەڕی و تاوانکاریدا)، هەرچی باوەڕی بە خوای میهرەبان نەبوایە سەقفی

هەروەها قادرمە و ئاسانسۆرمان بۆ دەكردن و خانووەكانیانمان لە زیو بۆ دروست دەكردن، هەروەها قادرمە و ئاسانسۆرمان بۆ دەكردن ع بەسەریدا (بڕۆن و) دەربكەون"[14].

عەبدوڕەحمان خۆی دەڵێت: "وەك ئەوە وابوو كە قسەرێكم كەم ئەم ئایەتەی خوێندەوە بۆی، زانیان كە دەم چاوی تێك چوو، دەستی كرد بە گریانێك كە وەك منداڵ دەگریاو فەرمێسكی چاوەكانی لەسەر ڕوومەتی جۆگەلیان گرتبوو بەسەردا بڕوخێت" ئەوی لە دووری بوون زانیان كە دەم چاوی تێك چوو، دەستی كرد بە هەستا دەست بە جێ هەرچی ئاڵتوون و زیو هەبوو هەموویانی پێ لابردن، ئەوەندە سەروەت و سامانەكەیان زۆر بوو نەدەزانرا لە چیدا بەكار بهێنرێت، بۆیە لەو كارانەدا بەكار دەهێنرا. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا ﴿١٦﴾﴾الإسراء

واتە: كاتێ كە ویستیێتمان شارو شارۆچكەیەك كاول بكەین، سەرەتا فەرمانمان پێداون (كە چاكەو چاكەكاری بكەن) كەچی ئەوان گوناه و تاوان و خراپەیان ئەنجام داوە، ئەوسا ئیتر شایستەی ئەوە بوون كە بڕیاری ئێمە بەسەریاندا بسەپێنرێت، ئێمەش كاولمان كردووە بەسەریەكداو داروبەردمان بەسەریەكەوە نەهێشتووە.

هۆكاری دووەم: دانی دەسەڵات و فەرمانڕەوای بە خەڵكی ناشایستە

پێشتر باسمان لە زیادە ڕەوی كرد لە سەرف كردنی پارەو سەروەت وسامان، هەرچەندە ئەمكارەش هەر زیادە ڕەویە بەڵام بە دیوێكی تردا، چۆن دەكرێت دەوڵەتێكی گەورەی وەك ئەندەلوس بدرێتە دەست منداڵێكی دوانزە ساڵ. بێگومان بۆ ئەو دەسەڵاتە خەڵكی هەوڵی بۆ ئەدا شۆڕش و كێشمەكێشمی دەسەڵاتی تێدا بە دی دەكرێت، هەرچەندە حەكەم كەسێكی بە توانا بوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جیهاد و زانستەكاندا، بەڵام لە كۆتایی تەمەنیدا هەڵەیەكی زۆر گەورەی كرد.

پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئاگادری كردوینەتەوە و هانمان دەدات بۆ ئەوەی خەڵكی خاوەن توانا بخرێتە سەر كارەكەی تا كارەكان بڕوات بەڕێوە خەڵكی سوود مەند بن واتا بە زمانی سەردەم پێی دەوترێت دەوڵەتی تەقنۆكراتی.

پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت: "عندما سئل عن أماراتها: أنْ تُضيعَ الأمانَة، فقال السائل: وكيف إضاعتها فقال ﷺ إذا وُسِّدَ الأمْرُ لغيرِ أهْلِه فانتظِرِ السَّاعة".

بەڵێ بێگومان ئەگەر خەڵكانێك دەسەڵاتیان ئەگرتە دەست كە خاوەنی ئەو جێگە بن ئەوا ئەمانەتەكە ون دەبێت وەك دەوڵەتی ئەندەلوسی لێ دێت كە چۆن خیلافەتی ئەمەوی دوای ئامری شكستی هێنا و كۆتایی بە دەسەڵاتیان هات.

---

[14] ئەم ئایەتە بۆ ئەو كەسانەیە، كە كافرن و ماڵی دونیایان هەڵبژاردوە، بۆیە خوای گەورە پێنج ؟ سەقفی ماڵەكانیان بۆ دەكات بە ئاڵتون و زیو. دیارە ئایەتەكە ئایەتێكی ئەعجیزیە ئەو شتە خوای گەورە نایكات، بەڵام عەبدوڕەحمان كردی، سەقفی هەموو كرد بە زێڕ و زیو.

هۆکاری سێیەم: نەمانی گیانی جیهاد شەڕکردن بۆ سەروەت سامان بەدەست هێنان.
بەراستیدا هۆکاری ڕووخانی دەوڵەتی عامریە کە لکاوی خیلافەی ئەمەوی بوو کە جەنگی لە پێناوی دەستکەوت دەکرد، بەرەوی دابوو بە جیهاد لە لایەنی مادییەوە واتا هەموو ژیانیان بەرمادی بوو زۆر گرنگیان دەدا بە سەروەت و سامان و بیناسازی و دنیا ویستی، وەک مێژوونووسان دەڵێن لە پێناوی خوای گەورەدا نەدەجەنگان خەڵکیان لەسەر پەروەردەی جیهاد پەروەردە نەکردبوو بەڵکو بۆ غەنیمەت شەڕیان دەکرد بەدوای بەهەشت و دوورکەوتنەویان لە دۆزەخ نەبوو، کەواتە خەڵکەکە رۆحی کۆشش و جیهادی راستەقینەیان لە دەست دابوو بۆ ژیان هەوڵیان دەدا.

چوونە ناو سەردەمی مەهدی و پادشاکان و هۆزگەرایی (ملوک الطوائف):
سەردەمانێک بوو باسمان لە بەهێزی و دەسەڵاتی ئەندەلوس دەکرد کە چۆن گەیشتبوونە لووتکەی دەسەڵات لە هەموو جیهانی ئیسلامی و ئەوروپادا، وە لەدوای ئەم مێژووە کە مێژووی دەسەڵات بوو باسمان کرد وە دەچینە سەر قۆناغێکی تر لە ئەندەلوس کە مێژوونووسان ناویان بردووە بە سەردەمی پادشای هۆزەکان (ملوک الطوائف)، سوننەتێکی خوای گەورەیە هەمووگەلێک چۆن سەردەکەوێت بە هەمان شێوە شکست دەخوات پاشان هەڵدەستێتەوە، وە درێژ خایەنی سەرکەوتنی یاخود هەستانەوەی دەکەوێتە سەر ئەو خەڵکەی کە چەندە پیادەی حوکم و فەرمانی خوای گەورە دەکەن بە گوێرەی ئەو مەنهەجەی کە خوای گەورە دایناوە چەندە پیادەی بکەن ئەوەندە سەرکەوتنیان نزیکە.
لەدوای ئەوەی کە هیشامی کوڕی حەکەم لە دەسەڵات لابرا دەسەڵاتەکەی لێ سەندرایەوە وە ئەمیرزادەیەکی خۆی هاتە سەر شانۆی فەرمانڕەوای کە ناوی موحەممەدی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولجەباری کوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر بوو، موحەممەد کوڕی هیشام لەدوای ئەوەی شۆڕشی کرد بە سەر هیشام دا خۆی ناوزەد کرد بە مەهدی وە لەسەردەمی ئەودا وڵات بە تەواوەتی پارچە پارچە بوو، لە راستییدا ئەم ناوەی کە بۆ خۆی هەڵبژارد، تەنها ناوی زل و دێی وێران بوو وەک کوردەواری خۆمان دەڵێت، مەهدی نەتوانای بەڕێوە بردنی هەبوونە لە سیاسەت شارەزابوو وە نە توانای دەسەڵاتی هەبوو، کاتێک هاتە سەر کورسی دەسەڵات هەندێک کاری کرد کە بریتی بوون لە:
یەکەم: کەوتە گرتنی هەموو دەسەڵاتدارە عامریەکان و کوشتنیان
دووەم: تۆڵە سەندنەوەی لە بەربەر، لەبەر ئەوەی هاوپەیمان و یارمەتی موحەممەدی کوڕی ئەبی عامریان داوە کە کەسایەتی یەکەم بوو لە دەوڵەتی عامریەکاندا وە یارمەتی دەری کوڕەکانی بوون دەستی کرد بەکوشتن وئازاردانیان و راونانیان زۆر بەی بەربەرکانی لەناو برد.
ئەم کارانەی مەهدی وای کرد کە خەڵکی زۆر لە خۆی توورە بکات، ئەم لێدان و ستەمەی مەهدی وای کرد کە شۆڕش دژی دەست پێبکەن لە هەموو لاکانی ئەندەلوس وە هەموو هۆزەکان و تایفەکان کەوتنە خۆیان بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی مەهدی.

وە كارەكە هەر بەوەندە كۆتایی نەهات، بەڵكو بەربەركان كۆبوونەوە و چوونە باكووری ئەندەلوس لە دەوری كەسێكی تر كۆ بوونەوە بەناوی سولەیمانی كوڕی حەكەمی كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر، واتا برای هیشامی كوڕی حەكەم كە پێشتر خاوەنی دەسەڵات بوو لەماوەی چەند مانگی پێشودا لابرا، وە لەدەوری ئەو كۆبوونەوە ناویان لێنا بە ئەمیری موسوڵمانان بۆ دژایەتی كردنی مەهدی، لێرەوە ململانێی دەسەڵاتی سولەیمان كوڕی حەكەم دەست پێدەكات كە بەربەر لە پشتێتی بەرانبەر بە مەهدی لە قورتوبە.

كارێكی سەرنجڕاكێش لە نێوانی مەهدی و سولەیمانی كوڕی حەكەم:

سولەیمان كە زانی توانای هێزی سەربازی مەهدی نییە بۆ یەكەم جار لە مێژووی ئەندەلوس دا ئەم كارە ڕوو دەدات، سولەیمان داوای كرد لە پاشای قشتالە بۆ یارمەتی دانی كە لە مەهدی بدات!

## قشتالە كێیە؟

لەدوای ئەوەی كە كێشە كەوتە ناو دەوڵەتی لیۆنی نەسڕانی لەو دەڤەرە بووە، شەڕی ناوخۆ لەباكووری ئیسپانیا ئەم دەوڵەتە بوونە دوو پارچە، پارچەیەكیان دەوڵەتی لیۆن خۆی بوو پارچەكی تریان قشتالە بوو، كە لە ساڵی ٣٩٦ كۆچی بەتەواوەتی جودابوونەوە، بەلی مەملەكەتی قشتالە دەكەوتە بەشی باكووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس، وە ئەم ناوە لە ناوی كاتۆلیكەوە هاتووە، لای عەرەب ئەم ناوە تەحریف كراوە ناویان لێ ناوە قشتالە، هەروەها بە زمانی ئیسپانی واتا قەڵا و دەسەڵات. قشتالە یارمەتی سولەیمانی دا بۆ لە ناوبردنی مەهدی، ئەمە هۆكارێكی تر بوو بۆ دروستبوونی پادشای هۆزگەرایی.

لە دوای كۆكردنەوەی هێزەكان هەردوولا دایان بەیەك دا بەربەر و پادشای قشتالە بە سەركردایەتی سولەیمان دژی مەهدی لە دوای شەڕێكی زۆر خوێناوی توانی سولەیمانی كوڕی حەكەمی عەبدوڕەحمانی ناصر سەر بكەوێت بەسەر مەهدی واتا موحەمەدی كوڕی هیشامی كوڕی عەبدولجەباری كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر، وە لە هەمووی گرنگ تر مەملەكەتی قشتالە بەدوای هەلێكی وا دەگەڕا كە ئەندەلوسییەكان لە ناو خۆدا بیكەنە شەڕ، ئەمانیش وەك نەسڕانی هەموویان لە ناو بەرن، وە سولەیمان بە تەواوەتی دەسەڵاتی گرتە دەست وە لە هەمووی ترسناك تر ئەوە بوو سوپایی نەسارانی لە خاكی موسوڵمانان پێگەی خۆی داكوتا و جێگر بوون لە هەندێك ناوچە بە ناوی یارمەتی بۆ سولەیمانی كوڕی حەكەم، كە ساڵانێك بوو ئەوان جزیەیان لێوەر دەگیرا كەچی ئێستا لە خاكی موسوڵماناندان.

لە ماوەی بیست و دوو ساڵی فەرمانڕەوایی ئەندەلوس، سیانزە خەلیفە لەدوای یەك دەسەڵاتیان گرتە دەست ،كە لە سەردەمی هیشامی كوڕی حەكەم وە دەست پێدەكات لە ساڵی ٣٩٩ كۆچی پاشان مەهدی، سولەیمانی كوڕی حەكەم وە ئەمیش خۆی ناونا بەمستعین باللە بەڵام لە ڕاستیدا موستعان بە خوا نەبوو، بەڵكو موستعان بە پادشای قشتالە بوو، تاكو ساڵی ٤٠٠ كۆچی بەردەوام بوو.

کارێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە نێوانی مەهدی و سولەیمان کوڕی حەکەم:
پەدوای ئەوەی کە کێشەکان لەنێوان مەهدی و سولەیمان رووی دا سولەیمان سەرکەوت، مەهدی رێ کرد بۆ باکوور تا گەیشتە ناوچەی تەرتوشە (طرطوشە)، مەهدی دەستی کرد بە پلان گێران دژی سولەیمان پەیوەندی کرد بە کوڕێکی ئەبی عامریەوە کە پێشتر گوشت و بڕی کرد بوو زۆربەی زۆریانی لە ناو برد بوو.
بە تەرتوشە کە بنکەی دانا و پەیوەندی کرد بە هۆزێکی گەورەوە کە لە نەوەی ئەبی عامر بوون بۆ جەنگ دژی سولەیمان، ئەو کەسە ناوی فەتا واضح بوو بەوە رازی کرد کە خۆی بێتە پادشا ئەویش بکاتە سەرۆکی وەزیران وەک پێشتر لە دەوڵەتی عامریدا روویداوە، وە فەتا واضح رازی بوو بە بیرۆکەکەی مەهدی کە ئەخشە بکێشن بۆ لە ناوبردنی سولەیمان.
لەسەرەتادا سەیریان کرد ناتوانن بەرەنگاری سوپای سلێمان و بەربەرە وە پادشای قشتالە ببنەوە. مەهدی و فەتا واضح بیریان لەوە کردەوە کە داوای یارمەتیدان لە پاشای بەرشەلۆنە کرد دژی سولەیمان بوەستنەوە، وە بەرشلۆنە خرابووە سەر دەوڵەتی ئەرەگۆن کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ئەندەلوس، پاشاکەی جزیەی دەدا بەعەبدوڕەحمانی ناصر ئێستا ئەوەکانی داوای یارمەتی لێدەکەن بۆ کوشتنی یەکتری وە بە هەمان شێوە جزیەی دابوو بە حاجب منصور کە باوکی فەتا واضح بوو!
بێ گومان دوژمنانی دەوڵەتی ئیسلامی یارمەتیدان دەدەن بۆ کوشتنی یەکتری بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، چونکە لە ئەنجامی شەڕی نێوان موسوڵمانان بێ هێزیان بۆیە دەبیزێت، ئەوانیش ئامادەن بۆ یارمەتی و کوشتنی موسوڵمانان گەرچی بە دەستی یەکتریش بێت. خۆیان لە دوورەوە سەیری رووداوەکان بکەن تاوەکو بەتەواوەتی دەسەڵاتی موسوڵمانان لاواز بکەن، بەڵێ یارمەتی دان دژی سولەیمان و بەربەرە و پادشای قشتالە.
رازیبوونی پاشای بەرشلۆنە بەڵام بە مەرج:
مەرجی یەکەم: هەموو رۆژێک دەبێت سەد دیناری ئاڵتونی بدەنێ تا شەڕ تەواو دەبێت.
مەرجی دووەم: دەبێت هەموو رۆژێک یەک دیناری ئاڵتون بدرێت بە سەربازەکانی بەرشەلۆنە، وە زۆربەی خەڵکی نەسرانی کە ئەمەیان زانی خۆیان دەچوون بۆ شەڕ، بووە هۆی کۆکردنەوەی سوپایەکی گەورە دژی سولیمانی کوڕی حەکەم.
سێیەم: بردنی هەموو دەستکەوت و غەنیمەکان بۆ دەوڵەتی بەرشەلۆنە بێت، ئەگەر مەهدی و فەتا واضح سەرکەوتن.
چوارەم: دەبێت شاری سالم بدرێت بە پاشای بەرشەلۆنە کە لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصر ئازاد کرابوو کە شارێکی گەورە بوو سالم.
بەداخەوە هەموو پەیمان نامەکیان ئیمزا کرد، بەرەو جەنگ کەوتنە رێ لەباکووری قورتوبە شەڕێکی خوێناوی روویدا لە نێوانی موحەمەدی کوڕی هیشام کوڕی عەبدولجبار کوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر ناسراو بە مەهدی لەگەڵ فەتا واضح کوڕی عامری وە لە لایەکی تروە پاشای بەرشەلۆنە لە میحوەرێکەوە دەستی کرد بە شەڕ، هێزی سولەیمانی کوڕی حەکەم خۆی میحوەرێکی گرت وە هێزی بەربەر لە میحوەرێکی ترەوە جەنگان، بەڵام لە کۆتایدا سوپایی

مەهدی و فەتا واضح سەركەوتن بەسەر سولەیمانی كوڕی حەكەم رای كرد لەگەڵ بەربەرەكانی وە شاری سالمیان بەخشی بە پاشای بەرشەلۆنە، هەموو غەنیمەتەكانیان داتێن، وە سەرلە نوێ مەهدی دەسەڵاتی گرتەوە دەست لە قورتوبە.

## هیشامی كوڕی حەكەم و گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات

لەبەر ئەوەی كە سەردەمی فیتنە بوو هەموو شتێك قابیلی روودانە. كاتێك كە مەهدی لە قورتوبە دەسەڵاتی گرتە دەست بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەسەڵاتی گرتە دەست فەتا واضح كوشتی، ئینجا خۆی دەسەڵاتی گرتە دەست.

لە پاش ئەوەی كە دەسەڵاتی خۆی سەپاند لە ناو باڵەخانەی خیلافەت دا وەك براكەی نەكرد كە ناوی عەبدوڕەحمانی كوڕی مەنصور بوو خۆی داوای خەلیفەیی نەكرد بەڵكو گەڕا بەدوای هیشامی كوڕی حەكەم بۆ ئەوەی جارێكی تر بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر دەسەڵات چونكە دەیزانی كە ئەوە وەك هێمایەك وایە هیچی پێناكرێت، وە بە خەڵكی راگەیاند كە خەلیفە دەبێت لە ئەمەوییەكان بێت نەك عامریەكان. وای لە خەڵكی گەیاند كە خەلیفە كارێكی خراپیی كردوە بۆیە كوژراوە بۆ ئەوەی شۆڕشەكەشی لە لای هەموو گەل هۆزەكان رەوابێت تا شۆڕشی تر دژی دروست نەبێت.

ماوەی سی وسێ ساڵ دوور كەوتبووەوە لە دەسەڵات لە طوڵەیطڵە دانیشت بوو، فەتا واضح ویستی وەك سەردەمی باوكی بە هەمان شێوە دەست بە كار بكاتەوە وە خەڵكی تێبگەن كە هەر ئەمەوییەكان خاوەن دەسەڵاتن.

وە فەتا واضح چوو بۆ لای پێی وت تۆ دەبیتەوە بە كەسی یەكەم لە خیلافەتی ئەندەلوس دا ئەویش دەست بە جێ رازی بوو گەڕایەوە بۆ سەر شانۆی فەرمانڕەوایی خۆی ناو زەند كرد بە مؤید باللە، بەڵام تێیان گەیاند كە كاری خەلیفە بەس هێمایە فەتا واضح كارو باری دەوڵەت بەڕێوە دەبات، ئەویش رازی بوو بە هەموو وتەكانیان.

چاوێك بەمێژووی سولەیمان كوڕی حەكەم و كارە گەندەڵەكانی:

سولەیمانی كوڕی حەكەم لە ژیاندایە و خەریكی ئامادەكردنی نەخشەیەك بوو بۆ لەناو بردنی فەتا واضح، بۆ ئەوەی خۆی سەر لەنوێ حوكمی ئەندەلوس بگرێتەوە دەست، لە سەرەتاشەوە دەستی كردبوو بە نەخشەو پلان گێران دژی ئامۆزاكانی، لە هەمان كاتدا پەیوەندی لەگەڵ پادشای قشتالەدا بەست بۆ لەناو بردنی مەهدی.

پادشای قشتالە دوژمنێكی سەرسەختی ئیسلام و موسوڵمانان بوو، لە راستیدا دوژمنی یەكەمی سولەیمانیش بوو، چونكە سەرەتا زۆر وتەكانی سولەیمانی پشتگوێ دەخست كە لە ماوەی چەند رۆژێكدا وەڵامی دایەوە، پاشان رۆشت بۆ لای هیشامی كوڕی حەكەم بەوەی كە سولەیمان هێرش سولەیمانی برات نادەم". ئەمەی خستە بەردەم هیشامی كوڕی حەكەم كە یارمەتی سولەیمانی برای نەدا بۆ شەڕ كردن لە گەڵیدا، وە هیشام رازی بوو بە داواكەی پادشای قشتالە، كە لە راستیدا سنوری دەوڵەتی قشتالە زۆر بچووك بوو، هەرێمێكی بچووك بوو لە دەوڵەتی لیۆن

جودا بووەوە، بەڵام ئێستا مەڵبەند و وڵاتەكەی ئەوەندە گەورە بووە كە یەكەم دەوڵەتی ئەمریتیە لە ناوچەكەدا بۆ گەورەی و بەهێزی كە دەكەوێتە باكووری ئەندەلوس.

ترسناكترین و گەورەترین كاری گەندەڵی بوو كە كرا لە بەرانبەر خاكی موسوڵماناندا ئەم هەموو ڕووداوانە كە ڕوویدا و ئەو كوشت و كوشتارانەی كە كراو نەخشەی بۆ كێشرا بە كوشتنی موسوڵمانان كۆتای هات وە بە سەركەوتنی نەساڕاكان بوو لە خاكی موسوڵمانان. ئەم ڕووداوانەی كە پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، تەنها لە ماوەی سێ ساڵدا ڕوویدا.

لە ساڵی ٤٠٢ ی كۆچی كە هیشامی كوڕی حەكەم هاتە سەر دەسەڵات و فەرمانڕەوای گرتە دەست. لەو ساڵەدا سولەیمانی كوڕی حەكەم كە برای هیشام بوو لە دوای ئەوەی كە نەیتوانی ڕەنگی پادشای قشتالە بەدەست بێنێت لەگەڵ بەربەرەكاندا كارێكیان كرد كە لە مێژووی موسوڵماناندا ڕووی نەداوە، هێرشی كردە سەر شاری قورتوبەو شارەكەی فەساد كردوو. تەنانەت زۆربەی زۆری خەڵكەكەی كوشت وە دەست درێژیان دەكردە سەر ئافرەتە موسوڵمانەكان بە خۆی و سوپاكەیەوە.

لە دوای ئەوەی كە ئەم كارە ناشیرینەی كرد سولەیمانی كوڕی حەكەم، هیشامی كوڕی حەكەم توانی دەسەڵات بگەڕێتەوە دەست لە شاری قورتوبەو دەوڵەتی ئەندەلوس دا، وە پاشان هیشامیش كوژرا لەدوای ئەو كارەستانەدا وە عامریەكانیش هەموو ڕایانكرد بەرە ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لە بلەنسیا دەورووبەری جێگیر بوون.

زۆر ڕووداوی سەر سوڕهێنەر ڕویدا كە ڕووداوەكان زۆر خێرا دەڕۆشت لەو سەردەمەدا كە پڕ بوون لە شۆڕش و پلان لە دژی یەک دانان، هەمووی بریندار كردنی جەستەی موسوڵمانان بوو ئازارەكان ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر موسوڵمانان پەرەی دەسەند، سەردەمێكی وابوو برای دایك و باوكی كە كوڕی عەبدوڕەحمانی ناصر بوون ئەو شەڕو پێكدادانە لە نێوانیاندا ڕوویدا، هۆكاری ئەم هەموو هەڵەیە كە ڕوویدا ئەوە بوو كە ئیش وكار نەدرایە دەست كەسی شیاو، ئەوەی كە دەسەڵاتی وڵاتی وەرگرت هیشام بوو كە نەیدەتوانی دەوڵەت بە ڕێگەوە بەرێت.

شۆڕشی بەربەر دژی سولەیمانی كوڕی حەكەم گەورەبوونی كێشەكان

لە ساڵی ٤٠٣ی كۆچی سەرلەنوێ دەسەڵاتی گرتەوە دەست لە دوای كوشتنی براكەی خۆی زۆربەی سوپا ئەو سەردەمە بەربەرەكان بوون. توانی چوار ساڵ حوكم بكات، سولەیمانی كوڕی حەكەم ٤٠٧ی كۆچی لەو نێوەندەدا كێشە كێشمی دەسەڵات و رووداوەكان لە نێوان بەربەر دەستی پێ كرد. بەربەرەكان بیریان لەوە كردەوە كە بۆچی ئەوان دەسەڵات نەگرنە دەست؟ كە ئەوان هێزێكی سەرەكین لە ناو سوپای ئەندەلوس دا. لە دوای ئەوەی كە بەربەرەكان خۆیان رێكخست داوای پارمەتیدان لە وڵاتی مەراكیش كرد، وە هێرشیان كردە سەر سولەیمانی كوڕی حەكەم و لە دەسەڵات دایان گرت و كوشتیدان، لە دوای ئەو كەسێك دەسەڵاتی وڵاتی ئەندەلوسی گرتە دەست بە ناوی عەلی كوڕی حەمود كە بە رەچەڵەك بەربەر بوو. خۆی ناوزەد كرد بە ناصربالله.

بۆ ماوەیەك كێشەكان هێور بوونەوە لەسەر دەستی عەلی كوڕی حەمود لە قورتوبەدا. براكەی خۆی دانا لە ئیشبیلیە بە ناوی قاسم كوڕی حەمود، لە ساڵی ٤٠٧ی كۆچی بەربەر توانی دەسەڵاتی خیلافەت بگرێتە دەست وە ئەوان كاروباری قورتوبەو ناوچەكانی دەورو پشتی بەڕێ بە رێكەوە.

عامریەكان بەمە رازی نەبوون ئەوانەی كە پێشتر هەڵهاتبوون بۆ رۆژهەڵاتی ئەندەلوس ئەگەڕان بە دوای كەسێكی تردا كە ئەمەوی بێت و بیخەنەوە سەر حوكم، كەسێكیان دۆزیەوە لە نەوەی ئەمەوییەكان بە ناوی عەبوڕەحمانی كوڕی موحەمەدی كوڕی عبدالله كە یەكێك بوو لە نەوەكانی عەبدوڕەحمانی ناصر، پاشان عامریەكان بەیعەتیان پێدا لەسەر خیلافەت وە ناوزەد كرا بە مرتضی بالله.

عامریەكان لەگەڵ مرتضی بالله سوپایان ئامادە كرد بۆ گرتنی قورتوبە و كەوتنە شەڕ لەگەڵ عەلی كوڕی حەمودی بەربەریدا، جەنگێكی گەورە روویدا كە خوێنی موسوڵمانی زۆر تیدا رژرا لە نێوانی عامریەكان و بەربەریەكاندا، لە هەمووی گرنگ ترو سەرسوڕهێنەر تر لەم جەنگەدا هەردوو خەلیفەكە كوژران، واتا عەلی كوڕی حەمودی بەربەری وە مرتضی باللّەی ئەمەوی، بەڵام بەربەریەكان توانیان سەر بكەون لەو جەنگەدا. دەسەڵاتی ئەندەلوس كەوتە دەست قاسی كوڕی حەمود كە برای عەلی كوڕی حەمود بوو، وە پێشتر وەك حاكم لە ئیشبیلیە دانرابوو.

بەردەوام عامریەكان و ئەمەوییەكان لە جەنگ و كۆكردنەوەی خەڵكدا بوون لە بەرانبەر بەربەرەكاندا، ململانێیەكی زۆر لەو نێوەندەدا هەبوو، ئەم ململانێكان بەو شێوەیە مایەوە تا ساڵی ٤٢٢ی كۆچی.

كۆتایی هاتنی سەردەمی خیلافەتی ئەمیرەكان و هاتنە كایەی دەسەڵاتێكی نوێ لە ئەندەلوس دا:

بۆ نەهێشتنی ئەو كارە ناهەموارەی كە بەسەر وڵاتدا هاتبوو كە هەر رۆژەی لێرەو لەوێ یاخی بوون و هەڵگەڕانەوەیەك رووی دەدا لە وڵاتدا. بۆ ئەوەی كۆتای بەو رەوشە بهێنرێت ململانێ بەكەوێتە نێو خەڵكەكان زاناكانی ئەندەلوس لەگەڵ خەڵكە بەناوبانگەكانی وڵاتی ئەندەلوسدا، هەستان بە كۆ بوونەوەیەك لە ساڵی ٤٢٢ەی كۆچی، بینیان لە ناو بەنی ئومەیەدا كەسێكی تێدا نیە كە بەكەڵكی بەڕێوە بردنی دەسەڵات بێت، وە پێشبینیشیان دەكرد كە ئەوەی دێتە سەر شانۆی دەسەڵات هیچیان لەوانەی پێشوتر باشتر نابێت. هەموو لەسەر ئەوە رێكەوتن كە بۆ كۆتا جار دەسەڵاتی ئەمەوی لەسەر دەسەڵات لابەرن و ئیتر ئەوان فەرمانڕەوایی نەكەن. لەو نێوەندەدا دیوانی راوێژیان (مجلس شوری) دامەزراند بۆ بەڕێوە بردنی وڵات، ئەم سەردەمە ناوزەد دەكرێت لە مێژووی ئەندەلوس دا بە دیوانی راوێژ.

دیوانی راوێژ:

توانرا لەو ماوەیەی خۆیدا زۆر بە باشی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەو كەسەی كە سەرپەرشتی دیوانی راوێژی دەكرد ناوی باوكی حازمی كوڕی جهور بوو، كە یەكێك بوو لە زانا گەورەكانی ئەندەلوس، وەك مێژوو نووسان دەگێڕنەوە كەسێكی لە خوا ترس و خاوەن وەرع بووە، كەسێكی دانا و ژیر بووە. توانی ئەو رەوشە بەرێت بە رێگەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ.
ئەوەی كە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بكەین باوكی حازمی جهور لەگەڵ دیوانی راوێژدا تەنها دەسەڵاتیان بەسەر قورتوبەدا هەبوو لە وڵاتی ئەندەلوس دا، ناوچەكانی تر هەموویان پارچە پارچە بووبوون كە ئەمان نەیان دەتوانی فەرمانڕەوایی بكەن. ئەندەلوس پارچە پارچە بووبوو وە بووبووە چەند دەوڵەتێكی بچووك بچووك لەسەر بنەمای گەل و هۆزگەرایەتی.
لە پێشدا ئاماژەمان بۆ كرد كە رووبەری ئەندەلوس ٦٠٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشەیە، لە شێوەی چوارگۆشەیەكدا خۆی دەبینێتەوە. بەشی باكووری دابەش بووبوو بە سەر نەسارا‌كاندا واتا ٤٥٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشەی كە بەدەستی موسوڵمانەكانەوە بوو، كە نیوەی وڵاتی میسر دەبێت بۆیە نمونەی میسریش دەهێنمەوە لەبەر ئەوەی نەخشەكانیان هاوشێوەی یەكن، لەو رووبەرە بچووكەدا ٢٢ دەوڵەتی ئیسلامی تێدا دروست بووبوو، هەر هەموو ئەم دەوڵەتە بچووكانە بنەماكانی دەوڵەتی تێدا بووە، لە سەرۆك و وەزیر و سوپا و نوێنەر و زانایان وهەموو جۆرە بنەمایەكی دەوڵەتی لە خۆ گرتبوو. موسوڵمانان پارچە پارچە بووبوون كە لە هەموو مێژووی ئەندەلوس دا دابەش بوونی وایان بە خۆیانەوە نەبینی بوو، ئەم پارچە پارچە بوونەش وا دەكات هەرچی ژیارو شارستانیەتێدان پێك هێنا بوو موسوڵمانان بەرەو رووخان و شكست و ئاوا بوون بڕوات.

**هۆكاری سەركەوتن و شكستی ژیار و هەڵوێستەیەك لەسەری:**

لە دوای هاتنی ئەم قۆناغە كە قۆناغی لاوازی و پارچە پارچە بوون و بێ دەسەڵاتیە باسێكی گشتی و شیكردنەوەیەك دەكەین، پشوویەك لە ڕێگەی دوورو درێژی ئەندەلوس لە سەردەمی فەتحیەوە تاكو ئەو سەردەمەی كە ئێستا ئاماژەمان پێ كردووە، ئامازەیەك بە قۆناغەكان دەدەین.

دیسان بۆ ئەوەی سوننەتی سوننەلی خوای گەورەمان بۆ دەربكەوێت لەم بوونەدا بەگشتی وە لەسەر گەلانی موسوڵمان بە شێوەیەكی تایبەت، ئەویش بریتیە لە سوننەتی هەستانەوەو شكستی ئومەت، واتا سوننەتی هەستانەوە و بەرز بوونەوە كە چۆن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕووی داوە و شكستەكەشی كە چۆن ئاوا بووە، بە شێوەیەكی تایبەت باسی لێوە بكەین.

لەو ڕۆژەوەی كە مێژوو خۆی ناساندوە بە خەڵكی وە تاوەكو ڕۆژی دوایی ئەم سوننەتی خوای گەورەیە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت واتا بە هەستانەوە و شكستی ژیارەكان بە شێوەیەكی گشتی. لە تاریكیەوە بۆ ڕوناكی، لە بەرزیەوە بۆ خواری وە لە بنارەوە بەرەو لوتكە. ئەم سوننەتی خوای گەورە كۆمەڵێك یاسای كۆمەڵایەتی و مرۆیی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەكی گشتی كاریگەری ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر ژیانی مرۆڤەكان، لە هەمان كاتدا ڕێگەی گرتووە بەرەو ئومەت و نەتەوەكانیش، هاوكات خۆی تێك هەڵكێش كردووە لەگەڵ ئومەت و ژیارەكاندا ئەم هاوكێشەیەش لە ڕاستیدا خێر و خۆشیە بۆ خەڵكانی سەرزەوی، چونكە هەر گەل و هۆزێك دەسەڵاتی تەواوەتی گرتە دەست ئەگەر زوڵم و زۆر و ستەمی كرد دەبێت هەر بكەوێت ئەوەشی كە چاكە خوازە و كاری باشەی كرد دەبێت سەربكەوێت، كەواتە ئەم سوننەتەش بەرەكەتە بۆ خەڵكی سەر زەوی، وەك خوای گەورە ئەم یاسایەمان بۆ دەست نیشان دەكات لە قورئانی پیرۆزدا.

إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾ آل عمران، واتە: ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشیەك (لە جەنگی ئوحود)دا تووشی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵكەش (لەجەنگی بەدردا) تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، ئێمە ئەو ڕۆژە دەگێڕین بەناو خەڵكیدا (تا لە جیهانی واقیعش دا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات، وە هەندێك قوربانی و شەهیدیشیان لێ وەرگرێ، بێگومان خوا ستەمكارانی خۆش ناوێت.

ئەم سوننەتەی كە باسمان كرد لە دوای هاتنی پێغەمبەری ئازیزەوە ﷺ دەستی پێ كردووە وە شكستەكەشی هەر لەو سەردەمەوە دەستی پێ كردووە.

ئەو هۆكارانەی كە دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەكەن و دەیگەیەننە ئەوپەڕی دەسەڵات هەرچەند پێشتر ئامازەمان پێ كردووە، بەڵام وەكو بنەمایەكی سەركەوتن بۆ دەوڵەتی ئیسلامی وە بۆ بەرچاو ڕوونی دەیخەینەوە پێش چاوی خوێنەر.

یەكەم: بڕوا بوون بە خوای تاك و تەنها وە بڕوا بوون بە سەركەوتن و بە توانامەندی خوای باڵا دەست.

دووەم: برایەتی، یەكبوون، كۆكردنەوەی پارچە پارچە بووەكان لە نێوان موسوڵماناندا.

سێیەم: دادپەروەری لە نێوانی خەڵک و دەسەڵاتدا.
چوارەم: بەخش کردنی زانست، بڵاوکردنەوەی دین بە ناو گەلاندا.
پێنجەم: کۆکردنەوەی هێزو توانای سەربازی و خوێندنەوەی رەوشی کارکردن: وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾ الأنفال. واتە: خوا فەرمان دەدات بەکار بەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام): هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕو ئامادەیی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن، یا کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن بن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن، بەڵکو هەر خوا خۆی دەیانناسێت و هەر شتێک ببەخشن لە پێناوی خوادا (بۆ بەهێز کردنی سوپای ئیسلام)، ئەوە بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێتەوەو ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت.
هەرکات موسوڵمانان توانیان ئەم هۆکارانە بگرنە بەر گومانی تێدا نییە کە سەردەکەون بەسەر هەموو کێشەکاندا، راستە سەرەتا سەرکەوتنیان زۆر لاواز و پلە پلەیە، ئارامی و گیان بەخشین و هێزو توانای دەوێت، ئەگەر خۆ بەخش بوون لەسەر ئەمانە ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە روودەدات، وە دەوڵەتی ئیسلامیش بە شێوەیەکی بەرجەستە دەکەوێتە روو، جیهانیش بە رووی موسوڵماناندا دەکرێتەوە، ئەگەر سەبرت گرت لەسەر ناخۆشیەکانی جیهان وە وازت لە نیعمەکانی دنیا هێنا، ئەگەرچی فیتنەکانیشی زۆر بوو ئەوا تۆ سەکەوتوو دەبیت. ئەم وتەیەش شتێکی تازە نییە وەیان وتەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو مێژوو ئەوەی سەلماندووە وە بە چاوی خۆمان دیومانە و وە مێژووش بۆی گێڕاوینەتەوە.
وەک سەروەرمان دەفەرموێت: عن حديث النبي ﷺ: إِنَّ لِكُلِّ أُمَّةٍ فِتْنَةً وَفِتْنَةُ أُمَّتِي الْمَالُ.
پێچەوانەی ئەم هۆکارانەی کە باسمان کرد، ئەگەر هەوڵت بۆ ژین بوو، ماددە چووە ناو گیانتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە شکست و ئاوا بوون روو دەدات. ئەم فیتنەیەش کە باسی لێوە دەکەین تەنها عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزاو رەحمەتی خوای لێ بێت- پەی پێ بردبوو لە ساڵی ١٧ی کۆچی فەرمانی کرد کە فتوحاتی ئیسلامی لە وڵاتی فارس دا بوەستێنرێت، ئەم کردەوەی پێشەوا عومەر هاوشێوەی نەبووە لە ناو موسوڵماناندا، ئەو باش لە سوننەتی خوای گەورە تێگەیشتبوو، بۆیە کە ماڵی جیهان بە رووی موسوڵماناندا کراوەتەوە دەسکەوتو سەروەت و سامانیان زۆر بووە، بۆیە موسوڵمانانی راوەستاند لە فتوحات.
عومەر -ڕەزای خوای لێ بێت- ترسا لەوەی کە خۆشیەکانی دنیا لە دڵی موسوڵماناندا بچەسپێت، ترسا لەوەی کە سەرقاڵ بن بە ژیانی دنیا وە، ترسا لەوەی کە شکستی ئاخیرەت بێنن و ببێتە هۆی شکستی دەوڵەتەکەشیان، چونکە ئاواتی ئەو ئەوە بوو کە گەلەکەی بەرەو بەهەشت بەرێت، نەک بەرەو وڵاتی فارس، ئەگەر چوونە ژورەوەی ناو وڵاتی فارس لەسەر حسابی چوونە بەهەشت بێت، ئەوە کارێکی ئاسای بوو بەلایەوە وە دەبوا فەتح بکرێت، بۆیە زۆرجار دەیوت کە ئاواتمە

کەلە نێوانی ئێمەو فارس دا شاخێکی ئاگرین هەبێت، تا نە من نزیکیان بکەومەوە وە نە ئەوانیش نزیکم بکەونەوە، دەترسا ئەوەک موسوڵمانان لە شەڕەکاندا شکست بێنن و فارسەکان سەربکەون. ئومەتی ئیسلامی ئاکە ئومەتێکە کە شکست دێنێت بەڵام نامرێت تا ڕۆژی قیامەت، خۆ ئەگەر ئومەی ئیسلامی لەناو چوو ئەوا ڕۆژی قیامەتە. کەواتە قسەیەکمان نییە بۆ ئەم مێتودە، هەموو ئومەتەکانی سەرزەوی لەناو دەچن، نموونەشمان زۆر لەبەردەستایە کە چەندەها گەل و هۆز سەرکەوتون وە ژیان و ژیاریان دروست کردووە، وە ئێستا ناویان تەنها لە مۆزەخانەی مێژوودا ماوە، وەک ژیاری فیرعەونەکان، یۆنان، ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم، هەروەها ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز، کە دەیان وت هەرگیز ڕۆژ لە ئێمە ئاوا نابێت، بەڵام ئەستێرەی هەموویان کشا و هیچیان نەماونەتەوە، ئەم ئیسلامە تاکو قیامەت دەمێنێتەوە وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

كَتَبَ اللهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٢١﴾ المجادلة. واتە: خوا بڕیاری داوە کە: هەر خۆم و پێغەمبەرەکانم سەرکەوتوو دەبین، چونکە بەڕاستی هەر خوا خۆی بەهێزو باڵادەستە.

هەروەها دەفەرموێت: وَعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٥٥﴾ النور. واتە: خوا بەڵێنی دڵنیابەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بە ڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەک چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت خوا خۆی پێی ڕازیە، هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوی هەر من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێکم بۆ بڕیار نادەن، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەداریە بێباوەڕ بێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە تاوانبارو لە سنوور دەرچوون.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: کە هەموو سەدەیەک جارێک ئەم دین و ئومەتە تازە دەبێتەوە. الحديث الذي رواه أبو داود في سننه وصححه الحاكم ورواه في صحيحه عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: إِنَّ اللهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا.کەواتە ئەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە دوای هەموو ڕووداوێکی شکست بەرز بوونەوەیە بەرەو لوتکە، ئەم بەرز بوونەوەیەش لەسەر دەستی پێشەنگێک یان کۆمەڵکاریەک تازە دەبێتەوە تا ڕۆژی قیامەت.

مێژووی ئیسلامی پڕە لەم نمونانە زۆر ڕووداوی تێدایە کە موسوڵمانان بەرز بوونەتەوە و پاشان ڕۆچوون، کە ئەمە تەنها تایبەت نییە بە مێژووی ئەندەلوسەوەو بەس، بەڵکو لەسەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەریشدا ئەم سونەتەیان بە چاوی خۆیان بینی، لە دوای کۆچی دوای پێغەمبەری خوا ﷺ، ڕووداوێکی زۆر ترسناک ڕوویدا لە دەورو پشتی ناوچەکانی نیوە دوورگەی عەرەبی بەگشتی، کە هەموویان وازیان لە ئاینی ئیسلام هێنا، تەنها سێ جێگە نەبێت کە وازیان نەهێنا ئەوانیش مەککە و مەدینە و دێیەکی بچووک بەناوی هیجرە کە ئێستا دەکەوێتە بەشی وڵاتی بەحرەینەوە.

لە دوای هەموو شكستێكی موسوڵمانان بەرزبوونەوە و سەركەوتنێكی گەورە ڕوودەدات، نموونەشمان سەردەمی پێغەمبەری ئازیز ﷺ بوو كە موشكریكەكان و جولەكەكان دژایەتی ئەو ئازیزەیان دەكرد، سەردەمی دووەمیان ئەبوبەكری صدیق ڕەحمەتی خوای لێ بێت بوو لە دوای سەردەمی ردە، موسوڵمانان توانیان فارس و ڕۆم فەتح بكەن، لە دوای فیتنەی سەردەمی پێشەوامان عوسمان ڕەحمەتی خوای لێ بێت، كە شكستێكی زۆر هات بەسەر موسوڵماناندا، پاشان موسوڵمانان توانیان لە سەر دەستی پێشەوامان عەلی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەسەڵات بگرنەوە دەست، دوای ئەوە ئەمەوییەكان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست و توانیان بەردەوام بن لە فەتح كردنی وڵاتاندا سەردەم و زەمەنێكیش كە ئەم دەسەڵاتە بەرەو ڕۆچوون و ئاوا بوون ڕۆی گەندەڵی كەوتەوە ناو بەنی ئومەیە، سەر لەنوێ بەنی عەباس توانیان سەروەری و سەربەرزی بۆ ئیسلام بگەڕێننەوە، تا بەم شێوە هەستان و كشان بەردەوام بوو، هەموو سەردەمە ئیسلامیەكان هاوشێوەی یەكدی بوون، تا گەیشتە سەردەمی ئەیوبیەكان و وە كۆتای سەردەمی عوسمانییەكان كە توانیان هەموو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا فەتح بكەن كە لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین دەسەڵاتی سەر زەوی بووە.

ئێستا بەرچاو ڕوونییەكمان هاتە پێشچاو كە سوننەتی خوای گەورە چۆنە لەگەڵ موسوڵماناندا، بێگومان بن لەوەی كە موسوڵمانان لە دوای سەركەوتنیان شكست دێنن ئەگەر لە سەر بەرنامەی ئیسلام نەڕۆن، وە بێگومانیش بن كە لە دوای هەموو شكستێكی موسوڵمانان سەركەوتنێكە.

دەبێت ئەوەش باش بزانین كە لە نێوانی خوای گەورە و مرۆڤەكاندا خزمایەتی نییە، تەنها یاسا و ڕێسایەكە كە بۆمان دیاری كراوە، وەك ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت: يَا فَاطِمَة بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَلِينِي مَا شِئْتِ لَا أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللهِ شَيْئًا.

موسوڵمانان دەبێت باش ئەوە بزانن كە ئەگەر لە ڕێگەی پێغەمبەری خوا ﷺ لایان دا ئەوە دڵنیا بن لەوەی كە شكست هەر دێت، وە ڕووخانێكی ترسناك چاوەڕێیانە، وەك ئەوەی كە لە ئەندەلوس دا بینیمان، وە لە هەموو سەردەمەكانی موسوڵماناندا باس كراوە وە خۆشمان كەم تا زۆر بە چاو بینیومانە.

سەردەمی ئێستای موسوڵمانان كە تێدایدا دەژین:

لەوانەیە كەسێك بپرسێت چۆن ئەتوانی پۆلێنی موسوڵمانانی ئێستا بكەیت لەم سەردەمی تەكنەلۆجیا و پێشكەوتنەدا كە موسوڵمانان هیچ بەرز بوونەوەیەكیان پێوە دیار نییەو وە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕۆچوون دەچن؟

لە ڕەوشی ئەمڕۆماندا و كە چاودێرانیش قسەیان لەسەر كردووە كە سەدەی بیست و یەكەمە وە موسوڵمانان لە قۆناغی شكستان، شكستێك كە هاوشێوەی زۆر كەم بووە لە مێژوودا، شكستێكی زۆر گەورە، وە پارچە پارچە بوونی موسوڵمانان بە گشتی و شكستی ڕاستەوخۆی خیلافەتی ئیسلامی، پێشتر ئەگەر ئومەتی ئیسلامی بكەوتایە دەیان توانی لە دەوری خیلافەتێكدا خۆیان بیننەوە، بەڵام ئێستا خیلافەت بە تەواوەتی نەماوە و لە مێشكی خەڵكیدا دەرهێنراوە، ئەمەش

یەکێکە لەسەردەمە سروشتیەکانی موسوڵمانان کە پیایدا تێدەپەڕن، یاخود دەتوانین بڵێین کە یەکێکە لە سوننەتەکانی خوای گەورە.

دوو هۆکاری شکست هەیە لە ئومەتی ئیسلامیدا کە قۆناغەکانی سەردەمی پێشووی موسوڵمانان بە خۆیانەوە نەدیوە.

قۆناغی یەکەم: بریتیە لە نەمانی خیلافەت، کە ئەمەش ڕووداوێکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی موسوڵماناندا ڕووی داوە. پێشتر موسوڵمانان لە دەوری وڵاتێکدا کۆ دەبوونەوە، گەرچی وڵاتەی بەرەو شکست و ڕۆچوونیش بڕۆشتایە، بەڵام هەر لەو سەردەمی لاوازی و بێ دەسەڵاتیەی نوێنەری موسوڵمانانی دەکرد، واتا شێوە و ڕوخساری خیلافەتی ئیسلامی ئاوا نەدەبوو، لە بەرچاوی خەڵکیدا دەسەڵاتەکە هەر دەمایەوە.

لە سەدەی یەکەمی کۆچیەوە کە خیلافەتی ئەمەوی دەستی پێ کرد، وە لە سەدەی چواردەیەمی کۆچی کە خیلافەتی عوسمانلی ڕووخا، ئیسلام و سیاسەت بە یەکەوە بوون دین و دەوڵەت و هاوبەش بوون، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە.

قۆناغی دووەم: ئاوابوونی ڕێسا ئیسلامیەکان، لە هیچ سەردەمێکی موسوڵماناندا کە موسوڵمانان شکستیشیان هێنا بێت، یاخود پارچە پارچە بوون کەوتبێتە نێوانیانەوە، هەر یاسا و ڕێساکانی خوا و پێغەمبەرەکەی سەروەر بوون لە وڵاتدا، هەرگیزاو هەرگیز بانگەواز بۆ ئەوە نەکراوە کە دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، ئێستا داوای ئەوە دەکرێت کە ئاین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە و یاسای دەستکردی مرۆڤ دابمەزرێت.

ئەم دوو هۆکارەی کە باسمان کرد بۆتە هۆکاری ئەوەی کە گۆڕانکاریەکان زۆر ئاستەم و ئاڵۆزی و قورسی پێوە دیار بێت، بەڵام چاککردنی ئاستەم لە سوننەتی خوای گەورەدا نیە و هەر دەبێت ببێت. ئەگەر موسوڵمانان خۆیان گورج کردەوە، ئەوا بۆ خوای گەورە زۆر ئاسانە کە تا ڕۆژی قیامەت دەوڵەتێدان بۆ دابمەزرێنێت.

ئێستا مژدەیەکی زۆر هەیە بۆ دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە، هەرچەندە لە دوای ڕووخاندنی خیلافەتی عوسمانلیەوە لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچی کە ئەو دەوڵەتە شکستی هێناو ئاوا بوو لە زۆر جێگەی جیهانی ئیسلامیەوە دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرا، هەموو دەوڵەتە ئیسلامیەکان کە دروست بوون لە سەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەگەری دروست بوون، بێجگە لە سعودیە کە مۆرکی ئیسلامەتی پێوە ماوە، پاشان لێرەو لەوێ سەحوەی ئیسلامی بانگەوازی خۆی دەکات، بانگەوازی ئیسلامی لە ساڵەکانی حەفتاوە دەستی پێکردووە کە لە ساڵەکانی نەوەدەدا برەوێکی باشی پێدرا.

موسوڵمانان ئێستا زۆر بەهێزترن لە چاو سەد ساڵ لەمەو پێشدا، موسوڵمانان ئێستا زۆر زاناترن بە دینەکەیان ئاوەکو پێشتر، موسوڵمانان توانیویانە بگەنە لەوپەڕی جیهان ئێستا لەگەڵ ئەوپەڕی بێدەسەڵاتی و بێ توانایانەوە لە ڕووی سەربازیەوە، توانیویانە ڕێکخراو و کۆمەڵکاری لە هەموو جیهاندا دروست بکەن وە ڕۆژبەڕۆژ خەڵکی بۆ ئەم ئیسلامە بکەڕێننەوە، ئەگەرچی موسوڵمانان وازیان لە جیهاد نەهێناوەو بەردەوام لە جیهاد و خەباتدان بۆ ئەم ئیسلامە، نمونەی فەلەستین، چیچان، عێراق، ئەفغانستان ئەگەرچی لە لایەن نەسرانییەکانەوە یاخود کۆمۆنیستەکان وە یاخود

بوەكانەوە بووبێت، موسوڵمانان بە درێژای مێژوو نەیان هێشتووە خاكیان داگیر بكرێت وە ئەگەر داگیریش كرابێت هەر لە جیهاد دان بۆ وەرگرتنەوەی، بێگومان ئەمەش مژدەی سەركەوتنی موسوڵمانانە لە جیهاندا، ئەگەرچی رووداوەكان خێرا نین، بەڵام ئەگەر موسوڵمانان ژیانی لەسەر بگرێت ئەوا سەركەوتن نزیكە.

گومانی تێدا نییە كە موسوڵمانان چەندە بە هێواشی بچنە پێش، بەڵام سوننەتی خوای گەورە وایە ئەگەر ئارام و خۆ بەخش بن ئەوا خوای گەورە بە خێرای سەركەوتنیان بۆ دێنێتە پێش.

پێغەمبەری خوا ﷺ ١٣ ساڵ بانگەوازی كرد، بەڵام لەماوەی دە ساڵدا زۆر بەخێرای توانی گەورەترین دەوڵەت دابمەزرێنێت، پاشان هاوەڵە بەڕێزەكانی تا هاتە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی و رووخانی، وە بەڵگەشمان بۆ سوننەتی خوا (فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَحْوِيلًا) فاطر٤٣.

دەست پێكردنی سەردەمی پادشای هۆزەكان (عهد ملوك الطوائف):

سەردەمی پادشای هۆزەكان لە ساڵی ٤٠٠-٤٨٤ كۆچی لەم سەردەمەدا كە بەو شێوە ناوزەد كراوە خاكی ئەندەلوس بەسەر هۆزەكاندا دابەش كرا بە حەوت هەرێم.

یەكەم هەرێم: بەنو عەباد

ئەمانە لە بنەڕەتدا خەڵكی ئەندەلوس بوون، كە نازناوی موەلیدینیان هەڵگرتبوو، ناوچەكانی ئیشبیلیەیان بردبوو بۆ خۆیان.

دووەم هەرێم: هەرێمی بەنو زیری

ئەمانیش لە رەچەڵەكدا بەربەر بوون، ناوچەكانی غەرناتەیان خستبووە ژێر ركێفی خۆیانەوە، ئیشبیلیە و غەرناتە دەكەونە باكووری ئەندەلوس.

هەرێمی سێیەم: بەنو جەهور

ئەمانیش لە رەچەڵەكدا لە نەوەی ئەبو حازمی جهور بوون، كە گەورەی دیوانی راوێژ بوو، ناوچەكانی قورتوبەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە لە ناوەڕاستی ئەندەلوس.

هەرێمی چوارەم: بەنو ئەفطەس

هەروەها ئەمانیش لە بەربەرەكان بوون، لە رۆژئاوای ئەندەلوس نیشتەجێ بوون وە میرنشینێكیان دروست كرد بەناوی بطلیوس، كە دەكەوتە ئەوپەڕی ئەندەلوس لە باكوور.

هەرێمی پێنجەم: بەنو زیلنون

ئەمانیش بەربەر بوون، لە ناوچە باكوورییەكان لە نزیك طوڵەیطلە نیشتەجێ بوون، واتا لە ناوەندی باكووری ئەندەلوس دا.

هەرێمی شەشەم: بەنو عامر

ئەمانیش لە نەوەكانی بەنی عامر بوون، كە رەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە بۆ یەمەن، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئەندەلوس نیشتەجێ بوون، پایتەختەكەیان بەلەنسیا بوو.

هەرێمی حەوتەم: بەنو هود

ئەمانیش ناوچەكانی ساراگۆستایان برد بۆ خۆیان، لە بەشی باكووری سەرەوە واتا باكووری ڕۆژهەڵات.

تا بەو شێوەیە وڵاتی ئەندەلوس كرابوو بە حەوت پارچەی نیمچە یەكسانەوە، هەر لایەو لەسەر بنەمایەك خۆیان جیا كردبووەوە، كۆمەڵێكیان بە ناوی بەربەر، كۆمەڵێكی تریان بە ناوی عەرەب، وە كۆمەڵێكی تریان بە ناوی ئەسپانی ئەسڵی، هەروەها ئەم هەرێمانەش لە ناو خۆیاندا كرابوون بە چەند بەشێكی ترەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد ۲۲ دەوڵەتی دیكە دروست بووبوو لەناو ئەو حەوت هەرێمە موسوڵمانەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ٪۲٥ ڕووبەری ئەندەلوس بە دەست نەسڕاكانەوە بوو.

سەرووەری ئەندەلوس لە دوای ڕووخاندنی خیلافەتی ئەمەوی تا بەو شێوەیە پارچە پارچەی و جیا بوونەوە لە نێوانیاندا ڕوویدا كە ئەو هەموو دەسەڵاتەی لێ كەوتەوە، ئەو سەردەمەش ناسرا بە سەردەمی تایفەگەری سەردەمی سەرۆك هۆزەكان، ئەم ناوەش زۆر بە ڕوونی ئەو ڕەوشە هەڵدەگرێت كە پارچە پارچە بووبوو بەسەر ئەمیرو پادشاكاندا، هەندێك لەو ناوچانەی كە بەدەست ئەمیرە موسوڵمانەكانەوە بوو خۆیان توانای بەڕێوە بردنیان نەبوو، بەڵكو ناڕاستەوخۆ نەسرانیە ئیسپانییەكان چاودێریان دەكردن و لە ژێرەوە فەرمانڕەواییان دەكرد، لە كاتێكدا كە ئەندەلوس تا بەو شێوەیە بوو، ئێستا وا نەسارا وا بە ناڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی دەكات، بەتەواوەتی پارسەنگی هێز گۆڕاوە لە نێوە دورگەی ئەندەلوس دا.

## بیست و دوو دەوڵەت و لێکۆڵینەوەیەک لە رەوشی پارچە پارچەبوونیان

پاش مردنی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەنصوری عامری کە ئەو لە ژێر پەردەوە حوکمی ئەندەلوسی دەکرد، واتا هیشامی کوڕی حەکەم خەلیفە بوو وە وەک هێمایەک دانرابوو. لە ئەنجامی ئەوانەوە ئەم پارچە پارچەیی و هەرێمایەتیە لە ناو خاکی ئەندەلوسدا دروست بوو، کە گەیشتە بە بیست و دوو دەوڵەتی بچووک لە ناو خاکی ئەندەلوسدا وە ئەسپانیاکانیش لە باکوور وەک گورگێکی برسی دەمیان کردبووەوە لێیان. لە ناو ئەم دەوڵەتانەدا راستی رەوشەکەیان چەند دیمەنێکی ناشیرینی پێوە دیار بوو، بۆ نموونە:

یەکەم: هەریەک لە دەسەڵاتدارانی ئەم دەوڵەتانە خۆیان ناوزەد کرد بە لێپرسراو و ئەمیری موسوڵمانان، زۆربەشیان تەنها شارێکیان بەدەستەوە بوو، کەچی وا خۆی نیشان دەدا کە ئەمیری هەموو موسوڵمانانە لە سەر زەویدا، ئەگەر پیاوێک لە جێگەیەکەوە تەنها شەو و رۆژێک رێی بکردایە لە ناو ئەندەلوس دا سێ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی موسوڵمانانی دەبینی، هەریەک لەو دەوڵەتە ئەوەندەی پارێزگایەکی ئێستا نەدەبوو، وە هەریەکێکیان سەرباز و سوپای تایبەتی خۆیان هەبوو، وە دیواریان بە دەوری وڵاتەکەیاندا دەکرد و نوێنەری جیاواز و میدیای جیاوازیان هەبوو، کە لە راستیدا هیچیان هیچ بنەمایەکی دەوڵەتێدان تیدا نەبوو.

دووەم: هەریەک لەو ئەمیرانەی کە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکیان دەکرد، چاویان بە خاکەکەی خۆیان تێر نەبوایەتەوە و هەوڵی داگیر کردنی برا دراوسێکەی ئەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆیان ئەو هەموو پارچە پارچە بوونە کەوتبووە ناویانەوە توشی کێشەیەکی گەورە بووبوون لەسەر سنور، کە بەداخێکی زۆرەوە زۆربەی موسوڵمانان کەوتبوونە شەڕ لەگەڵ یەکتریدا لە ئەندەلوس دا، قورتوبە هەمیشە کێشەی هەبوو لەگەڵ ئیشبیلیە دا، بەلەنسیا هەمیشە لە شەڕو پێکداداندا بو لەگەڵ ساراگۆستا، هەروەها ناوچەکانی تر ململانێ و کێشمە کێشمی دەسەڵاتیان هەبوو لەو سەردەمەدا.

ئەم رەوشە جێگەی سەرسوڕمانە بۆ خەڵکانێک کە بپرسن ئەگەر والی و ئەمیرەکان بەو شێوە نامرۆڤانەیە شەڕ لەگەڵ براکانیاندا بەکەن، یان پیاوانێک لەدەرەوەی قانون، یان کەسانێک کە دوورن لە فێربوونی ئاینی ئیسلامەوە، ئەگەر بەو شێوەیە شەڕ لەگەڵ یەکدی بکەن وە لە پێناوی دونیاندا هەوڵ بدەن، ئەی لە کوێن سوپای ئەمیرەکان؟ یان لە کوێن سوپای ئەو گەلە بەگشتی؟ یان ئەو گەلەی کە لەسەر پەروەردەیەکی ئیسلامی پەروەردە بوبن چۆن شەڕ لەگەڵ برا دراوسێ موسوڵمانەکەیدا دەکات؟

نوسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەڵێن:

لە راستیدا کارەکان وای لێهاتبوو کە هێمای سەرشۆڕی بوو بۆ کۆمەڵگەی ئەندەلوسی لەو سەردەمەدا کە هەموو میدیاکانی دەوڵەتەکان مەبەست لە میدیا شاعیرەکانە بە گشتی کە بەشان و باڵی ئەمیرەکانی خۆیاندا هەڵیان دەداو بە سەرکردەی خاوەن هێز و توانا ناویان دەبردن، دەسەڵاتیان وایان لێ کرابوو کە وەک خوایەک نیشانی خەڵکی دەدران، یان زۆرجار بە خەڵکانێکی خاوەن حیکمەت و یاسا دانەر بانگیان دەکردن، کە زۆربەی زۆریان بە شێر و چەپوک و پڵنگ و

شمشێر ئاوزەد دەکران، لە ڕاستییدا هیچیان پشیلەیەکیشیان نەدەهێنا، هەرکاتێک خەڵکێکیان بینی کە ئاوا بە ئەمیرەکانیاندا هەڵیان داو وە خۆشی گوێی نەدا بە دین و ژینی خوای گەورە، بەو شێوەیە باسیان دەکات: فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ ﴿٥٤﴾ الزخرف. واتە: (فیرعەون) هیچ نرخی دانەنا بۆ قەوم و گەلەکەی، بە سوکیی سەیری دەکردن، ئەوانیش (گێلانە) ملکەچ و فەرمانبەرداری بوون، بەڕاستیی ئەوانە قەومێکی فاسق و ئاوانبارو گوناهکار بوون.

لەهەمان کاتدا ئەمیرەکان فەرمانڕەواییان دەکرد بە زۆرو ستەملێکردن لە خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژار، زۆربەی زۆری سوپاکانیان لەسەر ورگی خەڵکی دەژیاند، سوپاش بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوای دەکرد، هیچ کەسێک نەیدەتوانی ڕەئی خۆی بە ئازادی دەربببڕێت، بە زمانی سەردەمی ئێستا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بوو. لە هەمووی ترسناکتر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک فتوا دەرچوو کە بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا کە ئەمیرەکان دەتوانن شارەکانی کە بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بۆ نموونە فتوا درا کە قورتوبە جەنگ لەگەڵ ئیشبیلیە دا بکات، فتوایەکی تر دەرچوو بۆ کە ئیشبیلیە جەنگ لەگەڵ بطلیۆس دا بکات، هەروەها فتوا دەرچوو بوو بۆ بطلیۆس کە جەنگ لەگەڵ چواردەوری خۆیدا بکات.

دووەم: لە هەمووی ترسناکتر و سەرشۆڕی تر بۆ ئەو ماوەیەی کە موسوڵمانانی تێدا دەژیان لەگەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانە توانای نەبوایە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ براکانیدا، دەچوو داوای هێزی لە وڵاتانی نەسارا دەکرد تا بجەنگێت لە بەرانبەر برا موسوڵمانەکانیدا، نەساراکانیان دەکرد بە برا گەورەی خۆیان بۆ لێدانی موسوڵمانان، زۆر لەو موسوڵمانانە ڕوویان کردە پاشای قشتالە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ موسوڵمانان، ئەویش لەئاو ئەوەی کە ڕووی کردۆتە پاشای قشتالە دەچوو پەیمان و هاوکاری لەگەڵ پاشای ئەرەگۆن دا دەکرد وەیان داوایان لە پاشای لیۆن دەکرد لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتدارە نەسرانیانە کە لە ٢٥%ی خاکی ئەندەلوسیان بەدەستەوە بوو کە عەبدوڕەحمانی ناصر جزیەی لێ وەردەگرتن، لە دوای ئەویش حاج یلمەنصور ئێستا ئە موسوڵمانان داوای کۆمەک و یارمەتی لەوان دەکەن.

سێیەم: قێزەون ترین وە سەر شۆڕترین کردەوە کە موسوڵمانان پێیدا تێپەڕیون وە جێگەی تێرامانە، موسوڵمانان وە ئەمیری موسوڵمانەکان لەو ماوەیەدا جزیەیان دەدا بە نەسارا، کە جزیەیان دەدا بە ئەلفۆنسۆی شەشەم کە فەرمانڕەواو پاشای قشتالە بوو، کە وڵاتەکەی گەورە کردبوو لە سەرحسابی موسوڵمانان واتا لەسەردەمی مولوک طەوائیفدا، ئەم پاشایە توانی مەملەکەتی لیۆنیش بخاتە سەر قشتالە واتا دەسەڵاتی قشتالە و لیۆن یەک پاشا فەرمانڕەوای دەکرد کە ئەویش ئەلفۆنسۆی شەشەم بوو، کە گەورەترین وڵاتی نەسارا بوو لەو سەردەمەدا کاتێک کە ئەمیری موسوڵمانان جزیەیان دەدا تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان بمێنێتەوە لە جێگە و ناوچەکانی خۆیاندا، وە ئەمیرەکانیش بە ئاشکرا دەیان وت بۆیە جزیە دەدەین تەنها بۆ ئەوەی سەروەت و سامان و حوکم ڕانیمان پارێزراو بێت لە دەست حاکمە کانی تر، بەڵام لە بیریان چووبوەوە کە خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ

ظالمینَ ﴿٥١﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن. ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت ئەوە هەر لەوانەو (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَن تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ فَعَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِ فَيُصْبِحُوا عَلَى مَا أَسَرُّوا فِي أَنفُسِهِمْ نَادِمِينَ ﴿٥٢﴾ المائدة. واتە: بە روونی دەبینی ئەوانەی دڵیان نەخۆشەو (ئیمان لاوازن) بە پەلە دەچن بۆ لایان و دەڵێن: دەترسین تووشی بەڵایەك بین یا كارەساتێك بێت بەسەرمان دا، جا دوور نییەو لەوانەیە بەم نزیکانە خوا سەرکەوتن ببەخشێت (بە ئیمانداران) یاخود بە شێوەیەکی یەکسەریی بە (معجزة)یەك لەلایەن خۆیەوە (سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت) ئەو کاتە باوەڕ لاوازان پەشیمان دەبنەوە لەو نهێنی و بیرۆکەو خەیاڵەی لە دڵ و دەروونیان دا شاراوەبوو.

ئێمان بە چاوی خۆمان ئەو ڕووداوانە دەبینین لە کۆتاییدا کە موسوڵمانان هانا و پەنا بەرن بۆ نەیارەکان گەرچی بە ئاشکرا و بە نهێنیش بێت، بەڵام خۆیان لە کۆتاییدا زەرەر مەند و سەرشۆڕ و زەلیل دەبن، بەرانبەر بە خوا وە بەرانبەر بە خەڵکی موسوڵمانان وە تەنانەت بەرانبەر بە دوژمنەکانیشیان سەرشۆڕ و زەلیل دەبن، چونکە هەرگیزا و هەرگیز موسوڵمان ناتوانێت سەرکەوتن لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بێنێت، چونکە سەرکەوتن دەستکردی ناوخۆیە.

ئەمەش وێنەیەکی گەورەیە کە خوای گەورە پێمان رادەگەیەنێت لە قورئانەکەیدا، کە وەک مەنهەجێک و دەستورێک بۆی دیاری کردووین لە هەموو کات و جێگەیەکدا.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاءَ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) المائدة ٥٧.

وەرگرتنی چەند وێنەیەک لە ڕەوشی هۆز و ئەمیری هۆزەکان:

وێنەی یەکەم: هەرکەس ڕاستگۆ بوو لەگەڵ ئیسلامدا ئیسلام سەربەرزی دەکات، هەروەک لە پێشەوە ڕەوشەکەمان خستە ڕووکە چۆن سەرۆک هۆزەکان و ئەمیری موسوڵمانانی ئەو ماوەیە هەموو جزیەیان دەدا بە ئەلفۆنسۆی شەشەم، بەس تەنها یەک کەس هەبوو کە ڕازی نەبوو جزیە بدات بە ئەلفۆنسۆی شەشەم، ئەویش جێگەی خۆیەتی کە باسی بکەین و ئازایەتی و جوامێری بخەینە ڕوو، ناوی مەتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس بوو کە ئەمیری مەملەکەتی بطلیۆس بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەوشە کە پڕ بوو لە زەلیلی و سەرشۆڕی، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک هەن کە سەربەرزن بەم ئیسلامە. گەرچی ناوچەکەشی بچووک بوو موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس، بەڵام بە ئاشکرا وتی من جزیە نادەم بە نەسارا، هەرچەندە ئەم لە سنوری پاسای نەساریەکان چووبووە دەرەوە کە بە کەسێکی یاخی و تیرۆریست لە قەڵەمیان دەدا لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەو گوێی نەدا بە هیچیان و بە ئیسلامەکەی سەربەرز بوو، وتی ئەگەرچی لەناویش بچم دەمەوێت بە سەربەرزی بمرم.

لەم نێوەندەدا ئەلفۆنسۆی شەشەم نامەیەکی زۆر توڕەی نووسی بۆ موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس
کە چۆن برا موسوڵمانەکانی ئەمیرن و جزیە دەدەن دەبێت تۆش بیدەیت.
موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس وەڵامێکی زۆر خێرا و سەرسوڕمانی بۆ ناردەوە کە ئەو نامەیە
مێژووش و خەڵکیش وەک سەروەرییەکی موسوڵمانان تۆماریان کردووە و هەڵیان گرتووە، کە لەو
سەردەمەی ڕۆچوون و شکستەی موسوڵماناندا ئەم بەوپەڕی سەربەرزی و ئازایەتییەوە وەڵامی
دەداتەوە و موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس لە نامەکەیدا دەڵێت[25].

نامەکەی موتەوەکیل دەڵێت:

نامەیەکمان لە لایەن گەورەی ڕۆمەکان پێگەیشتووە کە تێیدا بە پێوەری دەسەڵات و توانای خوای تاکو تەنیا بانگەشەی هێزو دەسەڵاتی خۆی دەکات، نامەکەی دەگرمێنی و بروسکە دەهاوێت، واتە: هێرش و هەڕەشە دەکات، هەندێ جار بە تەنها هێرشە وە هەندێ جاریش بەیەکەوەن، بە سەربازە زۆر و زەبەندەکانی و حاڵەتە بەرچاوەکانی چاو سوور دەکاو هەڕەشان دەکا، خۆ ئەگەر دەیزانی کە خوا خاوەن چ سەربازگەلێکە، کە ئیسلامی پێ سەردەخاو ئاینی پێغەمبەرەکەی کە موحەممەدە ﷺ بەسەر کافراندا زاڵ دەکا، ئەم سەربازگەلانە بێترس و بێباک لە ڕێگەی خوادا تێدەکۆشن، کوڕگەلێکن بە تەقواو پارێزکاری.. بە پاڕانەوەو تۆبەکاری، ناسراون بە دینداری، ئەگەر ئیشک و بەرقیان بکات بە پشت ڕۆمەکان واتە: ئەگەر دەسەڵات و هێزی جەنگاوەرانی ئیسلام بگاتە ئەو پەڕ، تا پشت قەڵەمڕەوی ڕۆمەکانیش بەتێت، ئەمە بە هێزو دەسەڵاتی خوایە کە گەیاندونی بەم عیزەتە تا بڕواداران بیزانن و دووڕوانیش تێبگەن کە خوا دەیەوێت پیس لە پاک جیا بکاتەوە.

---

[25] وصل إلينا من عظيم الروم كتاب مدع في المقادير وأحكام العزيز القدير، يرعد ويبرق، ويجمع تارة ثم يفرق، ويهدد بجنوده المتوافرة وأحواله المتظاهرة، ولو علم أن لله جنودا أعز بهم الإسلام وأظهر بهم دين نبيه محمد عليه الصلاة والسلام أعزة على الكافرين، يجاهدون في سبيل الله لا يخافون، بالتقوى يعرفون وبالتوبة يتضرعون، ولإن لمعت من خلف الروم بارقة فبإذن الله وليعلم المؤمنين، وليميز الله الخبيث من الطيب ويعلم المنافقين.

أما تعييرك للمسلمين فيما وهى من أحوالهم فبالذنوب المركومة، ولو اتفقت كلمتنا مع سائرنا من الأملاك لعلمت أي مصاب أذقناك كما كانت آباؤك تتجرعه، وبالأمس كانت قطيعة المنصور على سلفك لما أجبر أجدادك على دفع الجزية حتى أهدى بناته إليه. وكان ملك "نافار" جد "ألفونسو السادس" قد أرسل ابنته هدية إلى المنصور حتى يأمن جانبه، وهي أم عبد الرحمن بن المنصور الذي انتهت بحكمه الدولة العامرية كما ذكرنا ويضيف "المتوكل بن الأفطس" قائلا: أما نحن فإن قلت أعدادنا وعدم من المخلوقين استمدادنا فما بيننا وبينك بحر نخوضه ولا صعب نروضه، ليس بيننا وبينك إلا السيوف، تشهد بحدها رقاب قومك، وجلاد تبصره في نهارك وليلك، وبالله تعالى وملائكته المسومين نتقوى عليك ونستعين، ليس لنا سوى الله مطلب، ولا لنا إلى غيره مهرب، وما تتربصون بنا إلا إحدى الحسنيين، نصر عليكم فيا لها من نعمة ومنة أو شهادة في سبيل الله فيا لها من جنة، وفي الله العوض مما به هددت، وفرج يفرج بما نددت ويقطع بما أعددت.

بەڵام ئەم کاڵتەجارییەی کە دەیکەیت بە مسوڵمانان تەنها لەبەر ئەوەیە کە کەوتوونەتە نێو ئاوان و خەتاکانیانەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ تێکڕای پێشەوایانی ئیسلامی ڕێک بکەوتینایە ئەوەدەم دەتزانی کە چ کارەساتێک و دەردێکمان بەسەر تۆو باوکانتان دەهێنا، هەر دوێنێ بوو کە پادشا مەنصور بوو ئەرزو تەختەی ئێوە بوو کە سەرانەی لە باوو باپیرانی تۆ دەسەند و ئەوانیش کچانیان پێشکەش دەکرد.

پادشا ئاڤار کە باپیری ئەلفۆنسۆی شەشەم بوو، کاتی خۆی کچی خۆی بە دیاری بۆ مەنصور نارد، بۆ لە عیززەت و هەیبەتی مەنصور ئەمین بێت، کە ئەویش بریتی بوو لە دایکی عەبدوڕەحمانی مەنصور، ئەو عەبدوڕەحمانەی کە بە رووخانی دەوڵەتی عامریە کۆتایی بە دەسەڵاتی هات هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد.

هەروەها موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس بەردەوام دەبێ و دەڵێت: بەڵام ئێمە ئەمڕۆ ئەگەر ژمارەمان کەمبووە، بەڵام نێوان ئێمەو تۆ دەریایەکە، ئەتوانین کە زۆر ئاسان بیبڕین و بپەڕینەوە بۆت، بزانە کە نێوان ئێمەو ئێوەش لە شمشێر زیاتر هیچی تر نییە، شمشێرێک کە ملی گەلەکەت تامی تیژییەکەی بۆ ئەدەن، هەڵگرانی لە شەوو ڕۆژدا ون نابن و ئەیان بینیت، کەپشت بە یارو کۆمەکی فریشتەکان بەسەرتدا زاڵ دەبن، ئێمە واین لە غەیری خوا لە کەسی تر ناخوازین، هەر بۆ ئەویش دەگەڕێینەوە وە ئێوەش لە یەک لە دوو شتان چێتر لە ئێمە چاوەڕێ نین، سەرکەوتنمان بەسەرتانا بەرەکەتە و نیعمەتە یا شەهیدبوونە لە ڕێگەی خوا، کە رووکردن بۆ بەهەشتە وە هەر لە خوا داوای کۆمەک دەکەم لەو هەڕەشەی کە کردووتە، هەر لەویش دەخوازم کە دەرگەی ڕەحمەت ئاوەڵاکاو فریایان کەوێ لەو جەیشەی بۆ ئێمەت سازداوە لەوێ.

لە دوای ئەوەی کە نامەکە گەیشتە دەستی ئەلفۆنسۆی شەشەم بۆ تاکە ڕۆژێکیش بیری نەکردەوە لەوەی کە هێرش بکاتە سەر ئەو دەوڵەتە بچووکە، هەرچەندە پارەی لە هەموو دەوڵەتەکانی ئەندەلوس دەسەند تەنها دەوڵەتی بطلیۆس بوو نەوێرای داوای لێ بکات وە نە وێراشی بچێتە سەری لە ڕاستیدا خەڵکانێک هەن لە سەر زەویدا کە سەربەرزن بەم ئیسلامە وە هەرکەسیش سەربەرز بوو بە ئیسلام، ئیسلامیش لە پلە و پایەی بەرز دەکاتەوە وەک موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس و ئەو سەربازانەی کەلە گەڵیدا بوون تا بەو شێوە بە چاوی خۆیان بینیان ئەوەی کە بە ڕاستگۆی لەگەڵ ئیسلامدا بێت هەمیشە سەربەرزە وە عەزیزە بەم ئیسلامە.

وێنەی دووەم: ئاوابوونی دەسەڵات و سەرهەڵدانی سەرشۆڕی و زەلیلی موسوڵمانان، ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد لەو وێزگە گەورەیەی کە موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس تێیدا وەستا لە بەرانبەر ئەلفۆنسۆی شەشەم دا خەڵکی ئەندەلوس بەو شێوەیە نەبوون، ئەو ٢٢ دەوڵەتەی کە لە خاکی ئەندەلوس دا بوون زۆر زەلیل و سەرشۆڕ بوون بەرانبەر بە نەسرانییەکان لەو ماوەیەدا کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، موسوڵمانان لەوپەڕی سەرشۆڕی و بێدەسەڵاتیدا بوون لە خاکی ئەندەلوس دا.

ژنەیەک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لە نزیکی فەرەنسا کە کوت و مت مەبەستمان شاری ساراگۆستایە، ئەو وێنەیە باس دەکەین کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە ئەوانەی فەرمانڕەوایی ساراگۆستایان دەکرد کوڕانی بەنو هود بوون، کە یەک لە دوای یەک فەرمانڕەوایی ساراگۆستایان دەکرد. کاتێک کە خەلیفە تەمەنی بەرەو ئاوا بوون دەڕۆشت، دوو کوڕی هەبوو کە بۆ دەسەڵات

کە کوڕی گەورە لە دوای باوک دەسەڵات وابووە کە همیشە وبراتەدا هەمیشە وابووە ئامادە بوون لە فەرمانڕەوایی وبراتەدا هەمیشە وابووە کە کوڕی گەورە لە دوای باوک دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام ئەو خەلیفەیە هەرچی سەیری دەکرد کە کوڕە گەورەکەی کە بۆ دەسەڵات ئامادەیە لە هەمان کاتدا کوڕە بچووکەکەشی گونجاوە بۆ گرتنە دەسەڵات، خەلیفەی ساراگۆستا بیری لەوە کردەوە کە ستەم لەم دوو کوڕەی نەکات، کاری کرد کە جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەم باوکە بۆ دوو کوڕەکەی کە تا ئێستا لە مێژوودا ڕووداوی وا هەرگیز ڕووی نەداوە، هەستا بەوەی کە دەوڵەتی ساراگۆستای کرد بە دوو بەشەوە، خاک و خەڵک وە سوپای بۆ بەشکردن.

کاتێک کە باوکیان مرد ڕۆژانێک تێپەڕی بەسەر ئەو دوو برایەدا کێشە کەوتە نێوانیانەوە لەسەر سنور، برایەکیان هەستا هێرشی بردە سەر براکەی تری بۆ ڕزگارکردنی جێگەکان، لەبەر ئەوەی کە باوکیان هێزەکانی بە پارسەنگی دابەش کردبوو وە سوپاش بچووک بوبووەوە بۆیە بێ هێزی ئەوو بە هەردوو لایانەوە دەبینرا. برا بچووک هەستا بەوەی کە داوای کرد لە پادشای نەسرانی کە زەوی و زارەکەی بۆ وەربگەڕێنەوە لە برا گەورەکەی!

ئەم برایە گوێی بەوە نەدا کە ئەو کەسەی دەهێنێتە سەر براکەی هاودینی نییەو نەسرانیە. ئەگەر خاکی ئەوی بۆ داگیر بکات ئەوا سبەی چاو لە موڵک و سامانی ئەویش دەبڕێت و داگیری دەکات، پاشان پەیمانی بەست لەگەڵ پاشای بەرشەلۆنە کە بە پاشای ئەرەگۆن ناسرا بوو هەروەک ئێستا چۆن ئەو ناوە هەیە دەوترێت سەرۆکی دراوسێکانمان دەمانپارێزن، تا ماڵەکانی وەربگرێتەوە لە براکەی هەموو ئاواتی ئەم برایەش ئەوە بوو کە ببێتە پاشای مەملەکەتی براکەی و بیگەڕێنێتەوە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی.

گەورەترین کوشت و بڕ لەناوچەی بەربوشتەر:

لە دوای ئەوەی ئەم دوو برایە کە کێشە کەوتە نێوانیان برایەکیان پەنای برد بۆ نەسرانییەکان ئەوانیش کاتێدان بە فیرۆ نەداو هاتنە ناو وڵات و مەملەکەتی ساراگۆستا، کە ئەوەی تێدایدا ڕوویدا لەو کوشت و بڕەدا کە لە ڕاستییدا عارەق بە ناوچاواندا دێنێتە خوارەوە لەو کوشت و بڕە کردەوانەی کە نەسراکان کردیان لەو ناوچەدا کە ئێستاش هەموو مێژووی ئەوروپا و ئیسلام باسی لێوە دەکەن کە مێژووی کوشت و بڕی بەربوشتەرە.

نەسراکان چوونە ناوچەی بەربوشتەر، کە لە ڕاستییدا خۆی شارێکی زۆر گەورەی ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوسە، وە وڵاتی موسوڵمانان بووە. خاکی برای بەنو هود بوو کە داگیری کرد پاشای ئەرەگۆن، لە کۆتای مانگی جەمادی ساڵی ٤٥٦ی کۆچی بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ ئەو شارە گەمارۆ درا موسوڵمانان لەو شارەدا گیریان خواردبوو هەرچی داوای یارمەتیدان کرد لە پاشای موسوڵمانەکان لە خاکی ئەندەلوس دا، بەڵام یەک کەس بە هانەیانەوە نەڕۆشت، چونکە هەریەک لەو ئەمیرە بە کێشەی ناوخۆیان دەزانی وە ترس و بیمیش لە دڵیاندا ڕوابوو بەرانبەر بە نەسراکان لێپرسراوانی موسوڵمانان وا هەستیان دەکرد کە پارێزگاریان پێ ناکرێ لە براکانیان بۆیە بەبێ دەنگی بێننەوە باشترە، لە کاتێکدا هەموو ئەمیرەکان کۆبوونەوە تا یارمەتی شاری بەربوشتەر بدەن لەدوای کۆ بوونەوەیەکی زۆر لەنێوانی والی و ئەمیرە موسوڵمانەکاندا کە نەگەیشتنە هیچ

پەنجابێک، لە دوای ٤٠ رۆژ خاکی بەربوشتەر بە دەستی نەساڕاکان داگیر کرا. کاتێک کە نەساڕاکان چوونە ناوەوە لە رۆژی یەکەمدا ٤٠ هەزار موسوڵمانیان سەربڕی، مێژوو نووسێک کە باسی لێوە کردووە بە ناوی یاقوتی حەمەوی کە دەڵێت زیاد لە سەد هەزار کەسیان کوشت، وە حەوت هەزار ئافرەتی کچیان هەڵبژارد لەو شارەدا وەک دیاری پێشکەشی پاشای قوستەنتەنییەیان کرد، ئەو کارەساتەی کە روویدا هاوشێوەی زۆر کەمە لە مێژوودا مەگەر بەس پەروەکان کردبێتیان، کە بە باسکردنیشی دڵ ژان دەکات کە کچیان لە بەردەمی باوکدا هەڵدەگرتەوە و دەیانبرد، وە شەرەفی ئافرەتانیان لە بەرچاوی مێردەکانیاندا دەبەزاند، موسوڵمانیش لە فرمێسک و سەرشۆڕی هیچ شتێکی کەی دەسەڵات نەبوو"[1].

ئەم وێنەیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە نێوانی موسوڵمانان و نەساڕاکاندا چونکە بینیمان لە نەساڕاکان کە چیان کرد بە خەڵکی بۆسنەو هێرسک ئەم مێژوانە هەمیشە دووبارە دەبنەوە، کە پەنجا هەزار ئافرەتی موسوڵمان لەو ناوچەدا دەستدرێژی کرایە سەر وە ٢٥٠ هەزار موسوڵمانیان کوشت تەنها لە بۆسنە و هێرسک دا، بێجگە لە رووداوەکانی کشمیر و کۆسۆڤۆ، وە بەردەوام رۆژانە لە فەلەستین و عێراق وڵاتانی تر دووبارە دەبێتەوە.

کارەساتی کوشت و بڕی بەلەنسیا:

هاوشێوەی ئەم کوشت و بڕو کارەساتەی تر وەک پیشەی نەساڕاکان ئەگەر زیاتر نەبوبێ لە بەربوشتەر کەمتر نەبووە، ئەم کارەساتە لە ساڵی ٤٥٦ی کۆچی، کاتێک کە نەساڕاکان چوونە ناو خاکی بەلەنسیا و هێرشیان بردە سەریان ٦٠هەزار موسوڵمانیان تیدا کوشت. لەگەڵ ئەم هەموو کارەساتەی کە روویدا لە خاکی ئەندەلوس بەرانبەر بە موسوڵمانان وە رۆژانەش زیاتر کوشت و بڕ دەکران، تاکە ئەمیرێکی موسوڵمانان بیریان لەوە نەکردەوە کە چی لە دەور و پشتیدان روودەدات، وە بەبێ هودەی و عەبەسی مابوونەوە لە رووداو کێشەکان، هەرچەند موسوڵمانان سەروەت و سامانێکی زۆریان بەدەستەوە بوو، بەڵام زیاتر سەرقاڵ بوو بوون بە ژینیانەوە نەک بە دینیانەوە. بۆ نمونە هەر لەو ساڵەدا کە موسوڵمانان ئاوا کوشت و بڕیان لێ دەکرا خێزانی یەکێک لە فەرمانڕەواکانی ئیشبیلیە کە ناوی موعتەمەد عەلا اللە‌ی کوڕی عەباد بوو، کاتێک لەبەردەمی کۆشکەکەی خۆیدا دەوەستێت دەبینێت نۆکەر و خزمەت کارەکانی لەناو قوڕدا یاری دەکەن لە دەرەوەی باڵەخانەکەدا ئەمیش حەزی بەوە کرد کەلە ناو قوڕدا یاری بکات هات گێڕایەوە بۆ مێردەکەی کە حەز دەکات لەناو قوڕدا یاری بکات، ئەویش هەستا بەوەی کە خۆڵێکی تایبەتی بۆ دروست کرد وە پارەیەکی زۆری بەکار هێنا بۆ مسک و عەنبەر و گوڵاو بۆ تێکەڵکردنی ئەو گڵ و قوڕە تاوەکو خانمی موعتەمەد عەلا اللە یاری تێدا بکات. سەروەت و سامانی موسوڵمان لەباتی

---

[1] في اليوم الأول من دخولهم قتلوا من المسلمين أربعين ألفا، من روايه ياقوت الحموي، وهناك روايه أخرى تزيدهم إلى مائه ألف وسبوا سبعه آلاف فتاه بكر منتخبه أجمل سبعه آلاف فتاه بكر في المدينه وأرسلوها هديه لملك القسطنطينيه، وأحدثوا من المآسي ما تقشعر منه الأبدان وتنخلع منه القلوب؛ إذ كانوا يعتدون على البكر أمام أبيها وعلى الثيب أمام زوجها، والمسلمون في غمره ساهون.

خزمەتی موسوڵمان بەکار دەهێنرا بۆ گڵی تایبەت تا خاس ئەوەی بەکار بهێنرێت بۆ خزمەتی موسوڵمان بەکار دەهێنرا بۆ گڵی تایبەت تا خاس فەرمانڕەواکان یاری تێدا بکەن، هەروەک مێژوو باسی دەکات دەگێڕنەوە کە وەک دەڵێن ئافرەتێک هیچ شتێکی لەبەر چاو نییە، دەمە بۆڵەیەک دەکەوێتە نێوانیانەوە پێی دەڵێت کە تۆ چیت بۆ من کردووە، وەک پیشەی هەمیشەییان دەڵێن تا ئێستا خێرم لە تۆ نەدیوە بۆیە لە وەڵامدا پێی وت ئەی لە بیرت چوو ئەو هەموو گڵ و عەترەم بۆ کڕیت بە پارە، ئەویش بێدەنگ بوو شەرم گرتی وە زانی کە پارەی موسوڵمانان بووە کە ئەو بەکاری هێناوە بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی.

هەرچەندە بەداخەوە ئەگەر هۆنراوەی هونەرەکانی ئەو سەردەمە بخوێنینەوە دەبینین کە بەشێوەیەکی وا هەڵەیان داوە بە موعتەمەد عەلا اللەدا کە باس لەوەسفی پیاوەتی و سەربەرزی و کەرامەتی دەکەن وە باس لە گەورەی و تۆمار کردنی سەروەری دەکەن، وە زۆر شتی تر کە پێچەوانەی ڕاستییەکانی ژیانی ئەو پیاوەیە.

سوننەتێک لە سوننەتەکانی خوای گەورە وایە هەرچەندە خراپەکاری لە ناو موسوڵمانانندا زۆر بێت، بەڵام کۆمەڵێک لە بانگەوازچیان هەر بانگەوازی خۆیان دەکەن تا ڕۆژی قیامەت ئەگەرچی خەڵکانێک بەرهەڵستکاریان بن، وە ئەو بانگەوازچیانە هەمیشە بەردەوام بوون و دەیانویست کە گەندەڵی و خراپەکاری بکوژێن، بەڵام لە بەر ئەوەی کە دەنگەکان کەم بوون لەو سەردەمە کپ کرانەوە وە تیشکیان زوو کوژایەوە[27].

لە شارەکانی ئەندەلوس دا کە ناوە زلەکان فەرمانڕەواییان دەکرد کە ئەوەندە ناوی گەورەیان لەخۆیان نابوو کە خەڵکی ترسی لێ دەنیشت کاتێک ناوی دەهێنان، بۆ نموونە قادر باللە و معتمد علی اللە ومعتضد باللە و معتصم باللە ومستکف باللە ومؤید باللە، بەڵام لە ڕاستیشدا هەموویان لە ترسا جزیەیان دەدا بە ئەلفۆنسۆی شەشەم کە فەرمانڕەوایی ئیشبیلیە بوو. کەسێکی وەک معتمد علی اللە کە لە ئەوپەڕی باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئەندەلوس بوو، زیاد لە دە دەوڵەت لە پێش ئەمەوە بوون کەچی لەترسا ئەمیش پارەی دەدا بە پاشای قشتالە.

لەو سەردەمەشدا یەکێک لەو کەسانەی کە بەدوای چاکسازیدا دەگەڕا زانای بەناو بانگ ئیبن حەزم بوو هەروەها عەبدویەڕی ئەندەلوسی، ئیبنو حەیانی ئەندەلوسی، ئەبو وەلیدی باجی و خەڵکانێکی زۆری تر لە ناو ئەندەلوس دا کە بە ئەسڵ ئیسپانی بوون هەوڵیان دەدا بۆ نزیک کردنەوەی دەسەڵاتە ئیسلامیەکان، حەقە بە ڕاستبێژی بڵێین ئەو زاناو بانگەوازچیانە درێغیان نەکرد لە بانگەوازی خۆیاندا ، وە دەیانویست کە خەڵکی لەو کارە ناهەموارانەدا بهێننە دەرەوە ئاواتیان بوو کە ڕیزەکان یەکبخەن، بەڵام لە ڕاستییدا زۆر ئاستەم بوو کە موسوڵمانان کۆ بکەنەوە لە ٢٢ دەوڵەتدا تەنها بە زانایان، چونکە ئەوە بە تەنها کاری زانایان نییە دەبێت خەڵکێکی سیاسی و ئیداری لەگەڵیاندا کار بکات تا پارسەنگی بکەوێتە نێوانیان.

---

[27] یەکێک لە شاعیرەکان لەو سەردەمەدا دەڵێت:

مِمَّا يُزَهِّدُنِي فِي أَرْضِ أَنْدَلُسٍ أَلْقَابُ مُعْتَضِدٍ فِيهَا وَمُعْتَمِدِ
أَلْقَابُ مَمْلَكَةٍ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهَا كَالْهِرِّ يَحْكِي انْتِفَاخًا صَوْرَةَ الْأَسَدِ

زۆر پێتەم بوو ئەو خەڵکە لەسەر بیرو باوەڕی یەکبوون کۆمەڵکاریان بکەیت، هەمووی ئامادە بوون بۆ ئەوەی کە یەک بگرن بەڵام خۆیان دەکەوتنە پرسیار کە کێ خەلیفەیان بێت، دەیان وت یا حاکمی قورتوبە بێت، یاخود حاکمی ئیشبیلیە وە یاخود حاکمێک لە حاکمەکانی تری پارچەکە. بۆیە هەر یەکەیان خۆی بە باشتر دەزانی لەوی تر.

بە ڕوونیش وا دەردەکەوتن کە کۆبوونەوەکانیان سەرکەوتوو بووە، لە ژێریشەوە هەموو ڕەفزی یەکیان دەکرد لە بەردەمی ئەو هەموو زانا بەڕێزەی کە پێشتر باسمان لێوە کردن لەگەڵ چەندەها بانگەوازچی بەڕێزی ئەو سەردەمە لە دەیانویست موسوڵمانان یەک بخەنەوە، وە خۆیان بە دوور خست لەو نیعمەتەی کە خوای گەورە پێی بەخشیون کە خوای گەورە دەفەرموێت: وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾ آل عمران. واتە: (هەوڵ بدەن) هەر هەمووتانبە توندی دەست بگرن بە ئاینی خواوە و پەرت و بڵاو مەبن، یادی ئازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، (چونکە) کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون کەچی دڵەکانتانی بە هۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بە یەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر (هەروەها ئەو کاتە) ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستابوون و (خەریک بوو بکەونە ناوی)، بەڵام خوا (بەڕەحم و میهرەبانی خۆی) لەو ئاگرە ڕزگاری کردن، تا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ روون دەکاتەوە، بەڵکو هیدایەت وەرگرن.

هەروەها خوای گەورە سەربەرزی پێ بەخشیون لەو نیعمەتەی کە باسمان کرد وە زیاتر بۆمان روون دەکاتەوە وە دەفەرموێت: وَأَطِيعُواْ اللهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾ الأنفال.

گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەشی بکەن لە هەموو کردارو گوفتارێکداو ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن لەسەر یەکتر یەکدا، خۆ ئەگەر بچن بەگژ یەکداو یەکتر بشکێنن، ئەوە شکست و لاوازی رووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسەڵاتتان لەبەین دەچێت و دەبێت خۆگرو نەفس درێژ بن لەهەم لە مەیدانی جەنگدا، هەم لەناو یەکتردا) چونکە بەڕاستی خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

دیسان لە جێگەیەکی تردا زیاتر بۆمان روون دەکاتەوە و دەفەرموێت: وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ آل عمران. واتە: نەکەن وەکو ئەو کەسانە بن کە ناکۆکی و دووبەرەکیان لەناودا بەرپا بوو، لەیەک دابڕان، دوای ئەوەی بەڵگە ئاشکراکانیان پێ گەیشتبوو (کە سەرکەوتن لە یەکگرتنیدایە)، ئەوانە سزایەکی گەورەو سەخت چاوەڕێیانە.

ئێمە نموونەی ئەم چەند ئایەتەشمان هێنایەوە چونکە تەنها قورئانە شا ڕێگەو سارێژکەری برینەکان و وەڵامدانەوە بۆ رووداو کێشەکان، هەر لە ناو قورئانیشدا وەڵاممان دەست دەکەوێت بۆ هەموو رووداوەکان لە کۆندا و لە ئێستاماندا وە لە داهاتووشماندا. بینیمان کاتێک کە عبدالرحمانی ناصر لەو پەڕی دەسەڵات و هێزو تواناندا بوو هۆکارەکەی ئەوە بوو کە

دەسەڵاتەکەی یەکگرتوو بوو، وەیان ئەو کەسانەی کە کە هاتن فەرمانڕەواییان کرد وە یەکبوونی خەڵکەکەیان پاراست بوو، دەبێت بپرسین ئایا لەبەر چی ئاوا پارچە پارچە بوون، لە بەر خاتری شارێک و گوندێک و ناوچەیەک نەبوو تا خۆیان فەرمانڕەوایی جیهانی تێدا بکەن. یاخود لە بەرخاتری لوتبەرزی و ئارەزووەکانی خۆیان بوو یان لەبەر خاتری ئافرەتان تا قوریان بۆ بێن و یاری تێدا بکەن. یاخود لەبەر خاتری ئەوە بوو تا زیاتر سەرشۆڕی بۆ پاشای نەساراکان بکەن. ئێستاش ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامی هاوشێوەی ئەم ماوەیە لە ئەندەلوس، موسوڵمانان نەک لەسەر ناوچە بەڵکو تەنانەت لەسەر ئیمامەتی و مزگەوتێک شەڕ دەکەن.

ئاوابوونی طوڵەیطلە و لەناوچوونی:
بەردەوام ئێستاش هەر لە سەردەمی هۆزگەرایی (عهد ملوک الطوائفداین) وە زۆر ڕووداوی دڵتەزێن لەناو خاکی ئەندەلوس دا ڕوویدا، بەڵام لە هەمووی ترسناک تر و خەفەت بارترینیان شاری طوڵەیطڵەی پایتەختی کۆنی ئیسپانیا بوو، لە کە ساڵی ٤٧٨ی کۆچی بەتەواوەتی طوڵەیطڵە گیراو لە دەستی موسوڵماناندا نەما.
طوڵەیطڵە ئەو شارە بەهێزە بوو کە بەیەکێک لە شارە گەورەکانی ئەندەلوس دەژمێردرێت کە پێشتر پایتەختی قوتی نەساراکان بوو پێش ئەوەی موسوڵمانان بێنە ناو خاکی ئەندەلوسەوە کاتێک کە موسا کوڕی نصیر و طارقی کوڕی زیاد فەتحیان کرد، نزیکەی ٣٥٠ ساڵ موسوڵمانان فەرمانڕەواییان تێدا کردووە.
طوڵەیطڵە ئەو شارە بوو کە طارقی کوڕی زیاد بە شەش هەزار کەس توانی فەتحی بکات، کە تەنها بە ترسی مانگە ڕێیەک سەرکەوت بەسەر ئەو شارەدا.
طوڵەیطڵە ئەو شارە بوو کە عەبدوڕەحمانی ناصر جزیەی وڵاتانی نەساڕای تێدا کۆ دەکردەوە بۆیان دەهێنا بۆ ئەو شارە، کە وەک دەگێڕنەوە شاری لینو حەیانی ئەندەلوسی بوو کە زانایەکی بەناوبانگ بووە.
طوڵەیطڵە ئەو شارە بوو کە قەڵا و دیوارەکانی بەهێزترین قەڵا و دیوار بوو وە چواردەوریشی بە شاخ ڕازێنرابووەوە، بەناوبانگ بوو لە باخ و باخاتی جوان. کاتێک کە طوڵەیطڵە گیرا و ڕووخا پێش نۆ مانگ لە گیرانی پاشای نەساراکان توشی کێشەیەک بوو لە وڵاتەکەی خۆیدا ڕای کرد بۆ طوڵەیطڵە داوای پەناهەندەی لە هاوڕێکەی کرد کە ناوی موقتدر باللە بوو کە ئەو سەردەمە فەرمانڕەوای طوڵەیطڵەی دەکرد کە حاکمی طوڵەیطڵە وەکو هاوڕێیەک هەموو ناوچەکانی گەڕاند و قەڵاو ناوچەکانی تەونی نیشان دا، کەچی کاتێک کاری پێی نەما فەرمانڕەواییەکەی و دەسەڵاتەکەی لە ناو برد.
کاتێک کە کابرای نەسرانی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی یەکەم کاری گرتنی شاری طوڵەیطڵە بوو وە زۆر دڕندانە هێرشی کردە سەری وە توانی بیگرێت و بیخاتە سەر وڵاتی خۆی، کە پێشتریش خۆی بە هاوڕێی ئەو دەدا لە قەڵەم و داوای پەناهەندەیی لەو دەکرد بۆیە خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین وە ئاگاداری کردووینەتەوە کە دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن

تؤمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ ﴿١﴾ الممتحنة. واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان بناسن و مەیەڵن لە دڵەكانتانا خۆشەویستی و سۆز هەبێت بۆیان، چونكە ئەوانە باوەڕیان نییە بەو ڕاستییەی كە بە ئێوە گەیشتووە، ئەوانە پێغەمبەرو ئێوەشیان دەركرد لە مەككە، لەبەر ئەوەی كە باوەڕتان بە خوای پەروەردگارتان هێنابوو، جا ئەگەر ئێوە بۆ تێكۆشان و ڕەزامەندیی من دەرچوون لە وڵات (ڕاست نییە) لە نهێنییەكان ئاگاداریان بكەن و ئەوەندە سۆزتان هەبێ بۆیان، لە كاتێكدا كە من چاك ئاگادارم بەوەی كە دەیشارنەوەو بەوەش كە ئاشكرای دەكەن، جا ئەوەی كاری وا بكات ئەوە ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی ون كردووە.

ئەمەو چاكەو پیاوەتی موقتەدر باللە‌ی بەوە دایەوە كە وڵاتەكەی گرت و خۆشی بە ئەسیر گرت.

لە دوای گرتنی طوڵەیطیلە جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات توشی ڕاچڵەكانێك و ترسێكی گەورە بوون[٣٨].

گەمارۆی شاری ئیشبیلیە:

لە دوای ئەو كارەساتانەی كە ڕوویدا هاوكات گەمارۆی شاری ئیشبیلیەش دەدرێت، لە ڕاستیشدا شتێكی سەرسوڕمانە ئەوەی كە فەرمانڕەوای شاری ئیشبیللەی دەكرد لەهەمانكاتدا جزیەی دەدا بە ئەلفۆنسۆی شەشەم، وە ئەم شارەش زۆر دوور بوو لە مەملەكەتی قشتالەوە كە دەكەوتە باشووری ڕۆژئاوای ئەندەلوس.

كاتێك كە ئەلفۆنسۆی شەشەم كە پاشای قشتالە بوو نوێنەری خۆی نارد بۆلای فەرمانڕەوایی ئیشبیلیە كە وەزیرێكی یەهودی سەرپەرشتی ئەو نوێنەرانەی دەكرد وەك پیشەی هەمیشەیان دەچوون بۆ كۆكردنەوەی جزیە. ئەم نوێنەرانە چوونە لای موعتمد علی الله كوڕی عباد وە ئەویش جزیەكەی بۆ ئامادە كردبوون، بەڵام وەزیرە یەهودیەكە زۆر بە لوت بەرزیەوە بێجگە لەوەی كە جزیەكەی لێ وەرگرت داوایەكی تری لێ دەكات كە داواكاری لەو شێوەیە تا ئێستا لە مێژوودا ڕووی نەداوە، موعتمد علی الله پێی وت داواكاریەكەتان چییە پاشان بە لوت بەرزیەك و زۆر بێ ئەدەبانە وەزیرە یەهودیەكە وتی بەم نزیكانە خێزانی ئەلفۆنسۆی شەش منالی دەبێت،

[٣٨] ترسێكی زۆر ڕووی كردە وڵاتی ئەندەلوس كە وێنەی شكستی ئەو شارە ئەوەندە قورس بوو لەسەر دڵی موسوڵمانان كە تەنها لە بێزاری شكستی ئەو شارەدا ئیبنو عەسال بۆمان باس دەكات كە یەكێكە لە شاعیرانی ئەو سەردەمە وە لە باسی گرتنی طوڵەیطیلەدا دەڵێت:

شُدّوا رَواحِلَكُمْ يا أَهلَ أَندَلُسٍ فَما المُقامُ فيها إلا مِنَ الغَلَط
الثَّوبُ يَنسَلُّ مِن أَطرافِهِ وَأَرى ثَوبَ الجَزيرَةِ مَنسولاً مِنَ الوَسَط
مَن جاوَرَ الشَّرَّ لا يَأمَنْ بَوائِقَهُ كَيفَ الحَياةُ مَعَ الحَيّاتِ في سَفَط

ئەلفۆنسۆ داوای کردوە کە ژنەکەی دەنێرێت بۆ ناو مزگەوتی قورتوبە تاوەکو لە ناو مزگەوتەکەدا منالەکەی بێنێت.
موعتمد علی الله زۆر سەری سوڕما لەو داواکاریەی کە داوای دەکەن وتی هیچ پەیوەندیەکی لەم شێوەیە لە نێوانماندا نیە وە شتی واش نابێ روو بدات، دووبارە وەزیرە یەهودیەکە وەڵامێکی زۆر رەق و زۆر توڕەی دایەوە وە تەنانەت بە جنێویشەوە بەرانبەری قسەی کرد وتی قشەکانی قشتالە بە ئەلفۆنسۆی شەش یان وتووە ئەگەر تۆ منالەکەت لەناو مزگەوتی گەورەی موسوڵمانان لەدایک بێت ئەوا تۆ لەو مزگەوتە دەخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە، کاتێک ئەو کارەی بە چاوی خۆی بینی و ئەو رەوشتەی کە بەکاری هێنا وەزیری یەهودی وە عیزەت گرتی و ئەو کارەشی پێناخۆش بوو کە بەرانبەر موسوڵمانان بکرێت بەو شێوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە موعتمد علی الله خاوەنی دەسەلاتێکی تایبەتی خۆیەتی وە سروشتی دەسەلاتیشی وای لێ دەکات کە غیرە بیگرێت و نەیەڵێت ئەو کارە ئەنجام بدرێت، بۆیە بەئاشکرا پێی وت ئێمە بەس جزیەتان دەدەینێ، وە رێگە نادەین کە ئەو کارە بکرێت، بۆیە وەزیرە یەهودیەکە لە بەرچاوی کەسایەتیە دەسەڵاتدارەکانی ئیشبیلیە زۆر بە ئاشکرا قسەی بە موعتمد علی الله وت تەنانەت جنێوی دا بە شەرەفی خەلیفە.
لەو کاتەدا موعتمد علی الله خۆی هەستا و دەستی دایە یەخەی وەزیرە یەهودیەکە و یەهودیەکەی وە هەموو نێردراوەکانی گرت و وەزیرەکەی سەربڕی و سەرەکەی ناردەوە بۆ ئەلفۆنسۆی شەش وە پێشی وت کە جارێکی کە لە دەستی ئێمە جزیە وەرناگریت وە ئەو شەکرەشی کە شکاندوتە کە خێزانت بێتە ناو مزگەوتی قورتوبەوە منالی بێنێت قاچی ژنەکە دەشکێنین وە سکیشی هەڵدەدڕین ئەگەر بیەوێت بێتە ئێرە وە هەرگیز رێگە بەو کارە نادەین.
کاتێک کە هەواڵەکە گەیشتەوە ئەلفۆنسۆی شەش شێت بووتێک گرتی لەسەر کورسی دەسەڵاتی هاواری کرد سوپام بۆ کۆ بکەنەوە تاکو خاکی موسوڵمانان هەمووی بسوتێنم، لە پاش ئەوەی کە سوپای کۆ کردەوە هەموو ناوچەو دێهاتەکانی دەوروبەری ئیشبیلیەی سوتاند، وە گەمارۆی شاری ئیشبیلیەی دا وە لە دەوروو بەری قەڵاو دیوارەکانی ئیشبیلیە وەستا، نامەی نارد بۆ موعتمد علی الله ئەگەر بێت و دەرگەکانی بۆ نەکاتەوە ئەوا خۆشی و ناویشی دەسوتێنێت.
موعتمد علی الله رۆژ بە رۆژ دیوارەکان و قەڵاکانی بەهێز تر دەکرد، موسوڵمانانیش تووشی شکستێکی دەرونی بووبوون، بۆ ماوەیەک گەمارۆی شارەکەی دا وە نەیدەتوانی بچێتە ناو شارەکەوە بۆیە دیسان نامەیەکی دیکەی نووسی بۆ موعتمد علی اللەی کوڕی عباد وە تێیدا دەڵێت مێشەکانی دەوروبەری شارەکەت لە دەورووو پشتم کۆبوونەتەوە ئەگەر ئەتوانی باوەشێنێکم بۆ بنێرە تا ئەو مێشانە لە دەوری خۆم دەرکەم"[٢٩].
ئەلفۆنسۆ دەیویست خۆی بە گەورە نیشان بدات لەبەر چاوی ئەواندا وە بە غرورەوە دەیوت کە سوپا و خەڵکەکەی و قەڵاکەی لە مێش دەچن.

---

[٢٩] "أرسل ألفونسو السادس رسالە قبيحە أخرى إلى المعتمد على الله بن عباد يقول فيها إن الذباب قد آذاني حول مدينتك، فإن أردت أن ترسل لي مروحە أروح بها عن نفسي فافعل".

ڕێکی زۆر سروشتیشە دەبێت موعتمد علی الله‌ی کوڕی عباد وەڵامی نامەکەی بداتەوە هەر لە پشتی نامەکەی خۆی وەڵامی نامەکەی دایەوە، وەڵامەکەش زۆر دوورو درێژ نەبوو کە نامەکەی ناردەوە بۆ ئەلفۆنسۆ و ئەویش نامەکەی خوێندەوە ترس دایگرت و توشی دڵەڕاوکێ و بیم بوو بەڕۆژی نەمابوو کە شاری ئیشبیلیە بگرێت، بەڵام ئەوەندە ترسی لێ نیشت خێرا سوپاکەی کۆ کردەوە و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

دەبێت وەڵام چی بوبێت؟

بێگومان ئەم نامەیە سەردەمێکی تازە و نوێ دێتە پێشەوە لە فەرمانڕەوای ئەندەلوس دا، لە دوای ئەو هەموو ڕووخان و شکستەی کە بەسەر ئەندەلوس دا هات سەرلەنوێ خەڵکی ڕووە و سەربەرزی و عیزەت و دەسەڵات دەڕۆنەوە بەس دەبێت بپرسین نامەکەی موعتمد علی الله کە ناردی بۆ ئەلفۆنسۆی شەش دەبێ چی بووبێت کە وای لێکرد بترسێت و تەنها بە خوێندنەوەی ئەو سوپا گەورەیە بگەڕێنێتەوە بۆ قشتالە، تەنها هەر ئەو نامەیەشە کە سەردەمێکی نوێ دێنێتە پێشەوە.

لە نامەکەدا دەڵێت: کاتێک ئەلفۆنسۆی شەش داوای لە من کرد کە باوەشێنێکی بۆ بنێرم تاوەکو مێش و مەگەز لەخۆی دەربکات، بەڵام وەڵلاهی ئەگەر بێت و نەگەڕێتەوە باوەشێنێکی بۆ دەنێرم لە باوەشێنەکانی المرابطين[20].

هیچ چارەسەرێک نەمابوو لە بەردەمی موعتمد علی الله دا بێجگە لەو زمانە شەڕەنگێزیەی کە بەکاری بێنێت لە بەرانبەر ئەلفۆنسۆدا بۆیە ئاماژەی دا بە یارمەتی مورابطینەکان کە دێن بە هانایەوە وە ئەلفۆنسۆی شەش زانیاری باشی هەبوو لە سەر ئەوەی کە مورابطینەکان کێن، چونکە ئەو ئاگاداری ڕەوشتی وڵاتانی دەرەوەی خۆی بوو. بۆیە خێرا سوپاکەی کۆ کردەوە و گەڕایەوە دواوە.

لەوانەیە هەندێک لەوانەیە بپرسن کە مورابطینەکان کێن؟ تەنها بە ناو هێنانیان وڵاتێک ڕەوشەکەی دەگۆڕێت؟

مورابطین ئەو قارەمان و موجاهیدانە بوون کە تەنها شەیدای مردن بوون وە توانیان دەوڵەتێکی ئیسلامی بەهێز و دەسەڵات دابمەزرێنن کە لە مەراکیشەوە دەستی پێ دەکرد تاوەکو ٢٥ دەوڵەتی ئەفەریقی بۆ خوارەوە. وە ئەم هەواڵە لە دوای گەمارۆی شاری ئیشبیلیەوە دەبیستین دیسان سەردەمێکی نوێ لە ئەندەلوس دا دەست پێ دەکات لەسەر دەستی مورابطینەکان.

وڵاتی ئەندەلوس لەدوای گەمارۆی ئیشبیلیە:

تێگەیشتبوو لەوەی کە هات بەسەر بەربوشتەر و بەلەنسیادا بێت بەسەر موعتمد علی الله لە ئیشبیلیە. بۆیە بیری کردەوە کە داوای یارمەتی لە مورابطینەکان بکات، لەو سەردەمەدا هەموو میر و دەسەڵاتداری موسوڵمانەکان لە ئەندەلوسدا بیریان لەوە کردەوە کە ئەوەی بەسەر

---

[20] والله لئن لم ترجع لأروحن لك بمروحه من المرابطين.

شارەكانی تردا هاتووە بەم ترێكانە بەسەر شارەكانی ئەوانیشدا دێت و شكست دێنن. ئەگەر طوڵەیطیلە لە ناوەڕاستدا بێت و تا بەو شێوەیە بكەوێتە ژێر دەستیان وبێگومان ترێكیشە ی قورتوبە و بطلیۆس و غەرناطە و ئیشبیلیە بكەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی نەسرانییەكان. هەمووی هەستان بە كۆبوونەوەیەك كە ناویان لێنا كۆبوونەوەی گەورەی ئەندەلوس (عقد مؤتمر الی الأندلسي الأول)، كە لە و كۆبوونەوەیەدا بۆ یەكەم جار هەموویان كۆ بوونەوە وە بۆچوونەكانی كرد بە یەك بۆچوون لە سەر رەوشەكان. یەكەم بڕیارێك كە دایان لەو كۆبوونەوەیەدا بوو ئەو بوو زۆر ناڕەزاییان دەربڕی بە توندی بە داگیر كردنی طوڵەیطیلە لە لایەن پاشای قشتالەوە لەسەر ئەو كارەی كە كردویەتی دەبێت طوڵەیطیلە ئازاد بكات. بیریان لەوە كردەوە كە ئەگەر ی پاشای قشتالە بكەن دەڵێن چۆن دەبێت دەوڵەتێكی دراوسێ دەوڵەتێكی دراوسێی خۆی داگیر بكات، چونكە ئەوان ئاشتیەكی سەرتاسەریان بۆ ناوچەكە دەویست كە بەرقەرار بێت، بۆیە ئێمە دەمانەوێت لە ناوچەكەدا لە شەڕ و شۆڕ بە دوور بین وە ئاشتی و هێمنی ناوچەكە بپارێزین تەنها شەڕ ماڵوێرانی و وێرانكاری لێ دەبێتەوە.

ئەوان وا بیریان دەكردەوە كە لە هەموو سەردەم و كاتێكدا دەبێت ئاشتی لەگەڵ نەسرانییەكانی دراوسێیاندا بكەن، بۆیە لەو كۆبوونەوەیەشدا زانا پایەبەرزەكانی ئەندەلوس لەگەڵیاندا بەشدار بوون. زاناكان زۆرباش لە رەوشەكەو لە راستییەكانی ناوچەكە تێگەیشتبوون بۆیە ئەوان ئامۆژگاریان كرد بە جیهاد، چونكە ئەوان دەیانزانی لە مێژووی موسوڵمانانیشدا ئەوەی كە رووی داوە بۆ سەركەوتنیان وە ریزەكانی رێكخستنیان ئەگەرچی كەمیش بوبێتن، بەڵام جیهاد تاكە رێگە بووە بۆ سەركەوتن هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو اللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾(٢٤٩) البقرة. واتە: ئینجا طالوت سەربازانی جیاكردەوەو پێی وتن (وا ئێمە دەڕۆین) (بەڵام) خوا لە رێگوزەرماندا تاقیمان دەكاتەوە بە رووبارێك (دوای ماندوبوون و تینوێتی)، جا ئەوەی تێر لێی بخواتەوە (ئەوە سەربازی) من نییەو (بگەڕێتەوە) وە ئەوەی جگە لە لوپێك زیاتر نەخواتەوە (ئەوە سەربازی) منەو (دەبەڕێتەوەو دەڕۆین)، )جا لەگەڵ ئەو روونكردنەوەیەشدا) زۆربەیان لە ئاوی رووبارەكەیان) خواردەوە، كەمێكیان نەبێت. كاتێك كە پەڕینەوە خۆی و ئەوانەی باوەڕدار بوون لە تەكیا (گەلێكیان) وتیان: ئەمڕۆ (زەحمەتە بەم ژمارە كەمەوە) دەرەقەتی جالوت و سەربازانی بێین، (بەڵام) ئەوانەی كە دڵنیابوون بە خزمەتی پەروەردگاریان دەگەن وتیان: (مەترسن) چەندەها جار دەستەی كەم، زاڵ بووە بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا وە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

كاتێك كە زاناكان ئەم پێشنیارەیان خستە بەردەم لێپرسراوانی موسوڵمانان بە تەواوەتی وتیان كە ئێمە شەڕ ناكەین و دەمانەوێت خوێن بوەستێنین و قسەی زانایانیان شكاند، وتیان لە جیاتی ئەوەی كە شەڕ بكەین دەبێت لەگەڵ پاشای قشتالەدا رێبكەوین بە ئاشتی بۆیە بیریان كردەوە لەگەڵ ئەلفۆنسۆی شەشدا لە سەر مێزی گفتوگۆ گفتوگۆ، بەڵكو نییەتی چاك بكات و ...

پێیانبڵێ بەچی بێڵێت و بیداتەوە دەست موسوڵمانان یاخود بەشێکی بەرێت بۆ خۆی، پاشان پێمانبڵێ پێکەوە بە ئاشتی دادەنیشین و هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست نەبێت، ئەمە بیرو بۆچوونی دەسەڵاتدارانی موسوڵمانان بوو کە داوای زاناکانی ئەندەلوسیان ڕەتکردەوە.

زاناکان وایان پێ باش بوو کە جیهاد بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، لەو کاتەشدا ترس و بیم و دڵەڕاوکێ کەوتبووە ناو خەڵکیەوە، خەڵکی لەسەر ترسنۆکی پەروەردە کرا بوون ئەوە ماوەی چەندین ساڵە کە موسوڵمانان جزیە دەدەن بە نەساراکان، وە شەرمیش نایان گرێت لەو کارەی کە دەیکەن کە تا ڕۆژی قیامەت پەڵەیەکی ڕەشە بە ناو چاویانەوە، ناشتوانن کە هەروا بە ئاسانی واز لە دونیاکانی جیهان بێنن و چەکی جیهاد بکەنەوە شانیان، بۆیە زاناکان پێیان وابوو کە سەر لە نوێ بکەونەوە ناو خەڵکی و بانگەوازی دینی خوای گەورە بکەنەوە و لە جیاتی ئەوەی پەنا بەرن بۆ نەسرانییەکان بڕۆن لەگەڵ دەوڵەتێکی موجاهیدی وەک مورابطینەکان دابنیشن و گفتوگۆ لەگەڵ ئەواندا بکەن و داوا لەوان بکەن کە بێن بە هانایانەوە و بجەنگن لەگەڵ نەساراکاندا وە ئەوان بەرگری لە خاکیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم پێشنیارە ئەقڵانییەیان دا بە دەسەڵاتدارە موسوڵمانەکان، بەڵام دەسەڵاتداران ملیان نەدا بۆ ئەوەی کە جیهاد بکەن ئەترسان لەوەی کە دەوڵەتی مورابطین زۆر بەهێزە و کە هاتە ناو خاکی ئەندەلوسەوە لە دوای ئەوەی کە شکستی هێنا بە نەساراکان وە دەسەڵات لەمانیش وەربگرنەوە، لە دوای گفتوگۆو وتووێژێکی زۆر خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاند بەسەر هەندێک لەو ئەمیرە دەسەڵاتدارانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بوون، یەکێک لەو پیاوانە موعتمد علی الله کوڕی عباد بوو کە پێشتر ئاماژەمان پێدا تەنها بە هێنانی ناوی مورابطین ئەلفۆنسۆی شەش گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی، پێویستە کە داوای یارمەتی لەوان بکرێت چونکە بە هێنانی ناوەکەیان خەڵکێک لێیان دەترسێت"[1].

کاتێک کە پاشای هۆزگەرەکان گوێیان لە قسەکانی ئیبنو عباد بوو کە لە کۆبوونەوەکەدا هەستا وتی من پێم وایە دەبێت داوای یارمەتی لە مرابطینەکان بکەین کە ڕەتی ئەو تەنها لە ناویان دا بەهێزتر بوو تێدایاندا بوو کە بەس قسەکانی دەنووسیەوە وە تێدایدا بوو کە بەرپەرچی بدەنەوە وە هەشبوو کە دەی وت کە دەبێت بترسێت لەوەی کە ڕۆژێک دەسەڵاتەکەت لێ وەربگرنەوە مورابطینەکان، بەڵام موعتمد علی الله وتەیەکی زۆر جوانی دڕکاند کە مێژوو دەی نووسێتەوە، ولی شوانی حوشتر باشترە تاکو شوانی بەراز، واتا پێی باشترە کە یوسفی کوڕی تاشفین بێت و ببێتە شوانی حوشتر لە بیاباندا، بەڵام نامەوێت دەست بە سەر بم بۆ ئەزفەنوش وە

[1] (مەقری نفح الطيب) دەڵێت: لە ناو خەڵکی ئەندەلوس دا نامەکەی کوڕی عباد زۆر بڵاو بوو، خەڵکی ئەو ووشەیان زۆر دووبارە دەکردەوە کە نوسیبووی بۆ ئەلفۆنسۆی شەش، وەڵاهی ئەگەر بگەڕێیتەوە دواوە، ئەوا بە باوەشێنی مورابطینەکان دەتگەڕێنمەوە، وە ناوی مورابطین لەسەر دەستی سەرکردەی ئیمانوو یوسفی کوڕی تاشفین ناسرا بە خەڵکی، چونکە هەمیشە لە بەرانبەر دوژمنەکانی دا سەرکەوتن، وە هەمیشە موژدەی سەرکەوتنی دەدا بەخەڵک وە دڵی خەڵکیشی خۆش دەکرد.

لە قشتالە، وتی ناممەوێت کە خەڵکەکەم لۆمەم بکات، بەکانە شوانی بەراز لە قشتالە، وتی نامەوێت کە خەڵکەکەم لۆمەم

ئەسیری دەستی ئەو بم و بەکانە شوانی بەراز لە قشتالە، وتی نامەوێت کە خەڵکەکەم لۆمەم بکات.

ئەی خەڵکینە ژینی من پێک هاتووە لە دوو بەش، ژینێکیان کە ژینی بێ گومانە وە یان ژینێکی تریان کە ژینی گوماناویە، ئەویش بریتیە لەوەی کە ئایا یوسفی کوڕی تاشفین وەیان ئەزفۆنش کامیان وەفایان دەبێت بەرانبەر بە من کە ئەمەیان ژینی گوماناویە، بەڵام ژینی بێ گومانی کە من داوای یارمەتی کە یوسفی کوڕی تاشفین دەکەم وە خوای گەورە لە خۆم ڕازی دەکەم، چونکە هەرچۆرێک بێت ئەو موسوڵمانە، بەڵام ئەگەر داوای یارمەتیم لە ئەزفەنوش کرد ئەوە خوای گەورە خەشم و قینی خۆی دەبارێنێت بەسەرمدا، بۆیە ژینی گومان دەگۆڕمەوە بە ژینی بێ گومانی ئەو کاتە هیچ کەسیش لۆمەم ناکات و سەربەرزیشم بەرانبەر بە خەڵکەکەی خۆم"[٢٢].

ئەم وتارەی موعتمد علی اللهی کوڕی عباد بومەلەرزەی خستە دڵی دانیشتوانی کۆبوونەوەکە زۆرێک لەوانە جوڵان یەکێک لەو کەسانەی کە پشت گیری کرد موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەس بوو لەو پیاوە بوو کە بە سەر بەرزیەوە جزیەی نەدا بە نەساراکان. یەکێکی کە کە هەستایەوە و لەگەڵ بۆچوونەکەی موعتمد علی الله بوو کەسێک بوو کە ناوی عبداللهی کوڕی بەلقین بوو کە فەرمانڕەوایی غەرناطە بوو، کەواتە غەرناطە و ئیشبیلیە و بطلیۆس کە سێ دەسەڵاتی گەورە بوون لە ناوچەکەدا کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە یارمەتی لە مورابطینەکانەوە وەربگرن، وە ئەوانی تر هەرهەموویان ڕازی نەبوون بەو بیرە. وە وەسفی ئەو وتارەی موعتمد علی اللهی کوڕی عباد دەکرێت بە وتارێکی حەماسی لە مێژووی ئەندەلوس دا، دەمو دەست بەخێرای ئەو سێ ئەمیرە کۆمەڵێکی گەورەیان پێک هێنا کە هەموو زاناکان لەگەڵیاندا بوون وە کۆمەڵێکیان دروست کرد تا بیان نێرن بۆ لای مورابطینەکان کە پێکهاتبوون لە چەند زانا و وەزیرێک تا داوای یارمەتیان لێ بکەن.

بەڵێ چوونە وڵاتی مەراکیش و لەگەڵ مورابطینەکاندا دانیشتن و دەستیان کرد بە گفتوگۆ.

---

[٢٢] قال صاحب نفح الطيب: وفشا في الأندلس توقيع ابن عباد - أي توقيعه على ظهر رسالة ألفونسو: والله لئن لم ترجع لأروحن لك بمروحة من المرابطين - وما أظهر من العزيمة على جواز يوسف بن تاشفين والاستظهار به على العدو، فاستبشر الناس، وفرحوا بذلك، وفتحت لهم أبواب الآمال. وأما ملوك طوائف الأندلس فلما تحققوا عزم ابن عباد وانفراده برأيه في ذلك، اهتموا منه - أي صاروا مهمومين مما عزم عليه - ومنهم من كاتبه، ومنهم من كلمه مواجهة، وحذروه عاقبة ذلك، وقالوا له: الملك عقيم، والسيفان لا يجتمعان في غمد واحد. فأجابهم ابن عباد بكلمته السائرة مثلاً: رعي الجمال خير من رعي الخنازير؛ ومعناه أن كونه مأكولاً ليوسف بن تاشفين أسيراً له يرعى جماله في الصحراء خير من كونه ممزقاً للأذفونش أسيراً له يرعى خنازيره في قشتالة. وقال لعذاله ولوامه: يا قوم إني من أمري على حالتين: حالة يقين، وحالة شك، ولا بد لي من إحداهما. أما حالة الشك فإني إن استندت إلى ابن تاشفين أو إلى الأذفونش ففي الممكن أن يفي لي ويبقى على وفائه، ويمكن أن لا يفعل، فهذه حالة الشك. وأما حالة اليقين فإني إن استندت إلى ابن تاشفين فأنا أرضي الله، وإن استندت إلى الأذفونش أسخطت الله تعالى، فإذا كانت حالة الشك فيها عارضة، فلأي شيء أدع ما يرضي الله وآتي ما يسخطه فحينئذ قصر أصحابه عن لومه.

## ڕۆڵی گەلان لە بەدیهێنانی سەركەوتندا

هەموو ئەمیرەكانی ئەندەلوس ئەوەیان پێ باش نەبوو، كە داوا بكەن لە مورابطینەكان تاوەكو موسوڵمانان سەربكەون و پارێزگاریان لێ بكەن لە ستەم و زۆری نەساڕاكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری زاناكان و خەڵكەكەش ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ مورابطینەدا دەست تێكەڵ بكەن بۆ سەركەوتنیان، پێش ئەوەی كە ئەم ئیردراوانە بكەونە ڕێ، كە نوێنەری هەرسێ دەسەڵاتی غەرناطە و ئیشبیلیە و بطلیۆس بوون، كۆمەڵێك ئیراوی تر لە خەڵك و زانایانی ئەندەلوس چووبوونە لای یوسفی كوڕی تاشفین لە ساڵی ٤١٠ تا ٥٠٠ی كۆچی، داوایان دەكرد كە یەسفی كوڕی تاشفین بجێت بە هانەیانەوە بۆ ئەوەی لە زوڵم و ستەمی نەساڕاكان و ئەمیرە موسوڵمانەكان رزگاریان بێت، بەڵام یوسفی كوڕێ تاشفین هەمیشە دەی وت خەڵكی ئەندەلوس وە زانایانی ئەندەلوس لە ڕەوشی خۆیان باشتر دەزانن، بۆیە ئەو سەردەمە دەی وت وڵاتی خۆیان بۆ خۆیان، با دوای ئێمە بە چاوی داگیركەر سەیر نەكەن.

دروستبوونی دەوڵەتی مورابطین:

بۆیە خەڵكێك بپرسن مورابطین كێن؟

مورابطین چ پەیوەندیەكی هەیە بەسەر ئەندەلوسە وە؟

مورابطین كۆمەڵێك بوون لە بیابانی مۆریتانیا دەژیان لە گەل وهۆزی جوداله بوون بنەڕەتی ئەم دەوڵەتە بەهێزە موجاهیدا لە لە هۆزی جودالەوە سەرچاوەی گرتوە.

هۆزی جودا لە بنەڕەتی مورابطین:

وەك پێشتر ئامارەمان بۆ كرد كە ئەم مێژووە باسی لێوە دەكەین هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ گرتنی طولەیطیلە و گەمارۆی شاری ئیشبیلیە وە گرتنی ئەو كۆنگرەی كە لە نێوانی ئەمیرەكان و زاناكاندا بوو لەساڵی ٤٧٨كۆچی، بەڵام بۆ ئەوەی باشتر لە سروشتی دامەزراندنی دەوڵەتی مورابطین تێگەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ٣٨ ساڵ دواتر واتا ساڵی٤٤٠ كۆچی كە هاو كاتە لەگەڵ گرەساتی بەربوشتەر و بەلەنسیا.

هەروەك چوون لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ دواوە دەچینەوە ناو ڕووداوەكانی مێژوو، بۆ ئەم كارە پێویستە بچینە ناو جەرگەی بیابانەكانی مۆریتانیا. وڵاتی مۆریتانیا كە وڵاتێكی ئیسلامی بوو ئەو سەردەمە، واتا باشووری مۆریتانیا كە ناوی قاحیلە لەم ناوچەیەدا كەبیبانێكی بێ شومار هەبوو بە ناوی مقفرە كە زۆر وشك و بێ ئاوە و زۆریش گەرمە، خەڵكەكەی كۆچەر بوون ئێشتە جێ نەبوون توانایی كوشتوكاڵیان نەبوو.

لەم ناوچەیەدا كۆمەڵێك لە هۆزی بەربەر دەژیان كە بە هەموویان دەوترا صنهاجە كە دووهۆزی گەورەی پێك هێنابوون ناویان جوداله و لەمتونە بوو، ئەم دووهۆزە گەورەترین هۆز بوون لە ناو صنهاجەدا

هۆزی جوداله لە باشووری مۆریتانیا دەژیان وە زۆر لە مێژ بوو كە ئیسلامیان وەرگرتبوو وە سەرۆكی ئەم هۆزە ناوی یەحیایی كوڕی ئیبراهیمی جودالی بوو وە ئەم پیاوە بە پیاوێكی لەسەرخۆ ڕەوشت بەرز ناسرابوو وە بە كەسێكی زۆر لە خوا ترسیش ناوی هەیە لە مێژوودا.

یەحیایی کوڕی ئیبراهیم جودالی کەسەیری هۆزەکەی کرد بینی زۆر خراپەکارن هەمیشە خەریکی مەی خواردن زینا کردن تەنانەت زینایان لەگەڵ دروستیکانی خۆیان دەکرد مێردەکەیشی دەیزانی بەڵام بێ دەنگ بوو چونکە خۆشی خەریکی ئەو کارە بوو لەگەڵ دراوسێکانی تری هەموو وەکو ئاژەڵ بەربوونە یەکتری، ئەم هۆزە هیچ خۆیان لە گوناه نە دەپاراست کاری زۆر سەرسوڕمانیان دەکرد لە ئاواندا هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنكَرَ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٢٩﴾ العنكبوت. واتە: ئایە ئێوە بەڕاستانە ئیربازی دەکەن و ڕێگە بەخەڵکی دەگرن و لە یانەکانتاندا کاری نا بەجێ و ناشیرین و نادروست ئەنجام دەدەن؟! کەچی وەڵامی قەومی ( بەدخوو ) تەنها ئەوەبوو کە وتیان: ئادەی کوا سزاو تۆڵەی خوا، ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت؟! بۆمان بیهێنەوە؟

وە لە ناو ئەم هۆزەدا زینا کردن زۆر بڵاو بوو پاشان پیاوان زیاد لە چوار ئافرەتیدان لە یەک کاتدا کۆ دەکردەوە، لەگەڵ ئەو هەموو کارانەدا هەر خۆیان بە موسوڵمانان دەزانی! بەهۆکاری خراپەکاری خۆیان ئەم گەل هۆزە پارچە پارچە بووبوون لە ڕاستییدا هۆزێک بوون کە لە زۆریدا بێ شومار بوون هەمیشە خەریکی شەڕکردن بوون لە گەڵ یەکتریدا وەک ئەندەلوس و ملوک طوائیفیان لێهاتبوو، ئەوەی لاواز بوایە بە هێزەکان دەیان خوارد وە لەناو ئەم هۆزانەدا زۆر خراپتر لە ئەندەلوس دەکرا.

لەو سەردەمەدا ئەو ناوچەیە لە تەنگەژەیەکی سیاسی و دینیدا بوون، کۆمەڵێک پەیدا بوو بوون بانگەوازی زۆر نادروستیان دەکرد وە خەڵکیان گومڕا کردبووئیسلامی ڕاستیان بەخەڵکی نەدەگەیاند وە بیرێکی کفری و بێباوڕیان بڵاو کردبووەوە لە ناو خەڵکی ئەو سەردەمەدا[٢٢].

بەو شێوە مۆریتانیا لەناو تەنگەژەدا بوو بەهەمان شێوە ئەندەلوس لە پارچە پارچەی و بێ دەسەڵاتی بوون با سەرنج بدەین لەوەی کە چۆن چاکسازی دەکرێت و پلەکانی هەستانەوەی ئەم ئوممەتە بزانین کە چۆن لەسەر مەنهەجی پێغەمبەری خوا ﷺ هەستانەوە دێتەوە بەردەم خەڵکی موسوڵمان چۆن دەسەڵات و دەوڵەت دادەمەزرێننەوە.

یەحیایی کوڕی ئیبراهیم جودالی کە خۆی خاوەنی فیترەیەکی پاک و خاوێن بوو دەیزانی کە هۆزەکەی خەریکی کاری خراپەو خراپەکارین، بەڵام خۆی تواناى گۆڕانکاری نەبوو بە هیچ شێوەیەک وە خەڵکەکە لە سێبەری خراپەکاری و تاواندا ئارامیان گرتبوو وە یەحیایی کوڕی ئیبراهیم جودالی خاوەنی زانستێکی ئاینی نەبوو تا بتوانێت گۆڕانکاری بکات لەو کۆمەڵگەیە.

لەدوای ئەوەی کە تێرامابوو و نەیدەزانی چی بکات زۆر بیری کردەوە لەوەی کە چی بکات بۆ گۆڕانکاری ئەو هۆزە، پێش هەموو شتێک خۆی بیری لەوە کردەوە کە بچێت بۆ حەج وە لە گەڕانەوەیدا بیری لەوە کردەوە کە بچێتە شاری زانست و زاناکان کە شاری قەیرەوان بوو لە وڵاتی تونسی ئێستا، تا کەسێک لەوێ بدۆزێتەوە بیهێنێت بوو ناو هۆزەکەی و فێری ئیسلام و چاکەخوازیان بکات.

---

[٢٢] ئەم باسە د.صلابی لە کتێبی (الجوهر الثمين بمعرفة دولة المرابطين) باسی لێ کردووە.

ەڵ لە راستییدا چوو بۆ حەج وە لە گەڕانەوەیدا چووە شاری قەیرەوان و چاوی كەوت بە ەسێك كە ناوی باوكی عمران موسی كوڕی عیسی فاسی كە لەساڵی ٣٦٨ كۆچی لەدایك بووە ساڵی ٤٣٠ كۆچی وەفاتی كردوە وە بە گەورەی زانایانی مالیكی دادەنرێت لە شاری قەیرەوان وە مەزهەبی ئیمامی مالیك لە هەموو باكوور و باشووری ئەفەریقا بەربڵاو بوو تاكو زەمەنی ێستاشمان هەر مالیكین ئەو مەزهەبە بەربڵاوە لەو كیشوەرەدا وە بەهەمان شێوە لە وڵاتی ەندەلوس ئەو مەزهەبە سەرەكی بوو[٢٩].

ێك كە یەحیا كوڕی ئیبراهیمی جودالی باسی چیرۆكی هۆزەكەی بۆ دەگێڕایەوە، وە داوای چارەسەری نەخۆشیەكانیشی لێكرد، ئەبی عیمرانی فاسی كە گوێی لە قسەكانی یەحیا بوو زانایەكی تێهاتوو لێوەشاوە كە خاوەنی عیلمێكی بێ شومار بوو ناردی لەگەڵیا بۆ ناو هۆزەكەی، ەو زانایەش ناوی عبداللەی كوڕی یاسین بوو.

[٢٩] لە باسی ئەم زانا لێهاتووە مێژوونووسی ناودار حەمیدی لە كتێبی (جذوة المقتبس في ذكر ولاة الأندلسیة) بەرگی یەكەم لاپەرە ١٢١، كە ئەبو عمران موسی كوڕی عیسی فاسی ناوی ئەم پیاوە فەقیهی مەزهەبی خۆی بووە، بە ئیمامی چۆتە ئەندەلوس، وە گەڕاوە بە ئەندەلوسدا تا ڕۆژهەڵاتی چووە، لەوێ ئاست و زانیاری بڵاو كردۆتەوە، لە هەمان كاتدا چۆتە عێراق لەوێ خوێندویتی و زۆر لە زانا ناودارەكانی ئەندەلوس لە سەردەستی ئەم پیاوە بوونەتە زانا و زانستەكانیان لە دەستی ئەم وەرگرتووە لوانە كە زۆر بە ناوبانگن (أبو الفضل أحمد بن قاس بن عبد الرحمن صاحب قاسم بن أصبغ، أبو زید عبد الرحمن بن یحیى العطار، أبو عثمان سعید بن نصر) لە وڵاتی قەیرەوان زانای پایەبەرز، كە لەسەر دەستی ئەم خوێندویتی چەند زانایەكی تریش (أبي الحسن علي بن محمد بن خلف القابسي) و زۆری تر، وە لە وڵاتی میسر (أبي الحسین عبد الكریم بن أحمد ابن أبي جدار) زۆری تریش، وە لە مەككە زانایی بەناو بانگ (أبي القاسم عبید الله بن محمد بن أحمد السقطي) وانەیان لای خوێندوە كە خەڵكی شاری مەككە بوون وە لە زانایانی عێراقیش كە لەسەر دەستی وانەیان خوێندوە لەوانە (أبي الفضل عبید الله بن عبد الرحمن الزهري) وە زۆر لە زانایانی تركە لەسەر دەستی ئەم شێخە بوون بە زانا.

## عبداللەی کوڕی یاسین کێیە؟

عبداللەی کوڕی یاسین بە یەکەم سەرکردەی مورابطین دادەنرێت وە یەکەم کەس بووە کە ریزەکانی ئەوانی ڕێک خستوەو بانگەواز و چاکسازی لە نێوانیاندا کردوە، واتا دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە بووە لەساڵی ٤٥١ەی کۆچی و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر قوتابی بووە کە لە خاکی مەراکیش و جەزائیر و تونس لە دەوری کۆ بووبوونەوە. شێخ عبدالله یاسین لە یەکێک لە شارەکانی سەر کەناری دەریای سپی و ناوەڕاست دادەنیشت، هەر ئەو بوو هەستا بەم کارە گەورەیە وە هەموو قوتابیەکانی واز لێ هێناو بە قوڵای بیابان چووە ناوەوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری زانستی ئیسلامی بکات، ئەم کارە گەورەیە کاری پێغەمبەرانە کە بانگەواز کردنە بۆلای خوای تاک و تەنها. عبدالله یاسین وێرای ئەوەی کە خاوەنی زانستەکانی فیقو فەرمودە و زمانەوانی بووە، کەسێکی شارەزاو پڕ ئەزموون بووە لە رامیاری و بەڕێوە بردن، ئەو مێژوو نووسانەی کە باسی ئەم پیاوەیان کردووە بە کەسێکی کۆشش کار و سەرکردەیەکی خاوەن رەوشت ناو دەبەن، هەر ئەوەش بوو وای کرد کە ئەو پیاوە بۆ ئەو کارە گەورەیە هەڵبژێردرێت لە ناو ئەو هەموو زانا بەڕێزەدا تەنها شێخ عبدالله یاسین هەڵبژێردرا هەر ئەویش بوو وای کرد لەو خەڵکە زۆرەی کە شۆڕشگێڕو موجاهیدیان لێ دەربچێت لە پێناوی دینی خوای گەورەو ئارەزوومەند بن بۆ مردن و گەیشتن بەبەهەشت.

لە کارە گرنگەکانی ئەم سەرکردە لێهاتووە ئەوە بوو کە کاری لە سەر رەوشەکە دەکرد کە خەڵکی تێدا دەژیا، ئیجتیهادی لەسەر رەوشتی خەڵک دەکرد بە راستگۆی و بوێرانە لەگەڵ خەڵکیدا دەدوا، هەرگیزاو هەرگیز بیری بە لای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا نەدەڕۆشت وە هیچ مەبەستێکی دنیایی نەبوو، هەموو ئاوات و ئارەزووی بەرز راگرتنی دینی خوای گەورە بوو. ئەوەندەی کە مێژوونووسان باسیان لێوە کردووە ئەنجام دانی کارەکەی وەک کاری پێغەمبەران وا بوو.

شێخ عبداللەی کوڕی یاسین رووی کردە قوڵای بیابانی گەورەی جەزائیر تا گەیشتە باشووری مۆریتانیا تا گەیشت بە گەل و هۆزی جودالە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، کە خاکێکی وشک و ماوی و زۆر گەرم بوو، کە کۆمەڵگەکەی بینی و رەوشی خەڵکەکەی سەیر کرد بینی هەرچی کاری خراپەکاری وە ئەوەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە ئەو کۆمەڵگەیە درێغیان لێ نەدەکرد وە بەردەوام بوون لەسەر ئەنجام دانی، هەرچی حەرام بوایە بێ گوێدانە بەها ئاینیەکان ئەوان پیادەیان دەکرد.

سەرەتا هەستا بە دەست پێ کردن و ناساندنی ئاینی ئیسلام بە خەڵکەکە وە فەرمانی پێدان لەسەر چاکەکردن و بەرگریی لێکردن لە خراپەکاری.

خەڵکی ئەو سەردەمە خەڵکێکی جاهیل و نەشارەزا بوون بە ئیسلام، گەرچی بە موسوڵمانیش دادەنران[25].

[25] لەم بارەیەوە قازی عەیاض لە کتێبی (الترتیب المدارک وتقریب المسالک) بەرگی دوو لاپەرە ٧١٤ دەڵێت: " لە باسی ئەم گەل و هۆزەدا لەو سەردەمەدا دەڵێت: دین لەلایەن زۆر بچوک بووەوە،

شێخ عبداللە یاسین چۆكی دانەدا و چالاكانە تر كاری دەكرد جار لە دوای جار بەردەوام بوو لەگەڵ بانگەوازەكەیدا، بۆیە خەڵكەكە دەستیان كرد بە لێدان و ئازاردانی ئەو پیاوە بەڕێزە، ئەویش هەر بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازەكەی خۆی بۆ بانگ كردن بۆ ڕێگەی ڕاست و ڕێنوێنی كردنیان بۆ لای ئاینی ئیسلام. بە ئاشكرا پێیان وت ئەگەر نەڕۆیت لە ناوماندا ئەوا دەت كوژین، بەڵام هەر كاریگەری لەسەر عبداللە یاسین و بانگەوازەكەی نەكرد، بەردەوام ڕۆژانە بانگەوازی دەكرد بۆیە بەستیانەوە و سواری وڵاخێكیان كرد تا دووریان خستەوە لە كۆمەڵگەكەی خۆیان وە پێیان وت كە وازیان لێ بێنێت و بڕوات لە ناویاندا و بگەڕێتەوە بۆ ناو گەل و هۆزەكەی خۆی باشترە وەك لەوەی كە لە ناو ئێمەدای، بۆیە یەحیای كوڕی ئیبراهیمی جودالی پێی وت كە وازیان لێ بێنێت با تا ئێستا چۆن ژیاون با هەروا بژین و كارت نەبێت بە سەرمانەوە وە با نەكوژرێیت لەناو ئێمەدا، لە دوای ئەوەی كە لە سنوری هۆزەكە دەرچوو كەسێك لەسەر ڕێگەكەدا دەست و پێوەندەكەی لەدەست كردەوە و لەسەر بەرزاییەك وەستاو فرمێسك بە چاوێدا هاتە خوارەوە وەك ئەوەی ئەو بەزەی بەو گەل و هۆزەدا بێتەوە و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ يس

واتە: (دیارە، خوانەناسان پەلاماریان داوە و شەهیدیان كردووە) بۆیە پێی وتراوە: فەرمو بۆ ناو بەهەشت، لەوێشەوە هەر دڵسۆزانە وتویەتی: خۆزگە قەومەكەم بیانزانیایە سەرئەنجامی ئیمان چۆنە و كەوتومەتە ناو چ ناز و نیعمەتێكەوە.

ئەو ویستی بیان گۆڕێت، بەڵام نەیتوانی و ئاوڕێكی لەملاو لای خۆی دایەوە زانی لەناو بیاباندایە وە ئەو گەل و هۆزەش توشی سەرلێشێواوی و گومڕای بوون، لەسەر ڕێگەی ڕاست لایان داوە، هیچ كەسێكیش لەناویاندا لە دایك نابێت بۆ گۆڕانكاری، كەسیشی كە ناویاندا پەیدا نەدەكرد تا ڕێنمایان بكات، بۆیە ویستی هەر بمێنێتەوە، بەڵام چۆن نەیدەزانی چۆن بیر بكاتەوە زۆر ناڕەحەت و چاو بە فرمێسك بوو، ویستی سەر لەنوێ بگەڕێتەوە بۆ ناو هۆزی جودالە، بیریشی لەوە دەكردەوە كە ئەگەر بگەڕێتەوە ئاویان دڵنیا بوو لەوەی كە دەیكوژن، ئەو شەوە لەوێدا مایەوە و نەیدەزانی ڕووە و كوێ هەنگاو بنێت.

---

لۆربەی زۆریان جاهیل بوون وە هیچ شارەزایەكیان لە بەندایەتی و فەرزەكانی ئیسلام نەبوو، تەنها ئیسلامیان بە شایەتومان دەزانی.

دەڵێت: كاریگەری ئەو خەڵكانەی كە خاوەنی بەرژەوەندی بوون هەبوو لە سەر خەڵكەكە بەگشتی، هەریەكە بۆ خۆی دەیویست لە ئارەزوو خۆشیەكانی ژیاندا بژی بەبێ هیچ مەرجێك، وە ئەوانەی كە خاوەنی بەرژەوەندی بوون تەنها ئەوان سودیان وەردەگرت لەم ڕەوشە. كاتێكیش كە عبداللە یاسین كەوتە ناویان و بانگی كردن بۆ ئاینی ئیسلام، خەڵكەكە سەرەتا گاڵتەیان پێ دەكرد، یەحیای كوڕی ئیبراهیمی جودالی كە گەورەی گەل و هۆزەكە بوو نەیدەتوانی بیپارێزێت، خەڵكەكەش ئەم پیاوە بەڕێزەیان نەدەناسی، ئەو دەمەش كۆمەڵگاكە ڕانەهێنرا بوو بۆ گۆڕانكاری، ڕەتكردنەوەی گۆڕانكاریان دەكرد بۆیە یەحیای كوڕی ئیبراهیمی جودالی پێی وت لە ناوماندا بڕۆ، چونكە دەیزانی كە كۆمەڵگاكەی هەر لەسەر ئەو كارە ناشرینانە دەمێننەوە".

## عبداللەی کوڕی یاسین و دامەزراندنی دەوڵەتی مورابطین

ئەو شەوە عبدالله یاسین -رەحمەتی خوای لێ بێت- لە نێو ئەو بیابانەدا دڵ پڕ لە کەیل و خەفەت باری و دەست بە نزا مایەوە، تا خوای گەورە رێنموونی کرد و بیری لەوە کردەوە کە زیاتر بە قوڵای بچێتە ناو بیابانەوە بۆ باشوور، خۆی دوور خستەوە لە شارەکانی هەموو ئەو ناوچەیە تا گەیشتە باکووری سینیگال، تەنانەت ئێستا ئەو وڵاتە کە وڵاتێکی ئیسلامیە وە ٩٠٪ی دانیشتوانەکەی موسوڵمانن، کەچی موسوڵمانان وا خەریکە ئەو وڵاتە لەبیر دەکەن.

کاتێک کە گەیشتە باکووری سینیگال لەوێدا نیشتەجێ بوو، لە ناوچەیەکدا بوو لە نێوان جەزیرەدا بوو[٢]. ئەویش لەو خاکەدا چادرێکی بچووکی هەڵدا و بە تەنیا تێیدا دانیشت، کاروانچی بەو رێگەیەدا هاتوچۆیان دەکرد بۆیە دەستی کرد بە نامە نووسین بۆ خەڵکی جودالە لە باشووری مۆریتانیا، بە خەڵکەکەی وت کە لەوێ دانیشتووە و ئێوە منتان دەرکردووە من لەناو ئەو دارستانەدا دانیشتوم، ئەوەی دەیەوێت فێری زانست و ژین و دین بێت با بێت بۆ لام بۆ ئەم جێگەیە.

کارێکی سروشتیشە لە ناو هۆزی جودالەدا هەندێک لە خەڵکی تایبەت و گەنجەکانی جولەیان تێ کەوت و دڵیان بزوا بۆ ئەوەی بچن بۆ لای، چونکە هەندێ لە خەڵکەکەی فیطرەتێکی پاکی هەبوو بۆ ئەم دینە، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی بەرژەوەندی بوون، لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەستیان گرتبوو بەسەر وڵاتداو خەڵکییان دڵ سار دەکردەوە لە ئاینەکەیان، بەڵام خەڵکانێک کە زانیان کە دوور دەکەونەوە لە گەل و هۆزەکەیان وە هیچ کەس دەستیان پێیان ناگات و لەگەڵ ئەو زانایەدا لەناو جەنگەڵستانی سینیگال دا کۆ دەبنەوە بۆیە دڵیان بزوا بۆ ئەوەی زوو بگەنە ئەو زانا بەڕێزە. لە باشووری مۆریتانیا وە هاتن بۆ باکووری سینیگال وە ژمارەیان لە پێنج کەس زیاتر نەبوو. دانیشتن لەگەڵ عبدالله یاسین دا و پێیان وت کە بۆ فێربوونی زانست هاتوون.

لەو خێمەدا بە ئارامی و بە ئیمانێکی پڕ نورەوە عبدالله یاسین دەستی کرد بە فێرکردنی قوئانیەکانی کە چۆن خوای گەورە دایەزاندووە بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ، فێری کردن کە ئیسلام سیستەمێکی بەرفراوانە و تەواو و بێ کەم و کوڕیە لە هەموو فەرهەنگەکانی ژیان و هەموو رەهەندەکانی لەخۆ گرتووە.

لە سەرەتاوە هەستا بە فێرکردنیان بە عەقیدەیەکی پاک و بێگەرد وە کۆشش کردن لە پێناو خوای گەورەدا، فێری شمشێر گرتن و سوار چاکی کردن وە فێری ئەوەی کردن کە چۆن پشت بە خۆیان ببەستن لە خواردن و خواردنەوەیاندا، فێری راو و شکاری کردن، خۆیان خواردنیان بۆ

---

[٢] مێژوونووسی گەورە ئیبنو خەلدون کە لە زرکلییەوە لە کتێبی الأعلامدا لە بەرگی هەشت لاپەڕە ١٦٠دا، دەڵێ کە ئەو ناوچەیە ڕووباری زۆری تێدا بوو، بە هاویندا تەم و مژێکی زۆر بوو، وە قوڕاویش زۆر بوو کە قاچ دەچەقی تێیدا، لە زستانیشدا زۆربەی خاکەکە دەبوو بە ئاو، کە دەبوو بە بەلەم هاتوچۆی تێدا بکەیت.

خۆیان دروست دەکرد و هەر لە خێمەکەدا خەریکی فێربوونی زانست و ئاینەکەیان بوون بە بەردەوامی.

بۆ پیاوانەی کە لەگەڵ شێخ عبدالله یاسین دا بوون چێژی شیرینی ئەم دینەیان کرد، هەستیان بەوە کرد کە پێویستە لەسەریان کە ئەوەی لێیان نزیکە و دەیان ناسن لە خزم و کەس و کارەکانیان بانگی بکەن تا لە چێژی شیرینی ئەم دینە بچێژێت. بۆیە ئەو پێنج کەسە گەڕانەوە چوون پێنج کەسی کەیان لەگەڵ خۆیان هێنا تا بوون بە دە کەس. پاشان بەرەو زیاد بوون رۆشتن و چوونە بیست کەس وە پاشان خێمە چادرەکانیان تەسک بوو بۆیە خێمە و چادری کەیان هەڵدا رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندا بوون و خەڵکی زیاتر رووی تێ دەکردن.

شێخ عبدالله یاسین ئیسلامی لە هەموو لایەنەکانەوە فێر کردن، فێری کردن کە ئەوەی لە قورئان و سوننەت دا هاتووە بە هیچ شێوەیەک بەر پەرچ دانەوەی نییەو دەبێت پیادە بکرێت. بۆیە قورئان و سوننەتیان کردە مەرجەع تا پێناسەی هەموو ئەحکامە ئیسلامیەکان بەو مەرجەعە بکەن.

پەروەردەکردنی مورابطین لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ زیادبوونی خێمەکان و وە زۆری ژمارەی خەڵکەکە، لە پەنجا کەسەوە بۆ سەد کەس و لە سەدە وە بۆ دوو سەد. شێخ عبدالله یاسین زۆر بەلایەوە قورس بوو بگاتە ئەو هەموو خەڵکە، بۆیە هەستا بە بەش بەش کردنی خەڵکەکە، وە هەر بەشێکیش نەقیبێکی بۆ دانان. هەروەک پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە دەستی پێ کرد، وە هەروەک چۆن لە مەککە لەگەڵ هاوەڵە هەژارەکانیدا کۆ دەبووەوە، بەو جۆرە بەش بەشی کردن وەیان چۆن وەک بەیعەتی عەقەبە کردنی بە بیست و حەوت بەشەوە.

هەر بەشە و پێنج کەسی بۆ دانان لە تیوانی هەر پێنج کەسیشدا نەقیبێکی دروست کرد، هەروەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەوڵەتی مەدینەی دامەزراند، بەهەمان شێوە لەسەر ئەو بەرنامە و پرۆگرامە شێخ عبدالله یاسین لە ساڵی ٤٤٠ی کۆچی لە دوای چوار ساڵی رێک دوای ئەو بانگەوازە زۆرە توانی هەزار موسوڵمان پێ بگەیەنێ لە باکووری سینیگال.

﴿وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٣﴾ الصف. واتە: جا شتێکی تریش هەیە کە حەزی لێدەکەن، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنە لەلایەن خواوە، وە کردنەوەی وڵاتان و دەکاتە، وە ئەو مژدەیە بدە بە ئیمانداران (لە هەموو سەردەمێکدا، گەر لێبڕێن بۆ ئاینی خوای مەزن).

گەل و هۆزی صنهاجە کە گەل و هۆزێکی پارچە پارچە بوون، ئەو هەزار کەسەی دابەشکرد لە نێوانیان دا بۆ بانگەواز، بڵاوی کردنەوە کە فەرمان بە چاکە بکەن و رێگریش لە خراپە بکەن، تا خەڵکی فێری چاکە و دینەکەیان بێتەوە، رۆژ بە رۆژ خەڵکی رووی تێدەکردن، کە لە هەزارانەوە بەرەو سەد هەزار رۆشت، وە تاکو ئەم کۆمەڵە گەیشتنە سێ سەد هەزار کەس، هەرچەندە لە سەرەتادا کارەکان زۆر بە خاوی ئەنجام درا، بەڵام لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا زۆر زیادی کرد، هەروەک دیاریەکی خوای پێشکەشی شێخ عبدالله یاسین کرا.

وشەی مورابطین مانای چی؟
وشەی مورابطین لە وشەی الرباطە کە بە مانای مێخ دێت، واتە ئەو مێخەی کە ئەسپی پێ دەبەسترێتەوە، پاشان یان بە مانای سەنگەر نشینەکان دێن کە لە سەر سنوورەکاندا نیشتەجێن و بنەڕەتی ئەم وشەیەش کە الرباطە تەنها پەیوەستە بە کۆشش و خەبات و جیهادەوە.
لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: "روي البخاري بسنده عن سهل بن سعد الساعدي رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: "رباط يوم في سبيل الله خير من الدنيا وما عليها.."
هەروەها مورابطین یاخود ئەو موجاهیدانە کەلە ناو ئەو خێمەدا دەژیان لەسەر سنوورەکان کۆشش و خەباتیدان دەکرد لە پێناوی خوادا، هەر ئەوە بوو کە شێخ عبدالله یاسینی وا لێ کرد ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژێرێ، کە هەموویان لە ناو ئەو خێمانەدا نیشتەجێ بووبوون و سەنگەریان لێ دابوو لەلای رووباری سینیگال، بۆیە ناونران بە کۆمەڵی مورابطین، وە لە مێژووشدا هەر بەو ناوە ناسراون[37].
شێخی مێژوونووسی گەورەی کورد ابن اثیر جزیری لە کتێبە بەناو بانگەکەی الکامل في التاريخ دەڵێت: ئەم هۆزە کە ناوی لەمتون بووە لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا بۆ جەنگ بە ژن و منداڵ و پیرەکانیان وتوە کە جلی جەنگاوەرەکان لەبەر بکەن، کاتێک کە دوژمن هاتۆتە سەریان کە پیاوەکانیان لە ماڵ نەبوون ئەوان جەنگاون، ئیتر ناوی لەمتونە بەو مانایە هاتووە کە وشەیەکی بەربەریە، یاخود بە مانای ژنیان وەک پیاو شەڕ دەکەن هاتووە، یان پێیان دەوترێت ئەو کۆمەڵەی کە هەرگیز پیرو ژن و منداڵیان نەکوشتووە[38].

[37] هەروەها ناوێکی تریشیان هەیە کە لە مێژووی ابن خلكان دا بە ناوی (وفيات الاعيان) هاتووە کە دەڵێ پێیان وتراوە الملثمين یاخود دەوڵەتی الملثمين کە ئەمیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە ڕووپۆش بوون، واتە دەم و چاوی خۆیان داپۆشیوە، الملثمين واتا ڕووداپۆشراوەکان، کە ئەم خەسڵەتەش لە ئەهلی سەلەفەوە وەریان گرتووە، یاخود بە مانای تلثم یاخود حمير کە بە مانای کەڕە ئافرەت دەرکەوتون بۆیە دوژمنانیان وایان زانیوە کە ئافرەتانن کە شەڕیان لەگەڵدا دەکەن، یاخود وەک لە جەنگدا وا تا سارد بوونەوەیان نەبووە لە شەڕدا، یاخود بە مانای ئەوە هاتووە کە بە شێوازی واتای شمشێری درێژیش دێت کە زۆربەی مورابطینەکان شمشێریان درێژ بووە، یان لە بە هۆی دەستیان و لینۆک درێژیان ئەو ناوەیان لێ نراوە کە بە لینۆک دوژمنەکانی خۆیان خنکاندووە.

[38] هەروەک چۆن شاعیرێک لە وەسفیان دا دەڵێت:
قومٌ لهم درك العلا في حمير وإن انتموا صنهاجه فهم هم
لما حووا إحراز كل فضيله غلب الحياء عليهم فتلثمو.

چۆنیەتی ژیانی مورابطینەكان:
لە دوای دامەزراندنی مورابطینەكان لەسەردەستی زانای پایە بەرز شێخ عبدالله یاسین ئەو پیاوە بەڕێزە خۆی بە تەنها زانكۆیەک بوو بۆ پەروەردە كردنی سەركردەو سەربازانی مورابطین، وە هەمووی پەروەردە كراوی دەستی خۆی بوون بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ژیانی قوتابیەكان و هەڵسوكەوتیان بزانین چەند وێنەیەكتان نیشان دەدەین لە ژیانی ئەو كەڵە پیاوانە.
وێنەی یەكەم: كاتێک كە بە شێخ عبدالله یاسین دەگەیشتن دەیان زانی كە لە جێگەیەكی ئاوەدانی دا نین سەرەتا پێی دەوتن لەگەر دەتانەوێت لەناو كەس و كارتاندا بژین، وە یان بیری كەس و كارتان دەكەن لە ناو ئێمەدا جێگەتان نابێتەوە، دەبێت هەموو خۆشیەكانی ژیانیش لە بیر بكەن وە نابێت دوای ئارەزوەكانی دڵ و دەروونتان بكەون، ئەم كۆمەڵەیەی كە شێخ عبدالله یاسین پەروەردەی كردن، پەروەردەیەكی زۆر سەرسوڕ هێنەر و گەورە بوو، كە دوای مردنی شێخ عبدالله یاسین قوتابیەكانی ناویان نا بە شاخی سەركردەی مورابطین، چونكە جیلێكی مورابطی موجاهیدی دروست كردبوو لە دوای خۆی.
وێنەی دووەم: لە سەرەتاوە شێخی گەورە عبدالله یاسین هەر هەموویانی لەسەر بنەمای بیرو باوەڕێكی پاكی ئیسلامی پەروەردە كرد، وە تێگەیشتنێكی قوڵی هەمە لایەنەی ئیسلامی فێر كردن، پەروەدەكردنێكی زانستیانە پەروەردەی كردن نەک پەروەردەیەكی نضری، چونكە ئەوەی دەیدانێ و فێری دەكردن راستەوخۆ پیادەیان دەكرد لە ژیانیاندا، پەلەشی لە قوتابیەكانی نە دەكرد یەک بە یەكی قوتابیەكانی دەناسی و دەیخوێندنەوە لە لایەنی دەروونییەوە ئەنجا كاری بە سەردا دەدان.
وێنەی سێیەم: ئەم جیلەی كە پەروەردەی كردن لەو جێگەیەدا لە سەر بنەمای كۆشش و خەبات پەروەردە بووبوون، گوێ نەدان بە خۆشیەكانی ژیان زۆر برەویان دابوو بە راو و شكار، واتە ژیانیان تەنها لەسەر راو و شكار بوو، هەر راوێكیان بكردایە ئەوا لە نێوانی خۆیاندا دابەشیان دەكردو ئەو تێگەیشتنە لە لایان دروست بووبوو كە نابێت هەندێكیان تێر بن و هەندێكی كە لە برسانیان برسی بن.
شێخ لە سەر بنەمای خۆشەویستی خوا و برایەتی لە ئیسلامدا پەروەردەی كردن[*]. ئەم نمونەیەی كە باسمان كرد بۆ ئێوە، ئەو وێنەیەمان بیر دەخاتەوە كە لە سەرەتاوە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵەكانی پەروەردە كردبوو لە سەری هەروەک خوای گەورە لە باسیانەوە دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴿٨﴾﴾ الحشر. واتە: هەروەها لەو دەستكەوتانە بەشی كۆچكەرانی هەژار دەبێ بدرێت، كە لە شوێنەوار و سامانیان دوورخرانەوە و دەركراون، ئەوانە بەئەمای

---

[*] بۆیە خاوەنی كتێبی دولة المرابطین دەڵێت: "خەڵكێكی سەنگەرنشین و لەو پەڕی پاكی دڵ و دەروندا بوو، وە ژیانێكی زۆر نمونەیی و لەسەر بنەمای یارمەتیان لەگەڵ یەكتردا دەژیان، وە خواردنی بازانەشیان تەنها لەسەر راو و شكار بوو، ئەوەی كە دەستیان بەكەوتایە لەو دورگەیەی كە تیایدا دەژیان، بێ بازی بوون بە زۆر بوایە یان بە كەم، وە جل و بەرگیشیان زۆر زبر بوو".

بەخششی خواو ڕەزامەندیی ئەون، وە بەبێ هیچ تەماعێك پشتیوانی لە خواو پێغەمبەرەکانی
دەکەن و هەوڵی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن، بێگومان ئا ئەوانە ڕاستگۆو ڕاستان.
لە هەمووی گرنگ تر و سەرسوڕهێنەر تر شێخ عبداللە یاسین -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-
پەروەردەی قوتابیەکانی دەکرد لە سەر مەنهەجی پێغەمبەرایەتی لە سەر شوێن کەوتنی
پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەگەر ڕەوەندێک وا پەروەردە بکرێت دڵنیام
لەوەی کە ئاڵای ئەم ئیسلامە بەرز دەکەنەوە و سەرکردایەتی موسوڵمانان دەگرنە دەست و وە
دڵنیاشم کە خاکی موسوڵمان پاک دەکەنەوە لە داگیرکەرانی و موسوڵمانانیش دڵخۆش دەکەن.
ئایا کەس هەیە کە ئەو کارە بکات؟

وێنەی چوارەم: شێخ عبداللە یاسین پەروەردەی مورابطینەکانی کرد لەسەر پاککردنەوەی دڵ و
دەروون و تەزکیەی نەفس، وە لەسەر پەروەردە کردنی جەستە تا بەتوانا بن و بتوانن کاری قورس
بگرنە ئەستۆ، چونکە پێی ڕاگەیاندبوون کە کاری ئەوان زۆر قورس و گرانە بۆیە دەبێت خۆیانی
بۆ ئامادە بکەن، چۆن لاشەی را هێنابوون لەسەر هێزو توانا هەر ئاواش مێشکی پڕ کردبوون لە
زانست و ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

وێنەی پێنجەم: شێخ عبداللە یاسین -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بوونیادی قوتابیە مورابطینەکانی
خۆی دانابوو لەسەر باوەڕێکی پاک و بێگەرد، هەرگیزاو هەرگیز لەسەر زانستە کەلامیەکان
پەروەردەی نەکردبوون، چونکە خۆی لە زانستی مەنطیق و کەلامدا شارەزا نەبوو، قوتابیەکانیشی
هیچ بۆچوونێکی جیاواز نەکەوتبووە نێوانیانەوە، وە هەموویانی پەروەردە کردبوو لەسەر بیرو
باوەڕێکی ڕاستگۆیانە وە فکرێکی پاک لە دروست کراوەکانی خوای گەورە وە لە ڕێگەی بیر
کردنەوەی بەندایەتیەوە تا بتوانن بەردەوام بن لە نوێژو ڕۆژ و کردارو ڕەفتاری بەندایەتیدان و
خوێندنەوەی قورئان و ....هتد.

هەر لە ڕوانگەی بیرو باوەڕەوە شێخ عبداللە یاسین برایەتیەکی زۆر بەهێزی خستبووە نێوانی
مورابطینەکانەوە کە نیشانەی سەرسوڕمانی هەر هەموو مێژوونووسانە، چونکە برایەتی و
خۆشەویستی لە ئیسلامدا بوونیادی سەرکەوتنی لەسەر دەنرێت، بۆیە دەگێڕنەوە زۆر جار لە
نێوانی یەکتریدا خۆیان دەدایە بەر شمشێری دوژمن بۆ ئەوەی براکەیان نەکوژرێت، ئەوەندە
برایەتی لە نێوانیاندا بە هێز بوو. لەگەڵ ئەم دوو توانا و هێزەی کە شێخ عبداللە یاسین کۆی
کردبووە وە لە نێوانی مورابطینەکاندا هێزێکی تری لە بیر نەکردبوو ئەویش پەیدا کردنی چەک و
جبەخانە بوو بۆ سەربازەکانی لەگەڵ ئەوەی کە قوتابیەکانی لەسەر ڕەقی و زبری پەروەردە
کردبوو، بۆیە شێخ یاسین ڕووی کردە وڵاتانی دەوروبەر تاکو چەک پەیدا بکات بۆ قوتابیەکانی و
مەشقی سەربازیان پێ بکات. هەر لەسەر ئەو مەنهەجەی کە خوای گەورە دەفەرموێت:
وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ
دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ
﴿٦٠﴾ الأنفال. واتە: (خوا فەرمان دەدات بەکار بەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام): هەرچی لە
توانائاتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕو ئامادەیی بکەن (هێزی ئاسمانی و
دەریایی و وشکانی،... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە)

کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن، یا کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن بن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن، بەڵکو هەر خوا خۆی دەیانناسێت و هەر شتێک ببەخشن لە پێناوی خوادا (بۆ بەهێز کردنی سوپای ئیسلام)، بێگومان بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێتەوەو ئێوە ستەمتان لێناکرێت.

هەروەک زانای پایە بەرز سەید قطب دەفەرموێت: "کە دەبێ سەربازگای ئیسلامی چەک و پێداویستی و توانەیان هەمیشەیی هەبێت بۆ ئەوەی سنورەکانی خۆیان بپارێزن، بۆیە دەبێت هێزێکی باڵادەستی هەبێت لەسەر زەویدا بۆ ئەوەی دوژمنەکانی پێ بترسێنێت، وە هەرگیزاو هەرگیزیش بیر لەوە نەکەنەوە کە هێرش بکەنە سەر خاکی موسوڵمانان، وە ئەگەر بیریشیان لە هێرش کردوە ئەژنۆیان بشکێترێت بۆ ئەوەی -دار الاسلام- تێک نەچێت، وە دەشبێت بانگەوازچیەکان و موسوڵمانان روو بکەنە خاکی بێ باوەڕەکان بۆ بانگەواز وە هیچ کەسێک روو بەرووی بانگەوازچیەکان نەوەستنەوە، بۆ ئەوەی فەرمانڕەوای تەنها بۆ خوای باڵا دەست بێت".[١]

خەڵکێک کە ژیانی شێخ عبدالله یاسین و مورابطین دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات کە ئەم کۆمەڵە لە خەڵکی دابڕا بێتن بە تەواوەتی یاخود خەڵکانێک بوون دوور لە شارستانییەت و ئاوەدانی، بەڵام لە راستیدا بەو شێوەیە نەبووە، بەڵکو ئەم دابڕانە بەشێک بووە لەو پلانەی کە شێخ عبدالله یاسین دایناوە کە دوای دێتە سەر جێ بەجێ کردنی کە پلانێکی زۆر بە هێزو وردو سەرسوڕهێنەر بووە.

ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سەرنجە باسی لێوە بکەین ئەویش ئەوەیە کە شێخ یاسین رێکخستنێکی زۆر گەورەی لە ناو مورابطینەکاندا دروست کردبوو، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کە پارچە پارچەی کردبوون وە لە ناو هەر پارچەیەکدا یەکێک هەبوو کە هەمیشە فێری دینی دەکردن و پەروەردەی دەکردن، وە شێخ عبدالله یاسین خۆی ئاراستەی دەکردن، شێخ عبدالله یاسین لە ناو قوتابیەکانی دا دیوانێکی راوێژی دروستکرد بۆ ئەوەی کاروباری مورابطینەکان ببەن بە رێگەوە.

---

[١] یقول الأستاذ سید قطب: یجب علی المعسکر الإسلامي إعداد العده دائماً واستکمال القوه بأقصی الحدود الممکنه؛ لتکون القوه المهتدیه هي القوه العلیا في الأرض؛ التي ترهبها جمیع القوی المبطله؛ والتي تتسامع بها هذه القوی في أرجاء الأرض، فتهاب أولاً أن تهاجم دار الإسلام؛ وتستسلم کذلک لسلطان الله فلا تمنع داعیه إلی الإسلام في أرضها من الدعوه، ولا تصد أحداً من أهلها عن الاستجابه، ولا تدعي حق الحاکمیه وتعبید الناس، حتی یکون الدین کله لله"

## یەحیای کوڕی عومەری لەمتونی و مورابطون

لە ساڵی ٤٤٥ی کۆچی ڕووداوێک ڕوویدا کە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو وە جێگەی بڕوای هیچ کەسێک نەبوو، بەڵام بەدەر نییە لە سوننەتی خوای گەورە هەروەک چۆن دیاری پێشکەش هۆزەکانی تر کردووە کە چاک بوون و بەرزی کردونەتەوە، وە کۆمەڵێک دەرگەی بۆ کردونەتەوە کە هەرگیزاو هەرگیز بە بیری خۆیاندا نەهاتووە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە سەردەمی عەبدوڕەحمانی ناصردا کە چۆن بە بێ شەڕ چووە ناو ساراگۆستاوە، یان مردنی عومەری کوڕی حەفصون بوو بە دیاریەک بۆ عەبدوڕەحمانی ناصر، هەروەها ئەوەی کە شێخ عبداللە یاسین بێزی لێ نەکردبووەوە لە ناو گەل و هۆزی جودالەدا ڕوویدا، کە گەل و هۆزی جودالەش یەحیای کوڕی عومەری لەمتونی سەرۆکی ئەو هۆزە بوو کە سەر بە گەل و هۆزی گەورەی صەنهاجە بوو، واتا لە ناو هۆزی صەنهاجە هۆزێکی کەی تێدا بوو ناوی لەمتون بوو. لە ساڵی ٤٤٧ی کۆچی ئەم پیاوە بە خۆی و گەل و هۆزەکەیەوە هاتە ناو کۆمەڵی مورابطین بە هاتنە ناو مورابطین دەست بەجێ داوای کرد کە گەل و هۆزەکەشی پابەند بێ بە مەنهەجی شێخ عبداللە یاسین، هەروەک چۆن هاوەڵە بەرزەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ناوی سعدی کوڕی معاذ بوو -خوای گەورە لێی ڕازی بێت- کە هاتە ناو ئیسلامەوە چووە لای هۆزەکەی و وتی کە گەورەی ئەو هۆزە بوو سەعدی کوڕی معاذ هاواری کردوو وتی: "وەڵڵاهی ئەزی ئەکەم لەسەر خۆم کە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکتاندا ناکەم، حەرامم کرد لەسەر خۆم کە نە لەگەڵ پیاوانتاندا، نە لەگەڵ ژنانتاندا وە نە لەگەڵ منداڵەکانتاندا، هەتاکو هەموتان بڕوا بەم ئیسلامە ئەهێنن و شایەدی ئەدەن کە خوا تاک و تەنهایەو موحەممەدیش نێردراوی خوایە" ئەوە بوو هۆزەکەی لەوەتدە سەعدی کوڕی معاذیان خۆشدەویست هەموویان موسوڵمان بوون و هاتنە ناو ئیسلام، بە هەمان شێوە یەحیای کوڕی عومەری لەمتونی هەمان کارو فەرمانی دووبارە کردەوەو چووە لای گەل و هۆزەکەی و وتی: "ئەی گەل و هۆزەکەم دەبێ لەگەڵ مندا بێنە ناو کۆمەڵی مورابطین کە شێخ عبداللە یاسین سەرپەرشتی دەکات" کە سێ سەد و حەوت هەزار لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا چوونە ناو کۆمەڵەی مورابطین وە پابەند بوونی خۆیان بەو کۆمەڵەیەوە ڕاگەیاند.

هەر لەدوای چەند ڕۆژێک کۆتای هات بە ژیانی ئەم کەڵە پیاوە کە گەورەی گەل و هۆزی لەمتون بوو لە ساڵی ٤٤٧ی کۆچی لە جیاتی ئەو کەڵە پیاوە پیاوێکی لێوەشاوە و ئازای تر بوو بە سەرۆک هۆز کە ناوی ئەبوبەکری عومەری لەمتونی بوو تا ساڵی ٤٨٠ی کۆچی فەرمانڕەوای کرد لەناو مورابطینەکاندا.

شێخ ئەبوبەکری عومەری لەمتونی زۆر بە حەماسەت و چالاکیەکی بێ وێنەوە لەگەڵ شێخ عبداللە یاسین دەستیان کرد بە کار بۆ کۆمەڵی مورابطین وە بۆ ئیسلام بە گشتی کە ئەوەندە هێزو توانایان زۆر بووبوو گەیشتبوونە زۆربەی شوێنەکانی سینیگال و مۆریتانیا واتا سنوریان لە باکووری سینیگالە وە بوو هەتا باشووری مۆریتانیا، وای لێ هات جودالە و لەمتونە هەموو گەل و هۆزەکە هاتبوونە ناو مورابطین لە باکووری سینیگال و باشووری مۆریتانیا وە هەموویان یەک کۆمەڵیان پێک دەهێنا کە پێیان دەوترا مورابطین.

شێخ عبداللە یاسین لە بەسەرکردنەوەیەکیدا لەناو گەل و هۆزەکانی ئەفەریقادا دەگەڕاو فەرمانی

دەکرد بە چاکە و ڕێ گری دەکرد لە خراپە لەگەڵ گەل و هۆزێکدا بە شەڕ هاتن لە ئەنجامدا لە ساڵی ٤٥١ی کۆچی لە دوای پانزە ساڵ لە دروست کردنی مورابطین لە جەنگێکدا شەهید کرا، کە پیاوێک بوو پەروەردە بوبو لەسەر جیهاد و خەبات و زانستە ئیسلامییەکان، وە لەدوای خۆیشی پانزە هەزار سەربازی بەجێهێشت کە هەر هەموویان پەروەردەکراوی دەستی خۆی بوون و لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی و سەلەفی صالح پەروەردە بووبوون.

## ئەبوبەکری عومەری لەمتونی سەرکردەی دەوڵەتی مورابطین

دوای شەهید بوونی شێخ عبدالله یاسین شێخ ئەبوبەکری عومەری لەمتونی فەرمانڕەوای مورابطینەکانی گرتە دەست تا ساڵی ٤٨٠ی کۆچی لە ماوەی دوو ساڵی سەرکردەیدا ئەوەندە بە توانا بووبوو کە لەمێژوودا دەناسرێت بە دەوڵەتی مورابطین کە لە کۆمەڵەوە دەرچوون و بوون بە دەوڵەت، کە لەسەر تەختی جیهاندا پێگەیەکی زۆر بچووکیان داگیر کردبوو.

دوای دوو ساڵ فەرمانڕەوای ئەبوبەکری عومەری لەمتونی کە سەرۆکایەتی مورابطینەکانی دەکرد کە خۆی نیشتەجێ بووبوو لە باشووری مۆریتانیادا لە ساڵی ٤٥٣ی کۆچی دەنگۆی ئەوە دەبیستەوە کە لە باشووری سینیگال لە ناوچەیەکدا موسوڵمانان ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوە، هەرچەندە دوور بوو لە دەوڵەتی مورابطینەوە، بەڵام ئەو تێگەیشت کە هەرکاتێک کە ناکۆکی کەوتە نێوان موسوڵمانانەوە ئەوکات بانگەواز ئاستەم دەبێت، بۆیە بە پەلە دابەزیە ناو جەرگەی ئەفریقاوە و تاوەکو کۆتای بەو ناکۆکیە بێنێت وە سوپایەکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا برد، چونکە دەیزانی کە ئەگەر حەق بە هێز و بەتوانا نەبێت نا سەپێندرێت.

هەر لەو ساڵەدا ٤٠ هەزار سەربازی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ناو قوڵای سینیگال تا کۆتای بە ناکۆکیەکان بهێنێت، وە لە جێگەی خۆیشی کەسێکی دانا کە کوڕی مامی بوو کە ناوی یوسف کوڕی تاشفین بوو کە لە ٤١٠ تا ٥٠٠ ی کۆچی ژیاوە.

ئەبوبەکری عومەری لەمتونی توانی کۆتایی بەو ناکۆکیەی نێوان موسوڵمانان بێنێت لە باشووری سینیگال، بەڵام شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر هاتە بەردەمی، لە کاتی گەڕانیدا بەو ناوچەدا لە باشووری سینیگال توشی گەلێک بوو کە هەمیشە لە ناو خۆیاندا شەڕیان بوو، وە گەلێکی رووت و قوت بوون کە هیچ جۆرە جلێکیان لەبەردا نەبوو وە بە هیچ شێوەیەک خوا پەرستی لە ناویاندا نەبوو، بینی وا دارو بەرد و شتە سروشتیەکان دەپەرستن وە ئیسلامیان پێ نەگەیشتبوو.

زۆر خەفەتی خوارد بەو کارە هەستا بەوەی کە بانگەوازی ئەم گەل و هۆزە بکات بۆ ئیسلام، هەروەک چۆن شێخ عبدالله یاسین پێشتر کردبووی، هەستا بە هیدایەت دانی ئەو خەڵکە تاوەکو ئیسلام بە تەواوەتی بناسن بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەک لەو کۆمەڵگەیە بکات و بەرەو چاکسازیان ببەن، حەوت هەزار کەسی لە سەربازەکانی بڵاو کردەوە بە ناویاندا تاوەکو بە تەواوەتی لە ئیسلامیان بگەیەنن، ئەوانیش بە جوانترین شێوە خەڵکەکەیان فێری ئیسلام کرد، خەڵکەکەش زۆر سەرسامبووبوو دەیان وت باشە چۆن ئەم ئیسلامە بە ئێمە نەگەیشتووە، چۆن دوور بوین لە دینێکی ئاوا هەمە لایەنەو بێ کەم و کورتی، چونکە ئەوان لە جێگەیەکدا دەژیان کە دارستانێکی گەورە بوو لە جەنگەڵستانەکانی ئەفەریقادا هیچ ئاگایان نەبوو لەوەی کە پەروەردگارێک هەیە.

لە ژێر سێبەری ئەبوبەکری عومەری لەمتونی بە ئارامیەکەوە بە زۆر و بە بەرچاوڕوونییەکی زۆربەی زۆری خەڵکەکە هاتنە ناو ئیسلامەوە، و بانگەوازی هەموویانی کرد بۆ ئیسلام لەگەڵ سەربازانی مورابطینەکاندا وە ئەمەش کارێکی سروشتیە هەندێ کۆمەڵێکیشیان جەنگان بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا ویڵە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی بمێنێتەوە خەڵکی گەندەڵ بە دوای بەرژەوەندیەکانی سوود مەند ببوون لە پەرستنی ئە دەبێت پارێزگاری لێبکەن، چونکە ئەوانەی کە دەجەنگان ئەوان تێوانیانەوە تا لەکۆتایدا هەموویانی سەر شۆڕو سروشتیەکان بۆیە جەنگێکی دوورو درێژ کەوتە زەلیل کرد بە ئیسلام.

بەردەوام شێخ ئەبوبەکری عومەری لەمتونی بانگەوازەکەی فراوانتر دەکرد لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر هەنگاوی دەنا لە گەل و هۆزێکەوە بۆ گەل و هۆزێکی تر تا ساڵی ٤٦٨ەی کۆچی ئەم گەڕانەی بەردەوام بوو واتا نە گەڕایەوە بۆ مۆریتانیا ٢٥ ساڵ لە ناو کیشوەری ئەفریقادا بانگەوازی کردا کە خۆی سەرکردەو گەورەی دەوڵەتی مورابطین بوو، هەستا بە بانگەواز کردن لەبەر خاتری خوای گەورە و بۆ ئەوەی خەڵکی بانگ بکات بۆ ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەبوبەکری عومەری لەمتونی بە گەورەترین سەرکردەی مورابطینەکان دەژمێردرێت، کە کەسێکی لە خوا ترس و خاوەن وەرع بوو وە تێگەیشتنێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ دین، وە عاشق بوو بە شەهید بوون لە پێناوی خوای گەورەدا وە بەشدار بووە لە بڵاو کردنەوەی تەوحید لە وڵاتی مەراکیشدا ئیسلامی لەو بیابانە دوورو درێژە تاکو سنوری سینیگال و نەیجەر بڵاو کردووەتەوە جەنگاوە لەگەڵ ئەو هەموو گەل و هۆزە بت پەرستانەی کە بڕوایان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبووە، وە خەڵکێکی زۆر هاتوەتە ناو سوپاکەیەوە کە موسوڵمان بوون، بەشدار بووە لە بنیا کردنی دەوڵەتی مورابطین لە ئەندەلوس دا و وە زۆر فیتنەش لەسەر دەستی ئەو کوژاوەتەوە[1].

---

[1] ئەمەش قسەی دوکتۆر الصلابی لە کتێبی مرواری گرانبەها بۆ ناساندنی دەوڵەتی مورابطین. "لقد کان أبو بکر بن عمر من أعظم قادە المرابطین، وأتقاهم وأکثرهم ورعًا ودینًا وحبًا للشهادە في سبیل الله، وساهم في توحید بلاد المراکیش، ونشر الإسلام في الصحاری القاحلە وحدود السنغال والنیجر، وجاهد القبائل الوثنیە حتی خضعت وانقادت للإسلام والمسلمین، ودخل من الزنوج بأعداد کبیرە في الإسلام وساهموا في بناء دولە المرابطین الفتیە، وشارکوا في الجهاد في بلاد الأندلس وصنعوا مع إخوانهم المسلمین في دولە المرابطین حضارە متمیزە د. الصلابي - الجوهر الثمین بمعرفە دولە المرابطین".

## یوسف کوڕی تاشفین و کارە گرنگەکانی

ئەم پیاوە یەکێکە لەو سەرکردە لێهاتوو و لێوەشاوانەی کە مێژوو نووسان زۆر وتەیان لە بارەوە وتوە بۆ نموونە:

ئیمامی ذهبی دەفەرموێت: کە یوسفی کوڕی تاشفین لە ساڵی ٤١٠-٥٠٠ی کۆچی ژیاوە، پیاوێکی بەخشندە و میهرەبان و زۆر خۆشەویستی بۆ زانایان هەبووە، پیاوێکی جوانخاس و ریشێکی بچووک و دەنگێکی هێمنی پێوە بووە"[٤].

هەروەها لە باسی ئەم پیاوەدا ابن اثیر لە کتێبە بەناو بانگەکەی بەناوی الکامل فی التاریخ دەڵێت: "پیاوێکی میهرەبان و تێگەیشتوو خاوەن رێز بووە، زۆر خۆشەویستی بۆ زانایانی ئەهلی ئیسلام هەبووە، وە خۆی بە بچووک داناوە لە ئاستی زانایانی ئیسلامدا. پیاوێکی لە خۆ بردوو بووە و هەمیشە گوێگر بووە بۆ زانایان، هەمیشە روو لە زانایان بووە. پیاوێکیش بووە زوو لە تاوان باران خۆش بووە"[٥].

لە هەمان کتێبدا هاتووە "لەدوای ئەوەی شێخ ئەبوبەکر عومەر لەمتولی کە سەرۆکی دەوڵەتی موڕابطین بوو لە باکووری سینیگال و باشووری مۆریتانیا، کە لە ساڵی ٤٥٣ی کۆچی یوسفی کوڕی تاشفینی لە جێی خۆی دانا، چاوەڕێ بوو کە بگەڕێتەوە هەرچەندە رۆژان و مانگان و ساڵانی زۆر هەر نەگەڕایەوە، دوای ئەوە تێگەیشت کە چۆتە ناو قوڵای ئەفەریقا و دەیەوێت ئاینی ئیسلام بڵاو بکاتەوە. چۆن ئەو رۆشتوەتە باشوور بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن خەڵکی فێری ئاینی ئیسلام بکات، یوسفی کوڕی تاشفین بیری لەوە کردەوە کە ئەمیش بەرەو باکوور بڕوات، بچێتە باکووری مۆریتانیاو وە بەرەو باشووری مەراکیش بکەوێتە رێ. بینی ژیانی بەربەر لەو ناوچەیەدا زۆر دوورن لە دینی خواوەو خەریکی خراپە کارین. بۆیە ئەویش هەر لە ساڵی ٤٥٣ی کۆچی گەڕا بەناو ئەو گەل و هۆزانەدا زۆر شتی سەرسامی لێ بینین، لەوانە:

---

[٤] قال "الذهبي" في "سير أعلام النبلاء": كان ابن تاشفين ٤١٠ - ٥٠٠ هـ= ١٠١٩ - ١١٠٦ م كثير العفو، مقربا للعلماء، وكان أسمر نحيفًا، خفيف اللحيه، دقيق الصوت، سائسًا، حازمًا، يخطب لخليفه العراق.

[٥] ووصفه "ابن الأثير" في "الكامل" بقوله: كان حليمًا كريمًا، دينًا خيرًا، يحب أهل العلم والدين، ويحكمهم في بلاده، ويبالغ في إكرام العلماء، والوقوف عند إشارتهم، وكان إذا وعظه أحدُهم، خشع عند استماع الموعظة، ولان قلبه لها، وظهر ذلك عليه، وكان يحب العفو والصفح عن الذنوب العظام... منذ أن ترك الشيخ أبو بكر بن عمر اللمتوني دوبله المرابطين في جنوب موريتانيا وشمال السنغال في سنه ٤٥٣ هـ= ١٠٦١ م والشيخ يوسف بن تاشفين ينتظر وصوله، مر يوم ويومان وشهر وشهران ولم يرجع، وحين علم أنه قد توغل في أفريقيا ما كان منه رحمه الله إلا أن بدأ ينظر في الشمال باحثًا عمن ابتعد عن دين الله يعلمه ويرده إليه. نظر يوسف بن تاشفين في شمال موريتانيا المنطقه التي تعلوه وفي جنوب المهراكيش العربي رأى من حال البربر الذين يعيشون في هذه المنطقه وبالتحديد في سنه ٤٥٣ هـ= ١٠٦١ م رأى أمورًا عجبا، نذكر بعض منها.

گەل و هۆزی غەمارە:
ئەم گەل و هۆزە بەربەر بوون لە ناویاندا پیاوێک کە موسوڵمانیش بوو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، لە هەمووی سەرسام تر ئەوە بوو ئەم پیاوە ئینکاری لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەدەکرد، وە خۆشی دەیوت کە پێغەمبەرە و لەسەر دینی ئیسلامەوە هاتووە، لە هەموی سەرسامتر ئەوە بوو کە ناوێکی عەرەبی هەبوو، ناوی حامیم بن منّ الله بوو، هەستا بەوەی کە شەریعەتێک و مەنهەجێکی تازە بۆ خەڵکی دابنێت وە زۆربەی خەڵکەکەش کەوتبوونە دوای بۆ نموونە ئەم پیاوە لەسەریانی فەرز کردبوو کە لە شەو و ڕۆژێکدا دوو جار نوێژ بکەن، نوێژێک لە کاتی ڕۆژهەڵاتندا وە نوێژێکیش لە کاتی خۆر ئاوا بووندا، هەستا بەوەی کە قورئانێکی بەربەری بنووسێتەوە و دەست نوێژی لەسەر هەڵگرتبوون، جەنابەتی لەسەر هەڵگرتبوون، وە بەهەمان شێوە حەجیشی لەسەر لابردبوون، حەرامیشی کردبوو لەسەریان هەرچی هێلکەیەکی باڵدارە، وە مێینەی بەرازیشی بۆ حەڵاڵ کردبوون، ماسی حەرام کردبوو هەتاکو سەری نەبڕن، لە هەمووی سەرسام تر ئەوە بوو کە خۆی بە موسوڵمان دەزانی و بانگەشەشی بۆ ئیسلام دەکرد. لە هەمووی کارەسات بارتر ئەوە بوو کە خەڵکی باوەڕیان پێهێنابوو وایان دەزانی کە ئەمە ئیسلامە.

گەل و هۆزی بەرغواطە:
ئەم گەل و هۆزەش بە هەمان شێوە هەر لە بەربەر بوون وە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوبوون، گەورەی ئەم هۆزە ناوی صالح کوڕی طەریفی کوڕی شەمعون بوو[١١]. ئەمیش بەهەمان شێوە بانگەوازی بۆ پێغەمبەرایەتی خۆی دەکرد، پێنج نوێژی فەرز کردبوو لە بەیانیاندا و پێنجیش بە ئێوارانندا، فەرزی کردبوو کە دەبووایە لە کاتی دەستنوێژ گرتن دا ناو ناوکیان بشۆردایە لەگەڵ ناوقەدیاندا وە فەرزی کردبوو دەبوو ئافرەتانی غەیرە موسوڵمانیان بهێنایە، وە بۆشی حەڵاڵ کردبوون کە لە چوار ژن زیاتریان بوایە، فەرزی کردبوو لەسەریان کە مووی درێژ و نینۆک بهێڵنەوە ئەمەش بەس بۆ پیاوان بوو، سەرای هەموو ئەم کارانەشی بانگەشەی بۆ ئیسلام دەکرد، خۆی بە موسوڵمان دەزانی.

گەل و هۆزی زناتە:
ئەم گەل و هۆزی زناتەیە گەل و هۆزێکی سونی مەزهەب بوون، وە ئیسلام وەکو لایەنە بەندایەتیەکەی ناسیبویان تەنها دەیانزانی ئیسلام بریتیە لە نوێژو ڕۆژو زەکات و حەج، بەڵام هیچ شتێکیان لەبارەی بیروباوەڕی ئیسلامەوە نەدەزانی، بە هێزەکان بێ دەسەڵاتەکانیان دەچەوساندەوە و دینیان بە تەواوەتی لە ڕەوشی ژیانی دنیایاندا جیا کردبوەوە، خەڵکی نوێژ ڕۆژووی دەکرد، بەڵام زینا و مەشروب خواردن و ڕیبا کارێکی سروشتی بوو لە لایان. زۆربەی زۆربە خەڵکەکە لە و ناوچەیەدا هاوشێوەیە ئەم گەل و هۆزە پیادەی دینیان دەکرد.

---

[١١] ئەگەر جوان تێبینی ناوەکەی بکەی هەست دەکەیت، کە ئەمە لە نەوەی جولەکەکانە.

ە زۆربەی جێگەكاندا تووشی بتپەرستی و قەبرپەرستی و ئەو جۆرە شركیاتانە بووبوون، بۆ ئەوەی زیكیان بكاتەوە لە خوا. ئەم گەل و هۆزانە زۆربەی زۆریان لە باشووری مەراكیش و جەزائیردا ێنەجێ بووبوون، زۆربەشیان ئیسلامیان لەسەردەمی عوقبەی كوڕی نافع و موسا كوڕی نوصێرە ەوە پێ گەیشتبوو.

یوسفی كوڕی تاشفین و دروستكردنی ژیارێكی نوێ و سەركەوتنێكی بەهێز:

ێك كە زانی ئەو گەل و هۆزانە ئاوا تووشی كاری گەندەڵی بووبوون لە دین و ژینیاندا، هەستا بە خۆی و سوپاكەی بەرەو باكوور ڕۆشت بۆ بانگەوازی خەڵكی بەرەو ئیسلام. ڕاستە كۆمەڵێك لە گەل و هۆزەكان هاتنە ناو كۆمەڵی مورابطین، بەڵام زۆربەیان شەڕیان كرد لەگەڵ سوپای مرابطینەكان بەسەركردایەتی یوسفی كوڕی تاشفین. ئەوانەی كە جەنگی لەگەڵ كرد حاییم بن نۆ الله وصالح بن طریف وە گەل و هۆزی زەناتە شەڕیان لەگەڵ كرد، وە زۆربەی زۆری هۆزەكانی تریش كەوتنە جەنگ لەگەڵیدا. سوپاكەشی بریتی بوو لە حەوت هەزار كەس كە ئەبوبەكری عومەری لەمتونی بۆی بەجێ هێشتبوو. بە گوێرەی كات و سەردەم كە خەڵكی فێری ئیسلام بوون و دینەكەیان بە جوانی وەرگرت كۆمەڵ كۆمەڵ دەچوونە ناو ئەو كۆمەڵە خەباتگێڕو موجاهیدەوە.

لەدوای گەڕانەوەی شێخ ئەبوبەكر عومەر لەمتونی لەساڵی ٤٦٨ی كۆچی و لە دوای ٢٥ ساڵ كە گەڕابوەوە لە خواروی سینیگال و ناوەندی ئەفەریقا بینی كە یوسفی كوڕی تاشفین كە بەجێی هێشتبوو كردبووی بە ئەمیر لە باكووری مۆریتانیا و باكووری سینیگال لە ساڵی ٤٥٣ی كۆچی لەو كاتەوە توانیویەتی هەموو مەراكیش و مۆریتانیا و جەزائیرو تونس بخاتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای خۆیەوە، وە سوپاكەی بگەیەنێتە سەد هەزار سەربازی پیادە بێجگە لە سەربازانی سوارچاك كە ئاڵای دەوڵەتی مورابطینیان بەرز كردبوەوە.

ئەبوبەكری عومەری لەمتونی بینی یوسفی كوڕی تاشفین چەند شارێكی گەورەی دروست كردووە لەسەر بنەمای دینداری یەكێك لەو شارانە بریتی بوو لە مەراكیش وە یەكەم كار كە لەو شارەدا كردی دروستكردنی مزگەوتێك بوو لە قوڕ هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن سەرەتا هاتە ناو شاری مەدینەوە و مزگەوتێكی دروست كرد، یوسفی كوڕی تاشفین پێش ئەوەی بیر بكاتەوە كە خانوو و باڵەخانە بۆ خۆی دروست بكات، هەرچەند خاوەنی سەد هەزار سەرباز بووە، بەڵام یەكەم كاری دروست كردنی مزگەوت بووە.

ئەبوبەكری عومەری لەمتونی كە زانی ژیارێكی نوێی پێك هێناوە لەو ناوچەیەدا كە چەند ساڵێك بوو ئەو ناوچەیە بۆ خۆیەوەی نەدیبوو، وە بینی كە یوسفی كوڕی تاشفین پیاوێكی لە دونیا ترس و جیهان نەویست و زاهید و خاوەن وەرعە، وە كەسێكی زانایە بە دینی خوای گەورە ئەبوبەكری عومەری لەمتونی كە لە هیچ مێژوویەكدا نەبینراوە تەنها لە مێژووی موسوڵماناندا نەبێت، بۆیە پێی وت تۆ باشتری بۆ فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتی مورابطینە بۆیە ئەوی خستە جێگەی خۆی و وە ئەویشی كرد بە ئەمیری خۆی. یوسفی كوڕی تاشفین توانی لە ماوەیەكی كەمدا خەڵكێكی زۆر كۆبكاتەوە لەو دەوڵەتەدا، وە توانی ئەم ئیسلامە بە جوانترین شێوە بڵاو

بكاتەوە، وە بە یوسفی كوڕی تاشفینی وت "من شیرینی ئەم ئیسلامەم زۆر بە جوانی چەشتووە" داوای لێ كرد كە ڕێگەی پێ بدات كە بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەفەریقاو دەست بكات بە بانگەوازی خەڵكی بۆ ناو ئاینی ئیسلام.

ئەبوبەكری عومەری لەمتونی ئەو پیاوەی كە بانگەواز و جیهادی لە خۆیدا كۆ كردبووەوە:

لە دوای ئەوەی یوسفی كوڕی تاشفین كە ڕێگەی پێدا دیسان شێخ ئەبوبەكری عومەری لەمتونی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بۆ كۆتا جار گەڕایەوە بۆناو جەرگەی ئەفەریقا سەر لەنوێ دەستی كردەوە بە بانگەوازێكی نوێ، ئەو وڵاتانەی كە لەسەر دەستی ئەم كەڵە پیاوە هاتنە ناو ئیسلامەوە بریتی بوون لە ٢٥ دەوڵەت، لەوانە گانا، بیساو، باشووری سینیگال، سیرالیۆن، ساحل عاج، مالی، چاد، بۆركینا فاسۆ، نەیجەر، غینیا، داهۆمی، نەیجیریا، كە نەیجیریا بۆ جاری دووەم ئیسلام چووە وە ناوی، كامیرۆن، ئەفەریقای ناوەند، گابوون، تۆگۆ...هتد.

لە ڕاستیدا مێژوونووسان لەسەر ئەو ڕایەن كە ئەم پیاوە لێوەشاوە جوامێرە بەتوانایە كە توانی ئیسلام بەرێتە زیاد لە ٢٥ دەوڵەتی ئەفەریقیەوە، هەروەك ابن كثیر لە كتێبەكەی البدایە و النهایە دەڵێت: "ئەگەر ئەبوبەكری عومەری لەمتونی بانگەوازی بۆ جیهاد بكردایە ٥٠٠ هەزار سەرباز كۆ دەبوونەوە بۆی واتا نیو ملیۆن سەرباز، كە گوێیان بە ژیان و ماڵ و سەروەت و سامانیان نەدەدا، لە پێناوی دینی خوای گەورەدا دەجەنگان، بێجگە لەو خەڵكانەی تر كە لەناو وڵاتەكەیدا بوون كە لە ژمارە نەدەهاتن، كە هەموویان لەسەر دەستی ئەم پیاوەدا موسوڵمان بووبوون"**.

بێگومان هەركەسێك كارێكی چاكە ئەنجام بدات وەیان نوێژێك بكات وەیان بەڕۆژوو بێت لەو وڵاتانەی كە ئیسلامیان لەسەر دەستی ئەبوبەكری عومەری لەمتونی موسوڵمان بوون، دەچێتە سەر حەسەناتی ئەو و خێری بۆ زیاد دەبێت.

هەروەها ابن كثیر دەڵێت: "هەرگیزاو هەرگیز خۆی بە خەلیفەو ئەمیرو پادشا نەزانیوە، وێڕای ئەوەی كە خاوەنی ٥٠٠ هەزار سەرباز بووە هەمیشە خۆی لە ژێر ڕكێفی خیلافەتی عەباسییەكاندا بینیوەتەوە، چەند جارێكیش بۆ دەوڵەتی عەباسی سوپای خۆی بەكار خستووە شەڕو پێكدادانی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا كردووە".

ئەم سەركردە لێوەشاوەیە لە دوای ژیانێكی دوورو درێژ كە خوای گەورە پێی بەخشیبوو لە یەكێك لە فتوحاتەكانیدا لە ساڵی ٤٨٠ی كۆچی شەهید دەبێت. كردبووی بە پیشەی هەمیشەی كە لە ساڵێكدا دوو جار دەچوو بۆ جیهاد كە فەتحی وڵاتانی دەكردو ئیسلامی فێری خەڵك دەكرد. پێش

** "فكانت أكثر من خمس عشر ة دوله أفريقيه قد دخلها الإسلام على يد هذا المجاهد البطل الشيخ أبو بكر بن عمر اللمتوني رحمه الله هذا الرجل الذي كان إذا دعا إلى الجهاد في سبيل الله - كما يذكر ابن كثير في البدايه والنهايه - كان يقوم له خمسمائه ألف مقاتل، أي نصف مليون من المقاتلين الأشداء غير من لا يقومون من النساء والأطفال، وغير بقيه الشعوب في هذه البلاد من ليعداد لا تحصى قد هداها الله على يديه".

...بوونی ئەم کەڵە پیاوە واتا لە ساڵی ٤٧٨ی کۆچی ئەگەر سەیری نەخشەی جیهان بکەین
...ڵەتی مورابطین لە تونسەوە دەستی پێ دەکرد تاکو باکووری گابوون لە ناوەڕاستی ئەفەریقادا.
...سێ یەکی رووبەری ئەفەریقا لە ژێر دەستیدا بوو.
...لەبەر ئەوە بوو کاتێک کە ئەلفۆنسۆی شەش وەڵامی نامەکەی موعتەمەد علی اللە‌ی کوڕی
...ی بەدەست گەیشت کە ئەمیری ئیشبیلیە بوو هەروەک پێشتر لە نامەکەیدا ئاماژەمان پێ
...کە داوای یاوەشێنی لێ کردبوو، ئەویش چاوترسێنی کرد بە یاوەشێنی مورابطینەکان. دەیزانی
...سێ یەکی ئەفەریقا لە ژێر دەستی مورابطینەکاندایە وە دەشی زانی کە گەل و هۆزێکی کە
...هەموو ژیانیان لە جیهاد دا بردۆتە سەر بۆیە خێرا سوپاکەی خۆی گەڕاندەوە دواوە.

...دەوڵەتی مورابطین و یوسفی کوڕی تاشفین و خۆ ناونانی بە ئەمیری موسوڵمانان ناصرالدین:
...سەرەتاوە باسی مێژووی مورابطینمان کرد کە لەساڵی ٤٤٠ی کۆچی کە لە سەر دەستی ئاکە
...پیاوێک دامەزرا کە ناوی عبداللە‌ی کوڕی یاسین بوو. لەدوای ئارامیەکی زۆر و بانگەوازێکی
...بەردەوام لە سەر مەنهەجی پێغەمبەری خوا توانی ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێ و ئاینی پیرۆزی
...ئیسلام بڵاو بکاتەوە بەناو دەوڵەتەکانی ئەفەریقادا.
...ئەم هەموو سەروەریەی کە تۆمار کرا کە بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ توانیان گەورەترین دەوڵەت
...دابمەزرێنن. لە پاشاندا لە ساڵی ٤٧٨ی کۆچی لەو ساڵەدا یوسفی کوڕی تاشفین بوو بە گەورەو
...سەرپەرشتیاری ئەو دەوڵەتە گەورەیە وە ناوی خۆی نا بە ئەمیری موسوڵمانان أمیر المسلمین وناصر
...الدین، وە خەڵکێک لەوانەیە بپرسێت کە بۆ خۆی ناو نەناوە بە أمیر المؤمنین؟
...لە وەڵامدا دەڵێین: "ئەو شەرەفەی بۆ عەباسییەکان بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی فیتنە نەکەوێتە ناو
...موسوڵمانانەوە، وە خۆشی بە یەکێک لە پیاوانی عەباسییەکان دەزانی".
...هەرچەندە عەباسییەکان لەو ماوەیەدا لە بەغداد زیاتر بەولاوە خاوەنی هیچ جێگەیەکی کە
...نەبوون، بەڵام لە راستیدا یوسفی کوڕی تاشفین دەیویست کە موسوڵمانان لەژێر یەک ئاڵادا
...کۆبکاتەوە، نەیدەویست کە موسوڵمانان پارچە پارچەیان تێ بکەوێت و یاخی بن لە خیلافەت. وە
...نەشی دەویست یاخی ببێت لە خەلیفەی موسوڵمانان لە بەغداد. هەموو ئاواتیشی ئەوە بوو
...وەک مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە کە سوپاکەی لەگەڵ سوپای خەلیفەی عەباسیدا تێکەڵ
...بکات و وە خۆشی بە یەکێک لە پیاوەکانی دەوڵەتی عەباسی لەقەڵەم بدات. لە راستیدا
...دەتوانین بڵێین ئەم کەڵە پیاوە تێگەیشتنێکی راست و دروستی هەبوو بۆ ئیسلام وە دڵسۆز ترین
...کەسیش بوو لەسەردەمی خۆیدا بۆ ئیسلام.

...یوسفی کوڕی تاشفین و تێردراوەکانی ئەندەلوس:
...لە ساڵی ٤٧٨ی کۆچی لە شاری مەراکیش یوسفی کوڕی تاشفین پێشوازی کرد لە تێردراوەکانی
...ئەندەلوس کە لە لایەن مولوک طەوایفەوە هاتبوون، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کردبوو داوای
...یارمەتی و پشتگیریان لە دەوڵەتی مورابطین کرد لەبەر ئەوەی کە نەساڕاکان هێرشیان کردبووە
...سەریان. خەڵکی ئیسپانیا داوایان لێ دەکات کە بچن بە هانایانەوە کە بێن لە پێناوی خوای

...سوێنێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
...ورەدا بجەنگن و شەڕ لەگەڵ نەساڕاکاندا بکەن. لەڕاستیشدا کە گوێیان لەم وتانەی ئەوان بوو
...سفی کوڕی تاشفین وتی "ئەمە نیعمەتێکی گەورەیە کە رووی کردۆتە ئێمە وە ئێمە ئاوات
...وازین کە بجەنگین لە پێناوی خوای گەورەدا"
...تیالها من نعمە، ویالها من أمنیە".
...د دوای رازی بوونیوسفی کوڕی تاشفین هەستاو کەوتە رێ بە حەوت هەزار سەربازی ئازا و
...وێرەوە بەرەو ئەندەلوس لەگەڵ ئەوەی کە هێزی سەربازی لە باکووری ئەفەریقادا خۆی دەدا لە
...سەد هەزار سەرباز، وە هەروەها خاوەنی ٥٠٠ هەزار سەرباز بوو لە باشووری ئەفەریقادا،
...ەڵکانێک لەوانەیە بپرسن کە ئەو خاوەنی ئەو هەموو سوپا زۆرە بێت بۆ تەنها حەوت هەزار
...سەرباز لەگەڵ خۆی دەبات؟

...ەوەڵامدا دەڵێین: ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم پیاوە خاوەنی زیرەکیەکی بێ وێنە بووە، ئەم
...سەرکردە لێوەشاوەیە ئەگەر بهاتایەو بە هەموو سوپاکەیەوە بەرەو ئەندەلوس برۆشتایە ئەی چی
...بەجێ بهێشتایە بۆ ئەو رووبەرە گەورەیەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، کێ پارێزگاری لە باکوورو
باشووری ئەفەریقا بکردایە؟ وە زۆربەی زۆری سوپاکەشی لە تونس و مەراکیش و جەزائیر و
سینیگال نیشتەجێ کردبوو.

دەستی کرد بە کۆکردنەوەی چەک و کەشتی ئامادە کرد بۆ پەڕینەوە لە کەنداوی شاخی
طاریقەوە، کاتێک کە ویستیان بپەڕنەوە لە ناوەڕاستی دەریادا شەپۆلێکی بێ شوماڕو باو بۆرانێک
رووی تێکردن، خەریک بوو هەموو کەشتیەکان نغرۆی ئاوەکە بێن، لە راستییدا بێجگە لەوەی کە
ئەم پیاوە سەرکردەیەکی لێوەشاوە بووە لە هەمان کاتدا پێشەنگێک و ئیمامێکی گەورەش بووە،
بە گەردن کەچی و زەلیلی دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وتی:"خوایە گیان ئەگەر ئەزانی ئەم
پەڕینەوەیەی ئێمە خێری تێدایە بۆ ئێمەو بۆ موسوڵمانان بەگشتی، خوایە گیان پەڕینەوەکەمان
بۆ ئاسان بکە. وە خوایە گیان ئەگەر خێری تێدا نییە بۆ ئێمەو بۆ موسوڵمانان بەگشتی کارێک
بکە کە ئێمە نەتوانین بپەڕینەوە." دەڵێن هێشتا تەواو نەمابوو لە دوعا کردن باوو بۆرانەکە
کۆتای پێ هات وە شەپۆلی دەریا نیشتەوە، هەر بە گەیشتنە ئەوبەری بۆ ناو خاکی ئیسپانیا کە
وەفدێکی زۆر گەورە پێشوازیان لێ کرد، ئەو پێش هەموو شتێک سوجدەی شوکری برد کە خوای
گەورە کارەکەی بۆ ئاسان کردووە، وە خوای گەورەش کردویەتی بە سەربازێک لە سەربازەکانی
ئاوەکو لە پێناوی ئەم دینەی خوای گەورەدا بجەنگێت"[46].

---

[46] "أعدّ العدە رحمە الله وجهّز السفن، وبينما يعبر مضيق جبل طارق، وفي وسطە يهيج البحر وترتفع الأمواج وتكاد السفن أن تغرق، وكما كان قائدًا يقف هنا قدوة وإمامًا، خاشعًا ذليلًا، يرفع يديە إلى السماء ويقول: اللهم إن كنت تعلم أن في عبورنا هذا البحر خيرًا لنا وللمسلمين فسهّل علينا عبورە، وإن كنت تعلم غير ذلك فصعّبە علينا حتى لا نعبرە، فتسكن الريح، ويعبر الجيش، وعند أول وصول لە، والوفود تنتظرە ليستقبلونە استقبال الفاتحين، يسجد لله شكرًا أن مكّنە من العبور، وأن اختارە ليكون جنديًا من جنودە سبحانە وتعالى ومجاهدًا في سبيلە".

## یوسفی کوڕی تاشفین و نموونەی پێشەنگ

یوسفی کوڕی تاشفین چوە ناو خاکی ئەندەلوس وە چووە شاری ئیشبیلیە پێشوازیەکی گەرمەکانی لێکراوە خەڵکی زۆر بەدەمی سوپاکەیەوە ڕۆیشتن، پاشان ڕووە شاری قشتالە کەوتە ڕێ کە نەسرانییەکان لەوێ جێگیر بووبوون،وە ترس و بیم کەوتبوە دڵی هەرچی پاشا و ئەمیری موسوڵمانان و کافرو نەسارانی بوو لە خاکی ئیسپانیا دا یوسفی کوڕی تاشفین بەو پەڕی سەر بەرزی عیزەت و جوامێری بە ناو خاکی ئیسپانیادا دەگەڕا تەنها بە حەوت هەزار سەربازەوە.

بەوە ماوەی حەفتا ساڵە موسوڵمانانی ئەندەلوس لە ترسنۆکی و سەر شۆڕیدا دەژین هەموو ساڵێک جزیە دەدەن بە نەساڕاکان کە خۆیان بینی ئەوندە سەر شۆڕو زەلیلن و خەڵکانێکی تر لە پەوری کیشوەرێکی ترەوە هاتوون بە سەر دەریادا پەڕیونەتەوە و دەیانەوێت گیانی خۆیان فیدا بکەن بۆ ئەم ئیسلامە، سەربەرز و خاوەنی کەرامەتن وە دەیانەوێت وشەی خوای گەورە بە بەرزو پیرۆز رابگرن گیان و ماڵ و منداڵیان بەلاوە هیچ نییە تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیان دەوێت، خەڵکی ئەندەلوس کە ئەم ڕەوشەیان بینی زۆر گۆڕان وە ئەوانیش خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرنگاری بوونەوە لە نەسرانییەکان بانگی جیهادیان داو بەرەو جیهاد کەوتنە ڕێ.

مقری لە نفح الطيب دا دەڵێت: موعتەمەدی کوڕی عەباد لە ئیشبیلە سوپاکەی کۆ کردەوە، وە بەهەمان شێوە لە شاری قورتوبەوە سوپای باش کۆبووە، وە هەواڵ گەیشت بە الأذفونش کە بە ئەلفۆنسۆی شەشەم ناسراو بوو ئەویش سوپایی گەورو بێشوماری ئامادەکرد لە طولیطلە"[٤].

بەهەمان شێوە یوسفی کوڕی تاشفین کەوتە ڕێک خستنی سوپاکانی ئیشبیلەیە و قورتوبەو بطلیۆس وە هەموویانی ڕێک خستن بەرەو جێگەیەک کەوتنە ڕێ کەناوی زەلاقە کە دەکەوێتە باکووری وڵاتی موسوڵمانان لە ئیسپانیا واتا نزیک سنورەکانی قشتالە بوو وە سوپایی موسوڵمانان لەو جێگەیەدا خۆیدا لە نزیکەی سی و پێنج هەزار سەرباز.

لێرەدا دەبێت لەوە تێبگەین کە پێشەنگ چەندە گرنگە چونکە خەڵکی لە دەوری پێشەنگ کۆ دەبێتەوە، وە خەڵکی وا لێ دەکات کە برایەتی یان بەهێزو نەپساوە بێت، خەڵکی وای لێ دەکات کە غیرەتی بۆ ئەم ئیسلامە بجوڵێت، کەواتە دەبێت خەڵکی لەوە تێبگات موسوڵمانان هەمیشە پێویستیان بە پێشەنگە ئەگەر پێشەنگ نەبێت خەڵکی نازانێت چۆن کۆبێتەوە.

کەواتە با پێشەنگەکانمان کە خۆیان بە سەرکردەی پارتە ئیسلامیەکان دەزانن دەبێت ڕەوشتیان وەک ئەم کەڵە سەرکردەیە بێت تا خەڵکی لە دەوریان کۆبێتەوە نەک هەوڵ بدەن بۆ مەرامی تایبەت بۆ ناو دەرکردن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، چونکە هەر کەس نان و پیاز بەم ئیسلامە بخوات خوای گەورە سەر شۆڕ و زەلیلی دەکات لە جیهانش وە لە قیامەت وە نموونەی زۆرمان هەیە لە مێژووی ئەم ئیسلامەدا.

---

[٤] قال المقري في نفح الطيب: واجتمع بالمعتمد بن عباد بإشبيلية، وكان المعتمد قد جمع عساكره أيضاً، وخرج من أهل قرطبة عسكر كثير، وقصده المطوعة من سائر بلاد الأندلس، ووصلت الأخبار إلى الأذفونش فجمع عساكره، وحشد جنوده، وسار من طليطلة.

**ئیوان سوپای موسوڵمانان و سوپای نەسارِاکان:**

ئێوان سوپای موسوڵمانان و سوپای نەسارِاکان:
ئێوان سوپای موسوڵمانان کەوتنەڕێ بەرەو زەلاقە بە سەرکردایەتی یوسفی کوڕی تاشفین لە سی و پێنج هەزار موسوڵمانان کەوتنەڕێ بەرەو زەلاقە بە سەرکردایەتی یوسفی کوڕی تاشفین لە ویدا بەرەو ڕووی نەسرانییەکان وەستانەوە، وە ئەو جێگەیە لە مێژوودا ناسراوە بە جێگەیی زەلاقە بەڵام پێشتر ئەو جێگەیە بەو ناوە نە ناسرابوو دوای باسی دەکەین بۆ چی ئەو ناوەی لێنراو پێی دەوترێت زەلاقە.

کاتێک کە یوسفی کوڕی تاشفین لە جێگەیی جەنگەکەدا بنەو بارگەی خۆی خست هەواڵێکی زۆر ترسناکی بۆ هات لە وڵاتی مەراکیشەوە کە موسیبەتێکی زۆر گەورە بوو بۆ یوسفی کوڕی تاشفین کە هەواڵی مردنی کوڕە گەورەکەیان بۆ هێنا کە لە جێگەیی خۆی دای نابوو لە مەراکیش، لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتی و بێزاریەیی کە دەوڵەتێکی وا گەورەی لە دوا بە جێما بوو هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە کە بگەڕێتەوە واز لە جیهادەکەی بێنێت، وە یەکێک لە سەرکردەکانی خۆی گەڕاندەوە بۆ مەراکیش کە سەر پەرشتی ئەو وڵاتە بەرفراوانە بکات کە ناسراوە بە مورابطین ئەو سەرکردە لێوەشاوە ناوی داودی کوڕی عائشە بوو ناردیەوە وەک وەزیرێک تا دەگەڕێتەوە وەک وەزیرێک فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتە بکات.

نەسارِاکان خۆیان ئامادە کرد کە زانیان یوسفی کوڕی تاشفین بە سی و پێنج هەزار سەربازەوە هاتووە ئەوانیش نزیکەی شەست و سێ هەزار سەربازی نەسرانی بۆ ئامادە کرد بەرەو جێگەیی زەلاقە کەوتنەڕێ بە سەرکردایەتی فۆنسۆی شەشەم کە یارمەتی سەربازی لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئینگلیز وەرگرتبوو وە پاپایی ئەو سەردەمە کە ناوی صەکوکا بوو پسوڵەی لێخۆش بوونی دا بە هەموو سەربازانی ئەو جەنگە وە هەمیشە دەیوت کێ دەجەنگێت دژی موسوڵمان پسوڵەی لێخۆش بوونی ئامادەیە!

لەسەرەتای سوپاکەی خۆیەوە فۆنسۆ وێنەی بە ناو مەسیحی هەڵگرتبوو بە هەمان شێوە وێنەی خاچیان هەڵگرتبوو هاواریان دەکرد ئێمە ئەمڕۆ بەم سوپایە شەڕ لەگەڵ مرۆڤ و جنۆکە و فریشتەکان دەکەین وە محەمەدو هاوڕێکانی دەکوژین چونکە وایان دەزانی کە شەڕی خاچ پەرستان موسوڵمانانە**.

**نامە گۆڕینەوەی ئێوان سوپاکان و جەنگی میدیایی ئێوانیان**

وەک پیشەی هەمیشەیی سوپاکان لەو سەردەمەدا لە ئێوانی خۆیاندا نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد یوسفی کوڕی تاشفین نامەیەکی نارد بۆ ئەلفۆنسۆی شەش لە نامەکەدا دەڵێ "پێستبومان ئەت ویست کە تۆ لە دەریاوە بپەڕێیتەوە بۆ لامان، ئەوا ئێستا ئێمە پەڕیوینەتەوە بۆ لات، داواکاریش بووی بەوەی کە ئێمە بکەینە لات ئەوا ئێمە هاتین و ئاکامەکەشی دەزانیت. داواکردنی بێ باوەڕانیش تەنها سەر لێشێواوی و گومڕاییە، من بانگەوازت دەکەم بۆ ئیسلام وە دانی جزیە و

---

** قدم "ألفونسو السادس" يحمل الصلبان وصور المسيح وهو يقول: بهذا الجيش أقاتل الجن والإنس وأقاتل ملائكة السماء وأقاتل محمداً وصحبه، فهو يعرف تماماً أنها حرب صليبية ضد الإسلام.

ڕەوێت بە سەر شۆڕیش بمان دەبێ، وە یان جەنگ وە ماوەشت سێ ڕۆژە بۆ وەڵام دانەوەی نامەکە."

ئەلفۆنسۆی شەش کاتێک کە نامەکەی وەرگرت و خوێندیەوە توڕەبوونێک رووی تێکرد کە پەنجەکانی خۆی دەگەست، دەی وت من چۆن جزیە بدەم لە کاتێکدا کە موسوڵمانان جزیەیان داوە بە من، وە وەڵامی یوسفی کوڕی تاشفینی دایەوە بە جەنگ، کاتێک کە نامەکە گەیشتەوە بۆ یوسفی کوڕی تاشفین هەر لەسەر پشتی نامەکەی وەڵامی دایەوە، کە ئەوەی کە بەچاو ئەت دەیبینیەوە دەی بینی وە ئەوەشی کە بە گوێ ئەت بیستووە دەیبیستی، بۆی نووسی سڵاو لەو کەسانەی کە دوای ڕێنوێنی دەکەون"[١٩].

کاتێک کە وەڵامەکەی یوسفی کوڕی تاشفینی بە دەست گەیشتەوە، تێگەیشت بەوەی کە لە توانای دەسەڵاتی ئەلفۆنسۆدا نییە کە بەرانبەر بەو سوپایە بوەستێتەوە.

لە ناوەڕۆکی کتێبی الروض المعطار في خبر الأقطار: "کاتێک کە نامەکە گەیشتەوە بە ئەلفۆنسۆ هەستا بەوەی کە لەگەڵ قەشەکان و ڕاهیبەکاندا کۆبوونەوەی کرد، هەر بە ناو سوپاکەی خۆیدا ئینجیلی بەسەر هەموو سوپاکەیدا بەش کرد وە هەروەها یەکێک لە جاسوسەکانی خۆی نارد بۆلای ئیبنو عەباد ئەلفۆنسۆی شەش داوای کرد لە ئیبنو عەباد کە هاوڕێکەی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دیوی دەریا واتا بۆ وڵاتی خۆی، ئەم چاوی تێوەی دەبێت و جزیەشی لێ وەرناگرێت، بەڵام بە مەرجێک دواکەوتوی ئەلفۆنسۆ بێت، وە پێشی وت ئەگەر بێت و شەڕیشمان لەگەڵدا بکەن ئەوا سوپایەکم بۆ ئامادە کردووە کە جنۆکەو مرۆڤ و فریشتەکان لە ئاسمان دەکوژن، هەر لەو کاتەشدا لەو کتێبەدا هاتووە کە دەڵێ نەسرانییەکان زۆر لوت بەرز بوون بە سوپاکەی خۆیان، چونکە دوو ئەوەندەی سوپای موسوڵمانان بوون."

شەوێک ئەلفۆنسۆی شەش لە خەودا بینی کە سواری پشتی فیلێک بووە و بە قامچیەکەی پیایدا دەکێشێت، دوای هەستانی لەخەو پرسی لە قەشەو ڕاهیبەکان یەک کەس لەوان وەڵامی نەدایەوە، بەهودیەک کە لە موسوڵمانانەوە فێری لێکدانەوەی خەو بووبوو، بۆ ئەوەی کە شەڕەکەی پێ بکات پێی وت: کە لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو دەبێت، واتە دەتوانیت بیەرێتەوە بۆ ناو دەوڵەتی مورابطین، بەڵام خەڵکەکە هەموویان ئەو کابرایەیان بە درۆ خستەوە، پاشان ئەو کەسەی کە بە درۆی خستەوە هەر لەویا وتی تکام وایە کە ئەم خەوە بۆ کەس نەگێڕیتەوە وە بێ دەنگی لێ بکە.

ئەو کەسە وتی من زانیومە کە ئەمە خەوێکی زۆر گرنگە وە بە واتای کارەساتێکی گەورەو موسیبەتێک بەم نزیکانە دەقەومێت، پاشان وتی من لە قورئانی موسوڵمانەکاندا بیستومە کە خواکەیان دەڵێت: (ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل)، وا هەست دەکەم وەکو سوپاکەی ئەبرەهە لە ناو بچن، هەروەها بە نسبەت قامچیەکەوە کە داوتە لە فیلەکە خوای موسوڵمانان دەڵێت: (فإذا نقر في الناقور)، ئەویش واتای ئەوە بوو کە موسوڵمانان بە قامچیەوە ڕاویان دەنێن

[١٩] "ما تراه بعينك لا ما تسمعه بأذنك، والسلام على من اتبع الهدى".

ئەزموونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان لە ترساندا لە ناویاندا رای کرد وە ئەلفۆنسۆ و را دەکەن لەژێر دەستیاندا. بۆیە کابرای یەهودی لە ترساندا لە ناویاندا رای کرد وە ئەلفۆنسۆی توشی لەرز و دڵەڕاوکێ بووبوو. بەڵام ئەشی توانی لە لوت بەرزی خۆی کەم بکاتەوە بۆیە ویستی ئەخشەیەکی خراپە کارانە دابڕێژێت، ئەلفۆنسۆی شەش نامەیەکی نارد بۆ هەرچەند ئەلفۆنسۆ هەوڵی دا کە ئەو شەڕە نەبێت، بەڵام ئەشی توانی لە لوت بەرزی خۆی کەم یوسفی کوڕی تاشفین لە نامەکەدا نووسرابوو کە رۆژی جەنگەکەی دەست نیشان کردبوو، ئەو رۆژەی کە نامەکەی نووسی رۆژی پێنج شەممە بوو، لە نامەکەدا دەڵێ با بەیانی ئەو رۆژەی کە نامەکەی نووسی رۆژی پێنج شەممە بوو، لە نامەکەدا دەڵێ با بەیانی ئەم نەکەین لەبەر ئەوەی رۆژی هەینییەو جەژنی موسوڵمانانە وە ئێمە لە جەژنی موسوڵماناندا شەڕ ناکەین، رۆژی شەممەش جەژنی یەهودیەکانە وە سوپاکەشم زۆربەی زۆری یەهودین، رۆژی یەکشەممەش جەژنی ئێمەیە، جا ئەگەر دەکرێت با جەنگەکە دوا بخەین بۆ رۆژی دوو شەممە.

کاتێک کە نامەکەی وەرگرت یوسفی کوڕی تاشفین سەرکردەکانی خۆی کۆکردەوە وە تێی گەیاندن کە ئەمە پلانێکی زۆر ترسناکی ئەلفۆنسۆیە، چونکە ئەو باش لە هونەری سەربازی گەیشتبوو بۆیە نەیهێشت کەس لە سوپاکەی ئاگاداری ئەو نامەیە بێت، چونکە ئەلفۆنسۆ پیاوێکی درۆزن و دوو ڕووە. یوسفی کوڕی تاشفین وتی من چۆن بڕوای پێ بکەم کاتێک کە ئەوان بەدەم خوای گەورەوە درۆ دەکەن، وە بەدەستی خۆیان کتێب دەنووسن و دەڵێن لە لایەنی خواوە هاتووە، وەک خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرموێت: وَكُلَّمَا عَاهَدُوا عَهْدًا نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾ البقرة. واتە: هەرجارێك پەیمان ببەستن (لەگەڵ خوا و پێغەمبەرو موسوڵماناندا) خێرا دەستەیەکیان پەیمانەکەیان شکاندووە، بەڵکو زۆربەی زۆریان بڕوایان نییە (بەڕێزو قەدری پەیمان و ئیمان).

ئامادەکردنی سوپا و خەوەکەی ئیبنو رومەیلە:
یوسفی کوڕی تاشفین بە ئاگاداریەکی زۆرەوە، کە هەر نامەکەی ئەلفۆنسۆی بە دەست گەیشت سوپاکەی ئامادە کرد، ئێوارەی پێنج شەممە سوپاکەی بە تەواوەتی ئامادەکرد، کە کەسێکی باشیان دانابوو لە شەوی هەینی دا، یەکێک لە زانا پایە بەرزەکانی ئیسپانیا کە ئەو شەوە خەوی لێکەوت لەناو سوپاکەدا کە یەکێک بوو لە زاناکانی مالیکی لە قورتوبە، بە ئیبنو رومەیلە ناسراوە.

---

خاوەنی ئەو کتێبە دەڵێت: ئەو کەسەی خەوەکەی بۆ لێک دایەوە یەکێک بوو لە موخابەراتەکانی ئیبنو عەباد، بۆ ئەوەی وردەی سوپاکە و ئەلفۆنسۆش بڕوخێنێت.

ناوی ئەبو الفقيه الناسك أبو العباس أحمد ابن رميلة قرطبي، بە ئەسڵ خەڵکی قورتوبە بووە، کونیەکەشی أبا العباس، پیاوێکی لەخوا ترس و دیندار و خاوەن وەرع بوو. وە پیاوێکی ڕاستگۆ و خاوەن کردەوەی چاک بووە، هەروەها لە باسی ئەم پیاوەدا ئەبو محەمەدی کوڕی عیتاب ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: "خاوەنی زانستێکی بێ شومار و پیاوێکی خاوەن وەرع بووە، وە لە جێگەی ڕووداوەکە شەهید بووە، ڕووبەڕوو نەک لە پشتەوە لە ساڵی ٤٧٩ی کۆچی". تەنها کاری گرنگی ئەم پیاوە ئەوە

بۆیە ئەو شەوە لە ناو سوپاکەی یوسفی کوڕی تاشفیندا خەوی دی بە پێغەمبەری خواوە ﷺ، لە خەودا پێغەمبەر خوا ﷺ پێی فەرمو "ئەی ئیبنو رومەیلە ئێوە سەرکەوتون و تۆش دێی بۆ لامان"[1].

کاتێک کە ئەم خەوەی بینی لە خۆشیاندا هەستایە سەرپێ و هاواری کرد وە دەشی زانی کە بینینی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خەودا حەقە و راستیە، چونکە شەیتان ناتوانێت خۆی بخاتە سەر شێوەی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ، هەروەک خۆی بۆمان باس دەکات في البخاري بسنده عن أنس رضي الله عنه قال: قال النبي ﷺ: "مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَقَدْ رَآنِي فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَخَيَّلُ بِي وَرُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ.

ئەو زانا پایە بەرزە ئەوەندە دڵخۆش و دەم بە پێکەنین بوو کە ئەو خەونەی بینی بوو لە خۆشیدا خۆی پێ رانەگیرا، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد مژدەی پێغەمبەرتان بەمن، من لە پێناوی خوای گەورەدا دەمرم و ئێوەش سەر دەکەون، چ ئەجرو پاداشتێک هەیە کە ئەوەندەی ئەمە گەورەو دڵ خۆشکەر بێت. هەر لە نیوەی شەودا ئیبنو رومەیلە چووە لای یوسفی کوڕی تاشفین و لە خەو هەڵی ساند، هەروەها موعتەمەد علی الله کوڕی عیبادی لە خەو هەستاند کە ئەو سەرپەرشتی هێزی ئەندەلوسی دەکرد، وە هەروەها موتەوەکیلی کوڕی ئەفطەسی هەستاند و بە هەمان شێوە عبدالله کوڕی بەلقین- یشی ئاگادار کردەوە، وە هەموو سەرکردەکانی جەنگی ئاگادار کردەوە، ئەنجا خەوەکەی بۆ گێڕانەوە کە چۆن خەوی بینیوە بە پێغەمبەری سەروەرمانەوە ﷺ.

ئەو خەوە یوسفی کوڕی تاشفین و هەموو سەرکردەکانی راپەرسکاند، هەموو لە خۆشیان دا لە نیوەی شەودا خەبەریان بووەوە، هەموو سوپاکە خەبەری بوەوە و خەوەکەی ئیبنو رومەیلەیان دەگێڕایەوە کە بینیبووی، وە دەیان وت کە ئێمە سەرکەتوین و ئیبنو رومەیلەش شەهید دەبێت، ئەمە بووبووە سرودی نیشتمانی ئەو سوپایە، هەتاکو ئەو دەمە خاکی ئەندەلوس ئەو خۆشی و شادیەی بە خۆوە نەدیبوو، کە سوپا خۆی بۆ جیهاد ئامادە بکات و ئەو کاتە خۆشانە بەرنە سەر. دەمێک بوو خەڵکانێک بوون کە خەواڵو بوون، بەڵام وا ئێستا ئاواتە خوازی شەهید بوونن بۆیە یوسفی کوڕی تاشفین فەرمانی دا بەسەر سوپاکەیدا کە دەبێت هەموو سوورەتی ئەنفال بخوێنن، وە فەرمانیشی کرد بە وتار خوێنەکان لە سەر لەنوێ جیهاد بخەنەوە دڵی موسوڵمانان و سوپاکەی، خۆی بەسەر سوپاکەیدا دەگەڕا و هەموو کەتیبە و بەتالیۆنەکانی بەسەر دەکردەوە وە

---

وتەوە و دانیشتن لەبووە لە مزگەوتدا، وەیان تەنها خەڵکی فێری قورئان خوێندن بکات، وە وا بزانێت کە تورکی سەرشانی کۆتای پێ هاتووە، تێکەیشتبوو لەم دینە وەک خۆی، کە جیهاد لەم دینە داباڵرێت موسوڵمانان زەلیل و سەرشۆڕ دەبن، بۆیە ئاواتی بوو لە خاکی جیهادا رووبەڕوو شەهید ببێت.

(1) في هذه الليلة يرى ابن رميلة هذا رسول الله صلى الله عليه وسلم وهو يقول له: يا ابن رميلة، إنكم منصورون، وإنك ملاقينا.

ئەوەی کە شەهید دەبێت، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە پاداشتی دەستکەوتی دەبێت". هاواری دەکرد بەهەشت بۆ ئەو کەسەی کە شەهید دەبێت، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە پاداشتی دەستکەوتی دەبێت*.

دەزگەی هەواڵگری موعتەمەد علی اللەی کوڕی عەباد چاودێری لەسەر دوژمن هەبوو:
موعتەمەد علی الله زیرەکیەکی بێ وێنەی هەبوو لە جەنگدا بۆیە دەیزانی ئەلفۆنسۆ کە کەسێکی خاوەن نەخشەو پلانە لە جەنگدا، ئیبنو عەباد زانی کە ئەم خەڵکەش کە هاتوون لە سەحراوە پەروەردە کراون، بۆیە هەر لەناو کەتیبەکانی یوسفی کوڕی تاشفیندا چەند کەسێکی خۆی دادەنا تا ڕێگەو شوێنیان نیشان بدەن، چونکە هەرکاتێک مورابطینەکان دوور بکەوتنایەتەوە بۆ کارو پێداویستی خۆیان ئەوا کەسێکی ئەندەلوسی لەگەڵیاندا دەڕۆشت، بۆ ئەوەی ئەوەکو ئەلفۆنسۆ کەمین دابنێت و کە موسوڵمانە مورابطینەکان شەهید بێن. جۆرەها ئەسپی دابەش کرد بەسەر مورابطینەکاندا کە لە جواد بەهێزتر بوون کە ئەوانیش پێیان دەوترا (الكردوس) ئەم جۆرە ئەسپە باڵایان بەرز بوو ئەمەش زیرەکی ئیبنو عەباد بوو.
هەواڵگرانی موسوڵمانان زۆر بە تیژی و بە ڕاستگۆیانە هەواڵەکانیان دەگەیاندەوە بە سەرکردەکانیان، هەر لەو شەوەدا دوو خۆبەخشی موسوڵمانان کە لە سەربازانی موعتەمەد بوون گوێیان لێ بوو کە ئەلفۆنسۆ قسە بۆ سوپاکەی دەکات و دەڵێت ئەم خەڵکانەی کە هاتوون خەڵکی ناو بیابانن ئەوان لە خاکی نەرمدا فێری شەڕن ئەگەر بتوانن شەڕەکە بگوێزنەوە بۆ خاکێکی بەردین لە بەر ئەوەی ئەوان شارەزا نین بەو جۆرە جەنگانە، هەروەها ئەو دوو خۆبەخشەی ئیبنو عەباد جۆری چەکەکان و شێوەی نەخشەو پلانەکانی ئەوانیان دەهێنایەوە.
ئیبنو عەباد نامەیەکی نووسی بە کوڕەکەی خۆیدا ناردی بۆ یوسفی کوڕی تاشفین کە کوڕەکەی ناوی أبابکر بوو کە ئەلفۆنسۆ هەر ئەم شەو نیازی جەنگی هەیەو دەیەوێت بکاتە سەرمان.

سوپای موسوڵمانان و دانانی نەخشەو پلانێک بۆ هێرش:
لە دوای نامە نهێنییەکەی ئیبنو عەباد کە بە أبابکری کوڕیدا ناردبووی، لەوانەیە خەڵکێک بپرسێت کە بۆچی بە نامە یەکتریان ئاگادار کردەوە؟
لە وەڵامدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کە هێمنی سوپاکە بپارێزن تا موسوڵمانان تووشی دڵەڕاوکێ و ترس نەبن، هەر بەیانی ڕۆژی هەینی کە بەرواری دوانزەی مانگی ڕەجەبی ساڵی ٤٧٩ی کۆچی، چونکە کارێکی سەرسوڕ هێنەر نەبوو بۆ یوسفی کوڕی تاشفین کە ئەلفۆنسۆی شەش پەیمانەکەی خۆی بشکێنێت، ئەو دەیزانی کە هەمیشە ئەوان پەیمانی خۆیان دەشکێنن و هەر لەو ڕۆژەشدا هێرش دەکەن، هیچ پاساوێکیشی نەهێنایەوە بۆ شکاندنی پەیمانەکەیان، چەنکە ئەوان لە سروشتیاندا پەیمان شکێن بوون.
ئەوی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو لە لای ئەلفۆنسۆ شەشەم ئەوە بوو کە کاتێک هاتە سەر سوپای موسوڵمانان سوپاکە لەو پەڕی ئامادە باشی دا بوو، وە بە نەخشە و پلانێکی باش

---

** طوبی لمن أحرز الشهادە، ومن بقي فله الأجر والغنيمة.

موسوڵمانان جەنگیان کرد. یوسفی کوڕی تاشفین سوپاکەی کردبوو بە دوو بەشەوە بەشێک لە پێشەوە وە بەشێکی تر لەدواوە بۆ یارمەتی سوپای پێشەوە، ئەو لیوەیەی کە لە پێشەوە بوو معتمد علی الله کوڕی عەباد دوای کرد کە لەگەڵ ئەندەلوسەیەکان سەرکردایەتی بکات، چونکە زۆر داخ لە دڵ بوون بۆ سوپایی ئەلفۆنسۆ شەشەم وە بە شەڕی خۆیانی دەزانی بۆیە پێشەوەی هەڵبژارد، لە هەمان کاتدا دەیویست ئەو سەرشۆڕیەی کە چەندەها ساڵە بە سەریانەوەیە بسڕێتەوە خۆی سەرکردایەتی جەنگەکە بکات، دەیوست هەرچی لوت بەرزی ئەلفۆنسۆیە بیشکێنێ نعتیبارێک بۆ خەڵکەکەی بگەڕێنێتەوە، ویستیشی خۆی یەکەم گورز بوشێنێت لە سوپای نەسارا.

بەوەی تری سوپاکە کە ١٥ هەزار سەرباز بوون لەگەڵ معتمد علی الله کوڕی عەباد وەستان لە پێش پێشەوە، وە لە پشتی ئەوەوە داودی کوڕی عایشە وەستا کە گەورەی سوپا سالاری مورابطین بوو.

بۆیە ئەمە هەمووی بەشی یەکەمیەتی کە باسمان کرد، واتا ١٥ هەزار کەسەکە بووبوون بە دوو بەشەوە.

بەشی دووەم سوپایەکی شاراوە بوو کە یوسفی کوڕی تاشفین -رەحمەتی خوای لێ بێت- ئەو سوپایەی بە تەواوەتی شاردەوە لە بن بەرد و چیاکاندا زۆر دوور لە مەیدانی جەنگ، کە ئەوانیش بریتی بوون لە ١٥ هەزار کەس.

یوسفی کوڕی تاشفین ئەو سوپایەیی وەکو یارمەتی بۆ سوپای بەشی یەکەم دانابوو، خۆشی بە چوار هەزار سەربازی ترەوە بەسەر هەموویاندا دەگەڕا، ئەم چوارهەزار کەسەی کە لەگەڵیدا بوون لە پشتی هەموویانەوە دایان کە خەڵکێکی زۆر بەتواناو لێهاتوبوون، کە پێیان دەوترا سەربازانی سوودانی لێزان.

ئەم چوار هەزارە شمشێری دەستیان درێژو هەروەها بە ناوی شمشێری هندی ناسرا بوون، وە رم وقەڵغانی بەهێزیان پێ بووە، ئەم سوپایە کە سوپایەکی شەڕکەری بێ وێنە بوون لە ناو سوپای مورابطیشدا تایبەتمەندی خۆیان هەبوو، یوسفی کوڕی تاشفین لە دوای هەموو سەربازەکانەوە دایانا.

کەواتە ئێستا زانیمان کە سوپای موسوڵمانان بووبوون بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەمیان موعتەمەد علی الله و ١٥ هەزار سەرباز بوون، بەشی دووەمیان کە یوسفی کوڕی تاشفین خۆی سەرپەرشتی دەکردن وە سوپای شاراوەی پێ دەوترا، ئەمانیش بریتی بوون لە ١٤ بۆ ١٥ هەزار سەرباز، بەشی سێیەمیان بریتی بوون لە چوار هەزار سەربازە سوودانییە لێزانەی کە شمشێری هندییان پێ بوو.

ئەم نەخشەیەی کە یوسفی کوڕی تاشفین بەکاری هێنا نەخشەو پلانێکی تازە نەبوو بۆ موسوڵمانان، هاوشێوەی ئەو نەخشەو پلانە بوو کە خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزاو رەحمەتی خوای لێ بێت- لە شەڕی "ولجە" لە دژی فارسەکان پیادەی کرد، وە هەروەها ئەو پلانە بوو کە "نعمان کوڕی مقرن" لە شەڕی نەهاوەندا لە دژی فارسەکان بەکاری هێنا، بۆیە یوسفی کوڕی تاشفین مێژووزان بوو بۆیە گرنگە کە هەموو کەس شارەزای مێژوو بێت.

ئەلفۆنسۆی شەش هێرش (لە ٤٧٩ی کۆچی مانگی ڕەجەب ساڵی) لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی دوانزەی مانگی ڕەجەب ساڵی ٤٧٩ی کۆچی ئەلفۆنسۆی شەش هێرشی کردە سەر موسوڵمانان بە ٦٠ هەزار سەربازی نەسرانییەوە، لە بەرانبەر ١٥ هەزار سەربازی موسوڵمانان جەنگ دەستی پێ کرد، سوپای نەسارا وەکو شەپۆلی دەریا شەپۆلیان دەدا بۆ نێو موسوڵمانان، موسوڵمانانیش خۆ گر لە خاکی جیهاد دا وەستا بوون و دەجەنگان لە پێناوی خوای گەورەدا، یوسفی کوڕی تاشفین-یش هەر لە دوورەوە سەیر دەکات و چاوی لەسەر جەنگەکەیە تا ئێستاش مەیدانییەن موسوڵمانان باش جەنگ دەکەن وە زۆر بەهێزن بە ١٥هەزار سەربازەوە، هەروەک مێژوو نووسی پایە بەرز "ابن خلکان" دەفەرموێت: وەکو سەرابی بیابان شەپۆلیان دەدا بۆ ناو موسوڵمانان.

موعتمد کوڕی عباد لەناو جەرگەی جەنگدا:
ئەلفۆنسۆی شەش بینی کە موعتمد خۆی لەناو جەرگەی شەڕدایەو دەجەنگێت، لە هەمولایەکەوە چواردەوریان لەو سەرکردە بەهێزە گرت لەو جەنگەدا، موعتمدی کوڕی عباد زۆر ئارامگرو بەهێز بوو لەو جەنگەدا زۆر بە باشی دەجەنگا، یوسفی کوڕی تاشفین-یش چاودێری جەنگەکەی دەکرد وە چاویشی لەسەر موعتمدی کوڕی عباد بوو، تۆزێ ئارەحەتی کەوتە ناو مورابطینەکان لە سەرەتاوە لەبەر ئەوەی کە بیابان نشین بوون، هەندێک لە هاورێکانی موعتمدی کوڕی عباد هەواڵی کوشتنی کوڕەکەیان بۆ هێنا، وە خۆشی بریندار کرابوو لە لای سەریەوە، هەروەها دەستی ڕاستیشی بریندار بوو بەهەمان شێوە پشتیشی خوێنی لێ دەچۆڕا
کە زانی کە کوڕەکەی کوژراوەو وە خۆشی برینەکانی سەختە، کوڕێکی بچووکی هەبوو کە ناوی هیشام بوو کە لە ئیشبیلیە بەجێی هێشتبوو، کردیە جێ نشینی خۆی و نامەیەکی نووسی لە خۆشی هەر بە ئەبو هیشام ناسراو بوو لەناو خەڵکیدا وە خۆشەویستیش بوو لە جەنگەکەدا چونکە زۆر بە باشی جەنگا[*].
هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد کە معتمدی کوڕی عباد چۆن بە ئازایانە ڕێشەی سوپاکەی یوسفی کوڕی تاشفینی گرتبوو دەجەنگا، هەروەها سوپا سالاری مورابطین وە قارەمانی مەیدان کە داودی کوڕی عایشە بوو، زۆر قارەمانانە لە جێگەی ئیبنو عباد دا دەجەنگا و وەکو هەوری بەهار چەخماخەی دەدا.
شەڕ بەردەوام بوو هەتاکو ڕۆژئاوا بوون، یوسفی کوڕی تاشفین لە دوای هیلاکی ئەوان سوپای دووەم زۆر بە ئارامی دانیشتبوون، ئەنجا بانگی کردن بۆ یارمەتی براکانیان، جەنگ گەرمتر بوو لە

---

[*] بۆیە سەربازەکانی هاواریان دەکرد و ئەم هۆنراوەیان دەوتەوە:

أبا هاشم هشمتني الشفار فلله صبري لذاك الأوار
ذكرت شطيمك تحت العجاج فلم يثنني ذكره للفرار

نێوان نەسارەو موسوڵمانانندا، سوپای شاراوە چواردەوری سوپای نەسرانی دا لە چواردەوری جەنگەکەدا وەستا بوون ترکەیان دەهات وەک شێر.

یوسفی کوری تاشفین سوپا شاراوەکەشی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی نارد بۆناو جەرگەی شەڕ بۆئەوەی یارمەتی برا موسوڵمانەکانیان بدەن، بەشەکەی تری نارده پشتی نەساڕاکانەوە بۆ ئەوەی خێمەکانیان بسوتێنن، تا بزانن کە هێزی دووەم بە تەواوەتی دەستی بەسەر جەنگەکەدا گرتووە یوسفی کوری تاشفین بیری لەوە کردەوە کە ئەوان چاوەڕوانی ئیسراحەت و گەڕانەوە ڕووە دەکەن، بەڵام موسوڵمانان بەدوای مردندا وێڵن بۆیە بیری لەوە کردەوە کە خێمەکانیان بسوتێنێت تا شەکەت بن لە جەنگەکەداو خۆیان بدەن بە دەستەوە.

کاتێک کە نەساڕاکان زانیان کە پشتیدان لێ گیراوە شکست ڕووی کردە هەموویان، دوای ئەوە هەڕەبە بارچەی و دەنگۆی ئەوە کەوتە ناویان کە سوپاکەیان شکاوەو سوپای موسوڵمانان زۆر بووە.

ئەمەش وای کرد کە بێتە هۆی کشانەوە دواوەی سوپاکەی ئەلفۆنسۆ، هەر لێدانی یەکەمی موسوڵمانان لەلایەن سوپا شاراوەکەوە بووە هۆی دڵ لەرزینی سوپای ئەلفۆنسۆ، لە هەمووی گرنگتر لە لێدانی یەکەمی جەنگی سوپا شاراوەکەدا یوسفی کوری تاشفین خۆی یەکەم شمشێری وەشاند لە ریزەکانی جەنگدا دەجەنگا. مێژوونووسان دەڵێن یوسفی کوری تاشفین کە خاوەنی مێژوویەکی ئەفەریقا بوو چەند جار توشی بریندار بوون و بەرەو کۆتای و گیان دەرچوونی دەچوو، بەڵام کەسێکی ئازاو لێهاتوو بوو هەمیشە خۆی دەخستە نێوەندی شەڕەکانەوە تا گیانی خۆی بەخت بکات بۆ ئەم ئیسلامە رەحمەتی خوا لە یوسفی کوڕی تاشفین و هاوەڵانی بێت.

جەنگ هەر بەردەوامە تاکو ڕۆژئاوا بوون، هەردوو سوپاکە شەکەت و ماندوو، ئنجا یوسفی کوڕی تاشفین هاوار کرد لە بەشی سێیەمی سوپاکەی کە هێزی تایبەتی سوودانی بوون، ئەوان کەوتنە ناو جەنگەوە لەگەڵ نەساڕاکاندا. ئەو جەنگە ئەوەندە ترسناک بوو کە زیاد لە ٥٠ هەزار کەس لە نەساڕاکان کوژرا لە کۆی ٦٠ هەزار سەرباز کە ئامادەی جەنگەکە بوون، خۆشیان هاواریان دەکرد … ئێمە سوپایە جەنگ لەگەڵ مرۆڤ و فریشتەکاندا دەکەین، ئەوەندە خوێن ڕژابوو، ئەوەندە لەشی کافرەکان کەوتبوو کە موسوڵمانان قاچیان دەچەقی بەناو لاشەو خوێندا، خاکەکەش خاکێکی بەردین بوو بۆیە ئەو جەنگە ناو نرا بە جەنگی "زەلاقە" لەبەر ئەوەی کە موسوڵمانان دەچەقین لەناو خوێن و گۆشتی نەساڕاکاندا.

مێژوونووسەکان دەڵێن کە لە نەساڕاکان ئەوەی کە بەسەلامەتی دەرچووبوو لەو سوپایە ٤٥٠ سەرباز بوون، وە ئەلفۆنسۆش خۆی لە پشتەوە ڕای کردو گەڕایەوە بۆ طولەیطیلە ئەو سوپایەشی کە مابووەوە لە نزیک طولەیطیلە کردیان بەشەڕ لە ناو خۆیاندا کە لەگەڵ ئەلفۆنسۆدا ڕایان کرد، کاتێک کە چووە وە ناو شاری طولەیطیلە لەگەڵ ئەلفۆنسۆدا تەنها ١٠٠ کەسیان مابوو،

شەڕی زەلاقە هاوشێوەی یەرموک و قادسیە بوو:

"لا نريد منكم جزاء ولا شكورا"

لەدوای ئەو جەنگە موسوڵمانان دەستکەوتێکی زۆریان دەست کەوت، بەڵام یوسفی کوڕی تاشفین لە کارێکی بێ وێنەو پرشنگداردا کە شەرەف و کەرامەتی خۆی تیشاندا لە خاکی ئەندەلوس دا، وە ئیخلاص و پاکێتی خۆی دەرخست بۆ خەڵکی ئەندەلوس وە بۆ گەورەکانی ئەندەلوسیش هەرچی دەستکەوتبوو لەو جەنگەدا بەجێی هێشت بۆ خەڵکی ئەندەلوس، ئینجا گەڕایەوە سەر بەندایەتی و زوهدێکی زۆر سەرسوڕهێنەرو وەرعێکی پاک و بێگەرد گەڕایەوە بۆ وڵاتی مەراکیش وە بەئاشکرا پێی وتن:

إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ الإنسان

واتە: (وە دەڵێن): ئێمە ئەم خۆراکەتان لەبەرخوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو پێدەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان دەوێت نە سوپاس، (ئەڵبەتە ڕێکخراوە خێر خوازیە ئیسلامییەکان دەبێت وابن)[55].

خۆ ئەو سەردەمەش کە خۆی لەو تەمەنەدا ڕۆشتە ناو خاکی ئەندەلوسەوە ئەیتوانی کە یەکێک لە سەرکردەکان بنێرێت وە خۆی لە مەراکیشدا بمێنێتەوە، نە هیچ لە دەسەڵاتی کەم دەبووەوە نە کەسیش لۆمەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چووە ناو خاکی ئەندەلوس هەرچەندە پیاوێکی بە تەمەن و شێخێکی گەورە بوو، خۆی بە سواری ئەسپەوە جیهادی دەکردو تاکو شەرەفی موجاهیدی پێ ببەخشرێت و تاجی شەهیدی بباتەوە بۆ خۆی بۆیە دروشمی ئەوە بوو دەبوت بچنە خاکی جیهاد، بەڵکو بمرن لە پێناوی خوادا[56].

---

[55] مەقری لە کتێبی "نفح الطيب"دا دەڵێت: "ماوەی چوار ڕۆژ سەربازەکانی خۆی هێشتەوە لەو جێگایەدا، وە سەربازگەکانی تێک نەدا، هەرچی دەستکەوت بوو کۆی کردەوەو یوسفی کوڕی تاشفین لەوێدا گەردنی هەموو سوڵتانەکانی ئازاد کردو گەڕایەوە بۆ وڵاتی مەراکیش"، کاریگەری خۆی لە لەسەر هەموو سەرۆک هۆزو سەرکردەکانی ئەندەلوس، زانیان کە تەنها مەبەستی کۆشش و جیهاد بوو لە پێناوی خوای گەورەو ڕۆژی قیامەتدا، چاوەڕێی پاداشت و خەڵات بوو لەلایەن خوای گەورەوە دەسەڵات دارانی ئەندەلوس کە زانیان هیچ دەستکەوتێکی ناوێت ئەوانیش زیاد لە پێویست ڕێزیان لێگرت و خۆشەویستیان بۆی زیاد بوو وە سوپاسیان کرد، کە گەڕایەوە بۆ وڵاتی مەراکیش لەگەڵ سەربازەکانیدا سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە دینداری و بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و وابەستە بوون بە پەرتوکی خوای گەورەوە و وە بە سونەتی خۆشەویستەکەی محمد ﷺ وە لە ئەندەلوس ئامۆژگاری کردن کە هاوشێوەی خۆی بن و ئامۆژگاری زۆری کردن لەسەر ئەوەی کە وابەستە بن بە جیهادەوە لە پێناوی خوای گەورەدا، وە ئەو کاتەی کە گەڕایەوە تەمەنی ٧٩ ساڵ بوو ئەو سەرکردە فارەسانە!

[56] دروشمیان لەم دێڕە هۆنراوەیە بوو

إذا غامَرْتَ في شَرَفٍ مَرُومِ فلا تَقْنَعْ بما دُونَ النُّجُومِ

ژۆرێک بوون لەو پیاوانەی کە لەو رۆژەدا پلەو پایەی شەهیدیان پێ بەخشرا، لە زانایان و سەربازان و سەرکردەکان، وەک زانای پایە بەرز "ابن رميلة" کە خاوەنی خەوەکە بوو کە بە پێغەمبەری خوا ﷺ وە بینی وە قازی مەراکیش کە ناوی "ابی مروان عبدالمەلیک مصمودی" بوو، ژۆرێک لە ناوی تریش کە لە "نفح الطيب"دا باس کراوە.

**معتمد علی اللەی کوڕی عباد و شەرەفی جیهاد:**

کاتێک کە گەڕایەوە موعتمد کوڕی عباد بۆ ئیشبیلیە خەڵکی زۆر پیرۆزباییان لێ کرد وە شاعیرەکان هاتن لەدەورو پشتیدا کۆ بوونەوە زۆر بەشان و باڵیدا هەڵیان دا، بەڵام یەکێک لەناو ئەوانەیدا کە زانایەکی پایە بەرز بوو ناوی " أبو محمد عبد الجليل بن وهبون المرسي " بوو، شێعروەکانی بە هەموویان بڕی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە بەسەریان دا:

﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَىٰ وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ التوبة. واتە: ئەگەر ئێوە پشتگیری پێغەمبەر (صلی اللە علیه وسلم) نەکەن و یارمەتی نەدەن، ئەوە بەڕاستی خوا پشتگیری کردو سەری خست، کاتێک ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەریان کرد لە شاری مەککە و یەکێک بوو لەو دوو کەسە کاتێک هەردووکیان لەناو ئەشکەوتەکەدا بوون (کاتێک بێ باوەڕەکان گەشتبوونە دەورووبەری ئەشکەوتەکە ئەبوبەکری هاوەڵی خەمی لێ هات) پێغەمبەریش (صلی اللە علیه وسلم) دڵی دایەوە و پێی وت: خەفەت مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە، ئەوسا ئیتر خوا ئاسوودەی و ئارامی خۆی دابەزاندە سەری و پشتگیری و بەهێزی کرد بە سەربازانێک کە ئێوە نەتاندەبینین و بەرنامەو ئاینی بێ باوەڕانی دانەواند و ریسواتری کرد، بەرنامەو ئاینی خوایش هەمیشە بەرزو بڵندترە، خوایش هەمیشە باڵادەست و دانایە.

سەرلەنوێ بیری خستەوە کە ئەو بەتەنها خاوەنی جەنگەکە نەبووە، بۆیە بە ئاشکرا پێی وت کە ئەوانەی کە سەرکەوتن لە جەنگەکەدا ئەو خەڵکە بوون کە شەهید بوون، ئەو سەرکردەو زانا پێشکەوتوانە بوون کە لە پێناوی خوای گەورەدا جەنگان و ئێوەیان لەسەر ئەم کورسیە دانیشاند، بیستبوو نموونەی "ابن رميلة، قازی مراکیش و ابی مروان عبدالمەلیک مصمودی" زۆرێکی تریش تیاچوون. ئینو عبادیش بێدەنگ بوو لە مەجلیسەکەدا و کەسێک ئیتر باس و خواستی نەدەکرد، هەموو ملوک طەوائیف نامەی پیرۆزباییان بۆ نارد، بەڵام هیچ کەسێک باسی یوسفی کوڕی تاشفینی نەدەکرد[1].

---

[1] فطعم الموت في أمر حقير كطعم الموت في أمر عظيم
لكنه رحمه الله لم يمت هناك، فلا نامت أعين الجبناء
ئەم باس و خواستەش لە کتێبی " الروض المعطار في خبر الأقطار – الحميري "دا هاتووە.

دەسەڵاتی:
فۆنسۆ شەشەم ئاوا بوونی دەسەلاتی زۆر هاتە سەر
لەدوای ئەوەی کە گەڕایەوە لە جەنگی زەلاقە بە سەر شۆری وە لۆمەی خەڵکی زۆر هاتە سەر
ئەنانەت خەڵکەکەی خۆشی رقی لێ هەڵگرتبوو ئەوندە خۆی خواردەوە حەسرەتی خواست
نانی بێ دەخورا نە ئاو تا لە ئاکاو بەرەو جەهەنم رۆیشت بۆ ئەبەدی ئەوە دەسەڵاتەی کە خۆی
پێوە با ئەدا وای لێکرد بەبێ شمشێر بە زەلیلی لەسەر جێگە تەنانەت لەگەڵ لاشەکیشیدا خەڵکی
لە شاری طوڵیطیلە کۆنەبوونەوە.

گەڕانەوەی یوسفی کوڕی تاشفین بۆ ئەندەلوس:
لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی نەسارا سەر لە نوێ ملوکی تایفەکان کەوتنەوە شەڕ دەمە قێ
لەسەر دەست کەوت غەنیمەت کە کێ دەبێت زۆر بەرێت و ئەوی تر بە بەشەکەی خۆی رازی
نەدەبوو دیسانەوە کەوتنەوە شەڕو ئاژاوە لە ناو خۆیاندا.
پاشان زانا و پیاو چاکان و خەڵکی ئەندەلوس رویان کردەوە یوسفی کوڕی تاشفین کە چۆن
رزگاری کردوون لە دەستی نەسارەکان بە هەمان شێوە رزگاریان بکات لە دەستی ملوکی
تەوائیف. یوسفی کوڕی تاشفین زۆر وەرعی کرد لەو کارە نەدەویست شەڕ لەگەڵ موسوڵماناندا
بکات، بیری دەکردەوە چۆن هێرش بکاتە سەر وڵاتی موسوڵمانان و جەنگیان لەگەڵ بکات!
لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیەوە فتوای بۆ هات کە بچێتە خاکی ئەندەلوس بیخاتە ژێر رکێفی
دەسەڵاتی خۆیەوە بیکاتە موڵکی مورابطین، وە بەرپرسیارێتی ئەو خاکە بگرێتە ئەستۆی خۆی
ژێر یەک ئاڵادا کۆیان بکاتەوە.
یەکێک لەو فتوایانەی کە بەدەستی گەیشت فتوای زانای پایە بەرز و ناسراوی ئەم ئیسلامە
دیمەشق أبي حامد الغزالي بوو کە خاوەنی کتێبی (إحياء علوم الدين)، چونکە ئەو زانایە لەو
سەردەمەدا زیاوە ئاگاداری رووداوەکان بووە. بە هەمان شێوە فتوایەکی تری بۆ هات لە زانای
پایە بەرزی میسری ئەبوبەکری طرطوشی کە لە گەورە زانایانی ناوچەی خۆی بوو پاشان فتوای
هات لە زاناکانی ئەفەریقای باکوور کە بچێتە ناو خاکی ئەندەلوس بیخاتە ژێر سێبەری مورابطین
کە یوسفی کوڕی تاشفین ئەو هەموو داوایەی پێگەیشت ناچار هەستا بەو کارە کە بچێتە ناو
خاکی ئەندەلوس. لەساڵی ٤٨٣کۆچی واتا دوای چوار ساڵ بەسەر جەنگی زەلاقە دا یوسفی کوڕی
تاشفین خۆی ئامادە کرد بۆ چوونە ناو خاکی ئەندەلوس[٥٥].

[٥٥] دکتۆر شەوقی ئەبو جەلیل لە کتێبی زەلاقە دا دەڵێت: لە ڕاستیدا یوسفی کوڕی تاشفین هیچ
ئامانجێکی نەبوو لە چوونە ناو خاکی ئەندەلوس تەنها بە جێهێنانی فەرمانی خەڵکی و زانایان بۆ
چونکە ئەو لە کاتی سەرکەوتنیدا هەموو دەسکەوتەکانی دایەوە بە خۆیان هیچی لەگەڵ خۆی
هێنایەوە. پاشان دەڵێت هۆکارێکی تری ئەبوو کە مەلیکی تەوائیفەکان نەهێڵێت و بیانکاتە یەک
دەسەلات، چونکە هەندێکیان پەیمانیان لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بەست بوو، وە هۆکارێکی تر ئەوە بوو
پارچە پارچە ببوون بۆ دەوڵەتی بچوک بچوک تا دوژمن زەفەریان پێ نەبات و خاکی موسوڵمانان
داگیر بکەن.

## مورابطین ئەندەلوسی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی

چونە ناو خاکی ئەندەلوس هەروا ئاسان نەبوو ئەوەی کە جەنگی لەگەڵ یوسفی کوڕی تاشفین دەست پێکرد محەمەد عەلا ڵڵەی کوڕی عەباد بوو کە پێشتر دژی ئەلفۆنسۆ شەشەم شەڕیان کرد، ئەو پیاوە بوو کە سەربازی لەسەر دەستی مورابطین وەرگرت یوسفی کوڕی تاشفین رەد بەجاری بۆ گەڕاندەوە لە شەڕی زەلاقە دا، وا ئێستا دژیان دەجەنگێت محەمەد عەلا ڵڵەی کوڕی عەباد یەکەم دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی مورابطینی موجاهیدە وە هەندێک لە ملوکی تەوائیفەکان وەک ئەو کەوتنە جەنگ لەگەڵ هێزی یوسفی کوڕی تاشفین.

لە دوای جەنگێکی زۆر خوێناوی لە نێوانی مورابطینەکان و ملوک تەوائیف دا مورابطین توانی هەموو خاکی ئەندەلوس بخاتەوە ژێر رکێفی خۆی تەنها دەوڵەتی بچووکی ساراگۆستا نەبێت کە بنەماڵەی بەنی هود فەرمان رەوایان دەکرد و مەلیکەکەی ناوی ئەحمەدی کوڕی هود بوو کە ئەڵقە لە گوێیەکی نەساراکان بوو لە باکوور، بەڵام زۆر خۆی گرت و بەرگری کردو نە چووە ژێر دەسەڵاتی مورابطین، پاشان نەساراکان دەستیان لێ بەرداو کەوتنە کێشە لەگەڵ بەنو هودا بۆ داگیر کردنی وڵاتەکەی لەو کاتەدا یوسفی کوڕی تا شفین نامەی بۆ نووسی وتی ئەگەر یارمەتیت دەوێت ئێمە ئامادەین یارمەتیت بدەین، کە نەساراکان بەمایان زانی وازیان لە جەنگ هێناو بۆ ئەوەی جارێکی تر مورابطین هێزی خۆی نە هێنێتە ناوچەکانیان. لە ئەنجامی گۆڕینەوەی چەند نامەیەکی یوسفی کوڕی تاشفین و ئەحمەدی کوڕی هودا کە خاوەنی پەیمانی خۆی بوو زۆر بە وەفا بوو بەرانبەر بە پەیمانەکانی وە زۆر کاریگەری یوسفی کوڕی تاشفینی لەسەر بوو خۆی داوای کرد ساراگۆستا بخاتە ژێر رکێفی مورابطین، وە یوسفی کوڕی تاشفین وەک وەفایەک بۆ ئەوەی کە کردی ئەحمەدی لە جێگەیی خۆیدا هێشتەوە، بەڵکو زیاتر پلەو پایەی بەرز بووە، بەم جۆرە هەموو خاکی ئەندەلوس خرایەوە ژێر دەسەڵاتی مورابطین لە ژێر یەک ئاڵادا فەرمان رەوای دەکراو لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون وە کۆتایی هات بە دەسەڵاتی ملوک تەوائیف هەموو زوڵم و زۆری ئەوان لەناو برا[٣٩].

یوسفی کوڕی تاشفین توانی هەموو خاکی ساراگۆستا بخاتەو ژێر دەسەڵاتی خۆی کە پێشتر مەلیکەکەی دابەشی کردبوو بەسەر کوڕەکانیادا دوای نەسارەکان بردیان بۆ خۆیان بە تەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانی وەرگرتەوە کردیە موڵکی مورابطین، واتا سنوری ئەم دەوڵەتە لە نزیکی فەرەنساوە دەستی پێ کرد بۆ ناوەڕاستی ئەفەریقا ئەو سنورە بەر فراوانە پێی دەوترا دەوڵەتی مورابطین هەموو لە سایەی یەک دەسەڵات و ئاڵادا بوون کە ئاڵاکەیان لێی نووسرابوو لاإلا ڵڵە لا غالب إلا ڵڵە.

ئەم سەرکردە لێهاتووە خاوەن ئەزمونە تا ساڵی ٥٠٠ کۆچی فەرمانڕەوای کرد وە پاشان تەمەنی زۆر بە ساڵدا چوو بوو دەسەتەکانی لە رزۆک بووبوو، شێخێکی گەورەی بەناوبانگ کە تەمەنی

---

٣٩ بڕوانە دائیرەتولمەعاریفی ئەندلوس لاپەڕە ١١٢ بەرگی نۆیەم .

سەر خۆی تێدا لە ۱۰۰ ساڵ، ئاواتە خوازی جیهاد بوو کە ٤٧ ساڵی تەمەنی لە فەرمانڕەوایدا بردە سەر، ئەو کاتەی ئەو کۆچی کرد بۆ لای خوای پەروەردگار تەمەنی دەوڵەتی مورابطین ٦٠ ساڵ بوو و یەکێک بوو لە هەرە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان.

شیکاریەک لەسەر رەوشی جەنگی زەلاقە:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئەم شەڕە لە ١٢ی رەجەبی ساڵی ٤٧٩ەی کۆچی بوو، بە نزیکەی سێ مانگ دوای ئەو شەڕە ئەلفۆنسۆ لە خەفەت و لە داخاندا مرد، وە زۆربەی زۆری سوپاکەی لەناو چوو، دۆڕان و شکستێکی گەورە هات بەسەریاندا، ئەتوانین بڵێین کە ئەو سوپایە بە گشتی لەناو چوو.

پێش مردنی ئەلفۆنسۆ کوڕەکەی خۆی کردە جێنشینی لە فەرمانڕەوایدا، هەرچەند جێنشینەکانی زۆر بە خێرای دانا، بەڵام ئەساراکان تا ماوەی ٢٢ ساڵ نەیانتوانی خۆیان کۆبکەنەوە، واتا لە ساڵی ٥٠٠ی کۆچیدا سەر لەنوێ جەنگێکی کەیان کرد لە دوای جەنگی زەلاقە.

لە لایەکی تریشەوە سەرکردەی مێغوار و لێوەشاوە یوسفی کوڕی تاشفین لە ساڵی ٥٠٠ی کۆچیدا کۆچی دوای کرد، واتا لەتەمەنی ١٠٠ ساڵیدا، لە دوای خۆی ئەویش کوڕەکەی خۆی کردە جێنشینی دەوڵەتی مورابطین کە ناوی "علی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین" بوو.

مورابطینەکان لەدوای ئەوەی چوونە ناو خاکی ئەندەلوس و ئەو خاکەیان ئازاد کرد، چەند جارێک شەڕیان رووبەڕوو بوەوە تا توانیان باکووری رۆژهەڵاتی ئەندەلوس کە ساراگۆسا بوو بیخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان و سنوری مورابطین لە فەرەنساوە دەستی پێ دەکرد تا ناوەراستی ئەفەریقا، بەڵام زۆر هەوڵیان دا کە طولەیطیلە رزگار بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو شارە شارێک بوو کە دیوارو قەڵای قایمی تێدا بوو، وە لە ناوەندی چیاکانی ئەندەلوس دا بوو کە یەکێک لە شارە هەرە بەهێزەکانی ئیسپانیا دەژمێردرێت، نەیان توانی ئازادی بکەن و هەر لەژێر دەستی ئەساراکاندا مایەوە، بەڵام هەرچی شاری دەوروپشتی بوو خرایەوە ژێر رکێف و دەسەڵاتی مورابطین.

## مورابطین و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکان

بەدوای ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر مردنی یوسفی کوڕی تاشفین کە نزیکەی ٢٢ ساڵ دەکات لە دوای جەنگی زەلاقە، جەنگێکی گەورە لە نێوانی موسوڵمانان و نەساڕاکاندا روویدا، ئەم جەنگە لە مێژوودا ناونراوە بە جەنگی "ئیقلیش"، وە سەرکردەی ئەم جەنگە علی کوڕی تاشفین بوو، سەرکردەی سوپای نەساڕاکان کوڕەکەی ئەلفۆنسۆی شەش بوو، کە فەرمانڕەوای گرتبووە دەست لە ساڵی ٤٧٧ی کۆچی تا ٥٣٧ی کۆچی سەر لەنوێ موسوڵمانان سەرکەوتن لەو جەنگەدا، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە کە توانرا ٢٣ هەزار نەسارا لەو جەنگەدا بکوژن.

سەرکەوتنێکی تریان بەدەست هێنا موسوڵمانان لە جەنگێکی زۆر گەورەدا لە ساڵی ٥٠٩ی کۆچی، موسوڵمانان توانیان بۆ جارێکی تر کە دورگەی "بلیارد" بخەنەوە ژێر رکێفی دەسەڵاتی مورابطین، ئەوە بوو کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لەسەردەمی مولوک تەوائیفدا نەساڕاکان گرتبویان، وە توانیان موسوڵمانان کۆنترۆڵی تەواوی ئەو دورگەیەو خاکی ئەندەلوس بکەن لە سایەی دەوڵەتی مورابطیندا.

قۆناغی سیاسەتی مورابطین لە ئەندەلوسدا بە سێ قۆناغدا دەڕوات:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە بە قۆناغی کۆشش و جیهادی مورابطین دەژمێردرێت لە ئەندەلوس دا کە تەنها چوونە ناو خاکی ئەندەلوس بۆ یارمەتی دانی موسوڵمانانی ئەو وڵاتە، لەدوای سەرکەوتنیان لە جەنگی زەلاقە مورابطین گەڕانەوە دواوە.

قۆناغی دووەم: بە قۆناغی کۆتای هاتنی دەسەڵاتی مولوک تەوائیف دەژمێردرێت، کە ویستیان هەموو وڵاتی ئەندەلوس بخەنە سایەی یەک ئاڵاوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر دوژمن زەفەریان پێ نەبات.

قۆناغی سێیەم: هەموو ئەندەلوس خرایە ژێر دەسەڵاتی مورابطینەوە کە سەر بە مەراکیش بوون، وە کۆتای هات بە دەسەڵاتی پارچە پارچەی تایفەگەری لە ئەندەلوس دا"[1].

لە ساڵی ٥١٢ی کۆچی لەناو خاک و ماڵی مورابطیندا لە مەراکیش دوو شۆڕش و یاخی بوون دژی دەوڵەتی مورابطین کرا کە ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر وڵاتی ئەندەلوس، وە هەردوو شۆڕشەکەش بووە هۆی داڕمانی دەرونی خەڵکی ئەندەلوس و ناوچەکە بە گشتی.

شۆڕشی یەکەمیان بەناوی "قانندە"، وە دووەمیان بە ناوی "القلیعە". کە هەردوو شۆڕشەکە بە تێکشکانی مورابطینەکان بوو.

---

[1] ئەم باسەش دوکتۆر "الصلابی" لە کتێبی " الجوهر الثمین بمعرفە دولە المرابطین" ل ١٣٦دا هاتووە.

## موڕابطین بەرەو شکست دەڕوات

لە ماڵی موڕابطینەکاندا کرا کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو دوو شۆڕشەی کە کرا لەناو مەراکیشدا و لە ماڵی موڕابطینەکاندا کرا کاریگەری هەبوو لەسەر ولاتی ئەندەلوس، نەسڕاکان توانیان ئەو دوو جارە سەربکەون بەسەر خاکی ئەندەلوس دا خەڵکانێک لەوانەیە بپرسن بۆچی شۆڕش و یاخی بوون لە دەوڵەتی موڕابطیندا دروست بوو؟ وە بۆچی شکستی و لاوازی رووی کردە ئەو دەوڵەتە لە ماوەی چەند جارێکدا؟!

ئەگەر شیکاریەکی بابەتیدانە بکەین لەسەر ئەم رووداوە، دیسانەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دروست بوونی دەوڵەتی موڕابطین لە ساڵی ٤٤٠ی کۆچی، کە سەرەتای دەستپێکی دروست بوونی ئەم دەوڵەتە شێخ عبداللهی کوڕی یاسین بوو، ئەم دەوڵەتە لەسەر پێی خۆی وەستا بەشێوەیەکی پلەیی بە هێواش هەتاکو ئەبوبەکری کوڕی عومەری لەمتونی رەحمەی خوا لەویش و لە شێخ عبدالله یاسین بێت، ئەوان زۆر بە هێواشی لەگەڵ کارەکاندا دەڕۆشتن وە زۆر بە هێمنی دەوڵەتەکەیان پەرەی دەسەند، بەڵام لە ناکاو و کتوپڕ دەوڵەتەکەیان زۆر بە خێرای سنورەکانی بەرفراوان بوو، فەتح لەدوای فەتح دەیان کرد وە رۆژ بە رۆژ دەوڵەتەکەیان فراوانتر دەبوو، زۆربەی زۆری شوێنەکانیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیان، وە بوونە خاوەنی سەڵتەنەت و سەربەرزیەکی گەورە لە ولاتی موسوڵمانان و کافراندا تا ساڵی ٥٠٩ی کۆچی.

شیکاری زۆرمان کردووە لەسەر ئەو واقیعەی کە ئێستا لەبەردەستماندایە، وە مێژووی موسوڵمانانمان هەڵسەنگاندووە کە لەوپەڕی دەسەڵات و تواناداا بوون ئەمجارەش دەپرسین کە چیە وا دەکات لە موسوڵمانان کە دەسەڵاتیان بەرەو لاوازی بڕوات؟

لەو ساڵەوەی کە باسمان کرد ساڵی ٤٤٠ی کۆچی، کە ماوەی ٧٠ ساڵ واتا تا ساڵی ٥٠٩ی کۆچی موڕابطینەکان سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بەدەستیان دەهێنا رۆژ بەڕۆژ لە گەورەی و بەرزیدا بوون، لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوت و غەنیمە و پاڵەخانەیەی کە کەوتە دەستیان لەوەی کە سەر لەنوێ جیهان بە رووی موسوڵماناندا کرایەوە، کە گەیشتبوونە لەوپەڕی بەرزی و سەڵتەنەت و هێزو تواناو دەسەڵات، بەڵام دەبێ چاوەڕێی چی بکەین لەدوای ئەم رووداوانە کە سروشتی سونەتی گەونی خوای گەورەیە، تۆ بڵێی هۆکار چی بێت؟ بڵێی وەک خەڵکەکانی پێش خۆیانیان لێ بێت کە پێشتر بینیمان؟

بەڵێ، بێگومان شتێکی سروشتی و چاوەڕوان کراوە کە رووداوی شکست و زەلیلی بەسەر موسوڵماناندا بێتەوە، سەر لەنوێ رووداوی فیتنەو مەلەزات و خۆشی جیهان کە کرایەوە بە رووی موسوڵماناندا کە پارەو سەروەت و سامانیان زۆر بوو ئیتر بەندایەتیدان کەم دەبێتەوە و پارە نەک لە دەستیاندا بەڵکو دەچێتە ناو دڵیشیانەوە، ئەو کات "دینهم دینارهم" دێتەوە پێش، خەڵکانێکی تر لەوانەیە بپرسن ئایا گونجاو و مەعقولە، لەدوای سەرکەوتنەکانی ئەبوبەکری عومەری لەمتونی و سەرکەوتن و کارەکانی یوسفی کوڕی تاشفین و لەدوای زەلاقەوە، ئایا گونجاو و مەعقولە رووداوی شکست و سەرشۆڕی بەگەڕێتەوە ناو موسوڵمانان؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین بە بێ سەرسوڕمان لە دوای کۆچی یوسفی کوڕی تاشفین رووداوی شکست و سەرشۆڕی دەکەوێتەوە ناو موسوڵمانان، بەلاشمانەوە سەیر نیەو هۆکارەکان

دەگەڕێنەوە بۆ خەڵکی خۆی، سەیری مێژووی پێغەمبەری ئازیز ﷺ بکەین خۆ بەلامانەوە سەیر نەبوو کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، کە لەدوای وەفاتی سەر لەنوێ خەڵکی هەڵگەڕانەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هیچ شک و گومانێکیشی تێدا نییە کە ئەو بەهێز تر و بەتواناتر و پەروەردەکراوێکی باشتر بوو لە یوسفی کوڕی تاشفین، کەواتە ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمان و دامەزراندنی خەڵکی لەسەر بیرو باوەڕەکەی خۆیان، دیسانەوە مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە.

هۆکارەکانی شکستی دەوڵەتی مورابطین:
هەروەک خەڵکی ئەم وشەیە دوبارە دەکەنەوەو دەڵێن کە مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە ئەمە بێ شک و گومان راستەو هیچ کارێکی سەرسوڕهێنەری تێدا نییەو شتێکی چاوەڕوان کراوە، وە ئەو شکست و گەڕانەوە بۆ دواوەی دەوڵەتی مورابطین خۆی لەچەند قۆناغێک و هۆکارێکدا دەبینێتەوە.
هۆکاری یەکەم: توش بوون بە فیتنەی دنیاوە، بەڵام کۆشش و جیهاد هەر بەردەوامە:
لەگەڵ ئەوەی کە جیهاد و کۆشش رانەوەستا هەمیشە علی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین هێرشی دەکردە سەر نەساڕاکان ترس و بیمی خستبووە دڵیانەوە لە چەند جێگەیەکدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیتنە و خۆشیەکانی جیهان وازی لە مورابطین نەدەهێنا، ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو لەناو ئەو دەوڵە ئەو خەڵکی ئەو دەوڵەتەدا تەنها لایەک لە لاکانی ئیسلامیان گرتبوو، بۆ نمونە تەنها گرنگیان بە جیهاد دەدا وە وازیان لە پەروەردە کردنی نەفسی خۆیان هێنابوو.
ئیسلامیان تەنها لە یەک لایەنەوە سەیر دەکرد، مورابطینەکان لە خاکی مەراکیش و ئەندەلوس دا تەنها هەموو هەم و غەمێکیان جیهاد کردن بوو ئیتر هیچ پەروەردە کردنێکی کە نەبوو لە ناویاندا، زۆر کاریگەریان هەبوو لەسەر فێربوونی زانستە دنیایەکان بەڵام هیچ خۆشەویستیەکیان نەبوو بۆ یاساکانی پەروەردەی و بیرو باوەڕی، هیچ شتێکیان لە حەڵاڵ و حەرام نەدەزانی دیارە ئەمەش سەرەتای جیلی کۆتایی مورابطین بوو کە ئەو فکرەیان وەرگرتبوو، وە پەروەردە کردنێکی راست و دروستانە نەبوو کە وەک شێخ عبدالله یاسین و یوسفی کوڕی تاشفین خەڵکەکەی خۆیان پەروەردە کردبوو، چونکە ئەوان بەردەوام خەڵکیان فێر دەکرد لە کاروباری دینەکەیان و وە ئیسلامیان بە هەمە لایەنە نیشانی سەربازان و شوێنکەوتوەکانی خۆیان دەدا.
مورابطین زۆر سەرقاڵ بوون بە جیهادەوە، وە زۆر سەرقاڵ بوون بە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەیان و سیاسەتی ناو خۆیانەوە، هەمیشە گرنگیان دەدا بە کاروباری دەرەوەی وڵات، بەڵام سروشتی ئەم ئیسلامە وا نییە دینێکی پارسەنگە وە یاساو رێساکانی هەمە لایەنەیە ناکرێ لایەنێکی بگریت و لایەنێکی کەی واز لێ بێنیت، بۆ نمونە لە دەوڵەتی عەبدوڕەحمانی ناصردا دەوڵەتەکەی بە شێوەیەکی راگرتبوو، چەند برەوی بە جیهاد دابوو ئەوەندە برەوی بە زانست دابوو، چەندە برەوی بە یاساو رێساو ئاوەدان کردنەوە دابوو ئەوەندە برەویشی بە بەندایەتی و پەروەردە کردنی خەڵکی دابوو، واتا ئەم ئیسلامە دەبێت بە هەمە لایەنەیی سەیر بکرێت.

بەهەمان شێوە دەوڵەتیش راستەوخۆ سروشتی وەکو مرۆڤ وایە مرۆڤ چۆن لایەنی رۆحی و لاشەیی هەیە ئەگەر هەرکامێکیان لەمانە وەک یەک پارسەنگیت رانەگرت مرۆڤێکی نادروست لێ دەردەچێت، دەوڵەتیش بەهەمان شێوەیە دەبێت لەسەر ئەساسی موئەسەسات ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت.

هۆکاری دووەم: زۆربوونی تاوان و گوناه لەگەڵ ئەوەشدا زانایان و پێشەوایان زۆر بوون لە ناو دەوڵەتی مورابیتیندا تاوان و گوناه و سەرپێچی زۆر رووی دەدا، ئەگەرچی ئەم تاوانە لە ئەندەلوس زۆر بوو وە بەهەمان شێوە لە خاکی مەراکیشیش زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان لە وڵاتدا زۆر بوون و ئاگایان لە هەموو تاوانەکان بوو لەو سەردەمەدا، تاوان و گوناه کردن کارێکی سروشتییە ئەگەر موسوڵمانان پارەیان زۆر بوو وە وڵاتانی تر کەوتە ژێر دەستیان، چونکە زۆربەی زۆری تاوان و گوناه پێویستی بە سەروەت و سامان و پارەیە ئەوەی کە نزیکت دەکاتەوە لە تاوان پارە و سەروەت و سامانە. بۆ نموونە مادده هۆشبەرەکان، مەی و دیسکۆکان، کۆبوونەوەی ئەوانی خەڵکی لە مەلهاو قاوەخانەکاندا، بۆ ئەوەی ئەم کارانەت چنگ بکەوێت پێویستت بە پارەیەکی زۆرە، وە ئەگەر سەروەت و سامانیش زۆر بوو خەڵکی بە سروشتی خۆی تووشی ئەم کارانە دەبێت.

ئەوانەشی کە خاوەنی دەسەڵاتی کەم بوون و دیارە سەروەت و سامانیان کەم بووە نەیانویست چاکە خوازی بکەن، بەڵام دەسەڵاتی سەروەت و سامان دارەکان زۆرتر بوو وە نەیان دەهێشت کە گۆڕانکاری بکرێت، ناچار خەڵکانی تریش ئەکەوتنە ناو گێژاوی تاوانەوە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە گوناه و تاوانی گەورە بە هەموو شێوەکانییەوە لەناو خەڵکیدا پەرە بسێنێت.

بێگومان خەڵکی دەوڵەمەند هەیە کە هەمیشە شوکرانە بژێری نیعمەتەکانی خوای گەورەیە کەواتە بە جیاوازی ئەو خەڵکانە دەڵێین کە هاوکێشەکە ئاوا گرێتەوە، بەڵام خەڵکی بەگشتی کە جیهانیان لەلا خۆشەویست بوو وە سەروەت و سامان کەوتە دەستیان تووشی تاوان دەبن.

خوای گەورەش لەباسی چیرۆکی پێغەمبەر نوح دا -علیه السلام- ئەو هاوکێشەیەمان بە جوانی بۆ باس دەکات:

﴿فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلَّا الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ ﴿٢٧﴾ هود. واتە: ئەمجا بەناو پیاوماقوڵانی هۆزی نوح ئەوانەیان بێ باوەڕ بوون وتیان: ئێمە تۆ تەنها تۆ وەک یەکێک لە خۆمان دەبینین، وە نابینین ئەوانەی شوێنی تۆ کەوتوون جگە لەوانەی کە هەژارو بێ کەسن و دوور بین نین و ژیرییان کەمە، نابینین ئێوە هیچ شتێکی زیاترتان لە ئێمە هەبێت، بەڵکو ئێمە وا گومان دەبەین درۆزنن.

چونکە ئەوانەی کە دوای پێغەمبەر نوح -علیه السلام- کەوتبوون زۆربەیان لە خەڵکی هەژارو بێدەرەتان بوون، بەڵام لێرەدا دەبێت بپرسین ئەی کاری پێشەواو زاناکان لە ئەندەلوس و مەراکیشدا چی بوو؟

دەپرسین چۆن خەڵکی تووشی فیتنەی دنیایی بووبوون وە ئاڵای جیهاد بەرز بوو، وەیان دەپرسین کە چۆن تاوان و گوناه زۆر بووبوون لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو پێشەواو زانایە لە ئەندەلوس و مەراکیشدا هەبوون؟

لە ڕاستیدا دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە زانایان کە پێشەنگ و پێشەوان بۆ خەڵکی، بەڵام بۆچی توانای گۆڕانکاری و چاکسازیان نەبوو، باشترین وەڵام بۆ ئەو سەردەمە وەک مێژوو نووسان دەڵێن زاناکان سەرقاڵ بووبوون بە فەرعیاتەوە هەرچی سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام بوو وازیان لێهێنابوو، زانایان خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە کاری لاوەکیەوە ئەوەی کە گرنگ و سەرەکی بوو وازیان لێهێنابوو، زیاتر سەرقاڵ بوون بە نووسین و لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، زانایان بەش بووبوون بەسەر چەند کۆمەڵێکدا هەر کۆمەڵەو خەریکی نووسینی بابەتێک بوو کە هیچ گۆڕانکاریەکی پێنەدەکرا، یان شەو و ڕۆژ دادەنیشتن خەریکی وتوێژو و موناضەرات و موناقەشات بوون، ئەوەی کە بنەڕەتی بیروباوەڕی موسوڵمانان بوو ئەو لایەنانەیان داخستبوو، بۆ نمونە خۆیان مەشغوڵ کردبوو بەوەی کە ئایا صلاوات لێ دەدرێت لەدوای نوێژ یاخود لەکاتی نوێژ کردندا دەستیان لەسەر سنگ بگرن یان لەسەر سک، خۆ ئەگەر لەسەر سنگ بێت دەبێت لەکوێی سنگ بێت، وە یان پەنجەی سەبابەیان لەکاتی تەحیات دا بجوڵێنن یاخود نەیجوڵێنن، ئایا لە سەرەتاوە پەنجەیان بەرز بکەنەوە یاخود لە نێوەندی تەحیات دا، ئایا هەموو پەنجەیان بسوڕێنن یان بەس سەری پەنجەیان بسوڕێنن، ئایا بە خێرای بیجوڵێنن یان بە هێواشی، وەیان خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە جیاوازی نێوان خەواریج و شیعە و مورجیعە و موعەطیلە و موشەبیهە و موجەسیمە و یان زۆری تر لەم جیاوازیانەی کە هەبوون.

شەو و ڕۆژ موجادەلە و موناقەشەیان بوو لەسەر ئەم بابەتانە، وە ئەم کارانەش هیچ سوودێکی بەرووبوومی بۆ موسوڵمانان تێدا نەبوو، وە زۆر شتی تریش کە خۆیان پێوە سەرقاڵ کردبوو.

ئەنجامی ئەوەی کە زانایان خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە شتە لاوەکیەکانەوە و وازیان لە شتە بنەڕەتیەکان هێنابوو، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی بەگشتی لەگەڵ زانایاندا لەیەکتری دابڕێن، ئەمەش بە هەموو پێوەرێک کە موسوڵمانان کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژی ئاوهایی خۆیان سەرقاڵ کرد بە شتی لاوەکیەوە، بنەڕەتیەکانیان لە بیر کرد ئەوە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو داڕمان و سەرلێشێواوی دەڕوات، چونکە دەبێتە دوو هۆکار.

هۆکاری یەکەم: ئەوەیە کە زانایان ناتوانن لە خەڵکت تێ بکەن، هەمیشە قسە کردن و شێوەی گفتوگۆ کردنیان لەگەڵ خەڵکیدا ئەوەندە قوڕس و گران بوو کە خەڵکی لێیان تێنەدەگەیشت، بۆیە خەڵکی بەگشتی لە زانایان دوورکەوتنەوە، وە زانایانیش بەگشتی نەیان دەتوانی ئاخی خەڵکی بخوێننەوە، کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەکەوتە ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکیدا زانایەک و خوێنەرێکی و ئەعرابیەکی سادە و ساکار یان پیاو و ژن و گەورەو منداڵ هەمووی لێی تێدەگەیشتن، وە زۆر بە ئاسانی شتەکانی دەخستە بەردەست، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێغەمبەر ﷺ زاناترین مرۆڤی سەرزەوی بووە.

هۆکاری دووەم: ئەوەبوو کە ئەم دابڕانی زانایانە لە کۆمەڵگەکەی خۆیان کە خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە کاری لاوەکیەوە، ئەوەبوو کە خەڵکی لە حەڵاڵ و حەرام تێنەدەگەیشتن و تاوان زۆر بوو وە خەڵکی هەمیشە خەریکی سەما کردن و مەی خواردنەوە بوون، بێجگە لەوەشی کە دەبوایە خەڵک زەکاتی بدایە، زەریبە لەسەر خەڵکی پێویست کراو وە تەنانەت ئاگایان لە چۆنیەتی نوێژکردن نەمابوو وە خەڵکیان فێری دینەکە نەدەکرد، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو زانا

زۆرەی لە ئەندەلوس و مەراکیشدا ئافرەتان وازیان لە باڵاپۆشی هێناو لە بازاڕەکاندا بە سەری ڕووت و قاچی ڕووتەوە دەگەڕان، ئەم هۆکارەش ئەوە بوو کە زانایان تەنها وەکو هێمایەکیان لێ هاتبوو بە دوای ئەوەدا دەگەڕان کە پێیان بڵێن کە فڵانە زانا بە تواناو زیرەک و فەیلەسوفە هەموو ئەم شتانەی کە باسمان کرد نەمانی باڵاپۆشی و زۆر بوونی مەی و تەنانەت قومار کردن و سەما کردن ....هتد لە دوای ساڵی ٥٠٠ی کۆچییەوە بوو.

هۆکاری سێیەم: گرانی و قات و قڕی ڕووی کردە خەڵکی

جگە لەوەی کە خەڵکی بە فیتنەی دنیا و لە کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی موڕابطینەکاندا، سەرقاڵ بووبوون، وە نەمانی تێکەیشتنێکی ڕاست و دروست لە ئاینی ئیسلام، وە زۆر بوونی تاوان و گوناە، دابڕانی زانایان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان لەگەڵ ئەم هەمووەدا گرانی و قات و قڕی و وشکە ساڵی ڕووی کردە دەوڵەتی موڕابطین.

کە بۆماوەی چەند ساڵێک باران نەباری، هەموو زەوی و کشتوکاڵ وشکی کرد، وە زۆربەی مەڕومالأت تیداچوون، خەڵکێک وا هەست دەکات کە ئەمە کارێکی سروشتی بێت، بەڵام ئەمە وەڵلاهی نە کارێکی سروشتییە وە نە هەروا بە ئاسایی هاتووە، بەڵکو سوننەتێکی چەسپاوی خوای گەورەیە کە هەرکاتێک خەڵکی بە تاوان و خراپە کاریەوە وێڵ بوو خوای گەورە ئەم سوننەتەی خۆی بەسەردا دەچەسپێنێت.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ الأعراف. واتە: خۆ ئەگەر خەڵکی شارەکان بەڕاستی باوەڕیان بهێنایە و خۆیان بپاراستایە، ئەوا بێگومان ئێمە دەرگەی فەڕو بەرەکەتی ئاسمان و زەویمان لەسەر دەکردنەوە، بەڵام ئەوان کە پەیام و پێغەمبەرانی ئێمەیان بەدرۆزانی، جا ئێمەش بەهۆی ئەو کاروکردەوانەی کە دەیانکرد گرتمانن و لەناومان بردن.

هەروەها سەیدنا نوح -علیه السلام- کە ئاخافتن لەگەڵ قەومەکەیدا دەکات بەمەمان شێوە پێیان دەڵێت:

فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾.

واتە: بەردەوام پێم دەگوتن: ئێوە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن چونکە ئەو زاتێکی زۆر لێ خۆشبووە.

يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾.

واتە: (ئەو کاتە) بارانتان بە لێزمە و خوڕەم بۆ دەبارێنێت...

وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا ﴿١٢﴾.

واتە: ماڵ و سامان و نەوەتان پێ دەبەخشێت، هاوڕێ لەگەڵ باخ و باخاتدا، ڕووبارو جۆگەتان بۆ بەدی دێنێت.

مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾ نوح.

واتە: ئەوە بۆچی ئێوە قەدری خوا نازانن، بۆ ڕێزی بۆ دانانێن.

خوای گەورە هەمیشە ئەم کارانەی وەکو ئاگادار کردنەوەیەک بۆ خەڵکی کە کۆمەڵە یاسایەکی داناوە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە ئەگەر پەندایەتیتان لەگەڵ خوادا ببێ

بێ هیچ شک و گومانێک خوای گەورە سەرتان دەخات، خۆ ئەگەر لاڕێ و بەندایەتیەکی ڕاست و دروستان نەکرد خوای گەورە هەندێ سوننەتی خۆیتان بەسەردا دەچەسپێنێت بۆ ئەوەی جەنگی لێ ئاگادار بینەوە و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروستی ئەم ئیسلامە.
بێگومان ئەم ڕووداوانەی کە باسمان کرد هەمووی بەسەر وڵاتی مورابطین دا هاتووە بووە هۆکاری شکستی یەک لە دوای یەک لە بەرانبەر نەساراکاندا، یەکێک لەو شکستانەی کە زۆر گەورە بوو وە بەسەر موسوڵمانانندا هات، کە شکستی "قەتەندە" بوو لە ساڵی ٥١٤ی کۆچی کە موسڵمانان شکستێکی زۆر گەورەیان خوارد تییدا، پاشان لە جەنگێکی تردا کە لە مێژوودا بە جەنگی "القلیعە" لە ساڵێ ٥٢٣ی کۆچی بەهەمان شێوە موسوڵمانان لەم جەنگەشدا شکستێکی زۆر گەورەیان خوارد.

دامەزراندنی دەوڵەتی موەحیدون دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە سەرکەوتن

بەپێش ئەوەی بگەڕێینەوە ناو باسەکانی شەڕی زەلاقە، بگەڕێینەوە بۆ باسی دەوڵەتی مورابطین، چەند پرسیارێک خۆی دەکات بە ماڵی مێشک و دڵماندا و داوای وەڵاممان لێ دەکات؟
بێگومان ئەو جەنگانەی کە ڕوویان داوە وەک زەلاقە و بریات شمشێری تیژی موسوڵمان و ڕمی درێژیان و وەستانی سەربازی کوفر بەرانبەر بە موجاهیدانی ئەم ئیسلامە، یان ئەو هەموو سەرکەوتنانەی باسمان کرد لە مێژووی ئەندەلوس و بێجگە لەئەندەلوس خاکی موسوڵمانانی تر هەمووی جێگەی شانازی ئێمەو هەموو موسوڵمانانی جیهانن.
بەڵام ئەوەی کە گرنگە لە ڕەوشی ئێستا دا جەنگی ئێستا وەک جاران نییە سەرباز بەرانبەر بە سەرباز بوەستێت بەڵکو تەکنەلۆژیای سەربازی کاریگەری هەیە!
ئێستا موشەکی زەمین بە زەمین و تەنانەت قاڕە بەقاڕە ئەتۆم و فڕۆکە و پێشکەوتنی ئەلکترۆنیات، چەکی کیمیای ...هتد ئەم جەنگەی ئێستە هەرگیز وەک جاران نییە.
پرسیارەکە خۆی ئاوا نیشان دەدات ئایا موسوڵمانان لە توانایاندا هەیە ڕووبەڕووی ئەو هەموو هێزو چەکە بەهێزو تەکنلۆژیایە بینەوە وە سەر بکەون وەک سەرکەوتنەکانی جاران؟!لە ڕاستیدا زۆر مەبەستمان بوو کە ئەم پرسیارە نیشان بدەین بۆ ئەوەی ئەگەر ئەم پرسیارە دروست بوو لە دڵی موسوڵمانانندا چۆن وەڵامی بدەینەوە! کە ئەم پرسیارە دروستبوو لە ناخ و سینە و مێشکی هەرکەسدا ئەوە پێوەرە بۆ ئەوەی کە لە ئاینی پەروەردگارو سوننەتی خوای باڵا دەست تێگەیشتووە!
چۆن؟ هەمیشە باسی دوو خاڵی سەرکیمان کردوە لەم ئیسلامەدا کە هیچ کەس و هیچ تونێکەتوانێکی تر نیانە.
بەڵام ئەم ئیسلامە هەرگیز نامرێت ئوممەتەکەی لە ناو ناچن،
چونکە بە مردنی ئەم ئیسلام و ئوممەتی ئەم ئیسلامە قیامەتە و دوارۆژ دەست پێ دەکات خوای گەورە کۆتایی بە هەمو شتێک دێنێت، وە شکو گومانی تێدا نییە لە دوای هەموو کەوتنێک هەستانەوەیەک هەیە هەر وەک پێچەوانەکەی ڕوو دەدات، کەواتە بە هێزو دەسەڵاتی زاڵمان و ئیتر هەڵمەخەڵەتێ چونکە خوای گەورە لەگەڵ تۆدایە وەک خۆی دەفەرموێت:

يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ ﴿١٩٦﴾ آل عمران.. واتە: هێزو دەسەڵاتی ئەوانەی کە کافرن لە وڵاتاندا (ئەی ئیماندار) تۆ لە خشتە نەبات.

دووەم: سروشتی جەنگ لە نێوانی ڕاست و درۆ

بە هەموو پێوەرێک ئەم جەنگە لە نێوانی موسوڵمان و کەسێکی تردا نییە، بەڵکو لە نێوانی ئەو کەسانەدان کە دژی ئەم ئاینەن کەواتە جەنگی حەق و باطڵە کەواتە جەنگ لە نێوانی خوا و دوژمنەکانی خوان جاێتان وایە کێ سەرکەوتو دەبێت؟

پاشان خوای گەورە توانی بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ لە خاکێکی بێ مێژووی دواکەوتو وەک عەرەب، توانی دوو ئیمپراتۆری جیهان بخاتە ژێردەستیان وە گەورەترین دەوڵەتی کوفری شوعی ڕووخاند بەبێ ئەوەی خۆشیان تا ئێستا بزانن کێ وای لێکردن!

پێتان وایە ئەمەریکا هەروا بۆی دەچێتە سەر؟

بەڵام دڵنیاتان دەکەم ئەگەر چیرۆکی ئەصحاب کەهف باش لێی تێبگەین دەزانین کە ئێمە پەلەمانەوە دەمانەوێت لە چاو تروکانێکدا هەموو شتێک بەدەست بهێنین، بەڵام کاتی دەوێت کۆشش وخەبات جیهاد و هێزی خۆمانی پێویستە کە ئەمە وەک سوننەتەکانی پێشووە کە باسمان کرد واتا دەبێت زانین کە خوای گەورە جارێکی تر تەیرو ئەبابیل نانێرێت دەبێت تێبگەین بۆ ئەوەی خۆمان کار بکەین بۆ ئەم مەبەستە شیکاریەک ئەنجام ئەدەین کە چۆن سەربکەوین وە دوای دێینەوە سەر مێژووەکە:

شیکاری و بەدواداچوون:

سەرەتا پێش لە دایک بوونی پێغەمبەر ﷺ لای زۆربەی خوێنەران ئاشکرایە کە لەشکرێکی زۆر بە سەرۆکایەتی ئەبرەهە هاتن بۆ تێکدانی کەعبەی پیرۆز لەو سەردەمە باپیری پێغەمبەر ﷺ کە ناوی عەبدول موتەلیب بوو یەکێک بوو لە گەورە پیاوانی مەکە لە کاتی هاتنی سەربازەکانی ئەبرەهە لە ڕێگەدا ٢٠٠ وشتری عەبدول موتەلیبی گرت .

پاشان عەبدول موتەلیب چوو بۆلای ئەبرەهە بۆ ئەوەی وشترەکانی وەربگەڕێتەوە کاتێک کە چوە لای ئەبرەهە زانی لە گەورە پیاوانی مەکەیە زۆر ڕێزی لێگرت لە شان و شەوکەتی بەرز کردەوە و لە تەنیشت خۆی دایناو.

لێی پرسی بزانم بۆ چی هاتویت؟

لە وەڵامدا وتی: هاتووم تا ڕانە وشترەکانم بەرمەوە .

لە ڕاستی دا ئەبرەهە وای زانی کە هاتووە داوای ئەوەی لێ بکات کە هێرش نەکاتە سەر ماڵی خوا، بەڵام ئەوا هاتووە تەنها داوای ماڵەکەی خۆی دەکات و ئیتر ماڵی خوای بەلاوە مەبەست نییە، بۆیە ئەو پلەو پایەی کە بەخشی بوو بە عەبدول موتەلیب زۆر پەشیمان بوو لێی و عەبدول موتەلیبی بە کەم هاتە بەر چاو پێی وت، من هاتووم ماڵی خواکەت دەڕوخێنم کەچی تۆ داوای وشترم لێ دەکەیت؟

لە وەڵامدا وتی: بەڵێ؛ چونکە من خاوەنی وشترەکانم من داوای حەقی خۆم دەکەم ئەو ماڵەش کە تۆ بۆی هاتوویت خاوەنی خۆی هەیە و پێویست بە من ناکات کە پارێزگاری لێبکەم .

ئەم ڕووداوە کەم تا زۆر هەموومان دەیزانین وە خەڵکانێک زۆر ئەو وتەیەی عەبدول موتەلیبیان بەلاوە ئەرێنی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر ئەرێنییە بەڵکو زۆر ترسنۆکانەیە کەچی بە داخەوە خەڵکانێک کردویانەتە دروشمی خۆیان بۆ ژیان بە کاری دێنن وێڕای ئەوەی کە هەندێک گروپ و ڕێکخراو ئەوانیش کردویانەتە بەرنامەی سەرەکی ژیانیان.

دەڵێن خوا ماڵی خۆی دەپارێزێت و ئاینەکەی دەپارێزێت!

پاشان ڕووداوێکی زۆر گرنگ ڕوویدا ئەویش کە شەرمەزاری بوو بۆ شاری مەکە خەڵکەکەی کە خوای گەورە بە موعجیزە (تەیرەن ئەبابیل)ی نارد هەموو سوپاکەی ئەبرەهەی لەگەڵ خودی ئەبرەهە خۆی لە ناو برد بە هۆی سەربازانی خوای گەورە بە بەرد هەموویان سەریان نەوی کرد.

بۆ خوای گەورە ئەو باڵندانەی بە کار هێناو کردنی بە سەربازی خۆی؟

لەبەر ئەوەی هاوشێوەی ئەم کارانەی خوای گەورە سوننەتێکی خواییە کە بێباوەڕان و ملهوڕانی بەو شێوەیە لە ناو بردوە، بەڵام لە دوای لە دایک بوونی پێغەمبەر ﷺ ئەو سوننەتە کۆتایی پێهات.

لەوانەیە خەڵکانێک بپرسن چۆن سوننەتی خوای گەورە گۆڕانی بەسەردا دێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ؛ گۆڕان هەندێک جار هاوشێوەی ئەم سوننەتە دەبێت بەڵام هەرگیزاو هەرگیز سوننەتی خوای گەورە لا ناچێت .

لە سەردەمەکانی پێشودا بە هەمان شێوە بێباوەڕان لە ناو دەچوون وەک

هۆزی نوح -علیە سلام- کە چۆن خوای گەورە بە لافاو لە ناوی بردن یان وەک

هۆزی لوط -علیە سلام- کە بەردی باراند بە سەریاندا لە ناو چوون وەیان وەک

هۆزی بەنی ئیسرائیل کە کاتێک پێغەمبەر موسا -علیە سلام- لەگەڵ دا بوو دوایان لێکرد ڕزگاریان بێت لە دەستی سەربازەکانی فیرعەون خۆیان هیچیان نەکرد، بەڵام پێغەمبەر موسا -علیە سلام- داوای کرد لە خوای گەورە ڕووبارەکەی بۆ کردن بە دوو کەرتەوە وەک موعجیزەیەک بەڕاندنیەوە و بێ ئەوەی تاکە کەسێک لە ناو بچێت و بریندار بێت واتا بە کۆی گشتی پەڕینەوە وە لە هەمان کاتدا سوپاکەی فیرعەون بەخۆیەوە تێدا چوون خوای گەورە لە ناوی بردن .

بە دەیان نمونەی ترمان لە بەر دەستایە هاوشێوەی ئەو کارانە کە خوای گەورە ئەنجامی داوە بە سەربازانێک کە بە خەیاڵی ئێمەدا نە هاتووە کۆمەڵێک گەل و هۆزی لە ناو بردووە.

خوای پاک و بێ گەرد سوننەتێکی نوێ ی هێنایە کایەوە بە ٥٠ ڕۆژ لە دوای هاتنی سوپای ئەبرەهە کە ئیمامی پێغەمبەران لە دایک بوو کە سەروەری مرۆڤایەتی هاتە دنیاوە کە بەڕێزترین دروست کراوی خوای گەورەیە ﷺ کە هاتە سەر زەوی ئەوە ئەو سوننەتە کۆتایی هات، کە لە دوای چیرۆکی سوپاکەی ئەبرەهە بوو وە تا قیامەت هاوشێوەی ئەو ڕووداوانە نابینین.

بەڵام سوننەتی لە ناوچوونی گەلان، ئەوە کۆنە و تا قیامەت هەر دەمێنێت!

کە مێژوو و بزاوتن دەستی پێکرد ئەوا بەرەکەت و ڕەحمی خوای گەورە دەبارێت وە لە هەمان کاتدا ئازایەتی و جوامێریتان پێ دەبەخشێت، ترس وبیم و دڵەڕاوکێ و پارچە پارچەی دەخاتە ناو دوژمنانتان ئەگەر چی زۆر و زەبەلاد بن.

دەبێت بزانین کە سەردەمی تەیرەن ئەبابیل بەسەر چوو ئەو کات موسوڵمان خۆی دێتە مەیدان و هێزی خۆی دەخاتە کار لە جیاتی بەرد باراندن ئەو فیشەک و چەک و تەقەمەنی بەکار دێنێ ئەوەندەی لە توانایدا هەیە کۆی بکاتەوە لەوی تری لە سەر خوا، ئەمە بە گشتی بۆ تێگەیشتن بوو لەم سوننەتە کە گۆڕانکاری تێدا کرا بە هاتنی سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەر ﷺ وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم

لەوانەیە خەڵکێک تووشی بێ زاری بن، بڵێن ئەوا موسوڵمانان دەبێت گەردنی خۆیان بکەن قەڵغان بۆ سەرکەوتنی ئەم دینە؟

بەڵێ بێ گومان دەبێت گەردنمان بۆ ئەم دینە بێت وە ئاستەمیشە ئێمە چاوەڕوانی تەیرەن ئەبابیل بین و خۆمان بچینە سەر شاخەکان، موسوڵمانی راستە قینە دەبێت بڕوای بە خۆی هەبێت و بە مەنهەج شەریعەتەکەی کە خوای گەورە و پاک و بێگەرد ناردوویەتی وە هەر ئەو پشت و پەنامان بێت، بەڵام بەو شێوەی کە خوا دەیەوێت، نەک بە ئارەزووی ئێمەی مرۆڤ!

خوای گەورە سوننەتێکی روون و ئاشکرای بۆ داناوین بۆ گۆڕانکاری لە ناو موسوڵمان کە ڕەچاوی بنچینەو بنەماکانی ئەو زەمەنەی دەکات کە خەڵکی ئیمانداری تێدا دەژین.

زیاتر مەبەست لە زەمەنەکان و ئەو هەلومەرجانەیە کە موسوڵمان بانگەوازی تێدا دەکەن یان بە ئاشکرا یان بە نهێنی یان هەندێ جار پێویست بە ئاشتی دەکات یان بە خەبات و کۆشش، وات ڕەچاوی ڕەهەندەکانی بکرێت بۆ گۆڕانکاری لە سەر بنەماکان بە مەرجی قۆناغ، موسوڵمانان دەبێت لە هەموو قۆناغەکان شتێک پێشکەش بکات دەبێت هەنگاو بنێت. موسوڵمانان ئامادەی قۆناغەکانیان هەبێت نەک خەواڵ و تەمەڵ بن. نابێت موسوڵمان وا بیر بکاتەوە دەبێت بزانێت خەمی ئەم ئاینە بەتەنها لە سەر شانی تۆی موسوڵمانە، وە لەو سوننەتە بیر نەکاتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت ( إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم ) وە بیرمان نەچێت سەردەم و رۆژانی ئەبرەهە بە سەر چوو وە خوای گەورە بەرد نابارێنێت.

خوێنەری ئازیز...

وەرە بهێیەکەوە سەیری ئەم سوننەتە نوێیە بکەین کە خوای گەورە هەڵیبژاردوە بۆ پێغەمبەرەکان و شوێنکەوتووەکانی.

جەنگی بەدر سەیر بکەین کە کاتێک ئەبو جەهل فرعەونی ئەم ئومەتە ئازاری پێغەمبەر ﷺ دەدا، جارێک قاچی نا بە سەریدا فەرموی خەریک بوو چاوەکانم بێتە دەرەوە وە لە هەمان کاتدا هەر ئەوە بوو خەڵکی کۆ کردەوە دژی هاوەڵانی پێغەمبەر و پێغەمبەری ئازیز ﷺ خۆی شەڕی دەست پێکرد لە بەدر دا بە ژمارەیەکی کەمی موسوڵمان و بە هەزار خەڵکی بێباوەڕ، بەڵام خوای گەورە نەبەردی باران وە نە تەیرەن ئەبابیل- یش بۆ ناردن لە هەمان کاتدا موسوڵمانان حەزیان بە و شەڕە نەبوو وە بێباوەڕان زۆربەیان ئەوانیش حەزیان لە شەڕ نە بوو، بەڵام پەیمانێکی خوای بوو هەر دەبوو بهاتایەتە دی .

خۆ هێزی موشریکەکان هەزاران بوون، بەڵام موسوڵمان ٣١٦ بوون، کەسیان چاوەڕێی ئەوە نەبوون لە موسوڵمانان کە تەیرەن ئەبابیلیان بۆ بێت لەگەڵ ئەوەش دا سەرکەوتن وە هۆکارەکان

پەوە بوو کە لە سوننەتی خوای گەورە تێگەیشتبوون لە ( إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم )بەڵام ئەم سوننەتە کۆمەڵێک بنەمایی پێویستە تا موسوڵمانان سەرکەوتو بن تێدا ئەویش بریتییە
لە:
. دەبێت جێگە دیاری بکرێت
. دەبێت راوێژێکی راستی هەبێت
. بێگومان دەبێت دڵەکان لە نێویاندا رێکبخرێت
. رێکخستنی ریزەکان ئامادە بکرێت
. بێ شک و گومان دەبێت چەک هەڵ بگیرێت
. دەبێت پلانێکی موحکەم و چاک دابڕێژرێت
- پێویستە کە نزاو پاڕانەوە لە بیر نەکرێت
- پێویستە لە سەر پێی خۆت رابوەستیت بێ ترس وبیم
- دەبێت چاوەڕوانی بریندار بوون و بێزار بوون وە لە هەمان کاتدا خوێن دەڕێژریت وشەهید دەبێت
- ئاێرەوە جوامێری شەرەفمەندێتی و سەر باری هەمووی ئیمان دەر دەکەوێت!
ئەگەر ئەم خاڵەنە لە کاری موسوڵمانانداا رەنگ بداتەوە بەبێ هیچ شک و گومانێک خوای گەورە تەیرەن ئەبابیل دەنێرێت، بەڵام لە شێوەی فریشتە یارمەتی موسوڵمانان دەدات یان لە شێوەی باران وەیان لە شێوەی ترس و بیم لە دڵی بێباوەڕاندا دەیروێنیت یان پارچە پارچەی دەکەوێتە نێوانیان و ریزەکانیان هەڵدەوەشێنیت وەیان هەر شێوەیەکی تر بێت کە خوای گەورە خۆی هەڵیبژێرێت.
خوێنەری بەڕێز..
دڵنیابە لەوەی سەرکەوتن نایەت ئەگەر موسوڵمان خەم خۆری ئەم ئیسلامە نەبێت سەرکەوتن نایە تا بزواتن و جوڵە نەبێت سەرکەوتن پێویستی بە خۆ ئامادە کردنە، دەبێت خۆمان ئامادە بکەین.
هەموومان نمونەی شەڕی ئەحزاب مان لە بەر چاودایە کە هێزی دوژمن چۆن گەمارۆی شاری مەدینە پێغەمبەریان ﷺ دا و هێزی تاریکی و رەش لە دەوری شاری مەدینە دابوو وە هێزی نور ئیمان و روناکی لە ناو مەدینەدا بوون وە موسوڵمانان زۆر ناڕەحەت بوون.
لە خوای گەورە تەیرەن ئەبابیلی ناردو نە بەردیی باران، بەڵکو سوننەتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە خوای گەورە دەفەرموێت ( إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم )
سەروەری مرۆڤایەتی گەورەترین سەرکردە بوو بۆیە کۆمەڵێک خاڵی پیادەکرد بۆ چەسپاندنی سوننەتی خوای گەورە تا موسوڵمانان بە گشتی لێی فێربن ئەوانیش بریتی بوون لە:
- دڵنیا بوون لە سەرکەوتن کە لە ناخیاندا بزانن کە سەرکەوتن تەنها بۆ موسوڵمانە.
- ریزی نێوان مسوڵمانان رێک بخرێت.
- پلانێکی گونجاو دابنرێت بۆ ئەو مەبەستەی کە موسوڵمان کاری بۆ دەکات.
- سەنگەرو مەتەریز و خەندەق دەبێت بە چوار دەوری سوپاو شاردا هەڵبکەنرێت.

ئەزموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
لە سەر برسێتی و تینوێتی و گەرم و ساردی.
- فێری ئارام گرتن و دان بە خۆدا گرتن وانا کاری دیپلۆماسی.
- پەیمان بەستن و پرۆتۆکۆلات ئیمزا کردن وانا کاری دیپلۆماسی.
- کۆ کردنەوەی زانیاری لە سەر دوژمن و هەواڵ گیری بەگشتی پاراستنی ژیانی خەڵکی سڤیل.
- سوپا فێری مەشقێکی لێزانانە بکرێت خەڵکی کارامە بێتە سەرکردە خەڵکی فێری کۆشش و خەبات (جیهاد) بکرێت نەک وەک ئەمڕۆ ئەوانەی کە خۆیان بە پێشەنگی ئەم ئاینە دەزانن ڕوویان نایە باسی جیهاد بکەن!
- ڕێکخستنی کاری سڤیل و کاری سەربازی لە هەمان کاتدا گرێدانیان بەیەکەوە.
- هەموو ئەمانە دەبێت لە ئەنیشت بیرو باوەڕێکی پاک و بەندایەتیەکی ڕاست ودروست بێت.
کە ئەم کارانە ڕوویدا بێ گومان سەرکەوتنی خوای گەورە فەراهەم دەبێت وە ئەیرەن ئەبابیل لە شێوەی ڕەشەباو پارچە پارچە بوون لە نێوان سەربازانی دوژمن ڕودەدات وە ترس و دڵە ڕاوکێ دەخاتە ڕیزی موشریک و یەهودیەکان.
لە جەنگی ئوحدا کە موسوڵمانان توشی نەکسەو دۆڕان بوون تێدا بێباوڕەکان سەرکەوتن، هۆکار ئەوە بوو کە سەرپێچیان لە مەنهەج کرد کە خوای گەورە بە موصیبەت ئەو جەنگەی ناو زەد کردووە.
خوای گەورە دەستنیشانی نەخۆشیەکەیان دەکات و پێیان دەڵێت کە لە بەدر چۆن سەرکەوتن خوای گەورە سەری خستن ئەوە دێنێتەوە بەر چاویان، بەڵام دوای ئەوەیان پێیان رادەگەیەنێت بۆ لەم جەنگە دا دۆڕان، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە دنیایان تێکەڵ بوو لە ناو دڵیاندا کە شاخی الرماە- یان بەجێهێشت هاواریان کرد دەستکەوت دەستکەوت سەرپێچیان لە مەنهەجەکە کرد بۆیە بەرەو شکست چوون.
خوای گەورە فێری کردن کە هەڵەکانیان چاک بکەن لە هەمان کاتدا نە ئەیرەن ئەبابیلی نارد بۆ ئەوەی موسوڵمانان سەرکەون کەچی پێغەمبەریان ﷺ لە گەڵدا بوو، بەڵام بۆ ئەوەی هەڵەکانی خۆیان چاک بکەن وە موسوڵمان بە گشتی تێبگەن کە ئەمە سوننەتێکی نەگۆڕە و چەسپاوە تا قیامەت بۆ ئەم ئومەتە ( إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم)
بۆ ئەوی فێر بین ئەمە سەردمی ئەبرەهە نیەو بەسەر چووە.
لە کات وساتی هاتنی پەیامی پێغەمبەر ﷺ ئەم پایەمە سوننەتێکی نوێی هێنایە ئاراوە ئەویش هەوڵ وتێکۆشان وخەباتی مرۆڤەکان تا لە ئەرکەکانیان تێبگەن تا لەسەر پێی خۆیان بوەستن کەواتە بەوە مەنهەجێک لە شەریعەتێک بۆ ئەم ئومەتە پێغەمبەرە ﷺ.
ئەی ئێستا چی بکەین وکارمان چیە؟
چی بکەین بۆ ئەوەی لەم هاوکێشە ئاڵۆزە تێبگەین و لەو ناهەمواریەی کە جیهانی ئیسلامی پێدا تێپەڕ دەبێت بە تایبەت لە وڵاتانی وەک کوردستان، عێراق، فەڵەستین، چیچان، کشمیر... هتد.
چی بکەین ئەو هەموو ئاوان و زوڵمە لەسەر کورد، کشمیر، بۆسنە، کۆسڤۆ، فلیپین، بۆرمە، ئەفغانستان، سوودان، لیبیا و ..هتد.
لە ڕاستیدا ئەمە کێشەی دەوڵەتێک یان کۆمەڵەیەک یان کەسێک نییە بەتەنها، بەڵکو کێشەی ئومەتێکە بە تەواوی .

ووێنەکە دەڵێت:
ئەم ئوممەتە زۆر لە مێژەوە دانیشتووە دوژمنانی زۆر لە دێر زەمانەوە چوار پەلیان بەستۆتەوە.
ئەم ئوممەتە زۆر دەمێکەیە سەری بەرز نەکردۆتەوە سەر شۆڕو لە ڕووی شۆڕش و خەبات و یەک ڕیزی ڕۆڵەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور باشوور سەریان پێ دانەواندوە وە بێجگە پیاوەکانیان لەسەر ئەم ئوممەتە دەسەڵاتدارن خۆیان کردۆتە سەرۆک بەسەر موسوڵمانانەوە لە ڕابێدا بەس جەهەنەم جێگەیەنە نموونەی ئەمانە زۆرن وەک جمال، سادات، موبارەک کە هەرسێکیان بەدوای یەک دا سەرۆک کۆماری میسر بوون پاشان وڵاتێکی وەک عێراق کەسانێکی وەک میشێل ئەفلەق و سەدام بێجگە لە کلکەکانیان یان وڵاتێکی وەک ئێران کە پیسترین پیاوەکانی شیعەن کە چیان نەکرد بە موسوڵمانان لە ئێران بە تایبەت بە کورد، پیاوانێکی وەک نەجادی زادە، سوبحانی، ڕەبیعی، زۆری تر، زۆر لە وڵاتانی چواردەور وەک کارزای، موشەڕەف، پاشاکانی عەرەب بەگشتی.
ئەم ئوممەتە ڕۆژانێک بوو بێجگە لە خۆی خەڵکانێکی فێری زانست و ڕەوشت و ڕێگەی هیدایەت و ڕێنوێنی دەبرد، کەچی ئێستا خۆی سەری لێ شێواوە خەڵکەکەی پارچە پارچە بوون نەوەکانی سەرنۆڕن هەمیشە بە مادەی هۆشبەری عەلمانییەتەوە گیرۆدە بوون یان بە نەتەوە پەرستیەوە.
ئەم کێشەیە لە نیوەی زیاتر هەڵەی موسوڵمانان خۆیانە، هەمووی ناخەینە سەر خەڵکی تر پاشان من (نووسەر) لەگەڵ چارەسەری کاتی نیم، وە لەگەڵ وتەی باقو بریق نیم، تاقەتی دروشمم نەماوە کۆن بووە بەسەر چووە، نامەوێت نەخۆشیەکە بە موسەکین کۆتای پێت تا دەمرێت دەبێت دەست نیشان بکرێت تا چارە بکرێت وە من لەگەڵ چاو سوورکردنەوە دام لەگەڵ دەنگی بەرز دام لەگەڵ خەبات و کۆشش دام بە گوێرەی هەل ومەرجەکان و قۆناغەکان، نامەوێت جارێ باسی دەسەڵاتداران و زانایان و بانگەوازچیان و گروپ و ڕێکخراوەکان بکەم یان باسی دوژمن بە تۆمەتی سەرەکی، بەڵام پێم خۆشە ئەوەندەی لە توانامدا هەبێت، وە بە قوڵی دەستنیشانی نەخۆشیەکانی نەخۆشی ئەم ئوممەتە دەست نیشان بکەم وە چارەسەرێکی شەرعی بۆ بکەین ئەرکایەتی من و خوێنەر چونکە ئەرکی سەر شانی هەمووانە.
هۆکارەکان برێتیین لەهەڵەی زۆر ترسناک و گەورە ئەوانیش برێتیین لەوەی کە ئەم ئیسلامە بە جوانی و پاک وبێگەردی بەخەڵکی نەگەیەنراوە بە پیرو جوان و منداڵ وەک خۆی لەم سەری وڵاتی تا ئەو سەری وڵات.
ئەوانە چارەسەرەکە چییە؟
گەڕانەوە بۆ بناغەو بنچی ئەم دینە وە تێگەیشتن لە سەرچاوە ڕاستەکانی ئەم دینە ئەمە وەک ئەوەی باسمان کرد پاشان وەک مەیدانی باسێکی لێوە دەکەین.

مەیدانی بۆ نموونە عێراق هەرێمی کوردستان:
ئەوان وت ئەگەر سەدام حسێن لە ناو بچێت ئێمە ڕزگارمان دەبێت یان بەڵای کەمەوە ئەوساکە سوکەرە بۆ کوردستان وە بەگشتی عێراق لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت ڕزگاری دەبێت

ولاتی
دڵمان بە دانانی هێڵی ٣٢و ٣٦ خۆش بوو بۆ ئەوەی هاو پەیمانان یمان پارێزن لە دەستی
ناوچەکە، بە هۆی کۆ رەوە وە توانیمان سەرنجی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لای خۆمان رابکێشین
لەهەمان کاتدا ئەو کات زۆر لە بار بوو بۆ سەربەخۆی گەلەکەمان، بەڵام دیار بوو سیاسیەکانی
ئەو ئاستەدا نەبوون پەلاماری گفتوگۆیان دا لەگەڵ رژێمی بەعس کە زەمینە لە بار بوو بۆ
سەربەخۆی چونکە هەموو ناوچەکە دژی ئەو دەسەڵاتە بوو!
پاشان کات و زەمەن وەک شمشێر هەمووماتی بڕی لەسەر کۆمەڵێک دەستکەوتی حزبی ئەوانەی
کە لاف و گەزافی کوردایەتیدان لێدەدا کردیانە شەڕی ناخۆ و شەڕە پەڕۆ و شەڕە ناو تا خوێن
ئەوەندەی تر خەڵکەکە و نیشتمانەکەیان دابەش کرد نەهەماتی هێنا بەسەر گەلەکمان بە هەر
جۆرێک بوو رابورد زۆر لەسەر چووە ناچین، بەڵام وتمان ئەگەر ئەمەریکا هاوپەیمانیمان لەگەڵ
بکات لەوانەیە شتێک بکەین بە شتیک بەڵام هات و ئاکامەکەی مادەی ١٤٠ تا ئێستا هەر بە
هەڵواسراوی ماوەتەوە.
بێجگە لەوەی ئێستا ئەمەریکیەکان هەراج بەسەر هەرێمی کوردستانەوە دەکەن وە حزبەکان
یەکشتی بەس داوای مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن ئیتر کوردایەتی بۆتە ریکلامی ناو تیڤی و
رادیۆ یان بلیتی سەرقرۆکە خانەکان، زۆر لەسەر ئەمەش ناڕۆین ئەوەش هەڵدەگرین بۆ کاتی
خۆی.
لەهەمان کاتدا وتمان گەورەترین کێشە چەکی کۆمەڵ کوژی عێراقە ئەگەر نەمێنێت ئەوا ئەو
پەڕی دەسەڵات لە دەست خۆماندایە، چونکە کورد گەلیکی زۆر قارەمانە و ئازایە خەڵکەکەی
شۆڕشگێڕە.
نەمان زانی هەمووی دەبێت بە گۆرانی بێژ و هەموو جۆرە هەڵپەرکییەکمان فێر دەکەن هەر لە
یەک پێیەوە تا چوار پێی، دەیانەوێت کەرکوک و خانەقین و تەنانەت کوردستانیش بە هەڵپەرکێ
رزگار بکەن، هەر چۆن بێت زۆر لەسەر ئەمەش ناڕۆین.
ئەمانەی کە باسمان کرد خۆتان گەواهی ئەوە ئەدەن کە هەموو ئاواتەکانمان هاتە دی، بەڵام
چیمان کرد بە چی؟ داوامان کرد سەدام تیدابچێت ئەما، هاوپەیمانی ئەمەریکامان کرد، کورە و
خەریکە لە موساد پلەو پایەمان بەرز دەبێتەوە ژورمان دەدەنێ، کوا چیمان دیارە، چیمان کرد بە
چی؟
ئەوەشمان لەیاد بێت کە شتی باش کراوە ٥٠ بە ٥٠ کراوە، ژن و ئافرەتانمان دروست کردووە ئ
ئاب و لەگەڵ ئێرانییەکان دەستمان تێکەڵ کرد پاشان جادەمان قیرتاو کرد بەشەرتی یەک مانگ
سەبارەی علوج زیادی کرد کۆماپانیای باشمان دامەزراند بە شەریکی مەسولە بەڕێزەکەمان
شەرەفی ئافرەتانمان لە سەر کورسی سکرتێر ئەنێژرێت، بالەخانەی باش دروست کراوە هەرچەند
خەڵکی سلێل دروستی کردوە کەچی حوکمەتەکەمان شانازی پێوە دەکات و دەڵێت شارم جوان
کردوە لەکاتێکدا کە پرۆژەیەکی دەدەنێ تا سیلو دیقت پێنەکات چاکی ناکەن!
مامۆستایانی ئاینی خوا پایەداریان بکات شەرم دەکەن زۆر جار راستی بڵێن ئەوا ئەگەر باسی
جیهاد بکەن تەریق دەبنەوە.

پێنگە ئەوەی لادێكانمان بوونەتە مەزرەعەی بە خێوكردنی ئەسپ و وڵاغە بەرزەی پیاو ماقوڵان، كێوگاڵ باوی نەماوە لە وڵاتی ئێمەدا سوپاس بۆ خوا پێویستمان بە هیچ نییە لە سۆماڵ مۆزمان دێت لە پاكستان لالەنگی و لە توركیا توری باشمان بۆ دێت جاری باسی ترێ ئیسپانی هەر باسم لیمۆی لوبنان ئەی چەندە بەلەزەتە با لەبیرمان نەچێت.

بۆ قوتابیەكانی زانكۆ خوای گەورە بیان پارێزێت چەندە پێشەنگن هەرگیز كتێب ناكەنەوە، چونكە هەموویان لەبەره! دانیشتنی ناو موحازەرەكان هەر بڕوایان پێ نەماوە بۆ ئەوەی زۆر پێی بێزاری نەبن ئێستا كۆلێژی مۆدلی جل و بەرگ كراوەتەوە مژدەیەكی زۆر خۆش بۆ بێتاقی سەما كۆلێژی دالص كراوەتەوە، ئەوە با كۆلێژی نوكتە و زەم و تەعلیق بوەستێت لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە، كە ئەمانە سەر بە وەزارتێكی تازەن بەناوی وەزارەتی هەر بە هەوەس.

باڵی وەزارتی هەر بە هەوەس، لەسەر حوكمەتی هەر بەهوەس، ئەویش دەڵێت كوا شتی وا هەیە دەڵێم هەیەو هەر بە هەوەس.

ئێمەیش دەتوانین بڵێین ئەگەر دەستكەوتمان نەبوو ئێمەش دەڵێین هەر بە هەوەس ئازادن تا سەر ئێسقان بەڵام چیتان كردبۆ گەلی كورد؟

خۆ با دیموكراسیەكە لەولاوە بوەستێت كە پەیمانیان دا نمونەی بێت لە ناوچەكە دا دەسەڵاتی دیموكراسیەكەی خوا هەڵناگریت خۆی دەڵێت نمونەین جا دایك بێت وەسفی كچی خۆی بكات ئەگەر زیشك بێت دەڵێت لە بەچكەی من نەرمو نۆڵ تر نییە!

وا بە ئارەزوی خۆیان وەك شاگردانە دابەشی ئەم دیموكراسیە دەكەن ئەمانەی كە باسمان كرد زەمیچ گومانێك ئاكامی فكری عەلمانییەتە ئایا بۆ كوردستان یان بۆ عێراق چ بەرهەمێكی بوو؟ لەمێوانی و سكسوتانی دایكان و بێ پارەی و بێوەژن كردنی ئافرەتامان بە شەق لێسەندنی پارە لە دەوڵەمەندەكان و زۆر بوونی عەرەبانچی و حەماڵ وهیچی ترمان نەدی.

دا لێرەدا پرسیارێك بكەین

ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیاندا بوایە چۆن كێشەكانی كوردستان وعێراقی چارەسەر دەكرد؟ ئێمەیش دەمانەوێت كێشەكان لەسەر یەكگرتنی تێگەیشتنەكان بنەمای شەریعەتی خوا چارەسەر بكەین.

من بەش بە حاڵی خۆم دەمەوێت تێگەیشتنێكی ماناوەندی بۆ ئازیزان و نەوەكانمان و ئومەتەكە و دراوسێكانمان و دروست ببێت، چونكە ئێمە ئوممەتێكی ماناوەندین لەهەمان ئانا كار لەسەر چەمكە دینییەكان بكەین كە پەیوەندیان هەیە بەژیانمانەوە كە خوای گەورە بۆی بڕیاری كردوین رۆژانە بەكار دێت لە ناو خەڵكیدا وە هەموو ئوممەت پێویستی پێیەتی.

لێرەدا چەند تێگەیشتنێك لەم چەمكانە دەخەینە روو كە پێویستی بە هەمووان هەیە تا ئێمانمان هەبێت بەیەكەوە لە داهاتوو، هەریەك لە ئێمە بۆچوونی ئایەتی هەبێت. هەندێكی تر دەكەین كە لەم ئاینە پیرۆزە سوودمان لێوەرگرتوە زادەی فكرمانە كە دەمانەوێت هەموو ئیمانی ئیسلامی سوودی لێوەربگرێت وە ئەم بانگەوازە هەموو موسوڵمانێك دەگرێتەوە لە مسلمان كاندا هەموو دەستەو گروپ و نەتەوەیەك دەگرێتەوە بێجگە لە گەل وهۆزەكەی ئێمان، ئەوەش دەگرێتەوە كە وڵاتی هەیەو یان داگیر كراوە، مەبەست لە هەموو ئافرەتێكی

فەرموێتك لە گۆڕانكاری مێژووی گەلان... وەک خۆی قبوڵە نەک ئیسلام بکا
موسوڵمان و پیاوێکی موسوڵمانە کە دینی خوای گەورەی وەک خۆی قبوڵە نەک ئیسلام بکا
موسوڵمان و پیاوێکی موسوڵمانم و ڕازیم بە دیموکراسی واتا ڕازیە بە پەروەردگار
پاشکۆی فکرێکی تر وەک بڵێت من موسوڵمانم و ڕازیم بە دیموکراسی واتا ڕازیە بە پەروەردگار
پاشکۆی فکرێکی تر وەک بڵێت من موسوڵمانم وە بە پێشەواکەی کە محمد ﷺ پێغەمبەری کۆتاییە
پەروەردگار لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا وە بە پێشەواکەی کە محمد ﷺ پێغەمبەری کۆتاییە و
پەروەردگار لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا و دەبێت وحوکم هەر بۆ ئەوانە.
دوای ئەو پێغەمبەر نایەت ئوممەتەکەی سەرکەوت و دەبێت وحوکم هەر بۆ ئەوانە.
دوای ئەو پێغەمبەر نایەت ئوممەتەکەی سەرکەوتنمان هەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (
تێگەیشتنی یەکەم: ئێمەی موسوڵمان پاساکی سەرکەوتنمان هەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (
إن تنصروا الله ينصركم، ويثبت أقدامكم ) کە بۆ موسوڵمانانی داناوە وە ئەم سەرکەوتنە چەن
دەکانەوە لەسەر ڕەوشتی موسوڵمان و ڕەوشی بە کارهێنانی شەریعەتی خوای گەورە، هەندێک
دەکانەوە لەسەر ڕەوشتی موسوڵمان و ڕەوشی بە کارهێنانی شەریعەتی خوای گەورە، هەندێک
دەڵێن کە گوایە ئەم بەر پرسیارێتیە لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانە.
بەڵام لێرەدا باسی دەکەین کە لەئەستۆی سێ چیندایە

چینی یەکەم: تاکە کەس

چینی دووەم: کۆمەڵگە

چینی سێیەم: دەسەڵاتدار

ئەم سێ چینە هەر یەکەیان دەتوانن پابەند بن بە پەیامی خوای گەورە وە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە.

چینی یەکەم: تاکە کەس

تاکە کەس دەتوانێت خۆی پیادەی فەرمانی خوای گەورە بکات بێ هیچ ئاراستەیەکی دەرەکی دەتوانێت کردەوەی باش بکات وە خۆی دووربخاتەوە لە قەدەغە کراوەکان و پابەند بێت بە نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات، یان پابەند بێت بە حیجاب و ڕێزی دایک و باوک و ماڵی خەڵکی بپارێزێت ... هتد

خوای گەورە بۆی دەست نیشان کردووین کە ماڧەکانی درواسێ پیادە بکرێت لە سەر پابەند بوونی شەریعەتی ئیسلام کە ئەمانە تاکە کەس دەتوانن پیادەی بکەن نەک دەسەڵات داری حوکمڕان.

چینی دووەم: کۆمەڵگە

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم باسە پێم خۆشە ئەو فەرمودەیەتان بیر بخەمەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( كلكم راع، وكلكم مسئول عن رعيته ).

واتا: هەمووتان شوانن وە بەرپرسن لە مێگەلەکانتان وە هەروەها هەمووتان بەرپرسن لە ژێر دەستەکانتان.

بەمانای ئەوەی کە هەموو کەس دەتوانێت لە ماڵی خۆی پیادەی دینی خوای گەورە بکات پەیامی خوای گەورە لە ماڵی خۆیدا بچەسپێنێت یان مامۆستا دەتوانێت لە قوتابخانەکەی خۆیدا یان فەرمانبەر لە فەرمانگەکەیدا، هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەرەوە، بازرگان لەگەڵ فرۆشیارانی یان کڕیارانی هەموو ئەمانە دەتوانن شەرعی خوا پیادە بکەن وە کاری زۆری تر هەیە کە کۆمەڵگە پیادەی بکەن، بە بێ ئەوەی کە دەسەڵات هیچ توانایەکی بەسەردا هەبێت و کۆمەڵگە دەتوانێت خۆی فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگر بێت لە خراپە وە هەر کۆمەڵگە چاک بوو ڕێگر دەبێت لە گەندەڵی و بەرتیل ڕوپامای ..هتد. کە کۆمەڵگە توانی واز لەم کارانە بێنێ

بوە کۆمەڵگە پارسەنگی شەرعی وەردەگرێت کاریگەری دەبێت لە سەر دەسەڵات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارانە کاری کۆمەڵگەیە نەک حاکم!

چینی سێیەم: دەسەڵاتدار

هەر چەندە باسی ئەم چینەیان دەسەڵاتدارانی ئێمە ناگرێتەوە، بەڵام دەبێت هاوکێشەکە باس بکەین ئەو کارانەی کە دەسەڵات وابەستەیە پێیەوە و دەبێت پیادەی بکات، بۆ نمونە پاراستنی سنورەکان وە دروست کردنی سوپایی بەهێز و واتا ڕچاوی جیۆپۆلتیک، جیۆپۆلیتاری، ئەمنی نەرمی وە هاندانی نەوەی نوێ بۆ کۆشش و خەبات پارێزگاری لە بیرو باوەڕ و نیشتمان، نەک وەک ئەوەی نەوەکانی ئێمە ئەندازیارە دەچێت بۆ بەرنامەی سوپەرستار گۆرانی بڵێت لە جیاتی ئەوەی لەکارەکەی خۆیدا کار ئاسانی بۆ بکرێت.

دەبێت دەسەڵات باج لەسەر خەڵکی هەڵبگرێت یان لەسەر خەڵکەکە کار ئاسانی بکات، وە لە هەمان کاتدا چاودێری بکات خەڵکی و لاوەکان بکات لە مادە سڕکەرەکان.

هەروەها پارێزگاری لە لاوەکان بکات لە توش بوونی نەخۆشیەکانی ئایدز و ئەو نەخۆشیە ترسناکانەی تر، کە لە ڕێگەیی سێکسی نا شەرعیەوە توشی مرۆڤەکان دەبێت جێگەیی سەما و مۆزانیەکان دابخرێت کار ئاسانی بکات بۆ گەنجەکان تا هاوسەرگیری پێک بهێنن وە گەندەڵی نەمێنێت، خەڵکی شیاو لە جێگەیی شیاوی خۆی دابنێت وە خەڵکی هانبدات بۆ خۆشەویستنی نیشتمان و نەهێشتنی جاش و سیخوڕ لە ناو بیری خەڵکیدا تا نیشتمانەکەمان پارێزراو بێت لە خەڵکی چەپەڵ.

ئەگەر دوو چین لەم سێ چینانەی کە باسمان کرد هاتوو چاک بوون ئەوا ڕاستەخۆ چینی کۆتایی دەگۆڕێت، شەرعی خوای گەورە پیادە دەکات ئەگەر چی چینی دەسەڵات بێت ئەوا کاریگەری چینی کۆمەڵگە و تاکە کەس لەسەری دەبێت دەیگۆڕێت.

تێگەیشتنی دووەم:

بڕیە لە ئوممەت کە دەبێت بزانین ئەم ئوممەتی ئیسلامە هەرگیز نامرێت و لەناو ناچێت وە ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە کە هەموو موسوڵمانان بیزانن، مەبەست لەوەیە ئەگەر خەڵکانێک توشی بێزاری و کەوتن بن هیچ هیوایەک لە هەستانەوەدا نییە وە بێزاری ڕاپەڕین دەکوژێت، وە دەبێت موسوڵمانان بەگشتی وا هەست بکەن کە چارەنووس و دواڕۆژ بۆ ئیسلام و موسوڵمانانە وە دەبێت باش بزانین کە ئەم ئیسلامە هەرگیزاو هەرگیز نامرێت وە دەبێت بزانرێت کە ئەم ئوممەتە مرد ئەوا قیامەتەو کۆتایی بە ژیان دێت (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولاً) کەواتە لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ پێغەمبەرێک نایەت دەبێت ئوممەتەکە پەیامەکە هەڵبگرێت و بیگەیەنێت. ئەم ئوممەتە تا قیامەت بەرنامەی خوای گەورە پەخش دەکات بەسەر خەڵکیدا وە هەموو خەڵکی چاوەڕوانی ئەم ئوممەتەیە کە پەیامی خوایی بە خەڵکانێکی تر بگەیەنن تا ڕۆژی دوایی ئەم ئوممەتە ئاوەدان کەرەوەن لە سەر زەویی بەو مانایە کە ئەمان شەرعی خوای گەورە پیادە دەکەن، زوڵم و زۆر ناهێڵن وە مافەکانی خەڵکی دەستە بەر دەکەن بەزەیی و خۆشنودی لە ناو خەڵکیدا دەڕوێنن. کەواتە زۆر ئاستەمە لە ناو چوونی ئەم ئوممەتی ئیسلامە لە سەر ئەم زەویە بۆ ئەوەی ببنە شاهید لە سەر خەڵکی، بەڵام بنەماکانی گۆڕانی خەڵکیمان لە بیر نەچێت

ئەزموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان خراپ بە چاک( سوننەتی الاستبدال ) واتە کە خوای گەورە ناوی ناوە یاسای گۆڕانی خەڵکی خراپ بە چاک ، ئەگەر هەرکات موسوڵمانان توشی خراپە بوون ئەوا خوای گەورە لەناویان دەبات خەڵکێکی باشتر دێنێتە ناو کایەکە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ التوبة. واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە: ئەوە بۆچی کاتێک پێتان دەوترێت راپەڕن و ئامادەبن و هێرش بەرن لە پێناوی ئاینی خوادا (دژی ئەو خوانەناسانەی کە خۆیان ئامادە کردووە بۆ کوژاندنەوەی نووری خوا) ئێوە لەشتان دادەهێزرێت و دەلکێن بەزەویداو زەمین گیردەبن (ئەڵبەتە ئەم بانگەوازە هەرکاتێک لەلایەن سەرکردایەتی حەکیم و داناو بڕوا پێ کراوەوە بڕیار درا، کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی ئیماندارانە و ئەزموونی ساڵەها جیهادو خەباتی ژێر زەمینی هەیە، دەبێت لەلایەن هەموو ئیماندارانەوە پەیڕەوی بکرێت) ئایا ئێوە ڕازین بە ژیانی دنیاو بەگرنگتری دەزانن لە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت لە بەهەشتی بەرین، بێگومان ژیانی دنیا بە بەراورد لەگەڵ ژیانی پڕ لە شادیی قیامەتدا زۆر زۆر کەم تەمەن و کەم خۆشی یە.

هەروەها لە سوورەتی محمد دا دەفەرموێت: هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم ﴿٣٨﴾ محمد. واتە: ئا ئەوەتە ئێوە بانگ دەکرێن لە پێناوی خوادا ئا بەخشینتان هەبێت، کەچی هەتانە ڕەزیل و بەرچاو تەنگە، خۆ ئەوەی ڕەزیل و بەرچاو تەنگ بێت، ئەوە ڕەزیلی لە خۆی دەکات و (زەرەر لەخۆی دەدات)، چونکە خوا خۆی دەوڵەمەندو بێنیازە، هەر ئێوەن کە هەژارو نەدارو کەمدەستن.. جا ئەگەر پشت هەڵکەن لەم دین و بەرنامەیە، خوا کەسانی چاکتر لە ئێوە دەهێنێتە مەیدان، کە بەهیچ شێوەیەک لە ئێوە ناچن و وەک ئێوە نابن.

تێگەیشتنی سێیەم:

لە ناو بردنی گەلانێک کە پلان و دژایەتی موسوڵمانان دەکەن و دەیانەوێت چاڵ بۆ موسوڵمانان هەڵبکەنن لە کۆتایدا خۆیان دەکەونە ناو چاڵەکە بە پشتوانی خوای گەورە کە ئەمە سوننەتێکی خوایە وە نە دەگۆڕێت و نە لە ناو دەچێت بۆ ئەوەی ئەو گەلە ستەمکارانە لە ناو بەرێت وەک دەفەرموێت: أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ أَفَلَا يَسْمَعُونَ ﴿٢٦﴾ السجدة. واتە: ئایا ئەوە پەندو ئامۆژکاری وەرناگرن لەوەی کە: ئێمە پێش ئەمان چەندەها جیل و نەوەمان لەناوبردووە، بەناو ماڵەکانیاندا دێن و دەچن، بەڕاستی ناو ئەو (دیمانانەدا) بەڵگەی زۆر بەهێز هەیە، ئایا ئەوە نابیستن؟

بۆ نموونە گەلی ئەمەریکا مەحاڵە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، دەمێنێت لە ناو بچێت ئەگەر نەوا مەنهەجی بێت بەدڵنیاییەوە تیاداچوونی زۆر ئاسانە چونکە هەموو هۆکارەکانی لەناو بردن کە خوای گەورە بۆی باسکردوین لە پەیامەکەی کە قورئانە کە وەک چیرۆکی گەلانی تر پێراگەیاندوین کە لە ناوچوونە وەک ئەمەریکا ستەمکارو خوێن ڕێژ و خۆ بەزلزان و ماڵی بەناحەق خواردن و سەروەت و سامانی خەڵکی بە هەدەر بردن و وە نغرۆ بوون لە تاواندا و گوناه

گەورە ئەنجام دەدەن و دەمارگیری و لە نێوان خۆیاندا و بێ شک و گومان ئەگەر گەل و هۆزێک وێت ئەوا لە ناو چوونی زۆر سانا و ئاسانە ئەگەر بەم شێوە پۆلێن بکرێن.

دەبێت هەموو موسوڵمانێک باش لەم تێگەیشتنە تێبگات وەک یاسایەکی بنەڕەتی ئیسلام مامەڵەی لەگەڵ بکات کە بزانێت یاسایەکی چەسپاوە، خوای گەورە وەک دەستورێک بۆی باوەڕ وەک دەفەرموێت: لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ ﴿١٩٦﴾ آل عمران

واتە: هێزو دەسەڵاتی ئەوانەی کە کافرن لە وڵاتاندا (ئەی ئیماندار) تۆ لە خشتە نەبات.

تێگەیشتنی چوارەم:

ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە ئەبێت موسوڵمانان بزانن کە هۆکاری ژێر کەوتن و پارچە پارچەییە وە پەیوەنەکەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئەم ئایەتە وەک خوای گەورە دەفەرموێت: وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾ الأنفال، واتە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەشی بکەن لە هەموو کردارو گوفتارێکداو ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن وەمەچن بەگژ یەکدا، خۆ ئەگەر بچن بەگژ یەکداو یەکتر بشکێنن، ئەوە شکست و لاوازی رووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسەڵاتتان لەبەین دەچێت و دەبێت خۆگرو نەفس درێژ بن (ئەم لە مەیدانی جەنگدا، هەم لەناو یەکتردا) چونکە بەڕاستی خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

چونکە هۆکاری سەرنەکەوتن ئەوەیە کە موسوڵمانان نەگەڕێنەوە سەر یەک سەرچاوە مەرجەعێکیان نیە تا بگەڕێنەوە لای، وەک سەرکردەیەک مەبەستمانە هەر کەس هەڵدەستێت لەناو موسوڵماناندا دەیەوێت ببێتە سەرکردە و دەوری خالیدی کوڕی وەلید ببینێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە لە ناو ئیسلامدا ئەرکەکان دابەش دە بێت (وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا) یان وەک خوای گەورە فەرمان دە کات ( وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا)، بۆیە دەبێت هەموومان کۆک بین لە کاتی بەرنگاری و ڕوویەڕووبوونەوەی دوژمندا نابێت جیاوازی لە نێوانماندا بێت (وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ۚ)، چونکە ئەگەر جیاوازیمان هەبوو لە کاتێکی وەک ئێستماندا ئەوا دوژمنانمان بە ئارەزو ویستی خۆیان یاریمان پێدەکەن.

ئەم تێگەیشتنە تەنها لە سەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامیدا نیە، بەڵکو لە سەر ئاستی هەموو جیهان ئەم سوننەتە هەیە و هەموو گەل و هۆزێک دەگرێتەوە.

بەڵام بە داخەوە کە ئێستا وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی پارچە پارچەیە موسوڵمانان بەو هەست و هەستەوە لەگەڵ یەکتر نین بە یەک ڕۆح کار لەگەڵ یەکتری ناکەن بەڵکو هەمیشە ناکۆکییان لە نێوانیە یان لە سەر ئاستی دەوڵەتی یان مەزهەبی یان لەسەر ئاستی حزبی و ڕێکخراوەی، زۆر جار موسوڵمانانی یەک گەڕەک ناگونجێن بەیەکەوە یان موسوڵمانانی مزگەوتێک یان ئیمامێک لەگەڵ ئیمامێکی تردا ناکۆکن جگە لەوەی مامۆستاو پێشەوای ئاینیمان کێبڕکێ و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازیانە هەموو ئوممەتی ئیسلامی گرتۆتەوە، ئیتر چۆن چاوەڕوانی سەرکەوتن بین لەم ئوممەتی ئیسلامە وە چۆن خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی دەنێرێت؟

مێحراب هەوڵ بدەن کەوا هەمیشە لەگەڵ خوشک و برایانی ئیماندار و پەروەردە کراوەکانی وتارەکانیان پارچە پارچەی بهێنن سوێند بە گەورەی خوا شەیتان لەگەڵ ئاکە کەسێکدا یەکتری کۆک بن واز لە دەکەویتەوە وەک پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموێت: (من دایە کە بوون بە کۆمەڵ لێتان دوور لەگەڵ کۆمەڵ بین وە پاشان با بەخیلی و آراد بحبوحە الجنە فلیلزم الجماعە ) با هەمیشە وەک سەروەرمان فێری کردوین ﷺ ( إياكم والحسد، فإن حەسوودی و وتەی رەق بەیەکتر نەڵین پان دەفەرموێت ( إياكم والظن، فإن الظن أكذب الحسد يأكل الحسنات، كما تأكل النار الحطب) الحديث ) یاخود دەفەرموێت: ( إياكم وسوء ذات البين، فإنها الحالقة ) وە بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین دەفەرموێت: ( إياكم والظلم، فإن الظلم ظلمات يوم القيامة ) وە هەمیشە برایەتی لە نێوانماندا رواندوە وەک دە فەرموێت: ( المسلم أخو المسلم لا يظلمه، ولا يُسلمه ) پان ( المسلم أخو المسلم لا يخذله، ولا يَحقره ) هەروەها ( بحسب امرئٍ من الشر أن يحقر أخاه المسلم ) پاشان بۆ زیاتر دڵنیایی بوون دەفەرموێت: (كل المسلم على المسلم حرام: دمه، وعرضه، وماله ) وە کۆتاییەکەی بەم فەرمودەیە دێنین کە دەفەرموێت: (من كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته).

تێگەیشتنی پێنجەم:

ئەم تێگەیشتنە برتییە لە سەر پێی خۆ وەستان

واتا- بە ئینۆکی خۆت پشتی خۆت بوخرێنە خۆت هەموو کارەکانی خۆت راپەرێنە مەبە پاشکۆی کەسی تر دەبێت هەموو موسوڵمانێک لەم تێگەیشتنە باش تێبگات.

واتا: سەرکەوتن لە وڵاتانی چواردەورەوە نایەت، بەڵکو سەرکەوتن لە ناو خۆ دەست پێ دەکات.

خوێنەری بەڕێز...

سەرکەوتن کاڵایەک نییە لە دەرەوەی وڵات بیکڕیت و بیهێنیت ناگونجێت نووسرابێت لە چین دروست کراوە یان نووسرابێت صنع في فەرەنسا یان لە سەری نووسرابێت، MADE IN USA

بەڵام بێگومان دەبێت لەسەری نووسرابێت کە لە وڵاتانی ئیسلامی بەرهەم هاتووە جێدەستی ئوممەی ئیسلامییە، دەبێت باش لەوە تێبگەین کە تەنها خۆمان خەم خۆری خۆمانین،

سوپاسی ئەمەریکا دەکەین کە یارمەتی کوردی دا بۆ رووخاندنی سەدام وە تا رادەیەک ئەو دیکتاتۆرەی لە گەلی عێراق پاک کردەوە!

بەڵام دەبێت لەوە تێبگەین کە لەبەر خاتری چاوی رەشی کورد نەبوو ئەو کارەی کرد ئەمەریکا بەڵکو بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆی بوو لەناوچەکەدا، لە بیرمان نەچێت ئەمەریکا هێزێکی زۆر درندەیە چی کرد بە نەوەکانی خۆی بۆ نموونە هیندە سوورەکان یان رەش پێستەکان ئەو کە وەفایی نەبێت بۆ میللەتەکەی خۆی هەرگیزاو هەرگیز وەفایی نابێت بۆ تۆ،

وەلە هەمان کاتدا سوپاسی فەرەنسا دەکەین کە لەگەڵ گەلی عێراق وەستا و لە ناڕەحەتی و مەینەتیەکانیدا هێزی سەربازی نەناردە ناوچەکە وەک داگیرکەر هەندێک لە کارەکانی ئەمەریکای شەرمەزار کرد، بەڵکو ئەمانەی کە کردی لەبەر خاتری چاوی کاڵی ئێمە نەبوو، بەڵکو لە بە خاتری ئەو کێشمەو کێ برکێیەی نێوانی خۆیان بوو تا زیاتر سەرنجی عەرەبەکان بەلای خۆیا رابکێشێت.

لەبیرمان نەچێت فەرەنسا لە هەمان كاتدا زۆری كردوە بە موسوڵمانان چی نەكرد بە وڵاتانی (جەزائیر، تونس، مەراكیش، سووریا، لوبنان) وە بە ملیۆنەها خەڵكی لێ كوشتون بەردەوام ... هەیە لە شەڕی نێوان بەربەرو عەرەب دا لە جەزائیرو مەراكیش وە لەبیرمان نەچێت كە ... قەدەغەكرد لە قوتابخانەكاندا وە دەبێت لەوە تێبگەین كە هەر كەسە بەرژەوەندی ... بۆ ... دەوێت.

... ئێمە سوودمان وەرگرتوە لە پەیوەندییەكان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوا وە دەبێت ... دیپلۆماسیمان بەردەوام بێت، بەڵام بە مەرجێک كار لە داهاتووی خۆمان نەكات و نابێت ... پەیوەندی سەركەوتن بكەین لە دەرەوەی وڵاتی خۆمان.

... سوپاسی روسیا دەكەین كە یارمەتی گەلی عێراقی دا، بەڵام زۆر بێ مەوقیف بوو لە ... گەلی كوردا لە هەموو پارچەكاندا هەمیشە بۆتە ئەهامەتی بۆ گەلی كورد هەر ... سەردەمی كۆمۆنیستەكانەوە تا ئێستا بەڵام یارمەتی عێراقی دا بە كۆمپانیاكانی ئەویش ... فڕی ئاڵمان نەبوو لەبەر ئەوەبوو پێگەیەكی هەبێت لە ناوچەكەدا، بەڵام لە بیرمان ... نەچێت كە چی كردوە بە براكانمان لە چیچان و چەندەهای لە گەلی ئەفغانستان كوشت و ... بە تاڵان برد وە سەرنجتان ڕادەكێشین بۆ گەلی موسوڵمانی داغستان لە چەندەها ... كوژی لێكردن.

... سوپاسی زۆری نەتەوە یەک گرتوەكان دەكەین لە هەندێ كاتی دژوارو ناهەمواردا لەگەڵماندا ... بەڵام لەبیرمان نەچۆتەوە كە كوردستانەكەمانیان دابەش كرد بە سەر چوار وڵاتی ناوچەكە ... ئەوە كاری نەتەوە یەكگرتوەكان نەبوو كە ئەو مافە سەرەتاییەمان بۆ بسێنێتەوە بۆ ئەی ... چۆن ئێمەیان پارچە پارچە كرد یان لە ساڵی ١٩٤٧ هاتن وڵاتێكیان لە سەر خاكی ... موسوڵمانان دروستكرد یان گەلی فەلەستینی ستەم لێكراو چۆن بە دەست هێزی ڕەشی ... جوولەكەوە دەناڵێنێت ئەی بۆ هیچ نالێن یان سیاسەتی بانێک و دوو هەوامان لەگەڵ دەكەن؟
... لەحیاتی ئەوەی تۆڵە لەستەم كاران بكەنەوە، بەڵام لێبوردن بۆ ستەم كاران دەردەكەن ... تۆڵە لە بەش خوراوان دەكەنەوە!

... خۆی وا نیشان دەدات كە عێراق گەلێكی ستەم لێكراوە، بەڵام خۆی بانگێشتی ئەمریكای كرد بۆ جەنگی موسوڵمانان كە ئیتر لەمەولا جەنگی خاچ پەرستان لەگەڵ موسوڵمانان ... دەكاتەوە چۆن بڕوا بە فرمێسكی تیمساحاویان بكەین وە لەهەمان كاتدا ڕێگەی داوە ... هەموو ڕێكخراوە تەبشیرەكان لەئەمریكا كە خەڵكی موسوڵمانی ئێمە بكەنە مەسیحی و ... كەچی دەرگەی مزگەوتەكانەیان لە موسوڵمانان داخستووە تەنانەت ڕێگە نادرێت ... وانەیەک بەنەوەكانی ئەم ئیسلامە بڵێتەوە سەدان بیانوی بۆ دەدۆزنەوە كە گوایە ... حزبایەتین یان دەڵێن با مزگەوتەكان دووربن لە حزبایەتی كەچی لە كاتی ... هەڵبژاردنی خۆیان دا مینبەرەكان بۆ كاری حزبی خۆیان بەكار دەهێنن!

... شەشەم:

... نەكردن بە دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی ئەوەندە خۆمان بە سەرقاڵ نەكەین تا خۆمانمان ... نەبین بە پرد بۆ خەڵكانی تر. ئاكە كەسە كە دەسەڵات دروست دەكات، ئەگەر

کەندەڵی تێدا دروست دەسەڵات باش دەردەچێت، کەل باش پەروەردە بکرێت ئەوا دڵنیان کە بێت وەک خوای گەورە لە باسی فیرعەوندا دەفەرموێت: فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ ﴿٥٤﴾ الزخرف. واتە: (فیرعەون) هیچ نرخی دانەنا بۆ قەوم و گەلەکەی، بە سوکی سەیری دەکردن، ئەوانیش (گێلانە) ملکەچ و فەرمانبەرداری بوون، بەڕاستیی ئەوانە قەومێکی فاسق و تاوانبارو گوناهکار بوون.

لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکی وابەستەن بەیەکەوە ئەگەر خەڵکی ئەو کۆمەڵگەکە باش بوون ئەوا ئاستی دەسەڵات بە ئاراستەیەکی باشدا دەگۆڕێت وە بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێمە خۆمان باش کرد لە نێوانماندا بە دەیان خالید ومثنی و طارق و صلاح الدین وقطز ....هتد دروست دەبن دەسەڵات دار باش بوون ئەوا کۆمەڵگا بەرەو باشی دەڕوات من وای دەبینم.

تێگەیشتنی حەوتەم:

ئەو پلانەی کە ئەمەریکا بۆ موسوڵمانانی داناوە پلانێکی زۆر کۆنە، ئەگەر سەدام و مەلا عومەری ئەفغانستان و چەکی کۆمەڵ کوژیش نەبوایە ئەمەریکا هەر دەهاتە ناوچەکە چونکە ئەمە پلانێکی زۆر دێرینە کە پێشتر خۆیانیان بۆ ئامادە کردوە، چونکە پێشتر ئەمەریکا لە سەردەمی بلۆکی شەرقەوە وە لە دوای دەسەڵاتی ریگن بەتەواوی بڕیاری دا کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان و قەوقاز دا پێگەی خۆی هەبێت واتا ئەم تێگەیشتنە بۆ موسوڵمانان زۆر گرنگە کە هاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە پلانێکی زۆر دێرینە، بەڵام ئەمەریکا تەنها چاوەڕوانی کاتی دەکرد بۆیە درەنگ و زووی کەوت بوو بۆ بەرهەم هێنانی ئەم پرۆژەیە هەنگاو بە هەنگاو چووە پێش.

کەواتە ئەم تێگەیشتنە ئەوە دەردەخات کە نە لە بەر خاتری کورد بووە وە نە لەبەرخاتری ستەمی سەدام بووە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بووە وە بە ئاشکرا بێ ترس ئەمەریکا خۆی ئەوەی ڕاگەیاندوە سەر ئەنجام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم دەسەڵاتە بۆگەنە مۆبۆکراتیە داگیرکەرە کەچی ئێمە ئازە ناومان لێناوە هاوپەیمان کە ئەو بە خۆی دەڵێت داگیرکەر ئێمە عوزری بۆ دەهێنینەوە وەک ئەوە وایە گورگ بکەین بە شوانی مەڕ!

تێگەیشتنی هەشتەم:

ئەم ئوممەتی ئیسلامە خاوەنی زۆر توانای گەورەیە تواناکانیش هەندێکیان بریتیین لە توانای ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، توانای لاوان وە لە هەمووی گرنگ تر توانای بیرو باوەڕە کە ئەم ئیسلامە خۆی سەرپەرشتی ئەو توانایانە دەکات.

خەڵکانێک وا پەی دەبەن کە ئەم ئیسلامە ئوممەتێکی بێ توانا و بێ هێزە خاوەنی کەرەسەی پێشکەوتن نییە!

لە ڕاستیدا ئەم بۆ چوونە ڕاست نییە، چونکە لە شەرعدا هیچ ڕەواجێکی نییە و لە ئەقڵدا جێ نابێتەوە پارسەنگ نییە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ڕاستە ئێستا ئوممەتی ئیسلامی خەوتوە ئەویش بە هۆی ئەو بێهۆشکەرانەی کە دەرخواردی ئەم ئوممەتەیان داوە هاکا لە خەو هەستا ڕاپەڕی ئەو کات دەزانرێت کە موسوڵمان چەندە چالاکەو زۆر شتی پێ دەکرێت کە بە خەیاڵی کەس دا نە هاتووە. ئەو خوایەی کە فارس و ڕۆمی لە ناو برد زۆر ئاسانە کە ئەمەریکا و واڵاتانی

زا هێزی تر لە ناو بەرێت وە ئەوەش هەر ڕوودەدات بەڵام درەنگ و زووی کەوتوە با نموونەیەکی زیاس بکەین بۆ خوێنەر تا بزانێت ئەم ئوممەتە کە ڕایەری هیچ بەربەستێک ڕێی پێ ناگرێت.

موسڵمانان زۆر لە کۆریای باکوور بە توانا ترن کە چۆن ڕووبەڕووی ئەمەریکا بوونەوە تۆ بڵێیت بە توانای ئومەی ئیسلامیە نەبێت لە بەرانبەر ئەمەریکادا بوەستێتەوە؟

کۆریا خەڵکەکەی لە ٦ ملیۆن تا ٧ ملیۆن دەبێت وە خەڵکێکی بێ باوەڕو بێ دین و شوعین ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ یەک ملیارد و سێ سەد ملیۆن وە لە هەمان کاتدا ڕووبەری کۆریا ١٢٠ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەیە واتا بە ئەندازەی نیوەی عێراقیش نابێت وە زۆربەی زۆری خەڵکەکەی هەژارن و لە ناو بێ دەرەتانی گژو گیا دەخۆن زۆر جار ڕۆژانە بێ شێو سەر دەنێنەوە، بەڵام ئەم ئومەی ئیسلامیە ئەگەر سەرنج بدەین زۆر دەوڵەمەند و بەتوانایە لە هەموو ڕووەکانەوە چ ئابووریی چ کۆمەڵایەتی وە لە ڕووی هزرو بیرو باوەڕەوە وە لە ڕووی جوگرافیا و ستراتیجیەوە وە لە هەمووی گرنگ تر ئێمە خوامان هەیە ئەوان کێیان هەیە!

ئەی بپرسین چۆن کۆریایەک بەو هەموو بێ تواناییەی خۆیە توانی بەرانبەر ئەمەریکایەکی زل هێز بوەستێتەوە ئێمە چۆن ناتوانین؟

گەل و هۆزێکی وەک کۆریا کە ئامادە نییە کە سەر ئەوی بکات بۆ ئەمەریکایەک چۆن ئوممەتێکی ملیاردی دەبێت سەرنەوی بکات و زەلیل بێت کەواتە ئێمەی موسوڵمان نوەکاندنێکمان دەوێت تا بتوانین لە خەو هەڵبسین.

ئەم بابە کاری بەسەر ڕۆحەوە نییە، بەڵکو هۆکاری گەورەکەی پشت بەخۆ بەستنەوە لەسەر پێی خۆ وەستان واتا (ئیرادەو عەزیمەت )ە.

بۆ ئەوەی سەر بکەوین و هەڵبستینەوە پێویستە چی بکەین؟

باڵا پرسیارێکی تر بکەین ئەم ئوممەتی ئیسلامە خاوەنی چیە وە چیمان لە بەر دەست دایە بۆ ئەوەی سەر بکەوین؟

- توانای وتوێژ کردنی هەیە لەگەڵ هەموو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوانێکدا وە توانای گەیاندنی ئەم دینە لە ڕێگەی ئەنتەرنێت یان تەلەفۆنی دەستیان لە ڕووی کۆبوونەوەی کۆڕی هزری فکری لەگەڵ ڕۆشنبیراندا وەیان لەگەڵ هاوڕێکانتاندا یان دراوسێکانتا وە توانای خۆپیشاندانی ئاشتی لەسەر بنەما شەرعیەکان وە توانای شیکردنەوەی ڕوودا و گۆڕانکاریەکان بکەن بۆچوونی خۆتان هەبێت لەسەری وە وەرگرتنی زانستی شەرعی و زانستە جیهانییەکان وە هەرکەس شانازی بکات بەم ئاینەوە توانایی داناى بوونی هەیە و وە دەتوانێت ئەم ئیسلامە سەر بخات.

هەر کەس ئارەزووی هەیە هەڵبستێتەوە دەبێت لە کۆشش و خەبات و چان نەدات هەمیشە بیری جیهاد لە ناو مێشکیدا بێت خوازیار بێت بۆ شەهیدی کە ئەمانە ڕوویدا بەرهەمێکی زۆر گەورەی دەبێت بەرهەمەکەی ئەوەیە کە جوامێری ئازایەتی شەرەفمەندێتی دروست دەبێت لە دڵی موسوڵماناندا ئەم غیرەتە دینییە لە دایک دەبێت وە پێچەوانەکەی ئەوەیە کە ترس وبیم و ئەلەرزۆکێ دەخاتە دڵی دوژمنانییەوە.

- وازهێنان لە شتومەکی ئەمریکی و یەهودی و دانیمارکی یان بەگشتی ئەوانەی کە دژایەتی ئەم ئیسلامە دەکەن نە کاڵایان لێ بکڕین وە کاڵایشیان پێ بفرۆشین بە هیچ شێوەیەک

مەرج نییە بوترێت تەنها لە موسوڵمان کاڵا بکڕێت کاروباری بازرگانیان لەگەڵ نەبەستین کاروباری بازرگانیان لەگەڵ بکرێت، دەتوانیت لەگەڵ کەسانێک کە شەڕ بە موسوڵمانان نافرۆشن دەکەن چونکە هەمیشە ئەوان ئەم کارە باشترین چەکە بۆ ئەوانەی کە دژایەتی موسوڵمانان هەبە.

پێویستیان بە ملیاردێک خەڵک دواجار ئەوان کاریان کەواتە باشترین چەکە بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین بەرپێچەوانەوە ئێمە دەتوانین خۆیان و دەکەوێتە ئێمە ناتوانن بازارمان مۆنۆپۆڵ بکەن وە بە پێچەوانەوە ئێمە دەتوانین خۆیان و بازاڕیان مۆنۆپۆڵ بکەین.

- لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا موسوڵمانان هەمیشە ئامادەی ئەوەیان تێدا بێت کە بچن بۆ دەنگ دان ئەگەر چی قرتو فێڵی عیلمانییەکان زۆر بێت، بەڵام بۆ ئەوەی موسوڵمانان هەر پێگەیان هەبێت لە ناو عیلمانییەکاندا، نمونەی لەسەر ئەم باسە حماسی فەلەستینییە کەتوانی لە هەڵبژاردنەکاندا دەسەڵات بگرێتە دەست ئەگەر چی دوژمنایەتی زۆری دەکەن، بەڵام پێگەی موسوڵمان بێت باشترە لە پەراوێز بوونی.
- پەروەردەی منداڵان ولاوەکان و هەموو کۆمەڵگە بکرێت لە سەر خەبات و کۆشش وجیهاد فێرکردنی خەڵکی لە سەر لە خۆبردووی و گیان بەخت کردن ئەگەر چی زۆر لە ناو بچن بەڵام کۆتایی ئەوانەی کە شەهید دەبن وەک خوای گەورە دەفەرموێت (ذلک فوز العظیم) بۆ دواجار ئەوان براوەن و سەرکەوتن.
- چاکە کاری و دژایەتی گەندەڵی گوێڕایەڵی و شورا و وە بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری یەکتری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوشتی دەست پاکی و دەم پاکی و داوێن پاکی وە راستگۆیی لە گەڵ هەموو کەسێکدا.
- چاودێری خوای گەورە هەست پێبکەین لە هەموو کار و بارێکدا لە دروستکردنی پیشەسازی و کوشتوکاڵ هەموو کاروبارەکانی ژیان لە رووی جیهانیی و قیامەتیەوە وە باشکردنی بەرهەم هێنان چاکسازی لە هەموو رووەکانەوە.
- نزاو پاڕانەوەی زۆر وە هەمیشە دەستمان بەرز بێت بۆلای خوای گەورە، بەڵام دەبێت بزانین کە کردەوەی جوان بکەین بۆ ئەوەی نزاکانمان وەر بگیرێت وە ئەو وتەی ئیمامی مالیک -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە دەفەرموێت ( الدعاء یرفعه العمل) کەواتە خەڵکانێکی بێزار و مەلویس هەرگیز خوای گەورە ئەو خەڵکانە سەر ناخات، بەڵام ئەوانەی کە هەست بە سەرکەوتن دەکەن ئەوا خوای گەورە سەریان دەخات بۆیە من پێم وایە ئومەی ئیسلام ئومەتێکی زۆر بە هێزە پێویستی بە یەک سەرکردەی کارامەو لە خوا ترس هەیە کە کۆیان بکاتەوە.

ئەگەر بە تەنها بووە خەبات دەکەم ئەگەر کەسم لەگەڵ نەبێت کۆشش دەکەم تا ئەو کات و ساتەی دەمرم هەر تێدەکۆشم جیهاد دەکەم، ئەگەر بەتەنها بووە دەجەنگم تا مردن هەڵبەت ئەمە وتەی ئەبوبەکری صدیقە -ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە دەفەرموێت: لەو کاتەی کە هەموو لێوە دوورگەی عەرەبی هەمووهەڵگەڕانەوە تەنها مەکە و مەدینە و طایف چەند شوێنێکی تر نەبێت دەنا هەموو هەڵگەڕانەوە لەوکاتە فەرموی (أقاتلهم وحدي حتی تقطع عنقي)

پەیڕەوە ئەم وتەی فەرمو چونکە هەمووومان یەک بە یەک دەچینە بەر لێپرسینەوە ئەوەی کە دەیکەین خۆمان بەر پرسیارین لێی وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ( كل نفس بما كسبت رهينه)، هەروەها دەفەرموێت: ( ولقد جئتمونا فرادى كما خلقناكم أول مرە) زیاتر مەبەستمان لەوەیە لە موسوڵمان تێبگات کە بە ئازایەتی و شەرەفمەندایەتی هیچ لە تەمەنی کەم ناکات وە بە ترسنۆکی خۆشاردنەوەی هیچ لە تەمەنی زیاد ناکات!

دەبێت بزانیت کە تۆ کار بۆ کێ دەکەیت؟

ئایا بۆ ڕۆژنامەیەک کار دەکەیت؟

یان بۆ فلان و فیسار کار دەکەیت؟

ئایا بۆ سەرۆک و پادشا پاشا کار دەکەیت؟

یان بۆ ناو و خۆ بردنە پێشەوە؟

یان بۆ سەروەت و سامان؟

بێگومان ئیسلام ئەمانەی هیچی پێ ڕەوا نییە، دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە و باڵا دەست کار بکەیت، چونکە ئەو کارانەی کە دەکرێت خوای گەورە خۆی پاداشتەکەی دەزانێت و کارەکان تەنها بۆ خوای گەورەیە.

جا کە مرۆڤەکان بۆ خوای گەورە کار بکەن ئیتر بۆچی تەمەڵی بێزاری مەئویس بوون لە سەرکەوتن، کە خوای گەورە خۆی ئاگادارە بەسەر خەڵکی یەوە، کەواتە دەبێت بڵێین لەپێناوی ئەم دینە گیانی خۆمان فیدا دەکەین ئەگەر بە تەنهایش بین.

ئامۆژگاریت دەکەم:

کارەکان دوا مەخەن واتا کاری ئەمڕۆ مەخەنە سبەینێ، بەڵکو مەیخەنە یەک سەعاتی کە چونکە کەس نازانێت کەی دەمرێت یان قیامەت کەی دێت کەواتە دەبێت بزانیت کە تۆ ژیانت دیاری نەکراوە واتا لە لایەنی خۆتەوە نازانی کەی دەمریت دەی کەواتە جێ دەستی خۆت دیاری بکە تا قیامەت نەهاتووە، واتا ئەگەر شەو بوو چاوەڕوانی ڕۆژ مەکە ئەگەر بەیانی بوو چاوەڕوانی ئێوارە مەکە واتا بە زوترین کات کارەکان ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی باشترین کار ئەنجام بدەین واتا ( کار کاردن بۆ ئیسلام تامردن)

ئینجا ئەگەر نوێژەکانت نەکردوە دەست نوێژ بگرەو ئەگەر زەکاتت نەداوە فریاکەوە بە پەلە بۆ یارمەتی هاوڕێکەت یان مافەکانی دایک و باوک بپارێزە واز لە بەرتیل و گەندەڵی بهێنین تا بزانین ئەم ئاینە بە لوتکە بگەیێنین مەبەستمان لە رووی دەسەڵاتەوەیە، بەڵام لەڕووی پەیامەکە خۆی پاک و بێگەردە و گەورەیە تا ئەوپەڕی گەورەی هیچ خێچ وخواری تێدا نییە لە لوتکەدایە بە ڕەهایی ئەم وتەیە دووبارە دەکەینەوە بێ هیچ گومانێک وە بۆتە ویردی سەر زمانمان.

ئەم دە ئێکەبشتنە بۆ ئەوە بوو تا بزانین چۆن سەر بکەوین یان چۆن ئاڵای ئیسلام بەرز بکەینەوە!

ئەم خەوتنە یەکەم خەوتنی موسوڵمان نییە زۆر جار خەوی لێکەوتوە بەڵام هەستانەوەیان ئەستەم نەبووە

زۆر جار لە جەنگدا شکاون، بەڵام سەرکەوتن هەر نزیک بووە.

زۆر جار ئەم ئومەتە بریندار بووە، بەڵام خوای گەورە خۆی سارێژی برینی ئەم ئومەتەی کردووە،
لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ زۆر لە خەڵکی هەڵگەڕانەوە بە دەیان موسەیلەمەی درۆزن
دروست بوون کە وتیان پەیمالیان بۆ هاتووە لە لایەن خواوە، بەڵام خوای گەورە نە تەیرونەبابیلی
نارد نە بەردی باراند، بەڵکو پیاواتێکی دروست کرد کە سەر بەرزو ئازاو خاوەنی غیرەت بوون
وەک خالیدی کوڕی وەلید.
وە لە قودس حەفتا هەزار موسوڵمانانیان سەر بڕی لەیەک ڕۆژدا لە ساڵی ٤٩٢کۆچی وە خوای
گەورە تیرونەبیلی نەناردو بەردی نە باراند.
ئەو کارە لە ناوچەکەدا هەر بەو شێوە مایەوە تا صەلاحەدینی ئەیوبی هاتوو خاکی موسوڵمانانی
لە سەلیبییە پیسانە پاک کردەوە، واتا کە موجاهیدان هەبوون هەرگیزاو هەرگیز تەیرەن ئەبابیل
نایەت.
هەمووومان کەم تا زۆر ئەو مێژوە دەزانین کە تەتار لە ناو شاری بەغداد لەماوەی ٤٠ ڕۆژدا زیاد
لە یەک ملیۆن خەڵکی موسوڵمانیان کوشت لەساڵی ٦٥٦کۆچی لەهەمان کاتدا نە خوای گەورە
تەیرەن ئەبابیلی نارد نە بەردی باراند.
ئەو کارە بەو شێوەیە مایەوە تا خوای گەورە پیاواتێکی لە شەڕێکی بەرزو پیرۆزدا بە
سەرکردایەتی سەرکردەی موسوڵمانان قطز-ی نارد تا هەموویانی لە ناو برد لە ناوچەی (عین
جالوت) واتا تا موجاهیدان هەبێت تەیرەن ئەبابیل نایەت تا قیامەت دەبێت هەر موجاهیدان
بێتن.
لە ساڵی ٣١٧ کۆچی قەرامیطەکان سوپایەکیان ئامادەکرد بۆ گرتنی کەعبەی پیرۆز کە ئەم
قارمیطیانە بریتی بوون لە کۆمەڵێک شیعەی پیس کە تەنانەت زۆر لە زانایانی کۆمەڵی سونە و
جەماعە لە ئیسلام دەیانکەنە دەرەوە واتا کافرن، سوپاکەیان ڕێکخست بەرەو مەکە بە
سەرۆکایەتی ئەبو طاهری سلێمانی جەنابی  کە کوشتارێکی زۆریان کرد تەنانەت لاشەی
موسوڵمانیان بە مزگەوتی کەعبەوە هەڵدەواسی وە بەردە ڕەشەکەیان دزی و کەلەی سەرە
موسوڵمانانی هەڵواسی بە کەعبەدا هاواری کرد من خوام من دروست کەری هەموو مرۆڤایەتیم
کوا تەیرەن ئەبابیل بۆ نائێردرێت بەرد بەسەرماندا بیبارێنێت بەدەنگی بەرز هاواری ئەکرد ( أین
الطیر الأبابیل؟ أین الحجارە من سجیل؟) وە خوای گەورە نە تیرەن ئەبابیلی نارد وە نە بەردیشی
باراند بەسەریاندا وە بەردە ڕەشەکەیان بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ دزی، تا ساڵی ٣٣٩ کۆچی خەڵکانێک
حەجیان دەکرد بەردە ڕەشەکە لە جێ خۆیادا نەبوو!
کەواتە دەبێت ئەو سونەتەی خوای گەورە باش تێبگەین کە دیاری کردوە بۆمان إن تنصروا الله
ینصرکم، ویثبت أقدامکم.
ئێستا ئێمە لە سەردەمی ئەبرەهەدا ناژین، بەڵکو سەردەمی پێغەمبەرە ﷺ سەدەی بیست و
یەکەمە!
کەواتە زۆر کاری تریش هەیە دەبێت بیکرینە بەر بۆ ئەوەی خۆمان سەربکەوین بۆ نمونە ئەگەر
سەیری مێژوو بکەین ئەگەر موسوڵمانان ئیمانێکی بە هێزیان نەبێت چۆن دەتوانن سی و دوو
هەزار موسوڵمان بەسەر دوو سەد هەزار فارس دا سەر بکەون! خۆ خوای گەورە تەیرون ئەبابیلی

ڕەوەی ئەیاران، خۆیان سەركەوتن بەهەموو پێوەرێكی جیهانیی و ماددی دەبوو ئەو سوپایەی موسوڵمانان لە ناو خاكی فارس دا لە ناو بچوونایە، بەڵام پێچەوانەكەیمان بینی لەبەر ئەوەی هێزی خوا لەگەڵ هێزی شەیتان شەڕ دەكەن.

بۆ لە جەنگی یەرموك دا سی و حەوت هەزار موسوڵمان بەرانبەر بە دووسەد هەزار ڕۆمی وەستان! ئایا وەك سروشتی مادی سی و حەوت هەزار توانای سەركەوتنیان هەیە بەسەر دووسەد هەزار سەربازی ئیمپراتۆری ڕۆما؟ ئەگەر موسوڵمانان كۆشش و خەباتیدان لە پێناوی خوادا نەبێت ڕێیان سەركەوتن بەسەر ڕۆمەكاندا وە زۆر نموونەی بەچاوی تر وەك وادی بربات و زەلاقە...هتد بۆیە موسوڵمانی ئازیز هەرگیز تووشی بێ هیوای و دڵەڕاوكێ نەبێت لەوەی وا هەست بكەیت تەنهای، بەڵام ئەگەر بەڕاستی هاتیتە میدان ئەوا خوای گەورە پێمان دەفەرموێت: ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾﴾ الأنفال. واتە: كەوابوو ئەی ئیمانداران: وەنەبێت ئێوە كافرانتان كوشتبێت، بەڵكو خوا كوشتنی و لەناوی بردوون، تۆش ئەی محمد ﷺ كاتێك مشتێك خۆڵت ڕوو بەكافران فڕێدا ئەو كارە تەنها تۆ نەتكرد، بەڵكو خوا فڕێیداو (خۆڵی كردە چاوی كافرانەوە)، تا ئیمانداران تاقی بكاتەوە بە تاقی كردنەوەیەكی چاك، چونكە بەڕاستی خوا بیسەری (دوعاو نزایانە)، زاناشە بەنیەتی دڵیان).

ئەوە بزانە كە تۆ بە پاكی هاتیتە میدان ئەوا خوای گەورە سەرت دەخات وە بەهەمان شێوە دەفەرموێت:

﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ ﴿٤﴾﴾ محمد

واتە: (ئەم فەرمانە بۆ كاتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گۆڕەپانی جەنگدا) كاتێ گەیشتن بەوانەی كە بێ باوەڕن، بێنە دەست لێیان و لە گەردنیان بدەن (ئەگینا ئەوان ئێوە دەكوژن)، (هەركاتێ بەئەسیرتان كردن) ئەو كاتە پەیمانی توندیان لێوەرگرن و، یەكێ لەم دوو كارەیان لەگەڵدا بكەن: یان بە پیاوەتیی و منەتان، یاخود (دیل بە دیل) ئازادیان بكەن، تا شەڕ ئاسەواری نامێنێت، خوا خۆی ئەگەر بیەوێت خۆی دەتوانێت بەسەریاندا سەربكەوێت، بەڵام دەیەوێت هەندێكتان بە هەندێكتان تاقیبكاتەوە، بێگومان ئەوانەی لە پێناوی خوادا شەهید بوون، هەوڵ و كۆششیان بەفیڕۆ نادات.

ئەوانە هێزو توانای خۆت بخە گەڕ خوای گەورە سەركەوتن بۆ دەستە بەر دەكات.

لە كۆتایی ئەم باسەدا بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر مێژووی ئەندەلوس دەڵێین:

ئەوەی پێی وایە خوای گەورە ئێستا ناتوانێت سەربازانی موسوڵمانی خۆی سەربخات ئەوە دەبێت و سەرلەنوێ باوەڕەكەیدا بچێتەوە، چۆن توانی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ سەربخات ئەوە ئەبێت ئەو سوننەتەی خوای گەورە بەردەوامە، مادام خوای گەورە توانای هەبوو بەسەر عاد ثەمود فارس و ڕۆم، بەهەمان شێوە توانای هەیە بەسەر یەهود ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی وەك ئەوان یان دەست دەفەرموێت لە چیرۆكی گەلانی عادیە: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ

فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ
﴿١٥﴾ فصلت. واتە: ئەوسا قەومی عاد خۆیان بەزل و گەورە زانی و فیزیان بە ناحەق كرد بە
سەر زەویدا وتیان: كێ هەیە بە ئەندازەی ئێمە هێزو دەسەلاتی هەبێت؟، باشە.. ئایا ئەوە نەیان
دەبینی ئەو خوایەی كە دروستی كردوون، ئەو لەوان هێزی زۆر زیاترە (بەڵكو هەر بەراورد
ناكرێت)، وە ئەوانە هەر ئینكاری ئایەت و (معجزة)كانی ئێمەیان دەكرد.
هەروەها لە سروشت و زیاری بێباوەڕان بە هەمان شێوە دەفەرموێت: اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ
السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا
وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾الفاطر. واتە: چونكە خۆیان بە گەورەو زل زانی لە زەویدا و
پیلانی شەڕو ئاوانیان كێشا، (بە مەرجێك) پیلانی شەڕو ئاوان (هەمیشە) بەسەر ئەوانەدا
دەشكێتەوە كە نەخشەی بۆ دەكێشن، مەگەر ئەمانە (بە دژایەتی ئیسلام) تەنها چاوەڕێی ئەو
كارەساتانە بكەن كە بەسەر گەلانی پێش ئەماندا هاتووە، (كاتێ كە بڕوایان بە پێغەمبەران
نەهێناوە، لەناوبران) ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاساو بەرنامەكانی خوادا گۆڕانكاری پێش بێنە
هەرگیز نابینیت یاساو بەرنامەكانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن (كە بەشێكی ریسوا كردنی
پیلان گێڕانە).
أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ
لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾ الفاطر.
واتە: ئایا ئەوە ناگەڕێن بە زەویدا، تا سەرنج بدەن و تەماشا بكەن، چۆن بوو سەرئەنجامی
(گەلانی) پێش ئەمان و چیمان بەسەر هێنان، ئەوانە هێزو دەسەلاتیان لەمان زیاتر بوو، وەنەبێ
خوا هیچ شتێكی لەدەست دەربچێت لە ئاسمانەكان، یان لە زەویدا، چونكە بەڕاستیی ئەو زاتە
زۆر زانایەو زۆریش بەدەسەڵات و بە توانایە.
كەواتە موسوڵمانانی هزرڤان خۆتان تێبفكرن لەدوای شەڕی زەلاقەوە كە چی روویدا پاشان
موسوڵمانان چۆن توشی شكست بوونەوە بێگومان دەبێت گۆڕانكاری بەسەر ئەو بارودۆخ و
رەوشەدا بێت كە خەڵكی رووە و خراپە دەبات، بێ هیچ شك و گومانێك دەبێت خەڵكانێكی لێ
هەڵبسن بە گۆڕانكاری و چاك سازی لەوەی كە كۆمەڵگە خراپ دێتە بەرهەم وەك پێشتر
ئاماژەمان پێكرد كە چۆن لەسەردەمی عەلی كوڕی یوسفی تاشفین كۆمەڵگە بەرەو سەرلێشێوان
چوو كێن ئەو چاكسازیە دەگرنە دەست؟

## دەستپێکردنی چاکسازی لە دامەزراندنی دەوڵەتی موەحیدین

## موحەممەدی کوڕی تومرت لە ساڵی٤٧٣ – ٥٢٤ کۆچی سەرەتایی شۆڕشەکەی بوو دژی دەوڵەتی مورابطین

بەرزانەی دواییدا دەوڵەتی مورابطین بەرەوە رووخان و کارەساتی زۆر گەورە دەڕۆیشت، پێویستە دەبێت یاساکانی خوای گەورە بچەسپێت، ئەویش سوننەتی گۆڕانە دەبێت ئەو کۆمەڵە بڕوێت خەڵکانێکی تر بێنە جێگەیان، لە ناو گەل و هۆزی مەصمودە پیاوێک دەرکەوت بەناوی محەممەدی کوڕی تومرت، کە ئەم گەل و هۆزە لە نەتەوەی بەربەربوون، هەرچەندە کۆمەڵێک لە مێژوو نووسان دەڵێن ئەم پیاوە بە نەسەب عەرەبە واتا دەیگەڕێنەوە بۆ قورەیشیەکان، بەڵام ئەوەی کە راستیە زۆربەی ئەو گەل هۆزانە بەربەرن و بە بەربەر دەژمێرێت، لە ساڵی ٥١٢ کۆچی هەستا بەشۆڕشێک دژی دەوڵەتی مورابطین. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە مەنهەجی گۆڕانکاری موحەممەدی کوڕی تومرت زۆری جیاوازی هەبوو لە مەنهەجی شێخ عەبدوڵڵە کوڕی یاسین.

موحەممەدی کوڕی تومرت مەصمودی لە ساڵی ٤٧٣کۆچی لەدایک بووە لە خێزانێکی زۆر دیندار لە هۆزی مەصمودە لە ناو خێزانی خۆیدا مایەوە تا ساڵی ٥٠٠ کۆچی واتا تا تەمەنی بیست و حەوت ساڵی، بەڵام ئەم گەنجە زۆر تینوبوو بۆ زانست بەدوای زانستا وێڵ بوو تەنانەت بە تینی زانست یان "شغوفا بالعلم" ناوی دەرکردبوو، هەروەها پیشەی ئەو کەسانەی کە بەدوایی زانستەوە وێڵ بوو ئەوە بوو کە شار بە شارو وڵات بە وڵات بگەڕێن بۆ دەستە بەرکردنی زانستی شەرعی و جیهانی بۆ ئەوەی پلەو پایەی زانای پێ ببەخشرێت لە دەستی چەند زانایەکی بە توانای زانست بخوێنن، لە ساڵی ٥٠٠ کۆچی دا موحەممەدی کوڕی تومرت هەستا بۆ بەدەستهێنانی زانست رووی کردە ئەندەلوس چوە شاری قورتوبە لەوێ دەستی کرد بە خوێندن، پاشان وازی نەهێنا و بەوە نەوەستا روویکردە وڵاتی شام چووە دیمەشق، پاشان چووە ئەسکەندەریە و هەر لەوێوە ماوەیەک لە مەککە مایەوە و حەجی کرد و وە لە خزمەتی زۆر لە زاناکانا وانە و زانستی خوێند، پاشان رووی کردە وڵاتی عێراق بۆ ماوەی ١٠ لە بەغداد مایەوە تیایدا زانستی دەخوێند زۆر لە زاناکانی بەغداد وانەو زانستیان بە موحەممەدی کوڕی تومرت دەوتەوە و لەسەر لە سەر دەستی هەموویان بڕوانامەی وەر گرت، ئەو سەردەمە لە شاری بەغداد دا هەموو جۆرە بیر و بۆچوونێک وەک شەپۆلی دەریا شەپۆلی ئەدا لە سوننە و شیعە و موعتەزیلە، وە زۆری تر موحەممەدی کوڕی تومرت زانستی لە هەموویان وەرگرتوو بڕوانامەی هەموویانی پێ بوو.

دوای ئەوەی کە لە بەغداد زانستەکانی خوێند پاشان موحەممەدی کوڕی تومرت گەڕایەوە بۆ دیمەشق چووە خزمەتی زانایەکی زۆر پایە بەرز تا لای ئەویش زانست و فەلسەفە و زانستە شەرعیەکان وەربگرێت ئەو زانا بەرزە ئەبی حامیدی غەزالی بوو، کە خاوەنی کتێبی "إحياء علوم الدين"ە -رەحمەتی خوای لێ بێت- پاشان کە زانستی لای ئەو تەواو کرد بڕوانامەی وەرگرت و

گەڕایەوە بۆ ئەسکەندەریە پاشان بۆ مەراکیش[61]، لەدوای ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ مەراکیش ١٢ ساڵی پێ چوو واتا ساڵی ٥١٢ کۆچی و تەمەنی گەیشتبووە سی حەوت ساڵ. موحەمەدی کوڕی تومرت دەریایەک بوو لە زانست شەپۆلی ئەدا لە سەردەمی خۆیدا کەسێک نەبوو لەو زانا و زیرەکتر، چونکە لە هەموو مەزهەب فیکرە جیاوازەکانی تر ئاگادار بوو.

دەستپێکردنی بانگەواز و شۆڕشی گۆڕانکاری:

لە دوای گەڕانەوەی لە وڵاتی عێراق کە چووە وڵاتی شام لەوێوە بەرەو ئەسکەندەریە هەر بۆ تەواو کردنی زانست و خوێندنەکەی، هەر لەوێوە دەستی کرد بە فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە وە لە مێژووی ژیانی ئەم پیاوە لەگەڵ ئەوەی کە زانایەکی زۆر گەورەو بە توانا بوو ئەو وەسفانەی کەلە ئەم دا دەبینرێت لە هیچ زانایەکی تردا بەدی ناکرێت، کە جێگەی سەرسوڕمان و تێرامانە. کەسێکی زۆر توند ڕەو ئەوەندە توند ڕەو بوو کە هەرکەسێک خراپەیەکی بکردایە یەکسەر ئەم بەرەنگاری دەبوەوە و ڕووبەڕووی دەوەستا، کە زۆر جار بە ئاسانی تەکفیری دەکردن تەنانەت ئەوەندە توند بوو لە بانگەوازەکەیدا تاکو خەڵکی ئەسکەندەریە دەریان کرد لە شارەکەی خۆیان و سواری کەشتیەکیان کرد بۆ ئەوەی بینێرنەوە بۆ وڵاتی مەراکیش، وە بە هەمان شێوە لەناو ئەو کەشتیەکەی کە تێیدا بوو بۆ مەبەستی گەڕانەوە لەوێشدا هەستا بە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە، چونکە بینی خەڵکی ناو کەشتیەکە خەریکی مەی خواردنن، ئەمیش فەرمانی پێ کردن کە هەرچی مەیەکانە فڕێی بدەن و بکەونە قورئان خوێندن.

گومانی تێدانییە کە خەڵکی ناو کەشتیەکە هەموو دووربوون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەمیش زۆر شتەکانی لەسەر قورسکردن و جیاوازیەکی گەورە کەوتە نێوانیان، هەستان بەوەی کە بیکوژن و لەناوی بەرن، هەڵیان گرت و فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە بۆ ئەوەی خۆیان بە ئاسانی بگەنە وڵاتی مەراکیش، لە دوای ئەوەی ماوەیەک لەناو دەریاکەدا لە تەنیشت کەشتیەکەوە بە مەلە لەگەڵیان دا دەڕۆشت، ئەوانیش بەزەییان پێدا هاتەوە و ڕەحمیان جوڵا بۆ جاری دووەم هێنایانەوە ناو کەشتیەکە، بەڵام بەو مەرجەی کە نابێت قسە بکات تا دەگەنەوە وڵاتی مەراکیش، کاتێک گەشتی کەشتیەکە لە تونس کۆتای پێ هات لە شارێک دابەزین بەناوی "مەهدیە" ئەویش، وەک سروشتی خۆی کە کەسێکی موسوڵمان و دینخواز بوو هەر لەو شارەدا دەستی کردەووە بە فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە، هەروەک چۆن پێشتر ئەنجامی دابوو، هەروەها وەک هەموو جارەکانی کە خەڵکی لە بەرانبەریدا وەستانەوە و وردە وردە لێ دوور دەکەوتنەوە

---

[61] لە باسی موحەمەدی کوڕی تومرتدا ئیبنو خەلدون دەڵێت:

يقول ابن خلدون يصف محمد بن تومرت بعد عودته تلك في سنه ٥١٢ هـ حيث كان قد بلغ من العمر تسعا وثلاثين سنه، يقول: أصبح محمد بن تومرت بحرا متفجرا من العلم وشهابا في الدين. يعني أنه جمع علوما كثيره وأفكارا جمه من تيارات مختلفه من تيارات المسلمين، وأصبح بالفعل من كبار علماء المسلمة في هذه الأونه.

موحەممەدی كوڕی تومرت له راستییدا دەیویست كه خەڵكی یەكسەر بگۆڕێت له پلەی سفرەوە بۆ پلەی سەد، واتا به یەک جاری خەڵک بگۆڕدرێت بەو گۆڕانكاریەی كه خۆی دەیویست.
ئەم كردەوەی موحەممەدی كوڕی تومرت لەگەڵ سوننەتی خوای گەورەدا نەدەگونجا، چونكه پێغەمبەری خوا ﷺ كه دەستی كرد به فەرمان به چاكەو رێگه گرتن له خراپه له شاری مەككەدا نەهات یەكسەر گۆڕانكاری لەناو خەڵكەكەدا بكات، بەڵكو هاتنه خوارەوەی وەحی لەلایەنی خوای گەورە وە كارەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ چاكسازی قۆناغ به قۆناغ و پله به پله بوو، هەروەک چۆن مەی قەدەغە كرد لەناو خەڵكی مەدینەدا هەروەها گۆڕانكاری كرد له سوو و لەمدا هەروەک جیهادی هێنایه ئاراوە له پێناوی خوادا هەمووی قۆناغ به قۆناغ و پله به پله بوو واتا هەمووی بەیەک جار دانەبەزی و لەسەر خەڵک قورس نەكرا.
لەسەردەمی عومەری كوڕی عبدالعزیزدا -رەحمەتی خوای لێ بێت- كاتێک دەسەڵاتی خیلافەتی گرتە دەست بینی له دیمەشق و شارەكانی دەورو بەریدا خراپەكاریەكی زۆر هەیە، وە لای هەموانیش ئاشكرایه كه عومەری كوڕی عبدالعزیز كه هەرگیز لەسەر حەق و راستی دانەدەبەزی وزۆر به سەختی گرتبووی بۆیه ئەویش ویستی كاتێک گۆڕانكاری بكات پله به پلەو قۆناغ به قۆناغ دەستی پێكرد، پاشان كوڕەكەی عومەری كوڕی عبدالعزیز پرسیاری كرد پێی وت بابه تۆ خەلیفەی موسوڵمانانیت و هێزو توانایەكت لەبەر دەستدایه بۆچی به هێزو دەسەڵاتی خۆت ئەو خراپ كاریانه لەناو نابەیت، له وەڵامدا عومەری كوڕی عبدالعزیز وتی كوڕی خۆم ئەگەر حەقی هەموو جیهان لەیەک رستەدا كۆ بكەمەوە بیدەم به خەڵكی، خەڵكی واز لەو رستەیه دێنێت".
بەڵام موحەممەدی كوڕی تومرت لەسەر ئەم مەنهەج و رێبازە هەنگاوی نەدەنا، بەڵكو دەیویست به یەكجار كۆمەڵگه بگۆڕێت واتا ئوسلوبێكی زۆر رەق و توندو تیژی بەكار دەهێنا كه ئەمەش لەگەڵ سوننەتی خەڵكیدا ناگونجێت، وەک خوای گەورە باسمان بۆ دەكات له وەسفی پێغەمبەری ئازیزدا ﷺ وە دەفەرموێت: فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ آل عمران. واته: (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) بەهۆی رەحمەتی خواوەیه تۆ نەرم و هێمنی لەگەڵ ئەواندا، خۆ ئەگەر تووڕەو دڵرەق بوویتایه، هەموو له دەورت بڵاوەیان دەكرد، كەواته چاوپۆشیان لێ بكەو لێیان ببورەو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بكه، له كارو پێشهاتدا پرس و رایان پێ بكه، (دوای مەشوەرەت و پرس و را) ئەگەر بڕیارت دا (كارێك ئەنجام بدەی،

" عمر بن عبد العزيز رحمه الله حين تولى الخلافة، فقد كان هناك كثير من المنكرات في دمشق وما حولها من البلاد، وكان ابن عمر بن عبد العزيز رحمه الله شديداً في الحق، فأراد أن يغير كل هذه المنكرات مستقوياً بسلطان أبيه، إلا أنه وجد أن أباه عمر بن عبد العزيز يسير فيها بطريقة متدرجة فشق ذلك عليه فذهب إليه وقال له: يا أبي، أنت تملك الأمور الآن، ولك هيمنة على بلاد المسلمين، فيجب أن تغير هذا المنكر كله وتقيم الإسلام كما ينبغي أن يقام، فقال له عمر بن عبد العزيز رحمه الله: يا بني، لو حملت الناس على الحق جملة واحدة تركوه جملة واحدة"

ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێ دەبەستن.

چونکە ئەم ئاراستەیە لەگەڵ کەسایەتی پێغەمبەریەتی ﷺ هەرئەویشە کە وەحی ناردووە بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ، بۆیە تیمان دەگەیەنێت کە سروشتی ئاخی خەڵکی لەگەڵ توندوو تیژیدا نییە.

موحەمەدی کوڕی تومرت و عبدالمؤمن کوڕی عەلی:

موحەمەدی کوڕی تومرت لە کاتێکدا لە تونس بوو لە شاری مەهدییە، لە دوای گەڕانەوەی لەو شارەدا بۆ ماوەیەک جێگیر بووبوو، لەو شارەدا بۆ یەکەمجار پیاوێکی بینی بەناوی عبدالمؤمن کوڕی عەلی پرسیاری کرد لە موحەمەدی کوڕی تومرت، کە بۆچی وڵاتی مەراکیشت بەجێهێشتووە؟ ئەویش وتی: بۆ زانست و زانیاری گەڕاوم، تا ئێرە خۆم بینیوەتەوە، عبدالمؤمن کوڕی عەلی پێی وت کە منیش خەڵکی مەراکیشم وە بەدوای زانستدا هاتومەتە شاری مەهدییە، خێرا موحەمەدی کوڕی تومرت وتی ئەگەر زانستت دەوێت ئەوا لە لای من دەست دەکەوێت، بۆیە ئەوەی کە دەیزانی فێری عبدالمؤمن کوڕی عەلی کردوو بەیەکەوە بوونە برا و هەموو کارەکانیان بەیەکەوە بوو وە ڕۆژێک لەڕۆژان جودا نەبوونەوە تاکو مردنی موحەمەدی کوڕی تومرت، کە لە باسەکانماندا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

موحەمەدی کوڕی تومرت بە لەبەر کردنی هەموو زانستەکانی فێری عبدالمؤمن کوڕی عەلی کرد بەشێوەی گێڕانەوە واتا بە دەمی وە زۆر جەختی لەوە دەکردەوە کە بانگەواز بکەن ڕێگری لە خراپە بگرن و فەرمان بە چاکە بکەن، هەردووکیان دەستیان کرد بە بانگەواز لە وڵاتی مەراکیش دا لە ئەنجامی بانگەوازە چڕو پڕەکەیان پێنج کەسی تر هاتنە لای موحەمەدی کوڕی تومرت و عبدالمؤمن کوڕی عەلی وە بوون بە حەوت کەس.

موحەمەدی کوڕی تومرت ڕۆژ بەڕۆژ سەیری دەکرد کە کاری خراپە و فیتنە و تاوان لە وڵاتی مورابطیندا زۆرتر دەبێت، بینی مەی خواردن و مەی فرۆشتن لە شاری مەراکیشدا زۆر بەر بڵاو بوو، ئەم شارەش پایتەختی دەوڵەتی مورابطین بوو، کە یوسفی کوڕی تاشفین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دروستی کردبوو، وە بینی والییەکان و کار بەدەستان ستەم زۆر لە خەڵکی دەکەن وە پارە و زەریبەیان بەزۆر لێ دەسێنن، وە ماڵی هەتیو دەخورێت، بینی کە ئافرەتان بێ حیجابن و بە سفوری دەسوڕێنەوە، وە تێکەڵبوونی ژن و پیاو بێ شومارەو کەس ڕێگیری لێ ناکات، تەنانەت ڕۆژێکیان بینی کە ئافرەتێکی سافیرە واتا قاچ و دەست و سەری ڕووت بوو، وە فەوجێکی گەورەی سەرباز پاسەوانیان دەکرد، ئەو فەوجەش، فەوجێکی تایبەتی پادشاکان بوو. موحەمەدی کوڕی تومرت پرسیاری کرد لە یەکێک لە سەربازەکان کە ئەم ئافرەتە کێیە؟ لە وەڵامدا پێیان وت کە کچی عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین-ە کە کچی ئەمیری موسوڵمانانە.

موحەمەدی کوڕی تومرت و بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری:

بێ هیچ گومانێک دەبێ گۆڕانکاری بەسەر ئەم رەوشەدا بێت، دیارە هەموو گۆڕانکاریەکیش لاو چاکێک و سوار چاکێکی پێویستە کە ئەویش خۆی لە موحەمەدی کوڕی تومرت دا دەبینییەوە، رۆژێک دانیشت لەگەڵ شەش هاوڕێکەیدا پێشنیاری کرد کە دەست بکەن بە گۆڕانکاری لە وڵاتدا لەبەر ئەوەی تاوان و خراپەکاری زۆر بوو لە وڵاتی مورابطین دا وەک کەفی سەر دەریا شەپۆلی دەدا، وا پێشنیاری کرد کە لە سەرەتاوە بدەن لە سەرکردە و ئەمیری موسوڵمانان عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین وە ئەوانەشی کە لە دەوروو پشتیدان لە والییەکان وە لە سەرکردەکانی سوپا، واتا بە شێوەی میدیاو راگەیاندن کە بۆ خەڵکی روون بکەینەوە ئەمانە دژی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ کار دەکەن و وە بە خەڵکیان بناسێنین کە چەندە خراپە کارن وە پرۆژەی خۆشمان بخەینە بەرچاوی خەڵکی کە کیتاب و سوننەیە.

موحەمەدی کوڕی تومرت ویستی رێگەی نزیک بگرێتە بەر، ئەو رێگە دوورو درێژەی کە پێشتر عبداللە ی کوڕی یاسین گرتبوویە بەر ئەم وازی لێ هێنا، بۆیە ئەم بڕوای وابوو کە سوود لە کات وەربگرێ وە ئەو هەموو ساڵە بەکار نەهێنێت کەلە خەڵکەوە دەست پێ بکات بۆ سەرکردە، ئەم ویستی لە سەرەتاوە لە سەرکردەکان و دەسەڵاتدارانەوە دەست پێ بکات، کەوتە بانگەواز کردن وە بە خەڵکی دەوت ئەوەی ئەم سەرکردەو ئەمیرانەی لێرەدا داناوە یاسایە وە پاساش سەرووەری هەموانە وە دەتوانین بە پاساش ئەوان لابەرین.

لە پێش باسکردنی ژیانی موحەمەدی کوڕی تومرت، باسی ژیانی عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین مان کرد کە کەسێک بوو لە ناخ و زاتیدا کەسێکی پاک و باش بوو، وە لە پێناوی خوای گەورەشدا جیهادی دەکردو موجاهیدێکی سەربەرز بوو، بەڵام توشی هەندێ کاری خراپە کاری بووبوون وە ئەو خراپە کاریەش وای کردبوو کە زۆر ئاگایان لە خەڵکی نەمابوو، بۆیە وای کرد کە موحەمەدی کوڕی تومرت ئەو حەقە بدات بە خۆی و قسە لە ئاستی ئەو سەرکردانەدا بکات، هەرچەندە جێگەی تێڕامان و نیشانەیەکی پرسیاریشە لەسەر موحەمەدی کوڕی تومرت کە ئەو دەبویست کە بەتەواوەتی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا بکات و خۆیان بچنە جێگەیان نەک گۆڕانکاری و چاکسازی لەناو خەڵکەکەدا بکەن، هەرچەندە کە ئەم خۆی خاوەنی زانستێکی زۆر و کەسێکی زمان پاراو، وە کەسێکی خاوە تەقەشوف و وەرع و زوهد بوو هەڵنەسا بەوەی کە خەڵکی فێری دینی راستی ئیسلام بکات و سەرلەنوێ خەڵکەکە فێری دینی ئیسلام بکاتەوە.

ئەگەر تەماشایەکی گۆڕانکاری پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین لە سەرەتای بانگەوازەکەیەوە لەوەی کە موشریکەکان لە مەککەدا دژایەتیان کرد، خۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەیتوانی وەک موحەمەدی کوڕی تومرت بکات بە عەلی کوڕی ئەبی طالیب و زوبێری کوڕی عەوام و طەلحەی کوڕی عوبێداللە لیژنەیەکی ئیغتیلالاتیدان پێ دروست بکات وە هەرچی لە گەورە پیاوانی قورەیش هەیە بیان کوژێت، پاشان خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست و حوکمی خوای گەورە بچەسپێنێت.

ئەم کارە ناگونجێت لەگەڵ سوننەتی خوای گەورەدا بۆ گۆڕانکاری وە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەم کارە نەکەوتووە بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا بە پەروەردە کردنی خەڵکی پلە بە پلەو ساڵ لە دوای ساڵ دا تا لەماوەی سیازدە ساڵدا لە مەککە بەردەوام بوو، پاشان کۆچی کرد بۆ

مەدینەو وە لەوێش سەر لەنوێ قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلە خەڵكەكەی پەروەردە كرد. كەوا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت پەیامی ئیسلام دەبێت لە سەرەتاوە خەڵكی پێ پەروەردە بكرێت پاشان دەسەڵاتی پێ بكرێتە دەست بۆ ئەوەی بتوانرێت پەیامەكە پارێزگاری لێ بكرێت وە لەلای خەڵكەكەش نامۆ نەبێت. ئەمە مەنهەجی پێغەمبەرانە، پێچەوانەكەشی كارێكە ی ناگونجێت لەگەڵ پەیامی ئیسلامدا.

## عەلی كوڕی یوسفی كوڕی تاشفین و شەڕی لەگەڵ موحەممەدی كوڕی تومرتدا:

عەلی كوڕی یوسفی كوڕی تاشفین و رێگەی موحەممەدی كوڕی تومرت بوو، ئەویش تەنها ئەوەی پێشتر باسمان كرد لە مەنهەج و رێگەی موحەممەدی كوڕی تومرت بوو، ئەویش تەنها مەبەستی بوو چاكسازی و گۆڕانكاری بكات، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر بەھەڵە تێنەگات چاكسازی و گۆڕانكاریەكەی، بە پێچەوانەی مەنهەجی پێغەمبەری ئازیزمانە ﷺ.

عەلی كوڕی یوسفی كوڕی تاشفین بیستی كەوا كەسێك بە ناوی موحەممەدی كوڕی تومرت هەستاوە بەوەی، كە دژی دەسەڵاتەكەی ئەو خەڵكی هان بدات بۆ شۆڕشێك بە بیركردنەوەیەكی زۆر جوامێرانە عەلی كوڕی یوسفی كوڕی تاشفین بیری كردەوە، كە مونازەرەیەك یاخود گفتوگۆیەك لە نێوانی موحەممەدی كوڕی تومرت و زانایانی دەوڵەتی مورابطیندا ئەنجام بدات لە دیوانی كۆشكی خیلافەتی خۆی، داوا كرا لە موحەممەدی كوڕی تومرت كە بێت بۆ ئەو گفتوگۆیە وە ئەویش رەزامەندی خۆی دەربڕی وە هات لەگەڵ شەش هاوڕێكەیدا وە زاناكانی دەوڵەتی مورابطینیش بە سەرۆكایەتی زانای پایە بەرزو گەورە قازی قوضات كە ناوی "مالیك كوڕی وەهیب" بوو، هەردوو لا دەستیان كرد بە گفتوگۆ و موناظەرە.

ئەگەر سەیرێكی بیری عەلی كوڕی یوسفی تاشفین بكەین بەوەی كە موناظەرەو گفتوگۆی هەڵبژارد ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئەم پیاوە كەسێكی بەڕێزو چاكە خوازە وە جارێ خێرە تێدا ماوە، خۆ دەیتوانی موحەممەدی كوڕی تومرت بەند بكات یاخود بیكوژێت لەگەڵ هاوەڵەكانیدا وەیان دەیتوانی كە دووری بخاتەوە بۆ جێگەیەكی كە، چونكە ئەو دەسەڵاتێكی تەواوی هەبوو لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا.

هەرچەندە ئەم موناظەرەیە زۆر لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی مورابطین دا نەبوو، لەبەر ئەوەی موحەممەدی كوڕی تومرت توانی سەر بكەوێت بەسەر هەر هەموو زاناكانی مورابطین دا كە لە روون كردنەوەكەدا بۆتان دەردەكەوێت.

لەو موناظەرەیەدا موحەممەدی كوڕی تومرت توانی سەركەوتنێكی زۆر سەرسوڕ هێنەر بەدەست بهێنێت بەسەر زاناكانی مورابطین دا، كە زۆربەی زۆر ئەو زانایانەش تێر بوون لە زانست هەرچەند ئەویش یەكێك بوو لە گەورە پیاوان و لە زاناكانی سەردەمی خۆی، وەك ئیب خەلدون باسی دەكات و دەڵێت: "لە راستیدا دەریایەك بووە لە زانست كە شەپۆلی دەدا وەك هەورە بروسكە زانستی چەخماخەی دەدا"، چونكە ماوەی دە ساڵ لە بغداد فێری زانستی موجادەلەو خوێنەری موحاوەرە بووبوو لە سەر دەستی ئەقڵ گەراكانی موعتەزیلە، بۆیە توانی سەركەوتنێكی زۆر باش لە بەرانبەر زاناكانی مورابطین دا بەدەست بهێنێ لە هەموو ئەو تەوەرەو بابەتانەی كە كرابووە وە توانی سەركەوتن بەدەست بهێنێ، توانی ئەوەندە كاریگەری هەبێ لەسەر كۆمەڵە

بەڵام وای كرد كە عەلی كوڕی یوسفی تاشفین بخاتە گریان كە باسی ئەو هەموو تاوانەی كرد كە ڕوویداوە، عەلی كوڕی یوسفی تاشفین لەناو بیناكای خۆی ئەوەندە گریا تاوەكو چی لە دوروو پشتیدا بوو لە ناو گریانی ئەو كەوتنە گریان، بۆیە بە ئاشكراو بە بێ پەردە وتی من خەڵكتان لێ هاندەدەم بۆ ئەوەی كە ئێوە لەسەر دەسەڵات نەمێنن و تەخت و تاراجتان تێك دەدەم.

لەو كاتەدا مالیكی كوڕی وەهیب كە قازی قوضات بوو چپاندی بە گوێی عەلی كوڕی یوسفی تاشفین دا و پێی وت ئەم پیاوە بەند بكەو بیگرە وە هەموو ڕۆژێكیش دینارێك بدە بەوەی كە پاسەوانی دەكات بۆ ئەوەی هەڵنەیەت، ئەگەر نا و ئەگیرێت هەموو دەسەڵات و ئابووریی و سەروەت و سامانتان دەخاتە ژێردەستی خۆی و ئێوەش لەناو دەبات، بەڵام وەزیرەكەی عەلی كوڕی یوسفی تاشفین تێبینییەكی دا لەسەر قسەكەی مالیكی كوڕی وەهیب كە كاری وا نەكات لەبەر ئەوەی دووڕوویەك دروست دەبێت لە گریانەكەی و لە گرتنی موحەممەدی كوڕی تومرت دا بۆیش دەبێتە قسەو باسێك لەناو خەڵكیدا و لە پلە پایەی بەرز دەكەینەوە، بۆیە پێی وت كە ئێمە خاوەنی دەوڵەتێكی بەهێزین و ئەمانیش حەوت كەسن، تۆ بڵێی دەوڵەتێكی مورابطینی وا گەورە لەو حەوت كەسە بترسێت؟

عەلی كوڕی یوسفی تاشفین قسەكانی وەزیرەكەی و مالیكی كوڕی وەهیبی خستە ترازووەوە بڕیاری دا كە موحەممەدی كوڕی تومرت ئازاد بكات، دیسان ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كە خێرو كردەوەی چاكەو پیاوەتی شەرەفمەندیەتی لەلای عەلی كوڕی یوسفی تاشفین دا مابوو، ئازادی كردن و لە دیوانی خۆیدا ماڵ ئاوای لێكردن.

موحەممەدی كوڕی تومرت و دروستبوونی كۆمەڵی موەحدین:

كاتێك كە هاتە دەرەوە موحەممەدی كوڕی تومرت لە دیوانی عەلی كوڕی یوسفی كوڕی تاشفین لە مەراكیش، ڕۆشتن بەرەو لای هاوڕێیەكی كەلە شارێك بوو لە نزیكی مەراكیش لەو شارەشەوە ڕۆشتن بەرەو لادێیەك كە بە قەدپاڵی چیایەكەوە بوو بەناوی " تینملل"، كە ئەمە دەبێتە پایتەختی ئەو دەوڵەتەی كە موحەممەدی كوڕی تومرت دایدەمەزرێنێت وە لە دواتر باسی لێوە دەكەین.

موحەممەدی كوڕی تومرت كەسێك بوو كە جیهان نەویست بوو، كەسێكی زاهید و تا ئەو پەڕی زوهدی دەكرد، وە تەنها خاوەنی گۆچانەكەی دەستی بوو خواردنیشی زۆر كەم بوو، قەد خواردنی خۆشیشی نەدەخوارد وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ كرد خاوەنی زانستێكی بێشومار بوو، لەناو ئەو لادێ بچووكەدا وردە وردە خەڵكی لە دەورو پشت كۆ بوەوە، دەستی كرد بە قسەكردن بۆ خەڵكی وە زۆر كاریگەری لەسەر خەڵكی دانابوو، هۆكاری قسە كردنەكەشی ئەوە بوو كە خەڵكی زۆر زوو لێی وەردەگرت لەبەر ئەوەی تاوان زۆر بڵاو بوبوەوە لە وڵاتی مورابطین دا، ئەوانێكی كەس لە دەورویشت كۆ بوونەوە ئەم كۆمەڵەی ناونا بە موەحیدین وە ئەم وشەیە زۆر ترسناكە وە پاشان دێینە سەر باسی ئەو وشەیە.

ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی موحەممەدی كوڕی تومرت بەرز دەبوەوە هەر بەوەندەی كە پێگەی بەهێز بوو وە خەڵك لە دەورویشتدا كۆ بوەوە، توشی لێنحرافاتێك و دەرچوونێك بوو لە بیرو باوەڕی ئیسلامی كە زۆر ترسناك وە هۆكاری ئەوەش كە وای لێ كرد كە بچێتە دەرەوە وە خۆی گومڕا

بکات ئەوە بوو کە لەلای هەموو بیروباوەڕەکان زانستی وەرگرتبوو وەک سوننەو شیعەو موعتەزیلە وە زۆری تریش بێجگە لەوان لە وڵاتی شام و بەغدا و مەککە و میسرو زۆری تریش بیروباوەڕێکی تێکەڵاو دروست بووبوو لەلای ئەم پیاوە بۆ نموونە:

یەکەم: بانگەشەی بۆ مەعسوم بوونی خۆی دەکرد واتا کە پاک و بێگەردە.
لای هەموان ئاشکرایە وشەی "عصمە و معصومیت" لە لای ئەهلی سوننەو جەماعە نیەو نەگونجاوە بێجگە لە پێغەمبەران -علیهم السلام- تەنانەت رەوشی نابینن بۆ سەحابە گەورەو بەرێزەکان وەک "ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی" رەزاو رەحمەتی خوایان لێ بێت.
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە موحەممەدی کوڕی تومرت لەسەر مەنهەجی شیعەی دوازە ئیمامیە، بەوەی کە داوای کرد مەعصومەو لە هەموو گوناهێکی گەورەو بچووک و بیر چوونەوەش، واتا وەک پێغەمبەر گوێی بۆ بگیرێت هەر لە تەمەنی منداڵیەوە تا مردنی هەرچیەکی کرد عەمدەن یان سەهوەن مەعصومە و وەک حەسانەیەک کەس بۆی نیە رەخنەی لێ بگرێت، لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە محەممەدی کوڕی تومرت کە داوای مەعصومیەتی کرد بێ هیچ شک و گومانێک کارەساتێک زۆر گەورەی خولقاند وە توشی ئینحرافاتێکی بیرو باوەڕیش بوو، وە تەنها پێغەمبەران مەعصومن بەڵام ئەو ئەو کردەوەشی دایە پاڵ خۆی[٦٣].

دووەم: بانگەوازی ئەوەی کرد بۆ موراببطینەکان کە لە موجەسیمەکانن، لە راستییدا دەبێ ئەوە بە راستگۆیانە بڵێین کە موراببطین دانیان بە سیفەتی خوای گەورەدا دەنا وەک خۆی کە هەیە، بەڵام موحەنەدی کوڕی تومرت ئەم بیرو هزرەی لە موعتەزیلەکانەوە وەرگرتبوو، لەوەی کە نەفی سیفاتی خوای گەورەی دەکرد کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی بابەتێکی دوورودرێژ و پڕ فیتنەیە نامەوێت بە درێژی باسی لێوە بکرێت و مێشکی خوێنەرانی پێوە مەشغوڵ بکەم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بگەیەنم کە موراببطینەکان ئیسپاتی سیفاتی خوایان دەکرد وەکو خۆی ئەو بانگەشەی کە موحەممەدی کوڕی تومرت بۆی کردن هیچ راستییەکی تێدا نەبوو، بۆیە ئەو بانگەوازەشی بۆ کردن بۆ ئەوەی موراببطینەکان کافر بکات و وە بەئاشکرا پێیان بڵێت کە ئەوەی لەگەڵ عەلی کوڕە

٦٣
ئەمەش دوکتۆر "صلابی" لە لاپەڕە ٤٠ی دولە الموحدین دا باسی کردووە. ادّعی العصمە والعصمە عند أهل السنە والجماعە لم تثبت إلا للأنبیاء والرسل علیهم الصلاە والسلام فیما یبلغون عن الله من شرع ولم یقولو بها لسواهم حتی لکبار الصحابە الذین خصهم الله بالفضل کأبي بکر وعمر وعثمان وعلي وغیرهم. إن ابن تومرت بهذا النهج یکون قد وافق الرافضە الإثنی عشریە الذین قالوا بالعصمە لأئمتهم حیث یقولون بوجوب عصمتهم من الکبائر والصغائر والنسیان، کما قالوا إن الإمام کالنبي یجب أن یکون معصوما من جمیع الرذائل والفواحش ما ظهر منها وما بطن من سن الطفولە إلی الموت، عمداً وسهواً کما یجب أن یکون معصوماً من السهو والخطأ والنسیان
وهکذا نری کیف غال ابن تومرت في القول بالعصمە لنفسە، وهذا بلا شک انحراف عقدي خطیر لأن من جعل بعد الرسول معصوماً یجب الإیمان بکل ما یقوله فقد أعطاه معنی النبوە وإن لم یعطه لفظها دولە الموحدین - الصلابي ص٤٠.

پوشی تاشفین و ئەوەی لە ژێر سێبەری زاناو والییەکانیان دایە هەرکەس لەژێر سایەو دەسەڵاتیاندا بمێنێتەوە و رازی بێ پێیان ئەو کەسە کافرە.
ئەم قسەیە زۆر ترسناکە، ئەوە دەگەیەنێت کە هەرکەس لە وڵاتی ئەندەلوس و مەراکیش و شوێنەکانی تری ژێر دەسەڵاتی مورابطین دا بێت کافرن.
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە موحەمەدی کوڕی تومرت فیکرەی موعتەزیلە لە هزریدا جەسپی بوو وە رەددی سیفاتەکانی خوای گەورەی دەکردەوە پەنا بەخوا، بۆیە بە شوێنکەوتووەکانی دەوت کە سەرقاڵ بن بە زانستەوە وە زانستەکەشتان یەکتا پەرستیە کە بنەڕەتی دینەکەتانە، بۆیە پێی دەوتن نەفی شەبیهو هاوبەش و هەروەها هاوشێوەی خوا بکەن وە خوای گەورە هیچ سنورێکی بۆ دانانرێت، وە خوای گەورە مەکانی نییە پەنا بەخوا وە لە هیچ جێگەیەکیشدا نییە، لەمەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەنهەجی موعتەزیلەی لە ئەسماء و سیفاتدا گرتبووە بەر بۆیە کۆمەڵەکەشی ناو نابوو موەحیدین وەک موعتەزیلەکان دەڵێن خوای گەورە یەکتایە و هیچ سیفاتێکی نییە، ئەمەش دوکتۆر صلابی لە کتێبی دولە الموحدین باسی لێوە کردووە[٦].

سێیەم: حەڵاڵکردنی خوێنی مورابطین

لەدوای ئەوەی کە مورابطینی بە کافر دا لەقەڵەم ئیتر ئەوی کردە هۆکارێک بۆ حەڵاڵ کردنی خوێنی مورابطین، موحەممەدی کوڕی تومرت فەرمانی کرد بە شوێنکەوتوەکانی کە دژی مورابطین جەنگن شەڕیان لەگەڵ بکەن کوشتنیانی حەڵاڵ کرد، وە پێشی وتن کە جەنگان دژی مورابطین تاوان و گوناهی تێدا نییە، وە هەرکەسێک لە مورابطین بکوژێت ئەوا ئەجرو پاداشتی دەست دەکەوێت، هەموو زانایان لەسەر ئەوەی رێکەوتن کە موحەممەدی کوڕی تومرت بۆ خوێن رشتن زۆر ئاسان کار بوو خێرا خوێنی رشتن و خوێنی خەڵکی حەڵاڵ دەکرد، ئەمەش یەکێکە لە بیری خەوارجەکان کە موحەممەدی کوڕی تومرت وەریگرتبوو لە ئاسان کردنی خوێن رشتن، کاریگەری ئەوانی زۆر لەسەر بوو پێشتر باسمان کرد لە گەڕانەکەیدا بە دوای زانست دا توشی ئەم بیرو هزرە بوو.

محەمەدی کوڕی تومرت هەموو مەبەستێکی ئەوە بوو کە کار بکات بۆ رووخاندنی دەوڵەتی مورابطین دامەزراندنی دەوڵەتی موەحدین بە هەر شێوەیەک بووە، بۆیە خوێن و سەرو ماڵیانی حەڵاڵ کرد تەنانەت پارەی دەستیانیشی حەڵاڵ کرد، تەنانەت ئەوانەی کە گومانیان هەبوویە لە

[٦] "وبذلك يكون ابن تومرت قد وافق المعتزله في نفيهم الصفات عن الله تعالى وكان يقول لأتباعه: "اشتغلوا بتعليم التوحيد فإنه أساس دينكم، حتى تنفوا عن الخالق الشبيه والشريك والنقائص والآفاق والحدود والجهات ولا تجعلوه سبحانه في مكان أو جهه، فإنه تعالى موجود قبل الأمكنه والجهات فمن جعله في جهه ومكان فقد جسمه ومن جسمه فقد جعله مخلوقاً، ومن جعله مخلوقاً فهو كعابد وثن" لقد تبنى ابن تومرت منهج المعتزله في الأسماء والصفات حيث نفى كل ما عساه أن يوهم الشبه والمثليه له سبحانه حتى ولو كان ذلك من الأسماء والصفات الثابته لله تعالى في الكتاب والسنه ولهذا سمى أصحابه بالموحدين لأنهم في رأيه هم الذين يوحدون الله لنفيهم الصفات عنه سبحانه وتعالى كما كان يسمي أتباعه بالمؤمنين ويقول لهم: ما على وجه الأرض من يؤمن إيمانكم دوله الموحدين - الصلابي".

کارەکانی کوڕی تومرت خوێن و سەروەت ساماتی حەڵاڵ دەکرد ئەگەر چی شوێنکەوتی خۆی بوایە، ئەمە لە کاری میکافیلی دەچوو بۆیە بۆ ئەوەی سەر بکەوێت هەموو کارێکی حەڵاڵ دەکرد.

موحەممەدی کوڕی تومرت هەستا بە کارێک پێی دەوترا (تمییز الصادقین) واتا ڕاستگۆکان پاک بکاتەوە لە خراپەکاران و موناف‌یقەکان و سەرپێچان وە هەستا بە فەرمانی کوشتنیان کوشتنیانی حەڵاڵ کرد.

وە لای هەمووان ئاشکرایە کە لە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر جەخت لەسەر پاراستنی ژیانی خەڵکی دەکات زۆر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە خەڵکی پاک بکاتەوە بیری خوێن ڕێژی لە مێشکی خەڵکدا بسڕێتەوە، وە حەرامی کردوە کوشتنی خەڵکی بە بێ هۆ بە گەورەترین تاوان ئامادەی بۆ کراوە، بەڵام لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئینحرافاتێکی تر موحەممەدی کوڕی تومرت کە کردوێتی لە خۆیەوە خوێنی خەڵکی حەڵاڵ بکات، وە خوای گەورە دەفەرموێت: وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾ النساء. واتە: هەرکەسێک بە دەستی ئەنقەست ئیمانداریک بکوژێت پاداشتی ئەو ئاگری دۆزەخە کە ژیانی نەبڕاوەی دەبێت تێدادا بیاتە سەر، ڕق و خەشمی خوای لەسەرە، هەروەها نەفرین و سزایەکی گەورەو بێ سنوری بۆ ئامادە کردووە"[٦٥].

کەواتە حەڵاڵکردنی خوێنی خەڵکی گەورەترین تاوانە وە بەزەیی خوای گەورە دەشارنەوە وە لە هەمان کاتدا بە هەموو پێوەرێکی مرۆیی ناچیز و خراپە"[٦٦].

---

[٦٥] يقول الحافظ ابن كثير في تفسيره لهذه الآية: وهذا تهديد شديد ووعيد أكيد لمن تعاطى هذا الذنب العظيم، الذي هو مقرون بالشرك بالله في غير ما آية في كتاب الله، حيث يقول، سبحانه، في سورة الفرقان: (والذين لا يدعون مع الله إلها آخر ولا يقتلون النفس التي حرم الله إلا بالحق)... (الفرقان: ٦٨) وقال تعالى: (قل تعالوا أتل ما حرم ربكم عليكم ألا تشركوا به شيئا( إلى أن قال: ( ولا تقتلوا النفس التي حرم الله إلا بالحق ذلكم وصاكم به لعلكم تعقلون( (الأنعام: ١٥١ ).والأحاديث في تحريم القتل كثيرة جداً...منها: لزوال الدنيا أهون عند الله من قتل رجل مسلم وفي الحديث الآخر: عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال لو أن أهل السماء، وأهل الأرض اشتركوا في دم مؤمن لأكبهم الله في النار صححه الألباني، وفي الحديث أيضا: من أعان على قتل مسلم ولو بشطر كلمة، جاء يوم القيامة مكتوب بين عينيه: آيس من رحمة الله. ضعفه الألباني.

[٦٦] وە پێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموێت: في البخاري ومسلم... عن مسروق عن عبد الله قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث: النفس بالنفس والثيب الزاني والمارق من الدين التارك للجماعة.

يقول الأستاذ سيد قطب رحمه الله: إنها جريمة قتل لا للنفس فحسب - بغير حق - ولكنها كذلك جريمة قتل للوشيجة العزيزة الحبيبة الكريمة العظيمة، التي أنشأها الله بين المسلم والمسلم. إنها تنكر للإيمان ذا[illegible] والعقيدة نفسها.

یووی كە زۆر گرنگە كە باسی بكەین هەڵوێستەیەكی لەسەر بكەین ئەویش ئەوەیە كە موحەمەدی كوڕی تومرت زۆر پشتیوانی بە كەسێكی فاسق دەبەست كە ناوی "أبو عبد الله بن محسن الونشریسي" كە ناوی نابوو بە بەشیر واتا لەقەبكەی بە شیر بوو كە كەسێكی سەر لێشێواو ەریخ بوو، موحەمەدی كوڕی تومرت فەرمانی كرد بەم بەشیرە كە خۆی فێری زانست قورئان بەر كردن بكات بەڵام بە دزیەوە خۆی فێری زۆربەی زانستەكانی ئیسلامی كرد و بەڵام ئەم ەنە بە نهێنی خۆی فێر كردو وە موحەمەد كوڕی تومرت فەرمانی پێ دا كە خۆی بە شێت لە ەلەم بدات لیكو چڵمی هەمیشە پێوە بێت نەتوانێت سواری وڵاغە بەرزە بێت خۆی وا نیشان بدات كە كەسێكی شێت و هیچ نەزانە لە بەرچاوی خەڵكیدا تا منداڵان گاڵتەی پێ بكەن.

هەروەها ئیمامی "الذهبي" لە كتێبی "سیر أعلام النبلاء" لە بەرگی١٩ لاپەڕە ٥٤٦ دەڵێت لە ساڵی ٥١١ كۆچیدا، ڕۆژێك موحەمەدی كوڕی تومرت چووە ناو خەڵكی بە خەڵكی وت ئەزانن ونشریسی كە خۆی نازناوی بەشیری بۆ دانا بوو وتی بە خەڵكە كە ئەم پیاوە شێتە ناتوانێت سواری وڵاغە بەرزە بێت و نەخوێنەوارە وە خوای گەورە بە موژدە دەر ناردوێتی بۆ ئێوە، وە ێتی دەزانێت لە ژیانی ئێوە وەك موعجیزەیەك خوای گەورە ناردوێتی، ئێستا هەموو قورئانی ەبەرەو فێر بووە سوار چاكی بكات، وە قورئان فێر بووە لە ماوەی چوار ڕۆژدا پاشان پێ وتن با اقی بكەینەوە، پاشان بەشیر لەبەردەمی خەڵكیدا دەستی كرد بە وتار خوێندن ئەم ئایەتەی خوێند:

لیمیز اللهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿٣٧﴾ الأنفال. واتە: (بەسەرهات و ڕووداوەكان) بۆ ئەوەیە كە: خوا كەسانی دەروون پیس و ناپاك لەكەسانی دەروون خاوێن و پاك جیا بكاتەوە و پیس و ناپاكەكانیش لەسەریەك كەڵەكە بكات و هەموویان بدات بە ملی یەكدا بۆ ئەوەی كۆیان بكاتەوە یەكجێ، ئینجا فڕێیان بداتە ناو دۆزەخەوە، تا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەند و زەرەرمەندن.

پاشان ئەم ئایەتەی تری خوێند: كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾ آل عمران. واتە: (بەڕاستی) ئێوە چاكترین ئوممەتێكن كە (بۆ سوودی) خەڵكی فێراونەتە مەیدانەوە، چونكە فەرمان بە چاكە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەكەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هەیە، خۆ ئەگەر خاوەنانی كتێب باوەڕیان بێنایە (بە ئاینی ئیسلام) وە چاكتر دەبوو بۆیان، هەیانە ئیماندارن بەڵام زۆربەیان گوناه كارو تاوانبارن.

پاشان وتی من ئاگاداری هەموو شتەكانم بەسەر ئێوەوە، وە پێغەمبەرەكەتان ﷺ ڕایگەیاندووە، كە كۆمەڵێك لەم ئوممەتە قسەكەرن بەسەرتانەوە لەوانە بۆ نمونە عومەری كوڕی خەتاب، كە ئاگاداری نهێنییەكانی ئێوە شارەزان وە سەروكاری ئیشی ئێوە دەگرنە دەست وە دادپەروەری بڵاو دەكەنەوە، ئەنجا خەڵكی ئەو ناوچەیە، كە بە ناوچەی شاخ ناسراو بوون واتا شاخی "ەسلمەدە" وتی كوێرایەڵی پێشەواكانتان بن، ئنجا خەڵكی دەهاتن بۆلای و گوێ بیستی دەبوون

پاشان بەشیر بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند، کە دەتوانێت کە خەڵکی بەهەشت و خەڵی جەهەن
دەست نیشان بکات، ئەوانەی کە لە لای ڕاستیەوە دەڕۆشتن ئەوانە بوون کە بەهەشتی بوو
ئەوانەشی کە دژی موحەممەدی کوڕی تومرت بوون ئەم فاسقە دەیخستنە لای چەپی و دەیو
ئەمانە گروپی دۆزەخین، وە ئەوەی کە تەوبەی بکردایە ئەوا دەیخستەوە لای ڕاستی خۆی، بە
زۆربەی زۆریانی دەکوشت و خوێنیانی حەڵاڵ دەکرد و دەکوژران، تەنانەت وای لێهاتبوو برا برا
دەکوشت"[٦٢].

هەروەها "ئیبنو ئەثیر" لە کتێبی "کامل فی تأریخ"دا لە بارەی "ونشریشی"هوە واتا بەشیر دەڵێ
کە موحەممەدی کوڕی تومرت پێی وتبوو کە بە نهێنی خۆت فێری قورئان و زانست بکە وە کەس
با پێت نەزانێت، لە ساڵی ٥١٩ی کۆچی دا موحەممەدی کوڕی تومرت ترسا لەوەی کە خەڵکی زۆر
بۆ کۆ نەبێتەوە بۆیە ڕۆژێک بۆ نوێژی بەیانی چووە دەرەوە خۆی ڕێککەوتبوو لەگەڵ بەشیردا ک
جلی جوانی لەبەردا بێت، وە لە نزیکی میحرابەکەوە وەستابوو، وە بۆنێکی خۆشی لێ دەهات
خۆی وا نیشان دا، کە کەس نایناسێتەوە، موحەممەدی کوڕی تومرت پرسیاری کرد، کە ئەمە کێ
ئەویش وتی من ئەبو عبداللەی و نشریشیم، موحەممەدی کوڕی تومرت کە نازناوی مەهدی ئ
خۆی نابوو خۆی وا نیشان دا کە کارێکی زۆر سەرسوڕمانە، پاشان نوێژی کرد بە خەڵکەکەی
ڕاگەیاند لە دوای نوێژ کە وەرن ئەم پیاوەی کە خۆی بە ونشریشم خۆی دەناسێنێت با
لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین، خەڵکەکەش کاتێک ڕۆژهەڵات و دەمو چاویان بینی ناسیانەوە ک
خۆیەتی، موحەممەدی کوڕی تومرت وتی باسی بەسەرهاتەکەی خۆمان بۆ بکە کە چی ڕووی داو
خۆ تۆ شێت بووی چی بووە وا چاک بویتەتەوە وە جلی وا جوانت لەبەردایە، وە نوشریشی وت
ئەم شەو فریشتەیەک لە ئاسمانەوە هاتۆتە لام، دڵی شۆردوم وە فێری قورئانیان کردوم ئ
قورئانیان پێ لەبەر کردووم، هەروەها فێری کتێبی موەطە، یان کردووم بێجگە لەوەی کە زۆ

---

[٦٢] "قال "الذهبي" في "سير أعلام النبلاء" جـ ١٩ / صـ ٥٤٦: فلما كان عام تسعه عشر وخمسمائه، خرج يوماً فقال: تعلمون أن البشير - يريد الونشريسي - رجل أمي، ولا يثبت على دابه، فقد جعله الله مبشرا لكم، مطلعا على أسراركم، وهو آيه لكم، قد حفظ القرآن، وتعلم الركوب، وقال: اقرأ. فقرأ الختمه في أربعة أيام، وركب حصانا وساقه، فبهتوا، وعدوها آيه لغباوتهم، فقام خطيبا، وتلا: (ليميز الله الخبيث من الطيب( (الانفال: ٣٧)، وتلا: (منهم المؤمنون وأكثرهم الفاسقون( (آل عمران: ١١٠)، فهذا البشير مطلع على الأنفس، ملهم، ونبيكم صلى الله عليه وسلم يقول: " إن في هذه الامه محدثين، وإن عمر منهم" وقد صحبنا أقوام أطلعه الله على سرهم، ولا بد من النظر في أمرهم، وتيمم العدل فيهم، ثم نودي في جبال المصامده: من كان مطيعا للإمام، فليأت. فأقبلوا يهرعون، فكانوا يعرضون على البشير، فيخرج قوما على يمينه، ويعدهم من أهل الجنه، وقوما على يساره، فيقول: هؤلاء شاكون في الامر، وكان يؤتى بالرجل منهم فيقول: هذا تائب ردوه على اليمين تاب البارحه، فيعترف بما قال، واتفقت له فيهم عجائب، حتى كان يطلق أهل اليسار، وهم يعلمون أن مآلهم إلى القتل، فلا يفر منهم أحد، وإذا تجمع منهم عده قتله قراباتهم حتى يقتل الاخ أخاه...".

...ێنی تری شەرعی و فەرمودەیان فێر كردووم، لەو كاتەدا موحەممەدی كوڕی تومرت بە درۆ ...ێنی كرد بە گریان و وتی خەڵكینە یا تاقی بكەینەوە بزانین راستگۆیە، پاشان پێی وت ...ورئانمان بۆ بخوێنە، ئەویش زۆر بە جوانی دەیخوێند و لە هەر جێگەیەكدا پرسیاریان لێ بكردایە ...یا بە جوانی وەڵامی دەدایەوە، وە هەر پرسیارێكیان لە كتێبی الموطأ لێ دەكرد ئەوا زۆر بەجوانی وەڵامی دەدایەوە، وە هەر پرسیارێكی تر لە فیقهو ئوسوڵ و زانستە هەمە چەشنەكانی ...ر بكردایە ئەوا زۆر بە جوانی وەڵامی دەدایەوە.

...ەڵكی زۆر سەرسام بوون، بۆیە زۆر خۆشیان ویست و زۆر بەگەورە رایان گرت، پاشان وتی خوای گەورە نورێكی پێ بەخشیوم كە ئەهلی بەهەشت و جەهەنەم دەناسمەوە وە فەرمانتان ...ێ دەكەم كە ئەهلی جەهەنەم بكوژن وە واز لە ئەهلی بەهەشتیش بهێنن، وە خوای گەورەش ...رشتەی دابەزاندوّتە ناو بیرێكەوە لە فلانە بیردا بۆ ئەوەی شاهێدی بۆ راستگۆی قسەكانم ...بات، دیارە موحەممەدی كوڕی تومرت و بەشیر بەیەكەوە كەسێكیان لە ناو بیرەكەدا دانابوو.

...وحەممەدی تومرت و خەڵكەكە چوونە لای بیرەكە بەدەم گریانەوە لە پاشان بانگی كرد ئەی ...ریشتەكانی خوا ئەبا عبداللّٰهی ونشریشی دەڵێت: من زانست و زانیاریم لەلای خواوە بۆ هاتووە ...هەرچیەكی وتبوو بەسەر بیرەكەدا گێڕایەوە ئایا راست دەكات؟ لە ناو بیرەكەوە دەنگی دوو ...كەس هات هاواریان كرد، بەڵێ راستە، بۆیە موحەممەدی كوڕی تومرت وتی ئەم پیاوە پیرۆزە و دەبێت رێزی لێ بگیرێت و لە پلەو پایەی بەرز كردەوە، پاشان بە خەڵكەكەی وت لەبەر ئەوەی ئەم بیرە زۆر پیرۆزە وە فریشتەكانی خوای تێدایە نابێت كەس ئاوی تێدا بخواتەوە و دەبێت پڕ بكرێتەوە، لەو كاتەدا فەرمانی كرد بە خەڵكەكە كە بیرەكە پڕ بكەنەوە و ئەو كەسانەشی لە بیرەكەدا بوون هەردوكیان مردن بۆ ئەوەی دەستەكەیان كەشف نەبێت.

پاشان ئەم بیرەی كە كردیەوە موحەممەدی كوڕی تومرت لەگەڵ بەشیردا تەنها لەبەر ئەوە بوو كە ...ەی تەمەیوز واتا پاك لە پیس جیا بكاتەوە بە بیرو بۆچوونی خۆی، تەنانەت وای كرد لەو ...اوچەیەدا كە ٧٠ هەزار كەس كوژران لەسەر قسەی بەشیر كە ئەو دەست نیشانی دەكرد كە ئایا ...دۆزەخین یان بەهەشتین.

ئەگەر ئەمە رەوشت و پیشەی كوڕی تومرت بوبێ لەگەڵ خەڵكەكەی خۆیدا داخۆ لەگەڵ ...مورابطینەكان دا چی كردبێت، بێ گومان خراپتر و ناهەموار تر لەگەڵ ئەواندا رەفتاری كردووە[18].

---

[18] أورد "ابن الأثير" في كتابه "الكامل في التاريخ" هذا الأمر فقال: وكان الونشريشي يلزم الاشتغال بالقرآن والعلم في السر بحيث لا يعلم أحد ذلك منه. فلما كان سنه تسع عشره وخاف المهدي - ابن تومرت - من أهل الجبل، خرج يوماً لصلاه الصبح، فرأى إلى جانب محرابه إنساناً حسن الثياب، طيب الريح فأظهر أنه لا يعرفه، وقال: من هذا؟ فقال: أنا أبو عبد الله الونشريشي! فقال له المهدي: إن أمرك لعجبا ثم صلى، فلما فرغ من صلاته نادى في الناس فحضروا، فقال: إن هذا الرجل يزعم أنه الونشريشي، فانظروه، وحققوا أمره. فلما أضاء النهار عرفوه، فقال له المهدي: ما قصتك؟ قال: إنني أتاني الليله ملك من السماء، فغسل قلبي، وعلمني الله القرآن، والموطأ، وغيره من العلوم والأحاديث. فبكى المهدي بحضره الناس ثم قال له: نحن نمتحنك، فقال: افعل.

نموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی کوڕی تومرت و کۆمەڵی موەحیدین:

هەڵوێستەیەک لەسەر موحەممەدی کوڕی تومرت و کۆمەڵی موەحیدین:

هەڵوێستەیەک لەسەر موحەممەدی کوڕی تومرت و کۆمەڵی موحیدینی دروستکرد، هەر کەسە لە دژی مەنهەجەکەی بوەستایە لەدوای ئەوەی کە کۆمەڵی موحیدینی دروستکرد، هەر کەسە لە دژی مەنهەجەکەی بوەستایە ئەوە کۆتایی بە ژیانی ئەهێنا و بە هەزاران خەڵکی لەناو برد، کە بۆچونی جیاوازیان هەبوو ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم پیاوە کە خۆی بە موحەممەدی مەهدی ناساند خاوەنی زانستە بێشوماره بوو کێ لێ دەرچوو، چەندە خوێنڕێژ و مونحەریفی لێ دەرچوو!

ئەو زانستە بێشوماره بوو کێ لێ دەرچوو، چەندە خوێنڕێژ و مونحەریفی لێ دەرچوو! ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانایانی ئەو سەردەمە لە کۆمەڵگەکەیان دابڕابوون ئەمە وای کرد کە خەڵکی نەیاندەزانی کێ راستە دوای کام ڕەمزی ئیسلامی بکەون، خەڵکی لە بیرو باوەڕەکەی خۆی لە شەریعەتی ئیسلام هیچیان نەدەزانی، ئەمەی کە کرا کارەساتێکی زۆر گەورەی لێ دروست بوو ئەوە بوو کە محەممەدی کوڕی تومرت ئەو کارەی هێنا بەسەر خەڵکیدا خەڵکی نەیدەزانی کێ پاک و کێ درۆزنە سەریان لێشێوا بوو. خەڵکانێک کە هاوشێوەی موحەممەدی کوڕی تومرتن خاوەنی زانستن و خەڵکی سەری لێ دەشێوێت، کە لە پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرموده دەگێڕنەوە لە فلانی کوڕی فلان باسی دەکرد پاشان شارەزابوو لە قورئان لە زانستەکان تری ئیسلام لە باسی پیاو چاکان و راستگۆکان و شەهیدان شارەزا بوو خەڵکی ئیتر بڕوا دەکەن وەک نموونەکانی ئێستامان کە هەن لە پەنای علمانییەکاندا خۆیان حەشار داوە خۆیان بە خەلیفەی موسوڵمانان دەزانن جا ئەگەر خەڵکانێک وەک کوڕی تومرت بن چۆن ئەو تواني خوێنی هەموو مورابطین حەڵاڵ کرد خەڵکی بە ئارەزووی خۆی تەکفیر دەکرد ئەوەی بە ویستی ئەو نەبوایە یان کافرو یاخی بوو یان دەکوژرا، پاشان دەوڵەتێکی وەک مورابطین کە خاوەنی ئەو هەموو سەروەریە بوون خاوەنی جیهاد و کۆشش و خەباتە دەسەڵاتی موسوڵمانان بوون خاوەنی فەتحی بیستو پێنج دەوڵەتی ئەفریقی بوون هەروا مێژوو بەئاسانی لە بیری ناکات تا محەممەدی کوڕی تومرت بە ئاسانی وایزانێت لە ناو دەچێت، پاشان بۆ ئەوە نیە کە خەڵکی بە ئارەزووی خۆیان لەم رۆژەدا خەڵکی تەکفیر دەکەن و ئەوەی لەگەڵ خۆیان نەبێت بە گومڕاو زاڵی دەزانن ئەگەر لە مێژوو ناترسن باسیان بکات ئەوا لە خوا بترسن.

---

وابتدأ يقرأ القرآن قراءة حسنة من أي موضع سئل، وكذلك الموطأ، وغيره من كتب الفقه والأصول، فعجب الناس من ذلك، واستعظموه. ثم قال لهم: إن الله تعالى قد أعطاني نوراً أعرف به أهل الجنة من أهل النار، وآمركم أن تقتلوا أهل النار، وتتركوا أهل الجنة، وقد أنزل الله تعالى ملائكة إلى البئر التي في المكان الفلاني يشهدون بصدقي فسار المهدي، والناس معه وهم يبكون، إلى تلك البئر، وصلى المهدي عند رأسها وقال: يا ملائكة الله، إن أبا عبد الله الونشريشي قد زعم كيت وكيت، فقال من بها: صدق! وكان قد وضع فيها رجالاً يشهدون بذلك، فلما قيل ذلك من البئر، قال المهدي: إن هذه مطهرة مقدسة قد نزل إليها الملائكة والمصلحة أن نطم لئلا يقع فيها نجاسة، أو ما لا يجوز، فألقوا فيها من الحجارة والتراب ما طمها - وبها يكون قد قتل الرجال الذين اتفق معهم على هذا القول لئلا يفتضح أمره - ثم نادى في أهل الجبل بالحضور إلى ذلك المكان، فحضروا للتمييز، فكان الونشريشي يعمد إلى الرجل الذي يخاف ناحيته، فيقول: هذا من أهل النار، فيلقى من الجبل مقتولاً، وإلى الشاب الغر، ومن لا يخشى، فيقول: هذا من أهل الجنة فيترك على يمينه، فكان عدة القتلى سبعين ألفاً فلما فرغ من ذلك أمن على نفسه وأصحابه."

## جەنگی نێوان مورابطین و موەحیدین

بەسەر ئەو لۆژێکەی کە خۆی بڕوای پێ بوو خەڵکەکەی لەسەر راهێنا دەستی کرد بەوەی کە ئامادە بکات بۆ کوشتن و خوێن رشتنی خوێنی مورابطین، وە چەند جار کەوتنە جەنگ و شەڕ و خوێن رشتن لە نێوانی یەکتری دا حەوت جەنگی زۆر گەورەیان کرد مورابطینەکان توانیان سەربکەون پاشان دوو جەنگی تریان موەحیدینەکان تێدا سەرکەوتن.

لەو جەنگانەی کە کرا زۆربەی زۆریان لە ساڵی ٥١٨ کۆچی بوون کە زیاد لە پانزە هەزار لە مورابطینەکان کوژران بەدەستی موەحیدەکان، بێ لە چەند هەزاری تر کە بەدەستی یەکتر کوژران ئەو چاک سازیە بوو کە محەمەدی کوڕی تومرت دەیوست بە خوێنی هەزارەها موسوڵمان فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە بکات. دەپرسین پێغەمبەری ﷺ خوا بەم مەنهەجە خەڵکی لە خراپە لابرد و حوکمەتی دروست کرد؟

بێ گومان ئەوە رێبازی پێغەمبەران -علیهم السلام- بەو شێوە نیە، بەڵکو رێبازەکەیان چاکسازیە بەبێ کوشتاری نا رەوا بۆ گەیشتنە دەسەڵات.

### شەڕی بێستان یان بەحیرە:

لە راستیدا شەڕی بێستان و بەحیرە لە ساڵی ٥٢٤ کۆچی روویدا وە ئەم ئەم جەنگە سەرکەوتنی گەورە بەدەست هات بۆ موەحیدەکان لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا موحیدەکان چل هەزار کەسیان لێ کوژراو، وە ئەم شەڕە ئەو دووناوەی لێنراوە بێستان یان بەحیرە.

ئیبن ئەسیر دەڵێت: مەهدی کوڕی تومرت سوپایەکی گەورەی ئامادە کرد کە زۆربەی پیادە بوون ژمارەی سوپاکەی دەگەیشتە چل هەزار کەس وە ونشریشی و عبدول مۆمینی کردە سوپا سالاری ئەو سوپایە چواردەوری شاری مەراکیشیان گەمارۆدا.

ماوەی بیست رۆژی خایاند وە عەلی کوڕی یوسفی تاشفینی لەوێ نیشتەجێ بوو، وە شەڕێکی زۆر گەورە رویدا خوێنێکی زۆر رژێنراو ئەوانەی کە زۆربەیان کوژران لە کۆمەڵی موەحیدین بوون وە هەر لەو جەنگەدا ونشریشی کوژرا ئەوەی کە مانەوە لە دەوری عەبول مۆمین کۆبنەوە ئەو سەرپەرشتی جەنگەکەی کرد.

شەڕ بەردەوام بوو تا نیوەڕۆی ئەو رۆژە وە عبدول مۆمین نوێژی ترسی بە سوپاکەی کرد، پاشان نوێژی نیوەڕۆ عەسری پێکردن، بەڵام جەنگ هەر بەردەوام بوو لەبەر ئەوەی مورابطینەکان زۆر بە باشی شەڕیان دەکرد عەبدول مۆمین سوپاکەی بردە ناو بێستانێکی گەورەو بەر فراوان کە بە بەحیرە ناسراو بوو لە جێگەیەدا و نشریشی شاردەوە، وتی فریشتەکان بردویانەتەوە بۆ ئاسمان بۆ

ئەوەی یاری دەروونی سوپاكەی بەرز بكاتەوە، وە وایان تێبگەیەنێت كە خۆیان لەسەر حەقن، ئەم هەر بەردەوام بوو تاكو ئەو[٦٩].

بەڵام ئەوەی كە جێگەیی سەرنج بوو موحەممەدی كوڕی تومرت هیچ بێزاری رووخاندنێك رووی تێنەكرد بەردەوام دەگەڕا بەدوای ئەوەی كە سوپا دۆڕاوەكەی هەڵبستێنێتەوە وە خۆی خۆی گرتبوو بە درۆكانییەوە كە دەیوت من مەهدیم و وە خەڵكەكەی لەسەر پروپاگەندەی درۆ پەروەردە كردبوو، بێ گومان ئەگەر سوپایەك لەسەر درۆ بوونیاد بنرێت ئەوە ئەنجامەكەیتی. موحەممەدی كوڕی تومرت لەدوای ئەو جەنگە خەڵكانێكی دروست كرد بۆ ئەوەی رووی خۆی پێ سپی بكاتەوە دیخستنە ناو گۆڕو خەڵكی لێ كۆدەكردنەوە دەیوت بەخەڵكی بڵێن كە من مەهدیم، پاشان گۆڕەكەی بەسەردا پڕ دەكردنەوە دەیوت ئەمانە بەس بۆ ئەوە زیندوو دەبنەوە بۆ ئەوەی هەواڵی من بدەن بە ئێوە، وە خۆی حەدی لەخەڵكی ئەداو وەك هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خۆی نیشان ئەدا وەك پیاو چاك سەیری دەكرد هەمیشە زوهدی پێوە دەبینراو خواردنی خۆشی هەرگیز نەدەخوارد جل وبەرگی زۆر زبری لەبەر دەكرد، هەروەها پێشەوا زەهەبی ئاماژەی بەوە كردوە لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی سير أعلام النبلاء[٧٠].

موحەممەدی كوڕی تومرت لەدوای جەنگی بێستان مردو وەسێتی كرد كە لە مزگەوتێكدا بینێژن، وە عەبدول مۆمینی كردە جێگری خۆی و بەخەڵكی وت لەدوای من بەعەیت بدەن بە عەبدول مۆمین.

بەم شێوەیە كۆتایی هات بە ژیانی موحەممەدی كوڕی تومرت، ئەو شۆڕشەی لە دوای خۆی دروست كرد و وە بە هەمان شێوە خەڵكانێك بڕوایان پێ كرد كە مەهدیە و تەنانەت تەوەندە

---

٦٩ قال ابن الأثير: فجهز المهدي - ابن تومرت - جيشاً كثيفاً يبلغون أربعين ألفاً، أكثرهم رجالة، وجعل عليهم الونشريشي، وسير معهم عبد المؤمن، فنزلوا وساروا إلى مراكش فحصروها، وضيقوا عليها، وبها أمير المسلمين علي بن يوسف، فبقي الحصار عليها عشرين يوماً، فأرسل أمير المسلمين إلى متولي سجلماسة يأمره أن يحضر ومعه الجيوش، فجمع جيشاً كثيراً وسار، فلما قارب عسكر المهدي خرج أهل مراكش من غير الجهة التي أقبل منها، فاقتتلوا، واشتد القتال، وكثر القتل في أصحاب المهدي، فقتل الونشريشي أميرهم فاجتمعوا إلى عبد المؤمن وجعلوه أميراً عليهم، ولم يزل القتال بينهم عامة النهار، وصلى عبد المؤمن صلاة الخوف، الظهر والعصر، والحرب قائمة، ولم تصل بالمراكيش قبل ذلك، فلما رأى المصامدة كثرة المرابطين وقوتهم، أسندوا ظهورهم إلى بستان كبير هناك، والبستان يسمى عندهم البحيرة، فلهذا قيل وقعة البحيرة وعام البحيرة، وصاروا يقاتلون من جهة واحدة إلى أن أدركهم الليل، وقد قتل من المصامدة أكثرهم، وحين قتل الونشريشي دفنه عبد المؤمن، فطلبه المصامدة، فلم يروه في القتلى، فقالوا: رفعته الملائكة، ولما جنهم الليل سار عبد المؤمن ومن سلم من القتلى إلى الجبل.

٧٠ قال الذهبي في سير أعلام النبلاء: وقد بلغني - فيما يقال -: أن ابن تومرت أخفى رجالاً في قبور دوارس، وجاء في جماعة ليريهم آية، يعني فصاح: أيها الموتى أجيبوا، فأجابوه: أنت المهدي المعصوم، وأنت وأنت، ثم إنه خاف من انتشار الحيلة، فخسف فوقهم القبور فماتوا.

...یەکی کاریگەر بوو لە دوای ئەوە کە شۆڕشی تەمیزی دروست کرد باوک هەبوو کوڕی خۆی ...بێت لەسەر وتەی کوڕی تومرت، ئەوەندە بڕوایان پێ هێنا بوو بێ هیچ چەندو چوونێک ...ەکانی دەبوو بسەپێنرێت. هۆکاری ئەم بڕوا پێکردنەش دواکەوتوی ئەو کۆمەڵگەیە بوو کە ...کۆ مەلی باسی دەکات زۆر خورافاتی بڵاوکردبووهوە لە نێونیان دا"[٢].

...ئەوەی خوێنەر سوود لە سەرچاوەی وەسیێت نامەکی موحەمەدی کوڕی تومرت وەربگرن وەک ...ی دەینووسینەوە کە چۆن لە کتێبە مێژوویەکاندا هاتوە کە پێشتر لەسەرەوە ئامارەمان ...پێکردووە وە چۆن عەبدول مۆمینی کردە جێنشینی خۆی وەک عبد الواحد المراكشي باسی دەکات ...کتێبی "المعجب" بەم شێوە"[٣].

---

[٢] وهكذا انتهت حياه ابن تومرت ومصير دعوته مجهول بسبب ما حاق بأتباعه من هزيمه نكراء في ...وقعه البحيره، ولكنه قد نجح في ترسيخ دعوته في قلوب أتباعه حتى صدقوه وآمنوا بمهديته، وأطاعوه ولو ...في قتل أبنائهم، وهذا ما حصل فعلاً في عمليه التمييز التي تقشعر لها الأبدان حيث قتلت كل قبيله بعض ...فلذات أكبادها دون تردد أو حيره. لقد ساعد ابن تومرت في تحقيق أهدافه سذاجه المجتمع وجهله، وكان ...متشبث في ذهنه من الأساطيروالانحرافا ت حتى عاد غريبا عن منهج الإسلام الصافي له كتيبى إعلام أهل ...العلم والدين بأحوال دوله الموحدين - الصلابي.

[٣] وصيه ابن تومرت والبيعه لعبد المؤمن" عبد الواحد المراكشي" في "المعجب" أن ابن تومرت قبل موته ...بأيام يسيره استدعى هؤلاء المسمَّين بالجماعه وأهل خمسين وهم - كما ذكرنا - من قبائل مفترقه لا ...يجمعهم إلا اسم المصامده فلما حضروا بين يديه قام وكان متكئاً فحمد الله وأثنى عليه بما هو أهله وصلى ...على محمد نبيه صلى الله عليه وسلم ثم أنشأ يترضى عن الخلفاء الراشدين - رضوان الله عليهم - ويذكر ما ...كانوا عليه من الثبات في دينهم والعزيمه في أمرهم وأن أحدهم كان لا تأخذه في الله لومه لائم وذكر من ...حد عمر رضي الله عنه ابنه في الخمر وتصميمه على الحق في أشياء لهذه الفصول ثم قال: فانقرضت هذه ...العصابه - نضّر الله وجوهها وشكر لها سعيها وجزاها خيراً عن أمه نبيها - وخبطت الناس فتنه تركت ...الحليم حيران والعالم متجاهلاً مداهناً فلم ينتفع العلماء بعلمهم بل قصدوا به الملوك واجتلبوا به الدنيا ...وأمالوا وجوه الناس إليهم... ثم إن الله - سبحانه وله الحمد - من عليكم أيتها الطائفه بتأييده وخصكم ...من بين أهل هذا العصر بحقيقه توحيده وقيض لكم من ألفاكم ضلالاً لا تهتدون وعمياً لا تبصرون لا ...تعرفون معروفاً ولا تنكرون منكراً قد فشت فيكم البدع واستهوتكم الأباطيل وزين لكم الشيطان أضاليل ...وترهات أنزه لساني عن النطق بها وأربأ بلفظي عن ذكرها فهداكم الله به بعد الضلاله وبصركم بعد العمى ...وجمعكم بعد الفرقه وأعزكم بعد الذله ورفع عنكم سلطان هؤلاء المارقين وسيورثكم أرضهم وديارهم ...ذلك بما كسبته أيديهم وأضمرته قلوبهم وما ربک بظلام للعبيد فجددوا لله - سبحانه خالص نياتكم وأروه ...من الشكر قولاً وفعلاً ما يزكي به سعيكم ويتقبل أعمالكم وينشر أمركم واحذروا الفرقه واختلاف الكلمه ...وشتات الآراء، وكونوا يداً واحده على عدوكم فإنكم إن فعلتم ذلک هابكم الناس وأسرعوا إلى طاعتكم وكثر ...أتباعكم وأظهر الله الحق على أيديكم وإلا تفعلوا شملكم الذل وعمكم الصغار واحتقرتكم العامه ...فتخطفتكم الخاصه وعليكم في جميع أموركم بمزج الرأفه بالغلظه واللين بالعنف واعلموا مع هذا أنه لا ...يصلح أمر آخر هذه الأمه إلا على الذي صلح عليه أمر أولها وقد اخترنا لكم رجلاً منكم وجعلناه أميراً ...عليكم هذا بعد أن بلوناه في جميع أحواله من ليله ونهاره ومدخله ومخرجه واختبرنا سريرته وعلانيته

...بەیعەتیدان دا بە عەبدول مۆمین لەدوای ئەو شێوە خەڵکی مەصمەدە هەموو یەک بەیەک بەیعەتیدان دا بە عەبدول مۆمین لەدوای ئەو
ەم شێوە خەڵکی مەصمەدە هەموو یەک بەیەک بەیعەتیدان دا بە عەبدول مۆمین لەدوای ئەو
وەسیتە موحەممەدی کوڕی تومرت بەچەند رۆژێک دوای ئەو وەسیتەی مرد.

جەنگ بەردەوامە لە نێوانی مورابطین و موەحیدین:

جەنگ بەردەوامە لە نێوانی مورابطین و موەحیدین هەردوولادا کەساڵانی خایاند، لەم بارەیەوە مێژوونووسی جەنگ هەر بەردەوامە لە نێوانی هەردوولادا کەساڵانی خایاند،
بەناوبانگ ئیبن ئەسیر لە مێژووەکەیدا دەڵێت:
سەرلەنوێ عەبدول مۆمین گەڕایەوە بۆ تین ملل دەستی کرد بە یەکخستنەوەی دڵەکان و دیسانەوە خەڵکی کۆکردەوە دژی مورابطینەکان، بەهەمان شێوە لە باسی عەبدول مۆمین دا ئیبن ئەسیر دەڵێت: کەسێکی سوارچاک بەهێز هەرگیز لە شەڕ نەترساوە لە خاکی جەنگدا کەسێکی بەتواناو بە هێز بوو. تاساڵی ٥٢٨ کۆچی سوپایەکی زۆری کۆکردەوە بە ناوچە شاخاویەکانا دەگەڕا تا گەیشتە تادلە وە خەڵکی ئەو جێگەیە نەیاندەهێشت بێتە ناوچەکەیان، بۆیە شەڕی لەگەڵ کردن و کوشتاری لێ کردن تا ناوچەکەی هەمووی گرت، وە ئەو ناوچە شاخاویانەی هەمووی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە خەڵکی تێدا دەژیا و ناوچەیەکی بەرفراوانی بۆ خۆی داگیر کرد واتا ئەوەی گەل و هۆزی صونهاجە بوو هەموو گۆێڕایاڵیان دەکرد، هەموو ناوچە شاخاویەکانی ئیشتە جێگەنی خستە ژێر ركێفی خۆی وە ئەو جێگەنەی هەموو کردە قەڵەم ڕەوی خۆی.

پاشان عەلی کوڕی یوسف کوڕی تاشفین جێنشینی بۆ خۆی دانا کە کوڕەکەی بوو ناوی سیر بوو وە ناردی بۆ ئەندەلوس لەوێ نیشتە جێ بێت جارێ لەوەێ فەرمانڕەوایی بکات وە ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٥٣١ کۆچی دا بوو کە بە بناری شاخەکانی ژێر ركێفی عەبدول مۆمیندا دەڕۆشت بۆ ئەندەلوس.

وە لە ساڵی ٥٣٢ کۆچی سوپای مورابطین و موحیدین کۆبوونەوە بۆ ئەوەی جەنگ بکەن وە عەبدول مۆمین لە جێگەیەک بوو پێی دەوترا نەواضر لە نزیک شاخی عال موشرف وە سوپای تاشفین-یش لە جێگەیەک بوو بەناوی الوطاە ئەم دوو سوپایە زۆر بە شوێن یەکتریدا گەڕان بەڵام نەگەیشتن بە یەک هیچ شەڕێک ڕووی نەدا ئەو ساڵە ناونرا بە ساڵی نەواضر.

لەساڵی ٥٣٣ کۆچی عبدول مۆمین سوپاکەی لەگەڵ خەڵکی ناوچە شاخاوییەکا دا ڕوویان کردە جێگەیەک پێی دەوترا شوعراء پاشان بەردوام لە پێشڕەویدا بوون، تا گەیشتنە شاخەکان کردیانە وە گەیشتنە سەر زەوییەکی زۆر ڕەق و بەردین، بە هەمان شێوە سوپای عەلی کوڕی تاشفین لە هەمان شوێنی خۆیدا بوو، کە ناوی الوطاە ئەوانیش دەستیان کرد بە پێشڕەوی، تا گەیشتنە ناو خاکێکی نەباتی و قوڕو چڵپاو وەک ئیبن ئەسیر دەڵێت: زستانێکی سارد بوو وە بەردەوام چەند رۆژێک باران بوو تەنانەت نەیان دەتوانی ڕێبکەن موحیدەکان زۆربەیان وڵاغەکانیان لە دەست

فرأیاه فی ذلک کله ثبتاً فی دینه متبصراً فی أمره وإنی لأرجو ألا یخلف الظن فیه وهذا المشار إلیه هو عبد المؤمن فاسمعوا له وأطیعوا ما دام سامعاً مطیعاً لربه فإن بدل أو نکص علی عقبه أو ارتاب فی أمره ففی الموحدین أعزهم الله برکة وخیر کثیر والأمر أمر الله یقلده من شاء من عباده.

بۆ زۆربەیان مردن لە سەرما و لە برساندا ناچار بوون بگەڕێنەوە دواوە ئەمە ڕەوشی سوپاکەی موڕابطین بوو، وە بەهەمان شێوە موحیدەکانیش زۆر ناڕەحەت بوون لە سەرما و سۆڵە.
بەڵام عەبدول مؤمین هەر وازی نە هێناو سوپایەکی لەسوپاکەی ڕێکخست بۆ جەنگ و ڕۆشتن بەرەو جێگەیەک کە پێ دەوترێت وەجرە بە سەرۆکایەتی أبو عبد الله محمد کوڕی رقو پاشان بەشێکی تری ڕێکخست بۆ جەنگ لە قۆڵێکی ترەوە بە سەرۆکایەتی محمد کوڕی یحیی کوڕی فانوا بەرەو جێگەیەک، کە پێ دەترا تلمسان هەردوو سوپاکە کەوتنە ڕێ، تا گەیشتن بە سوپای موڕابطینەکان لە جێگەیەک، کە پێی دەوترا "خندق الخمر" لەوێدا جەنگ روویدا سوپاکەی عەبدول مؤمین شکا، وە محمد کوڕی یحیی کوڕی فانوا کوژراو زۆرێکی تریش لە هاوڕێکانی وە عەبدول مؤمین خۆی و سوپاکەی بە شکاوی گەڕانەوە بۆ غومارە ماوەیەک لەوێ مایەوە زۆرێک لە هۆزەکانی ئەو ناوچە پەیوەندیان پێوە کرد لە غومارە نیشتە جێ بوو بۆ ماوەیەکی کاتی.
لەوەی کە عەبدول مؤمین لە دەستیدا بوو تەنها ناوچە شاخاوییەکان بوو، کە ناوچەیەک کەم بوو لە ناوچە بیابانییەکانی کە بە دەستی عەلی کوڕی تاشفین بوو، بۆیە بیری کردەوە کە دابەزێتە ناو بیابانەکانیش تا قەڵەم ڕەوی زیاد بکات، چونکە تا ئێستا هەر لە شاخەکاندا جێگیر بوو بوو بیری لەوە نەکردبووەوە بێتە ناو بیابان، وا کار بۆ ئەوە دەکات چۆن بێتە ناو بیابانەکانی مەراکیش.
لە ساڵی ٥٣٨ کۆچی دا عەبدول مؤمین رووی کردە ناوچەی تلمسان لەو ناوچەنەدا سەربازگەی دروستکرد، وە لە هەمان کاتدا عەلی کوڕی یوسفی تاشفین لە ناوچەی بالدە ئەویش بنە و بارگەی خست لە نێونیان دا چەند شەڕێکی بچووک روویدا، بەڵام هەر وەک چاو ترساندن یەکتریان دەترساند هەربەو شێوەیە مانەوە تا ساڵی ٥٣٩ کۆچی، بەڵام عەبدول مؤمین رووی کردە چیاکان و بەرەو چیایی تاجرە ملی ڕێگەیان گرت، سوپایەکی ئامادەکرد عەبدول مؤمین بە سەرۆکایەتی عمر الهنتاتي بۆ ئەوەی بەرەو شاری وهران بکەوێتە ڕێ، وە لە ناکاوێکدا پەلاماری شارەکەی دا سوپاکەی لەوێدا نیشتەجێ کرد، کاتێک کە عەلی کوڕی یوسفی تاشفین بیستی کە شارەکە داگیر کراوە سوپای ئامادەکرد بۆ دەرکردنی عمر الهنتاتي کەوتەڕێ بەرەو وهران و شارێکی تری نزیک ئەو کە ناوی بظاهر ئەم رووداوە لە رەمەزانی ساڵی ٥٣٩ کۆچی دا روی دا لە کاتێکدا ئەم شارە خۆی دەکەوێتە سەر دەریا، وە لە شەوی بیست و حەوتەمی رەمەزان دا، کە ئەم شەوە خەڵکی مەراکیش زۆر بە پیرۆز رایاندەگرت زۆر زیاد لە هەموو کاتەکانی تر عیبادەتیان تێدا ئەنجام ئەدا، لەو شەودا بە نهێنی، کە زانیان سوپای تاشفین لەوێیە لەگەڵ خێڵەکەدا خەریکی بەندایەتیە سوپاکەی عمر بن یحیی الهنتاتي چواردەری دان و زۆر بە پەلە عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین لەو شارەدا دەرچو خۆی گەیاندە بێستانێک وە ئەو سەربازانەی کە لە گەڵیدا بوون هەموویان کوژران، تەنها ئەوانە نەبێت کە لەگەڵ خۆیدا دەرچوون پاشان لە ناو ئەو بێستانەدا نەمان و روویان کردەوە کەناری دەریا و پاشان لە هەمان کاتدا یۆسەو لەشکری عمر بن یحیی الهنتاتي بۆی گەیشتە کەناری دەریا و لەوێدا عەلی کوڕی یوسفی تاشفین دەکوژرێت، وە ئەوەی لەگەڵی دابە بەهەمان شێوە دەکوژرێن.
هەندێک دەڵێن عمر بن یحیی الهنتاتي زانی، کە عەلی کوڕی یوسفی تاشفین لەناو بێستانەکە بۆیە بێستانەکەی سوتاند بۆ ئەوەی لەوێدا بێنە دەرەوە، تا رووبکەنە جێگەیەک کە

...سوپایەك لە گۆڕانكاری مێژووی گەلان. كە كوژرا هەواڵیان دەدا بە عەبدول...
...جاوی شەڕ بێت بۆ سوپاكەی عمر بن یحیی الهنتاتي كاتێك، كە كوژرا هەواڵیان دەدا بە عەبدول
...ین، كە عەلی كوڕی تاشفین كوژراوە لاشەكەیان بۆ بردووە پاشان كە هەواڵ درا كە عەلی
...ری تاشفین كوژراوە كوڕەكەی عەلی كە ناوی ئیسحاق بوو ئەو چووە جێگەی، بەڵام كەسێكی
شارەزا نەبوو لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات.

...ان شارەزا نەبوو لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات. دوای ئەوەی كە عەلی كوڕی تاشفین كوژرا عەبدول مؤمین خۆی دابەزیە ناو شارەكان زۆر ...شاریان كرد بە تایەت لە شاری وهران و تلمسان كە دەڵێن كوژراوەكانی لە ژمارەدە نە دەهات ...شان دەرگەیی لەسەر شاری شوط فرس هەرچی سەربازەكانی ئەو شارە بوو هەموویانی كوشت ... خەڵكانێك لە ترس سوپاكەی عەبدول مؤمین خۆیان لە قەڵایەكدا شاردبووەوە كەناوی قابر ...وو وە هەرچی لە ناو ئەو قەڵایەدا بوو هەموویانی كوشت.

...پاشان روویان كردە شاری تاهرت كە یحیی كوڕی الصحراویی لێبوو رای كرد لەگەڵ سەربازەكانیا ...بۆ شاری فاس وە پاشان كە چوونە ناو شاری تاهرت ئەوەی كە بیانزانیایە دەسەڵاتی مورابطینی ...خۆش دەوێت دەیانكوشت، تەنانەت فەرمانبەرەكانی لە ناو برد تا لە ساڵی ٥٤٠ كۆچی دا رووی ...كردە شاری فاس وە حەوت مانگ گەمارۆی ئەو شارەی دا كە یحیی كوڕی الصحراویی لێبوو لە ...دوای ئەوەی كە بەنداوێك دروست كرابوو بۆ ئەوەی ئاو نەیەتە ئەو شارەوە عبدول مؤمین فەرمانی دا كە بیشكێنن ئاو چووە ناو شارەكەوە خەڵكەی زۆر لە ناڕەحەتیدا دەژیان.

...كەسێك هاتە لای عەبول مؤمین بەناوی عبد الله كوڕی خیار الجیانی كە داوای ئەمانی لێكرد ئەویش پەیمانی ئەمانی داێ و كە لەگەڵیاندا بە جەنگ نایەت ئەگەر دەرگەی شاری بۆ بكرێتەوە، لە دوای ئەوەی كە چووە ناوشاری فاس و دەرگەكانی بۆ واڵا كرا یحیی كوڕی الصحراویی لەو شارە رای كرد خۆی نەدا بە دەستەوە، لە كۆتایی ساڵی ٥٤٠ كۆچی ئەو شارەی خستەوە ژێر ركێفی خۆی، پاشان لەدوای ماوەیەك فەرمانێكی دەركرد ئەوەی كە چەك وشمشێری بەرز كردبووەوە لە بەرانبەرماندا لە شاری فاسدا خوێنی حەڵاڵكردن.

لە دوای ئەوەی كە لە شاری فاس و دەوروبەری دامەزرا عەبدول مؤمین بیری لەوە كردەوە كە بەرەو پایتەخت بڕوات كە ئیسحاقی عەلی كوڕی یوسفی تاشفین خاوەنی بوو لە كەمی تەمەنی و نەشارەزایی لە دەسەڵات وە لەگەڵ ئەوەش دا ئەو شارە گەورەیەی لە بەر دەستدا بوو كە گەورەترین شاری سەردەمی خۆی بووە لە ناوچەكەدا، عەبول مؤمین لە ساڵی ٥٤١ كۆچی گەمارۆی شاری مەراكیشی دا و ماوەی پانزدە مانگ شەڕ بەردەوام بوو لە نێوانی مورابطینەكان و موەحیدەكان لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەحەتیدا گەمارۆی ئابووریی خستبوە سەریان تەنانەت خەڵكەی زۆر برسی بوون زۆر لە مێژونووسان دەڵێن سەربازانی مورابطین چەندەها جار بە هەفتە نانیان نە دەخوارد و دەجەنگان.

پاشان گەمارۆكە زۆر لەسەر مورابطینەكان قورس بوو داوایان كرد لە لایەن هێزێكی قریبەوە خواردنیان بۆ هات، شێخی گەورە ئەو ساڵە دەسەڵاتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی كە ناوی عبد الله كوڕی أبي بكر بەناوی ئیسحاقی كوڕی عەلی فەرمان رەوای دەكرد، چوە لای عەبدول مؤمین داوای ئەمانی لێ كرد.

چونکە مەنجەنیقەکانی موحیدین زۆر بێ ڕەحمانە بۆردومانی شاری مەراکیشیان دەکرد لەو تەوە وشکە ساڵی و نەبوونی گژو گیا تەنانەت بەرزە وڵاغەکانیش زۆربەیان لە ناو چوون. هەر لەو ساڵەدا زیاد لە دە هەزار کەس مردن کە بۆنی مردوو خەڵکی شارەکەی بێزار کردبوو.

پاش دەرگەی مەراکیشیان بۆ کرایەوە و چوونە ناوەوە بە چەکەکانیانە وە لە ماڵی ئەمیری موسوڵمانان نوێژیان کرد پاشان ئیسحاقیان هێناو کە ئەمیری مورابطین بوو لەبەر دەم عەبول مۆمین دا دەستی کرد بە گریان حەزی لە ژیان بوو، بەڵام سیر بن الحاج کە یەکێک بوو لە ئەمیرەکان وتی بگری بۆ دایک و باوکت ئارام بگرە ئارام گرتنێکی پیاوانە بۆ دەگریت ئەوە بوو لە کۆتاییدا لە ملی هەموویان دراو هەموو تاقم و دەستەی مورابطین لە ناو چوون و کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات کە ماوەی حەفتا ساڵ فەرمانڕەوایان کردو سەروەری زۆریان بۆ خۆیان تۆمار کرد لە سەردەمی یوسفی کوڕی تاشفین وە تا ئیسحاقی کوڕی عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین.

لە دوای حەوت ڕۆژ خەڵکی نەیدەوێرا بێتە دەرەوە لە شاری مەراکیش لەترسی عەبول مۆمین تا خۆی فەرمانی ئەمانی بۆ هەموویان دەرکرد، وە سەر لە نوێ دوکان و بازاڕەکان کرانەوە و مزگەوتی گەورەی مەراکیشیان تێکدا، لەبەر ئەوەی کە ئەمیری موسوڵمانان یوسفی کوڕی تاشفین دروستی کردبوو، وە قەصری خیلافەتیدان کردە مزگەوت، لەناو شاردا بانگەشەی دەوڵەتی موەحیدین ڕاگەیەنرا[٣٣].

"عبد الواحد المراكشي" لە کتێبی "المعجب" هاتوە کە لە ساڵی ٥١٢ کۆچی تا ساڵی ٥٤١ کۆچی دەڵێت: "زیاد لە سەد هەزار کەسیان لە یەک کوشت وە بەردەوام عەبدول مۆمین شار لەدوای شار دەیخستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی موەحیدین دامەزرا لە سەر ئێسک و خوێنی

---

[٣٣] وكان بمراكش جيش من الفرنج كان المرابطون قد استنجدوا بهم، فجاءوا إليهم نجده، فلما طال عليهم الأمر راسلوا عبد المؤمن يسألون الأمان، فأجابهم إليه، ففتحوا له باباً من أبواب البلد يقال له باب أغمات، فدخلت عساكره بالسيف، وملكوا المدينه عنوه، وقتلوا من وجدوا، ووصلوا إلى دار أمير المسلمين، فأخرجوا الأمير إسحاق وجميع من معه من أمراء المرابطين، فقتلوا، وجعل إسحاق يرتعد رغبه في البقاء، ويدعو لعبد المؤمن ويبكي، فقام إليه الأمير سير بن الحاج، وكان إلى جانبه مكتوفاً، فبزق في وجهه، وقال: تبكي على أبيك وأمك؟ اصبر صبر الرجال، فهذا رجل لا يخاف الله ولا يدين بدين. فقام الموحدون إليه بالخشب فضربوه حتى قتلوه، وكان من الشجعان المعروفين بالشجاعه، وقدم إسحاق، على صغر سنه، فضربت عنقه سنه اثنتين وأربعين وخمسمائه، وآخر ملوك المرابطين وبه انقرضت دولتهم، وكانت مده ملكهم سبعين سنه، وولي منهم أربعه: يوسف وعلي وتاشفين وإسحاق. ولما فتح عبد المؤمن مراكش أقام بها، واستوطنها واستقر ملكه. ولما قتل عبد المؤمن من أهل مراكش فأكثر فيهم القتل اختفى كثير من أهلها، فلما كان بعد سبعه أيام أمر فنودي بأمان من بقي من أهلها، فخرجوا، فأراد أصحابه المصامده قتلهم، فمنعهم، وقال: هؤلاء صناع، وأهل الأسواق من ننتفع به، فتركوا، وأمر بإخراج القتلى من البلد، فأخرجوهم، وبنى بالقصر جامعاً كبيراً وزخرفه فأحسن عمله، وأمر بهدم الجامع الذي بناه أمير المسلمين يوسف بن تاشفين... الكامل - ابن الأثير.

نەوە دەوڵەتە دادەمەزرێنێ بە دامەزرێنەری ئەوە دەوڵەتە دادەرێژێ،
هەزارەها موسوڵمان وە موحەممەدی کوڕی تومرت بە دامەزرێنەری ئەوە دەوڵەتە دادەرێژێ، هەزارەها موسوڵمان وە موحەممەدی کوڕی تومرت ئەو کاریان دەکرد.

ئەوەی کە لەگەڵیدا بوو لەسەر مەنهەجی ئەو کاریان دەکرد.
ئەوەی کە لەگەڵیدا بوو لەسەر مەنهەجی شێخ عەبدوڵڵە یاسین دەوڵەتی مورابطینی دامەزاند لەسەر وە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە چۆن شێخ عەبدوڵڵە یاسین دەوڵەتی مورابطینی دامەزاند لەسەر مەنهەجی پێغەمبەران گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا کرد پاشان موحەممەدی کوڕی تومرت چۆن دەوڵەتی دامەزراند بە خوێن کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دا.

## ڕووداوەکانی ناو ئەندەلوس لە دوای ڕووخاندنی مورابطین

لە دوای ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی کە لە نێوانی مورابطین و موەحیدەکان دا ڕوویدا بە هۆکاری ئەم جەنگانە وڵاتی ئەندەلوس کەوتە ژێر هێرشی نەساڕاکان وە کارەساتی زۆر گەورە ڕووی دا لە ناو ئەندەلوس مەراکیش دا لە ئاکامی ئەو ڕەوشەی کە باسمان کرد لە نێوانی ئەو دوو هێزەدا لەو خاڵانە کە دەمانەوێت باسی بکەین بریتیین لە:

یەکەم: لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی موەحیدین یەیەک ساڵ دوای ئەوە واتا ساڵی ٥٤٢کۆچی شاری ئەلمریەی ئەندەلوس گیرا و کەوتە دەستی نەساڕاکان هەموو خەڵکەکەیان دەربەدەر کرد خەڵکی ئیسپانیان تێهێنا، کە ئەم شارە دەکەوێتە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست لە باشووری ئەندەلوس لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دوور بوون لە دەسەڵاتداران و پادشاەکانی نەسارە!

بە هۆکاری ئەوەی کە فەڕەنسا یارمەتیدان لە ڕێگەیی دەریاوە ئەم شارە داگیر کراوە مێژوونووسان دەڵێن لە شاری ئەلمریە بە هەزارەها موسوڵمان شەهید بوون وە چواردە هەزار ئافرەتی موسوڵمان بە کەنیزەک بران.

دووەم: پاشان لەدوای ساڵێک بە سەر گرتنی ئەلمریە شاری گەورەی ئەندەلوس طرطوشە گیرا بە دەستی نەساڕاکان واتا ساڵی ٥٤٣کۆچی دەکەوێتە نزیک شاری ساراگۆستای لە بەشی ڕۆژهەڵاتی مەملەکەتی ساراگۆستا بوو کە مورابطینەکان جارێکی تر فەتحیان کردوە وا ئەم جارەش کەوتە دەست سەڵیبەکانی ئیسپان هەموو خەڵکی ئەندەلوسیان دەربەدەر کردو زۆربەیان کوشتن.

سێیەم: لە بەشی ڕۆژ ئاوا واتا ناوچەکانی پرتوگال جەنگێکی زۆر گەورەیان بەرپاکرد لەگەڵ موسوڵمانەکاندا و خاکی پرتوگال ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو فراوانی دەڕۆشت.

چوارەم: لە دوای ئەوەی کە زۆربەی خاکی ئەندەلوسیان داگیر کرد نەساڕاکان، ڕوویان کردە خاکی تونس زۆربەی شارەکانی تونسیان گرت و مزگەوتەکانیان کردە کڵێسا و موسوڵمانانیان زۆر کوشت ئەم ڕووداوانە هەر لەو سەڵەدا ڕوویدا واتا ساڵی ٥٤٣ کۆچی.

ئەمەش هۆکاری ئەو شەڕە ناوخۆییە بوو کە کەوتە نێوانی موسوڵمانان و وای لێ کردن کە دوژمنانیان بەسەریاندا زاڵ بوون زۆر بەی شارو وڵاتی موسوڵمانان لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ خۆیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی نەساڕاکان.

ئەو کەسەی کە گۆڕانخواز و گۆڕانکارەو دەیەوێت گۆڕانکاری بکات لەناو ئەم ئیسلامەدا پێویستە هەمیشە تەسبیحاتی خوای گەورە بکات، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت:

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إذا جاء نَصْرُ اللهِ وَالْفَتْحُ ﴿١﴾.
کاتێك كە خوا سەركەوتنی خۆی بەخشی و شاری مەككە رزگار كرا (وە لە بتپەرستی خاوێن كرا).
وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾.
ئینجا خەڵكیت بینی هاتنە ریزی ئاینی خواوە پۆل پۆل و دەستە دەستە.
فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا ﴿٣﴾، النصر.
ئەوسا ئیتر تۆ سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بكەو داوای لێخۆش بوونی لێ بكە، بە راستی خوا زۆر چاو پۆشی دەكات و تەوبە وەرگرە.. (ئومێدە لە ئایندەیەكی نزیكدا، خوای باڵادەست سەركەوتنێك ببەخشێت، ئەو كاتە ئیمانداران هەست دەكەن ئەم سوورەتە تازە دابەزیوە.
حەقە تۆ پێ بكەنیت چونكە لە قوتابخانەی محمدیەیت ﷺ، حەقە دڵخۆش بیت، چونكە قوتابخانەی تۆ قوتابخانەی پێغەمبەری نازدارە ﷺ، قوتابخانەی پێغەمبەری نازداریش ﷺ قوتابخانەیەكی واقیعییە و چەندەها هاوەڵی بەڕێزی تێدا پەروەردە بووە، قوتابخانەی واقیعی بەواتای چی؟ بەواتای ئەوەی خەڵكی لەسەر بنەڕەتی مرۆڤ بوون پەروەردە دەكات، لەسەر شتێك بینای ناكات كە خەیاڵی و میسالیەت بێت، لەسەر شتێكی پراگماتیكی بینای ناكات تەنها نەفعی بێت لەسەر شتێكی ماددی، وەكو ماركسیەكان بینای ناكات كە هەمیشە لەسەر بنەڕەتی ماددیەكی بەحت بینا دەكەن یان لەسەر شتێكی وجودی بنیات ناكات كە تەنها تاكەكان بگرێتەوە و باقی كۆمەڵگە وەلا بنێت. نەخێر ئیسلام نە شەرقی یەو نە غەربی، بەڵكو ئیسلامی یەو ئیسلامییە.
گرنگە ئەو هەستەمان لەلا دروست ببێت كە گۆڕانكاری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئیلا بە خواناسی دەكرێت بە دینداری دەكرێت، هەركەسێك دەیەوێت لە ریزی گۆڕانخوازاندا بێت دەبێت پێش هەموو شتێك لە ناخی خۆیەوە گۆڕانكاری خواناسی بەرپا بكات، خاوەنی عەقیدەیەكی پاك بێت پاشان ئەتوانێ گۆڕانكاری بكات، ئەمە مەرجە چونكە ببینە ئەوەی گۆڕانكاری كردبێت لەناو پیاو چاكاندا خواناس بووە، خاوەنی زانست بووە، عەقیدە پاك بووە، رەوشت بەرز بووە، پارێزەری برایەتی موسوڵمانان بووە، دادپەروەر بووە. سەیری صەڵاحەدینی ئەیوبی بكەن، سەیری ئەبوبەكری عومەری لەمتونی بكەن، سەیری عەبدوڕەحمانی كوڕی موعاویە بكەن، سەیری عومەری كوڕی عبدالعزیز بكەن -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت-، سەیری سەدان كەڵە پیاوی تری جیهانی ئیسلامی بكەن كە چۆن گۆڕانكارییان كردووە بەم سیفەتە جوانانە.
عوقبەی كوڕی نافع -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- راستە پیاوێكی دیندار بوو، ئازا بوو، دادپەروەر بوو، بەڵام گوێی نەدەدا بە زانست و پەروەردەكردنی خەڵكی، یەكێكیش لە كەرەستە و ئالیەتەكانی گۆڕانكاری بریتی یە لە پەروەردەكردنی مرۆڤەكانیش لەسەر ئەم ئیسلامە، ئیسلام بۆ خۆی ئەركەو فورسە بەڵام كە خەڵكێك چووە ناوی ئیتر بۆی دەرئەكەوێت كە پێویستی زانیاریە، لە دوای شەهید كردنی عوقبەی كوڕی نافع بە دەستی ئەمازیغییەكان پیاوێك بەناوی موسەیر دێتە پێشەوە بۆ گۆڕانكاری، ئەم پیاوە بەڕێزە پێش موسوڵمان بوونی مەسیحی بووە و لە شەڕێكدا لەلایەن خالیدی كوڕی وەلیدە وە -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بەدیل ئەگیرێت،

نوصەیر زانایەکی زۆر گەورەی مەسیحیەکان بووە شارەزای ئینجیل و تەورات و زۆرێک لە کتێبە ئاسمانییەکانی تر بووە، دوای ئەوەی کە خالید بەدیلی ئەیگرێت ئەیهێنێتەوە و لە مزگەوتی موسوڵمانانیدا دای ئەنێن، ئەبعەن موسوڵمانان خاوەنی بەندیخانە ئەبوون چەند رۆژێکی پێ ئەچێت بە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەخلاقی هاوەڵانەوە موسوڵمان دەبێت لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان دا -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت-، نوصەیر هەر لەناو موسوڵماناندا ژن ئەهێنێ و منداڵێکی دەبێت بە ناوی موساى کوڕی نوصەیر -رەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بەڕێزیشی بێت-.

نوصەیر لەناو بنەماڵەی ئەمەوی دا ژیان دەباتە سەرو دوای وەفاتیشی موسای کوڕی لەناو ئەو بنەماڵە بەرێزەدا پەروەردە دەبێت، لەناو خانەوادەی سلێمانی کوڕی حەکەم دا -رەحمەتی خوای لێ بێت-، سلێمان یەکێک بووە لە خەلیفە سەر راستەکانی بنەماڵەی ئەمەوی، موسای کوڕی نوصەیر گەورە دەبێت دەبێتە سەرکردەیەکی سەربازی و بەرەو ناوچەکانی باکووری ئەفریقا بەڕێ دەکەوێت ئەو ناوچانە فەتح دەکات و لەو ناوچانەدا جێ پێی خۆی قایم دەکات و دەست دەکات بە بەرپا کردنی گۆڕانکاری، دوای ئەوە دەست دەکات بە ئاشناکردنی خەڵکی بە دینداری ئیسلام بە خەڵکی ئەناسێنێت کە ئەچێتە هەرجێگەیەک زانای تێدا بەجێ ئەهێڵێت بۆ ئەوەی ببنە سەرمەشق و رێنیشاندەر و پەروەردەکەری خەڵکی، کۆمەڵێک کورد لەگەڵ ئەم سەرکردەدا ئەبن کە ئەم کوردانە لە ناوچەیەکی باکووری ئەفریقادا شارێک دروست دەکەن بەناوی کاروان عەرەب و ئەمازیغیەکانیش پێیان وتووە قەیرەوان، ئێستاش بریتیە لە شاری تونس پایەختی وڵاتی تونس، ئەو کوردانە کە چوونەتە ئەو ناوچەیە بە شوێنێکی دڵگیریان زانیوە و بارگەو بنەی خۆیانیان تێدا داناوە و وەکو کوردەواری دەڵێت بووەتە کاروان سەرایان، وشەی قەیرەوانیش لە کاروان سەراوە وەرگیراوە، موسای کوڕی نوصەیر ئەم شارە دەکاتە پایەختی خۆی و لەوێ دائەنیشێ، دوای ئەوە ئەم سەرکردە موسوڵمانە بیر لەوە دەکاتەوە کە پێویست نییە چیتر هەوڵی بەدەستهێنانی خاک بدات ،بەڵکو لەمەولا پێویستی بەوەیە، کە ئەم ئیسلامە بە خەڵکی بگەیێنێت و بناسێنێت.

کەواتە گۆڕانکاری ئێمە بۆ چ ئامانجێکە؟ ئێمە بۆچی گۆڕانکاری ئەکەین؟ ئایا گۆڕانکاریمان بۆ ئەوەیە کە دەوڵەمەند بین و ببینە خاوەنی سەروەت و سامانی دنیایی؟ بەڵێ حەقە سەروەت و سامانی زۆرمان هەبێت بەڵام لە قیامەتدا نەک لە جیهانی فانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا جیهان لەبیر ئاکەین وەکو موسوڵمان و دەمانەوێت خۆشنودی و کامەرانی جیهانیش بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی خەڵکی خۆشحاڵ بێت، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین خۆشەویستیەکە ئەگاتە ئاستێک کە قیامەتمان بیرباتەوە.

موسا باش ئەیزانیکە هەموو مرۆڤێک پێویستی بە دین هەیە، زۆربەی زانایانی زانستی کۆمەڵناسیش لەسەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ کاهینێکی موتەدەیینە و بە تەبیعەتی حاڵ حەزی بە دینداری یە، کەم کەس دەڵێت من حەزم بە دینداری نییە و بڕوام بە خودا نییە جێی بهێڵە جێگەیەکدا لە شوێنێکدا حەتمەن دەست دەکات بەپەرستنی شتێک، ئیتر ئایا هەواو هەوەسەکانی یان هەرشتێکی مادی یە یان هەرشتێکی تر کە خۆی حەزی لێیەتی، مارکسیش کە یەکێکە

فەیلەسوف و بیریارە ناودارەکانی ناو ماددییە بەحتەکان قسەیەکی زۆر گەورە دەکات، من پێم وایە موسوڵمانان زۆر باش ئەتوانن سوود لەم قسەیە وەرگرنەوە و ئیسپاتی ئەوەش بکەن کە بەڵێ دین پێویستی گەلانە، مارکس دەڵێت: دین ئەفیونی گەلانە واتە تلیاکی گەلانە، فیعلەن وایە! چونکە تلیاک خەڵکی خومار دەکات، خەڵکی مەست دەکات، هەرکەسێکیش کە ئالودەی بەکارهێنانی تلیاک بوو ئیتر ناتوانێت لێی دوور بکەوێتەوە چونکە لاشەی داوای دەکات بەردەوام. ئیسلامیش وایە کەسێک هاتە ناو ئەم ئیسلامەوە خومار دەبێت و مەست دەبێت پێی، من بەلامەوە سەیرە خەڵکێک بە مەشروب خۆی بێ هۆش و مەست دەکات، ئەی چۆن بەو هەموو ڕوەدبیاتە جوانەی ئیسلام مەست نابێت، سەیری بەیتەکانی شاعیری خواناسی کورد مەحوی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بکەن پێم سەیرە کەسانێک مەست نابن بە دیار قەسیدەی بەحری نوری مەحوی یەوە کە دەفەرمووێت:

وصلی الله علی أو بحری نوری عیرفانه

کە أعلی موعجیزەی قوربانی بم من نوری قورئانە

چ وەسفێکت بکەم لایەق بە تۆ ئەی رسول الله

من بێ خێری نا لایەق کە جوبریلت سەنا خوانە

نوری قورئانە کە گۆڕانکاری بەرپا دەکات لەناو گەلاندا، خوایەک بە ئەشرەف مەخلوقدا کتێبێکی ناردووە بۆ پێغەمبەری نازدار ﷺ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێ بەرپا بکات، زۆر بەلامەوە سەیرە خەڵکێک بەم وشانە مەست نابێت، هەروەها دەفەرموێت،

بۆیە دەڵێم لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاە و هەناسەی سارد

کەسێ شێتانە بەردمان تێ ئەگرێ ئێمە بەرقی تێ دەگرین

شوکر هوشیارە مەحوی تێ دەگا دنیا خەرابانە

کە بەد مەستی بکا ئەهلی خەراپە بۆچی

کەواتە بە هەموو پێوەرێک ئەم ئاینە پێداویستی گەلانە، پێویستە ئەم ئاینە تێکەڵی ناخ و گیان بکرێت بۆ ئەوەی لاشە مەست و خومار بێت پێی، بۆ ئەوی لەو جیهان جەنجاڵ و خراپەکاری و سەرمایەدارییە چاوچنۆکە ئەجاتی بێت وبێتە ناو خۆشی ئیمانەوە.

موسای کوڕی نوصەیر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- هەنگاو بە هەنگاو وڵات بە وڵاتی فەتح دەکرد، ناوچە بە ناوچەی ئازاد دەکرد و گۆڕانکاری تێدا بەرپا دەکرد.

موسای کوڕی نوصەیر تەمەنی ٩٠ ساڵە لە جیهاد و خەبات بەردەوامە، بۆ؟ لەبەرئەوەی بە ئاوی ئیسلام تینوێتی شکاوە، بە پەروەردەی ئیسلامی گەورە کراوە، ئەم پیاوە بەڕێزە کوڕێکی دەبێت بەناوی عبدالعزیزی کوڕی موسای کوڕی نوصەیر ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت، عبدالعزیز شوێنی باوکی ئەگرێتەوە، عبدالعزیز دەبێتە ئەمیری ئەندەلوس.

گرنگە بزانین لە ئیسلام دا خانەنشین بوون بە تەمەن بوونی نییە، موجاهید لە ئیسلام دا خانەنشین نابێت، بەڵکو تاکو ئەو ڕۆژەی ئەمرێ دەبێت خەبات و شۆڕش بکات لە پێناوی خوای گەورەدا، ئەو کەسەی کە خانەنشین دەکرێت و دادەنیشێت لەماڵەوە توشی مەلویسی دەبێت، خانەنشینیش لە فیقهی مرۆڤی موسوڵماندا بوونی نییە، ئەو قەوم و گەلەش کە توشی یەئس بوون و

قەومی موسوڵمانی پێ ناوترێ، قەومی کوفر و بێ دی
ۆڕانکاریان پێ نەکرا ئەوە قەومێکە هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشاندایە، موسای
ڕشی یەئس و ناڕەحەتی دەبێت، مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە لە ڕێگادا دوعایەکی زۆر دەکات دەڵێت خوای
ۆری نوصەیر تەمەنی ۹۰ ساڵە دەگەڕێتەوەو لە ڕێگادا دوعایەکی زۆر دەکات دەڵێت خوایە
یان ئەگەر ئەم تەمەنەم بەشی جیهاد و خەبات و گۆڕانکاری پێوە ماوە داوات لێ ئەکەم بە ئێو
بوانەکانی خۆت باقی تەمەنم بهێڵەرەوە و لەدوای گەڕانەوەم لە سەفەری حەجەکەمدا جوانم
ئەم کارە ئەنجام بدەم، خوایەگیان ئەگەر تەمەنیشم بەشی ئەوەی پێ نەماوە کە جیهاد و خەبات
و شۆڕش و گۆڕانکاری لەناو گەلاندا بکەم لە پێناوی تۆدا ئەوە لە خزمەت پێغەمبەرە نازدارەکەت
ﷺ ڕۆحم بکێشە و بمگەڕێنەوە بۆ لای خۆت.
حەسەنی بەصری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: بەلامەوە سەیرە ئەگەر موسوڵمانێک
بە بەردێک بڵێت ببە بە ئاو و نەبێت، موسای کوڕی نوصەیریش ئیمانەکەی وای لێ کرد کە بەو
شێوەیە داوا بکات لە خوای گەورە، دوعاکەی گیرا دەبێت فیعلەن لە دوای کۆتایی هاتنی
فەریزەی حەجەکەی لە خزمەتی پێغەمبەری نازداردا ﷺ وەفات دەکات.
لەباسی چۆنیەتی حەرەکەتی مێژوو و بزاڤی گۆڕانکاریدا ئاماژەمان پێکرد کە موسوڵمانان دەبێت
بەرەو داڕمان بڕۆنەوە چونکە خۆشەویستی دنیا ئەکەوێتە دڵیانەوە ئەمە قاعیدەیەکی ئیلاهیە
قاعیدەیەکی گەونیە، قاعیدەیەکە کە پێغەمبەری نازدار ﷺ بۆی باس کردووین، بۆچی
موسوڵمانان لە شەڕی ئوحود دا توشی شکست بوون؟ خۆ خوای گەورە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی
پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی لە کن فیکون ێک سەربخات، بەڵام بۆچی نەیکرد؟ خوای
گەورە دەفەرموێت: لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا
بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ ﴿١١﴾
الرعد

واتە: بۆ خوا هەیە فریشتەی بێ شومار کە بە نۆرە بەدوای یەکدا دێن تا چاودێری ئادەمیزاد
بکەن لە بەرو پشت و لە هەموو لایەکەوە بیپارێزن بە فەرمانی خوا، بێگومان خوا بارودۆخی
هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە
گرانیەوە بۆ هەرزانی)هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن، کاتێکیش خوا
بیەوێت بەڵایەك بەسەر هەر میللەتێکدا بهێنێت (لە دەرئەنجامی سەرکەشی و یاخی بوونیان)
ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێت و
ڕزگاریان بکات.

هەرکەسێک نەچووبێتە تاریکیەوە قەدری ڕووناکی نازانێت، کەسێک برسێتی بەسەردا نەهاتبێت
چێژی تێری نازانێت، هەرکەسێک نەخۆش نەبووبێت گرنگی لەش ساغی نازانێت.
لەم سەردەمەی ئێستاشماندا هەروایە بۆیە لۆکۆ زۆر گرنگە، لە ئەوروپادا کاتێک کە سەرکردەیەک
دروست دەبێت هەموو باوەشی بۆ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بیپارێزن، بەڵام لای ئێمە هەر زوو لە
ئەبرێت بە هۆکاری ڕێز لێ نەگرتن و پشت گوێخستنی، بەشێکی هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ
ئەوە کە سەرکردەمان زۆرە هەرکەسێک هەڵئەسێت خۆی دەکات بە سەرکردە و ئیمڕۆژەی
سەرکردەشی تیدا نیە، بەڵام بە داخەوە چی بکەین هەروایە، لەوڵاتی ئێمەدا خەڵکی لە دەورە

کەسێک کۆ نەبینەوە کە بووە بە ڕەمز بووە بە لۆگۆ، بۆ نموونە خەڵک لە دەوری بنەماڵەی بارزانی کۆ دەبێتەوە چونکە خەڵکێک بە ڕەمزی کوردایەتی دەزانێت، یان خەڵکێک لە دەوری بنەماڵی تاڵەبانی یاخود لە دەوری نوشیروان مستەفا کۆ دەبێتەوە چونکە بە ڕەمزی خۆیانیان دەزانن، پێویستە لەناو ئیسلامییەکانیشدا ئەو ڕەمزە دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموومان لە دەوری کۆ ببینەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئیسلامیەکان بۆچی توانای ئەوەیان نییە؟ بۆ ناتوانن کاندیدێکی بوێرو لێهاتوو دروست بکەن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە تاکو ئێستاش نەمانتوانیوە قائیدەیەکی بەهێز و مەتین دروست بکەین، نەمانتوانی وە سەرکردەیەک دروست بکەین کە جێی ڕەزامەندی هەمووومان بێت. گومانی تێدا نیە کە خاوەنی نموزەجی باش و خاوەنی قائیدی باشین، بەڵام نەمانتوانیوە بە قەدەر عەلمانیەکان خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین، حەقە ئێمە دان بەوەدا بنێین چونکە ئێمە دەمانەوێت گۆڕانکاری بکەین، حەقە دان بەوەدا بنێین کە پێویستە سەرکردەکانی خۆمان ئەو پیاوە بەڕێزانەی کە بوونەتە قائیدمان باوەشیان پێدا بکەین و بیانپارێزین، مەبەستیشم ئەوە نییە کە مەسینە هەڵگریان بین، چونکە هەرکەسێک هەرچی وت و کردمان بە پشتە ملماندا و وتمان وەڵا ڕاستت کردووە بۆخۆی ئەویش لە خۆ بایی دەبێت و توانای گۆڕانکاری نامێنێت ئەخێر بەم واتایە نا.

پێش ئەوەی بیعسەی پێغەمبەرایەتی بێتە ناو عەرەبەوە، عەرەب قسەیەکی باوی هەبوو دەیان وت: "انصر أخاك ظالما أو مظلوما" واتە براکەی خۆت سەرخە ئەگەر زوڵمی کرد یان زوڵمی لێ کرا. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم چەمکەی دووپات کردەوە، بەڵام بەو تەفسیرەی ئەوان نا، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ لەناو هاوەڵاندا فەرمووی: " انصر أخاك ظالما أو مظلوما " براکەتان سەرخەن ئەگەر زوڵمی کرد ئەگەر زوڵمیشی لێکرا! هاوەڵە بەڕێزەکان -ڕەزامەندی خوایان لێ بێت- ئەو وتەیان زۆر لاسەیربوو، بۆیە پرسیاریان کرد ئەی ڕسول الله ﷺ پێشتر لەسەردەمی جاهیلیەت دا ئەمانزانی ئەگەر کەسێک زوڵمی کرد مادام لە قەبیلەی خۆمان بوایە هەرپشگیریمان لێ دەکرد، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: نا بەو جۆرەی ئەوان نا، بەڵکو ئەگەر براکەت چاکەی کرد ئەوە یاندەو هاوکاری بە، ئەگەر زوڵمیشی کرد دەستی بگرەو مەیەڵە زوڵمەکەی بکات، پرسیاریان کرد ئەی ئەگەر زوڵمی لێکرا؟ فەرمووی: مەیەڵن زوڵمی لێبکرێت و پشتی بگرن.

کەواتە خۆشەویستی بۆ سەرکردەو قائید وە خۆشەویستیت بۆ ئەو کەسەی کە گۆڕانکاری دەکات، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو قاعیدەیەدا بێت کە باسمان کرد، ئەگەر زوڵمی کرد دەستی بگرەو مەیەڵە لەوە زیاتر زوڵم بکات. بەڵام بەدەدەبەوە بە شێوەیەک نەک بۆ خۆ دەرخستن، چونکە هەندێک کەس ڕەخنە ئەگرن بۆ ئەوە نا کە خزمەت بکەن بەڵکو بۆ ئەوەی یان بناسرێن یاخود حەزدەکەن خەڵکێک پێیان بڵێن چەندە ئازان، ئەمانە هیچیان لە ئیسلامدا وەرناگیرێن ئەگەر تەجەرودت نەبێت، خۆت ساغ نەکەیتەوە لە پێناوی خوای گەورەدا هیچ کاتێک ئەو کارەت بۆ ناکرێت.

گۆڕانکاری بە زانایان دەکرێت، پێویستە ئەوانیش هەست بەوە بکەن و چیتر وەکو فەرمانبەر خۆیان نەنوێنن، زانایان هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەن، کاتێک کە حکومەتی ئیسلامی دادەمەزرێت

تەنها لە دوو جومگەدا دەچێتە ناو خەڵکەوە، باسی یەکێکیانمان کرد کە نان بوو، ئەوی تریشیان دابینکردنی ئەمن و ئاسایشە بۆ خەڵکی، پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵکی، دەسەڵاتی ئیسلامی تەنها لەم دووانەدا ئەداخول دەکات لە ژیانی تایبەتی خەڵکی ئەی باقی ئیشەکانی تر؟ باقی شتەکانی تر سێ دامەزراوەی مەدەنی دەیانبات بەڕێوە، یەکێکیان قازی یەو لەناو کۆمەڵگەدا دادوەری دەکات، دووەمیان بریتییە لە موفتی کە ئێستا پەرلەمان شوێنی گرتۆتەوە، لە ئیسلام دا شتێک بوونی نییە بەناوی پەرلەمانەوە، ئیشی موفتی فەتوا دانە فەتواکانیش لە کەسانی موجتەهیدەوە وەردەگرێت کە لە موفتی پلەی زانستی بەرزترە، موجتەهید ئیجتیهاد دەکات و ئیجتیهادەکەی دەبێت بە فەتواو موفتی دووبارەی دەکاتەوە، ئەمیش هەر لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە بنەڕەتی مەدەنیەتە کە لەناو حکومەتی ئیسلامی دا بوونی هەیە سێیەمیان موفەقیهە کە کاری ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەندایەتی هەڵسوکەوتی خەڵکی چارەسەر دەکات.

ئامانج لە باسکردنی مێژووی موسوڵمانان بۆ ئاشنا بوونە بە رابردوومان بۆ بەرچاو ڕوونکردنی نەوەکانمانە، مەرجیش نییە هەموو زانیارییەکان بە تەفاصیل باسکراین، بەڵکو زۆربەی سەرە قەڵەمن و شتی بچووک بچووکن، ئەمانە بۆ خۆیان بەحرێکی گەورەن لە دەریای مێژووی ئیسلامی دا بە گشتی، ئیتر پێویستە خۆمان ئەم جارە ئەم مێژووە گەورەیە وەکو گەنج دەربهێنینەوە و وەکو گەنجێک بیخەینەوە کار و بیکەینە چراو ڕێگەی تاری خۆمانی پێ ڕووناک کەینەوە، بەڵێ عەبدوڕەحمانی ناصر دەسەڵاتی وەرگرت و ئەوەی پێویست بوو ئەنجامی دا، گۆڕانکاری کرد چاکسازی بەرپا کرد و داهێنانی کرد وە ڕۆڵی زانایانی گەڕاندەوە وعیززەتی بەخشییەوە بە موسوڵمانان.

دێینەوە سەر باسی خۆمان کە باس لەوەیە بزانین گەلان چۆن گۆڕانکارییان کردووە، هەرکاتێک توشی ناڕەحەتی و ناهەمواری بووبێتین هۆکارەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە دنیا لە دڵ و دەروونیاندا چەسپاوە، ئیبن عەبادیش توشی ئەو نەخۆشییە بووبوو کە دەیان دەوڵەتی بچووک لە دەوروبەریدا دروست بووبوون، مەلیک ئەلفۆنسۆی شەشەم نامەی بۆ دەنێرێت و جگە لە داواکردنی جزیە لێی دەبێت ژنەکەشی لە گەورەترین مزگەوتی ئەو کاتەی جیهانی ئیسلامی دا منداڵی ببێت کە مزگەوتی قورتوبەیە، ئەم سوکایەتیە بۆچی و لەبەرچی؟ لەبەر لاوازی و پارچە پارچەیی و سەرگەرم بوونیان بە دنیا وە، ئەگەر ئەمە نەبێت چۆن دەتوانێت هەڵوێستێکی وەها بنوێنێت بەرامبەر بە موسوڵمانان، یان ئێستا چۆن دەتوانرێت جێگەی ئیسراو میعراجی پێغەمبەری خوا ﷺ داگیر بکرێت، یاخود چۆن کەسانێکی نەفس نزم دەتوانن بە دروستکردنی کاریکاتێر سوکایەتی بە کەسایەتی پێغەمبەری ئازدار ﷺ بکەن.

کەسێک ئاڵای وڵاتێک دەسوتێنێت دارو دیوار هەڵدەستن و دەبێت داوای لێبوردن بکرێت، دانیمارک کە ئەو کارە نەشیاوەی کرد بەرانبەر کەسایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێبوردنی کردا؟ نەخێر نەیکرد، نەرویج دووبارەی کردەوە هەروا، ئێستا وای لێهاتووە هەواڵی یەکەم هەر موسوڵمانە، هەواڵی دووەم موسوڵمانە، هەواڵی سێ یەم هەرموسوڵمانە، لە جیهاندا لێیان دەدرێ لێیان ئەکوژرێ، ئەی باشە بۆ کەسێک نایەتە دەنگ، موسوڵمانانی بورما چییان لێ دەکرێت چۆن

ەکۆزێن چۆن ئەسوتێنرێن بە بەرچاوی جیهانە وە، چەندە موسوڵمانی تر لە وڵاتانی تردا ڕۆژانە ەکۆزێن لە سۆماڵ، ئەفەرستان، عێراق، فەلەستین، سووریا، میسر، ئێران لە ...هتد، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە (تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا) ئێوە نیزاعتان لە ئێواندایە بۆیە توشی پەنەلیش دەبن.

دەگەڕێینەوە بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەم ناوچانەدا شەڕێکی صەلیبی گەورە دەستی پێکرد لە ساڵانی چوارسەدەکانی کۆچی، لە ناوچەکانی دیمەشق و ئەنادۆڵ تورکیای ئێستا. بەم پلان و خواستەماندا تاکو ئێستا باسێک بەناوی شەڕی صەلیبیەت نەهاتوتە بەردەستمان. باس مەسیحیە قوتیەکانمان کرد بەڵام بەناوی صەلیبیەتەوە نەبووە. باسی مەسیحی یەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوامانکرد ﷺ بەڵام لە ژێر ناوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما.

لە ساڵانی ٣٩٥ - ٤٠٠ کۆچی حەملەیەک دەستی پێکرد بەناوی شەڕی صەلیبی، شەڕی صەلیبی چی یە؟ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەم گۆڕانکارییە لە کوێوە هاتووە؟ ئیبن عەبادمان بە بێنشت بۆچی؟ لەبەرئەوەی ویستمان باسی زەمەنێک بکەین پێش ئەو کە زۆر خەتەرە و تا ئێستاش لەگەڵدا بێت لەگەڵماندا بەردەوامە، سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جۆرج بۆشی کوڕ بە ئاشکرا ڕایگەیاند کەئێمە شەڕی صەلیبی دەکەین لەگەڵ موسوڵمانانندا، پێشتریش جۆرج بۆشی باوک لە شەڕی کوەیت دا ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئێستە سەردەمی گڵۆبالیزەیشنە - جیهانگیری-، جیهانگیری چەسپاند بەسەر جیهاندا، لەوانەیە ئەمە لەلای عەلمانیەکان زاراوەیەکی ئاسایی بێت، بەڵام لەلای ئێمەی ئیسلامی ئاسایی نیەو حیسابی تایەتی بۆ دەکرێت، چونکە شەڕی ئێستا شەڕی زاراوەیە، ئێمەش تاوەکو بەم شێوەیە بین و لەم چەمکانە نەگەین و دەدەمیاتی خۆمان نەزانین چی یەو باسی چی دەکات ناتوانین گۆڕانکاری بکەین، ئەوان بەردەوام دژی دەدەمیاتی ئێمە قسە دەکەن، باسەکە پێویستی بە تێڕامان و تێفکرینە هەروەها ئاسان نیە کە خوای گەورە کە پێغەمبەری نازدار ﷺ ئاڕاستەی دەکات و پێی دەفەرموێت (فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) سووره الاعراف١٧٦ ئەی محمد باس و خواسی گەلانی ڕابردوویان بۆ باس بکە بەشکوم سوودی بۆیان هەبێت و بیربکەنەوە.

گرنگە بۆ ئێمە کە بەو نەفەسەوە لە مێژوو بکۆڵینەوە، مێژوو گەنزە گەنجە بۆ گۆڕانکاری ئەو ئاوێنەیە کە شوفێری ئوتۆمبێل لە ڕێگەیەوە ئاگاداری دەوروبەری دەبێت، ئەو مەشخەڵەیە کە ئاسەواری خۆمانی پێ ئەبینین، ئەو سونەتەیە کە خوای گەورە باسی لێوە دەکات بۆمان لە قورئانی پیرۆزدا.

١٢٥ ساڵ پێش جەنگی صەلیبیەت دەنگێک بڵاو دەبێتەوە کە گریگۆری ئەکلریۆسی ئاوانبار و دەسەڵاتدار حکومەتێکی سیوقراتی ڕۆژئاوایی دامەزراندوە لەسەردەمی پادشا و کڵێساکان دا، ئەوانەی خوایان کردبوویە خوداو لە جیاتی خوای گەورە فەرمانیان دەردەکرد، بە حسابی خۆیان پاپا خۆێن نەبەبوو ئەوانەی خوایەتی چووەتە لاشەیەوە پەنا دەگرین بە خوای گەورە، پێیان دەوت کورسی پاپەوی و دەفرۆشرانەوە لەوەستان بەڵکولەو حکومەتە سیۆقراتیدانەدا بەهەشتیدان لەسەر زەوی بە مەتر دەفرۆشت، دەستور و یاسا قسەی پاپا بوو، پاپا حەرام و حەڵاڵی دیاری دەکرد، پاپا گریگۆری

شتێکی دەسەپاند بەسەر گەل دا و هەموو شێوەیەک هەموو
خاوەنی دەسەلاتی رەها بوو بە هەموو شێوەیەک هەموو شتێکی دەسەپاند بەسەر گەل دا و
هەمان کاتیشدا هێنری چوارەم پادشاو ئیمپراتۆری گەورەی جێرمەن بوو.
هێنری چوارەم لەو بڕوایەدا بوو کە دەسەلات هەر دەسەڵاتی خۆیەتی پشتیشی بەو ملیۆنها
سەربازانە بەستبوو کەلە لەبەردەستیدا بوون، هێنری چوارەم گەیشتە ئاستێک کە ئیتر هەوڵی
ئەوە بدات کە هیچ ئەرزشێک بۆ گریگۆری پاپا نەهێڵێتەوە، ئەو پاپایەی کە حوکمی نیوەی سەر
زەوی دەکرد. خەڵکانی دەوروبەری زۆر هەوڵ دەدەن کە هێنری بەو شێوەیە بیرنەکاتەوە، چونکە
پاپا دەسەڵاتی خوایەتی هەیەو کە وتی بە خەڵک ئەوە (هەرتەقەیە) کافرە کەست بە دەوریا
نامێنێتەوە، هەروەها پێی دەڵێن دەبێت پاپا پیرۆزی بدات بە دەسەڵاتەکەت، ئەگەر ئەو پیرۆزی
نەدات تۆ هیچ شتێکت پێ ناکرێت، ئەویش لە وەڵام دا پێیان دەڵێت ئەوە قسانێکی بێ مانان و
لەمەولا سەربەخۆ دەبین و رۆما هیچ ئەرزشێکی نامێنێت لەلامان، بەڵکو تەنها ئەڵمانیا ئەرزشی
دەبێت کە ئەوکات پێی دەوترا جێرمەن.
گریگۆری پاپا ئەم قسانە دەبیستێتەوە و زۆر تووڕە دەبێت، قسەی خەڵکەکە بوو کە پاپا وتی
کافرە کەس بە دەوریدا نەما و دەسەڵاتی تەواو لاواز بوو، ئەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ئەورووپا
هێنری چوارەم چۆن چارەسەری ئەمە بکات، گریگۆری پاپا هەواڵدەنێرێت بۆ هێنری چوارەم و
پێی رادەگەیەنێت کە بە یەک مەرج لێی خۆش دەبێت ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لە جێگەو
مەکان و پایتەختی خۆیەوە واتە لە جێرمەنەوە بە پێی پەتی بکەوێتە رێ بۆ لای پاپا بەناو
هەموو شاخ و دۆڵ و دەشتەدا بە سەرماو بە گەرما بکەوێتە رێ تاکو ئەگاتە ئیتاڵیا.
هێنری ناچار دەبێت ئەم فەرمانە قورسەی پاپا قبوڵ بکات بۆ ئەوەی لێخۆشبوونی بەدەست
بهێنێت، بە پێی پەتی دەکەوێتە رێ ئەو هەموو شاخانە دەبڕێت بە شاخی ئەلپاشەوە لە نەمسا
بۆ زالیاریشتان گەورەترین و بەرزترین شاخ لە ئەوروپادا شاخەکانی نەمسایە، هەموو ئەو بەرزو
نزمییە دەبڕێت تاکو دەگاتە بەردەرگەی ئۆقری داری کڵێسای رۆم، سێ رۆژ لەبەردەرگەدا بە باران
و سەرما دەوەستێت کەس نایەت بە هانایەوە، سێ رۆژ دەرگەی بۆ ناکەنەوە دوای سێ رۆژەکە
هێنری ئیمپراتۆری گەورەی جێرمەن دەچێت قاچی پاپا گریگۆری ماچ دەکات، دوای ئەوە سکوکی
غوفرانی دەداتێ، ئەمە دەسەڵات و هێزی پاپاکان بوو لەو سەردەمانەدا.
گریگۆری پاپا بەناو خەڵکی دا بڵاوی دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٠٠٠ی زایینی دا جیهان کۆتایی پێ
دێت، وەکو چۆن لەم سەردەمەشماندا چەند ساڵێکی کەم پێش ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی لە ئەمریکا
کابرایەکی قەشە بڵاوی کردەوە کە لەساڵی ٢٠٠٠ی زایینی کۆتایی جیهانە، بەڵام دوای ئەوەی کە
ساڵی ٢٠٠٠ هات و جیهانش هەروەکو خۆی بوو وتیان نەخێر لە ساڵی ٢٠١٢ ئەمە روو دەدات،
ئەم شتە خەیاڵیانە هەمیشە لەناو مەسیحی یەکاندا بوونیان هەیە، ئەو کاتیش بڵاویان کردەوە کە
لە ساڵی ١٠٠٠ی زایینیدا جیهان کۆتایی پێ دێت، ئەم هەواڵە بڵاوبوویەوە لەناو خەڵکی دا
گریگۆری پاپاش پارەیەکی زۆری دەست کەوت، چونکە خەڵکی هەموو دەچوون بۆ کڕینی بلیتی
سکوکی غوفران کە تەنها لەلای پاپا دەست دەکەوت، هەروەها زەوی بەهەشت و جەهەنەمیان
بە خەڵکی دەفرۆشت، ساڵ بوو بە ١٠٠٠ بەڵام جیهان هەروەکو خۆی بوو و کۆتایی پێ نەهات
بوو بە ١٠٠٢ هەر کۆتایی پێ نەهات، پاپا و دار و دەستەکەی بۆ پەردە پۆشکردنی درۆکەیان

ویان هەڵەیەكمان لە حسابەكەدا كردووە دەی باش بەس هەڵەكە چییە؟ وتیان پێغەمبەری عیسا علیه السلام- لەبەرئەوەی تەمەنی ٣٣ ساڵ بووە كەواتە ئەو ٣٣ ساڵەشی دەچێتە سەر و دەبێتە ١٠٣٣، باشە قەیدی نییە خەڵكە داماوەكە ئەوەندەی تر پارەیان سەرف كرد، تەبعەن هەرلە سەردەمی ئەم پاپاشەوە گریگۆری ئەم ساڵی زاینەی كە ئێستا بەكاری دەهێنین دامەزراوە، پێشتر شتێك نەبووە بەناوی مێژووی زایینی، هەرچەندە باسەكەمان ئەمە نییە بەڵام گرنگە بۆ گۆڕانكاری بزانین كە شەڕی صەلیبیەت چۆن پەیدا بووە.

ساڵ بوو بە ١٠٣٣ كەچی جیهان هەروەكو خۆی بوو، گریگۆری پاپا مرد و كڵێساش توشی پەراجی و خەجاڵەتێكی زۆر بوو تا وای لێهات كە خەڵك بڕواو متمانەی بە كڵێسا نەمێنێ و وردە وردە لێی دوور بكەونەوە، ئەوەی كە ناسراوە بە حەرەكەتی ڕێنیسانس لێرەوە سەری هەڵهێنا، كڵێسا دەسەڵاتی لاواز بوو بۆ گەڕاندنەوەی ڕۆڵی كڵێساش ئەكلریۆسەكان كەوتنە پەل هاوێشتن بۆ ئەوەی ڕۆڵ و دەسەڵات بگەڕێننەوە بۆ كڵێسا، هاتن چییان كرد؟ لەناو خەڵكی دا بڵاویان كردەوە كە نابێت هیچ پادشایەك لە كوڕە گەورەی زیاتر هیچ كوڕێكی تری دەسەڵات وەربگرێت دوای مردنی، ئەم بڕیارە بووە ئەزمەیەكی زۆر گەورە لەناو وڵاتدا، ئیمارەت تەنها بۆ كوڕە گەورە بوو، تۆ سەیری ئەم فێڵە بكەن كە دروستیان كرد، پاشان ویستیان حاجی یەكانی مەسیحی تەبعەن چۆن موسوڵمانان دەچنە وڵاتی سعودیە بۆ حەجكردن ئەوانیش حەجیان دەكرد لە وڵاتی فەلەستین، كە ئەچنە ئەوێ موسوڵمانەكان ڕێگریان لێ دەكەن تەبعەن ئەمەش هەر دروست كراو بوو چونكە هەرگیز موسوڵمانان ڕێگرییان لێ نەكردوون، بەڵام ئەمانە ئیشیان بەم سیناریۆیە بوو هەروەها تموحی جیهانییان خستە ناو خەڵكەوە بەوەی كە ئەو خاكە واتە خاكی فەلەستین خاكێكە وەكو عەرەب دەڵێت پڕیەتی لە عەسەل و لبن واتە هەموو خواردنێكی تێدایە لە نان و شیر و هەنگوین و ...هتد.

دوای ئەوە لە فەڕەنسا كۆنگرەیەكیان بەست كە چۆن بچنە ئەو جێگەیە، ئەمارەتێدان ئەماوە كوڕە ئەمیرەكانیان بەگزادەكانیان چی بكەن خۆیان كۆكردەوە بۆ شەڕ و داگیركردنی جێگەیەك لە خاكی موسوڵمانانە، موسوڵمانانیش لەگوێی گادا خەوتوون و ئاگایان لە هیچ نییە و هەر شەڕێكی خۆخۆرین لەم ناوچانەدا، لە وڵاتێكی بچووكی وەكو سووریا بەدەیان ئەمارەتی تێدا دامەزراوە یەكیان ناوی عەككایە یەكیان ناوی ئەنتالیایە یەكێك بەیروتە یەكیان ناوی دیمەشقە یەكیان ناوی حەلەبە، حەلەب جیا بوو لە حەما، حەما جیا بوو لە حمص، ئەمانە هەموو ئەمارەتی بچووك بچووك بوون، جاری وا هەبوو دێیەك سەربەخۆ بۆ خۆی ئەمارەتێكی هەبوو، هەموویان سەرقاڵ كرابوون بە یەكەوە، ئەم برا ئەو برای دەكوشت ئەو ئەوی تری لەناو دەبرد، دینداری ئەواو لاواز بووبوو، زانایان هیچ ئەرزشێكیان نەمابوو، جاری وا هەبوو لەسەر شتێكی سادەو هەبت سێ ڕۆژ مونازەرەیان دەكرت، بۆ نمونە لەسەر پەنجە جوڵاندن لە كاتی نوێژدا یاخود لە نوێژدا دەست بگیرێت، خۆ دیاریشە هیچ كەسێك لەسەر ئەمە پەروەردە نابێت، جگە لەمە خەڵكێكیان سەرقاڵ كردبوو بە شتی فەلسەفی و ئەفكار و مەنتیق و ...هتد.

لەم حاڵی موسوڵمانان بوو دوژمنیش خۆیان ئامادە كرد و كەوتنە ڕێ بە سەركردایەتی چەند ئسقوفێك، ئوسقوف بەو كەسانە دەوترێت لەناو ئاینی مەسیحی دا كە پلەیان لە پاپا بچووكترە،

دروشمی رزگارکردنی مەسیح یان بەرزکردە وە، پێشیان وابوو کە مەسیح لەو شوێنەوە زیندوو دەبێتەوە، هەریەکەشیان هەڵگری خاچ صەلیب-ێک بوو بۆیە لە مێژوودا بە خاچ پەرستەکان ناسراون، دەکەونە رێ بەرەو خاکی موسوڵمانان، هاتوون بۆ ئیبادەکردن و لەناوبردن و داگیرکردنی خاکی موسوڵمانان، بەخۆرهەڵاتی ئەوروپادا دەکەونە رێ بەڵام تاکو دەگەنە شوێنی مەبەست لە خەڵکی خۆشیان هەرکەسێک بکەوتایە بەردەستیان دەیانکوشت و لەناویان دەبرد تەنانەت ئەوەندە درندانە پەروەردە کرابوون کەلەناو خۆشیاندا لەیەکتریان دەکوشت لەسەر بچووکترین جیاوازی یان لەسەر شتێکی زۆر سادە.

خاچپەرستان بە خاچەکانیانەوە بە خۆرهەڵاتی ئەوروپادا تێپەڕ بوون، تەنها بە هۆی جیاوازی مەزهەبی لە خەڵکی خۆیان دەکوشت، خۆ هەردوولا مەسیحی بوون بەڵام ئەمان لەسەر مەزهەبی پرۆتستانت و ئەوانیش ئۆرتۆدۆکسی بوون، بەڵام دوای ئەوە هەردوو کەنیسەی خۆرهەڵات و رۆژئاوا لەسەر هێرش کردنە سەر موسوڵمانان و داگیرکردنی خاکەکەیان رێکەوتن بەهەرحاڵ درێژە بەو ناکۆکییە گەورەیەی کە لە نێوانیدا بووهەرچۆنێک بوو لە دژی موسوڵمانان یەکیان گرت و کۆتاییان بە کێشەو ناکۆکییەکانیان هێناو بەرەو خاکی موسوڵمانان کەوتنە رێ بە ناوچەکانی ئەنتالیا و ئالانیا و سیدە و عەککا تێپەڕ بوون تاکو گەیشتنە فەلەستین بەبێ ئەوەی یەک موسوڵمان لە دژیان بجوڵێ و حەرەکەت بکات، وەکو باسمان کرد خاکی موسوڵمانان پارچە پارچە بووبوو، هەرپارچەیەکیش یەکێک حوکمی تێدا دەکرد، کاتێک کە خاچپەرستەکانیش هێرشیان کرد هەریەکە و لە خەمی پارچەی خۆیدا بوو.

باسمان کرد کە بڕیاری پاپا جگە لە کوڕی گەورە کەس بۆی نییە ئەمارەت وەربگرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەوروپا بەگشتی ئەو مافەیان هەبێت و بەدوای ئەمارەت دا بگەڕێن، هەر ئەم ئوحەش بوو وای کرد کە خەڵکی بە گروتینێکەوە بەشداری بکەن لەو حەملە خاچ پەرستیەدا، بەڵێ توانیان زۆرێک لە خاکی موسوڵمانان داگیر بکەن، لەوکاتەدا خیلافەتی عەباسی ئەرزێکی وای نەمابوو دەسەڵات لەلایەن بوەیهی و سامانیەکانەوە مومارەسە دەکرا، لەولاشەوە لە میسر دەوڵەتی فاتمی دەستی تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ خاچپەرستەکاندا لە ناوچەکانی دیمەشقیش دەوڵەتێکی تر حوکمی دەکرد بە ناوی حەمدانیەکان کە شیعەی ئیسماعیلی بوون، ئەمانەش بۆ خۆیان دەوڵەتێکی گەندەڵ بوون، ناوچەکانی ناوەڕاستیش کە کۆمەڵێک شوێنی بچووک بچووک بوون لەلایەن کوڕانی توتوش-ەوە حوکم دەکران، یەکێکیان بەناوی رضوان یەکیان بەناوی عەباد ئەم دووانە هەتا بڵێیت خراپەکار و دوور لە خوا بوون، مەشروب خۆر و داوێن پیس بوون ئاگایان لە دەسەڵات و سوڵتەی خۆیان نەبوو، ئەمە باروودۆخی موسوڵمانان بوو، ئەو کاتە پێویستی بە گۆڕانکاری بوو ئەی کێ دەبێت بەم گۆڕانکارییە هەڵسێت لەناو ئەم زەمەنە جەنجاڵەدا؟!

دەگەڕێینەوە بۆ ئەندەلوس ئەوەمان بۆ وێنا کردن بە هۆکاری ئەوەی کە خاچپەرستەکان هاتنە ناو خاکی موسوڵمانانەوە و موسوڵمانانیش پارچە پارچە و گەندەڵ بوون، ئەنواعی خراپەکاری تێیاندا سەری هەڵدابوو بە جۆرێک چەتەی تایبەتیان دروست دەکرد بۆ دزینی هەوجار و ئەسپ و مەڕو ماڵاتی یەکتر، لە حاڵەتێکدا ئەگەر سوپا و سەربازییان بۆ یەکتری نەجوڵاندایە ئەو

چەتیان بەرانبەر بە یەک بەكاردەهێنا، خۆ هەر موسوڵمان بوون كوڕی یەک جێگە بوون، ئەی چ سەبەبێك وای لێكردن وا مامەڵە بكەن لەگەڵ یەكتریدا؟ خۆشەویستی دنیا سەرقاڵبوون بە ژیانەوە، ئەمان و ونبوونی ڕۆڵی زانا، ئەگەر زانا دەورو ڕۆڵی نەما لە كۆمەڵگەدا ئەوە بەرهەم دێت. زانا نەمابوو هەموویان بوو بوونە كاسە لێسی سوڵتانەكان، بۆیە كاتێک ئیمامی مالیک -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە شاری مەدینەدا دادەنیشێت دەسەڵاتی شار بانگی دەكات، ئەویش ڕەسوڵ دەنێرێت بۆی و پێی دەڵێت: (العلم یأتی لایؤتی) واتە: ئەوەی كە زانستی دەوێت دەبێت بێت بۆ لای نەک بیەوێت زانستەكە بچێت بۆ لای ئەو)، ئیمامی غەزالی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە ڕابردوودا باسمان كە خۆی خەڵكی دادەمەزراند بۆئەوەی ببنە حاكم و دەسەڵاتدار، بەڵێ دەبێت زانا ڕێزلێگیراو و دانشمەند بێت پێویستە خۆی بچووک نەكاتەوە و لە ئاستێكدا بێت كە خەڵكی گوێی بۆ بگرن، چەند لەو دەسەڵاتدار و ئیمپراتۆرانەی كە حوكمی بەڕو بەحریان دەكرد و خەڵكیان دەكردە كۆیلەی خۆیان ناویان ماوە؟ لەبەرانبەردا كێ دەتوانێت ناوی عاڵمێكی وەكو ئیمامی شافیعی ون بكات لەبەرئەوەی بە عیلم و زانستەكەی گۆڕانكاری بەرپا كرد؟ كێ دەتوانێ ناوی ئیمامی ئەبو حەنیفە بسڕێتەوە لە مێژوودا، یاخود ئیمامی ئەحمەد یان حەسەنی بەسری؟ ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت. ئەمانە بۆ خوا سوڵحاو بوون بۆیە هەتا هەتایە ناویان هەر لەنێو پەڕەكانی مێژوودا دەمێنێتەوە، لە هەمان كاتدا بە دەیان ناوی وەكو المستنجد بالله، المستنصربالله، المستعصم بالله، عاضد و... هتد هەموو ئەم ناوە زل و مەرموقانە كوا ناویان كێ دەیانناسێ؟ با دەسەڵاتدار و سیاسیش بوو بن، ئەی ئەو زانایانەی تر كە هەرخەریكی كاسە لێسی بوون بۆ سوڵتان و كاربەدەستەكان خۆ ئەوانیش خاوەن عیلم و زانست بوون، بەڵام بۆ ناویان نەما؟ زانا بەڕێزەكان دەبێت ئاگاداری ئەوەبن كە ئەركیان قورسە، ئەوان میراتگری زانستەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەبێت ئەوان ئەو زانستە بگەیەنن.

مرۆڤی موسوڵمان دەبێت بۆ جیهاد و تێكۆشان و خەبات و گۆڕانكاری پێش هەموو كەسێك پەروەردەی خۆی بكات و لە ناخ و دڵ و دەروونی دا ڕەنگ بداتەوە لە خواناسی، ڕەوشت، عەقیدەی پاک و بێگەرد ئەمانە دەبێت لە خۆیدا ڕەنگیان دابێتەوە پاشان سیفاتەكانی تر وەكو ئیرادە، ئیخلاص، تەجەرود، بەخشین و ...هتد تێدا هەبێت، هەرعیزەتی ئیسلامەكە بوو ناخی ئیبن عەبادی جوڵاند لەناو ئەم قسەیەی ئەلفۆنسۆ نۆقرەی لێ بڕا، خۆ ئەگەر موسوڵمان خراپەكاریش بێت قبوڵ ناكات كە كەرامەتی ئیسلامەكەی بشكێنرێت.

ناوچەكانی ئەندەلوس بەرەو ناوچەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەجێ دەهێڵین و باسمان كرد كە حاڵی موسوڵمانان لەو ناوچەیەشدا لە موسوڵمانانی ئەندەلوس باشتر نەبوو وە بە هیلاكەت چوو بوون بەڵام هەركاتێک ئوممەت بەم شێوەیەی لێهاتبێت خوای گەورە فریاد ڕەسێكی ناردووە بۆ زیندووكردنەوە و وریاكردنەوە ئوممەتەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵێ كەسێک لە ناوچەی فورس لێران سەردەردەهێنێ بەناوی ئەلب ئەرسەلان، ئەلب ئەرسەلان پیاوێكی زۆر بەڕێز و موخلیس بوو، توانی پادشای قوستەنتەنیە بە دیل بگرێت و بە یەک ملیۆن دیناری ئاڵتونی ئەو سەردەمە ئازادی بكات، بەڵام خەڵكی قوستەنتەنیە كە وەریان گرتەوە یەكسەر كوشتیان و ونیان لێنە پادشای ئەسیر و دیلمان ناوێت، ئەلب ئەرسەلان ناوی بەرز بووەوە، لەو كاتەشدا دەوڵەتی

عەباسی وەکو رەمز بوو زۆر لاواز بوو، هیچ ئیشێکی پێ هەڵ نەدەسوڕا، شیعە ئیسماعیلیەکان و شیعە بوەیهیەکان و سامانیەکان دەسەڵاتە لاوازەکەی عەباسیەکانیان قۆستبووەوە بۆ خۆیان و حوکمیان دەکرد.

وەکو چۆن ئێستە دەڵێیت وڵاتی ئینگلتەرا دەسەڵاتی پادشایی هەیە، بەڵام پادشاکەی رەمزییە و هیچ کارێکی پێ ناکرێت یان سوید و دانیمارک و نەرویج کە مەلیکەکانیان رەمزین و مونەسەساتی مەدەنی و حکومی هەڵدەستێ بە راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی دەوڵەت، دەوڵەتی عەباسی ئەوکاتیش بەو شێوەیە بوو. بەتایبەتی دوای ٢٥٠ ساڵ لە حوکمکردن لە سەردەمی کوڕەزاکانی هارونە رەشید دا المعتصم بالله، المتوکل عل الله بەتایبەتی بێ هێز و لاواز بوو، لە سەردەمی ئەمانەدا دەسەڵات تەنها رەمزی بوو و دەسەڵاتی فەرمی کەوتە دەست بوەیهی و سامانیەکان، هەندێک جار ئەوەندە لاواز بوون شیعە فاطمییەکان لە میسرەوە ئەوجیهاتیان دەگەیاندە شاری بەغداد.

دەمێک لەمێژووی عەباسی، تا هاتنی صەلاحەدینی ئەیوبی و مەمالیک

کارەکتەری شانۆی گۆڕنکاری: صەلاحەدینی ئەیوبی

صەلاحەدینی ئەیوبی کەسێک بوو ڕێچکەی مێژووی گۆڕی، کەسێک نییە لەم جیهانەدا صەلاحەدینی ئەیوبی نەناسێ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باکوور و باشوور و هەموو جێگەکانی جیهان، کە ناوی صەلاحەدینی ئەیوبی دەبەیت لە ناو ویقار و ڕێز و توانا و ئازایەتی و بەهێزی و بیداری و زانستی لەهەموو لایەکانەوە دەیناسن، وە خۆشەویستە لە دڵی هەموولایەکدا، بەڵکو لەدڵی دوژمنانیشدا خۆشەویستە، ئەوەندەش ترسی خستبووە ناو دڵی دوژمنانییەوە تا جێۆ، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی فەڕەنسا ئەگەڕێتەوە لەکاتی داگیرکردنی سووریادا دەچێتە سەر قەبرەکەی و دەڵێت: گەڕاینەوە ئەی صلاح الدین .

کاتێک باس لە صەلاحەدینی ئەیوبی ئەکەین نابێت بەجۆرێک بێت وەک چیرۆکێکی بەر ئاگردان باس بکەین، نا؛ بەڵکو دەبێت سوود لە مێژووەکەی وەر بگرین، پێویستە بەشێوەیەک باسی لێوەبکەین کە صلاح الدین ئەیوبی چی کردوە بۆ سەرکەوتن و چۆن هەوڵی داوە ئێمەش وا هەوڵ بدەین[*] .

---

[*] نەک بەو شێوەیە کە وەک ئەحمەد مطر لەشعرێکدا دەڵێت:

وجوهكم أقنعه بالغه المرونه

طلاؤها حصافه، وقعرها رعونه

صفق إبليس لها مندهشا، وباعكم فنونه

وقال : إني راحل، ما عاد لي دور هنا، دوري أنا أنتم ستلعبونه

ودارت الأدوار فوق أوجه قاسيه، تعدلها من تحتكم ليونه ،

فكلما نام العدو بينكم رحتم تقرعونه ،

لكنكم تجرون ألف قرعه لمن ينام دونه

وغايه الخشونه

أن تندبوا : " قم يا صلاح الدين ، قم ، حتى اشتكى مرقده من حوله العفونه ،

كم مره في العام توقظونه

كم مره على جدار الجبن تجلدونه

أيطلب الأحياء من أمواتهم معونه

دعوا صلاح الدين في ترابه واحترموا سكونه

لأنه لو قام حقا بينكم فسوف تقتلونه

شیعرەکەم بەلاوە جوانە کۆتاییەکەیم بەلاوە مەبەستە واتا: هەموو جارێک بانگی صەلاحەدین ئەکەین وهاواری لێ ئەکەین و پێی ئەڵێین،هەتا ئەوانەشی لەدەوری مەرقەدەکەیانەش ئیتر بێزار بوون لەبانگکردنی ئێوە ئەوەندە هاوارتان کرد بڵێن صەلاحە دین دەهەڵسەرەوە، چەندێک ئێوە داوا ئەکەن لە صەلاحە دین دەهەڵسە لەجێگاو شوێنی خۆتدا قودسمان بۆ ئازاد بکە! چەند جار لەناو ترسنۆکی ئێوەتانا داوا ئەکەن لە صەلاحە دین ئەیوبی کە ئەو هەڵسێتەوە بۆ بەدەمتانەوە بێت بە هاوار تانەوە بێت، ئایا قەد ڕوویداوە زیندووەکان داوابکەن لە مردووەکان یان هاواریان لێ بکەن بۆ ئەوەی

دەبێت مێژووەکەی پرۆژەیەک بێت بۆمان و لێوەی فێر بین کەچۆن ئەو توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئێمەش بتوانین جێگەی ئەو پیاوە بەرزە و ئەو باپیرە گەورەمان کەهەر جێگەیەکی ئەم جیهانییەدا ئەڕۆین پێمان دەڵێن ئێوە کێن؟ ئێمەش ئەڵێین کوردین و نەوەی صەلاحەدینی ئەیوبین، ئەمە بۆ خۆی جێگەی شانازی وشەرەفە بۆ ئێمە، چونکە صەلاحەدینی ئەیوبی خاوەنی ئیسلامەکەیەو سەربەرزی کردوینەتەوە لەناو جیهانی ئیسلامدا.

کاتێ باسی صەلاحەدینی ئەیوبی ئەکەین بەم شێوە قورئانییە کە خوای گەورە پێمان ئەفەرموێ:

﴿وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ ۚ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ۚ فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ الأعراف

واتە: خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و (دەستی کرد بەدنیا پەرستی و) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیابدا هەڵبشاخێیت هەناسە برکێیەتی (زمان دەردەکێشێت)، یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر هەناسە برکێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی (دابچڵەکێن و) بیربکەنەوە.

ئێمەش بەهەمان شێوە، کە باس لە ژیاننامەی کەسێکی بەڕێزی کورد ئەکەین، کە صەلاحەدینی ئەیوبییە، هیچ کەسێکیش نییە لەم جیهاندا نەیناسێ، بەڵام جێگەی داخە ئێمە خۆمان سەرگەردان ئەکەین ودەڵێن جا صەلاحەدینی ئەیوبی چی کردووە بۆ کورد؟ لەکاتێکیشدا ئێمە ئەمانەوێ کێشەی ڕەوای وڵاتی خۆمان بناسێنین بەوڵاتانی تری جیهان هیچ کەسێک کێشە ڕەواکەمان ناناسێنێت تەنها کەسێکی وەک صەلاحەدین نەبێت.

شایەنی باسە ئەگەر بمانەوێت باسەکەمان باسێک بێت لەڕهوش و زەمەنی دروست بوونی صەلاحەدینی ئەیوبی پێویستە باسێکی بارودۆخی جیهانی ئیسلامی بکەین، بۆئەوەی بزانین صەلاحەدینی ئەیوبی ونەوکەسانەی کەئەویان پەروەردە کردووە چۆن توانیویانە ئەو بارودۆخە برەخسێنن کە کەسانێکی وەکو صەلاحەدینی ئەیوبی تیدا درووست بێت، ئاینی خوای گەورە کاتێک کە ئەیبەخشێ بەخەڵک بۆئەوەی دەستی پێوەبگرن وسەربەرزیان بکات ئەمە نیعمەتە ئەگەر سوپاسگوزاری بکەی خوای گەورە دەسەڵات وهێزت پێ دەبەخشێت ئەگەر پشت لە ئاینەکەشت ئەکرێ خوای گەورە زەلیلت ئەکات، بیروباوەڕێک جێگەی دەگرێتەوە وەک دیموکراسی وعەلمانییەت و وڵاتی موسوڵمانانی پێ زەلیل ئەکات. لەبەر ئەوەی موسوڵمان دەست ناگرن بە دینی خوای گەورەوە، حوکمی خوای گەورەش هەڵە. ئەم هەڵەش یەک دووجار بێت ئەبەخشێ، بەڵام ئەگەر لەئاستیدا ئەبوویت ئەوا تەواو.

---

[1] بەهاوارمانەوە بێت، دەواز لە صەلاحەدین بێنن و با لە ناو خاک وخۆڵی خۆیدا بێت و ڕیزی بگرن، لەناو یەدەنگی خۆیا بێت. هەروەها ئەحمەد مطر ئەڵێ: لأنه لو قام حقا بینکم فسوف تقتلونه ئەگەر بێتو صەلاحەدینی ئەیوبی هەڵسێت و بێتەوە ناوتان دڵنیاتان ئەکەم کە ئێوە صەلاحەدینی ئەیوبی ئەکوژن.

هَا أَنتُمْ هَؤُلَاء تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاء وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ ﴿٣٨﴾ محمد. واته: ئا ئەوەتە ئێوە بانگ دەكرێن لە پێناوی خوادا تا بەخشینتان هەبێت، كەچی هەتانە ڕەزیل و بەرچاو تەنگە، خۆ ئەوەی ڕەزیل و بەرچاو تەنگ بێت، ئەوە ڕەزیلیی لە خۆی دەكات و (زەرەر لەخۆی دەدات)، چونكە خوا خۆی دەوڵەمەندو بێنیازە، هەر ئێوەن كە هەژارو نەدارو كەمدەستن..جا ئەگەر پشت هەڵكەن لەم دین و بەرنامەیە، خوا كەسانی چاكتر لە ئێوە دەهێنێتە مەیدان، كە بەهیچ شێوەیەك لە ئێوە ناچن و وەك ئێوە نابن.

كاتێک باسی صەڵاحەددینی ئەیوبی ئەكەین وەک ئەوە نییە باسی چیرۆكێک یان ئەفسانەیەک بێت، بەڵكو باسێكی هەمە لایەنە لە هەموو فەرهەنگەكانی ژیان لە سیاسەت، سەربازی، كۆمەڵایەتی، دینداری وە هەروەها، باس لە خەبات و جیهادێكە كە گەلانێكی پێ سەربەرز بوون، ئەمە ئەوەمان بۆ دەرئەخات كە بزوتنەوە و جیهادی هەتاوەكو سەردەمی رووخاندنی خیلافەتی ئیسلامی دوای خیلافەتی ئیسلامیش تەنها ماوەی٤٠ بۆ ٥٠ساڵێک نەبێت هەمیشە لەناوكوردیشدا بەردەوام بووە پارێزەری ئەهلی سوننەو جەماعەت بووە.

جیهانی ئیسلامی لەسەرەتاوە شیعە داگیری كردبوو بەهەموو شێوەک: تەنها لە هەندێک جێگەی كەمدا نەبێت شیعە نەیدەتوانی دەسەڵاتی هەبێت، باقی جێگەكانی تری جیهانی ئیسلامی هەمووی دەستی بەسەردا گرتبوو لە مۆریتانیاوە هەتا وەكو فەڵەستین، لوبنان و سووریا بەدەستی فاطمییەكان و عوبەیدییەكانەوە بوو. عوبەیدییەكان شیعەی اسماعیلی بوون لەقەرامیتەكانەوە جیاببوونەوە پێیان وابوو لەسەری موسای كاظمەوە ئەو ئیمامەتە گوازراوەتەوە بۆ اسماعیلی برای وە ئیمامەتەكە ئەدرایە دەست ئەوان لەولاشەوە قەرامیتەكان لەبەحرەین، جەزیرەی عەرەبی، مەككە و مەدینەوە تادەگاتە یەمەن و ناوچەكانی تری ئەحباش داگیریان كردبوو باوەڕیان بە حلول هەبوو كە محمد تاهیری جەنابی بووبووە دەسەڵاتداریان خوشی بە خوا دەزانی پێیان وابوو كە خوا لەگەڵ لاشەی تێكەڵ بووە، تەنانەت باوەڕیان بەبوونی خوا نەبوو زۆرێک لەئەهلی سوننەو جەماعەت كە ئەچوون بۆ حەج لەناو حەوشی كەعبە دا هەڵیان ئەواسین بە كەعبەدا هەتا محمدي تاهیری جەنابی هاواری ئەكرد لەحەوشی كەعبەدا ئەیووت: من خوای گەورەی ئێوەم كوانێ طیرول ئەبابیل بۆ نایەت، وە بەردە ڕەشەكەیان دزی بۆماوەی ٢٠ بۆ ٢٢ ساڵ بردیان بۆ بەحرەین لەوێ مایەوە وە پاشان ئەو بەردەیان كرد بە ١١ پارچەوە، دواتر لەكۆتاییدا گەڕاندیانەوە بۆ جێگەی خۆی .

ناوچەی عێراق لەبەصرە و ئەهواز و ناوچەكانی تری بەندەر عەباسی ئێرانی ئێستا تا دەگاتە وە كوردستان بەدەستی سامانییەكان و بووهەینیەكانەوە بوو شیعە بوون هەموو ئەم جێگەیانە بەتەواوەتی شیعە داگیری كردبوو، دەستی گرتبوو بەسەریا هەتا ناو ماڵی خیلافەتی ئیسلامی كە عەباسی بوو كە پیاوانێكی شیعی وەزیری بوون و ئەیانبرد بەڕێوە لەدوای سەدەی سێیەمی كۆچییەوە خیلافەتی عەباسی هیچ ئەرزشێكی نەمابوو لەناو خەڵكی دا ئەوەی حوكمی ئەكرد شیعە بوون، تەنانەت خیلافەتی فاطمییەكانیش هیچ ئەرزشێكی نەبوو ئەوەی حوكمی ئەكرد تەنها وەزیرەكان بوون واتە شەرە وەزیر بوو خیلافەتەكان وەک ڕەمزی لێهاتبوو، خیلافەتی

نەرمونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان که عەباسییەکان بوون هەر دەسەڵاتی شیعەش کە لە فاطمی بوو وە خیلافەتی سونییەکانیش کە عەباسییەکان بوون هەر دەسەڵاتی ڕەمزی بوون ئەوانەی کە ئیشیان ئەکرد زیاتر سوڵتانەکان و ئەمیرەکان و وەزیرەکان بوون خەلایفە هیچ ئەرزشی نەبوو وەزیاتر دەوڵەتەکان بوون. هێزو توانای ئەمیرەکان و سوڵتانەکان بوون کە ئیش یان ئەکردوو وەزیریان دائەناو پۆست و شوێنیان ئەگۆڕی جیهانی ئیسلامی وای لێ هاتبوو.

بەم شێوە لەدوای سەدەی سێیەمەوە. دەوڵەتێکی تر دروست بوو بەناوی دەوڵەتی حەمدانی لەناوچەکانی موصل، حەڵەب و دیمەشقدا دەوڵەتێکی نوصەیری شیعی بوو، زانایانی ئیسلامی زوربەی زۆریان لەئەهلی ئیسلام ئەم کۆمەڵە دەکەنە دەرەوەی ئیسلام و تەکفیریان دەکەن، باوەڕیان وایە کە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک لەئیسلامدا نین .

ئەوەی کەمابوو بەشێکی بچووک لەزەوی کە کوڕەکانی مەحموودی غەزنەوی لەدوای ئەوانی کەناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، کۆمەڵێک لەکوڕانی ئەو سەریان دەرهێناو وردە وردە پارێزەری ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون. لێرەدا باسی یەکێک لەو کەسایەتییانە ئەکەین کە ئەستێرەی لە ئاسمانی ئەهلی سوننەت و جەماعەدا ئەدرەوشێتەوە و ئەویش کەسێک بوو بەناوی ئەلب ئەرسەلان.

ئەلب ئەرسەلان ئەو کەسە بوو کەتوانی لەسەر دەستی خۆیدا شیعەی بوەهیی و سامانی بەکار بەراوێز بخات، وەزیرێک بۆ دەوڵەتی عەباسی دابنێت وە هێرشی خستە ناو دەوڵەتی عەباسییەوە لە ڕێگەی وەزیرەکەیەوە کەئەویش وەزیرێکی هەبوو بەناوی نیزامول مولک کەتوانی دوو قوتابخانە دروست بکات لەبغداد کەپێی ئەوترێ قوتابخانەی نیزامییەکان وردە وردە ئەستێرەی ئەم بنەماڵەیە بەرز دەبوویەوە و لەتورکمانەکان بوون غەزنەوی و سەلجوقییەکان بوون ئەو کەسانەشی کەهاوکاری سەلاجیقەکانی تورکمان بوون بێ گومان کوردەکان بوون کەلەدوای دا دەوڵەتێک یان لێ جیا ئەبێتەوە بەناوی سەلاجیقەی کورد لەمێژوودا خاوەن دەسەڵات بوون .

شایەنی باسە لەسەردەمی صەلاحەدین دا تەنانەت پێش ئەویش ئەنگی بووە باسی تورک وکورد و عەرەب بکرێ، چونکە لای خەڵکی مرۆڤایەتی و ناسینی گەل تەنها لەسەر بنچینەی دینداری بووە. لەهیچ زندو مەڵبەندێکی موسوڵمانان دا شوێنی سنور نەبووە تاوەکو داوای پەنابەری لێ بکرێ، پارەی هەموو وڵاتانی ئیسلامی و سەڵتەنەتەکانی ئیسلامی لەلای یەکتر بەکارهاتووە لە هیچ جێگەیەکدا نوتێل نەبووە جگە لەکاروان سەرا، کاروان سەراش بەخۆڕای خەڵک تێدا بەتوە تەنها پارەیان لە ئالیکی و ئالف و خۆراکی ئاژەڵەکان و خواردنی مرۆڤەکان وەرگرتووە باقی جێگەکانی تر ئەبوایە دەوڵەتی ئیسلامی بۆ خەڵکی دابین بکردایە ئەمە شارستانییەتی ئیسلامییە.

لەدوای مردنی ئەلب ئەرسەلان - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کوڕێک لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت بەناوی پادشا شا وەکو باوکی کەسێکی دیندارو پارێزەری ئەهلی سوننەت و جەماعەت بووە. وردە وردە دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد، برایەکی هەبوو بەناوی توتوش لەدوای مردنی خۆی توتوشی برای کەسێکی خراپ و مەی خۆر و سەرسەری وداوێن پیس بوو. توتوش دوو کوڕە

هەبوو یەكیان ئەبێت بەوالی لە حەڵەب ئەوی تریان ئەبێت بەوالی لە دیمەشق، دواتر هەردووكیان دەست تێكەڵ دەكەن لەگەڵ نەسارایەكان ئەو گرنگییەیان نامێنێت وەكو ڕێبازی باوكیان نەبوون نەڕۆشتوون، بەڵام مەلیک شا كەسێک لەدوای خۆی دروست ئەكات ئەوكەسەش بەناوی ال توغرول بۆ ماوەیەک سەرپەرشتی ناوچەكانی حەڵەب وموصل ئەكات ئەم كەسە بەرێزە كۆمەڵێک پیاوی پیاوانە دروست ئەكات لەدوای خۆی كە هەمووم وجاهید بوون لەكورد وتوركمان بوون لەوانە عودەی كوڕی موسافیر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- كە ئێستا یەزیدییەكان لە لالش قەبرەكەی ئەو ئەپەرستن، لەو كەسانەی كە لەو ناوچانە دابوون مەمدوحی كوڕی تونتیكین و هەروەها كۆمەڵێكی تر لەوكەسانەی كە لەسەر ڕێبازی جیهاد و خەبات پەروەردە بوون، لەسەردەمی توركمانەكانیش كە هەر لەو ناوچەنەدا بوون هەموویان پێكەوە خەریكی جیهاد و خەبات وكۆشش بوون بۆ بەرزكردنەوەی لا الە الا اللە لە بەرانبەر باطنی‌یەكان و نەسارایەكان، چونكە شیعە باطنی یەكان دەستەیەک بوون لە فاطمییەكان جیابوونەوە، هۆزی نزاری بوون جیابوونەوە بۆئەوەی شەڕبفرۆشن بە موسوڵمانان زۆرێک لەموسوڵمانان هەتا لەسەردەمی ئەلب ئەرسەلان و دوای ئەلب ئەرسەلانیش هەر بەدەستی فاطمییەكان و باطنیەكانیش تیرۆر كران، وەک نیزام الملک بریندار ئەكرێ و بەدەستی ئەوان شەهید ئەكرێ دواتر مەلیک شا و توتوش هەربەدەستی باطنییەكان تیرۆر ئەكرێن، بەڵام دواتر ڕضوانی كوڕی توتوش دەبێتە یەكێک لەباطنییەكان و شوێن حسن كوڕی صباح ئەكەوێت، لەدوایشدا هەر بەهەلاكەت ئەڕوات. بەڵام ئال توغرول بۆماوەی ٣ ساڵ حەڵەب ئەگرێتە دەست لەدوای ئەوەی درێژی نامێنێت ئال توغرول باپیری عیماد الدینی زەنكی یە باوكی عیمادەدین زەنكی ناوی اق سنقر بووە، بەڵام لەدوای ئەوەی مەلیک شا دێ لەو سەردەمەیا پارچە پارچەی ئەكەوێتە نێوان هەموو كوڕانی سەلجوقی بەتایبەتی لەنێوانی كوڕانی پادشا شا و توتوش دا وە لەنێوان ئەوانی تریشدا كە لە بنەماڵەی سەلاجیقەكانن سێ بۆچوار دەوڵەتی سەلاجیقە جیا ئەبێتەوە لەكاتی ئەوانا كۆمەڵێكی تر جیا ئەبنەوە موصڵ ئەكەوێتە بەردەستیان كەپێ یان ئەوترێ سەلاجیقەی ناوچەكانی مووسڵ.

یەكێک لەو كەسانەی كە ئەیەوێ ئەو دەسەڵاتە بیات بەڕێوە كەسێک بوو بەناوی كەتبوغە كە یەكێە لەوكەسە موجاهیدانەی كەدژی صەلیبییەكان بوو بۆ ماوەیەكی زۆر دوروو درێژ جیهاد و خەبات ئەكات لە ساڵی ٤٨٩-٤٩٥كۆچی، دەوڵەتی كەتبوغە لەموصڵ دا توانی بەتەواوی لاوازی بخاتە هێزو دڵی خاچ دروشمان و بیان شكێنێ و لاوازیان بكات لە ناوچەكە، بەڵام كەتبوغە لەبەر ئەوەی حوكم و دەسەڵاتیشی كەم بوو كەسێک دێتە جێگەی كەتبوغە بە ناوی شمس الدولەیە بە جكرمش- ناسراوە، جكرمش یەكێكە لە توركمانەكان لەساڵی٤٥٩ كۆچی، لەدوای كەتبوغە دەسەڵات ئەگرێتە دەست تا ساڵی ٥٠٠كۆچی، لەدوای ئەوەی كەشمس الدولە كۆتایی بەدەسەڵاتەكەی دێت ئەم كەسایەتیدانە كەتبوغە و جكرمش هەموویان تورک بوون وە هیچ یان توانیبوێتی دەسەڵاتی ناوچەی موصڵی سەلاجیقە بگرێت بەدەست خۆیەوە كە پێی ئەوترێ كوڕی یەكتری نەبوون. ئەمانە دەوڵەتی هێزو توانا بوون هەركەسێک نفوز و هێزی هەبووبێ

ناوچەی مەراغەیان ناوچەی ئازەربایجان ئەگرێتەوە هەتا موصڵ بەدەستیانەوە بووە کەزۆربەی زۆری ناوچە کوردییەکانیشی گرتۆتەوە.
لەدوای جکرمش کەسێکی تر دەسەڵاتی مووسڵ ئەگرێتە دەست بەناوی قطب الدین مەسود لەساڵی ٥٠١-٥٠٧ کۆچی، دەسەڵاتی بەدەستەوەیە دوای ئەواق سنقر برسقی کە باوکی عیمادەدین زەنگی یە هەروەها ئەمیش ئەکوژرێ بەدەستی شیعەکان، عیمادەدین زەنگی لەو کاتە منداڵە کەسێک دەسەڵات ئەگرێتە دەست بەناوی عیزالدین مەسعود ئەمیش کەسێکی زیرەك و ئازا بوو، بەڵام ئەمیش هەربەدەستی باطنییەکان شەهید ئەبێت.

## باطنیەکان کێن؟

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئایا هێزی ئەم باطنیانە چی بووە کە باسمان لەهەر کەسێکمان کرد، وەمان بەدەستی باطنییەکان شەهید کراوە، باطنییەکان دوو کۆمەڵە بوون لە فاطمیەکان جودا بیوونەوە، کۆمەڵێک یان کوڕانی مستعریەیان پێ ئەوترێ، کۆمەڵەکەی تریش پێیان ئەوترێ نزاریە، مستعریەکان توانیان سوڵتە و دەسەڵاتی فاطمی بگرن بەدەستەوە، بەڵامم نزاریەکان لەرێگەی مونەزیریکیانەوە کەناسراوە بەحسن کوری صباحیان ابنو صباح لەگەڵ ابنو عطاش دا هەردووکیان جیا ئەبنەوە و دێن بۆ ناوچەکانی شام لەوێ بەدرۆ خۆیان بەئەهلی سونە نیشان ئەدەن تا ئەچنە ناوجەرگەی دەوڵەتی ئیسلامیەوە. دوای ئەوەی چەند قەڵاو جێگەو قولەیەک ئەگرن لە موسوڵمانان لەوێدا دەوڵەتی خۆیان دروست ئەکەن، حسن کوری صباح یەکەم کەس بوو حەشیشەی دۆزیەوە بۆیە پێیان ئەوترێ شیعەی حەشاشین یان شیعەی اسماعیلی حەشاشین سەرەتا کە ئەم گوڵەی دۆزیەوە و باخچەیەکی دروست کرد ناوینا بەهەشت، گوڵەکە ناوی خەشخاشە. ئافرەتانی ئەکردە لەو باخچەیە بەردەوام خەڵکی خومار ئەکرد وە پێیانی دەووت ئەگەر ئێوە لەم بەهەشتە بهێننەوە بەخۆشیی و شادی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا رائەبوێرن و بەردەوام خوماریشن، هەر کارێکی پێ بکردنایە، ئەی ناردن وە دواتر بەهۆی تلیاکەکەوە ئەبوایە بگەڕانایەتەوە بۆ لای حسن کوری صباح، وە زۆربەی زۆریشیان ئەکوژران یان ئەگیران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازیان نەئەهێنا لەبەرئەوەی حسن کوری صباح هەموویانی فێری تریاک و حەشیشە کردبوو، بۆیە ئەمانە لەمێژوودا ناسراون بە ئیسماعلی حەشاشین. زۆربەی زۆری ئەهلی سونە و جەماعەت بەدەستی باطنییەکان شەهید ئەبوون، ئەوە ئەو توانا و هێزە حەشیشەیە بوو کە لەو سەردەمەدا تازە دۆزرابووەوە.
شایەنی باسە حسن کوری صباح وئیبنوعطاش دوو کەسی پیس و ناپاک بوون، زۆرێک لە ئەهلی سونە و جەماعەتیدان شەهید کرد، بەردەوام دەستیشیان تێکەڵ بوو لەگەڵ نەسارەکاندا ئەمانە باوەڕیان بەئوێژی ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ نەبوو هەر دین و بیروباوەڕێکی تایبەت بوو بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، هۆکارێک بوو کەخۆشیان نەیان دەزانی باسی چی ئەکەن ئاوەکو ئیمامی غەزالی -رەحمەتی خوای لێ بێت- کەخۆی چوە ناویانەوە کتێبێکی نووسی بەناوی فضائح الباطنیە- دواتر زانی ئەمانە چەندە خراپەکارن کتێبێکی لەسەر نووسین. دوای ئەوەی باوکی عیما دەدین زەنگی ئەکوژرێ لەلایەن باطنییەکانەوە عیمادەدین زەنگی منداڵ بوو، بۆیە

كەسێک بەناوی عیزالدین مەسعود ئەمیری موصڵ بوو وە یەكێک بوو لەموجاهیدەكان بۆ خۆی كەسێكی بەتواناو بەهێز بووە، زۆرێک لەمێژونووسان ئەڵێن كوردە و رەسەنی كوردە، بەرەسەن ئەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی "اربیل" یان "اربائیلۆ" واتا هەولێری ئێستا، دوای ئەوەی ئەمیش شەهید ئەكرێ هیچ كەسێک نامێنێت لە موجاهیدەكان نامێنێت بیخەنە ئەو جێگەیە، لێرەدا دەنگی كەسێک بڵاو ئەبێتەوە لەجێگەیەک وە لە شەڕێكا بەناوی جسریان بەجەنگی جسر ناسراوە لەمێژوودا وەكو كوڕێكی منداڵكاری بەهێز سەردەردەهێنێ كەسوپای مەمدوحی كوڕی توتتكین و عیزالدین مەسعود ئەپارێزێ، كەسێكی دیندار و ناودار و خۆشەویست لە ناوخەڵكی دا ئەویش عیمادەدین زەنكی یە لەهەرلایەكەوە موجاهیدان و شۆڕشگێرانی ئەو سەردەمە سەیرئەكەن كەوا عیمادەدین زەنكی وەكو شێر پەلامار دەدات بەرانبەر نەسارەكان لەشەڕی جسرا وە نایەڵێت بێنە پێشەوە نەیان توانی ئەو ناوچەیە بگرن كەپێی ئەوترێ ئیمارەتی حرا بۆیە لەجێگەی خۆیاندا مانەوە نەیانتوانی بێنە پێش بستێک خاكی تری موسوڵمانان، لەو كاتەدا دوو كەسایەتی گەورە یەكێكیان كورد بوون قازی موصڵ ئەبن یەكیان بەناوی بهاءالدین شارەزوری ئەوی تریشیان بەناوی صلاح الدینی كوڕی محمدی یاغیسانی كە هەردووكیان لەلایەن سوڵتان مەحموودی سەلاجیقەوە دامەزرا بوون لەناوچەكانی موصڵ دا لەساڵی ٥٢١ كۆچی لەم ساڵەدا كێشەیەک و بۆشایەكی سیاسی زۆر كەوتە ناو خەڵكی دەسەڵاتی موصڵ هیچ كەسێک نەی ئەزانی كێ هەڵبژێرن لەمانە.

خەڵكی سەلاجیقەكان بەرە و كۆتایی رۆشت بوون تەنها سوڵتان مەحموود مابوو لەناوچەكانی سەلاجیقە و كرمان و ئێران دا بەگشتی واتا لە طوس مەشهەدی ئێستا و ناوچەكانی ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا دادەنیشت، لەو كاتەدا وەڵامی بۆئەنێرن كەوا دوو كەس دێت بۆئەوەی یەكێک هەڵبژێرن و بیكەن بەئەمیری موصڵ، چونكە باوەڕیان بەدەوڵەتی عەباسی نەبوو، دەوڵەتی عەباسیش ئەوەندە گەورە نەبوو وە فاطمیەكانیش بۆخۆیان خراپە كاربوون، بەشێكی موصڵیش بزاڤی جیهادی تێ كەوتبوو واتا ناوچە كوردنشینەكانی هەولێر، دهۆک، دیاربكر وحسن الكیف هەموو ئەمانە كە بە جەزیرەی عمر ناسراون یان ناوچە شاخاویەكان وە یاخود ناوچە كوردستانی، ئەوە بوو كە بهاءالدینی شارەزوری و صلاح الدین محمدی یاغیسانی ئەكەو ئەڕێ و ئەچن بۆلای سوڵتان مەحموود و پێی دەڵێن كەوا كەسێک دامەزرێنێ كەدەسەڵاتدار بوو لەناو سوڵتەی موصل دا، ئەو كات هەموو ناوی عیمادەدین زەنكیبان بیست بوو خۆشیان دەویست بۆیە كە ئەچنە لای سوڵتان مەحموود باسی عیمادەدین زەنكی ئەكەن كە بیبتە ئەمیری موصڵ، هەروەها باسی ئەوە دەكەن كە باوكی عیمادەدین زەنكی لەگەڵ باپیری سوڵتان مەحموود دا بووە كەناوی مەلیک شایە، سوڵتان مەحموود رازی ئەبێت بەوەی كە عیمادەدین زەنكی بیبتە ئەمیری موصڵ هەرچەندە عیمادەدین زەنكی خۆی ئاگایی لە هیچ شتێک نەبوو، دوای ئەوەی قازی شارەزووری ئەگەڕێتەوە هەواڵی سوڵتان مەحموودیش ئەگەیەنێتە خەڵكی موصڵ هەموویان دەڵێن: بەڕاستی هەڵبژاردنێكی زۆر جوانی كردووە و پیاوێكی زۆر بەڕێزی هەڵبژاردووە ئەویش عیمادەدین زەنكیە.

عیمادەدین زەنگی لەسەرەتای لاوێتی دا بوو وە کەسێکی زیرەک وخۆشەویست بوو وردە وردە سوڵتەو دەسەڵات پەیدا ئەکات لەناوچەیکەیان وە سنووری وڵاتی خۆی ئەپارێزێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لەپاشاندا ڕۆژێک خەلیفەی موسوڵمانان المستضیء باالله بانگی ئەکات بەهۆی ئەوەی سوڵتەی پەیدا کردبوو بەفێڵێک بیکوژێت، ئەوە بوو المستضیء باالله یش بەهۆی کەسێکەوە کەناوی بهروزی خادمی بوو و کوردیش بوو بهروز سەرۆکی شورطە و پارێزگاری ئاسایشی بەغداد و ناوچەکانی دەوڵەتی عەباسی بانگی ئەکات بۆ ئەوەی عیمادەدین زەنگی بکوژن، عیمادەدین زەنگیش بە سوپایەکی بچووکەوە بەرێ ئەکەوێ بۆلای خەلیفەی موسوڵمان بەڵام دوای ئەوە لەناو شاری بەغداد بیرئەکاتەوە کە ئەیانەوێ مەکرو مەکیدەیە بیکوژن، چونکە سەلاجیقەکان هێشتا دەسەڵاتیان هەیە بەم هۆکارە ئەگەڕێتەوە و ڕائەکا، بەڵام خەلیفەی عەباسی خەڵکانێک ئەنێرێ بەشوێنیا بۆئەوەی عیمادەدین زەنگی بکوژێت و موصڵ بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە،عیمادەدین زەنگی لەکاتی گەڕانەوەی دا بە تکریت دا ئەگەڕێتەوە خێزانێکی تیدایە ناوی نجم الدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆیە پەنا ئەبات بۆ ئەم خێزانە کە بەڕەسەن کوردن لەناوچەکانی ئازەربایجان و ورمێ وە هاتوون لەو ناوچە نیشتەجێ بوون، ئەم خێزانە پەنای عیمادەدین زەنگی ئەیەن وە خۆیشی و ئەو سوپا کەمەشی کە لەگەڵیدایەتی ئەی پارێزن عیمادەدین زەنگی هەمیشە چاکەی ئەم خێزانەی لەبیرە و بیری ناچێتەوە کە بەخێزانی ئەیوبیەکان ناسراون کە باوکی صەلاحەدینی ئەیوبیە لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆ کە هەردووکیان بران و سوپاکەی عیمادەدین ئەپارێزن و دواتر بەرەو موصڵ ئەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی ئەم خێزانە عیمادەدین زەنگی و سوپاکەیان پاراست لەدەستی خەلیفەی عەباسی خەلیفە پێیان ئەزانێ و دەربەدەریان ئەکات، بەڵام هێشتا صلاحە دین لەدایک نەبووە ئەم ڕووداوە ڕوو دەدات، ئەم خێزانە کە بەڕەسەن کوردن و خاوەنی شەرەف ونەسەبی کوردین و خەڵکی شوێنێکن ئەگەڕێنەوە بۆ عەشایەری "ڕەوادی" ڕەوادیش تیرەیەکن لە خێزانی هەزبانی یەکێکە لەدەوڵەتە کوردیەکان کە لە ورمێ وە دەسەڵاتی دەستی پێ کردووە تا ناوچەکانی خوارو عێراق و ناوەندی ئێران، هەروەها حەسنەوەی، دیناوەری و ئەیوبی کە هەموو ئەمانە دەوڵەتی کورد بوون و دەستی خێریان هەبووە بەسەر جیهانی ئیسلامی، ئەم بنەماڵەیە بەڕەسەن لەهەزبانیەکان و عەشیرەتێکی کوردن لە نێوان ئەرمەنیا و ئازەربایجان و ئەو ناوچانە ئەژین کە نزیکن لە ورمێ واتە ڕەزاییەی ئێستا، گوندەکەیان ناوی "ئەجدنیقان" بووە نزیک شاری دیون-ی ئازەربایجانە.

ئەم خێزانە بەهۆکاری کێشەی خۆیان لەگەڵ ئەرمەنەکان دا و خێزانێکی زۆر گەورەن ئەبێت بەشەڕیان زۆر لەیەکتری ئەکوژن لەدوای ئەوەی کە سوڵتەو دەسەڵاتیان کەم بووەوە توانای ئەرمەناکانیان نیە، چونکە دەوڵەتی قرژ دەوڵەتێکی نوێ بەهێزەو سەرەتایەتی و دەست پێ ئەکات و سەر دەردەهێنێت لەگەڵ دەوڵەتی جۆرجیا هەردووکیان دەوڵەتێکی نەسارا یان خراپەکارن هاوکاری کۆمەڵێک خەڵک ئەکەن لەناوچەکانی خەواریزم دا کەئەمانیش توانایان نیە ڕووبەڕووی خەواریزمەکان و دەوڵەتی قرژ و دەوڵەتی جۆرجیا ببنەوە، بۆیە ناچارن بە کۆچەوە لەدلی خەلیفەی موسوڵمانان، نجم الدین ئەیوب باوکی صەلاحەدینی ئەیوبیە زۆر هاوڕێیەتی بە "بەهرۆز"دا سەرۆکی شورطەی بەغداد کەزۆر خۆشەویستە

ـەیە لەگەڵ بەهرووزدا لەو ناوچانە نیشتەجێ ئەبن. هەرچەندە باس لەوە دەكرێت كە بنەماڵەی ـەڵاحەدینی ئەیوبی عەرەبە و بەڕەسەن ئەگەڕێنەوە بۆ عەدنانییەكان، بەڵام ئەمانە راست نین ـەڵێت عەرەبەكان خۆشیان شانازی بە صەڵاحەدینی ئەیوبی و كوردایەتی صەڵاحەدینی ـەیوبیەوە ئەكەن. بۆیە صلاحەدین ئەیوبی ئینكاری عەرەبایەتی خۆی كردووە و خۆی بەكورد زانیوە، وتویەتی من لەخێزانێكی كوردم و بنەماڵەی خۆم ئەگەڕێنمەوە بۆكورد، ئەوە قسەی هەندێ لەعەرەبە شۆڤینییەكانە كە دەڵێن گوایە بنەماڵەیان بەڕەسەن عەرەبەو لەگەڵ ئافرەتی كورد ژن و ژنخوازیان كردووە و تێكەڵ بوونە.

ئەم بنەماڵەیە دێنە ناوچەكانی شاری تكریتی ئێستا كە زۆر كۆنە لەسەردەمی دەوڵەتی فارسە و قەڵاو قولەیەكی زۆر زۆری تێدا بوو، جێگەیەكە لەسەر رووباری دیجلەیە ئەم قەڵایە پێشتر سەرچاوەی ئازوقەو زەخیرەو مەخزەنی فارسەكان بووە دژی رۆمەكان، ناوچەیەكی زۆر بەربڵاو گەورەیە، كاتێك ئەیوب شادی واتە باپیری صەڵاحەدینی ئەیوبی ناوی شادی بووە، باوكی صەڵاحەدینی ئەیوبی نجم الدینی ئەیوبە كە دێن پەیوەندی ئەكەن بەكەسێك بەناوی بەهرووز كە پەیوەندی پێوە ئەكەن ئەوانیش لەبەرئەوەی كە خێزانێكی گەورەن ئەیكات بە ئەمیری ئەو جێگەیە، هەروەها ئەسەدەدین شێركۆ ئەكات بەهاوكاری براكەی كە بووە بەحاكمی ناوچەی تكریت، بۆیە ئەم خێزانە ئەوەندە خۆشەویست بوونە لەناوخەڵك دا، چونكە رەچەڵەكیان ئەگەڕێتەوە بۆ هەزبانییەكان .

صەڵاحەدینی ئەیوبی لەساڵی ٥٣٢ كۆچی لە دایك ئەبێت، كاتێك لەدایك ئەبێ دایكی بەسەریەوە دەمرێت وە لەو شەوەدا لەدایك ئەبێت كە بنەماڵەی شادی ئەیوب دەربەدەر ئەكرێن و نجم الدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێركۆی برای ئەیانەوێ پێكەوە ناوچەی تكریت بەجێ بهێڵن و بڕۆن بەرەو جێگەیەك، كە خۆشیان نازانن بەرەوكوێ ئەچن لەسەر ئەوەی پەنای عیمادەدین زەنكیان داوە، وەك لەكتێبی مێژووی "تاريخ دولتين النوريه صلاحيه" لەم كتێبەدا باس لەوە ئەكات كە ئەڵێت بەهرووز زۆر خەجاڵەت بوو بەوەی كە بەرانبەر بەم خێزانە كوردیە وەستێتەوە و پێی ناخۆش بوو بۆیە ئەو رێگەی بۆكردنەوە و پێش ئەوەی هێرش بێنە سەریان پێی وتن بڕۆن لە ناوچەكەدا، چونكە خەلیفەی عەباسی ئەیەوێ لەناوتان ببات، شێركۆ مامی صەڵاحەدین ئەیوبیە لەگەڵ باوكی دا زۆر بێتاقەت ئەبێت بەو حاڵەتەی كە بەسەریاندا هاتووەو هیچ كەسێك بە هاواریانەوە نایەت و خۆشیان لەناوچەیەكی ترەوە دەربەدەر كراون، ئێستاش جارێكی تر دەربەدەر ئەكرێن لەناوچەی تكریت كە حاكم بوون، بەڵام ئەبێت رابكەن و لەو جێگەیە ئەمێنن، بیرئەكەنەوە لەوەی كە بە شەو بڕۆن بۆ ئەوەی كە لە كەمینی خیلافەتی عەباسی رزگاریان بێت ئەوە بوو بەشەو كەوتنە رێ صەڵاحەدین كەناوی ئەسڵی یوسفە دەست ئەكات بەگریان و دایكیشی نەماوە شیری بداتێ هەربۆیە باوكی صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەیەوێ بكوژێ هەرچۆنێك بێت بە بەشێركۆ دەڵێت كەوا بیكوژێت، چونكە منداڵێكی شومە بۆئەوەی رزگاریان بێت لەدەستی لەو كاتەدا یەكێك لەوانەی كە خزمەتكاری ئەو بنەماڵەیەیە كە لە "وفایە الاعیان" باسی لێوە ئەكات كە ئەیانەوێ صەڵاحەدینی ئەیوبی بكوژن چوونكە منداڵێك بوو باوكی زۆر پێی بێتاقەت بوو بەوەی كە بەمنداڵێكی شومی ئەزانێت بڕیار ئەیەن لەسەر ئەوەی بیكوژن

یەکێک لەوانەی خزمەتکاریانە ئەکات لایان لەمێژوودا هاتووە سەرزەنشتی ئەکات و ئەڵێ ئەی کەورەم ئەمە چییە وا وای لێ ئەکەن کە ئەم منداڵە بچووکە وا لە تۆ کات بیتە ناڕەحەتی و ناهەمواری بەسەر تووە کە لە کاتێکدا ئەمەچی کردووە، چ تاوانێکی کردووە تۆ بێی ئەم منداڵە بەم شێوە بکوژرێت، بۆ ئەی کوژن ئەمەچی پێیە ئەوەی کە ئەیکات هەمووی قەدەری خوای گەورەیە دواتر وازی لێ ئەهێنێ و ئەو پیاوە خۆی و منداڵەکە هەڵ ئەگرێ و ئەیبات.

صەلاحەدینی ئەیوبی لە یەکەم شەوی لەدایک بوونییەوە باوکی دەیویست بیکوژێت و رزگاریان بێت بەدەستی یەوە، صلاحەدین لەگەڵ باوکی و نجم الدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆ کە لە تکریتەوە بەرەو موصڵ ئەچوون گەشتنە لای عیمادەدین زەنگی ئەویش زانی کەوا لەسەر ئەو دەرکراون بەویەڕی خۆشەویستی وبرایەتیەوە باوەشی کرد بەهەموویان داو هەموویانی گرتە ئەستۆی خۆی وە رێزێکی زۆری لێگرتن وپارەو سەروەت و سامانێکی زۆری دانێ و رێزی زۆری گرتن وتی ئەم جێگەیە بۆی هاتوون ماڵ و مەنزڵگای خۆتانە. عیمادەدین زەنگی پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو وە خاوەنی موصڵ بوو، لەو سەردەمەدا بەشێک لەسەلاجیقەکان کە تورکمان دژایەتی ئەم پیاوەیان ئەکرد، چونکە ئەم پیاوەش خۆی تورکمان بوو بەڵام لەسەلاجیقەکان نەبوون لەبنەماڵەی زەنگی بوو، بەڵام والی یەک بوو لەلایەن سەلجوقیەکانەوە دامەزرابوو، کە ئەو کات سوڵتە و دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دابەش ئەکرا نەک لەلایەن خەلیفەکانەوە.

عیمادەدین زەنگی کەسێکی دیندارو موجاهید بوو بەردەوام لەجیهاد دابوو، وەفایی نجم الدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆی بیرنەچوبەوەو ویستی قەرەبوی هەندێک لەو چاکانەی بۆ بکاتەوە، عیمادەدین زەنگی کەسێکی ژیر بوو دەیویست جێ پێی خۆی قایم بکات و هەموو میرنشینەکان یەک بخات خۆی ئامادە بکات بۆ جەنگی نەسارەکان و جیهاد بۆ ئەمەش پێویستی بەو دوو قارەمانە هەبوو، هەروەها دوای ئەوەی جیهاد و خەبات دەستی پێ کردەوە دژی نەسارەکان و باطنیەکان، عیمادەدین زەنگی بە سوپاکەی خۆیەوە توانیان جێگەیەک رزگار بکەن کە ناوی بەعلەبەک بوو کە لەساڵی ٥٣٤کۆچی ئازادی کردوو خستیە ژێرحوکمی خۆیەوە، بۆ گەورەی نجم الدین ئەیوب کە باوکی صلاح الدین ئەیوبی بوو کردی بەوالی بەعلەبەک، لەپاشان زیاتر گرنگی دا بە صەلاحەدینی ئەیوبی، چونکە راستە چەن ژنێکی هەبوو بەڵام لەو سەردەمەدا عیمادەدین زەنگی و ئەو خەڵکانەی تر بەردەوام پێیان خۆش بوو منداڵانێک خۆیان پەروەردەی بکەن بەو شێوەیەی کە ئەیانەوێ بۆیە صلاح الدین ئەیوبی ئەچووە لای باوکی پەروەردە بێت ماوەیەک لە بەعلەبەک بوو، بەڵام تەمەنی منداڵی لەلای عیمادەدین زەنگی پەروەردە بووە نەک لای باوکی، باشترین کەسایەتی وگەورەترین سەرکردەش دەرچووە. صەلاحەدینی ئەیوبی لە باوکیەوە وەری نەگرتووە هەرچەندە باوکی کەسێکی بەتواناو دیندارو والی بووە، بەڵام ئاکانە کەسایەتی عیمادەدین زەنگی، بۆیە عیمادەدین زەنگی خۆی صەلاحەدینی ئەیوبی پەروەردەکردووە، زۆر رێزیشی لەکەس وکاری گرتووە وە رەوشتێکی جوان وسەرکردەی و دینداری وای فێر ئەکات کە صەلاحەدینی ئەیوبی لەتەمەنی ٦-٧ساڵیدا هەمووقورئان لەبەرئەکات. صلاحەدین ئەیوبی ئەوەندە بە توانا پەروەردە ئەبێت لەسەردەستی کوڕەکەی عیمادەدین زەنگی دا بەناوی نورالدین مەحموود پۆستی گەورەی شورطەی هەموو دیمەشق ئەگرێتە ئەستۆی خۆی،

هیچ کەسێک ناتوانێ لەسەردەمی صلاحەدین ئەیوبی دا کەهەندێ دەڵێن تەمەنی ۱۸-۱۹ ساڵە و هەندێکی تر دەڵێن لەنێوان ۲۰-۲۲ساڵی دا بووە توانی پۆستی شورطە بگرێتە دەست کە ئێستا پێی ئەوترێ پۆلیس، لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئەودا دیمەشق دا دزی تێدا نەماوە صەلاحەدین کەسێکی دیندارو بە توانا بوو لەناو دیمەشق دا کەخۆی ناوی یوسف بووە ناوی یوسف صەلاحەدینی لێنراوە، ئەمەندە خۆشەویست بووە لەناوخەڵکی دا هۆنراوەیان بەسەردا ئوتەوە، خۆی بەشەوان دا ئەگەڕا بەسەر گەڕەکەکاندا دەڵێن وەک عمر کوڕی خەتاب و عمری کوڕی عبدالعزیز بووە کە لەو تەمەن منداڵیەدا تا بەو شێوەیە پەروەردە بووبوو، لەوسەردەمەیا هەستی بەرپرسیاریەتی ودینداری و ئەمانەتێک کردووە کە لەسەر شانی بوو بیەوێ بەجوانتریش شێوە ئەو خەڵکەی کە لەبەردەستیدایە ئەمانی بۆدیاری بکات.

نورەدین مەحموود و ڕێکەوتننامەی شاوری سەعدی:

ڕێککەوتنی شاوری سەعدی لەگەڵ نورەدین مەحموود و شۆڕشەکانی بەسەرکردایەتیی ئەسەدەدین شێرکۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی دژی ئەسارەکان لەخاکی میسر دەست پێ دەکات.
لە باسی پێشودا باسی ئەوەمان کرد، کە خێزانەکەی کێ بوون و صەلاحەدین چۆن پەروەردە بوو، پاشان چۆن گەیشتە پۆست و پلەی سەرۆکی شورتەی دیمەشق.

لەم کاتەدا ڕوودوایێک ڕوو ئەیات ئەویش ئەوەیە لەپڕ وەزیرێکی شیعی وەزیری خەلیفەی فاطمیە کە ناوی عاضدە لەساڵی ٥٥٨کۆچی رادەکات بۆلای نورەدین مەحموود کوڕی عیمادەدین زەنکی، لەومەودوا لەسەر شانۆی سیاسی عیمادەدین نامێنێت کوڕەکەی دێتە جێگەیی و دەوروژێت بەدەستی شیعە باطنیەکان.
عیمادەدین زەنکی بەدەستی شیعەکانی باطنیە حەشیشیەکان وە حسن کوڕی صباح و کۆمەڵەکەی دە کوژرێ، کوڕەکەی جێگەی ئەگرێتەوە کەناوی نورەدین مەحموود بوو. ئەویش کەسێکی ئازاو بەتوانا بووە وە لەسەر ڕێچکەی باوکی بووە، کەسێکی دیندارو لەخوا ترس بووە، زۆرێک لەزانایان دەڵێن: نورەدین مەحموود هەموو دووشەممان و پێنج شەممانێک بە ڕۆژوو بووە، بەردەوام خۆشەویستی بۆ خەڵکی هەژار و میللەتەکەی بووە، بەردەوام لەگەڵ زانایان دانیشتووە کۆبوونەوەی بەردەوام بووە کۆڕی زانست و زانایان بووە، بۆیە لەوسەردەمەدا وەزیری خەلیفەی فاطمی ناوی شاوری سعدی بوو ڕوونەکاتە ئەو جێگەیە کە لەناو میسردایە هەمان شێوەی خیلافەتی عەباسی هەیە، ئەمانە ئەیانەوێ لەڕێگەی سوودانییەکان و مەراکیشیەکان واتا ئەمازیغەکان و لەڕێگەی میسریەکان کە ململانێیەکی زۆریان هەیە لە نێوانی یەکتریدا بۆ پلە و پایە و دەسەڵات
لەو سەردەمە خەلیفە هیچ ئەرزشێکی نەبوو تەنها ڕەمزی بوو عاضدیش هیچ توانایەکی نەبوو شاوری سعدی وەزیری خەلیفە عاضد بوو رادەکات و داوای پەنابەری لە نورەدین مەحموود دەکات بۆئەوەی یارمەتی بدات وهاوکاری بکات، نورەدین- یش بێ ئەوەی داوای هیچ شتێکی لێبکات ڕازی بوو چونکە ئاواتەی وە بیری بەلای میسر دایە وا بۆماوەی ۱۰۰ساڵە قودس

ئاواتیەتی قودس رزگار بکاتەوە، میسریش
لەسەردەمی سەلاجیقەکانەوە داگیر کراوە، ئەمیش
لەسەردەمی سەلاجیقەکانەوە داگیر کراوە، چونکە بەدرێژای مێژوو فاطمیەکان و ئەساراکان هەردووکیان
بخاتەوە ژێر رکێفی خۆیەوە، چونکە بەدرێژای مێژوو فاطمیەکان و ئەساراکان هەردووکیان
پێکەوە دەستیان تێکەڵ کردووە بۆ لێدانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، پاشان فاطمیەکانیش
بوون کە بەشێک لە شامیان بەگشتی دا بەدەستەوە هەر لە ئەنتالیا و ئالانیا وە تاوەکو ئەکا
عەککا وفەلەسطین وغەززە و پێشکەشی دەوڵەتی ئەساراپان کرد.
شاوری سعدی داوای کۆمەک وهاوکاری ئەکات هەروەها بە نورەدین مەحموودیش دەڵێت
هەرکاتێک تۆ توانیت هاوکاریم بکەی ئەوا من هاوکاریت ئەکەمەوە لەمەولاو سەربەتۆ دەبم و
ئیتر ناچمە ژێر کیفی سوڵتانی فاطمیەکان! بۆ ئەم مەبەستە ئەسەدەدین شێرکۆ دەنێرێ
لەگەڵیدا و برازاکەی بەناوی صەلاحەدینی ئەیوبی کە ئەو کات تەمەنی ۲۰-۲۲ساڵ بووە ئیتر
لێرەوە صەلاحەدین لەسەر ئاستی دیمەشق ناسرابوو ئازناوی ناصریوسفی وەرگرت. صەلاحەدین
ئەیوبی لەگەڵ مامی دا دەکەونەڕێ توانیان مەملەکەتی میسر بگەڕێننەوە بۆلای نورەدین
مەحموود وە سەری نورەدین مەحموود بەرزبکەنەوە لەساڵی ٥٦٤ کۆچی.
جێگەی ئاماژە پێکردنە لێرەوە صەلاحەدینی ئەیوبی لەسەر ئاستی جیهانی وردە وردە ناو
دەردەکات، کە ئەم کەسە کێیە، وە تواناى چییە؟ صەلاحەدینی ئەیوبی لە بەعلەبەک کە باوکی
والی ئەبێت منداڵی خۆی لەوێ ئەباتە سەر، لەپاشاندا لەتەمەنی ٦-٧ساڵی قورئان لەبەر ئەکات و
فێری زمان ئەبێت و هەروەها نحو و صرف ئەخوێنێت و فێری زانستی شەرعی ئەبێت، وە
یەکێک لەو کەسانەی کە لە خزمەتیدا ئەبێت ئەیوبی و فەرموودەی لێ وەرئەگرێت حافظی کوڕە
ئەبی بکری سەلەفیە، ئەبی طاهری کوڕی عەوف، شێخ قوطب الدینی نیسابوری و عبدالله بن
بری نحویە زۆر هەست و خۆشەویستی هەیە بۆ فیقهی ئیسلامی و هۆنراوە. کاتێکیش ئەبێت
بەسەرۆکی شورطە ی دیمەشق لەسەردەمی نورەدین مەحموود بەردەوام لەدەرس و دەوروە
کەسێکدا ئەبێت، کە لەمزگەوتی ئەمەوی بەناوی عبدالله کوڕی ابی عصرون کە یەکێکە لەزانا
ناسراوەکانی ئەهلی سونە و جەماعەت وانە دەڵێتەوە و ئەویش لە خزمەتیدا دائەنیشێت بۆ
ئەوەی سوود لە زانستەکەی وەربگرێت صەلاحەدینی ئەیوبی هەروا بەئاسانی لە دینی ئیسلام
تێنەگەشتووە، بەڵکو ماوەیەکی دوورو درێژی سەلاجیقە و پاشان دەوڵەتی زەنکیەکان ئەو
موجاهیدەیە کەئەمی پێ گەیاندووە هەروا بەئاسانی نەیتوانیوە پێ بگات، بەڵکو ساڵانێک لە
شەونخونیدا بووە تا پێی گەیشتووە، وە گەیشت بەو روشدەی کە ناوی صەلاحەدینە. هەروەها
صەلاحەدینی ئەیوبی و عیمادەدین زەنکی و نورەدین مەحموود و مەمدوحی کوڕی تونتکین و
کەتبوغە هەموو ئەمانە، کە لەم مێژووە دا باسمان لێوە کردووە هەموو کەسانێک بوون، کە
بەرانبەر بەشەپۆلی کوفری نەسارا و باطنی و شیعەکان وەستاونەتەوە.
صلاحەدین لە هەموو بوارەکاندا بەتوانا بووە لە سوارچاکی، دروستکردنی مەنجەنیق، داناى
پلانی جەنگ، راوکردن و مەلەوانی ...هتد. لەهەموو ئەمانەدا نمونە بووە لەگەڵ زیرەکی و
هێمنی و لەسەرخۆیی و دینداری، وە لەگەڵ خواپەرستیی و خواناسییەکەی و دادپەروەری، کە لە
دڵ و دەروونی دایە و لە رێگەی ئەو زانا بەرێزانەوە وەریگرتووە. خواناسی دڵ و دەروونی ئەم
پیاوەی پڕکردبوو، هەروەها دادپەروەری بەرانبەر بەهەموکەسێک لە میللەتەکەی یان ئوممەت

کوەکەی کە لەژێر دەستیدایە، کۆمەڵەیەکی تەواو ئیسلامی لەدەوری کۆبیوونەوە بۆیە ناویان بوو صەلاحەدینی ئەیوبی هەروەهاناصریوسف صەلاحەدینی ئەیوبیوە کەسایەتی یەکە جێگەی ناری رۆژئاوا رۆژهەڵاتە کەسێک نییە لەم مێژووەیدا کەناوی صەلاحەدینی ئەیوبی بهێنێت و بیناسێ.

صەلاحەدین زیاد لە ١٢بۆ ١٣ برای هەبووە، یەکێك لە زاواکانی مەلیک مظفرە، کە هەندێک دەڵێن لە هەولێر بووە کە گوایە مەولودی پێغەمبەر ﷺ ئەو دایمەزراندووە کە ئەمە دوورە لەراستیەوە. یەکێک بووە لەئەندازیارەکانی دروستکردنی قەڵاو پرد کە لەمێژووی موسوڵمانان دا باس لەئەندازیارەکان ئەکرێت یەکێک لەئەندازیارە گەورەکان مەلیک مظفری کوردی یە زاوای صەلاحەدینە. برایەکی تری هەیە صەلاحەدین بە هەمان ناو واتا مەلیک مظفر لەشەڕێکدا کە شەڕی عەککایە هەواڵی کوژرانی ئەهێنن، بەڵام صلاحەدینی ئەیوبی بە لەسەرخۆی شەڕەکەی خۆی ئەکات بێ ئەوەی تێک بچێت، ئەمە زۆر گرنگە کە کەسێک ئەم توانایەی هەبێت خاوەنی ئەم سەرکردایەتی یە بێت، چونکە خاوەنی لێزانی و سەرمەشق و ئەژدەر بووە کەتوانی ترس و بیم بخاتە دڵی دوژمنانییەوە. ئەویش لەسەر ئەو فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: نصرت بالرعب مسيرة شهر. واتا: خەڵکانێک لە ئێوە ئەگەر بۆ خوا رێکبکەون و بۆ خوا کاربکەن خوای گەورە ترس و بیم دەخاتە دڵیانەوە، ئەگەر مانگە رێگایەکیش دووربن لە دوژمنەکانتان.

باسمان لەوە کرد کە لە ناکاو وەزیرێک خۆی ئەکات بەلای نورەدین مەحموود دا و داوای هاوکاری لێ ئەکات داوای ئەوەی لێ کرد، کە هێزی باتێ بۆ ئەوەی شەڕی بوو لەگەڵ کەسێک بەناوی رەزریک کوڕی طلايعی بە دەستی خۆی کوشتبووی هەڵهات، پاشان ضرغام دەسەڵات دەگرێتە دەست

لەساڵی ٥٥٨ کۆچی دا شاور سەعدی نورزیکی کوڕی طلایع دەکوژێت و بەسەریا سەرئەکەوێ، پاشان لەدوای ئەوەی سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە رێگەی شۆڕشێکەوە ئەویش لە ناو دەیات کەسێک دێت لە بەهێزەکان بە ناو ضرغام کە باجی دەدا بە قودس بۆ ئەوەی هاوکاری بکات دژی نورەدین مەحموود .

نورەدین مەحموود لەگەڵ پاشای بیت مەقدیس کەناوی ئاموری-یە خاچپەرست بوو زۆر ئەترسا لە نورەدین مەحموود، نورەدین مەحموودیش ئەترسا لێی واتا لە هێزی نەسارا و فرەنجە لەگەڵ هێزی فاطمی ئەترسا، چونکە بەردەوام بەدرێژای مێژوو ئەمانە دەستیان تێکەڵ بووە لەگەڵ ئاموری بدات، هەروەها ضرغام کاتێ کە بوو بەوەزیر بڕیاریدا بوو کەوا ساڵانە باج بە پادشای قودس بدات، بەڵام بەهۆی دەستی دەستی ضرغام کە باجی ساڵانەی نەداوە بەقودس ئاموری سوپای ئامادە کرد بۆ داگیرکردنی میسر وە بەبیستنی ئەم هەواڵە نورەدین مەحموود ترسا میسر بکەوێتە ژێر دەستی فەرەنسیەکانەوە ئەوەبوو خێرا داوای لە شێرکۆ کرد خۆی ئامادە بکات و سەرکردایەتی سوپا بکات بۆ میسر لەگەڵ صەلاحەدینی برازایدا وە بەلاشییەوە گرنگ بوو هاوکاری فەرزەندەکەی شاوری سعدی بکات بۆ ئەوەی هیچ نەبێت نورەدین مەحموود بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئاموریەکان بۆئەوەی دەست نەخاتە ناو سیاسەتی میسرەوە، چونکە فرەنجە و نەسارایەکان وە ئاموریەکان دەستیان ئەخستە ناو سیاسەتی فاطمییەکان، بۆیە شۆڕشەکەی شاوری

شێرکۆی مامی صەلاحەدینی ئەیوبی وە هەروەها ئەسەدەدین بەسەرۆکایەتی سعدی هێنا بەم هۆیەشەوە توانیان بچنە ناوەوە، بەڵام صەلاحەدینی ئەیوبی سەرکەوتنی بەدەست ئەوەی کە هەمووانی سەرسام کرد شیعە بوو کە جارێکی تر هاوپەیمانی شاور بوو لەگەڵ ئاموری دا! کاتێکیش ئەسەدەدین شێرکۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی بەتەنها رۆشتن شۆڕشەکەیان بۆکردبوو بەهاوکاری سوپاکە گەڕایەوە ئەمە جاری یەکەم بوو.

کاتێ کە زانییان بەم شێوەیە کار ئەکەن و هیچ پەیوەست نین بە پەیمانی خۆیانەوە جارێکی تر لەگەڵ ئاموری دا رێککەوتنەوە کە سەر بە مەملەکەتی بیت مەقدیس بوو لە دژی ئەسەدەدین شێرکۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ ئەوەی لەناویان بەرن، ئەوانیش زانیان کە ئەم حاڵەتە رووی داوە ئەوە بوو شەڕێک روویدا لە ناوچەکەدا لەنێوان رێککەوتنی شاوری سعدی و ئاموری پاشای قودس دژی نورەدین مەحموود و صەلاحەدینی ئەیوبی، بەڵام ئەمان توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن و سەربکەون بەسەر سوپای نەساراکاندا کە ئەوکات پێیان ئەوترا سوپای شامی وە هەروەها سوپای میسری و نەسارا، ئەو شوێنەی کە شەڕەکە تێدایدا روویدا پێی ئەوترێ بلبیس کە لەنێوان مانگی رەمەزان و ذوالحجەی ساڵی ٥٥٩ کۆچی بوو واتا دوو مانگ بەردەوام بوو. نورەدین توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت چونکە کاتێک ئەسەدەدین شێرکۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی بەیەکەوە شەڕیان ئەکرد لەناوچەی بلبیس بوو وە ئەم توانی بڕوات هێزێکی تر کۆبکاتەوە و دەوری نەساراکان بدات کەترسی ئەوەیان هەبوو لەدوو جێگەوە بکرێ بۆ بەرێکەوتنی لەنێوان نەساراکان و سوپای نورەدین مەحموود کە جارێکی تر هەموویان بگەڕێنێتەوە شوێنەکانی خۆی و کەسیان هەقیان نەبێت بەسەر کەسیانەوە. نورەدین مەحموود ئەیزانی کەوا بەتەنها ناتوانێ رووبەڕووی نەساراکان و میسرییەکان ودەوڵەتی فاطمیەکان ببێتەوە بۆیە رازی بوو وە سوودی وەرگرت لەو ئاگربەستە یان رێککەوتنە لەگەڵ شاوری سەعدی وە بۆجاری دووەم ئەسەدەدین شێرکۆ گەڕایەوە بەرەو میسرو لەرێگەدا دووبارە ویستی کارێک بکات لەسەر نورەدین مەحموود. ئەسەدەدین شێرکۆ شارەزای شوێنەکە بوو وە کەسێکی زیرەک و لێزان و دیندار بوو توانی شوێنەکە ئاشکرا بکات و بیناسێتەوە ئەوجا داوای کرد کە بگەڕێتەوە بۆ میسر، صەلاحەدینی ئەیوبی لەگەڵ دابوو ئەسەدەدین شێرکۆ سەرۆکی سوپاکە بوو کەڕۆشت بوو بەڵام کاری مەیدانی سوپاکە لەدەستی صەلاحەدینی ئەیوبی دابوو. ئەمەش ماوەی ١٠ ساڵی پێچوو ئەم رووداوانە لەم کاتەدا تەمەنی صەلاحەدینی ئەیوبی لەنێوان ٢٩-٣٠ساڵی دابوو، هێزە هەیبەتێکی گەورەی هەیە مەیدانیەن دەتوانێ شەڕ لەگەڵ نەساراکان بکات.

ئەوە بوو نورەدین مەحموود رێگەی دا بە ئەسەدەدین شێرکۆ بۆئەوەی بڕوات دیسانەوە واتە شاور کەزانی سوپای ئەسەدەدین شێرکۆ کەوتووەتە رێ بەرەو میسر وە ئەم جارە جەنگەکە ناوی بە جەنگی دووەم بۆ سەر میسر، دیسانەوە پەیمانی بەستەوە لەگەڵ ئاموری دا چوویەوە بۆلای پاشای بیتول مەقدیس بۆ ئەوەی سوپای بۆ بنێرێ کە رێگری بکەن لەهاتنی موسوڵمانان ئەوە بوو سوپای نەساراکان لە نیل پەڕینەوە کاتێک ئەسەدەدین شێرکۆ بەمەی زانی سوپاکەی برد بەرەو سەعید و سوپای ئاموری شوێنیان کەوتن هەتا هەردوو سوپاکە بەیەک گەشتن و شەڕێکی تر رووی یا لەناوچەیەکدا پێی ئەوترێ مونییە، مونییە شوێنێکە ئەکەوێتە بولای

عین جالوت وغەززە لەوێشدا موسوڵمانان و صەلاحەدینی ئەیوبی توانی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەدەس بێنن. صەلاحەدینی ئەیوبی ناوی دەرکرد لەو شەڕەدا، چونکە ڕێکخەری شەڕەکە بوو لەساڵی ٥٦٣کۆچی ئەوەندەی تر ناوی ڕۆیشت بەرەو ئاسمان و توانی وردە وردە سینا ڕزگار بکات تاوەکو ئەسکەندەرییە نەوەستایەوە، بۆ یەکەم جار صەلاحەدینی ئەیوبی توانی سەربکەوێ بەسەر هەموو سوپای بیزەنتی و نەسارا و فەرەنجەدا وەسەرکەوتنی بەدەست هێنا کەتوانی تا ئەسکەندەرییەی میسر نەوەستێت وە باکووری ئەسکەندەرییە بەتەواوەتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەسەدەدین شێرکۆ بۆ یەکەم جار کردنی بەحاکمی ئەسکەندەرییە واتا لە ژیانی دا صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ یەکەم جار کە بەرپرسیاریەتی ئەمارەتی وەرگرت کرا بە بەرپرس و ئەمیری ئەسکەندەرییە.

ئەوەبوو دواتر صەلاحەدینی ئەیوبی خۆی ئامادە کرد بۆ قاهیرە بڕوات، کە ئەوکات نەساڕاکان چوو بوونە قاهیرەوە سوپای نەساڕاکان لەقاهیرە بۆ پاراستنی فاطمییەکان ئەمانیش خۆیان ئامادە کردبوو بۆئەوەی بڕۆن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاموری پێشتر داوای کەشتی دەریای جەنگییان کردبوو لەناوچەکانی ئەندەلوسەوە و لە دەوڵەتی ئاڤار و بلیاردۆ و ناوچەکانی تری ئیتاڵیا و سیسلیا و ئەو ناوچانەی ترەوە، لەفەڕەنسا وە بەرەو ناوچەکانی ئەسکەندەرییە ڕۆشتن و صەلاحەدینی ئەیوبییان گەمارۆ دا بۆئەوەی بەرەو قاهیرە نەڕوات کە ئەم گەمارۆیە ماوەی ٧٠ ڕۆژی خایاند صەلاحەدینی ئەیوبی توانی بەرگری بکات بەبێ خواردن وخۆراک تەنانەت شێرکۆی مامی ناچاربوو گەمارۆکەی میسر بە جێ بهێڵێت ڕوو بکاتە ئەسکەندەرییە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە ئەکەن کە ئەسەدەدین شێرکۆ دیلیکی نەسارای لابووە ئازادی کردووە و ناردی بۆ لای ئاموری، کە ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی هەردوو سوپاکە بگەڕێنەوە و میسر بەجێبهێڵن. ئەمەش لەتوانای صەلاحەدینی ئەیوبی و ئەسەدەدین شێرکۆدا نەما، چونکە ئەم جارە پلانێکی نێودەوڵەتی بوو لە صەلاحەدینی ئەیوبی کرا، بۆ جاری دووەم ئەسکەندەرییە درایەوە دەست صەلاحەدینی ئەیوبی بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە، بەرگرییان نەکرد زۆر بەهێمنانە گەڕایەوە زانیان دەرەقەتی نایەن گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی شام ئەمە جاری دووەم بوو .

ئەو ڕێ کەوتنەی کە کرا لەنێوان صەلاحەدینی ئەیوبی و فاطمییەکان وهێزی گەورەی نەسارادا ئەوەکرا کە دەبێت صەلاحەدینی ئەیوبی دەستی هەبێت لە ناو ئەسکەندەرییەدا،چونکە هەمووشەڕێک کەتێیدا سەرکەوتو بێت کۆمەڵێک پاساو سوودی خۆت ئەسەپێنی بەسەریدا. صەلاحەدینی ئەیوبی نەیدۆڕان، بەڵکو لە وێدا کەزانیان دەرەقەت نایەن بەرانبەر بەم پیلانە نێودەوڵەتییە پەیمانیان بەست کە پاشەکشێ بکەنەوە وەک ئەوەی هیچ شتێ رووی نەدا بێت، صەلاحەدینی ئەیوبی لەڕووی چاودێرییەوە لەناوچەکەدا مابووەوە.

لە پاشاندا بۆجاری سێیەم سەرۆکی بیتول مەقدیس ئاموری ئەم جارەش پەیمانەکەی شکاندوو سوپایەکی بەرە و میسر نارد کە دەیویست میسر بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، دووریێت لەچاوی سوپای شامی واتە سوپای نەسارا، چونکە دەیویست ئەم جارەیان دژی فاطمییەکان بوەستێتەوە، لەو جەنگەشی کە صەلاحەدینی ئەیوبی کردبووی لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆدا لە بلبیس کەخاکی موسوڵمانانە، بەڵام فاطمییەکانی تێدا بوو سوپاکە چوونە ئەو جێگەیە بەهەمووهێزو توانایانەوە

ئەم جارە بەتەواوەتی ئەیەوێ پشتی تێکەن کەنەساڕاکان لێنیشت ترسی وەزیرشاور ئینجا رۆشتن هەموو نەساڕاکان و شاور سەر خستە گەمارۆی رۆژ ٥٤ بگرن ئەوناوچایە ئەوەی بۆ هاتوون نەیت هیچ بۆنەوەی دا نەساڕاکان لەگەڵ بکات مفاوزات سعدی شاوری گرت ناوچانەیان ئەو بۆنەوەی شێرکۆ ئەسەدەدین و ئەیوبی صەلاحەدینی و مەحموود نورەدین بە بدات هەوڵ وردە لەبەردەستیدا بوو هەلێک ئەمەش زانی بەمەی مەحموود نورەدین کاتێک بێن، بەهاواریەوە کەم دەسەلاتی دەچوو ئاوابوون بەرەو ئەستێرەی میسردا خەڵکی لەناو سعدی شاوری وردە میسر بەرەو کرد ئامادە سوپایان برازای صەلاحەدینی بەهاوکاری شێرکۆ جارە ئەم بۆیە ئەبوویەوە، نەتوانی نەی هێزێک کەهیچ بەهێز و گەورە هێزێکی رووبەڕووبوونەوەی بۆ رێ کەوتنە دەرالە ئەیوبی صەلاحەدینی و شێرکۆ ئەسەدەدین سوپای ناوی کاتێک بوەستێتەوە، لەبەرانبەری بەسەر شێرکۆ ئەسەدەدین وە گەڕانەوە ئاموری سوپای خێرا بۆیە ئەترسا خەڵک قەرەنساوە رۆشتوەتە شێرکۆ بینیان کاتێک وە قاهیرە خاکی ناو چووە بکات شەڕێک ئەوەی بێ و بەرزی پیریان بەرەو رۆیشت خۆی عاضد فاطمی خەلیفەی کرد، بارانیان هەمووگوڵ قاهیرەوە ناوخاکی یان سەعدی شاوری تر جارێکی دا ٥٦٤کۆچی لەسالی لەتوێ سەر بوو خۆشەویست کەئەوەندە رێگەی لە بیکوژێت و بکات خراپە شێرکۆ ئەسەدەدین بەرانبەر ویستی شاور پاشان پاراستەوە، ئەسەدەدین دا کۆچی ٥٦٤ لەسالی ئاشکرابوو کارە ئەم بەلام بکات، زەهرخواردی کە ئەوەی لەدوای فاطمی، دەولەتی بەوەزیری بوو خۆی و خوارەوە بیهێنێتە لەوەزارەت توانی شێرکۆ کە هەبوو شێرکۆ ئەسەدەدین بۆ زۆری خۆشەویستی خەڵکێک سەعدی شاوری کوشتنی شێرکۆ خۆشەویستی میسر خەڵکی بوو جەماعەت و سونە ئەهلی پارێزەری بەتواناو ئەژدەرێکی دووەمی جەمادی ٢٢ لە خایاند مانگی دوو سوڵتەیە و دەسەلات ئەم بەلام دڵیانەوە، چووە کورد و سالی٥٦٤ کۆچی ئەسەدەدین شێرکۆ دەمرێت .

ئەوکات صەلاحەدینی ئەیوبی تەمەنی ٣٢ سال ئەبێت، عاضد خەلیفەی فاطمی دەلێت: من دەرەفەتی کەس نەیەم دەرەفەتی ئەم صەلاحەدینی ئەیوبی یە دێم! وا پەی دەبرد کە دەتوانێت دوای ئەسەدەدین شێرکۆ دەست بەسەر صەلاحەدین دا بگرێت و خۆی بە تەنها فەرمانڕەوایی بکات.

داوا ئەکات لەخەڵکی بەهۆی ئەوەی ئەسەدەدین شێرکۆ ئەوەندە کەسێکی چاک بووە وە ئەمیش ئەوەندە کەسێکی زیرەکە برزای ئەوە بەجێگری مامی دابنێن. واتا بێت بەوەزیری دەولەتی فاطمی، ئەوە بوو ئەسەدەدین شێرکۆ کۆتای بە ژیانی هات و یوسف صلاحەدین بوو بەجێگرە شێرکۆی مامی لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوو، بەلام کەسێکی بەهێزو بە تواناو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو مێژوونووسان دەڵێن صەلاحەدینی ئەیوبی کاتێک بووە بە وەزیر تەمەنی ٣٢ سال بوو، بەلام وەزیرێک بوو راهێنرابوو لەسەر جیهاد وە کەسێکی ئازاو لەخواترس بوو، قورئانی هەموو لەبەربوو زانستی شەرعی و بنەماکانی جیهادی ئەزانی، بۆیە توشی ئەوە نەئەبوو کە بۆ سەروەت و سامانی جیهانی هەوڵ بدات، هیچ شتێکی تێکەڵ بەنایەکەی نەئەکرد، بەجۆرێک نەبوو دەست لەگەڵ فاطمیەکاندا تێکەڵ بکات، بەڵکو تەنها بەدوای ئەوەوە

بوو، كە ئەهلی سوننەت و جەماعەت سەربخات و دوای هۆكاری تر نەكەوت بەناوی ئیسلامەتی خەڵكی میسریش هەموو رازی بوون كە صەڵاحەدینی ئەیوبی ببێتە جێگری شێركۆی مامی.

صەڵاحەدینی ئەیوبی رۆژ بەڕۆژ لەناوخەڵكی دا خۆشەویست ئەبوو لەدوای ئەوەی كە فرەنجە ویستی لە دمیاط دابەزێ، كە شارێكی میسرە صەڵاحەدینی ئەیوبی بەخۆی و سوپاكەیەوە رۆشت و رووبەڕوویان وەستایەوە، سەركەوتنێكی وای بەدەست هێنا كەترسی خستبووە دڵی فرنجەوە واتا فەرەنسییەكانەوە، دوای ئەوە بۆ ئەوەی ماندووی بكەن و ناوی بەرز نەبێتەوە كە ئەمەش دەسیسەی عاضد بووكە خەلیفەی فاطمیەكان بوو، لە غەززە وە نەساراكان سوپایان ئامادەكرد، بەڵام زوو فریایان نەكەوت و توانی غەززەش رزگار بكات، دواتر لە عەقەبەوە سوپای تریان بۆ خاچ دروشمان رەوانە كرد بۆیان توانی بەسەر ئەوانیشدا سەربكەوێ لەدەریای سوورەوە توانی جێگاكان بەیەك جاری پاك بكاتەوە و رێگەی حاجیە موسوڵمانەكانیش بكاتەوە هیچ شتێك نەبێتە رێگەیان، بەمەش ئەوەندەی تر خۆشەویست بوو لەدڵی خەڵكی دا. لە دوای سەركەوتنی ئەم سێ شەڕە دا دمیاط، غەززە وعەقەبە نەساراكان كەناوی صەڵاحەدینی ئەیوبیان دەبیست ئەترسان، چونكە ئەوەندە كەسێكی ئازابوو لە پێناوی ئاینی خوای گەورە هەوڵی ئەدا ئاواتی ئەوە بوو كە بۆ ماوەی ١٠٠ساڵ بوو دەسەڵاتی ئیسلام لە بیتول مەقدیس دا نەمابوو رزگاری بكات، كە شوێنی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

هەر لە هەولێر و كەركوك و ناوچەكانی تری كوردستان تاكو دیاربكر لە موصڵ-ەوە تاكو ئەگاتە شام و میسر بەدەستی صەڵاحەدینی ئەیوبییەوە بوو، تاكو پادشا شای برایشی ئەنێرێت بۆناوچەكانی یەمەن كە بەدەستی كوردەوە بووە، صەڵاحەدینی ئەیوبی دوای سەركەوتنی لەو شەڕانەدا ئەوەندەی تر خۆشەویست بوو. هیچ كەسێك نەبوو لەو سەردەمەدا لەشام، میسر،عێراق، رۆم، فارس، عەجەم، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا سیسلیا، ناوی صەڵاحەدینی ئەیوبی نەزانێ، صەڵاحەدینی ئەیوبی سەركەوتنێكی وای بەدەست هێنا كەهیچ كەس رووبەڕووی نەبێتەوە.

لەناوخۆ و دەرەوەدا چەند پلانێك دارێژا بۆ لەناوبردنی صەڵاحەدینی ئەیوبی كە پلانە ناوخۆییەكان ئەمانە بوون:

یەكەم: پلانی ناوخۆیی

موئتمینی خیلافەی نەجاح ساڵی ٥٦٤ كۆچی كە ناسرابوو بەخیلافەی نەجاح لەكۆشكی خەلیفە عاضد ئەو مابەوە كەسێكی فاطمی شیعی بووهەموو هەوڵێكی بۆ ئەوە بوو صەڵاحەدینی ئەیوبی لەناوبەرێ و خۆی بچێتە جێگەكەی ببێتە وەزیر، نامەیەكی نووسی بۆ فرنجە پێی وتن "ئەگەر بێت و بێنە ناوچەكانی فەڵەستینە وە و صەڵاحەدینی بەسوپاكەیەوە بێتە دەرەوە، ئەو كات منیش لێرە رێكەوتنم مۆر كردوە لەگەڵ زۆربەی زۆری شیعەكان و فاطمییەكاندا كە صەڵاحەدینی ئەیوبی بكەینە دەرەوە و ئەتوانین لەناوی بەرین هەموو بەیەكەوە.

موئتمینی خیلافە پلانێكی دانا بەرانبەر بە صەڵاحەدینی ئەیوبی فرەنجەكانیش بە قسەیان كرد، چوونكە پێشتر ئەمانە هەموویان پێكەوە بوون كاریان زۆر ئاسان بوو بەیەكەوە، هیچ

ئەوەستنەوە ئەیانویست صەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ بەرانبەر یەکتری
کێشەیەکیان نەبوو لەوەی بەرانبەر یەکتری ئەوەستنەوە ئەیانویست صەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ
شێوەیە دەربکەنە دەرەوە موئتمینی ناپاک ئەو ڕۆژە کەویستی ئەو کارە بکات نامەیەکی ن
دەنووسێتەوە بۆ ئەوەی کات و شوێنەکە دیاری بکەن. لەناوخۆدا لەگەڵ سوودانییەکاندا دەس
تێکەڵ بوو سوودانییەکانیش نزیکەی ٥٠ هەزارکەسێک ئەبوون لەدەوری موئتمینی ناپا
کۆبوونەوە، بەڵام خوای گەورە صەڵاحەدین ئەپارێزێ یەکێک لەو کەسانەی کە لە ناو سوپا
موئتمینی خیلافە هەواڵەکە ئەهێنی بۆ صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەویش بێ دەنگ ئەبێت و هیچ
شتێک نالێت بێ ئەوەی ئەو نامەیەی کەئەینێرێ بۆ فەرەنجەکان صەڵاحەدینی ئەیوبیش نزی
ئەزانێ کەوتووەتە نێوان دوو ئاگرەوە ئەم حاڵەتە ئاشکرا ناکات تا ڕۆژی خۆی کەڕۆژی خۆ
هات صەڵاحەدینی ئەیوبی زۆر بەهێواشی وهێمنی ئەیکوژێت وە هەروەها ٥٠ هەزار
کەسەکەش کە لەگەڵیەتی شەڕێکی زۆر گەورە ڕوو دەدات، بەڵام بە تەواوەتی سوودانییەکانیش
ئەکاتە دەرەوە و سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ وە هەموو دەسەڵاتدارەکانی فاطمی ناتوانن
بەرانبەر صەڵاحەدینی ئەیوبی قسە بکەن بۆیە دەسەڵاتدارانی فاطمی بێ دەنگ ئەبن.

پلانی دووەمی ناخۆیی:

پلانێکی تر ڕوو ئەبات ئەویش پلانیعەماری یەمەنی، عەماری یەمەنی خۆشی مێژوونووس بوو
خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە لە لایەنگرانی عاضد لە میسر بانگەشەی دەکرد بۆ ئەوەی یەکێک لە
کوڕەکانی عاضد دەسەڵات بگرێتە دەست بەمەبەستی هێنانەوەی دەسەڵاتی فاطمی ئەوە
بووهەستا بە شۆڕشێک دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەمیش داوا ئەکات لە فرەنجەکان کە
یارمەتی بدەن، شیعەکان هەمیشە بۆڵێدانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەم شێوەیە شەڕیا
کردووە، ئەوەندە کینەیان هەبووە بەرانبەر بەم دەوڵەتە بچووکە کە هێشتا لەناو دەوڵەتی
فاطمیدایە ئەیەوێ وردە وردە بەرز بێتەوە هەموویان کینە و بوغزیان هەبوو بەرانبەری
کاتێکیش لەناو خۆیاندا ئەمانە ئەبێت بەشەڕیان کەسێک بەناوی زینەدین کوڕی نەجا هەواڵەکە
ئەهێنێ بۆ صەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ ئەوەی پاداشتی بکات. عەمارەی یەمەنی و ئەوانیش لەنا
خۆیاندا ڕێک نەدەکەوتن صەڵاحەدینی ئەیوبیش ئەیدات بەسەر هەموویاندا لەساڵی ٥٦٩ کۆچی
هەموونەمانەش لەناو ئەبات و دەریان ئەکاتە دەرەوە لەناو وڵاتی میسر.

پلانی سێیەم: کەنز دەولە ناوی عەباس کوڕی شاد بووە وە خەڵکی طود بووە لە ئەسوا
خەڵکێکی زۆر کۆ ئەکاتەوە. ئەسوان ئەکەوێتە خوارووی میسرە وە لە ٥٧٠ کۆچی
سوودانییەکان هەموو کۆئەکاتەوە مێژوونووس مەقریزی لەکتێبی "سلوک معریف کەنز الد
الملوک" ئەڵێت: (لە ٥٧٠ کۆچی دا کەنز دەولە زۆرترین خەڵکی کۆکردەوە لە عەرەب و سوودان
وە صەڵاحەدینی ئەیوبی سوپاکەی بەسەرکردایەتی مەلیک عادلی برای ئامادە ئەکات لەبیە
جێگەیەکدا هەرچەندە زۆرێک لە ئەمیرەکانی صەڵاحەدینی ئەیوبی لەجێگەیەکدا پێی
طود.کاتێک کە دەست ئەکەن بە شەڕکردن زیاد لە ١٠ کەس کە ئەمیرەکانی صەڵاحەدین ئەکوژن
هەرچەندە دوای ئەوە سەرکەوتنی زۆر بەدەست ئەهێنێ بەرانبەر بە کەنز دەولە لە ئەسوان
سوپا کۆئەکاتەوە دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی کە صەڵاحەدین سەرکەوتنی تەواوەتی بەدە

دەهێنێت بەسەر ئەوانیش دا و كۆتایی بەدەسەڵاتیان ئەهێنێت. لەدوای شكست هێنانی دوژمن بەنزیک ناوچەی طود كە ١١ رۆژی خایاند مەلیک عادل لە ٧ی صفری ئەو ساڵە گەیشتەوە میسر.
پلانی دەرەكی:
كۆتا پلان لەدەرەوە دەست پێ ئەكاتەوە ئەویش هەرپلانی دەسەڵاتی فرەنجەیە كەچاودێری صەلاحە دینی ئەیوبی ئەكەن كە بەوشێوەیە سەركەوتنی بەدەست هێناوە لەناو میسردا بەرانبەر بە فرەنجە، بەڵام دیسانەوە ئەیانەوێ رووبەڕووی بوەستنەوە بۆ ئەمەش سوپایەكی زۆر كۆئەكاتەوە هێرش ئەهێنێ بۆ دمیاط، صەلاحەدینی ئەیوبیش خۆی ئامادە ئەكات كە ئەم جارە لە ئەندەلوس و سقلیە و ناوچەكانی ترەوە هەموویان ئەكەونە رێ لە بەیتول مەقدیسەوە كۆمەڵەی قەیس و روهبان هەموویان دژی صەلاحەدینی ئەیوبی بەماڵ و سەروەت و سامانێكی زۆرەوە لە ساڵی ٥٦٤كۆچی دا دێن، صلاحەدین ئەزانێ هەموو ناوچەكانی لێگیراوە سوپایەك ئامادە ئەكات لە نیلەوە بەچەك و زەخیرەی باشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوا ئەكات لە نورە دین مەحموود ئەویش سوپا لەدوای سوپا بۆ صەلاحەدینی ئەیوبی ئەنێرێ لە چەك و سەروەت و سامان هەموو شتێكی سەربازیی، فرەنجەكانی فەرەنسی لە شام و فەڵسطین ئەیانەوێ بێنە ناو خاكی میسرەوە لە دمیاطە وە نورەدین مەحموود خێرا بۆیان ئەڕوات بۆ ئەوەی بەرانبەریان بوەستێتەوە وە شەڕێكی زۆر گەورە روودەدات بە تەواوەتی سەركەوتن بەدەست دەهێنێت بەسەریان دا توانا و ئازایەتییەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ نورەدین مەحموود، چونكە نورەدین مەحموود كە دەزانێت دوژمن بەرانبەر بە صەڵاحەدین كۆئەبنەوە خێرا سوپا ئامادە ئەكات و رووبەڕووی ئەوان ئەبێتەوە. ئەوەبوو لەكۆتایی دا سەرئەكەوێت بەسەر دمیاط دا وە ناوچەكانی غەززە دا.
لەدوای ٥ ساڵ هاتنی فرەنجەكان بۆ دمیاط جارێكی تر لە سقلیە واتا ئیتاڵیا لەوێوە هێرش ئەهێننەوە بۆ ئەسكەندەرییە لەكۆتایی ٥٦٩ كۆچی دا، بەڵام ئەم جارە بە ٥٠ هەزار سوپاوە دێن زیاد لە ١٥٠٠ یان ٣٠٠٠ كەشتیدان هێنایە ناوەوە، بەڵام ئەم جارە صەلاحەدینی ئەیوبی سەركەوتنێكی وایان بەدەست هێنا كە چەكی زۆر قورسیان پێ بووە لە مەنجەنیق و هەموو شێوەكانیان پێ بووە صەلاحە دین خۆی بۆ ئامادە ئەكات و بەباشترین شێوە بیابانەكانیان لێ ئەگرن و یەكەم جار كە دائەبەزن ٧ كەس لە موسوڵمانەكان ئەكوژن كە لەمێژوودا واباسكراوە، بەڵام دوای ئەو ماوەیە صەلاحەدینی ئەیوبی خۆیان كۆئەكەنەوە سەربازگەی ئەسكەندەرییە بەتەواوی ئەگرێت و توانی لەماوەیەكی زۆر كەمدا دەنگوباسی سەركەوتنی بگاتە هەموو جیهان هیچ كەس نەی ئەتوانی رووبەڕووی ببێتەوە.
سەر لەنوێ لەناوچەكانی مەراكیش كەسێكی دەوڵەتی موەحدین بەناوی منصوری موەحدین بەرانبەر بە سوپای فرنجە بوبەوە لەناوچەكانی ئافار و ناوچەكانی تردا بەتەواوەتی وردە ئان و شەوكەتی نەسارا بەتەواوی كۆتایی پێ دێت، صەلاحەدینی ئەیوبی ئەوەندەی تر خۆشەویست ئەبێت وە دەوڵەمەند ئەبێت لەڕووی چەك و كەرەستەی سەربازی و كەشتی جەنگی توانیویەتی سەربكەوێ بەسەر ئەو هەموو سوپایەدا، وە سەركەوتنێكی وەها گەورە كە فرنجە لە ژیانی دا ئەمەی لە بیر نەچوویەوە بەرامبەر بەوكارەی كردویەتی، تا سەردەمی لاوازبوونی خیلافەتی عوسمانلی نەیتوانی سەلیبیەكان بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە

## لەناوچوونی دەوڵەتی فاطمی شیعی

دوای ئەوەی صەڵاحەدینی ئەیوبی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، لەشەڕەکانی، سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەو پلانانەی، کە دارێژران بۆ لەناوبردنی، توانی شان و شەوکەتی تا رادەیەکیش دەسەڵاتی ئەسارا بەرەو کۆتایی بەرێت، لەدوای ئەم کارانە ئەوەندەی تر ناوبانگی دەرکرد. لەم سەروبەندەدا شتێک روودەدات ئەویش ئەوە بوو، کە خەلیفەی فاطمی نەخۆش ئەکەوێ هەرچەندە پێشتریش نورەدین مەحموود هەواڵی زۆر ئەنێرێ بۆ صەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت، بەتەواوی کۆتایی بەدەوڵەتی فاطمی شیعی بهێنێت و تێکی بشکێنێت و هیچ کەسێک بەناوی خەلیفە عاضدەوە وتاری هەینی نەدات، بەڵکو بەناوی موستضی‌ءیەوە وتار بدان خەلیفەی موسوڵمانان. ئەگەر بێت و لەباتی ئەوەی وتار هەینی بەناوی خەلیفەی عەباسیەوە بدرێ لەباتی لەخەلیفەی فاطمی، ئەمە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دەوڵەتی ئەهلی سونە و جەماعەت، بۆیە نورەدین مەحموود زۆر هەوڵ دەدات، ئەم کارە بکات لەگەڵ صەڵاحەدینی ئەیوبی بەدوای هەلێکدا ئەگەڕا، چونکە نەیدەویست شتەکان لەدەستی بچێت، ئەزانێت خەلیفەی فاطمی عاضد نەخۆش کەوتووە وە نورەدین مەحموودیش بەرگری زۆری لێ ئەکات بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت بیگۆڕێت بۆئەوەی هیچ نەبێت وردە وردە دەسەڵاتی شیعە بەرەو کەم بوونەوە بڕوات، دواتر خۆی هەڵئەسێت و وتارێک دەدات لەمزگەوت دا وە صەڵاحەدینی ئەیوبی فەرمان ئەکات بە هەموو مزگەوتەکان کە لەئێستاوە ناوی خەلیفەی فاطمی تەماو بیگۆڕن بۆ خەلیفەی عەباسی .

لە ساڵی ٥٦٧کۆچی بۆیەکەم جار بەتەواوەتی شکستی هێنا بەدەوڵەتی فاطمی شیعی و دەوڵەتی عوبەیدی کۆتایی هات، بۆ یەکەم جار وتاری ئەهلی سونەو جەماعەت بەسەرکردایەتی صەڵاحەدینی ئەیوبی لە میسردا دەستی پێکردوە کەسێکی ئەژدەری وەک صەڵاحەدینی ئەیوبی لەمیسردا ئەهلی سونە و جەماعەت بەرز بویەوە ئەو شوێنەی کە دروستکرا بوو بۆ لە ناوبردنی ئەهلی سونە بەناوی ئەزهەر صەڵاحەدین توانی بیکاتە زانکۆ و قوتابخانەی موسوڵمانان لەهەمووی گرنگتر دوو قوتابخانەی دروستکرد بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سونەو جەماعە وە خۆشەویست بوونی ئاینەکە و لەناوبردنی کۆمەڵی شیعەی فاطمی لەو ناوچەیەدا بەتەواوەتی، نورەدین مەحموود خۆشحاڵ ئەبێت بە مردنی خەلیفە عاضد بێ ئەوەی هیچ کەسێک قسە بکات. خەڵکی میسر ئەهلی سونەو و شیعەکان بەزۆر داگیریان کردبوو بۆیە هەرهەموویان بەتەواوی بێ دەنگ ئەبن وە بەمردنی خەلیفە عاضد کۆتایی بە خیلافەتی فاطمی وعوبەیدی هات کە خیلافەتێکی خراپ بوو وە کەسانێکی وەک حاکم بئەمری الله تێدا بوو کە داوای خوایەتی ئەکرد و دەستدرێژی کردە سەر خوشکەکەی خۆی وە لەگەڵیدا رای ئەبواردە بەناوی ستل ملوک کە دەیوت من خوام و خوا حلول بووە لەناو لاشەی من دا. دەسەڵاتێکی زۆر خراپ و پیس بوو وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا کە مستەعریەکان و نزاریەکان چ کارەساتێکیان دروست کرد بەرانبەر موسوڵمانان بەگشتی لەناو جیهانی ئیسلامیی دا.

بەمردنی خەلیفە عاضد صەڵاحەدینی ئەیوبی بوو بە سەرکردە و گەورە پیاوی میسر و بەتەواوەتی خوری شیعی و دەوڵەتی عوبەیدی ئاوابوو. صەڵاحەدینی ئەیوبی وەک ئەبینین

یەكەم كار و یەكەم ململانێ كە كردوویەتی شەڕەكە شەڕی مەزهەبی بووە كە لە سەرەتاوە دەست یان پێ كردووە، شەڕی خاك نەبووە چونكە خاكی موسوڵمانان بەگشتی بەر فراوان بووە. صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەو كارەی كە كردی دژی شیعە وە دەوڵەتی فاطمی بوو، بۆ ئەوەی لەناویان بەرێت، توانی بەتەواوی دەوڵەتی فاطمی لەناو بەرێ و دەوڵەتی سوننی مەزهەب لە جێگەی دەوڵەتی شیعی مەزهەبی فاطمی دابنێت. دەوڵەتی فاطمی لە بنەڕەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ عوبەیدی خۆیان ئەم ناوەیان وا لێكردووە و كردوویانە بە فاطمی، چونكە ئەگەڕێتەوە بۆ عوبێد الله كوڕی قەداحی جولەكە صەڵاحەدینی ئەیوبی توانی بەتەواوی دەسەڵاتی دەوڵەتی شیعە نشینی فاطمی كۆتایی پێ بێنێت. لەدوای ئەوەی صەڵاحەدینی ئەیوبی توانی بەسەر هەموو پلانەكاندا سەربكەوێ وەتوانی زوربەی زۆری سوودانییەكان بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە وە هەمووپلانە داڕێژراوەكانی ئەحباشەكان كۆتایی پێ بهێنێت. هەموو میسر مل كەچ بوو بۆ حوكمی صەڵاحەدینی ئەیوبی وە نورەدین مەحموود زۆر دڵخوش بوو بەم رەوشەی كەڕوویانداوە پارەیان بەناوی نورەدین مەحموودەوە چاپ كردوو، بەناوی نورەدین مەحموودەوە و خیلافەتی دەوڵەتی عەباسی لە مینبەرەكانی مزگەوتەكانەوە وتار درا و دەسەڵاتی شیعی بەتەواوەتی كۆتایی پێ هات.

دوای ئەوەی صەڵاحەدینی ئەیوبی لەكارەكانی دا سەركەوتوو بوو هەمووخەڵكی ئەو دەڤەرە خۆشیاندەویست؛ وەكو سوڵتان سەیریان دەكرد، بەڵام لەم كاتەدا چەند كەسێكی خراپەكار ئەوانەی هەمیشە خەریكی كێشەو ئاژاوە و ناكۆكی بوون هەوڵیان ئەدا كەوا كێشە و ململانێ بنێنەوە لەنێوان صەڵاحەدینی ئەیوبی و نورەدین مەحموود دا بۆ ئەوەی نێوان یان تێك بدەن، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی هەموو حوكمەكەی خۆی وەكو والییەكی سوڵتان نورەدین مەحموود نیشان ئەدا، بۆ ئەوەی كەوا هەست بەوە نەكات ئەم خۆی بەگەورە ئەزانێت، كە ئێستە ناوچەی میسر و سوودان كەوتووەتە دەستی كە لە هەموو ناوچەكانی شام و موصڵ گەورەتر بوو. ئەوە بوو نورەدین مەحموود ئەترسا لەوەی كەوا صەڵاحەدینی ئەیوبی وەك سوڵتان ناوزەد بێت و خۆی جیابكاتەوە لە دەوڵەتی زەنكی-یەكان لەدەوڵەتی نوری، كە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی نورەدین مەحموود كە ئەویش دەوڵەتی زەنكی ئەكات، وە كوڕی عیمادەدین زەنكییە، بەڵام خەڵكی دیندار و ژیر كەوتنە نێوان هەردوولاكەوە ئەو ناڕەحەتی و ناهەمواریەی، كە ویستیان دروستی بكەن لەنێوانیاندا چارەسەر كراو رەوشەكە گەڕایەوە جێگەی خۆی، صەڵاحەدینی ئەیوبیش هەر لەژێر هیواو ناوی نورەدین مەحموود دا مایەوە.

## ڕۆیشتنی صەڵاحەدینی ئەیوبیی بۆ قودس و
## یەکخستنی میرنشینەکانی نورەدین مەحموود

لە کتوپڕ نورەدین مەحموود لەساڵی ٥٦٩ کۆچی دوایی ئەکات، سەبارەت بە مردنەکەی ڕای جیاواز هەیە هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن ژەهرخوارد کراوە و هەندێکی، کە دەڵێن شەهید کراوە بەدەستی باطنیەکان .

ئەو ماوەیەی، لەژیاندا بوو دەوڵەتێکی بەهێزی هەبوو، دەوڵەتی زەنگی پێش ئازادکردنی میسر هەبوو، عیمادەدین زەنگی دوو کوڕی هەبوو، یەکیان ناوی نورەدین مەحموود بوو، ئەوی تریان سیفەدین غازی بوو. نورەدین مەحموود کەسێکی زۆر زیرەک و ئازاو چاونەترس بوو، سیفەدین غازی کەسێکی دیندار بوو بەڵام زۆر حەزی بەتێکەڵ بوونی جیهادی ئەساراکان نەبوو وە هەرگیز تێکەڵ نەبوو بەجیهادی ئەسارا.

بۆیە عیمادەدین زەنگی ئەیزانی نورەدین مەحموود کەسی ئەو ڕێگەیەیە بۆیە بەشی مەملەکەتی حەڵەب وموصڵ تا ئەگاتە دیمەشق دایە دەست نورەدین مەحموود، بەشێکی تری کوردستان و ناوچەکانی دیاربکر و ناوچەکانی جەزیرە تاوەکو ئەگاتەوە کەرکوک و شارەزوور زۆربەی زۆری بەدەستی سیفەدین غازی یەوە بوو، واتا ویلایەتی موصڵ بەدەستی سیفە دین-ەوە بوو وە ویلایەتی حەڵەب-یش بەدەستی نورەدین مەحموود-ەوە بوو، نورەدین مەحموود توانی هەموو سوڵتەو دەسەڵاتی براکەی تریشی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لەبەرئەوەی کەسێکی بێ توانا بوو، دواتر سیفەدین غاز-یش مردوو و مەملەکەت گەڕایەوە بۆ ژێر دەستی نورەدین مەحموود. لە دواییدا هەموو ناوچەکانی میسر ڕزگار کرا بەڵام کاتێک نورەدین مەحموود لە ژیان دەچێتە دەرەوە سەر لەنوێ خراپەکاری و ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان ئەمیرەکان، صەڵاحەدینی ئەیوبیش موڵکێکی زۆر لەبەردەستی دا بوو وە بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی کە لەبەردەست دا بوو، توانی ناوچەیەکی زۆر بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە ئەمەش لە چاکەی خواوەیە هەرکەسێک ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خوای گەورە موڵکی خۆی پێ ئەبەخشێ. ئەم هەموو موڵکە کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانان، چونکە ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان ڕاستگۆیانە پاراستی خوای گەورە بۆی زیاد ئەکات، (وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ) واتا: ئەگەر ئێوەش سوپاسگوزاری ئەو چاکەیە بکەی، کە خوای گەورە پێی بەخشیون خوای گەورە بۆتان زیاد ئەکات، بەڵام ئەگەر کەوتنە ململانێوە من و تۆی تێدا بێت، ئەوا خوای گەورە لێتان وەرئەگرێتەوە، چونکە خۆی دەوڵەمەندەو ئەی بەخشێ بەکەسی تر.

بۆیە لەدوای مردنی نورەدین مەحموود کوڕێکی بچووکی هەبوو بەناوی پادشا صاڵح ئیسماعیل کە بەر لەمردنی وەسیەتی کرد کە صاڵح ئیسماعیلی کوڕی جێی بگرێتەوە وە پەیمانی وەرگرت لەهەموو میرنشینەکان کە لەدوای خۆی کوڕەکەی بخەنە شوێنی کە تەمەنی ١١ ساڵان بوو کە بووە جێنشینی باوکی.

مامی ئەبێتە ڕاوێژکاری و جێ بەجێ کاری مەلیک صاڵح هەندێکی تر دەڵێن مامی نەبووە هەر ڕاوێژکاری بووە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان دەڵێن مامی بووە. مێژوو نووس ارجعیش ئەڵێت: تەنها لیش وکارەکانی بۆ جێبەجێ کردووە کە گوایە پرس و ڕای پێکردووە ئەم لەبری ئەو بڕیارە

راوە ئەویش کەسێک بوو بەناوی شمسە دین محمد کوڕی موقەدەم کاتێک نورەدین مەحموود مرد حەلەب، شام، حەما، حمص، موصڵ، دیاربکر حەسەن کێف و حەسەکە و..هتد زۆربەی زۆری ناوچەکانی هەولێر و شارەزوور هەموو ئەمانە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی زەنگی دا بوو کە دەوڵەتێکی سوننی مەزهەبی تورکمان بوون وە دەوڵەتێکی موجاهیدینی ئەم ئیسلامە بوون، سنجار و ناوچەکانی بادینان هەموو لەژێر دەستی ئەماندا بوو .

لەپاشان دا هەموویان کەوتنە پلاندانان دژی یەکتری ئەوە بوو هەندێکیان دەستیان تێکەڵ کرد لەگەڵ باطنی یەکاندا هەندێکیان لەگەڵ شیعەی ئیسماعیلی وهەندێکی تریشیان لەناوخۆیان دا کردیان بەشەڕ هەتا یەکێک لەوانە سیفەدین کوڕی مامی مەلیک صاڵح بوو بە تەواوەتی خۆی جیاکردەوە لە دەسەڵات و سوڵتەی نورەدین مەحموود کە مەلیک صاڵح کوڕی شوێنی گرتبوەوە، سەیف دینی ئامۆزای مەلیک صاڵح موصڵی لەژێر دەستدا بوو، بەڵام بەتەواوەتی خۆی جیا کردەوە و وتی من ئەم ویلایەتە ئەبەم بەڕێوە بۆخۆم تا وای لێهات کەس گوێی بۆکەس نەئەگرت و بەتەواوەتی شەڕ و پێکدادان کەوتە نێوانیانەوە بەجۆرێکی لێهاتبوو دووشار یان دوو قەڵا بەیەکەوە هەردووکیان براو کەسی یەکتری بوون ئەیان کرد بەشەڕ بۆئەوەی ئەم بچێت موڵکی ئەو داگیربکات خەڵکی بەتەواوەتی لەم نێوەندەدا بێزار ببوون، سەروەت و سامانی خەڵکی بەهەدەر ئەچوو کارو کاسبی وەستابوو، دینداری لەناو خەڵکیدا بەتەواوەتی کەم بووبوویەوە و خەڵک وای لێ هاتبوو تەنانەت لەوکاتەدا دەرگەی مزگەوتەکانیان دائەخست بەوەی کەئەم زانایە سەر بە عەباسی نییەو ئەوی تریان سەربەوی تریان نییە. زۆربەی زۆری قازییەکان ناڕەحەت بوون لەدەسەلاتی ئەم والیانە و بنەماڵەی نورەدین مەحمود، بەو شێوەیە جیاوازی ناهەمواری کەوت بووە نێوانیانەوە، صەلاحە دینی ئەیوبیش لە میسر دەوڵەتێکی مەتین وبەهێزی هەیە ئەیویست بڕوات بەدەم یانەوە و ئەم بارودۆخە چاک بکاتەوە هەرچوونێک بێت ئەم بارودۆخە چارەسەر بکات، بەڵام صەلاحەدینی ئەیوبی کەسێکی زیر بوو ئەیزانی ئەم بارودۆخەی کە لەشام دا دروست بووە ئەگەر بێت و ئەم دەستی تێبخات لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی نورەدین مەحمود نیە رەنگە خەڵکێکی تر بکەوێتە نێوانیانەوە ئەمیش نەتوانێ کارەکەی خۆی بکات وە بەم هۆیەوە پێگەی صەلاحەدینی ئەیوبی کەم بێتەوە. صەلاحە دینی ئەیوبیش وەک سوڵتانێکی دیندارو بەڕێز لەناو خەڵکی دا ناسرابوو بۆیە ئەیدەویست دەست بخاتە کێشەکانی ئەوانەوە تا ئەوکاتەی نورەدین مەحموود مردو مەلیک صاڵح ئیسماعیل ئەو کوڕە بچووکە بوو بە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە گەورەیە لەشام دا تەنانەت صەلاحەدینی ئەیوبی چووە ژێر دەسەڵاتی مەلیک صاڵح ئیسماعیل-ەوە، پارەی بەناوی ئەوەوە چاپ کردوو لە وتاری رۆژی هەینیش باسی ئەم کوڕە منداڵەی ئەکرد کەناوی مەلیک صاڵح ئیسماعیل ڕێزی لێ ئەگرت چونکە ئەیزانی ئەمە کوڕی ئەمیرەکەیەتی لەبەر ئەوە تا ئەیتوانی رێزی لەو منداڵە ئەگرت.

دوای ئەوەی سیفەدین موصڵی جیاکردەوە ئیمارەتەکەی خستە ژێر دەستی و هاتە ناو دیمەشقەوە شەڕێکی زۆر زۆریان کرد لەگەڵ یەکتری ئەیتوانی سوپای شەمسەدینی محمدی کوڕی مقدم بشکێنێت.

مەلیک صالح ئیسماعیل بوو خاوەنی ناوچەکانی شەمسەدین محمد کوڕی مقدم-یش ڕاوێژکاری جەزیرە بوو داوای کرد لە صەلاحەدینی ئەیوبی کە بچێت بەهانایەوە واتا ئەم جارە داواکاریەکی لەخۆیانەوەیە، بەڵام سەیفەدین خستیە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی جزیرە چووە ژێر دەسەڵاتی سەیفەدین.

ئەویش بەئاواتی ئەمەوە بوو بڕوات کۆتایی بەوە بێنێت، چونکە هێزی صەلاحەدینی ئەیوبی زۆربەی زۆری هێزی نوریەکان لەبەردەستی صەلاحە دینی ئەیوبی دا سەربازی باشی هەبوو وە بوو ئەم هێزە زانیان چۆن ڕووبەڕووی ئەو شەڕو ناهەمواریە ببنەوە ئەمە لەمانگی ڕەبیعی ال کۆچی، صەلاحەدینی ئەیوبی هەرچەندە ترسی فرەنجە و ئەساڕاکانی هەبوو، بەڵام پشتی بەخوای گەورەی بەست و ڕۆیشت بۆ ئەوەی دەنگی موسوڵمانان بکاتەوە بەیەک ئەوبوو بیابانی بڕی تاگەیشتە بوصرا لەوێ گەیشتە ناو بوصرا هەموو خەڵکەکە ڕێزێکی زۆر یان لە صەلاحەدینی ئەیوبی گرت وەکو ڕێزی ئەمیر و کەسێک کە وڵاتان ڕزگار ئەکات، بەو شێوەیە چوون بەرەو ڕووی صەلاحەدینی ئەیوبی و کەسێکی ڕوخۆش و قسە خۆش بوو لەگەڵ خەڵکی دا کاتێ چوونە ناو دیمەشق-ەوە هیچ کێشەیەکیان توش نەبوو وە صەلاحەدینی ئەیوبی لەماڵی باوکی خۆی دادەنیشێت واتە ئەو ماڵەی کە هێنی باوکیەتی و تێدایدا پەروەردە بووە و ماڵی کەس و کاریەتی.

هەروەها دوای ئەوەی سەروەت و سامانێکی زۆر خرایە بەردەستی صەلاحەدینی ئەیوبی سەروەت و سامانێک کە ئەگەر بیویستایە ئەیتوانی خۆی دەوڵەمەند و بەهێز بکات، بەڵام باوە دەسەڵات ئەو بەخششەی کەخوای گەورە پێی بەخشیووە لەدەسەڵاتی کەم نەبوویەوە ئەوەبوو هەرچییەکی دەسکەوت لەپارەو سەروەت و سامان هەمووی دابەشکرد بەسەر خەڵکی فەقیر و هەژار و زانایان وە ئەو کەسانەی کەشایەنییەتی بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئیسلامی لەو وڵاتەدا جێ بەجێ بێت، هەروەها نەخۆشخانەی دروست کردووە وە دادگا کە ئەو کات پێی وتراوە "عدل الاسلام-ی" یان "دار العدل" کە وەک دادگای ئێستا وابوو، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ئەم هەموو ڕێز و سەروەت و سامانە بووە لەگەڵ ئەوەش دا خەریکی خەڵک تیرکردن و چارەسەر کردنی ئەو کەسانەی کەنەخۆش و ناڕەحەت بوون، قوتابخانەی دروستکردووە بۆ زانستی شەرعی کەئەم هەموو شتانەیان بینی لە صەلاحەدینی ئەیوبی خەڵکی بەتایبەت لەدیمەشق دا باوەڕیان پیادەکرد، چونکە خەڵکی ئەمەی ئەویست نەک تەنها لەبەر بەرژەوەندی خۆی سەروەت و سامان بەکار بێنێت، خۆی وتاری هەینی ئەدا و دواتریش لەگەڵ ئومەراکان و کوڕ و براکانی سەردانی نەخۆشخانەکانی ئەکرد و ئەچوون بۆ نەخۆشخانەی نوری واتە ئەو نەخۆشخانانەی کە نورەدین مەحموود دروستی کردووە، نەخۆشخانەیەک بوو لەنەخۆشخانە گەورەکانی جیهان لەڕۆیشت و سەردانی نەخۆشەکانی ئەکرد و پارەی دابەش ئەکرد بەسەر خەڵکی دا، لەمەش وای کرد وڵاتەکان یەک بخالەوە بیان کاتەوە بەیەک چونکە خاوەنی بڕۆژە و فیکر و سیاسەت بوو.

سەلاحەدینی ئەیوبی کەسێک بوو دەیوسیت ناوی خوای گەورە بە بەرز و پیرۆز رابگیرێت و خوای گەورە بەرزیکاتەوە بۆ ئەوە کاری ئەکردوە کەخۆی سەربکەوێ و ناوی بەرێتە ئاسمان. مرۆڤ ئەگەر بیەوێ خوای گەورە بەبەرز رابگرێ خوای گەورەش سەری ئەخات .

هەرکەسێک بیەوێ ناوی خوای گەورە بەبەرزی رابگرێ خوای گەورە ناوی بەرز ئەکاتەوە ناوی نامرێنێ و ناوی ئەهێڵێتەوە وەکو مێژوو. چەنێکی تر لە مەزهەبەکان و خەڵکانی تر هەبووە سەدان سەرکردەو شۆڕشگێڕ هەبووە، بەڵام ناوی هەندێکیان دیار نی یە لە مێژوودا نادۆزرێتەوە لەبەر ئەوەی چوار ئەمێنێتەوە وەک ئەوانەی کە بۆ خوا کردوویانە وەک ئیمامی شافعی، مالک، ئەحمەد و ابو حنیفە ئەمانە راستگۆ بوون لەگەڵ خوا و دینداری یەکەیان دا. ئەو کەسانەی کە کاریان کردووە لەپێناوی خوای گەورە هەم خۆیان سەربەرزی جیهان و قیامەت بوون هەم گەلەکەشیان بەجوانترین شێوە باوەشی بۆ کردوونەتەوە، وە بەو شێوەیەش کەخوای گەورە داوای لێکردووە هەنگاویان ناوە سەرلەنوێ هیمەتی جیهاد کەوتەوە ناو خەڵکی، چونکە لەم لایانەوە قودس داگیرکراوە کەبۆماوەی چەند ساڵە مزگەوتی قودس تەوێڵەی ئاژەڵە و نەساڕاکان وڵاخەکانی خۆیانیان تێدا ئەبەستەوە، ئەوەی کەلە مێژووی نەساڕاکان دا هاتووە دوورە لەڕاستی یەوە کە گوایە نەساڕاکان مزگەوتی قودس یان هێشتوەتەوە تەنها ئەو رۆژەی قودس داگیر کرا زیاد لە ٧٠ هەزار کەس یان کوشت یەکەم شاڵاوی نەساڕاکان کەهاتە ناو فەڵەستینە وە لەیەک رۆژدا ٧٠ هەزار کەس یان کوشت.

بۆیە کاتێک صەلاحەدینی ئەیوبی رۆشتە ناو دیمەشق بەو شێوەیە خەڵک پێشوازی لێکرد و دەیان شاعیر هۆنراوەیان بەسەر صەلاحەدینی ئەیوبی دا هەڵ ئەدا. ئەو کەسەی کە هۆنراوەی بەسەر صەلاحەدینی ئەیوبیدا هەڵدا کەسێکی وەک وجیش الاسدی کە یەکێکە لەزانناو قازی یە گەورەکان، هەروەها کەسێکی وەک نشوە الدولە ابی فضل کە یەکێکە لە قازیە گەورەکان کەهۆنراوە ئەڵێت بەسەر صەلاحەدینی ئەیوبیدا**.

ئەو شوێنانەی کە دادوەری تێدا ئەکرا خەڵکیش ئەڕۆیشتن لەگەڵ صەلاحەدینی ئەیوبی پێی ئەوترا "محکمە الاسلام-یە" صەلاحەدینی ئەیوبی خۆی لەو جێگەیە دائەنیشت و حوکمی خەڵکی ئەکرد، باجی لەسەر خەڵکی لائەبرد بۆئەوەی خەڵکی ئەوەندە بێزار نەبێت وەکار ئاسانی بۆ

---

** دەڵێت:

انی بعدما نادت دیمشق لبعده
الی ربها: تالله مسنی الضر
فلله حمد لایزال مجددا
علی ما حبا من فضله وله الشکر
اتاح لنا بعد یأس مبرح
مەلیکا غدا من بعض خدامە الدهر
ولم لایجوز الارض شرقا و مغراکیشا
ولله فی إعلاء رتبته سر

عبداللە کە یەکێک بووە لە قازیەکان خۆی لە خزمەتی خەڵکی ئەکرد وەک سەعدی کوڕی عبداللە کە یەکێک بووە لە قازیەکان خۆی لە "دار العدل" ئاگاداری بارودۆخی خەڵکی بوو لە صەڵاحەدینی ئەیوبی دا دادەنیشت و خۆی لە ناو کۆمەڵگەکەی و خەڵکە هەژارەکەیەوە. چۆن خوای گەورە شام و دیمەشق، چونکە دابەزیوەتە ناو کۆمەڵگەکەی بێت و ئاگای لەخەڵکە هەژارەکەی بێت کەسێک سەربخات ئابەم شێوەیە ئاگاداری کۆمەڵگەکەی بێت و ئاگای لەخەڵکە هەژارەکەی بێت ئابەم شێوەیە کاری ئەنجام داوو.

صەڵاحەدینی ئەیوبی هەموو جارێک لەدیمەشق ئەوانی دڵنیا ئەکردەوە وتەی فەرموو من نەهاتووم بیمە سوڵتان بەسەر ئێوەوە بۆدەسەڵات نەهاتووم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم پشتگیری سەرخستنی مەلیک صالح ئیسماعیل بکەم کە کوڕی سەرکردەمە وە کوڕی ئەو کەسەیە کەمن بەیعەتم پێ داوە، بۆئەوەی هیچ کەسێک لێی هەڵنەگەڕێتەوە.

صەڵاحەدینی ئەیوبی دوای ئەوەی بەتەواوەتی دەسەڵاتی لەدیمەشق گرتە دەست برایەکی خۆی دانا لەوێ بەناوی سیف ئیسلام تغتكين کەسێکی کورد و برای صەڵاحەدینی ئەیوبیە وە بەڕێوە بردنی ئیش و کاری دیمەشقی پێسپارد، دواتر صەڵاحەدینی ئەیوبی ڕووی کردە شاری حمص کێشەیەکی زۆر لەو ناوچەیەدا هەبوو ڕۆشت تا زۆربەی زۆری قەڵاکانی بە جێهێشت و چووە ناو شارەکەوە بۆئەوەی شارەکە بپارێزێت. شارەکەی بەلاوە گرنگ بوو ئەوە بوو ئیشی شارەکەی خستە بەردەستی خۆی، بۆئەمەش کەمێ شەڕی کرد کە دەهاتنە ڕێگەی، بەڵام توانی بەو سوپایەی کە هەی بوو بچێتە ئەو جێگەیە حمص-ی خستە ژێری قەڵەمڕەوی خۆی.

صەڵاحەدینی ئەیوبی دواتر ڕووی کردە شاری حەما والییەکەی ناوی عیزەدین جۆردیک-ە و یەکێک بوو لەو کەسانەی کەلە شاڵاوی سێیەمی میسردا لەگەڵ صەڵاحەدینی ئەیوبی و ئەسەدەدین شێرکۆ دابوو. سەرەتا والی حەما عیزەدین جۆردیک ویستی نەیەڵێت صەڵاحەدینی ئەیوبی بچێتە ئەو جێگەیە، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی پێی وتن من و تۆ هەردووکمان بەیەکەوە سەرباز و موجاهید بووین کە لە پێناو خوای گەورە کردوومانە تۆ بۆ خۆت کەسێکی دینداری عیزەدین جۆردیک بە کردار کەسێکی دیندار و خواناس و ئەهلی سونتەو جەماعە بووە دەیویست دینی خوای گەورە سەربخات، کاتێ وتی من وتۆ پێکەوە فەتحی وڵاتانی موسوڵمانمان کردووە و فرنجەمان خستوەتە دەرەوە ئێستا نایەڵێت من بێمە ناوەوە نەهاتووم بۆ ئەوەی بیم بەوالی و ئەمیر بەسەر تووە، بەڵکو هاتووم بۆ ئەوەی موسوڵمانان بەیەکەوە ڕێک بخەم و خۆشت لەو جێگەیە بێنەرەوە عیزەدین جۆردیک کەئەمەی بیست قسەکەی بە دڵ بوو بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە هێرشی نەسارێکان، چونکە نەسارێکان هەموو لە ئامادە باشیدا بوون بۆ ئەوەی بچن لەو شوێنانەی کە پارچە پارچە بوون بیگرن، پاشان ئەوە یەکسەر ڕۆشتە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی صەڵاحەدینی ئەیوبی زۆر ڕێزی لێگرت و کردی بە هاوکاری خۆی هەنا ناردی بۆلای سیفەدین بۆ موصڵ و وڵاتی جەزیرە بۆئەوەی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و کوردستان، چونکە صەڵاحەدینی ئەیوبی زۆر پێی ناخۆش بوو کە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی سیفەدین بێت لەبەر ئەوەی سیفەدین کەسێکی خراپەکار بوو هەر ڕۆژەو دەیویست دەستی لەگەڵ یەکێکدا تێکەڵ بکات. کاتێک صەڵاحەدینی ئەیوبی چووە ئەو ناوچانەوە بەو ناوەوە کارە ئەکرد کەگوایە ئەم بۆ خۆی وەستێنکری کوڕەکەی نورەدین مەحموودە کەناوی مەلیک صالح

ئیسماعیل بوو، ئەوەبوو صەڵاحەدینی ئەیوبی باوەڕی بە جۆردیک هێنا بۆ ئەوەی بڕوات بۆ حەما ئەوی پێکەوە دەست تێکەڵ بکەن کە حمص کەوتە ژێر دەسەڵاتی صەڵاحەدینی ئەیوبی دواتر پێکەوە ویستیان بڕۆن بەرەو حەما کاتێک حەماش و حمص بەتەواوی خرایە ژێر دەسەڵاتی صەڵاحەدینی ئەیوبییەوە حەڵەب مابووەوە، دواتر رووی کردە ئەوێ.

صلاح الدین دوای ئەوەی حما وحمصی خستە ژێر دەستی خۆیەوە حەڵەب مایەوە خاوەنی حەڵەبیش کەسێک بوو بەناوی سەعدەدینی کمشتکین وە ئەمارەتەکەی لەدەست دابوو، بەڵام خۆی یەکێک بوو لە بنەماڵەی نورەدینییەکان وە ناوچەی کوردستان واتا ناوچەی سنجار و بادینان وئامێدی لەژێر دەست دا بوو، هات ناوچەی حەڵەبیشی خستە ژێر دەستی خۆی و شەڕێکی کرد لەگەڵ خاوەنەکەی کەناوی شمسەدینی کوڕی دایە بوو سەعدەدینی کمشتکین توانی حەڵەب بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و ئیبنو دایە و کوڕەکان و کچەکان و کەسوکارەکەی بەند کردبوو ئەمیچ ئەیێت پەیامەکەی صەڵاحەدینی ئەیوبیماڵ و منداڵەکەم رزگار بکات وەبێتەوە ژێر دەسەڵات و سوڵتەی بنەماڵەی نورەدین مەحمود، بەڵام سەعدەدین کمشتکین کەسێکی زۆر خراپەکار بوو وە زۆر بەیاخی بەوان دەداو وەڵامی نامەکەی صەڵاحەدینی ئەیوبی دایەوە هەتا وا وەڵامی دایەوە کە عیزدین جۆردیک-ی بەندکردوو خستییە لای ئینو دایە لەگەڵ ئەودا بەندی کرد وەڵامی بەکەسێکی سادەو رێبوارێکی رێدا ناردەوە بۆ صەڵاحەدینی ئەیوبی کە بەهیچ شێوەیەک قسەی لەگەڵ دا ناکرێت و بەهیچ شێوەیەک وەڵامی نادرێتەوە، چونکە سەعدەدین کمشتکین کەسێکی زۆر خراپەکار و مەشروب خۆر وداوێن پیس بوو بێ ئەوەی هیچ ترسێکی لەدڵ دا بێت لەگەڵ ئەسارەکاندا دەستی تێکەڵ بوو، تەنها بەناو لەدەوڵەتی موسوڵمانان بوو ئەگینا هیچ شتێکی بەسەر موسوڵمانەوە نەبوو.

دوای ئەوەی ئەم حاڵەتە روویدا صەڵاحەدینی ئەیوبی سوپایەکی زۆری کۆکردەوە ئەکەوێتە کەمین و بۆسە بۆی، چونکە ئەمە سوکایەتی کردنە بە صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەو هەموو والییەی خستوەتە زیندانەوە بەم شێوەیە صەڵاحەدینی ئەیوبی سوپای بۆی کۆئەبێتەوە.

کمشتکین دەست لەگەڵ شیعەی ئیسماعیلی تێکەڵ دەکات بەتایبەت لەگەڵ کەسێک شێخی گەورەی شیعەی ئیسماعیلی راشدەدین کوڕی سینان کە لەناوچەکدا بوو پێ ی ئەوترێ مصایف واتا شوێنێک نییە شار بێت. ئیسماعیلی-یەکان هەمیشە باغ و باخاتیدان دروست ئەکرد وە حەشیشەیان دۆزیەوە، حەشیشیان ئەدایە خەڵکی بێ ئەقڵ لەگەڵ ئافرەتاندا رایان ئەبوارد وەکو جاریە و کەنیزە بەردەوام لەناو ئەو مصایفانەدا نیشتەجێیان کردبوون و نەیان ئەهێشت هیچ کاتێک ئەم ئلیاکە وە ئەو کوڵی تلیاکەیان لێ ببڕێت هەمیشە خوماریان کردبوون بەوە وایان پێ دەبوون کەگوایە ئەمە بەحەشتە ئەگەر ئەمان لێرەیاین بە هەمیشەی ئەمێننەوە، هەرکاتێکیش بکوژرێن هەر بەهەمیشەی ئەگەڕێنەوە بۆ ئێرە، ئەو کەسانەی کە لەدەورپشتی بنەماڵەی ئیسماعیلیەکان بوون ئەوەی ئەمەی دروست کرد نزارییەکان و مستعرییەکان بوون. مستعرییەکان لە فاطمیەکان جیا بوونەوە، ئیبنو صباح و ئیبنو عطاش ئەمەیان دروستکرد و لەدوای ئەمانە کەسێک بەناوی راشدین سینان لەوباخەدا بەو شێوەیە خەڵکی پەروەردە کردبوو خەریکی کاری خراپەکاری و حەشیشە خواردن بوون، هیچ خواپەرستییەکیان نەئەکرد. ئەمانە ئامادەبوون گیانی

واتا فیدای ئیسماعیلیەکان هاتوون بە فیدایيەکان لەمێژووشدا بە فیدایيەکان کە خۆیان بەخت بکەن چونکە واتێ گەیەنرابوون کە ئەگەر بکوژرانایە، ئەوەدا گوێیان پێ نەدەدا و هەموو کەسێکیان ئەکوشت، ئەگەر دوژمنیشیان هیچیان نەدەزانی بەگشتی هەتا هەتای دەمێننەوە و نەخوێنەوار بوون بۆ ئەو جێگەیە تا بەو شێوەیە تێ بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بکوژن خێرا خۆیان بکوژن کوشت گەیەندرابوون.

بۆیە کاتێک ئەبینین ئەوکەسانەی کە مەلیک شا و نیزامول مولک و مەمدوحی کوڕی تونتکین و عیمادەدین زەنگی تیرۆرکرد هەموو ئەمانە لەلایەن ئەوانەوە کەهەموو شیعەی باطنی ئیسماعیلی حەشاشی بوون خێرا خۆیان ئەکوشتەوە. ئەمانە بنەماڵەیەکی زۆر خراپەکار بوون هەروا شتێکی ئاسان نەبووە ئەم بنەماڵەیەی ئیسماعیلی بۆیە بەم شێوەیە کمشتکین زانی صەلاحەدینی ئەیوبی بۆی کۆبووەتەوە سەربازگەی بەرانبەر ڕێکخستووە لەشوێنێکدا کەپێ ی ئەوترێ جوشن یان بتجوشن لەناوچەیەکدایە نزیکی حەلەب واتا ڕۆژئاوای حەلەب ئەکات سیفەدین کمشتکین ئەو دەوڵەتەی گرتبووە دەست.

چەند جارێک هەوڵیادا ڕاشدە دین سینان خەڵکی لەو فیدایيانەی خۆی نارد بۆ ئەو جێگەیانە کە صەلاحەدینی ئەیوبی لێیە بیکوژن لەیەکەم جێگەیاندا کەویستیان صەلاحەدینی ئەیوبی بکوژن لەساڵ ٥٧١ کۆچی=١١٧٥ز لە فیدایيەکان بەتەواوی ڕزگاری بوو، تەنانەت چوونە ناو خێوەتگەکەی صەلاحەدینی ئەیوبییەوە بەڵام نەیان توانی بیکوژن. هەرچەندە لەگەڵ پاسەوانەکان دا هاتە جەنگ نەیان ئەتوانی بەرەنگاری ببنەوە بۆیە تەنانەت خۆیشی شەڕی ئەکرد لەگەڵیان دا جاری یەکەم و دووەم وسێیەم بەم شێوەیە بوو هەرچەندە خێوەتگەکەی خۆی لە ناوچەی عەزاز بوو وە عەزاز دوور بوو لەناوچەی کە سەربازگەکەی لێ بوو لە جەوشەن بوو سێ بۆ چوار جار چوونە ناو خێوەتگەکەی صەلاحەدینی ئەیوبییەوە تا ئەوەی پاسەوانەکان و صەلاحەدینی ئەیوبی خۆیشی توانی لە فیتنەی ئەمانە ڕزگاریان بێت کە فیتنەیەکی زۆر گەورە و ناهەموار بوو، ئەم فیدایەی شیعەی ئیسماعیلی-یانە بەو شێوەیە کە بەرانبەر بە موسوڵمانان کردوویانە وە هەمیشە خەنجەریان پێبووە نەشیان ئەزانی خۆیان بەناو سوپای موسوڵمان دا ئەکرد و جلوبەرگی ئەوانیان ئەکردە بەر و بەو شێوەیە کاریان ئەنجام ئەدا.

صەلاحەدینی ئەیوبی بەردەوام بوو لە گەمارۆخستنە سەر حەلەب کمشتکین زانی ئیسماعیلیەکان هیچیان پێ ناکرێ پیلانێکی تری دانا ئەویش ئەوە بوو ڕیموندی ئازاد کرد کەدیلی نورەدین مەحموود بوو کە کاتی خۆی لەجەنگدا گرتبووی وەلای پادشای قودس بەنرخ بووە کمشتکین بۆ ئەوە ئازادی کرد کە ببێتە پشتیوانییەک بۆی دژی صەلاحەدینی ئەیوبی، دواتر وەڵامی نارد نەساراکان کەدژی صەلاحەدینی ئەیوبی شەڕ بکەن ئەم جارە فرەنجەو نەساراکان بەسەرکردایەتی ڕیموندی سێیەم سوپایەکی گەورەیان ڕووبەڕووی صەلاحەدینی ئەیوبی کردەوە کە گەمارۆی حەلەبی دابوو، صەلاحەدینی ئەیوبی کەبەمەبزانی هەموو سوپاکەی لەوێ دا کۆنە کردەوە، چونکە ئەیزانی هەموو سوپاکەی تیدا دەچێت وە سوپایەکی زۆر گەورە نزیکەی ٦٠ هەزارکەسی ئامادە کردبوو ڕیموندی سێیەم بەرەو ڕووی صەلاحەدینی ئەیوبی ئەهاتن .

سەڵاحەدینی ئەیوبیش ٣٠ بۆ ٤٠ هەزار كەسی لەبەردەست دایە بۆیە وازی لە گەمارۆی حەڵەب
هێناو گەڕایەوە بۆ حمص ریمۆندی سێیەم زانی كە صەڵاحەدینی ئەیوبی گەڕاوەتەوە ئەویش
دووبارە گەڕایەوەو هیچ شەڕێك رووی نەدا، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی لە بەعلەبەك مایەوە
بۆ ئەوەی ئیشەكانی خۆی رێك بخاتەوە بۆ ساڵی ئاینده بگەڕێتەوە سەر ناوچەكانی حەڵەب رۆژ
بە رۆژ كارەكان زیاتر خراپتر ئەبوون صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەم قۆناغەی ئاوەم شێوەیە بردەسەر.
ئەمیرەكانی نورییەكان ئەم جارە زانییان صەڵاحەدینی ئەیوبی دیمەشقی لەبەردەستدایە وا حەماو
حمص-ی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و چوار دەوری حەڵەبی یاوە، شیعەی ئیسماعیلی و
ئەمیرانان هیچ یان بۆ ناكرێ. دیسانەوە پلانێكی تریان دارشتەوە دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی
ئەویش ئەوە بوو مەلیك صالح-یان لەگەڵ دایكی هەڵخەڵەتێنن بۆ ئەوەی شام بخەنە ژێر
دەستی خۆیانەوە، میرەكان بەپەلە هەواڵ یان نارد بۆ سەیفەدین غازی والی موصڵ بوو وە
ئامۆزای مەلیك صالح بۆ یارمەتی دانیان لەدژی صەڵاحەدینی ئەیوبی بەهەمان شێوە سەر لەنوێ
ئەمسوپانی كۆكردەوە خەڵكی بەزۆر ئەهێنا بۆ شەڕ بەناوی نورەدین مەحموود-ەوە دەستی كرد
بە شەڕكردن لەگەڵ صەڵاحەدینی ئەیوبی دا وە بۆ یەكەم جار صەڵاحەدینی ئەیوبی زانی كە
سوپاكە زۆر زۆرە ئەیویست رووبەڕوویان بێتەوە بۆ شەڕ بۆیە ناردی بەدوایان دا داوای ئاشتی
لیان كرد بۆ ئەوەی ئەو هەموو ناڕەحەتی و ناهەمواریە كۆتایی پێ بێنێت بەزانای و بەبێ شەڕ
بۆ ئەوەی خوێنی موسوڵمانان نەڕژێ، صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەترسا بەڵام ئەوان بە قسەیان نەكرد
بۆیە زۆر لوت بەرزانە وایان ئەزانی صەڵاحەدینی ئەیوبی دەرەقەتی ستەمكاری سەیفە دین غازی
و سوپای نورەدینیەكان نایەت، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی مەبەستی ترس نەبوو لەسوپاكەی خۆی
ئەیزانی زۆر بەهێزە وە چەكێكی باشی لەبەر دەست دایە هەموو ئەو مەنجەنیق و دەبابەنەی
كەدروستی كردبوو هەموو چەكی تازە بوون وە زۆربەی زۆری چەكی دەوڵەتی فاطمیەكانیش
كەوتبووە بەر دەستی، ئەوان پێ یان وابوو صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەترسێ.
صەڵاحەدینی ئەیوبی نەرمی نیشان ئەدا بۆئەوەی خوێنی موسوڵمانان نەڕژێ،هەر چییەكی
كردووە بۆ ئەوەی حاڵی موسوڵمانان رێك بخات، بەڵام چارە نەما هەموویان كۆبوونەوە دژی
صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەویش بۆیان كەوتەڕێ وە شەڕێكی گەورە رووی دا صەڵاحەدینی ئەیوبی
توانی سەربكەوێ بەسەریاندا تەنانەت وایان لێ هاتبوو لەترس سوپای صەڵاحەدینی ئەیوبی
نەیان ئەوێرا لەماڵی خۆشیاندا بمێننەوە ئەوەندە ترس لەدڵیاندا بوو بەم شێوەیە توانی بەسەریاندا
سەربكەوێ هەروەك عەرەب ئەڵێت: ئەگەر كەشتیەك ئەو كەسەی كە خاوەنی كەشتی یەكەیە
و نەیات بەڕێوە كەكەس نەیان پات بەڕێوە ئەبێت ئەو خەڵكەی كەتێدایەتی بیبات بەڕێوە.
ئەوەبوو لەلای رەمەزانی ٥٧٠كۆچی سەركەوت بەسەریاندا كە لەنزیكی حەما دابەزی توانی
بەهێزێكی سەركەوێت بەسەریاندا كە تەنانەت لەبرای یەكتریش ئەترسان، سەیفە دین غازی
گەڕایەوە بۆ شارەكەی خۆی كە موصڵ بوو، ئەبوو صەڵاحەدینی ئەیوبی خۆی بۆ ئامادەكرد بۆ
ئەوەی رۆیشت تاكەیشتە ناوچەی بت سوڵتان لەو جێگەیە مایەوە، دیسانەوە خۆی كۆكردەوە
سەیفە دین خاوەنی موصڵ بەهەمان شێوە صەڵاحەدینی ئەیوبی سەركەوتنێكی زۆر باش
سەركەوت بەسەریاندا، دواتر صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەوەندەی تر سەربەرز بوو ئەو ناوچانەی

ڕزگارکرد کەناوچەکان سەر بە موصڵ و حەڵەب بوون وە بزاعەی ڕزگار کرد قەڵاکانی و ناوچەیەکی زۆر گەورە بوون بزاعەی پێ ئەوترێ هەموو ناوچەکان کەوتنە دەستی صەڵاحە دینی ئەیوبی، دواتر ڕووی کردە منبەج و ئەویشی خستە ژێر دەستی خۆی دواتریش عەزاوی بەتەواوی پاککردەوە لە ژێر دەستیان و هەمووی کردە ژێر ڕکێفی خۆی.

دواتر بۆ جاری دووەم ڕووی کردە حەڵەب کە کمشتکین لەوێ بوو بەهەمان شێوە لەوکاتەدا کمشتکین زانی هیچی بەدەستەوە نەماوە داوای لەکچە بچووکەی نورەدین مەحموود و مەلیک صالح کرد بچێت بۆلای صەڵاحەدینی ئەیوبی، صەڵاحەدینی ئەیوبیش زۆر بەڕێزەوە لەبەرئەوەی کوڕو منداڵی نورەدین مەحموودە پێیان ئەڵێت چیتان ئەوێت من بۆتان بکەم ئەوەندە ڕێزیان لێ دەگرێت تا ئەو منداڵە داوا ئەکات لەگەڵ خوشکەکەی دا عەزاز یان باتەوە بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەو جێگەیە دابەزین وە ئەمیش لەژێر دەسەڵاتی ئەماندا ئیش ئەکات. صەڵاحەدینی ئەیوبی پارەو دیارییەکی زۆر زۆریان ئەیاتێ و عەزازیشیان پێ ئەیاتەوە. صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەبینێت بۆجاری دووەم کمشتکین ناڕەحەتی و خراپەکاری دروست ئەکاتەوە کە دیمەشق، حمص، حما مەعرە واتا عەزاز و ناوچەکانی تری وەک مەنبەج و بزاعە هەموو لەژێر دەستی صەڵاحەدینی ئەیوبی دا بوو. صەڵاحەدینی ئەیوبی دیسانەوە بۆ ئەو ساڵە ئەگەڕێتەوە بۆ میسر بۆئەوەی هیچ ئەبێت لەوێ هەندێ ئیش و کاری خۆشی بەڕێ بکات.

لە ٥٧٦ کۆچی دا صەڵاحەدینی ئەیوبی لە میسر ئەبێت هەواڵێکی بۆ دێت ئەو منداڵەی کەناوی مەلیک صالح ئیسماعیل-ە لە تەمەنی ١١ ساڵ وە بووە بە سوڵتان وەبۆ ماوەی ٨ ساڵیشە ئەم شەڕو ئاژاوەیە لە نێوان ئەوان دا هەیە، صەڵاحە دینی ئەیوبیش هەر لە هاتوو چۆدایە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە یەکانەوە بەیەک لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا صالح ئیسماعیل دەمرێت و صەڵاحەدینی ئەیوبی بەمە ئەزانێت عیزەدین مەسعود کە والی موصڵ بوو لەو ماوەیەدا کاتێ ئەم هەواڵەی بیست صەڵاحەدینی ئەیوبی لە عەزاز بوو، ناوچەی حەڵەب-یش لەدەستی کمشتکین دەرهاتووە و خراوەتە ژێر دەسەڵاتی ئەم مەلیک صالح ئیسماعیل-ەوە، بەڵام هەر کمشتکین ئەیبات بەڕێوە، بەم شێوەیە ڕێک کەوتووە لەگەڵ هێزی صەڵاحەدینی ئەیوبی دا کاتێک مەلیک صالح ئەمرێ عیزەدین مەسعود کە ئەو کات والی موصڵ بوو دەچێتە جێگەکەی وە بەهەمان شێوە خێرا موصڵ بەجێ ئەهێڵێت و دێت بۆ جێگەکەی کمشتکین لەحەڵەب دەسەڵات ئەگرێتە دەست، بەڵام کەدێتە حەڵەب زۆر ئەم ناوچەیەی پێ خۆش نییە کەگەورەترین شاری موسوڵمانانە وەنزیکە لێشیانەوە ئەوە بوو عیزەدین مەسعود ئەنێرێ بەدوای برایەکی داو ئەڵێ من حەزم لەحەڵەب نییە ئەگەڕێمەوە تۆ وەرە براکەی ناوی عیمادەدین بوو والی سنجار بووە ئەڵێ تۆ سنجار بە بەمن و من حەڵەب ئەیەم بەتۆ عیزەدین مەسعود لەگەڵ عیمادە دینی برایا ڕێککەوتن، بەڵام عیمادەدینی برای عیزەدین مەسعود کە دەچێتە ئەو جێگەیە صەڵاحەدینی ئەیوبی بەمەی زانی ئەزانێ هێزیان پارچە پارچەیەو وە عیمادەدین ناتوانێ حەڵەب ببات بەڕێوە لەبەرئەوەی شارەزای ئەو ناوچەیە نییە وە سوپاکەش گوێی لێ ناگرێ بۆیە صەڵاحەدینی ئەیوبی بەخێرای ئەگەڕێتەوە ئەیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە وە خەڵکەکەش بەخۆشی و شادیەوە بەرەو پیری ئەچن، لەبەرئەوەی ناڕەحەتی ناهەمواری زۆریان دیووە بەدەستی پاشاکانی

بەماڵەی نورەدینیەکانەوە کاتێک صەڵاحەدینی ئەیوبی دەچێتە ئەو جێگەیە لەمانگی سەفەری ٥٧٩ کۆچی دا[*].

بەم شێوەیە هۆنراوەیان بەسەردا ئەوتەوە هەتا ئەوەی کە قازی و نورەدینیەکان بوون کاتێ صەڵاحەدینی ئەیوبی رۆیشتە ئەو جێگەیەوە، کەسێکی وەکو یوسف بەراعی کە یەکێکە لە قازییە بەناوبانگەکانی حەڵەب بەخۆشی صەڵاحەدینی ئەیوبییەوە قەسیدە و ئەشیدی بەسەردا وتووە.[**]

یان یەکێکی وەک ابو طیری ئەجار، کە یەکێکە لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەی حەڵەب بەهەمان شێوە ئەویش هۆنراوەکەی بەسەردا هەڵدەڵێت[***].

هۆنراوەی زۆریان بەسەر صەڵاحەدینی ئەیوبیدا ئەوتەوە بەم شێوەیە بەخێرهاتنی صەڵاحەدینی ئەیوبیان کردووە، صەڵاحەدینی ئەیوبی دەچێتە ناوچەکانی شام و هەموویان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لە هەمووئەو سێ پلانە پلانی اسماعیلی، فرەنجە و نەساڕاکان وە ئومەرای نورەدینیەکان رزگاری ئەبێت و ئەو ناوچانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ئێستا بەشێک لە عێراق و شام بەتەواوەتی و میسر هەمووی لەژێر قەڵەم رەو و دەسەڵاتی صەڵاحەدینی ئەیوبی دایە.

ئەوەبوو دواتر بەشێوەیەکی هێمنانە لە جێگەکان دا وردە وردە جێ پێی خۆی پتەو ئەکات وبیری باش و خەڵكێكی دینداری بەڕێزی تێدا دادەنێت کە صەڵاحەدینی ئەیوبی دەچێتە ئەم جێگەیانەوە وردە وردە کینە و رقی شیعە و نەساڕاکان و خەڵکانێکی تر کە بەرژەوەندیان نەماوە لەو ناوچانە بەرانبەر بە صەڵاحەدینی ئەیوبی زیاد ئەکەن.

---

[*] شاعیرەکانیش وەک محیدینی کوڕی زەکی قازی دیمەشق بووە بە صەڵاحەدینی ئەیوبیدا هەڵئەیات و بە شیعرەوە پێی ئەڵێت: لەمانگی سەفەردا بە شمشێر شاری حەڵەبت ڕزگار کردووە، وە مژدەشت لێ بێت بەمانگێک دوای ئەوەی کە مانگی رەجەبە دوای چوار ساڵ هەر لەمانگی رەجەبدا شیعرەکەی محیدینی کوڕی زەکی هاتە دی.

وفتحكم حلبا بالسيف في صفر
مبشر بفتوح القدس في رجب

[**] ترفت بسامى مجدك الشهباء
وتجلتها بهجه وضياء
ألقت اليك قيدها وبها على
كل الملوك ترفع وإباء

[***] حلب شامه الشام وقد زيدت
جلالا بيوسف وجمالا
هي أس الفخار من نال أعلا
ها تعالى فخامه، وتغالى
بسعل العلاء ، من حل فيها
لله كبرا وعزه وجلالا
ومن حواها محلكا ملك الأ
من الفسار، سهوله وجبالا

## کێشەی نێوان شیعەی حەمدانی و ئەجاحی لە یەمەن

دوای ئەوەی سوڵتان نورەدین مەحموود بەتەواوەتی کۆتایی بەدەسەڵاتی هات و قارەمان و ئەژدەری کوردی خۆمان: صەڵاحەدینی ئەیوبی توانی هەموو ناوچەکان بخاتە ژێر دەسەڵات و هیوای خۆیەوە بەو هێزە سەربازیە گەورەی کە هەیبوو، پاشان بەوەی کە دینداری و خۆ بەکەمزانینی و وردە وردە شار لەدوای شارو وڵات لەدوای وڵات ئەیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەناوچەکانەوە کەناویان ئەبیست خەڵکیان ئەنارد بە شوێنی دا بۆئەوەی بێت و رزگاریان بکات لەدەستی شیعەکان کە شیعە بەتەواوی جیهانی ئیسلامی داگیری کردبوو، تەنها شوێنێکی بچووکی زەوی نەبێ ئەویش سەلاجیقەی تێدابوو وە هەر لە مۆریتانیاوە تاکو ئەگاتە فەلەستین و لونان و زۆربەی زۆری ناوچەکانی شام لەژێر دەستی شیعەی فاطمی دا بوو هەتا بەشێکی ناوچەکانی ژێر دەستی حەفصونی شیعی لەئەندەلوسداو پاشان یەمەن و ناوچەکانی تری سعودیا و مەککەومەدینە هەمووجێگەکانی تر تا ئەگاتە وە بەحرین و ئەهواز لەژێر دەسەڵاتی شیعەی قەرامیتەدا بوو، کەواتە پیش هاتنی صەڵاحەدین و دەوڵەتی زەنکیەکان جیهانی ئیسلامی دەستی بەسەردا گیرا بوو لەلایەن شیعەوە.

بغدادی وڵاتی عەباسی، کە خیلافەتێکی سونی مەزهەبی عەباسی بوو بۆ ماوەی ساڵێک ئەوا ئەبێت و دەوڵەتی فاطمی تێدایدا حوکم ئەکات تاوەکو مەلیک شا دێت کە کوڕی ئەلب ئەرسەلان-ە خەلیفە ئەگەڕێتەوە جێگەی خۆی واتا زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئێران و بەشی خوارووی بەصرەو ئەو ناوچانە هەمووی لەژێر دەسەڵاتی شیعەی دوانزە ئیمامی دا بوو، ناوچەکانی تری هندستان و بەشێکی ئەفغانستان لەژێر دەستی شیعەی ئیسماعیلی دا بوو، بەشێکی تری شام لەژێر دەسەڵاتی شیعەی حەمدانی و ئەم عەلەویەکاندا بوو کە ئێستا پێیان ئەوترێ نوصەیری-یەکان، واتا بەتەواوەتی جیهانی ئیسلامی شیعە داگیری کردبوو صەڵاحەدینی ئەیوبی وە پێش ئەویش عیمادەدین زەنکی و نورەدین مەحموود ئەیان ویست وردە وردە دەسەڵاتی شیعە نەهێڵن. ئەوە بوو سەر لەنوێ پارچە پارچەی کەوتە نێوان شیعەکانەوە، کە پێیان ئەوترێ شیعەی حەمدانیەکان لە صەنعا لە یەمەن هەروەها شیعەی ئەجاحی لە زوبێد، ئەمانە کێشەیان کەوتبووە ناو لەسەر ئەوەی لە یەمەن، کە حوکمیان ئەکرد هەریەکەیان پەیکێکیان ئەهێناو ئەیان وت ئەمە مەهدی مونتەزیرە، بۆ ئەوەی دەسەڵات لەیەکتری وەربگرنەوە کەهەمووی دوور بوو لەڕاستیەوە، بەمەش وڵاتی یەمەن توشی ناڕەحەتیەکی زۆر بوو خەڵکەکەی توشی کوشت وکوشتارێکی زۆر هاتبوو بەتەواوی ئاژاوە و خراپەکاری بڵاو بوبووەوە خەڵکەکەی ئەو وڵاتەش ناردیان بەشوێن صەڵاحەدینی ئەیوبی دا وتیان تۆ خەڵکی شام و هەمووی کردووە بەیەک، هەروەها میسر و سوودان-ت رزگار کردووە لەدەستی فاطمیەکان وەفریای ئێمەش بکەوە و لەدەستی ئەم شیعانە رزگارمان بکە کە شیعەی قەرامیتە لەوێ دەسەڵاتیان هەبوو. صەڵاحەدینی ئەیوبی کەئەمەی زانی خێرا براکەی خۆی توران شا یەکسەر ئەنێرێت و بە نیل دا ئەی پەڕێنێتەوە تا ئەگاتە شارێک بەناوی قوص، ئەم شارە دوو جێگەیە کەپێ ی ئەوترێ "واد النخیل" وادی ئەخیل ئەو جێگەیەیە کە سەیدنا موسای پیا تێپەڕیوە لەنزیک سینا واتا دەریای سوور. ئەوە بوو صەڵاحەدینی ئەیوبی لە ناوچەی سوودان و ئەسوان و

پێكەوور وە خێرا سوپای ڕێكخست و لەگەڵ توران شای برای دا ئەو خەڵكەی پەرەاندەوە پەیەرەوە ئاگەیشتە یەمەن واتا هەمووناوچەی جەدیان خستە ژێردەسەلاتی خۆیانەوە وە بەناوخاكی یەمەن دا بڵاوبوەوە تا لەسەر ئەم باسە مێژوونووسان دەڵێن توران شا ٨٠ قەڵای گەورەی یەک بەدوای یەک رزگارکرد وە پاشان ئەگەڕێتەوە سەر ئەم حاڵەتە چۆن كەسێكی ئاوا بەخەڵكی ئەو ناوچەیە نیە و كوردە لە میسرەوە ئەپەڕێتەوە بۆ یەمەن و٨٠ قەڵای گەورە وە شاری جدە و ناوچەكانی حەمدانیە و تەجاحیە هەمووی دەخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، توران شا بۆ مێژوونووسانی ئیسلامی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: "كاتێ ئێمە چووینە ئەو ناوچانەوە خەڵكەكە بێزار بوون لە دەسەڵاتی شیعە، چونكە شیعە ئەوەندە كاری خراپەی كردبوو زۆربەی زۆری خەڵكەكە ڕێگەیان نیشانی ئێمە ئەدا و قەڵا لەدوای قەڵا بۆ ئێمەیان ئازاد ئەكرد هەتا زۆر جار قەڵاكان كە ئەیانزانی ئێمە نزیک بوینەتەوە خۆیان شۆڕش یان ئەكرد بەسەر شیعەكاندا بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت بە تەواوەتی حوكمیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

دوای ئەوەی صەڵاحەدینی ئەیوبی توران شای خستە ئەو جێگەیەوە بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ دەوڵەتی ئەیوبی لەیەمەن حوكمیان كردوو وە یەكەم والی كە صەڵاحەدینی ئەیوبی دایەمەزرێنێ توران شای برایەتی دوای ئەوە توران شا برایەكی تری دێت بەناوی تومتكینی كوڕی ئەیوب ئەمان لە ٥٦٩ كۆچی تا تا ٦٥٢ كۆچی بە تەواوەتی ئەو ناوناوچانە پاک ئەكەنەوە و هیچ كەسێک سوڵتە و دەسەڵاتی تێدا نیە تەنها دەسەڵاتی ئەیوبی نەبێت.

دیسانەوە بەشێكی تر لەخەواریج و شیعەكان یەک ئەگرن دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی[*]. كۆمەڵێک لەمانە لە ناوچەكانی برقیە و تەرابلوس وە بەشێكی ڕۆژهەڵاتی تونس لەوێ باسی خەواریجەكان بڵاوبوونەوە هەروەها كۆمەڵێكی تر لە فاطمیەكان بڵاوبوونەوە كە بەیەكەوە یەكیان گرت دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی، صەڵاحەدینی ئەیوبیش لە ٥٦٩ كۆچی دا بە سوپاكەیەوە هێرشی كردە سەریان و تواني برقیە و ترابلوس واتا لیبیا بەتەواوەتی وە بەشێكی ڕۆژهەڵاتی ناوچەكانی تونس بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە هەتا شاری قابض بڕوات هەرلەهەمان ساڵدا ئەویشی بەتەواوەتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

دروستكردنی یەكەمین كۆنفرانسی ئیسلامی لە دیمەشق:

لە ٥٦٩ كۆچی دا صەڵاحەدینی ئەیوبی مەلیک عادلی برای بانگكرد، كە كەسێكی ئازا بوو لە صەڵاحەدینی ئەیوبیش گەورەتر بووە، بەڵام مەلیک عادل وەكو صەڵاحەدینی ئەیوبی كەسێكی سەربازی نەبوو، بەڵكو كەسێكی دیندارو بوو و بەردەوام لەنێوان دیندارەكاندا هەبوو وەكو سەفیر بەكاری هێناوە. صەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ یەكەمجار كۆنفرانسی ئیسلامی لەدیمەشق دا دروست كرد، مەلیک عادلی برای ناردی بەشوێن هەموو پیاوچاكانی ئەهلی سوننە و جەماعە لەتایبەت ناوچە كوردییەكان و ناوچەكانی تری میسر، یەمەن، تەرابلوس، برقە، تونس و ئەو

---

[*] موئێمەری بەرلێز، ئەگەر سەرنج بدەین مرۆڤ كە هەوڵێدا و ئارەزوومەند بوو بۆ سەروەت و سامان، وا لە ئاندمپلاد دەكات كە بەهەموو شتێک ڕازی بێت، ئەگەر سەر شۆڕیی و ئابڕوچوونیشی تێدا بێت.

ناوچانەی کە لە ژێر دەستیدا بوون پێی وتن: "بۆ ئەوەی کۆنفرانسێک ببەستین بۆئەوەی هەموومان لەژێر سایەیەکدا کۆ ببینەوە سایەکەش ئیسلام بێت وە بۆ ئەوە کاربکەین کلمە اللە هی العلیا بەرزبکەینەوە نەک لەبەرئەوەی خۆمان بەرزبکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم پارچە پارچەیە نەمێنێت. ئێستا مەترسی گەورە هەیە لەناوچەکەدا کە هێشتا قودس داگیراوە و ئێمە پێویستمان بەوە هەیە سەرلەنوێ جارێکی تر سەربەرزبکەینەوە".

ئەم بیر و دیدەی بۆ مەلیک عادل پێشنیار کرد. مەلیک عادلیش فکرەکەی بەلاوە گرنگ بوو وتی من ئەو کارەت بۆ ئەکەم، ئەوەبوو مەلیک عادل رۆشت بۆلای پیری پیران صدرە دین و شهاب دینی کوڕی بەشیر، هەروەها خەلیفەی عەباسی ناصرەدین لله قازی خۆی نارد محیەدینی شارەزووری کە کەسێکی کورد بوو، وە قازی عەباسی یەکان بوو، بەهائەدینی کوڕی شەداد هەموو ئەمانە زاناو قازی گەورەی وڵاتانی ئیسلامی بوون. موعیزە دین سنجاری لەئەهلی سوننەو جەماعەیە، هەمووخەڵکی جەزیرە واتا هەموو کوردستان گوێ یان بۆ معزە دین سنجار دەگرت، هەموو ئەمانە دێن بۆ ئەو جێگەیە بۆ ئەوەی ئەو کۆنفرانسە بەتەواوەتی سەرکەوتوو بێت، خەلیفەی عەباسی پشتگیری بۆچوونەکەی صەلاحەدینی ئەیوبی دەکات و صەلاحە دینی ئەیوبیش بەکردار ئەیەوێ ئەم جیاوازیە لەنێوان موسوڵمانان لاببات، هەموویان کۆدەکاتەوە و ئامادە دەبن لەو جێگەیە سوننی مەزهەبە بۆ ئەوەی دژی  شیعەی باطنی، ئیسماعیلی و دوانزە ئیمامی بوەستنەوە و ئەهێڵن جارێکی تر شیعە سەر دەربهێنێتەوە کە چ کارەساتێکیان بینیوە بەدەستی ئەسارا، فاطمی، حەمدانی، قەرامیطە، باطنی و ئیسماعیل-یەکانەوە. هەموو پێکەوە بوون بۆئەوەی کۆببنەوە تەنها یەک کەس نەبێت، وتی من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵتان دا نابم و ئێوە بۆ خۆتان ئازاد بن، هەرچەندە صەلاحەدینی ئەیوبی گفتوگۆی زۆری لەگەڵ کرد بۆئەوەی هیچ نەبێت ئەویش بێتە ناو ئەو مەجلیسەی صەلاحەدینی ئەیوبیەوە. تەنانەت هەڕەشەی لێ کرد بەوەی ئەگەر بێت و نەیەتە ژێر دەسەڵات و سایەی ئیسلامیی و هەموو ئەم پیاوچاکانە ناچارن بەچەک وەڵامی بدەنەوە، چونکە هەڵوێستی صەلاحەدین ئەیوبی هەڵوێستێکی شەرعیە بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: هەرکاتێک کۆمەڵێک کۆبوەوە ویستی کۆمەڵەیەک تێک بات بدەن لەملی هەرکەسێکە، ئەو خەڵکەی ئەیەوێ جیاوازی و پەرتەوازەی بخاتە نێوان موسوڵمانانەوە ئەبێت بکوژرێ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: بەن لەملی هەرکەسێکە!

صەلاحەدینی ئەیوبی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە نەیهێشت پەرتەوازەی و پارچە پارچەی بکەوێتە ناو وڵاتەکەیەوە هەر کەسێکیش لە موسوڵمانان با دیندار بێت، بەڵام کەویستی پارچە پارچەی بخاتە نێوان موسوڵمانانەوە، ئەوە بوو صەلاحەدینی ئەیوبی خێرا خۆی ئامادەکرد و رۆشتە سەر موصڵ بەرانبەری وەستایەوە سوپای صەلاحەدینی ئەیوبی توانی گەمارۆی موصڵ بدات، هەرئەوەندەی مابوو رزگاری بکات عیزەدین ئەوەی کە وتی نایەمە ژێر دەسەڵاتەوە ملی شۆڕکرد بۆ دەسەڵاتی صەلاحەدینی ئەیوبی لە ٥٨١ کۆچی دا ئەوە بوو رێککەوتنێکیان بەست بەناوی رێککەوتنی حاران ناسراوە لە مێژوودا. حاران ناوچەیەکی کوردیە، عیزەدین وتی من بەتەواوی دێمە ژێر دەسەڵاتی تۆوە ئینجا صەلاحەدینی ئەیوبی لەسەر گران کرد بەوەی ویلایەتی موصڵی لێ سەندەوە کە ئەوکاتە شارەزوور و ناوچەکانی بادینان تا ئەگاتە کەرکوک پێش

رووباری دیجلە و فورات هەموو ئەو جێگەیانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوون هەموو ئەمانەی لێ سەندەوە تەنها ئەبێت موصڵ لەژێر دەستی بێت بۆئەوەی فێری ئەوە نەبێت بەو شێوەیە بڕیاری موسوڵمانان تێک بدات، عیزەدین رازی بوو بەسیاسەتی صەلاحەدینی ئەیوبی و چووە ژێ سایەیەوە، پارەی چاپ ئەکرد بەناوی خۆیەوەو صەلاحەدینی ئەیوبی پێی وت ئەبێت پارەکانیش چاپ بکەی بەناوی عەباسیەوە وتاری هەینی ئەبێت بەناوی عەباسییەوە بدرێت کە ئەمە لەمێژوودا ناسراوە بەڕێککەوتنی حاران وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا"*.

صەلاحەدینی ئەیوبی دوای یەکخستنی ناوچەکان و چارەسەکردنی هەموو کێشەکانی بنەماڵە نورەدینیەکان توانی هەمووناوچەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کەزانی بەم شێوەیە هەموو سوڵتەو دەسەڵاتەکان هاتوونەتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی جوابی نارد بۆ خەلیفەی عەباسی مستضئ ولی وەزیرەکەت بنێرە بۆئەوەی هیچ نەبێت لەگەڵ من بێت، گرنگ بوو کە نوێنەری خەلیفەی لەگەڵ بێت، چونکە هەوڵی بوو بیکات بە سوڵتان. ئەوکات پلە هەبوو پلەی ئەمیری دوای ئەوە سوڵتان دواتریش خەلیفە، خەلیفە سوڵتانی دائەمەزراند، یاخود ئەمیری دائەمەزراند ئەبوایە خەلیفە ئەمەی بکردایە، بۆیە صەلاحەدینی ئەیوبی داوای کرد کەبەم شێوەیە هیچ نەبێت سوڵتانی پێ بدات بۆئەوەی ئەم هەموو وڵاتە کەوتووەتە بەردەستی میسر، یەمەن و بەشێکی ئەفریقا وتاری داوە بەناوی عەباسییەوە لەژێر خیلافەتی عەباسی دا دەرنەچووە. میسر، مەراکیش، یەمەن وشام هەموو لەژێر دەستیایەتی، کە دەڵێ وەرە پشتگیریم لێ بکە خیلافەتی عەباسی کەزانی حاڵەکە بەو شێوەیە بۆ پشتگیری صەلاحەدینی ئەیوبی کرد بۆ ئەوە بوو کە ببێتە سوڵتان. پێشتر هەر خەلیفە هەبوو، بەڵام لەدوای ئەوەی کەشیعەکان دەسەڵاتی تەواویان گرت بەسەر خیلافەتی عەباسی دا وە وڵاتی موسوڵمانان بچووک بوەوە کەسێک لەناوچەی غەزنەوە بەناوی سوڵتان مەحموود ئەم نازناوی سوڵتانەی لە خۆی ناوە واتا سەڵتەنەتێک هاتە بەردەستی، بەڵام پلەیەک لەخوار خەلیفەوەیە خەلیفە دانی ناوە بە سەڵتەنەتدا تەنانەت زۆر جار سوڵتانەکان موکمیان کردووە وەکو سوڵتان مەحموودی سەلاجیقە و ئەلب ئەرسەلان و مەلیک شا لەژێر دەستی سوڵتانەکان دا ئەمیری تێدا بوون ناوچەی ئەمارەتێدان بەدەستەوە بوو، بەڵام سوڵتان جێگەو شوێنەکەی لە ئەمارەت گەورە تر بوو بۆیە صەلاحەدینی ئەیوبی ئەمارەتی بەدەستەوە نەبوو تا ئەمیریەتی هەبێت، بەڵکو صەلاحەدینی ئەیوبی ئینجا پێویستی بەوەیە کە سەڵتەنەت بکەوێتە دەستی و ببێت بە سوڵتان بۆیە داوای لە مستضئ کرد کە سەڵتەنەتی پێ ببەخشێ.

---

* ئیبنو واصل لەکتێبەکەی دا بەناوی مفرج کور فی تاریخ بەنی ایوب کەباس لە صەلاحەدینی ئەیوبی ئەکات لەو کتێبەدا بەتەواوی باس لەو ٨٠ سەربازەی موصڵ ئەکات، تەنانەت هەرچی موجاهیدە کوردەکان هەیە هاتە ناو دەسەڵاتی صەلاحەدینی ئەیوبییەوە. عیزەدین ئەو کاتە ئەیهێشت، بەڵام ئێستا موجاهیدێکی کورد هەموو ڕوویان کرد بەلای صەلاحەدینی ئەیوبیدا هەتا لەڕێککەوتنی حاران دا ئیبنو واصل دەڵێت: صەلاحەدینی ئەیوبی لەدوای ڕێککەوتنی حاران خەڵکێکی زۆر کۆبوەتەوە لە موجاهیدەکانی موصڵ وسنجار و هەولێر وحاران و دیاربەکر و ناوچەکانی تر کەپێشتر پارچە پارچە و حزب حزب بوون، بەڵام ئێستا ئیسلام هەموویانی کردووە بەبرای یەکتری.

ئەوەبوو نوێنەری ناردوە صەلاحەدینی ئەیوبی بەتەواوەتی دیاری خیلافەتی بۆ نارد بۆ ئەوەی نزیکی بکاتەوە لەخۆی صلاحە دینی ئەیوبیش وەلامی دیارییەکانی دایەوە وە لەژێر ئاوی دەوڵەتی عەباسییەوە.
خیلافەتی عەباسی دا جیهادی ئەکرد بەناوی دەوڵەتی عەباسییەوە.
ئێرەوە بۆمان دەرئەکەوێ صەلاحەدینی ئەیوبی چەندە هێزو توانای هەیە وە سوپایەکی زۆری لەدەور کۆبوەتەوە کوردستان، میسر، شام، یەمەن، مەراکیش و بیابانەکانی ئەفریقای باکووری هەموو لەژێر دەستی دابوو، صەلاحەدینی ئەیوبی ئەم هەموو شتەی بینی ئینجا پێویستە جەنگێکی گەورە رووبدات کەخەونی موسوڵمانانە و خەڵک هۆنراوەی بەسەردا ئەڵێت وەکو ئێستا چۆن چاومان پڕ لەگریانە بۆی کەبۆ ماوەی ۱۱۰ ساڵە وڵاتی موسوڵمانان داگیرکراوە ئەوەکان لەدوای ئەوە شانازی بەوەوە دەکەن، کە کەسێک بێت قودسیان بۆ رزگار بکات، ئەم هەموو پلەو دەسەلاتە لەژێر دەستیدایەتی کۆی کردوونەتەوە و شاعیرانیش یەک بەیەک ئاواتیدانە هۆنراوە بۆ ئەو رۆژە دەڵێن وە هۆنراوە بەسەر صەلاحەدینی ئەیوبی دا دەڵێنەوە بۆ ئەو هەموو شتەی، کە کردوویەتی. خەڵکی شانازی بە صەلاحەدینی ئەیوبییەوە ئەکرد، چەندین هۆنراوەیان بەسەردا ئەوتەوە عیماد ئەسفهانی هۆنراوە بەسەر صەلاحەدینی ئەیوبیدا ئەڵێت.
صەلاحەدینی ئەیوبی بیر لە شتێکی گەورە ئەکاتەوە ئەویش ئەوەیە لەناو خەڵکی دا بڵاوی ئەکاتەوە حی علی جیهاد بەرزیکەنەوە بۆ جیهاد، ئەی خەڵکینە سەرەتانە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ماوەیەکە وڵات و سەروەت و سامانتان بەهەدەر ئەبەن و مزگەوتەکانیان کردوون بەجێگەی کڵێسا و تەویلەی ئاژەڵ، وە حورمەتی خوشک ودایکەکانیان بەزاندون، ناهێڵن لەمزگەوتەکان دا ئادای بەندایەتی خۆیان بکەن قورئان خوێنەکان بەدزییەوە قورئان ئەخوێنن ئەوەی کەباسی دینداری و جیهاد ئەکات ئەبێت بەشەرمەوە باسی بکات مەلاو زاناکان لەجێگەو مەڵبەندو زێدی خۆیان دەربەدەر کراون، صەلاحەدینی ئەیوبی هاوار ئەکات حی علی جیهاد وە خەڵک بانگ ئەکاتەوە بۆ جیهاد، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ ئەو جێگەیانەی کە لەژێر دەستی شیعە بەتەواوی پاکی کردووەتەوە، کاری یەکەمی ئەوەیە، کە بەرانبەر شارستانییەتی رۆژئاوای نەسارا فرنجە بوەستێتەوە ،ئەوەبوو صەلاحەدینی ئەیوبی خۆی ئامادە کرد بۆ شاڵاوی شەڕی نەسارا کە پێی ئەوترێ شاڵاوی دووەمی شەڕی نەسارا.

## جەنگی خاچ دروشمەكان

پێشتر شتێك نەبووە ناوی شەڕی نەسارا بێت ئەم صەلەبوتە (خاچی گەورە) لەسەر دەستی گریگۆر و پاپاكاندا دروستبوو، كە بانگەشەی ئەوەیان كرد لە ساڵی ١٠٠٠زاینیدا قیامەت هەڵدەسێت و جیهان كۆتایی دێت، وتیان ساڵی ١٠٠٠ زاینی بەتەواوی كۆتایی بەژیان دێت، بۆیە پارەی زۆریان لەخەڵک سەند و سەروەت و سامانی خەڵكیان بەهەدەر برد، كەچی ئەو ساڵەش هات و هیچ شتێک رووی نەدا وردە وردە كڵێسا سومعە و هەیبەت و دەسەڵاتی لەدەست دەدا. ئەنانەت ئەكلیریۆسیش نەیان ئەتوانی زۆربەتەواوەتی قسە بكەن بەرانبەر بە خەڵكەكەی ئەوەبوو یاسایەكی تریان دامەزراند كە زۆر گرنگ بوو وە بۆ ئەوە دایانمەزران كە ئەمیرو سوڵتان ودەسەڵاتدارەكان و ئیمپراتۆرەكانی ئەوروپا دژی كڵێسا نەوەستنەوە بڕیارێک دەرچوو لە پاپاوە، چونكە دەستپێكی شەڕ ساڵی ١٠٠٠زاینی = ٤٠٠ كۆچی وردە وردە هەیبەت و دەسەڵاتی خۆی لەدەست ئەدا بڕیارەكەش ئەوەبوو بەهیچ شێوەیەک ئەو پاشایەی كەخاوەنی دەسەڵاتە تەنها كوڕە گەورەكەی دەتوانێ حوكم بگرێتە دەست كوڕەكانی تری بێ بەش ئەبن وە هیچ پلەو پایەیەكی نادرێتێ. بۆ نمونە: ئەو كوڕە كوڕی گەورەی نەبوو كچەكەی دەسەڵات ئەگرێتە دەست هەرچەندە خۆیان باوەڕیان بە كچ نەبوو دوای ئەوە خاوەن دەسەڵاتەكان ئەو سوڵتەو دەسەڵاتەیان ئەگرتە دەست ئەمە روویدا پاشای واش هەبوو ١٥ بۆ ٢٠ كوڕی هەبووهیچ ئەمارەتێكی بۆ نەمابوو تەنها كوڕە گەورەكەی ئەیبرد، كوڕە گەورەكەش دوای ئەو كوڕی كوڕە گەورەكە بوو. بەم شێوەیەش خەڵكێكی زۆر بێبەش ئەبوون لەدەسەڵات و ئیمارەت.

یەكێكی تر لە سیمای شەڕی نەسارا ئەوە بوو كەزۆر رقیان لە موسوڵمانان بوو لەكاتێكدا ئەیان بینی بەیتول مەقدیس لەژێر دەستی موسوڵماناندایە وە موسوڵمانان رزگاریان كردووە. ئاسیاو ئەفریقا و بەشێكی ئەوروپا رزگار كراوە ئەمانە بۆ خۆی هەموو نفوزی نەصرانییەكان بوون وە ئەمەش هۆكارێك بوو بۆ ئەوەی كە نەصرانییەكان روویكەنە ئەو جێگەیە واتا فرەنجە و دەسەڵاتداری نەسارا بەم شێوەیە. لەشەڕی ملازگرد كەسێكی بەرێزی وەک فرجنەرسەلان پاشای قوسطەنطینییەی بەدیلی گرت ئیتر وردە وردە وای لێ هات ئاركیسی كۆمنیونیەكێک بوو لە پاشا گەورەكانی قسطنطین،بەڵام كەنیسەی رۆژهەڵات بوو نەک رۆژئاوا، چونكە كەنیسەی رۆژئاوا لەرۆما بوو. قوسطەنطین لەگەڵ كەنیسەی رۆما هەمیشە ئەوان شەڕیان بوو لەگەڵ یەكدا وە فرجنەرسەلان لەشەڕی ملازگرد دا پاشای قوسطەنطینییە ئەگرێت، ئەمەش بۆ خۆی ترسێكی خستە ناو دڵی ئەوانەوە دوای ئەوە پاشاكەی خۆیان ئاركیسی كۆمنیون ئەكوژن و دەڵێن ئێمە پاشایەكمان ناوێت بە دیل بگیرێت بۆیە خەڵكی لاتەكە داوای كوشتنی دەكات.

دواتر درۆی حەجاجەكانی مەسیحی نەساراكان كەهاتن ئەیان بینی رێگەیان خۆشكردووە بۆ موسوڵمانان وە ئەو خەڵكە ئەم ناڕەحەتییە زۆر زۆریان پێ ناخۆش بوو كەحەجی موسوڵمانان لەژێر دەستی ئەوان دا بێت كاتێ چوونەوە ئەیان وت موسوڵمانان ئازارمان ئەدەن و بێزارمان ئەكەن. خۆیان لەڕێگە بطروس ناس كە یەكێک بوو لە بطروسەكان واتا پاپاكانی مەسیحی كەمینی دانا بۆ حاجییەكان بۆئەوەی ئازاریان بەن دوای بڵێن موسوڵمانەكانە.

شتێکی دیکە کەپێی ئەوترێ حەماسی دینی لای نەساراکان، چونکە ئەو کاتە وەکو ئێستا ئەبوو عەلمانیەت بڵاوبوبێتەوە، بەڵکو دینداری یەکێ زۆر ناو مەسیحی دا هەبوو بەتایبەتی کەنیسەی ڕۆژهەڵا ت و ڕۆماش هەردووکیان بزوتنەوەیەکی دینداری زۆر گەورە لەناویان دا بوو ئوسقوفەکان و ڕوهبانەکان و پاپاکان بەیەکەوە هەموویان وتاری ئاگرینیان ئەدا بۆ ئەوەی وڵاتی موسوڵمانان داگیربکەن.

هەروەها سیمایەکی تری جەنگی خاچپەرستان ئەوە بوو کەفاطمییە شیعەکان ئەیانزانی توانای ڕووبەڕووی ئەهلی سونەو جەماعە نیە، بۆیە هەمیشە بەیەکەوە بوون لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆما و یەکەم دەست پێکی شەڕی نەسارا لە ٤٨٨ کۆچی لە فەڕەنسا بوو، پاپای ئەوێ زۆر بەتواناو وتاربێژێکی باش بوو بەناوی شارێک کلیرمونوتاری خەڵکی کۆکردەوە یەکەم وتار بۆی دان ئەوە بوو کە پێی وتن ئێوە پێویستە بڕۆن حەجاجەکان ڕزگار بکەن ئێوە پێویستە بۆ ئەوەی صکوک غفران بەدەست بێنن بچن بۆ ئەوەی حەجەکەی خۆتان پاک بکەنەوە وە بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتان، ئێوە سەروەت وسامان ئەمارەتتان ئەماوە بڕۆن لەوێ هەریەکەو ئەمارەتێ بخەنە ژێر دەستی خۆتان. ئەمیر و کوڕ و کەسوکاریان زۆر بوو نفوزو سوپاش یان هەبوو، بەڵام هیچ شوێنێکیان نەبو بیبەن بەڕێوە ئەمەش یەکێکە لەوانەی کە هانیدان وە خەڵکیان کۆنەکردەوە بۆ ئەوەی ئەمارەتەکانی ژێر دەستی موسوڵمانان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە ئەوە بەسەدان هەزار کەس کۆبوەوە دژی موسوڵمانان لە ٤٨٨ کۆچی بەسەرکردایەتی بطرس ناس کەکەسێکی درۆزن بوو، بەڵام کەسێک بوو کەرێکی پێ بوو خەڵکی وای ئەزانی کە پیاوێکی پیرۆزە، کەئەم لای خەڵکی خۆی وا ناساندبوو مەسیح هەمیشە دێتەلای و قسەی بۆ ئەکا واتا ئەم لەخۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو لەڕێگەی مەسیحەوە قسەیان بۆ ئەکات و خەڵک هان دەدات، ئەمانە هەموویان پێکەوە هەڵسان بۆئەوەی شۆڕش بکەن خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوە وە خەڵکی لەئەوروپا برس بوو بۆیە وایان باس کردووە کە گوایە لە ئینجیل دا باس لەوە دەکات کەبڕۆن ئەو جێگەیانە ڕزگار بکەن وایان ئەزانی خاکی موسوڵمانان پڕیەتی لە هەنگوین. کە ئەمە قسەی ئەو کەسانەبوو دروست یان کردبوو بووبووە بەهۆکاری ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لەسەربازگەی نەسارا وە لەصەلەبوت کۆبکەنەوە تەنانەت ئەوروپا خۆیان شەرمەزارن لەو کارەیان کە کردویانە.

کاتێک ئەم سوپایە ئەکەونەڕێ لە ئەوروپای ڕۆژ هەڵات بەرە و قوسطەنطەنیە بۆ خەڵکی خۆیان لەسەر ڕێگەی وڵاتی خۆیان هەرکەس بهاتایەتە سەر ڕێگەیان ئەیکوژن وئەیکەن بەدەسکەوت بۆ خۆیان واتا هەرچییان دەست بکەوتایە لە خەڵکی مەسیح و خاچ پەرستەکانی ئەوروپایی ڕۆژهەڵات ئەوە بۆ خۆیان دەبرد یاخود فەرمانیان دەکرد بەوەی کە ئەو کەسانەی ڕێگریان دەکەن بیانکوژن و دواتریش پیاو ئافرەت و سەروەت و سامانەکەیان بۆ خۆیان ببەن وبڵێن دەسکەوتە.

کاتێک لە فەڕەنساوە سوپای نەسارالیەکان کەوتنەڕێ تاکو هاتنە ناوخاکی تورکیاوە خەڵکی خۆیان سەربڕیوەو سەروەت وسامانی خەڵکی خۆیان بەهەدەر بردووە لە ٤٨٨ کۆچی پاپا لەسەرەتاوە لە باکووری ئیتاڵیا لە شوێنێک کە پێی ئەوترێ بریزیانیس کۆبونەوەیەکی ڕێکخست کە لە کلیرمۆن لە فەڕەنسا بەتەواوەتی سوپاکەی خستە پێشەوە.

فرژ نەرسەلان لەو سەردەمەدا شەڕ لەدوای شەڕ نەیهێشت ئەوان بێنە پێشەوە، بەڵام كوڕەكانی وەكو خۆی نەبوون بۆیە كەئەم نەسارا یانە هاتن لە ٤٩٢ كۆچی بەتەواوەتی توانیان ناوچەكان بگرن و زۆرێک لەشوێنەكان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، نەسارِاكان كارێكی خراپیان بەخەڵكی خۆیان و موسوڵمانان كردووە. خەڵكی خۆیان سەر ئەبڕی وە رەحمیان بە منداڵ و كەس وكاری خۆیان نەكردووە ئەوەندە پیس و خراپە كاربوون.

دوتر رووتەكەنە جێگەكانی موسوڵمانان نە لە كتێبی ئاسمانی دا هاتووە وە نە لە عورفی مرۆڤایەتی دا هاتووە ئەمە مێژووی خۆیانە كە لە قاردن هۆستیر خۆیان بەشەرمەوە وە روویان نایەت بینووسنەوە، فەیلەسوفێكیان كەناوی تۆماس ڤیلەر-ە كتێبێكی نووسیووە كەباسی مێژوویان ئەكات هەرچیەک ئەیەوێ جوانی بكات و بیڕازێنێتەوە، بەلام زۆر بەشەرمەزاریەوە لەكۆتاییەكەیدا ئەڵێت سەرشۆڕیە بۆ میللەتێک بەم شێوەیە ژیان بەرێتە سەر نەدڵیان هەبوو نەهیچ شتێک.

ابن ئەسیر ئەگێڕێتەوە لە كتێبەكەیدا بەناوی كامل فی تأریخ ئەویش لە ئەبی سعیدی هاوڕێیەوە باس لێوە ئەكات ئەبی سعیدی هاوڕێی ئەڵێ:" كە كاتێک هاتنە وڵاتی موسوڵمانانەوە منداڵ وژن و پیریان پێكەوە سەرئەبڕی بەبێ هۆكار هەتا توانیان بیابانی شام و بەتەواوی لوبنان وعەسقلان و دەرونە وعەقەبە وە زۆرێكی تر لەشارەكانی رەها كە ئورفەی ئێستایە وە ئەنطاكیە و ئالابا و ئەو جێگەیانە هەموویان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، توانیشیان بڕۆنە ناو خاكی موسوڵمانانەوە وە جێگەی الإسراو معراجی پێغەمبەری خوا ﷺ بگرن كە قودسە.

هۆكاری هاتنە ناوەوەی نەسارِاكان بۆ خاكی موسوڵمانان ئەوەبوو كە موسوڵمانان هەمیشە خەریكی خۆشی وعەلها و قومارکردن بوون لەو سەردەمەدا خەریكی مەشروب خواردن بوون و بەدوای خۆشیەكانی ژیان دا ئەگەڕان، حەرەكەتی جیهاد بە تەواوەتی كۆتایی پێ هاتبوو شەڕ و ئاژاوە لەناوخۆدا هەبوو كاتێک كە فرنجەو نەسارا هاتن گەمارۆی قودسیان دا مەلیک شای سەلجوقی لەگەڵ براكەی دا بەرقیاروق بە یەكەوە شەڕیان ئەكرد قودس گیراو ٧٠ هەزار كەسی تیا كوژرا ئەم دوانە پێكەوە شەڕیان ئەكرد پادشای فرنجە توانی سەربكەوێ بەسەر عەككادا كەچی پادشاكانی شام و دەسەڵاتدارەكانی شام لەگەڵ یەكتری دا شەڕیان بوو لەیەكتریان ئەكوشت، وڵاتی موسوڵمانان پارچە پارچەی كەوتبووە نێوانیانەوە ئەوانیش هاتن ناوەكو چ شوێنێ ستراتیژی بوو بۆخۆیان گرتیدان وە ماوەی ١٠٠ ساڵ وڵاتی ئیسلام و موسوڵمانان ئەتالێنێ لەژێر دەستی ئەم نەسارانەوە.

لێرەوە عیمادەدین زەنكی و مەمدوحی كوڕی تونتكین ئەم پیاوە بەڕێزانە پێشتر بۆ خۆیان سنوری نەسارا راگرت بوو نەیان ئەهێشت بێنە پێشەوە وە بەبێ ئەوەی داوای هاوكاری لەكەس بكەن كەسانێک بوون خۆیان خۆیانیان دروست كرد نەیان ئەوت با ئێران و توركیا یان جێگەیەكی تر هاوكاریمان بكات تەنها بۆ خوا رێككەوت بوون ئامادەكردنیان لەسەر دینداری بوو، كەسانێک بوون بۆ ئەوە ئەگەڕان تەنها خوای گەورە لە خۆیان رازی بكەن بۆیە لە ٥٣٩ كۆچی دا عیمادەدین زەنكی بەوە ناسرا لەشەڕێكدا كە پێی ئەوترێ شەڕی جسر لە بەرانبەر رەها كە هەموویان شیعەی ئیسماعیلی تێدابوو دەژیا موسوڵمانانی سونەی چون بەدەم شیعەكانی ئیسما.

ئەرمونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان بەهاواریانەوە شەڕی عیمادەدین زەنگی چووە بەدەستەوە نەیا چونکە خۆیان علیهوە، بەڵام عیمادەدین زەنگی چووە بەهاواریانەوە شەڕی لەسەردەمێکدا ڕوودەدات سەردەمی لیوسی چوارەم و نەساڕای دووەم کە باسی لێوە ئەکەینەوە لەسەردەمێکدا ڕوودەدات سەردەمی لیوسی چوارەم و پادشای فەرەنسا کۆنرادی سێیەم واتا سەردەمی نورەدین مەحموودە کە ویلایەتەکەی گرە دەست دوای مردنی عیمادەدین زەنگی، بەڵام ئێستا صەلاحەدینی ئەیوبی خۆی بەتەنیایە و سوڵتانی سوڵتانەکانە ئەژدەری شێری ناو مەیدانە هەموو وڵاتانی کۆکردووەتەوە، وڵاتانی پارچە پارچەی ئیسلامی کۆکردونەتەوە و لەژێر دەستی خۆیایەتی لە ژێر یەک ئاڵا جیهاد دەکات و ئەیەوێ خۆی ئامادە بکات بەرانبەر بە سوپای نەسارا کە پێشتر موسوڵمانان شکستیان هێناوە ئەوە بوو صەلاحەدینی ئەیوبی سوپای ئامادە کردوە لە کوردستان، میسر، بەرقە، شام و یەمن هەمووجێگەکانەوە ئەیەوێ ڕووبەڕووی نەساڕاکان ببێتەوە.

### چاکسازییەکانی صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەساڕاکان

یەکەم: کاریکرد بۆ زیندووکردنەوەی دەریاوانی ئیسلامی کەوەک چەکێکە دژ بە دوژمنکاری نەساڕاکان،چونکە صەلاحەدینی ئەیوبی هەستی بەوە کردبوو تەنیا لەڕێگەی دەریاوە دەتوانێ بەسەر نەسارا دا زاڵ بێت، لەوکاتەشدا مەترسی شاڵاوی نەسارا گەشت بووە شارە کەناریەکانی میسر، بۆ ئەم مەبەستەش دیوانێکی تایبەتی بەناوی دیوانی کەشتی گەلی دامەزراند. لەساڵی ٥٨٧ کۆچی صەلاحەدین ئەیوبی و عادلی برای وەک سەرۆکی گشتی دیوانی کەشتی گەلی بەکە دەست نیشان کرد، دواتریش عادل سەیفەدینی کوڕی شاکری وەک جێگری خۆی لەو دیوانەدا دەست نیشان کرد.

دووەم: هەموو دارستانە بەناوبانگەکانی وڵاتی میسری کرد بە موڵکی دەوڵەت، چونکە ئەم دارو ئەختانە سوودێکی زۆری بۆ دەوڵەت هەبوو وە ئەو ناوچانەش بەناوچەی قەدەغەی سوڵتان ناسرا بوون، صەلاحەدینی ئەیوبی ڕێگەی لەخەڵک و بازرگانەکان گرت کە لەبواری ماددە جەنگییەکان دا لەگەڵ وڵاتانی مەسیحی هەڵسوکەوت بکەن و بازرگانی بکەن.

سێیەم: صەلاحەدینی ئەیوبی گرنگی دا بە بەهێزکردنی دام ودەزگەکانی بەرگری کاری پاسەوانانی کەنارەکان لەم بارەیەوە بڵاو کراوەیەکی دەرکرد تێدایدا دەڵێت بڵاوکراوەکەمان ئەوە ئەگەیەنێ کە هەوڵ بدرێت بۆ پاراستنی کەنارا و بەندەرەکان وە هەروەها گرنگییان پێ بدرێت، پاسەوانەکان و جێگۆڕەکانیان لەکاتی خۆیدا بن و ئامادەبن وە گەورەکانیان پابەند بن بەڕێکخستنیان زوو پەیوەندی بە سەروخۆیانەوە بکەنەوە و ئاگاداری هەوڵی وردو درشتی ئەو ناوچانە بن.

چوارەم: صەلاحەدینی ئەیوبی گرنگیەکی زۆری دا بە پاراستنی دەریای سوورو بازرگانی و حاجیەکان و شوێنە پیرۆزەکان بەدرێژای دەریای سوور هەوڵی دا لەمەترسی داگیرکارە نەساڕاکانی کە کەنار ناوەکانی شام و فەلەسطینیان داگیر کردبوو بەدوور بێت، بێ گومان ئەم دەستبەرداری میسر بۆ ناو وڵاتانی دەریای سوور لە باکوور و باشووری بۆ ئەو مەبەستە بووکە دەست بگرێت بەسەر دەروازەکانی ئەو دەریایەدا وە بازرگانی و حاجیەکان بپارێزێت، چونکە نەساڕاکان لە سینا باشووری فەلەسطین سەنگەریان گرتبوو.

پێنجەم: کەوتە قایم کردن و توندوتۆڵ کردنی سنورەکانی میسر بەدرێژای سەر دەریای سپی ناوەڕاست وەک ئەسکەندەریە و دمیاط و رەشد، فەرمانی دەرکرد بەوەی کە شوراو بورجەکان بونیاد بنێت وە خەندەقیش بەدەوری دا لێ بدرێت. صەڵاحەدینی ئەیوبی خۆی سەرپەرشتی بەرێوە چوونی کارەکانی ئەکرد وە هەر خۆی سەرداتی سەر سنورەکانی ئەکرد تا کارکردن تیدایدا تەواو بوو.

شەشەم: صەڵاحەدینی ئەیوبی هەوڵی دا گیانی جەنگ و جیهاد لە دڵ دەرونی موسوڵمانان دا بچەسپێنێت وە هەوڵی دا عەقڵی موسوڵمانان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە ئامادە بکات، ئەم کارەشی لەرێگەی چەندین خوێندنگەوە ئەنجام دا کە لە میسر و شام دا دایمەزراند بوو، صەڵاحەدینی ئەیوبی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خۆی ببێت بە پێشەنگێکی چاک بۆ هەڵسوڕانی کاروبارەکانی، هەر کەسێک پێویست بوایە خۆی لە صەڵاحەدینی ئەیوبی نزیک بکاتەوە لەسەر جیهاد و هاندانیان لەبارەی جیهادە وە قسەی بۆ دەکردن وە لەو بوارەشدا چەندین کتێبی بۆ دانرا.

حەوتەم: سەرەڕای ئەم کارو کردەوانە صەڵاحەدینی ئەیوبی هەستا بەلابردنی سەربازی فاطمی و کۆیلە رەش پێستەکان و ئەرمەنەکان، وە سوپایەکی ئۆکمەی پێک هێنا کە زۆربەیان پێک هاتبوون لە مەمالیکە کۆنەکان وهەموو ئەو کوردە ئازادانەی کە چوو بوونە خزمەتی وە پاڵپشتی خۆیانیان بۆ دەر بڕی بوو.

هەشتەم: دوای ئەوەی ناصر صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەو کارانە و چەند کارێکی تری گرنگی ئەنجام دا کەوتە هەوڵی گێڕانەوەی ناوچە لە دەستدراوەکانی ژێر دەسەڵاتی سنوری خیلافەت و سنوردار کردنی دەسەڵاتی میرنشینە ئەساراکانی بیتول مەقدیس، ئەرابلوس و ئەنطاکیە وە دووبارە گێڕانەوەی شکۆداری دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی و ئەهلی سوننەو جەماعە.

صەڵاحەدینی ئەیوبی دوای ئەوەی توانی هەموو شام، میسر، کوردستان، بەرقیە، نەجد، جەزیرەی نیوە دورگەی عەرەبی و یەمەن هەموو ئەمانە یەک بخاتەوە وە خۆی ئامادەکرد و بانگەشەی جیهادی کرد، چونکە ماوەی ٨٨ بۆ ١٠٠ ساڵێک دەبێت خاکی قودس داگیرکراوە، مزگەوتی قودس کراوە بە تەوێڵەی ئاژەڵ و موسوڵمانان لێیان قەدەغەکراوە، زۆربەی زۆری موسوڵمانان دەربەدەر کراون هەموو خەڵکی مەسیحی لەو جێگەیانەدا نیشتەجێ کراون بەتایبەت لە صور، رەها، بیتول مەقدیس، غەزە و ئەناطاکیە لەهەموو ئەو ناوچانەی تر، کە بەدرێژای ١٠٠ساڵە داگیرکراوە، ئەو موسوڵمانانەشی کە تێیدا ماونەتەوە، هەموو نۆکەری ئەساراکان بوون .

لەو کاتەدا ناوچەیەک هەبوو لەنێوان میسرـشام و بوصرا دا کەپێی دەوترا کرک پادشاکەی ئەسارا بوو بەناوی ئەرناط، باجی زۆر کردبوو لەسەردەمی صەڵاحەدینی ئەیوبی دا لەساڵی ٥٨٢ کۆچی ئەرناط پەیمانێک مۆردەکات لەگەڵ صەڵاحەدین دا کە دەبێت بەهێمنی و ئاسایشی و ئەوپەڕی رێزەوە کاروانە ئیسلامیەکان بپارێزن، دەنا زیانت دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەرناطی بەرپرسی کرک رێزی لە صەڵاحەدین گرت و هەموویان پێکەوە پەیمانەکەیان مۆرکرد.

سەبارەت بە هۆکارەکانی، بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك دەڵێن ئەرناط، کە کاروانێکی بازرگانی گەورەی ئەیوبیەکان لە وڵاتی میسرەوە ئاراستە کرابوو بەرەو حیجاز و شام زۆر لوتبەرزانە

زیانێکی گەورەی بە ئابووریی میسر گەیاند بوو، دەست دەگرێت بەسەر کاروانەکەدا کە زەرەر و زیانێکی گەورەی بە ئابووریی میسر گەیاند بوو، ئەمە لەلایەک هەروەها کرداری بازرگانی نێوان میسر وشام و حیجازی پەکخست، وەهەندێکی دیکە پێیان وایە صەلاحەدینی ئەیوبی دوای ئەخۆش کەوتنی لە ٥٨٢ کۆچی پەیمانی ئەوە ددان بە موسوڵمانەکان، کە ئەگەر بێت و لەتەمەن دا بمێنێت خۆی تەرخان باکت بۆلێدانی دوژمنانی موسوڵمانان ئەسارا یەکان. هەروەها لەباری بارودۆخە سیاسیەکەو برینی هەردوو قۆناغی بەرگری و ئامادەباشی لەلایەن سوڵتان صەلاحەدینەوە وە بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکی یەکانی کەخۆی دەبینی بەوە لە دروستکردنی دەسەلاتێکی سیاسی لەچوار چێوەی دەسەلاتی خیلافەت و رزگار کردنی شاری قودس وە گێرانەوەی دەسەلاتی خیلافەت و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەکێتی دەوڵەتی ئیسلامی سەرتاسەری. مێژوونووسان دەڵێن کاتێک دەستی گرت بەسەر کاروانەکەدا خاوەنی کرک قسەی ناشرینی بە ئیسلام وە پێغەمبەری خوا ﷺ وتووە وە هەر هەموویانی بەدیل گرتووە، ئەو کاروانەش هی خودی بنەماڵەی صەلاحەدین بوو واتا دائیرەی دەولەی صەلاحە دین بوو بۆ میسر دەگەڕایەوە بۆ بیتول مال کە زیاتر ئابووری میسر ببوژێنێتەوە .

صەلاحەدین کە هەواڵەکەی بیست ئابەو شێوەیە قسەی بە ئیسلام وتووە چیتر کێشەی لە کاروانەکەدا نەبوو، بەڵکو کێشە لەوەدا بوو کە قسەی بە ئیسلام و پێغەمبەری خوا ﷺ وتووە ئەوە بوو زۆر توڕە بوو، توڕە بوونێک، کە مێژوونووسان دەڵێن: صەلاحەدین لە ژیانی دا ئەوەندە توڕە نەبووە، وە سوێندی خوارد ئەگەر بە دیلیش بیگرێت بەدەستی خۆی دەیکوژێت، دوای ئەم رووداوە کە رووی‌دا صەلاحەدینی ئەیوبی ئارامیی نەما و هەست و سۆزی جوڵا بۆ خاک و وڵاتی موسوڵمانان و بەرانبەر بە پێغەمبەر ﷺ بەرانبەر نەساڕاکان، بۆیە بانگەشەی جیهادی کردوو خەڵکی کۆکردەوە بۆ جیهاد، کە صەلاحەدین ماوەیەکە بەدرێژای مێژوو چاوەڕێی ئەم سات وەختەیە، کە هەر لەوسەردەمەی کە سەرۆکی پۆلیسی دیمەشق بووە لەسەردەمی عیمادەدین زەنگی دا خۆی بۆ ئامادەکردووە وئامانجی ئەوە بووە کە چۆن بتوانێت قودس رزگار بکات، ئەوە لەدوای ئەوە ئێستاش ئێمە شانازی پێوە دەکەین. صەلاحەدینی ئەیوبی بیری لەوە کردۆتەوە چۆن خاکی موسوڵمانان رزگار بکات لەدەستی فرەنجە وە چۆن بتوانێت عیزەت و سەربەرزی ئەم ئیسلامە بهێنێتەوە، ئەوە بوو صەلاحەدینی ئەیوبی موجاهیدان و سوپاکەی لە هەمووڵایەکەوە کۆکردەوە و ناردی بەشوێن هەموو ئەمارەتەکاندا بۆ ئەوەی بانگەوازی جیهاد بکرێت و خەڵک بچێت بەرەو جیهاد، صەلاحەدین زۆر بێزار بوو بەرانبەر بە ئەرناط، وە بەدەوری شارو قەلعەکانی کرک دا سوپای خۆی دانا و گەمارۆی دا بۆ ئەوەی بچێتە ئەو جێگەیەوە، سەربازگەی دانا لەشوێنێک کە پێی دەوترێت قصر سلامە نزیک بوو لە بوصراوە بۆ ئەوەی سوپاکەی لەوێ کۆببێتەوە، بەڵام ئەوەی کە صەلاحەدینی دواخست لەوەی کەنەدات بەسەر کرک دا ئەوەبوو کە ئەو کاتە کاتی گەڕانەوەی حاجیەکان بوو ئەرناط -یش کەسێکی مەسیحی بوو بەڵێنی دا ئەگەر بێتوو صەلاحەدین بدات لە من ئەوا منیش دەچم لەسەر رێگەی شام و میسر کە دەگەڕێنەوە بۆ شام و میسر لەهەردوو لایان دەدەم و دەیان کوژم، صەلاحەدینی ئەیوبیش حەجاجەکانی زۆر خۆش ئەویست وە رێگەی سینای میسریشی چاک کردبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بەئاسانی بڕوات بۆ حەج، ئەوە بوو خێرا رۆیشت وهەموو سەربازەکانی خستە پاسەوانی حاجییەکان بۆئەوەی

حاجیەکانیش بەسەلامەت و ئاسانی بگەڕێنەوە، دوای ئەوە توانی بەو شێوەیە خەڵکەکە بپارێزێ، وەک دەزانین دوعای حاجیان قەبوڵە چونکە وەک منالی ساوا لە عەرەفەوە گەڕاونەتەوە وە لە حەج وخزمەتی خوای گەورە گەڕاونەتەوە بۆ ماڵ و مەنزڵگای خۆیان هەموو ئەم حاجیانە کە بەسەدانها هەزار کەس دەبوون دوعای خێریان بۆ صەڵاحەدینی ئەیوبی و سوپاکەی صەڵاحەدین دەکرد ئەمە بۆ خۆی گەورەترین دەسکەوت بوو بۆ صەڵاحەدین ئەیوبی کەبەدەستی هێنا بوو .

دواتر مەجلسی شورای بەست بۆ ئەوەی کاتێک دیاری بکەن کە هەموویان پێکەوە بچنە دەرەوە لە ١٧ی رەبیعی کۆتایی ساڵی ٥٨٣ کۆچی لەدوای نوێژی هەینی لەهەموو مزگەوتەکانی شارەکان و ئەمارەتەکانی ژێر دەستی صەڵاحەدینی ئەیوبی دا تەکبیری موسوڵمانان دەستی پێکرد وە بانگەشەی جیهاد دەستی پێ کرد بە حی علی جیهاد و دەنگی الله اکبر وە زڕەی شمشێر موسوڵمانەکان بە جوانترین شێوە خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە بۆ رووبەڕوو بونەوەی ئەرناط وە صەڵاحەدینی ئەیوبی خۆشی چووە دەرەوە لە دیمەشق بەرەو جێگەیەک کەپێی دەوترێت قصرسلام-ە کە بریاریان دابوو لەوێدا هەموویان کۆببنەوە، لەوکاتەدا برایەکی و کوڕێکی بەناوی مەلیک ئەفضل وە هەروەها ئەو کەسەشی کە لەبنەڕەتدا تورکومانە مەلیک مظفر کەوکەبوری کەبە مەلیک موظەفەر ناسراوە دواتر ئەوەی خیانەت لە صەڵاحەدینی ئەیوبی دەکات دەچێتە لای دەوڵەتی ئەتابەکییەکان لای شێخ عەبدوڕەحمان و لەدوای دا دەبێتە والی هەولێر، بەڵام موظەفەرەدینی تورکمانی رووەو عەککا سوپا دەنێرێ وە هەروەها مەلیک ئەفضل-ی کوڕی سوپایەکی پێ دەنێرێ بۆ جێگەیەک کەپێی دەوترێت رأس الماو هەموو ئەمانە کۆدەبنەوە تاکو لە عەککا وە دێن وە ئەوی تریش لە رأس الماو وە دێت بۆ ئەوەی سەر لە سوپای نەسارا بشێوێنن، صەڵاحەدین خۆیشی لە بوصرا وە دەکەوێتە رێ تاکو دەگاتە قەڵاکانی کرک وە شۆبەک وە بۆ ئەوەی مانۆڕێکی سەربازی بکات وە سوپای نەسارا پەلکێشی ناوچەیەک بکات لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتنی ئەویوبییەکان مسۆگەر بکات، بۆ ئەمەش ناوچەی تەبەرییە هەڵ دەبژێرێت سوپاکەی هەموو کۆدەکاتەوە لەو جێگەیەدا دەشی زانی تیازی ئەوەی هەیە کەڕوو بەڕووی ئەرناط دەبێتەوە، وەکاتێ ئەرناط دەبینێ بەم شێوەیە صەڵاحەدین سوپای بۆ کۆکردووەتەوە لەتاوا داوا لە بیتول مەقدیس و عەککا وصور وصیدا بەئەمارەتەکانی تری رەها و ناوچەکانی تر هەمووی سوپای نەسارا کۆدەکاتەوە دژی صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەوانیش لە هەموو لایەکەوە کۆدەبنەوە، موسوڵمانەکانیش دەزانن کە ئیتر کاتی جیهادە بۆ ئازاد کردنی بیتول مەقدیس وە ماوەیەکە چاوەکان فرمێسکی پێدا نەهاتووەتەوە خوارەوە بۆ جیهاد وە ماوەیەکە دڵەکان ئازایەتی و عیزەت نەیگرتووە، هەروەها دەستیان شمشێری نەگرتووە بەرانبەر بەئەهلی کوفر بۆئەوەی سەر لەنوێ عیزەت و سەربەرزی موسوڵمانان بگەڕێنەوە، ماوەیەکە موسوڵمانان خەریکبوون کە شەڕی ناوخۆ گیرۆدەی کردوون سەرلەنوێ ئێستا وا صەڵاحەدین خەو لە چاوی تۆراوە و قازی لەدوای قازی یە بەرێزەکان و زاناکان بەتایبەتی بهاودینی ئیبنوشەداد کە یەکێکە لە قازیە گەورەکانی دەوڵەتی ئەیوبی هەموو ئەمانە پێکەوە هانی خەڵکی دەدەن بۆ ئەوەی بچنە جیهاد و بەرەو جیهاد هەنگاو بنێن.

ئیبنو شەداد لە کتێبەکەی خۆیدا کە باس لە مێژووی ئەیوبییەکان دەکات دەڵێت: وەکو ئەوە وا بوو چۆن دایکێک منداڵێکی بە کۆڵەوە بێت و منداڵێکیش بەسکییەوە بێت، صەلاحەدینی ئەیوبی بەشەو خەوی لێ نەدەکەوت خەڵکی هان دەدا بۆ جیهاد وە بەناو گەنج و یانە و خەڵکی دا دەگەڕا و هاواری دەکرد چاوەکانیشی وە فورگی پڕبوو وە هەموو جارێکیش قسەی ئەکرد سەیری قودسی دەکردەوە تەنانەت بەجۆرێک کەخەڵکی پێیان دەوت تۆ خەریکە خۆت پارچە پارچە دەکەیت صەلاحەدین. ئەو کەسانەشی کە لەدەوروبەری بوون دەگێڕنەوە تەنانەت خواردنیشی زۆر زۆر کەم بووەوە و نەخۆش کەوتبوو ڕۆژێک یان خواردنی نەخوارد لەڕۆژی هەینی یەوە تاوەکو ڕۆژی یەک شەممە ئەوەندە سەرقاڵ بوو تەنها خواردنی سادە نەبێت بۆ ئەو کاتەش کە دەرمانی هەبوو بۆ ئەوەی دەرمانەکانی بخوات صەلاحەدینی ئەیوبی پلانێکی زۆر گەورەی دانا چووە جێگەیەکەوە کە نێوانی شاخەکان بوو وە جێگەیەک کە هیچ دارێکی تێدا نەبوووە پشتی خۆیشیان ئاو بوو ئەو جێگەیەشی کە خەڵکی یان کاروانی پێدا تێ دەپەڕێت هەتاوی ئەو ناوچەیە زۆر گەرم بوو بەمەش نەساڕاکان ناچار بوون لە سفورییەوە بەرەو تەبەرییە بکشێن ئەم ڕێگەیەش ڕێگەیەکی گەرم بوو، وە نەساڕاکان دەبوو ڕێگەیەکی بەرزایی و بەدرێژای ١٦کیلۆمەتر بەبێ ئاو وە پڕ لەگەرمای ببڕن، بۆ ئەمەش صەلاحە دین تەنها یەک تەپۆڵکەی بەردینی ڕەق وتەق بێ ئاوی بۆ بەجێ هێشتن کەئەویش تەپی حطین بوو، لەو شەوەدا سوپاکەی خۆی بردە ئەوێ وە پشتی سوپاکەی خستە پێش ئاوەکەوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک دەستی نەگاتە ئەو وە نەساڕاکان زانیان صەلاحە دین لەوێ دایە خۆی حەشارداوە بۆیان بۆیە بەڕۆژدا کەوتنەڕێ وە یەک بەیەک لەناو دەچوون و تەواو ماندووبون کە گەیشتنە ئەوێ جگە لەوەی موسوڵمانەکان دار و تەختەکانی دەوروبەریان سوتاند و ئاگریان بەڕوویاندا کردەوە بەمەش گەرماو دوکەڵ و تونێتی بەسەریاندا زاڵ بوو، ئەوە بوو صەلاحەدین دەرفەتی شەوی قۆستەوە و چواردەوری سوپاکەی نەساڕای دا لە پاشان دا شەڕ لەنێوانیاندا ڕووی دا دوای ئەوەی موسوڵمانان بەسەریاندا سەرکەوتن، ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل گرتن لە نێوانیشیان دا جای لوزجنانی پادشای بیتول مەقدیس و ئەرناط ـی بەرپرسی قەڵای کرک ـی تێدا بوو، ئەمەش دیاریەکی خوای گەورەیە کە بەخشی بە صەلاحەدینی ئەیوبی .

صەلاحەدین لەسەرەتاوە بیری لەوە ئەکردبووە بەرەو قودس بڕوات، بەڵام بیری لەوە بوو کە ئەو ناوچانە پاک بکاتەوە کەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەرناط بوو، ئەوە بوو صەلاحەدین توانی بەجۆرێک سەربکەوێت بەسەر نەساڕاکان دا کە کوڕا و کوڕیان بیریان ئەچێتەوە، وە باس صەلاحەدین بکەن ترسیان لێ بنیشێت. کەسێکی وەکو شۆی کەیەکێکە لەمێژوونووسان دەڵێت "دایک ئەگەر بیویستایە منداڵەکەی بترسێنێت دەیوت صەلاحەدینی ئەیوبی هات، ئەوەندە غیرەتی موسوڵمانان بەرز بوو ئەوەندە سەربەرز بوون تاکو ١٠ساڵیش کە باسی صەلاحەدینی ئەیوبی بکرایە و بوترایە لەهەرسوپایەکدایە دەبوو ئەو سوپایە سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە" کاتێک کە نەساڕاکان هاتن خاچەکانیان هەڵگرتبوو بەدەستیانەوە تاکو ئێستا نەکەوتبووە سەر زەوی، بەڵام صەلاحەدین توانی بیخاتە سەر زەوی و ژێر پێی موسوڵمانەکانەوە، کاتێک ئوسقوف عەککا هاواری دەکرد ئەمە جەنگی پیرۆزە و ئێوە نامرن وە عیسا لەگەڵتاندا شەڕ دەکات

سەڵاحەدینی ئەیوبی توانی لەناو شەڕەکە دا بە کوشتوی سەریشی بەرز بکاتەوە و بڵێ ئەوە پێشوەختەکەی ئەکایە کە ناتوانێت بەرانبەر موسوڵمانان بجەنگێ وە دە هەزار کەسی لێیان نێت لەماوەی شەو و رۆژێکدا خاچی خاچەکانی (صلیبوت) خستە زەوی وە هیچیان نەیان توانی بەرانبەر بە صەڵاحەدینی ئەیوبی هیچ شتێک بکەن هەموویان رایان دەکرد بەم لاو لادا وە رۆژێک لە سوپاکە بە تیونێتی لەناوچوون لەدەوری پادشای بیتول مەقدیس دا کە زیاد لە ٧٠ هەزار سوپای لە خۆی کۆکردبووەوە ١٥٠کەسی لە سوپاکەی لەگەڵ دا مابووەوە بە ١٥٠ کەسەکەوە بەدیل گیران .

قەرەقوش ئەرناط بە دیل دەگرێت:

ئەمێک عادلی برای صەڵاحەدین لەگەڵ ئەژدەری تورکمان دا قەرەقوش واتای هەڵۆی رەش دێت، بەڵام بەداخەوە خەڵکی بە خراپە باسی لێوە دەکەن. قەرەقوش یەکێک بوو لەو سەرکردە بەڕێز و بەتوانایانەی تورکمان بوو لەگەڵ صەڵاحەدینی ئەیوبی دا وە مەیمەنەی صەڵاحەدین بوو، کەسێکی دادپەروەر و دیندار بوو بە هۆکاری قەرەقوش بوو کەتوانی ئەرناط-یش بەدیل بگرێت و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی صەڵاحەدینەوە، هەروەها کەسێک بوو ئەستێرەی ئەدرەوشایەوە لە جەنگەکان دا لەهەر لایەکەوە دەیان بینی کەوا قەرەقوش دەجەنگا لە پێناوی خوای گەورە، قەرەقوش هاواری جیهاد دەکاتەوە زۆر جار ئەسپەکەی بریندار بووە و مردار بوەتەوە و ئەسپی تریان بۆ هێناوە، تەنانەت لە کۆتایدا درعیش فڕێ دەدات و بەرانبەر بە نەساراکان شەڕ دەکات کە بۆخۆی درع فڕێ درا لەشەڕدا لەو سەردەمەدا واتا هێزو توانا. بۆیە قەرەقوش بەهێز و توانا شەڕ دەکات وە بەرپرسی قەڵای کرک ئەرناط دەگرێت بەدیل، هەروەها پێویستە ئەم چەمکە مێژوویان راست بکرێتەوە کەوا قەرەقوش بۆخۆی کەسێکی دادپەروەر بووە قسەی ئەو مێژوونووسانەیە کە مێژوویان شێواندووە کەباس لە قەرەقوش دەکرێتەوە بەیەکێک دەڵێن ئەگەر حوکمەکەی خراپ بێت دەڵێن ئەمە حوکمی قەرەقوشە، ئەمەش کەسێکی گەندەڵ و خراپەکار بەناوی ئیبنومەماتی لەدژی قەرەقوش ئەم شتانەی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها کافور کە کەسێکی بەڕێز بووە لەناو دەوڵەتی ئەخشەدییەکان دا، بەڵام کەسانێکی وەکو موتەنەبی هۆنراوەی لەسەر نووسیوە و قسەی خراپیان پێ کردووە، بۆیە قەرەقوش و کافوریش چەواشەی دەستی دوو شاعیری گەندەڵن ئەوانیش موتەنەبی و ئیبنو مەمات-ین، موتەنەبی هەر داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد بۆ خۆی پێی وابوو کە خۆی پێغەمبەرە، تاکو لەمیسر کردیانە دەرەوە و رۆیشتە ناوچەکانی بەغداد دوای ئەوە ئەو قسەی پەی کپ کردەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێ .

صەڵاحەدینی ئەیوبی دوو پادشاکەی کەوتە دەست ئەوانیش جای لزجنیان پادشای بیتول مەقدیس و ئەرناطی بەرپرسی قەڵای کرک بوون، صەڵاحەدین سوجدەی سوپاسگوزاری برد وە بەدوای دا کوڕەکانی و براکانی وە هەموو سەرکردەکان سوجدەی سوپاسگوزارییان برد بۆ خوای گەورە کە هەموو سەرکەوتنێک یان پەیوەندی هەیە بەخوای گەورە وە کەسەرکەوتنەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ خوای گەورە وە پێیان وابوو ئەم سەرکەوتنە خوای گەورە پێیانی بەخشی وە ئەوان بەنیازی ئەوە نەبوون، پێیان وابوو توانای کۆکردنەوەی خەڵکیش خوای گەورە پێیانی

ئەسارا بەلوت بەرزی یەكەوەو داوای پادشاكانی ئەسارا بەلوت بەرزی یەكەوەو داوای بەخشیوە، بۆیە كاتێک كە سەریان بەرز كردەوە هێنا بۆیان وە پێشیانی وت ئەمە واتای ئاویان دەكرد، صەلاحەدینی ئەیوبی ئاوێکی ساردی هێنا بۆیان وە پێشیانی وت ئەمە واتای ئەوەنیە كە ئێوە ئەمانتان دراوەتێ ئەخێر ئەمانتان نادرێتێ، بەڵكو سوێندی خوارد بوو كەوا بەدەستی خۆی بیكوژێت لەبەر ئەوەی قسەی بە پێغەمبەر ﷺ وتبوو، ئەوە بوو صەلاحەدین بەدەستی خۆی دەیكوژێت و سەری دەبڕێ لە پێش چاوی هەموویاندا وە پێشیان دەڵێت ئەمە هەقی ئەو كەسەیە كە قسە بە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت، بەمەش ئەوەندەی تر ترس و بیم و دڵەڕاوكێ چووە ناو دڵی ئەسارِاكانەوە، وە سەربەرزی و عیزەتیش چوویە ناو دڵی موسوڵمانەكانەوە. سەركردەی موسوڵمان بەو شێوەیە دەبێت، هەركەسێک بە پاک و بێگەردی ئیسلام هەڵ ئەگرێ وەک صەلاحەدینی ئەیوبی پاک وبێ خەوشی ئەكات لە فكری شیعەو ئەسارا هەموو ئەفكارەكانی تر موستەحیلە سەركەوتنی ئەو ئوممەتە (إن تنصروا الله ينصركم ويثبت أقدامكم. واتا: ئەگەر ئێوە دەتانەوێت سەربكەون دەبێت ئاین و شەریعەتی خوای گەورە جێبەجێ بكەن دڵنیابن سەركەوتن بەدەست دەهێنن.

ئەنجامەكانی شەڕی حطین:

یەكەم: یەكێک لە دەر ئەنجامەكانی ئەم شەڕە كوژرانی گەورە فەرماندە ئەساڕاكان بوو، سەربارە لە دەستدانی بەشێكی هەرە گەورەی سوپای هەرسێ میرنشینە ئەسڕانییەكە.

دووەم: سەركەوتنەكانی صەلاحەدینی ئەیوبی لە شەڕی حطین بوو بەدەرگە كردنەوە لەبەردەم دا، بەوەی بتوانێت زۆربەی شارە كەنارییەكانی لوبنان و فەلەستینی ئێستا رزگار بكات .

سێیەم: بەدیهێنانی یەكێک لە ئامانجە سەرەكییەكانی كە خۆی دەبینییەوە لە رزگار كردنی شاری قودس قیبلەی یەكەمی موسوڵمانان .

چوارەم: لەدوای ئەم شەڕە بوو بە هۆی ئەوەی پایەی ئاینی و كۆمەلایەتی سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی لە ئێو جیهانی ئیسلامدا بەرز بێتەوە.

پێنجەم: دوای ئەم شەڕە دەسەڵاتی ئەیوبییەكان بەتەواوی چەسپا، هەروەها كاریگەری شەڕی حطین و ئەنجامەكانی لەسەر ئەوروپا گەشتە رادەی ئەوەی پاپا گریگۆری هەشتەم بانگەواز بكات بۆ سێ لە گەورە ئیمپراتۆری ئەو سەردەمە ئەڵمانیا، فەڕەنسا و ئینگلتەرا بۆ هێرش كردنە سەر ناوچەكانی رۆژهەڵات كە دەناسرێت لە مێژووی شەڕی ئەساڕاكان بە شاڵاوی سێیەمی خاچ پەرستان.

شەشەم: سەركەوتنی صەلاحەدینی ئەیوبی لەم شەڕەدا كاریگەری گەورەی لەسەر هەموو ئەوروپا یەكێتی و مەسیحی یەكان بەتایبەتی دروستكرد، بووە هۆی ئەوەی میرنشینە خاچیەكان لە ناوچەكانی رۆژهەڵات دەسەڵاتیان سنوردار بكرێت و وە پەیوەندیشیان بەناوچەكانی ئەورووپاوە پچڕاند، سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە هەموو سەركردە سیاسی و سەربازیەكانی ئەیوبی پێیان وابوو كە سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی دوای ئەم جەنگە بەرەو ئامانجی سەرەكی دەڕوات كە بریتیە لەڕزگار كردنی قودس، بەلام بە پێچەوانەوە سوڵتان صەلاحەدین بەرەو ناوچە كەنارییەكان كەوتەڕێ كەخۆی دەبینیەوە لەشارەكانی عككا، بیروت، یافا، حیفا، غەززە و صو

ڕواتی لە پلانەكەی سەركەوتوو بێت جگە لە گرتنی شاری صور نەبێت ئەویش بەهۆی گرتنی ڕێچەکەو شورای شار و بوونی ئاو لەدەورووبەری شاری صور .

ڕزگاركرنی چەند قەڵا و شارێك:

موسوڵمانەكان خۆش حاڵ بوون بەو سەركەوتنەی صەڵاحەدینی ئەیوبی، صەڵاحەدین ئەو ڕۆژە بەیەوە لە سەر بازگەكەی بۆ ڕۆژی دوای كەجەنگ كۆتایی هات ڕۆشت بۆ قەڵای تەبرییە خاوەنەكەی ریمۆند داوای لە صەڵاحەدین كرد كەوا پەیمانی پێ بدات هیچی لێ نەكات، ئەویش پەیمانی پێ داو خۆی و كورەكانی هاتنە دەرەوە وە ئەوانیش ڕێزیان لێگرتن، پاشان صەڵاحەدینی ئەیوبی زۆر بە خێرای رووی كردە شارو شارۆچكەكانی تر بۆ ئەوەی بەتەواوەتی پاكیان بكاتەوە، كە بگەشتایەتە هەر جێگەیەك ئازادی دەكرد بە بەرگرییەكی كەم.

صەڵاحەدینی ئەیوبی یەكسەر كەزانی نەساراكان ئەم هەموو سوپایەیان كۆكردۆتەوە و ناوچەی عەككا چۆڵ بووە خێرا مینای عەككای گرتە دەست و بەرەو عەككا ڕۆشت و لە جەمادی یەكەمی ٥٨٣ كۆچی بەرێككەوتنێك صەڵاحەدین دەستی گرت بەسەر عەككا دا كە چوار هەزار دیلی موسوڵمانی تیدا بوو لەگەڵ ماڵ و سامانێكی زۆر، نەساراكان هەموویان رایان كردەوە ناوچەكانی صور، صور بە كێك بوو لە شارە گەورەكان و نوێژی هەینییان كرد لە مزگەوتێكدا كە نەصرانیەكان كردبوویانە كڵێسا، خێرا كەوتنە ڕێكخستنی شارەكە وە صەڵاحەدینی ئەیوبی فەرمانی بە مەلیك عادلی برای كرد كە لە میسرەوە هێرش بەرێت بۆ سەر نەساراكان. ئەوە بوو مەلیك عادل-یش هێرشی كردوو توانی دەست بگرێت بەسەر هەندێ شوێن دا لەوانە یافا وە خەڵكێكی زۆری بە دیل گرت، هەروەها صەڵاحەدین لە كاتی مانەوەی لە عەككا دا دەستی گرت بەسەر چەند شوێنێك دا لەوانە صفوریە، صەیدا، نابلوس، بیروت و جبیل .

لە دوای چەند ڕۆژێك لە گەمارۆدانی بیروت ئەوێشی ئازاد كرد، بەڵام لە ڕزگار كردنی جبیل دا مەرجێكی تیدا بوو كە پادشاكەیان ئازاد بكات كە دیل بوو لە دیمەشق، بەڵام ناوچەی صورە بە جێهێشت و دەستی بەسەر دا نەگرت، دواتر ڕوو دەكاتە ناوچەی عەسقەلان كە دەكەوێتە نێوان شام و میسرەوە كە لەگەڵ مەلیك عادلی برای گەمارۆی عەسقەلان-یاندا، پادشاكەی دیل بوو لەلای صەڵاحەدینی ئەیوبی لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ ئەوەی داوا لەخەڵكی عەسقەلان بكات خۆیان بدەن بەدەستەوە، بەڵام سوكایەتییان بە پادشاكەش كرد، وە لەدوای ٤٠ ڕۆژ گەمارۆدانی عەسقەلان فەتحی ئەو ناوچەیەشی كرد. واتا دەوری بیتول مەقدیس زۆربەی زۆری ناوچەكانی ئازاد كرد دواتر گەڕایەوە بۆ خوارەوە چووە رملە، غەززە، بیتول لەحم و نغرون هەموو ئەم ناوچانەی پاككردەوە لەدەستی نەساراكان تەنها لەناوەڕاست دا بیتول مەقدیسی هێشتەوە، دواتر خەڵكی بەشوێن صەڵاحەدینی ئەیوبی دا هۆنراوەیان دەوتەوە و خەڵكی زۆر دڵیان خۆش بوو.

بۆچی سوڵتان صەلاحەدین دوای شەڕی حطین راستەوخۆ هێرشی نەکردە سەر قودس؟
یەکەم: ئامانج لەگرتنی شارە کەناریەکان پچڕانی پەیوەندی نەساراکان بوو لەگەڵ ناوچەی سەرەکیەکان کەڕۆژ ئاوایە واتا ئەوروپا .
دووەم: بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت پەیوەندی بە ناوچەکانی شامەوە بکات لە ڕێگەی ئاویەوە بەهەمان شێوە هێزی نەساراکان نەکەونە پشتەوەی هێزەکانی صەلاحەدینی ئەیوبی‌یەوە .
سێیەم: سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی تەنها لە گرتنی شاری صور سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی سەختی شورای شارەکە بەوەی کە هەموو لایەکی ئەم شارە بەئاو دەورە دراوە، دوای تەواو گردنی نەخشە سەربازیەکەی بەرەو ئامانجی سەرەکی کەوتە ڕێ ئەویش گەمارۆدانی شاری قودس و دواتریش گرتنی، سەرچاوەکان بەتایبەتی ئیبنو شەداد و قاضی فاضل و چەندینی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن گرتنی قودس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە سوڵتان گرتبیە بەر بەرانبەر بە نەساراکان و خەڵکانی دیکەی ناوچەکە لە کاتی شەڕەکانی، هەروەها ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ دانیشتوانی شاری قودسدا ئەنجامی دا.
خەڵکی هەموو دڵیان خۆش بوو وە هۆنراوەیان بەسەر صەلاحەدین دا دەوتەوە وە دەیان زانی لەسەرکەوتن دان وا ۱۰۰ ساڵە وقودس کە قیبلەی یەکەمی موسوڵمانان و جێگەی ئیسراو میعراجی پێغەمبەری خوا ﷺ وە شوێنی پیرۆزی پێغەمبەران و جێگەی پیرۆزی باوکمان ئیبراهیم ئێستا تەویلەی ئاژەڵە! صەلاحەدینی ئەیوبی خۆی بۆ کۆدەکاتەوە و ئەو کەسانەی لەگەڵ صەلاحە دینی ئەیوبی بوون خۆشیان دەویست ودەیان وت لەبیرت بێت کە با پیرە گەورەمان عمری کوڕی خەتاب -خوای لێ ڕازی بێت- ئەم جێگەیەی ڕزگار کردووە بەبێ شەڕ تۆش هەوڵ بدە بەبێ شەڕ بیگریت، صەلاحەدینی ئەیوبیش ئاواتی ئەوە بوو کە بیتول مەقدیس بگرێت بەبێ شەڕ هەرچەندە خۆی ئامادە کردبوو بدات بەسەر بیتول مەقدیس دا واتا دەست گرێت بەسەر قودس دا، بەڵام دایکێک بە گریانەوە رووە و صەلاحەدینی ئەیوبی دێتە دەرەوە و هاوار دەکات و دەڵێ دوو کوڕم لەلای تۆ شەهید بووە، ئەم دوو کوڕەی من کەشەهید بووە یەکێکیان لەجەنگی تازەدا کوژراوە تەنها یەک منداڵ لەسکی دایکیایەتی خۆت و سوپاکەت مەیەنە ناوەوە بۆ ئەوەی ئەم مناڵە لە دایک بێت و ئەوەکو دایکی لەترسی ئەڕەو ترکەو زرمەی پێی ئەسپەکان لە باری بچێت. صەلاحەدینی ئەیوبیش بەقسەی ئەم دایکە پیرە دەکات لەبەر ئەم ئافرەتە حامیلەیە سوپاکەی دوادەخات و هەموو سەرکردەکان لە صەلاحەدینی ئەیوبی کۆدەبنەوە و دەڵێن تۆ چۆن وانکرد لەکاتێکدا هەموومان خۆمان ئامادە کردبوو بۆ ئەم جێگەیە؟ صەلاحەدینی ئەیوبی ئاواتە خوازبوو بۆئەوەی کەشەڕ نەکات و وقودس تێک نەچێت بە هیچ شێوەیەک شەڕە تێدادا نەکات، بۆیە لەوەڵامدا وتی من فەتحی دڵی پیرەژنێکم کرد ئەو کاتە خوای گەورە فەتحی شارەکەم پێ دەدات! بۆیە هەرکەسێک لەدەوری صەلاحەدینی ئەیوبی بوو ئەوانەی ناو مزگەوتی

و قودسیش هەموویان هۆنراوەیان بەسەر صەلاحەدین دا دەوتەوە بەهەموو شێوەیەک خۆشەویستیان بۆ دەردەبڕی[81].

صەلاحەدینی ئەیوبی بە هێواشی خۆی ئامادە کرد، چونکە نەیدەویست شەڕ بکات بەهۆی بوونی هەموو جێگەکانی تری بەشەڕ گرتبوو هەردەیویست وەک خەلیفەی دووەم عمری کوڕی خەتاب -خوای لێ رازی بێت- بە بێ جەنگ ئازادی بکات. خوای گەورە کردی بە نسیبی صەلاحەدین ئەو شەوەی کە دڵی پیرەژنێکی رزگار کرد هەر ئەو شەوە بوو وایان زانی کە گەورەترین تاکتیکی بەکار هێناوە وە زۆربەی زۆری سوپاکەی لەناو بیتول مەقدیسدا بوو بە بێ هێشت و گەڕانەوە بۆ ناوچەی صور وە بیتول مەقدیس بەتەواوەتی چۆڵ کرا بۆیە هاتن پەیمانیان لەگەڵ صەلاحەدین دا بەست کە وتیان ئێمە قودست پێشکەش دەکەینەوە و وەرە ئێمەوە ئێمە دەچینە دەرەوە، صەلاحەدینی ئەیوبیش ماوەی ٤٠ رۆژی بۆیان دانا وتی ئەوانەی لەناو ئەم جێگەیەن خەڵکی ئەم شوێنە نین لە ماوەی ٤٠ رۆژ دا دەچنە دەرەوە وە دەبێت پیاوانتان ١٠ دینار بدەن و ئافرەتان ٥ دینارو منداڵانتان ٢ دینار دەدەن و ئەوی تر کەپارەی نی یە بەدیلی دەمێنێتەوە لای من .

ئەوە بوو هەموو خەڵکەکە کۆبونەوە لەشەوی ئیسراو میعراج لەڕۆژی هەینی دا لە ٢٧ی رەجەبی ٥٨٣ کۆچی یەکەم رۆژی هەینی محیدینی کوڕی زەکی قازی دیمەشق یەکەم کەس بوو لەسەر صەلاحەدینی ئەیوبی کە هاواری دەکرد لە قودس دا ٤ ساڵ لەوەو پێش دەیوت: " فتحکم حلبا بالسیف في صفر، مبشر بفتوح القدس في رجب " ئەوە بوو قسەکەی هاتە دی دوای ٤ ساڵ وتی حەلەبت بە شمشێر رزگار کرد لەمانگی رەجەب مژدەت لێ بێت فتحی قودس دەکەین لەمانگی رەجەب دا قسەکەی محیدین هاتەدی، پاشان وتاری لە مزگەوتی اقصی دا وتارێکی ناسراوەو لە مێژوودا باس کراوە کە وتارێکی زۆر جوان و ناوازەیە لەوێ دا دەست پێ دەکاتەوە لە

---

[81] یەکێک لە شاعیرە بە ناوبانگەکان قسیدەیەکی جوانی بۆ دەنوسێت کە زۆر دوور و درێژە بەناوی العوینی دەڵێت:

جندالسماء لهذا الملک اعوان
من شک فیهم فهذا الفتح البرهان
هذه الفتوح فتوح الانبیاء و ما
لها سوی الشکر بالافعال اثمان
اضحت ملوک الفرنج الصید في یده
صیدا وما صعفوا یوما وما هانوا
تسعون عاما بلاد الله تصرخ والاس
لاما النصاره صم وعمیان
فالان لبی صلاح الدین دعوتهم
بامر من هو للمعوان معوان
اذا الله دیوانالعباد فما
یطوی الاجر صلاح الدین دوان

پاک دەکرێتەوە کە قودس وەحدانیەت و خۆشەویستی خوی گەورە، دواتر مزگەوتی موسوڵمانان ماوەی ۱۰۰ ساڵ دەبێت تەویلەی ئاژەڵە بووە.

صەلاحەدینی ئەیوبی توانی بەتەواوەتی هەموو ناوچەکان رزگار بکات و بچێتە ناو خاکی قودس، هوە، هەموو لاکان و جێگەکان هۆنراوەیان بەسەر ئەم پیاوەدا دەوتەوە وە هیچ مێژوو نووسێک نەبوو بەخۆشی و شادی ناوی ئەم پیاوە نەنووسێتەوە، کەس نەبووە لەو سەردەمەدا ئەم پیاوە لەدڵی دا نەبوێت بە کافر و موسوڵمانەوە وە بە نەسارا و تەتار و مەغۆڵەوە، بە فارس و رۆمەوە بەهەر کەسێک دەبینێت باسی صەلاحەدینی ئەیوبی بووە. ئەوەندە خۆشەویست بووە لە دڵی خەڵکی دا تەنانەت وەکو پیاو چاکەکان وەکو سەحابە سەیریان کردووە وە هۆنراوەیان بەسەردا دەوتەوە، یەکێک لەوانەی کە هۆنراوەیان بەسەردا دەڵێت ابو حسن کوری علای جوینی کە یەکێکە لەناودارەکانی خۆی قەصیدەیەکی زۆر جوانی بەسەر صەلاحەدین دا نووسیووە و باس لەوە دەکات سەربەرزی ئاسمانەکان بۆ ئەم پادشایە کە صەلاحەدینی ئەیوبییە پشتگیری دەکات، کێ گومانی هەیە ئالەم فەتحە خۆی بۆ خۆی بورهانە و بەو شێوەیە باس لە صەلاحەدین دەکات چاو پڕدەبێت لە گریان لە خۆشیان دا**.

یەکێک لە شاعیرەکانی تر محمدی کوری ئەسعەدی کوری علی کە یەکێکە لە نەقیبی شورەفائی ئەو کەسانەی کە بەئەسڵ خەڵکی شامە و لە میسر دا دەنیشێت و خۆیشی کوردە بە قەصیدەیەکی زۆر جوان وەصفی صەلاحەدینی ئەیوبی دەکات و دەڵێت**.

---

** جند السماء لهذا الملك اعوان
من شک فیهم فهذا الفتح البرهان
هذه الفتوح فتوح الابنیاء و ما
لها سوى الشكر بالافعال اثمان
اضحت ملوك الفرنج الصيد في يده
صيدا وما صعقوا يوما وما هانوا
تسعون عاما بلاد الله تصرخ والاس
لاما انصاره صم وعميان
فالان لبى صلاح الدين دعوتهم
بامر من هو للمعوان معوان
اذا الله ديوانالعباد فما
يطوى الاجر صلاح الدين دوان

** اترى مناما ما بعيني ابصر
القدس تفتح و الفرنجه تكسر
ومەليكم فى القيد مصفود ولم
يرقبل ذلک لهم مەلیک یوسر
فتح الشام وطهر القدس الذى
هو فى القيامه للانام المحشر

ئا من بەچاوی خۆم وەکو خەون بینیم، بەڵام خەون نەبوو قودس رزگار دەکرێت و فرەنجەش دەنگێت کەس نەی دەوێرا بەرانبەر بە فرەنجە یان نەسارا قسە بکات، پادشاکەیان دەستی بەستراوەتەوە کەس بینیوبەتی پاشایەکی ئەوان ئاوا لە ژێر دەسەڵاتی صەڵاحەدینی ئەیوبی دا گیراوە. ئەی یوسفی راستگۆ تۆ خاوەنی ئەو فەتحەی تۆ وەکو ئیمامی عومەر بە پاکی و بێ گەردی پاکت کردەوە تۆ وەکو عوسمان شەریعەتت تێدا دامەزراند تۆ بۆ سەرخستنی پێغەمبەری خوا ﷺ پێشتر بوون وەک حیدەر صەڵاحەدینی ئەیوبی.

**هەڵوێستی صەڵاحەدینی ئەیوبی بەرانبەر بە نەسارِاکان دوای رزگارکردنی قودس:**

سیاسەتی صەڵاحەدینی ئەیوبی دوای ئەوەی چووە ناو قودسەوە مامەڵەی لەگەڵ نەسارِاکاندا کرد، وەک هاوڵاتی کاتێک صەڵاحەدینی ئەیوبی چووە ناو ئەو جێگەیەوە رێککەوتنەکەشی ئەوەبوو کە پیاوانتان ١٠ دینار و ئافرەتان ٥ دینارو منداڵانتان ٢ دینار دەدات و ئەوەشی کەنیەتی دەبێت بە دیلی ئێمە، ئەوەی کە دەیتوانی پارەکە بدات پارەکەیان لێ وەر دەگرت و هەش بوو توانای نەبوو ئەو بڕە پارەیە بدات. هەرچەندە کەسانی دەوڵەمەند هەبوو لە نەسارِاکان جگە لە پارەی خۆیان ئەمەندە تەنانی بوون پارەوە نائێکیشیان بەکەسانی خۆیان نەدەدا

.

صەڵاحەدینی ئەیوبی زۆر بەمە کاریگەر بوو تەنانەت ئەو رۆژە وای لێ هات زۆربەی زۆری سەروەت و سامانەکەی خۆی بەخشی هەتا دەڵێن صەڵاحەدین شمشێرەکەی خۆی فرۆشت بۆ ئەوەی خەڵکانێک ئازاد بکات، بەو هەموو ئازایەتی و هێزەوە صەڵاحەدینی ئەیوبی رزگاری دەکات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی دەسوتێت بەرانبەر بە دوژمنەکانی و ژمارەیەکی زۆر لە فرەنجەو نەسارِاکان هیچ کەسێکیان نییە کەسەکانیش یان پارەیان نادائێ ئەم دەچێت هاوکاریان دەکات.

یەکێک لە مێژوونووسەکانی خۆیان کە ئینگلیزە استیفن سن دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: "زۆرێک لەوانەی کە هیچ دەسەڵات وسوڵتەو سەروەت و سامانێک یان نەبوو صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەسپ و عەرەبانەو وە جێگەی بۆ دابین کردن بۆ ئەوەی بیان گەیەنێتە جێگەیەک بۆلای پادشای رۆمەکان".

لەکاتێکدا صەڵاحەدینی ئەیوبی رێگەیان بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیان بەرێتە لای ناوچەکانی صور و عەککا و ئەو ناوچانەی تری مەسیحیەکان کەلەژێر دەستیاندایە لەناوچانە دەڵێت: یەک کەس دەرگەیان بۆ ناکاتەوە کە هەرچەندە براو کەسانی خۆیانن، مەسیحیەکان رەحمیان بەرانبەر بەیەکتری نییە چ جای رەحمیان بەرانبەر بە موسوڵمانان بێت، ئەوەندە خۆیان بێتاقەت دەبن لە

---

بایوسف الصدیق انت لفتحها
فاروقها عمر الامام الاطهر
وانت عثمان الشریعة بعد
وانت فی نصر النبوة حیدر

یەکێک لە ئافرەتەکان کە مێردەکەی بەدیل و خراپەکاری نەساراکان بەرانبەر بە یەکتری ڕەفتار و خراپەکاری نەساراکان بەرانبەر بە یەکتری گیراوە و لە ئافرەتە دەسەڵاتدارەکانە هەرچی سەروەت و سامانی خۆیەتی بەخشیویەتی زۆرێک لە هەژارەکانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، کاتێ صەلاحەدین ئەم حاڵەتە دەبینێت دڵی پێ خۆشە کە ئەم ئافرەتە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیدا بەم شێوەیەیە، صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ ڕێزگرتن لەم ئافرەتە پارەو سەروەت و سامانەکەی بۆ ئەگەڕێنێتەوە، ئافرەتەکە بە گریانەوە دێت پۆلای و دەڵێت مێردەکەم لە قەلعەی نابلوس-ە داوات لێ دەکەم مێردەکەم بۆ ئازاد کەی وە کاتێکیش صەلاحەدین بەڵێنی پێدا گەورەییە بۆ ئەم ئافرەتە بۆئەوەی عیزەتی بۆ بگەڕێنێتەوە، دەڵێ بچۆ مێردەکەت ئازاد بکە لەدوای ئەمە بەسەدان ئافرەت دێن منداڵیان هێناوە و منداڵەکانیان بە باوەشیانەوەیە دەڵێن: ئەمە وڵاتی تۆیە ئەی سوڵتان ئێمە دەڕۆین بەتەواوی ئەمانەش کە دەبینی ئەمە دایک و منداڵانێک و کچانێکن کەزۆربەی زۆریان باوکیان سەربازن و ئێستا دیلی لای تۆن، ئەی باشە ئەم سەربازانە بۆچی ئازاد ناکەی بۆ ئێمە لە کاتێکدا ئەمە ژیانی ئێمەن و ئێمە بەجێیان دەهێڵین، صەلاحەدینی ئەیوبی بەرانبەر بەم ئافرەتانە بۆ ئەوەی نا ئومێد نەبن و بێزار نەبن پیاوەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە و بەدیاری پێ یان دەبەخشێتەوە .

مێژوونووسەکانی ئینگلیز و ڕۆژئاواییەکان یەکێک لەوانە ستیفن سن دەڵێت: "سوڵتانی گەورە صەلاحەدینی ئەیوبی ڕێی دا بە خەڵکانێک بەبێ فیدیە بڕوات". ئێستانلی لیون پول کە یەکێکە لە ڕۆژئاوایەکان ئیعتیمادیان خستبووە سەر ئۆرنۆلد کە یەکێکە لە مێژوونووسەکان و دەڵێت: "کە لە ئۆرنۆلدەوە دەگێڕێتەوە سوڵتان هەتاوەکو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خۆی بەسەر خەڵکە هەژارەکاندا دەگەڕا کە خەڵکی فرنجە نەسارا بوون وە دەڵێ ئەگەر کەسێک یان ئالی نەبوایە پارەی دەدایە ئەنانەت خزمەکانی وایان لێهاتبوو کەسێکی وەکو مەلیک عادل کەبرای صەلاحەدینی ئەیوبییەو لە پارەو سەروەت و سامانی خۆی ٧ هەزار فەقیر و هەژار تێر دەکات، هەروەها دەڵێ صەلاحەدینی ئەیوبی بینی کەوا براکەی خۆی بەو شێوەیەیە ولی بڕۆن هەر هەمووتان ئازاد بن ."

ئەمیر علی مێژوونووسێکی گەڕۆکەو میلیش مێژوونووسێکی ئینگلیزە دەڵێ: ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحی یەکان کە قودس-یان بەجێ هێشت بوو بەرەو ئە ناطاکیەی مەسیحی ڕۆشتن، بەڵام ئەمیر علی دوای ئەوە لەباسی وەسفی میشۆد دەکات ئەویش مێژوونووسێکی ئینگلیزییە دەڵێت: قودس جارێکی تر دەرگەی کردەوە بۆ نەساراکان ولی وەرەولای ئێمە دابنیشن، میشۆد کە خۆی مێژوونووسێکە دەڵێت: صەلاحەدین خۆشەویستیی و دادپەروەریی و پیاوەتیی فێرە مەسیحییەکان کرد، لەناو ئەوانەدا لەچەند ڕۆژێکدا کە خەڵکەکە چوونە دەرەوە بەتریاکێکی تێدابوو لەوانەی توسقوفەکانی مەسیحیەکانیان دەڵێت: سەروەت و سامانێکی زۆری لەگەڵ خۆی دا برد بوو، صەلاحەدینی ئەیوبی پێی وت بۆچی ئەم سەروەت وسامانە ئەو خەڵکەی پێ ئازاد ناکەی ولی جا من حەقم چیە بەسەریانەوە، کوڕەکان و براکانی صەلاحەدینی ئەیوبی وتیان باهیچ نەبێت ئەم شتانەی لێ بسێنین و نەیەڵین بیباتە دەرەوە، صەلاحەدینیش دەڵێت ئێمە بەڵێنمان داوە کەهەر پیاوێک ١٠ دینار و وەهەر ئافرەتێک ٥ دینار وە منداڵ ٢ دینار وە لەوە زیاتر بۆمان نییە لێیان بسێنین.

ئێستانلی لیون پول ئەم مێژوونووسە گەورەش باسی ئەم سوڵتانە دەكات خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: صەلاحەدینی ئەیوبی هەموو خەڵكەكەی بەم شێوەیە رێكخست ودواتر كەوتە ئەوەی كە پێویستە نفوزی موسوڵمانان وردە وردە زیاد بكات دواتر دەستی كرد بە دروستكردنی نەخۆشخانەو جێگە و شوێنەكان وە هەروەها قوتابخانەكان سەر لەنوێ خەڵك فێركردنەوەی دین چونكە ماوەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ ساڵ بەدەستی فاطمیەكانەوە ئەیان ناڵاند، وە ماوەی ٨٨ ساڵیش بەدەستی نەساڕاكانەوە ئەیان ناڵاند.

میل كە مێژوونوسێكی ئینگلیزە وە میشۆد بۆ خۆشی گەڕۆكێكە و ئەمیر علی هەرسێكیان دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە ٤٩٢ كۆچی كاتێك نەساڕاكان هاتنە ناو قودس و داگیریان كرد موسوڵمانان لەناو شەقام و ماڵەكانی خۆیان دا ئەكوژران، ئەڕۆشتن بۆ ناو مزگەوتەكە بۆ ئەوەی ئەمانیان لە مزگەوتەكەوە دەست بكەوێت لەناو مزگەوتەكان دا دەیان كوشتن و سەریان دەبڕین دەستیان دەگرت بە دیواری كەنیسەكانەوە و موسوڵمانانیان سەردەبڕی، دەچوون تەنها بۆ ئەوەی رزگاریان بێت خۆیان بە پێكەنینەوە دەچوونە بەردەستیان ئەوانیش بە پێكەنینەوە سەریان دەبڕین كەناچار دەبوون بچنە بەردەستیان وە جیاوازی پیاو منداڵ و سەربازو موجاهیدان یان نەكردووە هەموویان وەكو یەك سەربڕی، خۆیان بە داخێكەوە دەیگێڕنەوە و دەڵێن ئەوە حاڵی موسوڵمانان بووكە رایان دەكردوو پیاوانی نەسارا بەدوای ئەماندا رایان دەكرد وە خوێن ئەقامەكانی گرتبوو ئەمیر علی لە میشۆد-ەوە دەگێڕێتەوە كە میشۆد مێژوونوسێكی ئینگلیز بوو دەڵێت: فرنجە هیچ رەحمێك لە دڵیاندا نەبوو منداڵیان پێش گەورە سەردەبڕی كە ئەمە رەفتارو هەڵسوكەوتی ئەوان بوو، بەڵام صەلاحەدینی ئەیوبی چی كرد بەرانبەریان؟ دەڵێت: ئەمانەت ئیتر وایان لێ دەهات لە ناوشاری قودسدا دەنگی منداڵ و قیژەی ئافرەتان ولاوانەوەی دایكی پیر بۆ منداڵەكان هەمووی لەگەڵ خۆڵ و خوێنی موسوڵمانان دا تێكەڵ بوبوو، میل قسەیەكی تریش زیاد دەكات و دەڵێت: هیچ دڵێك بۆ ئەمانە نەجولا بۆ ئەوەی رەحمیان بەرانبەر بەم خەڵكە بێ تاوانە بجوڵێت، لەو نێوەندەدا ٧٠ هەزار خوێنی موسوڵمان چوو بەبێ تاوان و گوناح بێ ئەوەی لەشەڕدا بن هەرئەك كەسە دەڵێت بە پرسیارەوە ئێوە كەستان بینیوە؟

صەلاحەدینی ئەیوبی هەموو ناوچەكانی رزگار كرد گەمارۆی عەككای دا، كە عەككای وەكو شارێك لەبەردەست دا بوو، بەڵام ناوچەی شریتی ساحرییەكە لەسەر دەریای ناوەڕاست تا دەگاتە ئەنتاكیە ئەو ناوچە سنورییە بەدەست نەساڕاكانەوە بوو، كە جێگەیەكی زۆر بچووكە. صەلاحەدین بەهۆی ئەوەی سوپاكەی زۆر ماندوو بوو، وە خۆیشی لە جیهاد و فەتح دا بوو، هەم لە ناوخۆی خۆی دا وە لە جێگەكانی تریشدا زۆر ماندوو بوو بۆیە ماوەیەك وەستا سەر لەنوێ ئەوانەی كە صەلاحەدین بەم شێوەیە كردبوونیە دەرەوە هەموویان دژی صەلاحەدینی ئەیوبی كۆبوونەوە، ئەوانەی كە دیل بوون صەلاحەدین بەڵێنی پێدان كەوا ئازادیان بكات وە سەرلەنوێ لەشاری صوردا كۆبوونەوە رووەو موسوڵمانان كەوتنەڕێ بۆ ئەوەی لە عەككا موسوڵمانان دەربكەنە دەرەوە، ئەوە رەفتاری یەهودی و نەسارایە " لن ترضى عنك اليهود والنصارى "، واتا قەت لە تۆ رازی نابن دواشیان بكەوی لێت رازی نابن، ئەوانە یەهودی رۆژ ئاوای یان پێ دەوترێت.

تەوە بوو نەساڕاکان لە ناوچەی صور کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بکەونەوە گیانی موسوڵمانان، سوپای نەسارا رووە و عەککا رۆی وگەمارۆی دا لە ٨ رەجەبی ٥٨٥ کە چەند مانگێک بوو کۆتایی بەشەڕ هاتبوو گەیشتەلای عەککا وسەرلەنوێ شەڕ دەستی پێکردەوە لەگەڵ موسوڵمانان دا، هێزی نەسارا موسوڵمانانیان گەمارۆدا، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەم جارە وەک شێر بۆیان دەربەرپەوە لە تتول کیزان خەیمەی هەڵداو سەربازگەی لەوێ دانا وردە وردە دوری خستنەوە، بەڵام لەم کاتەدا نەساڕاکان داوایان دەکرد کەوا ئیتر هەموو ئەوروپا بە دیاریانەوە بێت، پێویستە سێ ئیمپراتۆریەتەکەی جیهان کە دەکاتە هەموو رۆژئاوا رووەو صەڵاحەدین بێن ئەوانیش ئیمپراتۆری ئەڵمانیا فریدریک باربەروس وە پاشای فەرەنسا فلیپ ئۆغستۆس وە پاشای ئینگلیز ریچارد دڵی شێر، هەریەکەیان بە حەفتا هەزار، سەد هەزار وە پەنجا هەزار کەسەوە بەرێکەی ئاوی و وشکانی هاتن، کە گەیشتە ئەوێ پێش هەموو شتێک قوسطەنطینیە ترس لێ نیشت وتی: ئەگەر ١٠٠هەزار کەس بێنە ناو خاکەکەی منەوە ئەوا من بە هەموو شێوەیەک لەناو ئەچم، کە دوو ئیراتۆریەتی گەورە بوون ئەوانیش ئیراتۆریەتی قوسطەنطینیە و ئیمپراتۆریەتی رۆما، ئیمپراتۆریەتی قوسطەنطینیە پێی دەوترا کەنیسەی رۆژهەڵات.

هەروا ئیمپراتۆریەتی رۆما پێی دەوترا کەنیسەی رۆژئاوا، ئەم دوانە هەمیشە دژی یەک بوون بۆیە ئیسحاق لانج کە یەکێک بوو لەسەرۆکی ئیمپراتۆریەتە شەرقیەکان رازی نەبوو بەوەی بەناو خاکی بیزەنتەدا بڕۆن وە صەڵاحەدینی ئەیوبیش خۆی بۆ ئامادە کردبوو بێ ئەوەی هیچ شتێک روو بدات ئیسحاق لانج سوپای فرێدریک باربەروس-ی ترسان کە ئەوانیش زانیان بەم شێوەیە هەرچەندە زستانێکی ساردو سەرما بوو کاتێ هاتبوونە دەرەوە پارچە پارچە بوون بەناو ئەوروپای رۆژهەڵاتیە وە پاشان بەرەو ئاسیای بچووک کەوتنەڕێ تا گەیشتنە ئەرمەنیا زۆربەی زۆری سوپاکەی غەرق بوو وە بەشێکیشیان رەق بوونەوە لە دەریاچەی سەنەغ کە نزیکی سنورەکانی ئەرمەنیایە لە شاخەکانی ئەرمەنیا نزیک دەبێتەوە بەتەواوەتی ئەو سوپایە کۆتایی پێ هات تەنها کۆمەڵێکی کەم یان نەبێت سواری کەشتی بوون و بەرەو عەککا و صور بەسەرکردایەتی فریدریک دەواسوک کە کوری فریدریک باربەروس بوولەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی کە مابوونەوە تا گەشتنە ئەوێ.

دواتر شاڵاوی ئینگلیزی و فەرەنسیەکان واتاریچارد دڵی شێر لەگەڵ فلیپ ئۆگست هەردوو کیان پێکەوە گەشتنە سقریە لە سیسلیای ئیتاڵیا لەوێ کۆبوبوونەوە، فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان لەدوای ١٠ رۆژ بوو بە شەڕیان لەو جێگەیە واتا ریچارد دڵی شێر لەگەڵ فلیپ، کە فلیپ بە ریچارد دڵی شێری وت من نەهاتووم بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا شەڕبکەم . دوای ١٠ رۆژ خاکی سیسلیای بەجێ هێشت و رووەو عەککا رۆیشت تاوەکو بگاتە لای شاری صور بۆ ئەوەی دەست بکات بەشەڕکردن دژی موسوڵمانەکان لەگەڵ صەڵاحەدینی ئەیوبی دا ئەوانە ئەوەندەی خراپ بوون تەنانەت لەگەڵ خۆیاندا شەڕیان دەکرد، سوپاکەی ریچارد رووەو قوبرس کەوتەڕێ و ئەوێی داگیر کرد، قوبرس سەر بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی-یە، کاتێ چووە ئەوێ کردی بەشوێنی سەربازی خۆی دواتر هەتا نزیکی عەککا رۆشت کە بەدەستی موسوڵمانانەوە بوو لەژێر دەستی سوپای صەڵاحەدینی ئەیوبی بەوەیە، بەڵام خاکەکەی سەر سنورە بەدەستی نەساڕاکانەوەیە، ئەم سوپایە

بۆ خۆی زۆر بوو بەرگری دەستی پێ کرد دژی عەککا و موسوڵمانان ماندوو بوون، بەڵام سەلاحەدین نەیدەتوانی لەبەرئەوەی ئەوانیش هەموویان کۆبوونەوە. نەساراکان بەسەرۆکایەتی ریچارد دڵی شێر هەوڵی زۆریان دا لەگەڵ صەلاحە دینی ئەیوبی کە گەمارۆی عەککا بدات وە گەمارۆیەکی گەورەی عەککا یان داوە لە ۲۷ جمادی دووەمی ۵۸۷ی کۆچی صەلاحەدینی ئەیوبی ویستی رێکەوتنێکیان لەگەڵ مۆر بکات عەککا بدات بەدەستەوە، ئەوانیش هاو رابوون لەسەر بەیە ریچارد دڵی شێر لەگەڵ فلیپ کاتێک هاتنە ناو عەککاوە و گرتیدان لەماوەیەی یەک رۆژ دا هەر لەو رۆژەدا لە ۲۳رەجەب ۵۸۹ی کۆچی دوای ئەوەی هاتنە ناوەوە بۆماوەی ۲ ساڵ خەریکی شەر بوون لەیەک رۆژ دا لە ۵۸۷/۸/۱۶ی کۆچی ئەو رۆژەی کە ریچارد دڵی شێر ۳ هەزار موسوڵمان سەر دەبڕێت. هەندێکی تر ئاماژە بە ۲۷۰۰ کەس دەکەن کە سەر براوە، هەموو ئەم شەرە ۶۰ هەزار موسوڵمان تێدایدا شەهید بوون وە ژمارەیەکی زۆر لە فرنجە مرد و کۆتاییان پێ هات.

مێشۆد کە یەکێکە لە مێژوونووسەکان زۆر بە سەرزەنشتەوە باسی سوپای فرنجە دەکات و دەڵێت ئاستە سەرکەوتن لە عەککادا، بەڵام دەڵێت چ سەرکەوتنێک وەکو ئەوە بێت نە با یان دیبێت نە بۆران دووبارە دەستیان کرد بەمەشروب خواردن وە هێنانی ئافرەت لە جەزیرەکانی ترەوە بۆ خۆشیەکانی خۆیان. میشۆد دەڵێت: هەموو ئەوروپا بەتەواوەتی وە جیهانی لاتینی هاتن بۆ یارمەتی دانی ئەوان تەنها توانیان عەککا لەدەست موسوڵمانان وەرگرنەوە. هەروەها صەلاحەدینی ئەیوبی توانی هەموو ناوچەکان وەر بگەڕێتەوە تەنانەت دوای ئەمەش پادشای بیتول مەقدیس ئەوەی کە مرکیزیا کراد مونت خاوەنی شاری صور بوو هەمیشە لەگەڵ پادشای بیتول مەقدیس لویز جیبای کێشەیان هەبوو لەگەڵ یەکدا هەستی دەکرد هاتووەتەوە بۆئەوەی پاڵی بۆ دابنێ هەمیشە پێکەوە پلاندانەر بوون، پادشای ئینگلیز ریچارد دڵی شێر و فلیپ تونستین مەیلی بەلای پادشای بیتول مەقدیس دا بووە وە فلیپ بەلای کراد مۆنت بای دەدایەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی وە نفوزی خۆی لای ئەوەوە زیاد بکات، چونکە ریچارد دڵی شێر ئەماحی ئەوەی هەبوو جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ بیتول مەقدیس بیێتەوە پادشا بۆیە پشتگیری لەو دەکرد وە پیاوێکی بەتەمەن بوو و قوحیان هەبوو لەدەسەلاتەکەیان، بەڵام ریچارد دڵی شێر شەڕ لەدوای شەر لەگەڵ صەلاحەدینی ئەیوبی دەکرد، ئەو شەڕانەش لەمێژوودا هاتووە بە سیجار واتا شەڕێک صەلاحەدین سەرکەوتووە وە شەڕێک ئەوان سەرکەوتوون، شەڕەکان زۆربەیان شەڕی پاڵی زلی بووە لێدان و گەڕانەوە بووە بۆ ناو سەربازگەکانی خۆیان. دوای ئەوەی شەڕێکی گەورە روو دەدات پادشای فەرەنسا بەتەواوەتی دەگەڕێتەوە و بەجێی دەهێڵێت وە دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا شەڕێکی گەورە روو دەدات لە نێوان موسوڵمانان و نەساراکان دا کەپێی دەوترێت شەڕی ئورشوف کەتێیدا نەساراکان سەرکەوتن وە باس لەوە دەکەن کە نەساراکان بەم سەرکەوتنەیان هەقی خۆیان کردووەتەوە لەشەڕی حطین دا.

دوای ماندووبوتی هەردوولا هەم سوپای ئەوروپا بەگشتی واتا ئیمپراتوریەتی ئینگلیز، ئەڵمانیا و فەرەنسا هەموو لایان کە گەڕانەوە بۆ فەرەنسا، ریچارد دڵی شێر لەتوانای دا نەما وە بەڕاستی سوپاکەی صەلاحەدینی ئەیوبیش ماندوو بوو هەتا زۆر جار ئەوەندە شەڕیان کردووە لەگەڵ

دواتر ئەمەیان بەمەیان نەزانی، پێدەچێت مەبەستیان پرۆسەکەی دیار بوو وەک ئەو گۆڕانکارییانەی جەنگی ئاکانی تا ئەوێ... بەڵام ئەساڕاکان مێژوونووسان دەڵێن چەند فەتحێک یان مابوو بێنە ناو بیتول مەقدیس-ەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ریچارد دڵی شێر دەیزانی کەوا ناتوانێت گەمارۆی بیتول مەقدیس بدات، چونکە دەیزانی لە پڕدا صەڵاحەددینی ئەیوبی دێت و لەناوی دەبات بۆیە خێرا گەڕایەوە جێگەکانی خۆی.

## گرنگترین بەندەکانی رێککەوتننامەی رەملە

گرنگترین بەندەکانی رێککەوتننامەی رەملە لەنێوان صەڵاحەددینی ئەیوبی و ریچارد دڵی شێر شایەنی باسە لە ساڵی ٥٨٨ی کۆچی رێکەوتنێک لەنێوان صەڵاحەددینی ئەیوبی و ریچارد دڵی شێر دا روو دەدات کە رێککەوتنێکی زۆر گەورەیە بەناوی رێککەوتنی رەملە، ئەم رێککەوتنە لە سێ بەند پێک دێت.

یەکەم: لە ماوەی ٣ ساڵ دا دەست نیشانی سنوری دەسەڵاتی نەساڕاکان و صەڵاحەددینی ئەیوبی بکرێت کەخۆی دەبینییەوە لەزۆربەی ناوچە کەناراوییەکان، کە بەپێی ئەم رێککەوتنە لە ژێر دەسەڵاتی نەساڕاکان دەبێت وە نابێت بە هیچ شێوەیەک هێرش بکەنە سەر سنورەکانی سوڵتان صەڵاحەددین، هەروەها لە پەیمانەکەدا هاتووە کە نەساڕاکان لە شریتی ساحری مێننەوە لە حەیفا و عەککا وە تاکو دەگاتە ئەو ناوچانەی کە بەدەستیانەوە بووە بە هێڵێکدا تادەگاتە ئەنتاکیەی تورکیا.

دووەم: دەرگەی شاری قودس بکرێتەوە بەڕووی حاجیە مەسیحی یەکاندا بەبێ وەر گرتنی سەرانە، واتا رێگە بدرێت بە نەسارا کەسەردانی بیتول مەقدیس بکەن وە سەرانەیان لێ وەرنەگرن. موسوڵمانان سەرانەیان وەرنەدەگرت، بەڵام پێشتر لەسەردەمی فاطمیەکاندا هەبووە ئەوە بوو صەڵاحەددینی ئەیوبی رازی بوو بە پەیمانەکە کە لەنێوان هەردوولادا دەبێت بۆ ماوەی ٣ ساڵ و ٨ مانگ بخایەنێت، هەردوولا رازی بوون و ئەم رێککەوتنە روویدا.

سێیەم: پاراستنی کرداره بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا مەبەستی سوڵتان صەڵاحەددین لەم کارە دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وە ئازاد کردنی ئەو موسوڵمانانەی کەوەکو دیل گیرا بوون لەلای نەساڕاکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە بهادین قەرەقوش کەوەک خۆی ئامادەی پێ دەکات ئامادەیی تێدایە چەندەها کەس بدات لە نەساڕاکان بەرانبەر بەڕزگارکردنی.

شایەنی باسە دوای بەستنی ئەم پەیمانە خەڵکەکە زۆر ئیسراحەت بوو تەنانەت کاتێک ئەم رێککەوتنە بەسترا دەوڵەتێکی زۆر لەبەردەستی صەڵاحەددینی ئەیوبی دا بوو باکووری عێراق واتا تکریت و ناوچەکانی تر تاکو دەگاتەوە موصڵ بەدەستی صەڵاحەددینەوە بوو، بەشێک لە ئێران شام، فەڵستین، برقیە، تونس، یەمەن و جەزیرەی عەرەبیش. بۆیە پێویستی بەوە بوو ئەم ناوچانە بیات بەڕێوە وە نەی دەتوانی هەمیشە بەم شەڕەوە بەو جێگەو بە ئەورویاوە بوەستێتەوە، بۆیە پێویستی بەو رێککەوتنە هەبوو ئەوە بوو پەیمانەکە بەسترا کە پەیمانێک بوو زۆر حەزیان پێ بوو وە ئیسراحەتێکی زۆریان کرد و مێژوونووسان دەگێڕنەوە کەئەم پەیمانە وای کرد کەوا سەر لەنوێ وڵاتی شام، میسر و فەڵەستین و هەموو ئەو جێگەیانە بەتەواوەتی بوژانەوەیەکی ئابووری پێوە دیار بێت.

لەبەندە کە هاتبوو کە قاضی شەداد کە لە کتێبی (نواد سلطانیه فی دوله ایوبیه) دەگێڕێتەوە و باسی لێوە دەکات کە ئەم پیاوە کە ئەم پەیمانەی بەست کە پێی دەوترێت رەملە بەهۆی ئەم

پەیمانەوە موسوڵمانان و نەساراکان ئیسراحەتیدان تێدا کرد، بەڵام زیاتر بۆ موسوڵمانان باشتر بوو
بەپێی ئەوەی شەڕ تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێنێت جیهانی خراپ کردبوو، چونکە صەڵاحەدین لە
سی شەڕ هاتبووە وە ئەوانیش (فاطمی،نەسارا و نورەدینییەکان) لەناوچانەشەڕیان هەبوو بۆیە
پێویستی بەوە هەبوو ماوەیەک ئیسراحەت بکات.

مەقریزی لە کتێبەکەیدا بەناوی الملوک باس لەوە دەکات دەڵێت: کاتێک رێککەوتن کرا زۆریان
پێ خۆش بوو، ئەو رۆژە گەرۆژی ئاشتی بوو ئەوەندەی تر بەناوبانگ بوو هەموو کردیان
بەخۆشی بۆ ئەوەی شەڕ نەما، چونکە بەسەدان دایک جەرگی سوتا بوو بەسەدان منداڵ هەتیو
کەوت بوو، هەمیشە رەفتاری موسوڵمانان بەو شێوەیە کەباس دێتە باسی جیهاد و
رووبەڕووبونەوە پیاوی مەیدانن وە کاتێکیش دێتە سەر ئاشتی مرۆڤی موسوڵمان دەبێت دەست
بۆ ئاشتی درێژ بکات "ادخلوا في السلم كافة) پێغەمبەری ﷺ رەفتارێکی فێری ئێمە کردووە
دەفەرموێت: (لا تتمنوا لقاء العدو) واتا تەمەنای رووبەڕوو بونەوەی دوژمن مەکەن .

کوشتن هەروا ئاسان نی یە تەنانەت خوای گەورە دەفەرموێت تەنها لەڕێگەی خودا رێگەی
پێدراوە ئەگەر لەڕێگەی خودا نەبوو نەهامەتی روو دەدات.

صەڵاحەدینی ئەیوبی توانی دەست بکاتە دروست کردنی نەخۆشخانەو قوتابخانە بۆ ئەوەی
خەڵکی فێری دینداری بکات وە هەروەها ریچارد دڵی شێر خۆی دەیگێڕێتەوە لە یاداشتەکانی
خۆیدا دەڵێت: ئێمە لە صەڵاحەدینی ئەیوبییەوە فێری دادپەروەری و راستگۆی بووین، هەروەها
دەڵێت تەنانەت ئەوەندە خۆشەویست بوو لە دڵمدا صەڵاحەدینی ئەیوبی دەڵێ لەدوای ئەوەی
کە رێگەی دا حاجییەکان مان بڕوات وە تەنانەت ئاو خواردنی بۆ دابین کردن. باس لەوە دەکات
و دەڵێت: ترسام لەوەی کە رێگەمان لێبگرێت، چونکە ئەوەندە بە ئێشاو خەڵکی دەڕۆشت
ئەوەندە خزمەتی حاجیەکانی نەساراکانی دەکرد.

ریچارد دڵی شێر دەڵێت: خۆمان داوامان دەکرد بۆ ئەوەی کە صەڵاحە دین رێگە نەدات ئەو
هەموو خەڵکە بچێتە ناو بیتول مەقدیسەوە، بەڵام صەڵاحەدینی ئەیوبی دەیوت نەخێر ئێمە بە
هیچ شێوەیەک رێگە لەخەڵک ناگرین و تاکو دەتوانن وەرن. ئاوی بۆ دابین کردن و رێگەی بۆ
تەئمین کردن کە بەهیچ شێوەیەک دەست درێژی وە ناهێڵێت کە چەتە هێرش بکاتە سەر
حێکەکان .

ئەمەش رەفتاری صەڵاحەدینی ئەیوبی بوو کە ئەوەندەی تر رێزی زیاتر بوو لەناو خەڵکی دا وە
نەساراکان زۆربەی زۆریان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی صور و عەککا وە هاتنە ژێر دەسەڵاتی
صەڵاحەدینی ئەیوبیەوە و لەژێر دەستی ئەودا دادەنیشتن. ئەمە دادپەروەری ئیسلامە !

دوا ساڵەکانی صەڵاحەدین:

سوڵتان صەڵاحەدین دوای ئەوەی، کە دڵنیابوو هێمنیی و ئارامی گەڕاوەتەوە بۆ وڵات، فەرمانی
دەرکرد بۆ سەربازەکانی هەریەک بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، وە یەکەم لە شکر کە گەڕایەوە
لەشکری هەولێر بوو، لە یەکەم رۆژی رەمەزاندا بوو، دواتر صەڵاحەدین جاڕیدا بۆ حەج داوای

لە سەربازەکانی کرد کەوا کێ بەنیازی حەجە، ناوی تۆمار بکات بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت، دواتریش ریچارد دڵی شێر عەککای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی.
صەڵاحەدین لە قاضی فاضل-ەوە نامەیەکیکی پێ گەشت کە تێیدا باس لەوە دەکات کەوا گەشتی حەجی ئەم ساڵ دوا بخات، چونکە دەوڵەت پێویستیەکی زۆری بەو هەیە لەم قۆناغە ناهەموارەدا، بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانەی، کە دەوڵەت تووشی بووبوون وە هۆکارەکەشی ئەو جەنگە درێژەی پێشوو بوو کە پێویستە مبرو سەرمایە دارەکانی کەخەڵکیان دەچەوساندەوە چارەسەر بکات وە لابردنی زوڵم و ستەم لەسەر خەڵک. صەڵاحەدین-یش ئەم ئامۆژگاریانەی گرتە گوێ و رۆشت بۆ قودس و فەرمانی دەرکرد بۆ عیزەدین جۆردیک خەندەق لێ بدان بەدەوری قودس دا وە مزگەوتی ئەقصا نوێ بکاتەوە، هەروەها کاروباری داد و ئەوقافی راسپارد بە قاضی بها ء دین کوڕی شەداد. صەڵاحەدین بەردەوام بوو لە گەڕان بەسەر شارو شارۆچکەکاندا دەگەیشت بە هەر ناوچەیەک فەرمانی دەکرد بە ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی، دواتر رووی کردە دیمەشق کەماوەیەکی زۆر بوو نەیبینی بوو وە دڵی بە دیمەشق دەکرایەوە و کوڕەکانی لەوێ بوون، ئەوە بوو صەڵاحەدین گەیشتە دیمەشق و لەلایەن کوڕەکانیەوە پێشوازی لێ کرا .
ئیبنو شەداد دەگێڕێتەوە و دەڵێت: نامەیەکم پێ گەیشت لە صەڵاحەدینەوە تێیدا داوای لێ کردم بگەمە لای، ئەوە بوو منیش لە قودس-ەوە کەوتمەڕێ کە بارانێکی زۆر باری بوو رێگەش هەمووی قوڕ ولیتە و سارد بوو. بەردەوام دەڵێت: صەڵاحەدین زانی کەمن گەشتووم هات بۆلام و باوەشی پیا کردم و دەستی کرد بەگریان، پرسیاری گەڕانەوەی حاجیەکانی لێکردم. داوای لێ کردم رێگە بۆ حاجیەکان پاک بکەمەوە لەو قوڕو لیتەیە .
هەروەها ئیبنو شەداد دەگێڕێتەوە کەوا لە ١٤ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی دا صەڵاحەدینی ئەیوبی ئاواتە خواز بووە بۆ ئەوەی بچێت بۆ حەج، بەڵام گەڕایەوە بۆ دیمەشق لەوێ بۆ ماوەیەک مایەوە لەگەڵ کورو براکانی دا. بەردەوام باس لەوە دەکات هەرچەندە ئارەزومەند بووە بۆ حەج وە ئەو هەموو دەوڵەتەی لەبەر دەستدا بووە لەبەدەوێرا بچێت بۆ حەج لەبەر ئەوەی ئەوەک جارێکی تر فرنجە هێرش بکاتەوە بۆیە لە ١٤ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی دا رۆشت بۆ ئەوەی بەخێر هاتنەوەی حاجیەکان بکات، کاتێک حاجیەکان هاتنەوە لەمەککە یەک بە یەکیانی دەکردە بە باوەشەوە و فرمێسک بەچاوی دا دەهاتە خوارەوە لەناو حاجیەکاندا سابقە دین-ی تێدا بوو کە لە زاناکان بوو رێزی زۆری لێ گرتن، چونکە پێشەی صەڵاحەدین وابوو زۆر رێزی لەزاناکان دەگرت. برازاکەی صەڵاحەدین لەگەڵ حاجی یەکاندا بوو لەیەمەنەوە بەڕێ کەوتبوو کە دەکاتە سەیف ئیسلام تونتکین کە فەرمانڕەوای یەمەن بوو وە حاجیەکانیش زور شاد بوون بە بینینی صەڵاحەدین کە کاری ئاسان کردبوو بۆیان، دەڵێت لەم کاتدا تایەک گرتی صەڵاحەدینی ئەیوبی کە گەڕایەوە ماڵەوە توشی نەخۆشیەکی وا بوو کە دەڵێت بەردەوام ٤ بۆ ٥ پزیشک بەسەریەوە بوون ئارەقی ئەوەندە زۆر دەکردەوە زۆر جار جلەکانی لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا بۆ دەگۆرە وە جێگەکانیان بۆ دەگۆری هەتا ئاوی لاشەی ئەتکیە سەر زەوی و زەوییەکەشی تەڕ دەکرد، کاتێک هەواڵی نەخۆشی صەڵاحەدینی ئەیوبی-یان بیست بە شێوەیەک خەڵک بێتاقەت بوو کە

ژنی فاضل باسی ئێوە دەکات کە یەکێکە لە کەسایەتیە ئاودارەکانی میسر دەگێڕێتەوە کە بەردەوامی لەگەڵی دا بووە دەڵێت: بەردەوام خەڵک کەنابە گرتبوونی لە دیمەشق دا، چونکە صەلاحەدینی ئەیوبی ئەوەندە خۆشەویست بوو پێیان ناخۆش بوو کە صەلاحەدینی ئەیوبی ئابەو نێوەی لێ بەسەر هاتووە، چونکە دەڵێن خۆشەویستی لە دڵ و دەروونی هەموو کەسێک دا هەبووە، تەنانەت کە نەخۆش کەوت نەساراکان پێیان ناخۆش بوو.

قازی کوڕی شەداد دەگێڕێتەوە و دەڵێت: نەخۆشیەکەی ئەوەندە ناڕەحەت بوو وای لێ هاتبوو کە ئێمەش زۆرجار دەگریاین بەسەریەوە، بەڵام لەدوای ۱۰ ڕۆژ لەنەخۆشیەکەی کەمێک باش بوو هاتەوە ئاومان. هەمووماں لەخۆشی دا بوین کە دیسانەوە شەقامەکانی دیمەشق و ئاغەکانی بریسکەی پێکەنین وخۆشیان دەهات وا صەلاحەدین بەو شێوەیە هەڵ ساوەتەوە سەرین، بەڵام دواتر توشی ناڕەحەتیەکی زۆر بویەوە دووبارە ئاکەی لێ هاتەوە، تا وای لێهات خەڵک بێ هۆش دەکەوتن وە هیچ هیوایەکمان نەمابوو بۆیە لەسەردەمی خۆی دا کوڕەکەیمان کردە ئەمیر کە مەلیک ئەفضل بوو کە ناسراو بوو بە نورەدین علی کە کوڕە گەورەی صەلاحەدین بوو، ئەوە بوو صەلاحەدین وەسیەتی بۆ کردوو پێی وت وەسیەتت بۆ دەکەم کە لەخوا بترسیت لەبەرئەوەی سەری هەموو چاکەیەکە وە فەرمانت پێ دەکەم بەوەی خوا فەرمانی داوە کە بەجێی بهێنی.

هەروەها وریای خۆت بە لەخوێن رشتن و چاولێکەری لەبەرئەوەی قەرزە و بەسەرتەوە دەمێنێت وە ئاگات لە دڵی خەڵک و کاروباریان بێت لەبەرئەوەی تۆ ئەمینی خوای بەسەر ئەوانەوە، چونکە ئەوەی من پێی گەیشتم هۆکەی دڵ راکرتنی خەڵکی بوو وە رق و کینەش لەکەس مەگرە، ئاگاداری خۆت بە لەنێوان خۆت و خەڵک دا، چونکە لێت خۆش نابن هەتا رازیان نەکەیت، بەڵام ئەوەی لە نێوان خۆت و خوا دایە لێت خۆش دەبێت، چونکە کەریمە.

ئەوە بوو خستیانە جێگەکەی بۆ ئەوەی پێش مردنی خیلافێک نەمێنێت لەسەری وە خەڵکی بەیعەتیان دایەو، ئەویش قاضی بن شەداد لە کتێبەکەی دا بەناوی "تأریخ کیتاب المواث سلطانیە" وە خەڵک هەموو بەیعەتیدان بە نورەدین علی کرد، بەڵام هێشتا صەلاحەدینی ئەیوبی لە ژیاندا بوو وە هەموویان وتیان بە ماڵ و سەروەتی خۆمان و بە گیانی خۆمان ئامادەین و بەیعەتت پێ دەدەین ئەوەشی کە دەڵێیت لەسەرمان واجبە و فەرزە .

لەدوای ئیمەڕبوونی ۱۲ ڕۆژ بەسەر نەخۆشیەکەی دا لە شەوی چوار شەممە ۲۷ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی دا ئەو شەوە صەلاحەدین کەمێک باش بوو داوای دەکرد کە قورئانی بەسەردا بخوێنن ئەوە بوو قورئانیان بەسەردا دەخوێند تاکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ ﴿١٢٩﴾ التوبة. جا ئەگەر ئەوانە (لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزیی و میهرەبانیەی تۆدا) هەر پشت هەڵکەن و گوێت بۆ نەگرن، ئەوە ئیتر تۆ بڵێ من خوام بەسە یارو یاوەرم بێت، کە پشتگیرو یاریدەدەرم بێت، هیچ خوایەک نیە جگە لەو، هەر پشت بەو دەبەستم، ئەو زاتەش پەروەردگاری عەرشی گەورەیە.

دەستی کرد بە پێکە نین و بە پێکەنینەوە چاوەکانی لەیەک ناو رۆحی بەرەو ئاسمان رۆشت و ئەو رۆژە دوای نوێژی بەیانی بوو کە نوێژی بەیانی کردوو لە ٢٧ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی لەتەمەنی ٥٧ ساڵی دا وەفاتی کرد.
کاتێک وەفاتی کرد خەزێنەکەی نە ئاڵتون نە زێری تێدا بوو بەڵکو ٤٧ درهەمی ناصری تێدا بوو لەگەڵ یەک دیناری عەباسی. خاوەنی هیچ شتێک نەبوو وە هیچ شتێکی بەجێ نەهێشت تەنانەت ئەسپەکەشی دوای خۆی مردار بوویەوە. ئەوەش صەلاحەدینی ئەیوبی ئەو کەسایەتی بەرێزەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەینەوە مێژووی سەربەرزی ئێمەیە .

بۆچی ئەیوبییەکان بایەخیان بە هێزی دەریایی دەدا؟
سەبارەت بە دەوڵەتی ئەیوبیەکان و بە هێزی دەریایی دەتوانین ئاماژە بەیەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان بدەین، ئەویش پێگە و شوێنی میسرە کە مەڵبەندی سەرەکی دەسەڵاتی ئەیوبیەکان کە بە رووباری نیل و دەریای سپی ناوەڕاست دەورە دراوە، کەواتە لێرەوە ناکرێت لە شوێنێکی وەهاوە حوکمڕانی بکرێت کە لەسەر رووبار بێت و بایەخ بەبواری کەشتی نەدەن. جگە لەوەش لەو سەردەمەدا ئینگلیز، فەرەنسی و ئەڵمانیەکان لەبواری دەریاوانی وە کەشتیەوانی زۆر بەهێز بووە، کە ئەمەش هەموو کات مایەی مەترسی بووە بۆسەر میسر لەبەرئەوەی زاڵ بوونی ئەمانە بەسەر دەریای ناوەڕاست دا واتای زاڵ بوونە بەسەر میسردا هەرکاتێک کە بیانەوێت .
لە شاڵاوی سێیەمی نەساڕاکان لە کاتی هاتنی هەردوو پادشا ریچارد دڵی شێر و پادشای فەرەنسا لەرێگەی دەریاوە کۆمەکیان گەیاندە نەساڕاکانی رۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەی دەریا هێڵی جیاکەرەوەی میسر و ئەوروپا بوو. لەیوبییەکان بۆ دەست بەسەرا گرتنی زۆربەی شارە کەنار دەریاییەکانی فەلەسطین و عەککا و یافا پێویست یان بە هێزێکی دەریایی بە هێز هەبووە، جگە لەوەی هێزی دەریایی خاڵی بەهێزی سوپایی بوو بۆ بواری بازرگانی سوودی زۆری لێ بینراوە بەتایبەتی هەندێ سەرچاوە باس لە پەیمانتامەی بازرگانی لەنێوان سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی و ئیتاڵیا دەکەن وەک دەزانرێت تەنها رێگەی بازرگانی نێوان دەوڵەت شارەکانی ئیتاڵیا و میسر دەریایە لەساڵەکانی دواتری دەسەلاتی ئەیوبییەکان ئەم بایەخ دانە بەهێزی دەریایی و کاریگەرییەکانی بەتایبەتی لەرووبەڕوو بوونەوەی نەساڕاکان دەردەکەوێت. د.محسن محمد حسن دەڵێت: نەساڕاکان لەگەڵ رۆمە بیزەنتیەکان بڕیاریان دا بچن پەلاماری شاری دمیاط بدەن کە کلیلی سەرکەوتنە بەسەر میسردا، صەلاحەدینی ئەیوبی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە میسر پێویستی بەکەشتی گەلێکی بەهێز هەیە کەبەر لەم هێزانە بگیرێت و وڵاتەکەی بپارێزێت وڵاتێکی وەک میسریش بەبێ کەشتی گەلێکی بەهێز نەی دەتوانی بەسەربەخۆی و ئاسوودەی گوزەران بکات.

دەسەڵاتی ئیسلامی بەم چوار خاڵە دادەمەزرێت:
خواناسی، رەوشت، دادپەروەری، زانست..
غەیری موسوڵمانانیش دەبێت سێ خاڵیان تێدا بێت:
دادپەروەری، رەوشت، زانست.

کە ئەم خاڵانە هەبوون ئەو گەلانەی کە لە جیهاندا لە ئێستا و لە رابردووش دا خاوەنی قسەی خۆیان بوون و قسە رۆشتوو بوون بەسەر گەلانی ترەوە دەبێت ئەم خاڵانەیان تێدا بوبێت، هەرگەلێک بیەوێت ببێتە ژمارەیەک لە ژمارەکان دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت ئەگینا گۆڕانکاری ئاستەمە، گەلانی موسوڵمان چوار خاڵ و گەلانی غەیرە موسوڵمان سێ خاڵ جیا دەتوانن بینە رەقەم و قیادەو ریادەی گەلانی تر بکەن و قسە رۆیشتوو بن.

مەرجی یەکەم تایبەتە بە موسوڵمانان کە بریتی یە لە خواناسی، هیچ گەلێکی موسوڵمان هەرگیزاو هەرگیز نەیتوانیوە بەبێ خواناسی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بگاتە ئامانج و مەبەستی خۆی، هۆکاری ئەوەشە کە زۆر جار موسوڵمانان توشی شکست هاتوون، دەبێت دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی پەیوەست بێت بە خوای گەورەوە،ئەمە بە واتای ئەوە نا کە ببێتە حکومەتێکی سیۆکراتی، لە جیاتی خوای گەورە حکوم بکات و دەسەڵات ممارەسە بکات، نەخێر مەبەستەکە ئەوەیە کە خۆی نزیک بکاتەوەو دڵی پەیوەست بکاتەوە بە خوای گەورەوە، وە ناسنامەی ژیانیان لە قورئان و سونەتەوە وەربگرن. پێویستە مرۆڤەکان وا پەروەردە بین کە چاکە خواز بن چونکە بە تەبیعەتی حاڵ مرۆڤ کاهینێکی خراپەکارە ئەگەر بێت و کۆمەڵێک یاساو نیزام نەبن پەیوەستی بکەن هەمیشە بەرەو خراپەکاری هەنگاو دەنێت.

قیاداتی بەڕێزی ئیسلامیش ئەگەر دەتانەوێت گۆڕانکاری بەرپا بکەن لەم زەمینەیەدا دەبێت سود لەم تەجروبە وەربگرنەوە، کام کتێبیش دەکەنەوە لەم باس و خواسانەی تێدایە بەڵام ئەسڵی فیکرەکە ئەوەیە کە دەمانەوێت بیگەیەنین بە ئێوەی بەڕێز سەرکردەکان دەبێت ئەو بیرەیان لا دروست ببێت کە هەوڵی ئەوە نەدەن کە هەر دەبێت لە زەمەنی خۆیاندا بگەن بە هەموو شتێک وەکو کوردەوای دەڵێت لە پڕێکدا بین بە کوڕێک، هەوڵی خۆت بە، ئیشی خۆت بە جوانی دەدا بکە، پاشان رادەستی یەکێکی تری بکە ئەمەیە سیفەتی موسوڵمانانە، موسوڵمان دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە تەنها کرداری جوانی لەسەرە، ئەوەی لەسەر نییە کە لە سوڵتەو دەسەڵات بە ئامانج بگرێت. بەداخەوە ئێمە رێک بە پێچەوانە ئەمەوە کار دەکەین، هەموو هەوڵی ئێمە بۆ سوڵتەو دەسەڵات، کورسی، نفوس، ئەمیرایەتی، سەروەت و سامان و خۆشیەکانی دنیایە، دەی لە ئیسلام دا ئەمە رێک پێچەوانەی ئوسوڵی گۆڕانکارییە، ئەگەر هەوڵمان بۆ ئەمە بێت هەرگیزاو هەرگیز بە دووچاو گۆڕانکاری نابینین.

لیس بعید وەکو عەرەب دەڵێت، دووریش نییە لەبەرچاوماندا هەیە سەیری حاڵی موسوڵمانان بکەن ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن و ئامانجیانە رێک وەکو دەدەبیاتی عەلمانیەکانە، ئەمە هەڵەیە پێویستە موسوڵمانان بە دەدەبیاتی خۆیان بێنەوە پێشەوە، ئێمە بۆ خۆمان خاوەنی دەدەبیاتی خۆمانین، خاوەنی ناسنامەی خۆمانین، بە داخەوە ئێستە وای لێهاتووە کە موسوڵمانەکانیش سەقافەتێکی عەلمانیان وەرگرتووەتەوە و وەکو ئەوان بیردەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن، هەربەوەشەوە نەوەستاون قسەکردنیشیان عەلمانی یە، هاوشێوەی ئەوان بیر دەکەنەوە لە ژیان، وەکو ئەوان بڕیار دەدەن، دەشیانەوێت بەو جۆرە ئیسلامەکە بێنە پێشەوە واتە بە سیستەمی عەلمانی، شوێنکەوتەی سەقافەتی عەلمانین، سەقافەت یانی چی؟ بنەڕەتی ئەم وشەیە لە Agricultural وەهاسی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە، Agricultural لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای کشتوکاڵ

دێت، بەڵام وردە وردە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووەو بووە بە كولتوور لە زمانی عەرەبیشدا بووە بە ثقافە، ثقافە واتە هەڵدانی تیرێك بۆ ئامانج و هەدەف، لە كوردیش دا زۆر جوان وشەی بۆ داتراوە كە رۆشنبیرییە، ئەی رۆشنبیری یانی چی؟ رۆشنبیری واتە ئەو زانیاریەی كە وەرت گرتووە و تەراكومە بووە لە مێشكتدا.

ئەمە شیكارێكی ئەكادیمییە كە دەیكەین، كاتێك كە مێژوو وەردەگریت بە ئەكادیمی دەیدەیتەوە ئەم هەموو مێژووەی كە باسمان كرد دەمانەوێت بە ئەكادیمی بیدەینەوە، ئەی ئەكادیمی یانی چی؟ ئەكادیمیەت واتە ئەو زانیاریانەی كەوەرت گرتووەو لات كۆبوونەتەوە چۆن شیكاری دەكەیت و چۆنیش دەیدەیتەوە ئەمە ئەكادیمیەتە، ئەم زانیاریانە وەر دەگریت و پاشان دەیدەیتەوە بە تەسەوراتێكی ئیسلامییانە یان شیكارێكی ئیسلامییانەی بۆ دەكەیت، بەم جۆرەش دوور دەكەویتەوە لە شیكار و شیكردنەوەی عەلمانی، ماددی، پراگماتیكی، میسالی، وجودی و ...هتد، شیكاری ئیسلامیانەی بۆ دەكەین، شیكاری ئیسلامی چییە؟

شیكاری ئیسلامی پارسەنگ گرتنە لە نێوان عەقڵ و نەقڵ دا، لە نێوان رۆح و جەستەدا، لە نێوان رۆحی و بیركردنەوەی ماددی دا، ئەمە پێی دەوترێت شیكاری ئیسلامی و سەقافەتی ئیسلامی، كێشەی ئێمە ئەوەیە لەو سەقافەتەی وەرمان گرتووە هیچی سەقافەتی ئیسلامی نییە هەمووی سەقافەتی غەیری ئیسلامییە، سەیركەن سەقافەتی دەسەڵات كە وەری دەگریت لە عەلمانیەت و دیموكراسییەوە وەرت گرتووە، سەقافەتی پەروەردە هەر لە سەقافەتی پەروەردەی ئەوانەوە وەرگیراوە، لە ماددیەكی بەحتەوە وەرگیراوە، سەقافەتی خێزان و كۆمەڵگەشی بەهەمان شێوە لەوانەوە هێناویەتی و وەریگرتووە، ئەی كوا سەقافەتی ئیسلامی؟

ئەسڵ ئەوەیە كە تۆ شیكار و شیكردنەوەكانت پشت بەستوو بن بە قورئان و سونەت، دەڵێت كابرای عەلمانی بە رەجعی و دواكەوتوو و كۆنە پەرست و خەیاڵ پڵاو و فەنتازیات بزانێت، بەڵام وەكو باسمان كرد سەركەوتن لە كەمینە دایە نەك زۆرینە هەمیشە كەمینە سەركەوتوو بوون، ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە تۆ دەبێت شیكارەكەت بەو شێوەیە بێت، تۆ دەبێت وا هەست بكەیت كە هەركەس جیهان چووە دڵیەوە ئەوە راستەوخۆ لە سەركەوتن دوور دەكەوێتەوە دەبێت مردنی خۆش بوێت و رقی لە جیهان بێتەوە رێك بە پێچەوانەی فیكرو ئەفكارەكانی ترەوە كە تەنها بۆ جیهان دەژین و بیریان لای مردن نییە، لە شیكاری ئیسلامی دا پێویستە بابای موسوڵمان شارەزا بێت لە قورئان و سونەت ئینجا دەتوانێت شیكاری ئیسلامی بكاتەوە و دەتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت.

باسكردنی ئەم هەموو باس و خواستە مێژوویەش بۆ ئەوەیە كە ئاشنا ببین بە سەقافەتی ئیسلامی، بە سەقافەتی ئیسلامیانەش بیدەینەوە، ئەمەیە سەقافەت و رۆشنبیری ئیسلامی، رۆشنبیری ئیسلامی دوورە لە رۆشنبیری ماددیەكی بەحت یان شیكاری عەلمانیانە، واتا عەلمانیەت تەسەوری چۆن بێت تۆش تەسەورت وابێت، تۆ پێویستە ئیسلامیانەو موسوڵمانانە شیكارە بكەیت، لەم هەموو زەمەنەی باسمان كرد مەبەستمان لە گەیاندنی ئەم پەیامە بوو، زەمەنی بیناكردنی وڵاتی ئێمە و گۆڕانكاری لە وڵاتە ئیسلامیەكان و موسوڵمانان پێویستیان بە زەمەنێكی زۆر زۆرە كە تێكەن لەسەردەمێكەوە كە هاتووە لە سەردەمی دوای رووخانی خیلافەتی

ساڵیەوە کە پیاوانێکی بەڕێزی زەهاویەکان و ئیخوانەکان هاتوونەتە ئێرە و پاشان ڕابەرانی شۆڕشی چەکداری لە کوردستان دا لە ڕێگەی مامۆستای رەحمەتی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز و شێخ محمدی بەرزنجی و هەموو ئەو پیاوە بەڕێزانەی تریش کە لە دووریان بوون و یارمەتیدەریان بوون رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت ئەم بەڕێزانە خەباتیدان زۆر شۆڕشیان کرد، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە پارچە پارچە بوون لەناو خۆیاندا. پێویستە جارێکی تر بیر لەوە بکەنەوە کە بەیەکەوە دەست بکەنەوە بە کارو بەردەوام بن، چونکە پێکەوە قسە رۆشتوون، هەڵەیە هەوڵیان ئەوە بێت کە لە ناو خۆیاندا یەکتری بسڕنەوە یان پێویست یەکتری بچووک بکەنەوە.

ئێمە بۆیە باسی گەل و گۆڕانکاری دەکەین بۆ ئەوەی گەلی خۆمان سوودی لێوەرگرنەوەو دەست بخەینە سەر برین و کەم و کورتیەکانمان و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر توانیشمان چارەسەریان بکەین کاتێکیش کە گەڕاینەوە لای خوای گەورە سەربەرز بین. (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) المدثر٣٨.

هەموومان بە تاک دەچینەوە خزمەتی خوای گەورە کە مادام وایە پێویستە هەوڵ بدەین ئەوەی لە توانامان دەکرێت لە گۆڕانکاری و چاکەکاری ئەنجامی بدەین لەناو ئەم گەلە ستەم دیدەمان دا.

لەم نێوەندەش دا بە پلەی یەکەم قیاداتی سیاسی ئیسلامی تاوانبارن، لەبەرئەوەی نەیانەوێت قیاداتی تر دروست ببێت و دەربکەوێت بۆ ئەوەی خۆیان بێننەوە لە شوێنەکەیان، وە ئەگەر کەسێکیش پێ بکات و بەرزبێتەوە قسەیەکی دەخەنە شوێن، ئەم قسەیە زۆر باوە کە دەڵێن وەڵا فلانە کەس بە بۆنەی فلان سەرکردەوە گەورە بوو و پێگەیشت، ئێ خۆی بە بۆنەی کێوە گەورە بوو؟ ئەوەی بەو شێوەیە بیربکاتەوە زۆر هەڵەیە مرۆڤی موسوڵمان دەبێت باش ئەوە بزانێت کە هەمووان بەبۆنەی ئیسلامەوە گەورەین، خوای گەورە پلەیەک، پۆستێک کەسایەتیەکی پێ بەخشیوێت و خەڵکێکیش لە دەورت کۆبوونەتەوە، ئەمە هەمووی فەزڵی خوای گەورەیە نەک زیرەکی خۆمان. پاشان قیاداتی سیاسی ئیسلامی ئێمە ئەگەر دەیانەوێت بەڕاستی گۆڕانکاری بکەن و دژی جەردەو مافیاکانی ببنەوە و کۆتاییان پێ بهێنن پێویستە پێش هەموو شتێک لەگەڵ خۆیاندا راستگۆ بن، دوای ئەوانیش زانایانی بەڕێز پێویستە ئەوانیش بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە هۆکارێکی گەورەی دواکەوتوویی ئوممەتی ئیسلامی و گەلی موسوڵمانی ئێمە و نەبوونی گۆڕانکاری و ئیعدادێکی باش ئەوانن، چونکە لە ئاستی پێویست دا نین وە زۆربەیان لەلایەن دەسەڵاتی عەلمانی ئەم وڵاتەوە بە مەبەست کراونەتە فەرمانبەر، هەندێکیشیان هەر پیاوی ئەوان و دەست پاکەرەوەیانن.

تێوەی مامۆستایانی بەڕێزیش پێویستە چاو لە ئیمامی ئەحمەد بکەن و پێویستە پرۆژەکەی ئیمامی ئەحمەدتان لەبەردەستدا بێت، ئەگەر نەزان نەزان بێت و زاناش خۆی نەزان بکات ئەی کێ ئەم دینە بگەیەنێ بە ئێمە، کێ گۆڕانکاری بکات لەناوماندا؟[*]

---

[*] لە بەندەکانی پێشووتردا باسی ژیانی ئیمامی ئەحمەدمان کردووە.

ئەرمونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان ... ئەوە نییە کە بە زانیاری نوێ و تازە
هەروەکو باسمان کردووە ئامانج لە باسکردنی ئەم بابەتە ئەوە نییە کە بە زانیاری نوێ و تازە ئاشنا بین، بەڵکو ئامانجیشمان ئەوەیە موسوڵمانان بزانن و تێ بگەن
ئاشناتان بکەین، باسەکەی ئێمە گۆڕانکارییە و ئامانجیشمان ئەوەیە موسوڵمانان بزانن و تێ بگەن کە ئایا سەرەتای گۆڕانکاری لە کوێوەیەو بەچی دەست پێدەکات، گۆڕانکارییەکان چۆن دەگۆڕدرێن وە ئەو قۆناغانە چین دێنە پێشەوە لە گۆڕانکاریدا، لە دوای ئەوەش مرۆڤەکان بەرەو کوێ دەچن، هۆکاری سەرکەوتن و داڕمان و پێکەبشتێ چین، ئەی ئەو هۆکارانەی تر چین کە ئەم گۆڕانکارییە بەرەو لوتکەو ترۆپ دەبەن یاخود بە پێچەوانەوە دەیگەڕێننەوە بەرەو دواوە و خواستەدا.

ئەمەیە ئامانجی ئێمە لەم باس و خواستەدا.

کەواتە پێویستە ئێمەی موسوڵمان جوان قۆناغەکانی سەردەمی دەستپێکی گۆڕانکاری بزانین خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾﴾ الأنفال. واتە: (خوا فەرمان دەدات بەکار بەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕو ئامادەیی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن، وە کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن بن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن، بەڵکو هەر خوا خۆی دەیانناسێت و هەر شتێک ببەخشن لە پێناوی خوادا (بۆ بەهێز کردنی سوپای ئیسلام)، ئەوە بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێتەوەو ئێوە ستەمتان لێناکرێت.

کاتێک کە مرۆڤ ئیعدادی کردو توانای کۆکردنەوەی هەبوو، توانای پێگەیاندنی هەبوو وە توانای بونیادنانی کەسایەتی هەبوو، ئەو وەختە بە ئاسانی توانای گۆڕانکارییەکەی دەبێت، چونکە گۆڕانکاری بە خەڵک دەکرێت و ئێمەش پەیامان بۆ خەڵکە.

سەیری پێغەمبەری ئازدار بکەن ﷺ تەنانەت خەڵوەت و دوورکەوتنەوەی کاتی لە خەڵکی بۆ تێرامان و وردبوونەوە بووە لە گەردوون، مرۆڤ، دەسەڵاتی خوای گەورە، ژیان، خەڵوەتی پێغەمبەری ئازدار ﷺ بۆ دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەکەی نەبووە، بە پێچەوانەوە بەردەوام لەناو خەڵکیدا بووە، ژنی هێناوە، مەجلیسی خۆشی گێڕاوە، ئاسیاوی لەگەڵ خەڵکیدا کردووە هاوڕێیەتی کردووە، یەکێکیش بووە لەو کەسانەی کە بەردەوام دەم بە خەندە بووە بەرانبەر بە خەڵکی، بەمەش گۆڕانکاری دەکرێت.

لای ئێمەش چ باسە لە جیاتی ئەوەی گرنگی بە کتێب بدرێت و کتێبخانە بکرێتەوە زۆربەی زۆرە جێگەکان بوونەتە ئێرگەلەخانەو چایخانەو ...تا، کە بە خەڵکێکیش دەڵێیت کاکە بۆچی ئەوەندە دەچیتە ئەو جێگەیانە، چەندین جۆر هەنجەتت بۆ دەهێنێتەوە، فێرنەکراوە و ئینتیمای لاواز کراوە، زۆرجار ئەگەر ئینتیمایشی بۆ شتێک هەبێت بۆ کات کوشتنە وەکو ئینتیما بوون بۆ تیپێکی تۆپی پێ، ئەمە لە دینی ئیسلام رێی نابێتەوە، خەڵکی موسوڵمان کە لە ناخی خۆیدا دەبێتە خەیرە ئومەو گۆڕانکاری دەکات دەبێت خاوەنی قەزیەو کێشەیەک بێت بۆ ئەوەی چارەسەرە نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگە بکات، پێویستە ئامانجێکی هەبێت لە جێگەیەکەوە بیگەیێنێتە جێگەیەکی تر، بەڵام بە داخەوە ئێستا ئوممەتی ئیسلامی خەواڵووە یان خەوتووە، پێویستە بە

ئاگا بهێنێتەوە، بەڵام دیارە ڕێگری زۆرن بۆ ئەوەی بە ئاگا نەیەتەوە چونكە بەئەگاهاتنەوەی ئوممەتی ئیسلامی واتە نەهێشتنی زوڵم و زۆری، دوژمنان ئەمە باش دەزانن.
بەهەربوونی ئوممەتی ئیسلامی واتە پێشكەوتن، ئەخلاق، ڕۆشنگەرایی، بیروباوەڕی جوان و باش، دەستگیرۆیی خەڵكی، نەهێشتنی فەقیری، خۆشنودی و كامەرانی، ئارامی، ئەمن و ئاسایش بۆ خەڵكی، بەڵام لەبەرئەوەی كە موسوڵمانان گۆڕانكاری ناكەن هەمیشە وایان كردووە كە ئەم ئوممەتە خەواڵوو بێت، سەرقاڵ بێت بە درامای جۆراو جۆرەوە، جۆرەها زنجیرە فیلم دەهێنێن بەس لەبەرئەوەی سەرقاڵ بێت و ئاگات لە گۆڕانكاری نەمێنێت، هیچیش نییە پەیامێكە و دەیەوێت شارستانی خۆی بباتە پێشەوە، بزانە ئەم هەموو كەناڵە تەلەفزیۆنە لەم وڵاتەی ئێمەدا هەن بە ئاسانی دەتوانن پەروەردەیەكی جوانی خەڵكی بكەن، بەڵام نەخێر ئەوەی بەلای ئەوانیش و تەنانەت خەڵكیشەوە گرنگە زیاتر هەواڵ و موناقەشات و دەمەدەمێ و یاری تۆپی پێ بەرنامەی كات كوشتنە، سروشتی كوردیش وەها هەڵكەوتووە كە سادەیە وەكو كۆمەڵناسەكان دەڵێن كەسی سادە هەمیشە حەزی بە شەڕو قسەی زبرو حەتا حەزیان بە گوێگرتنە لە جنێو، جێگەیەكیش كە جنێوی تێدا بدرێت خەڵك زیاتر ڕووی تێ دەكەن.
بە پێچەوانەشەوە ئەو شوێنانەی كە مەعریفەیان تێدا بێت لێی دوور دەكەونەوە، ئەگەر كەسێكیش قسەیان بۆ بكات و بیەوێت ئامۆژگاریەكیان بكات دەڵێن كورە ئەوە چییە دایم قسەی كتێب دەكەیت، ئێ دەبێت هەر قسەی كتێب بكات خۆلە گیرفانییەوە وەكو تۆ قسە دەرناهێنێت، چەند جار بیستووتانە لەناو خەڵكدا كە یەكێك قسەیەكی جوان و مەعقولی كردووە پێی وتراوە ئەوە چییە دەڵێی ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە، باشە لەوە باشتر هەیە كە بەبێ سەرچاوە قسە نەكەیت.
لە ڕابردوودا باسمان كرد كە ئەو هەموو زانا و سەركردە بەڕێزانە هەر لە عەبدوڕەحمانەكانی ئەندەلوس و دەوڵەتی مورابتین و مەمدوحی كوڕی تومتوكین و نیظام الملك و ئەلب ئەرسەلان و عیمادەدین زەنكی ولورەدین مەحمود و هەموو ئەو پیاوە بەڕێزانەی تریش -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- ئیعدادیان كرد و قۆناغە سەخت و قورسەكانیان بڕی تاوەكو قوناغێكی تر بدەنە دەستی ئەوەی دوای خۆیان كە ئەسەدین شێركۆو صەڵاحەدینی ئەیوبی یە، باسمان لەوەیە ئەو كەسەی كە گۆڕانكاری دەكات دەبێت هەمیشە تەواوكەری ئیشی پێش خۆی بێت و كاریش بۆ دوای خۆی بكات، خەڵكی زیرو گۆڕانخواز وە ئەو كەسەی كە دەیەوێت گۆڕانكار بێت و گۆڕانكاری بكات دەبێت بەم نەفەسەوە هەنگاو هەڵبگرێت.
بەداخەوە زۆر گرنگە ئەم چەمكە، ئەم تێگەیشتنە بگاتە لای ئێوەی بەڕێز، نابێت ئەو كەسەی كە گۆڕانكاری كردووە و قۆناغێكی بڕیوە تاكو گەیشتۆتە لای تۆ ئۆش بێت و ئەو قۆناغەی ئەو بە هیچ نەزانیت و بتەوێت لە سەرەتاوە دەست پێ بكەیت، چونكە خۆتت پێ گرنگە وە ئێمەی موسوڵمانانیش ئێستا بە گشتی و ئیسلامییەكانی وڵاتی ئێمەش بە تایبەتی ئەوەیە كە هەمووماں خۆمان زۆر پێ گرنگە و هەریەكێك لە ئێمە كاتێك كە قسە دەكات پێی وایە ئیتر لە خۆی قسەزانتر و زاناتر هەر نییە، موعجیب بووەتەوە بە خۆی و خۆی زۆر پێ پەسەندە، دەبێت قسە هەر قسەی خۆی بێت، ئەمە نەخۆشییە و زۆریش كوشندەیە، كە قسەی لەگەڵ دا دەكەیت

پێناقەت دەبێت لەناو خۆ بەزل زانینی، ئەی هاوار ئەمە كەی سیفەتی مرۆڤی موسوڵمانە! بۆ دەبێت ئەم جۆرە بیركردنەوەو تەسەوراتە لەناو ئێمەی موسوڵماندا هەبێت.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەم نەخۆشییە ئاگادارمان دەكاتەوەو ئەم چەمكەمان بۆ ڕاست دەكاتەوە لە كاتێكدا كە بەسەرهاتی سەیدنا موسامان -علیه السلام- بۆباس دەكات، كە كەوتبووە ئەم حاڵەتەوە پێی وابوو زۆر زۆر زیرەكە، باسكردن و تۆماركردنی قصەو چیرۆكی سەیدنا موسا و سەیدنا خضر تەبعەن بۆ تەجروبە و دەرس لێوەرگرتنە، چونكە لە ژیانمان دا دووبارە دەبێتەوە و دەبینین بە چاوی سەر كە ئێستا چۆن ئەم نەخۆشییە داویەتی لە سەركردەو قیاداتمان بە جۆرێك كە جگە لە خۆیان دان بە كەسی تردا نانێن، پێویستە بە خۆیاندا بچنەوەو خۆیان دوور بخەنەوە لەو جۆرە بیركردنەوەیە، زەرووره پێیان بوترێت كاكە وەڵا ئێوەش مرۆڤن، دەبێت شورا بكەن ڕاوێژ بكەن، قیادات لە هەرجێگەیەك دا بێت پێویستە بەم شێوەیە بێت.

سەركردە لە بەشی سەرەوەیە و هەموولاكان دەبینێت، بەڵام پێویستە هەموو لاكانیش زانیاری بدەنێ و پێویستیشە سەكردە بە سینە ساقیەوە قبوڵیان بكات، ئەمەش بۆ ئەوەی تەوازنێك لە نێوان قاعید و قواعید دا دروست بێت، مەبەستمان ئەوەیە نابێت خەڵكی خۆهەڵكێش و ماستاوچی بوونیان هەبێت، بەڵام بە داخەوە لە هەردوو چینەكە زۆرمان هەیە، لێرەدا چیرۆكی سەیدنا موسا -علیه السلام- باس دەكەین بۆ ئەوەی قیاداتی ئێمەش كە ڕووی لێرەدا ڕووی خیتابمان بەرامبەر بەوانە ئەو هەستەیان بۆ دروست بێت كە هەموو شتێک نازانن پێویستە فێربن و گوێ بگرن. سەیدنا موسا -علیه السلام- لەناو بەنی ئیسرائیل دا خۆی زۆر پێ زیرەك بوو وا خۆی لە قەڵەم دەدا كە لەو زیرەك تر نییە بەڵام خوای گەورە ئاگاداری كردەوە و تێی گەیاند و فێری دەكات كە هەمیشە لە هەموو كەسێک زیرەكترو بەتوانا تر بوونی هەیە.

بەڵام بە داخەوە ئێستە زۆرێك لە سەركردە ئیسلامییەكان توشی ئەو نەخۆشییە بوون، دەبێت باش ئەوە بزانن كە ئیسلام پێویستی بە ئاغا نییە، بانگخوازی دەوێت چونكە تەنانەت پێغەمبەرانیش -علیهم السلام- بانگخواز بوون، ئێستا بە یەكێك لە سەركردە سیاسییەكان بڵێ تۆ بانگخوازیت ئەگەر تورەش نەبێت بڕوا بكەن پێی ناخۆشە، ئەی قوڕ بەسەر ئەو كەسەی كە بە ناوی دینەوە ئیش بۆ جیهان دەكات و قیامەتی فەرامۆش كردووە، كەس ناتوانێت نان و پیاز بە ئیسلامەوە بخوات هەر لە جیهان لەبەرچاوی خەڵكی ڕیسوا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە " القلوب بین أصبعین من أصابع الرحمن " خوای گەورە ئەگەر كەسێكی خۆش بوێت بە ئاسمان د فریشتەكاندا بڵاوی دەكاتەوەو دەڵێت من ئەو كەسەم خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێنە ئەوانیش بە ئەهلی سەرزەویدا بڵاوی دەكەنەوە كە فلان كەستان خۆش بوێت چونكە خوای گەورە خۆشی دەوێت.

زانایەكی گەورەو بەڕێزی وەكو عەلقەمی كۆچ بوو، شەل بوو، چاوێكی كوێر بوو، كووڕ بوو، كەچەڵ بوو، بێ ریش و كۆسە بوو، سەرەڕای هەموو ئەمانە بڕوا ناكەم لەناو زانایانی ئوممەتی ئیسلامیدا زانایەك هەبێت زانستی لەم زانا بەڕێزەوە وەرنەگرتبێت، بڕۆن سەیری فەرموودەدانان بكەنەوە حەتا زانستی زمانەوانی نحو، صرف كەسێک نییە سوودی وەرنەگرتبێت لەم زانا بەڕێزە

بەرەڕای زالبستەکەشی هەموو دەسەڵاتی ئەمەوی لێی دەترسان چونکە ئەگەر تەوجیهێکی بدایە، یەک هەموو هەڵدەستان.

ئێمەش وەکو عەلمانییەکانمان لێ هاتووەتەوە بە خۆمان و سەرکردەکانیشمانەوە، ئێمە وەکو ئەوان نین پێویستە لەسەر دەدەبیاتی خۆمان کار بکەین، لە قسەکردنیشمان دا پێویستە دەدەبی گفتوگۆ بپارێزین بەرانبەر بە سەرکردەکانمان، ناکرێت هەرکەسێک هەڵسێت و تانەیەک یان رەخنەیەک بگرێتەوە لە قیاداتی، خۆ ئەوانیش هەروا بە چاو توقاندنێک نەچوونەتە ئەو جێگەیە، وە شتێکی تریش کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین وەکو نەخۆشیەک بڵاوبووەتەوە لەناو ئێمەی ئیسلامی دا ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک لە شوێنێک دا دانرا ئیتر نابێت دابەزێنرێت بۆ خوارتر زۆر بەلایەوە قورسە، لێ ئەمەش زۆر هەڵەیە بەڵکو دەبێت ئێمە لە پێناوی خوای گەورەدا ئیش بکەین نەک بۆ پلەو پۆست و ناو دەرکردن، وە هەر ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی نەتوانین گۆڕانکاری بکەین.

سەیدنا موسا -علیه السلام- خۆی زۆر پێ زیرەک بوو لەناو گەلەکەیدا، خوای گەورەش بەندەیەکی خۆی دەنێرێت بۆلای و لە رێیەوە فێری دەکات کە نابێت بەو شێوەیە بیربکاتەوە، خوای گەورە ئاگاداری دەکاتەوە کە بەندەیەک هەیە لەو زیرەکترە، سەیدنا موسا داوا لە خوای گەورە دەکات کە ئەو بەندەیەی پێ ئاشنا بکات بۆ ئەوەی لای بخوێنێت، زۆرێک لە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە کاتێک سەیدنا موسا و گەلەکەی دەریای سووریان بۆ لەت دەبێت و دەپەڕنەوە بۆ سینا حەفتا هەزار کەس لە بەنی ئیسرائیلی لەگەڵدایە، خۆ بەتواناو بەهێز بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی پێ زۆر زیرەک بوو، خوای گەورەش هەر زوو ئاگاداری دەکاتەوەو ئەویش ئاگادار دەبێتەوە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کە خۆمامان پێ موهیمەو شتی خەڵکمان پێ کەمە خوای گەورەش دەفەرموێت: وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿١٨٣﴾ الشعراء. واتە: نرخی کەل و پەل و شت و مەکی خەڵکی مەشکێنن و سووکی مەکەن، وە لە زەویدا فەسادو ئاوان ئەنجام مەدەن.

نابێت شتی خەڵکی بەکەم بزانرێت وە دەبێت سوپاسگوزار بیت لەسەر ئەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیویت: وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴿٧﴾ابراهيم. واتە: لەیادتان بێت کە: پەروەردگارتان بڕیاری داوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانە بژێر بن، رزق و رۆزی و ئازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕێژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام: ئەگەر ناشوکرو سوپاس نایەزێر بن، بەڕاستی ئەو کاتە ئیتر تۆڵە و سزای من زۆر بە ئازار دەبێت.

بەڵێ خوای گەورە ناونیشانی بەندە صالحەکەی دەداتە سەیدنا موسا -علیه السلام- نیشانەکەشی ئەوەیە کە کاتێک لەکەنار دەریا ماسییان گرت و ویستی خواردنیان هەبوو یەکێک لە ماسییەکان زیندوو دەبێتەوەو دەچێتەوە ناو ئاوەکە.

ئەلبەت ئەمە لە سوورەتی کەهف دا بە دووروو درێژی باسکراوە کاتێک کە لەگەڵ یوشەعی کوڕی نون دا ئەم بەندە صالحە دەدۆزنەوە زۆربەی زۆری موفەسیرین بە سەیدنا خضر ناویان بردووە، کوردیش پێی دەڵێن خەیری زینە، لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ بەکەم شت دەڵێت من

نموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان. وەکو سید قطب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: دەمەوێت لەگەڵتدا زانست وەربگرم، وەکو سید قطب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: شەخسیەتی سەیدنا موسا شەخسیەتێکی ئینفیعالی بووە، تورە و کەم تەحەمول بووە، سەیدنا خضریش وەکو مامۆستایەک پێی دەڵێت پێش هەموو شتێک پێویستە ئارامگر بیت لەگەڵمدا سەیدنا موساش بەڵێنی ئارامگری پێ دەدات، دەکەونە ڕێ ئاوەکو دەگەنە دەریایەک و سواری بەلەمێک دەبن، سەیدنا خضر کونێک دەکاتە بەلەمەکەوە و سیدنا موساش زۆری پێ ناخۆش دەبێت، چونکە بە بیرکردنەوەی خۆی، ئەمە کارێکی خراپە، ئەمە دەرسە بۆ ئێمەش پێویستە پەلە نەکەین ئاوەکو حیکمەتی شتەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، سەیدنا موسا گازندەی دەکات و پێی دەڵێت تۆ چۆن بەلەمی کوڕێکی فەقیر کون دەکەیت کە بژێوی ژیانی لەسەر ئەوەیە، سەیدنا خضر بیری دەخاتەوە کە دەبێت پەلە نەکات و تەحەمولی هەبێت، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێت: ڕەحمەتی خوا لە موسای برام بێت دەبوایە پەلەی نەکردایە بۆ ئەوەی زیاترمان بزانیایە لە عیلم و زانستی ئەو پیاوە بەڕێزە، لە ڕووبارەکە پەڕینەوەو منداڵێکیان بەرچاو کەوت سەیدنا خضر منداڵەکەی گرت و کوشتی، سەیدنا موسا دیسان زۆری پێ سەیر بوو و تەحەمولیشی نەبوو دەستی کرد بە زەم کردنی سەیدنا خضرو پێی وت چۆن منداڵێکی بێ تاوان دەکوژیت بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت، دیسان قیاسی بە عەقڵی خۆی کردەوە دیسان نارازی بوونی خۆی پێ ڕادەگەیێنێت سەیدنا خضریش بەڵێنەکەی بیر دەهێنێتەوە، لەوێش تێپەڕ دەبن و دەگەنە لادێیەک، یەک کەسی ئەم لادێیە نایەت بە دەمیانەوەو وەکو ڕێبوارێک هاوکاریان ناکەن لەناو ئەم لادێیەدا دەگەنە لای دیوارێکی ڕووخاو و دەست دەکەن بە دروستکردنەوەی، دیسانەوە سەیدنا موسا زۆری پێ سەیر دەبێت کە لە لادێیەکدا تەنانەت یەک کەسیش بەدەمیانەوە نەهات کەچی ئەم هاوکارییان دەکات و دیواریان بۆ چاک دەکاتەوە سەیدنا موسا دەست دەکاتەوە بە ڕەخنەگرتن، سەیدنا خضر بە سەیدنا موسا ڕادەگەیێنێت کە تۆ ناتوانیت لەگەڵمدا بەردەوام بیت چونکە نابێت ئەو هەرشتێک بکات ناڕەزایەتی دەربڕێت و بە عەقڵی خۆی بیربکاتەوە، پێی دەڵێت من و تۆ جیادەبینەوە بەڵام پێش جیابوونەوەمان حیکمەتی ئەو سێ کارەت بۆ ڕووندەکەمەوە.

حیکمەتی کونکردنی بەلەمەکە لەوەدا بوو کە ئەو بەلەمە هی کوڕێکی هەژار بوو بژێویشی لەسەر ئەو بەلەمە بوو بەڵام دوای ئەوەی لە ئێمە جیابوویەوە دەکاتە لای پادشایەکی زاڵم و ستەمکارلە کەنار دەریا، ئەو پادشایە دەست دەگرێت بەسەر هەموو ئەو بەلەمانەی کە لەو دەریایەدا کار دەکەن جگە لە بەلەمی ئەم کوڕە هەژارە ئەویش بەهۆکاری ئەوەی کە کونێکی تێدایە، حیکمەتی کوشتنی منداڵەکەش لەوەدا بوو ئەم منداڵە دایک و باوکێکی بە دین و فەقیرە هەیە، بەڵام ئەم منداڵەیان کە گەورە دەبێت دەبێتە هۆی ئازار و زیان بۆیان و لە دینیان دووردەخاتەوە، خوای گەورەش بە منداڵی صالح قەرەبوویان بۆ دەکاتەوە، حیکمەتی چاکردنەوەی دیوارەکەش ئەوەبوو ئەم دیوارە هی دوو منداڵی هەتیوو بوو دایک و باوکیان پێش وەفاتیان گەنزێکیان لە ژێرئەو دیوارەدا بۆ دانابوون، وە بۆ ئەوەی خەڵکێک بە هۆکاری ڕووخانی دیوارەکە گەنزەکە نەدۆزنەوە و دەستی بەسەردا بکرن دیوارەکەمان لەسەر گەنزەکە چاککردەوە بۆ ئەوەی خۆیان گەورە بن و سوودی لێ ببینن.

لە جیهانی ئەمڕۆشمان دا هەر وایە، بۆ نموونە تۆ ئەگەر زانست لێکی بەیتەوە ئاوەکو بەرەو سەرەوە بڕۆیت گەرمترە، چونکە لە خۆر نزیک دەکەویتەوە بەڵام پێچەوانەکەی راستە تاکو بەرز بیتەوە لە ئاستی زەوی ئاوهەوا ساردتر دەبێت، ئەمە پێچەوانەی بیرکردنەوەی مرۆڤەو دروستیشە، مەبەستمان ئەوەیە هەڵەیە هەموو جارێک قیاس بە عەقڵ بکرێتەوە، یاخود زۆر ئەو دەریایانەی کە بەستوویانە ماسیەکانی ناوی بەرەو خوارەوە دەچن چونکە تاکو بەرەو خوارەوە بچێت ئاوەکە گەرمتر دەبێت، ئێ خۆ ئەگەر بە پێوەری عەقڵ بوایە دەبوو پێچەوانەکەی راست بوایە، چونکە تاکو بەرەو رووخی دەریاکان بچێت لە گەرمای خۆر دوورتر دەکەویتەوە ئەبوایە ساردتر بوایە.

ئەوەشی دەیەوێت پشت بە عەقڵ ببەستێت و خۆی بسەپێنێت ئەوە هەڵەیە، بەڵکو پێویستە پشت بە دەقی قورئان ببەسترێت، دەق دەبێتە هۆی فراوانکردنی عەقڵ. لە ئیسلام دا نییە عەقڵ تەفسیری دەق بکات بە پێچەوانەوە دەق عەقڵ فراوان دەکات و دەوڵەمەندی دەکات، خوای گەورە لە کاتێکدا کە سەیدنا ئادەم -علیه السلام- دروست کردو رێزی لێنا لەناو فریشتەدا بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی عەقڵەو دەقی بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی عەقڵی فراوانتر بکات، خوای گەورە ئادەمی فێری ناوەکان کرد

وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٣١﴾

البقرة. واتە: (ئەوسا ئیتر خوا ویستی توانایی و لێهاتوویی ئادەم بۆ فریشتەکان روون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا نیشانی فریشتەکانیشی داو پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر راست دەکەن و (توانای ئاوەدان کردنەوەی زەویتان هەیە؟).

ئێمەی موسوڵمان بڕوامان بە تیۆری داروینیزم نییەکە پێی وایە مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوونی هەبووە، ئەمە ئەسڵ و بنەڕەتی نییە نە لە رووی شەرعەوە نە لەڕووی مەنتیقەوە، هەر زانایانی هاوڵنیوەی خۆی ئەم تیۆر و تەسەوراتەیان بەدرۆخستەوە ئەویش دوای کەشفکردنی DNA، خوای گەورە عەقڵ و مەنتیقێکی جوان و پاک و بێگەردی بەخشی بە سەیدنا ئادەم و صحوفیشی بۆ نارد، بۆ خۆی و نەوەکانیشی زۆرترین صحوفیش بۆ سەیدنا ئادەم هاتووە کە زیاد لە ١٠٠ صحوف بووە، هەر صحوفێکیش کتێبێکە چونکە قیاسەن لەگەڵ قورئان و زەبور و ئینجیل و تەورات باسی لێوە کراوە، صحوف بە واتای لاپەڕەیەک نایەت. ناردنی صحوف بۆچی؟ لەبەر ئەوەی فێری بکات و عەقڵی فراوان بکات، تۆ ئەگەر فێر نەکرێیت و کتێبێکت نەبێت وەکو دەستوورو بەرنامە ئەی چۆن عەقڵت فراوان دەبێت.

خۆت پێ گرنگە ودەڵێی وەڵا من عەقڵم بەرفراوانە، بەڵێ: ئەگەر واش بێت لە رێگەی قورئان و بەرهەمێودەو ئەو کتێبە باشانەوەیە کە لەو دووەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەواتە پێویستە تۆ پێش هەموو شتێک کە قیاس دەکەیتەوە بە عەقڵت ئەوەش بزانیت کە عەقڵ خۆی بۆ خۆی پێویستی بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ بۆ ئەوەی دروست بڕیار بدات و رۆشنکەرەوە بێت، هەربۆیە دڵ بە سەرچاوەی بیرکردنەوە دانراوە لە کاتێکدا عەلمانیەکان و ئەمسالی ئەوان دەڵێن مێشک سەرچاوەی بیرکردنەوەیە، لەم بارەوە هەردوو ئیمامی غەزالی و ئیبن قەییم -

ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- دەفەرموون: دڵ شێوەیەکی سنەوبەری هەیە، ئەم شێوە سنەوبەریە ڕەپاڵ ئەرکی خوێن هێنان و خوێن بردن ئەرکی تری هەیە کە بریتییە لە بیرکردنەوە، دڵ بیردەکاتەوەو ئیعازیش دەدات بە مێشک، لین قەییم جوان شیدەکاتەوە دەفەرموێت: چاو بۆ خۆی سەرچاوەی بینینە ئەی بینینەکە چی یە؟ بینینەکە نورێکەو لە لاشەوە دەردەچێت، ئەی ئەو بیرکردنەوەی کە لە مێشکەوە دەردەچێت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ بێگومان لە دڵەوە سەرچاوەی گرتووە.

مەبەست لەم قیاسە بۆ ئەوەبوو کە هەمیشە لەو بارەدا بژین کە لەم ژیانەدا یەکێک هەیە لە خۆمان بەرزتر و زیرەکتر و شارەزاتر، هەربۆیە دەڵێن عیلم کۆتایی نییە بۆیە پێویستە ئێمەش بەردەوام خۆمان بە گوێگر بزانین، گۆڕانکاریش بە خەڵکانێک دەکرێت کە گوێگر بن و تەوازعی ڕاستەقینەیان هەبێت، تەوازعیان بۆ ئەوە نەبێت کەتەنزیماتیدان زۆر بێت و خەڵک لە دەوریان زیاد بێت هەروەها هەوڵ و ماندووبوونیان لەبەر جیهان بێت هەروەکو چۆن ئێستە باوە بەداخەوە ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان پیشان نادەین ئەمە زۆر هەڵەیە، بابای موسوڵمان دەبێت ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشانی خەڵکی بدات بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەکی هەبوو ئەگەرنە قیامەت و کار لە کار بترازێت و خەڵکانێکی دڵسۆز بۆی ڕاست بکەنەوەو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر نەتوانێت ئەمەش بکات ئەوە پێویستە لە گۆڕانکاری دوور بکەوێتەوەو واز بهێنێت بۆ ئەوەی سەر لە کەسانی تریش تێک نەدات.

مەبەستیشمان ئەوە نییە کە هەموومان بە جارێک هەڵسین و دەست پێ بکەین، ئەخێر گۆڕانکاری بە ڕۆژو دوو ڕۆژ ناکرێت بەڵکو پێویستی بە ئیعداد و زەمەنێکی دوورو درێژە، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ٤٠ ساڵ ڕێک پەروەردە کرا پاشان بیعسەی پێغەمبەرایەتیەکەی تەسلیم کرا لەلایەن خوای گەورەوە، ٤٠ ساڵ پەروەردە دەکرێت بۆ ٢٣ ساڵ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى ﴿٦﴾﴾ الضحى. واتە: مەگەر پەروەردگارت نەیبینی بەهەتیویی و خێرا دەرووی لێ کردیتەوەو لانەی بۆ سازاندیت؟

بە پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەفەرموێت ئایا تۆ هەتیوێک نەبوویت و پەروەردەمان کردیت؟ بۆچی پەروەردەی کرد؟ بۆ ئەوەی پەیامی ڕاستی و ڕاستگۆیی بگەیێنێت بە خەڵکی.

لە ٢٣ ساڵ تەمەنی پێغەمبەرایەتیش ١٣ ساڵی بەس ئیعداد و تێگەیاندن و ئامادەکردنی خەڵکی بوو بۆ گۆڕانکاری، لەم ١٣ ساڵەش ساڵانێکی قورس و ناڕەحەت بوون بۆی لە ئازار و ئەزیەت دان و گاڵتە پێکردن و مردنی کەسانی نزیک و دوورخستنەوەی خۆی و بنەماڵەکەی و ...هتد. زێدی باوباپیرانی جێهێشت و خەڵکانێک بەخێری خۆیان ڕێیان کردەوە لە شاری یەثریب (مەدینە) خۆشی تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ هەمووی دوو بۆ سێ ساڵە دەبوو، دەبێت ئێمەش بە ئەفەسەوە هەنگاو بنێین ئەوەکو وەکو کوردەواری دەڵێت بمانەوێت لە پڕێک بێین بە کورێک دەستێک و ئیعدادمان نییە، پەروەردە نەکراوین، نوخبەمان نییە، کەچی دەمانەوێت خێرا خۆمان بخەینە قۆناغی بەدر لێ. ئەمە خۆ دیارە کە زۆر هەڵەیە، خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾﴾ الأحزاب. واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا چاکترین نمونەی تەواو ڕێك پێك هەیەتا چوی لێ

پەن و شوێنی بكەون، بەتایبەت بۆ ئەو كەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیدانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا بە زۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو.

ئەم پێغەمبەرە نازدارە ﷺ (أسوة الحسنة)یە بۆتان، وە پێویستە شوێنپێكانی هەڵگرنەوەو چاوی لێ بكەن و تەقلیدی بكەینەوە، چاولێكردن و شوێن پێ هەڵگرتن بە قۆناغە، تۆ ناتوانیت لە قۆناغی مەككەوە باز بدەیت بۆ قۆناغی بەدر یان لە پێش بەدرەوە بۆ تەمكین، گرنگە پلەبەندی و واقیع بینی قۆناغكاری لە ژیانی پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕەچاو بكرێت.

ئێمە وازمان لەو شوێن پێ هەڵگرتنە هێناوە بۆیە بەو دەردە ڕۆشتووین، ئیسلامیەكانی وڵاتی ئێمە خۆ الحمدلله نمونەو نموزەجی جوان و پاكیان تێدایە رەشبین نین، بەڵام نمونەی واشیان تێدایە كە بە ڕۆشنبیری و تەسەوراتێكی ڕێك عەلمانیانەوە بیردەكاتەوە و كار دەكات، پیاوێكی بەڕێزە بەڵام ڕۆشنبیری ئیسلامی نییە، یاخود ئیسلامییەو واقیعی نییە، یان وەكو برا ئیخوانەكانمان پێیان وایە سیاسەت ڕەوشتە، تەنانەت هەندێكیان پێیان وایە سیاسەت تەقوایە، ئێ ئاخر ئەمە نابێت یەكێك پێی وابێت سیاسەت ڕەوشتەو یەكێكیتر پێی وابێت نا سیاسەت تەقوایە، هەردووكیشیان نەگەن بە یەك، هەردووكیان جوانن ئێ مادام كە جوانن ناكرێت بەیەكەوە بن؟ ئێمە پێمان وایە سیاسەت تێكەڵی هەردووكیانەو ئیدارەیشە.

خەڵكێكیش كە قیادەیەی حزب دروست دەكات، مامۆستا و بانگخوازە و خەڵكی ئاگادار دەكاتەوە، ئێمە و ئەوان و ئەوانی تریش، كە خۆمان بە موسوڵمان و خەمخۆری دینەكەمان دەزانین، دەبێت هەموولایەك لە هەوڵدانمان پشت ئەستور بێت بەم چەكە، ئەگەر ئامانجمان ئەوە نییە با واز بهێنین، ئەگەریش بۆ ئەوەیە كە خوا بناسین پێویستە هەموومان لەسەر ئەم ئیش و كارە بەردەوام بین، ئەمە كاری یەكەممانە كاری دوەمیشمان ئەوەیە كە قیامەت بە خەڵكی بناسێنین، ئەگەر ئەم كارە ڕەنگی نەدایەوە لە كاركردنمان دا، ئەو كات هیچ نییە جگە لە خۆ ماندووكردنێكی بێ سوود، ئەوكات وەكو مۆم واین، لە بەرئەوە زەرووره وەكو مۆم نەبین گڕێكمان هەبێت و بتوێینەوە لە ئاخریشدا هیچ سوودێكمان نەگەیاندبێت، وەكو چۆن كوردەواری لە حەكایەتی بەرناگرداندا دەڵێت منیش هاتمەوەو هیچیان نەدامێ، نابێت ئێمە وابین بەڵكو دەبێت كاتێك كە گەڕاینەوەكەشكۆڵ و تێشوومان پڕ بێت، هەگبەمان دەوڵەمەند بێت لە كاری باشە.

ئیمامی ئەبی ڕەجاعی عەتاردی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: ئەگەر كەسێك لە ژوورێكدا بوو بە تاقی تەنها خەریكی نوێژو خواپەرستی بوو، هەموو گیانی لە ملكەچی و خشوع دا بوو بۆ خوای گەورە، لەو كاتەدا لە دڵ دەروونی خۆیدا وتی خۆزگە كەسێك ئێستە چاوی لێمەوە دەبوو كە چەندە جوان وەستاوم لە پێناوی خوای گەورەدا، دەفەرموێت ئەوە ئیستشرافەو بەشێكە لە ڕیا، ڕیاش بەشێكە لە شیرك پەنا بە خوای گەورە، واتە هیچ تەنها ماندوبوونی بۆ دەمێنێتەوە.

لەبەر گرنگە بابای موسوڵمان پێش هەموو شتێك نیەتی خۆی یەكلا بكاتەوە، یەكێك لە زانا بەڕێزەكان دەفەرموێت: ٤٠ دانە ساڵ بیرم كردەوە بۆ ئەوەی بزانم ئایا نیەتی كارەكانم بۆ خوای

گەورەیە یاخود بۆ غەیری ئەوە، ئیمامی مالیک -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کاتێک کە لە نووسینی کتێبی الموطأ بوویەوە خستیەوە ناو ئاوی دیجلەوە، ئەوانەی لە دەورووبەری بوون پێیان وت ئەی ئیمام تۆ چۆن کاری وا دەکەیت، فەرمووی وەڵایی ئەگەر بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە نووسرابێت هەرگیز نافەوتێت ئەگەر بۆ غەیری ئەو زاتەش نووسرابێت با بفەوتێت و لە قیامەتدا بەخەم ئەگرێتە، زانایانی بەڕێزی ئێمە ئاوا بیریان دەکردەوە و ئیشیان دەکرد، لەناو ئەم ئیسلامەی ئێمەدا بە سەدان مەزاهیب بوونیان هەبووە ئەی کوا بۆچی ئەمان؟ باس هەر باسی ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی مالک و ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئیمامی شافیعی یە -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت-، لەبەرئەوەی نیەتیان پاک بوو وە کارو کردەوەیان بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بوو، خوای گەورەش هەوڵ و ماندوو بوونەکەی پاراستن،

بۆچی کۆمەڵێک زانا وەکو ئەستێرە ناویان بەردەوام دەدرەوشێتەوە و لە ئاسمانی زانست دا وە کۆمەڵێکیش بە پێچەوانەوە؟ پەیوەندی بە نیەتەکانەوە هەیە، ئەوەی بۆ خوای گەورە کار بکات زۆر جیاوازە لەوەی کە بۆ خەڵکی و جیهان کار بکات، بۆچی زانایەکی بەڕێزی وەکو ئیمامی بوخاری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-کە پارێزەری سوننەتی پێغەمبەری خوایە و کتێبەکەی دووەم کتێبە لە دوای قورئانی پیرۆز ئەمە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بۆ خوا بوو هەوڵ و ماندوو بوونەکەی.

خەفەت ناخۆن ئێوەی موسوڵمان لەگەڵ بوونی ئەم هەموو دەنگەبەرز و خۆشەی الله أکبر لە منارەی مزگەوتەکانەوە کە جریوەی خۆش و دەنگێکی ئارام بەخشە بە دڵ و دەروون، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ الرعد. واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خوا (پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

تەنها بە یادی خوای گەورە دڵەکان ئارام دەگرن کەچی موسوڵمانان لە کەئابەدان، هەست ناکەن کە خەلەلێک هەیە؟ چۆن دەبێت موسوڵمانان توشی کائەبە بێت، زۆرم پێ سەیرە لە وڵاتێکی وەکو ئەم وڵاتەی ئێمە گەنجانمان سەرقاڵ بکرێن بە شتی لابەلاوە و لەوانە سەرقاڵ بە ئێرگەلەوە خانەی ئێرگەلە زۆرتر بێت لە کتێبخانەکانی، یانی سەیرە ئەوەندەی گەنجی موسوڵمان کتێبی هۆنراوە دەخوێنێتەوە ئەوەندە کتێبی سیرەی پێغەمبەری ئازدار ﷺ ناخوێنێتەوە، ئیو ئەوەندە هەوڵ نادات کتێب لەسەر زانستە شەرعیەکان بخوێنێتەوە، ئێمە بۆ وامان لێهاتووە؟! هەست ناکەن خەلەلێک هەیە؟ ئەم خەلەلەش تەنها پەیوەست نییە بە خەڵکە عامەکەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە زاناو بانگخوازو ئەهلی علیمیشەوە، ئێمە کە دەمرزیەک دەکەین بە خەڵکیدا پێویستە سوژنێکیش بکەین بە خۆماندا، مەعقولە کتێبی وا چاپ دەکرێت لە ٥٠٠ دانەو ١٠٠٠دانەو ٢٠٠٠ دانە، قەت پرسیوتانە هەرێمێکی پێنج ملیۆن کەسی ٥٠٠ کتێبی بۆ چاپ بکرێت، زۆر سەیرە!

باس و خواستەکەمان هاتە سەر ئەوەی کە ئێمە خەلەلێکمان هەیە بۆیە ناتوانین گۆڕانکارە بکەین، لە هەموو فیئەو چین و توێژەکانمان دا لە زانایان، گەنجان، سەرکردەکان، بانگخوازەکان، ڕۆژنامە نووسەکان و لە هەموو چینەکانی تریش کە کۆمەڵگەی موسوڵمان پێک دەهێنن، ناتوانین

کۆمەڵگەکەمان بەرەو باشە بەرین خەلەلەکەش لەو چوارشتەتەدا دەدۆزێتەوە خواناسی، دادپەروەری، رەوشت، زانست، ئەم چوار شتە ئیشی ئێمەیە کە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، زانست ئیشی مامۆستا بەڕێزەکانە، لە مامۆستای ئاینی و مامۆستای قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان، وە هەموو ئەوانەی کە مەعریفە خواز و دانشمەندن.

رەوشت جوانی لە دایک و باوکەوە لە قوتابخانەوە لە بازاڕەوە لە هاوڕێیەتییەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە باسی لێوە دەکرێتەوە دەبێت بینای رەوشتی مرۆڤ بکرێتەوە، دادپەروەریش دەبێت هەموومان بۆ یەکتری ئینتیمامان بۆ دروست بێتەوە بۆ ئیسلام بۆ شەریعەت بۆ یاسا بۆ قانون بۆ نیشتمانەکەمان، کاتێک کە دەبینیت کەسێک شتێک دەخوات و پاشماوەکەی فڕێی دەداتە سەر جادەو شەقامەکان سەیرێکی بکەو پێی بڵێ کاکە ئەم وڵاتە هەر هی جەنابت نییە هی منیشە دڵت بسوتێت بۆ ئەم نیشتمانە، بۆ دەبێت رێز لە کرێکارانێک نەگرین کە لە وڵاتانێکی ترەوە هاتوون و رێگەو بانەکانی ئێمە پاک دەکەنەوە و خزمەتمان دەکەن، یان بۆچی رێز نەگرین لە یاساکانی هاتووچۆ، خۆ بۆ خزمەتی ئێمە دانراونو هیچ نەبێت با یاسا جێبەجێ بکەین تۆ کە خوای گەورە ئوتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزو جوانی پێ بەخشیویت بۆ دەبێت رێز لە یاساکانی هاتووچۆ نەگریت کاکە هەر لە پێناوی سەلامەتی خۆتدا، ئەی چۆن دەبێت بە خەیرە نومە؟ تۆ ئەگەر خاوەنی سیفەتانێکی جوان نەبیت خەڵکی چۆن سەیرت دەکەن و چاوت لێ بکەن، ئوفێری وا هەیە کە لەگەڵیدا سوار دەبیت دەڵێیت پلەیستەیشن دەکات، پێویستە ئەمانە هەموو چارەسەر بکرێن، جگە لەمانەش پێویستت بە مەنزومەیەکی کاملە لەسەر هەمووشیەوە خواناسی.

هەموو ئەم چەند ساڵەی باسمان کرد پێویستی بە دەستپێک و ئیعدادێک بوو پێویستی بە و ئیش و کارێک بوو، ئەم پیاوە بەڕێزانە هەموو ئیشی یەکتریان تەواو کرد، بۆیە پێویستە ئێمەش بە دەم ئیشی یەکترییەوە بین و تەواوکەری ئیشی یەکتری بین ئەمەش خاڵێکی جەوهەری و گرنگە بۆ گۆڕانکاری، ئەوەی پێش تۆ کاری کردووە تۆ کارەکەی تەواو بکەو تەسلیمی دوای خۆتی بکە، کەسێک کە پێش تۆ کۆمەڵێکی پێک هێناوە جەماعەیەکی دروست کردووە تۆ نابێت بێیت و بینەکەی رەت کەیتەوەو جەماعەکەی هەڵبوەشێنیتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئەگەر کۆمەڵێک جەماعەیەکیان لە پێناوی خوای گەورەدا دروست کرد و کەسێکیش هات بە نیازی هەڵوەشاندنەوەی جەماعەکە هەرکەس بوو لە ملی بدەن، خۆ لە مل دان و کوشتن هەروا ئاسان نییە لە ئیسلامدا، بەڵام بۆ بدەن لە ملی؟ چونکە دەزانن جەماعەت هەڵوەشاندن واتە پارچە پارچە کردنی موسوڵمانان، ئەمەش چەندە خەتەرە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ، ئێستە جەماعەکە هەیە بەڵام ئێمە دێین و هەڵیدەوەشێنینەوە، ئەم سەلەفی و ئەو خەلەفی و ئەو ئیخوانی و ئەو تەحریری و ئەو سۆفی و ئەو ...هتد، جگە لەمە ئەنواع و ئەشکاڵ ناو و ناتۆرە بۆ یەکتری دەدۆزینەوە تەنها بۆ شکاندنی بەرانبەریان، خوای گەورەش دەفەرمویت (هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ) ناوتان لێ نراوە بە موسوڵمان ئەی بۆچی ئەم ناوە دەگۆڕن و جۆرەها ناوی تر بۆ خۆتان دەدۆزنەوە لە کاتێکدا خوای گەورە ئێوەی ناوناوە موسوڵمان، خۆتان بچووک دەکەنەوە بۆ ناوی

ئەمە عالەمی ئیسلامییە ئەو كاتە تۆ پێت تر، زەمەنی ئەوەمان نییە یا كە عالمێك دلمەزراو وترا هەڵدەگری حەزت بەو ناوەیە هەڵی بگرە، بەر وایە چ بەرنامەیەكت هەیە بەرنامەی سەلەف هەڵدەگری حەزت بەو ناوەیە جاری بەچكە موسوڵمانەكە مەفتوون بووەتەوە بە ئێستا پێویستمان بە ئینتیمای موسوڵمانێتییە، چونكە سەری لێ شێواوە ڕوو بكات كوێ، هەر ئێمەش سەرمان لێ تێك داوە فیكری عەلمانییەت، بەراستی!

پەكێك هەڵدەستێ و پێی وایە حزبایەتی مەمنوعە، بدعەیە و حەرامە، بەڵێ ئێمەیش دەڵێین ئەم جۆرە حزبایەتییەی ئێستا هەیە باش نییە بەڵام نەك بەو شێوەیەی كە تۆ دەیڵێیت، دەزانین ئەم جۆرە حزبایەتییەی كە ئێستا ئیسلامییەكان ممارەسەی دەكەنەوە بڵێین كاكە سەقافەتی موسوڵمانانە نییە شێوەی حزبی ئیسلامییانە نییە شێوەی حزبی مۆدێرنیزمەی ئەورووپایە هێناوەتەوە پێشەوە، بۆچی لەسەر شێوازی ئەورووپییانە دەڕۆن و وازتان لە شێوازی ئیسلامییە هێناوە و لەسەر شێوازی كاری پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- ناڕۆن؟ بە دڵنیاییەوە ئەمە وارد ترە، بەڵام نابێت تۆش وا بیر بكەیتەوە ئەوەی لە قوتابخانەكەی تۆ نەبوو ئیتر بە تەكفیری و گومڕا لە قەڵەمی بدەیت پەنا بە خوای گەورە، مرۆڤی موسوڵمان دەبێت بەردەوام ڕەحمەت بۆ برا موسوڵمانەكەی بنێرێت مادام لە خۆشەویستی سەرخستنی پەیامی خوای گەورەدا هەوڵی داوە یا نەشی پێكابێت.

مرۆڤی موسوڵمان دەبێت هەمیشە بە ئینسافەوە قسە بكات بەرانبەر بە هەموو خەڵكی، ئەوەی كە واقیعە بیڵێ، ئەوەی كە ڕاستە بیڵێ، هەرگیز مەترسە لە وتن و گەیاندنی حەق، بە ئاشكرا بیڵێ با لەسەریشت بكەوێ گرنگ ئەوەیە تۆ حەقت وتووە حەقت گەیاندووە، كاتێك كە لەسەری ئەگیرێت ئەزیەت دەدرێت لەسەری لە سێدارە دەدرێیت گرنگە ئەوەیە تۆ بڕوات بە بیر و بۆچوونەكەی خۆت هەبێت، وەڵایی زۆرێك هەن لەناوماندا تەنها بۆ مل شكاندنی یەكتری كار دەكەن، بۆ ئەوە كار ناكەن كە بونیادی یەكتری بنێن، ئەوەندە دووبارە كردنەوەی ئەم وتانەش بە واتای ئەوە نییە كە ئوشی یەئس بوویتین، نەخێر تەنها دەست نیشانكردنی نەخۆشییەكانە هەمووومان پێویستمان بە بیرخستنەوە هەیە، كەواتە بۆیە ئەم قسانە دەكەینەوە بۆئەوەی گۆڕانكاری لە ناخی خۆماندا بكەینەوە.

هەروەها پێمان وایە هەمووومان لە بازنەی دینداری دا وەكو یەكین وەكو چۆن ئێمە پێمان وایە میللەتی كوفر یەكن ئەوانیش پێیان وایە میللەتی ئیسلامی هەموو یەكن، ئیتر تۆ بۆخۆت ناو دەنێیت میانڕەو و توندڕەو و سەلەفی و خەلەفی ..هتد، ئەوان هەمووومان بە یەك چاو سەیر دەكەن كە زۆریشیان بۆ هات بێ جیاوازی دەڵێن ئیرهابی، كەوایە با هەمووومان دەست بدەینە ناو دەستی یەك و گۆڕانكاری بكەین، هەمووومان لە یەك باخیرەو بەلەم داین كە كونی تێدا بێت هەمووومان بەیەكەوە نقوم دەبین و جیاناكرێینەوە، پێویستە چەمك و تەسەورات و دیدەكان بۆ یەكتری ڕاست بكەینەوە.

صەلاحەددینی ئەیووبی ئەم تەسەورەی هەبوو بەرانبەر بە هەموو قوتابخانەكانی تووەلێ مەحمود و قوتابخانەكانی تری ناو عالەمی ئیسلامی وەكو فاطمییەكان و شیعە ئیسماعیلییەكان وە ئامانجی بوو هەموویان لەسەر بەرنامەی ئەهلی سونەو جەماعەت كۆبكاتەوە و بیان كات بە

یەک، وە شتێکی زۆر گەورە تریشی ئەنجام دا ئەویش بریتی بوو لەوەی کە لەناو سوپاکەیدا سەلیبی تێدابوو کە خەڵکی ناوچەکانی عەککا و سیدا و ناوچەکانی تر بوون وە لە دژی خاچپەرستی رۆژئاوا هاتبوونە پێشەوە ئەمە بۆ خۆی کارێکی زۆر گەورەیە، مەسیحی خاچ دروشم بوو کەچی لەناو سوپای صەلاحەدین دا شەڕی دەکرد، لەبەر ئەوەی باوەڕی تەواویان بە دادپەروەری صەلاحەدین هەبوو.

سەیری مێژوو بکەن هەر لە میسرەوە تاوەکو ئێران و یەمەن و سوودان ئەیووبیەکان حوکمیان دەکرد، لە دوای وەفاتی براو کوڕەکانی شەڕو ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، بۆماوەی زیاد لە ۱۰۰ ساڵ ئیعداد کرا بۆ ئەوەی قودسی پیرۆز رزگار بکرێت کەچی ئەوان هەروا بە ئاسانی تەسلیمیان کردەوە بە ناحەزانی ئیسلام و موسوڵمانان.

ئەمە وانەیە هەر سوڵتەو دەسەڵاتێک یا کەیشتێتە ئەمکینیش کە ئاکەکانی خۆشەویستی دنیا چووە دڵیانەوە، کوڕی خۆشەویست بوو لایان هەموو هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و ماڵی جیهان بوو، ئەوکات راستەوخۆ جەبان و ترسنۆک دەبن، کە جەبان و ترسنۆکیش بوون ئیتر ئیشیان پێ ناکرێت، بەڵێ کەسانی نزیکی صەلاحەدین لە دوای ۱۱ ساڵ لە رزگارکردنی قودس کە ئەو هەموو شەهیدەی بۆ درا بەو هەموو ئارەحەتییە ئازادکرا پێشکەشیان کردەوە بەسەرانی کوفر.

ئەگەر نەوەکانمان گوێ لەمە بگرن زۆریان پێ سەیر دەبێت چۆن ئەم هەموو زاناو سەرکردە خواناسە ئەو هەموو ساڵە هەوڵیان دا ئەنانەت تێدایاندا بوو هەموو تەمەنی لەو پێناوەدا دانا، هەر لەو سەرکردە بەرێزانەی کە پێشتر ناومان هێنان وە لە زانا بەرێزەکانی وەکو ئیمامی غەزالی و ئیمامی عوقەیلی و شێخ جوینی و عودەی کوڕی موسافیر و ...هتد -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- یان زانایەکی بەرێزی وەکو شێخ عبدالقادری گەیلانی رەحمەتی خوای لێ بێت کە لە تەمەنی ۹۰ ساڵیدا دەچێت مەفرەزەیەک لەناو سوپای عیمادەدین زەنگی پێک دەهێنێت و دژی خاچپەرستەکان دەوەستێتەوە، کەچی ئێستە کوڕو براکانی صەلاحەدینی سەرکردەی خواناس کوڕسەکەیان کردەوە بە خوری وەکو کوردەواری دەڵێت، قودس کەوتەوە ژێر چەپۆکی خاچپەرستان.

خەڵکانێکی بێ زانست و بێ ئیش ئێستا رەخنە دەگرنەوە لە صەلاحەدین کە ئایا ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبوو بۆچی دەوڵەتێکی کوردی دروست نەکرد؟ ئەوەی شارەزا بێت لە مێژوو و کوێر نەبێت لە ئاستی شارستانیەتی ئیسلامیدا دەزانێت کە ئەم سەرکردە موسوڵمانە کوردە ئیمپراتۆریەتێکی دروست کە ناوەکەی کوردی بوو، زۆربەی سەرکردەکانی کورد بوون، وە دەبێت ئەو ناحەزانەش باش بزانن کە تاکو ئیسلام خاوەنمان بوو ئێمەی نەتەوەی کوردی موسوڵمان خاوەنی ٥٧ ئیمارەتی گەورە بووین، هەر لە ئەیووبی، هەزبانی، حەسنەوی و دینەوەری کە هەندێک لە مێژوونووسان بە شارەزووریش ناویان بردووە، ئەمە جگە لە چەندا ئیمارەتی تری وەکو بابانیەکان و سۆران و بەدرخانییەکان و بادینان و ئامێدی و ...هتد، چەندانی تریش کە لە ژێر چەتری ئیسلامدا بوون و سەربەخۆش بوون، باسمان کرد کە دەوڵەتی عوسمانلی داکۆکی لەوە

کرد کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دروست بکرێت لە خاکی خۆیاندا، بەڵام بەداخەوە ئەوە عەلمانییەکان بوون لە پەیمانی لۆزان دا ئەم هەوڵەیان ئەزۆک کرد.

بۆیە زۆر پێویستە ژیانی خۆمان ببەستینەوە بە ژیانی پێغەمبەری ئازادارەوە ﷺ، دەگێڕنەوە جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ جزیەو زەکاتێکی زۆری لە یەمەنەوە بۆ هاتبوو هاوەڵە بەڕێزەکانیش هەموویان لە دەوری کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی بەسەریاندا دابەشی بکات، پێغەمبەری خواش ﷺ دەستی کرد بە پێکەنین و فەرمووی پێیان بۆ سەروەت و سامان هاتوون، ئەوانیش فەرموویان بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی: (والله ما الفقر أخشى عليكم) وەڵایی ناترسم لەوەی کە فەقیر بکەون (ولكنّي أخشى أن تُبسَطَ الدّنيا عليكُم)، بەڵکو لەوە دەترسم کە دنیا بەسەرتاندا زاڵ بێت، هەروەها بوو دنیا زاڵ بوو بەسەریاندا.

بەڵێ دنیا زاڵ بوو بەسەر موسوڵماناندا، هەیچ کەسێک نەیدەتوانی بەرانبەر سوپای تەتار و مەغۆل بوەستێتەوە هەر لەبەر ئەم هۆکارە، چونکە کەسێک خۆشەویستی دنیا چووە دڵیەوە لە مردنیش دەترسێت کەسێکیش لە مردن ترسا لە کوێ دەتوانێت جیهاد بکات، یەک ئافرەتی تەتار ١٠٠ پیاوی موسوڵمان سەر دەبڕێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی لە بەرچاو بووە کە ئوممەتەکەی دوای خۆی دەگەنە تەمکین، بەڵام بە هۆکاری خۆشەویستی دنیاوە دەڕوخێن و ترسنۆک دەبن، بە ئاشکرا ئەوەی باس کردووە کە ئێستە بەسەر ئێمەدا دێت ئەوەیش کەوتە ئەم حاڵەتەوە ئیتر گۆڕانکاری پێ ناکرێت، گۆڕانکاری بە کەسی فەقیر دەکرێت، فەقیر بەو واتایەی کە ئەو کەسە سەروەت و سامان بایەخی نەبێت لەلای، گیرفان پڕکەر نەبێت فەقیرانە بیر بکاتەوەو ئاگای لە فەقیر و هەژار بێت و هەستی بجوڵێت بۆ هەژاران.

باشە فەلسەفەی ڕەمەزان لە چی دایە؟ ڕەمەزان فێرمان دەکات، ڕاهێنانمان پێ دەکات کە بزانین خەڵکێک هەیە برسی و بێ نانە، تۆ کاتێک کە بەڕۆژوویت و برسیتەو ناتوانیت نان بخۆیت ئەو کات بیری هەژارانت دەکەوێتەوە کە برسیانەو پارەشیان نییە بۆ نان کڕین، هەروەها زەبتی مرۆڤ دەکات کە کاتێک پلەیەکی وەرگرت گەندەڵ نەبێت، کاتێک کە بە ڕووژوو بوو بۆ خوای گەورە ڕات دەهێنێت لەسەر پاراستنی شەهوەت، حورمەتی خوشک و دایکی خەڵک بپارێزێت، ڕەمەزان فێری ئەمانەو چەندان شتی تریشمان دەکات.

صەلاحەددین ئەوەی لەسەر شانی بوو بە جوانی دەدای کرد ئەوەی پێویست بوو ئەنجامی دا بەردەوام ئەو ئامۆژگارییەی سەرکردەکەی عیمادەددین زەنکی لە یاد بوو کە پێی وتبوو: "کەوتنە شوێن دنیا وەک ئەوە وایە لەسەر ئەسپێک بیت و پشت لە خۆر بیت ئەو کات سێبەرەکەت دەکەوێتە پێشت هەرچەندە خێراش بڕۆیت هەر ناتوانیت بیگریتەوە، کە گەڕایتەوە خۆرەکە بەرانبەرتە و سێبەرەکەشت لە دواوەیە هەرچەند خاویش بیت هەر پێت ناگاتەوە ئەو سێبەرە دنیایە ئەگەر شوێنی کەویت هەرگیز نایگریتەوە ئەگەر پشتیشی تێکەیت هەرگیز پێت ناگات" ئەو وتەیە زۆر گەورەیە بەرنامەیەکە بۆ خۆی، بەڵام زۆر بەداخەوە دوای وەفاتی صەلاحەددین خۆشەویستی دنیا دڵی هەمووانی گرت و کەوتنە مونافەسەوە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و

مان، یەکێک لە هۆکارەکانی رووخانی دەوڵەتی عوسمانلی هەر ئەوە بوو چەندان نوکتە بڵاو بووبوویەوە لەسەر والی و دەسەڵاتدارەکانی.

ئێستە لە وڵاتی ئێمەشدا وایە هەولێری لەسەر سلێمانی، سلێمانی لەسەر دهۆکی، دهۆکی لەسەر کەرکوکی کەرکوکی لەسەر ...هتد، ئەمە یەکێکە لە خراپترین و ترسناکترین نەخۆشیەکان کە توشی موسوڵمانان بووە بەلاشیانەوە زۆر ئاساییە، ئەمانە دوورن لە رەفتاری مرۆڤی موسوڵمان، ئەوانەیە خەڵکێک ئەمە بە کەم بزانێت بەڵام هەر ئەمە دەبێت بە هۆکاری کەوتنی ئوممەت، بۆیە پێویستە موسوڵمانان بە ئاگا بێنەوەو هەست بەوە بکەن کە گۆڕانکارییان پێ ناکرێت، مەگەر بە هەموو رووەکانەوە بەخۆیاندا نەچنەوەو خۆیان چاک نەکەن.

ئەیوبییەکان بەرەو لەناوچوون هەنگاویان دەنا، دەچینە ناوچەکانی خۆرهەڵات بۆلای دەوڵەتێک بەناوی دەوڵەتی خەواریزم، ئەم دەوڵە لەلایەن بنەماڵەی خەواریزمەکانەوە دامەزرا هەر بۆیە بەو ناوشەوە ناسرا، بنەماڵەیەکی بەڕێز و خواناس بوون، بەڵام لەو کاتەی کە محمد شای خەواریزمی دەسەڵاتی وەرگرت ئەو دەسەڵاتە خۆی ون کرد. ئەم پیاوە هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی ئیسلامیەوە نەهێشت، دژی غوریەکان شەڕی بەرپا کرد، دەوڵەتی غوری لە ناوچەکانی هندستان و سریلانکا و فلیپین دا حوکمی دەکرد، محمدی کوڕی قاسم -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- فەتحی ئەو ناوچانەی کرد و دەسەڵاتی ئیسلامی گەیاندە ئەو ناوچانە، هەرچەندە لەسەر دەمی پێغەمبەری خواوە ﷺ هیندستان دینی ئیسلامی پێ گەیشتبوو، ئاینی ئیسلام گەیشتبووە یەمەن موسوڵمانانیش لە یەمەنەوە لە رێگەی بازرگانی ئاوییەوە کە دراوسێی هیندستان بوو ئیسلامیان گەیاندە هیندستان و خەڵکیان ئاشنا کرد بەو ئاینە پیرۆزە، تاکو ئەوکاتەی کە محمدی کوڕی قاسم بە فەرمی چووە ئەو ناوچەیەو شەریعەتی ئیسلامی تێدا چەسپاند، پاشان تورکە غەزنەوییەکان لەو ناوچەیەدا توانییان دەوڵەتی غوری دابمەزرێنن، پێشتریش لەو ناوچەیە بوونیان هەبوو بەڵام بەناوی سەڵتەنەو سوڵتانەوە بوون لەژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسیدا بوون، بەڵام ئیتر لێرە بە دواوە خۆیان دەوڵەتێکیان جیاکردەوە بەناوی دەوڵەتی غوری کە خەڵکێکی خواناس بوون و لەسەر سیستەمی راشیدین هەنگاویان دەناو بە شەریعەتی جوانی ئیسلام کاریان دەکرد.

دەوڵەتی ئیسلامی لەو کات و سەردەمەدا یەک دەنگ و یەک کیان نەبوو، لەم ناوچانەدا دەوڵەتی غوری حوکمی دەکرد، دەوڵەتی ئەیوبیش لە دەورو بەریان، لە خوارێشیانەوە لە ناوچەکانی ئەهواز و دەوروبەری ئیسماعیلیە حەشاشیەکان دەسەڵاتیان مومارەسە دەکرد، لە بەندەکانی سەرەوەش سەلاجقەکان هەبوون کە لە تورک و کورد پێک هاتبوون، لە رۆژئاواش کۆمەڵێک هەبوو بەناوی موەحدین، لە ناوچەکانی عالەمی ئیسلامی پارچە پارچە بوو بوو، کەس گوێی بۆ کەس نەدەگرت خراپەکاری لەناو خەڵکیدا بڵاوبوبوویەوە، شەوان مەلاهی دەگرانەوە چەندین ئافرەتی راقیسە رەقسیان دەکرد، مەشروب خواردنەوە ئاسایی بوبوویەوە لە بەغداد و لە وڵاتی خەواریزم، کە دەڵێین وڵاتی خەواریزم مەبەستمان لە قەوقاز، ئەفغانستان، پاکستان، ئوزبەکستان، قرقیزستان و ئاوەکو دەگاتەوە تورکستان، کە دەڵێین هیندستان واتە سریلانکاو فلیپین تاکو دەگاتەوە مالیزیاو ناوچەکانی شرق الأدنى و بەشێکی وڵاتی چین-یش، کە باسی دەسەڵاتی ئەیوبیەکانیش دەکرێت واتە ناوچەکانی کوردستان و سووریا، سعودیە، یەمەن و میسر

حوکمیان دەکرد، دەوڵەتی موەحەدینیش لە ناوچەکانی لیبیا، تونس، مۆریتانیاو بەشێکی زۆری ئەندەلوس، خراپەکاری ئەم ناوچانەی تەنی بوو، وشەی جیهاد لەناو خەڵکیدا غەریب بوو، خەڵکی فێری ڕەشوە وەرگرتن بوبوو خەڵکێک ماستاوچییەتی دەکرد بۆ خەلیفەو دەسەڵاتدارەکان ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان دا بوبوو بە دیاردە، لە هیچ جێگەیەک دا حەرەکەتی گۆڕانکاری نەمابوو، لەسەروو ئەمانەشەوە خیلافەتی عەباسی لەوپەڕی بێهێزی دا بوو کەس حسابی بۆ نەدەکرد، خوای گەورەش گەلێکی ناوێت بەم شێوەیەی بێت، بەڵکو گەلێکی دەوێت کە خەیرە ئومە بێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت هەرکاتێک موسوڵمانان دەستیان لە جیهاد هەڵگرت و دەستیان گرت بە کلکی مانگاوە واتە بەدوای زەرع و مەڕوماڵات و دنیا کەوتن خوای گەورە زەلیلیان دەکات دوژمن زاڵ دەکات بەسەرتاندا، هەروەها ڕازی بوو بوون بە ڕیبا وەرگرتن و خواردنی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت هەرکەسێک درهەمێک ڕیبا بخوات وەکو ئەوە وایە لەگەڵ دایکی خۆیدا زینای کردبێت لە حەوشەی کەعبەدا، پەنا بە خوای گەورە، جا بزانن ڕیبا خواردن چەندە تاوانێکی گەورەیە، خەڵکی بەلایانەوە ئاسایی بوو ڕیبا خواردن ئەمەی کە باسی لێوە دەکەینەوە لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی بوو، خوای گەورە چۆن گەل و هۆزێکی دەوێت کە بەناو موسوڵمان بن و کەچی ئەوەی خوای گەورە پێی ناخۆش بێت لەناو ئەواندا بوونی هەبێت.

لەناو ئەم زەمینەیەدا قەبیلەیەک دروست دەبن کە بە ئەسڵ تورکن پێیان دەوترا تەتار، قەبیلەیەکی پارچە پارچە بوون لەناوچەی توبا دەژیان، توبا ناوچەی مەغۆل، تەتەرستان، ڕوسیا و هەنگاریا بوو، هەنگاریش قەبیلەیەک بوون سەرەتا لەم ناوچانەدا دەژیان بەڵام لەلایەن تەتارەکانەوە گوازرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا، هەنگاری بە ئەسڵ گەلێکی ڕوسین، لەناو ئەم قەبیلە پارچە پارچانەی تەتاردا کەسێک پەیدا دەبێت بەناوی تیمۆجین، تیمۆجین کوڕی پیاوێکی ناوداری یەکێک لە قەبیلەکان بوو، بە منداڵی لە شەڕێکدا دەگیرێت و وەکو کۆیلە دەفرۆشرێت و دەبرێتە ناوچەکانی خەوارزم، ئەویش هەر لەو کاتەوە ڕقێک هەڵدەگرێت لە موسوڵمانان.

تیمۆجین نازناوی جەنگیز خان بوو، پیاوێکی تا بڵێی خراپەکار و خوێنڕێژ بوو، سەری هەزاران موسوڵمانی بە بێ تاوان لێ کردەوە، هەر بە منداڵی حەزو خولیای ئەوەبوو حوکمڕانی و دەسەڵات وەربگرێت و ببێتە گەورەی قەبیلەکەی، دوای مودەیەک توانی هەموو قەبیلەکان یەکبخات و ببێتە دەسەڵاتداریان، نووسراوێکی بۆ نووسین بەناوی یاسق لە مێژوودا بەم ناوە هاتووە یاسا - یاسک، یاسق کۆمەڵێک بەندی یاسایی بوون وەکو دەستورێک دایان بۆ گەلەکەی لەسەر بنەڕەتی خوێنڕێژی قەبیلەکانی یەک خست و زۆربەی ناوچەکانی چینی خستە ژێر دەستی خۆیانەوە.

تیمۆجین تاوانی بوو خوێنی موسوڵمانان بڕێژێت، بەڵام نەیدەزانی بە چ شێوەیەک بیانوویان بۆ بگرێت و دەست بخاتە کاروباریانەوە چونکە وەکو وتمان ڕقی لە دڵ بوو بەرانبەر بە موسوڵمانان، بۆ ئەم مەبەستە چەند جاسوسێکی ناردە ناو موسوڵمانان بزانێت بارودۆخیان چۆنەو ئەگەر

هێرش بكەنە سەریان سەردەكەون بەسەریاندا، بزانێت زەمینە گونجاوە بۆ داگیركاری خوێن ڕشتن، موسوڵمانان لە حاڵەتێكی ناهەمواردا بوون ناكۆك و پارچە پارچە بوون، دەستیان بەردابوو لە دین و جیهان نغرۆی كردبوون، گومانیشی تێدا نییە كە بەهێزی و بەتوانایی موسوڵمانان بە پابەندبوونیانە بە ئیسلامەكەیانەوە، هەروەكو چۆن سەیدنا عمری فاروق -ڕەزامەندی خوای لێ بێت- فەرمووی: نحن قوم أعزنا الله بالإسلام، ئێمە قەومێكین عیزەتمان بە ئیسلامەكەوەیە، ابتغینا العزة في غیره أذلنا الله. ئەگەر دوور بكەوینەوە لە دینەكەمان زەلیلی بەردەم دوژمن دەبین.
بەراوردێكی مێژووی تەتارو مەغۆل و ئەمریكا لەم ڕەوشەی ئێستامان و رابردومان دا:
من ناتوانم وەك هەموو ریپۆرتاژەكانی تر ڕاستەخۆ بچمە ناو باسەكەم، چونكە ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم جیاواز ترە لە قسەی خەڵكانی سەردەم! یان لەوانەیە من خۆم زۆر كلاسیكیم، یان هەر ئەم شێوەیە بە باشتر دەزانم بۆ تێگەیشتنی خوێنەران ...
بە هەرحاڵ ئەوەی دەمەوێت بیگەیەنم بریتیە لە ڕەوشی ئێستای كوردستان بە چاوی من لە ڕووی رابارو كۆمەڵایەتی ئابووری رۆشنبیری..هتد.
بەڵام مەرج نیە ئەوەی من دەیڵێم وابێت، چونكە من بە چاوی خۆم شت دەبینم بە مێشكی خۆشم بیر دەكەمەوە هەڵسەنگاندنم هەر ئەوەندەیە.

دەستپێك..
لە ڕەحمی خوای گەورەیە كە سوننەتی خوای گەورە لەسەر زەویدا گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، بۆ ئەوەی ژیان جێگیر بێت، خۆ ئەگەر سوننەتی خوای گەورە گۆڕانكاری بەسەردا بهاتبایە، ئەوە ژیان بەم شێوەی ئێستا نەدەبوو.خەڵكی نەیدەتوانی ڕووداوەكان بناسێتەوە سەر لێ تێكچوون دەبوو، لە سوننەتی خوای موتەعال و سوننەتی ئەم گەونە.
بەڵام سوپاس بۆ پەروەدگاری باڵا دەست تێكدەری بەرنامەی بێباوەڕان كە بەم جۆرە هێشتویەتیەوە، تا لە بارو گوزەرانی پێش خۆمان بزانین، ئەوەی بەسەر ئەواندا هاتووە هەر هەمان كردارو ڕوشە كە ئێستا بەسەر ئێمەدا دێتەوە، بەڵام تەنها زەمەنەكە گۆڕاوە ناوی ساڵەكە جیاوازە لەگەڵ ناوی كەسایەتیەكان، دەنا هەر هەمان ڕووداوی كۆنە دووبارە دەبێتەوە. وەك ئەو وتەیەی كەزۆربەی خەڵكی دووبارەی دەكەنەوە دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە، ئەم وتەیە زۆر ڕاستە هەر بە هۆكاری ئەم وتەیە من لە مێژوو و بۆ ئێوە دەست پێ دەكەم گرنگی مێژووتان بۆ دەردەخەم لەم باسەدا، بە هۆكاری مێژوو دەتوانی وەرگێڕی باری سیاسی و ئابووریی وكۆمەڵایەتیمان بكەین، لەدەر ئەنجامی رابووردو ئەنجامی ئێستامان بۆ دەربكەوێت، مێژوو وەك ئاوێنەی شۆفێرێك وایە ئەگەر ئۆتۆمۆبێلەكەی ئاوێنەی نەبێت زۆر نزیكە لە یەیەكدا كێشان لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلەكانی تر، چونكە بەس پێشی خۆی دەبینێت نازانێت لەدوای خۆی چی ڕوو دەدات، مێژوو بۆ ئێمە هەر وایە ئەگەر نەزانین پێشینەمان چۆن بووە ئەوە ئاستەمە لە ئێستامان تێبگەین، لەم باسەم ڕاپۆرتێكی ئەكادیمی نیە تەنها بۆ خەڵكی زانكۆ و پەیمانگاكان بنووسم بەڵكو بۆ هەموو كەس دەنووسم، خۆم هیچ بڕوایەكم بە نوخبە نەماوە، چونكە نوخبە هەموو بوون بە مشەخۆر بەسەر خەڵكیەوە لوت بەرزو ئەتالیان لێ دەرچوە، هەمیشە بەشان و باڵی

لە کوردستان بۆیە نمونەیش ناهێنمەوە، دەسەڵاتداران دا هەڵەدەن، وە ئەمە بە باشی دەبینرێت لە کوردستان بۆیە نمونەیش ناهێنمەوە، چونکە ناوەکان ئاشکرایە و خەڵکەکان ناسراون، تا دەتەوێت وتەو ئاخوتن لەگەڵ نوخبەیەکی رۆشنبیر بکەیت زۆری دەوێت بکەیتە لای یان کاتی نیە یان زۆر تەتیکێتی لێ دەرچووە بۆیە من لەو بڕوایەدام گۆڕانکاری بە نوخبە ناکرێت، چونکە هەموو ترسنۆک و پارە خۆشەویستن. پێویستە هەرجی زووە کە دەبێت چینی هەژارانی کۆمەڵگە تێبگەیەنیت ئابتوانی بزوتنەوەی جەماوەری دروست بکەیت بۆ گۆڕانکاری کە ئەمە ئاستەم نیە،ئەوەی کە ئێستا دەیبینم زۆر ئاستەمە کە نوخبە لە خەڵکی سەر جادە تێناگات، خەڵکی گشتیش لەوان تێ ناگات هەروەک چۆن موسوڵمانان ئێستا لە پێشەوا ئاینیەکانیان تێ ناگەن، چونکە بەراستی ئەمە بە هەموو پێوەرێ کارەساتە تەنانەت باوک لە کوڕ تێ ناگات پێچەوانەکەشی کە کوڕەکەیتی یان دایکو کچ هەردووکیان زۆر لە یەک دوورن تێگەیشتنیان لەیەکتری زۆر ئاستەم بووە، هۆکارەکەی دەزانم زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنەلۆجیاو جیهانگیری و کردنەوەی دنیا بە رووی ناوچەکەو کوردستان بە تایبەت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ وای لێهاتووە؟

ئایا ئەم رەوشە باشە؟

ئایا چارەسەر دەکرێت؟

ئەم رەوشە ترسناکە یان ئاساییە؟

خەڵکی بەس بیر لە خۆی دەکاتەوە فێری ئەنانیەت بوون کێ هۆکارە؟

زۆر پرسیاری تر کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.

بۆیە ئەم باسەم هەڵبژاردوە دەمەوێت باسی مێژوو بکەم تا لەم رەوشە تێبگەین نەک باسێکی ئەکادیمی بەحت بێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە رەوشەکە تێبگەین هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکەین، ئایا تا چەند ئەم مێژووە خۆی دووبارە کردۆتەوە، خوای گەورە لە باسی گەلانی پێشودا دەفەرموێت: لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾ يوسف. واتە: بەڕاستی لە سەرگوزەشتەو بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند، وە ئەبێ قسەو باسی دەست هەڵبەست بێ، بەڵکو لەلایەن کتێبە پێشوەکانەوە (وەکو تەورات و ئینجیل) پەسەندکراوە، وە روونکردنەوەی هەموو شتێکی تێدا دیاریکراوە، وە هیدایەت و رێنموویی و رەحمەتە بۆ کەسانێ کە باوەڕ دەهێنن.

## مێژوویەکی گرنگ

ئەم باسە بریتیە لە گۆڕانی بیرو دیدی خەڵکی لە ناوچەکەدا لە کوردستان بە تایبەت، لەسەر دەستی ئەمەریکا و ئەو دیموکراسیە کە هاتۆتە ناوچەکە بە پشتگیری سیستەمی نوێی جیهانی جیهانگیری تێکچونی رەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکی و باری ئابووریان، کە لێکچونە لەسەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچی ئەم سەردەمی ئێستامان کە دەڵێیت کومت خۆی دووبارە کردۆتەوە ئەم مێژووە.

چۆن؟

لەسەردەمی کۆندا هێزێک دەرکەوت بە ناوی تەتار، ئێستا دەمانەوێت بەراوردێک بکەین لە نێوان هێزی تەتار هێزی ئەمەریکای ئەمڕۆدا!

باسێکی کورتی تەتار دەکەین دوای بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەمەریکادا.

مەبەست لەم باسە ئەوە نیە لەوەی کە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو دەمە هەڵبدەینەوە، بەڵکو کورتە باسە لەسەر رەوشی ئێستمان.

تەتار کێیە و چۆن سەری هەڵدا؟

سەرهەڵدانی تەتار لە ماوەیەکی زۆر کورت دا بوو کە لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا بوو، بۆئەوەی باشتر لەم هێزە تێبگەین یا بزانین هێزەکانی تری سەر زەوەی لەو زەمەندا کێ بوون!

ئەو دەمە لەسەر زەویدا دوو هێزی سەرەکی هەبوون کە بریتی بوون لە:

یەکەم: هێزی ئومەتی ئیسلامی

ئەم هێزە کە زۆربەی سەر زەوی لەبەر دەستا بوو، یان دەتوانین بڵێین کە نیوەی سەر زەوی ئاوەدان کردبووەوە، کە سنوری وڵاتی ئیسلامی لە رۆژ ئاوای چینەوە دەستی پێ دەکرد بە ناو ئاسیادا دەڕۆشت تا دەگەیشتە ئەفریقاو رۆژئاوای ئەوروپا لە ئیسپانیای ئێستا، واتا ئەندەلوسی ئەوسا. کە ئەو خاکە زۆرە و بێشومارەی لەبەر دەستا بوو بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو سەروەتە مرۆڤیە و زانستە بێ شومارەی کە هەیبوو لەو زەمەندا و ئەو هەموو پارەو سەروەت و سامانەی کە بەدەستی هێنابوو لە رووی سەروەتی ئاژەڵی و کشتوکاڵی، ئەو هەموو چەک و جبەخانەی کە هەیبوو، بەڵام پارچە پارچە بوو لەگەڵ ئەوەی کە لە سەدەی رابردوو دا زۆر بە هێزوو یەکگرتوو بوو، بەڵام لە سەرەتایی سەدەی حەوتەم زۆر لاواز بوو، وەک دەڵێن رۆژان رۆژی لە دوایە.. خوای گەوەیش دەفەرموێت: وتلك الأيام نداولها بين الناس.

ئەگەر سەیری دەسەڵاتە ئیسلامیەکان بکەین بەم شێوە دابەش بوبوو لە سەرەتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی.

یەکەم: خیلافەتی عەباسی

ئەم دەسەڵاتە زۆر لاواز بوو کە لە عێراقی فەرمانڕەوای دەکرد، پایتەختەکەی بەغدادی ئێستا بوو کە لە ساڵی ١٣٢ کۆچی لەدوای روخاندنی ئەمەویەکان بۆ ماوەی نزیکەی ٦٠٠ ساڵ فەرمانڕەوای کرد، وە لە ناو وڵاتی عێراق کە لە ژێر دەستی خەڵافەتی عەباسی دا بوو بە دەیان ئیمارەتی لێ

هەندێکیان بە تەواوەتی خۆی لە دەزانی هەندێکیان خۆیان بە موناقسی عەباسی جیابوەوە، هەندێکیان خۆیان بە موناقسی عەباسی بەس وێنە بوو لە ناوچەکەدا هیچ خیلافەت جیاکردبوەوە، ئەتوانین بڵێین خیلافەتی عەباسی بەس وێنە بوو لە ناوچەکەدا هیچ کاریگەری سیاسی لەسەر ناوچەکە نەمابوو!

تەو کەسانەی کە فەرمانرەوای عەباسیەکان بوو لە نەوەی عەباسی مامی پێغەمبەر بوون ﷺ لە کۆتایی دەسەڵاتیان دا هەرخەریکی سەروەت و سامان کۆکردنەوە و کۆکردنەوەی شتومەکی گران بەهاو پاراستنی کورسی دەسەڵاتی خۆیان شەوان هەمیشە بەگۆرانی و ئافرەتانیش بە سەما لە قەسر و باڵەخانەکانیان دا ئیتر هیچ گوێیان بە گەل و زۆر دەستەکانی خۆیان نە ئەدا وە هیچ ئەرزشێکیان بۆ سوپاو بۆ گوزەرانی خەڵکی نەدەکرد و بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەمر بە چاکە بکەن و رێگریش لە خراپە بکەن، گوزەرانی خەڵکی باش بکەن ئەوەی لە زیندان دا بووە بە ناحەق دادگای بکرێت خەڵکی بە رەشوە پەروەدە دەکراو هیچ بەرگریان لە موسوڵمان و شەرعی خوای گەورە نەدەکرد، کورو کچیان لەوپەری خۆشیدا دەژیان خەڵکی زۆر نەدارو دەست کورت بوو، لەڕاستیدا هەر رەفتاریان لە خەڵکی موسوڵمان نەدەچوو چجایی ئەوەی کە بوبوون بە دەسەڵاتدار بەسەر موسوڵمانانەوە.

بە هەموو شێوەیەک قورسایی گەورەی خیلافەت لە ناوچوو بوو کەس ئەرزشی بۆ خیلافەت دانە ئەنا وەک پادشای بەریتنیا و نەرویج سەیر دەکران تەنها رەمزێک بوو.

ئەمە بە کورتی باسی رەوشی خیلافەتی عەباسی بوو لە عێراق لەسەرەتایی سەدەکانی حەوتەمی کۆچی.

دووەم: ئەیوبیەکان:

کە میسرو شام و حیجاز و یەمەن لەبەر دەست کوڕ و کورەزاکانی صەڵاحەدینی ئەیوبی بوون، ئەمان زۆر جیاواز بوون لە باوکیان کە صەڵاحەدین بوو، هەمیشە جەنگ و شەڕیان بوو لەسەر دەسەڵات و موڵکی ئەیوبیەکان، ئەو دەوڵەتە گەورەیان دابەش کردبوو بەسەر چەند پارچە و هەرێمێک دا، هەر هەرێمێکیش جیاواز بۆ خۆی فەرمانرەوای دەکرد بۆ نمونە شام لە میسر جیابوو بودوە یەمەن سەربەخۆی خۆی وەرگرتبوو لەو سەردەمەدا، بەڵکو شام خۆی بوو بوو بەچەند پارچەیەکی جیاواز دیمەشق بەتەواوەتی جیابوو لە حەڵەب، حمص لە هەردووکیان دابڕابوو، فەلەستین کە صەڵاحەدین ئازادی کردبوو لە دەست خاچ پەرستان ئەویش بۆ خۆی ئیمارەتێکی سەر بەخۆ بوو، بەم شێوە جیاوازی پارچە پارچەیە لە نێوەندی ئەو دەسەڵاتانەدا دروست بوبوو.

سێیەم: وڵاتی مەراکیش:

ئەو دەمە وڵاتی مەراکیش لە ژێر سایە و فەرمانرەوای موەحیدیەکان بوو، کە سنوری لە وڵاتی لیبیای ئێستاوە دەستی پێ دەکرد، تا رۆژئاوای مەراکیش، لە باکوورەوە لە وڵاتی ئەندەلوس دەستی پێدەکرد تا ناوەراستی ئەفریقا، ئەم دوەڵەتە لە سەرەتایی سەدەی حەوتەمی کۆچیەوە رووی لە شکست و ئاوا بوون کرد هەمووی پارچە پارچە بوو لەدوای ئەو جەنگە گەورەیەی

ڕوویدا لە ناوچەكەدا بەناوی جەنگی العقاب كە زۆر لە موسوڵمانان تیدا شەهید بوون ئەم جەنگە لە ساڵی ٦٠٩كۆچی كە بوە هۆكاری لاوازی و پارچە پارچە بوونی ئەو دەوڵەتە گەورەیە.

چوارەم: دەوڵەتی خەواریزم:
ئەم دەوڵەتە زۆر بەرفروان بوو كە زۆربەی دەوڵەتانی ئاسیای گرتبووە خۆی، سنوری ئەم دەوڵەتە لە رۆژئاوای چینەوە دەستی پێ دەكرد تا رۆژ هەلاتی ئێران، وەهەمیشە جەنگی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتانی چواردەوری خۆی كە موسوڵمان بوون بریتی بوون لە دەوڵەتی غوریەكان و سلاجیقەكان و خیلافەتی عەباسی زۆرێكی تر لە ئیمارەتە بچووكەكانی ناوچەكە وەك كرمان و غەزنە.

پێنجەم دەوڵەتی غورییەكان لە هندستان:
ئەم دەوڵەتە خیلافەتێكی سەربەخۆ بوو لە وڵاتی هندستان كە هەمیشە لە نێوانی دەوڵەتی خەواریزمیەكاندا شەڕو پێكادانیان هەبوو.

شەشەم: دەوڵەتی ئیسماعیلی لە ئێران:
ئەم دەوڵەتە بەشێكی لە ژێر فەرمانڕەوای خەواریزمیەكان بوو لە رۆژئاوای ئەو ئێران بوو، هەروەها دەوڵەتی ئیسماعیلی دراوسێی خیلافەتی عەباسی بوو هەندێک لە فەرمان ڕەوای عەباسیەكان لەژێر سایەی ئیسماعیلەكان بوو كە دەوڵەتێكی شیعەی زۆر پیس بوون هەمیشە شەڕیان بوو لەگەڵ خیلافەتی عەباسی، چونكە جیاواز بوون لە ڕووی بیروباوەڕ، تەنانەت هەندێک لە زانایانی ئەهلی سونە بەتەواوەتی لە ئیسلام دەریان دەكەنە دەرەوە بە كافر لە قەلەمیان ئەدان، كە ئەم دەوڵەتە شیعەی ئیسماعیلیە لە چەک و پارەوە قەلاو دیواردا زۆر بە هێزبوون.
پاشان ئەمە بەكشتی ڕەوشی ئوممەتی ئیسلامی بوو لەو سەردەمەدا، كە هەمیشە خەریكی پلاندانان بوون لە یەكتری شەڕیان بوو لەسەر دەسەلات كە هەموویان موسوڵمان بوون برای یەكتر بوون.وە هەر لەو زەمەنەدا تاوان و گوناهی گەورە زۆر باسای بوبوو تەنانەت لە ناو خیلافەتی ئیسلامیدا شەوانی مەلهاو ماڵی سۆزانی زۆر بووبون لە ناوچەی ژێر فەرمانڕەوای موسوڵمانان دا، وە جیهان زۆر خۆشەویست بوو لە بەر چاوی خەڵكیدا سیلەی رەحم زۆر كەم بوبووە تەنانەت باوک و كوڕ سەردانی یەكتریان نەدەكرد كە بەیەک دەگەیشتن هەردووكیان دەیان وت كات بەشمان ناكات ژیان زۆر قورس بووە! تەنانەت خەڵكی زۆر بە ئاسایی دەیان وت فلانە كەس زوڵمی لە كەسی خۆی كردوە، یان زۆر بە ئاسایی دەیان وت ئەمرۆ دە كەس كوژرا یان فلانە كەس كوشتیدان زۆر بە ساردو سڕی باس دەكرا! ئەمە بەكشتی حاڵ و باری ئوممەتی ئیسلامی بوو لە و دەمەدا. گومانی تێدا نیە هەر ڕەوشێک بەم شێوە بێت خوای گەورە دەبێت بیگۆڕێت.

بەراوردێک لەگەڵ ڕەوشی ئێستادا:
ئەگەر بە چاوی ئەمڕۆ سەیری ناوچەکە بکەین دەبینین هەر هەمان شێوەیە، بەڵام لە رووی دیمگرافیەوە هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە جوگرافیای وڵاتەکان هەندێکیان گەورە بوون هەندێکی تریان بچووک بونەتەوە دەنا هەموو ئەو ناوچانەیە کە ئێستا باسی دەکەین رووداوەکان پێشتر تێیدا روویداوە.
بەهەمان شێوە هەرچی وڵاتی ئیسلامیە دابەش کراوە موسوڵمان لە نێوان خۆیاندا خەریکی شەڕو پێکدادان بوون هێزی دەرەکی وای کردبوو کە هەیمەنەی خۆیان بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا بسەپێنن زۆر جار بە هۆکاری هێزیشە وە ئەو کارە دەکەن بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئەم وڵاتانە بکەین دەبینین هەر مێژوو ئەو دەمەیە خۆی دووبارە کردۆتەوە بۆنمونە.
وڵاتانی ئێستا کە دەسەڵاتی موسوڵمان هیچ ئەزشێکی نیە وەک فەلەستین، چیچان، بۆسنە، کشمیر، عێراق، کۆسۆڤۆ، ئەفغانستان، کوردستان، تورکستان رۆژهەڵات، هندستان و داغستان...هتد
بێجگە لە و هەموو ناکۆکیەیە کە هەیە لە نێوانی وڵاتانی موسوڵمانان دا
بۆنمونە:

- کێشەی نێوان سوودان و میسر لە سەر حەلایب
- کێشەی سوودان لەگەڵ هەرێمی دارفۆر
- کێشەی لیبیا و چاد لەسەر سنوری ئازۆ
- کێشەی کوردستان لەگەڵ ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا
- کێشەی نێوان مەراکیش و جەزائیر لەسەر بیاباتی رۆژئاوا
- کێشەی نێوان مۆریتانیا و سنغال لەسەر رووباری سنغال
- کێشەی سعود و یەمەن لەسەر هەرێمی عەسیر
- کێشەی ئێران و ئیمارات لەسەر دوورگەکانی ئەبی موسا
- بە هەزارەها کێشەی تر کە موسوڵمان دووچاری بوەتەوە هەموولایەکیانی پێوە مەشغوڵن.
- یان جینۆسایدی موسوڵمانان بەدەستی عەلمانیی و بەچکە خاچپەرستان و یەهودیەکان.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر موسوڵمانە کە رۆژانە بە هەزارەهای لێ دەکوژرێت کە زۆر بە سادەی باس دەکرێت
لە رۆژێکدا لە سایەی حکومەتی عەلمانی عێراقی پێنج هەزار گوڵە وەنەوشەی هەڵەبجە کیمیاباران کران، بێجگە لەو هەموو خەڵکەی کە بەناوی ئەنفال زیندە بەچاڵ کران.
وڵاتێکی وەک وەک بۆرما یان فلیبین و تۆگەندا کە خەریکی ئیبادە کردنی موسوڵمانەکانی ئەو وڵاتانەن کە رۆژانە بە هەزارەهایان لێ دەکوژرێت کەس باسیشیان ناکات.

یاخود ئەو هێرشانەی كە دەكرێتە سەرموسوڵمانانی هندستان، سۆماڵ، ئەندەنووسیا، كینیا، گانا و مادآگسكار كە رۆژانە بە هەزارەها كەسیان واز دێنن بەهۆكاری برسیكردنیان لە لایەن غەربەوە شەڕی ناوخۆیان بۆ دروست كردون!
یان كوشتنی سەدەها هەزار موسوڵمانی هیندی بە دەستی هیندۆسییەكان!
یاخود ئەو هەموو برسی كردنەی عێراق، كوردستان، لیبیا و سوودان و زۆرێكی تر لە وڵاتانی ئیسلامی بە هۆی گەمارۆی ئابووریی،
بێجگە لەوەی كە ئێستا رۆژانە لە عێراق بەدەیان كەس دەكوژرێت كە لەماوەی شەڕی ئەمەریكا بۆ سەر عێراق زیاد لە ملیۆنێك موسوڵمان تێدا چووە بێجگە لە زیندان و ئاوارەكان، بەهەمان شێوە لە وڵاتی ئەفغانستان سنوری پاكستان بەدەستی ئەمەریكا هاوپەیمانانی زیاد لە دوو ملیۆن موسوڵمان كوژراوە، بە ئاماری رێكخراوی مافی مرۆڤ كە نەتەوە یەكگرتووەكان خۆیان ئاشكریان كرد كە پێ دەچێت زۆر لەوە زیاتر بێت!
گومان لەوەدا نیە كە ئەم رەوشە پێویستی بە گۆڕانە، خوای گەورە سونەتی ئستیبدالی هەیە گومانم نیە كە دەبێت گۆڕانكاری بەسەردا بێت ئەگەر ئێمە نەیگۆڕین خوای موتەعال بە خەڵكانێكی تر دەیگۆڕێت، وەك دەفەرموێت: وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ.
لە رووی كۆمەڵایەتیەوە لای هەمووان ئاشكرایە بەتایبەت ئەوانەی كە لەكوردستان دەژین خۆتان رۆژانە بە چاوی خۆتان دەبینن یان ئەوانەی كە لەوڵاتە ئیسلامیەكان دەژین چەندە خەڵكی ساردن لەگەڵ یەكتری دا چەندە خراپەكاری بەربڵاوە بە هەموو لایەنەكانیەوە وەك سۆزانیەت قومار و مەی خواردن نەمانی ئەمر بە چاكەو رێگری لە خراپە، بە گوێی خۆشمان دەبیستین كە ئەم هاورێی شكاتی لە هاورێكەی خۆی كرد بۆ ئەوەی پارەی دەست بكەوێت یان بیستمان چەند دراوسێ و چەند خەڵكی مزگەوت جاسوسیان كرد بەسەر یەكەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرەی دەسەڵات نزیك بكەنەوە بۆ ئافەرینێك سەری براكەی دەكات بە پەتەوە.
ئەمە رەوشی ئێستای ناوچەكەیە پێم وابێت زۆر بە سادەی باسمان كردوە وە ئاماژەیەكی كورتمان بەو زەمەنە كرد كە سەرەتای سەدەی حەوتەمی كۆچی بوو كە زۆر لەیەك دەچوون ئەتوانین بڵێین هاوشێوەی یەكن جا ئەگەر بەردەوام بین باشتر بۆمان روون دەبێتەوە.

با بگەرێینەوە جارێكی تر بۆ مێژوو:
ئەوەی كە باسمان كرد لەسەردەمی كۆندا واتا سەرەتایی سەدەی حەوتەمی كۆچی، بەس باسی رەوشی موسوڵمانان و ئوممەتی ئیسلامی بوو ئێستا دێنە سەر هێزەكانی تری جیهان كە بریتی بوون لە خاچ پەرستەكان.
خاچ پەرستەكان لە رۆژئاوای ئەوروپا دەژیان كردبویانە ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان، ئەمانیش هەمیشە لە شەڕ و پێكدادان بوون لەگەڵ موسوڵمانان دا، بەتایبەت ئینگلتەراو فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بە بەردەوامی لە هێز كۆ كردنەوە بوون بۆ ئەوەی هێرش بكەنە سەر موسوڵمانان بۆ ئەوەی خاكی موسوڵمانان داگیر بكەن، هێرشی دەكردە سەر میسرو شام وە بەردەوام خاچ

ئەرمونێك لە گۆرانکاری مێژووی گەلان، واتا جەنگیان بەردەوام بوو
پەرستانی ئیسپان و پرتوگال هێرشیان دەکردە سەر وڵاتی ئەندەلوس، وە وەک مەملەکەتی فرز
لەگەڵ موسوڵمانان دا وە لە ئاسیا دا چەند هێزێکی خاچ پەرستان هەبوون ئەم دوو دەوڵەتەش
و کرج لە جۆرجیای ئێستاو مەملەکەتی ئەرمنیایی لە روسیایی ئێستادا ئەم دوو دەوڵەتەش
بوونیان هەبوو کە زۆربەی ناوچەکانی سەلاجقەکانیان بەدەستەوە بوو.
بەڵام ئەوەی کە سەرنج راکێشە لەسەدەی پێشودا واتا سەدەی شەشەمی کۆچی موسوڵمانان زۆر
بە باشی سەرکەوتبوون بەسەر خاچ پەرستان لە سەر دەستی قارەمانی مێژوو پیاوی گەردن بەرزی
ئومەتی ئیسلامی صەلاحەدینی ئەیوبی کە خاچ پەرستانی لە شەڕی حطین تێکوپێک شکاند بوو
لەساڵی ٥٨٣ کۆچی، بەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا لەدوای هەشت ساڵ لەسەر دەستی
پیاوی ئەژدەر مەنسووری موەحیدی کە خەلیفەی دەوڵەتی موحیدین بوو توانی سەر بکەوێت
بەسەر خاچ پەرستاندا لە شەڕی ئەراک لەساڵی ٥٩١ کۆچی لەگەڵ ئەو دوو سەرکەوتنە گەورەیەدا
کە موسوڵمانان بەدەستیان هێنا، بەڵام موسوڵمانان لە سەرەتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی زۆر لاواز
بووبوون بە هۆکاری مردنی هەردوو سەرکردەی لێهاتووی ئەم ئومەتە صەلاحەدینی ئەیوبی کە
فەرمانڕەواکەی دابەشکرا بەسەر کوڕەزاکانیدا و مردنی مەنسووری موەحیدی دەسەڵاتی ئەویش
پارچە پارچەی تێکەوت، وە لەهەمان کاتدا خاچ پەرستانیش زۆر لاواز بووبوون بەهۆکاری ئەو دوو
جەنگەیان لەگەڵ موسوڵمانان کە بە هەزارەهایان لێ کوژرا بوو، هیچ توانیەکیان نەما بوو بەسەر
دەوڵەتی موسوڵمانان دا.
ئەمە رەوشی جیهان بوو لە سەرەتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی دا.
بەڵام لەو نێوەندە دا هێزێکی زۆر سامناک دەرکەوت کە بریتی بوون لە تەتار کە پارسەنگی
هەموو هێزەکانی گۆڕی یاخود باشتر بڵێین هەموو جوگرافیایی ئەو دەمەی جیهانی گۆڕی، کە
بوو بە هێزی یەکەم لە جیهاندا، کە خۆی سێیەم هێز بوو دروست بوو بە هۆکاری لاوازی ئەو
دوو هێزەی تر. ئەم هێزەیەش وەک پێشتر ئامازەمان بۆ کرد بریتین لە تەتار ومەغۆل کە لە
سەرەتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی سەری هەڵدا.

بگەڕێینەوە بۆ ئەم زەمەنەی کە تێیدا دەژین:
لەدوای روخاندنی خیلافەتی عوسمانلی دوو دەسەڵاتی زۆر گەورە دەرکەوتن کە زۆربەی
جیهانیان دابەش کرد بەسەر خۆیاندا ئەو دوو هێزە بریتی بوون لە ئیمپراتۆریەتی نازی ئەڵمان
لەگەڵ دەوڵەتی بەهێزی ستالین-ی لەگەڵ پەیمانییەکانیان کە بەدرژای چەند ساڵێک لەگەڵ
یەکتریدا جەنگیان کرد تا لە کۆتاییدا دەسەڵاتی هێزی نازی هیتلەری شکستی خوارد و ستالین
سەرکەوتن بەدەست هێنا وە فەرمانڕەوای روسیایی کۆمەنیستی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە
جیهاندا بوون بە هێزی یەکەم لە ناوچەکەدا ئەتوانین بڵێین لە هەموو جیهاندا، وە ئەم
دەسەڵاتەش هەر بەردەوام بوو تا سەردەمی خرۆشۆف و روخاندنی دیواری بەرلین، ئەم
دەسەڵاتەش وردە وردە ئەستێرەی کشا تا بە تەواوەتی خۆری کۆمەنیستی لەگەڵ خۆی ئاوا کرد.
لەدوای ئەم قۆناغە هێزی سێیەم دەرکەوت کە ئەم هێزەش بەتەواوەتی بوو بە هێزی یەکەم
لەسەر زەوی کە بریتیە لە ئەمەریکا، کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا لەدوای درووست بوونیەوە زۆر

ئەستێرەی بەرەوئاسمان هەڵكشاو ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوو بەردەوام ئێستاش هێزی یەكەمە لەسەر زەویدا، كە هاوشێوەی دەوڵەتی تەتار و مەغۆل دەركەوت، كە هەردووكیان زۆر بە سەیری پەرەیان سەند و بڵاو بوونەوە. ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتایی سەدەی حەوتەمی كۆچی بزانین تەتار چی كرد بە مرۆڤایەتی.

## تەتار و مەغۆل كێن؟

تەتار لە ساڵی ٦٠٣ بە تەواوەتی دەركەوت هێزی خۆی سەپاند بەسەر هەموو جیهاندا، لەسەرەتا تەنها لە وڵاتی مەنگولیا ئێستا دەركەوت كە دەكەوێتە باكووری چین وە وە ئەم دەوڵەتە پێشتر هەبوون وەک گروپ و هۆز دەركەوتبوون تا سەركردەیەک دەستورێكی بۆ نووسین بەناوی تیمۆجین ناسراو بە جەنگیزخان دەستورە كە ناوی یاسق (یاسک،یاسە) كەم سێ ناوەی هەیە بەڵام كورد زیاتر یاسق بەكار دێنێت، جەنگیز خان پیاوێكی سەربازی و خوێن ڕێژ و چاو نەترس بوو، توانایەكی زۆر بەهێزی هەبوو لە كۆكردنەوەی خەڵكیدا وردە وردە دەستی كرد بە گەورەكردنی فەرمانڕەواییەكەی وە سنوری وڵاتی مەنگۆلیا لە ڕۆژهەڵاتی كۆریاوە دەستی پێ دەكرد تا سنوری وڵاتی خەواریزم لە ڕۆژ ئاوا وە لە باكووری سیبریاوە دەستی پێ كرد تا ڕووباری چین لە باشوور.

وە خەڵكی ئەم وڵاتە زۆر لاواز بوون لەسەرەتاوە، بەڵام توانرا هەموو گەل هۆزەكانی تورک لە مەنگۆلیا كۆبكرێتەوە لەگەڵ تەتار تا توانایەكی مرۆیی زۆر گەورەی تێدا دروست بوو، ئەم دەوڵەتە دەچون خەڵكیان بەزۆر دەگرت دەیان كردە كۆیلە پاشان دەیانكردە سەرباز یان وڵاتێدان پێ ئاوەدان دەكردەوە. هەر هۆزێكی تر لەگەڵ دەستوری جەنگیزخان نەبوایە ئەوا جینۆساید دەكران و هەموویان بە منداڵ و ژن پیاو پیریان دەكوژران.

با باسێكی كورتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەریكای ئێستا بكەین كە چۆن دروست بوو؟

لە دوای گەشتێكی دوورو درێژ (كریستۆفەر كۆڵۆمبوس) لە ساڵی ١٤٣٩ی زاینی كە ویستی بڕوات بەرەو هندستان لە ئیسپانیاوە، بەڵام لە دوای ماوەكی زۆر كە بە ئاراستەیەكی هەڵەدا دەریایی بڕی بوو تا خۆی لە وڵاتی ئەمەریكادا بینیەوە لە دوای گەڕانی بە ناو وڵاتەكە دا بۆی دەركەوت كە ئەمە قاڕەیەكی تازەیە زۆر پێشوازی لێ كرا لە لایەن هیندە سوورەكانەوە كە ئەم وتەیە لە ساڵی ١٦٠٧ی زاینی لە لایەن مێژوونووسی بە ناو بانگی فەرەنسی كە ناوی جۆن سمث-ە و بە فەرمانی پاشایی فەڕەنسا ناردی بۆ ناوچەكە، تا لێكۆڵینەوەی لە سەر بكات كە پاشای ئەوكاتەی فەڕەنسا ناوی جیمس یەكەم بوو لەگەڵ سێ بەلەمی گەورە ڕەوانەی كردن، بەڵام زیاتر مەبەستمان كۆڵۆمبوسە كە گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا هەواڵی دایە پادشای ئیسپانیا ئەو كات ئیسپان و فەڕەنسا سەرقاڵبوون بەشەڕی قودسەوە بۆیە زۆر باری ئابووری هەر دوو وڵات بەرەو ڕوخاوی دەڕۆشت بڕیاریان دا كە بگەڕێنەوە بۆ ئەمەریكا تا ئاڵتون بە دەست بێهنن، بەڵام لە خاكی ئەمەریكادا لێیان دەبێت بە شەڕ لە گەڵ هیندەكاندا برایەكی كۆڵۆمبوس دەكوژرێت ئیتر شەڕ گەرم دەبێت لە نێوانی تاقمی كۆڵۆمبوس و هیندەكان تا دەگەڕێنەوە بۆ ئیسپانیا.

پاشان بە ناوی ئەوەی خەڵکی ئەمەریکان بکەن بە مەسیحی خاچ و وێنەی بە ناو عیسا کوڕی مەریەم هەڵدەگرن و دەڕۆن بۆ بەمەسیحی کردنی خەڵکی ئەو قاڕەیە، کە دەگەنە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار لەگەڵ گەل و هۆزێکی هیندە سوورەکان دەکەونە گفتوگۆ کە ناویان بویلبوسە کە زاناى بە ناو بانگی ئەڵمانی کلودلیفی شتراوس کە پرۆفیسۆرە لە بواری (ئەنتۆلۆژیا) واتا زانستە مرۆییەکان دەڵێت: بەم شێوەیە کە وەک خۆی وەرم گێڕاوە کە لە ئینسایکلۆپیدیای نەرویج وەرم گرتوە (نووسەر) دەڵێت کاتێک ڕۆشتن خەڵکی سوور لە شەیتان دور بخەنەوە کەچی خۆیان بوون بەشەیتانی سپی پێست! واتا شەڕێکی گەورە ڕویدا پاشان خەڵکەکە هەمووی لە ناو بران ئەوەی تاقەت بوو بە زۆر هێنایان بۆ ئەورووپا و منداڵەکانیان لە بازاڕەکانی ئەورووپادا فرۆشت لە هەموو لایەکەوە لە ئەورووپا بۆ لە ناوبردنی هیندە سوورەکان دەڕۆشتن بە تایبەت لە ئیسپانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، پۆڵەند، ئینگلتەرا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا تا شەڕ لەگەڵ خەڵکەکەیدا بکەن پیاوەکانیان دەکوشتن و ژنەکانیان ئەگەر جوان بونایە ئەوا وەک کۆیلە بۆ خۆشیەکانی خۆیان بەکاریان دەهێناو پاشان منداڵەکانیان دەفرۆشت کە گەورە دەبوون کاریان پێ دەکردن تا مردن وە لە ساڵی ١٦٤٩ی زاینی بە فەرمی کەنیسە بڕیاری دا لە دژی هیندە سوورەکان کە ناوزرا بەهارتیقە دەبێت بکوژرێن و لە ناو بچن ناونران بە شەیتانی سوور هارتیقە واتا ئەو کەسانەن کە دژی کەنیسە دەوەستنەوە. لە ساڵی ١٦٥٥ی زاینی دوو دەسەڵاتی مەسیحی کردیانە شەڕ بۆ ماوەیەکی کاتی کوشتنی کۆمەڵ کوژی هیندەکان ڕاگیرا وە لە ئەورووپا بە هەمان شێوە شەڕ دەستی پێکرد لە نێوانی پرۆتستانت و کاتۆلیکەکاندا وە لە خاکی ئەمەریکادا زۆربەی پرۆتستانتەکانی تیاچون و ڕایان کرد لە دەستی زوڵمی کاتۆلیکەکان تا بە تەواوی خەڵکی پرۆتستانت لە ئەمەریکادا جێگیر بوون کە زۆریان وابەستە بوون بە ئاینەکانەوە!

دروست بوونی ئەو ژیارە گەورەیە کە ئێستا ئەمەریکا خۆی پێوە با ئەداو ناوی ناوە ژیارەی دیموکراسی بە لە ناوبردنی ملیونەها هیندی سوور کە بە ئێسقان وخوێنی ئەوان ئەم ژیارەیان دروست کرد لە ساڵی ١٧٧٦ی زاینی بە تەواوەتی ئەم ئەمەریکایەی کە ئێستا هەیە دامەزرا کە تەمەنی نزیکەی ٢٥٠ ساڵێک دەبێت وە بەخوێنی ئەو هەموو هیندە سوورانە دروست کرا کە هەموویان لە ناو بردن یان بە زنجیر دەیانبەستنەوە و کڕین و فرۆشتیدان پێوە دەکردن لە کاتێک دا کە هیندەکان پێش ١٢٠٠ ساڵ لەو ناوچانە جێگیر بوون کە دانیشتوانەکەی لە خاکی ئەمەریکادا دەگەیشتە ٥٠ ملیۆن خەڵک یان مێژوونووسان دەڵێن خۆی ئەیەدا لە نزیکەی ٨٠ ملیۆن خەڵک، ئێستا لە ناو خاکی ئەمەریکادا کە ڕێژەی ئەم گەل وهۆزە ناگاتە ٢ ملیۆن کەس خاکێک بەو شێوە بونیاد نرا بێت ژیاری تێدا دروست کرابێت دەبێت چاوەڕێ چی بین لێی کە ئێستا وا نیشان دەدات کە هیندە سوورەکان هیچیان نەزانیوە ئەمان هاتوون فێری دیموکراسیان کردوون لە ناوچەکەدا بە دیموکراسیەکەیان ئەو گەل هۆزەیان لە ناو برد!

هیچ ئاستەم نیە بەلای ئەمەریکاوە کە ئەو هەموو خەڵکە لەناوبات بۆ ئەوەی تەنها دوو ملیۆن دیموکراسی بێ! ئەوانەی کە هاتوون کوردستان و عێراق ئازاد بکەن باو باپیرانیان ئەو کەسانە بوون!

ئەوانەیە کەسانێک بپرسن خۆ ئەو زەمەنە بە سەر چوو گرنگ دوای ئەوەیە؟

## جینۆسایدی هیندە سوورەكان

مێژوونووسان بە زەمەنی كۆیلە و بەندە لە ئەمەریكادا ناو زەندی دەكەن، كەسێكی وەك (كارلهاینتس دشنر) كە مێژوونووسێكە ئەم قۆناغەمان بۆ دەست نیشان دەكات لە كتێبی (Karlheinz Deschner Der Moloch Eine kristsche Geschichte der USA) دەڵێت:

لەدوای لە ناوبردنی هیندە سوورەكان قۆناغی بەندایەتی لە ئەفریقا دەستی پێ كرد.

لە دوای ئەوەی كە ئەم ئاغاو دەسەڵاتدارانە دەستیان گرت بە سەر ئەمەریكادا پێویستیان بەوە بوو كە خەڵكانێك زیاریان بۆ دروست بكات شەقامەكانیان بۆ پاك بكاتەوە وە لەماڵەكانیاندا خزمەت كاریان هەبێت تا خزمەتی خامەكانیان و منداڵەكانیان بكات بۆ ئەم مەبەستە روویان كردە خاكی ئالتونی ئەفریقا بە زنجیرو بەستنەوەیان ئەفریقیان دەگواستەوە بۆ ئەمەریكا، وە هەروەها لە شەودا قەفەسی گەورەیان ئامادە دەكرد وە ماڵ و خێمەكانیان دەسوتاندن تا راكەنە دەرەوە پاشان بە خنجەرو باروت دەیان گرتن و رایان دەگواستنەوە بۆ ئەمەریكا كە لە ٧٠٪ خەڵكەكە دەمردن تا دەگەیشتنە جێگەی مەبەست وە بە زنجیر دەیان بەستنەوە لە جێگەیەك تا دەگەیشتنە خاكی هیوا كە ئەمەریكا بوو، جاری وا هەبوو بە چەند مانگێك دەگەیشتن.

لەو زەمەنەی كە راوی ئەفریقیەكان دەستی پێكرد ئەوان لەو كاتەوە ئیرهابین و خوێنی گەلانی تر دەمژن بۆ پێگەیشتنی خۆیان ئەگەر ئەمە مێژووی زێرینیان بێت ئەی خاك بەسەر كورد و كوردستان كە ئەمڕۆ بە هاو پەیمانی دەزانن.

بەم ئامارەی، كە لەبەر دەستدایە دەڵێت زیانی گیانی ئەفریقییەكان گەیشتە زیاد لە ٢٠ ملیۆن كەس!

بەمە دەمارگیری و ناڕەحەتی خستە نێوان رەش پێست و سپی پێست كە بۆ دامەزراندنی وڵاتی دیموكراسی ئەو هەموو خەڵكە لە ناو چوون و رەشەكان هەڵسان بە كشتوكاڵ و بەخێوكردنی مەروماڵات و وێسگەی شەمەندەفەر و باڵەخانەی بەرز و تا زیاری ئەمەریكایان دامەزراند ئەمەریكا بوو بە ئەمەریكای دیموكراسی!

خەڵكانێك لەوانەیە بپرسن ئەی بۆ باسی سەدەی بیستەم ناكەیت كە ئەمەریكا چۆن دیموكراسی بڵاو كردەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: خەڵكانێك وا هەست دەكەن كە دەمارگیری بە گوێرەی قۆناغەكانی مێژوو كۆتایی دێت، ئەمە لە راستیدا واییە؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو رێك پێچەوانەی ئەمە دەبینین! چۆن؟

ئەمەریكا یەكەم دەوڵەتە كە چەكی ناوەكی و كۆمەڵ كوژی بەكار هێنا بێت، بێجگە لەو كەسێكی تر پێش ئەو بەكاری نەهێناوە هەر ئەمەریكا بوو لەساڵی ١٩٤٥ دا دوو ناپاڵی بەكار هێنا بەرانبەر بە دوو شاری سڤیل كە (هیرۆشیما و ناكازاكی) بوون كە لە ماوەی یەك خولەك دا هەشتا هەزار كەس لە منداڵ و پیرو جوان تیداچون وە بە سەدەها هەزار خەڵكی كەم ئەندامی تێدا دروست بوو، كە بەردەوام ئەوەی لە دایك دەبێت لەو دوو شارەدا كاریگەری تیشكی ناوەكی لە سەرە.

سەیرە كە فرمێسكی تیمساحاوی دەڕێژێت بۆ كۆڕێكی بە كۆمەڵ كە ٣٠-٤٠ كەسی تێدایە ئەی كوژە بەكۆمەڵەكانی هیرۆشیما و ناكازاكی؟!

لە ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ کوریا شەڕێکی تر روی کردە شەڕێکی تر لە ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ
پاشان کە لە شەڕی هیرۆشیما و ناکازاکی دەرچوو رووی کردە شەڕێکی تر لە ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ
کوریادا کە زیاد لە سێ ملیۆن کۆری بە دەستی ئەمەریکایەکان تیداچون و کوژران ئەی وڵاتی
دیموکراسی ئاشتی ئازادی بردە ئەو وڵاتانە تا دڵمان پێی خۆش بێت بۆ کوردستان و عێراق و
ئەفغانستان!

پاشان لەوێ لە دوای ئەو هەموو کوشتارە روی کردە ڤێتنام لە ساڵی ٢٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧٣ نزیکەی
چوار ملیۆن خەڵکی کوشت لە ماڵی خۆیان لە خاکی خۆیان، ئایا بۆ دامەزراندنی دیموکراسی بوو
مافەکانی مرۆڤ بوو؟

شەڕی ڤێتنام بە گەورەترین شەڕی کۆمەڵ کوژی دادەنرێت لە جیهاندا!!
پاشان رووی کردە وڵاتی موسوڵمانان مێژوویەکی رەشی بۆ خۆی تۆمار کرد کە بەیارمەتی
سەهیۆنییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ١٩٦٧ گەورەترین قەساب خانەی ساز دا بۆ موسوڵمانان لە
( بحربقر و قانا) زۆری تر لە دێهاتەکانی فەڵەستینی خۆشەویستدا پاشان هەر لە ئۆکتۆبەری
ساڵی ١٩٧٣ دا شەڕێکی سازدا بە هەزاران موسوڵمان تیداچون لە شەڕی رەمەزان دا وە لە دوای
ئەوە لە ساڵی ١٩٨٢ دا ناپاڵێکی بەکار هێنا کە نێودەڵەتییەن قەدەغەکرا بوو بەرانبەر بە لوبنان
بەکاری هێنا، بەڵام ئەگەر بەرانبەر موسوڵمان بێت هیچ کێشەیەک دروست ناکات!

لە هەمووی سەیر تر ئەوە بوو کە ئەمەریکا هات بۆ لێدانی عێراق بۆ لە ناو بردنی چەکی کۆمەڵ
کوژی کەچی خۆی چەکی یۆرانیۆمی بەکار هێنا کە ئەو چەکە لە هەمووجیهان قەدەغە کرابوو
کە ئێستا کاریگەری هەیە لە سەر ناوچەکە تەنانەت مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی لێکۆڵینەوەی
کردبوو لەسەر ئەو تیشکە کە خۆی شارەزایی هەیە لە فیزیای ئەوەوی دا ئیتر دەسەڵاتدارانی
ئێمە چۆن خۆیان بە هاوپەیمانی هێزێکی وا بەربەری دەزانن بە راستی سەیرەو شەرمە.

وە بە نهێنی چەکی کۆ کوژی دا بە ( میلۆسۆڤیچ) کە لە خاکی کۆسۆڤۆ بە کاری هێنا کە لە
جیهان دا ئەم جۆرە چەکە قەدەغە کرابوو بە هەزاران خەڵکی موسوڵمانی ئەلبانی نەژاد کوژران
کە رۆژنامەکانی ئەمەریکا خۆیان دانیان بەوەدا ناوە تا یەک ملیار ساڵی تر کاریگەری دەبێت
لەسەر زەوی!

جارێ با وێران کردنی ئەفغانستان بوەستێت کە بە ملیۆن خەڵکی ئەفغانی لەژێر داگیرکەرێکی
وەک ئەمەریکا دەناڵێنن، با شەڕی فەلوجە بوەستێت و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان لە عێراق کە
هۆکارەکەی داگیرکەری ئەمەریکایە.

بگەڕێینەوە بۆ باسی مێژووی تەتار
لەڕووی سەربازیەوە تەتار زۆر بە خێرایی بەرفراوان دەبوو وە خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت بوون
کە تایبەت بوو بە خۆیان.
یەکەم: زۆر بە زووی بڵاو دەبوونەوە.
دووەم: هێزێکی پارسەنگ لە رووی سەربازیەوە ئامادەکردنی هەموو جۆرە چەکێکی سەردەم و
چەک کردنی سەرباز و سەربازگەکانی لەگەڵ پلانی زۆر بە هێز و سەرکردەی سەربازی زۆر ناوازە.
سێیەم: زۆری خەڵکی تەتار و مەغۆل واتا سەروەتی مرۆیی.

چوارەم: سوپایەكی بێ دڵی خوێنڕێژ، ئارەزوویان تێكدان بووە لە مێژوو دا كە باس دەكرێت دەڵێن چونە فلانە جێگە و شار هەموویان تێكدا و خەڵكەكەشیان هەمووی كوشت، هیچ جیاوازیان لە نێوانی منداڵ و گەورە و پیر و ژن و جوان نەدەكرد، ئارەزوویان بوو جیهان تێك بدەن خەڵكی بكوژن".

پێنجەم: هەموو كەسێك و بۆچوونێك لای ئەوان وەرنەدەگیرا تەنها خۆیان قبوڵ بوو، سیاسەتی یەك قوتبیان پیادە دەكرد كەس لە من بەهێزتر نیە دانووستان لەگەڵ كەس ناكەم، كێ دوام دەكەوێت بە دواكەوتوو قەبووڵمە، وە ئەوەی كە هەموو لایەكی سەرسام كردوە هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان دەكرد، ئێمە بۆ دەچینە ناو وڵاتان بۆ ئەوەی ئازادی و یەكسانی و خۆشنودی وە دین بڵاو بكەینەوە زوڵم خراپەكاری نەهێڵین!

شەشەم: هیچ پەیماننامەیەكیان نەدەبردە سەر هەر پەیماننامەیەك لە نێواندا هەبووایە هەرگیز جێبەجێ نەدەكرا و خەڵكێكی درۆزن وە خاوەن پەیمان نەبوون.

حەوتەم: سوپایەكی داوێن پیس هەرچی داوێنی ئافرەتان بوو بەزاندیان تەنانەت ئافرەتەكانی تەتار لەگەڵ پیاوە موسوڵمانەكان بە زۆر رایان دەبوارد لە كۆتایدا بە ئازارەوە دەیان كوشتن، وە پیاوانی تەتار لەبەردەم باوكدا لەگەڵ كچەكەیدا رایان دەبوارد لەبەر چاوی مێردەكانیش لەگەڵ ئافرەتان رایان دەبوارد تەنانەت لەگەڵ منداڵانی موسوڵمان داوێن پیسیان دەكرد دوایی هەموویان دەكوشتن بە ئاشكرا لەبازاڕەكاندا ئەو كارانەیان ئەنجام ئەدا". لە وڵاتی خۆشیان لە ناو مەنگۆلیا حاڵ و باریان هەروەك سوپاكەیان چۆن بوو لە ناوخۆشدا بە هەمان شێوە بوون هیچ بەهایەكی رەوشتی دەست نەدەكەوت لە وڵاتی مەنگولیا كە نێربازی، منداڵبازی و داوێن پیسی سیمای ئەو دەوڵەتە بوو وە بەهەمان شێوە بەردەوام جینایەتی لەو وڵاتەدا زۆر پەرەی سەندبوو ئەوەی لە گەلی هۆزی تەتار یاخود مەغۆل نەبووایە هیچ ئەرزشێكیان بۆ دانە ئەنان ئەوانیان وەك كۆیلە سەیر دەكرد وە ئەم دوو هۆزە تورك بوون، چونكە جەنگیزخان لە هۆزی مەغۆل بوو زیاتر گرنگی بە مەغۆل ئەدرا.

با بێینەوە بۆ باسی وڵاتی ئەمەریكا بزانین ئەوان سوپاكەیان چۆنە باری كۆمەڵایەتیدان چۆنە؟ دەبێت خوێندنەوەیەكی دەروون ناسیمان هەبێت بۆ سەربازی ئەم وڵاتە تا باش بیان ناسێنین كە ئەمانە كێن؟ دیارە مەبەست ئەمەریكایە.

با بپرسین بۆ لەزەت وەدەگرن لە ئازار و ئەشكەنجەیەی كا ئازاری زیندانیانی ئەبوغرێبیان دا بەو شێوە ناشرینەی كە بینیمان لەسەر بنەمایی سێكسی وە لە گوانتانامۆ سەربازەكان لە بەرچاوی گیراوەكاندا كاری سێكسی دەكەن وەك رۆژنامەی دەیلی نیوز باسی كرد، بەڵام بەرپەرچ درایەوە

---

" مێژوونووسی بەناوبانگ موفق عبداللطیف لە (خبر التتار): وكأن قصدهم إفناء النوع، وإبادە العالم، لا قصد الملك والمال

" بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە دەتوانیت بگرێیتەوە سەر هەردوو كتێبە بەناوبانگەكەی ئیبنو ئەسیر جزری كامل في التاريخ و البدايه والنهايه ئیبن كەسیر كە بە درێژی باسی رەوشی ئەو دەمە دەكەن، كە ئەوەی من باسمان كردوە تەنها مشتێكە لە خەروارێك.

ئەزموونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان دەم دەخەنە ناو دەمی یەک دی ک
لە لایان وەزارەتی ناوخۆی ئەمەریکا کە پیاو لەگەڵ پیاوەکان
لە لایان وەزارەتی ناوخۆی ئەمەریکا کە داخرا ئێستا بە ناوێکی تر کار دەکات.
بە وێنەوە بڵاو کرایەوە پاشان ڕۆژنامەکە داخرا ئێستا بە ناوێکی تر کار دەکات.
ئەگەر مێژوویەک بەو ڕەشیی و ناشیرینە هاتبێت بەلامانەوە سەیر نەبێت کاری زۆر لەوە خراپ
ڕوویدات! بۆیە لێرەدا دەمانەوێت باسێکی ڕەوشتی سەربازەکانی ئەمەریکا بکەین لە ڕووی
پەروەردەییەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین هەموو کەرەسەکانی ئازاردانی زیندانیان لە گۆنتانامۆ و لە ئەبوغرێب و
زیندانەکانی ڕۆکی کۆن زۆربەی زیندانەکانی تریان لە سەر بنمایی سێکسیە!
لەهەمان کاتدا ئەگەر سەیری کۆمەڵگایی ئەمریکی بکەین ئەنجامێکی سەرسوڕێنەرمان بۆ
دەردەکەوێت لە زمانی خۆیان وئامارەکانی خۆیان!

لە شارەکانی وەک لۆس ئەنجلس، شیکاگۆ، سانفرانسیسکۆ و نیۆرک لە ٨٠٪ منداڵان کە تەمەنیان
لە خوارووی هەژدە ساڵە هەموو بە کاری سێکسی سەرقاڵن و خەریکی زینان واتا ئەو نە
کەسانەی کە لە ٨٠٪ی منداڵان پێک دێنن لەو وڵاتەدا. لە شارو لادێکان دا بە کەمتر سەرژمێری
کراوە کە ئاماژە بۆ ٣٣٪ دەکەن ڕێژەکە لە جێگە بچووکەکاندا کەمتر دەبێتەوە. کەواتە شەریف
ترین جێگەکانیان لادێکانیانە کە لە ٣٣٪یە.

لە سەرتا سەری ئەمەریکادا سەر ژمێری کراوە کە منداڵەکان کە تەمەنیان لە خوارووی هەژدە ساڵە
لە ٥٥٪خەریکی زینان!

وە ئەم ڕێژەیە لە ناو زانکۆ کە باسی دەکات لە ٩٠٪ یە لە هەموو ئەمەریکا دا.
لە هەمووی سەیرو سەمەرە تر لە ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠٧ هەموو ساڵێک یەک ملیۆن و بیست
و پێنج هەزار کەس منداڵی لە ناو بردوە بەبێ ئەوەی کە بزانن باوکیان کێیە!

## بەڵگە لەسەر ئامار و ژمارەکان US today

زۆربەی لەو خێزانانەی ئەمەریکا نازانن باوکیان کێیە، واتا خێزانن و باوک لە ماڵدا نییە، هێندە
باوک نابینرێت کە لە ٢٤٪خەڵکی ئەمەریکا واتا چواریەکی سەربازانی ئەمریکی بێباوکن، وە لە
٦٠٪ خەڵکی ئەمەریکا ناپاکی لەگەڵ خێزانەکانیان دەکەن، یان بە پێچەوانەوە ژنان ناپاکی لەگەڵ
پیاوانیان دەکەن، وە لە ٢٦٪ دانیشتوانی تووشی نەخۆشی بوون لە ڕێگەی کاری سێکسییەوە بە
هۆکاری کاری سێکسی ناشرعیەوە وە لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣ لەماوەی ئەو دە ساڵەدا هەموو
ساڵێک بەکۆی گشتی ٢٨٠ هەزار ڕوداوی دەست درێژی دەکرێتە سەر دانیشتوانی ئەمەریکا لە
لایەن خەڵکی خۆیەوە بێجگە لەوەی کە زینا دەکرێت بە ڕەزامەندی هەردوولا ئەمە لەو
سەرچاوەیەوە وەرگیراوە کە ئاماژەمان پێکردوە، بەڵام با بزانین ئەمەریکا خۆی بە فەرمی لە
دەزگەکانی خۆیەوە چی دەڵێت؟

ڕاپۆرتی وەزارەتی دادی ئەمریکی دەڵێت: ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە، بەڵام لە ساڵی
١٩٩٢ بە دواداچونیان لە سەرکردوە تەنها لە دە ویلایەتی ئەمەریکادا، شایانی باسە ڕاپۆرتێک بۆ
ئەمرکییەکان خۆیان زۆر نارەحەت بوون پێی کە دڵێت لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە نزیکەی چواریەکی
ئەمەریکا کە دەست درێژیان دەکرێتە سەر منداڵانی دوانزە ساڵن، ئاگادار بن تەنها باسی دە

ویلایەت دەکەین وە لە هەمووی ناهەموار تر لە ٪٢٠ ئەو منداڵانەی کە دەست درێژیان دەکرێتە سەر لە لایەن باوکیانەوەیە!

ئەگەر سەرنج بدەن ئەم راپۆرتە راپۆرتێکی فەرمیە هەندێ جار لە بەر رای گشتیی کارەکان وەک خۆی نیشان نادەن دەیشارنەوە وە لە ٪٥٤ بەهۆی نزیکەکانیانەوە دەست درێژی دەکرێتە سەریان وە لە ٪٢٢ لە رێگەیی ناسینەوە وە لە ٪٢ لە رێگەیی نا ئاشانایی هەروا دەست درێژی دەکرێتە سەریان، ئەم وڵاتە هەموو گیانیان کێشەیە لە ناوخۆی خۆیان!

خوێنەری ئازیز وەرە با بپرسین لە هزری خۆمان

ئەگەر سەربازێک لە ناو خاک و نیشتمانی خۆی لە ناو کەس وکارو خۆشەویستانی خۆی ئەمە کارو فەرمانی بێت ئاوا هەڵسوکەوت بکات پێت وایە لەگەڵ دوژمنەکەی کە موسوڵمانە و خاکی عێراقی داگیر کردوە داخۆ دەبێت چۆن رەفتار بکات و ئازاری زیندانیان و نەوەکانی بدات؟

ئارەزوە شازەکانی سێکسی "الشذوذ الجنسي":

پزشکە دەروونییەکان لە ئەمەریکادا ئەو ئارەزوە شازە سێکسیانە لە سەرەتادا بە نەخۆشیەکی دەروونی دەزانی وەک رابواردنی پیاو لەگەڵ پیاو مارەکردنیان لە یەکتری، وە مارە کردنی ئافرەت لە ئافرەت، وە مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ دا، بەڵام لەم دوایەنەدا لە ئەنجامی بڵاوبونەوەی ئەم هەموو کارەساتانەدا ئێستا لە کۆمەڵگایی ئەمریکی بووە بەکارێکی ئاسایی تەنانەت لەگەڵ کولتووردا وا تێکەڵ دەبێت. سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بیل کلینتۆن بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی بە هێز بکات لە هەڵبژاردنەکاندا تا خەڵکی زیاتر دەنگی بۆ بدەن بە ئاشکرا رایگەیاند کە لە ناو سەربازانی ئەمریکی دا رێگەی زیاتر دەکاتەوە بۆ ئارەزوە شازە سێکسیەکان وە ئەم وتارەی سەرۆکی ئەمەریکایی وا لێکرد کە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بهێنێت!

خوێنەری زێدە ئازیز...

ئەم کارە سێکسیە شازانە وای لێهاتووە لە ئەمەریکادا بۆتە کێشەی نەتەوەی ئەمەریکا تەنانەت لە ناو سەربازاندا رەگی داکوتاوە بۆتە کارێکی حەقی، بۆیە سەرۆکی وڵات باسی لەسەر دەکات پێگەی خۆی پێ بەهێز دەکات.

لە هەموو ئامارەکانی جیهاندا هاتووە کە ئەمەریکا یەکەم دەوڵەتە کە لەناو سەربازەکانیدا وە لە ناو زیندانەکانیدا کە کاری شازی سێکسی دەکرێت وە هەندێک لە کڵێساکانی ئەمەریکا بە ئاشکرا پیاو لە پیاو مارە دەکەن وە کارەکە فەرمیە! لە ویلایەتێکی وەک ماساشوتس کە لەدەستورەکەیدا هاتووە دەڵێت پیاو لە پیاو مارە دەکرێت واتا کاری یاسایی بۆ کراوە بە فەرمی لەڤزی زەواج وە هەموو پێداویستی مارەکردنە کە ئامادە کراوە لە دەستوردا وەک جیابونەوە وە میراث.

لەو ئامارانە دەری دەخەن کە دانیشتوانی ئەمەریکا بە نێرو مێ وە توشی جۆرەکانی ئارەزوی سێکسی بوون خۆی ئەدا لە پەنجا ملیۆن کەس! کە حەڤدە ملیۆنی لە ناو هێزی سەربازی ئەمەریکادایە!

لە تازەترین ئاماردا هاتووە کە ژمارەی توشبوانی نەخۆشی ئایدز لە ئەمەریکا ملیۆنێک و سەد هەزار کەسە کە دەناڵێنن بە دەست نەخۆشی ئایدزەوە وە تا ئێستا نیو ملیۆن خەڵک مردون بەو نەخۆشیەوە بەردەوامیش تا ئێستا ساڵانە ٥٧ هەزار کەس تووش دەبن کە تەمەنی تووشبوان لە نێوان ٢٥-٥٤ ساڵیە، لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەدا تا ئێستا لە ئەمەریکادا کاری سێکسی لەز کارێکی رێگە پێدراوە دانیان بە ئاشکرا پیادا ناوە!

جیاوازیەکی ئەو تۆ نیە لە نێوان ئەوروپا و ئەمەریکادا وە سەربازانی ئینگلیز بە هەمان کرو فەرمانیان هەیە جیاوازی لەنێوانیدا زۆر کەمە تەنانەت لە ئەوروپادا هەموو ساڵێک کۆنگرەی بۆ دەبەسرێت لە ئەمستردام پایتەختی هوڵەندا کە زیاد لە یەک ملیۆن کەس لە هەموو جیهان کۆدەبنەوە بۆ ئەو کۆنگرەیە وە لە هەموو وڵاتەکانی تردا وەک ئەڵمانیا، نەرویج، دانیمارک، سوید نەمسا، بەلجیکا، فەرەنسا، دەیان وڵاتی تر کە خۆپیشاندان دەکرێت پیرۆزی دەدەن بە کارەکەیان وە ئەم خۆ پیشاندانە هەمیشە لە هاوینی ساڵ دا دەکرێت!

تەنانەت ئەم خەڵکەی کە ئارەزوی جۆرە لەزەتە سێکسیەکانی هەیە بەرنامەی تایبەتیدان هەیە وە هەندێک کەرەستە بەکار دێنن کە چەندەها بازاڕو دوکانیان هەیە بە ئاشکرا خەڵکی رووی تێدەکەن بە تایبەت لە ئەمەریکا و ئەوروپا بەگشتی کە لە دوکانەکان دا زنجیر و حەبل و کورسی تایبەت و قامچی و دەیان کەرەسەی تر کە بەکاردەتهێنرێن بۆ ئەو کارانە، وە ئەم کارانەی کە باسمان کرد هەموو لەناو سەربازانی ئەمریکیدا دەبینرێت!

ئەمە ئاکاری رەوشت بەرزی سەربازەکانی ئەمەریکایە و کە چۆن توشی نەهامەتی سەر لێشێواوی بوون گردە پیاوانی ئێمەش تازە بە تازە دەیانەوێت ببنە هاوپەیمانی خەڵکێکی کەم رەوشت، ئایا پێتان وایە هێزێکی گەورە بەو شێوەیە دامەزرابێت خێر بداتەوە بۆ دوژمنەکانیان کە ئێمەی موسوڵمانین، ئەم پرسیارە بۆ هاوپەیمانەکانیانە؟!

جیاوازیەکانی نێوان رەش پێست و سپی پێست لەگەڵ خەڵکی ئاسیا لە وڵاتی ئەمەریکایی دیموکراسی.

دەست پێکردنی دەمارگیری لە ناو سوپاو سەربازانی ئەمریکی چۆن دەستی پێکردوە لە کۆمەڵگای ئەو وڵاتەدا چۆن سەری هەڵداوە هەروا کاریگەری لە سەر سوپایی ئەمەریکا کردوە لە وڵاتە یەککرتوەکانی ئەمەریکادا جیاوازێکی زۆر هەیە لە نێوان سپی و رەش پێست دا کە لە سەرەتا دا ئاماژەمان بۆ کرد لە دەستپێکی هێنانی ئەفریقیەکان ناونرا بە سەردەمی کۆیلە وەک مێژوو نووسەکان باس لێوە دەکەن کە لە زۆربەی باخچە وشوێنە گشتیەکان وەیان لە زۆربەی چێشتخانەو رێستورانتەکاندا نووسرا بوو هاتنە ژوورەوەی رەش پێست و سەگ قەدەغەیە!

هەرچەندە لە دەستوری ئەمەریکادا هیچ جیاوازیەک لە نێوانی رەش و سپی پێست و جیاوازی ئاینی و رەگەزی رەت دەکاتەوە، بەڵام ئەو جیاوازیە لەم سەردەمەداو لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا بەئاشکرا دەبینرێت کە کەرەکی سپی پێستەکان زۆر جیاواز ترە لە رەشەکان و زانکۆی سپی پێستەکان زۆر پێشکەوتو ترە لە زانکۆی رەشەکان وە ئەم جیاوازیە بە ئاشکرا لە ناو کۆمەڵگایی ئەمەریکادا دەبینرێت وە ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر دەمارگیری لە نێوانیاندا زیاد ببێت، زۆربەی ئەو تاوانەی کە دەکرێت رەش پێستەکانن زیندانەکانی ئەمەریکا زۆربەی

ڕەش پێستن وە هەر ئەو هۆكارەیە وای كردوە كە ڕەش پێستەكان زیاتر بیر لە كاری نایاسایی بكەنەوە زیندانەكان بەوان پڕ بكەن كە سەرچاوەیەكی وەزارەتی داد دەڵێت لە ٨٠٪ ڕەش پێستەكان خەریكی كاری خراپەن لە كڕین و فرۆشتنی مادە سڕكەرەكان و نانەوەی ئاژاوە لە ئەمریكادا هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیری سپی پێست بۆ ڕەشەكان!
ئەگەر بیر لەم كارەی ناو كۆمەڵگایی ئەمریكی بكەینەوە، لەكاتێكدا كە سپی پێست دەمارگیر بێت بەرانبەر بەدانیشتوانی وڵاتەكەی خۆی ئایا چاوەڕوانی چی لێدەكەیت بۆ وڵاتێك كە داگیر كرابێت لە میدیاكانی خۆیەوە بە هەزاران ناو و ناتۆرە بە موسوڵمان دەنێت و جارێك ناوی دەنێت ئیرهاب و جارێك تیرۆریزم و جارێكی تر بە خەڵكێكی گێرە شێوێن و یان لەم دوایەندا ناویان نابن بە ئیسلامی نازی! لەوانەیە خەڵكانێك بڵێن ئەم زاراوانە بەس لەبەرانبەر ئیسلامیەكان بەكار دێت! بەڵام خۆ پارتی كرێكارانی كوردستان عەلمانین و چەپن لە هەمان كاتا بە دەیان ناو و ناتۆرە لەوانیش دەنێن كە فڕیان بە سەر ئیسلامەوە نیە یان وڵاتێكی وەك كوبا دەیان نمونەی تر.
لە كاتێكدا كە سپی پێستی ئەمریكی بە دەمارگیری و ڕەش پێستیش داخی دڵی خۆی دەڕێژێت و دەیەوێت گرێ دەروونییەكانی بكاتەوە وە هەموو ئەم بارە دەروونیانە بە سەر خەڵكی وڵاتانی داگیركراوی وەك عێراق و ئەفغانستان دەكەنەوە، ئازارو ئەشكەنجەی خەڵكی موسوڵمان دەدەن سەركردەكانی ئێمە تەنانەت توانایی ئەوەیان نیە كە بەرگریمان لێبكەن ئەكو دەسەڵاتی خۆی لەق بێت نازانێت ڕۆژێك دێت نە ئەمریكی دەمێنێت نە سوپای هامان و فیرعەون دەمێنن خۆی دەمێنێتەوە لە ناو كۆمەڵگاكەی خۆیدا پاشان داوای بەزەی دەكات لە خەڵكی وڵاتی خۆی بۆ ئۆ ئێستا بەزەیت بەوڵاتی خۆتا نایەتەوە لە كاتێكدا دەسەڵاتێكی تا ڕادەیەك باشت هەیە؟
(نووسەر) دەمەوێت بڵێم كە ئەمەریكا بە دەردی هیچ كەس ناخوات تەنانەت بە دەردی خۆیان ناخۆن چۆن هاوپەیمانی لەگەڵ دەبەستیت، سەیرە كە گورگ بكرێتە شوانی مەڕ!
لەگەڵ ئەوەی كە سپی پێست دەمارگیرە ڕەش پێست ڕقی لە هەموو شتێك دەبێت توشی هەموو جۆرە نەخۆشیەكی دەروونی بووە، بەڵام ئەمەریكا ڕووكارێكی باش دەدا بە كۆمەڵگاكە خۆی لە ڕووی میدیا و ڕۆژنامەوانی، ئاساییە كە وەزیری دەرەوەی وڵات یان سەرۆكەكەی ڕەش پێست بێت بەمە تەنها ڕووكەشە یان لە هۆلیودا ڕەش پێستیك سپی پێستێك حەزی لێدەكات یان پێچەوانەكەی كە ئەمە لە ڕاستیدا تەنها ڕووكەشە بۆ سەرلێشێواندنی ڕای گشتیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاسمان و ڕێسمانیان لێوانە ئەم دوو ڕەگەزە. ئەمە دیموكراسیەتە نمونەیە لە جیهان دا!!
لە لایەكی ترەوە باس لەوە دەكرێت كە چینی و خەڵكانی ئاسیا بەگشتی زۆر بە كەم سەیر دەكرێن بازاڕ و كوچە وكوڵانەكانیان زۆر جیاوازە هیچ خزمەت گوزاریەكیان بۆ ناكرێت تەنانەت لە ناو ئەمەریكایەكان دا بە مشكی زەرد ناویان دێنن!

پەیوەندی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نادروست:
ئەم باسە لایەنێكی زۆر گرنگە لە ژیانی سوپای ئەمەریكاو گەلەكەی بەگشتی، پێش ئەوەی باسێكی لایەنەكە و ئەم تەوەرەیە بكەین دەمانەوێت ئەوە بڵێین كە هەموو ئەم ژیانە لەسەر بەرژەوەندی دادەمەزرێت، بەڵام بەرژەوندی تا بەرژەوندی جیاوازە بۆنمونە بەرژەوەندی

ئەزموونێك لە گۆرانکاری مێژووی گەلان
خەڵکانی تر، چونکە بەرژەوەندی نەبێت زۆر دروستمان هەیە کە کاریگەری نەبێت لە سەر خەڵکانی تر، چونکە بەرژەوەندی دادەمەزرێت، بەڵام ئەوە دروست نابێت تەنانەت ژن و مێردایەتی لە سەر بنەمایی بەرژەوەندی دادەمەزرێت، بەڵام ئەو بەرژەوەندی دروستە، بەرژەوەندی نادروست ئەوەیە کە کاریگەری لەسەر خەڵکی ئاگە کەس و کۆمەڵگا هەبێت وەک ئەوەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆت سەروەت و سامانی خەڵکی بخۆی بەدەیت، یان تۆ خاوەنی شتێک نیت لە بەر بەرژەوەندی خۆت زەوتی بکەیت ئەمە سەرەتایەکی بەرژەوەندی!

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بەرژەوەندی لە سەر بنەمایەکی نا دروست دادەمەزرێت ئەگەر سەیری بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بکەیت لە سەر بنەمایەکی نا دروست دادەمەزرێت بەرژەوەندی ئەمەریکا کە دەست پێدەکات لەگەڵ یەهودایە بەرژەوەندی یەکەمە لە راستیدا ئەم دوو بیرو بۆچونە جیاوازن بەیەک لە رووی ئایدیا و دینەوە، بەڵام چونکە ئەمریکی و سەربازەکانی پەروەردەیەکی بەرژەوەندی نا دروستی بۆیە لە سەر بنەمایی بەرژەوەندیەکان دادەمەزرێنە، لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەمەریکا زۆرینەی خەڵکەکەی مەسیحین وە ئیسرائیل یەهودیە وە مەسیحەکان پێیان وایە کە یەهودیەکان حەزرەتی مەسیحیان کوشتوە لەخاچیان داوە کە ئەمە خۆی لە راستیەوە دوورە ...( وما قتلوه، وما صلبوه، ولكن شُبِّهَ لهم). نە کوژراوە نە لە خاچ دراوە، بەڵکو شێوەی گۆڕاوە بەرز کراوەتەوە بۆ لای پەروەردگاری.

لە راستییدا ئەم دوو دەسەڵاتە زۆر رقیان لەیەکە، بەڵکو بە درێژای مێژوو تا ئێستاش دژایەتی یەکتری دەکەن، چونکە ئێستا بەرژەوەندیان بەیەکەوەیە ئەوەتا بە ئارەزوی خۆیان لە موسوڵمانان دەکوژن وا ئێمەگەن کە تا سەر لەگەڵ ئیسرائیل دەبێت کە بەرژەوەندی نەما بە بڕوای من وازی لێدێنێت ئەگەرچی پەیوەندیان لەوپەڕی تندوتۆڵیدا بێت بۆنموونە کاتێک کە بەرژەوەندی نەبوو لەگەڵ روسیای شوعی دا هیچ بەربەستێک نەبوو بۆ یارمەتی ئەفغانستان زۆر بە باشی یارمەتی دەدان تەنانەت لە هۆلیود فیلمیان لەسەر دەردەکردن تا وای لێهاتبوو کڵاوێکی ئەفغانی لە ئەمەریکادا دەچوە سەد دۆلار، بەڵام کاتێک بەرژەوەندی نەما لای هەمووان ئاشکرایە چۆن داگیری کرد هەر ئەو گروپە مجاهیدە بوون کە ناوی دەبردن بەڵام ئێستا تیرۆریستن!

لەکاتێک دا کە بەرژەوەندیان لەگەڵ سەدام دا بوو سەدام پیاوێکی ئازاو بە سەرۆکی ئومەتی عەرەبی بانگیان دەکرد کاتێک کە کیمیابی رشت بە هەڵەبجەداو ئەنفالی کرد ئەمەریکا دەست خۆشی لێکرد تەنانەت لە رۆژنامەیەکی دا باسی نەکرد تەنانەت کە کۆمەڵێک لە کوردەکانی دانیشتوی ئەمەریکا ویستیان خۆ پیشاندان بکەن سەفارەتی عێراق ئەو دەمە ئاگاداری دەزگەی فیدراڵی کردەوە کە نەهێڵن ئەوە بوو کرا، بەڵام نەیان هێشت هیچ میدیایەک بیبینێت! ئەوەتا کە کاریان پێی نەما سەدام بوو بە رژێمی کۆنە پەرست گۆڕی بە کۆمەڵیان زیندو کردەوە پاشان بۆ موشەکانەی کە پێ فرۆشرابوو خۆ لە ئاسمانی نە کڕی بوو بەڵکو لە رۆژ ئاوا کڕا بوو، بەڵام کاتێ بەرژەوەندی لەئارادایە هێلیکۆپتەری پێ دەفرۆشن لەگەڵ موشەک ئەو کات سەدام پیاوێکی ئازاو قارەمان بوو ئەی ئەو کات بۆ هاو پەیمانی کوردیان نەدەکرد ئەم پرسیارە بۆ بەرپرسانی ئێمە؟!

ئەمەریكا لە كاتی بەرژەوەندیەكانی خۆی دا ناوی زۆر جوان دەبەخشێت بە هاوپەیمانانی وەک سەعادەتی وەزیر فەخامەتی رەئیس یان سید سەفیر لەگەڵ هەموو جۆرە عیبارەتێكی جوان و باق وبریق كە كاری پێت نەما چاوەڕێی ئەوە بە پێت بڵێت تیرۆریزم و دەیان ناوی ناشرینی تر!
كەواتە بزانە كە ئەمەریكا لە سەر بەرژەوەندی خۆی كار دەكات وەک خویان دەڵێن یەكەم ئەمەریكا پاشان ئەمەریكا كۆتایی هەر ئەمەریكا نازانم چاوەڕوانی چین لە ئەمەریكا؟
چۆن بیسەلمێنین كە ئەمەریكیایەكان وا دەكەن؟
لە راپۆرتێكی وەزارەتی سەربازی ئەمریكی بە فەرمی هاتووە كە دەڵێت بە ئاشكرا بێ هیچ پێچ و پەنایەک دەڵێت ئەشكەنجەی زیندانیانی عێراقی بدەن بۆ ئەوەی چاو ترسێن بن هەر بە گەیشتنی ئەم هەواڵە بۆ سەربازانی ئەمریكی لەلایەن جەنراڵێكی سەربازی كە ناوی (مەیجورە) ئەوە بە ئاشكرا دەڵێت كە دەبێت ئەوپەڕی سزاو ئەشكەنجەیان بدەن بۆ چاو ترسێنی خەڵكی تر هەر ئەو رۆژە وەک رۆژنامە نووسێكی ئەمریكی خۆی دەڵێت كە بەناوی سیخوڕیەوە منیان نارد بۆ عێراق هەواڵەكەیان بە فەرمی دا بە من كە ناوی (أنطونیو تجوبا ) خۆی راپۆرتێكی نووسیەوە دەڵێت: كۆمەڵێک لە زیندانییەكانیان هێنا جلی و بەرگی ئافرەتیدان لە بەر كردن پاشان دەستیان كرد بە لێدانیان و جلو بەرگیان لە بەردا دڕاندان وە بە رەسمی فتۆ گرافی گیراو پاشان بە ڤیدیۆ گیراوە كە لە ڤیلمێكی ئەمریكیدا بەشێكی دانراوە كە ئێستا ڤیلمەكە لە بازاڕیدا بڵاوە وە لە ئینتەرنێت لە بەشی یوتوب دابەزێنراوە ئەمە ناوی ڤیلمەكەیە: (Valley of the wolves Iraq).
war without Rules
كە دەبینێت دڵت ژان دەكات بۆ ئەو موسوڵمانانە، چ جایی ئەوەی كە موسوڵمان خۆی دڵی پڕ لە نوری ئیمانە، وە لە پاشاندا خێزانی كەسێكیان دێنن كە ناوی (م..س..دلێمیە) خێزانی مامۆستایە لە قوتابخانەیەكی ناوچەكە ناوی (س..آ..) كە بە چوار سەربازی ئەمریكی لە بەرچاوی مێردەكەی لەگەڵیدا رادەبوێرن تا كەسێكیان لە كاتی سێكس دا دەست دەخاتە بینی و دەیخنكێنێت و پاشان سەربازێكیان بە مردووی هەر لە بەرچاوی مێردەكەی لەگەڵ لاشەكەیدا رادەبوێرێت پاشان شەهوەتی خۆی ئەدا لە دەموچاوی مێردی ژنەكە كە بەسراوەتەوە لە كۆتایدا بە پێكەنینەوە دەڕۆن وەک (أنطونیو) دەڵێت: ویستم هەواڵی مێردی ئافرەتە مردوەكە بزانم لە دوای دوو رۆژ لە بەندیخانە گیانی دەرچوو بوو!
ئەنطۆنیو دەڵێت: زانیان كە من زۆر بەوە ناڕەحەت بووم گەڕامەوە، بەڵام سی.ئای.ئەی هاتە سەرم لەگەڵ خودی شەخسی میجور كە ئاگاداریان كردمەوە باسی ئەو كارەساتە نەكەم منیش رام كرد و دامە رۆژنامەیەكی فەرەنسی بۆیان بڵاو كردمەوە، بۆ زانیاری زیاتر ئەنطۆنیو خۆی بەهودیە لە دەزگەیی مۆسادی ئیسرائیلی كار دەكات پاشان شیكاریەک دەدەین لەسەری كە چۆن بە شوێنیدا دەگەڕێن وە بۆ ئەم كارەی كرد لە بەر خاتری موسوڵمانان نەبوو، بەڵكو دوای دەردەكەوێت كە كارێكی سیاسی لە پشتەوەبوو لەلایەن مۆسادە بۆیە بە شوێنیدا دەگەڕێن لە لایەن (C I A).
خوێنەری ئازیز بەلاتەوە سەیر نەبێت كۆمەڵگایەک خۆی پڕبێت لە كاری سێكسی شاز و هەموو لیبرالاتێک چاوەڕوانی چی لێدەكەیت؟

هەمووان بە چاوی خۆیان بینیان چۆن ئازاری زیندانیانی ئەبوغرێبیان دا زۆر لە سەر ئەمەیان نارۆین هەموولایەک کەم تا زۆر ئەوەمان بینی بەڵام با بپرسین کێ ئاشکرای کرد ئەو کارە لە سەر دەستی کێ ئاشکرا بوو؟

با بپرسین بۆ لەو کات و زەمەنەدا ئەو وێنانە بڵاو کرانەوە؟

نهێنی چی بوو کە لەو کات و ساتە دا بڵاو کرایەوە؟

هۆکار چی بوو کە ئەو کارە ناڕەوشتیە کە بەو شێوەیە بڵاو کرایەوە بە بەرچاوی هەموو سەرکردەکانی ئەمەریکاوە، ئەرگەچی پێیان خۆش بوو یان ناخۆش بووبێت کە بەو شێوە سەربازانی سوپای ئەمەریکا ئەشکەنجەیەکی نامرۆڤانەی ئەو زیندانیانەیان دا زۆر دوور بوو لە ئاکاری مرۆڤایەتی!

لە دوو حاڵ بە دەر نییە ..

یەکەم: پێم وایە دەسەڵاتی ئەمریکی ویستی پەیامی ئەوە بدات بە خەڵکی عێراق و ئوممەتی ئیسلامی کە ئیتر ئێوە لاوازن تواناى هەموو کارێکمان هەیە بەسەرتان دا سەرشۆڕ و زەلیلتان دەکەین تا نەتوانن لە ئاستمان دا دەنگ بەرز بکەنەوە وە لە هەمان کاتدا بەرز کردنەوەی ڕۆحی مەعنەوەی سەربازانی ئەمریکی بوو تا پەیام بدات بەوان بڵێت هەموو شتێک کۆنترۆڵە خۆمان دەسەڵاتی تەواوەتیمان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە شۆڕشێکی وەک شاری فەلوجە سەری هەڵدا وە حەوت سەد شۆڕشگێری موسوڵمان کوژران وە زۆرێک لە سەربازانی ئەمریکی کوژراو بێجگە لەو هەموو زەرەرە مادیانەی کە ئەمەریکا کردی، کە ئەمە حاڵی یەکەمە لە سایکۆلۆژی ئەمریکی. وە لەهەمان کاتدا پەیامێکە بۆ وڵاتانی دراوسێ بۆ داهاتوو کە ئەگەر بەرهەڵستی ئەمەریکا بکەن ئەوە ئاکامەکەیەتی!

دووەم: کە ئەم حاڵەیان ڕاست تر و نزیکتر بێت وەک کاری سیاسی سروشتی ئەو خەڵکی کە بەیەکەوە کار دەکەن دژی موسوڵمانان، چونکە ئەمەی کە بڵاو کراوە ئیدارەی بۆش زۆر بێ ئاگا بوون لە بڵاو کردنەوەی ئەو وێنانە، چونکە ڕامستفێڵد-ی سەر شۆڕ کرد و وازی هێنا دوای ئەو کارەساتە وە سەرنجێک بدەین کە بە چەند مانگێک ڕامستفێڵد وتی: نامانەوێت دەوڵەتێک بۆ جولەکە دابمەزرێنین پاشان ببێتە دوژمنی مەسیحیەکان کە ڕامستفێڵد خۆی لە پارێزگارە توند ڕەوەکانە دوابەدوای ئەم وتەی جولەکە لە ئەمەریکاو ئیسرائیل زۆر دڵگران بوون ئەوە ڕەخنە گیرا لە بۆش و ئیدارەکەی وە لە هەموو سەرنج ڕاکێشتر ئەوە بوو ئەو وێنانە لە کەناڵێکی (سی.بی.ئێس) ئەمریکی بڵاو کراوە کە سەد لە سەد یەهودیە وە لە ڕۆژنامەی (واشنطن پۆست) بڵاو کرایەوە ئەویش سەد لە سەد هەر یەهودیە وە لە بەریتانیا لە ڕۆژنامەی (دەیلی میرور) کە ئەمەیش کۆنترۆڵی تەواوی لە دەست یەهودیەکانە وە هەر لەو کات و ساتە بوو کە ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا بڵاوی کردوە لە ڕێکەیی ئەنطۆنیۆ لە فەرەنسادا کە پێشتر لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە هەموو یەهودی بوون!

دەمێنێت ئەوە بزانرێت کە لە ٥٠٪ ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا یەهودین وە دوو کەناڵی گەورەی جیهان ( رۆیتەر - ئەسۆشیتد پرێس ) کە سەد لە سەد یەهودین،

بۆ یەهود ئەم کارەی کرد لەو کات و ساتەدا؟!

ئامانج یان چی بوو لەو كارە؟
هۆكاری یەكەم ئەوە بوو كە كاتی هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكا بوو بۆ ئەوەی پارێزكارە توندڕەوەكان سەرشۆڕكەن كە دارو دەستەی بۆشن پاشان كار ئاسانی بۆ دیمكراسیەكان بكەن وە لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو یەهود ویستی سەرنجی رای گشتی جیهان بەلای عێراق رابكێشێت پاشان فەڵەستین لە یاد بكرێت وە تا بەو وێنانە جیهانی ئیسلامی سەرقاڵ بكات، وە ئەو سەردەمە زۆر كاری چەپەڵی كرد خۆی گەیاندە مەبەست بێگومان ئەوەی یەهود دەیكات زۆرلە داگیركردنی ئەفغانستان گەورە ترە و هەرگیزاو هەرگیز لە عێراق ناكرێت!
چونكە بەو وێنانە ویستی ئەمەریكا رسوا بكات تا كارە بۆگەنەكانی خۆی لە یاد بكرێت وەك تیرۆر كردنی شێخ ئەحمەد یاسین و دەیان موسوڵمانی تر كە تیرۆری كردن وە گەورەتر نیە لەوەی كە كردی بەرانبەر بە رەفەح و غەزە و ضفەی غەربی ئەو وێنانەی ئەبوو غرێب!
لە هەمان كاتدا تۆنی بلێر رەخنەی گرت لە ئیسرائیل كە گوایە زۆر زیاد لە خۆی پێی راكێشاوە وە بە دوای ئەو وتانەی بلێر بە چەند رۆژێك لە كەناڵی (بی.بی.سی) كە سەد لە سەد یەهویە كێشەی بەصرە و سوپای بەریتانیا خستە روو هەر ئەوە بوو دوا بەدوای ئەوە تۆنی بلێر چوو بۆ ئیسرائیل بە ئاشكرا داوای لێبوردنی كرد بۆ ئەوەی زیاتر ئەو كارە ناڕەوشتیدانەی سوپایی بەریتانیا نەخەنە روو!
كەواتە ئەو وێنانە تەنها یەهود سوودی لێوەرگرت، بەڵام ئێمە كە سەیری وێنەكانمان كرد هیچمان پێنەكرا وەك موسوڵمان تا بتوانین بەلای كەمەوە ئەمەریكای پێ رسوا بكەین تا ئەو هاوكێشە فیرعەونەی ئەمەریكا و یەهود شی بكەینەوە كەچی دەسەڵات دارانی ئێمە بە داخەوە تازە بەتازە خەریكی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریكاو ئیسرائیلن تەنانەت لە بیریان چوو سەركردەیەكی وەك ئۆج ئالان بە دەستی سەرانی ئیسرائیل درا بە دەستی میتی توركی!لە راستییدا ئەم پەیامە بۆ خەڵكی كوردستان و سەركردەكانە بەتایبەتی .
ئەم مێژوە خۆی دووبارە كردەوە، هەردوو وڵات هاوشێوەی یەك سەریان هەڵداوە.

بگەڕێینەوە بۆ لای مێژوو بزانین چی ترمان بۆ باس دەكات:
لەو دەمەدا كە موسوڵمانان لاواز بوون خاچ پەرستان هەروا بە ئاسانی وازیان نەهێنا لە موسڵمانان بۆیە بە هەلیان زانی كە جەنگیز خان هان بدەن بۆ شەڕ كردن لەگەڵ موسوڵمانان، هەموو كات لە مێژوویشدا ئەومان بۆ دەركەوتووە كە دوژمانانی یەك لە دژی موسوڵمانان هەمیشە یەك دەگرن ئەوەتا لەسەردەمی فارس و رۆمدا بە درێژی مێژوو شەڕیان كرد لەگەڵ یەكتریدا، بەڵام كە رووبەڕووی موسوڵمان بوونەوە یەكیان گرت، مەسحیەكان و یەهودیەكان بە درێژای مێژوو ناكۆك بوون ئەوەتا وەك لە باسی ئەمەریكاد ا ئاماژەمان بۆ كردوە هەمیشە یەك دەگرن، یاخود ئەمەریكاو روسیا ئەوانیش هەمیشە ناكۆكیان بووە كە دژی موسوڵمان دەبن هەردووكیان یەك دەگرن، بۆ ئەم مەبستە بە درێژایی دوانزە هەزار كیلۆمەتر خەڵكیان نارد بۆلای لیمۆجین جەنگیز خان هانیان دا بۆ روخاندنی خیلافەتی عەباسی و داگیر كردنی وڵاتی

بە هەموو شێوەیەک کا هاوکاری بکەن، هەردوولا دژی
موسوڵمانان، ئامادەی خۆیان بۆ دەربڕی
موسوڵمانان بجەنگن!
موسوڵمانان تەتار کە دەست بکەن بە داگیر کردنی وڵاتی موسوڵمانان و
بە هەر حاڵ بیریان لەوە کردەوە جنگیز خان بیری کردەوە کە سەرەتا بۆ گرتنی
دەگەنە خیلافەتی عەباسی بۆ داگیر کردنی بەغداد. ئەمەریکا پێش گرتنی عیراق هەمان
بەغداد پێویستە بچێتە ناو وڵاتی ئەفغانستان و ئوزباکستان، داناو پاشان چوو ئەفغانی داگیر کرد!
کاری کرد لەسەرەتادا بنکەی سەربازی لە ئوزباکستان
بۆیە جەنگیزخان ئەو کارەی کرد لەبەر ئەوەی نێوانی چین بۆ عیراق رێگەیەکی دوورو درێژە
پێویستە بۆ ئەو سوپایەی کە دەیخاتە رێ بۆ عیراق هەموو کەلوپەل و پێداویستیەکانی
پێبگەیەنێت، لای هەمووان ئاشکرایە، کە ئەو ناوچانە زۆر سەروەتمەندە و خێرو بەرەکەتی
کشتوکاڵی و سەروەتی ئاژەڵی تێدایە، تاکتیکێک بوو کە جەنگیز خان کردی سەرەتا باسی گرتنی
عێراقی نەکرد، چونکە ئەگەر لەسەرەتاوە ستراتیژی خۆی ئاشکرا بکردایە هەموو موسوڵمانان لە
رووبدا دەوستانەوە، بۆیە سەرەتا بیری لەوە کردەوە کە جێگەکان بەدوای یەکدا داگیر بکات لە
رۆژهەڵاتی خاکی موسوڵمانان دەست پێبکات کە دەوڵەتی خەوارزمی دەکرد، وە ئەو دەوڵەتە
زۆر گرنگ بوو کەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ئێستای لەبەر دەستا بوو فەرمانرەوای دەکرد وەک
ئەفغانستان، ئوزباکستان، طاجیکستان، پاکستان، تورکمەنستان، کازاخستان، قرقیزستان وبەشێکی
وڵاتی ئێران.
جەنگیزخان لەگەڵ دەوڵەتی خەواریزمیدا پەیماننامەیەکیان مۆر کردبوو، لەگەڵ سەرۆکی
ئەودەوڵەتە کە ناوی محمدی کوڕی خەواریزم شا لەسەر ئەوەی کە سەروەری وڵاتی یەکتر
بپارێزن دراوسێتی یەکتری بپارێزن سنوری یەکتری نەبەزێنن.لای هەمووان ئاشکرایە جەنگیزخان
هیچ بایەخێکی نەدا بەو پەیماننامەیە کە لە نێوانیاندا هەبوو، بۆیە بەدوای بەهانەیەک دەگەڕا
ئاشەڕ پێبکات دوای لەبەرچاوی رای گشتی خەتا لە سەر ملی خۆی لابات وەک شەڕەکانی
ئەمڕۆ کە دەکرێت. بۆیە بیری کردەوە کە کۆمەڵێک لە بازرگانەکانی مەنگۆلیای ناردە ناو
ناوچەکانی دەوڵەتی خەواریزمی بۆ کڕینی شتومەک، پاشان هەر خۆی چەند کەسێکی دروست
کرد بۆ ئەوەی ئاگاداری دەزگەیی ئاسایشی ئەو دەمەی دەوڵەتی خەواریزمی بکاتەوە کە ئەمانە
دزو جاسوسن، تا لە کۆتایدا ئەوان زۆربەیان لە سێدارە دران و زیندانی کران، ئەمە بوو
هۆکاری دەستپێکی شەڕ لەو سەردەمەدا. جەنگیزخان داوای بکوژانی ئەو بازرگانەی کرد کە
گوایە بە بێتاوان کوژراون دەبێت خۆی جەنگیزخان دادگاییان بکات، دەوڵەتی خەواریزمیش بەوە
رازی نەبوو ولی چۆن خەڵکی موسوڵمان دەدرێت بە دادگای بێباوەڕان ئەوە سەروەری دەسەڵاتی
ئیسلام پێشل دەکات رازی نەبوون بەو داوایەی جەنگیز خان تا شەڕ دەستی پێ کرد. ئەمەریکاش
وەک جەنگیز خان بەدوای بەهانە دەگەڕا تا کو یانزەی سێپتەمبەر روویدا تا هاتە وڵاتی
ئەفغانستان، ئەوە بوو پروپاگەندەی ئیرۆری عالەمی دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی بزووتنەوە
بشەڕەکەی، داوای کرد لە تالیبان کە ئوسامە بن لادن تەسلیم بە ئەمەریکا بکات تالیبان بەوە
رازی نەبوو ولی چۆن موسوڵمان دەدرێتە دادگای بێباوەڕان خۆم دادگام هەیە، ئەوە بوو جەنگی
ئەفغانستان دەستی پێ کرد.

## هێرشی تەتار بۆ ناوچەی موسوڵمانان

جەنگیزخان بە سوپایەکی زۆرە هات بەرەو خاکی خەواریزمی، محمد خەواریزم شا سوپای کۆکردەوە بەرەو رووی یەک بوونەوە لە جێگەیەک، کە لەسەروی رووباری جەیحون بوو، کە ئێستا ناسراوە بەڕوباری سەرداری کە دەکەوێتە وڵاتی کازاخستان، کە جەنگەکە چوار رۆژ لەسەر یەک بەردەوام بوو وە زۆر لە هەردوولایان کوژرا، تەنها لەو شەڕەدا بیست هەزار موسوڵمان شەهید بوون، وە زۆر زیاتر لەو ژمارەیە لە تەتار کوژران. جەنگەکە بە هۆکاری سوپایی بێ شوماری تەتاری ناچار محمد خەواریزم شا گەڕاوە دواوە، بۆ ئەوەی زیاتر ناو وڵاتەکەی خۆی قایم بکات و بچێتە ناو قەڵاو دیواری شارەکان بە هێز بکات، وە ئەم پێک داکێشانە لە ساڵی ٦١٦ کۆچی بوو.

لە پاشان محەمەد خەواریزم شا زیاتر سەر قاڵ بوو بە کۆکردنەوەی سوپا لە چواردەوری وڵاتەکەیدا، وە لە پێش دا ئامادەمان بۆ کرد کە دەوڵەتی خەواریزمی لەگەڵ خیلافەتی عەباسی کێشەی هەبوو و نەیدەتوانی داوای سوپا لەو بکات، لەهەمان کاتدا کێشەو بەربەرەکانی هەبوو لەگەڵ وڵاتی غوریەکان لە هیندستان، هەمیشە لەگەڵ سەلاجیقەکانیش شەڕی بوو، کەواتە بەتەواوەتی دابڕا بوو لە جیهانی ئیسلامی، کەس یارمەتی نەئەدا، بۆیە ناچار دەبوو خۆی بەرەنگاری ئەو جەنگە بێتەوە.

### تاڵیبان و کێشەی شەڕکردنی لەگەڵ ئەمەریکادا:

تاڵیبانیش راستە خەڵکێکی دیندار و ئیمارەتێکی ئیسلامیان دامەزراند بوو، ئەوانیش وەک دەوڵەتی خەواریزمی بە تەواوەتی دابڕا بوون لە هەموو جیهان بەتایبەت لەگەڵ جیهانی ئیسلامی دا بۆ نمونە هیچ پەیوەندی بە ئێرانەوە نەمابوو وەک دیپلۆماسیەت، هیچ پەیوەندی بە پاکستانەوە نەمابوو، بەڵکو پاکستانی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانی. لەگەڵ وڵاتی هیندستان وچین دا لەسەر تەقاندنەوەی پەیکەری بوزا بە تەواوەتی ئێوانیان تێکچوو بوو، بۆیە تاڵیبانیش لە هەمووڵاکان دابڕابوو هیچ پەیوەندی دیپلۆماسی پەیوەندی دەرەکی نەما بوو، بۆیە دەبوو ئەویش بە تەنها رووبەڕووی ئەمەریکا بێتەوە بە تەکنەلۆجیا سەربازیە بەهێزەی ئەمەریکا! (نووسەر) بە بۆچونی من لە سەرکەوتنی ئەمەریکا بە هۆکاری هێزی بوو، نە سەرکەوتنی تەتاریش بە هۆکاری زۆری سوپاکەیی و باشی چەکی سوپاکەی بوو، بەڵکو بە هۆکاری پارچە پارچەی موسوڵمانان بوون کە هەردووکیان لە دوو قۆناغی مێژوویدا سەرکەوتن خوای گەورەیش دەفەرموێت: ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم واصبرو، إن الله مع الصابرين.

دەبینین لە هەردوو مێژوەکەدا ماوەیەك لە پشوو روودەدات لە نێوانی تەتارو ئەمەریکادا موسوڵمان چۆن دەکەونە گیانی یەکتری و یەکتر لە ناو دەبەن، هەریەکەیان بۆ ئەوەی خۆی نزیک بکاتەوە چۆن دەبنە پیاو و کاسەلێسی تەتار و ئەمەریکا، هەرکەسیش ئەمە سیفاتی بێت گومانی تێدا نیە کەسەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

چی کرد؟
جەنگیزخان -نەعلەتی خوای لێ بێت- چی کرد؟
جەنگیزخان -نەعلەتی خوای لێ بێت- هەموو خاکی ئۆزبەکستانی بەزاند چووە نێو کە زانی سوپایی خەواریزمی کشاوەتە دواوە خێرا هەموو خاکی ئۆزبەکستانی بەزاند چووە نێو شاری بوخارا کە شاری زانای پایە بەرز ئیمامی بوخاریە، هەر لەساڵی ٦١٦ کۆچی کە چووە نێو شاری بوخارا لەسەرەتاوە ئەمانێکی درۆزنانەی دا بە خەڵکی ئەو شارە کە جەکی پێ دانان هەمیو شارەکەی وێران کرد پاشان زۆربەی پیاوەکانی کوشت، ئافرەتاکانی وەک جاریە برد بۆ خۆی لە بەر چاوی هاوسەرو باوکەکانیان بە ئاشکرا لەگەڵیان رایان دەبوارد[٨٧]. هەموو خەڵکی شارەکە شەهید کران، ئەوەی کە ئاڵای جیهادی بەرز کردبووەوە، ئەو شارە بە تەواوەتی خاپور کرا، هەرچی پیاو چاکیش بوو هەمووی تێداچوون.

پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت: کە زەینەبی کچی جەحش پرسیاری لێ کرد، ئایا پیاو چاکان لە ناو دەبات خوای گەورە؟ سەروەرمان ﷺ فەرموی: ئەگەر خراپە کاری و پیسی زۆر بێت بەڵێ: خوای گەورە ئەوانیش لە ناو دەبات[٨٨].

گومانی تێدا نیە کە پیسی زۆر بووە لە وڵاتی موسوڵمانان خوای گەورە رەحمان پێ بکات لە ناومان نەبات بەو دەردە، ئەگەر سەرنج بدەین چەندێک لە ئومەتی ئیسلامی چەکی جیهادیان هەڵگرتوە ئاڵای جیهادیان بە بەرزی ڕاگرتووە؟

یاخود ڕۆژانە موسوڵمانان چەندە لە ناو خۆیاندا خەریکی کاری خراپەکاری و پاشقول لەیەک گرتن بۆ ئەوەی خۆی سەر بکەوێت؟

ئەی چەند لە موسوڵمانان بە قورئان و سونەت کار ناکەن فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەیان ﷺ خستۆتە لاوە بە بەرنامەی سەردەم کار دەکەن؟ ئەمانە هەمووی پیسی موسوڵمانە، کەپیسی زۆر بوو گومانی تێدانیە لە ناوچوون دەست پێ دەکات. بەو شێوە لە ساڵی ٦١٦کۆچی شاری بوخارا لە ناوچوو، وە ساڵی ٢٠٠٠ زاینیدا گەورەترین سەربازگەی ئەمریکی لە بوخارا کرایەوە وڵاتی ئۆزبکستانی ئیستا! پێ دەخینە ناو ساڵی ٦١٧ کۆچی و إنا لله، وإنا إلیه راجعون، کە ئەم ساڵە بە نەهامەتی ترین ساڵی ناو موسوڵمانان لە سەردەمەدا دادەنرێت واتا لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم تا ساڵی ٦١٧ کۆچی!

تەتار لەو ساڵەدا ئەستێرەی بەرەو ئاسمان کشاو توانی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی داگیر بکات، وەکاری وا بکات کە مێشک بە خەیاڵیدا نەهاتووە ئەوەندە کوشتاری کرد کە موسوڵمانان وایان

---

[٨٧] ابن کثیر ئەم بە سەرهاتەمان بۆ دەگێرێتەوە و دەڵێت: فقتلوا من أهلها خلقاً لا یعلمهم إلا الله عز وجل، وأسروا الذرية والنساء، وفعلوا مع النساء الفواحش في حضرة أهليهن! فمن المسلمين من قاتل دون حرمه حتى قتل، ومنهم من أسر فعذب بأنواع العذاب، ثم أشعلت التتار النار في دور بخارى ومدارسها ومساجدها، فاحترقت المدينة حتى صارت خاوية على عروشها!، انتهى كلام ابن كثير.. ولا حول ولا قوة إلا بالله.

[٨٨] روى البخاري ومسلم عن أم المؤمنين زينب بنت جحش رضي الله عنها أنها سألت رسول الله ﷺ: يا رسول أنهلك وفينا الصالحون؟ قال: نعم، إذا كثر الخبث.

دەزانی قیامەت نزیکە چاوەڕوانی ئیمامی مەهدیان دەکرد. لەو شارانەی کە هەموو خەڵکەکەی کوشت شارەکەیشی لە ناو برد وەک بوخارای بەسەردا هێنان بریتی بوون لە سەمەرقەند، ئۆرجندە، مازندەران، رەی، قەزوین، بەلخ، نیشابور، طاڵەقان وە زۆری تر لە شارەکانی تری دەوڵەتی خەواریزم، بۆ نمونە لە شارێکی گەورەی وەک مەرو کە زیاد لە حەوسەد هەزار ئافرەت و پیاوی موسوڵمانی تێدا کوشت!

بە داخەوە یەک دەسەڵاتدار لەو سەردەمەدا لە دەسەڵاتدارانی موسوڵمان سوپایان ئامادە نەکرد بۆ ئەو کارەی کە روویدا هەموو پارەچە زەویکی بچووکیان بۆ خۆیان دانابوو کە دەسەڵاتی خۆیان تێدا فەرمان رەوای دەکرد عەلەمێکیان بەرز کردبوەوە ناویان نابوو دەوڵەت یان ئیمارەت، نەیاندەزانی وا شەڕ نزیک بۆتەوە لە خۆشیان ئەوەی کە بەسەر بوخارا و سەمەرقەند هاتووە بەسەر ئەوانیش دێت بەم نزیکانە.

با بێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١ کاتێک کە ئەمەریکا وڵاتی ئەفغانستانی داگیر کرد لە ماوەی ساڵێکدا لە خەڵکی موسوڵمانی ئەفغانستان ملیۆنێک و سێ سەدو حەفتاو پێنج هەزاریان لێ کوژرا بە ناوی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ وە ئەم ئامارە مافی مرۆڤ ئاشکرای کردووە!

بێجگە لە کاول کردنی شارەکانی وەک گەزنە، کابول، باکووری کندوز، ناوچەکانی قەندهار..هتد کام لە دەوڵەتی موسوڵمان هاوری کرد وا مەکەن لەو وڵاتە مەنکوبە هەژارە کام لە کاربەدەستانی موسوڵمانان هەڵیاندایە لەسەر خەڵکی بێ دیفاعی ئەفغان، کام سوپا کەوتە رێ بۆ یارمەتی ئەفغان؟ هەموو لە کاربەدەستانی وڵاتانی ئیسلام بۆ مانەوەی کورسی خۆیان هیچیان نەوت تەنانەت هەندێکیان هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئەمەریکادا!!

جەنگیز خان سوودی لە باکووری ئەفغانستان وەرگرت بۆ ئەوەی رێبەری سوپای تەتار بکات بەیەکەوە هاو پەیمان بوون بۆ گرتنی شاری کابولی ئەو سەردەمە لەساڵی ٦١٧ کۆچی.

لە ساڵی ٢٠٠١ بە هەمان شێوە ئەمەریکا سوودی وەرگرت لە خەڵکی باکووری ئەفغانستان بۆ گرتنی شاری کابول، چونکە ئەو شارە چوار دەوری بە شاخ رازاوەتەوە ئەگەر رێبەری باش نەبێت دوژمن زۆر ئاستەمە بتوانێت بچێتە ناوی، بۆیە ئەمەریکا هەمان سیاسەتی جەنگیزخانی دووبارە کردەوە، بۆیە خەڵکی دەڵێت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

سەرکردەی ئەو دەمەی خەواریزم خۆی و ماڵو منداڵی رایان کرد شار بەشار تا لە دورگەی قەزوین گیانی دەرچوو کە خاوەنی ئەو هەموو سەروەت و موڵکە بوو، لە دوورگەیەکدا بە تەنها گیانی دەرچوو کەس نەبوو بیشارێتەوە، خۆ دەیتوانی لەخاکی جیهادا بەسەر بەرزی بمێنێتەوە ئەگەر بکوژرێت هەر سەر بەرزیە، خۆ مردن دەبێتە میوانی جەستەی هەمووومان کەس ناتوانێت لە مردن رابکات. أینما تكونوا يدرككم الموت، ولو كنتم في بروج مشيدە..

پاشان با بپرسین ئەی ئومەتی موسوڵمان لە کوێن؟

ئەی ئەو هەموو گەلە موسوڵمانە چۆتە کوێ؟

هەست ناکەن کە ئەوە زۆر سەر شۆڕیە بۆ گەلی موسوڵمان؟

کە ئەمانە روویدا لەو سەردەمەدا خەڵکی توشی (وەهن) بوون ترسنۆک هەموو دەیان وت بابە کێ دەتوانێت رووبەڕووی تەتار بێتەوە!

نەرمونیک لە گۆرانکاری مێژووی گەلان........
دوژمن نەدەوەستاوە تا تەتار هەموو شارەکان چاوەڕانی مردنیان دەکرد یەک شار روبەڕووی دوژمن نەدەوەستاوە تا تەتار داگیری دەکردن.

لە جیهانی ئیستاماندا هەر هەمان قسەیە دووبارە دەبێتەوە دەڵێن کێ دەتوانێت ئەمەریکایەک بەو گەورەییە بروخێنێت، یاخود رووبەڕوی بوەستێتەوە، ئەمەریکایەک کە هەموو جیهان چاوەڕوانی دەستی ئەوە کێ دەتوانێت بەرهەڵستی بکات، هەر هەمان وتەی سەدەکانی حەوتەمی کۆچیە دووبارە دەبێتەوە کە بەرانبەر تەتار دەیانکرد.

ئاماژە پێ بکەم کە باس لە حاڵ و گوزەرانی ئەو سەردەمەو ئیستامان دەکات[1].

تێگەیشتن لە ناوەرۆکی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەروەک عون المعبود داهاتووە لە شەرحی سنن ابی داود واتا هەرکەسێک هەڵدەسێت لە بەشی ئەم ئومە ئیسلامیە دەخوات کاتێک کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم وشەیەی درکاند هەوەڵەکانی ترسان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە لە کەمیمانە ئەو زەمەنە دێت موسوڵمانان ئەوەندە کەمن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: نەخێر! بەڵکو ئێوە زۆرن هەروەک ئیستا کە ملیاردێک و حەوت سەد ملیۆن بەڵام هیچ نرخێکتان نیە وەکو کەفی سەر دەریا وان بۆیە هەرکەس هەڵدەستێت بە ئارەزوی خۆی لەم ئومەتی ئیسلامیە دەخوات خۆ ئەگەر بەیەک بێت بەرەو باشوورتان دەبات وە یایەکی باکووری بەرەو باکوور رێگەتان پێ دەبڕێت وە هەروەها بەردەوام دەفەرموێت: ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ کە لەو سەردەمە هاتە پێشەوە ئێوە هیچ بەهێزیەک و توانایەکتان نامێنێ وە گەورەیتان لە دڵی دوژمنانتان دا دادەماڵرێت واتا بە ترسنۆکی تەماشا دەکرێن. هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیان ترسنۆکی مەبەستت چییە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: واتا هیچ کەرامەتێک و هیچ شەخسیەتێکتان نییە لەلای دوژمنانتان زۆر بەلاوازی و سەرشۆڕی سەیر دەکرێن واتا لاوازی لە دڵ و دەرونتان دا دروست دەبێ ئەی موسوڵمانان، وە پاشان دەست نیشانی نەخۆشیەکەمان بەتەواوەتی بۆ دەکات و دەفەرموێت: هۆکارەکانی ئەوەیە کە ئێوە جیهانتان زۆر خۆش دەوێت و زۆر رقیشتان لە مردن دەبێتەوە لە مردن دەترسن.

جا خوێنەری ئازیز هەرکاتێک جیهان شوێنی خۆی گرت لە ناو دڵماندا وە ترسیشمان لە مردن بوو لە پێناوی خوای گەورەدا، دڵنیا بن لەوەی کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا یە گشتی کاڵتەمان پێ دەکەن وە یاری بە هەست و سۆزمان دەکەن.

---

[1] روى أبو داود عن ثوبان رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يوشك الأمم أن تداعى عليكم كما تداعى الأكلة إلى قصعتها، فقال قائل: ومن قلة نحن يومئذ؟ قال: بل أنتم يومئذ كثير، ولكنكم غثاء كغثاء السيل، ولينزعن الله من صدور عدوكم المهابة منكم، وليقذفن الله في قلوبكم الوهن، فقال قائل: يا رسول الله، وما الوهن؟ قال: حب الدنيا وكراهية الموت.

لەبەر ئەوەی سونەتێكی خوای گەورەیە هەركاتێك مرۆڤ لە مردن ترسا لە پێناوی خوای گەورەدا، ئەوە خوای گەورە كەسایەتی موسوڵمانان ناپارێزێت وە بێ هەیبەتیان دەكات لەدڵی دوژمنانیان دا.

نمونەیەكی بەرچاو تر،كە كاتێك كە موسوڵمانان لە جەنگی ئوحودا سەركەوتن بەسەر بێ باوەڕەكاندا لەبەر ئەوەی دنیایان لەدڵ دا نەبوو وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ ) آل عمران ١٥٢. واتە: (خوا بەڵێنی بە ئێوە داو بەجێی هێنا لە كاتێكدا كە بەفەرمانی خوا كارتان دەكرد).

كە لەسەرەتای جەنگەكەدا موسوڵمانان لەبەرخاتری خوای گەورە جەنگان، بەڵام كە زانیان بێ باوەڕەكان دۆڕان و بەرەو جیهانی خۆیان رۆشتن. سەرۆكی الرماه عبدالله ی كوڕی جوبەیر -خوا لێی رازی بێت- دڵی جوڵا بۆ دەسكەوت و غەنیمەت هاواری كرد دەسكەوت، دەسكەوت ئیتر جێگەی خۆیان جێهێشت و لە پێناوی دنیادا كەوتنە كۆكردنەوەی شت و مەك بۆیە خوای گەورە دوای دەست نیشانی نەخۆشیەكەیان بۆ دە كات ( مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ) آل عمران ١٥٢. واتە: (هەتانە بەدوای دنیادا وێڵە وە هەشتانە بەدوای ئاخیرەت دا وێڵە)

ئەوە بوو لەجەنگەكەدا دۆڕان وە خوای گەورە بە موصیبەت ناوزەدی كردوە بۆیان.

بەم شێوە هەموو رۆژ هەڵات و رۆژئاوای باكوور كەوتە دەست جەنگیزخان، داگیریكرد بۆ خۆی موسوڵمانان ئەو هەمووەیان لێكۆڕا، بە هەمان شێوە لە سەردەمی ئێمەدا ئەمەریكاو هاوپەیمانانی توانیان ئەفغانستان داگیر بكەن. سەر لەنوێ شۆڕش دژی تەتار لە باشووری ئەو وڵاتە دەستی پێكردوە لە غەزنەوە لەسەر دەستی كەسێك كەناوی جەلالەدینی كوڕی محمەدی خەوارزمی شا بوو كە باوكی رایكردبوو!

لە سەردەمی ئێمەدا شۆڕش دەستی پێ كردەوە لەسەر دەستی مەلا عومەری تاڵیبان!

كاتێك تەتار زانیان لە باشووری ئەفغانستان جەلالەدینی كوڕی محمد خەوارزم شا خەڵكی كۆدەكاتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی لەگەڵ دوژمن، جەنگیز خان سوپایەكی گەورەی ئامادە كرد بۆ لەوەی باشووری ئەفغانستان لەو كۆمەڵە موسوڵمانە پاك بكاتەوە، جەلالەدین سوپایەكی زۆر گەورەی ئامادە كرد وە خەڵكی لەدەور كۆبوەوە، چونكە باوكی لە ناوچوو بوو ئێستا ئەوە سەرۆكی دەوڵەتی خەوارزمە، وە ئەو دەمە پیاوێكی موسوڵمان كە لە وڵاتی خۆیدا دەركرابوو دەیویست گۆڕانكاری بكات، بەناوی سەیفەدین بوغراق كە بزوتنەوەیەكی گەورەی دروست كردبوو، بە خۆی و سی هەزار موسوڵمان خۆیان دایە پاڵ سوپاكەی جەلالەدین خۆیان بۆ جیهاد ئامادە كرد، لە راستیدا سەیفەدین بوغراق پیاوێكی ئازاو دیندارو خاوەنی بیری سەربازی كەسێك چاو لەترس و ئەژدەر بوو، وە هەر لەو ئێوەندە دا زیاد لە شەست هەزار موسوڵمانی هەڵاهاتوی خەوارزمی چونە ژێر سایەی جەلالەدین بە هۆكاری ئەوە سوپایی جەلالەدین زۆر بەهێز بوو، جەلالەدین سوپاكەی بە رێخست بۆ نزیك شاری غەزنە لەوێ سەربازگەی دانا دژی سوپای تەتار كە لەو ناوچە بە بەلقە ناسراوە كە ناوچەیەكی شاخاوی و زۆر سەختە.

سوپای تەتار گەیشتنە ناوچەکە شەڕ دەستی پێکرد وە ئەو سی هەزار موسوڵمانەی کە لەگەڵ سەیفەدین بوغراق بوون بریتی بوون لە موسوڵمانانی تورک و عەرەب و کورد...هتد کە هەموو بۆ خاتری جیهاد هاتبوونە دەرەوە جەلالەدین بە و سوپایەی سەیفەدین بوغراق شەڕی دەکرد لە پێشەوە خۆی سەرکردەی مەیدانی جەنگە کە بوو، چونکە سوپایەکی زۆر چاو نەترس بوو وە دەیان زانی ئەگەر لەم شەڕەدا بەرانبەر بە تەتار شکست بهێنن ئەو سەروەت و سامانە سەرو ماڵیان دەڕوات بۆیە موسوڵمانان لەبەردەم هێزی تەتار خۆیان راگرت!

شەڕ بەردەوام بوو تا سێ رۆژ، بەڵێ سەرکەوتنی خوای گەورە هات موسوڵمانان توانیان سەرکەوتنێک زۆر باشیان بەدەست هێناو هەموو سوپای تەتار رایان کردوە بۆ لای جەنگیزخان بۆ شاری طاڵەقان لە باکووری ئەفغانستان موسوڵمانانیش دەستکەوتی باشیان هەبوو زۆریان لە تەتار کوشتبوو.

بەم پێیە باری دەروونی موسوڵمانان زۆر بەرز بووەوە دیسانەوە خۆیان ئامادە کردەوە بۆ جەنگێکی تر بەرانبەر تەتار، دیسانەوە چوونەوە ناو شاری غەزنە بەرکەوتووی، جەلالەدین هەموو هۆکارەکانی سەرکەوتنی گرتە بەر سوپاکەی خۆی قایم کرد لە نزیک شاری کابول، جەلالەدین و ئەو سوپایە کە لە باوکیەوە بۆی مابووە لەگەڵ سوپا بەهێزەکەی سەیفەدین بوغراق بریاریان دا کە هەواڵ بنێرن بۆ طاڵقان کە جەنگیزخان لەوێ نیشتە جێ بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر تەتار بیر لەوە نەکاتەوە جەنگ لەگەڵ سوپای موسوڵمانان بکات، بەڵێ هەواڵ دراوە بە جەنگیزخان بۆ یەکەم جار بە بارێکی دەروونی خراپەوە سوپایەکی بێ شوماری کۆکردەوە بە سەرۆکایەتی کوڕەکەی جەنگیزخان خۆی ناردە بۆ ناوچەکانی کابول، هەردوو سوپا لە ناو شاری کابول بە یەک گەیشتن.

پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە شاری کابول بە شاخ چواردەوری گیراوە لەو شاخە بەهێزانە کە پاڵ پشتی شاری کابولی ئیسلامیە لە باکووری بەناوی چیای هندکۆش-ی سەخت ناسراوە لە رۆژئاوای هەمان شار چیایەکی زۆر باڵا بەرزی تری تێدایە بەناوی باروپا میزۆس-ە وە لە باشووری چیایەکی بەرزی تری لێیە بەناوی چیای سلێمان.

دیسانەوە جەنگ دەستی پێکردەوە لە نێوانی تەتار و موسوڵمانان دا ئەمجارەش موسوڵمانان توانیان سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەدەست بێنن لەسەرکەوتنی غەزنە گەورەتر، بە هەزارەها لە تەتار بکوژن زیاد لە دەیان هەزار دیلی موسوڵمان لە دەست تەتار ئازاد بکەن، موسوڵمان توانیان دەستکەوت و غەنیمەتی باش بەدەست بێنن، بەڵام سبحان الله لە جیاتی ئەوەی ببێتە نیعمەتێک بۆ موسوڵمانان ئەو دەستکەوتانە بوو هۆکاری شەڕ لە نێوان نێوانی موسوڵمانان پارچە پارچەیان تێکەوت.

بە هۆکاری بەش کردنی ئەو دەستکەوتانە کێشە کەوتە نێوان سوپای سەیفەدین بوغراق و یارانا خان کە خاوەنی ئیمارەتی هەرات بوو ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە موسوڵمانان لە یەک جیا بوونەوە بەڵکو شمشێریشیان لە یەکتر راکێشا و پارچە پارچەی کەوتە نێوانیان سەیفەدین بوغراق وازی لە جەنگ هێناو ئەو ناوچەیەی بە جێهێشت هەرچەندە جەلالەدین دەیویست کێشەکە

چارەسەر بكات، بەڵام سەیفەدین بوغراق هەر جەختی لەسەر رۆشتنی كرد هەرچەندە برایەكی سەیفەدین بە دەستی تەتار كوژرا بوو.

سەركەوتن بە یەك جارو دووجار نابێت موسوڵمانان سەربەست بكات سەركەوتن ئەوەیە كە خوای گەورە لە خۆت رازی بكەیت بۆ ئەوەی لە هەموو كاتێكی ناهەمواریدا بە دەمتەوە بێت[*].

بگەڕێینەوە بۆ شۆڕشەكەی مەلا عومەر..

گومانی تێدا نیە كە بزوتنەوەی تاڵیبان بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی ئیسلامی بوو تا وەك بزوتنەوەیەكی سیاسی ئیسلامی دەربكەوێت، بۆیە لەدوای داگیر كردنی ئەمەریكا لە ئەفغانستان دیسانەوە موسوڵمانانی تاڵیبان خۆیان رێكخستەوە كەوتنەوە شەڕكردن لەگەڵ سوپای هاوپەیمانان و وە گورزی كاریگەریان لێ وەشاندن تەنانەت وای لێهاتبوو زۆربەی ناوچەكانی ئەفغانستان بەدەست تاڵیبان بوو وە بەشەوان تاڵیبان لە ناوچەكاندا فەرمانڕەوایان دەكرد.

هەروەها چەندها چالاكیان ئەنجام دا لەو چالاكیە گەورانەی كە ئەنجامدرا شكاندنی زیندانی گەورەی ناو كابول بوو كە بە هەزران زیندانی تاڵیبانی تێدا بوو ئازاد بوون زیندانەكەیان شكاند، پاشان ئەو هەموو چالاكیە كە كردیان توانیان دەستیان بگاتە پاكستان تەنانەت خۆیان لە چیاكانی تورابۆرا قایم دەكرد.

وە هۆكاری سەركەوتنی تاڵیبانیش دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێكی بەتوانای وەك ئوسامە بن لادن كە پیاوێكی ئازاو چاو نەترس و دیندارە كە زۆربەی خەڵكی عەرەب و تورك و ناوچەكانی تر لە گەڵ بزوتنەوەكەی ئەودان كە ناسراوە بە رێكخستنەكانی قاعیدە بەردەوام ئەمانە دەجەنگن لەگەڵ ئەمەریكادا، ئەمەریكا بە ناچاری خۆی داتی بە شكستی خۆیداناوە لەوێ لە چەند جێگەیەك دا لە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە كە ساڵانە هێزی سەربازی خۆی لە ئەفغانستان زیاد دەكات، بەڵام هەر ناتوانێت كۆنترۆڵی ئەوڵاتە بكات لە رێگەی سیخوڕەكانیەوە، ئەوەی كە جێگەی سەرنجە لە ئەفغانستان كوژراوانی هاوپەیمان خۆی دەدات لە نزیكەی شەش هەزار سەرباز! وە لە بەیاننامەیەكی موخابەراتی ئیتاڵیا هاتووە كە ئیتاڵیا پارەی داوەتە تاڵیابان بۆ ئەوەی سەربازەكانی ئەوان بپارێزێت وەك پەیماننامەیەك كە نە ئیتاڵیا شەڕ لەگەڵ ئەوان دەكات نە تاڵیبانیش شەڕیان لەگەڵ بكات، وە بە هۆكاری ئەو پەیماننامە دەبێت ئیتاڵیا پارە بداتە تاڵیبان وەك جزیە بۆ پاراستنی گیانی ئیتاڵیەكان، كە ئەمە خۆی ئەوپەڕی سەركەوتنە بۆ تاڵیبان، وە چەندین چالاكی سەربازی كە تاڵیبان ئەنجامیان داوە لەگەڵ هێزەكانی قاعیدە كە ئەمەریكا خۆشی بەشكست دانی پێداناوە، بەڵام ئەوەی كە بینیمان ئەوەبوو هێزەكانی هاوپەیمان ویستیان لە رێگەی ناپاكەری و بەخشینی پارە پارچە پارچەی بخەنە ناو ریزەكانی تاڵیبان!

---

[*] پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت: روى البخاري ومسلم عن عمرو بن عوف رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: فو الله ما الفقر أخشى عليكم، ولكني أخشى أن تبسط عليكم الدنيا كما بسطت على من كان قبلكم، فتنافسوها كما تنافسوها، وتهلككم كما أهلكتهم.

هەر هەمان مێژووی جەلالەدین و سەیفەدین بوغراق و مەلک خانە دوبارە دەبێتەوە لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستمان لەگەڵ مەلا عومەر، ئوسامە بن لادن، حامید کارزای، سوپای هاوپەیمانان[1]!
بگەڕێینەوە بۆ باسەکەمان بۆسەردەمی جەلالەدەین پاش بەجێ هێشتنی سەیفەدین بوغراق لە خۆی و سی هەزار کەسەوە سوپاکەی بەجێهێشت ئەمە لە راستیدا خۆی بۆ خۆی شکستێکی مادی و مەعنەوی بوو بۆ سوپای موسوڵمانان.
کە کاتێک جەنگیز خان بە مەی زانی ئینجا خۆی سوپایەکی بە هێزی کۆکردەوە بە سەرپەرشتی خۆی بۆ ئەوەی بزانێت ئەوە کێیە کە دووجار سوپای تەتاری شکست پێهناوە، وە دەبوو موسوڵمانانیش هەستیان بەوە بکردایە کە دنیا و ژیان بە گشتی تاقی کردنەوەیە، جێنشینی فەرمانی خوای گەورە دەبێت کۆمەڵێک خەسڵەت هەیە لە مرۆڤەکاندا رەنگدانەوەی هەبێت ئینجا سەرکەوتن بەردەوام دەبێت، بۆیە موسوڵمانان بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتن.
کە موسوڵمانان زانیان جەنگیزخان خۆی سەرپەرشتی سوپای تەتار دەکات ترس و بیمیان لێ نیشت زۆربەیان هەڵاتن!
زۆربان باری دەروونیان بەرەو خراپ دەڕۆشت کە جەلالەدین سەیری سوپاکەی کرد بەرەو لاوازی دەڕوات ناچار ئەویش خۆی هەڵهات بەرەو رووباری سند کە جیاکەرەوەی سنوری هیندستان و پاکستانە، هەرچەندە پەیوەندی نەبوو لەگەڵ سوڵتەنەکانی هیندستان بەڵام پێی باشتر بوو لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جەنگیز خان!
هەموو سوپاکەی لەسەر روباری سند راوەستاند جەلالەدین، چونکە کەشتی ئەوەندە زۆر نەبوو تا هەموو سوپاکە بپەڕێنێتەوە، جەنگیز خانیش بەدوای سوپا هەڵهاتووەکەی جەلالەدینەوە بوو کاتێک کە جەنگیز خان گەیشتە ناوچەکانی رووباری سند لەو کاتە هەندێک کەشتی لە رووبارەکەدا بوون خێرا جەلالەدین کوڕی محمدی خەوارزیمی شاە خۆی و دارو دەستەکەی و پارەو سەروەت سامانەکەی هەندێک لە سوپای تایبەتی خۆی پەڕاندەوە، هەموو سوپاکەی جەلالەدین لەسەر رووباری سند مانەوە، تەتار گەیشتە سەریان بوو بە شەڕێکی زۆر خەست کە مێژوونووسان دەڵێن: هیچ جەنگێکی تەتار ئەوەندەی ئەوە سامناک نەبووە، هەر لەو شەڕەدا پادشا خان لەوێدا کوژرا کە پێشتر لەگەڵ سەیفەدین بوغراق شەڕی بوو لەسەر دەستکەوت و سامان ئەوە خۆشی لەو جێگەیەدا ژیانی سپارد، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوانی کەسێک کە بۆ سەرکەوتنی دینی خوا جەنگ بکات کەسێکیش بۆ سەروەت سامان!
بەڵێ زۆربەی سوپاکەی جەلالەدین لە ناوچوون خۆشی رایکرد بۆ هیندستان هەندێکی تر لە سوپاکەی رایانکرد و بڵاو بوونەوە بەناو خاکی خەواریزمی دا، بەڵام ئەو شارەی کە تووشی کارەساتی گەورە بووە بریتی بوو لە شاری غەزنە[2].

---

[1] پێغەمبەر سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت: روى مسلم عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: إن الدنيا حلوة خضرة، وإن الله مستخلفكم فيها، فينظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء.

ئەوەی زۆر گرنگە كە باسی بكەین لێرەدا ئەویش ئەوەیە كە جەنگیزخان هەموو منداڵەكانی جەلالەدینی محمەدی خەواریزمی شای گرت و سەر بڕین جەلالەدینیش وەك سەرجەم ئەو گەلە ئاڵی چوو بە دڵیا هەموو منداڵ و ژن و كەسو كاری كوژرا"!

بەم شێوە تەتار توانی زۆربەی وڵاتی موسوڵمانان داگیر بكات ئەو جێگەیانەی كە داگیری كرد بریتی بوون لە كازاخستان، ئۆزبەكستان، تاجیكستان، ئێران، ئازەربایجان، توركەمەنستان، ئەرمەنیا، جۆرجیا كەواتە زۆری نەماوە بۆ عێراق وە ئەم هەموو ڕووداوانەی كە ڕووی دا هەموو لە ماوەی سالێكدا بوو واتا ساڵی ٦١٧ كۆچی".

هەروەك ئێستا خەڵكی دەڵێن كات و ساڵ هەر لە خۆیەوە دەڕوات ئەو سەردەمەش هەر هەمان وتە دووبارە دەكرایەوە.

بەردەوام ئەم ڕەوشە مایەوە تەتار لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون بۆ ماوەیەكی كاتی تەتار وازی لە داگیر كردن هێنا واتا تا ساڵی ٦٢٢ كۆچی، لەو ناوچانەی كە داگیری كردبوو پیاوانی خۆی تێدا دامەزراند و ناوچەكانی خەواریزمی هەموو چوونە ژێر دەسەڵاتی تەتار و بەشێك لە وڵاتی ئێران كە بە خیلافەتی عەباسییەوە نووسابوو، لەو ناوچانەدا نیشتە جێ بوون بێ ئەوەی موسوڵمانان بیر لەوە بكەنەوە كە ڕووبەڕوویان بوەستنەوە، بەڵكو موسوڵمانان هەر لە نێوانی خۆیان دا جەنگ و جیدالیان بوو لەگەڵ یەكتر شەڕیان دەكرد تەتاریش سەیری دەكرد زۆر جار ئاگری بۆ خۆش دەكردن.

---

" ئیبن وكەثیر دەڵێت: هەرچی پیاوی بوو بێ جیاوازی كوشتیان! پاشان هەرچی ئافرەتی تێدا بوو بردیان وەك كەنیزەك بێ جیاوازی وە شارەكەیان ڕوخاند هەموویان خاپور كرد كە پێشتر پایتەختی جەلالەدین بوو، ئەو شارە بوو كە پێش چەند ڕۆژێك دوو جار سەركەوت بەسەر تەتاردا!! وسبي كل الحريم بلا استثناء، وأحرق كل الديار بلا استثناء.. وتركها ـ كما يقول ابن الأثير ـ خاوية على عروشها، كأن لم تغن بالأمس.

" پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموێت:
روى البيهقي بسند صحيح رواته ثقات إلا أنه من مراسيل أبي قلابة رحمه الله أن رسول الله ﷺ قال: كن كما شئت، كما تدين تدان.

" تەنانەت ئیبن و ئەسیری جزیری لەم باسەدا كۆمێنتێكی داوە دەڵێت لەو ماوە كورتەدا كە جێگایی بڕوای كەس نەبوو تەتار ئەو هەموو جێگایە داگیر بكات لە چینەوە بگاتە ئەرمەنیاو لە هەمەدانەوە بەرەو عێراق بێت.

حتى إن ابن الأثير يعلق على هذا فيقول: وقد جرى لهؤلاء التتر ما لم يسمع بمثله من قديم الزمان وحديثه، فهذه طائفة تخرج من حدود الصين، لا تنقضي عليهم سنة حتى يصل بعضهم إلى بلاد أرمينية، ويجاورون العراق من ناحية همذان، وتالله لا أشك أن من يجئ بعدنا إذا بعد العهد ويرى هذه الحادثة مسطورة فإنه سينكرها ويستبعدها، والحق بيده.

ئەرمونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان بیست و پێنج ساڵ زۆر جار فەرماندەی ناوچەی دەکرد
وەک دەگێڕنەوە ئافرەتێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵ زۆر جار ئافرەتێکی تەتەری
زۆرێک لە کاربەدەستی موسوڵمانان دەبوو گوێی بۆ بگرن یان بە دەیان جار ئافرەتێکی تەتەری دەکوژم
بە چەند پیاوێکی موسوڵمانی دەوت پۆستن لێرەدا تا دەچم شمشێرەکەم دێنم هەمووتان دەکوژم
لەدەجولا.
بە چەند پیاوێکی موسوڵمانی دەوت پۆستن لێرەدا لە جێگەیی خۆی لەدەجولا.
وەک ئیبن کەثیر دەگێڕێتەوە یەکێکیان لە جێگەیی خۆی سەرکردە عەلمانییەکان ناو وڵاتە
ئێستاش هەر وایە ئەو هەموو ئافرەتە تەمەن منداڵە لەگەڵ سەرکردە عەلمانییەکان ناو وڵاتە
موسوڵمانەکان کۆدەبنەوە هەمووی ئەمەریکا دایان دەمەزرێنێت بۆ بچووک کردنەوەی
کاربەدەستانی وەڵاتانی ئیسلامی بەدەیان ناو لەبەر دەستدایە کە شاهید ئەم باسەن ڕۆژانە لە
کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەردەکەون، هەر لە وەزیر و سەفیر و دەرچەداری سەربازی.
وە تەتاریش بە هەمان شێوە ئەو سیاسەتەی کە ئێستا ئەمەریکا پیادەی دەکات ئەویش پیادەی
دەکرد بۆ ئەوەی موسوڵمانان بچووک بکاتەوە.
بۆ ماوەیەکی کاتی جەنگیز لە ناوچەکانی ئێران کشایەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکات
چووە ناوچەکانی لای ڕووباری جەیحون و ڕووباری سەیحون کە دوو ڕووباری گەورەی وڵاتی
خەواریزمین.
لە سەر شانۆی سیاسی ئەو دەمە سەر لە نوێ جەلالەدینی خەواریزمی هاتەوە ناو کایەی
ڕوداوەکان کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بوو ڕایکردبوو بۆ هیندستان.
کە تەتار گەڕاوە دواوە لە ناوچەکانی ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی درایە دەست غیاسەدین کوڕی
محەمەدی خەواریزمی شا لەگەڵ سەعدەدینی کوڕی دکل، بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایان کرد پاشان
ئەوانیش بوو بەشەڕیان و وڵاتی ئێرانیان دابەش کرد بە سەر دوو بەش دا کە زۆربەی جێگەکان
ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستای دەکرد واتا کوردستان، وە زۆر بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات درایە
دەست غیاسەدین کوڕی محەمەدی خەواریزم شا.
لە دوای شۆڕشی ئێران واتا ئینقلابی خومەینی کوردستان کەوتەوە دەست هەردوو پارتی سەرەکی
دیموکرات و کۆمەڵە ئەوانیش لە نێوانی خۆیاندا دابەشیان کرد، تا خومەینی خۆی کۆکردەوە
ناوچەکانی لەدەست وەرگرتەوە.
کاتێک کە جەلالەدین لە هندستان هاتەوە هەروەک خومەینی لە فەڕەنسا کە مەنفای بوو
هاتەوە[*]. بەهەرحاڵ جەلالەدین گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی خەواریزم و ڕێکەوت لەگەڵ
سەعدەدین دکل بۆ لێدانی براکەی خۆی کە غیاسەدین کوڕی محەمەدی خەواریزمی بوو، لەدوای
ئەوەی کە خەڵکی لەگەڵ جەلالەدین کۆبوەوە ئینجا پەیوەندی لەگەڵ تەتار کردەوە بۆ ئەوەی
یارمەتی بدەن.
کاتێک موسوڵمانان خوێن لە برینیان دەچۆڕا کەس نەبوو برینی ئەو ئوممەتە چارەسار بکات ئەم
زیاتر برینەکەی قوڵ تر کرد و کەوتە شەڕ لەگەڵ براکەی خۆی پاشان کردی بەشەڕ لەگەڵ
خیلافەتی عەباسی بۆ ماوەی چەند مانگێک گەمارۆی شاری بەسرەی دا، بەڵام هیچیا بۆنەکرا

---

[*] بۆ زانیاری خوێنەران خومەینی خەڵکی هیندستانە لەگەڵ باوکی هاتوون بۆ دێی خومەین ئەوا
بوون پاشان لەو ناوەی ئێ دەرچووە

دوای گەڕاوە بۆ ئەوەی شاری بەغداد بگرێت، وە لەهەمان کاتدا لە ناوچەکانی هەولێر، مووسڵ و شارەزوور ڕاپەڕینێک دەستی پێ کرد دژی خیلافەتی عەباسی وە توانرا زۆرێک لە و ناوچانە لە ژێر دەستی عەباسیەکان وەربگەڕێتەوە دوو کەسیاتی کورد ئەو ناوچانەیان بەدەستەوە بوو یەکێکیان بە ناوەکانی ناسر یوسف و ئەشرەف ئەیوب کە ناوچەکانی هەولێرو هەنێک لە ناوچەکانی ڕاوێنی بەدەستەوە بوو لەگەڵ کوردستانی ڕۆژئاوا واتا سووریای ئێستا، وە بەدرەدین لۆلۆ ناوچەکانی جەزیرەی مووسڵ تا دەگاتەوە شکاک و سنە بەدەست ئەوە بوو واتا کوردستانیان کردبوو بە دوو بەشەوە، وە هەردووکیان هەمشیە شەڕیان بوو.

لەم سەردەمی ئێمەیش دا لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان دژی حوکمەتی بەعس پارتە سیاسیەکانی خۆشمان هاتنەوە دەستیان کرد بە فەرمانڕەوای دوای یەکێتی و پارتی کوردستانیان کرد بەدوو بەشەوە وەک ناسر یوسف و بەردەدین لۆلۆ، کرایە دوو ئیدارە هەمیشە شەڕیان بوو لەگەڵ یەکتری تا زۆرێک لە کوڕی موسوڵمانان لەو ئیوەندەدا تێدا چوون. هەرچۆن شیعەکان بە دەستی ئێران لە باشووری عێراق کەوتنە ڕاپەڕین دژی حوکمەتی بەعس.

لەو سەردەمەدا بە فیتی دەوڵەتی شیعەی ئیسماعیلی هاتی جەلالەدینی خەوارزمیان دا لەگەڵ شیعەکان کە دژی خیلافەتی عەباسی شەڕ بکەن!

هەر هەمان ڕووداوە کە لە سەرەتایی ساڵەکانی ١٩٩٠وە ڕوویانداوە.

ڕووداوەکانی ناو مێژوو:

سبحان الله کە خەلیفەی عەباسی توانی ڕووبەڕووی سوپایی جەلالەدین بێتەوە بەوەوە نەوەستا وە داوای کرد لە تەتار کە یارمەتی بۆ بنێرێت!

لە هەموو داوا و شەڕی تەتار بۆ شاری بەغداد بوو.

ئاخر چی دەوێت خەلیفەی موسوڵمانان؟ بۆ ئەوەی ماوەی کورسیەکەت زیاد بێت ئەچیت تەتار دێنی بۆ ئەوەی موسوڵمان بکوژێت؟ ئاخر بیبیتە بەندەی جەلالەدین باشترە یان بەندەی تەتار!

جەلالەدین و خەلیفەی موسوڵمانان کەناوی ناصربدین الله بوو هەردووکیان وەک سەدام و جەماعەی حزبی دەعوا دێنە بەرچاو یان ئەیاد عەلاوی.

لەگەڵ ئەوەی کە داوای یارمەتی لە تەتار کرد تەتارەکان خۆیان سەرقاڵ بوون بە پلان و کاری خۆیان هیچ وەڵامێکی خەلیفەی عەباسیەکانیان نەداوە جەلالەدین توانی ناوچەکانی نزیک بەغداد بخاتە ژێر رکێفی خۆی، کەواتە لە ساڵی ٦٢٨ کۆچی جەلالەدین توانی ناوچەکانی هەمەدان و کوردستان و زۆربەی وڵاتانی فارس بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی وە زۆری لە کوردەکان کوشت لەناڵەت سەروەت و سامانی بە هەدەر دەبردن زیاد لە ١٠٠٠ کوردی لە ناوچەکانی هەولێر و شارەزوور و شارباژێر وە دەشتی خۆشناوەتی کوشت"[٦].

٦ وەک سالی دەگەڕێنەوە لە هەواڵی تەتاردا دەڵێت جەلالەدین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوری وڵاتی کورد لە یەک ڕۆژدا زیاد لە ٥٠٠٠ کەس کوژران.

بە یەک ڕۆژ لە هەڵەبجە ٥٠٠٠ کەس کیمیا باران کرا بە دەستی حزبی بەعسدا
گومانی تێدا نیە لەسەردەمی حزبی بەعسدا بە یەک ڕۆژ لە هەڵەبجە ٥٠٠٠ کەس کیمیا باران
کران ئەگەر جوان دیقەتی ناوچەکە بدەیت کە صلاحی باسی دەکات هەمان ناوچەی هەڵەبجە
دەکات! لای هەمووان ئاشکرایە کە سەدام بە سەدان خەڵکی کوردی بەرەو نوگرە سەلمان و بیابانی
عەرعەر برد ناوی لێنان ئەنفال کە خۆی ئەدا سەد و حەفتا هەزار کەس، وە توانی زۆرێک لە
وڵاتی ئازەربایجان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی تا دەریایی قەزووین، وەک مێژوو نووسان باس دەکەن
شێوەی شەڕی جەلالەدین بە هەمان شێوەی شەڕی تەتار بوو تەجروبەی ئەوانی دووبارە
کردەوە؟ هەرچی جێگەیەک دەچووە ناوی ئەویش کاول و خاپوری دەکرد لە کاتێک ئەم
بانگەشەی ئیسلامی بوونی خۆشی دەکرد، هەر وایە گەلی دۆڕاو چاو لە گەلانی سەرکەوتوو
دەکەن!

لە کۆتایی ساڵی ٦٢٢ کۆچی خەلیفەی فاسدی گەندەڵی عەباسی مرد کە سیرەیەکی خراپ و
ناشرینی لە مێژوودا تۆمار کردوە، کە زۆر خراپە کار بووە لەگەڵ ژێردەستەکانی دا، هەر خەریکی
یاری و ئافرەت و دانیشتنی شەوان بووە، بێجگە لەو تاوانە ڕەشەی کە تۆماری کرد بۆ خۆی داوای
کرد لە تەتار بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، بۆ ئەوەی لەگەڵ بێباوەڕ پەیمان ببەستێت بۆ لێدانی
موسوڵمان.

پاشان لە ساڵی ٦٢٤ کۆچی جەنگیزخان مرد ئەو پیاوەی کە خوێنڕێژ ترین پیاوی سەردەمی خۆی
بوو نەعەلەتی خوای لێ بێت، کە سنوری وڵاتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کۆریا دەستی پێ دەکرد تا
ڕۆژئاوای ئێران، بە مردنی جەنگیز خان زیاتر ڕەوشەکە هێوەر تر بووە وە تەتار پارێزگاری لە
موڵکی خۆی کرد کە تا ئێران بوو، وە بەردەوام جەلالەدین توانی فەرمانڕەوای ناوەندی ئێران
بەشێکی کوردستان بکات، موسوڵمانان بەردەوام سەرقاڵ بوون بە شەڕی ناخۆ لە جیاتی ئەوەی
خۆیان کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی خاکی داگیر کراوی موسوڵمانان لە دەست تەتار وەربگرنەوە و
هەموو ناوچەکانی موسوڵمانان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو فیتنە و بار و ڕەوشی خراپ دەچوو، بەردەوام
جەنگ لە نێوانی سەرکردەی ئیسلامیەکان دا هەبوو لە میسرو شام وە لە نێوان نەوەکانی
صەلاحەدین لەسەر موڵک و ئیمارەت زۆر جار برا لەگەڵ برا شەڕی دەکرد بۆ دەسەڵات.

گومان لەوەدا نیە هەر کۆمەڵێکی موسوڵمانان بەوشێوە هەڵسوکەوت بکەن خوای گەورە سەریان
ناخات بەڵکو هەرچی طاغوتی سەر زەویە بەسەریاندا زاڵ دەکات تا بە خۆیاندا دەچنەوە، خوای
گەورە خەڵکێک سەر دەخات کە خوای گەورە سەربخەن، واتا بەرنامەی خوای گەورە پیادە
بکەن ئەوە سەرخستنی خوای گەورەیە، وەک خۆی دەفەرموێت: ولینصرن الله من ینصره إن الله
لقوي عزيز

وە گومان لەوەدا نیە کە ئێستا وڵاتی موسوڵمانان و دەسەڵات دارەکانی بە هەمان ڕەوشدا دەڕۆن
بۆیە موسوڵمانان بریندارو خەواڵو و نەخۆشن، پێویستیان بە بەخۆدا چوونەوە هەیە بۆ ئەوەی
سەربەرزی و عیزەتیان بۆ بگەڕێتەوە.

لە دوای مردنی جەنگیز خان کەسێک دەسەڵاتی گرتە دەست لە ناوچەکەدا بە ناوی ئۆگەتای کە
ئەویش بەهەمان شێوەی باوکی خوێنڕێژ بوو لەساڵی ٦٢٨ کۆچی دەسەڵاتی تەتاری گرتە دەست
بە هاتنە سەر دەسەڵات دوای جەلالەدین کەوت بۆ ئەوەی بیکوژێت هێزو سوپای بۆ کۆکردەوە

لە جەنگێک دا توانی بەسەر جەلالەدین دا سەر بکەوێت و جەلالەدین رایکرد دەستی کرد بە خۆشاردنەوە، بەردەوام تەتار بەشوێنیەوە بوون دەچوونە هەر جێگەیەک خەڵکەکیان دەکوشت و شارەکانیان وێران دەکرد تا جەلالەدین چووە کوردستان لەوێ بۆ ماوەیەک خۆی شاردەوە بە تەنها لە ماڵی جوتیارێکی کوردا خۆی حەشاردا جوتیارە کوردەکە پێ وت تۆ کێیت؟ وتی من جەلالەدینی خەواریزمیم، ئەو جوتیارە کوردە دووبراو ژنەکەی بەدەستی سوپای جەلالەدین کوژرا بوون، بۆیە هیچی نەوت و تاماوەیەک لە ماڵەکەی دا بوو ئەمانی دایە پاشان وەک مێژوونووسان دەگێڕنەوە بە ئەشوێنکەی دەستی یاخود بە داسەکەی سەری بڕی و بردی بۆ ئەمیرەکانی کوردی ئەو سەردەمە، بەم شێوەیە کۆتای هات بە ژیانی جەلالەدینی کوڕی محمدی خەواریزم شاه.

ئەوەی بەدوای ژیانی خۆیدا بگەڕێت تەنها مەبەستی خۆی بێت دەرئەنجامەکی وەک جەلالەدین دەبێت چونکە بەس بۆخۆی ژیا گوێی نەدا بە ژێردەستەکانی تا خوای گەورە بە دەربەدەری گیانی دەرکرد بە تەنها بوو لە وڵاتی خۆیدا جوتیارێک کوشتی، گومانی تێدانیە دەرئەنجامی ئەم رووداوانە ئەوەیە کە دەسەڵاتداران پەروەردەی ئیسلامی نین دوورن لە بەرنامەی خوای گەورە بۆیە صدامیش لە وڵاتی خۆیدا بەدەستی جوتیارێکی ناوچەکە ئاگاداری دەزگەکانی ئەو دەسەڵاتە کرا!

شورماگان لەو ناوچەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ فەرمان رەوای کرد لە ساڵی ٦٢٩ کۆچی تا ساڵی ٦٣٤ کۆچی بە هیچ شێوەیەک شۆڕشێک دژی تەتار رووی نەدا! لەگەڵ ئەوەشدا سوپای موسوڵمانان لە ئازەربایجان، عێراق، کوردستان و ئێران دە ئەوەندەی هێزی تەتار بوو، بەڵام چونکە ترس و جیهان لە دڵیاندا روا بوو کەس نەیدەوێرا جوڵانەوە بکات، هەر وەک ئێستای موسوڵمانان کە دەی بینین، ئەو دەمە عەرەب دەیوت خۆ خەڵکی عەرەب هیچی بەسەر نەهاتووە زۆری خەڵکی ناوچەکە عەجەم بوون واتا عەرەب نەبوون، بەڵام هەستیان نە دەجوڵا بۆ ئەوەی کە بڵێن ئێمە هەموو موسوڵمانین برای یەکترین، ئەو دەمە جیاوازی دەکرا لە نێوانی خەواریزمی و کورد و فارس و عەرەب و تورک، هەروەک ئێستا کە چۆن ئومەتەکە وا فێرکراوە بڵێت گرنگ ئەوەیە کوردەکە قەومی خۆم کێشەی نەبێت، بەڵام لەبیریان چوو کە خوای گەورە دەفەرموێت: إنما المؤمنون اخوة، بەڕاستی ئەمەش ئەو پەڕی دۆڕانە کە برایەکی موسوڵمانی عەرەبی هەستێ بۆ کوردێک نەبێت یاخود تورکێک بۆ فارسێک، دەبێت موسوڵمان هەست بەوە بکات ئەوەی کە پەوەندی نێوانمانە پەیوەندی گەل و هۆز و عەشیرەت نیە، بەڵکو پەیوەندی ئیمان و ئیسلامە، ئەو پەیوەندیە کە خوای گەورە کردوینی بە براو خوشکی یەکتری لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و دینەکەمان.

لە ساڵی ٦٣٤کۆچی تەتار دەستی کرد بە هێرش بۆ باکووری دەریایی قەزوین بە سەرکردایەتی باتوی کوڕی جاجی سوپای زۆری کۆکردەوە چوو بەرەو ئەو ناوچانە. لە ساڵی ٦٣٥ کۆچی توانیان بچنە ناو خاکی روسیا، زۆربەی ناوچەکانیان خستە ژێر رکێفی خۆیان، وە لەماوەی دوو ساڵ دا ٦٣٥- ٦٣٦ کۆچی توانیان بچنە ناو هەموو شارە گەورەکانی روسیا وەک ریدان دوای ئەوە بەچەند رۆژێک توانیان بچنە ناو شاری کولومۆن ئینجا شاری گەورەی بەناوبانگی روسیا فلادیمێر لە ماوەی شەش رۆژدا خەڵکەکیان کوشت و کاولیان کرد، بەرەو شاری بەناوبانگی روسیا کەوتنە رێ

كە مۆسكۆ بوو زۆربەی خەڵكەكیان سەربڕی و شارەكەیان خاپور كرد، پاشان ئەم شارانەیان وێران
كرد هەموو خەڵكەكیان كوشت كە بریتین لە سۆزال، یۆرییف، جالیش، بریسلاف وەك لە مێژوودا
هاتووە بەمە هەموو خاكی روسیا كە ژێر ركێفی تەتار وە خاكی روسیا ملیۆنێك كیلۆمەتر چوار
گۆشەیە!

لە ساڵی ٦٣٨ كۆچیدا باتۆی كوڕی جاجی سوپای خستە ڕێ بەرەو وڵاتی ئۆكرانیا توانی پایتەختی
ئۆكرانیا بگرێت كە ناوی كیێف بوو هەموو سەروەت ساماتی ئەو وڵاتەی برد بە هەزارەها
خەڵكیان كوشت لەو وڵاتەدا.

لە ساڵی ٦٣٩ كۆچی بە سەركردایەتی كەسێک بەناوی بایدەر لە باكووری ڕۆژئاوای ئۆكرانیاوە
كەوتە ڕێ بەرەو پۆڵەند دا بۆنەوەی ئەو وڵاتە داگیر بكات، زۆرێک لە شاری ئەوڵاتەیان وێران و
خاپور كرد، بۆیە پادشای پۆڵەند داوای یارمەتی لە پادشای ئەڵمان كرد كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای ئەو
وڵاتە، پادشای ئەڵمانیا ئەو كات كە فەرمانڕەوای دەكرد ناوی هێنری دوق سیلیزیا بوو لەگەڵ
پادشای پۆڵەند هێزیان كۆكردەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن تەتار ئەو وڵاتە داگیر بكات، بەڵام تەتار
توانیان ئەو وڵاتە داگیر بكات هەموو سوپایی ئەڵمان و پۆڵەندیان شكست پێهێنا توانیان
سەربكەون، پۆڵەند كەوتە ژێر فەرمانڕەوای تەتار.

هەر لە ساڵی ٦٣٩ كۆچی باتۆ لەگەڵ بایدەر ئەم دوو سەركردەیە سوپاكەیان كرد بە دوو بەشەوە
بایدەر لە ڕۆژئاواوە ڕۆشت بۆ وڵاتی مەجەر توانی لە شەڕێكی گەورەدا مەجەر بخاتە ژێر ركێفی
خۆی و جەنگێكی گەورە ڕوویدا و سەركەوتن، وە لە باشووریش باتۆ كوڕی جاجی توانی یارمەتی
بدات، وە توانیان سلۆڤاكیاش بخەنە سەر موڵكی خۆیان بەمە موڵكی تەتار تا سلۆڤكیا سنوری
بوو! سوپای تەتار توانیان لە كرواتیادا وە بەرەو دەریایی دریاتی بڕۆن و بپەڕنە ئەوبەر كە سنوری
ئیتاڵیا و كرواتیدا جیا دەكاتەوە، ئەتوانیین بڵێین تەتار نیوەی ئەوروپای خستە ژێر ركێفی خۆی وە
قەڵەم ڕەوی زیادی كرد كە بێشومار بوو پانتایی دەوڵەتەكەی!

ئەگەر لەساڵی ٦٣٩ كۆچی خاقانی تەتار كە جێنشینی جەنگیز خان كوڕی بوو نەمردایە ئەوا
سوپای تەتار بەرەو ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و نەمسا دەچوون، ئەوەی كە لەجێی جەنگیز خان
بوو ناوی ئۆكیتای بوو بە گەورەی تەتار دەوترا خاقان باتۆ هێرشی ڕاوەستان بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە
بۆ پایتەختی مەنگۆلیا تەتار كە ناوی قوراقورم بوو بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژێرێت بۆ خاقانی.

بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەردەمەی خۆمان بەلاتانەوە سەیر نەبێت كە تەتار ئەو هەموو وڵاتەی داگیر
كرد بە هەمان شێوە ئەمەریكا لە تەتار كەم تری نەكردوە بۆ نموونە ئەمەریكا شەڕی لەگەڵ زۆر
بەی وڵاتان كردوە و داگیری كردوە لەوانە ڤێتنام، كۆریا، یۆنان، یابان، كوبا، عێراق، سۆماڵ، كیپ،
ئەفغانستان...هتد بێجگە لەوەی كە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە ژێر ركێفی ئەودا فەرمانڕەوای
دەكەن نموونەی وەك سعود، ئیمارات، یاخود وڵاتانی خەلیج بێجگە ئێران، زۆرێک لە وڵاتانی
ئەفریقیا، وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەمەریكایی باشوور...هتد كەواتە بۆمان دەركەوت هێزی
تەتار و هێزی ئەمەریكا وەك دراو وان هەر یەک ڕوون، چۆن ئەو هێزی خۆی بە جیهان بڵاو
كردبووەوە بە هەمان شێوە ئوستول و بنكە سەربازیەكانی ئەمەریكاش بە دەریاو زەویدا تێدا
بڵاوە!

ئێستا شیکردنەوەیەک دەکەین لەسەر ڕەوشی ساڵی ٦٣٩ کۆچی و ئەم ساڵەنەی کە خۆمان تێیدا ژیانمان کردوە واتا سەدەی بیست و بیست و یەک.
یەکەم: تەتار سنوری لە ڕۆژهەڵاتی کۆریا وە دەسی پێدەکرد تا ڕۆژ ئاوای پۆڵەند، لە باکووری سیبریا تا باشووری ڕوباری چین، ئەو سنورە گەورەی بۆ خۆی دەستە بەر کردبوو، کە هێزی یەکەم بوو لە هەموو جیهاندا بێ ئەوەی کەسێک کێ بەرکێ لەگەڵ بکات.
ئەمەریکاش نزیکەی قاڕەیەکی بۆ خۆی دەستە بەر کردوە بێجگە لەوەی ئەو هەموو بنکە سەربازی ئوستولە گەورانەی بڵاو کردۆتەوە بە هەموو جیهان دا، ئێستا هێزی یەکەمی جیهانە هیچ هێزێک ناتوانێت کێ بەرکێ لەگەڵ ئەمەریکا بکات لە ڕووی تەکنەلۆجیایی سەربازی و مەدەنی..هتد.
دووەم: لە دوای مردنی ئۆکیتای کوڕەکەی دەسەڵاتی گرتە دەست کە ناوی کیۆک بوو بڕیاریدا کە زیاتر هێزو سوپای تەتار بە هێز تر بکات لە هەموو ناوچەکان دا تا دەسەڵاتی تەتار بسەپێنێت.
لەدوای ڕۆیشتنی جۆرج بۆشی باوک کوڕەکەی هاتە سەر دەسەڵات کەناوی جۆرج دبلیو بۆش بوو ئەویش میزانیەکی باشی دانا بۆ شەڕی تیرۆر و خۆی ئامادە کرد بۆ گرتنی ئەفغانستان و عێراق وە گردیشی.
سێیەم: تەتار توانی زۆربەی وڵاتانی موسوڵمانان و هەرێمەکان وڵاتانی ئیسلامی بۆخۆی داگیر بکات و بیکاتە موڵکی خۆی وە نەهێڵێت هیچ جۆرە بەرەنگار بونەوەیەک دژی خۆی تێیدا ڕوو بدات وە نەهێڵێت هیچ شۆڕشێک ڕووبەڕووی بێتەوە.
ئەمەریکاش توانی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و سەرکردەکانی وڵاتە ئیسلامیەکان بەبێ ئەمەریکا پەنجە نەکەن بە ئاودا. هەر هەمان مێژووە خۆی دووبارە دەکاتەوە!
چوارەم: ئەوەی کە تەتار نەیتوانی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی لەو ماوەیەدا وەک عێراق و میسر و ناوەڕاستی وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی هەمیشە سەرقاڵ بوون بە کێشەی ناوخۆیی خۆیان.
ئەو وڵاتانەی کە دوورن تا ڕادەیەک لە ژێر سایەی ئەمەریکادا کار ناکەن بە هەمان شێوە لەم سەردەمی ئێستماندا ئەوانیش سەرقاڵن بە کێشەی ناوخۆی خۆیان بۆ نمونە سوودان، لیبیا، تورکیا..هتد
پێنجەم: لە سەردەمی تەتار چەندە موسوڵمانان ئازاریان چەشت بەدەست تەتار بە هەمان شێوە خاچ پەرستانیش زۆر زیاتر لە کارەساتی موسوڵمانانیان بەسەر هات تەنانەت چووە ناو ماڵی کاتۆلیکە توند ڕەوەکانی سەردەمی خۆی لە ڕۆما.
لە هەمان کاتدا چەندە ئەمەریکا ئازاری موسوڵمانانی دا بە هەمان شێوە ئازاری وڵاتانی وەک کۆمەنیست و سۆسیالیستەکانی دا وەک کوبا، وڵاتانی ڕوسیای یەکگرتووی کۆن، کۆریا، یابان..هتد.
شەشەم: لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو وڵاتانەی ئەورووپای خاچ پەرستانی داگیر کرد، ئەورووپا زانیان کە ئەمە جەنگێکی بیروباوەڕی نیە، بۆیە بەشەڕێکی کاتێدان زانی هەستان بەوەی کە دەست لەگەڵ تەتار تێکەڵ بکەن بۆ لێدانی موسوڵمانان بەتایبەت ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و فەرەنسا لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەریان هات لە کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پیاوانیان، بەڵام هەر ئامادە بوون دەست بخنە ناو دەستی تەتار بۆ لێدانی ئومەتی ئیسلامی.

بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتانی تر لەگەڵ ئەمەریکادا ناکۆکن، بەڵام بۆلێدانی موسوڵمانان بۆ جەنگی دژە تیرۆر بەرەیەکیان پێک هێناوە ناویان ناوە هاو پەیمانان! کە بریتین لەو وڵاتانەی کە کێشەشیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، بەڵام ئامادەن دەست لە دەستی ئەمەریکا بنێن بۆ ئەوەی لە وڵاتی موسوڵمانان بدەن.

حەوتەم: ئەوروپا هەوڵی دا کە زۆربەی سەرکردەکانی تەتار فێری دینداری مەسیحی بکات دینی خۆیانیان پێ بکەیەنن.

لە جەنگی تازەی ئەمڕۆ کە دەکرێت بە ڕابەر بە موسوڵمانان ئەو کەسانەی کە دەبنە سەرکردە زۆربەیان یان جولەکەن یان مەسیحیە توندڕەوەکانن، واتا هەموویان دیندارن.

هەشتەم: لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتانەی کە بەسەریان هاتبوو دەستیان هەڵنەگرت لە هێرش کردنە سەر وڵاتی موسوڵمانان لە میسرو شام هەمیشە هێرشیان دەبردە سەریان، کە ئەو دەمە نزیک کۆتایی دەسەڵاتی ئەیوبیەکان بوو لە میسر و شام.

لەگەڵ ئەوەی لە ئەوروپا جولەکەکان قاتو قڕ کران وە وڵاتانی موسوڵمان جێگەیان کردنەوە، کەچی بەردەوام لە غەزە و ناوچەکانی تر وەک زفەو لوبنان هەر خەریکی هێرش کردنە سەر موسوڵمانانن، لە موسوڵمانان دەکوژن بە فیتی ئەمەریکا و پشتگیری کردنیانن لە لایەن ئەوانەوە.

نۆیەم: لە ساڵی ٦٤٠ کۆچی دا خەلیفەی موسوڵمانان لە بەغداد کۆچی دوای کرد کە ناوی مستنصیر بل لله بوو کورەکەی هاتە جێگەیی ناوی موستەعصیم بل لله بوو کەتەمەنی سی و سێ ساڵ بوو کەسێکی قورئان خوێن و رەوشت بەرز بوو حەزی بە چاکە بوو خەریکی کاری باش بوو ئاوەدانی خستە وڵات بەڵام هیچی لە سیاسەت نەدەزانی، ئەوانەی دەرو پشتی کارو باری وڵاتیدان گرتە دەست لە بەچکە مەسیحی و رافیزەکان کە خیلافەت لەسەر دەستی ئەم دەروخێت شاری بەغداد وێران دەکرێت.

لە جیهانی ئیسلامی دا گومانی تێدا نیە خەڵکی باش هەیە، بەڵام هەموو دەوروپشتیدان بە خەڵکی خراپ گیراوە یان ئەوەتا ناتوانن کار بکەن یان زوو کەدێنە سەر دەسەڵات دەیان کوژن یان زوو دەربەدەریان دەکەن، وە نمونەی زۆر باش هەیە لەبەر دەستدا کە زۆر لە بزوتنەوە خەباتگێران هاتونەتە پێش، وەک ئیخوانەکان، سەلەفیەکان، کە هەندێکیان وەک کۆمەڵ دەرکەوتن هەندێکیشیان وەک ڕەمز.

دەیەم: ئێستا لە نێوانی تەتار و خیلافەتی عەباسی لە عێراق تەنها سنورێکی زۆر باریک ماوە لە نێوانیان دا، لە باشووری ئەو وڵاتە دەوڵەتی شیعەی ئیسماعلی هەیە کە زۆر پیس و ترسناک بوون هەمیشە دەستیان لەگەڵ دوژمنانی موسوڵمانان تێکەڵ دەکرد بۆ ئەوەی خیلافەتی ئیسلامی بروخێنن چەند جار لەگەڵ تەتار پەیمانیان مۆر کرد بۆ لێدانی خیلافەتی عەباسی وە چەند جارێ تریش لەگەڵ خاچ پەرستان هەر بۆ لێدانی خیلافەتی عەباسی، گومانی تێدا نیە تەتار نایەوێت لە خۆی بەهێزتر هەبێت لە جیهان دا، بۆیە هەر بیر لە ناوبردنی ئەو دەوڵەتە دەکردەوە کە شیعە بوون.

دەوڵەتی شیعەی ئێستا لە ئێران کە دەوڵەتێکی پیس شیعەیە، هەمیشە دەستی تێکەڵ بووە بۆ لێدانی ئەهلی سونە و جامعە لەگەڵ ئەمەریکا، گومانیشی تێدا نیە کە لەگەڵ جولەکەش هە

دەستی تێکەڵە بۆ لێدانی موسوڵمانان ئەواتا لە فەلەستین و لە لوبنان دەستی تێکەڵە لەگەڵ جولەکەدا لە ڕێگەی وەلید جومبۆڵادە وە کە هەموویان شیعەی فاطمین واتا دورزین کە ئەندامن لە کەنیسەتی ئیسرائیلی، بەڵام ئەمەریکا هەروەک پیشەی تەتار نایەوێت هێزێک دەربکەوێت کە کێبڕکێی لەگەڵ بکات بۆیە ئێستا ئێرانی هەڵپێچاوە دەیەوێت لاوازی بکات، بەس هەرگیز نایەوێت بیڕوخێنێت.

کیوکی کوڕی ئۆکیتای خان دەسەڵاتی گرتە دەست وە سنوری وڵاتی تەتار زۆر بەرفروان بوبوو، لەگەڵ ئەوەی کە تەتار نەیدەتوانی بەشێوەی ئیدارەی هەموو ناوچەکانی بکات ئەودەمە کەس لە موسوڵمانان بیریان لەوە نەکردەوە کە ڕاپەڕن بە ڕووی تەتاردا وە یەک سەرکردەی موسوڵمان نەجولا بۆ شۆڕش کردن دژی تەتار کە ئەو هەموو خاکە موسوڵمانەیان داگیر کرد بوو.

لەدوای ئەوەی کە کیوک دەسەڵاتی تەواوی لەبەر دەستا بوو بڕیاری دا کە هێرش بۆ سەر وڵات بوەستێنێت تا بتوانێت ئیدارەی ئەو جێگەیانە بکات کە لە ژێر فەرمانڕەوای دا بوو، زیاتر نەڕوات بەڵکو موڵکی خۆی بپارێزێت، ئەتوانین بڵێین ئەو سەردەمە جیهان ئارامیەکی تەواوی بە خۆیە بینی، لەگەڵ ئەو هەموو نا هەمواریەی کە بەسەر وڵاتان دا هات کە تەتار زۆربەی زۆریانی جێنۆساید کرد.

لە ساڵی ٦٤٦ کۆچی کیوک کوڕی ئۆکیتای خان مرد، لەدوای خۆی سێ کوڕی بەجێهێشت کە هیچیان بۆ دەسەڵات نەدەشیان هەموویان منداڵ بوون، ناچار خێزانی کیوک دەسەڵاتی گرتە دەست خۆی فەرمانڕەوای دەکرد ناوی ئەوغول قمیش بوو، وە زۆربەی سەرکردە سەربازیەکانی تەتار بەو کارە ڕازی نەبوون و دەیانەوت نابێت وڵاتێکی وا گەورە بکەوێتە دەست ئافرەتێک کە ئەو سنورە بەربڵاوەی هەیە پێویستی بە کەسێکە کە بێ دڵ بێت و ڕەق بێت، بەڵام ئەوغول قمیش لە ساڵی ٦٤٦-٦٤٩کۆچی فەرمان ڕەوای کرد، پاشان ئەنجومەنی نیشتمانی تەتاری کە ئەو ناوەی هەبوو هەر لەساڵی ٦٤٩ کۆچی هەڵسان بە لابردنی ئەو ئافرەتە و خاقانێکی نوێیان دانا بەناوی منکۆ خانبۆ ئەوەی بێتە گەورەی وڵاتی تەتار.

ئەنجومەنی پیران هەمان بڕیاری دا لەگەڵ پارێزگارە نوێکان لە ئەمەریکادا بۆ ئێستا نابێت ئافرەتێک وڵاتی ئەمەریکا بگرێتە دەست کە هیلاری کلینتۆن خۆی کاندید کرد بۆ ئەو پۆستە تا دوای باراک ئۆباما ئەو پۆستەی گرتە دەست، هەرچەندە لە ڕاستیدا وەک چاودێران دەڵێن لەناو حزبی دیموکراتیەکانی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆن دەنگی زۆر تر هەبوو، بەڵام لەبەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە ئەمەریکا ئەو هەڵنەبژێرا وەک ڕاپۆرتێکی موخابراتی ئەمەریکی سی ئای ئەی ئەمەی درکاندوە.

هەڵبژاردنی منکۆ خان بۆ سەرۆکی تەتار بە تەواوەتی نەخشەی هەموو جیهانی گۆڕی، وەک جەنگیزخان بیر لەوە دەکردەوە کە چۆن قەڵەم ڕەوی زیاد بکات، بیری لەوە کردەوە کە چۆن خیلافەتی عەباسی بڕوخێنێت، بەتەواوەتی خۆی بکات بە وڵاتی موسوڵمانان دا، بۆ ئەم مەبەستە کەسێکی هەڵبژارد کە برای خۆی بوو بۆ ئەوەی یارمەتی بدات ناوی هۆلاکۆ بوو کە کەسێکی خوێنڕێژ بوو زۆر ڕقی لە موسوڵمانان دەبووەوە، هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لە لاشەی ئەم کەسەدا نەبوو ئارەزووی خوێنڕشتن بوو وە بۆ ئەم مەبەسەتە کرایە سەرکردەی سەربازی لە ناوچەکانی

بۆ گرتنی شاری بەغداد روخاندنی خیلافەتی عەباسی فارس وە بەهەمان شێوە خۆی ئامادە کرد بۆ گرتنی شاری بەغداد روخاندنی خیلافەتی عەباسی لە راستیدا هۆلاکۆ بۆ ئەم کارە گەورەترین توانای کۆ کردەوە توانی باشترین رێگە بگرێتەبەر بۆ گرتنی ئەو وڵاتە، کە مێژوونووسان زۆر بە سەرسامیەوە باسی دەکەن وە وەڵامدانەوەی لە لایەن موسوڵمانانەوە زۆر لاواز بوو وە هۆلاکۆ بە تەواوەتی خۆی ئامادەکرد بۆ ئەو جەنگە هێزی باشی کۆکردەوە، گومانی تێدانیە ئەگەر ئەوە کاردانەوەی موسوڵمانان بەوشێوەیە بێت لەبەرانبەر منگۆخان دەبێت هەر ئەو سەربکەوێت وە هەرکەس هۆکاری سەرکەوتن بگرێتە بەر خوای گەورە سەری دەخات ئەگەر چی کافرو بێ دین بێت، چونکە ئەوە سونەتی خوای گەورەیە سونەتی خوای گەورەش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت وەک خوای موتەعال دەفەرموێت: فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا وە هەرکەسیش خۆی بۆ روبەڕوو بوونەوە ئامادە نەکات ئەگەرچی موسوڵمانیش بێتَ ئەوا شکست چاوەڕوانیەتی خوای گەورەیش دەفەرموێت: مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ هود هەرکەسێ تەنیا ژیانی دنیاو رازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێ، پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە، وە ئەوانە لە دنیادا مایەپوچ نابن.

## کۆکردنەوەی هێز بۆ گرتنی شاری بەغداد

هۆلاکۆ چی کرد بۆ ئەوەی بەغداد بگرێت؟

ئایا جۆرج بۆش چیکرد بۆ ئەوەی بەغداد بگرێت؟

هەر لە باسەکەدا هەردوولایان پەرەوەردە دەکەین.

لە ساڵی ٦٤٩ کۆچی دەستی کرد بە خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو کارە زۆر بە جدی، لەگەڵ ئەو خۆ ئامادەکردنە ئارامی و سەبرێکی زۆری لەگەڵ دا گرت، بۆ ئەوەی زۆر بەباشی بتوانێت بچێتە ناو خاکی عەباسیەکان و بەغداد، لەگەڵ ئەو هەموو سەربازە زۆرەی کە هەیبوو، بەڵام ئارامی گرت جەنگی دەست پێنەکرد دژی خیلافەتی عەباسی، بەڵکو ئارامیەکەی پێنج ساڵی خیاند لە ساڵی ٦٤٩ کۆچی خۆی کۆکردەوە بە هێزو توانایەکی زۆرەوە تا ساڵی ٦٥٤ کۆچی، زۆر بەباشی و چالاکی و بە هێزێکی گەورەوە خۆی ئامادە کرد.

گومانی تێدا نیە کە ئەمەریکا لەگەڵ عێراق کە کەوتە جەنگ بۆ ماوەیەکی درێژ خایەند تاکو تەواوەتی رژێمی عێراقی روخاند لە ساڵی ١٩٩١ زاینی دەستی پێکرد وە عێراقی لاواز کرد تا ساڵی ٢٠٠٤ زاینی، وە پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی کە خیلافەتی عەباسی لاواز ببوو لە باکووری وڵات واتا کوردستان راپەڕین روویدا بوو لەسەر دەستی دوو کەس یەکێکیان بەناوی ناسر یوسف ئەوەتریان بەناوی بەدرەدین لۆلۆء کە ناوچەکانی هەولێر، شارەزور و مووسڵیان دابەش کردبوو لە نێوانی خۆیان دا شەڕیان بوو، وە لەسەردەمی نوێماندا هەر هەمان رووداو رویداوە لەگەڵ پارتی دیموکرات بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، یەکێتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی ئەوانیش شەڕیان لەگەڵ یەک بەرپا کرد ناوچەکانیان دابەش کرد، وە لەسەردەمی عەباسیەکان باسمان کرد کە شیعەکان لە باشووری عێراق دژی خیلافەت. ئەوانیش راپەڕینیان ئەنجامدا بە یارمەتی دەوڵەتێکی شیعەی ئیسماعیلی لە ئێران، وە لەهەمان کاتدا لەدوای ئەوەی کە عێراق بە

كوێت گەڕاوە هاوكات لەگەڵ ڕاپەڕینی كوردستان دا لە جنوبی عێراق لەسەردەمی سەدام دا شیعەكان ڕاپەڕینیان ئەنجام دا بەیارمەتی جمهوری ئێرانی شیعە، هەر هەمان ڕووداو خۆی دووبارە كردەوە.

بزانین هۆلاكۆ چۆن خۆی ئامادەكرد شانۆی جەنگی چۆن دەستەبەر كرد، وە پارەو سەروەتی بۆ ئەو جەنگە چۆن تەرخان كرد واتا بودجەی بۆ بەدەست هێنا، بۆ ئەوەی جەنگەكە بەردەوام بێت، پاشان پەروەردەی بكەین لەگەڵ سەردەمی نوێدا كە ناونرا بوو بە جەنگی خەلیج؟

یەكەم: هۆلاكۆ دەستی كرد بە چاككردنی هەموو ڕێگە نزیكەكانی چین بۆ عێراق بۆ ئەوەی سوپاكەی بە ئاسانی پیدا تێپەڕێت، چونكە سوپای تەتار زۆر بوو.

ئەمریكا لە خەلیج هەموو ئوستولەكانی خۆی جێگیر كرد بە ناوی پارێزگاری لێیان تا بە تەواوی بۆ عێراق جێ پێی قایم كرد، بتوانێت یارمەتی تەواو لە ڕێگەی دەریاوە بۆ سەربازەكانی بگوازێتەوە.

دووەم: هۆلاكۆ هەموو ئەوپردە روخاوانەی چاك كردەوە بۆ ئەوەی سوپاكەی بەسەریدا بڕوات و بە دوو پردی نوێی دروست كرد لەسەر روباری سەیحون و جەیحون، زۆربەی سوپاكەی بەكار هێنا لەماوەی دوو ساڵ بۆ دروست كردنی ئەو پردانە.

ئەمریكا سەربازەكانی خۆی باش ڕاهێنا لە ڕەوشی بیبانی بۆ ماوەی دەساڵ بەس هاتوچۆی بە سەربازەكانی دەكرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاو هەوای ناوچەكەدا ڕابهێنن.

سێیەم: هۆلاكۆ دەستی كرد بە دروست كردنی عەرەبانەی گەورە بۆ گواستنەوەی دەبابە و مەنجەنیقەكانی بۆ ئەوەی كەرەستەی سەربازی زوو بگاتە عێراق.

ئەمریكا بە هەمان شێوە ئوستول كەشتی گەورەو فڕۆكەی تایبەتی دروست كرد بۆ ئەوەی بە زووترین كات، چەكو تەقەمەنی بگەیەنێتە سوپاكەی لە كەنداو.

چوارەم: هۆلاكۆ هەموو تولە ڕێگەكانی گرت بۆ ئەوەی چەتەو ڕێگر نەبەنە ڕێیان تاكو لە جەنگەكە درەنگیان بخات سەربازی لە ناوچەكاندا وەك پاسەوان دانا.

ئەمریكا لەگەڵ توركیا و سعودو كوێت و ئوردن..هتد ڕێكەوت كە سنورەكانی لای خۆیانی بۆ پارێزن.

پێنجەم: هۆلاكۆ دەستی كرد بە ناشتنی گەنمو جۆ گژو گیا بۆ ئەوەی ئەو سوپا گەورەیە كە لە چینەوە بەرێ دەكەوێت زیاتر چەك هەڵبگرن نەك خواردن، وە خواردنی ئاژەڵ و ئەسپەكانیان لە ڕێگەدا هەبێت بۆ ئەوەی توشی هیچ بارێكی ئابووریی برسێتی نەبنەوە هەموو ڕێگەكانی كرد بە گژو گیاو گەنم جۆ.

ئەمریكا لەگەڵ سعود و كوێت ڕێكەوت بۆ ئەوەی سوتەمەنی بداتێ بۆ ئەوەی سوپاكەی توشی هیچ گەمارۆیەكی ئابووریی لە ڕووی گاز و بەنزینەوە نەبێتەوە، بۆ لێدانی عێراق و ئەفغانستان پەیمانی لەگەڵ دا بەست بۆ ئەوەی سوتەمەنی لێنەبڕێت لەماوەیەكی نزیكدا بیداتێ، چونكە لە ئەمریكاوە زوو سوتەمەنی نەدەگەیشتە سوپاكە ناچار لە سعود و وڵاتانی كەنداوی وەرگرت!

ئەم چەند خاڵەی كە باسمان كرد ئەتوانین بڵێین تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە بوو، بەڵام ئێستا باسی چەند خاڵێكی تر دەكەین لە ڕووی پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسییەوە.

لای هەمووان ئاشکرایە ئەمەریکا بەم دوایانە چووەوە بەسیاسەتی خۆیدا لەگەڵ هاوپەیمانانی دا گفتوگۆ و رای سیاسیان دەگۆڕیەوە.

تەتار دەستی کرد بە پەیوەندی سیاسی بەستن هەندێک لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی کە نزیک بوون لە خۆیانەوە، ئەمەش بۆ یەکەم جار روویدا لە سیاسەتی تەتاری دا پێشتر هیچ بایەخێکی بۆ هەنگاوی تر دانە دەنا وا ئێستا بە تەواوەتی ئاراستەی سیاسەتی خۆی گۆڕیوە، خەریکی بەستنی چەند پەیماننامە و کاری تری دیپلۆماسیە، لەو کارانەی کە ئەنجامیان دا بریتی بوون:

یەکەم: لەسەرەتاوە منکۆخان پێشوازی وەفدێکی خاچ پەرستانی کرد کە لە فەرەنساوە هاتبوون لەلایەن لیوس- نۆ لە ساڵی ٦٥١کۆچیدا، هەرچەندە ئەم وەفدەی کە هاتبوون بۆ لای منکۆ خان بێ ئاکام بوو، بە هۆکاری ئەوەی کە منکۆخان زۆر بە راشکاوانە پێ وتن، من گەورە و سەرکردە و ئێوەش دواکەوتەی من، وەک رۆژئاوا عیبرەتی سیاسی قسەی باق و بریقی بەکار ئەهێنا سیاسەتی یەک جەمسەری پیادەکرد کەس لە خۆم زیاتر نیە لە جیهان دا، ئەوەی پێ رازیە با شوێنم بکەوێت ئەوەش ئارازیە دوژمنە و لە بەرەی نەیارانمان ئاماژەی بۆ دەکەین، کە ئەمەش سیاسەتێکی زۆر سادەیە کە پیادە دەکرێت، ئەمە سەرەتای وەفدەکە بوون کە هاتنە لای منکۆ خان بەم شێوەیە هیچ رێکەوتن و پەیمان نامەیەک ئیمزا نەکرا، بێ گومان پادشای فەرەنسا لیوس ئەو وتانەی منکۆخانی رەد کردەوە بە هیچ شێوەیەک قبوڵی نەبوو.

ئەمەریکا بۆ ئیدانی عیراق هیچ لایەک رازی نەبوو تەنا بە قسەی جۆرج دەبلیو بۆش کارەکە ئەنجام درا کە سەرۆکی ئەوکاتەی ئەو وڵاتە بوو، تەنانەت ئەو کات فەرەنسا بەتایبەت و ئەوروپا بەگشتی زۆر دژی ئیدانی عیراق بوون، زۆربەی وڵاتانی تریش.

دووەم: ئەگەر پادشاکانی رۆژئاوای ئەوروپا دوای تەتار ناکەون، ئەوە پادشای تر هەیە کە بە شوێنکەوتووی تەتار خۆی دادەنێت وەک پادشای ئەرمەنیا کەناوی هەیسوم بوو، بە سیاسەتێکی زۆر حەکیمانەوە واقعی دادەنا، هاوپەیمانی بەست لەگەڵ منکۆخان لەسەر بنەمای دواکەوتنی ئەو دەوڵەتە چی وت ئەرمەنیا بڵێت باشە، وە ئەرمەنیا دووجار داگیر کرا بوو لەسەر دەستی تەتار جارێک لە سەردەمی جەنگیز خان جارێکی تریشیان لەسەر دەستی ئۆکیتای، بۆیە دەیزانی دراوسێکانی تر وڵاتانی ئیسلامین باشترە کە لەگەڵ تەتار و هاوپەیمان بێت دوژمنایەتێکی زۆر قوڵیان هەبوو لەگەڵ موسوڵمانان بۆیە هەر تەتاری پێ باشتربوو، وە پادشای ئەرمەنیا ئاواتی بوو کە خیلافەتی ئیسلامی عەباسیەکان بە تەواوەتی لە ناوبچن، بۆیە زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئەو کارەی کرد گومانی تێدا نیە کە سوود بە موڵکی هەیسوم دەگەیەنێت.

ئەمەش وای کرد کە پاڵ بە هەیسوم-ەوە بنێت خۆی بچێت بۆ لای منکۆخان بۆ وڵاتی مەنگۆلیا بۆ قوراقورم، ئینجا منکۆخان هەستی کرد کە پێویستە رێگە سیاسیەکان بگرێتە بەر بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا بکات، وە دەستی کرد بە وشەی جوان بەکار هێنان بۆ بەرانبەرەکەی بە فەرمی پێشوازی لە پادشای ئەرمەنیا هەیسوم کرد ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ئەنجامدا، ئینجا ئەویش وەک دواکەوتویەک خۆی نیشانی منکۆخان دا منکۆخانیش وەک پادشا پێشوازی لێکرد ناوی پادشای پێ بەخشی، بەڵام ئەو پادشاەی کە تەتار دەیەوێت، هەندێک پەیمانی پێدا و لەگەڵ دیاری گران بەها، ئەو دیاریانەش کە منکۆخان بەخشی بە هەیسوم بریتی بوون لە:

یەكەم: هەموو مومتەلەكاتی شەخسی هەیسوم وەک پادشا پارێزراوە.
دووەم: هەموو كەنیسەكانی ئەرمەنیای لە زەریبە و باج ئازاد كرد پارەكەی داوە بە هەیسوم.
سێیەم: پارمەتی دانی ئەرمەنیا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شارانەی كە سەلاجیقەكان ئازادیان كرد بوو.
چوارەم: لەمەولا پادشای ئەرمەنیا یەكێک دەبێت لە گەورە راوێژكارانی منكۆخان حاخانی تەتار بۆ كاروباری رۆژ هەڵاتی ئاسیا.

بۆ تەتار ئەم هەموو كارەی كرد بۆ پادشای ئەرمەنیا هەیسوم، لە كاتێک دا هێزی تەتار لەو پەڕی تواناو دەسەڵات دا بوو وە هێزی ئەرمەنیا لە چاو تەتار بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناكرێت، چونكە ئەوەندە بچووک بوون لە چاو دەوڵەتی تەتار گومانی تێدا نیە دەبێت كارێكی زۆر گەورەی بە ئەرمەنیا بێت بۆ ئەم جەنگەی كە دەستی پێكردوە لەگەڵ موسوڵمانان، كە بە بۆچونی من (نووسەر) دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک.

خاڵی یەكەم: گومانی تێدا نیە كە تەتار سوود لە ئەزمونی ئەرمەن وەردەگرێت بۆ شەڕی موسوڵمانان چونكە بەدرێژایی مێژوو ئەرمەن شەڕی لەگەڵ موسوڵمانان كردوە وە زانیاری راست و دروست ئەدا بە تەتار بۆ جەنگی لەگەڵ موسوڵمانان!

خاڵی دووەم: تەتار خاكێكی زۆری لەبەر دەستا بوو دەبوو خەڵێكی دڵسۆز ئیدارەی شارو وڵاتەكانیان بۆ بەن بەرێكەوە وە لە ئەرمەنیا دڵسۆز تر نەبوو بۆ تەتار، چونكە دوژمنی سەرسەختی موسوڵمانان بوو، بەمەش توانی هەندێک ئیدارەی شارو وڵاتەكان لەسەر خۆی لابەرێت، تا تورەیی خەڵكیش كەم بكاتەوە!

سێیەم: منكۆخان دەیزانی كە لەناوچەكانی عێراق و میسر و شام كە خاچ پەرستان لەوناوچانە دەژین لەمەولا پادشای ئەرمەنیا دەنێرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بكات، چونكە باش دەیزانی كە تەتار زۆری لە خاچ پەرستان كوشتوە رقێكی زۆریان لە تەتار بوو، بە هۆی ئەم پادشایەوە دەتوانێت خۆیان لێ نزیک بكاتەوە، پێشتر ئامازەمان پێكرد كە گفتوگۆكانی لەگەڵ پادشای ئەورووپای رۆژئاوا سەركەوتوو نەبوو بەڵام ئێستا هەیسوم دەبێتەوە هۆكاری یەیەک گەیاندنیان، بەمەش بەرژەوەندی كەوتە نێوان خاچ پەرستان و تەتار!

چوارەم: هۆكارێكی تری ئەم پەیمان نامەیە لەگەڵ هەیسوم دەبێتە لاواز كردنی باری دەرونی موسوڵمانان چونكە وشەی هاوپەیمانان كاریگەری لەسەر باری دەرونی موسوڵمانان بوو ترس و بیمی دەخستە نێو دڵیانەوە.

پێنجەم: ئەگەر جێگەیەک زۆر سامناک بوایە بۆ جەنگ لەگەڵ موسوڵمانان تەتار سوپایی خۆی پێش نەدەخست سوپای ئەرمەنیای پێش دەخست، بەم هۆكارەش توانرا زیاتر پارێزگاری لە سوپای تەتار بكرێت لە جیاتی ئەوەی تەتار لە پێشەوە بن، وا ئێستا سوپای ئەرمەنیا لە پێشەوە دەڕۆن.

ئەگەر جوان سەیری ئەم رێكەوتنەی تەتارو ئەرمەنیا بكەین، بەهیچ شێوەیەک تەتار هیچی نە دۆراند هیچ زەرەرێكی نەكرد وە لای هەمووان ئاشكرایە ئەو وڵاتە بچووكانەی كە ئەوەندەی شارێكی كوردستان نابێت، هەموو ناوی زلیان لە خۆیان ناوە بونەتە پادشا، زۆر جار راوێژكاری وڵاتێكی زل هێزی ئەمەریكایە، بۆ نمونە پادشای بەحرەین راوژكاری بۆش بوو بۆ كاروباری كەنداو، یاخود پادشای قەتەر راوێژكاری ئەمەریكا بوو بۆ بازرگانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

ئەرمەنیک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
ئەرمونیك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان
وە لەگەڵ ئەو هەموو وڵاتە بچووکانە زل هێزکی وەک ئەمەریکا دەیانکاتە هاو پەیمان، خۆ لە
چاو ئەمەریکادا بە فەوجێک سەرباز ئامادەیان بۆ ناکرێت کەچی ناویان لێ دەنێت هاوپەیمان
بۆ ئەوەی کاریگاری لەسەر موسوڵمانان دروست بکات رای گشتی پێ هەڵ بخلەتێنێت!
یان هەندێک لەقب و عیبارەتی جوانیان دەداتێ وەک ئەوەی پیان دەڵێت پادشای هاوڕێم یاخود
وڵاتی هاوڕێ و خۆشەویست و دڵسۆز، یاخود فەخامەتی سەرۆک سەعادەتی وەزیر یاخود
سەفیر..هتد، کە لە راستیشدا وەک منکۆخان ئامادەیان بۆ دەکات، هیچ لەم لەقەبانە نە خەڵکی
تێر دەکات و نە نەهامەتی لەسەر گەلانی ژێر دەستە کەم دەکاتەوە.
کاتێک ئەمەریکا دوای پشتگیری کرد لە ئەوروپا بۆشەڕی عێراق کەس وەڵامی نەداوە تەنها پاپی
ڤاتیکان نەبێت کە پیرۆزی دا بە شەڕەکەی جۆرج بۆش!
هیسوم زۆر دڵ خۆش بوو بەوپەیوەندیەی کە بەستی لەگەڵ منکۆخان،خۆی زۆر بە زیرەک بە
سیاسی دانا، گەڕاوە بۆ ناو خەڵکەی خۆی بە سەربەرزیەوە باسی دەستکەوتەکانی کرد بۆ خەڵکی
وڵاتەکی، وتی من شەڕم دوور خستۆتەوە لە وڵاتەکەی خۆمان!
ئێستاش زۆرێک لە سەرۆکی وڵاتەکان پێشبڕکێیانە بۆ بوون بە هاوڕێ لەگەڵ ئەمەریکادا بێجگە
لەوەی کە کەسایەتیەکان بە ئیتجازی دەزانن خۆ نزیک کردنەوە لە ئەمەریکا شانازی دەکەن
بەوەی کە پەیمانیان هەیە، کەچی خەڵکی وڵاتی خۆیان بەدەستی ئەوان دەچەوسێنرێنەوە
سەروەت و سامانیان بە هەدەر دەبرێت بۆ ئەمەریکا، دوای هەموویان دێنەوە بۆ لای خەڵک و
گەلەکەیان باسی ئەمەریکاو دۆستایەتی خۆیان دەکەن لەگەڵ ئەمەریکادا!
بەڕاستی ئەگەر جوان لە مێژوەکە وردبینەوە هەر ئەو زەمەنەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە.
سێیەم: منکۆخان زۆر حەزی دەکرد کە هاوپەیمانی بۆ خۆی زیاد بکات لەگەڵ خاچ پەرستەکانی
شام، بۆ ئەوەی کە خیلافەتی عەباسی بڕوخێنن و هاوکاری تەتار بن، لەو دەوڵەت و ئیمارەتانەی
لەو ناوچانە بوون بریتی بوون لە ئەنتاکیا، عکا، صیدا، طرابلس وە بە ئاشکرا وتی ئەگەر من لە
خیلافەتی عەباسیم دا موسوڵمانان ویستیان لە شامەوە هێرش بهێنن ئێوە ببنە بەربەست لەو
ناوچانەدا، ئەگەر ئێوە ئەم کارەم بۆ بکەن ئەوا من قودس پێشکەش دەکەم بەئێوە، ئایا قودس
تەتار خاوەنیەتی کە بە ئارەزووی خۆی بیبەخشێت، لەم جۆرە ڕووداوانە زۆر لە مێژوودا دووبارە
بوونەتەوە!
ئەوەی کە هەڵسا بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بریتی بوو لە هەیسوم پادشای ئەرمەنیا وەک
سەفیرێکی تەتار کاری دەکرد بۆ بەرژەوەندیەکانی تەتار!
هەموو پادشادکانی شام ئەو داوایانەی تەتاریان ڕەد کردەوە تەنها پادشای ئەنتاکیا نەبێت کە
ناوی بوهمەند بووە هاوپەیمانی تەتار، چونکە ئەوانی تر باش دەیانزانی کە تەتار هیچ پەیمانێکی
نیە، هەر کات بیەوێت دەیان فرۆشێت بێ پارە و بە خۆڕای بۆ بەرژەوەندی خۆی دەیان
بەخشێت، باش تێگەیشتبوون ئەوان لە لەناو دڵی جیهانی ئیسلامیدان چەندە ترسیان لە تەتار
هەبوو دوو ئەوەندە لە موسوڵمانان، هەرچەندە بە تەواوەتی ڕەفزی ئەوەیان نەکرد کە لەگەڵ
تەتار نین بەڵکو بە پێکەنینەوە وەک وەڵامی چاوەڕوانی وەڵامی تەتاریان داوە ئەگەر سەرکەوت

ئەوا دەست دەخەنە ناو دەستی، ئەگەر شكستیان هێنا ئەوە با موسولمان لە خۆمان تووڕە نەكەین، ئەمەش خۆیان بەسیاسیەكی سەركەوتو لەقەڵەم دا.

لەكاتی هێرشی هێنانی ئەمەریكا بۆ سەر عێراق بە هەمان شێوە ئەم پەیمان بەستنە لەگەڵ وڵاتێكی وەك لوبنان و چەند وڵاتێكی ناوچەكە ئەنجام درا بۆ ئەوەی پشتگیری ئەمەریكا بكەن، هەندێكیان رازی بوون، بەڵام هەندێكی تریان نەیان وێرا لەبەر ئەوەی چەند جار ئەمەریكا هێرشی هێنابووە سەر رژێمی بەغداد بەڵام هەر وەك خۆی مابووە بۆ یە ئەمەریكا زۆر متمانەی نەما بوو لە ناوچەكەدا لە دەوڵەتێكی وەك عێراقیش دەترسان كە سەرلەنوێ هەڵسێتەوە، ئەوە بوو ئیسرائیل وای پەی دەبرد ئەگەر عێراق لە ناو بچێت ئەوا قودس بە ئاسانی دەبا بۆ خۆی، لەگەڵ ئەمەریكادا بوونە هاوپەیمان، چونكە ئیسرائیل باش لە جەنگی جادەو شەقام شەر شارەزا بوو، بۆیە هەرچی ئەفسەرە دەرەجەدارەكانی ناو سوپای ئەمەریكا بریتی بوون لە ئەفسەری ئیسرائیلی، لای هەمووان ئاشكرایە كە قودس بە دیاری لە ئەمەریكاوە دراوەتە ئیسرائیل هەروەك منكۆخان چۆن بە ئارەزووی خۆی دەبەخشی، ئەمەریكا بە هەمان شێوەی تەتاری دووبارەی كردەوە.

چوارەم: منكۆ خان هەوڵیدا كە زیاتر لەگەڵ كەسایەتیەكانی ناو خاچ پەرستەكان پەیمان نامە بەبەستێت چونكە سوودی لێ وەر دەگرێت بۆ كاری موخابەراتی، بەدەستهێنانی زانیاری، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ چەند كەسێكی ناوچەكە توانی ئەو پەیوەندیە دروست بكات لە رێگەی هەیسومەوە، زۆرێك لەو خاچ پەرستانە لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا دەژیان وەك خیلافەتی عێراق، شام، لە هەموویان زیاتر ئەوەی كە هات بە دەم ئەو بانگەشەوە پەترپاكی بەغداد وەڵامی داوە ناوی مەكیكا بووكە سەرۆكی كەنیسەكانی بەغداد بوو، سەرۆكی قسیسەكانی ئەو وڵاتە بوو كە زانیاری بدەن بە تەتار وە هۆكارێكی سەرەكی بوون و ئاسانكاریەكی باشیان كرد بۆ چوونە ناو بەغداد بۆ تەتارەكان، لە هەموویان زیاتر كە چالاك بوو مەكیكا بوو كە بووە پێشرەوی سوپای تەتار بۆ ناو بەغداد.

لای هەمووان ئاشكرایە كە ئەمەریكا ویستی عێراق داگیر بكات، ئەوەی كە یارمەتی دا پەترپاكی بەغداد بوو لەگەڵ چەند قسیسێك هاوكاری سوپایی ئەمەریكا بوون، هەر هەمان مێژوو بوو خۆی دووبارە كردوە.

پێنجەم: منكۆخان توانی لەگەڵ پادشای كرژ لە جۆرجیا و روسیا بیتە هاوپەیمان بۆ لێدانی خیلافەتی عەباسی، كە وڵاتی كرژ یەكێك بوو لەوانەی كە دوژمنێكی سەرسەختی موسوڵمانان بوو، ئێستا لەگەڵ تەتار دەستی تێكەڵ كرد بۆ ئەوەی موسوڵمانان شكست پێ بێنن لەگەڵ ئەوەی كە تەتار ئەو هەموو وێرانكاریەی كرد بوو لە وڵاتی كرژ بە هەزارەهای لێ سەر بریبوون، بەڵام واز لە موسوڵمانان ناهێنن هەتا واز لە دینەكەیان نەهێنن وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ولا يزالون يقاتلونكم حتى يردوكم عن دينكم إن استطاعوا.

بەم پەیماننامەیە مەملەكەتی كرژ هاتە ناو جەنگی موسوڵمانان، واتا سوپایی هاوپەیمانان پێك هات بۆ لێدانی خیلافەتی عەباسی.

لە سەردەمی ئێستا ئەمەریکا توانی دڵی ڕوسیا ڤلادیمێر پوتین ڕازی بکات بۆ لێدانی عێراق، لەگەڵ ئەو هەموو کێشەیەی کە هەیان بوو بەیەکەوە، بەڵام ئەگەر بۆ لێدانی موسوڵمانان داگیر کردنی خاکی موسوڵمانان بێت، ئەوا دەبنەوە براو هاوپەیمان، کەواتە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تەنها مرۆڤەکان و ناوی ساڵەکان گۆڕاون، دەنا هەر هەمان مێژووە خۆی دووبارە دەکاتەوە، وە بەم جۆرە ڕێکەوتنانە دەوترێت سیاسەت!

شەشەم: ئەوەی پێشتر کە باسمان کرد پەیمان بەستن بوو لەگەڵ بەرەی خاچ پەرستان، بەڵام ئێستا ئەوەی کە باسی دەکەین پەیمان بەستنە لەگەڵ موسوڵمان بۆلێدانی وڵاتی موسوڵمانان.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە عێراق دوو ئیدارە هەبوو کە ناسر یوسف و بەدرەدین لۆلۆ، ناوچەکانی کوردستانیان بەدەستەوە بوو، ناسر یوسف کوڕەزای صەڵاحەدین بوو وە بەدرەدین لۆلۆ یەکێک بوو لە ئاتابەکیەکان، خێرا خۆیان گەیاندە لای هۆلاکۆ برای منکۆخان ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان جەنگ بکەن دژی خیلافەتی عەباسی تەنانەت ناسر یوسف کوڕەکەی خۆی نارد لەگەڵ چەند هەزار سەربازێک بۆ لێدانی عێراق پشتگیری تەواویان بۆ وڵاتی تەتار دەربڕی، لەوانەیە ئێستا بەلامانەوە سەیر بێت کە باسی ئەم مێژووە دەکەین دەڵێین چۆن موسوڵمان لەگەڵ بێباوەڕان دەست تێکەڵ دەکەن بۆ لێدانی وڵاتێکی موسوڵمانی تر!

لە تورکیا پادشایەک بە ناوی کەیکاوسی دووەم پەیمانی بەست بۆلێدانی خیلافەتی عەباسی، هەر لەو دەمەدا کەسێک بەناوی کامیل ئەیوب کە لە تورکیای ئێستا لە ناوچەکانی میا فارقین و ماردین فەرمانڕەوای دەکرد ئەو ناڕازی بوو بەوەی کە تەتار بێتە ناوچەکە کە ئەویش یەکێک بوو لە کوردە بە شەرەفەکانی ئەو دەمە کوڕەزای صەڵاحەدین بوو، لەبەر ئەوەی ناڕازی بوو بە هاتنی تەتار کەیکاوس بەدرەدین لۆلۆ هێرشیان کردە سەری گرتیدان دایان بە تەتار و دوایش تەتار وەک دیاریەک دای بە کەیکاوس، ئەویش لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهیدی کرد تەنانەت دەڵێن گۆشتی لاشەی یان لێ دەکردەوە دەرخواردی کامیل ئەیوبیان ئەدا تا شەهید بوو**.

لای ئێوەی خوێنەر شاراوە نیە کە کاتێک ئەمەریکا هاتە ناوچەکە یەکێتی و پارتی بە هەمان شێوەی ناسر یوسف و بەدرەدین لۆلۆ، هاوکاری ئەمەریکایان کرد، بەڵکو سوپایان ئامادەکرد بۆ لێدانی حوکمەتی بەعسی بەغداد، کەسیش گومانی لە دڕندەی سەدام نەبوو، بەڵام خۆ ئەوان دەیان توانی مەرج لەسەر ئەمەریکا دابنێن بۆ ئەوەی کە یارمەتی ئەدەن هیچ نەبێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک، یاخود بۆ ئەوەی کە فیدراڵی بچەسپێنن بە سەر حوکمەتی مەرکەزی ئەگەر هەڵوسراوی ماوەتەوە، مەسەلەی فیدراڵی لە سەردەمی عەلاویەوە تا سەردەمی مالیکی کە هیچیان دان نانێن بە فیدراڵی کوردی دا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو دژایەتی دەسەڵاتی کوردی دەکەن زۆر جار ڕاستەخۆ هەندێ جاریش ناڕاستەخۆ، تەسلیم کردنی عەبدوڵا ئۆج ئالان بە تورکیا

** هەرچەندە ڕووداوی زۆر تر هەیە لەو نێوەندە دا، بەڵام من بەوەندە کۆتایی پێ دێنم، چونکە دەترسم بە خراپ بەسەرما بشکێتەوە، بەڵام بە هەموو پێوەرێک ئەوە خیانەت بوو کردیان لە عەلی خۆیان ئومەتی ئیسلامی!

هەر هەمان كامیل ئەیوبمان بیر دەخاتەوە بە كەیكاوسی توركی، ئەوەی كە سەرانی كوردیش كردیان بەرانبەر بە خەڵكی خۆیان بە هەموو شێوەیەك خیانەت بوو!

حەوتەم: هۆلاكۆ توانی خۆی بگەیەنێتە كەسایەتیەكی زۆر بە دەسەڵات لە ناو خیلافەتی عەباسیەكان كە لە لوتكەی دەسەڵات دا بوو كە سایەتی دووەم بوو لە ناو ئەو خیلافەتەدا، بەناوی مۆیەدەدینی كوڕی ئەلقەمی كە پیاوێكی رافیزەی شیعەی پیس بوو كە خیلافەتی ئیمامی ئەبوبكر و ئیمامی عەمەری لا رەفز بوو، وە زۆر ناحەز بوو بەرانبەر بە ئەهلی سونەو حەزی بە سەركەوتنیان نەدەكرد، بەس ئەوەی كە جێگەیی سەرنجی ئەوەیە كە چۆن ئەلقەمی گەیشتۆتە ئەو پۆستە!

گومانیشی تێدا نیە كە خەلیفەی ئەو دەمە ئەقڵی بە جیهان نەدەشكا و خاوەنی بڕیاری خۆی نەبوو، بۆ ئەلقەمی سوودی لەو بێ بڕیاریە و سیاسەت نەزانینەی موستەعصیم بل الله وەرگرت بووە پاشان خۆی كردبوە بڕیاردەری خەلیفە و دەم راستی، دەڵێن موستەعصیم بل الله پیاوێكی زۆر تورە بوو وە زووش بە قسە هەڵدەخڵە تا، لە هەمووی سەیرو سەمرە تر ئەوە بوو كە ئەلقەمی بۆ ماوەی چواردە ساڵ لەسەر پۆستی وەزیری مایەوە لە ساڵی ٦٤٢ تا ٦٥٦ كۆچی تا كاتێكیش كە بەغداد گیرا هەر خەلیفە هەستی بە خیانەت و خراپی و سامناكی ئەم پیاوە نەكرد!

هۆلاكۆ پەیوەندی كرد بە ئەلقەمی كە وەزیری خیلافەتی عەباسی بوو، بیری گەندەڵی لە وڵاتدا بڵاو بكاتەوە و ئاسان كاری بكات بۆ سوپای تەتار بۆ چونە ناو بەغداد، وە بتوانێت سەر لە موستەعصیم بل الله بشێوێنێت بە ئەفكاری فاسد و قسەی هیچ و پوچ تا سەر لە خەلیفە تێك بدات، وە لەبەرانبەر ئەمەدا هۆلاكۆ پەیمانی دابوو بە ئەلقەمی لە دامەزراندنی دەوڵەتی تازەدا ئیدارەكەی ئەو بەڕێوەی بەرێت، مۆیدین ئەلقەمی بە تەواوەتی كارەكانی بۆ تەتار ئەنجامدا زۆر بە زیادەشەوە، ئەلقەمی كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بڕیارەكانی خەلیفە لەوانە سوپای پێ كەم كردەوە، سوپای كردە جوتیار بۆ ئەوەی تەماتە وخەیار بچێنن، كە لە مێژوودا ئەو بڕیارە زۆر ناوازەیە سوپا خەریكی كشتوكاڵ بێت لە كاتی جەنگدا، وە بڕیارەكە ئەلقەمی پێیدا بۆ ئەوەی بڵێن سوپاكەیان سوپایەكی ئاشتی خوازە، بۆ ئەوەی تەتار بیر لەوە نەكاتەوە كەبێتە سەر بەغداد ئەوەتا ئەمان نیەتیان باشە و بە تەمای شەڕ نین، ئەم هەموو بڕیارە فاسدە بڕیاری ئەلەقەمی بوو بۆ بەرژەوەندی تەتار.

لای هەموان ئاشكرایە چۆن ئەلقەمی یارمەتی تەتاری دا بۆ روخاندنی خیلافەت، بە هەمان شێوە شیعەكان لە جنوب یارمەتی ئەمەریكایان دا بۆ روخاندنی سەدام لەسەر و هەموویان عەبدولعزیز حەكیم و براكانی و حزبی دەعوە...هتد دوای دەستیان تێكەڵ بوو بۆ هاتنی ئەمەریكا بۆ وڵاتی موسوڵمانان، لەوانەیە لەبەر ئەشكەنجەی سەدام و دارودەستەكەی زوڵمی دامانوو ئاوا بەم شێوە لە مێژوودا رسواتان دەكەن، سەروەری رەش بۆ خۆتان تۆمار دەكەن.

با بگەڕێینەوە بۆ لای هۆلاکۆ و منکۆخانی برای:
ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە هەوڵیان داوە هێزیان بە کەم خستوە بۆ ئەوەی خیلافەتی عەباسی بڕوخێنن، خۆیان باش هیلاک کردوە بۆ ئەو مەسەلەیە جوهدێکی زۆر گەورەیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ئەو هەموو خۆ ئامادە کردنە ئەنجام بدەن، بۆ روخاندنی خیلافەتی ئیسلامی.
خەڵکانێکی موسوڵمانان لەو سەردەمەدا تەنها سەیری رەوشەکەیان دەکرد بێ ئەوەی بجوڵێن، وا هەست بکەن کە ئەرکی سەر شانی ئەوانیشە بجەنگن لە پێناوی خوای گەورەدا.
لەم زەمەنەی ئێستاشماندا بە هەمان شێوەیە هەموو هەر سەیر کەرن چاوەڕوانن بزانن چی روو ئەدا بەڕاستی ئەمە شەرمە بۆ موسوڵمانان کە بەو شێوە بیر بکەنەوە.
یەکەم: ئەوەی باسمان کرد کۆکردنەوەی هێزی ئابووریی ومادی بوو.
دووەم: وتمان پەیوەندی سیاسی دیبلۆماسیە.
سێیەم: بریتیە لەو جەنگە دەروونیەی کە کردیان لەگەڵ موسوڵمانان، ئەتار جەنگێکی دەرونی زۆر سامناکی کرد لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، ئەمەریکاش جەنگی دەرونی دەکات لەگەڵ هەموو وڵاتانی موسوڵمانان.
لەسەردەمی ئەتارەوە دەست پێ دەکەین بۆ باسی جەنگی دەرونیەکەی بزانین چیان کرد؟
یەکەم: هۆلاکۆ هەستا بەچەند هێرشێکی زۆر سامناک بۆ سەر خەڵکی ناوچەکە زۆربەیانی دەکوشت و سەری دەبڕین و دەگەڕانەوە سەربازگەکانی خۆیان، کە هاوشێوەی وەک سەردەمی جەنگیز خان و ئۆکیتای بوون.
ئەمەریکاش لەسەرەتا هێرشی زۆر گەوەری کردە سەر ناوچەکانی فرۆکەخانەی بەغداد و فەلوجە، تەنانەت چەکی قەدەغە کراوی تێدا بەکار هێنا.
دووەم: لەو جەنگە دەروونیانەی کە لەگەڵ موسوڵمانان ئەنجامیدا بڵاو کردنەوەی خەڵکی خۆی بوو، لە ناوچەکانی موسوڵمانان، باسی ئەتاریان دەکرد زۆر بە ئەندێشەی و بە خەیاڵ بە خورافات، وە دەزگەیی راگەیاندنی ئەو سەردمە لە رێگەیی شاعیرەکان، ئەدەبیەکان و مێژوو نووسەکان بوو، وایان کرد بوو لە خەڵکی کە کەس نەوێرێت بەرانبەر بە ئاتەر بجەنگێت، گومانی تێدا نیە کە ئەمە جۆرە راگەیاندنە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر خەڵکی گشتی و عەوام و کە لە و سوپایە زیرەیان کردبوو، هەرچەندە ئەمە زۆر جار کاریگەیشی هەیە لەسەر سۆپاو سەربازەکانی موسوڵمانان و تەنانەت سەرکردەکانیش، بەم شێوە ترس و بیمیان خستبووە ناودڵی موسوڵمانان.
بە هەمان شێوە لە راگەیاندنەکانی ئەمەریکا ئەوە دەبینرێت، بە فلیم و هۆلیۆدیان هەمیشە وا نیشانی خەڵکی ئەدەن کە سەربازی ئەمریکی بریندار دەبێت، بەڵام هیچی لێ نایەت هەمیشە ئەوان سەرکەوتوون. لەرێگەیی راگەیاندنەکانی خۆیانەوە ئەو کارەیان ئەنجام داوە بەتایبەت بە هۆکاری تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤار و سایت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

سێیەم: ئەو تلمانەی كە ئەتێرا بۆ دەسەڵاتدارەكان، لە شێوەی هەڕەشە ئامێزدا ئەوانیش بۆ خەڵكەكیان بڵاو دەكردەوە ئەمەش خۆی بۆ خۆی كاری گەری هەبوو لە سەڵ دڵ و دەرونی خەڵكی بە گشتی.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەر هەڕەشەیەک ئاراستەی وڵاتە ئیسلامییەكان بكرێت خێرا لە رێگەیی دەزگەكانی راگەیاندنەوە بڵاو دەكرێتەوە بۆ خەڵكی بە گشتی.

چوارەم: تەتار بۆ ئەوەی زیاتر باری دەرونی موسوڵمانان تێک بدەن بە ناو خەڵكیدا بڵاویان دەكردەوە كە هاوپەیمانیان بەستوە لەگەڵ مەملەكەتی ئەرمەنیا و مەملەكەتی كرژ و یارمەتی خاچ پەرستان لە ئەوروپاوە بۆ دەوڵەتی تەتار باس دەكرا، موسوڵمانان وا هەستیان دەكرد كە جەنگ لەگەڵ هەموو سەرزەویدا دەكەن، لە كاتێكدا لەبیریان چوو بوەوە موسوڵمانان كە چەندە سەركەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە چەندین خاكیان لە تاریكیەوە بەرەو رووناكی بردووە، هەموو ئەمانە لەبیر كرابووە بەداخەوە وە زۆر سەرسام بووبوون بە هێزی دوژمن.

لەم سەردەمەی ئێستاشماندا خەڵكی واهەست دەكەن ئەگەر بێتو بەرانبەر بە ئەمەریكا بوستێتەوە واتا بەرانبەر بە جیهان وەستاویتەوە، موسوڵمانان زۆر سەرسام بووە بە هێزی دوژمنی و دەستەوسان لە بەردەمیدا دانیشتووە، وا دەزانێت هەڵسانەوە ئاستەمە لەبەردەمیاندا. ئەو خوایە كە فارس و رۆمی لە ناو برد، هەندێک لە خەڵكی ئێستا وا پەی دەبن كە دەستی بەسەر ئەمەریكادا ناڕوات، لەوانەیە خەڵكانێک بپرسن ئەی خوای گەورە بۆ ئەمەریكا لە ناو نابات؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر هاوشێوەی ئەوانەت كرد كە لەبەرانبەر فارس و رۆم دا ئەوا گومانتان نەبێت كە سەركەوتن نەک بەسەر ئەمەریكادا، بەڵكو سەركەوتن بەسەر هەمووجیهان دا زۆر ئاسان دەبێت!

پێنجەم: خاڵێكی تر كە زۆر كاریگەری هەبوو لە سەر دڵ دەرونی موسوڵمانان ئەوە بوو كە تەتار هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی موسوڵمان و دەسەڵاتداری ئیسلامی بەستبوو، وای كردبوو خەڵكی سەری لێ تێكچوو بوو وە نەیان دەزانی چی بكەن، ئەگەر هەڵبسن بۆ جیهاد ئەی بۆ دەسەڵاتداری ئیسلامی لەگەڵ تەتار دایە؟

لە راستیدا ئەمە ئیتجازی زۆر باش بوو كە تەتار بەدەستی هێنا بۆ ئەوەی كە موسوڵمانان سارد بكەنەوە لەسەر خەبات كۆشش و شۆڕش گێری، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە سوپایی تەتار ترسی خستە دڵی موسوڵمانان و بە ئارەزووی خۆی جێگەكانی داگیر دەكرد كەسیش لە بەرانبەریدا رانەدەوەستا.

لە سەردەمی نوێشدا ئەمەریكا هەمان سیاسەتی تەتاری دووبارە كردەوە زۆربەی كاربەدەستانی وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ ئەمەریكادا هاوپەیمانن.

## هێزی سەربازەکانی خیلافەتی عەباسی

لە دوای ئەوەی کە موئەیەدی کوڕی ئەلقەمی هەڵسا بەوەی بیرە گەندەڵیەی، کە لەلایەن تەتارەوە فۆرمەلە کرابوو، بەهەموو شێوەیەک موستەعصیم باللە لە وتەی ئەلەقەمی دەرنەدەچوو هەموو سوپای خانەنشین کرد، وە بە خەلیفەی وت بۆ ئەوەی تەتار وەک شەڕکەر سەیرمان نەکات با سوپا بەکار بێنی بۆ کاری ئاوەدان کردنەوەی وڵات، مێژوو نووسان بۆمان باس دەکەن کە ئەو دەمە سوپای خیلافەتی عەباسی ئیسلامی خۆی ئەدا لە سەد هەزار سەربازی سوار چاک بێجگە لە پیادە رەو، کە ئەمە بەس لە سەردەمی باوکی موستەعصیم بل لله کە ناوی موستەنصیر بل لله بوو، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و لە ساڵی ٦٤٠کۆچی تاکو ساڵی ٦٥٤ کۆچی سوپای خیلافەتی عەباسی ئیسلامی نەدەچووە دە هەزار سەرباز!

بەهۆکاری وەزیری شیعەی ئەو دەمە هەژارترین و بێپارەترین خەڵک لەو سەردەمەدا سوپای عەباسی بوو، کە فێری رەشوە وەرگرتن و سەرانە سەندن بوون لە خەڵکی سڤیل.

بە هیچ شێوەیەک مەشقیان نەدەکرد لە سەربازگەکانیان، بەڵکو زۆربەی سەربازگەکانیان کرابوو بە تەویلەی وڵاغ، هەموو مانایی کۆشش و خەبات و جیهاد لە ناو مێشکیان سڕابووەوە هیچ پلانێکی سەربازی و هونەری سەربازی و ئیدارە لە ناو سەربازەکانی سوپای عەباسی بایەخی نەبوو، بەڵکو شەوانە ئەفسەرە دەجەدارەکان سەرقاڵ بوون بە ئافرەت و مەی خواردن و کاری ئاشەرعی.

سوێند بە خوای دلۆڤان گەورەترین خیانەت بوو کە کرا!

دیسان سوێند بە خوای پەروەردگار، گەورەترین تاوان بوو، کە ئەنجامدرا لەلایەن شیعەکانی ئەو سەردەمە بە سەرۆکایەتی موئەیەدەدینی ئەلقەمی[**].

هیچ کارێکی ئەنجام نەدا لە بەرژەوەندی موسوڵمانان ئەوەی کە وەزیرەکەی پێ وت کردی بەمە هیچ پاساوێکی نیە کە پاساو بێت لە مێژوودا لێ وەربگیرێت، بەڵکو گەورەترین سەر شۆڕی بوو هێنایی بەسەر خۆی و گەلەکەیدا، چونکە نەیتوانی بڕیاری راستەقینە بدات.

---

[**] ئیبن کەثیر کۆمێنتێک دەدات لەسەر ئەو بەوشەو لەسەر خەلیفەو وەزیرەکەی کە بە گەورەترین خیانەت باسی دەکات ئەمیش دەقەکەیەتی کە دکتۆر راغب سەرجانی ئاماژەی بۆ کردوە لە باسی داگیرکەرانی تەتاردا:

ابن كثير - رحمه الله - باللوم الكامل على مؤيد الدين العلقمي في نصائحه للخليفه المستعصم بالله ولكني ألقي باللوم الأكبر على الخليفه ذاته، الذي قبل بهذا الهوان، ورضي بهذا الذل، وغاب عن ذهنه أن من أهم واجباته كحاكم أن يضمن لشعبه الأمن والأمان، وأن يدافع عن أرضه ضد أي غزو أو احتلال، وأن يبذل قصارى جهده لتقوية جيشه، وتسليح جنده، وأن يربي الشعب بكامله - لا الجيش فقط - على حب الجهاد والموت في سبيل الله.

لە ساڵی ٦٥٤ كۆچی هۆلاكۆ زانی كە كاتی ئەوەیە سوپاكەی بخاتە ڕێ بۆ گرتنی بەغداد، سەد هەزار سوپایی تەتاری كەوتنە ڕێ بۆ گرتنی ماڵی خیلافەت لە بەغدا لە سێ قۆڵەوە لە كوردستان، لە ئەوروپاوە دوای روونی دەكەینەوە چۆن، پاشان لە جنوب لە ڕێگەیی دەوڵەتی ئیسماعیلی و چەند ئیمارەتێكی بچووكی شیعەكانی ئەو ناوچە كە بە فەرمانیەتەكان ناسراو بوون، سوپاكەی بەوپەڕی هێزو خواردن و چەكەوە كەوتنەڕێ وە موخابەراتی تەتار هەموو زانیاریەكیان ئەدا بە هۆلاكۆ هەمووی زانیاری ڕاست بێ ئەوەی خیلافەت ئاگایی لە خۆی بێت.

ڕێكخستنی سوپایی تەتار بەم شێوە بوو:

یەكەم: بەتالیۆنێكی گەورەی سەربازی تەتاری لە ئەوروپاوە كەوتە ڕێ، واتا باتۆی كوڕی جاجی ناردی بۆ یارمەتی سوپایی تەتار لە ناوچەكانی كوردستان، بە سەركردایەتی سێ برای خۆی ئەم سوپایە بریتی بوون لەو سوپایەی كە ئەوروپایان داگیر كردبوو واتا هەموو مەشق پێكراو بوون، بەڵام لە روسیاوە هاتنە ناوچەكە.

دووەم: ئەو سوپایەی كە لەناوچەی ئێران و ئازەربایجان نیشتە جێ بوو، بۆماوەی چەند ساڵێك كە لەوێدا بوون بەردەوام لە جەنگدا بوون ئەوە سوپایی سەرەكی تەتار بوو، كردی بە دوو بەشەوە بەشێكیان لە ناوەڕاستی عێراقەوە، بەشێكی تر لە باشووری عێراقەوە، بۆ هێرش بردن بۆ بەغداد!

سێیەم: هۆلاكۆ ناردی بە شوێن بەتالیۆنێكی زۆر شارەزا لە جەنگ كە لە ناوچەكانی ئەنادۆڵەوە هاتن بە سەركردایەتی بیجۆ كە یەكێك بوو لە سەركردە بەتواناكانی تەتار وە ئەمەش بە هەمان شێوە لە باكووری عێراقە بێت بۆ ئەوەی كە ئەو ناوچانە بۆ هۆلاكۆ كۆنترۆڵ بكات، ئەو ناوچەنە بە تەواوەتی پاك كرابووەنەوە بۆ تەتار كە بریتی بوون لە ناوچەكانی مووسڵ، حەڵەب و حمص كە كەس بەرەنگاری سوپای تەتار نەبووەوە.

چوارەم: هۆلاكو ناردی بە شوێن هاوڕێكەی كە پادشای ئەرمەنیا بوو واتا هەیسوم ئەویش بە سوپایەكی زۆرەوە هاتە ناوچەكە بە سەركردایەتی خۆی.

پێنجەم: هۆلاكۆ داوای هەزار تیر هاوێژی ئاگر هەڵدەری كرد كە لە چینەوە بێن بۆ عێراق.

شەشەم: هۆلاكۆ داوای كرد لە مەملەكەتی كرژ كە سوپایەكی بۆ ئامادە بكات ئەوانیش دەست بەجێ ئامادەیان كرد.

حەوتەم: بەسەر سوپایی سەرەكیەوە هۆلاكۆ كەسێكی دانا بە ناوی كتبغا نوین یەكێك بوو لە سەركردە باشەكانی سوپای هۆلاكۆ وە یەكێك بووە خاچ پەرستەكان، بەم شێوەیە توانی بە كتبغا نوین سەركردایەتی ئەو سوپایە بكات كە خاچ پەرستن.

هەشتەم: هۆلاكو ناردی بە شوێن پادشای ئەنتاكیا كە سوپایەكی بۆ ئامادە بكات، ئەویش ئامادەی خۆی دەربڕی، بەڵام سوپاكەی فریا نەكەوت بۆیە بۆ گرتنی دیمەشق ئەوكات سوپای نارد.

نۆیەم: كوڕانی صەلاحەدینی ئەیوبی بەداخەوە لە دیمەشق تا هەولێر سوپایان بۆ هۆلاكۆ ئامادەكرد، بەسەركردایەتی كوڕێكی ناصر یوسف كە ناوی عەزیزی بوو سەرپەرشتی بەتالیۆنێكی دەكرد!

لۆلۆء سوپایەكی زۆر ڕەزیلی ئامادەكرد بۆ هۆلاكۆ، ڕاستی دەیەم: گەورەو پیاوی كورد بەدرەدین لۆلۆء سوپایەكی زۆر ڕەزیلی ئامادەكرد بۆ هۆلاكۆ. ڕاستی
دەیەم: گەورەو پیاوی كورد بەدرەدین لۆلۆء، ئەو سەردەمە. واتاكەی ئەوە بوو كە سوپای
سوپاكە كەم بوو، بەڵام واتای زۆری هەڵ دەگرت، ئەو سەردەمە. واتاكەی ئەوە بوو كە سوپای
موسوڵمان بەشداره لەگەڵ تەتار بۆ گرتنی خیلافەت!
موسوڵمان بەشدارە لەگەڵ تەتار بۆ گرتنی خیلافەت! ئەم سوپایانە كران بە سێ بەشەوە سوپایی سەرەكی
هەر وەك پێشتر ئامانژەمان پێدا هەموو ئەم سوپایانە كران بە سێ بەشەوە سوپایی سەرەكی
هۆلاكۆ خۆی سەركردایەتی دەكرد، سوپایی دووەم كتبغا نوین سەرپەرشتی دەكرد كە لە بنەڕەتدا
خاچ پەرست بوو، سوپایی سێیەم بیجۆ سەرپەرشتی دەكرد كە لە هۆلاكۆ خوێنڕێژتر بوو[99].
بەم شێوەیە گەورەترین هێز كۆكراوە بۆ لێدانی خیلافەتی عەباسی، گومانی تێدا نیە هەر گرۆپێك
هۆكاری سەركەوتن بگرێتە بەر گەرچی تەتارێكی بێ باوەڕی خوێن ڕێژ بێت ئەوا خوای گەورە
سەریان دەخات، بەڵام موسوڵمانان هەر دەستەو سان بوون بۆیە هیچیان بۆ نەكرا.
هۆلاكۆ لەسەرەتاوە زۆر گومانی هەبوو لە سوپای كوردەكان نەیدەویست چاوەڕێی هیچ
موفاجەئەیەك بكات، بۆیە هەمیشە چاوی لەسەر سوپایی موسوڵمانان بوو كە كوردەكان بوون
لەگەڵ توركەكان، هۆلاكۆ ئەنجومەنی جەنگی دروست كرد لە شاری هەمەدانی ئێران كە ئەو
دەمە ٤٥٠كم لە بەغدادە وە دوور بووە كە باكووری ڕۆژهەڵاتی بەغداد دەكات هۆلاكۆ لەوێوە
بڕیاری شەڕی دەركرد.
ئەوەی كە جێگەیی ئیرامانە سوپایی تەتار زۆر بە هێمنی دەڕۆشت بۆ ئەوەی موخابەراتی
عەباسی ئەگەر هەبوو نەتوانن دەست نیشانی ژمارەی سەربازەكان بكەن، پاشان لە
هەموولاكانەوە دەرگەیان بۆ كرایەوە بێ ئەوەی كەس ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە، ئەو هەموو
سەركردە ئیسلامیە وەك ئەلب ئەرسلان، كەیكاوس، ناصر یوسف، بەدرەدین لۆلۆء یارمەتی
تەتاریان دا مێژوو نووسان دەڵێن تەمەنی بەدرەدین لۆلۆء ١٠٠ساڵ بوو كە ئەو كارەی ئەنجامدا
لەگەڵ تەتار دوای دوو مانگ لەو ڕووداوە گیانی دەرچوو مرد دواكارین لە خوای گەورە
ئاقیبەتمان خێر بكات فنسأل الله حسن الخاتمة.
ئەم مێژووەی كە بۆ ئێوەمان باس كرد هەر هەمان مێژووی ئەمەریكا نیە كە لەناوچەكەدا
دووبارەی كردۆتەوە وەك تەتار، مەگەر هەر ناوەكان و ساڵەكان گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە
لەوانە لە ڕووی دیمۆگرافی جوگرافیاوە ناوچەكە گۆڕانكاری بەسەر هاتبێت، بەڵام سوێند بەخوا
زۆربەی ڕووداوەكان وەك یەكن!
جارێ هەر بەدەوام دەبین بزانین ڕەوشی بەغداد چۆنە؟
لەو دەمە شاری بەغداد بە هێز ترین شار بوو وە گەورەترین شاری جیهان بوو، لە ڕووی دیوارە
وە بە هێزترین دیواری هەبوو، وە پایتەختی خیلافەتی ئیسلامی بوو زیاد لە پێنج سەد ساڵ بۆ
دروستكردنی ئەو شارە پارەیەكی زۆر و هێزێكی زۆر بەكار هاتووە لە مێژوودا زۆر بە ناوبانگە
ئەو شارە، بەڵام بەداخەوە بۆشاری شافعی و ئەبو حەنیفە و ئیمام ئەحمەد، ئەی قەڵاو قوڵە

[99] بۆ زانیاری زیاتر خێزانی هۆلاكۆ ناوی سورەیا خاتون بوو كە كچی قسیسێكی خاچ پەرست بوو باوكی
بەدەستی موسوڵمان كوژرابوو زۆر ڕقی لە موسوڵمان بوو، وەك دەڵێن هۆلاكۆ زۆر گوێڕایەڵی ئەو ژنە
بوو!

دیوارەکان بەکەڵکی چی دێن ئەگەر پیاوی تێدا نەبێت؟ ئەو سەردەمەش پیاو زۆر گران بوو وە هەروا بە ئاسانی دەست. ئەو دەمە ٣٧ خەلیفەی عەباسیەکان لە سەر فەرمانڕەوای بوو کە کۆتا فەرمانڕەوای عەباسیەکان دەبێت ناوی المستعصم بالله بوو کە لە بەنی عەباس بوون لە شاری بەغداد.

ناوی زل دێ وێران نەناوەکە لایەقی بوو نە خیلافەتەکەش.

هەروەک سەرکردەکانی ئێستا بەڕاستی لایەقیان نیە کە ئەوان کار بەدەستی موسوڵمانانن.

لە باسی ئەم پیاوەدا هاتووە کە خەلیفەی موسوڵمانان بووە وەک خۆی بۆتان دەگوازینەوە کە لە مێژوودا وەک ژیانی کەسایەتی بە پیاوێکی باش باسی کراوە[١١].

دەبێت خەڵکی سەرکردە بەتایبەت ئەوەی کە کاری موسوڵمانانی بەدەستە شیاوی جێگەی فەرمانڕەوایەکی بێت دەنا موسوڵمانان بەم دەردە دەبات کە بردیان لە هەردوو سەردەمەکەدا ئێستا و رابردوشدا. راستە خەلیفە پیاوێکی باش بووە، بەڵام لە سیاسەت هیچی نەزانیوە، سەرکردە دەبێت ئیداری بێت خۆی لە هەموو ئەزمەیەک رزگار بکات و توانای سەرکردایەتی هەبێت وە بڕیار دەربێت.

سەرکردە دەبێت توانای گۆڕینی هەبێت ئەمر بکات بە چاکە و نەهی بکات لە خراپە پۆزەتیف و نێگەتیف جیا بکاتەوە لە کاتی خۆیدا.

سەرکردە دەبێت ئازاو چاو نەترس بێت لە کاتی خۆیدا بڕیار بدا بێ دوو دڵی.

سەرکردەی لێهاتوو ئەوەیە کە توانای کۆکردنەوەی خەڵکی هەبێت، بتوانێت ریزەکان رێک بخات، هەموو ئاڵاکان بکات بەیەک ئاڵا.

سەرکردەی وریا دەبێت خەڵکی شیاو لە جێگەی شیاو دابنێت و ماستاوچی و دەم لوسەکان پەراوێز بکات.

سەرکردە دەبێت توانای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و رەشوە و هەموو کارێکی خراپەکاری بێتەوە، بتوانێت خەڵکی باش لە خۆی نزیک بکاتەوە نەک بەطانەی خراپ.

---

[١١] چۆن دکتۆر راغب سەرجانی نووسیویەتی:
عندما نقرأ عن صفات الخليفة الذاتية في كتب السير مثل تاريخ الخلفاء للسيوطي، أو البداية والنهاية لابن كثير أو غيرها من الكتب تجد أمراً عجباً. تجد أنهم يصفون رجلاً فاضلاً في حياته الشخصية وفي معاملاته مع الناس.. يقول ابن كثير مثلاً: كان حسن السيرة جيد السريرة، صحيح العقيدة، مقتدياً بأبيه المستنصر بالله في العدل وكثرة الصدقات، وإكرام العلماء والعباد، وكان سنياً على مذهب السلف ولا أدري في الحقيقة ماذا يقصد بأنه كان على مذهب السلف؟ ألم يكن في مذهب السلف جهاد؟ ألم يكن في مذهب السلف إعداد للقتال؟ ألم يكن في مذهب السلف دراسة لأحوال الأرض ولموازين القوى؟ ألم يكن في مذهب السلف حمية ونخوة لدماء المسلمين التي سالت على مقربة من العراق في فارس وأذربيجان؟ ألم يكن في مذهب السلف وحدة وألفة وترابط؟..

بەڵام خەلیفە موسوڵمانان ئەمانەی هیچی تێدا نەبوو دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایی موسوڵمانان
ئومەتێکە بەکاملی هەرواشێکی خۆشی نیە بۆیە دەبێت پیاو بەڕێوەی بەرێت بەماتای کانیە
پیاو بێت.
بەداخەوە خەلیفە لە ناخی خۆیدا تۆقیوە سوپایەکی لاواز و بێهێزی هەبوو کە هیچیان پێنە
دەکرا وا تەتار لە نزیک شاری بەغداد بە هەزاران سوار دەورو گەمارۆی بەغدادیان داوە.
ئەی کوا سەربازانی ئیسلام؟ کوا سەربازەکانی ئیسلام جێگەی مەشقیان؟ بۆ هەڵنایت ئەو
خەڵکە کۆ بکەیتەوە باسی جیهادیان بۆ بکەیت؟ کوان لاوەکانی ئەم ئیسلامە؟ ئەی کوا ئەو
هەموو گەلە موسوڵمانە کە سێ ملیۆن خەڵک بەس لەناو شاری بەغداد دەژین؟
شازدە ساڵ خەلیفە حوکمی کردوە گومانی تێدا نیە خەڵکەکەشی وەک خۆی پەروەردە کردووە،
هەموو خەڵکێکی ترسنۆک، ڕەزیل بێ ئەوەی بجوڵێن بۆ جیهاد.
کەس نازانێت چی بەسەر هات (کنتم خیر أمه أخرجت للناس).ئەی ئەو هەموو چەکە کە بە
پارەی موسوڵمانان کڕا کوا! دەڵێن هەمووی کۆن بووە، بەکەڵکی جەنگ نایەن، چەکە نوێکانیش
سوپا ناتوانێت مەشقی لەسەر بکات چونکە سوپاکە کۆنە و چەکەکان نوێ!

ڕەوشی ناو بەغداد و دەور و پشتی لەو سەردەمەدا و خەڵکی چۆن بیریان دەکردەوە؟
گومان لەوەدا نییە ئەگەر گەلێک لەسەر خۆشەیەکانی ژیان پەروەردە کرا ئەوا زۆر ئاستەمە
بجوڵێن بۆ شۆڕش و خەبات، لەو سەردەمەدا لە شاری بەغداد بە تایبەت لە ناو دەوڵەتی عباسی
ئیسلامیەکان بە گشتی خەڵکی هەموو ئاواتی ئەوە بوو چۆن بتوانێت ببێتە خاوەنی وڵاغ و
ئەسپی باش جەڵەبی زۆر کڕینی زەوی و زاری کشتوکاڵی، خەڵکی سەر قاڵ بوون بە بەدەست
هێنانی دەوڵەمەندی هەموو ژیان لەو سەردەمدا بەس پارە بوو[١٠١].
ئەیەک کە سەرکردەیەکی ئەژدەری ئەو سەردەمە بوو لە بەغداد کە بەدەستی هۆلاکۆ شەهید
کرا دەڵێت گەلێک ئەوا بیر بکاتەوە زۆر ئاستەمە سەرکەوتنی!
لە کاتێکدا کە ناو شاری بەغداد سێ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژیا کەسیان نەهاتنە جۆش بۆ جیهاد
کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ذروه سنام الإسلام- وهي فريضه الجهاد.
بەڵام بە چی دەچێت با هەر مزگەوتەکان بانگ بدەن و خەڵکی خۆی بکات بە ناو مزگەوتەکان
قورئان خوێندن زۆر بێت، بەڵام کە کار بە ئیسلام نەکات هەمووی ئەرزشی نامێنێت بەو شێوەیە
ئەمەریکا و تەتار بە ئارەزووی خۆیان داگیرمان دەکەن.

[١٠١] ئبن کەثیر دەڵێت: لەدرێژایی ئەوە دەمەی کە تەتار بۆ ماوەیەکی کاتی وەستان لە جەنگ خەڵکی
هەموو ئاواتیان ئەوە بوو کە چۆن سەروەت و سامان بەدەست بێنن، صیلەی ڕەحم و خزمایەتی زۆر
کەم بووبووەوە، زاناکان لەخەڵکی دوور کەتبوونەوە و دینداریەکی ئەشوای هەبوو، بەڵام بە گوێرەی
پێویست دینداری نەدەکرا لە ناو وڵاتی ئەندەلوس و بەغداد وڵاتانی تری ئیسلامی ئافرەتان بە سفورە
دەهاتنە دەرەوە زۆر سادە ببوو، تەنانەت کچانی خەلیفەکان بە سفوری بە بازاڕەکاندا ڕەت دەبوون!
لە هەمان کاتدا لە زۆر جێگایی وڵاتی ئیسلامی مەی مەیخانەکان ئاشکرا بوون!

ئەو رەوشەی كە ئێستا باسمان كرد كتومت دەڵێت ئەم چەند رۆژەیە كە خۆمانی تێدا دەژی دەڵێت واقعی كوردستان، عێراق، سووریا و...هتد ئاخر چی جیاوازیەكی هەیە لەگەڵ ئەو سەردەمە. ئێستاش خەڵكی هەر خەركی كۆكردنەوەی پارە و دروست كردنی باڵەخانەی بەرز و زەوی كڕین و سەیارەی جوانن بۆ خۆشیەكانی ژیان هەموو كارێك ئەنجام ئەدرێت، زۆر بە دەگمەن گوێ بە حەڵاڵ و حەرام ئەدرێت، كێ بیر بەلای جیهاد و كۆشش و خەبات مانەوە بۆ دینی خوای گەورەیە؟ ئەوەندە خوشی ژیان سەری لێ تێكداون كە خەڵكی ئێستا بۆ نان خواردن چەندەها كیلۆمەتر دەبڕن بەس كە ناوی چێشتخانەیەكی باش دەبیستن، بەڵام چەندەها خەڵك هەیە كە بە هەنگاو مزگەوت لە ماڵەكەیەوە دووره ناچێتە مزگەوتەكە، بەڵكو هەر نوێژ ناكات زۆرجار بۆڵەی ئەوەی هەیە كە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەكان ئیزعاجی دەكات!

بێجگە لەو هەموو ئافرەتە سۆزالییە وەك شەبەكە و گروپ كار دەكەن و مەی و مادەهۆشبەرەكان بەر بڵاوە لە وڵاتی موسوڵمانان. كە بەدڵنیایەوە لە ئەوروپا ئەو خراپەكەریە نابینرێت بەو شێوەی كە ئێستا هەیە لەوڵاتی ئێمەدا!

لەو سەردەمەشدا هەروا بوو ئەو هەموو منداڵ و ژنە لە ئۆزبەكستان، تاجیكستان و ئەفغانستان كوژران كێ جوڵا لە موسوڵمانان؟ ئێستاش ئەو هەموو منداڵە لە فەلەستین و عێراق و ئەفغانستان دەكوژرێن كێ لە موسوڵمانان هەستیان جوڵا بۆ ئەوەی شۆڕشێك بەرپا بكەن؟

ڕاستە موسوڵمانان زۆرن ئێستا زۆرێك لە مزگەوتەكانی ئاوەدانە، ئەو سەردەمەش مزگەوتەكان هەر ئاوەدان بوون، خەڵكی قورئان خوێن بوون ئێستاش خەڵكی قورئان خوێنن مزگەوتەكان قەرەباڵغن. دیندارییەكی عەشوای هەیە، بەڵام ناتوانرێت ضەبت بكرێت هەروەك تقوسی دینی وەرگیراوە نەك وەك مەنهەجی ژیان.

چۆن مستەعصیم و موئتەمیر یارمەتی تەتاریان دەدا، بەڵام دوایی خۆیان داگیر كران دڵنیا بن ئەوانەی كە ئێستا یارمەتی ئەمەریكا دەدەن لە ناوچەكەدا خۆیان رۆژێك دێت وەك ئەو دوانە لەسەر كورسی دەسەڵات دایان دەماڵن.

فلابد أن يكون الجزاء من جنس العمل.. كما تدين تدان!

رۆژێك دێت ئەو گەلەی كە نەجوڵا بۆ گەلە موسوڵمانە براكەی خۆشی وەك ئەوی بەسەر دێت. " كما تدين تدان " لە دەرگەی هەر كەس بدەیت لە دەرگەت دەدرێتەوە! هەر كارێك ئەنجام بدەیت دوای پێچەوانە دەبێتەوە بۆ خۆت.

دەڵێن هەر گەلێك دۆڕاو دوای بۆ هەڵسانەوە هەوڵی نەدا ئینحرافی كرد ئەوە بە گەلكی ژیان نامێنێت و دەبێت هەر لە ناوبچێت.

كوا فەرمان بەچاكەو رێگری لە خراپە؟ كوا پیاوانی ئازاو سەركردە یان زانایانی ئاینی؟ لەناو ئەم گەلی ئێمەدا پیاوێكی پیاوانەی تێدا نییە؟ أليس منكم رجل رشيد؟

ئەمە وەزعی شاری بەغداد بوو لە رۆژی ١٢ موحەرەم لە ساڵی ٦٥٦ كۆچی لە هەموو لاكانەوە هۆلاكۆ گەمارۆی خستە سەر شاری بەغداد و دەوروپشتی لە سێ جێگەوە بەسەركردایەتی خۆی و ئەتبوغە و بجیۆ لە رۆژهەڵات و باشوور باكووریەوە.

کە خەلیفە بەمەی زانی ئینجا هەڵسا بە کۆبونەوەیەکی زۆر بە پەلە لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی و لە سەرو هەموویانەوە لەگەڵ وەزیرە خاینەکەی کوڕی ئەلقەمی، پێی وتن چی بکەین، چۆن خۆمان دەرباز بکەین، ڕێگە چارە چیە پێم بڵێن، چۆن ڕاکەین؟ ولادوا ولات حین مناص.

لەناو کۆبونەوەکەدا موئەیدی کوڕی ئەلقەمی شیعی وتی با بکەوینە گفتوگۆ لەگەڵ تەتەر ئاسایە ئەگەر هەندێک ئەنەزولیان بۆ بکەین، ئەمیش کارێکی زۆر سادەیە کە پیاوێکی خائینی وەک ئەلەقەمی داوای بکات، چونکە ئاگاداری کردنەوە کە ئەمان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بەرەنگاری تەتار ببنەوە، ئەمە بۆچونی ئەلقەمی بوو لە کۆبونەوەکەدا.

وە لە کۆبونەوەکەدا بۆچونێکی تر هاتە پێش کە دوو پیاوی کارا و ئازاو چاونەترس داوای جیهادیان کرد لەناو ئەم لومەتەدا خەڵکی باش هەرماوە، بەڵام بەداخەوە کات درەنگە فریای ئەوە ناکەون کە هێز کۆبکەنەوە، بەڵام ئەو دوو سەرکردە ئەژدەرە بریتی بوون لە موجاهیدەدین ئەیبەک و سلمان شای یەحضانی داوای جیهادیان کرد!

بەڵام کاتەکە بەشی کۆکردنەوەی هێز ناکات دەبوو زوو ئەو وتەیان بدرکاندایە، وە زۆر دەمێکەبە خەڵکی گوێیان لەو وشەیە نەبووە و شەرمیان دەکرد کە باسی جیهادی بکردایە، هەروەک ئێستا خەڵکی بە شەرمەوە باسی جیهاد دەکەن، بەتایبەت زانایانی ئاینی!

ئێستا خەلیفە لە بەردەم دوو ڕیاندایە نازانێت چی بکات؟

ئارەزوو وە داوای وتەکانی موئەیدی ئەلقەمی دەکرد کە شەڕ نەکەن وە دڵیشی داوای لێ دەکرد کە جیهاد بکەن لە دژی تەتار، چونکە تەتاری باش دەناسی و دەیزانی کە هیچ ئەرزشێک بۆ موسوڵمانان دانانێن.

خەلیفە بڕیاری دا کە جیهاد بکات بەڵام بە دوو دڵی، جیهاد بەم شێوە و خەسڵەتانە بەرهەم نایەت سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە!

خوێنەری ئازیز...

موجاهید بە سوتفە نایەت، جیهاد بڕیارێکی عەشوای نییە!

جیهاد پەروەردەی دەوێت، جیهاد خۆ ئامادە کردنی دەوێت، ڕێگایەکی دوور و درێژە جیهاد ڕێگەیەکی دووری ئیمانیە، کەسێک نەتوانێت نوێژی بەیانیانی نەکات هەرگیز ناتوانێت جیهاد بکات!

جیهاد بەرزترین لوتکەی ئەم ئیسلامەیە، لە هەموو لوتەکان بەرزترە بۆیە کێ گەیشتە ئەو لوتکەیە ئەوا پلەی موجاهیدی پێ دەبەخشرێت، ئەوپلەیە بە قسەو دواکردن نیە بەڵکو بە کرداره دەبێت کرداری بۆ بکەیت"[١٠]

بەڵێ بۆ یەکەم جار خەلیفە لە هەموو ژیان دا بڕیاردا سوپا کۆ بکرێتەوە بۆ جیهاد.

سوپایەکی شل و شێوای عەباسی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی موجاهیدین ئەیبەک «ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بۆ ئەوەی لە بەرانبەری سوپای بێشومارەکەی هۆلاکۆ بوەستێتەوە کە ئەیبەک

[١٠] الجهاد ارتقاء إلى أعلى، إلى أعلى، إلى أعلى، إلى أن تصل إلى ذروه سنام الإسلام!

چووە دەرەوەی شاری بەغداد لە ڕۆژئاوا وە هەڵیان دایە کە سوپایەکی بێشوماری تەتاری بە سەرۆکایەتی بیجۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وە بەرەو عێراق دێت واتا لە تورکیاوە، ئەیبەک کە بەمەی زانی وتی ئەگەر بێتوو ئەم سوپایە بگاتە جێ ئەوا شاری بەغداد بە تەواوەتی گەمارۆ ئەدرێت دەرگەکانی زوو والا دەکرێت بۆ دوژمن بۆیە ناچار سوپاکەی ڕووکردە سوپاکەی بیجۆ، سوپاکەی لە نێوانی دیجلە و فورات دانا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سوپاکەی بیجۆ بێتەوە، هەردووکیان بە یەک گەیشتن لە ناوچەکانی ئەنبار، ئەو ناوچەیە چەند جار موسوڵمانان سەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێنا بوو، گەورەترین سەرکەوتن لەسەر دەستی سەرکردەی میغوار خالیدی کوڕی وەلید -ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- بوو نزیکەی شەش سەد ساڵ پێش ئەو ڕووداوە، بەڵام ئەمجارە زۆر بەداخەوە موسوڵمانان تێیدا لە ناوچوون، بیجۆ توانی وردە وردە سوپاکەی وەک تاکتیک بەگەڕێنێتە دواوە تا موسوڵمانانی هێنایە ناوجەنگەکە دوای لە ناوچەیەکدا جێگیری کردن بە هۆکاری ئەوەی لەو ناوچەنادا خەڵکی پەیدا کردبوو کە شارەزابوون لە ناوچەکە و بەنداوێکی بەسەردا کردنەوە زۆربەی سوپاکە لە ناوچوو، وە زۆریشیان بەدەستی تەتارەکان شەهید بوون، بەمەش لەوێدا سوپای عەباسی شکستی هێناو زۆر کەم لە سوپاکە دەرچوو لەگەڵ ئەیبەک گەڕانەوە ناوشاری بەغداد، لێرەوە زۆربەی سوپای عەباسی لەو جەنگەدا لە ناوچوون، وە ئەم جەنگە لە حەفدەی موحەڕەم بوو کە هەفتەیەک پێش ئەوەی هۆلاکۆ بگاتە ئەنیشت دیوارەکانی بەغداد، بیجۆ ئەوەستا بە پەلە خۆی گەیاندە شاری بەغداد و گەمارۆی خستە سەر شارەکە، بەم شێوە بەغداد زۆر بە ئاسانی کەوتە بەر دەستی دوژمنەکانی لە بەشی ڕۆژئاواوە وە هۆلاکۆش لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆی شارەکەی دا، ئیتر ڕەوشەکە زۆر بەرەو خراپی دەڕۆشت.

خەلیفە هەرگیز بڕوای نەبوو کەوا زوو بێنە ناوچەکەو ئاوا بە ئاسانی شاری بەغداد گەمارۆ بدرێت، بۆیە نەیدەتوانی بیر بکاتەوە هەر دەهات و دەچوو، لەو کاتەدا موئەیدی ئەلقەمی هات بۆ لای پێی وت:

با لەگەڵ تەتار دابنیشین بۆ گفتوگۆ!

خەلیفە باش هەستی بەوە کردبوو کە هێزێکی لاوازی وەک عەباسی داوای دانیشتن لەگەڵ هێزێکی گەورە و بەهێزی وەک تەتار بکات، ئەمە بە هەموو پێوەرێک شکستەو دۆڕان و تەسلیم بوونە.

لە هەموو دۆڕاندنێک دا سوپای سەرکەوتوو مەرجی خۆی دادەنێت بەسەر سوپای دۆڕاودا بێ ئەوەی تەعدیلی بەسەردا بێت.

خەلیفە بەمە ڕازی بوو دووکەسی نارد بۆ لای تەتار و هۆلاکۆ بۆ دانیشتن و دانووستان.

لەو دوو کەسە کێ بوون ناردنی؟

یەکەم: وەک ئبن کەثیر دەڵێت ئەوەی کە ناردی وەزیرەکەی بوو ئەلقەمی شیعی، کە زۆر ئارەزووی بوو خیلافەتی سوننی عەباسی بڕووخێت"[١٠٢].

---

١٠٢ لقد أرسل مؤيد الدين العلقمي الشيعي والذي يُكِنّ كل الحقد والغل على الخلافة العباسية.

پادشای بەتریاکی نەسرانی بوو لەگەڵ ئەلقەمی[١٠٤]!

دووەم: ئەوەی کەناردی بۆ دانووستان کە نوێنەری عەباسیەکان بوو یەکێکیان شیعە و ئەوی تریان نەسرانی، بەم شێوە وەک دکتۆر ڕاغب سەرجانی دەڵێت: کە لە ڕاستییدا جێگەیی تێڕمانە[١٠٥]!

مەرج و پەیمان نامەکان:

کاتێک ئەو دوو کەسە ڕۆشتن بۆ دانووستان لەگەڵ هۆلاکۆ کە دانووستانەکە زۆر نهێنی بوو، گومانی تێدا نیە هەردووکیان کار بەدەستی هۆلاکۆ بوون وە هەردووکیشیان ئارەزوومەند بوون بە ڕووخانی خیلافەتی ئیسلامی، پەیمانی زۆری دا بە هەردووکیان کە بەغدادیان گرت پۆست و مەقامیان دەداتێ، ئەوانیش بە پێکەنینەوە پۆستەکانیان وەرگرت لە هۆلاکۆ، هەموو زانیاریەکی دروستی ناوشاری بەغدادیان دا بە هۆلاکۆ!

کە هەردوو نێراوەکە گەڕانەوە بۆ لای خەلیفە هەڵگری پەیامێکی زۆر سامناک بوون، ئەویش بریتیە لەوەی کە ڕۆحی جیهاد و کۆشش لە ناو خەڵکی بەغداد دروست بووە بۆیە دەبێت خەلیفە ئەو حەماسە بکوژێنێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە ئاشتی بژین لە ناو خۆیاندا!!

وە لە هەمان کاتدا ئەو دوو کەسە کە بزوێنەری خەڵکەکەن بۆ ئەوەی شەڕ بکەن بۆ ئیسلام واتا موجاهیدەدین ئەیبەک و سلێمان شاە دەبێت هەردووکیانم تەسلیم بکەیت بە کوشتن یان بە زیندووی، چونکە ئەوانە سەرۆکی بزوتنەوەی ئیسلامی بوون ئەو دەمە لە ناوشاری بەغداد وە خەڵکیان هان دەدا بۆ جیهاد.

لێرەدا لە ناو مێژوونووسان دوو بۆچونی جیاواز هەیە بۆیە وەک خۆی هەردووکیانتان بۆ تۆمار دەکەم.

کۆمەڵێک دەڵێن هەردووکیانی تەسلیم کرد بە هۆلاکۆ لە بەرچاوی خۆیا هەردوکیانی سەربڕی. مێژوونووسانی تر پێیان وایە کە هەردووکیان هەڵهاتن چوون بۆ ناوچەکانی حیجاز. هەمیشە هەر وابووە لە هەر جێگەیەک دا خەڵکانێک دەربکەون بۆ دین هەوڵ بدەن خەڵکی لەسەر دین پەروەردە بکەنەوە هانیان بدەن بۆ جیهاد، ئەوا ئەو کەسانە یەکەم کەسن کە دوا دەکرێن یان بە دەیان ناو نائۆرەی بۆ دەدۆزنەوە پێیان دەڵێن دژی ئاشتی یاخود تیرۆریست.

بەردەوام مەکیکا و ئەلقەمی شیعی لە و نێوەندەدا هەر خەریکی هاتوو چۆ بوون بۆ ئەوەی دانووستانە کە بکانە ئەنجام، گومانی تێدا نیە بۆیە خەلیفە ئەو دوانەی دەنارد لەبەر ئەوەی بڕوای تەواوی بەوان بوو. بەڵێ ئەنجام دەرچوو کە ئەلقەمی توانی دانووستانەکە کۆتایی پێ بهێنێت، کە ئەمە بە سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ ئەلقەمی تۆمار کرا.

هەندێک مەرجی ئاسانیان دانا بۆ خەلیفە کە پیادەی بکات مەرجەکان بریتی بوون لە:

یەکەم: ئێستا ڕەونی جەنگە لە نێوانی هەردوو دەوڵەتەکەدا ئاشتیەکی هەتاهەتای ئیمزا بکەن!

[١٠٤] وأرسل معه ملكيك البطريرك النصراني في بغداد.

[١٠٥] وهكذا فالوفد الممثل للخلافة الإسلامية العباسية في المفاوضات مع التتار لا يضم إلا رجلين: أحدهما شيعي والآخر نصراني.

دووەم: مارە كردنی كچەكەی هۆلاكۆ لە كوڕی خەلیفەی موسوڵمانان موستەعصیم بل لله، كچی ئەو كەسەی كە ملیۆنەها موسوڵمانی سەر بڕیوە.
سێیەم: موستەعصیم لەسەر كورسی دەسەڵات بهێنێتەوە.
چوارەم: ئەمانی دا بە هەموو شاری بەغداد، بەڵام لە بەرانبەر ئەو ئەمانەدا دەبێت خەلیفە ئەم كارانە بۆ هۆلاكۆ بكات كەبریتین لە:
یەكەم: ڕوخاندنی هەموو قەڵاكانی عێراق.
دووەم: پڕكردنەوەی سەنگەرەكان.
سێیەم: تەسلیم كردنی هەموو چەكەكان بە تەتار.
چوارەم: بەڕێوە بردنی شاری بەغداد لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی تەتار دا بێت.
وە وەڵامی ناردوە بە نێراوەكانی خەلیفە كە پێی بڵێن بۆیە تەتار هاتووە بە سەركردایەتی هۆلاكۆ بۆ ئەوەی داد پەروەری خێر و خۆشی بۆ خەڵكی بە دەست بهێنێت، وە بە خەلیفە بڵێن كە رەوشەكە ئارام بووە سوپای تەتار دەڕواتە دەرەوە دەسەڵاتەكە بۆ خۆیان بەجێ دێڵێت.
هەر هەمان قسەی جورج بۆش بوو لە داگیر كردنی عێراق پێشتریش ئەفغانستان دا.
كە هاتوون دیموكراسی و مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنن پاشان كە داد پەروەری روویدا لەناوچەكەدا ئەوا ئەمەریكا دەچێتە دەرەوە.
خەلیفە هەندێك هیوای بۆ گەڕاوە، بەڵام هەر دوو دڵ بوو لە كاری تەتار نەیدەزانی بڕوایان پێ بكات یان نا، كە لەكاتێكدا هیچ وەفاو پەیمان لای تەتار دەست ناكەوێت، ڕاستە مەرجەكان زۆر قورسن، بەڵام لە كۆتایدا هەر خەلیفە خۆی فەرمانڕەوای دەكات.
خۆ ئەگەر ئەو كارەی ئەنجام نەدا ئەوا گومانی تێدا نیە كە هەر دەمرێت، بۆیە بەو بارەوە مایەوە خۆ بەس نییە ژیان دەكات دەژی، ئەگەر خۆی تەسلیم بكات بە هۆلاكۆ بەس نیە ژیان دەكات، بەڵێ ژیانی زەلیلیە، بەڵام هەر دەژی ژیان دەكات، ڕاستە لە ناڕەحەتییدا دەبێت، بەڵام خۆ ژیانە هەر دەژی، ڕاستە هەموو شتێك دەفرۆشێت بۆ خاتری شتێكی زۆر كەم، بەڵام لە كۆتایدا هەر دەژی و ژیان دەكات.
هەرچەندە خەلیفە دوودڵ بوو لە تەتار بەهەمان شێوە گەلی موسوڵمانی بەغدادیش هەر هەمان دوو دڵی هەبوو لە تەتار.
بانگەوازی جیهاد لەو شارەدا زۆر كەم بوو هەموو پێیان خۆش بوو كە گەمارۆی تەتار كۆتایی پێ بێت و ڕێكەون، سێ ملیۆن خەڵك نەتوانن بەرانبەر بە سەد هەزار تەتاری بوەستنەوە. ئەگەر خۆشەویستی جیهان نەبێت چی ناوێكی بۆ ئەدۆزیتەوە و چۆن شیكاری دەكەیت؟
خاپەكاری لە بەغداد زۆر بوبوو، هەر جێگەیەك خراپەی زۆر بوو گومانی تێدا نیە دەبێت لە ناو بچێت. خەلیفە داوای كاتێكی كرد بۆ ئەوەی بیر بكاتەوە، بەڵام هۆلاكۆ كاتی نیە ئەو هەموو كۆچی بوو كە بەرانبەرە لەگەڵ مانگی دووی واتا یەنایەری ساڵی ١٢٥٨ زاینی، زۆر سارد بوو زستانێكی زۆر سەرما بوو لەو ساڵە، لەسەرووی هەموویەوە هۆلاكۆ زۆر موشتاق بوو بۆ ئەوەی شاری گەورەی جیهان ببینێت كە بەغداد بوو، كە بە شاری جەهرە ناسرا بوو.

بەڵێ هۆلاکۆ هیچ کاتی نەدا بە خەلیفە بۆ ئەوەی چاو ترسێنی خەلیفە و خەڵکی ناوشار بکات، دەستی کرد بە بۆردومانی شارەکە کە یەکەم جار بوو ئەو شارە شتی وا ترسناک بە خۆیە ببینێت، زۆربەی ناوشاری سوتاند!

ئیبن کەثیر شتیکی زۆر سەر سورهێنەر باس دەکات، لە کتێبی البدایە والنهایە دەڵێت:
ئەو رۆژانەی کە بۆردومانی شار دەکرا تەتار لە هەمووﻻکانەوە تیربارانی شاریان دەکرد، ئافرەتێک لە جاریەکانی خەلیفە بەر تیری تەتەری دەکەوێت کە سەمای بۆ دەکات دەیەوێت خەلیفە دڵ خۆش کات دەم بە خەندەی بکات، کە بینی لە پەنجەرەکانەوە تیر دێتە ژوورەوە خەلیفە بەسە زۆر ترسی لێنیشت پاسەوانی زیاتری بۆ باڵەخانەی خیلافەت دانا. نامەیەک بە تیرەکەوە بوو کە نووسرا بوو، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ئەوا قەزاو قەدری خۆی بەرپا دەکات[١٠٦]. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئیبن کەثیر ئەمە باس دەکات، بەڵام هیچ کۆمێنتێکی لەسەر نەووتوە کە بەڕاستی کارەساتە لەکاتی ئاوادا. راستە حەڵاڵی خۆیەتی و کارێکی سروشتیە کە مرۆڤ حەزی لە ئافرەت بێت، بەڵام لەکاتی ئاوادا ئاستەمە خەڵکی بیری بەلای ئەوەدا بڕوات مەگەر کەسێک زۆر لا موبالات بێت! خەلیفە خەریکی سەما بێت لەگەڵ جاریەکانیدا.

ئەی ئەقڵ لە کوێیە، ئەی حیکمەت چی بەسەر هات؟

دیارە لەو سەردەمەدا سەماو خۆشی ژیان وەک نان و ئاو هەوای لێهاتبوو بۆ مرۆڤەکان نەدەکرا بێ سەما بژین، تەنانەت لەکاتی جەنگیش دا هەر وەک ئێستا کە خەڵکی دەڵێت من ناتوانم بێ موزیک کار بکەم یان خەوم لێ ناکەوێت ئەگەر گوێم لە مۆسقای ئارام نەبێت.

ئەمەش کەم عەقڵی خەلیفە دەردەخات کە بانگەشەی جەنگی نەکرد لەگەڵ تەتار، بەڵکو وتی با پاسەوانەکان زیاد بکرێن، کە جەنگ وا گەیشتە ناو ماڵی خیلافەت.

تەتار بەردەوام هەر بۆردومانی شاری بەغدادی دەکرد ئەو چوار رۆژە تا دیوارەکانی رۆژهەڵاتی بەغداد هەمووی روخا. خەلیفە کەئەمەی زانی ئەویش بە تەواوەتی روخا. لە مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٦ کۆچی دیسانەوە وتی چی بکەین؟

ڕووی کردە هاوەڵە خاینەکەی ئەلقەمی شیعی وتی چارە چییە؟
لەوەڵامدا پێی وت خۆت بچۆ بۆ لای هۆلاکۆ بۆ دانووستان.

---

[١٠٦] دەقی وتەکەی ئیبن کەثیر:

وأحاطت التتار بدار الخلافه يرشقونها بالنبال من كل جانب، حتى أصيبت جاريه كانت تلعب بين يدي الخليفه وتضحكه، وكانت من جمله حظاياه، وكانت تسمى عرفه، جاءها سهم من بعض الشبابيك فقتلها وهي ترقص بين يدي الخليفه فانزعج الخليفه، وفزع فزعاً شديداً، وأحضر السهم الذي أصابها بين يديه، فإذا عليه مكتوب: إذا أراد الله إنفاذ قضائه وقدره، أذهب من ذوي العقول عقولهم، فأمر الخليفه عند ذلك بزياده الاحتراز، وكثرت الستائر على دار الخلافه.

## موستەعصیم و هۆلاكۆ

خەلیفە خەڵكی نارد بۆ لای هۆلاكۆ كە دەیەوێت دانیشتنی لەگەڵدا بكات، هۆلاكۆ ئاگاداری كردنەوە، كە خەلیفە هات دەبێت گەورە پیاوان و وەزیرەكان و زانایانی ئاینی ئەو شارە ئامادە بن، بۆ ئەوەی مەرجەكان بەسەر هەموو لایەكدا بسەپێنرێت.
خەلیفە ئەم زەلیلیەی قبووڵ كرد، بە زۆر گەورە پیاوانی ئەو شارەی كۆكردەوە هەموویانی ئامادەكرد بۆ ئەوەی بچن بۆ لای هۆلاكۆی خوێنڕێژ، لە كاتێكدا ئەم لە قەسری خیلافەتدا پێشوازی لەخەڵكی سەركردەكانی هەموو جیهان دەكرد، ئەوەتا بەچاوی فرمێسكاویەوە دەبێت ئەم بڕوات بۆ لای هۆلاكۆ بكوژی ملیۆنەها موسوڵمان، ئەو سەرشۆڕیە بۆ خۆی و گەورە پیاوانی تۆمار بكات!
خەلیفە وەفدێكی گەورەی پێك هێنا كە بریتی بوون لە حەو سەد كەس لە زاناو خاوەن بیرەكانی ئەو شارە و لە دەوڵەمەندەكانیشی، بەڵێ: وەفدەكە نزیك بوونەوە لە خێمەی هۆلاكۆ بە ترسەوە دڵیان لەسەر دەستیان بوو، تەتارەكان وەفدەكەیان راوەستان كە بۆیان نیە هەموویان بچن بۆلای هۆلاكۆ، بەڵكو تەنها رێگەیان بە چەند كەسێك دا كە بریتی بوون لە حەڤدە كەس لەوانە ئەلقەمی شیعی لە ناو حەڤدە كەسەكەدا بوو، ئەوانی تر جیا كرانەوە بە ناوی پشكنین، خەلیفە چووە لای هۆلاكۆ ئەوانی تر برانە جێگەیەك دوور لە خەلیفە هەموویانیان سەربڕی واتا لە حەوسەد كەس تەنها حەڤدە كەس دەرچوون، كە هەموویان وەفد بوون بۆ دانووستان چوو بوون نەك جەنگ!
ئینجا خەلیفە زانی كە هەموو خەڵكەی كە لەگەڵیدا هاتبوون كوژراون ئەوكات گومانی نەما لە بێ وەفای و بێ پەیمانی تەتار. ئەوانەی كە لەگەڵی بوون هەمووی خاوەن هزر و خاوەن پارە و خەڵكی ئیداری و سەبازی وڵات بوون، خەلیفە هیچی پێ نەكرا هۆلاكۆ بە لوت بەرزی تەكەبوری خۆیە دەستی كرد بە بڕیار دەركردن.
یەكەم: لەسەر خەلیفەی پێویست كرد كە بە خەڵكی بەغداد بڵێن هەموو چەكەكانیان دابنێن، ئەمەش كارێكی ئاسان بوو بۆ خەلیفە، چونكە خەڵكی ئەو شارە هەر چەكیان پێ نەبوو تا دایبنێن! تواناى چەك هەڵگرتنیان نەمابوو لە ناو خۆشەكانی ژیان و ترسنۆكیان.
كاتێك ئەمەریكا هاتە ناو عێراق ئاگاداری هەموولاكانی كردەوە كە دەبێت چەكەكانیان بدەنەوە بە ئەمەریكا!!
دووەم: دەبێت خەلیفە موستەعصیم بل للّه هەموو گەنزو سەروەت و سامانی عەباسیاكان پیشانی تەتار بدات، وە چی توحفیات و ئەرشیفی خیلافەت هەیە بیداتە دەست هۆلاكۆ، هەرچی شتە گران بەهاكانی ناو قەسری خیلافەت بدرێتە تەتارەكان ئەوان جەڵدی بكەن و سەرپرشتیداری بن، پارەی بیتول مال بدرێتە دەست هۆلاكۆ!
كاتێك ئەمەریكا هاتە ناوچەكە هەرچی ئاسەواری كۆنی عێراقی هەیە هەموویان دزی، بێجگە لە نەوت و سەروەت و سامان، ئەو هەموو قەسرەی كە تاڵان كرا نەیانهێشت ببێتە مۆزەخانە بۆعێراق، پاشان لە ئەمەریكا بەچەندەها پێشانگایی ئاسەواری كرایەوە كە هەموو پەیوەست بوون بە عێراقەوە، هەرچی ئاسەواری سۆمەریەكان بوو لە بابل هەمووی دزرا لە برلین كراوە بە مۆزەخانە. ئەڵمانیا پارەی لەسەر وەردەگرێت، پاشان لە بەریتانا و فەڕەنسا كە ماوەی ئەوە نیە

پاسی هەرچی دزراوەکانی عێراق هەیە بیکەین لێرەدا، بەڵام هەر هاوشێوەی هۆلاکۆ ئەوانیش هەرچی سەروەت و سامانی عێراقە دزیان.

سێیەم: هەردوو کوڕەکەی خەلیفە کوژران بەدەستی هۆلاکۆ یەکێکیان بە ناوی ئەحمەد کە ناسرا بوو بە ئەبو عەباس کوڕەکەی تری بەناوی عەبدوڕەحمان کە ناسراو بوو بە ئەبو فەضل، هەروەها برایەکی خەلیفە کوژرا بەدەستی تەتار، سێ خوشکی خەلیفە بە جاریە بران بۆ هۆلاکۆ لەوان ناویان فاتیمە، خدیجە، مەریم، وە براکەی خەلیفە موبارک-ی ناو بوو وە ناسرا بوو ئەبول مەناقیب.

لەسەردەمی نوێدا هەردوو کوڕەکەی سەدام کوژران بەدەستی ئەمریکیەکان کە ناویان عودەی و قوسەی بوو وە براکەی سەدام بە هەمان شێوە کوژرا کە ناوی بارزان بوو، هەموو خانەوادەی سەدام دەرکران بۆ ئەردەن وڵاتانی تری دراوسێ.

چوارەم: موئەیەدی کوڕی ئەلقەمی شیعی هەڵسا بە ناونووسینی ئەو پیاوە بازرگانانەی لە عێراق دا بوون لەگەڵ هەموو زانایانی ئەهلی سونە بۆ هۆلاکۆ تا هەموویان بکوژێت، هۆلاکۆ دڵی ئەلقەمی نەشکاند هەرچی زانایانی سونەی بەغداد هەیە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیان وەک بەرخ سەریان بڕین هەموویان بە کۆمەڵ دەخرانە ناو گۆڕ، هەندێک لە گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە کە سەربڕان بە دەستی تەتار و شیعە بریتی بوون لە مامۆستای پایە بەرزی خیلافەتی ئیسلامی الشیخ محیي الدین یوسف ابن الشیخ أبي الفرج بن الجوزي کە زانای سەردەمی خۆی وە ناو بەناو بانگ بووە، وە هەرسێ کوڕەکەی کە بانگەواز چی مامۆستا بوون بەناوی عبد الله وعبد الرحمن وعبد الکریم، وەک زۆرێک لە مێژوونووسان دەڵێن هەموو سەرکردەکانی سوپا سەربڕان لەوانە موجاهدین ئەیبەک و سلمان شاە و شێخی ئەدیبان و قوتبی زەمان صدر الدین علي بن النیار پاشان هەرچی خەطیبەکانی مزگەوتەکانی بەغداد بوون هەموویان سەربڕان و ئەوانەی خەڵکیان فێری قورئان دەکرد بە هەمان شێوە!

گومان لەوەدا نیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە دەستی شیعەکان زۆربەی زاناکانی سونە کوژران یان لە سێدارە دران بە دەستی سەدریەکان لە گەڕەکی ثورە لە بەغداد، زیندانی ئەبوو غرێب پڕ کرابوون لە ئەهلی سونە و جەماعە.

هەموو ئەمانە خەلیفە بینی بە چاوی خۆی، هەر ژیانی دەکرد پێ خۆش بوو بژی وە بینی هۆلاکۆ لە گەڵ کوڕی ئەلقەمی شیعە چیان دەکرد بە خەڵکی، ئینجا هەستی کرد بە پەیوەندی هەردولایان کە چەندە نزیک لە یەکن، بەڵام سوودی نەبوو درەنگ پێزانی.

پاشان لەدوای ئەوە کە ئەو پۆلە زانا و ئەو باقە خەڵکە کوژران، هۆلاکۆ بڕیاری دەرکرد بۆ سوپاکە تەتار هەرچی دەکەن لە شاری بەغداد ئازادن، واتا شاری بەغداد بە سەروەت خەڵک و موڵکیەوە لێوە خاوەنین! دوای ئەوە دەست کرا بە سوتاندنی بەغداد، زینا کردن لەگەڵ هەموو ئافرەتێک ئەگەر دەست سوپا بکەوتبایە، دزینی ئاڵتون و زیو سەروەت و سامانی خەڵکی، کەوتنە کوشتنی خەڵکی بەغداد، ئەوەی کە هەمەجیتە ئەوان کردیان.

کەوتبوونە گیانی خەڵکی لە ناوشاری بەغداد هەر وەک دڕندە ئەو خەڵکەیان دەکوشت و دەیان چەوساندنەوە.

ئەمەی باسمان کرد بارو گوزەرانی شاری بەغداد بوو.

تا لەم رۆش بارە ناهەموارەدا چەند لە سوپای موسوڵمان هاتنە دەست بۆ ئەوەی خەبات کۆشش و جیهاد بکەن لەو شارەدا؟

چەند لە زانایانی موسوڵمان، خەڵکیان فێری دینداری کرد لەو شارەدا؟

چەند لە قوتابیانی ئەو شارە هاتنە دەست بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکەکە بدەن؟

بەڵێ بەغداد، کابول، فەڵەستین، کوردستان خەڵکی تێدا نەماوە بێجگە ئەم خوێن رێژو داوێن پیسانە نەبێت.

لە کوێن پیاوانی ئەم ئیسلامە؟ کوا خالیدی کوڕی وەلید؟ ئەی موسەنای کوڕی حارس؟ کوا قەعقاعی کوڕی عمری تەمیمی؟ کوا نعمانی کوڕی مقرن؟ کوان کوڕانی صەلاحەدینی ئەیوبی؟ کوان نەوەکانی بەدرخانی گەورە؟ پیاو نەماوە لەم وڵات شارانە؟ کوا ئازایەتی پیاوەتی لە دڵی موسوڵمانان؟ کوا سەربەرزی و عیزەت؟ کوان ئەوانەی بە دوای بەهەشت دەگەڕێن؟ کوان ئەوانەی لە پێناوی خوای گەورە کوشش و خەبات و جیهاد دەکەن؟ ئەی کوان ئەوانەی کە پارێزگاری لە شەرەف و ئابڕوی خێزان و ماڵ و منداڵیان وە سەروەت و سامانیان دەکەن؟ کوان؟ کەس نییە؟

بەغداد درگاکانی کراوە بێ بەرەنگاری، بێ ئەوەی پیاوی تێدا بێت، شێوە و روخساری پیاوی لێ بووە، بەلام بە پیاو حساب ناکرێن!

شاری ئیمام ئەبوحەنیفە و شافعی و ئیمام ئەحمەد خاپور کرا، خەڵکەکەی خوێنی بە هەدەر رۆیشت.

شاری راشیدیەی کە ساڵێک حەجی دەکرد و ساڵێک جیهاد وا وێران کرا.

شاری معتەصیم کەشاری عاموریەی فەتح کرد لە وڵاتی رۆم وا داگیر کرا.

ئەوەی کە تەتار کردی مێشک و ئەقڵ بڕوای پێناکات و بە خەیاڵی دا نەهاتووە.

تەتار دەستی کرد بە شوێن کەوتنی خەڵک و لەسەر جادەکانی بەغداد لە هەموو میدانەکاندا کەوتنە موسوڵمان کوشتن، لە هەموو ماڵ و مزگەوت و کتێبخانەکاندا تەتار دەستی کرد بە خەڵک سەربڕین، لەگەڵ ئەوەشدا کە موسوڵمانان دەرگەیان لەسەر خۆیان دادەخست، بەڵام بێ ئاکام بوو هەر دەچوونە ماڵەکانیان و سەری موسوڵمانانیان دەبڕی، بە هەموو شێوەیەک موسوڵمانان لە دەست تەتار رایان دەکرد، بەڵام تەتار هەر بە شوێنیانەوە بوون تا وای لێهات خوێن جۆگەی بەست بوو لە گەڕەکەکاندا.

تەتار بەس خەڵکی بە هێز و شەڕکەریان نە دەکوشت، بەڵکو ئەوەی کە پەکەوتە بوایە و پیر بوایە بەهێزو لاواز بوایە جیاوازیان نەدەکرد لە نێوانیان دا، تەنانەت ژن و منداڵیان دەکوشت وەک راغب سەرجانی لەباسی تەتار دەڵێت پیاوێکی تەتاری چل منداڵی شیرە خۆرەی کۆکردەوە لە پێشەوە دیلەکەیانی دەکوشت دوای منداڵەکان، واتا لەسەر جادەی بەغداد چل منداڵ و دایکیان لە چەند دەقیقەیەکدا دە کوشتن، هەر وەک چۆن موسوڵمانانی غەزە ئێستا بەدەست تەتارە یەهودیەکانەوە دەناڵێن! ئەوانە دڵیان وەک بەرد وایە، بەڵکو خراپتریش رۆژ بەڕۆژ لەو شارە ژمارەی کوژراوەکان بەرز دەبوەوە، بەشێوەیەکی زۆر سامناک. رۆژان رۆشت نە رۆژێک و

ئەدوان لە دە ڕۆژ هەر کوشتنی موسوڵمانان بەردەوام بوو، تەتار وا خەڵکی دەکوشت کە دەی
ویست هەموو شار جینۆساید بکەن.
ئەم هەموو کارەساتە بێ ئەوەی کەسێک بجوڵێت بۆ جیهاد بۆ بەرگری، خەڵکی وا بیر دەکردەوە
کە تەتار هەرگیز شکست ناهێنن، بەڵکو هەرگیز بریندار نابن، وە ئەوان هەرگیز نامرن!
هەروەک ئێستا کە خەڵکی خۆی بە دیندار دەزانێت، بەڵام ناجوڵێت بۆ دینی خوا.
باشە ئەگەر دەزانی خوا هەیە؟ ئەگەر قەبرو قیامەتت پێ ڕاستە؟ ئەگەر نوێژ و ڕۆژوو بۆ خوا
دەکەیت؟
ئەمانە کە هەموو دەزانێت باشە بۆ ناجوڵێت بۆ بەرزی دینی خوای گەورە.
ڕۆژانە گوێمان لە چەند کەس دەبێت کە دەڵێت ئێمە ناتوانین لەبەرانبەر ئەمەریکا و تاغوتەکانی
تر بوەستینەوە، ڕۆژانە چەند جار گوێمان لەوە دەبێت کە دەڵێن بابە ئەمەریکا لە کوێ ئێمە لە
کوێ، هەر هەمان ڕەوشی تەتارە دووبارە دەبێتەوە، مێژووی خۆی دووبارە دەکاتە چەندە کوژرا
لە عێراق بەدەستی داگیر کەران کە لە عێراق کوژراوانی لە ملیۆن تێپەڕی، ئەمانە هەموو
خەلیفەی عەباسی بەچاوی خۆی بینی وە خۆشی چەشتی ئەو هەموو ئازارە لەگەڵ گەلە
کەی خەلیفە ئاخۆ دەبێت بارو گوزەرانی چۆن بوبێت؟ لە کاتێکدا کوڕی خەلیفەیە و لە نەوەی
ئەو هەموو سوڵتان و خەلیفە گەورەی عەباسییەکان.
کوڕی کوژرا، برای بە دیل گیرا، خوشکەکانی بە جاریە بران، هەموو وەزیرەکانی کوژران بێجگە
ئەلقەمی، هەموو زانایان و پیاو چاکان و بازرگانانی شار سەربڕان، هەرچی پارەی خۆی بوو لێی
سەندرا هەموو پارەی خەڵکیش لەوڵاتەکەیدا بە هەدەر برا، بە هەزارەها لە بەرچاویدا کوژراو
سەربڕاو ئەعدای ناموسای لێکرا، بەڵکو هەرچی جوانی شار بوو سوتێنرا پایتەخت لە جوانی خۆی
لاچوو لە شارەوە بوو بە وێرانە.
تەتار وەک کولە چۆن خاکی بە پیت و بەرەکەت و سەوزایی وشک دەکات بە هەمان شێوە تەتار
ئەو کارەی کرد، خەلیفە ئەمانەی هەموو بە چاوی خۆی بینی.
بیخەرە پێش چاوی خۆت دەبێت چەندە ئازاری پێگەیشتبێت چەندە ناڕەحەت بووبێت.
داخۆ چەند جار وتبێتی خۆزگە هەر نەبوومایە، يا ليتني مت قبل هذا وكنت نسياً منسيا
داخۆ چەند جار وتبێتی پارەو سەروەت و سامان چی پێگەیاندم کە هەموو لەدەستم دەرچوو، ما
أغنى عني ماليه هلك عني سلطانيه
لەوانیە بە دەیان جار هاواری کردبێت خوایە بمگەڕێنەوە با کاری باشە بکەم، بەڵام کات کۆتایی
پێهات سەر نەکەوت لە تاقی کردنەوەکە.
لەوانەیە بڵێت خۆزگە سوپام ئامادە کردایە، خەڵکیم فێری جیهاد بکردایە بانگەوازی جیهادیان
لێبدایە، یاخود قیمەتی ئەم ئیسلامەم لە بەرچاوی خەڵکی بە بەرزی ڕابگرتایە هەموو سەروەت و
سامانی خۆیان بە قوربانی ئەم دینە بکردایە، خۆزگە وازم لە هەموو یاری جاریەیەک بهێنایە بۆ
ئیسلام کارم بکردایە، خۆزگە هەموو چوار دەورم خەڵکی باش بوونایە خەڵکی باشم لە
چواردەوری خۆم کۆبکردایەتەوە، خۆزگە لە قەدرو شەوکەتی زانایانم بەرز بکردایەتەوە
هەزارەها خۆزگەی تر...

خۆزگە ... خۆزگە... خۆزگە..
گومانی تێدا نییە ژیان ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، بۆیە باسی مێژوو بۆ ئێوە دەكەین بۆ ئەوەی بزانن گرنگی مێژوو چەندە، مێژوو وەک خۆی سەیری بكەن، نەک وەک چیرۆک و بەسەرهات كە ئەتوانن بیكەنە مەشخەڵی رێگە بۆ روونكردنەوەی ژیانتان"[1].
گرنگە خەڵكی وانە لەمە وەر بگرێت هەر كەس خۆی سەرقاڵ كرد بەماڵی دنیا وە ریبای حەڵاڵ كرد ئەوە دوژمنای بەسەریدا زاڵ دەبن، ئەمە پێویستە هەموو كەس بیزانێت بە دەسەڵاتدارو دادوەر و بێ دادیشەوە.
گومان لەوەدا نیە كە هەموو حەقێک دەبێت هێزێک بیپارێزێت.
لە هەمان كاتدا دەبێت موسوڵمان ئەوە بزانێت كە حەق داوا ناكرێت، بەڵكو وەر دەگیرێت و دەسەنرێت دەبێت لە پێناویدا گران بەهاترین سەروەتی لەسەر دابنێت، ئەویش بریتییە لە رۆح.
هەركەس جیهاد واز لێ بێنێت خوای گەورە زەلیلی دەكات.
ئێستا ئێمەش زەلیلین كێ لەسەر ئەم وتەیە قسەی هەیە با بفەرموێت، ئێستای ئێمە لە ساڵەكانی بیستی سەدەی پێشو دەچێت وەک جولەكەكانمان لێ هاتووە هەر كەس هەڵدەستێت شەقێكمان تێ هەڵدەدات!
بەداخەوە چونكە وازمان لە كۆشش و خەبات هێناوە.

كوشتنی خەلیفە:
خەلیفە لە ماڵی خۆی ئەو هەموو كارەساتەی بینی هۆلاكۆ فەرمانی دەركرد كە دەبێت خەلیفە بكوژرێت، كە خەڵكی بەمەیان زانی زۆر دڵگران بوون، خەلیفە داوای كرد ئەگەر بیكوژن بە شمشێر ئەوا موسوڵمانان دوای خوێنەكەی دەكەن، هۆلاكۆ نەعلەتی خوای لێ بێت وتی باشە بە شمشێر نایكوژم، بەڵكو ئەتخەمە ناوچاڵ یەس سەرت بەدەرەوە بێت بە بەرد بكێشن بەسەرتا تا دەمریت، بەڵێ؛ كردی خەلیفەی عەباسی لەوێدا كۆتایی بە ژیانی هات، وە بووە كۆتا خەلیفەی عەباسیەكان.
كۆمەڵێک دەڵێن خەلیفەی بەسەرە و خواری هەڵواسی بوو بەوشێوە دەیان كێشا بەسەریدا تاكو مرد، بەشەق هەڵیان ئەدا لەسەری وەک توپ بۆیە ئەو كارەی كرد تا موسوڵمان بچووک بكاتەوە هیچ قیمەتێک بۆ موسوڵمان دانەنرێت.
ئەو رۆژەی كە خەلیفە كوژرا رۆژی دەیەم بوو كە بغداد داگیر كرابوو، واتا ١٤ سەفەری ساڵی ٦٥٦ كۆچی بوو، بەڵام بە كوشتنی خەلیفە كارەساتەكان كۆتایی نەهات.

---

[1] پێغەمبەر ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت: روى أبو داود وأحمد عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما أن رسول الله ﷺ قال : إذا تبايعتم بالعينة نوع من الربا، وأخذتم أذناب البقر العمل في رعي المواشي، ورضيتم بالزرع رضيتم بالاشتغال في الزراعه، والمـ قصود عملتم في أعمال الدنيا أيا كانت في وقت الجهاد لتعين وتركتم الجهاد، سلط الله عليكم ذلاً، لا ينزعه حتى ترجعوا إلى دينكم

هەر وەک چۆن سەدام لە سێدارە درا، بەڵام کارەساتەکان هەر کۆتای نەهات، بەدەیان زوڵم و ستەمکاری تر دروستبوونەوە. وە چل ڕۆژ کوشتاری خەڵکی لەشاری بەغداد بەردەوام بوو لە ڕۆژەوەی کە بەغداد گیرا، تا چل ڕۆژ هەر خەڵکی دەکوژرا بە بەردەوامی.

لەشاری بەغداد یەک ملیۆن موسوڵمان کوژرا لە ماوەی چل ڕۆژ لە پیاو منداڵ و پیر و جوان لە شاری بەغداد ئەوەی کە توشی کوشتار نەهات بریتی بوون لەخەڵکە ئەسارانیەکەی ناو شاری بەغداد یەک کەسیان لێ نەکوژرا.

## وێرانکرنی کتێبخانەی شاری بەغداد

لە دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک سەرقاڵبوون بە تاوان و کوشتاری خەڵکی ناو بەغداد، کۆمەڵێکی تر لە تەتار تاوانی گەورەیان ئەنجامدا، کە ئەمە ئەو مانایە هەڵ دەگرێت، کە بێجگە لەوەی ناحەزبوون بە موسوڵمانان بەهەمان شێوە ناحەزبوون بە ژیار و شارستانییەتی موسوڵمانان گومانی تێدا نیە کە موسوڵمانان سەروەت سامانێکی زۆریان هەبوو لە زانست و زانیاریەکانی سەردەم، هەروەها زانستەکانی ڕەوشت و گشت فەرهەنگەکانی ژیان، بە دەیان هەزار لە زانا بەرهەم هاتووە لە هەموو بوارەکانی زانست دا، لە دین و ژیندا. ئەم هەموو سەروەریەی بۆ خۆی تۆمار کرد بوو لەو سەردەمەدا.

لای هەمووان ئاشکرایە کە تەتار هیچ ژیارێکیان نەبوو، خاوەنی هیچ شارستانیەتێک نەبوون، خەڵکێکی سەرسەری و خوێن ڕێژ بوون، خاوەنی بنچینە نەبوون کە لە باکووری چین سەریان هەڵدا لەسەر پاسایی دارستان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، وەک مێژوو نووسان دەڵێن هیچ ئاوەدانیەکیان دروست نەکرد هەر خەریکی سوتاندن و خراپە کاری بوون، کێ پێستویەتی کە تەتار خاوەنی داهێنان بوو بێت لە خەڵک کوشتن بەولاوە.

ئەو کۆمەڵە لە تەتار ڕوویان کردە ناو پەرتوکخانەی بەغداد، ئەو سەردەمە دەوڵەمەندترین پەرتوکخانە بوو لە هەموو جیهان دا، لە هەموو جۆرە پەرتۆکێکی تێدا کۆبوووبوەوە، لە زانستە شەرعیەکان، هونەر و هۆنراوە، بە هەمان شێوە لە هەموو هونەرەکانی ژیان لەوێ دەست دەکەوت، هەر لە فیزیا، مێژوو، جوگرافیا، جەبر و...هتد کە کۆکراوەی زانستی ٦٠٠ ساڵی موسوڵمانان بوو، گەورەترین جۆرەکانی زانستی لە خۆی کۆ کردبوەوە کە هاوشێوەی لە جیهاندا تەنها پەرتوکخانەی قورتوبە بوو لە ئەندەلوس، وە بەداخێکی زۆرە وە بە هەمان شێوە لە دوای بیست ساڵ کتێبخانەی قورتوبە سوتێرا وەک بەغداد، هەرچی پەرتوک بوو سەرۆکی قیبەکانی نەسرانی لە ئەندەلوس هەمووی سوتاند ناوی ئەو قسیسە کمبیس بوو، ئەو هەموو ماندوو بوونە چالاکیە کە خزمەتی مرۆڤایەتی کرد ئەوان سوتاندیان، تەتار و نەسارا نەک هەر دژی ئیسلام بوون، بەڵکو دژی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بوون.

تەتار چی کرد بە پەرتوکخانەکەی بەغداد؟

بە ملیۆنەها کتێبی ناو پەرتوکخانەکەیان دەردەهێناو دەیان خستە ناو ئاوی دیجلە، هەموو پەرتوکی گرانبەها، وە هەموویان پەڕە پەڕە دەکرد بۆ ئەوەی باش بتوێتەوە لە ناو ئاوەکەدا هەڵکانێک وا هەستیان دەکرد تەتار هەموو پەرتوکەکان دەبەن بۆ وڵاتی خۆیان یان بۆ

پایتەختەکەیان قۆزاقۆرم، لە ڕاستیدا چونکە ئەوان لە سەردەمی منداڵی ژیاریان بوون شارستانیەتەکەیان زۆر نوێ بوو دەبوو سوود لە هەموو زانستە وەر بگرن، بەڵام تەتار گەلێکی زۆر هەمەجی بوون بەس بە دوای خواردن و خواردنەوەکاندا وێڵ بوون، وەک ئاژەڵ ژیانیان دەکرد ئاواتیدان خراپ کردن تێکدان بوو نەک ئاوەدان کردنەوە.

هەرچی توانا و ماندوو بوونی ئەو پێنج سەد ساڵەی موسوڵمانان بوو خرایە ناو ئاوی دیجلە، هەموو ئاوەکە لە ڕەنگی کتێبکان دا ڕەش بوو، تەنانەت دەگێڕنەوە کە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەک بە سەر بەرگی کتێبەکان دا دەپەڕینەوە. گەورەترین تاوان بوو بە حەقی موسوڵمانان، بەڵکو بە هەموو مرۆڤایەتی.

بەهەمان شێوە لە هەموو جێگەکانی تر جیهان ئەمە دوبارە بۆتەوە لەگەڵ موسوڵمانان لە کاتی ڕوخاندنی ئەندەلوس دا بە ملیۆنەها پەرتوک سوتێنرا لە مەیدانێکی شاری غەرناطە دا، کە بەدەستی نەسارای ئیسپان و فەڕەنسا کرا.

پاشان پەرتوکخانەی طرابلس و دیمەشق سێ ملیۆن پەرتوکی تێدا سوتێنرا، هەر بە دەستی نەسارای ناوچەکە. بەهەمان شێوە دیسانەوە لە کتێبخانەی فەلەستین، ئەسقەلان، غزە و قودس کە بە سەدان هەزار پەرتوک لەوێشدا سوتێنران بەدەستی نەساراکان.

لە سەردەمی نوێدا لە سەدەکانی نۆزدەدا کە وڵاتانی ڕۆژئاوا هاتنە ناو وڵاتانی موسوڵمان داگیرکرا، ئەمجارە سیاسەتی خۆیان گۆڕی، هەرچی پەرتوکی موسوڵمانان بوو دزیان، بردیان بۆ خۆیان، تەنانەت ئەوەندە سەرچاوەی ئیسلامی لە زانستەکانی سەر زەوەی لە زانکۆکانی ئەوروپا هەیە ئەوەندە لای موسوڵمانان دەست ناکەوێت.

هەر لەم سەردەمی نوێشمان دا کە ئەمەریکا ناوچەکەی داگیر کرد سیاسەتێکی نوێی گرتە بەر بۆ ئەوەی وزەکانی ئێمە بەگەڕ بخات بۆ خۆی هەر هەمان دزی زانستی جارانە، بەڵام بە شێوەیەکی تر هات هەرچی ئاستی خەڵکەکەیە بەرزی کردەوە بۆ ئەوەی تەکنەلۆجیاکەی بە سەر خەڵکیدا ساغ بکاتەوە، لەم جۆرە داگیر کردنە لە سەروەت و سامان تازەترین مۆدیل بوو، بە هەمان شێوە کە هاوپەیمان هاتنە شاری بەغداد و کەرکوک و شارەکانی تری عێراق. هەرچی دەست نووسی کۆن بوو دزیان بردیان بۆ خۆیان، ئەوەی کە پێیان زانرا گەڕاندیانەوە.

پاشان تەتار رویان کردە ناو شار هەرچی خانوو بینایەکی جوان بوو هەموویان روخاند ئەوەی کە بۆیان برا بردیان ئەوەشی کە نەیان توانی هەموویان سوتاند، لە هەموو ماڵەکانی شاردا دووکەڵ و خۆڵ و غوبار بەرز دەبووەوە.

چل ڕۆژ لەم ڕەوشە بەردەوام بوو لە شاری بەغداد بە تەواوەتی، هەموو شەقامەکانی شار پڕ بوو لە لاشەی مرف، شۆستەکان هەمووی سوور بووبوون بە خوێن، لەو شارەدا بێ دەنگیێکی تەواو باڵی راکێشا بوو بە سەر شاردا، کەس بۆی نەبوو هاتوچۆ بکات، تەنها دەنگی قاقای تەتار لە شەقامەکانەوە لەهات نەڕەیان دەهات، دەنگی منداڵێک لێرەو لەوێ دەهات یان ئافرەتێک کە هەموو شتێکیان لەدەست دابوو!

لە دوای چل ڕۆژ کە شار بۆنی لێ دەهات لە خۆشی سیل و طاعون کەوتە نێو خەڵکی، هۆلاكو لە ترسی ئەوەی سوپاکەی توش نەبێت ئەمری دەکرد بۆ ئەو ملیۆنە لاشەیەی کە کوژرا بوون فەرمانەکەی بریتی بوو لە:

یەکەم: دەرچوونی سوپای تەتار لە ناو شاری بەغداد بۆ ئەوەی توشی ئەو نەخۆشیانە نەبن و بکشێنەوە بۆ کوردستان، سوپای تەتار لەوێ نیشتە جێ بێت.

بە هەمان شێوە لە دوای داگیر کردنی شارەکانی عێراق سوپای ئەمەریکا هێزەکانی خۆی کشاندە وە بۆ دەرەوەی شار بۆ ناوچەکانی کوردستان.

دووەم: لە دوای ئەو چل ڕۆژە فەرمانی ئەمانی بۆ هەموو خەڵکی دەرکرد کە هیچ کەس ناکوژرێت بە هەمەجی هەروا، بەڕاستی ئەمانی دانێ هەتا موسوڵمانان، لە ژێر زەمینەکاندا و بیرەکان و گۆڕەکان دەربچن و مردووەکانیان بشارنەوە، بە هۆکاری ئەو کوشتارەی موسوڵمانان کە ملیۆنێک خەڵک بوون هەموو ژینگە کە تاکو دیمەشق گۆڕان خەڵکی توشی نەخۆشیە کوشندەکان بوون، وە نەخۆشی جیاوازی نێوان تەتار و موسوڵمانان ناکات بۆیە هۆلاکۆ ویستی کۆتایی بەو هەموو لاشەیە بێنێت کە لەسەر شەقامەکانی بەغداد بوون، لە ڕێگەی موسوڵمانەکانەوە هەموو لاشەکان تێکچوو بوون زۆر بە ئاستەم خەڵکی مردووەکانی خۆیانی دەناسیەوە.

هەر کەس دەگەڕا لە لاشەیەک یان باوکی بوو، یان دایکی، یان منداڵەکەی یان خوشکی یاخود براکەی، بەڕاستی زۆربەی موسوڵمانان بە نەخۆشیە کوشندەکان مردن. ئیبن کەثیر ئاماژەی پێکردوە بە هۆکاری شاردنەوەی لاشەی مردووەکان بوو ئەوە ڕوویدا.

يقول ابن كثير رحمه الله: ومن نجا من الطعن لم ينج من الطاعون! دیسانەوە کارەساتێکی تر ڕوویکردەوە بە غداد کە هەزارەها موسوڵمانی کوشت، بەهۆکاری نەخۆشی. لە سەردەمەی نوێ سەدەی بیست و بیستویەک دا بە هۆکاری جەنگی ئەمەریکاو عێراق،ژینگەی ناوچەکە و عێراق بە تایبەتی خراپ بووە، بێجگە لەو هەموو چەکەی کە لە شارەکان بەکار هات وەک فسفۆر، ناپاڵمی هێشووی عنقودی...هتد، کە ئێستا زۆربەی عێراق منداڵەکان بە کەم ئەندامی لە دایک دەبن، بێجگە لەو هەموو وەرهەم و سەرەتانەی خەڵکی تووشی بووە لەعێراق، ئەمەش هەر بە هۆکاری هاتنی ئەمەریکا بوو بۆ ناوچەکە.

سێیەم: لەدوای ئەوەی کە تەتار دەسەڵاتی تەواوی گرت بەسەر شاری بەغداد دا هەڵسا ئەنجومەنێکی دروست کرد لە دەسەڵاتدارانی خۆیان بە ناوی مجلس الحكم بەم شێوە فەرمانڕەواییان دەکرد بۆ ماوەیەکی کاتی ویستیان دەسەڵاتەکە بگەڕێننەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە ئەو بوو موئەیەدی کوڕی ئەلقەمی شیعی کرایە دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، بەڵام لەژێر چاودێری تەتاردا بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو پاشان لە لایەن سەربازانی تەتاری زۆر گاڵتە بە ئەلقەمی دەکرد تەنانەت بچووکترین سەرباز پاڵی پێوە دەنا لە ناو قەسری فەرمانڕەوای وڵات دا ئەوەندە سوک و بچووک کرابووەوە، ئەو کەسانەی کە وایان لێ دەکرد هەموو سەربازی سادە بوو کەس ناوی بە دەزانین، تەنانەت هۆلاکۆ ناوی ئەو سەربازانەی ئەدەزانی ئەوەندە دوور بوون لە خودە هۆلاکۆوە.

مێژوونووسان دەگێڕنەوە جارێک ئەلقەمی شیعی بەسەر ئەسپەکەی خۆیەوە دەگەڕا لە شاری بەغداد، لە ناکاو سەربازێکی ئەتەری دارێکی کێشا بە ئەسپەکەی ئەلقەمی، ئەو سەرداری ولاتەی خستە خوارەوە ئافرەتێک چاوی لێوە بوو پێی وت: ئەوە نەوەکانی عەباسیش ئاوایان لێ دەکردی[108].

دیارە ئەو ئافرەتە زانیویەتی کە وەزیری پێشوو خائین و خۆفرۆش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو دەوڵەتی عیباسیەکان کەسایەتی ناودار بوو دەسەڵاتی دووەمی هەبوو خەڵکی گوێی بۆ دەگرت کەچی ئێستا سەرشۆڕ و زەلیلە، کە گوێی لەو ئافرەتە موسوڵمانە بوو ئەو وتەی پێ وت، هاتەوە بۆ جێگەیی خۆی لە خەفەتان دەرگایی لەسەر خۆی داخست زانی بووە بە دەسەڵات داری بەغداد، بەڵام پاش وێرانکردنی شار و کوشتنی خەڵکەکەی بۆیە تاچەند رۆژ دیار نەما هەر لە ماڵەکەی خۆیدا لە ناو بێ شەرمی و سەرشۆڕی خۆی گیانی دەرچوو بە هەلاکەت رۆشت، هۆلاکۆ گەڕاوە بۆ بەغداد بۆ ئەوەی کەسێکی تر دابنێت لە جێگەیی ئەلقەمی، کەسی سوک و خۆفرۆشی لەو ئەلقەمیانە زیاتر دەست نەکەوت بۆیە ناچار کوڕەکەی ئەلقەمی خرایەوە جێگەیی باوکی، رووداوێکی زۆر سەرسوڕهێنەر روو دەدات کە لە (شذراتدا )باس کراوە دەڵێن کە هۆلاکۆ دێتەوە بەغداد ئافرەتێک مێردەکەی و منداڵەکانی کوژراوەو خانوەکەی روخێنراوە بە دەستی ئەتار نەعلەکانی خۆی دالەکەنێ بۆ هۆلاکۆی فڕێ دەدات هەلەوێدا ئەو ئافرەتە ئەکوژرێت، واتا لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی دوو رۆژ دوای مردنی کوڕی ئەلقەمی ئیتر هۆلاکۆ ناگەڕێتەوە بەغداد دەچێتە ئێران دادەنیشێت هەر لەوێوە فەرمان بۆ سوپاکەی دەردەکات.

گومان لەوەدا نیە ئەوانەی کە لە مەجلیسی حوکمی ئەتاری ئامادە بوون زۆرێک لە کاربەدەستانی موسوڵمانان شیعەکان بوون.

لەدوای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق هەموو دەزانن کە مجلیسی حوکم دروستکرا لە عێراق کە بازنەیی بوو، لە کۆتایدا شیعەکان کرانە سەرۆک وەزیران لەوانە کە هەر لە نەوەی ئەلقەمی بوو بەدوای یەکداعەلاوی، جعفری، مالکی هەرسێکیان شیعە بوون.

پاشان هەموومان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی ماڵی خۆمانەوە بینیمان کە جۆرج دەبلیو بۆش هات بۆ عێراق وەک چۆن ئافرەتەکە نەعلەکانی کێشا بە هۆلاکۆدا، بە هەمان شێوە مێژووی ئەوەش دووبارە بوەوە مونتەزر زەیدی هەردوو تاکە پێڵاوەکەی کێشا بە بۆش دا، بەڵام ئەو خۆش بەختانە بەربوو لەدوای چەند مانگێک زیندان و دوایش خۆی کاندید کردبوو بۆ ئەندام پەرلەمانی عێراق.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەتار..

---

[108] وقد رأته امرأة مسلمة يركب على دابته، وأحد الجنود التتر ينتهره ليسرع بدابته، ويضرب دابته بالعصا.. وضع مهين جداً لحاكم بغداد الجديد.. فقالت له المرأة المسلمة: أهكذا كان بنو العباس يعاملونك؟!

كوڕی ئەلقەمی شیعی كرایە فەرمانداری بەغداد دوای هەر لەو ساڵەدا كە كوڕی موئەیەدەبن كوڕی ئەلقەمی شیعی كرایە فەرمانداری بەغداد دوای هەر لەو ساڵەدا كە كوڕی موئەیەدەبن بە هەلاكەت چوو واتا ساڵی ٦٥٦ كۆچی، بڕوا بكەن هەر چەند مانگێك ئەویش گیانی دەرچوو بە هەلاكەت چوو واتا ساڵی ٦٥٦ كۆچی، بڕوا بكەن هەر چەند مانگێك ئەویش گیانی دەرچوو و لێی دەشارێتەوە مردن!

كەس بە دوای مردن بكەرێ خۆی لێ دەشارێتەوە مردن زوو رووی تێ دەكات لەناو دەچێت.
هەر كەس دەست بە دنیاوە بگەرێت مردن زوو رووی تێ دەكات لەناو دەچێت.
خەلیفە بەدوای دنیا دەگەڕا لەناو چوو، وەزیرەكەی بەدوای دنیادا وێڵ بوو لەناوچوو، كوڕی وەزیرەكەی بەدوای دنیا وێڵ بوو، ئەویش بە هەلاكەت چوو. خەڵكی بەغداد بەدوای ژیانا سەرقاڵ بوون ئەوانیش لەناوچوون[١٠٩]. هەواڵ گەیشتە هەموو جیهان كە خیلافەت ڕوخا و بەغداد گیرا.

لەوانەیە لە مێژوودا باسی بەغداد كرا بێت لە جوانی و گرنگی ستراتیژیەتی ئەو شارە، بەڵام ئەوەی كە گرنگە كە خەلیفە كوژرا و خیلافەت نەما موسوڵمانان بێ خەلیفە و خیلافەت مانەوە. واتا كارەساتەكە لێرەدایە كە خیلافەت ڕەمزی دەسەڵاتی ئوممەتێكە كە ڕوخا واتا دەسەڵاتی ئوممەتەكە بە تەواوەتی ڕوخا، بۆیە كارەساتە كە زۆر لەوە گەورەترە كە ئێستا بە مێشكمان دا دێت.هۆكار چیە ئێستاش موسوڵمانان لەسەری دەریاوە تا ئەوسەری ئەندەنووسیا ناتوانن قسەیان بكەن بەیەك، هۆكارەكەی بە بۆچوونی من ئەوەیە كە ڕەمزی خیلافەت لە ناو چووە بەڕاستی ئەمە كارەساتە گەورەكەیە، كە موسوڵمانێك زۆر مێشك فراوان نەبێت هەستی پێناكات. بەڕاستی كارەساتە كە خەلیفەی موسوڵمانان لەسەر زەوی نابینرێت خیلافەت كەس هەوڵی بۆ نادات. كە ئەمە هەموو عولەمایانی سەلف لەسەر ئەوە یەك دەنگن كە فەرزی كیفایەیە، دەبێت موسوڵمانێك لە كۆشش وخەبات دا بێ بۆ هێنانەوەی خیلافە، هەندێك هەر پێیان فەرزی عینە واتا پێویستە هەموو كار بكەن بۆ گەڕاندنەوەی خیلافەت.

خوای گەورە بكات كە خیلافەت بگەڕێتەوە و ئێمە ببینین لەسەر مەنهەجی سەروەرمان پێغەمبەر بێت ﷺ.

نسأل الله عز وجل أن يجمع المسلمين تحت خلافه واحده على منهاج النبوه، آمين..

---

[١٠٩] هەروەك سەروەرمان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:
رواه الترمذي وقال صحيح عن عمرو بن عوف رضي الله عنه : فو الله ما الفقر أخشى عليكم، ولكني أخشى أن تبسط الدنيا عليكم كما بسطت على من قبلكم، فتنافسوها كما تنافسوها، فتهلككم كما أهلكتهم.

سەدام و ئەمەریکا

خەڵکانێک وا هەست ئەکەن ئەمە بەرگرییە لە سەدام، ئەخێر؛ بەڵکو بەراوردە لە نێوانی خراپ و خراپتر.

هیچ کەسێک نکوڵی لەسەردەمی رژێمی لەناوچووی عێراق ناکات، کە سەردەمێکی دیکتاتۆری و کەتابە بوو وە دڵی خەڵکی خەمبارو ناڕەحەت بوو. گەلی عێراق بەگشتی زۆرێک لە قوربانی لە رووی جەستەیی و سەروەت و سامان و ئازادیەوە درا، وە عێراق حوکمی دەکرد بە ئاگرو ئاسن. ئەمەش هەموو خەڵکی عێراقی گرتبووەوە بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر و لەم رۆژانەدا هەموو دڵ خۆش بوون بەوەی کە دەسەڵاتی ئەو طاغوتە و ئەو ستەمکارە لەناوچوو.

زۆرێک هەستمان دەکرد بەوەی کە ئەگەر صدام لەناو بچێت ئیتر کۆتایی تراژیدیەکانە ئەگەر چی بەدەستی ئەمەریکیەکی داگیرکەریش بێت.

زۆرێکیش لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران ئێستا لاوەکانیان ئاواتە خوازن کە وەکو گەلی عێراقی ئەمەریکا بێت و لە دەستی حوکمە زاڵمەکانیان کۆتاییان بێت و دەسەڵاتێک و سیستەمێکی دیموکراسی لە سەر بنەمای هەڵبژاردنێکی نەزیهانە دامەزرێتە، بەوە کۆتای بێت بەو حوکمە زاڵمەی کە لە وڵاتەکانیاندایە.

زۆرجار لە وڵاتانی ئێمەشدا مامۆستای ئاینی و پیاو چاکان و خەڵکی بەگشتی دەستیان بڵند دەکرد بەوەی ئیتر نەجاتمان بێت لەدەست ئەو حوکمە دیکتاتۆریانە بەتایبەتی لە عێراق دا، وە ئاواتمان بوو کە خۆمان قیادی خۆمان هەڵبژێرین و رابەر و پێشەنگی خۆمان هەبێت و چاومان لەدەستی کەس نەبێت، هەمووشمان هەستمان دەکرد کە سوپای ئەمەریکی سوپایەکی هاوڕێیەو هاتووە بۆ یارمەتی خەڵکی لەتاو زوڵم و زۆری صدام ئاواتمان بوو کە سوپای نەجاتدەری ئەمەریکی بێت بۆلامان.

من بەلامەوە سەیر نەبوو کە خەڵکی پێیان خۆش بوو کە صدام حسین لەناوبچێت خۆمان لەسەردەمی ئەودا ژیاوین و ئەزانین کە چەندە ستەمکارو خراپەکارو مرۆڤ کوژ بوو، بەڵام ئەوەی منی سەرسام کردووە ئەوەیە کە خەڵکی خراپەکاریەکانی ئەمەریکا نابینێت کە سەد بەرابەرە بەرانبەر بە خەڵکی عێراق ئەنجامی داوە، نامەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە سەرهەڵدانی ئەمە چۆن بووە وە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لەدوای ئەم چەند ساڵەی کە ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد دەمەوێت شیکاریەک بکەم لەسەر رەوشەکە.

خۆمان بەچاوی خۆمان چیمان بینیووە وە چاودێرانیش چییان بۆ باس کردووین وە ئەم ئەزموونەی کە ئێستا هەیە بیکەینە ئەزموونێک بۆ داهاتوومان وە ئەنجامەکەی ئێستاشی بزانین وە بشزانین ئێستای گەلی عێراق بەکوردو عەرەب و کەمە لەتەوەییەکانی تریەوە لەدوای چەند ساڵ هاتنی ئەمەریکا لەچ بوارو رەوش و ئاستێکدا دەژین، لە دە خاڵدا شیکاریەکەتان بۆ دەکەم هیوادارم خەڵکانی هزرڤان وە سیاسیەکان لێی رابمێنن، وە ئەگەر کرا وەڵامیک وە دەست گەل و میللەت بکەوێت.

کە لەگەڵی عێراقی کوژراوە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە هیچ کەس
یەکەم: ئەوەندەی بەلایدا نەچووە، لەدوای ئەوەی کە
ئەوەندەی ئەو ژمارە بە مێشکیدا نەهاتووە وە بیروبۆچوونی ئینگلیزی (ORB)، کە ژمارەی کوژراوانی عێراقی
پەیوەندیان کرد بە بنکەی لێکۆڵینەوەی کەرانی ٢٠٠٧ ملیۆنێک و سی و سێ هەزار کەس
بەگشتی لەمانگی چواری ٢٠٠٣ تاکو مانگی هەشتی
کوژراوە، ئەوەش ژمارەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام بەلاتانەوە سەیر نەبێت، چونکە ڕۆژانە دەبینی
کە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە کە چەندە کوژراو هەیە لە عێراق دا هەر ئەو بنکەی لێکۆڵینەوە
ئینگلیزیە دەڵێت ئەوانەی کە بە فیشەکی ئەمەریکی کوژراون ٤٠٪ مردووەکان پێک دێنێت،
هەروەها ٨٪ی مردووەکان لەڕێگەی بۆردومانی فڕۆکەوانی ئەمەریکیەوە کوژراون، ئەم ژمارەش
زۆر ترسناکە هەرگیزاو هەرگیز لەسەردەمی صدام دا بەدرێژای ئەو ماوە زۆرەی ئەوەندە خەڵکی
نەکوژرا بوو هەموومان تاوانەکانی صدام-مان لەبەرچاودایە کەلە ڕۆژێکدا ٥٠٠٠ خەڵکی
هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناگات بەو ژمارە گەورەیەی کە ملیۆنێکە
لەماوەی سێ ساڵدا کە ئەمەریکا ئەنجامی داوە؟

وەڵام داوا دەکرێت لەوانەی کە ئەمەریکا بە هاوپەیمان دەزانن.

دووەم: ڕێکخراوی هیومان رایتس وتش لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت لە عێراق لەساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەی
گیراوەکان لە زیندانەکانی عێراق دا ئەوەی کە سوپای داگیرکەری ئەمەریکی گرتوونی کە سەربە
هێزی بەرگری عێراقین خۆی دەدات لە بیست و چوار هەزار گیراو، ئەم ژمارەیەش بەس گیراوانی
ساڵی ٢٠٠٨ـەن.

کێشەکە لەوەدا نیە کە ئەمانە بەس گیراون، بەڵکو کێشە لەوەدایە کە دەزانین چی کراوە بە
گیراوانی زیندانی ئەبوغرێب وە چۆن ئابروو کەرامەتی خەڵکی موسوڵمانیان بەزاندووە، ئەم
ڕاپۆرتە هەموو ئەمەریکا و ئەوروپای هەژاند کەچی هەر بەبای خەیاڵی دەسەڵاتدارانی عێراق دا
نەهات کە هاوپەیمانن لەگەڵ ئەمەریکادا.

سێیەم: ژمارەی ئاوارە عێراقیەکان خۆی ئەدا لە ٤.٨ ملیۆن ئاوارەی عێراقی کە ئەمەش بە هەمان
شێوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هیومن رایتس وتش لە ڕپۆرتێکی دیکەیدا دەڵێ دوو ملیۆنی ئەو
ئاوارانە لە دەرەوەی سنورەکانی عێراقدان واتە لە وڵاتانی سووریاو ئوردون دان کەئەمەش
خومسی دانیشتوانی عێراق دەکات، بێجگە لەو هەموو کوژراوە ئەم هەموو ئاوارەیە دەبینین لە
عێراق دا کە داهاتووی هەموویان داهاتوویەکی ترسناکە لە ئابوورییەکی وێران دا دەژین،
زۆربەی زۆری منداڵەکانیش خێزانەکانی خۆیانیان لەدەست داوە، هەروەها ئاماری یونسێف
لەباس ئەو کوشتارە دڕندانەی کە لە عێراق دا کراوە هۆکارەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە چوار تا
پێنج ملیۆن منداڵی هەتیوو هەبێت لە ملیۆن و نیوێک بێوەژن، کە هەرچەندە ئەم ژمارەیە
بەڕاستی نەهاتووە چونکە ئامارەکانی تری عێراق دەڵێت نزیکەی سێ ملیۆن بێوەژن هەیە لە
عێراقدا.

**ئایا كێ بەرپرسە لەبەرانبەر ئەو هەموو بێوەژن و هەتیوانەدا؟**

چوارەم: ئەو حاڵەتەی كە ئێستا عێراق تێیدا دەژی كە ئەنگەژەیەكی سیاسی و سەربازییە بە مێژووی تەمەنی خۆی وڵاتی عێراق ئەو ڕەوشە فەوزاویەی نەبینیوە، ئەگەر ئەم ڕەوشە پێوەر بكەین لەگەڵ فەڵەستین دا دەبینین كارەساتێكی گەورە لە عێراقدایە، چونكە فەڵەستین ڕاستە توشی گرفتی گەورە بۆتەوە لەگەڵ داگیركەری صەهیۆنی دا، بەڵام ئەو كوشت و كوشتارەی كە لە عێراق دا هەیە دە ئەوەندەی خاكی فەڵەستین زیادە ئەمەش بچووكردنەوەی كارەسات و تراژیدیاكانی فەڵەستین نیە، بەڵكو سەرنج ڕاكێشانی خەڵكیە بۆ گەورەیی كێشەكانی ناو عێراق.

**كێ بەرپرسە لەم ڕەوشە؟**

پێنجەم: ئەگەر سەیرێكی سوپای عێراقی كۆن بكەین ئەمەش بەو واتایە نیە كە خەڵكی وا هەست بكات من دەمەوێت بەهێزی دەسەڵاتی عێراق بگەڕێنمەوە و خاكەكەی خۆشم كە كوردستانە لەیادی بكەم، وێڕای تێبینیم لەسەر وشەی عێراق من خۆم سەد لەسەد بە كوردستانی دەزانم، بەڵام دەمەوێت وەك شیكاریەكی سیاسی ڕەوشەكان بۆ ئێوە بخەمە ڕوو، سوپای عێراق لە كۆن دا گەورەترین سوپا بووە لەناوچەكەدا كە بە شەشەم سوپای جیهان ناوزەند دەكرا كە بەهێز ترین سوپا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، لەساڵی ١٩٩٠ سەربازانی عێراق گەیشتە دوو ملیۆن بەمەش بووە چوارەم سوپای جیهان لە ژمارەدا، بەڵام لەدوای هاتنی ئەمەریكا بۆ ناوچەكە عێراق بوو بە وڵاتێك بەبێ سوپا، بەهیچ شێوەیەك عێراق خاوەنی سوپا نیە ئەو سوپا كەمەشی كە ئێستا هەیە تەنها بۆ پارێزگاری كردنی ئەمەریكای داگیركەرە، ئەوەشی كە شیعەو كورد بەكاری دەهێنێت هیچی سوپا نیە بەڵكو بە میلیشیا ئەتوانین ناوزەندی بكەین، ئەو هێزە تەنها بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی ئەمەریكایە هیچ توانایەكی سەربازی نیەو لەدوای دەرچوونی ئەمەریكا لە ناوچەكەدا هەموو سەربازانی وڵاتانی چواردەور ئەگەر ئێرانی بێ ئەگەر توركی بێ ئەگەر صەهیۆنی بێ زۆر بەئاسانی عێراق داگیر دەكەن.

شەشەم: لەبارەی زانستەوە عێراق بۆتە وڵاتێكی دواكەوتووی موتەخەلیف بەهەموو پێوەرێك، هەرچی زێرخانی زانستی ئەو وڵاتە بوو لەناو برا، هەموو زانكۆ گەورەكان داخران بە هەزارەها قوتابخانەی تریش داخران كە لە كاتێكدا خەڵكی بە ڕۆشنبیری عێراقی سەرسام بوون، كەوا باوبوو لە میسر كتێب دەردەچێت لە لوبنان چاپ دەكرێت و لە عێراق دەخوێنرێتەوە، وە هەموو خاوەن عەقڵەكان و خەڵكە بەتواناكەی عێراق هیجرەتیدان كرد بۆ وڵاتانی تری جیهان، عێراق بە یەكێك لەو وڵاتانە دەژمێردرێت كە زۆرینەی زاناو دانشمەندەكانی لە دەرەوەی وڵاتن، ئەو پزیشكانەی كە عێراقین و هیجرەتیدان كردووە بۆ بەریتانیا زیاد لە دوو هەزار پزیشكن، ئەگەر بەچاوی ئابوورییانەوە سەیری پزیشكێك بكەین لە عێراقدا كە لەساڵی حەفتاكاندا چەندی تێ دەچوو كە ببێت بە پزیشك لەو دەمە ٤٥ هەزار دۆلاری تێ دەچوو تا ببێتە پزیشكێكی پسپۆڕ لە بوارێكدا كەواتە بۆمان دەركەوت لە سەردەمی حەفتاكان دوو سەد ملیۆن دۆلارمان خەسارەمەند بووە بۆ لەو پزیشكانەی كە ئێستا لە بەریتانیا دەژین ئەگەر ئەم پارەیە بە پارەی سەردەم لێك بدرێتەوە كە خۆی دەدات لە ترلیۆن دۆلار، بێجگە لەو زەرەرمەندیە زانستیەی كە خەڵكی عێراق

گردوبانە، لەلایەکی ترەوە چەندە زەرەرمەند بووین لە ڕەهەندی تەندروستیەوە، ئەمە تەنها وەک پزیشک باسم کرد ئەگەر چاوێک بکەین لە کۆچ کردنی زاناکانی تر وەکو ئەندازیارو فەلەکیەکان و موحاسیبەکان و خەڵکانی تری خاوەن تەخەصوص تێ دەگەین لەوەی کە عێراق چەندە تووشی تەهامەتی و دواکەوتووی بووە لە رووی زانستیەوە کە ئێستا داهاتی عێراق ٢٪ی داهاتی خۆی تەرخان ناکات بۆ زانست.
ڕاپۆرتێکی دیکەی عێراقی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی هونەرمەندەکانی عێراق هەوڵی ئەوە دەدەن کەلە وڵاتانی چواردەوردا خزمەت بکەن.

کێ دەتوانێت ئەم بەرپرسیاریانە بگرێتە ئەستۆ لە عێراقدا؟
حەوتەم: ڕەوشی ئابووریی عێراق ئەوەندە بە ڕوونی دیارە کە قسە کردن لەسەری زۆر پێویست نیە لە کاتێکدا عێراق یەکێک بوو لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە کاتێکدا کە خەڵکی داوا دەکرد لە جوتیاران و لە کرێکاران و لە هەموو بوارەکانی تری کارکردندا لە عێراق دا هەموویان کە دەهاتنە عێراقەوە بەمەبەستی دەوڵەمەند بوون بوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەیە بووە بە یەکێک لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان لەکاتێکدا کە دووەم دەوڵەتە لە هەبوونی نەوتی ژێر زەویدا لە جیهاندا، بێجگە لەو هەموو سەروەتە کانزایی و کشتوکاڵیەدا کە لە کاتێکدا نەوتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠١دا بایی ١٥.٥ ملیارد دۆلار بفرۆشێت لەگەڵ ئەوەش دا کە گەمارۆی ئەمەریکی لەسەر بوو.
پرسیار ئەوەیە ئەو هەموو پارەیە لەساڵی ٢٠٠١ وە چوو بۆ کوێ؟ لەکاتێکدا راپۆرتێکی گەشەپێدانی مرۆیی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دەڵێت هەژاری لە عێراق دا ٦٠٪ی تێپەڕاندوە وە ئەو کەسانەش کە بێ ئیشن و بەتاڵن زیاد لە ٣٨٪ تن هەروەها دەڵێت لەو ٣٨٪ دا ٢٢٪ خەڵکی خاوەنی ئیشن و ئیشەکانیان بەردەوام نیە، وە ٦٠٪ بەهیچ شێوەیەک ئیشی دەست ناکەوێت و بێ ئیشە.
کێ بەرپرسە لەو گەلە؟
هەشتەم: کاتێک کە ئەمەریکا هاتە ناو خاکی عێراقەوە پارمەتیەکی زۆر باشی دا بە تائیفەو حزوگەرایی و مەزهەب گەرایی لەناوچەکەدا عێراقی کرد بە سێ پارچەوە کورد و سونی و شیعە کە ئەمە بووە هۆکاری ئەو جەنگە خوێناویەی کە لە عێراقدا هەیە، ئەمەش لە ژێر سایەو سێبەری ئەمەریکای داگیرکەردا، خەڵکێکیش جێگەی سەرنجیەتی ئەو هەموو پەیمان نامە ستراتیژیەی کە لەنێوان شیعەکانی عێراق دا بەستویانە لەگەڵ ئەمەریکادا لە جێگەی سەرنجی هەموو لایەکە لەکاتێکدا کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئێرانی شیعەدا ئەو هەموو هەڕەشە خەیاڵیە لەیەکتری دەکەن و تەنها هەڕەشەی وەهمیە.

ئایا کێ بەرپرسە لەمە؟
ئۆیەم: هەموو بیستمان لە سەرکردەکانی ئەمەریکا کە لە دوای ئازادکردنی کوێت لەناوچەکەدا دەچنە دەرەوە، بەڵام دوای بوو بەوەی کە دەبێت عێراق رزگار بکەن لەدەست صدام دوای ئازاد کردنی لەدوای چەند مانگێک دەچێنە دەرەوە پاشان مانگ و ساڵ تێ پەڕی و بوو بە سێ ساڵ و چوار ساڵ تا شەش ساڵ بەردەوام ئەمەریکا لەخاکی عێراقدایە، وە ژمارەی سوپای ئەمەریکی لەخاکی عێراق دا دەگاتە نزیکەی ١٤٦ هەزار سەرباز بێجگە لەو سەربازانەی دیکەی لە کوێت و قەتەردا هەرچەندە ئۆباما بانگەشەی ئەوەی کرد کە هێزەکانی لە عێراق دا دەکشێنێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کتوپڕ لە ٨.٤.٢٠٠٩ دا لەدوای سێ مانگ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەمەریکا.
دەیەم: خاڵێکی ترکە جێگەی ئیرامان و گەلی عێراق و حکومەتی عێراقە لە دوای شکستی سوپای عێراق لەناوچەکەدا بووە هۆی شکستی پارسەنگی هێز لەناوچەکەدا وە ئێرانیش خۆی راستەخۆ دەتوانێت بێتە ناو خاکی عێراقەوە وە لەم ماوەیەشدا بینیمان کە ئێران هەڕەشەی لە سەفیری بەحرەین و ئیمارات کرد بەوەی کە سوپای ئەمەریکا چووە دەرەوە ئەم ئەو ناوچانە بە ناوچەی خۆی دەزانێت وە حزب الله لوبنانیش لەناوچەکەدا رۆژ بەرۆژ دەستی باڵای هەیە لەلایەکی تریشەوە سووریا کە شیعەیەکی عەلەویە بێشک و گومان پشتگیری لەمان دەکات، ئەم هەموو باسەی کە کردمان سەردەکێشێت بۆ داهاتویەکی زۆر ترسناک کە بێ شک و گومان دەبێت دیراسیەکی زۆر قوڵی بۆ بکرێت، ئەمەش کۆتای کارەساتی داگیرکەری ئەمەریکایە بۆ عێراق.
لە کۆتایدا ئەم باسە و شیکاریەی کە کردمان بۆ ئەوە نیە کە موسوڵمانان توشی ناڕەحەتی و دڵە راوکێ بێن، داگیرکەر بێت یان نزیک هەر دەبێت بچنە دەرەوە لە وڵاتی موسوڵمانان، بێ گومان بێ لەوەی کە چەندە موسوڵمانان ئازار بە دڵیان گەیشتەوە بە هەمان شێوە ئەمەریکا ئەو ئازارەیان چەشتووە.
﴿إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾ آل عمران. واتە: ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشیەک (لە جەنگی ئوحود)دا توشی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵکەش (لەجەنگی بەدردا) تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، ئێمە ئەو رۆژە دەگێڕین بەناو خەڵکیدا (تا لە جیهانی واقیعش دا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات، وە هەندێك قوربانی و شەهیدیشیان لێ وەرگرێ، بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بەراوردێکی لەگەڵ ئێستەدا:
لەو سەردەمەدا بیرو بۆچوونێک هەبوو کە خەڵکی دەبێت چاوەڕێ مەسیحی کوڕی مەریم بکات، یاخود ئیمامی مەهدی. ئەمە لە راستییدا باری دەروونییە کە بۆ خەڵکی دروست دەبێت.
خوێنەر وا ئێنەگات کە من بروام بەوە نەبێت؟
نەخێر بەڵکو ئیمامان هەیە بەوەی کە سەیدنا مەسیحی کوڕی مەریم دەگەڕێتەوە سەر زەوی ئیمامی مەهدیش یەکێکە لە نیشانەکانی قیامەت، بەڵام من پێم وایە هەر کات گەلانێک زۆر لە

شکست دا بوون ئەوا هەمیشە بیریان بۆ لای ئەوە دەچێت، بۆیە ئەو سەردەمە خەڵکی دەیون ئەو قیامەتە، ئەمانە یەئجوج و مەئجوجن، هۆلاکۆیش دەجالە.

هیچ کەس نازانێت قیامەت کەیە ئەگەر نیشانەیەکیشی دەرکەوت تۆ ناتوانی پێوانەی زەمەن بکەیت بۆ ئەوەی بزانی چەند بەدوای یەکدا رووداوەکان روو ئەدا خوای گەورە دەفەرموێت: يَسْأَلُكَ النَّاسُ عَنِ السَّاعَةِ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا (٦٣) خەڵکی پرسیار لە رۆژی دوای دەکەن، پێیان بڵێ کە زانیاری قیامەت هاتن بەس خوای گەورە دەزانێت لەوانیە زۆر نزیک بێت.

ئەم جۆرە بیرانە کە دروست دەبێت لە هۆکاری مەئیوس بوون و بێزاری و تەمەڵی موسوڵمانان دێتە بەرهەم، ئەم جۆرە بانگەوازانە هەر لە کاتی شکست و بەرەو دواوە چوون دا دەکرێت، بۆیە خەڵکی پەنا دەبات بۆ ئەوانە بۆ ئەوەی رزگاریان بێت بە ئاسانترین رێگە.

هۆکار ئەوەیە کە خەڵکی ئەو سەردەمە دەیان وت کەسمان ناتوانین هێز کۆ بکەینەوە بۆ روخاندنی هۆلاکۆ دەبێت هەر چاوەڕی مەهدی بین.

ئەوی کە پێویستە بیڵێین..

تەمەڵی، یەئس، بێزاری، خەواڵوی و کەردن کەچی بۆ دوژمن..هەموو ئەمانە پێوانەن بۆ موسوڵمانان ناشێن واتا موسوڵمانان بەهیچ شێوەیەک نابێت توشی ئەمانە بن، خۆ ئەگەر هاتوو توش بوو ئەوە ئەنجامەکەی یوو کە باسمان کرد بە درێژی لەم باسەدا.

خوای گەورە باسی ئەم سیفات و پێوانانەمان بۆ دەکات کە ئیماندار شتی وای نیە، بەڵکو ئەوە سیفەتی کافر و بێ باوەڕەکانە.

إنه لا ييأس من روح الله إلا القوم الكافرون. ئەوانە کە توشی ئەیس دەبن لە سەرکەوتن و دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوە گەلی کافرانن.

ئەوە باری بەغداد بوو کە باسمان کرد.

داخۆ دەبێت بار و رەوشی وڵاتانی نەسرانی و خاچ پەرستان چی بێت؟

وڵاتانی نەسارا هەموو لە خۆشی و شادی دا بوون هەموو پیرۆزباییان دەنارد بۆ هۆلاکۆی خوێنرێژ، بە درێژای مێژووی هاتنی ئیسلام، هیچ کەس لە دوژمنان ئاوا شکستیان بە موسوڵمانان نەهێناوە، بۆیە جێگەیی خۆش حاڵی هەموو لایەک بوو لە نەساراکان، ئاواتی ئەوان هاتە دی کە رووخاندنی خیلافەت بوو، ئینجا بیریان لەوە کردەوە کە میسرو شام لەدەستی موسوڵمانان وەربگرنەوە، بەرەو ئەو جێگەیانە ملیان نا.

لە هەموو لاکانی دەوڵەتی تەتار وە وەک کرژ و ئەرمەنیا و هەموو ئیمارەتەکانی تری نەسارە بە لێشاو سوپایان دەنارد بۆ هۆلاکۆ، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە دیاری زۆر گرانیەهای دا بە مەکیکای نەسارای بەغداد هۆلاکۆ، تەنانەت قەسری خیلافەت دارا بە مەکیکا و ماڵەکانی وەزیرەکان لە بەغداد هەموو داران بە قسیسەکان لە ناوشاری بەغداد، وە کردیە راوێژکارە تایبەتی خۆی لە هەموو کارەکانیدا راوێژی بە مەکیکا دەکرد.

نەساراكان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە گوایە تەتار سەربازی خوان هاتوون بۆ لە ناو بردنی دوژمنانی مەسیح -علیە السلام- بێگومان مەبەستیان موسوڵمانان بوو، بەڵام نەساراكان زۆر شیرین عەقڵ و كورت هزر بوون، لەبیریان چووبووەوە كە تەتار چەندی لە خۆیان كوشت، یاخود چەندی لە ناو ماڵی كاتۆلیكی لە نەسارە كوشت.

ئێستاش هەمان پێوەر بە كار دێت لە سەردەمی نوێدا نەساراكان لە بیریان چوو كە یەهود چەندی لێ كوشتن، یاخود پێچەوانەكەی كە نەسارە چەندی لە یەهودی كوشت، بەڵام بۆ كوشتنی موسوڵمانان ئەوان هەموویان یەكن و بەیەكەوە كار دەكەن خواكانیان دەمج دەكەن وە گومانی تێدا نیە مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە هەموو زەمەن و كاتێك.

هەر وەك چۆن ئەندەلوس و غەرناتە گیرا هەر بە هەمان شێوەی بەغداد بوو مێژوو وا خۆی دووبارە دەكاتەوە كە خەڵكی هەر بە مێشك و خەیاڵیدا نایەت.

بەم شێوە بەغداد گیرا ئەمە باسی گرتنی عێراق و ئەفغانستان بوو كە بە كورتی لەگەڵ مێژوو بەراوردێكمان كرد لەگەڵ واقعی ئەمڕۆمان دا. گومان لەوەدا نیە ئەمە بەس ئەو باسە بوو بەڵام لەدوای ئەمە زۆرە رووداوەكان، گومانتان نەبێت لەوەی كە لەدوای هەموو شەوێك رۆژ هەڵدێتەوە، لەدوای هەموو، تاریكیەك ئاسۆیەك دێت، لە دوای هەموو ناخۆشیەك حەمەن خۆشیەك دێت، لەدوای هەموو گریانێك پێكەنینێك دێت خوای گەورە دەفەرموێت: سیجعل الله بعد عسراً یسراً.

بەڵێ: سەركەوتنێك زۆر نزیكە بەم نزیكانە كە هەموو تەتار لە ناو دەبات، كێ لە ناوی دەبات كەسێك بەناوی قطز و ئەوانەی كە لەگەڵیدا كۆچیان كردوە -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-

لێرەدا پێش ئەوەی باسی نوێ دامەزرێنم پێویستمان بە وەستانێك و شیكاریەك هەیە، نەخۆشیەكانمان چیە دەبێت بە راستگۆی بە جورئەتەوە باسیان بكەین گومان لەوەدا نیە هەموو دەرمانێك یان تاڵە یان ئێش و ئازاری هەیە، بەڵام كە بەردەوام بوویت لەسەری لە نەخۆشیەكە نەجاتت دەبێت، باسی هەموو نەخۆشیەكان دەكەین وەك پزیشك دەست نیشانی دەرمانەكەیشی دەكەین گومانی تێدا نیە تاڵە، بەڵام هەر دەڵێین بۆ ئەوەی چارەسەر بێت.

پێویستە زۆر بە راستگۆیی لە خۆمان بپرسین بۆ خەڵكی سەر زەوەی وا بە موسوڵمانان دەكەن زۆر بە بچووكی سەیریان دەكەن، ئێمە لە ملیار تێپەڕمان كردوە رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە ئارەزووی خۆیان یاریمان پێ دەكات، هیچ ترسو بیمێكیان لە موسوڵمانان نەماوە، بۆچی لە ناو دڵماندا توشی خۆشەویستی جیهان و ترس لە مردن بووین؟

ئەم نەخۆشیانە پێویستە چارەسەر بكرێت لە دڵی موسوڵمانان دا هۆكارەكانی دەست نیشان بكرێت.

نەخۆشی یەكەم: پێناسەی ئیسلام لە ناو موسوڵمانان بە گشتی ئاوا بووە واتا هەست دەكەیت پێناسەی موسوڵمان بوومان خەریكە بە تەواوەتی ون دەبێت.

بنەمایەكی زۆر نەگۆڕمان هەیە ئەویش هەر كەس خوای گەورە سەربخات خوای گەورە سەری دەخات إنتصروا الله ینصركم، بەڵام ئێمە خۆمان سەر دەخەین بۆیە هیچمان دیار نیە، وە

ئەزموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان نەک بە نەتەوەیی و گەل و حزبچێتی و سەرخستنی خوای گەورە بە شەریعەتەکەیەتی نەک بە نەتەوەیی و گەل و حزبچێتی و دیموکراسی...هتد
سەرکەوتن بە دەست نایە تەنها بە دەرمانی قورئان و سوننەت نەبێت، تا خەڵکانێک هاوار نەکەن وا ئیسلاما، بەڵام سەرکەوتن رووناداد کەسێک بڵێت وا وڵاتا، یاخود وا ئیدۆلۆژیا جیبی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

ئەخۆشی دووەم: پارچە پارچەیی ناو موسوڵمانان
ئەو هەموو مێژووەی کە گێڕامانەوە لە ئەنجامی پارچە پارچەی وڵاتی موسوڵمانان بوو کە نەتر توانی وڵاتەکانیان داگیر بکات، ئەو هەموو کوشتارەیان لێ بکات وە ئەم ئەخۆشیە ئێستا موسوڵمانانی گرتۆتەوە،هەموو سەرقاڵن بە ناکۆکی نێوان خۆیان پاشقول گرتن لە یەکتری کێشە کێشمەی زۆری ناو خۆیان ئاگایان لە دەوروپشتیدان نەماوە کە چەندە لە مەڵاسدان بۆیان، هەتا ناکۆکی و خیلاف هەبێت لە نێوانیان دا گومانی تێدا نیە کە دەردەکەیان کاریە، خوای گەورە ئاگاداری کردونەتەوە لەوەی کە ئەگەر ناکۆک بن ئەدۆڕێن و با دەتان بات و هیچتان پێناکرێت. ئارام بگرن خوای گەورە ئەوەی کە ئارام دەگرێت لەگەڵیدایە ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم واصبروا إن الله مع الصابرين.

ئەخۆشی سێیەم: خۆشەویستی بۆ دنیا و چۆک دادان بۆی
چەند جار ئاماژەمان بەوە کردوە کە موسوڵمانان ئەگەر بە دوای دنیادا وێڵ بوون ئەوە نە جیهانیان دەست دەکەوێت نە قیامەت، لە کۆتاییدا توشی ئەهامەتی و ئاسۆر دەبن، وە مێژووەکەی کە لەبەر دەستماندایە بە باشی ئاماژە بەوە دەکات، کەواتە سەرکەوتن نایە چەند مردنمان خۆش نەوێت لەبەر خاتری خوا. پشت بکەینە دنیا بەو مانایەی دنیا وەسیلە بێت نەک ئامانج، بەڵکو ئامانجمان ئیسلامەکە بێت.
بە کورتی دەڵێم چۆک دادەدەین بۆ سەیارە، ماڵ، زەوی، پارە و پۆست یان خۆشیەکانی ژنان گێژمان ئەکات دەمانبینێت بەلای فیدۆ و سەتەلایت و شتی بێ مانا کە لە شیەمی مرۆڤی موسوڵمانان ناچێت.

ئەخۆشی چوارەم: وازهێنان لە جیهاد و کۆشش و خەبات.
ئەم ئەخۆشیە زۆر بڵاوە لەناو ئێمەدا بەتایبەت لە ناو زانایانی ئاینی ئەمڕۆدا کە باسی جیهاد و خەباتی ئیسلامی دەکەن، بەشەرمەوە باسی دەکەن وا هەست دەکەن کە زۆرە ئەگەر باسی بکەن بە فیرعەون دێنە بەرچاوی یاخود بە ئیرهاب و تیرۆرست باس دەکرێن، ئەوەی کە ئێستا لەناو خەڵکیدا باوە کە دەڵێن گوا جیهاد و کۆشش باوی ماوە بەتایبەت لەناو ئەم رەوندە نوێیەی کە لەدایک بووە، بەڵام نازانن کە ئەوە چارەسەری ئەخۆشیەکەیە، ئەوان ئەگلاون لە مەیدان دا بۆیە نازانن چارەسەری ئەخۆشیەکە بەشێک لە دەرمانەکەی چەکە کە دەبێت موسوڵمانان خاوەنی هێز و توانای خۆیان بن.
هەرکات موسوڵمانان وازیان هێنا لە جیهاد ئەوە دوژمنانیان بەسەریاندا زاڵ دەبن، کەوتە لوتکەی بەرزی ئەم ئیسلامە جیهادە و وازهێنانە لە ئەهامەتی و دەردە سەری.
ئەخۆشی پێنجەم: پشت گوێخستنی هێزو توانا و کۆکردنەوەی هەموو وزەیەک بۆی.

ئەم نەخۆشیە كاریگەی زۆرە بەسەر موسوڵمانان بە گشتی دوژمنانی هەمیشە لە كۆكردنەوەی هێزو تواناداان بۆی كەچی ئەوان هەر بە خەیاڵیاندا نایەت هێز و تواناو وزەكان بەگەڕ بخەن بۆ ئەم ئیسلامە، ئەگەر سەیری پێچەوانەكەی بكەین دوژمنانی هەر لە ئەتۆمەوە دروستی دەكەن تا بچووكترین چەك بۆ بەرەنگاری موسوڵمانان، هەر لە مێژووەكەیشدا باسمان كرد تەتار بۆیە سەركەوت بە هۆكاری چەكە باشەكەی بوو، لەم سەردەمی ئێستایشماندا دوژمنانی بۆیە سەر دەكەون هەر بە هۆكاری چەكە باشەكانیانەوەیە و تەكنەلۆژیای سەربازی بەهێز بەكار دێنن، موسوڵمانان ئەو دەمە و ئێستاش هەر خەریكی گۆرانی سەماو و هەڵپەڕكێن.

نەخۆشی شەشەم: ونبوونی پێشەنگ و پێشەوا لە ناو موسوڵماناندا.

پێشەواو پێشەنگ سەدان هەزار جار كاریگەری زیاترە لە نووسین و لە وتاردان، چونكە پێشەنگ راستەخۆ لاسی دەكرێتەوە، بەڵام دەپرسین ئێستا كێ پێشەنگە بۆ موسوڵمانان بە گشتی؟

هەر كەس لە مەیدان دا پیادەی ئیسلامەكە بكات چاكترە لە كتێبێك كە دەچێتە سەری دوای دای دەخەیت لە بەر چاو ون دەبێت، بەڵام ئێستا پێشەنگەكانی ئێمە بووە بە فەیلەسوفە رۆژ ئاوایەكان، یاخود سەركردە عەلمانییەكان وە یان ئەدیبە دەمو چاو چرچەكانی بێباوەڕان، خوای گەورەش پێمان دەفەرموێت: يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود والنصارى أولياء، بعضهم أولياء بعض، ومن يتولهم منكم فإنه منهم، إن الله لا يهدي القوم الظالمين.

جا هەر كەس شوێن كەوتووی ئەوان بێت ئەوا خوای گەورە لەوان ئامادەی بۆ دەكات، دڵنیا بن كە خوای گەورە رێنموییتان ناكات ئەگەر ئەوان بكەنە پێشەنگی خۆتان، ئەو هەموو پێشەنگەی ئێمە بۆ لە بیر چونەتەوە؟

بە هەزارەها پێشەنگمان هەیە كە چاویان لێ بكەین وەك سەروەرمان پێغەمبەر ﷺ، یاخود هاوەڵە بەرێزەكانی و شوێنكەتوانی یان سەدانی وەك صەلاحەدینی ئەیوبی، ئیبن تەیمیە، بەدرخان میری بۆتان، شێخ عوبێدوڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، ئەورەسی و...هتد

نەخۆشی حەوتەم: خۆشەویستیمان بۆ ئەو كەسانەی كە بێ دینن.

ئەم نەخۆشیە زۆر كاری لە موسوڵمانان كردوە ئەوەندەی كە بێ باوەڕانیان خۆش دەوێت و باسی ئەوان دەكەن ئەوەندە گرنگی نادەن بە خەڵكی موسوڵمان لە كاتێكدا موسوڵمانان دەستیان پڕ بووە لە خێر وچاكە بۆ مرۆڤایەتی، كەچی وا خەریكە لە لایەن موسوڵمانانی ئێستاوە لە یاد دەكرێن ئاواتە خوازن لاسای بێباوەڕان بكەنەوە لە رفتارو كرداریاندا، وە ئیبن خەلدون دەڵێت: هەر گەلێ لاسای گەلانی تری كردەوە ئەوە بە هەموو پێوەرێك دۆڕاوە، وە هەمان ئایەتی خوای گەورە كەپێشتر ئامازەمان پێ دا ئەوانە دەگەڕێتەوە كە خۆشەویستیان بۆ دوژمنی موسوڵمانان هەیە "يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود والنصارى أولياء، بعضهم أولياء بعض، ومن يتولهم منكم فإنه منهم، إن الله لا يهدي القوم الظالمين "[1]

نەخۆشی هەشتەم: بێزاری دەستەو ئەژنۆ دانیشتن و تەمەڵی.

هەر گەلێك خەواڵو بوو هەڵسانەوەی ئاستەمە، موسوڵمانان نابێت هەرگیز بێزار بن چونكە ئەم ئومەتی موسوڵمانە هەرگیز لە ناو ناچێت، ئەگەر لەناوچوو ئەوا قیامەتە، كەواتە خوای گەورە دنیا بۆ بێباوەڕان راگیر ناكات، كە مادام وایە ئیتر بۆ بێزار بین دەستەو ئەژنۆ دابنیشین توشی

یەئس بێنن، خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە بێزاری و یەئس لە موسوڵمان ناوەشێتەوە بەڵکو پیشەی کافرانە "إنه لا ییأس من روح الله إلا القوم الکافرون".
لە دوای هەموو تاریکی هەر رۆژ هەڵدێت، لە دوای هەموو ناخۆشیەک شادی پێکەنین دەست پێ دەکات، لەدوای شکست سەرکەوتن هەر دێت، ئەمە لە مێژوودا جێگر بووە، زۆرێک لە زاڵمان فەرمانڕەوای سەرزەویان کرد هەمووی لە ناو چوون، هەر لە دەوڵەتی فارس، رۆم، بیزەنتی تەتار، نازی هتلەری و شورەوی روسیا..هتد هەموو لە ناوچوون، بەڵام ئیسلام هەر ماوە! هەر دەمێنێت تا قیامەت، گومان لەوەدا نیە کە ئەمەریکاش هەر لە ناو دەچێت موسوڵمانان هەر دەمێنن، بەڵام پێویستمان بە زەمەنە هەر وەک ئەوە وایە من حەز دەکەم زوو منداڵەکەم گەورە بێت، بەڵام خۆ بە دەست من نیە هەر دەبێت چاوەڕێ زەمەن بکەم تا گەورە دەبێت، ئەگەر بەدەست من بێت ئێستا حەز دەکەم بەیەکەوە بچین بۆ بازاڕ یاخود دەست بکەین بە ئاخافتنی سیاسی و فکری و مێژووی، بەڵام بەدەست من نیە هەر دەبێت چاوەڕێ زەمەن بکەم.
ئەخۆشی نۆیەم: ئەم رابوونە بە دەست کەسانێکەوەن کە خاوەنی ئەو کارە نین.
گومانی تێدا نیە کە خەڵکی دڵسۆز زۆرن لە کاری ئیسلامیدا بەڵام ئەوانەی کە دەیانەوێت کارەکە ئەنجام بدەن زۆربەیان ئەهلی ئەو جێگەیە نین بە هۆکاری بارە سیاسیەکەوە، یاخود لەسەر بنەمای پەت پەتێن چونتە ئەو جێگەیە، وە ئەگەر خەڵکی لە شوێنی شیاو دانەنرێت ئەوە سەرکەوتن زۆر ئاستەم دەبێت. موسوڵمانان هەروا بە ئاسانی ناتوانن خۆیان بتەکێنن، کەواتە بزانین کێ شیاوە بۆ کاری ئیسلامی پێویستە وە بخرێتە پێشەوە نەک ئەوەی کە جێگەیی داگیر کردوە هیچی پێناکرێت موسوڵمانان بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە"[١١].
ئەخۆشی دەیەم: ونبوونی راوێژ.
لە ناو موسوڵمانان بە تەواوەتی خەریکە راوێژ ون دەبێت وەک عەلمانییەکان خەریکی دیکتاتۆرین، مەرجێک بۆ سەرکەوتنی موسوڵمانان لەوەدایە کە راوێژ بکەن، خوای گەورە زۆر بە راشکاوانە فەرمانمان پێ دەکات کە راوێژ بکەین "وشاورهم في الأمر"، بەڵام بەداخەوە خەریکە سەرکردەکان رابوونی ئیسلامی وەک شیعەکان خۆیان نیشان دەدەن، خەرکە خۆیانمان لێ دەکەنە مەهدی، من لێرەدا مەبەستم راوێژی راستیە، نەک راوێژی وەهمی، وەک سەدام و رژێمەکانی تر کە هەبوون لە سیستەمی دەسەڵات، چونکە سەروەرمان پێغەمبەر ﷺ زۆر گرنگی داوە بە راوێژ.

[١١] دکتۆر راغب سەرجانی دەڵێت: سەرکەوتن نایەت تا کاری ئیسلامی نەدرێتەوە دەست خەڵکی خۆی ولا سبیل للنصر إلا بتوسید الأمر إلى أهله.

ئەی سەركەوتن چۆن دەبێت؟ یان چۆن سەربكەوین؟

سەركەوتن زۆر ئاسانە و هیچ گرنگییەكی نییە، وە شتی شاراوەی تێدا نییە.
سەركەوتن بریتییە لە پێچەوانەی ئەو دەخاڵەی، كە لەسەروە ئاماژەمان بۆ كرد، بەڵام بە ڕاستگۆیی، نەك خۆهەڵخەڵەتاندن، گرنگە ڕاستگۆ بین ئەم دە خاڵە، وەك خۆی پیادە بكەین، بە تاك و كۆمەڵ و سەركردە و ئافرەت و پیاو و منداڵەوە، دڵنیابن لەوەی كە سەركەوتن زۆر ئاسانە.
یەكەم: گەڕانەوە بێ هیچ مەرجێك بۆ شەریعەتی خوای گەورە.
دووەم: یەكگرتنی هەموو موسوڵمانان لە سەر بنەمای دین.
سێیەم: بڕوا بوون بە بەهەشت و وازهێنان لە خۆشییەكانی ژیان .
چوارەم: بەرز ڕاگرتنی جیهاد لە پێش چاوی لاوەكان و هاندانیان بۆ خۆشەویستی دینی خوای گەورە ناشرین كردنی خوشیەكانی دنیا و خوشەویستیان بۆ مردن.
پێنجەم: هەوڵدان بۆ بە گەڕخستنی وزەكان و گرنگیدان بە چەك و تەكنەلۆژیای سەربازی و توانای مادی بۆ موسوڵمانان و گرنگیدان بە ئابووریی و سیاسەت.
شەشەم: گرنگی دان بە ڕموزی ئیسلامی و دروستكردنی پێشەنگ بۆ موسوڵمانان تا چاویان لێ بكەن و شوێنیان بكەون وە بە گەورە سەیریان بكەن ببێتە خەتی سوور لای موسوڵمانان.
حەوتەم: خۆشەویستی بۆ موسوڵمانان هەموو موسوڵمانێكمان خۆش بوێت و لە بەر خوا ئەوەی كە دوژمنی خوای گەورەیە بیبوغزێنین.
هەشتەم: ڕواندنی سەركەوتن و هیوا لە دڵی موسوڵمانان دا وە لەهێشتنی بێزاری و یەئس لە دڵیان دا.
نۆیەم: ئەوەی خاوەنی توانایە كاری پێ بسپێرێت و ئەمانەتەكە بدرێتە خاوەنی كارەكە.
دەیەم: ڕاوێژ لە نێوان موسوڵمانان دا هەبێت بۆ ئەوەی سوود لە بیری موسوڵمانان وەربگرێت، تاكە كەسێك مۆنۆپۆڵی نەكات.
لە كۆتایی ئەم باسەدا تەنها باسی تەتارمان كرد كە چۆن ماڵی موسوڵمانانیان وێران كرد، موسوڵمانان توشی ئەو هەموو نارەحەتییە بوون وە لەگەڵیدا باسی ئێستای ڕەوشەكەمان كرد، بەڵام ماوەتەوە باسی ئەوە بكەین كە چۆن موسوڵمانان هەستانەوە و توانیان تەتار لە جەنگی عین جالوت بە سەركردایەتی خەڵكی لێهاتو پێشەنگ تەتاریان لە ناو برد و نەخشەی هەموو جیهانیان گۆڕی، موسوڵمانان بە ڕاوێژ و دەست پاكی خۆیان ئەوەی كردی سەركردەی لێهاتوو سەیفەدین قطز كردی لە مێژوودا بە مەمالیكی بەحری و مەمالیكی ساڵحی ناسراون، پاشان باسی ئەوە دەكەین كە چۆن چاو لەوان بكەین و ئێمەش دەتوانین سەركەوتوو بین وەك ئەوان لە قۆناغی داهاتوو كە بۆ ئێمەی ئەم سەردەمە نادیارە، بەڵام ئەتوانین بە مێژوو داهاتووی خۆمان وەك مەشخەڵێك ڕۆشن بكەینەوە و ببێتە ئەزموونێك بۆ موسوڵمانانی ئێستا.
لقد كان في قصصهم عبرة لأولي الألباب. وەك خوای گەورە فەرمان دەكات مێژوو بۆ خاوەن بیر و هزرەكانە.
پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەر كەس بەڕاستی حەز لە جیهاد و خەبات بكات ئەوا خوای گەورە دەیخاتە بە هەشت ئەگەر شەهید بوو وە هەر كەس بەڕاستگۆی داوای كرد نەچووە

بەهەشت، یاخود جیهادە كە خوای گەورە پلەی موجاهیدانی پێ دەبەخشێت ئەویش دەخاتە ئەوە هەروەك موجاهیدان لە هەر كەس بە راستگۆی حەزی لێ بوبێت كە بچێت بۆ جیهاد دەست كەوت خێرەكەی دەست دەكەوێت"''.

سونەتی خوای گەورە هەرگیز تێك ناچێت ئەگەر ئێوە حەز بە سەركەوتن بكەن ئەوا خوای گەورە سەرتان دەخات "إن ینصركم الله فلا غالب لكم".

ئیسلامیەكان لە ناكۆكیی دا سەركەوتن بەدەست ناهێنن:

ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ریحكم واصبروا، إن الله مع الصابرین. لێرەدا دێینە سەر باسی رەوشی ئێستای موسوڵمانان تا بتوانین ئەو خەڵكە دڵسوزە كە بە ئازاری ئەم ئیسلامە دەژین و دەمێ بهێنینەوە ناو گۆرەپانی كار كردن. تاكو چوست و چالاكی ئیسلامیی دەست پێ بكاتەوە.

گومان لەوەدا نییە، كە كاری ئیسلامی لە كوردستاندا هەیە و نوێنەر و رەمزی باشی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەناو گێژی سیاسی "'' خۆیان لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمان بۆ هەموولایەكیان. ئەگەر وایە چۆن بە چی شەریعەتێكی خوایی ئیسلامیەكانی ئەمڕۆ لەجیاتی ئەوەی بەرەی ئیسلامی پێكبهێنن یاخود وەك دەڵێن بۆ هەڵبژاردنەكانی كوردستان لیستی ئیسلامی پێكبهێنن، كەچی ئەوان ئامادەن بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ عەلمانی دەست تێكەڵ بكەن، تا خوای گەورە زڵەی خۆی لێدان و پێی فەرموون ئاگادار بن ئێوە بەیەكەوە پیاون خەڵكی بەیەكەوە رێزتان بۆ دادەنێن.

یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان:

ئیخوان لە ساڵی چلەكانەوە لە كوردستان كار دەكات گومان لەوەدا نیە كە خەڵكێكی باشی پەروەردە كردوە لە زۆربەی رووەكانەوە، بەڵام بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئارادەیەك بێ بەرهەم بووە لەوانە خەڵكانێكیان لە ئاستی سەركردایەتی هەندێك لە ئینجازات باس بكەن، بەڵام تا ئێستا بەرهەمی یەكگرتوو زۆر لاوازە لە رووی چونە ناو دەسەڵات، بە بەڵگەی ئەوەی نەك هەر لە كوردستان بەڵكو لەزۆربەی جێگەكانی تری جیهان ئیخوان فەشەلی هێناوە ئارادەیەك واخەریكە سیاغەی فكرو مەنهەجی خۆیان دەكەنەوە. بۆیە لەسەرەتاوە روومان لە یەكگرتووی كوردستانە چونكە رێكخراوێكی ئیسلامی زۆر گەورەو خاوەن خەڵكە لە كوردستان لە رەحمی ئەوەو هەموو بزوتنەوەكانی تر لە دایك بوە، دەبوو ئەو لە یەكێتی و ئارادەیەك شان بەشانی پارتی هاتووە لە رووی مێژوویەوە. بەهۆكاری ئەوەی كە كوردستان كۆمەڵگەیەكی موسوڵمانە دەبوو ئێستا ئەو

---

'' قال رسول الله ﷺ : "الذي أخرجه البخاري ومسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه: تكفل الله لمن جاهد في سبيله، لا يخرجه إلا الجهادُ في سبيله وتصديقُ كلماته بأن يدخله الجنة، أو يَرجِعَه إلى مسكنه الذي خرج منه مع ما نال من أجر أو غنيمة".

'' بۆیە ئەو ناوەی لێدەنێم كە ئیسلامیەكانی ئەمڕۆ تووشی نەخۆشی گێژی سیاسیی بوون لە بازنە بەتاڵدا دەخولێنەوە.

خاوەنی بڕیار بوایە لەکوردستان، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورت بزوتنەوەی گۆڕان توانی جێگەیی ئەو بگرێتەوە.
پرسیار ئەوەیە بۆ یەکگرتوو لە ئاستی پێویستدا نیە؟
ئایا کەم تەرخەمە یاخود توشی گێژی سیاسی بووە؟
ئەم پرسیارانەو چەند پرسیارێکی تر لەباسی ئەم مێژووەدا رون دەبێتەوە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان:
ئەم کۆمەڵە خەڵکانێکی جوڵاوە و خەبانگێڕی جیهادی بوون لەدوای جودابوونەوەیان لە بزوتنەوە، وا خۆیان نیشاندا کە ئاواتی موسوڵمانان دەهێننە دی، تاڕادەیەك سەرکەتووبوون، بەڵام ئەو ئاواتەی نەهێنایەنە دی، کە دەویسترا .
چۆن لەکاتێک کە بزوتنەوە خاوەنی ئەو هەموو پێشمەرگەو چەک جبەخانەیە بوو، خاوەنی سەرەوەری زۆر گەورەبوون لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان تەنانەت لە سلێمانی و رانیە و هەولێر وە زۆربەی شارەکانی تر.
خۆیان دەیانوت ئێمە دەمانەوێت لە شاخەوە دابەزینە ناو شەقامەکانی کوردستان خۆمان بکەین بە هەموو ماڵێکدا لە رووی فکری میدیایەوە.
بەڵێ دابەزینە ناو شەقامەکان راگەیاندنەکانتان چووە هەموو ماڵێک لە رادیۆ و تەلەفزیون..هتد، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تونرا نمونەیەکی باش بێت بۆ کۆکردنەوەی ئیسلامیەکانو چەترێك بێت، بۆ هەموو لاکان، کە سەرەتا بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرا، کە خودی مامۆستا عەلی باپیر، تا بلێت سەرکردە و کەسایەتییەکی زۆر بەهێز و بەتوانایە ..
پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵ لە ئاستی کاری ئیسلامیی دایە؟ ئایا کۆمەڵ دەتوانێت ئەم رابوونە بەرەوپێش بەرێت؟ ئەم پرسیارانەو چەند پرسیارێکی تر، لە باسی ئەم مێژووەدا رون دەبێتەوە.

بزوتنەوەی ئیسلامی:
لە راستیدا بۆیە باسی بزوتنەوە دەکەین هەموو ئەو پارچەپارچە بوونە لێرەوە و یاخود لەناو بزوتنەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەو هەموو باڵ و خەتانەی کە جیا بوونەتەوە لێرەوە سەرچاوەیان گرتوە کە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو بزوتنەوەیە بەرپرسن تێیدا بە مەلاو گەنجەکان و سەربازیەکانیەوە.
چۆن خوای گەورە کۆمەڵێک سەردەخات کە ئەم هەموو باڵ و خەتەی لێ جابێتەوە کە هەر لە خودی بزوتنەوەدا بەدەیان باڵ هەبوو کە سەرکردەیەک نەیتوانی ئیحتواى بکاتەوە، یاخود لە رووی پەروەردەیە وە کەم تەرخەم بوون، دەبوو نە هێڵرێت ئەوشەڕە باڵە دروست بێت، هەندێک تەنزول بکرایە بۆ ئەوەی ئاوا بزوتنەوەی بە عیزەت پارچەپارچە نەبوایە کە لە سێبەری ئەم بزوتنەوەیەدا چوار هەزار پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەماندا بوون ئێستا پێچەوانەکەی دەبینرێت.
ئایا بزوتنەوە بۆ وای لێهات؟

بۆ سەرکردایەتیەکەی بەو شێوە پارچە پارچە بوون؟
وەڵامی ئەم پرسیارانە لەوانەیە لەباسە مێژووەکەدا دەستە بەر بێت.

ئەنسار لە کوردستان:
ئەو ڕێکخراوە گومانی تێدا نیە کە لەڕووی سەربازیەوە کەم وێنە بوون، بەڵام ئەوەندەی ئەو ڕێکخراوە بە جیهادی ئەفغانی و ئەمارەتی طاڵیابن ئەوەندە بیریان لە خاکی خۆیان سەرسام بوون بە جیهادی ئەفغانی و ئەمارەتی طاڵیابن ئەوەندە بیریان لە خاکی خۆیان نەدەکردوە، وا پەیبان دەبرد کە دەبێت ئیمارەتێکی طاڵیانانە لە کوردستان دامەزرێنن، لەمەیان کاتدا زۆر بە کەمی گوێیان بۆ ئەمیرەکەی خۆیان دەگرت، هەرچی گۆڕی پیاو چاکانی ئەوناوچە بوو شکاندیان، کە ئەمە لەعورفی کوردیدا زۆر گەورەبوو، لە جێگەیەکدا کە هەمووی هەوراما بوون بە خەڵکی سۆفی ناسراون تا ئەوانیش بەپلانێکی نێودەوڵەتی پەرتەوازە کران، ئەمیرەکەیان لە ڕێگەی ئێرانەوە درایەوە بە نەرویج وە ئەو گروپە لەدوای ئەمیرەکەیان کەدرایەوە بە وڵاتی نەرویج لە ئاستی پێویستا نەبوون هەموویان ماڵیان لێچۆڵ کرد، دیارە دەستی ئیسلامیەکانی تێدا بوو کە نەیانتوانی لە ناوچەکانی کوردستان بمێنەوە..
ئایا ئەنسار بۆ وای لێ هات؟
ئایا ئەنسار لە کاری ئیسلامیدا کامڵ نەبووبوو؟
ئەمەو چەند پرسیارێکی تر کە لەمێژووەکەدا وەڵامیان بۆ دەستە بەر دەکەین.

لە سێ پارێزگای کوردستان کە خۆی دەدات لە نزیکەی چوار ملیۆن کەس ئەم هەموو پارچە پارچەی لە نێوان موسوڵمانان دەبینرێت.
ئەو باڵانەی کە لەکوردستاندا هەن ناسراون بریتین لە:
یەکەم: سەرکردایەتی: کە بەمەلاکانی ناو بزوتنەوە ناسرا بوون.
دووەم: باڵی مامۆستا عەلی باپیر: کە کۆمەڵی ئیسلامی دروست کرد .
سێیەم: باڵی مامۆستا کرێکار کە بەئیسلاح ناسرا بوون کە دەیانویست ئیسلاحی ئەودوو باڵەی سەرەوە بکەن ناوبژیوان بن لە نێوانیاندا خۆشی ببوە بەشێك لە ناکۆکیەکان .
چوارەم: پەیوەندی کە کۆمەڵە فوتابیەکی چالاک بوون ئەوانیش سەر بە کاک ئازاد گەرمیانی و کەسێکی تر کە ناسراوە بە کاک سەرباز .
پێنجەم: بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی کە ئەمان دوو باڵ بوون باڵی مامۆستا سدیق لەگەڵ باڵی کاک ئارام قادر.
شەشەم: یەکگرتوی ئیسلامی ئەمانیش دوو باڵن، باڵی مامۆستا صەڵاحەدین و باڵی مامۆستا هادی عەلی.
حەوتەم: مزگەوتی ئیمان ئەوسا کە مەلا عومەری سەلەفی سەرپەرشتیداری بوو.
هەشتەم: باڵی دکتۆر ئیبراهیم لە هەولێر.
نۆیەم: مەرکەزی دراساتی ئیسلامی.
دەیەم: حزب الله ئەدهەم بارزانی سەرپەرشتی دەکرد.

پانزدەیەم: باڵی مەلا ئەمینی جیهاد.
دوازدەیەم: باڵی توحید.
سیازدەیەم: باڵی جوند.
چواردەیەم: مەدخلی
پانزدەیەم: مەلاكانی ئەوقاف كە باڵی عەلمانییەكانن.
شازدەیەم: سۆفی بەتەكیەكانیەوە.
نۆزدەیەم: دەروێش بە تەكیەكانیەوە.
بیستەم: ئەنسار
لەوانەیە هەندێكمان لە بیر چوو بێت ئەوەی كە دەستمان كەوتووە بریتی بوون لەم كۆمەڵانە كە كاری ئیسلامیان كردوە بانگەشەی كاری ئیسلامیان كردوە هەرچەندە هەندێكیان زۆر كاریگەریان نەبووە لەسەر رابووتی ئیسلامی وەك مەلای ئەوقاف و سۆفی و دەروێش كۆمەڵی نور، بەڵام هەروەك كۆمەڵ و گروپ ناومان هێناون.
پرسیارەكە ئەوەیە ئەم هەموو گروپە كە ئێستا لە گۆڕەپانی كوردستاندا بوونیان هەیە دەتوانن هەروا بەم پارچەپارچەییە كار بكەن؟ ئایا سەركەوتن بەدەست دەهێنن؟ یاخود هەموو دەبێت یەك كەس لەوانە بكرێتە مەرجەع؟ یان دەبێت هەموو یەك بگرن؟ ئایا یەكگرتنیان ئاستەنگە؟ ئەی ئەگەر یەك نەگرن چیان بەسەردێت.
ئێستا دەتانبەینەوە ناو جەرگەی مێژوو كە خەڵكانێك بەوشێوە پارچە پارچە بوون بزانین چیان بەسەر هات، گەرچی هەندێكیان زۆر پیاو چاك بوون لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا، چونكە خوای گەورە كاری بەوشێوە قبوڵ ناكات.
لە باسەكانی پێشودا باسمان لە تەتار كرد كە چۆن ناوچەكانی خەواریزم و دەوڵەتی عەباسیان داگیر كرد، كە بریتی بوون لە زۆربەی دەوڵەتەكانی ئاسیای ناوەڕاست، تاكو گەیشتە ناو خاكی عێراق پایتەختی ئەو وڵاتەی داگیر كرد، پاشان ئاماژەمان كرد بەوەی كە هۆلاكۆ گەڕایەوە بۆ هەمەدان ئەو ناوچەیی كردە ناوەندی دەسەڵاتی سەربازی خۆی، لەوێوە فەرمانی سەربازی دەردەكرد، بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسماعیلەی شیعی بگرن و ئەو ناوچەیەی كە لە باشووری ئێران بوو ئیسماعلیەكانی تێدا نیشتەجێ بوون بە تەواوەتی ئەوێیان داگیر كرد، هەموو ئەو ناوچەیەی لە شیعەی ئیسماعیلەیەكان پاك كردەوە و هەموویانی لەناو برد.
لەدوای ئەوەی كە سەركەوتنی تەواوی بەدەستهێنا لە ناوچەكانی ئێران، ویستی هەموو ناوچەكانی شام داگیر بكات.
سوپایی كۆكردەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو خاكی شام، بەڵام دوو كێشەی هاتنە بەردەم.
كێشەی یەكەم: ئەوە بوو كە سەركردەی میافارقین زۆر دژی تەتار بوو كە ئەم سەركردە لێهاتووە یەكێك بوو لە كوڕەزاكانی صەلاحەدینی ئەیوبی ناوی كامیل محمد ئەیوبی بوو وە ناوچەكانی میافارقینی لەبەر دەستا بوو كە دەكەوێتە ناوچەكانی رۆژهەڵاتی توركیا و دەریایی وان واتا دەكەوێتە نێوانی دیجلەو فورات كە باكووری عێراق و باكووری رۆژئاوای سووریای ئێستا، ئەم

سەرکردە ئەیوبیە بووبوە بەربەستێک لە بەردەم هۆلاکۆ بۆ گرتنی ناوچەکانی دیمەشق و
فەلەستین و لوبنان..هتد.
هۆلاکۆ ئەمیر کامیلی بە ئیرهاب ناو دەبرد چونکە لەگەڵ سیاسەتی هۆلاکۆدا یەکیان نەدەگرتەوە
بۆیە بانگەوازی جیهادی کرد لە دژی سوپای تەتاری، هۆلاکۆ بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن سوپا
ڕێکبخات بۆ ئەو ناوچەیە میافارقین.
کێشەی دووەم: بریتی بوو لەوەی کە زۆربەی ئەمیرە موسوڵمانەکان ئاواتە خواز بوون بۆ ئەوەی
کە هاوپەیمانی هۆلاکۆ بن، بەڵام داوای ئەوەیان دەکرد کە لەسەر دەسەڵاتی خۆیان بمێننەوە،
هۆلاکۆ ئەمەی پێ باش نەبوو.
بۆ ئەوەی هۆلاکۆ خۆی لەم کێشەیە دەرباز بکات بەرەو ناوچەکانی تر بکەوێتە ڕێ دەستی کرد
بە هێز کۆکردنەوە داوای کرد لە ئەو کاربەدەستانەی کە لەگەڵیدا بوون وشەی جیهاد لە ناو
مێشکی خەڵکیدا بهێننە دەرەوە. کامیل محمد ئەیوب بانگەوازی جیهادی کردبوو خەڵکێکی باش
لە دەوری کۆ بووبوەوە دیوار و قەڵاکانی مایافارقینی بەهێز کرد بوو.
هۆلاکۆ باش پەی بەوە بردبوو ئەگەر ئەو ڕەوشە زۆر بخایەنێت ئەوا کات لە بەرژەوەندی ئەو
نیە، بۆیە دەستی کرد بە ناردنی هێز بۆ ناوچەکانی میافارقین، بەم جۆرە هێرشی کردە سەر
فەرمانڕەوایی کامیل محمد ئەیوب.



**خريطة (١٢) : حصار "ميافارقين"**

هێرشی یەکەم: لە ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنیای خاچ پەرستانەوە.
هێرشی دووەم: لە باکووری وڵاتی کرژی خاچ پەرستانەوە.
هێرشی سێیەم: لە باشووری ئیمارەتی مووسڵەوە کە شوێن کەوتووی تەتار بوون.
هێرشی چوارەم: لە ڕۆژئاوای ئیمارەتی سەلاجیقەکان کە هاوپەیمانی تەتار بوون.

هێرشی پێنجەم: لە باکووری ڕۆژئاوای حەڵەب کە شوێن کەوتووی تەتار بوون.
بەڵام پێش ئەوەی هێرشی بکاتە سەری هۆلاکۆ نێرراوی خۆی نارد بۆ لای کامیل محمد کەسێکی نەسرانی بوو بەناوی قسیس یعقوبی، بەڵام کامیل ئەیوب سەری بڕی و کوشتی، هەرچەندە ئەمە باو نەبوو لە دەستووری پادشا و ئەمیرەکانی موسوڵمانان، بەڵام لە تۆڵەی ئەو هەمووو موسوڵمانە کە لە شاری بەغداد سەر بڕان!
کەمارۆی ناوچەکیان دا لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٦٥٦ کۆچی ئەو شارە برسی کرا هێرش کرایە سەر خەڵکەکەی لە ڕاستیدا زۆر بە باشی ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام بەداخەوە لە دراوسێ موسوڵمانەکانیەوە هیچ یارمەتیکیان بۆ نەدەچوو، زۆر پێویستیان بە دەرمان و خواردن و چەک بوو، بۆیە لەو زەمەنی ترسنۆکانەدا ئەوان ئازا بوون لە زەمەنی بچووکی دەسەڵاتدارانی موسوڵمانان کامیل محمد ئەیوب ئیملاق بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ئیمارەتە کەوتە دەست تەتار و کامیل محمد ئەیووبی شەهید کرا بە یارمەتی دەسەڵاتداری مووسڵ کە ناوی بەدرەدین لۆلۆە بوو، یاخود دەسەڵات داری سەلاجیقەکان کە ناوی کەی کاویس بوو، یاخود کوڕەزاکەی صەلاحەدین ئەیوبی کە ناوچەکانی حەڵەبی لەژێر سایەدا بوو ناوی ناصر یوسف بوو کوڕەکەی خۆی نارد بۆ ڕووخاندنی ئەو جێگەیە کە ئامۆزاکەی خۆی فەرمانڕەوای دەکرد، بەهەر حاڵ هەموو ناوچەکانی میافارقین کەوتە دەست تەتار.
هەر لەو ساڵەدا ناصر یوسف دووبارە کوڕەکەی ناردەوە بۆلای هۆلاکۆ کە یارمەتی بدات و بچێت وڵاتی میسر داگیر بکات، ئەو کاتە وڵاتی میسر ئامۆزایەکی ناصر یوسف فەرمانڕەوای دەکرد کە پیاوێکی دیندار موجاهید بوو ناوی نەجمەدین ئەیوب ناسرا بوو بە پادشا صاڵح. ناصر یوسف دەیویست ئەو وڵاتە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.
بەڵام هۆلاکۆ نەیدەویست کەس شوێن داگیر بکات لە خۆی زیاتر بۆیە ئەوەی بەلاوە قورس بوو کەسێک لە دواکەوتوەکانی ناوچەکانی خۆی زیاد بکات، بەمە زۆر تووڕە بوو لە ناصر یوسف، بەڵکو وەڵامی داوە کە دەبێت ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ناصر یوسف بدرێت بە تەتار ئەگەر وانەکات حاڵی لە ئامۆزەکەی باشتر نابێت مەبەست کامیل ئەیوب بوو.
بۆیە زۆر هەڕەشەی لێ کرد نامەی بۆ نارد ئەگەر بە گوێی هۆلاکۆ نەکات ئەوا خۆی و هەموو دەسەڵاتەکەی لە ناو دەبات، نامەیەکی بۆ نووسی زۆر توند بوو وە هەڕەشەیەکی زۆری لێ کرد کە خەڵکی هەبوو ئەو نامانەی بە زمانی عەرەبی بۆ بنووسن بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر دڵ دەروونی ناصر یوسف"[١١٣].

---

[١١٣] ئەمە دەقی نامەکەی هۆلاکۆیە:
قال هولاكو: الذي يعلم به الملك الناصر صاحب حلب، أنا قد فتحنا بغداد بسيف الله تعالى، وقتلنا فرسانها، وهدمنا بنيانها، وأسرنا سكانها، كما قال الله تعالى في كتابه العزيز: قالت إن الملوك إذا دخلوا قرية أفسدوها، وجعلوا أعزه أهلها أذله، وكذلك يفعلون، واستحضرنا خليفتها، وسألناه عن كلمات فكذب، فواقعه الندم، واستوجب منا العدم، وكان قد جمع ذخائر نفيسه، وكانت نفسه خسيسه، فجمع المال، ولم يعبأ بالرجال، وكان قد نمى ذكره، وعظم قدره، ونحن نعوذ بالله من التمام والكمال..

کە ئەم نامەیە گەیشتە ناسر یوسف زۆر ترسا، بەڵکو ئەو نامە وای کرد لە زۆربەی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی رایان کرد بۆ وڵاتی میسر، تەنانەت زۆربەی بازرگانەکانیش هەڵهاتن بۆ وڵاتانی چواردەور.
ناسر یوسف کە نامەکەی بەدەست گەیشت بانگەوازی جیهادی کرد.
لە کاتێک کە پارمەتی دەری تەتار بوو بۆ گرتنی بەغداد.
پارمەتی دەری تەتار بوو بۆ گرتنی میافارقین.
ئێستا بانگەوازی جیهاد دەکات کە بە هیچ شێوەیەک کەس باوەڕی پێناکات!
خوای گەورە دەفەرموێت هیچ کات کاری ناپەسندان بە چاکەو وەرناگرێت، بەڵکو هەر بەگەندەڵی سەیری دەکات.
إن الله لا يصلح عمل المفسدين..
لەدوای ئەوەی کە جەنگ کۆتایی پێ هات لە میافارقین هۆلاکۆ سەرلە نوێ خۆی ئامادە کردەوە بۆ گرتنی ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوای ناصر یوسف، داوای کرد لە پادشای ئەرمەنیا هەیسوم کە سوپا ئامادە بکات لەگەڵ پادشای کرژ و هەروەها ئەلب ئەرسلانی سەلاجقی و کەیکاوس کە ناوچەکانی هەرای لەبەر دەستدا بوو بۆ لێدانی ناصر یوسف، لەدوای ئەوەی کە شاری حمس و حەڵەب دیمەشق لەدەستی ناصر یوسف سەندرایەوە ئەویش شار بەشار رای دەکرد، لەدوای گرتنیان چارەنووسی ئەم شارانە هەموو وەک بەغدادی بەسەر هات لە کوشتن و بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی، سووتاندی شار بە تەواوەتی.
لەدوای ئەوەی کە شاری دیمەشق زۆربەی ناوچەکان کەوتە ژێر فەرمانڕەاوی تەتار، لەو ساڵەدا براکەی هۆلاکۆ منکۆ خان مرد.
ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هۆلاکۆ هەندێک ترس بکەوێتە دڵی، چونکە وڵاتێکی بەرفراوانی وابان لەبەر دەستایە ناتوانن هەروا بە ئاسانی حوکمڕانی بکەن ئەگەر سەرکردەی وڵات لەسەر شانۆی دەسەڵات بوونی نەبێت، بۆیە بە پەلە گەڕایەوە بۆ قۆراقۆرم بۆ ماوەیەکی کاتی تەتار هێرشەکانی

---

إذا تم أمر دنا نقصه توقع زوالا إذا قيل تم
إذا كنت في نعمة فارعها فإن المعاصي تزيل النعم
وكم من فتى بات في نعمة فلم يدر بالموت حتى هجم
إذا وقفت على كتابي هذا، فسارع برجالك وأموالك وفرسانك إلى طاعة سلطان الأرض شاهنشاه روي زمين أي ملك الملوك على وجه الأرض تأمن شره، وتنل خيره، كما قال الله تعالى في كتابه العزيز: وأن ليس للإنسان إلا ما سعى، وأن سعيه سوف يرى، ثم يجزاه الجزاء الأوفى، ولا تعوق رسلنا عندك كما عوقت رسلنا من قبل، فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان، وقد بلغنا أن تجار الشام وغيرهم انهزموا بحريمهم إلى ميسر ، فإن كانوا في الجبال نسفناها، وإن كانوا في الأرض خسفناها.

راوەستاند، هۆلاکۆ کەسێکی خستە جێگەی خۆی کردیە سەرکردەی سوپاکەی ناوی کتبغا نوین بوو کە ئەم کەسە بە رەچەڵەک نەسرانی بوو زۆر رقی لە موسوڵمان دەبووەوە.

لەدوای ئەوەی کە هۆلاکۆ گەڕایەوە کتبغا نوین هەڵسا بەوەی کە دەسەڵاتی سەربازی تەتاری لە هەمەدانەوە بگوازێتەوە بۆ تەبریز لەوێ وە فەرمانڕەوای دەکرد پاشان کەزانی زۆر دوورکەتوە لە دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکانی شام خۆی هاتەوە بۆ شاری دیمەشق، سەر لە نوێ قەسابخانەیەکی تری ئەنجام دا لەو شارە.

پێشتر پایتەختی عەباسیەکان کە بەغداد بوو گیرا، ئەوا ئێستا پایتەختی ئەمەوییەکان کە دیمەشقە ئەویش کەوتە بەردەستی تەتار!

کەس لە موسوڵمانان نەجوڵان بۆ ئەوەی شۆڕشی تێدا بکەن، بەڵکو لە مێژوو نووسان دەڵێن لەدوای راکردنی ناصر یوسف لە دیمەشق ئەو شارە بەبێ هیچ بەرەنگار بوونەوەیەک کلیلی دەرگەکانیان دا بە سوپای تەتار.

ئەی لە کوێ بوون کوڕانی ئەم ئیسلامە کە پێش شەش سەد ساڵ ئەو جێگەیەن فەتح کرد؟ کوان أبو عبیده کوڕی الجراح و خالد کوڕی الولید و یزید کوڕی أبي سفیان و عمرو کوڕی العاص و شرحبیل کوڕی حسن؟ رضي الله عنهم أجمعین

کوا معاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان، کە لەو جێگەوە هەموو جیهانی فەرمانڕەوای دەکرد؟ کوا عومەری کوڕی عەبدولعزیز کە هەر لەو جێگەوە دادوەری چەسپاند؟ کوان خەلیفەکانی ئەوەی ئومەیە کە هەر لە دیمەشقەوە زۆربەی جێگەکانیان فەتح کرد؟ کوا عیمادەین زەنکی و نورەدین مەحموودی کوڕی؟ کوا صەلاحەدینی ئەیوبی؟

پاشان بە ئاشکرا لەو شارەدا نەسرانییەکان خاچیان تێدا داناوە بە ئاشکرا دەسوڕانەوە خاچ پەرستان، سەرەتا خاچ پەرستانی لە ئەنطاکیا وە هاتنە ناو دیمەشق بە سەرکردایەتی پادشا بوهمەندی ئەنطاکی، پاشان پادشای ئەرمەنیا هەیسوم، بە سەرکردایەتی پادشای تەتاری خاچ پەرست کتبغا نوین لە شاردا خاچیان بەرز کردەوە کە لە ساڵی ١٤کۆچی سوپای هرقلیان تێدا وەدەرنا واجارێکی تر خاچ پەرستان داگیریان کردەوە.

شاری دیمەشق لە کۆتایی مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٨کۆچی کەوتە ژێر فەرمانڕەوای خاچ پەرستان و تەتار واتا دوو ساڵ دوای گرتنی شاری بەغداد، لەدوای وێرانکردنی ئەو شارە و روخاندنی زۆربەی قەڵاو دیوارەکانی، پاشان کوشتنی خەڵکەکەی کەسێکیان کرد بە فەرمانڕەوای دیمەشق کە ئەویش خاچ پەرست بوو، بەڵام لەئەتارکان بوو بە ناوی إبل سیان هەر چەندە کۆمەڵێک دەڵێن نەسرانی نەبوو بەس ئەتار بوو، بەڵام خۆشەویستی زۆری بۆ نەسرانییەکان هەبوو.

لەو ماوەیەدا هۆلاکۆ گەڕایەوە بۆ تەبریز، لەوێ نیشتە جێ بوو کۆمەڵێک لە نەساراکان بە یاوەری لەگەڵ إبل سیان چوون بۆ لای هۆلاکۆ لەگەڵ دیاری زۆر داوایان لێ کرد کە لەناو بازاڕی ئەو خواردنەوە، دەرگەیی ئاڵتونی مزگەوتی دیمەشق ببەن بۆ خۆیان کە زۆرێک لەم رووداوانە ئیبن کثیر باسی لێوە کردوە لە "البدایە النهایە"ی خۆیدا، هەروەها دەڵێت قسەی ناشیرینیان بەرانبەر بە ئیسلام زۆر دەکرد، لەبازاڕدا خاچیان دەگەڕاند تەنانەت لە ناو مزگەتەکاندا مەیان دەخواردەوە.

زۆر جار لوێژیان لە خەڵکی مەنع دەکرد، ئەسرانییەکان بە بازڕدا هاواریان دەکرد ئەوا دینی مەسیحی راستی دەرکەوت، زۆرێک لە موسوڵمانان چون بۆلای إبل سیان ئەویش دەریکردنە دەرەوە[٤٤].

تێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە رەوشەکە گۆڕا کاتێک هۆلاکۆ و کتبغا بوون سەرکردەی ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستیان بۆ ئەسارا هەبوو بە هۆکاری ئەوە ئەساراکان و تەتار بە تەواوەتی دەستیان تێکەڵ کرد بۆلێدانی موسوڵمانان، هەر بەم هۆکارە بوو ئەمیری صیدا کە لێی جولیا بوو وردە وردە ناوچەکانی فەرمانڕەوای خۆی گەورە کرد، چونکە تەتار چاو پۆشی لێ کرد بوویە هۆکاری ئەوەی کە ناوچەکانی فەڵەستین زۆربەی داگیر بکرێت بە قودسیشەوە، واتا تەتار گەیشتنە ناوچەکانی غەزەی ئێستا، کەواتە ئەوەندەی ئەماوە بۆ ناو سینا واتا ٣٥کم مابوو بۆ ناو سینای میسر.

ئەگەر بڕۆنە ناو میسر دەرگەیی ئەفریقا بە روویاندا دەکرێتەوە وە دانیشتوانێکی زۆر لە ناوچەکانی قاهیرە و ئەسکندەریە و دیمیاط هەیە ئەوەندەی تر خاکی تەتار بەرفراوان دەبێت.




خريطة (١٥) : مملكة التتار بعد احتلال الشام

---

[٤٤] ئەمە دەقی ووتەکەی ئیبن کەثیرە:

" اجتمع إبل سيان لعنه الله بأساقفة النصارى وقساوستهم، فعظمهم جدا، وزار كنائسهم، فصارت لهم دولة وصولة بسببه، وذهبت طائفة من النصارى إلى هولاكو في تبريز وأخذوا معهم هدايا وتحفا وقدموا من عنده ومعهم أمان من جهته، ودخلوا من باب توما أحد أبواب دمشق ومعهم صليب منصوب، يحملونه على رؤوس الناس، وهم ينادون بشعارهم ويقولون: "ظهر الدين الصحيح دين المسيح"، ويذمون دين الإسلام وأهله، ومعهم أوان فيها خمر، لا يمرون على باب مسجد إلا رشوا عنده خمرا، وقماقم ملآنة خمرا يرشون منها على وجوه الناس وثيابهم، ويأمرون كل من يجتازون به في الأزقة والأسواق أن يقوم لصليبهم، ووقف خطيبهم إلى دكة دكان في عطفة السوق فمدح دين النصارى، وذم دين الإسلام وأهله، فإنا لله وإنا إليه راجعون..

بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕەوشەکە تێبگەین، دەبێت هەندێک ساڵ بگەڕێینەوە دواوە بۆ ئەوەی زەمینەکە باشتر بناسین:
دەوڵەتی ئەیوبی پیاوی قارەمان و ئەژدەر وەک صەڵاحەدینی ئەیوبی بناغەکەی دانا کە دەوڵەتێکی بەر فراوان بوو لەساڵی ٥٦٩کۆچی دامەزرا تا ساڵی ٥٨٩کۆچی واتا بیست ساڵی تەواو توانی زۆربەی ناوچەکانی شام و میسر بخاتە ژێر فەرمانڕەوای خۆی بانگەوازی جیهادی لێدا لە دژی پادشاکانی خاچ پەرستان، سەرکەوتنی زۆر باشی بەدەست هێنا لە چەند جەنگێکی جیاوازدا بەناوبنگترینیان شەڕی حطین لەمانگی ربیع الثاني ساڵی٥٨٣ کۆچی، پاشان لەدوای سێ مانگ خاکی قودس بە تەواوەتی ئازاد کرا،هەر لە مانگی ڕەجەبی ئەو ساڵەدا صەڵاحەدین ئەیوبی وەفاتی کرد ئەو دەوڵەتە گەورەیەی دامەزراند کە سنوری بریتی بوو لە کوردستان و شام و عێراق و یەمەن میسرو حیجاز هەروەها بەشێک لە تورکیاو وڵاتی لیبیایی ئێستا، بەتەواوەتی کەمارۆی خاچ پەرستانی دا لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست لە شام کە جێگەیەکی زۆر بچووکیان هەبوو خاچ پەرستان.
بەڵام بەمردنی صەڵاحەدینی ئەیوبی ئەو ناوچانە هەمووی پارچە پارچە بوون بە هۆکاری ئەوەی ئەو سەروەت و سامانەی کە دەستیان کەوتبوو پاشان وەستانی جیهاد لە دژی خاچ پەرستەکان، هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لەوەی کە صەڵاحەدین ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەوەی خزم و کەسوکاری خۆی بوایە دەیکردە کار بەدەست بەو هۆکارە هەموویان خۆیان بە چاکتر دەزانی لە ئامۆزاکانی تریان یاخود لە براکانیان بۆیە پارچە پارچە بوون هەرکەسە و هەرێمێکی بۆ خۆی جیاکردەوە.
ئەگەر سەیری نەخشەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە خاکی ئەیوبیەکان چەندە گەورەو بەرفراوان بووە.



خريطة (١٦) : الدولة الأيوبية في أقصى اتساع لها سنة ٥٨٩هـ

لە باسی پێشوودا هەندێک ئاماژەمان داوە بە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و ڕشتنی خوێنی یەکتری و هەوڵدانیان بۆ پۆست و ملشکاندنی براکانی خۆیان هەموو هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی دنیا و چاو تێر نەبوونیان[١١٥].

صەلاحەدین جیهاد بووبووە نوری دڵی و ڕێگە و مەشخەڵی دەستی و دەیزانی بێ خەبات و شۆڕش هیچ هەوڵێک ئەنجامی نابێت، بەڵام ئەوانەی کە دوای ئەو هاتن لە سوڵتان و ئەمیرەکان زۆر پێچەوانەی صەلاحەدین بوون.

تێستا ئەوەی کە دەمانەوێت باسی بکەین سەرەتایی چاک سازی لێرەوە دەست پێدەکات واتا لەو ڕووداوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردوە زەمەنی ئەتارە، دیسان پێویستمان بە پەنجا ساڵ بازدانە بۆ داوە واتا ساڵی ٦٣٧ کۆچی ئەو دە ساڵەی کە کۆتا دەسەڵاتی ئەیوبیەکان بوو کەسێک بەناوی صالح نەجمەدین ئەیوب دەسەڵاتی لە وڵاتی میسر گرتە دەست، ئەم پیاوە بەڕێزە لە دوای مردنی صەلاحەدین بە باشترین سوڵتانی ئەیوبیەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەرچەندە زۆر بەداخەوە هیچ کەس لە کوردی ئێمە لە ژیانی ئەم کەڵە پیاوە نازانێت کە ناسراوە بە پادشا صالح یاخود پادشا ئەیوب کە ناوەندی دەسەڵاتی لە میسر بوو.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەم پیاوە لە ساڵی ٦٣٧کۆچی دەسەڵاتی گرتە دەست وەک کارێکی سروشتی کورد و ئەیوبیەکان هەمیشە خەریکی پاشقول لەیەک گرتن بوون بەتایبەت لەگەڵ صالح نەجمەدین ئەیوب تاساڵی٦٤١کۆچی، زۆرێک لە هێزە پارچە پارچەکانی ئەیوبی لە شام یەکیان گرت لەگەڵ مەملەکەتەکانی خاچ پەرستان بۆ لێدانی صالح نەجمەدین، وابڕیاریاندا بوو ئەگەر بیروخێنن ئەوا قودس پێشکەش بە خاچ پەرستان دەکەن ئەو قودسەی کە باپیریان بە خوێن ڕزگاری کرد لە خاچ پەرستان.

سوپایەکی زۆر کۆکرایەوە لە شام دژی پادشا صالح وە بەرەو میسر کەوتنە ڕێ، بەهەمان شێوە پادشا صالح سوپای کۆکردەوە بە سەرکردایەتی سوارچاکی مەمالیک بەناوی ڕوکنەدین بیبەرس، سوپای پادشا صالح زۆر کەم بوو لە چاو سوپای شام وخاچ پەرستەکان، بەڵام پادشا صالح داوای یارمەتی لە سوپای خەواریزمەکان کرد کە ئەوەدەمە هەموو هەڵهاتبوون لە ناوچەکانی شام شەڕیان دەکرد بە پارە هەرکەس زیادی بدایە ئەوان شەڕیان بۆی دەکرد، لای هەمووان ئاشکرایە کە لەدەستی داگیرکەرانی ئەتاری رایان کردبوو وە ئەم سوپایە مێژوونووسان بە سوپای مورتەزەقە ناویان دەبردن.

---

[١١٥] سەرودرمان ﷺ ئاماژەی بۆ کردوە و دەفەرموێت: روى ابن ماجه والطبراني وابن حبان بإسناد صحيح عن زيد بن ثابت رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: من كانت الدنيا همه فرق الله عليه أمره وجعل فقره بين عينيه، ولم يأته من الدنيا إلا ما كتب له، ومن كانت الآخرة نيته جمع الله له أمره، وجعل غناه في قلبه، وأتته الدنيا وهي راغمة.

شەڕ لە نێوانی سوپای پادشا صالح و سوپای شام و خاچ پەرستان دەستی پێکرد شەڕێکی زۆر گەورە کە لە مێژوودا ناسراوە بە جەنگی غەزە لە بەر ئەوەی لە فەلەستین لە نزیک غەزە روویدا لە ساڵی ٦٤٢ کۆچی ئەم شەڕە کرا.

لەو جەنگەدا زیاد لە سێ هەزار کەسی تێدا کوژرا زۆرێک لە ئەمیرەکانی ئەیوبی بەدیل گیران زۆرێک لە پادشاکانی خاچ پەرستان کەوتنە دەست پادشا صالح ئەویش ئەمەی بەهەلێکی باش زانی بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ناوچەکانی فەلەستین و قودس بخاتەوە ژێر فەرمانڕەوای خۆی، توانی خۆی سوپاکەی بەیارمەتی سوپای خەواریزمی جارێکی تر قودس ئازاد بکەنەوە. ئەوە بۆ جاری دووەم ئازاد کرایەوە لە خاچ پەرستان، بەدرێژای حەوت سەدە هیچ هێزێک نەیتوانی قودس داگیر بکاتەوە تاکو ١٦ نۆڤەمبری ساڵی ١٩١٧ کە بەدەستی سوپای داگیر کەری بەریتانی داگیر کرا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.

هەموان ئاشکرایە بە خیانەتی کەمال ئەتاتورک ئەو وڵاتە درا بەدەستەوە هەروەک چۆن هۆکارێک بوو بۆ دابەش کردنی کوردستانی گەورە کە کەسێکی عەلمانی بوو.

هەروەها پادشا صالح زانی هەلێکی باشە روویکردە ناوچەکانی دیمەشق زۆرێک لەو ناوچانەی ئازاد کرد وەک عەسقەلان و طبریە هەندێک جێگەی تر، توانی زۆرێک لە ناوچەکانی شام و میسر بکاتەوە بەیەک.

پاشان ئەمیرێکی ئەیوبی لەشام پارەی زیاتری دا بە خەواریزمیەکان بۆ ئەوەی دژی پادشا صالح بجەنگن، بەڵام سەرکردەی لێزان روکنەدین بێبرس توانی ئەوانیش وەدەربنێت سەرکەوتن بەسەر خەواریزمیەکان دا مسۆگەر بکات، لەمەولا پادشا صالح زیاتر پشت بە سوپای مەمالیکی صالحی دەبەستێت.

چونکە تێگەیشت لەوەی کە تەنها سوپای مەمالیکی صالحی بێ پارەو بێ مەبەست دەجەنگن خۆشەویستی تەوایان هەیە بۆ پادشا صالح نەجمەدین ئەیوب.

## مەمالیکی صالحی کێن؟

لە زمانی عەرەبیدا وشەی المماليك واتا بەندە و کۆیلەکان، زیاتر بەوانە دەوترێت کە باوک و دایکیان نادیارن لە جێگەیەکی تر پەروەردە دەبن لە منداڵیەوە بۆ مەبەستێک بەوانە دەوترێت مەمالیک، یاخود بە بەندەی پادشاکان ناسراون[116].

بۆیە بەم وشەیە ناسراوان لە ناو جیهانی ئیسلامیدا کە بانگ دەکرێن بە مەمالیک وەک نازناو و خۆشەویستیان هەیە بۆ پادشا کەسەردەمی ئەم مەمالیکانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەئمونی دەسەڵاتداری خیلافەتی عەباسی کە لەساڵی ١٩٨ فەرمانڕەوای کردوە تا ٢١٨کۆچی، پاشان براکەی کە معتصیم لەدوای ئەو فەرمانڕەوای کرد لەساڵی ٢١٨کۆچی تا ساڵی ٢٢٧کۆچی، کە ئەم دوو خەلیفە بەرێزە لە بازەڕەکاندا ئەو منداڵە بێ باوک دایکانەیان دەکڕیەوە خۆیان بەخێویان دەکردن، پاشان دەکرانە بەتالیۆنی سەربازی گەورە بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی خەلیفە و پشتی ئەواویان بەم مەمالیکانە دەبەست وەک نفوسی خەلیفەکان سوودیان لێ وەردەگرت و بەکاریان دەهێنان، بەم شێوەیە رۆژ بە رۆژ مەمالیک لەو ناوچانەدا زیادی دەکرد بەتایبەت لە میسر.

سەرچاوەی مەمالیک:

سەرچاوەی مەمالیک لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیلانەی لە جەنگەکاندا دەگیران، یاخود بۆ ئەو کۆیلەو بەندانەی کە لە بازاڕی کۆیلە فرۆشتن دا دەکڕان، زۆربەی ئەو مەمالیکانەی کە دەکڕان لە جێگەیەکەوە دەیانهێنانە ئەو شوێنە پێی دەوترا وڵاتی پشت روبار، کە مەبەست روباری جەیحونە کە ئەو روبارە جیاکەرەوەی وڵاتی تورکەمەنستان و ئەفغانستانە لە وڵاتی ئۆزبەکستان و طاجیکستان، لەبنەڕەتدا لە گەل و هۆزی تورکن، ئەم ناوچانە هەمیشە جێگای شەڕو پێکدادان بووە زۆر بە کەمی ئارامی بەخۆیەوە دیوە کە زۆربەیان بەدیل دەگیران و دەفرۆشران یاخود کۆیلە بوون کە زۆربەیان خەڵکی شارەکانی بوخاراو سەمەرقەند و خەوارزم و فەرغانە بوون، هەرچەندە کۆیلەو مەمالیکی ئەرمەنی فرنجە و تەتاریش هەبوون، بەڵام زیاتر نەسرانیە ئەوروپیەکان بە ساقالیبیەکان ناسرا بوون، ئەم ساقالیبیەنە زۆربەیان خەڵکی رۆژهەڵاتی ئەوروپا بوون.

ئەم رەوشەی کە باسی دەکەین دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵی پێشوو، بەڵام مەمالیکی صالحی کە باسەکەمانە دەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵێک لەو مێژووەی کە باسی دەکەین هەموو ئەم کۆیلەو بەندانەی باسی دەکەین تەمەنیان زۆر منداڵ بووە لە تەمەنی منداڵی کڕاون پاشان پادشا صالح خۆی پەروەردەی کردوون.

---

[116] المماليك في اللغه العربيه هم العبيد أو الرقيق، وبخاصه هم الذين سُبّوا ولم يُنسب آباؤهم ولا أمهاتهم، ومفرد المماليك مملوك، وهو العبد الذي يباع ويشترى.. العبد الذي سُبي أبواه يعرف بالعبد القن وليس المملوك.

پەروەردەكردنی مەمالیك:

كاتێک كە پادشا صالح دەیكڕین ڕەفتاری كۆیلە و بەندەی لەگەڵ نەدەكردن، بەڵكو وەک مامۆستاو قوتابی و زۆر جار لەوە زیاتر وەک كوڕ و باوک ڕەفتاری لەگەڵ دەكردن.

هیچ كات نەبیستووە واهەست بكەن كە ڕەفتاری كۆیلەو خاوەندارییەتیدان لەگەڵ دەكات، وەک خێزانێک بەیەكەو دادەنیشتن زۆر جیاوازە كەسانێک كە كۆیلە بن سەیری خاوەنەكەیان وەک مامۆستا بكەن! مەقریزی كە یەكێكە لە مێژوونووسە بەناوبانگەكان بۆمان باس دەكات كە چۆن ئەم مەمالیكانە پەروەردە كراون لەو سەردەمەدا.

سەرەتا مەمالیكەكان لە منداڵیانەوە فێری زمانی عەرەبی دەكران خوێندن و نووسین، پاشان هاندەدران بۆ ئەوەی فێری قورئان خوێندن بن، لە دوایدا فێری شەریعەتی ئیسلامی دەكران، پەروەردە دەكران لەسەر نوێژ و بەندایەتییەكان لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وە چاودێری باشیان دەكرا لە لایەن مامۆستا فێركارەكانیانەوە، ئەگەر هەڵەیەكیان بكردایە دەست بەجێ بە ڕەوشتی ئیسلامی فێر دەكران و بۆیان ڕاست دەكرایەوە بەم شێوە پەروەردە دەكران"[٦١٦].

هەر لەبەر ئەوە بوو كە زۆر دینیان بە بەرزو گەورە ڕادەگرت، ڕێزی زۆریان لە خەلیفەی موسوڵمانان دەنا و خەڵكی زۆر دانیشمەند و زانا و هەڵكەتویان تێدا دروست بوو، تەنانەت لەسەردەمی مەمالیک زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەردەمی ئەوان دا دروست بوون، وەک ئیبن تیمیە، ئیبن قەیم، ئیبن كەثیر، ئیبنو قودامە، مەقریزی، عزی كوڕی عەبدول سلام-، ئیمامی نەوەوی، ئیبن حجری عەسقلانی، ئیبن جماعە و زۆری تر لەزانا بەڕێزەكانی ئەم ئومەتە كە لەسەردەمی مەمالیكدا بە هەزاران زانای پایەبەرز دەركەوتن.

لە پاش ئەوەی كە باڵغ دەبوون فێری سوارچاكی و مەشقی سەربازی دەكران و پلەی ئەفسەریان وەردەگرت لە سوپادا، بە هەموو جۆرێک لە چەكی ئەو سەردەمە مەشقیان دەكرد تا وایان لێهات بۆ پشتی ئەولویان بەو سوپایە دەبەست، چونكە باش مەشقیان پێكرابوو كە بەرگەی ناڕەحەتیەكان بگرن.

هەندێک لە مەمالیک پۆلێن دەكران بۆ پلەی بەرزتر لە پلانی سەربازی وەرگرتنی پۆستی ئیداری لە ناو دەوڵەتدا، وە بەرلاودی چاودێری بیروباوەڕیان دەكرا، بۆ ئەوەی لە ناو كۆمەڵگەدا خەڵكی تووشی گەندەڵی و فەساد نەكەن.

هەر كات سەركردە بەو شێوە چاودێری سەربازگەلەكەی كرد هەرگیزاو هەرگیز ئەو سوپا و گەلە توشی گەندەڵی و فەساد نابن، چونكە سەركردە لەناویاندا دەژیاو ئاگای لە هەڵسوكەوتیان بوو.

---

[٦١٦] ئەمە دەقی وتەكەی مەقریزیە.

إن أول المراحل في حياه المملوك هي أن يتعلم اللغه العربيه قراءه وكتابه، ثم بعد ذلك يُدفع إلي من يعلمه القرآن الكريم، ثم يبدأ في تعلم مبادئ الفقه الإسلامي، وآداب الشريعه الإسلاميه. ويهتم جداً بتدريبه على الصلاه، وكذلك على الأذكار النبويه، ويراقب المملوك مراقبه شديده من مؤدبيه ومعلميه، فإذا ارتكب خطأ يمس الآداب الإسلاميه نُبه إلى ذلك، ثم عوقب.

هەر سەرکردەیەک لەگەڵ گەل و سوپاکەیدا ژیا خۆی جیا نەکردەوە ئەوا ئەو گەل و سوپایە ئامادەن بۆ هەموو خۆبەخشینێک، بەڵام کەسەرکردە دوور بوو لە سوپاو گەل ئاگای لە نەهەمامیەکانی ئەوان نەبوو، بەڵکو ئەو لەخۆشیدا بوو گەل و سوپا لە ناڕەحەتیدا. ئەو لەجێگەی گەرمدا بێت و سوپا لە جەنگ و سەرمادا، ئەوا گومانی تێدا نییە هیچ سەربازێک ئامادەی شەڕ نیە. هیچ گەلێک دوای ئەو سەرکردە فاسدە گەندەڵە ناکەوێت.

بۆیە پادشا صالح نەجمەدین ئەیوب خۆی سەرپەرشتی دەکردن تەنانەت لە نان خواردن و خواردنەوەیان ئاگادار بوو تەنانەت شەوان لەگەڵ مەمالیکەکاندا نانی دەخوارد خۆی لەگەڵیاندا دەخەوت قسەو ئاخافتنی لەگەڵ دەکردن، مەمالیک زۆر پادشا صاڵحیان خۆش دەویست و وەلائی تەواویان بۆی هەبوو، هەمیشە خۆیان بە قەرزاربارى پادشا صالح دەزانی، وەک باوک تەماشایان دەکرد.

هەروەک ئاماژەم پێدا هۆکاری ئەوەی کەسەرکردە لەگەڵ خەڵکی دا ژیانی کرد خۆشەویستیان بۆی دەبێت، تەنانەت مەمالیک پلە بە پلە بەرز دەکرانەوە زۆرجار مەمالیکێک جێگەیەکی زۆر گەورەی فەرمانڕەوای دەکرد، بووبوونە کاربەدەستان وەک سوڵتان و ئەمیرەکان کاریان دەکرد لە ناو سوپا و لە کاری ئیداریدا.

بۆچی ناویان لێنرا مەمالیکی صالحی:

بەهۆکاری ئەوەی کە پادشا صالح ئەوانی کڕیبوو، بۆیە ناوی پادشا صاڵحیان هەڵگرتبوو بۆ نمونە ئەوەی کە ئالی خۆی پادشا کامیل کڕیبوونی ناویان لێنرا بوو مەمالیکی کاملی بەم شێوە.

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەم مەمالیکانە ئەوەندە زیادیان کرد تەنانەت زۆرێک لە کاروباری وڵات درابووە دەست مەمالیک بۆیە قەصرێکی بۆ دروست کردن لە نزیک قەصری خیلافەت کە ئەمان ناسرابوون بە مەمالیکی صالحی، پاشان زۆربەیان جێگەیان نەمابوو لەو قەصرەدا ناچار قەصرێکی تری بۆ دروست کردن لەنزیک رووباری نیل ئەمان ناسران بە مەمالیکی بەحری یان مەمالیکی روباری، چونکە نزیک بوون لەسەر روباری نیل بۆیە ئەو ناوەیان پێوەلکێنرا.

جلو بەرگیان جیاواز بوو هەردوو مەمالیک، مەمالیکی صالحی عەبای سەرشانیان لەگەڵ خودەکانیان رەنگی سوور بوو، بەڵام مەمالیکی بەحری عەبای سەرشان و خودەکانیان شین بوو، ئەوەندە جێگەی متمانە بوون تەنانەت گەیشتنە قەصری خیلافەت و چونە دەسەڵاتی زۆر سەروو، لەوانەی کە بەوشێوە بەرز بوەوە سەرکردەی لێهاتوو فارسەدین ئەقطای و روکنەدین بێبرس کەجێگری ئەقطای بوو راستەوخۆ.

لێرەدا دەمانەوێت باسێکی زۆر گرنگتان بۆ بکەم کە باسی هاتنی لویسی نۆیەمە بۆ داگیر کردنی میسر.




**خريطة (١٧): الحملة الصليبية السابعة على مصر سنة ٦٤٧هـ**

هێرشی لویسی نۆیەم:

باسی ساڵی ٦٤٧ کۆچی دەکەین، لەو ساڵەدا پادشا صالح توشی نەخۆشیەکی کوشندە بووبوو بەناوی سیل، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی زۆر بەرەو سەرچوو بوو لەسەر جێگە کەوتبوو، لەو سەردەمەدا لویسی نۆیەم ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە تەتار هێرشی کردۆتە سەر رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسلامی ئەویش هێرش بکاتە سەر میسر و شام، پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە لویسی نۆیەم لەگەڵ خاقانی تەتار کیوک کوری ئۆکیتای ویستی دەست تێکەڵ بکات، بەڵام سەری نەگرت ئەنجامێکی خراپی هەبوو، بەڵام لویسی نۆیەم هەر دەیویست هێرش بکاتە سەر موسوڵمانان، هێرشی هێنایە سەر شارێکی میسر بەناوی دمیاط کە مینایەکی میسریە لەسەر دەریایی ناوەڕاست، لە مێژوودا بە هێرشی حەوتەمی خاچ پەرستان دادەنرێت.

لە رۆژی ٢٠سەفەری ساڵی ٦٤٧ کۆچیدا لویسی نۆیەم لە شاری دمیاط خۆی و سوپاکەی دابەزین، خەڵکی دمیاط زۆر بە باشی بەرگریان نەکرد، چونکە دەیانزانی کە پادشاکەیان نەخۆشە، شارەکە بە تەواوەتی کەوتە دەست خاچ پەرستان، پێشتر لە هێرشی پێنجەمی خاچ پەرستان کەوتبووە دەستیان، ناوچەکە شارەزا بوون.

بەڵام کاتێک کە صالح نەجمەدین بەمەی زانی هەڵسایەوە بە نەخۆشی سوپای ئامادە کرد، زۆر خەفەتی خوارد بەوەی کە ئەو شارە کەوتە دەست خاچ پەرستان، دەیزانی پاشان روودەکەنە قاهیرە و نیل بەتەواوەتی ئەو وڵاتە داگیر دەکەن، بۆیە جێگەیەکی هەڵبژارد بۆ جەنگ کە رێگای نێوان دمیاط و قاهیرە بوو دەیزانی خاچ پەرستان لەو جێگەوە هێرش دێنن، کەناوچەیە ئێستا ناسراوە بەشاری منصورە لە میسر دەکەوێتە سەر رووباری نیل کە بە حیکمەت بوو ئەوجێگەیەی

خاچ پەرستان بخاتە ناو نیل دەست بەسەریان دا بگرێت.
بەڵێ ئەو جێگەیەیان هەڵبژارد کە منصورەیە دەکەوێتە سەر رووباری نیل سوپایان خستە رێ لەوێ چاوەڕوانی سوپای خاچ پەرستانیان کرد لە دمیاط وە بێن، خۆیان ئامادەکرد بۆ جەنگێکی یەکلا کراوە، هەرچەندە پادشا صاڵح خۆی نەخۆشە، بەڵام هەر لەگەڵیاندا بوو تا چوونە ناو شاری منصورە، فارسەدین ئەقطای و روکنەدین بێبرس دەستیان کرد بە پلان دانان بۆ لێدانی سوپای خاچ پەرستان، پلانێکی سەربازی زۆر باشیان ئامادەکرد بۆ لێدانی سوپای لویس.

مردنی پادشا صاڵح نەجمەدین ئەیوب:
نەساراکان لە خاکی دمیاط لە ١٢شەعبانی ساڵی٦٤٧کۆچی بەڕێکەوتن بۆ شاری مەنصورە ئەو جێگەیەی کە کە پادشا صاڵح پەی پێ بردبوو کە نەساراکان لەو جێگەوە هێرش بێنن،ئەوەی کە ئەو پێش بینی کرد راست دەرچوو، بەڵام لە نیوەی شەعبان دا ساڵی٦٤٧ کۆچی لەو کاتەی کە خەریکی پلان دانان بوون بۆ جەنگەکەیان و خەریکی بەهێزکردنی سەنگەر و مەتەرێزیان بوو دیواری ئەو شارەیان قایم دەکرد پادشا صاڵح وەفاتی کرد"[١١٩].
بەڕاستی گەورەترین کارەسات بوو بۆ موسوڵمانان لەو سەردەمەدا ترسناکترین بوو کە سەرۆکی دەوڵەت لەو جێگەیەدا وەفات بکات، نەک تەنها لەبەر ئەوەی هەر سەرکردەیە، بەڵکو خەلیفەیە کەس نیە بچێتە جێگەیی لەو دەمودەستەدا. بەتایبەت لەوکاتەدا کە دمیاط داگیرکراوە سوپای خاچ پەرستان بەرێکەوەن بۆ داگیر کردنی وڵاتی ئەیوبی.
لەو کاتەدا ئافرەتێک هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات بێ ئەوەی بهێڵێت گەل پێی بزانێت، ئەو ئافرەتە ناوی شەجەرەتول دورە
شەجەرەتول دور کێیە؟
شەجەرەتول دورە خێزانی پادشا صاڵح نەجمەدینە لە بنەڕەتدا کەسێک بووە لە مەمالیکەکان واتا ئافرەتێکی کۆیلە بووە کە پادشا صاڵح ئازادی کردوە دوای هێناویەتی کردویەتە خێزانی لە بنچینەدا خەڵکی وڵاتی ئەرمەنیا و بنەڕەتی تورکە، واتا زۆر نزیک بووە لە مەمالیکەکانی ئەو سەردەمە.
شەجەرەتول دورە چی کرد؟
چۆن چارەسەری کێشەکەی کرد، لەدوای وەفاتی پادشا صاڵح؟

---

[١١٩] مێژوونووسان زۆریان لەسەر ئەم سەرکردە ئەژدەرە وتوە من تەنها وتەی ئەم مێژوونووسە کاری ئا کردم، بۆیە وەک خۆی بۆتان دەگوازمەوە: یقول "ابن تغري بردي" صاحب کتاب "النجوم الزاهرة في ملوک مصر والقاهرة" والمتوفى سنة ٨٧٤ هجرية: "ولو لم يكن من محاسن السلطان الصالح نجم الدين أيوب إلا تجلده عند مقابلة العدو بالمنصورة، وهو بتلك الأمراض المزمنة، وموته على الجهاد والذب عن المسلمين لكفاه ذلك". ثم يقول: "ما كان أصبره وأغزر مروءته.

هەڵسا بەوەی كە نەیهێشت كەس بزانێت كە مێردەكەی وەفاتی كردوە، بانگەشەی ئەوەی كرد كە دكتۆرەكان دەستوریان داوە نابێت هیچ كەس بۆ ماوەیەک سەردانی پادشا صاڵح بكات، زۆر بە پەلە ناردی بە شوێن كوڕەكەی پادشا صاڵح كە ئەودەمە ناوچەكانی كوردستانی توركیای لەبەر دەستا بوو كە فەرمانڕەوای ناوچەكانی جەزیرەی دەكرد پایتەختەكەی حەسەن كەیفی ئێستا بوو كە لە راستیدا خۆی بە قەڵای كەیفا ناسراوە، ناوی كوڕەكەی تۆران شا كوڕی صاڵح نەجمەدین ئەیوب بوو هەواڵەكەی پێگەیشت دەبێت بەزوترین كات بگاتە میسرو شام بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، شەجەرەتول دوڕ بە پەلە لەگەڵ گەورەی مەمالیكەكان كەناوی فەخرەدین یوسف بوو پەیمانی بەست بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت تاكو تۆران شاە دەگاتە جێ، ئەو ئافرەتە بەتوانا داوای كرد لە فارسەدین ئەقطای و روكنەدین بێبرس كە بەردەوام لە كۆكردنەوەی توانا و هێز دابن بۆ بەرگری لە سوپای خاچ پەرستان ئەو دوانە سەركردایەتی جەنگەكە بكەن لە منصورە، بەو شێوە كارەكانی ئەنجام دا رەوشەكەی هێور كردەوە بۆ ئەوەی كارەكان بەئاسانی بڕوات، نەیهێشت كەس بە هەواڵی مەرگی كتوپڕی پادشا صاڵح بزانن.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بێدەنگییەی كە شەجەرەتول دوڕ پاراستی هەواڵ گەیشتە هەموو خەڵكی كە پادشا صاڵح وەفاتی كردوە، تەنانەت هەواڵ گەیشتە خاچ پەرستان كە پادشا صاڵح مردوە زیاتر حەماسی شەڕ گرتنی خۆیان بۆ شەڕ ئامادەكرد، لەهەمان كاتدا باری دەرونی سوپای موسوڵمانان لەمیسر زۆر دابەزی، بەڵام لەگەڵ ئەودا خۆیان راگرت لەبەردەم ئەو سوپادا لە خاكی منصورە دا دانیان بەخۆدا گرت و لەو جێگەیە بێ ئەوەی پشت هەڵكەن سەنگەر و مەتەرێزیان چۆڵ نەكرد.

فارسەدین ئەقطای و روكنەدین بێبرس پلانێكی زۆر بەهێزیان دانابوو بۆ ئەو جەنگە، هاتنە لای شەجەرەتول دوڕ پلانەكانیان بۆ باس كرد ئەویش بڕیاری لە سەرداو پەسەندی كرد، چونكە ئەو حاكمی ئەو سەردەمە بوو دەبوو هەموو كارەكان بێتەوە بەردەم شەجەرەتول دوڕ تا تۆران شای كوڕی صاڵح ئەیوب دەگاتە جێ، سوپای موسوڵمانان چونە مەتەرێزو خۆیان بۆ رووبەڕو بوونەوە ئامادكرا كرد.

جەنگی مەنصورە:

ڕۆژی چوارەمی مانگی ذولعقدەی ساڵی ٦٤٧كۆچی جەنگ دەستی پێكرد، موسوڵمانان سەركەوتن سەركەوتنێكی زۆر باش.

دوای حەوتەم رۆژی ئەو مانگە لویسی نۆیەم دیسانەوە خۆی ئامادە كردەوە بۆ لێدانی موسوڵمانان لە منصورە ئینجا موسوڵمانان لە جێگەی خۆیان وەک شێر دەرپەڕین وەک شەپۆلی دەریا بەرەو رووی خاچ پەرستان بوونەوە و توانیان سەركەوتنێكی بێ وێنە و نایاب بەدەست بێنن.

گەیشتنی تۆران شا بۆ ناوچەكە. لە دوای دە رۆژ لە هێرشەكەی موسوڵمانان بەسەركردایەتی ئەقطای و بێبرس توانی لەو ماوەدا بگاتە میسر و دەسەڵاتی میسرو شام بگرێتە دەست، كە ئەمە بوە هۆكاری بەرز بوونەوەی باری دەرونی سوپای موسوڵمانان لەگەڵ ئەوەشدا كە موسوڵمانان

تۆران شا لەو کاتەدا خۆی بۆ خۆی سەرکەوتنێکی باشیان بە دەست هێنابوو، بەڵام گەیشتنی تۆران شا لەدوای ئەو دە رۆژە لە سەرکەوتنێکی گرنگ بوو بۆ سوپای مەمالیکی صالحی، پاشان تۆران شا لە ناوچەکانی دمیاط بۆ شکاندنەوەی هێزی خاچ پەرستان لە ناوچەکانی دمیاط بۆ ساڵی ٦٤٧کۆچی کەوتە پلان دانان بۆ کشانەوەی هێزی خاچ پەرستان لە ناوچەکانی دمیاط، بۆ ماوەیەکی کانی ناوچەکە ئارامیەکی بە خۆیە بینی، لە دوای دوو مانگ کە حوکمی شام و میسری گرتە دەست واتا لە ساڵی ٦٤٨ کۆچی سوپای ئامادە کردەوە بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی دمیاط، سوپای کۆکردەوە لە شاری فارسکور هێرشی بردە سەر خاچ پەرستان توانی هەموو سوپاکەیان لە ناوبەریت لەو جەنگەدا، خودی پاشای فەرەنسا کە لویسی نۆیەم بوو هەر لەو جەنگەدا بە دیل بگرێت لە ماڵی فەخرەدین ئیبراهیمی کوڕی لوقمان بوو لەوماڵەدا دەست بەسەر بوو پاشای هەموو فەرەنسا.

بۆ ئەم مەبەستە تۆران شا پارەیەکی زۆری بەست بە لویسی نۆیەمەوە بۆ خۆ ئازاد کردنی کە پارەیەکی زۆر خەیاڵی بوو لەو سەردەمەدا، کە بریتی بوو هەش سەد هەزار دینار ئاڵتون بۆ خۆ ئازاد کردنی، دەبێت دەست بە جێ نیوەی پارەکە بدات و ئەوی تری بە قیست، لەهەمان کاتدا هیچ دیلێکی خاچ پەرستان ئازاد ناکرێت تاکو هەموو پارەکە نەبەخشێتە وڵاتی میسر، لەهەمان کاتدا دەبێت هەرچی دیلی موسوڵمانانە بیگێڕێتەوە بۆ میسر هەموویان ئازاد بکرێن، شاری دمیاط بدرێتەوە بە موسوڵمانان، بۆ ماوەی دە ساڵ هودنە لە نێوانی موسوڵماتان خاچ پەرستان ئیمزا بکرێت.

ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بە هەموو پێوەرێک بۆ موسوڵمانان لە سەردەمەدا.

بەڵێ لەماوەیەکی کورتدا نیوەی پارەکە لە ئەوروپاوە بۆ لویسی نۆیەم کۆکرایەوە ناردیانە شاری ئەعکا کە ئەو کات مەملەکەتێکی نەسرانی بوو ئێستا لە دەست یەهودیەکاندایە ئەو شارەیان پیس کردوە.

کوشتنی تۆران شا:

لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە بەهێزەی کە دەست موسوڵمانان کەوتبوو لە جەنگی فارسکور، بەڵام تۆران شا لە ئاستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا نەبوو، خۆی کەسایەتیەکی زۆر بێ هێزو بێ هودە بوو، کەسێکی زۆر داوێن پیس بوو زۆر دوور بوو لە رەوشتی ئیسلامی، کەسێک بوو نەشارەزا لە سیاسەت بەرێوەبردنی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەی کە سەرکەوت بەسەر لویسی نۆیەم دا بە هۆکاری مەمالیک، ئەمە وای کرد کە زۆر لوت بەرزی لێدەربچێت گوێ بەکەسی دەوروپشتی نەدا، کەوتە بەوە ئاوان باری دەکرد کە شەجەرەتول دوڕ داوای سەروەت و سامانی باوکی لێدەکرد لێهات شەجەرەتول دوڕ زۆر ترسی لێنیشت تۆران شا لەجیاتی ئەوەی کە چاکەو پیاوەتی بۆ ژنەکەی باوکی بکەرێنێتەوە کە موڵک و دەسەڵاتەکەی بۆ پاراستووە کەچی ئێستا وا هەڕەشەی لێ دەکات، لەلایەکی ترەوە زۆر دژایەتی مەمالیکی دەکرد کە هێزی سەرەکی ئەو وڵاتە بوون بەتایبەت فارسەدین ئەقطای و روکنەدین بێبرس هەردوکیانی سڕ کردو دوری خستنەوە و دایماڵین لەدەسەڵات، ئەوانەی کە لە حەسەن کەیف لەگەڵیدا بوون هەموویانی نزیک کردەوە لە

دەسەڵات کاربەدەستانی میسری هەموو پەراوێز کرد، لەجیاتی ئەوەی کە لە پلەو پایەی مەمالیک بەرز بکاتەوە کە سەرکەوتنی مەنصورە و فارسکوریان بەدەست هێنا بوو، کەچی وا هەموو سەربازانی مەمالیکی بەتوانا دووردەخاتەوە، فەرمانڕەوای میسر خرایە ژێر دەسەڵاتی لێپرسراوانی حەسەن کەیف.

هەموو ئەم کارانە لەدوای سێ مانگی دەسەڵاتی تۆران شا دوای جەنگی فارسکور ئەنجامیدان راستەوخۆ کە ئەو ماوە کورتەی دەسەڵاتی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی ئەنجامدا کە ئەمە بە هەموو پێوەرێک هەڵەیە گۆڕانکاری وا گەورە لەدەسەڵاتی وڵاتدا بکرێت.

لەم رەوشەدا شەجرەتول دوڕە زۆر لە خۆی ترسا، زانی کە ئەم پیاوە کەسێکی نەزانە، بۆیە پەنای بردوە بۆلای ئەقطای و بێبرس، گومانی تێدا نیە کە مەمالیکی بەحری و مەمالیکی صالحی رێزێکی زۆریان لە خێزانی مامۆستاکەیان صالح نەجمەدین ئەیوب دەگرت، کە شەجەرەتول دوڕە بوو هەموو شتێکیان بە قسە دەکرد، چونکە ئەویش وەک ئەوان مەمالیک بوو، شەجەرەتول دوڕە بیری لەوە کردەوە کە چۆن تۆران شا بکوژێت، پەنای بردە بەر مەمالیکی بەحری و صالحی، ئەوانیش رازی بوون بەقسەی شەجەرەتول دوڕەیان کرد و بڕیاریان دا بیکوژن.

هەروەها مێژوونووسان بەتایبەت دکتۆر راغب سەرجانی دەڵێت:

مەمالیک کوشتنی خەڵکیان زۆر بەلاوە ئاسان بوو، تەنانەت لەسەر شک و گومان خەڵکیان دەکوشت، بەهۆکاری ئەوەی هەموویان پەروەدە کراوی سەربازی بوون.

دەست کرا بە پلان دانان بۆ کوشتنی تۆران شا بە فەرمانی شەجرەتول دوڕە وپلانەکە فارسەدین ئەقطای و روکنەدین بێبرس ئەنجامی بدەن، لە رۆژی ٢٧ موحەڕەمی ساڵی ٦٤٨ کۆچی تۆران شا بەدەستی مەمالیک کوژراو ئەو تاوانە ئەنجام درا، لەدوای حەفتا رۆژ لە دەسەڵاتی کە لە حەسەن کەیفەوە هاتبوو لە ناوچوو کوژرا، بەمە کۆتای هات بە لاپەڕەیەکی تری مێژوو، یاخود ئەتوانین بڵێین لێرەوە کۆتایی هات بە دەسەڵاتی ئەیوبی لەسەر شانۆی جیهان ئەوان لە گۆڕەپانەکە کشانەوە دواوە.

لەدوای کوشتنی تۆران شا بۆشایەکی سیاسی زۆر گەورە رووی کردە ناوچەکە، کەسێکی ئەیوبی لەو سەردەمەدا دەست نەدەکەوت کە دەسەڵات بگرێتە دەست، لەلایەکی ترەوە ئەیوبیەکانی شام چاویان بڕیوە میسر و دوای ئەو وڵاتەیان دەکرد، گومانی تێدا نیە کە بەهێزترین سوپای مەمالیکی هەبوو لە میسر، هیچکام لە ئەمیرەکانی شام نەیاندەوێرا بڕۆن بەلای میسردا، چونکە لەدوو جەنگدا سەرکەوتنی زۆرباشیان بەدەست هێنابوو لەشەڕی فارسکور و منصورەدا.

بۆیە مەمالیک لێرەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆیان فەرمانڕەوای وڵاتی میسرو شام بکەن، چونکە هێزی گەورەی ناوچەکەن تواناو دەسەڵاتیشیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی حوکم.

لە وڵاتی میسردا لەساڵی ٢٥٤ کۆچی تا ساڵی ٢٩٢ کۆچی مەمالیک بەکاردەهات بۆ پاراستنی دەوڵەتی طولانیەکان هەر بەدوای ئەودا لە ساڵی ٣٢٣ کۆچی تا ساڵی ٣٥٨ کۆچی ئەخشەدیەکان مەمالیکیان بەکاردەهێنا بۆ پاراستنی میسر، پاشان دوای ئەوانیش فاطیمیەکان لە ساڵی ٣٥٨ کۆچی مەمالیکیان بەکارهێنا تا سەردەمی صەلاحەدینی ئەیوبی ساڵی ٥٦٧ کۆچی، تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی ئەیوبی نەمان لە ناوچەکەدا وەک باسمان کرد و ئاماژەمان پێداوە.

ئەرمونێك لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان کە خۆی لە دەسەڵات فەرمانڕەوای دا هەرگیزاو هەرگیز مەمالیک بیری لەوە نەکردبووەوە کە خۆی لە دەسەڵات فەرمانڕەوای دا ببیننەوە، چونکە بەدرێژایی مێژووی خۆیان هەر کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا، هەمیشە خۆیان بە فەلاندەرو غەریب دەزانی لە وڵاتاندا، کەسایەتیەکی وا هەڵکەوتویان نەبوو تا خۆی ئامادە بکات بۆ دەسەڵات، هەمیشە دواکەوتووی خیلافەت و دەسەڵاتدارانی سەردەمانی خۆیان بوون، بەڵام وا ئێستا بیر لە چوونە ناو دەسەڵات و حوکم دەکەنەوە، بەڵام دەزانن کە مەمالیک بریتین لە کۆیلە و بەندەکان خەڵکی وا بە ئاسانی پێ قەبووڵ ناکرێت ئەوان دەسەڵات بگرنە دەست فەرمانڕەوای ئازادەکان بکەن، چونکە ئەوان کۆیلەن چۆن کۆیلە فەرمانڕەوای ئازاد دەکات.

بەهەر حاڵ لەدوای کوشتنی تووران شا مەمالیکی صالحی بیری لەوە کردەوە کە خۆیان بچنە ناو دەسەڵات، بەڵام دەیانزانی کە چوونە ناودەسەڵات هەروا ئاسان نیە.

بۆ ئەم مەبەستە شەجەرەتول دوڕ چۆن بیری کردەوە ویستی چی بکات؟

گومان لەوەدا نیە کە ئەم ئافرەتە کەسێکی بەتواناو زۆر زیرەک بوو لە سیاسەتدا، لە مێژوودا ئافرەتی وا زۆر دەگمەن دووبارە دەبێتەوە یاخود دووبارە بوونەوەی ئاستەمە، چونکە هێزێکی زۆر سەرسامی هەبوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیدارەی دەوڵەتدا، کە زانی ئەو هەموو توانایەی هەیە و خۆی لە ئاستی پێویست دا دەبینێتەوە زۆریش لە خۆ رازی بوو کە ئەمە گەورەترین کێشەیە مرۆڤ ڕووبەڕووی بێتەوە، لێرەوە سەردەمی فکرێکی ئیسلامی نوێ دەست پێدەکات، کە مێژوو بۆمان باس دەکات.

بیری لەوە کردەوە کە خۆی بچێتە سەر کورسی دەسەڵات، کە ئەمە کارێکی زۆر گەورە بوو تەنجامی دا وتی: من لە سەردەمی جەنگدا لە کاتی مەنصورە دا فەرمانڕەوایم کردوە بە نهێنی ئێستا بۆ بە ئاشکرا فەرمانڕەوای نەکەم.

مەمالیک زۆر ئەمکارەیان بەلاوە باش بوو، چونکە شەجەرەتول دوڕ خێزانی مامۆستاکەیانە و وەک ئەوان مەمالیکە وەلائی تەواویان بۆ هەیە.

توانیان ئەو بڕیارە ئازای نە بدەن مەمالیک شەجەرەتوڵ دوڕ بکەنە خەلیفەی موسوڵمانان، بڕیاریاندا لە دوای چەند ڕۆژێک لە کوشتنی تووران شا لە ساڵی ٦٤٨ کۆچی ڕاگەیەنرا بە فەرمی کە شەجەرەتول دوڕ کرایە دەسەڵاتداری میسر.

کە ئەم ڕەوشە ڕویدا هەموو خەڵکی میسر کەوتنە سەرجادەکان لە مینبەرەکانەوە لە هەموو ڕاگەیاندن خەڵکیەوە ئیدانەی ئەو کارەیان کرد پێیان قەبووڵ نەدەکرا کە ئافرەتێک بێتە خاوەنی ئەو دەوڵەتە. سەرەتا خۆی وا نیشاندا کە خێزانی صالح نەجمەدین ئەیوبی بۆیە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست وەک پادشاە صالح، پاشان ئەمە جێگەی قەبووڵ کردن نەبوو لەو وڵاتەدا ناچار ڕێگەیەکی تری گرتەبەر خۆی بە بە وارثی کوڕەکەی کە کوڕی نەجمەدین ئەیوب بوو ناوی خەلیل ئەیوب بوو زۆر منداڵ بوو ئەمیش هەر لەلایەن خەڵکی میسرەوە قەبووڵ نەکراو، ناچار ڕێگەیەکی تری گرتە بەر بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هێور بکاتەوە خۆی بە نەسەبی عەباسیەکان دا لە قەڵەم کە مستەعصیم بیللە بوو ئەویش هەر بەدەردی نەخوارد واتا خۆی ناو نا بە مەلیکەی صالحیە موستەعصیمیە. وارثی خەلیل ئەیوب ئەمیری موسوڵمانان.

لەگەڵ ئەوەدا هەموو ئەمیرەکانی شام دەیانویست میسر بخنە ژێر ڕکێفی خۆیان ئەتانەت تەتاریش لە نزیک دا بوو کە بەغداد داگیر بکات، خەلیفەی عەباسی نامەیەکی نووسی بۆ میسر وەک گاڵتە پێکردن نووسیبووی ئەگەر لە میسر پیاوتان دەست ناکەوێت تا من پیاوێکتان بۆ بنێرم[١].

لەم رەوشەدا خەریک بوو کار لە کار بترازێت هەموو زانایانی ئاینی هەستانە سەرپێ و لە مزگەتەکان دەنگی ناڕەزای لێ بەرزکرایەوە، کە ئەمە رویدا شەجەرەتول دوڕ لە خۆی ترسا رایگەیاند کە دەسەڵاتەکە چۆڵ دەکات بۆ پیاوێک لە وڵاتدا.

بەڵام بۆ کام پیاو دەسەڵاتەکە بەجێ دەهێڵێت؟

شەجەرەتول دوڕ هەر دەیویست فەرمانڕەوای بکات، بەڵام لە پشتی پەردە ئەمجارە، چونکە توانایەکی بێ وێنەی هەبوو لە ئیدارە و فەرمانڕەوای دا بڕیاریدا چی بکات لەم رەوشەدا؟

بڕیاریدا کە شویکات بە پیاوێک لە ژێر دەستەکانی ئەو وەک سوڵتان دامەزرێنێت خۆشی لە پشتەوە فەرمانڕەوای بکات بۆ ئەوەی رەوشەکە هێور بێتەوە دوای ئەوە خۆی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست، ئەمە بیری ئەو ئافرەتە ناوازە بوو.

گومانی تێدا نیە کە شەجەرەتول دوڕ دەیەوێت شو بە کەسێک بکات تەنها ناوی پیاو بێت، بەڵکو لە راستیدا هیچ توانەیەکی بەسەر شەجەرەتول دوڕ دا نەبێت. بیری کردەوە کە شوو بەکەسێکی مەمالیک بکات بۆ ئەوەی وەلائی هەموو مەمالیکەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بیری لە کێ کردوە؟

کەسێک بەناوی عزەدین ئەیبەک:

عزەدین ئەیبەک کێیە؟

شەجەرتول دوڕ بیری کردەوە لە کەسێک بەناوی عزەدین ئەیبەک کە لە بنەڕەتدا یەکێکە لە مەمالیکەکان و لە بنچینەدا تورکمانە، کەسێکی سادە ناسرابوو لە ناو مەمالیکی بەحری و صالحی، لە راستیدا خۆی سەربازێکی وریا و چالاک بوو، بەڵام زۆر سادە دەرکەوتبوو کە وا دەردەکەوت لە بەڕێوەبردندا هیچ توانایەکی نیە، شەجەرەتول دوڕ بۆیە ئەم کەسەی هەڵبژارد دەیزانی کە توانای بەڕێوەبردن و سیاسەتی کەمە و زۆر بەهێز نیە وەک مەمالیکەکانی تر، بۆیە بیری لە فارسەدین ئەقطای و روکنەدین بێبرس نەکردوە لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر بەتوانا بوون لە فەرمانڕەوایدا، خۆی دەیویست لە پشتەوە فەرمانڕەوای میسر بکات.

بەڵێ شەجەرەتول دوڕ شوی کرد بە عزەدین ئەیبەک بەفەرمی راگەیەندرا کە عیزەدین ئەیبەک بوو بە فەرمانڕەوای وڵات، بەڵام شەجەرەتول دوڕ خۆی هەشتا رۆژ فەرمانڕەوای کرد، پاشان خۆی دەسەڵاتەکەی وازلێهێنا لە جەمادی دووەمی ساڵی ٦٤٨کۆچی بۆ عزەدین ئەیبەکی مێردی،

---

[١] وجاء رد الخليفة العباسي "المستعصم بالله" قاسيا جدا، وشديدا جدا، بل وساخرا جدا من الشعب المصري كله، فقد قال في رسالته: "إن كانت الرجال قد عدمت عندكم أعلمونا، حتى نسير إليكم رجلا.

لەماوەی یەک ساڵ دا لە میسر چوار پادشا فەرمانڕەوای کرد یەکەمیان پادشا صاڵح پاشان توران شا دوای شەجەرەتول دوڕ، ئێستا عزەدین ئەیبەک.

عیزەدین ئەیبەک ناسرا بە پادشا معز ئەم لەقەبەی بۆ خۆی هەڵبژارد خەڵکی بەیعەتیدان پێدا هەرچەندە لێرەدا هەندێک کێشەی تر ڕویدا لەوەی کە خەڵکی میسر داوایان کرد چۆن دەبێت کۆیلە بکرێتە ئەمیر، ئەبوو عزی کوڕی عەبدوسەلام هەموویانی کڕیەوە ئازادی کردن بە پارەی خۆیان بۆ بەیتول مال.

بەڵی ڕوشەکە بەم شێوە ئارام بوەوە خەڵکی قبوڵیان کرد کە کۆیلە بکرێتە خەلیفە باشترە ئاکو ئافرەتێک!

بەمە لە میسر یەکەم فەرمانرەوای مەمالیک دەست پێ دەکات، هەرچەندە کۆمەڵێک لە مێژوو نووسان پێیان وایە کە شەجەرەتول دوڕە یەکەم ئەمیرەی مەمالیکە لە میسردا.

شەجەرەتول دوڕە دەیویست لە پشتی پەردەوە فەرمانرەوای بکات بۆیە شوی کردوە بە ئەیبەک و شوی نەکردوە بە ئەقطای و بێبرس.

شەجەرەتول دوڕە لەم بیرکردنەوەیەدا سەرکەوتو نەبوو عیزەدین ئەیبەک خۆی کەسێکی زۆر بەتوانا بوو دەیزانی کە مەمالیکی بەحری زۆر ڕێز لە خانمەکیان دەگرن، ئەویش وردە وردە کارەکانی خۆی ڕێکخست وە نەیدەویست کە هەمووکارەکان لەبەر دەست شەجەرەتول دوڕەدا بێت، دەستی کرد بە مەمالیک کڕین بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکات کە لە مێژوودا بە مەمالیکی معزی ناسراون کە دەچنەوە سەر عزەدین ئەیبەک کە بە پادشا معز ناسرا بوو، هەموو کارەکانی خستە ژێر فەرمانرەوای خۆی شەجەرەتول دوڕەی پەراوێز کرد، کەسێکی کرد بە سەرپەرشتیاری مەمالیکی معزی کە ناوی سەیفەدین قطز بوو کە لە مێژوودا بە پیاوێکی زۆر ئازاو چاونەترس سەروەری زۆر گەورەی بۆ خۆی ئیسلام تۆمار کردوە.

لێرەوە ناوی قارەمانی ئیسلامی سەیفەدین قطز دێتە ناو مێژووی پرشنگداری موسوڵمانان، کە سەرچاوەی باسەکەمان دەبێت بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی وە یەکێک بووە لە مەمالیکی معزی.

لەو نێوەندەدا مەمالیکی صاڵحی و بەحری زۆر رقیان لە عزەدین ئەیبەک دەبوەوە ململانێیەکی زۆر گەورە کەوتبوە نێوان مەمالیکی معزی و صاڵحی یەوە، ئەیبەک باش دەیزانی مەمالیک صاڵحی لە وتەی شەجەرەتول دوڕە دەرناچن دەیزانی کە هێزێکی بەتوانا و ترسناکن لە ڕووبەڕوو بونەوەدا، بەڵام بێ دەنگی جارێک هەر بەردەوامە هەموو لاکان لەسەر بورکان وەستاون ڕۆژ بەڕۆژیش پێگەی مەمالیکی معزی زیاتر دەبێت بەسەرکردایەتی سەیفەدین قطز.

ڕۆژان ڕۆشت ئەمیرەکانی شام و ناوچەکانی تر لە ئەیوبیەکان، لەدوای مردنی توران شا زانیان کە سوڵتانی ئەیوبی لە ناوچەکەدا نەماوە هێزیان کۆکردەوە بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی پادشا معز لەمیسر، سوپایان کۆکردەوە لە جێگەیەکدا کە لەمێژودا ناسراوە بە عەبباسیە لە نزیک شارێک کە ئێستا پێی دەوترێت زیقاق واتا لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە لە ساڵی ٦٤٨ کۆچی بە چوار مانگ کە دەسەڵاتی گرتە دەست عیزەدین ئەیبەک هێرشیان کردە سەر مەمالیکی معزی، توانی سەرکەوتنێکی زۆر باش بەدەست بێنێت لەبەرانبەر دوژمنەکانیدا، بەمەش ناوی پادشا عیزەدین ئەیبەک لەناو میسر زیاتر بوو وە خۆشەویستی لەدڵی خەڵکیدا زۆر تر بوو.

لە دوای سێ ساڵ کێشەیەکی تر کەوتە نێوان دەسەڵاتی شام و دەسەڵاتی عیزەدین ئەیبەک لەمیسر لە ساڵی ٦٥١ کۆچی، بەڵام خەلیفەی موسوڵمانان لە بەغداد خۆی هاتە ناو کایەکە ئەیهێشت هیچ شەڕێک ڕووبدات کێشەکەی چارەسەر کرد، هۆکاری کێشەکە ئەوەبوو کە زۆربەی ناوچەکانی شام عیزەدین ئەیبەک فەرمانڕەوای دەکرد، بەمەش دەسەڵاتی ئەیبەک زۆر فراوانتر بوو، هەر لەو کاتەدا خەلیفەی موسوڵمانان مستەعصیم بل الله دانی نا بە ئەمارەتەکەی ئیبەک لە میسر، بەمە زیاتر تواناو دەسەڵاتی ئەیبەک زۆر بوو ئەگەر چی خەلیفەی عەباسی ئەودەمە لاواز بوو، بەڵام خۆی بۆ خۆی کارێکی گرنگ بوو بۆ عیزەدین ئەیبەک کاریگەری هەبوو، چونکە دانی پێدانا و شەرعیەت بوو بۆ دەسەڵاتەکەی.

لەو نێوەندە دا بەتەواوەتی کێشە کەوتە نێوان ئەقطای و ئەیبەک تەنانەت کێشەکان ئەوەندە گەورە بووبوو ئەقطای بەناوی خۆی بانگی ئیبەکی دەکرد وەک مەقریزی بۆمان باس دەکات و دەڵێت بانگی لێدەکرد ئەیبەک وەک هاوڕێیەتی نا بەڵکو وەک بچووک کردنەوەی و رق لێبوونەوەی، هەمیشە لە کەمیندا بوون بۆ یەکتری، ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دەسەڵاتی مەمالیکی معزی زۆر بەفراوانتر بووبوو پێگەیەکی بەهێزیان هەبوو[٩٠].

فارسەدین ئەقطای ویستی ئەمیرەیەکی ئەیوبی داخوازی بکات بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکیدا خۆی وانیشان بدات کە ئەم پێشترە بۆ فەرمانڕەوای میسر، چونکە ئەم خاوەنی جەنگی منصورەیە بەسەرکردایەتی ئەقطای بووە دەیویست خۆی لەبەرچاوی گەلی میسردا خۆشەویست بکات ئەیەک لە دەسەڵات دابماڵێت، ئەگەر ئەو بە هۆکاری شەجەرەتول دوڕ بووە بە پادشا کە مەمالیکە ئەوا ئەم ئافرەتێکی ئەیوبی ئازاد مارە دەکات.

ئەیەک هەستی بە جموجۆڵی ئەقطای کردبوو دەیزانی چی لە ژێر سەردایە، نیازی هەیە کودە تایەکی سەربازی بەسەر ئەیبەک دا بکات بۆیە دەیەوێت ژنی ئەیوبی بێنێت، ئەیبەک بڕیاری دا کە ئەقطای بکوژرێت بەهۆکاری ئەوەی کە نیازی بووە بێتە سەر دەسەڵات فەرمانی دەرکرد بۆ کوشتنی.

بەڵێ فەرمانەکە جێبەجێ کرا لە ٣مانگی شەعبان ساڵی ٦٥٢کۆچی فارسەدین ئەقطای کوژرا بەدەستی مەمالیکی معزی.

لەدوای کوشتنی ئەقطای گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو بە تەواوەتی بۆ ئەیەک لەهەمان کاتدا لەدەسەڵاتی شەجەرەتول دوڕی کەم کردبووەوە، سەرکەوتبوو بەسەر پادشاکانی شام دا و خیلافەی عەباسی دانی بەدەسەڵاتەکەی ئەیبەک دا نابوو، لەدوای ئەوەی کە ئەقطای کوژرا

[٩٠] ئەمە دەقی وتەکەی مەقریزیە:

يقول "المقريزي" في كتابه "السلوك لمعرفه دول الملوك": "لقد بالغ فارس الدين أقطاي في احتقار أيبك والاستهانه به، بحيث كان يناديه باسمه مجردا من أي ألقاب"، وهذا يعكس اعتقاد فارس الدين أقطاي أن هذا الملك صوره لا قيمه لها، وتخيل قائد الجيش ينادي الملك هكذا: يا أيبك.. ولا يناديه هكذا صداقه بل احتقارا.

مەمالیکی بەحری و صالحی بوون بە دوو بەشەوە. بەشێکیان چونە پەنای شەجەرەتول دوڕە
بەشێکی تریان چونە پاڵ مەمالیکی معزی وە لائیان بۆ ئەو دوپات کردەوە.
بەم شێوەیە مەمالیکی بەحری کە چونە پاڵ شەجرەتول دوڕە هیچی بۆ نەکردن نەیتوانی تۆڵەیان بۆ بکاتەوە زۆربەی سەرکردەکانی مەمالیکی بەحری و صالحی کە لەپەنای شەجەرەتول دوڕە دا خۆیان پەنا دابوو ئەویان بەسەرکردە دەزانی، کە زانیان هیچی بۆ ناکرێت زۆربەیان هەڵهاتن بۆ ناوچەکانی شام لەسەرو هەموویانەوە روکنەدین بێبەرس چوە لای ئەمیری خائین و خۆفرۆش ناصر یوسف کە خاوەنی حەلەب و زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان بوو، چونکە دەیزانی کە ئەقطای کوژرا کوشتنی ئەویش ئاسان دەبێت، نەی دەتوانی بڕوات بۆ فەلەستین چونکە هەموو ئەو ناوچانە لەژێر فەلەمڕەوی ئەیبەک دا بوو بۆیە بێبەرس ناچار روویکردە لای ناصر یوسف، شەجەرتول دوڕە-یش لەداخی ئەو کارەنەی ئەیبەک زۆر ناڕەحەت بوو بۆیە بیری کردەوە کە پلانێکی نوێ بەکار بهێنێت لەبەرانبەر ئەیبەکی مێردی،
هەرچەندە بۆ ماوەیەک ئەیبەک لەسەر کورسی دەسەڵات خۆی قایم کردبوو هیچ شتێک رووی نەدا بەتەواوەتی دەسەڵاتی شەجەرەتول دوڕە نەمابوو ئەوەی ئەو بیری لێدەکردەوە بۆی نەچووە سەر لەدوای حەوت ساڵ بەوشێوە بەردەوام بوو رەوشەکە و ئیبەک رۆژ بەڕۆژ بەهێز تر دەبوو، چونکە سەرکردایەتی هەموو سوپا لەدەست کەسێکی وەک سیفەدین قطز دابوو کە لای خەڵکی زۆر خۆشەویست بوو وە دیندار دەست پاک ناسرا بوو، ئەیبەک دەیزانی کە شەجەرەتول دوڕە دەیەوێت تۆڵەی لێبکاتەوە، بەڵام نەیدەزانی چی لەژێر سەردایە بۆیە ویستی دووڕە بخاتەوە بەتەواوەتی، ژنێکی تری بەسەردا بێنێت، لەدوای ئەو حەوت ساڵە لە ٦٥٥کۆچی ژنی هێنا بەسەر شەجەرتول دوڕەدا کە کچی ئەمیری مووسڵ بوو کە پێشتر باسمان کرد لە بەشی یەکەمدا کەچەندە پیاوێکی خائین خۆفرۆش بوو بە هەموو شێوەیەک دەستی تێکەڵ بوو لەگەڵ تەتاردا ئەویش بەدرەدین لۆلۆء بوو.
کاتێک شەجەرتول دوڕە زانی کە ژنی بەسەردا هاتوە، بەمە ئاگری تێچوو غیرەی زۆری دەکرد، وائێستا هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە لە مەمالیکی بەحری و صالحی هەموو ئەو دەسەڵاتانە ئاوا بووە، هەموو خەڵکی وەلائیان هەیە بۆ مەمالیکی معزی لە میسردا پێگەیەکی زۆر بەهێزیان هەیە، بۆیە بیری کردەوە کە مێردەکەی خۆی بکوژێت، پێشتر توران شای کوشتبوو ئاسان بوو بەلایەوە ناوی کوشتن بهێنێت بۆیە بڕیارەکەی ئەنجام دا گوێی نەدا بەوەی خەڵکی چی دەڵێن با هەر بۆخۆیان بڵێن، ئەوکارەی ئەنجامدا مێردەکەی خۆی کوشت کە پادشا عزەدین ئەیبەک بوو لە دوای حەوت ساڵ فەرمانڕەوای لە وڵاتی میسر بەمەش کۆتایی هات بە دەسەڵاتی معزی لە میسردا، شەجەرەتول دوڕە لەماوەی حەوت ساڵ دا دوو سوڵتانی کوشت یەکەمیان توران شا ئەوی تریان عزەدین ئەیبەک لەساڵی ٦٥٥کۆچی بەم رووداوە لاپەڕەیەکی تر مێژوو داخرا،
سەیفەدین قطز توانی ئەم ئاوانەی ئاشکرا بکات لەگەڵ کوڕەکەی عزەدین ئەیبەک کە لەژنێکی تری بوو ناوی نورەدین بوو خێرا چوون شەجەرتول دوڕەیان دەست گیر کرد هێنیانە بەردەم دادگا.

دایكی نورەدین كە ژنی یەكەمی عزەدین ئەیبەك بوو داوای كرد كە بیدەنە دەست ئەو بۆ تۆڵەكردنەوە ئەوەبوو مەرگێكی زۆر كارەسات باری بردەسەر شەجەرەتول دوڕ، دایكی نورەدین هەموو جاریەكانی خۆی كۆكردەوە بە قاپقاپە نەعلێك كە بە تەختە دروست كرابێت دایان بەسەر شەجەرەتول دوڕەدا كوشتیدان. هەرچەندە ئەو كوشتنە شەرعی نەبوو، بەڵكو كوشتنێكی زانەی بەحت بوو! كە كرا پێشتریش ئاماژەمان پێداوە لە باسی كوشتنی خەلیفەی عەباسی موستەعصیم بل لله ئەویش هەروا كوشتیدان تەتارەكان، ئەو لایەڕەیەی مێژووش داخرا.
ئەوە سزای خوای گەورەیە بۆ دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئەگەر رچاوی شەریعەتی خوا و گەلەكەیان نەكەن كە موسوڵمانانن.
لە دوای مردنی پادشا ئەیبەك كوڕەكەی خرایە جێگەی كە ناوی نورەدین عەلی بوو، تەمەنی پانزە ساڵ بوو، هەرچەندە خەڵكی لەبەر خۆشەویستی عزەدین ئەیبەك بەیعەتیدان دا بە نورەدین، چونكە ئەو شیاو نەبوو بۆ ئەو فەرمانڕەوایە، بەڵام سیفەدین قطز لە پشتی وەستا خەڵكی وەڵاتی باشیان هەبوو بۆ قطز بۆیە كە ئەو بەیعیتی پێدا هەموو بەدوایدا بەیعەتیداندا بە نورەدین عزەدین ئەیبەك لەساڵی ٦٥٥كۆچی
بەڵام حاكم و فەرمانڕەوای میسر لەڕاستیدا سەیفەدین قطز بوو.

سەیفەدین قطز كێیە؟
سەیفەدین قطز یەكێكە لە گەورە پیاوانی مێژووی ئەم ئیسلامە كە پێشەنگ و رابەرە بۆ نەوەكانی داهاتوو ئەم ئیسلامە. ناوی راستی خۆی مەحمودی كوڕی مەمدودە لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەكی ئەمیری موسوڵمان لەدایك بووە، قطز كوڕی خوشكی جەلالەدینی خەواریزمیە كە لە بەشەكانی پێشودا باسمان كرد كە ئەو كاتەی هەڵدێت لەدەست تەتار بۆ هیندستان تەتار هەموو خێزانەكەی دەگرێت زۆرێك لە بنەماڵەكەی سەردەبڕن ئەوی كە لێدەردەچن كۆمەڵە منداڵێكن یەكێك لەوانە ئەم منداڵەیە كەناوی قطزە وشەی قطز وشەیەكی تەتاریە واتا سەگی دڕ یاخود بەهێزو بەتوانا زۆر چالاك دیارە بە منداڵی زۆر بەتواناو بەهێز بووە، بۆیە تەتار ئەم ناوەی لێناوە، پاشان لە بازاڕی كۆیلەكان دەفرۆشرێت لە دیمەشق كەسێكی كوردی ئەیوبی دەیكڕێت و دەیبات بۆ میسر لە ناو مەمالیكی معزیدا پەروەردە دەبێت، تا ئەوكاتەی دەبێتە دەستی راستی عیزەدین ئەیبەك و سوپاسالاری ئەو.
قطز لە ماڵی پادشاكانی خەواریزم دا لەدایك بووە منداڵی لەوێدا بردۆتە سەر پاشان كە كراوەتە بەندە وەك هەموو مەمالیكەكان لە میسر بە باشترین شێوە پەروەردە بووە خۆی كەسێكی زیرەك چاو نەترسو ئازا بووە زۆر شارەزا بووە لە دینی ئیسلام زۆر زانا بوو بە شەرع، هەرگیز لە دوژمنانی نەترساوە، ئەوەی كە زیاتر توانای دابویە ئەوە بوو كە خۆی لە بنەماڵەیەكی مەلەكی نازدار بوو خۆشەویستی ناو خەڵك بوو، كەسێكی وتە رەوان و زۆر رەفتار جوان بووە.
پەروەردەی دینی ئیسلام و پەروردەی سەربازی ئیسلام بەتەواوەتی رەنگی داكوتابوو لە قطزدا.

پێشتر ئاماژەمان پێدا لەدوای كوشتنی توران شاه و دوای هاتنی شەجەرەتول دوڕ و عیزەدین ئەیبەك پاش كوشتنی ئەو كە خێزانەكی بوو ئەویش كوژرا پاشان نورەدین ئەیبەك كرایە فەرمانڕەوا بە سەرپەرشتی قطز.

هەروەك چۆن خەڵكی میسر دژی شەجەرەتول دوڕ هاتنە سەر شەقامەكان لە مزگەتەكانەوە دەنگ بەرز بووە، بەهەمان شێوە دژی نورەدین ئەیبەك ڕژانە ناو بازاڕەكان بە فەرمانڕەوای ئەو منداڵە ڕازی نەبوون، ئەوەی كە زۆر ئەو ڕەوشەی گەرم كرد دەیویست نورەدین ئەیبەك لەدەسەڵات داماڵن مەمالیكی بەحری و صاڵحی بوون خۆیان دەیانویست كە فەرمانڕەوای بگرنە دەست، چونكە یارمەتیدان بۆ دەهات لە شامەوە لە مەمالیكی بەحری ڕاكردووەكان لە شام ویستیان شۆڕش بكەن دژی نورەدین ئەیبەك دەستیان كرد بە پلاندانان، بەڵێ چەند شۆڕشێك كرا لەوانە كەزۆر كاریگەری بوو لەسەر دەستی سنجری حەلەبی ڕوویدا ئەو دەیویست فەرمانڕەوای بكات، بەڵام قطز هەموویانی دەستگیر كرد و خستنیە زیندان بۆ ئەوەی ڕەوشەكە تێك نەدەن، هەندێك لە مەمالیكی بەحری دەستگیر كرد بۆ ئەوەی بیر لە شۆڕش نەكەنەوە هەندێكی تریان هەڵهاتن بۆشام بۆلای سەركردەكانی تریان كە لەسەردەمی عیزەدین ئەیبەك هەڵهاتبوون بۆ شام، پاشان كە لەوێ كۆبونەوە ئەمیرەكانی ئەیوبی ئامادەیان كردن بۆ جەنگ لەگەڵ میسر چونكە هەر بیریان لەوە دەكردەوە كە بیخانەوە ژێر ركێفی ئەیوبیەكان مەمالیكی صاڵحی چاوەڕێ كەسێكیان دەكرد یارمەتیدان بدات لە ئەمیرە كانی ئەیوبی، كەسێك كە ئامادەی خۆی بۆ دەربڕین بەناوی مغیث دین عومەر كە ئەمیری كرك لە ئوردن بوو، سوپای ئامادەكرد بۆیان بەڵام خۆی كەسێكی زۆر لاواز بوو لە بەڕێوەبردن و كاری سەربازیدا، بەڵام زۆر بەرچاو تەسك بوو دەیویست میسر بخاتە ژێر فەرمانڕەوای خۆی، سوپای ئامادەكرد هاتە ناو خاكی میسر قطز بۆی دەرپەڕی وەك شێر ڕێگەی لێگرت كە زیاتر پێشڕەوی نەكات بۆ ناو خاكی میسر ناچار لە مانگی ذولعقدە لە ساڵی ٦٥٥كۆچی گەڕایەوە دواوە چونەوە جێگەكانی خۆیان، بەڵام لەدوای ساڵێك واتا ٦٥٦ كۆچی بیریان لەوە كردەوە بگەڕێنەوە بۆ داگیر كردنی میسر، بەڵام قطز بە گژیانە چوو لەبەردەمیان دا وەستایەوە.

ئەو كاتەی كە مغیث دین عومەر ویستی كە میسر داگیر بكات ساڵی ٦٥٦ كۆچی مانگی بەهاری ئەو ساڵە بوو كە دوو مانگ بوو تەتار شاری بەغدادی داگیر كردبوو لە جیاتی ئەوەی سوپا دژی تەتار كۆ بكاتەوە دژی موسوڵمان شەڕی دەكرد، بەڕاستی ئەم حەقە ناوی لێبنێین گێژی سیاسی كە توشی ئەو ئەمیرو دەسەڵاتدارانەی موسوڵمانان بووبون.

پێشتر ئاماژەمان پێدا كە هۆلاكۆ لە مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٦ كۆچی شاری بەغدادی گرت، پاشان ڕووی كردە شام بۆ میافارقین لە ڕەجەبی ساڵی ٦٥٦ كۆچی، پاشان هۆلاكۆ هەر بەردەوام لە وڵاتی فارسەوە بە كوردستاندا دەهات بۆ داگیر كردنی شام و ناوچەكانی تری عێراق لەساڵی ٦٥٧ كۆچی، توانی هەر لەو ساڵەدا نوصیبین و هرە و بیرەو تاكو ناوچەكانی حەلەب داگیر بكات، دیارە هۆلاكۆ دەیەوێت هەموو شام بخاتە ژێر ركێفی خۆی، گومانی تێدا نیە دوای شام سەرەی میسرە.

قطز خۆی ئامادەکرد کە چۆن روبەڕوی ئەتار بێتەوە. بەڵام ئەوەی کە لەسەر دەسەڵاتە منداڵێکە و خەڵکی زۆر دڵخۆش نین بەو منداڵە لە هێزو توانای ئەو دەوڵەتە کەم دەکاتەوە کە منداڵێک پادشایان بێت، دوژمنیش ئەتار بێت بەو هێزە گەورەی کە هەیەتی، ئەم خۆی بۆ خۆی کاریگەری لەسەر دڵ دەرونی خەڵکی دروست دەکات بەگشتی توانای روبەڕوبوو نەوەیان کەم دەبێتەوە، لەوانەی خەڵکی تر لەهەوڵی ئەوە دابێت کە شۆڕش بکات، فەرمانڕەوای منداڵێکی وایان ناوێت.
سەرباری ئەو هەموو کارەساتەی کە پێش هاتوە ئەتاریش وا لە دەرگەکانی وڵاتی میسر راوەستاوە، خەڵکی ناڕازین بە نورەدین عەلی چونکە منداڵە، قطز ناچار بڕیارێکی زۆر ئازایانەی دا کە ئەوی لەسەر کورسی دەسەڵات هێنایە خوارەوە خۆی چووە جێگەی نورەدین عەلی، خەڵکی بەگشتی دەیانزانی کە قطز خۆی فەرمانڕەوای میسرە ئیتر ئەم ئەمسیلیە چیە دەیکات لەبەردەم خەڵکی بۆیە کارەکەی زۆر جێگەی لۆمەکردن نەبوو، بەڵام بەم کارەی قطز جوگرافیای هەموو جیهان دەگۆڕێت بەڵکو مێژووی هەموو جیهان دەگۆڕێت.
لە خاکی میسر چاکسازی گۆڕان روودەدات بەڵام گۆڕان و چاکسازی راستەقینە کە جێگەی لاسای کردنەوەی موسوڵمانانە.
مەنهەجێکی نوێ لەو سەردەمەدا پیادە دەکرێت کە دەکرێت هەموو خەڵکی موسوڵمانی ئەم سەردەمە چاوی لێبکات.
هەندێک ئاڵا هەڵدەکرێت کە ئاوابوونی ئاستەمەو کەوتنی ئاستەنگە، ئەتوانن ئەوەکان چاوی لێ بکەن!
سوپایەک ئامادە دەکات کە زۆر لەدێر زەمانەوە ئامادە ئەکراوە، تێوەی ئیسلامی دەتوانن لاسای سوپاکەی قطز بکەنەوە.
رۆژێکە کە لەرۆژانی پێشو ناچێت گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تێوەی ئیسلامی دەتوان رۆژانی خۆتان بگۆڕن وەک پێشەنگەکانتان کە چۆن گۆڕیان.
سەیفەدین قوطز بە ئەسڵ خەڵکی تورکستان بوو، دوای ئەوەی کە ئەیەکی مامۆستای بەدەستی شەجەرە تول دوڕە ژەهر خوارد دەکرێت و دەمرێت شوێنی دەگرێتەوە، ئەم پیاوە بەڕێزە لە بنەماڵەیەکی گەورەی خەواریزم بوو، باوکی پیاوێکی گەورەو ناوداری خەواریزمەکان بوو، بەڵام لەکاتی هێرشی ئەتار و مەغۆل دا کوژرابوو، دوای ئەوە کە باوکی دەکوژرێت نەجمەدین ئەیوب دەیهێنێتە میسر و گەورەی دەکات، بۆیە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەتار، لە تەمەنی ۳۲ ساڵیدا دەبێتە دەسەڵاتداری مەمالیک لە میسر، تەنها ۱۱ مانگ حوکم دەکات بەڵام لەو ماوە کەمەدا توانی نەخشەی هەموو جیهان بگۆڕێت.
لەم کاتەدا سەیفەدین قوطز هەواڵی پێ دەگات کە ئەتار ناوچە دوای ناوچە داگیری دەکات و وێرانی دەکات، بۆیە دەست دەکات بە ئامادەکاری بۆ رووبەڕوو بوونەوەیان، بەڵام پارە لەناو خەزێنەی دەوڵەتدا نییە بۆ ئەو ئامادەکارییە، بۆ ئەم مەبەستە دەیەوێت دەست بکات بە کۆکردنەوەی باج لە خەڵکی خەرجی شەڕ لەسەر حسابی ئەوان دابین بکات، بەڵام هەر زوو عزی کوڕی عەبدوسەلام کەوتە ئامۆژگاری کردنی و پێی راگەیاند کە پێویستە پێش هەموو کەس خۆت سەروەت و سامانەکەت دابنێیت ئینجا دوای ئەوە داوا لە خەڵکی بکەیت بۆ دانان و هاوکاری

سوپا، چونکە جیهاد کردن پێویستی بە خۆ یەکلاکردنەوەیە و دەبێت بە شێوەیەکی شەرعی هەنگاوی بۆ بنرێت بۆ ئەوەی خوای گەورەش سەرکەوتن بنێرێت، هەروەها ئامۆژگاری کرد بەوەی کە پێویستە پێش ئەوە دەورو بەرەکەی ئاشت بکاتەوە و ناکۆکی نەهێڵێت.
ئەم دوو خاڵەی کە عزی کوڕی عەبدوسەلام ئاماژەی پێدا جەوهەری گۆڕانکارین، یەکەمیان داتانی پارەو سەروەت و سامان، ئەو کەسەی کە دەیەوێت گۆڕانکاری بکات پێویستە پێشەنگ بێت لە بەخشینی ماڵ و قوربانی داندا، تۆ کە دروشمی جیهاد و گۆڕانکاری بەرز دەکەیتەوە و دەتەوێت کۆتایی بە خراپەکاری زوڵم و ستەم و خوێنڕێژی بهێنیت دەبێت خۆت جیا نەکەیتەوە لە گەلەکەت، خۆت خاوەنی زۆر بیت و ئەوانیش ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر بن، دەبێت وەکو ئەوان بژیت، دوای ئەو ئامۆژگاریانەی عزی کوڕی عەبدوسەلام مەحمودی کوڕی مەمدوح کە ناسراوە بە سەیفەدین قوطز هەرچی سەروەت و سامانی خۆی بوو خستییە بیتول مالەوە، دوای ئەویش هەموو ئەوانەی کە لە دەوروبەریان بوون سەروەت و سامانی خۆیان دەخەنە بیتول مالەوە، پاشان خەڵکیش کە دەبینن سەرکردەکانیان ئاوا سەروەت و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی سەرخستنی پەیامی خوای گەورەدا ئەوانیش چاویان لێ دەکەن و سەروەت و سامانەکانیان دەخەنە بیتول مالەوە، ئامۆژگاری دووەمی عزی کوڕی عەبدوسەلام بۆ سەیفەدین قوطز بریتی بوو لە ئاشتکردنەوەی دەوروو بەری، سەیفەدین قوطز بەگوێی ئەم زانا بەڕێزەی کردو بێ بێبەس ئاشت کردەوەو لە خۆی نزیکی کردەوەو کردییە جێگری خۆی کە یەکێک بوو لە قیاداتی موسوڵمانان لە میسر.
دوای ئەم چاکسازییانە سەیفەدین قوطزی سەرکردە دێتەوە سەر ئاواتەکەی کە دەیەوێت تۆڵەی موسوڵمانان و باوکیشی لە سوپای تەتاری دڕندە بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سوپایەکی سی و پێنج هەزار سەربازی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی کەت بوغەنیون، موسوڵمانان بەرەو شوێنێک بە ناوی عین جالوت کەوتنە ڕێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تەتار، موسوڵمانان و تەتار لە عین جالوت ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە سی و پێنج هەزار سەربازی موسوڵمانان بەرانبەر بە سەد هەزار سەربازی تەتار لەکوێ؟ لە عین جالوت[111]، مەمالیکەکان باش شارەزای بوون و سوپای تەتاریشیان بە پلان ڕاکێشا ئەو شوێنە، سوپای مەمالیک فیرقەیەکی سەربازی مۆسیقا ژەنیان لەگەڵدا بوو، ئەم فیرقەیان دابەش چوار جێگە کردبوو لە هەرجێگەیەک دا کە ئیعازیان پێ دەدرا تەپڵ و بۆق و مۆسیقای سەربازییان لێ دەدا بەجارێک دۆڵەکە دەنگی دەدایەوە.
شەڕ دەستی پێکرد یەکەم شمشێریش سەیفەدین قوطز بەهاواری وا ئیسلامە - وا دینە وەشاندی، بە یەکجار هەموویان بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد الله أكبر - لا اله الا الله، دەنگی بەرزی موسوڵمانان و حیلەی ئەسپەکانیان ئەوەندەی تر گوڕو تینی جیهادکردنی بەرزکردبووەوە موسوڵمانان سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا کە لە دوای وەفاتی صەلاحەدینی ئەیوبی بەو جارێکی تر عیزەتیان گەڕاندەوە بۆ موسوڵمانان، کاتێک کە شەڕ گەرم دەبێت سەیفەدین قوطز

[111] عین جالوت ناوچەیەکە دەکەوێتە سنوری شاری غەزە لە وڵاتی فەلەستین دۆڵێکی بچوک بوو.

وەكو شێر هەڵمەت دەدات بە ئاواتی شەهید بوون یان سەركەوتنی موسوڵمانان، ئەسپەكەی بریندار دەبێت خێرا ئەسپێكی تری بۆ دەهێنن و درعەكەیشی فڕێ دەدات بە دوای شەهیدی دا وێڵ بوو، وەكو چۆن دووجانەی هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ پەڕۆیەكی سووری بەستبوو بە سەریەوە كە نیشانەی ئەوەبوو ئارەزووی شەهید بوونە لە پێناوی خوای گەورەدا، لە شەڕدا هەندێك هەڵوێست هەن وەكو خۆ گەنجكردنەوە بە ریش رەشكردنەوەو پۆز لێدان و خۆدەرخستن كاری مەحمود و رێگە پێدراون.

هەر لەم شەڕەدا كەسێك بە ناوی ئاقمیش كە پێشتر لەناو سوپای تەتاردا بووە، بەڵام و پەشیمان بووەتەوەو موسوڵمان بووە سەركردەی سەربازی تەتار بەناوی كەرت بوغەنیون دەكوژێت، هەندێك لە مێژوونووسان باس لەوە دەكەن كە ئەو سوپایەی تەتار لەدوای ئەو شكستەیان بەتەواوەتی لەناو چوون، مەمالیك لە پێشڕەوی بەردەوام دابوون تاوەكو قاهیرەشیان لەبن دەستیان دەردەهێنا، دوای قاهیرەش بەرەو ناوچەكانی حەماو موصڵ دەكەونە رێ ئەو شوێنانەش دەخەنەوە ژێر دەستی موسوڵمانان، دوای ئەم سەركەوتنانە مەمالیك ناویان بڵاو بوویەوە.

سەردەمی مەمالیك سەردەمێكی زۆر گرنگە، پێویستە موسوڵمانانیش بەتایبەتی موسوڵمانانی وڵاتی ئێمە دیراسەی ئەو سەردەمە بكەنەوە، سەردەمی مەمالیك لە مێژوودا سەردەمێكی ونە، تەبعەن مەمالیك زمانی عەرەبیشیان نەزانیوە، بۆیە ئیبن تەیمیە رەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێت كە زمانی عەرەبییان نەزانیوە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات لەگەڵیان دا كە فێری زمانی عەرەبیان بكات، چونكە بابای موسوڵمان تاكو فێری زمانی عەرەبی نەبێت ناتوانێت لە بناغەی دینەكەی بگات، هەر بۆیە خەڵكێك لە وڵاتی ئێمەدا عیبادەت و عادەتیدان تێكەڵ كردووە، ئەوەندەی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ...هتد گرنگیان پێ دەدرێت ئەوەندە گرنگی بە زمانی عەرەبی نادرێت بەداخەوە، خۆ فێربوونی زمان هەر زمانێك بێت شتێكی زۆر باشە بەڵام گرنگترە لە پێش دا زمانی دینەكەت شارەزا بیت، چونكە تۆ لە قیامەتدا لەسەر ئەم دینە لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەكرێت، یانی مەعقولە گەنجی وڵاتی ئێمە زانكۆش تەواو دەكات نەك هەر عەرەبی نازانێت بەڵكو نازانێت پیشی خوێنێتەوە، یانی ئەگەر بە گەنجێكی دەرچووی زانكۆ بڵێیت عەریزەیەكم بۆ بنووسە بە عەرەبی نایزانێت، بەڕاستی ئەمە كارەساتە.

باسمان كرد كە سەیفەدین قوطز تەنها ١١مانگ حوكم دەكات و وەفات دەكات، دوای ئەویش جەمالەدین ئاقنیش شوێنی دەگەڕێتەوە، حوكمڕانی بەردەوام دەبێت تاوەكو سەردەمی پیاوێكی بەڕێز بەناوی محمد قەلەوون كە هاوسەردەمی ئیبن تەیمیە دەبێت، ئیبن تەیمیە بە ئەسڵ كوردە و خەڵكی حارانە، یەكێك بوو لە زانا خواناس و بەجورئەتەكانی سەردەمی خۆی، لەم كاتەشدا تازە دەوڵەتی عوسمانلی دامەزرابوو، تەبعەن بنەماڵەی عوسمانلی بە ئەسڵ خەڵكی كەركوكن بەڵام لە ترسی دەسەڵاتی عەباسیەكان دەچنە ناوچەكانی ئەنادۆڵ و لەوێ نیشتەجێ دەبن و دوای ئەوە ئیعلانی دەوڵەتی عوسمانلی دەكەن.

ناوی دەوڵەتەكەش لە ناوی دامەزرێنەرەكەیانەوە ناونرا بەناوی عوسمانلی توركمانی یان عوسمانلی كوڕی ارتغرل، ئەم دەوڵەتە وردە وردە گەورە بوو، وە لەبەرئەوەی مەمالیكەكان زۆربەیان توركمان بوون پاڵپشتیدان كردن، لەم قۆناغەدا تا رادەیەكی زۆر حاڵی موسوڵمانان باش

بەناوی تەیموری لەنگ سەرلەنوێ گەندەڵی و
بوو، بەڵام دوای ئەوە کەسێک پەیدا دەبێت بەناوی تەیموری لەنگ سەرلەنوێ گەندەڵی و
خراپەکاری دەخاتەوە ناو ئوممەتی ئیسلامی، هەرچەندە ئەم پیاوە بۆ خۆی لە تەتارو مەغۆل بوو
بەڵام باوکی موسوڵمان دەبێت و هەموو قورئانی پیرۆزیش بەم کورەی لەبەر دەکات، بەڵام بوو
بە شیعەی عەلەوی هاوشێوەی بەشار ئەسەدی ئێستا، بەهۆی ئازاییەوە زۆربەی ناوچەکان
دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئیبن تەیمییەی زانای خواناسیش زۆر هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەو
خەڵکانەی کە لە تەتارو مەغۆل بوون بۆ ئەوەی، موسوڵمانیان بکات و بیان گەڕێنێتەوە سەر
ڕێگەی ڕاست و فێری خواپەرستیان بکات.
ڕێگەی ڕاست و فێری خواپەرستیان بکات و چاکە خوازی خۆی بەردەوام
موسوڵمانان بەش بەش بوون، ئیبن تەیمییەش لەسەر چاکەکاری و چاکە خوازی خۆی بەردەوام
دەبێت بە جۆرێک دەچێتە هەر شوێنێکەوە نووسراوێکیان بۆ بەجێ دەهێڵێت، ئیبن تەیمیە
ئامانج و هەدەفی بەرپاکردنی گۆڕانکاری بوو لەناو موسوڵماناندا، فیعلەن لەگەڵ ئەو زانا
بەڕێزانەی هاو سەردەمی خۆی لەوانە ئیبن قەیمی جەوزیە، ئیبن حەجەری عەسقەلانی،
جەلالەدینی ئەسیوتی و...هتد گۆڕانکارییەکی باش ئەنجام دەدەن، لەسەردەمی مەمالیکدا لە
ڕووی زانستەوە کۆمەڵێک زاناو عولەمای گەورەو سەر ڕاست هەڵکەوتبوون، لە ڕووی
سەربازیشەوە سەیفەدین قوطز توانی جیهانی ئیسلامی لەدەست تەتار و مەغۆل ڕزگار بکات و
لەسەر نەخشەی سیاسی بیان سڕێتەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتیدان بهێنێت، بە کاریگەری زاناو
سەرکردە موسوڵمانەکانیش ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتەی تەتار و مەغۆل موسوڵمان بوو بوون،
تیاداشیاندا بوو ئاینی ئیسلامی قبوڵ نەکردوو بووە مەسیحی.
بەڵام زۆر بە داخەوە زۆربەی ئەوانەی بوونە موسوڵمان بەهەڵە لە دینی ئیسلام تێگەیشتن، ئیبن
تەیمیەی زانای خواناس کە بە حبر الأمە - شیخ الاسلام- ناسراوە توانی لەپاڵ گۆڕانکاری سەربازی
سەیفەدین قوطز دا ئەویش لە ڕووی بیروباوەڕەوە گۆڕانکاری گەورە بەرپا بکات، ئەم زانا بەڕێزە
نوێکەری دین بوو-ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، یەکێک لەوانەی کە موسوڵمان بوو بەڵام بە
سەقەتی لە دینەکە تێگەیشتبوو بریتی بوو لە تەیموری لەنگ، هەرچەندە هەموو قورئانی لەبەر
بوو بەڵام لە بیرو باوەڕی ڕاست لای داو شوێنی بەرنامەی شیعەی عەلەوی کەوت، هەر لەو
سەدەمەدا زانای گەورە ئیبن تەیمیە ئەکفیربوونی ڕاگەیاند، وە نیسبەت شیعەی عەلەویش
هەموو زانایانی ئوممەت یەک دەنگن لەسەر لە دین دەرچوونیان، هەرچەندە تەیموری لەنگ
هەموو قورئانی لەبەر بوو، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بە قورئان حوکم بکات بەڵکو هەر بە
یاسەکەی ئیمۆجین جەنگیز خان حوکمی دەکرد.
دوای ئەوە وردە وردە خۆشنودی و کامەرانی دەکەوێتەوە ناو موسوڵمان بەتایبەتی دوای ئەوەی
محمد فاتیح لە دەوڵەتی عوسمانلی دەسەڵات وەردەگرێت و قوسطەنطەنیە ڕزگار دەکات، دوای
محمد فاتیحیش کەسێکی تر دێت بەناوی سولەیمانی قانونی، سولەیمانی قانونی لەگەڵ پیاوێکی
بەڕێزی تردا بەناوی محمد بەربەڕۆس زۆربەی زۆری ناوچەکان فەتح دەکەن و دینداری و خەبات
تێکۆشان دەخەنەوە ناو موسوڵمانان، ئاوەکو زنجیرە شاخەکانی ئەمسا موسوڵمانان دەڕۆن،
جارێکی تر دینداری لەناو موسوڵماناندا زیندوو بوویەوەو سەرلەنوێ عیزەتیدان بۆ گەڕایەوە

لەم باس وخواستەدا ئامانجی ئێمە شیكاراتی مێژوو نییە، بەڵكو ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە دەست نیشانكردنی ئەو هۆكارانەیە كە بوونەتە هۆی بەرپا كردنی گۆڕانكاری وە گرنگیشە ئەگەر بە كورتیش بێت باسی ئاو رووداوەكان بكرێت بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامی دا هەر لەم سەری مۆریتانیاوە تاوەكو سیریاو ئەو دەوڵەتانەی كە بەدەستی موسوڵمانان بنیات نراون و ئاوەدانكراونەتەوە و شارستانیەتیدان تێدا چەسپاوە، ئەبعەن هەریەكێك لەمانە ژیاریان هەبووە، ژیارەكانیشیان بریتی بووە لە مەسائیلی هەندەسی و میعماری و كۆمەلایەتی و سیستەمی ئابووریی و سەربازی و ...هتد، هەموو ئەمانە بوونیان هەبووە لەناو ئەم دەوڵەت و شارستانیەتانەدا، وە كەنزێكی زۆر گەورەیە ئەگەر بابای موسوڵمان بتوانێت هەڵیان بداتەوەو سوودیان لێ وەربگرێت، نەك بە كتێبێك و دووان و سیان بەڵكو بە موجەلەدات كتێبی دەوێت، مێژوویەكی زیاد لە ١٤٠٠ ساڵییە، پێویستە هەموومان بەیەكەوە دەست بخەینە ناو دەستی یەك بۆ ئەوەی بتوانین ئەم كەنزە كە لە ژێر زەوی دایە و ون بووە لێمان دەری بهێنینەوە بۆ ئەوەی بیكەینە چراو ئایندەماتی پێ رووناك بكەینەوە و وەكو ئەزموونێكیش چاوی لێبكەین و بیخەینە سەر ئەزموونی خۆمان.

گۆڕانكاری بە موعجیزە ناكرێت، بەڵكو بە كۆمەڵێك خاڵ دەكرێت كە دەستمان خستوونەتە سەر لەناو ئەم مێژووەدا ئەوانش بریتین لە: سەركردە، ئیعداد، بیروباوەڕێكی پاك، برایەتی، سەركردە دەبێت سەر راست و خۆیەكلاكەرەوە بێت بۆ قیامەتی خۆی و ئەو خەڵكەش، ئیعدادیش بە كەسانێك دەكرێت كە رەوشتیدان جوان بێت چونكە ئەوان ئامانجیانە لە دەوری یەك كۆدەبینەوەو گۆڕانكاری بەرپا بكەن، بوونی سەركردەیەكی راستگۆو دەستپێكی ئیعداد بە بیروباوەڕێكی پاك و سەلیم سەركەوتوو دەبێت، پاشان دروستكردنی برایەتی لە نێوان موسوڵماناندا، وە دەبێت هەوڵ و ئیشكردن و ماندوو بوونیان لە پێناوی خوای گەورەدا بێت و مەبەستیان بێت ئیصلاح و گۆڕانكاری بكەن و خەڵكی بەرەو چاكسازی و چاكەخوازی بەرن و خۆیان بە خەیرە ئومە بزانن، ئەمر بكەن بە چاكەو نەهی بكەن لە خراپە، دوای ئەوە برۆن تا ئەو خەڵكەی لەگەڵیان دایە تاقیبكرێنەوە و هەڵنەخەڵەتێن بە سەروەت و سامان و پارە و پلەو مەنسەب تاكو دید روونیەكیان بۆ دروست دەبێت، پاشان رووبەڕووی ئەو كەسانە بینەوە كە دەیانەوێت گۆڕانكاریەكە فەشەل پێ بهێنن خاوەنی مەساڵیح و پرۆژەی گەورەن و ئامانجیانە گەندەڵی و خراپەكاری برەو پێ بدەن.

پێویستە ئەمانیش بە چاكە خوازی رووبەڕووی ئەو ئەوزمە بینەوە تاوەكو دەگەنە قۆناغی سەركەوتن، یاخود لەو پێناوەدا ئازار دەدرێن، زیندانی دەكرێن، دەكوژرێن ...هتد، دەبێت هەر بەردەوام و كۆڵنەدەر بن تاكو دەگەنە قۆناغی سەركەوتن پاشان قۆناغی تەمكین، لە قۆناغی تەمكین دا چەندە توانات هەبووبێت لە قۆناغی ئیعداد دا ئەوەندە سەركەوتن و تەمكین پەیوتر دەكات كەواتە ئەمە بە موعجیزە ناكرێت، چونكە ئەگەر وا بیر بكاتەوە بڵێت خوایە گیان تەیرول ئەبابیلمان بۆ بنێری بۆ ئەوەی هەرچی ئەبرەهەكانی ئەم سەردەمەیە لەناو بچێت، ئەمە ناستەمەو دروست نابێت جارێكی تر، تاكو ئیوارە دەست بەرز بكەرەوەو بڵێ خوایە گیان لە بەحری ئەحمەر و ئەسوەد مان بۆ لەت بكە و تەیرول ئەبابیلمان بۆ بنێرە، بۆت نایەت چونكە

بەسەرچوو؟ ٥٠ ڕۆژ پێش لە دایک بوونی پێغەمبەری ئازدار ﷺ ڕووداوێک ڕوودەدات کە هەرگیز ڕوو ناداتەوە لەسەر زەوی دا بۆچی؟ ئەم ڕووداوە زۆر گرنگە کە بیری لێ بکەینەوە، چونکە خەڵکێک پێی وایە دەبێت خوای گەورە لە کون قەیەکونێکدا هەموو شتێکی بۆ بکات ئەمە هەرگیز ڕوونادات.

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾، خوای گەورە لەناو هیچ گەل و هۆزێکدا چاکسازی ناکات تاکو خۆیان ئامادە نەبن بۆ ئەو چاکسازییە.

خەڵکێک کە ڕازی نییە بە دەسەڵاتی خوای گەورە و حەزی بەو نیعمەتە نەکرد خوای گەورەش پێی نابەخشێت، دەبێت خەڵک هەست بکات کە دەسەڵاتی خوای گەورە نیعمەتێکەو لە ئاسمانەوە دەیدات بە خەڵکی، بەڵام ئەگەر نەتویست تۆ ئیتر ئازادی لە جیهاندا ئەو نیعمەتەت نادرێتێ، ئەگەر ڕازیش بوویت و شوکرانە بژێری خوای گەورەت کرد خوای گەورە بە لوتفی خۆی پێت دەبەخشێت: ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ ﴿٧﴾ إبراهیم

لەیادتان بێت کە: پەروەردگارتان بڕیاری داوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانە بژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕێژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام: ئەگەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێر بن، بەڕاستی ئەو کاتە ئیتر تۆڵە و سزای من زۆر بە ئازار دەبێت.

خوای گەورە دەوڵەمەندە پێویستی بەوە نییە کە تۆ نوێژێکی بۆ بکەیت یاخود ڕۆژووی بۆ بگریت، نەخێر هەمووی بۆ خۆتە.

ئەمە دەرس و وانەیە بۆ ئێمەی مرۆڤ، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە ئێمە بڵێین خوای گەورە خۆی ماڵی خۆی دەپارێزێت و ئێمەش بۆ خۆمان دادەنیشین، ئەمە کۆتایی پێهات ئەگەر تۆ وا بیربکەیتەوە ﴿إِلَّا تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ﴿٣٩﴾ التوبة

واتە: ئەگەر (بۆ جیهاد) ڕانەپەڕن و دەستبەکار نەبن، ئەوە سزایەکی زۆر بەئێشتان دەدات و کەسانێکی تر دەهێنێتە کایەوە لە ئێوە نەبن، وەنەبێت ئێوە بتوانن هیچ زەرەر و زیانێک بە خوا بگەیەنن، (بەنەچوونتان بەدەم بانگەوازی خواوە، بەڵکو نافەرمانی و دنیاپەرستی هەر زیان لە خۆتان دەدات)، خوایش هەمیشە بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە.

خوای گەورە دەتان گۆڕێت بە قەومێکی تر، دەزانن بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەم گەلی موسوڵمانە پێویستیان بە ئیعدادە، پێویستیان بەوەیە کە خۆیان خۆیان چاک بکەن و بە هێزوو بازووی خۆیان ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، لە ڕۆژی بەدردا ٣١٦ هاوەڵی بەڕێز بوون بەڵام خوای گەورە سەری خستن بەسەر ١٥٠٠ سەربازی قورەیش دا، ئەگەر ئێوە بە ڕاستی و ڕاستگۆیی بێنەوە بەرانبەر بە دوژمنانتان خوای گەورە پارچە پارچەی و تەفرەقەو شکست توشی بێ باوەڕان دەکات، هاوەڵان ڕاستگۆ و سەر ڕاست بوون بۆیە سوپای کوفر پێش ئەوەی بگەنە ناو مەیدانی بەدر ٥٠٠ کەسیان لێ جیابوویەوە و ١٠٠٠ کەسیان لێ مایەوە.

کاتێک کە موسوڵمانان ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە خۆ خوای گەورە تەیرول ئەبابیلی بۆ نەناردن، موسوڵمانان سوپایان ڕێکخست، شەڕیان کرد، لەبەر ئەوەی بە ڕاستگۆیی هاتبوون خوای گەورە بە موعجیزە فریشتەی بۆ ناردن و سەرکەوتنی پێ بەخشین، ئەگەر تۆ بۆ سەرخستنی پەیامی

خوای گەورە ڕاستگۆبێت و ئامادەی دانی هەموو قوربانیەک بێت خوای گەورەش یارمەتیت دەدات و سەرت دەخات، خوای گەورە هاوکاریکری کردن بە فریشتە و باران، ئەمە لە لوچەیەکی بچووکی وەکو دۆڵی بەدردا، لەسەر موسوڵمانان بارانێکی لەسەر خۆو نەرم دەباری، بەڵام لەسەر دوژمنانیان بارانێکی بە لێزمەو خێرادە باری بە جۆرێک کە هەموو جێگەکانیان بوو بوو بە قوڕو چڵپاو و ئەسپ و حوشترەکانیان دەرنەدەچوو، ئەمە فەزڵی خوای گەورە بوو کە ئا بەو شێوەیە هاوکاریان دەبێت، ئەگەر بجوڵێیت یارمەتیشت دەدرێت، بەڵام ئەگەر ترسنۆک بێت و ڕاکەیتە سەر شاخەکان و لە گۆڕانکاری و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن خۆت بدزیتەوە خوای گەورە نەک هەر هیچت بۆ ناکات بەڵکو زەلیلشت دەکات.

خەڵک لە ماڵی خۆیدا جاری وا هەیە کە گرفتێکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە ئیتر خەوی لێ دەزڕێت و خەوی لێ ناکەوێت، بەڵام موسوڵمانان لەو شەوەدا کە بەیانییەکەی بەرانبەر دوژمن دەبنەوە بە ئیسراحەتی خۆیان خەوتن لە دۆڵی بەدردا، لەبەرانبەریشدا دوژمن لە ترسی موسوڵمانان خەویان لێ نەدەکەوت، خۆ لە ژمارەش دا سوپای ئەهلی کوفر سێ بەرابەری موسوڵمانان دەبوون، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر موسوڵمانانیان دەهاتە بەرچاو، بە پێچەوانەوە موسوڵمانان زۆر بە کەم سوپای کوفریان دەهاتە پێش چاو، مرۆڤی موسوڵمان دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە و سەرکەوتن، دوای سەرکەوتنیش خیتاب بەساقە و قوربان بوون نییە بۆ ئەوەی لە خۆبایی نەبن، با سەرکەوتنەکەش گەورە بێت خیتاب هەر ئاساییە، سەرکەوتن لەلای خوای گەورەوەیە پێویست ناکات مرۆڤ لە خۆبایی بێت.

پێش ڕووبەڕوو بوونەوەی ئوحودیش پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵە بەڕێزەکانی فەرموو شەو لە خەومدا دەستم لەناو درعێکی زۆر بەهێزدا بوو، سەری شمشێرەکەشم پارچەیەکی بچووکی لێ بوبەوە، وابزانم نەچینە دەرەوە بۆ دوژمن، پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی بۆ ڕەئی شورا لەبەرئەوەی وەحی نەبوو خەوی پێغەمبەری خوا ﷺ بە وەحی هەژمار ناکرێت، مانەوە یان چوونەدەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنی خستە بەردەم ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە بواری سەربازی دا شارەزابوون ڕەزامەندی خوایان لێ بێت.

هەندێک لە هاوەڵان لەوانەش حەمزەی کوڕی عبدالمطلب ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت زۆر پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە بچنە دەرەوە، دواجار لەسەر ڕاوێژ بڕیاردرا کە موسوڵمانان لە شاری مەدینە بچنە دەرەوەو لە دەرەوەی شارەکە بەرانبەر دوژمن بوەستنەوە، سبحان الله هەر لەو شەڕەدا هاوەڵی بەڕێز حەمزەی کوڕی عبدالمطلب ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت شەهید دەبێت، پێغەمبەری ئازدار ﷺ جلی جەنگی کردە بەری و فەرمووی هەر کاتێک پێغەمبەران جلی جەنگیان لەبەر کردبێت ئیتر لایان نەبردوون تاوەکو شەڕەکەیان نەکردبێت، وە پێی فەرموون ئەگەر ئێوە لە بەرنامە دەرنەچن سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، لە بەرنامە دەرنەچوون چییە کە سەرکەوتنی پێوە گرێ دراوە؟ واتە جیهان نەچێتە ناو دڵ و دەروونەوە.

گۆڕانکاری ناکرێت ئەگەر دڵ بە خۆشەویستی جیهان پڕ بوو بێت، گۆڕانکاری ناکرێت ئەگەر درۆ و دەستەڵەو خۆشەویستی جیهانی تێکەڵ بکرێت، پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکان ڕۆشتنە ئوحود، لە مەیدانی ئوحود دا ٥٠ هاوەڵی بەڕێزی جیاکردنەوە و ئەرکی چاودێری و

ەرموێنێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان... فەرموون نابێت بە هیچ شێوەیەک لێرە بجوڵێن
تیربازی خستە ئەستۆیان لەسەر کێوی ڕما، پێی فەرموون نابێت بە هیچ شێوەیەک لێرە بجوڵێن
تیربازی خستە ئەستۆیان لەسەر کێوی ڕما، پێی فەرموون... و دەمان بات بەرە و شوێنێکی تر، دوای ئەوە
ەنانەت ئەگەر بینیشتان تەیر ئێمەی هەڵگرتووە و دەمان بات بەرە و شوێنێکی تر، دوای ئەوە
بۆ دووپاتکردنەوە ڕووی کردە یەک بە یەکیان و هەمان فەرمایشتی بۆ دووبارە کردنەوە، پاشان
ڕووی کردە عبداللە ی کوڕی ڕەواحە سەرکردەیان و ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت پێی فەرموو بە
هیچ شێوەیەک ئێرە بەجێ ناهێڵن لە ئەگەری سەرکەوتن و شکانی ئێمەش دا.
شەڕ دەستی پێکرد و موسوڵمانان لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی جوانیان بەدەست هێنا، هاوەڵانی
سەر شاخی ڕماش کە پێغەمبەری خوا ﷺ چەندە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شوێنی خۆیان
جێ نەهێڵن، بەڵام زۆر بەداخەوە زۆربەیان لەسەر شاخەکە کە بینییان هاوەڵەکانیان
سەرکەوتوون دابەزین و فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوایان ﷺ بیر چوویەوە، هەرچەندە
عبداللە ی کوڕی ڕەواحە بیری خستنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ چ ئەمرێکی پێکردوون، بەڵام
گوێیان نەدا و بەدەم هاواری غەنیمەت غەنیمەتەوە هاتنە خوارەوە و بوونە هۆکاری شکستی
موسوڵمانان لەو شەڕەدا، چونکە خالیدی کوڕی وەلید کە ئەوکات یەکێک بوو سەرکردەکانی
قورەیش بینی کە شاخی ڕما تیروەشێنی زۆر کەم ئێماوە ئەمە دەقۆزێتەوەو بە خۆی و
سوپاکەیەوە لە پشتەوە دەگەڕێتەوە بۆ موسوڵمانان و دەست دەکەن بە شەهید کردنیان.
خۆشەویستی کۆکردنەوەی غەنیمەت بووە هۆی بیرکردنی فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ
دنیا چووە دڵیانەوەو لە بەرنامەکە لایان دا، بۆ لایان دا؟! خوای گەورە دەفەرموێت: صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ
لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ آل عمران، واتە: بێگومان خوا
بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردە سەر (لەسەرەتای جەنگی ئوحود)دا، هەر بە مۆڵەت و یارمەتی
لە (دوژمنانتان) بەگیر هێناو تێکتان شکاندن، هەتا ئەو کاتەی کە ساردی ڕووی تێکردن و بوو بە
کێشەتان لەسەر هەندێک شت، و هیاخی بوون (لە فەرمانی پێغەمبەرو صلی اللە علیە وسلم
سەنگەرتان چۆڵ کرد)دوای ئەوەی کە هەندێ شتی نیشان دان کە حەزتان لێ دەکرد، هەتانە
دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوەودوا دەستی ئێوەی کۆتا کرد (لە دوژمنان) تا
تاقیتان بکاتەوە، بێگومان لەوەودوا خوا چاوپۆشی لێکردن و لێتان خۆش بوو، وە خوا فەزڵ و
ڕێزی هەیە بۆ ئیمانداران
موسوڵمانان سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنابوو بەڵام خالیدی کوڕی وەلید لە سوپای دوژمن
هەڵەی هاوەڵانی سەر شاخی ڕمای قۆستەوەو لە پشتەوە گەڕایەوە و شەکەتی کردن، ئەوانەت
بڵاوبووەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید بووە، ئەوەندە ناڕەحەت بوو بوو بە ڕادەی لە هۆش
چوون و کەوتبووە ناو چاڵێکەوە و جلەکانی کە زرێ بوون چەقی بوونە دەم و چاوی موبارەکی،
دوای ئەوە هاوەڵی بەڕێز ئەبوو دوجانە ﷺ بە ددان لە دەم و چاوی پارچە زرێکانی
دەردەهێنایەوە، هاوەڵان کەوتبوونە حاڵەتێکەوە کە ئافرەتێک پشتگیری لە پێغەمبەری خوا ﷺ
دەکرد، لەم حاڵە شپرزەی موسوڵمانان دا ئیمامی عومەر ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت زۆ
مەترسیەکی دروست کردەوە و دەوری پێغەمبەری خوای داو ﷺ بردیانە سەر شاخی ئوحود،
بۆ ئەمانە ڕوویاندا؟! لەبەرئەوەی لە بەرنامەکە لایان دا.

قسەی ئێستامان ئەوەیە كە كاتێک كە ئەم حاڵەتە رووی دا خوای گەورە خۆ دەیتوانی بە كون فەیەكونێک تەیرول ئەبابیل بنێرێت بۆ هاوكاریان و رزگار یان بكات، پێغەمبەری نازدار ﷺ دەم و چاوی موبارەكی بریندار بووە تا ئەو رۆژەش كە وەفاتی كرد شوێنی ئەو تەلانەی كە چەقیبوونە دەم و چاوی موبارەكی ئاسەواریان هەر مابوو، نە تەیرول ئەبابیل هاتە فریایان نە فریشتە و نە موعجیزەی تر، چونكە لە بەرنامە لایان دا، دەبێت خۆیان خۆیان كۆبكەنەوە، ئەمە زۆر گرنگە ئێمە هەستی پێ بكەین كە گۆڕانكاری بە خۆمان دەكرێت بە كەسی تر ناكرێت بە مەعجیزە ناكرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر شاخی رما لەگەڵ ئەو كۆمەڵە موسوڵمانەی كە مابوونەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەرنامەی بۆ دیاری كردبوون بەڵام كە لایان دا توشی شكست بوون و خەتاكەش لە خۆیان بوو.

خاڵێكی گرنگتر كە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بكەین خیتابی شكستی موسوڵمانان جیاوازی هەیە، چۆن لە سەركەوتنی بەدردا خوای گەورە باسی ئەوەی كرد كە لەسەر ئەنفال نەكەن كێشە دروست بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ، وە موتەقی و لە خوا ترس بن باسی سەركەوتن نەبوو، بەڵام لەمەیانا دەفەرموێت توشی موصیبەت بوون بەڵام هۆكارەكە لە خۆتانەوە بوو خێرا بگەڕێنەوە بۆ شورا، ئەمە زۆر گرنگە یانی كۆمەڵێک پێیان وایە ئەمە پەیوەندی بە شوراوە نەبووە، یا پەیوەندی بە شوراوە بووە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرەتا راوێژی پێكردن بە قسەی پێغەمبەری نازداریان ﷺ كردو لە شوراكەدا سەركەوتن، بەڵام شورایان شكاند، جارێكی تر خوای گەورە لە سوورەتی ال عمران پێیان دەفەرموێت بگەڕێنەوە بۆ شورا، بۆ ئەوەی جارێكی تر هەموویان بەیەكەوە راوێژ بكەن، خیتابی ئەمجارە لە كاتێكدایە كە موسوڵمانان شكستیان هێناوە خیتابێكی زۆر گرنگە، خوای گەورە ئینجا باسی ئەوەیان بۆ دەكات: وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾ آل عمران. واتە: بێگومان خوا لە غەزای بەدردا سەری خستن، هەرچەندە ئێوە لە ژمارەو چەكدا لاواز بوون، دەی كەواتە لەخوا بترسن، بەڵكو بتوانن سوپاسگوزار بن.

وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: الحرب سیجار. كاتێک كە چوونە سەر شاخی رما ئەبو جەهل هاواری دەكرد محمدتان ﷺ تێدا ماوە، پاشان وتی ئەی ئەبوبەكر و عومەر، بۆ هەواڵی ئەم سیانەی پرسی؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئاراستەی وەحی بووە، ئەبوبەكر و عومەریش رەزامەندی خوایان لێ بێت دوو وەزیری بوون، بۆیە یەكسەر هەواڵی ئەوانی پرسی، بە هاوەڵانی دەوت هوبەل و مەنات و عوزا بەرز بكەنەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێت ألا تجیبوا، هاوەڵانیش دەڵێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەچی وەڵامی بدەینەوە، ئەویش پێیان دەفەرموێت پێی بڵێن: " الله مولانا ولا مولی لكم". واتە: ئێمە خوامان هەیە ئەی ئێوە كێتان هەیە، هەمیشە دەبێت ئەم تەسەوورەت هەبێت، تۆ خوات هەیە ئەوان كێیان هەیە. قابیلە چ ئەوەویەک چ دەبابەو ساروخێک دەرەقەتی خوای گەورە دێت پەنا بە خوای گەورە، دەبێت بەم رۆحیەتەوە كار بكەین ئینجا سەیری شكستەكەیش بكەن لە كاتێكدا كە شكست هێناوە و كەوتوونەتە ناڕەحەتی و موصیبەتەوە خوای گەورە دەفەرموێت پێیان: وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن

ئەفەت مەخۆن، چونکە ... و سارد مەبنەوەو خەفەت مەخۆن، چونکە ... کۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوەو خەفەت مەخۆن، چونکە
كُنتُم مُؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ آل عمران. واتە: کۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوەو خەفەت مەخۆن، چونکە ئێوە بەرزن، ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن، هەر ئێوە سەربەرز و سەرفرازو سەرکەوتوو دەبن ئەگەر ئیماندار بن.

مادام ئیماندارن، ئێوە پایەتان بەرز، مەبن بێزار مەبن ئێوە پایەتان بەرز، مادام ئیماندارن:

خەفەت مەخۆن ناڕەحەت مەبن بێزار مەبن ئێوە پایەتان بەرز، مادام ئیماندارن:
خەفەت مەخۆن ناڕەحەت مەبن کاتێک کە براکەت دەکەوێتە چاڵێکەوە پێی مەڵێ بۆ کەوتیتە ئەو کورت و بوخت پێتان دەڵێین کاتێک کە براکەت دەکەوێتە چاڵێکەوە پێی مەڵێ بۆ کەوتیتە ئەو چاڵەوە؟ ئەوە سەبەب و هۆکارەکەی چی بوو؟ بەخوا خەتای خۆت بوو ئەگەر ئیرەوە نەڕۆشتیتایە و لەوێوە بڕۆشتیتایە نەئەکەوتیتە ناویەوە. ئەمە هەڵەیە ئازە کار لە کار ترازاوە و کەوتۆتە ناویەوە، لە جیاتی ئەوە پێی بڵێ دەستم بەرێ با ڕزگارت بکەم و دەرت بهێنمەوە. ئەمە گرنگ و موهیمە بۆ گۆڕانکاری پشتی یەکتری بگیرێ، دەبێت بەم شێوەیە گۆڕانکاری بکرێت، سەیری خیتابی سەرکەوتنی موسوڵمانان بکە و سەیری خیتابی کاتی شکست و نوشوستیشیان بکە، بۆیە فێربووفمان لە بابەتی سەرکەوتن و گۆڕانکاری ناو گەلان ئەوەیە پێش هەموو شتێک ئاگادار بین جیهان نەچێتە ناو دڵمانەوە، بۆیە ئەوەندە قسەش لەسەر ئەم بابەتە دەکەینەوە چونکە بناغەیە، خۆشەویستی جیهان کە چووە ناو دڵ و دەروونەوە ئیتر گۆڕانکاری ناکرێت.

ئەوەندە دووبارەکردنەوەی ئەم بابەتەش وەکو ئەوە وایە بە منداڵێک بڵێی لە کاتی دەستکاری شت و مەکی ناو ماڵدا وامەکەو واز بهێنە، بەڵام دوای ماوەیەک دیسانەوە دەست دەکات بە دووبارەکەردنەوەی هەمان ڕەفتارودەبێت دیسانەوە پێی بڵێیتەوەو ئاگاداری بکەیتەوە چونکە منداڵە. ئێمەش وەکو ئەو منداڵە واین زوو زوو پێویستمان بەوەیە شتەکانمان بۆ دووبارە بکرێتەوە، پێویستە هەمیشە باس بکرێتەوە تاکو لەگەڵیدا پەروەردە دەبێت. گۆڕانکاری ئێمە ئاستەمە ئیلا بەوە نەبێت کە دەستێکی ئیعداد بەوە بێت کە هەرچی شتە بیخەینە پشتی خۆمانەوە و تەنها ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە خزمەت بکەینەوە بە گەل و نیشتمانی خۆمان لە پێناوی خوای گەورەدا، چونکە ئەگەر تۆ هەر خزمەت کردنەکەت نەتەوەیی و بە تەفکاری تر بێت هیچ سوودێک ناکات. دیقەت بدەن ئێمە بۆچی لەم مەتزەقا دەسوڕێینەوە؟ بۆچی کەوتووینەتە ناو بازنەیەکی بەتاڵ و هیچ شتێکمان پێ ناکرێت؟ لەبەرئەوەی خاوەنی پرۆژەی ئیسلامی نین، لەوانەیە خەڵکێک بڵێت باشە پرۆژەی ئیسلامی چییە؟ پرۆژەی ئیسلامی ئەوەیە کە کاری خۆت لەگەڵ کاری پێغەمبەراندا -علیهم الصلاە وسلام-ڕێک بخەیت، واتە شارەزا بیت لە شێوەی کارکردنی سیستەمی پێغەمبەران -علیهم الصلاە وسلام- لە ئیصڵاحیان، لە شێوەی کاری تۆبۆزسیۆنیان، لە فەرمانڕەوای و دەسەڵاتیدان، لە جیهاد و خەبات و گۆڕانکاریان لەناو کۆمەڵگەدا لە چۆنیەتی خۆشەویستیان بۆ خەڵکی.

سەیربکەن پێغەمبەری خوا ﷺ زۆربەی زۆری کارەکانی بە خۆشەویستی بووە، یانی کاتێک کابرایەک دێتە لای خەوتووە هیلاکەو شمشێرەکەی کردووە بە لەپی دارێک لە ڕاست سەریەوە. کابرا دەبینێت ئەو ئازدارە ﷺ خەوتووەو شمشێرەکەشی هەڵواسیوە، فرسەت دەهێنێ و شمشێرەکەی دادەگرێ و دەیخاتە سەر ملی پێغەمبەری خواو ﷺ پێی دەڵێت ئادەی محمد بزانم کێ دەتوانێ لە دەستم ڕزگارت بکات، ئەویش زۆر بە لەسەر خۆیی و هێمنی بە بێ ئەوەی بشلەژێ پێی دەفەرموێت "خوای گەورە". کابرا لەم وتەیەی زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت بەم وتەیە

هەموو گیانی دەكەوێتە لەرزەو شمشێرەكەی لە دەست دەكەوێتە خوارەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ شمشێرەكەی هەڵدەگەڕێتەوەو دەیخاتە سەر گەردنی و پێی دەڵێت ئادەی بزانم تۆ ئێستە كێ فریات دەكەوێت و رزگارت دەكات لە مردن، كابراش خێرا دەڵێت رەحم و بەزەیت، دوای ئەوە دەڵێت ئەی محمد بە رەحم و بەزەیی خۆت وازم لێ بێنەو مەمكوژە هەرگیز بیرم ناچێتەوە. ئەم رووداوە چ دەرسێكی تێدایە بۆمان؟ ئایا وەكو باقی رووداوەكانی ترەو دەبێت بە ئاسانی بەسەرماندا تێپەڕ ببێت بە بێ هیچ هەڵوێستەیەك لەسەری، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی كراوەتە أسوه الحسنه بۆمان؟ ئەوەی كە لەم رووداوەوە فێر دەبین ئەوەیە كاتێك كەسێك خراپەكارە بەرانبەرمان هێزو قوەتی خۆمان پیشانی بدەینەوە بەڵام دوایش بزانێت كە ئێمە لێبوردەین، بە واتای ئەوەش نا هەركەس هەڵسا و زلەیەكی لێدایین ئێمەش بڵێین ها بەسافە ئەوە ئەولاكەش لێیدە، نا ئەگەر زلەیەكی لێ دایت زلەكەی لێدەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئازاری روومەت چەندە ناخۆشە، با فێر نەبێت پێت و دایم لە ژێر دەستی دا بیت و زلەو شەقت تێ هەڵدا، بە عیزەت و بە غیرەت بە، خۆ ئاینی ئێمە ئاینی نەصرانیەت نییە كە بەدەم سەیدنا عیساوە -علیه السلام- دروستیان كردووە گوایە ئەو ئازادارە فەرموویەتی "هەركەسێك زلەیەكی لێدایت ئەولایشی بۆ ئامادە بكە بۆ ئەوەی لەولاشت بدات" بۆچی لێت بدات؟ ئەگەر لەولاشت بدات پێ رادەكێشێ بەسەرتداو خۆی دەسەپێنێت بەسەرتدا ئەمە سیفەتی مرۆڤە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش وەكو هەندێك بانگەشەی بۆ دەكەن كە ئاینێكی میانڕەوە، میانڕەو لە نێوان شتەوە هاتووە، زۆر جار ئێوان لە شتدا لە ئیسلام دا زەم كراوە، سید قطب-ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: پێویستە تۆ لەوەسەتدا بیت، وەسەتییەت ئەوەیە تۆ لەناوەندا بیت هەموو شتەكان بۆ تۆ بەرز دەكرێتەوە و تۆش بە دادپەروەری دەیانپێویت نەوەكو بەوەی كە تۆ میانڕەویت، چۆن دەبێت موسوڵمان بێ هەڵوێستبێت؟ دەبێت لە هەموو شتێكدا بە هەڵوێست بێت، چۆن دەبێت لەبەرچاوتدا گەندەڵی و خراپەكاری بكرێت و تۆش هەر بڵێیت ئامن بە میانڕەوی وردە وردە چارەسەری دەكەم، كەی موسوڵمان بێ هەڵوێستە؟ بەڵكو دەبێت كەسێك كە چاكەی كرد پێی دەڵێیت چاكە كە خراپەشی كرد پێی دەڵێیت خراپە ئەمە میانڕەوی پێ ناوترێت، ئەمە پێی دەوترێت خاوەنی هەڵوێست، بەڵێ وەسەتییەت بە واتای ئەوەی كە دادپەروەرە، پێویستە بەم شێوەیە بیر لە ئیسلامەكە بكەینەوە، نەوەكو پرۆژەی ئیسلامی لە چاوی رۆژئاواوە بهێنین و بە خەڵكی بدەینەوە، دەبێت ئیسلام بەو پرۆژەیە بدەینەوە بە خەڵكی كە خوای گەورەو پێغەمبەری ئازادارەكەی ﷺ هێناویانە بۆمان.

كابرا بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت مەمكوژە هەرگیزاو هەرگیز بیرم ناچێتەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێت نا من هەرنیەتی كوشتنتم نییە، چونكە ئەسڵ ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە كە ئاشتی لەناو خەڵكیدا بڵاوبكاتەوە، كابرا دەچێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خواو ﷺ موسوڵمان دەبێت، پێغەمبەری خواش ﷺ پێی دەفەرموێت بۆچی لەوكاتەی كە شمشێرەكەت لەسەر مل بوو موسوڵمان نەبوویت؟ ئەویش دەڵێت لەبەر ئەوەی دوایی پێم نەڵێن موناfیق، بڵێن لە مردن ترساویت بۆیە موسوڵمان بوویت.

ئەوان بەم شێوەیە لە ئیسلام گەیشتبوون، تەنانەت قبوڵیشیان نەدەکرد کە لە ناخ و دڵ و دەروونیاندا خەڵک بە موناقیق ئەژماریان بکات، زۆر گرنگە بەم شێوەیە بێینە ناو دینی ئیسلامەوە، تا بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت، بەدوای ئەوە نەبین کە خەڵکێکی زۆر بۆ خۆمان کۆبکەینەوە بە تەسەوراتی عەلمانی و ئەو دیموکراسیەی کە ئێستا هەیە ئیسلامەکە بهێنینەوە پێشەوە و بڵێن وەڵا یا دەنگی زۆر بهێنین و کورسی زۆرمان هەبێت، وە شانازی بەوەوە بکەیت کە ئافرەتانێکی سفور روویان کردۆتە تۆ لەگەڵ ئەوبەڕی ڕێزمان بۆ ئافرەتانی نا موحاجەبە، باشە یاخوا بەخێر بێن ئیشێکی چاکە، بەڵام موهیم ئەوەیە تۆ ئەو خەڵکانە بگۆڕیت و موحاجەبەیان بکەیت، خەڵکێکی موسوڵمان ئەمە بە گۆڕانکارییەکی گەورەو گرنگ دەزانن کە خەڵکانێک ئیلتیزاماتی ئیسلامیان نییەو رووشیان کردۆتە موسوڵمانان، جا بەچی دەچێت من تا ئێوارە فیکرێکی ئیسلامیم هەبێت، قسەی زلی ئیسلامی بزانم کە نوێژم نەکردوو موڵتەزیم نەبووم بە کەڵکی چی دێت وەکو سفری پشت ژمارەیە هیچ بایەخێکی نییە، ئەمە پرۆژەی ئیسلامی نییە، پرۆژەی ئیسلامی ئەوەیە کە ئێوە سەرلەنوێ خەڵکی بونیات بنێننەوە، بەم ئیسلامە ئایدۆلۆژییە ئیسلامیەکە بە خەڵکی بناسێننەوە، بیروباوەڕە ئیسلامییەکە بە خەڵکی ئاشنا بکەنەوە.

دێینەوە سەر ئەوەی کە پێویستە ئێمە بۆ خۆمان حەرەکەت بکەین و گۆڕانکاری بەرپابکەین و ئەمر بەچاک و نەهی لە خراپە بکەین، ئینجا چاوەڕێی هاوکاری و سەرکەوتنی خوای گەورە بین کە پێتان ببەخشێت، خۆ لە کاتێکدا کە ریچارد قلب الأسد دێت کە لە مێژوودا بە پیاوێکی زۆر باش و چاک ناسراوە لە شەو و رۆژێک دا سی هەزار موسوڵمان سەر دەبڕێت لە شاری عەککا خوای گەورە تەیرول ئەبابیلی بۆ نەناردن، چونکە پێویستە ئەو خەڵکە خۆی هەستێتەوە سەر پێ و گۆڕانکاری بکات یان کاتێک کە هێرشی نەسارا دێت و هەموو ناوچاکانی وەکو ئالانیا، ئەنتالیا، ئەنتاکیا و ناوچەکانی تر دەگرێت خوای گەورەش نە تەیرول ئەبابیل و نە هیچ شتێکی تر نانێرێت، ئیلا ئەو پیاوە بەرێزانە هەموویان کە لە رابردوودا باسمان کردن لە مەمدوحی کوڕی تومتوکین و عیمادەدین زەنگی و نورەدین مەحمود و ئەسەدین شێرکۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی و هەموو ئەو پیاوە بەرێزانەی تر لەولایشەوە پیاوانێکی بەرێزی وەکو یوسفی کوڕی تاشفین و ئەبوبەکری عومەری لەمتونی و ئیبراهیمی جودالی و لە ئەندەلوسیش عەبدوڕەحمانە بەرێزەکان کە لە رابردوودا باسمان لێوەکردن هەروەها ئەبی حامیدی مەنصوری و زۆرێکی تر لەوانە کە هەموویان خۆیان یەکلاکردبوویەوە بۆ ئەوەی رایەڕین و رابوونی کۆمەڵگەکە بکەنەوە رەحمەتی خوا لەهەموویان بێت.

رابوونی کۆمەڵگە زۆر گرنگە پێویستە ئێمە بزانین کۆمەڵگە بە چی رابوونی پێ دەکرێت، ئەگەر پرۆژەکەت پرۆژەیەکی ئیسلامی نەبێت تۆ تا ئێوارە شت بخەیتە بەردەمی خەڵکی خەڵکێکی تر هەیە لە تۆ بەهێزتر و بەتواناتر دەتوانێت خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێتەوە، ئەتان پرسیوە هۆکاری ئەوە چییە کە ئەم هەموو خەڵکەی نوێژ و رۆژوو دەگرێت کەچی دەنگی بۆ ئیسلامیەکان نییە؟ لەبەرئەوەی ئێوەش لە زۆر شتدا وەکو ئەوانن و خۆتان جیا نەکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی هەمان پرۆژەی ئەوانتان پێیە، ئەوان باسی دیموکراسی دەکەن ئێوەش هەر باسی ئەوە

دەكەن، ئەوان باسی مافەكانی مرۆڤ دەكەن بە دیدو تەسەوراتێكی عەلمانی، ئێوەش نزیك لەوان باسی ئێوە دەكەنەوە، ئێ لیتر دەبێت تۆ جیاوازیت لە چیدا بێت، كوا پرۆژە ئیسلامییەكەت؟ كوا پرۆژە موسوڵمانانەكەت، نابێت شەرم بكەیت لە خستنە رووی پرۆژەی ئیسلامی، پێویستە ئێمە ئیمتیدازمان هەبێت و ناسنامەی ئیسلامی خۆمان ون نەكەین، هەركەسێكیش ئەمە دەخوێنێتەوە یا بێت مێژوو دیراسەت بكاتەوەو جوان ورد بێتەوە و سەرنج بدات بۆی روون دەبێتەوە كە بە خودی ئیسلامەكە خۆی نەبێت گۆڕانكاری نەكراوە، نە بە دیموكراسی سەركەوتوو بووە، نە بە لیبراڵی سەركەوتوو بووە، نە بە هیچ فیكر و ئایدیایەكی تر، زۆر بە ئازایانەو جەریئانەش بڵێ كاكە من ئیسلامم دەوێت چونكە ئیسلامەكەی من لە دیموكراسی و لیبراڵی و ئەمسالی ئەوانەش تری تۆش زۆر زۆر بەهێزتر و بەكەڵك ترە، ئیسلام ئیعتیراف بەهەموویان دەكاتەوە و دان بە هەموویاندا دەنێت و تەعامول لەگەڵ هەموویاندا دەكات و زانای هەموویان بە زانا دەزانێت بە بێ ترس، بەڵام ئەوان لەبەر ترس و نەوێرانیان بە هیچ جۆرێك ئیعترافی پێ ناكەن، تەنانەت دەڵێن بە شوێنكەوتەكانیان گوێشیان بۆ نەگرن چونكە ئەوانە ولو واو وان.

كەواتە پێویستمان بە رابوونی كۆمەڵگەیە، رابوونی كۆمەڵگەش دەبێت لە هەموو سیستەمەكانەوە دەست پێ بكات بەڵام بە پرۆژەی ئیسلامی مەعقولە ١٤٠٠ ساڵ ئێمە خەبات و شۆڕشمان كردبێت ئاراستە كرابێتین لەلایەن زاناو عالمانیانەوە، لەلایەن قائدی سەربازی و سیاسی و هەموو ئەوانەی ترەوە كە هاتوونەتە پێشەوە و نوێكەری دین بوون و بە پشت بەستن بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو سەد ساڵ جارێك نوێكەرێك هاتووەتە پێشەوە، تۆ بڵێی خاوەنی پرۆژەی خۆمان نەبین و نەتوانین پرۆژەیەك بهێنینەوە پێشەوە، رۆژئاوا لە كوێوە دەیهێنێ مەگەر دیموكراسیەكەی سەردەمی ئەرستۆ نییە وەكو فەوان زوو زوو لێی دەدەنەوەو پێمانی دەفرۆشنەوە كە چوار سەدە پێش لە دایك بوونی سەیدنا عیسا -علیه السلام- بوونی هەبووە و ئێستا بە منەتەوە پێمان دەفرۆشنەوە، خۆ ئیسلامەكەی ئێمە زۆر لە پۆست مۆدێرنەكەی ئەوان بەهێزترە، یانی زۆر بەلامانەوە سەیرە خەڵكێك دەڵێت ئێمە دامەزراوەی خۆمان پۆست مۆدێرن لێ دەكەین، دەزانن پۆست مۆدێرن یانی چی، یان ئەو دامەزراوە دیموكراسیانەی كە رۆژ بەرۆژ لە گۆڕانكاریدان و بە ئەنتی پۆلەتیك دەكرێن و دەكرێتە مەدەنی بە حسابی خۆیان.

رابوونی كۆمەڵگە هەروا شتێكی ئاسان و سادە نییە، بەڵكو قورسترین كاری گۆڕانكارییە چونكە سەرەتای دەستپێكی هەموو شارستانیەتێك، هەموو حكومەتێك، هەموو گۆڕانكارییەك لە جیهاندا پێویستی بە رابوونی كۆمەڵگەیە، رابوونی كۆمەڵگەی ئیسلامیش بە دیدو تەسەوراتێكی ئیسلامی دەكرێت، لە غەیری ئەم دیدو تەسەوراتە ئیسلامییە هەرشتێكی تری تێكەڵاو بكەیت ئاستەمە ئەو رابوونە سەركەوتوو بێت، هەروەكو چۆن پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەستپێكی رابوونی ئیسلامی یان با بڵێین رابوونی كۆمەڵگەكەی لەسەر سێ خاڵ بنیات نا، پەیوەندی نێوان خوای گەورەو مرۆڤ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، پەیوەندی نێوانی مرۆڤ و ژینگە.

پێش هەموو شتێك نێوانی مرۆڤ و خوای گەورەی رێكخست، پێشتر خوای گەورە كە سەیری سەر زەوی دەكرد رقی لە خەڵكەكەی بوو بەهۆی خراپەكاریەكانیانەوە، ئەمەش بە پشت بەستن

بەو فەرموودەیەی پێغەمبەری ئازدار ﷺ کە دەفەرموێت: إن الله نظر إلى أهل الأرض فمقتهم عربهم وعجمهم إلا بقايا من أهل الكتاب، واتە کاتێک کە خوای گەورە سەیری سەر زەوی کرد زۆر کەم لە مرۆڤەکان بە کاری باشەوە خەریک بوون، بقایا بۆ زۆر کەم بەکار دەهێنرێت لە زمانی عەرەبیدا، لە عەرەب و عەجەم خەڵکێکی زۆر کەم بە کاری چاکەوە مابوون، کە مادام خەڵکی باش کەم بێت لە سەر زەوی دا پێویستە گۆڕانکاری بکرێت لە خراپەکارییەوە بەرەو چاکەکاری، بۆیە پێغەمبەری ئازدار ﷺ سەرەتای دەستپێکی کار و بانگەوازی ئەوەبوو کە نێوانی خوای گەورەو مرۆڤەکانی ڕێک خست، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێویستە، ئێمەش ئێستا پێویستمان بەوەیە کە نێوانی خۆمان و خوای گەورە ڕێک بخەینەوە، پێویستە خوای خۆمان خۆش بوێت، وە ببین بە نزیکترین کەس لێیەوە، هەرکات توانیمان ئیصلاح و چاکسازی لەم نێوانەدا بکەین ئەو وەختە دەتوانین هەرهەموویان بەیەکەوە ڕابوونی کۆمەڵگەی خۆمان بکەینەوە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا بەرپا بکەینەوە.

هەنگاو و خاڵی دووەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دا بریتی بوو لە ڕێکخستنەوەی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، بە واتای بڵاوکردنەوەی برایەتی و خۆشەویستی و خۆشنوودی و کامەرانی لەنێوان خەڵکیدا، تەسەور بکەن دەگێڕنەوە کە لە شەڕێک لە شەڕەکانی موسوڵمانان دا سێ هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ بریندار دەبن، بە هەر سێکیانەوە یەک قوم ئاویان پێیە هەرسێکیشیان تینوێتی زۆری بۆ هێناون، ئەگەر برایەتی و خۆشەویستی نەبێت هەر سێکیان پەلاماری ئاوەکە دەدەن بۆ ئەوەی خۆی پێ ڕزگار بکات، بەڵام ئەم هاوەڵە بەڕێزانە لەبەرئەوەی پەروەردەی قوتابخانەکەی پێغەمبەری ئازدارن ﷺ کەسیان ئاوەکە ناخواتەوە، ئەم دەیدات بەو ئەو دەیدات بەو تاوەکو پێنجیان وەفات دەکەن، ئەمەیە تەنها نموونەیەکە کە لە نێوان هاوەڵاندا ڕووی داوە، ئەمەیە برایەتی و خۆشەویستی ڕاستەقینە، ئەوەندە یەکتریان خۆش دەویست کەسیان ئاوەکەی بە بێ براکەی نەدەخواردەوە، هەریەکەیان ئامادە بوو لە پێناوی براکەیدا گیانی خۆی ببەخشێت، ئەمەیە بنەڕەتی ڕێکخستنی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ.

خاڵی سێیەمیش بریتییە لە ڕێکخستنی نێوان مرۆڤ و ژینگە، مرۆڤ و مادەو پێشکەوتن، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرەتای دەستپێکی ڕابوونی کۆمەڵگەکەی بەم سێ خاڵە دەستی پێکرد، ئەمانە خاڵی جەوهەرین هەوێنی ڕابوونی کۆمەڵگە و گۆڕانکارین، ڕابوونی کۆمەڵگە دەبێت بە تەسەوراتێک بکرێت، کابرای فەیلەسوف و بیرمەند هەر فیکرێکی هەیە ئازادە بە دەدەبیاتی خۆی ڕابوونی کۆمەڵگەی بکات، بەڵام مەعقول نییە تۆیەکی موسوڵمان بتەوێت ڕابوونی ئیسلامی بەرپا بکەیت بە تەسەوراتێکی تر لەناو کۆمەڵگەی موسوڵماناندا، بەمە هەرگیزاو هەرگیز سەرکەوتن بەدەست نایەت، ئێمە بۆ خۆمان تاکو ئێستاش کە توشی گەندەڵی ناو ئیسلامیەکان بووینەتەوە ئەگەر تەعبیرەکەمان ڕاست بێت بە هۆکاری ئەوەیە کە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە ئەوەی کەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەمریان لەسەر کردووە وەکو دەدەبیاتی ئیسلامی جێ بەجێی بکەین.

دەدەبیاتی ئیسلامی

دەدەبیاتی ئیسلامی لەلای ئێمە زۆر بەرچاو نییەو نابینرێت بەڵکو هەر تەسەوراتە عەلمانییەکەیە، ئێمە ڕۆشنبیری یەکی ماس میدیامان بۆ دروست بووە، واتە ڕۆشنبیری جەماوەری عەلمانی

هاتووەتە ناو گیان و ژیان و بیرو بۆچووونمانەوە، ئەمە زۆر خەتەرە چونكە رۆشنبیری ئیسلامی جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ رۆشنبیریەكانی تر، رۆشنبیری باسمان كرد كە بریتییە لە و زانیارییانەی كە تەراكومە بوونەوە پێویستە شیكاریاتێدان پێ بكرێتەوە، بەڵام بە شیكاریاتێكی ئیسلامیانە و موسوڵمانانە، زۆر گرنگە ئێمەی موسوڵمان ئەو سۆزەمان بۆ دروست بێت وەكو هاوەڵانی بەڕێز بژین و بیربكەینەوە، بۆ نمونە كاتێك كە ملیحانی كوڕی حەرام -رەحمەتی خوای لێ بێت- پێش ئەوەی شەهید بێت كە بریندار دەكرێت خوێنەكەی دەدات لە دەم و چاوی و دەفەرموێت: "فزت ربی الكعبە" واتە سوێند بە خوای كەعبە بردمەوە، ئەو كەسەی كە شەهیدی دەكات دەڵێت مافاس نەیبردۆتەوە بەڵكو ئەو كوژرا، ئەم تەعبیرە دەبێتە جێی تێرامانی ئەم كەسە بێ باوەڕە كە ملحانی شەهید كردووە، بە دوای ئەو دەدەمیاتەدا وێڵ دەبێت كە یانی چی من كوشتوومە كەچی ئەو دەڵێت سوێند بە خوای كەعبە من بردمەوە وە خوێنەكەش دەدات لە دەم و چاوی خۆی، ئەمە لە هیچ دەدەبیاتێكی تردا نابینرێت.

یان بۆ نمونە كاتێك كە موسوڵمانان سەروەت و سامانێكی زۆریان دەست كەوتووە خەویان لێ نەكەوتووە، تەحلەی كوڕی عوبێدوڵا رەزامەندی خوای لەسەر بێت كە یەكێك بوو لە هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەری ئازدار ﷺ بە هۆكاری ئیش كار و بازرگانییەوە سەروەت و سامانێكی زۆری لە یەمەنەوە بۆ دێتەوە كە بڕی  حەوت سەد هەزار درهەم بووە، كاتێك كە پارەكەی بۆ دێتەوە ئەو شەوە خەوی لێناكەوێت، خێزانەكەشی كە ئوم كەلسومی كچی ئەبوبەكری صدیق بوو پێی دەڵێت بۆچی بێتاقەتیت؟ ئەویش دەڵێت پارەیەكی زۆرم بۆ هاتووەتەوە و نازانم چی لێ بكەم، ئەم خێزانە بەڕێزەشی كە یەڕێزی كچی بەڕێز بوو پێی دەڵێت زۆر ئاسانە دەتوانیت بەسەر هەژاران دا دابەشی بكەیت هەم خوای گەورە لەخۆت رازی دەكەیت هەم ئەوانیش تێر دەكەیت و خۆشت ئاسوودە دەبیت، فیعلەن ئەم هاوەڵە بەڕێزە هەر ئەو شەوە دەست دەكات بە دابەشكردنی پارەكە بەسەر فەقیر و هەژاران دا، ئەمە ئەفسانەو خەیاڵ نییە ئەمە دەدەبیاتی ئیسلامییە.

سەیدنا ئەبوبەكری صدیق هەموو سەروەت و سامانی خۆی بەخشی بۆ یەڕێكردنی سوپای موسوڵمانان، سەیدنا عومەری كوڕی خەتاب نیوەی ماڵ و سەروەتەكەی بەخشی، عوسمانی كوڕی عەفان رەزامەندی خوا لە هەموویان بێت دوو جار سوپای موسوڵمانانی خستە رێ بە سەرجەم پێداویستی یەكانیانەوە، بیری كرییەوە بۆ موسوڵمانان، پرۆژەی ئاوی هەموو خستە سەر شانی خۆی، كەواتە گرنگە ئەم دەدەبیاتە لەناو ئێمەدا رەنگ بداتەوە، برای بكوژی ملحانی كوڕی حەرام ئەو دید و تێڕوانین بۆ دروست بوو كە ئایا بۆ چی ئەم پیاوە ئەم دەستەواژەیەی یەكارهێنا فزت ربی الكعبە لە كاتێكدا ئەو كوژراوە، دواجار ئەم تەسەورات و دەدەبیاتە بووە هۆكاری هیدایەتی ئەو بكوژەو موسوڵمان بوونی خۆی راگەیاند.

ئەمە گرنگە نەك وەكو هەندێك موسوڵمانی گێل و وێڵ كە هاتووەتە لامان وتوویەتی خۆزگە پێغەمبەری خوا ﷺ خاتوو عائیشەی نەهێنایە لە تەمەنی ٩ ساڵیدا پەنا بە خوای گەورە لەم جۆرە بیركردنەوانە، بۆ؟ چونكە ئەم كەسە بە تەسەورات و دیدی ئەمرۆ بیردەكاتەوەو تەسەوراتێكی عەلمانی هەیە، نازانێت پێغەمبەری خوا ﷺ لە كۆمەڵگەیەكدا ژیاوە، هەر بە

دەدەبیاتی ئیسلامی بیری لێناکاتەوە یا بە سەقافەتی عەرەبی بیری لێ بکاتەوە لەو سەردەمەدا شتێکی ئاسایی بووە، خۆ خاتوو عائیشە ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت پێش ئەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستگیراندار بووە، دەستگیرانی موتعەمی کوڕی جوبەیر بووە، خەڵکێک دەڵێت وەڵا خاتوو عائیشە تەمەنی ٩ساڵ نەبووە، یەکێک دەڵێت تەمەنی ١٤ ساڵ بووە، یەکێکی تر دەڵێت ١٦ ساڵ بووە، یەکێکی تر دەڵێت ئەوەڵا تەمەنی ٢٨ ساڵا بووە، ئێمەش دەڵێین خاتوو عائیشە تەمەنی ٩ ساڵ بووە، یانی تۆ تەعن دەدەیت لە هەردوو ئیمامی بەڕێز و خواناس بوخاری و موسلیم و بە درۆیان دەخەیتەوە، وەڵایی زۆر سەیرە بۆ موسوڵمانێک کە خۆی بە شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بزانێت و شوێنی قسەو وڕێنەی خەڵکێکی دژ بە دین بکەوێت.

خاتوو عائیشە ٩ ساڵ بووە لە ٦ساڵیشدا مارە بڕاوە، مەترسە لە وتنی شەرم مەکە، سەردەم سەردەمی ئێستا نەبووە، کات کاتی ئێستا نەبووە، ئەم قسە بێ مانایانە هەمووی لە ساڵانی شەستەکانەوە لە ناو ئێمەدا بڵاوبوونەتەوە و سەریان هەڵداوە، زۆر زۆر ئاسایی بووە لەو سەردەمەدا ئافرەت لەو تەمەنەدا شوو بکات، ئێستا لە وڵاتێکی وەکو هیندستان ئافرەت لە تەمەنی ٧ ساڵیدا شوو دەکات و منداڵیشی دەبێت، لە نەرویج ئافرەت لە تەمەنی ١١ ساڵیدا هاوڕێی هەیە و منداڵیشی بووە، بوونیەتی لاشەو جێگەکەی وا هەڵکەوتووە، جا کەسێک دێت هەرلەخۆیەوە هەر حەز دەکات قسە فڕێ بدات و قسە بکات دەڵێت ئەوە منداڵەو ئەوە وایە و ئەوە هەمووی قسەی بێ بناغەن، لە کەسیش قبوڵ ناکەین مافی پێ بفرۆشێت یا لە جیاتی قسە زڵ کرداریان هەبێت، زۆربەی زۆری ئافرەتان ئێستە لەناو شوشەدا پیشکەش دەکرێن و دەفرۆشرێن لە ئیسرائیل ئەم کارە بە ئاشکرا دەکرێت، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئیسرائیل کردووە کە ئەوکارە لا بەرێت.

کەواتە زۆر گرنگە ئێمەی موسوڵمان پێش هەموو شتێک دەدەبیاتی ئیسلامەکە وەکو خۆی وەربگرین و کاری پێ بکەین تاوەکو ڕابوونی کۆمەڵگەش بە ئاسانی بەرپا بکەین، هیچ کەسێکیش ناتوانێت ببێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگەکەی بەو دەدەبیاتە نەبێت کە هەڵیبژاردووە لە ژیانی دا، خۆ چێشتی مجەور نییە بە ئارەزووی خۆت هەرچی ئەفکارە تێکەڵی بکەیت و دوای ئەوەش بە ئارەزووی خۆت ئیسلامێک تەشکیل بکەیت و بەسەر ئەو خەڵکەدا بڵاوی بکەیتەوە، ئیسلام ئیسلامی خواو پێغەمبەری خوایە ﷺ کە هاتووە بۆ مرۆڤایەتی، دەبێت بەو بەرنامەیەش بیر بکەینەوە کە لەوانەوە ئاراستەمان کراوە، هەڵەیە تۆ بتەوێت بە ئارەزووی خۆت دەستکاری شتەکان بکەیت، بەو شێوەیە ڕابوونی کۆمەڵگە ناکرێت، ئەمە تەنها نموونەیەک بوو باسمان کرد بۆ ئەوەی بزانن ئێمە تەنها بە دەدەبیاتی سەد لە سەدی ئیسلام دەتوانین ڕابوونی کۆمەڵگە بکەین، ڕابوونی کۆمەڵگەش وەکو باسمان کرد لەسەر سێ خاڵ دەکرێت، یەکەم ڕێکخستنی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە، لە هەموو جیهاندا لە جیاتی ئەم چەمکە چەمکی یاسا هەیە، بەڵام یاسا سنووری هەیەو موددەیەک بڕ دەکات، یاسا کاری پێ دەکرێت تاکو ئەو کاتەی کە پۆلیس و دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش چاویان لێیە، یان ئەو کاتەی کامێرایەک چاودێریت دەکات، لە هەندێ وڵاتیش یا وڵاتەی ئێمە، خۆتان باش دەزانن کە یاسا لەم وڵات و هەرێمەدا چ ئەرزشێکی هەیە، بەڵام یاسا بۆ بێ دەسەڵات و هەژارانە دەوڵەمەندو دەسەڵاتداران یاسا نایانگرێتەوە وەکو ئەم

خوای گەورە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتییە بێ جیاوازی ڕەنگ و دەسەڵات و هێز و تواناو ...هتد، خوای گەورە بەردەوام چاودێرە تۆ دەخەویت و پشوو دەدەیت ئەو نەک هەر ناخەوێت بەڵکو وە ئەوزێکیش نادات.

ئەمە گرنگەو پێویستە لەناخی هەموواماندا بچەسپێت، خۆ کاتێک دینی ئیسلام هاتە خوارەوە لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا خەڵکی بڕوایان بە بوونی خوای گەورە هەبوو، بڕوایان بەوە هەبوو کە خوایەک هەیەو ئەم هەموو گەون و کائیناتەی دروست کردووە، بڕوایان بەوە هەبوو کە خوایەک هەیە خالق و دروستکەری هەموو مرۆڤایەتیە، خوای گەورە بە پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەفەرموێت ئەی محمد پێیان بڵێ ئایا کێ زەوی ئاسمانەکانی دروست کردووە؟ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ ۚ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ(٣٨) الزمر. واتە: گومانی تێدا نییە کە خوای گەورە زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە، ئەی باشە بۆچی دەستیان داوەتە بت پەرستی؟ خۆ پەرستن هەر ئەوە نییە بەردێک بکەیتە بت و بیپەرستی، یان کەسێک بڵێت وەڵا من عەقڵم وام پێ دەڵێت، کەسی وا هەیە دەڵێت نابێت تەنانەت پێغەمبەری خواش ﷺ کاریگەری لەسەر عەقڵم هەبێت، یان نابێت دین تەداخول لە هەموو کارێکی مندا بکات خوای گەورە پەنامان بدات، کەواتە تۆ هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەیت، وا دەزانیت هەر ئەوەیە کە بتێک بپەرستێت، هەر ئەوەیە بە دەوری قەبرێکدا بسوڕێیتەوە، هەر ئەوەیە کە لە مردوویەک بپاڕێیتەوە، أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ الزمر. واتە: ئاگاداربن: دینی پاك و خاوێن تەنها بۆ خوایە، ئەوانەش جگە لەو زاتە کەسانی ترو شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنها لەبەر ئەوەی لە خوا نزیکمان بخەنەوە، لەکاتێکدا ئەوان لەخواوە نزیکترن، بێگومان خوا داوەری دەکات لە نێوانیاندا، لەو شتانەدا کە کێشەیان لەسەری هەیەو ڕایان دەربارەی جۆراو جۆرە، بەڕاستی خوا ئەو بیروباوەڕ چەوتەیان لێوەرناگرێت و هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە ناکات کە درۆزن و بێ باوەڕن.

موشریکین دەیان وت ئێمە ئەم بتانە دەپەرستین بۆ ئەوەی لە خوای گەورەمان نزیک بکەنەوە، کابرا دەیەوێت بە عەقڵی خۆی لە خوای گەورە نزیک بکەوێتەوە، لێ دیارە کە خوای گەورە ئەمەی ناوێت.

هەموو شتێکی ئەم ئیسلامە بۆ عیبادەتە، خوای گەورە دەفەرموێت: وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ الذاريات. واتە: (بێگومان) من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێ کە (هەمیشەو بەردەوام) هەر من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

هەموومان بۆ عیبادەت دروست کراوین، عیبادەتیش دەبێت لەسەر بنەمای تەوحید بێت، هەموو ڕابوونێکی کۆمەڵکاش کە دەست پێ دەکات دەبێت لەسەر بنەمای تەوحید بێت، باشە ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت کەواتە خوای گەورە کەسی تر هەیە یارمەتی دەدات، کەواتە خوایەکی نوقسانە پەنا بە خوای گەورە، لێ خوایەکیش نوقسان بێت کەی بە کەڵکی خوایەتی دێت، کە

ئێمە دەڵێین خودا بانی خودی خۆی هەموو شتێک دەبەخشێت، کە دەڵێین الله ئەم ﷲ بە ئەجەلا بێت هیچ شتێکی پێویست نەبێت، دەبێت خۆی هەمووشتێک بدات، مەعقولە تۆ بڵێی وەڵا من پێم وایە بەڵام خوای گەورە شتێکی ترت پێ دەڵێت، بڵێی نەخێر بۆ ئەم قۆناغەی ئێمە باشەو ئەوە بەکەڵک نایەت، یان بڵێی زروفەکەمان ئەوە دەخوازێت، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ چاوەڕێی زروفی بکردایە وەکو ئێستا کە خەڵکێکی موسوڵمان باسی لێوە دەکات، هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو، هەر ئەم خۆشەویستە ﷺ دوو کچی تەڵاق درا کە بووکی ئەبولەهەب بوون، نەیوت وەڵا زروفەکە لەبار نییە با ماوەیەک بێدەنگ بین و بانگەوازەکە بوەستێنین گۆڕانکارییەکە دوابخەین تاوەکو بارودۆخ باش دەبێت، کچ کە تەڵاق دەدرێ با بدرێ سەربەرزییە ئەمری خوای گەورەو دەبێت جێبەجێ بێت.

کەواتە رابوون و گۆڕانکاریش بەندایەتییە عیبادەتە، بەڵام دەبێت لەسەر بنەمایەک بێت کە خوای گەورەی تێدا بناسرێت، هەر گەل و هۆزێک خوای نەناسی خواناس نەبوو نەیانتوانی نێوان خوای گەورەو خۆیان رێک بخەنەوە تەمەنیان کورتە، خوای گەورە کە باسی رۆم مان بۆ دەکات لە قورئانی پیرۆزداو دەفەرموێت: الم ﴿١﴾

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

غُلِبَتِ الرُّومُ﴿٢﴾

ڕۆمەکان تێکشکێنران (بەدەستی فارسەکان) .

فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾

لە نزیکترین و نزمترین وڵاتیداندا، بەڵام لە ئایندەدا (نۆرەیان دێتەوە) ڕۆمەکان دوای شکستیان سەردەکەونەوە.

فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾

لە چەند ساڵێکدا (چەند ساڵێکی داهاتوو نێوان ٣-٩ ساڵ)، هەموو کارو فرمانێک تەنها بەدەست خوایە، لەوەو پێش و لەوەو دوایش (لە هەموو کات و هەموو شوێنێک)، جا ئەو ڕۆژە ئیمانداران خۆشحاڵ و شاد دەبن . . .

بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿٥﴾

واتە: بە سەرکەوتنی خوا، (کە بەخشی بە ئیمانداران و بە ڕۆمەکان)، هەر کەسێک یان هەر دەستەیەک ئەو زاتە بیەوێت، سەری دەخات، هەر ئەو خوایەش خاوەنی دەسەڵاتی بێ سنوورە و زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە

وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾الروم

واتە: بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی (کە ئیمانداران و ڕۆمەکان سەردەخات بەسەر فارسەکاندا)، خوا سەرپێچی ناکات لە بەڵێنەکەی، بەڵام زۆربەی خەڵکی تەنها رواڵەت لە دنیا دەزانن (عەقڵیان لە چاویاندایە)، ئەوانە بێ ئاگاو بێ خەبەرن لە ڕۆژی دوایی و قیامەت.

باشە بۆ باسی ڕۆم دەکات؟ خوای گەورە باسی هەر شتێکی کردبێت بێ حیکمەت نەبووە باسکردنی ڕۆم زۆر گرنگە بۆ ئێمەی موسوڵمان پێویستە لیهتیمامی پێ بدەین، هەرباسێکیش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکرابێت هەمیشە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی موسوڵمان، لە

ئەڕێكدا رۆمی مەسیحی و بەرانبەر بە فارسی بت پەرست شكست دەهێنێت، بە سەركەوتنەی فارسەكان موشریكینی مەككە دڵ خۆش دەبن موسوڵمانانیش بە پێچەوانەوە، دوای ئەوە ئایەت دێتە خوارەوە كە خوای گەورە دەفەرموێت لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا رۆم خۆی كۆدەكاتەوەو سەردەكەوێت بەسەر فارسە بت پەرستەكاندا، سەیدنا ئەبوبەكری صدیق رەزامەندی خوای لەسەر بێت لەگەڵ سەرانی قورەیش دا لەسەر ١٠ حوشتر گرەو دەكات كە لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا فارسەكان لەبەرانبەر رۆمەكان دا توشی شكست دەبنەوە، چەند ساڵێك تێپەڕی و ئەمە رووی نەدا سەیدنا ئەبوبەكر چووە لای پێغەمبەری ئازدار ﷺ و باسی گرەوەكەی بۆ كرد، ئەویش پێی ڕاگەیاند كە بچێت گرەوەكە بكات بە ١٠٠ حوشتر و دڵنیا بێت كە دەیباتەوە.

خواناسی گەلانی تریش بۆ موسوڵمان جێگەی گرنگی و ئیهتیمام پێدان بوو، پێیان خۆش بوو رۆم سەركەوێت لەبەر ئەوەی خوایان دەپەرستن، راستە بڕوایان بە سالوسێك هەبوو وەكو عەرەب دەڵێت بڕوایان بە سێگانە هەبوو، واتە سێ خودا كە بریتی بوون لە خوای گەورە و مریەم و سەیدنا عیسای كوڕی پەنا بە خوای گەورە، پێیان وا بوو ئەمانە هەرسێكیان پێكهاتەی خودان لەگەڵ ئەمەش دا موسوڵمانان حەزیان دەكرد سەركەوتن بەدەست بهێنن بۆ؟ چونكە فارسەكان لەبەرانبەریان هەر بڕوایان بە خودا نەبوو، بەڵكو بڕوایان بەوەبوو كە كیسراكانیان پادشاكانیان رۆحی خوایەتی چووەتە ناویان و ئەوان خودان، قیاسەی لەسەر ئەمە مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە، وڵاتێكی وەكو روسیا یەكێك بوو لە گەورەترین زلهێزەكانی جیهان و بە بێ رازیبونی ئەو هیچ شتێك نەدەكرا، خاوەنی ئەو هەموو تەكنەلۆژیاو سوپا گەورەیە بوو، فارسیش لەگەڵ ئەو هەموو سوپا بەهێزو زۆرە كە ژمارەیان دوو ملیۆن سەرباز بوو توشی شكست هات بەرانبەر بەر رۆم، لە كاتێكدا نزیك ئەردەن لە خاكێكی تەخت و نزم دا وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: فِي أَدْنَى الأرض، روسیاش لەبەر ئەوەی بڕوای بە خودا نەبوو راستە یەكەم وڵاتە لە هەموو جیهاندا كە كڵاوەی ئەتۆمی جوڵاوی هەیە كە تاكو ئێستاش ئەمریكا پێی نەگەیشتووە، بەو هەموو تەكنەلۆژیا پێشكەوتووەوە لەبەرئەوەی خواناس نەبوون لەبەرانبەر ئەمریكادا چۆكیان داداو ئەو هەموو پارچانەی لێ جیابوویەوە، كەواتە زەروورە پێش هەموو شتێك مرۆڤ كە گۆڕانكاری دەكات بە خواناسی بیكات.

كوا تەتار و مەغۆل؟ كوا حوكمی فیرعەونیەتی میسر؟ كوا شارستانیەتی عاد و سەمود؟ كوا...هتد، چونكە خواناس نەبوون تەمەنیشیان كورت بوو، شارستانیەتی ئەمریكاش لەناو دەچێت رۆژئاواش دەسەڵات لەدەست دەدەن ئەوەی كە دەمێنێتەوەو باقیە، تەنها شارستانیەتی ئیسلامیە، موسوڵمانان قەت لەناو ناچن، شكستیان رووبەڕوو دەبێتەوە و دەكەون و توشی موصیبەت دەبن، بەڵام لەناوچوونیان ئاستەمە چونكە بە لەناو چوونیان واتە كۆتایی جیهان، خۆ ئەگەر موسوڵمانان لەناو بچن خوای گەورە زەوی بۆ بێباوەڕان راناگرێت، كەواتە موسوڵمانان لەناو ناچن، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دەستپێكی گۆڕانكاری و رابوونی كۆمەڵگە لە هاتنی بیعثەكەیدا چی كرد؟ هات نێوانی مرۆڤ و خوای گەورەی رێك خستەوە، ئەگەر ورد بینەوە لە قورئانی پیرۆز دەبینین زۆربەری زۆری ئایەتە مەككییەكیان لە دەوری خواناسی و قیامەتدا دەسوڕێنەوە، باسی رێكخستنی نێوان مرۆڤەكان و خوای گەورە دەكەن، كە باس لە قیامەت دەكرێت بۆ ئەوەیە

مرۆڤ خوای خۆی بناسێت، چونکە گەڕانەوەی بۆ لای ئەوە، گرنگیشە مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤی موسوڵمان بگاتە ئەو رادەیەی کە کار بۆ قیامەت بکات و قیامەتی لەلا گرنگتر بێت لەم دنیایە ئەم دنیایە بە شوێنی کۆکردنەوەی توێشوو بزانێت بۆ قیامەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک ئە دەفەرموێت مرۆڤ لەم دنیایە دەبێت وەکو غەریبێک یان گەشتیارێک بێت، رۆژێک ئە هەموومان لە گۆڕەپانی حەشردا دەوەستێنرێین و جیا دەکرێینەوە بۆ بەهەشت و جەهەنم خوای گەورە پەنامان بدات، مەعقولیش نییە بۆ ٦٠-٧٠ساڵێکی ژیانی دنیایی بلیتی جەهەنەم بۆ خۆت مسۆگەر بکەیت کە ژیانی هەتا هەتاییە، بەڕاستی ئەمەیە کارەساتی گەورە، کەسێک بگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی ون بکات و لەبەرانبەر قورئان و سونەتدا بڵێت وەڵا من وابیر دەکەمەوە وام پێ باشە، تۆ چیت مرۆڤ خوایەک بەو گەورەییە سیسەتەمێکی بۆ ناردوویت بۆ ئەوەی گومڕا نەبیت، عەقڵێکی پێ بەخشیویت، پێغەمبەرێکی ﷺ بۆ ناردوویت فیترەتێکی پاکی بە دیاری پێ بەخشیویت، هێشتا دەتەوێت لەسەرو هەموو ئەمانەوە بەربەرەکانێی فەرمانەکانی بکەیت.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ لِيَذَّكَّرُوا وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤١﴾الإسراء. واتە: ئێمە لەم قورئانەدا (بەجۆرەها شێوە پەکتایی خۆمامان باسکردووەو لە بیروباوەڕە پووچەکان دواوین) تا بیربکەنەوەو یاداوەری وەرگرن، کەچی (خوانەناسان) هەر دوورەپەرێز دەوەستن و خۆیان دوور دەگرن.

تۆ دەتەوێت موجادەلەی خوای گەورە بکەیت کە هەموو شتێکی بۆ بەیان کردوویت لەم قورئانەدا، مەعقولە خەڵکێک بێت و خوای گەورە بە درۆ بخاتەوەو پەنا دەگرین بە خوای گەورە بڵێت ئەوەڵا شت هەیە لە ئیسلامدا بەجێهێڵراوە بۆ ئەوەی خۆمان بیری لێبکەینەوە، کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە واتای چییە کە دەفەرموێت حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣﴾المائدة. واتە: گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن و گۆشتی بەراز لێتان حەرام کراوە، هەروەها ئەو ماڵاتانەش کە سەردەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت، ماڵاتی خنکاویش، ئەوەش کە بە ئازارو لێدان مردار دەبێتەوە، یا دەکەوێتە ناو بیرێکەوە و مردار دەبێتەوە، ئەو ماڵانەش کە بە شۆقی ماڵاتێکی کە مردار بوبێتەوە، ئەوانەش کە درندەی کێوی پەلاماری دابن و لێی خواردبێ مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن، (هەر حاڵەتێك لەوانەی کە باسکرا ئەگەر بە چەقۆدا بگات حەڵاڵە) بەڵام ئەو ماڵاتانەی کە لە شوێنی تایبەتیدا بۆ بتەکان سەردەبڕدرێن ئەوانەش هەر حەرامە، هەروەها حەرامە سوێند خواردن و پشت بەستن بەو دارو تەختە بچووکانەی (کە خۆتان دەیتاشن و)، ئەو جۆرە کردارو رەفتارانە سەرپێچی و دەرچوونە لە (فەرمانی خوا).

ئەمڕۆ (کە رۆژی عەرەفەیە) کافران نائومێد بوون لە دین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتاناو هەرگیز نوری خوایان بۆ ناکوژێتەوە) کەواتە لەوانە مەترسن بەڵکو هەر لە من بترسن ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاند، وە ناز و نیعمەتەکانی خۆمم بۆ تەواو کردن و

ڕازیم بەوەی كە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان. (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا كە حەراممان كردووە) هەركەس ناچار بوو لە گرانیی و برسێتیدا (وە مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات كە حەرامان كردووە بەمەرجێك دەست درێژكار نەبێت و بەئارەزووی زەمی زۆری لێ نەخوات و خۆی توشی گوناهو تاوان نەكات، بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانە (بەبەندەكانی).

مەعقولە بڵێین هەندێ شت هەیە بەجێهێڵراوە بۆ عەقڵ و بیركردنەوەی مرۆڤەكان لە ئیداریانا لە بەڕێوەبردنی هەلدێک·شتی جوزئی ژیاندا، كەواتە تەحقیقی ئەو ئایەتەش نابێت كە دەفەرموێت:

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ الأحزاب. واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا چاكترین نمونەی تەواو ڕێك وپێك هەیەتا چوی لێ بكەن و شوێنی بكەون، بەتایبەت بۆ ئەو كەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا بە زۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو.

ئەی چۆن تەحقیقی ئەو دەبێتەوە ئاخر سیرەتی پێغەمبەری ئازدار و ﷺ قورئانی پیرۆز لەوەدایە هەتا دیراسەی بكەیت، هەتا سەیری بكەیت شتی تازەترو نوێتری تێدا دەبینی، ئەمەش یەكێكە لە موعجیزەكانی و تەحقیقی ئەوەش دەبێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ئەم ڕەسولەی كە بۆ ئێوەم ناردووە أسوه الحسنه یەو دەبێت شوێنی بكەون، ئەم هەموو كارەساتە لە ژیانی پێغەمبەری ئازداردا ﷺ ڕووی دا هەر لەبەر خاتری ئەوەیە كە ئێمە شوێنكەوتەی ئەو ئازدارە بین، پێغەمبەری ئازدار ﷺ رابوونی كۆمەڵگەو گۆڕانكاری بەرپا كرد لەناو كۆمەڵگەكەیدا بەوەی ئێوانی خوای گەورەو مرۆڤەكانی ڕێک خستەوە، ئاستەمیشە هەر كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی بیەوێت سەردەر بهێنێ دەبێت ئێوانی خوای گەورەو مرۆڤەكان ڕێک بخات.

خاڵی دووەمیان دوای ڕێكخستنی ئێوانی خوای گەورەو مرۆڤەكان دەستی كرد بەوەی كە ئێوانی مرۆڤ و مرۆڤیش ڕێک بخات، پێغەمبەری ئازدار ﷺ بارەگایەكی بۆ دروست كردن، تەنزیمێكی سەرەتایی دروست كرد لە شاری مەككەدا هەركەس پەیوەندی دەكرد بەم تەنزیمەوە دەبوایە بیزانیایە برایەتی چی یە، تەبعەن ئەو كات لە نوێژ، نە ڕۆژوو، نە زەكات، نە حەج، نە جیهاد، نە... هتد. هیچ عیبادەتێک واجب نەكرابوو لەسەر موسوڵمانان، هەر دایەنیشاندن بۆ ئەوەی وانەی برایەتیان پێ بڵێت، چونكە عەرەب پێش هاتنی وەحی ئەوەی كە لە عەشیرەتەكەی خۆی نەبوایە لەگەڵیدا هەڵسوكەوتی نەدەكرد پشكیری لێ نەدەكرد، لێپرسراوی بارەگاكەی كە لە شاری مەككەدا بوو ئەرقەمی كوڕی ئەبی ئەرقەم بوو، ئەبی ئەرقەمیش لە بەنی مەخزوم بوو، بەنی مەخزومیش لە عەشیرەتەكەی ئەبو جەهل بوو، ئەبو جەهلیش خۆتان دەزانن سەركردەی دژایەتی كەرانی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ.

كە سیرەتی پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەیخوێنینەوە تەنها ئەرقەمی كوڕی ئەبی ئەرقەممان بەرچاودەكەوێت لەبەرئەوەی خانووەكەی كردە بارەگای موسوڵمانان، ئەی باشە دوای ئەوە ئەم كابی چی لێ دێت؟ بۆ لەمێژوودا باسی نامێنێت؟ بۆچی لە سیرەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ

بزانرێت، ئەم گەنجە بەڕێزە خواناسە
دوای ئەوە باسی ناکرێت؟ زۆر گرنگە زیانی ئەم گەنجە بزانرێت، ئەم گەنجە بەڕێزە خواناسە
چۆن لە شاری مەککەدا خانووەکەی کردە شوێنی کۆبوونەوەی موسوڵمانان لە شاری مەدینەش بە
هەمان ڕۆحیەت کاری کردووە، پێغەمبەری خواش ﷺ دوای دروستکردنی مزگەوت لە شاری
مەدینەدا وەکو وەفایەک خانویەکیشی بۆ ئەرقەم دروست کرد، ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم
ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت هەمیشە وەکو پەیوەندییەک لەنێوان هاوەڵە بەڕێزەکان و هەردوو
هۆزی ئەوس و خەزرەج دا کاری دەکرد، بەڵام سبحان الله ئێمە هەر لەسەر کۆمەڵێک شت
دەڕۆین لە سیرەتی ئازدار دا ﷺ شتەکانی ترمان لە یاد کردووە.
گرنگە ئەوە بزانین کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنها نێوانی موسوڵمانانی ڕێک نەخست، بەڵکو
ئارەزووی بوو وە دەیویست نێوانی موشریکین و موسوڵمانانیش ڕێک بخات، ئێمەی موسوڵمانیش
وەکو شوێنکەوتوویەکی ئەو ئازدارە ﷺ تەنها بە ڕێکخستنی نێوان خۆمانەوە نەوەستین بەڵکو
ئەسڵ ئەوەیە کە نێوانی مرۆڤ و مرۆڤ ڕێک بخەین چونکە مرۆڤ خاوەنی کەرامەتە، خۆ لە
وڵاتی کوردەواری ئێمەدا هەموو هەر موسوڵمان نین، دەشێت کابرا عەلمانی بێت و هەر بڕوایشی
بە خوای گەورە نەبێت، کۆمۆنیزم بێت و بڕوای بە خوا نەبێت، دەبێت بتوانین بەیەکەوە بژین و
ئیحترامی ڕەئی یەکتری بگرین، خوای گەورە بەو شێوەیە تەجیهی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و
دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ
عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ الحجرات. واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لە
نێرومێیەك دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە)، وە کردوومانن بە گەلان و تیرەو
هۆزانی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە..بەڕاستیی بەڕێزترینتان
لای خوا ئەوەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە
هەمووان.
ئەمە شارستانیەتی ئێمەیە، ئەمە پێشکەوتنی ئێمەیە، ڕۆژئاوا کە خەڵکێک زۆر بە پێشکەوتوو و
پارێزەری مافی مرۆڤی دەزانن، دەزانن کریستۆفەر هۆفان دەڵێت چی؟ کریستۆفەر هۆفان
ڕۆژنامەنووسێکی زۆر گەورەو بەناوبانگی واشنتۆنە، کۆفارێکیان هەیە لەگەڵ کریستۆفەر
فۆکۆیاماو هامدنتۆنگ، ئەمانە دەنووسن بۆ کۆشکی سپی و دەڵێن "پێویستە ئێمە موسوڵمانان
بکەین بە دوژمنی خۆمان، ئەوانەی کە دەکەوێتە خوار هێڵی یەکسانی یەوە ئێستاوە هیچیان
بێ مەفرۆشن و هیچیان لێ مەکڕن بۆ ئەوەی لەناو بچن". ئەمە بیرکردنەوەی شارستانیەتی
ڕۆژئاوایە، ئەمەیە پارێزەری مافی مرۆڤ، ئێمەش " إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا
وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا" پێمان وایە کە مرۆڤ ئەسڵ ئەوەیە کە لە نێرو مێ دروست بوون، هەموویان لە
ئادەمن و پێویستە یەکتری بناسن و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە لەگەڵ یەکتریدا ئەنجام بدەن، کەچی
ئەوان بەو شێوەیە سەیری ئێمە دەکەن و بە دوژمنی خۆیانمان دەزانن.
حەتا لە جەنگی جیهانی دووەمەوە کە ڕێکخراوی ناتۆ دامەزرا دوای ئەوە وردە وردە حیزبەکان
گەورەتر بوون و وتیان ئیتر پێویستمان بە کەس نەماوە و هیچ کەسێک نییە لەگەڵ جەمەری
ئێمە بژی، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی مارگری ئاچەر دەڵێت "پێویستمان
بەوەیە کە دوژمنێکمان هەبێت". لێ نەگیەت دوژمنتان بۆ چی یە؟ دوژمنمان بۆ ئەوەیە کە لە

تەکنەلۆجیادا پێشکەوتووتر بین و لە بواری سەربازی دا پێش بکەوین، ئەگەر هەر دوژمنیشمان بۆ دروست نەبوو پێویستە خۆمان خەڵکێک بکەین بە دوژمنی خۆمان! سەیری ئەم عەقڵیەتە بکەن تۆخوا ئەگەر ئەم تەسەورە بۆگەنە هی موسوڵمان بوایە دەکرد بە رووپەڕی هەرچی رۆژنامەی جیهانە، هەرچی بەرنامەیان هەبوو تەرخانیان نەدەکرد بۆ ئەو بابەتە، خوێنەرانی بەڕێز وەرن سەرنجی شارستانیەتی ئیسلام بدەن ئینجا دوایی ئەمەت بۆ شیکار دەبێتەوە کە ئەمانە نەیانەوێت نێوانی مرۆڤ و مرۆڤ رێک بێت، دەیانەوێت خۆیان وەکو مرۆڤ بژین و ئێمە ماناش وەکو ئاژەڵ، باسیشمان کرد کە ئیسلام و موسوڵمانان هەمیشە ئیعترافیان کردۆتەوە بە بەرانبەرەکەیان، بەڵام ئەوە بەرانبەرەکەیەتی دوور دەکەوێتەوەو ئیعتراف ناکات، بڕۆن دەربارەی ئیسلام لێیان بپرسن بزانن چ وەڵامێک وەردەگرنەوە، یەکێک دەڵێت کاکە دین تەنها دەبێت لە ماڵەکاندا بێت ئەگەر هاتیتە ماڵی منیش بەرماڵت بۆ رادەخەم، بەڵام تکایە دین لەگەڵ دەوڵەتدا تێکەڵ مەکەن دین کوا پەیوەندی هەیە بە دەوڵەتدارییەوە!

نازانم ئەم قسانە چۆن دەکرێن لە کاتێکدا پێغەمبەرەکەمان ﷺ حاکم بووە، وەزیری هەبووە و سوپای هەبووە وە موخابەراتی هەبووە، ئەمە چ عەقڵیەتێکە تۆ بێیت بەئارەزووی خۆت پێناسەی دینمان بکەیت، پێناسە کردنی دین ئیشی تۆ نییە خوای گەورە پێناسەی دینی کردووە بەو شێوەیەی کە خۆی ویستوویەتی و بە باشی زانیووە، یاخود کەسانێک بێن بە ئارەزووی خۆیان دینێک دابتاشن و بڵێن دەمانەوێت دینتان بۆ تەندروست بکەین، یان دەڵێن پێویستە دین تەنها لەماڵی خۆت و کونجی مزگەوتەکاندا بێت، دەی باشە ئەگەر دین و خواناسی نەبێت ئەم خەڵکە هەمووی ناقەوتێت نمونەش لەبەردەستدایە، هیچ کەسێک ناتوانێت بەبێ خواناسی بڕواتە پێشەوە، وەختێ خۆی کە شەڕی جیهانی دووەم لەنێوان هیتلەری عەلمانی و ستالینی سووری کۆمۆنیزمی دا بەرپا بوو، کۆمۆنیزمەکان هەر بڕوایان بە خوای گەورە نەبوو، بەڵام کە کەوتنە شەڕەوە سەرلەنوێ دەرگای کڵێساکانیان کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دوعا بکەن و بپاڕێنەوە و ناحیەی رۆحیان بەرزبێتەوە، ئەمە دەلالەتە لەوەی کە مرۆڤ بەبێ خواناسی ناتوانێت بژی، مرۆڤ بە تەبیعەتی حاڵ هەموو زانستەکانی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ...هتد هەموو دڵنیان بەوەدا ناوە کە مرۆڤ کاهینێکی موتەدەیینە، کە مادام کاهینێکی موتەدەیینە بەبێ خواناسی نێوانی مرۆڤ و مرۆڤ رێک ناخرێت، چونکە ئەوکات بەو شێوەیەی لێ دێت کە کریستۆفەر هۆڤان موفەکیری کۆشکی سپی ئەمریکی دەڵێت پیویستمان بە دوژمنەو پێویستە دوژمنێک بۆ خۆمان دروست بکەین.

ئەسەوراتێکی تر هامدنتۆنگ دەڵێت: ئێستا حەوت شارستانیەتی گەورە بوونیان هەبووە لە جیهاندا پێنجیان لەناو چوون و دوانیشیان زۆر موهیمن و تاکو ئێستا ماونەتەوە ئەوانیش بریتیین لە ئیسلام و دیموکراسی، ئەوان کە باس لە شارستانیەتی ئیسلامی دەکەن بۆ ئەوەیە بەربەرەکانێی پێ بکەنەوە بە دیموکراسییەکەی خۆیان، فرانسیسکۆ فۆکۆیاما کە وتی مێژوو کۆتایی پێهاتووە مەبەستی ئەو سیستەمە بوو کە دیموکراسی یە و ئێستا مەکانەتێکی مەرموقی هەیە لەبەرانبەر ئیسلام دا بەکاری دەهێننەوە، هامدنتۆنگ کە باس لە کێشانی شارستانیەتەکان دەکات دەڵێت تەنها دوو شارستانیەت بەرانبەر یەک وەستاونەتەوە ئەوانیش شارستانیەتی ئیسلامی و

کە لە هەندێک حاڵەتدا خەتاکە لە شارستانیەتی خۆرئاوایە، لێرەدا پێویستە بگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەو نەکات، بەڵام ئێمە هەروا خۆمانە چونکە ئەو نیەتی ئەوەی هێناوە کە وەکو مرۆڤ سەیری تۆ ئەوان وا بیر ناکەنەوە، ئەوان خۆمان نیشان دەدەین کە لەگەڵتاناین، ئاخر ئەمە مەعقول نییە دەکەیت چۆن شتی وا ئامانجییان ئەوەیە تۆ لەناو بەرن، کەچی تۆ بە گوڵ پێشوازییان لێ دەبێت.

باسمان لەوە کرد کە یەکەم کاری ڕابوونی کۆمەڵگە بریتییە لە چاکسازی نێوان خوای گەورەو خەڵکی، دوای ئەوە برایەتی نێوان خەڵک مرۆڤ و مرۆڤ، نەک تەنها نێوان موسوڵمانان نابێت تۆ تەنها بیر لە گروپ و حزب و کۆمەڵەکەی خۆت بکەیتەوە، ئێستە بە داخەوە وای لێهاتووە دەبێت لە گروپی خۆی بێت ئینجا حسابی برای بۆ دەکات، بەداخەوە بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، ئەمە زۆر خەتەرە ئیسلام ڕێگە بەمە نادات، بەڵکو ئیسلام ڕێگەی بەوە داوە کە لەگەڵ تەنانەت مەسیحی و یەهودیش دا چاکەکار بین، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسمان بۆ دەکات کە لەگەڵ خەڵکی دا چاکەکار و باش بین با موسوڵمانیش نەبن، ئەمە زۆر گرنگە لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا بچەسپێت، گومانی تێدا نییە کە ڕۆژئاوا بەو چاوەوە سەیری موسوڵمانان ناکەن، نمونەی کریستۆفەر هوفامان هێنایەوە کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (الحضارة الرومانية وبرابرة الجدد، برابرە جدت) مەبەستی لە موسوڵمانانە کە دەڵێت لەخوار هێڵی ئیستیواوە هیچ شتێکیان پێ مەفرۆشن، توشی ئایدزیان بکەن و دەرمانیان پێ مەفرۆشن با بمرن، موسوڵمان هەر بە مرۆڤ نازانن، هەمیشە ئەوان لەبەرانبەر شارستانییەتی ئیسلامی و موسوڵماناندا دیموکراسییان داناوە، یاخود بیریارێکی وەکو فرانسیسکۆ فۆکۆیاما کە باسی لێوە دەکات کە کۆتایی مێژووە و دوای ئەوە شارستانیەتێکی-تر نییە باسی ئەم شارستانیەتە بکاتەوە، بە پێچەوانەوە کۆتایی مێژوو کاتێکە کە موسوڵمانان لەناو بچن، قۆناغی هاتنی کۆتایی مێژوو لە هاتنی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەستی پێکردووە، تەواو دوای ئەو هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت، سیستەم سیستەمی ئیسلامییە، ئەمە لە ڕاستیدا کۆتایی مێژووە نەک ئەوەی کە فۆکۆیاما باسی لێوە دەکات، بەڵام بەداخەوە موسوڵمانان و ئەهلی ئیسلام جورئەتی ئەوەیان نەماوە کە ئەم قسەیە بکەن بەرانبەریان ئەوان دەیکەن ئێمەش لا حول ولا قوة الا بالله تەقلیدی ئەوان دەکەینەوە و هەر قسەو گوفتاری ئەوان دووبارە دەکەینەوە، تەنانەت زۆرجار ئەهلی ئیسلام و قیاداتی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی یەک قسە دەکەن، زۆرجار کە ئەمە دەبینن دەڵێین باشە بۆ وایە حەتمەن هەڵەیەک هەیە، لەوانەیە هەڵەکەش ئەوەبێت کە ئەوان قسە ڕۆشتوون بەسەرماندا و وامان لێهاتووە هیچ شتێکمان پێ نەکرێت.

خاڵی سێ یەم و کۆتایی لە ڕابوونی کۆمەڵگەدا بریتییە لە ڕێکخستنی نێوان مرۆڤ و زینگە، ڕێکخستنی نێوان مرۆڤ و زینگە بەواتاو مەفهومە گەورەکەی، تەنها بەواتای ئەوە نا کە پاراستنی دارو درەخت و کەش و ئاو و هەواو ...هتد، نەخێر زینگە بەواتای مادیەت، شارەزایی و چوونە ناو تەکنەلۆجیا، شارەزابوون لەو شارستانیەتانەی تر، خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، دامەزراندنی حکومەت و دەوڵەت و سیستەم، هەموو ئەمانە پەیوەندییان بەسەر زینگەوە هەیە، ئیسلامیش لەسەر ئەم مانایانە قسەی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر هەر هەموویان، لەسەر زانست، لەسەر

دامەزراندنی حكومەت، سیستەمی تایبەتی هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەو سیستەمە كۆمەڵایەتییەكان، رەچاوكردنی ئەمە پێویستە گرنگیشە ئەوە بزانن كاتێك كە پێغەمبەری ئازدار ﷺ بیناى كۆمەڵگەی مەككەی كرد رێ خۆشكەر بوو بۆ ئەوەی كە لەشاری مەدینەدا دەوڵەت دابمەزرێنێت، خۆ دامەزراندنی دەوڵەت هەروا بە ئاسانی و لە كون فیكونێك دا دانامەزرێت، بەڵكو هەر لە ساڵی یەكەمی هاتنی بیعسەكەیەوە هەر لەو كاتەوەی كە نوخبەو ئەنزیمانی دروست كرد دەستی كرد بە زەمینە سازكردن، ئەنزیمانە سەرەتاییەكان بوونە هۆكاری ئەوەی كە كۆڵە قورسەكە بخەنە سەر شانی خۆیان، ئێوە دەزانن هاوەڵانی بەڕێزی دەوری پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەیانتوانی لە دەوری كەعبەدا نوێژێك بكەن كە نوێژێكیان بە سەد هەزار نوێژە، بیریكەنەوە هەر یەك نوێژیان بەرانبەر بە هەزار نوێژ لە مزگەوتی پێغەمبەری ئازداردا ﷺ لەشاری مەدینە یەك نوێژ بەرانبەر هەزار نوێژە، یانی تۆ لە كەعبەدا یەك جار بڵێیت سبحان الله راستەوخۆ لێكدانی ۱۰۰ دەكرێت، كەچی ئەم هەموو هاوەڵە بەڕێزە رەزامەندی خوایان لێ بێت ئەو شارو زێدەی باو باپیرانەیان جێهێشت تەنها بۆ ئەوەی ئەم دینە بە دەدەبیاتی ئیسلامی خۆی بگەیەنن، زۆریشیان شەهید بوون و نەگەڕانەوە ناو زێدو كەس و كاری خۆیان، زۆریشیان گێل و گۆڕیان دیار نییە، ئەو قسانەش راست نین كە دەڵێن ئەوە گۆڕی ئەبا عوبەیدەی جەراحەو ئەوە گۆڕی فلان هاوەڵەو فیسار هاوەڵی بەڕێزە رەزامەندی خوایان لێ بێت تەنها گۆڕی ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە چەند شوێنێكدا هەیە هیچیشیان گۆڕی ئەو نین، ئەبا عوبەیدەی جەراح بە نەخۆشی تاعون لە دیمەشق وەفاتی كردووە هەر لەوێش بەخاك سپێردراوە، بەڵام گومانی تێدا نییە كە هاتوونەتە كوردستان و خاكی ئێمەشیان پیرۆز كردووە، هەروەها پێغەمبەری ئازدار ﷺ گەلی كوردی خۆش ویستووە جلی كوردیشی پۆشیوە و حەزی پێی كردووە.

لە یەكێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە، جارێكیان جل و بەرگێكی خەت خەتی لەبەردایە و نوێژی پێوە دەكات، بە دوو جۆر ریوایەت هاتووە، ریوایەتێكیان دەڵێت نوێژەكەی دەبڕێت لەبەرئەوەی خەت خەتی جلەكە لێی تێك دەدات و داوا لەو كەسە دەكات كە جل و بەرگەكەی بۆ دووریوە جلێكی تری بۆ بهێنێت جلێك دەكاتە بەری كە جل و بەرگی كوردی بووە، لەوانەیە وەكو ئەم جل و بەرگەی ئێستامان نەبوویێت ستارخانی و مرادخانی و شاڵ و كەتانی و...هتد، گرنگ ئەوەیە جلی كوردی بووە، فەرموودەكە دەفەرموێت ئەمە لیباسی ئەهلی كوردە لەبەری دەكات، پێغەمبەری ئازدار ﷺ كاتێك دەیكاتە بەری ئەو كەسەی كە دوریویەتی دەڵێت لیباسەكەی كە جوانە لەی پێغەمبەری خوا ﷺ، سەروەریشمان دەفەرموێت: لاخیر حەزم لەم جلانەیە، لەگەڵ ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ جلی كوردی خۆش ویستووەو لەبەری كردووە كەچی سبحان الله ئێستە ئێمەی كوردی موسوڵمان وازمان لە كولتوری خۆمان هێناوەو خەریكی ئەوەین دەست بكرین بە كولتووری گەلانێكی ترەوە كە ئەسڵەن پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بۆ دەبێت وا بێت كە ئێمە هەمیشە هەڵگری كولتوری خەڵكانێكی تر بین لەكاتێكدا خۆمان خاوەنی كولتورێكی جوان و نایابین، سەرەڕای ئەوەش ئانەو تەشەریشمان لێ بدەن و بڵێن وەڵا ئێوە توانای ئەوەتان نییە داهێنان بكەن، چۆن توانامان نییە بەڵام بەداخەوە ئەوەكانی ئێمە هەواڵون، ئیسلام هەرگیزاو هەرگیز هەڵە ناكات ئیسلام بۆ خۆی پاكە دینەكەی بۆ خۆی

مەعصومە، پێغەمبەرەكەی ﷺ مەعصومە و لەلای خوای گەورەوە نێردراوە، كێشەكە لە مرۆڤەكەدایە، مرۆڤ هەڵە دەكات و قابیلی هەڵەیە ئێمەش هەڵگری ئەم ئیسلامەین بۆیە نەمانتوانیوە ئەم دینە وەكو خۆی بكەیەنین، پیاوێكی بەڕێزی وەكو محمد غەزالی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرمووێت دۆسیەی قەزیەی ئیسلام دۆسیەكی براوەیە، بەڵام زۆر بەداخەوە موحامییەكانی فاشیلن، موحامی مەبەستی لە شوێنكەوتەو بانگخوازەكانیەتی، مەبەستی ئەو كەسانەیە كە پارێزەری ئەم ئیسلامەن و موحاماتی بۆ دەكەن، ئەمانە بۆ خۆیان فاشیلن و نەیانتوانیوە ئیسلام وەكو خۆی بكەیەنن، كەواتە ئێمە پێویستمان بەوەیە كە بەم سێ خاڵە رابوونی كۆمەڵگە سەرلەنوێ دەست پێ بكەینەوە، نێوان مرۆڤ و خوای گەورە، نێوانی مرۆڤ و مرۆڤ، نێوانی مرۆڤ و ژینگە.

خوێندنەوە بۆ ئێمە پێویستە چونكە ئوممەتی خوێندنەوەین "اقرأ"، كەرامەتی مرۆڤ بە زانستە. سەیری جیهان بكەن ئێستا هەر وڵاتێك كە قسە ڕۆشتووە و دەوڵەتانی جیهان حسابی بۆ دەكەن لەبەر خاتری زانست و پێشكەوتنەكەیەتی، ئیسرائیل لەناوجەرگەی خاكی موسوڵمانان دا دەوڵەتێكی بۆ خۆی دروست كردووە، ئایا لەبەرئەوەیە كە ژمارەیان زۆرە؟ یان بەهۆی ئازایەتیدانەوەیە؟ نەخێر، جولەكە بە تەبیعەتی حاڵ خەڵكێكی زۆر ترسنۆكن، بەڵام خاوەنی تەكنەلۆژیای سەربازین، ئێمەش پێویستە سەرلەنوێ بۆ ئەوەی بچینەوە ناو خەڵكی بۆ ئەوەی قسە ڕۆشتوو بین لەم رابوونی كۆمەڵگەی خۆمانە پێویستە گرنگی بە زانست بدەینەوە، خوێندنەوەمان خۆش بوێت، ئەو وڵاتانەی كە پێشكەوتوون خەڵكەكەی كات بە فیرۆ نادەن بەردەوام كاتە فەراغەكانیان بە خوێندنەوە پڕ دەكەنەوە بۆ نمونە لەناو پاس و مێترۆكانیاندا بەردەوام دەبینی كتێبێكیان بەدەستەوەیەو دەخوێننەوە، بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا بە پێچەوانەوە یان خەوتنە یان خۆ خەریك كردنە بە موبایلەوە، یان زۆر سەیرە گەنجانی وڵاتی ئێمە ماڵی دووەمیان بووەتە چایخانەو كازینۆكان و بەردەوام خەریكی تەزبیح بادانن.

بۆ ئێمە وامان لێهاتوە بۆ نەگەینە ئەو ئاستە سەقافیەی كە دەچینە لای دەلاكێك تاكو و ئەونە چاوەڕێ دەكەین خەریكی خوێندنەوە نەبین، ئەم هەموو كتێبە بۆ كێ دەنووسرێت، ڕەحمەتی خواتان لێ بێت موسوڵمانان زیاتر ئاراستەی قسەكانمان بەرانبەر بە ئێوەیە ئێمە چۆن ئەم نەوانەی خۆمان فێربكەینەوە، ئاخر بۆیە هەرگیزاو هەرگیز باوك و كوڕێك لە یەكتری تێناگەن، باوكەكە بەردەوام گلەیی هەیە و دەڵێت كوڕەكەم بە قسەم ناكات، كوڕەكەشی پێی وایە باوكی جاهیلە و لێی تێ ناگات، ئاخر باوكی بەڕێز تۆ لە هەموو ژیانت دا چوار كتێبت نەخوێندۆتەوە چۆن دەتوانیت مامەڵەیەكی تەندروست بكەیتەوە لەگەڵ منداڵەكەتدا، چۆن دەتوانیت بیبە هاوڕێی، ئاخر دایكی بەڕێز كە كچەكەت بە كوێت ناكات لەبەرئەوەیە گلەیی هەیە لێت و دەڵێت لە من ناگات، دایك و باوكی بەڕێز ئازانیت منداڵەكەت پەروەردە بكەیت، كاكە خۆ پەروەردە كردن تەنها ئەوە نییە كە ئارەزووەكانی بەجێ بهێنیت و هەرچی داوا كرد لە جل و بەرگی جوان لە خواردنی خۆش بۆی دابین بكەیت.

هاوسەری بەڕێز خێزانی ئازیز لەی ئەو كەسانەی كە خێزانتان پێك هێناوە كاتێك پەرداخێك ئاو دەدەیت بە دەستی خێزانەكەتەوە یان بە پێچەوانە ئەمە ئەركی سەرشان نییە، كێشەی ئێمە

زەوەیە كە هەموو كارێكمان بووە بە ئەركی سەرشان، ژنان دەبێت چێشت ئامادە بكەن چونكە ئەركی سەر شانیانە، ئەمە هەر ئەرك نییە نەك ئەركی سەرشان، بۆچی وا بیر ناكەنەوە كاتێك پەرداخێك ئاو دەدەیتە دەست خێزانەكەت یان هاوسەرەكەت یان خواردنێكی بۆ ئامادە دەكەیت بۆ هەست بەوە ناكەیت كە لە قیامەتدا پاداشتی لەسەر وەردەگریتەوە، ئەم كارانە كە دابەشكراون بۆ ئەوەیە ژیان رێك بخرێت، بۆ ئەمە بە ئەركێكی قیامەتی نازانی و ئەو هەستەت لا دروست نابێت كە لە پێناوی خوای گەورەدا كار بكەیت، ئەو دایك و باوكە بەڕێزانەی كە دەیانەوێت منداڵەكانیان بە قسەیان بكەن، چونكە دەزانین كێشەی ناو كۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە كە كوڕ بە قسەی باوكی ناكات كچ بە قسەی دایكی ناكات، هاوسەر بە گوێی مێردی ناكات، مامۆستا و قوتابی مامەڵەیان خراپە لەگەڵ یەك، هەموو ئەمانە مەزومەیەكی تێك چوون بەسەر یەكدا، ئەی دەزانن سەبەب و هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆچی؟ سەبەب و هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە خۆمان نەناسیوە، هەركەسێكیش خۆی نەناسێ بە دڵنیاییەوە خوای گەورەش ناناسێ كە خوای گەورەشی نەناسی ژیانی تا بەو شێوەیە كە باسمان كرد.

سید قطب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- قسەیەكی زۆر جوانی هەیە، حەقە لەسەر دیواری هەموو ماڵێكدا بنووسرێتەوە، هەرچەندە دەسەڵاتی ئەو كاتی میسر هەوڵی زۆریان دا كە ئەم پیاوە بەڕێزە لەبەرچاوی خەڵكی ناشیرین بكەن، یەكێك لەو كارەشیان كاتێك كە لە سێدارەیاندا قورئانێكیان هێناو هەڵیان كۆڵی و دەمانچەیەكیان خستە ناوی و بڵاویان كردەوە كە گوایە ئەمە فیكری سید قطب بووە، ئەمە راست نییە ئێستا هەر لە مۆریتانیاوە تاوەكو دەگاتەوە سیبریا خەڵكێك كاریگەر بوونەتەوە بە فكرەكەی، لە جیهانی ئیسلامی دا تەفسیرەكەی دەخوێنرێت و زانایان پشتی پێ دەبەستن، بەڵام ئێستە زۆر بەلامانەوە سەیرە هەندێك برای ئیخوانی دەڵێن سیستەمی ئیسلامی هەندێكی بەجێهێڵراوە بە خەڵك لە كاتێكیشدا كە سید قطب لەسەر نەگۆڕی سیستەمی ئیسلامی شەهید بوو، لەسەر ئەوە شەهید بوو كە حاكمیەت هەر بۆ خوای گەورەیە، مەگەر ئەمە سیستەمی ئیسلامی نییە؟ سیستەمی گۆڕانكاری نییە؟ بەلامانەوە سەیرە خەڵكێك خۆیان بە ئوصولی دەزانن یان كاتێك كە ئێمە باس لەوە دەكەینەوە كە ئوصولین، جارێ با بزانین ئوصولی یانی چی؟ ئوصولی بەواتای گەڕانەوە بۆ قورئان و سونەت، پاشان عەقڵ و مێژوو و واقیع، هەركەسێك كاری بەم پێنج خاڵە كرد ئەوە پێی دەوترێت كەسێكی ئوصولی.

مەبەست لە عەقڵ واتە عەقڵی زانایانی ئیسلام نەك عەقڵی خۆمان، دەبێت واقیعیش بناسرێت واتە واقیعی بین، زەمینە بناسین بۆ كاری دەعوە و بانگەواز، كوردستانی ئێمە زەمینەی تایبەتی خۆی دەوێت چونكە ئەم كوردەی ئێمە ئینووە بۆ ئاڵاكەی، بۆ كولتورو تورائی خۆی، بۆ دەدەیانی رەسەنی خۆی، بۆ پارەی وڵاتی خۆی، دەبێت ئیسلامیەكی كوردایەتی تێدا بەرهەم بهێنرێت، ئەمەیە واقیعەو ئاستەم نییە، ئەمەیە ئوصوڵە، هەروەكو چۆن كەسانێك دەڵێن ئێمە رادیكاڵین و باس لە رادیكاڵیزم دەكەن.

پێغەمبەری ئازدار ﷺ كۆمەڵگەكەی خۆی بە شێوەیەكی ئوصولی رێك خست، ئێمەش پێویستە كۆمەڵگەكانی خۆمان لەسەر ئەوە بەرهەم بهێنین، وە سوودی لێ وەرگرین لە كایەی پێكهێنانی حكومەت و دەسەڵاتی ئیسلامی دا، تەبعەن دەسەڵات و حكومەت دوو چەمكی جیاوازن بۆیە

لەو سێ چەمکەی پێشوو کە ئێمەش جیایان دەکەینەوە، پێویستە ئێمە پێش هەموو شتێک بزانین مرۆڤ و ژینگە وا لێیان تێ گەیشتین و باسمان لێوە کردن ئێوانی مرۆڤ و خوای گەورە، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و ژینگە، بۆیە کە بەبێ ئەمانە ناتوانین گۆڕانكاری بکەین یا هەر شیعاریشمان گۆڕانکاری بێت. کە هەموومان گۆڕانکاری بە یەک چەمک ناکرێت بەڵکو پێویستمان بەو مەنزومە گشتیە یە کە هەمووی پێکەوە بیکەین، ئەو چەمکانەش لە رابوونی کۆمەڵگەدا قۆناغن، قۆناغێکی تریش هەیە کە ئەهلی ئیسلام و موسوڵمانان سەیری بکەن و رەچاوی بکەن، ئەویش قۆناغی لەناوبردنی زاڵمانە. زاڵم چۆن لەناو دەچێت؟ کۆمەڵێک قۆناغ هەن دەبێت بیبردرێن ئینجا زاڵم وەختی لەناوچوونی دێت، چۆن موسوڵمانان وردە وردە بە قۆناغێکدا دەچن رێک پێچەوانەی ئەو قۆناغەیش قۆناغی زاڵمانە کە کۆتایی بە دەسەڵاتیدان دێت، یەکەم قۆناغ کە زاڵمی تێ دەکەوێت و زوڵم دەکات جەهل و نەزانیە، خەڵکێکی ماستاوچی لەدەوری کۆ دەبنەوەو وەسفی دەکەن و پێدا هەڵدەدەن، تاوەکو وردە وردە وای لێ دەکەن پیرۆزی دەکەن و هەر خۆیشیان پێش خەڵکی تر گیر دەخۆن بەدەست زوڵم و ستەمیەوە، خوای گەورەش هیچ کەسێک وا لێناکات کە زاڵم بێت و زوڵم و خراپە بکات وەکو خەڵکێک دەڵێن قەدەری خۆیەتی، نەخێر لەسەر بنەمای کارەکانی خۆی تاوانبار دەبێت لە قیامەتیشدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، چونکە مرۆڤ سەراپا ئازادە، خوای گەورە ئازادیەکی تەواوی پێ بەخشیوە، یان هەندێک کەس هەن ئەو قسەیە دەکەنەوە و دەڵێن ئەوە لەناو چاوم نووسراوە وابکەم یانی کەواتە من لەناوچاوم نووسراوە پیاوێک بکوژم یان لەناو چاوم نووسراوە کارێکی خراپ بکەم، یان دزی بکەم پەنا بە خوای گەورە ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەڵەیە، خوای گەورە بە ئازادی مرۆڤی دروست کردووە و سەربەستیشی کردووە لە کارەکانی دا.

گرنگە ئێمە بزانین کە جیاوازی هەیە لە نێوان ویستی خوای گەورەو عیلمی خوای گەورە، خوای گەورە هەرگیزاو هەرگیز ویستی بەوە نییە کە مرۆڤ خراپەکاری بکات کاری خراپە نادات بەسەر مرۆڤدا، قەت خوای گەورە پێی خۆش نییە مرۆڤ کاری خراپە بکات، دزی بکات، زینا بکات، پیاو بکوژێت، ئەزیەتی دایک و باوکی بدات، جنێو فرۆش بێت ...هتد، بەڵکو ئەمانەی کە دەکات ویستی خۆیەتی، خوای گەورە عیلمی هەیە بەو کارەی کە دەیکات، ئاگادارە لەم کارەی کە دەیکات، جا ئەگەر خوایەک زانا نەبێت بەسەر ئیش و کاری بەندەکانیەوە ئەوە ئەو کات پەنا بە خوای گەورە نەقسی هەیەو بە کەڵکی خوایەتی نایەت، کەواتە جیاوازی زۆرە لە نێوان ویستی خوای گەورەو عیلمی خوای گەورە، گرنگە ئێمەی موسوڵمان پێش هەموو کەس بەم چەمکانە ئاشنا بین، چونکە خەڵکێک لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی خراپدا پێیان وایە کەخوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بووە کە ئەو کارە خراپە بکات، نەخێر ئەمە سیفەتی شەیتانە، وەکو لە رابردوودا باسمان کرد شەیتان کاتێک کە تاوانی کرد و ئەمری خوای گەورەی شکاند و تاوانەکەشی دایە پەنای خوای گەورە ریسوا بوو هەر بە ریسواییش دەمێنێتەوە تا کۆتایی ژیان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکات لەسەر زاری شەیتان کە وتوویەتی: قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾الأعراف. واتە: شەیتان وتی: بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت

گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەتدا بۆیان دادەنیشم (لایان بدەم) .

بە خوای گەورە دەڵێت تۆ منت گومڕا کرد. بەڵام ئەهلی ئیمان بە پێچەوانەوە تاوانەکە دەدەنە پەنای خۆیان و خوای گەورە بە پاک و بێگەرد دەزانن، هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس کراوە کە پێغەمبەر یونس -علیه السلام- پاش ئەوەی کە بە توڕەییەوە گەلەکەی جێ هێشت کە کارێکی هەڵە بوو دوای ئەوە داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە کردو فەرموی: وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿٨٧﴾الأنبياء. واتە: (ذوالنون)یش (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێ کە قەومەکەی بەجێ هێشت و ڕۆشت، گومانی وابوو کە دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە، لەناو تاریکستانی (شەوو دەریاو ناو سکی نەهەنگەکەدا) هاوارو نزای لێ بەرز بۆوەو وتی: پەروەردگارا هیچ خوایەک نیە جگە لەتۆ، هەر تۆ شایستەی هەموو ستایشێکی، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد (کاتێك کە بەبێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێ هێشت).

هەروەها کاتێک سەیدنا ئادەم و دایکە حەوا لە بەری ئەو دارەیان خوارد کە خوای گەورە لێی قەدەغە کردبوون داوایان لە خوای گەورە کرد کە لێیان خۆش بێت و فەرمویان: قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٢٣﴾ الأعراف. (ئەوسا ئیتر هەردووکیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردو) وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین.

مرۆڤ دەبێت هەمیشە پاک و بێگەردی بداتە پەنای خوای گەورە و تاوان و هۆکارەکەشی بداتە پاڵ خۆی، زاڵم کاتێک کە زوڵم دەکات سەرەتا بە جەهل دەیکات، فیرعەون سەرەتا بە جەهل کردی، مادام جاهیلە خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، مرۆڤ کاتێک کە زوڵم دەکات خۆ عەقڵی پێدراوە و پێغەمبەری بۆ نێردراوە! قورئانی بۆ رەوانە کراوە! ڕێگەکەی بەتەواوەتی بۆ ڕۆشن کراوەتەوە، هەموو ئەوەش بۆ ئەوەیە ئەو جەهلە نەمێنێت، وە بەڵگەی ئەوەی نەمێنێت وە بڵێت وەڵا خوای گەورە وای کردووە کە من ئەو کارە ئەنجام بدەم. نەخێر: ئیمانی بۆ ناردوویت، دەزانن فەلسەفەی ئیمان لە چی دایە؟ خوای گەورە چەمکی ئیمانمان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەفەرموێت: الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ البقرة

واتە: ئەوانەی باوەڕ بە نەبینراوەکان دەهێنن (وەك خواو فریشتە و ئەوانەی خوا باسی کردوون و ئێمە نایان بینین)، هەروەها نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و لەو رزق و ڕۆزییە (حەڵاڵەی) پێمان بەخشیوون، دەبەخشن.

ئەی فەلسەفەی ئیمان چی یە؟ خوایەک لە ئاسمانەوە پەیام دەنێرێتە خوارەوە لە ڕێگەی یەکێک لە فریشتەکانیەوە بۆ پێغەمبەران -علیهم الصلاه والسلام- بۆ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکاتەوە لە قیامەت، ئێمە کە دەڵێین فەلسەفە تەبعەن سید قطب ئەی وتووە فەلسەفەی ئیسلامی، بەڵکو وتویەتی تەسەوراتی ئیسلامی! واتە حیکمەتی ئەم ئیمانە چی یە کە پێناسە دەکرێتەوە "أن تومن

باللە و ملائکە وکتبە ورسولە ویوم الأخرە و قدرە خیرە وشرە". واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ تێبگات و ئەم ئازادیەی بۆ روون بێتەوە، ئەمە مەقاصدی شەریعەتەو ئەم عەقڵەی بۆ ساغ بێتەوەو تێ بگات مادام خوایەک لەئاسمانەوە بە فریشتەدا دەیەوێت خەڵک چاکەکار بن چی دەنێرێت؟ کتێبێک، باشە ئەم فریشتانە یەک یەک دادەبەزن و لەگەڵ ئێمەدا قسە بکەن و کتێبێکمان بۆ چاپ بکەن و بیدەنە دەستمان، شتی وا دەبێت؟ کتێبێک دەنێرێت بە فریشتەیەکدا بۆ خەڵکێک لە خۆمان کە پێغەمبەرانن -علیهم الصلاە والسلام- بۆ ئەوەی فێری دینداریمان بکەن، حیکمەتی فێربوونی دیندار ی لە چیدایە؟ "وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ" تەنها بۆ عیبادەت دروست کراوین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ قیامەت، هەموو ئەمەش پێناسەی قەزاو قەدەرەکەیە کە خوای گەورە بۆمان باس دەکاتەوە زۆر بە سانایی، ئیتر پێویست ناکات سەریش لە خەڵکی تێک بدەیت ئیمان چی یەو قەزاو قەدەر چی یە. راستە ئەگەر خەڵکێک توانی بە دەکادیمی وەریبگرێت شتێکی زۆر باشە، خۆ خەڵکێکی زۆریشمان هەیە کە باسی بیروباوەڕی ئیسلامی بۆ دەکەیتەوە زۆر شارەزایە تێدایدا لە ئولوهیەت لە ربوبیەت لە ئەسماء و سیفات لە تەوحیدی حاکمیەت لە تەوحیدی متابعە، بەڵام کەڵکی چی یە لەناو مەیدان دا ناجوڵێت.

بیروباوەڕ ئەوەیە کە بتجوڵێنێت و بت خاتە بزاڤێکەوە و بزووتنەوەیەکت پێ بکات شۆڕشێکت پێ هەڵگیرسێنێت، گۆڕانکاریەکت پێ بەرپا بکات، بەڵام تۆ بیر و باوەڕێکت وەرگرتووە لەماڵی خۆتدا دانیشتوویت و سوودی بۆ خێزان و منداڵەکانیشت نییە! ئەمە زۆر ترسناک و گرفتە، بۆیە قۆناغی لەناوچوونی زاڵمان دەست پێ بکات ئەمجارە ئەم جەمسەرەی تر بەرز دەبێتەوە کە جەمسەری موسوڵمانانە.

یەکەم جەهلە، دووەمیان خوای گەورە کەسێک دەنێرێت و دەیکاتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم زاڵم و تاغوتە یان ئەم دیکتاتۆرە بە جەهلەکەی خۆی بزانێت، جا ئیتر سەدام حسینە یان موعەممەر قەزافی یە یان حوسنی ئا موبارەکە یان بەشار ئەسەد و بن عەلیە یان هەریەکێکی ترە لە نموونەی ئەمانە. ئەمانە سەرەتا بە جەهل دەیکەن خوای گەورەش هەریەکەو یەکێکیان بۆ دەنێرێت.

یەکێک لەو پیاوە بەڕێزانەی کە خوای گەورە ناردی بۆ ئاگادارکردنەوەی فیرعەون سەیدنا موسا بوو -علیە السلام- بۆ ئەبوجەهل و وەلیدی کوڕی موغیرە و هاوشێوەکانیان و کۆمەڵەکان بە کشتی خوای گەورە پێغەمبەری ئازداری نارد ﷺ، بۆ سەدام حسین دەیان پیاوی بەڕێزی وەکو شێخ عبدالقادری چوێسەی بۆ نارد، ئەم پیاوە بەڕێزە بە ئاشکرا هاواری دەکرد بابە ئەنفال مەکە ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووتەی ئێمە بگەڕێنەرەوە، مەوقیفێک بوو لەیاد ناکرێت. دەیان پیاوی پیاوانەی تر یان دیکتاتۆرێکی وەکو موعەممەر قەزافی ئەو هەموو خەڵکەی دەربەدەر کرد بۆ قەتەر و بەحرەین و ناوچەکانی ئەوروپا، زیندانەکانی ئەم تاغوتانە پڕ کرا بوو لە ئەمسالی سەید قطب و حەسەن بەناو علی حەبەش و یوسف قەرزاوی و ...هتد ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. ئەم پیاوە بەڕێزانە بە عبدالناصر و ئەنوەر سادات و حوسنی ئاموبارەکیان دەوت ئێوە زاڵمن و زوڵم دەکەن، دیکتاتۆرن و بە ئارەزووی خۆتان خەڵکی ئازار دەدەن، جا زوو زووش بۆ ئەوەی خۆیان شیرین بکەن لای ئەهلی ئیسلام دەیان وت ئیسرائیل واو وا درۆشیان دەکرد لە ژێرەوە دەستیان تێکەڵ بوو لەگەڵیدا.

لە قۆناغی ئاگادارکردنەوەدا هەندێک جار زاڵم دەگەڕێتەوە، نمونە هەیە لەم قۆناغەدا زاڵم تەوبەی کردووەو گەڕاوەتەوە، لەوانە کە زوڵمیان کردووەو پاشان گەڕاونەتەوە ئەبی حامیدی مەنصوری -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ئەم پیاوە بەڕێزە سەرەتای دەستپێکی ژیانی پیاو کوژ بوو، تەنها بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات هەموو شتێکی دەکرد، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا کە بۆی روون بوویەوە کارەکانی خراپن تەوبەی کرد، یان پیاوێکی وەکو ئەبو جەعفەری مەنصور باسمان کرد کە دوو ساڵ پێش وەفاتی تەوبەی کردو گەڕایەوەو دەستی کرد بە چاکەکاری، دوای ئەمە قۆناغێکی تری تاغوت و دیکتاتۆرەکان دەست پێدەکات کە پێویستە موسوڵمانان ئاگاداری بن ئەویش بریتییە لە جەحد، لەم قۆناغەدا ئەم زاڵم و دیکتاتۆرە ئەم تاغوتە دەزانێت خراپەکاری کردووە، بەڵام جەحد دەکات و ئینکاری لێ دەکات، دەیەوێ بیشەرعێنێت و بی فەلسەفێنێت، هەموو شتەکان بۆ خۆی بە چاک بداتە قەڵەم ئەمەش قۆناغێکە، ئەم تاغوتانەی وەکو سەدام حسین و هاوشێوەکانی ئەو هەموو تاوانانەیان ئەنجام دەدا دەیانزانی تاوانە و گوناهە، بەڵام بۆ ئەوەی لەسەر کورسیەکەیان بەردەوام بن و بمێننەوە گوێیان نەدەدا.

دوای قۆناغی جەحدیش دەچنە قۆناغێکی تر کە پێی دەوترێت قۆناغی تمس، تەبعەن ئەمانە هەمووی بە قۆناغ خوای گەورە باسی لێوە کردوون لە سوورەتی الشعراء، تمس واتە چاویلکەیەکی چیمەنتۆیی دەکاتە چاوی هەر دەکوژێ، صدام حسین چی نەکرد بە گەلی بێتاوانی ئێمە، موعەمەر قەزافی بە گوێ دان ۱۳- ۱٤ هەزار کەسی بێتاوانی کوشت تەنها لە بن غازی، یان یەکێکی وەکو ئاموبارەک لە گۆرەپانی تەحریردا چی نەکرد بە موسوڵمانانی میسر لە کاتی ناڕەزایی یەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا، بەهەمان شێوە ئەم قۆناغەی ئێستای بەشار ئەسەدیش قۆناغی تەمسە، بەس خەریکی کوشتنە، تەنها چاوی خوێن دەبینێ، دوای ئەم قۆناغەش قۆناغێک دەست پێ دەکات پێی دەوترێت قۆناغی سەرکەوتنی موسوڵمانان و داڕمانی تاغوتان، بینیشمان یەکێکی وەکو سەدام حسین لە کونێکدا دەستگیر کرا، موعەمەر قەزافی لەسەر جادەو شەقامەکان خەڵک شەقیان تێ هەڵدەدا، فیرعەونیش کاتێک کە خوای گەورە خستیە ناو دەریای سوورەوە هاواری دەکرد لە بەنی ئیسرائیل و سەیدنا موسا -علیه السلام- کە فریای بکەون و بیپارێزن.

هەموو ئەم باسەی کە کردمان بۆ ئەوەیە ئێمە تێ بگەین کە خوای گەورە سوننەتی خۆی ناگۆڕێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ محمد. واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات، وە پایەدارو جێگیرتان دەکات.

ئەوەی خوای گەورە سەربخات خوای گەورەش ئەو سەرت دەخات، سەرخستنی خوای گەورە بە واتای سەرخستنی شەریعەتەکەی، شەریعەتی خوای گەورە واتە ئەو شەریعەتەی کە بۆ پێغەمبەری ئازدار صلى الله على وسلم هاتۆتە خوارەوە، تەبعەن پێغەمبەری خوا ﷺ لە سیاسەتدا باشترین سیاسەت مەدار بووە، کە لە ماڵدا بووە باشترین باوک و باشترین هاوسەر بووە، لەناو هاوەڵاندا باشترین بووە، لە گەیاندنی دینی ئیسلام دا باشترین بانگخواز بووە، ئەم ئازدارە

کاتێک کە دەیەوێت هاوڵە بەڕێزەکان تێ بگەیەنێت هێڵێکی ڕاست دەکێشێت و دەفەرموێت ئەم هێڵە ڕاستە ئیسلامەکەیە، خەتی بچووک بچووکیشی لێ جیادەکاتەوەو پێیان دەفەرموێت ئاگادار بن لەم هێڵە لادراوانە، ڕاستە ڕێگەکە لەبەردەستمان دایە و بۆمان دیاری کراوە، بەڵام بەداخەوە خۆمان سبحان الله حەزمان بە لاڕێیە هەر دەڵێین بزانین چی تێدایە، خوای گەورەش دەفەرموێت: وَيَدْعُ الْإِنسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ وَكَانَ الْإِنسَانُ عَجُولًا ﴿١١﴾ الإسراء. واتە: ئینسان (کاتێ کە تەنگەتاو دەبێ) دوعاو نزای شەڕ دەکات، هەروەک چۆن لەکاتی ئاساییدا دوعای خێر دەکات، ئینسان هەمیشەو بەردەوام بە پەلەو هەڵەشەیە.

ئەم قۆناغانەی کە باس کران دەبێت ببردرێن ئینجا بابای موسوڵمان دەتوانێت بگاتە ئەو قۆناغەی کە قۆناغی سەرکەوتنەو ئاغوتان لەناو دەچن و ڕابوونی کۆمەڵگە دەست پێ دەکات، ڕابوونی کۆمەڵگە لە جەهل و نەزانییەوە دەستی پێکرد ئاوەکو دەگاتە رووخانیان، ئینجا پەروەردەی تاک دێتە پێشەوە کە ڕابوونی کۆمەڵگەی لەسەر بونیاد دەنرێت، واتە بونیادی شەخسیەتی تاکی تێدا دەنرێت، ئەم تاکە ئێوانی خۆی و خوای گەورەو خۆی و کەسانی دەوروبەری، خۆی و ژینگە ڕێک دەخات، کە ئەمەی کرد بەرەو دەسەڵاتی دەبات، ئەمە قۆناغی یەکەمە بۆ بیناکردنی تاک بۆ گۆڕانکاری، تۆ ئەی فڵان ئەگەر دەتانەوێت گۆڕانکاری بکەن دەبێت ئەم قۆناغانە ببڕن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم قۆناغانەی بڕیوە، کە ئەم قۆناغانە سەرکەوتوانە بڕدران دەگەینە قۆناغی دەسەڵات، دەسەڵاتیش لە ئیسلام دا چوار شتی پێویستە: خواناسی، دادپەروەری، ڕەوشت، زانست.

پشتیوان بە خوای گەورە لە ئاییندە دا باس لەوە دەکەین کە چۆن دەسەڵاتی ئیسلامی دەسەڵاتێکی خواناس بێت، دادپەروەر بێت، خاوەن ڕەوشت بێت، هەڵگری داب و نەریتی ئایەتی ئیسلامی بێت، بە زانست ئیش بکات، ئینجا دەسەڵاتی ئیسلامی لەسەر بینا دەکرێت، تاک دەتوانێت ئەم دەسەڵاتە پێک بهێنێت، کە دەسەڵاتت هەبوو دەبێت بەم دەسەڵاتە تاکەکانی پێ بەبێت بەڕێوە کە ئەویش حکومەتە، حکومەتیش ئالیەتی خزمەتکردنی مرۆڤە، حکومەت ئالیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە نەک دەسەڵات، دەسەڵات توخمێکە لە توخمەکانی شارستانیەت و پێکهێنەری شارستانیەتە و هەموو ئەمەش پێی دەوترێت سیستەم، مەعقولە منی موسوڵمان ئەمە بگۆڕمەوە بە سیستەمێکی دەستکردی مرۆڤ هاوشێوەی دیموکراسی و سەرمایەداری و ...هتد، ئەمە سیستەمی ئیسلامیە و ئەم سیستەمە ئیسلامییە بە شێوەی هەرەمێکە و ئاوی لێڕژاوە سیستەمی ئیسلامی، کە بە داخەوە کۆمەڵێک لە موسوڵمانان دەڵێن جێهێڵراوە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بیری لێبکاتەوە، یان من ئەگەر خۆم بیری لێبکەمەوە هەر دەچم دیموکراسیەکەی فرانسیسکۆ فۆکۆیاما دەهێنمەوە، کە جێگەیەکی مەرموقی هەیە، هەروەها بۆ ئەوەش ئەورووپا لە خۆم ڕازی بکەم کە وەکو هەندێ لە خەڵکی دەیکەن و کردوویانە، پەنا دەگرین بە خوای گەورە لەم ئەسەوراتانە، هەرچی شارستانیش کە لەناوچووبێت بۆ ئەوە بووە، کە ئەم سێ خاڵەی پێشوویان تێدا نەبووە، خوای گەورەش دەفەرموێت: وَالْفَجْرِ ﴿١﴾ سوێند بە بەرەبەیان
وَلَيَالٍ عَشْرٍ ﴿٢﴾

سوێندم بە دە شەوەكە (هەندێك دەڵێن دە شەوی كۆتایی ڕەمەزانە،
هەندێكیش دەڵێن دە شەوی سەرەتایی مانگی ذي الحجەیە كە كاتی كۆنگرەی حەجە،
هەردوو بۆنەكەش پیرۆزن).
وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ ﴿٣﴾
سوێند بەو شتانە كە جووتن، وە هەروەها سوێند بە هەموو ئەو
شتانەی كە تاكن (یاخود سوێند بە شەوە جووت و شەوە تاكەكان).
وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ ﴿٤﴾
وە بە هەموو شەوێك كاتێك كە تێ دەپەڕێت (لە سەرئەنجامی
سوڕانەوەی گۆی زەویدا).
هَلْ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ ﴿٥﴾
ئایا ئەو (شتانە شیاوی ئەوە نیە) كە سوێندی پێ بخورێت، وە بەڵگەی
بەهێز بێت بۆ كەسێك كە خاوەنی عەقڵ و بیرو هۆش بێت؟!
أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾
ئایا نەتبینی پەروەردگاری تۆ چیكرد بە قەومی عاد.
إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴿٧﴾
هۆزی (ارم) كە خاوەنی پایەی بەرزو كۆڵەكەو نیرگەی درێژبوون (قەومی عاد لە شاری ئیرەم كە
باڵەبەرزو تێكسمراو بوون خانووبەرەو كۆشك و تەلاری گەورەو بەرزیان دروست دەكرد).
الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ ﴿٨﴾الفجر
لە سەردەمی ئەواندا لە هیچ شوێنێك، كۆشك و تەلاری وەكو لای ئەوان.
باسی دوو شارستانیمان بۆ دەكات كە نمونەیان زۆر كەم بووە لە ئازایی و دەسەڵات دا ئەوانیش
گەلی عاد و ئیرەم بوون، بەڵام لەناویش چوون، وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴿١٨﴾ الفجر
واتە: وە هانی كەس نادەن كە خۆراك ببەخشێت بە هەژارو نەداران.
وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ ﴿١٠﴾ الفجر.
واتە: هەروەها نەتبینی فیرعەونی خاوەنی ئەهرامەكان، چ كۆشك و بینایەكی بینا كرد.
دەسەڵاتی ئیسلامی دروست دەكرێت ئەگەر تاك بونیات نرا، چونكە ئەمە بە تەبیعەتی حاڵ
شتێكی ئاسایە مرۆڤ كە بۆخۆی بونیادی نرا لەسەر ئەفكارێك لەسەر بیرێك لەسەر بووچونێك
دوای ئەوە پێویستی بەوەیە كە دەسەڵاتێک دروست بكات، ئەم دەسەڵاتەیش پێكهاتەی چوار
ڕوكنی زۆر گەورەیە، ڕوكنی یەكەمیان خواناسی یە، هەموو ژیان و كیانی ئێمە لە دەوری ئەم
ڕوكنەدا دەسوڕێتەوەو بۆ ئەوەیە كە خۆمان ئامادە بكەین بۆ قیامەت، چونكە نازانین قیامەت
لەم جومعەیەیە كە دێت یان دواترە، چونكە هەموومان دەزانین قیامەت لە جومعەدا بەرپا
دەبێت، كەی؟ نازانرێت، مردنی هەركەسێكیش قیامەتیەتی ئایا لەنانخواردنەدایت یان لە
نوێژدایت، لە قورئان خوێندندایت یان لە بازاڕدایت، خەریكی كاری باشیت یان پەنا بە خوای
گەورە خەریكی خراپەكاریت، قیامەتی هەمووشمان یەک ئاڵەیە كە هات ئیتر تەواو، وەكو خوای
گەورە دەفەرموێت: كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴿٢١﴾الفجر

بەڵکو کاتێک دێت کە زەوی،
واتە: نەخێر، (هەروا دنیاتان بۆ ناچێتە سەر)، خەڵکی بێدار بکرێنەوە
هەموو ئەم باس و خواستانە بۆ ئەوەیە کە خەڵک فێری خواناسی بێت، کەباوک و دایک و برا و
لە هاتنی قیامەت، پێیان بوترێت کاتە دادە قیامەت ئەو جێگەیەیە خوشک، سەروەت و سامان و عەشیرەت و دەسەڵات لێت رادەکەن، کەس فریای کەس ناکەوێت
هەرکەسەو نەفسی نەفسیەتی، بەڵام پێش ئەو کاتە ناخۆش و حەساسە خوای گەورە راهێنانی
پێ دەکات چونکە لەو رۆژەدا جگە لە کردەوەکانت هیچ کەس و شتێکی تر فریات ناکەوێت.
بۆچی خوای گەورە حەجی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە؟ بە جێهێنانی فەریزەی حەج شەرت
و مەرجی هەیە بۆ نمونە دەبێت بە جلەکانت سپی بێت، وە پێش ئەوەی بە رێ بکەویت لەلای
خەڵکی گەردنی خەڵکی لە خۆت ئازاد بکەی، هەرچی پارەو قەرزو حەقێکە کە لەلاتە بیدەیتەوە
دوای ئەوە وەسیەت دەکەیت بۆ نزیکەکانت، وەکو ئەوە وایە کە بەرەو مردن بڕۆیت.
هەروەها رەمەزانیش بە هەمان شێوە راهێنانە بۆ قیامەت و پاک بوونەوە لە خراپەو تاوان، چۆن
کاتێک کە لە دایک دەبین مەلۆتکە دەکرێین بە پارچە پەڕۆیەک بەهەمان شێوەش کاتێک کە
دەمرین و دەخرێینە ناو سکی خاک دیسان مەلۆتکە دەکرێینەوە، کەواتە خواناسی بۆ دەسەڵات
زۆر گرنگە، کە خەڵک خواناس بوو ئیتر لەدەسەڵاتیش دا گەندەڵی ناکرێت، سەروەت و سامانی
خەڵک بەفیرۆ نادرێت، قسەیەکی بێ مانایە خەڵکێک بڵێت ویژدان گرنگە یان یاسا گرنگە، دەی
فەرموو خۆ لە وڵاتی ئێمەدا یاسا هەیە ئەی بۆچی ئیشی پێ ناکرێت؟ گەندەڵی رۆژ بە رۆژ زیاد
دەکات لەبەرئەوەی خواناسی لە دڵ و دەروونیاندا نییە، کەواتە دەسەڵات لەسەر خواناسی
دامەزرێت باشترە نەک لەسەر بنەڕەتی یاساو قانوونی جیهانی کە هیچ بنەمایەکی نییە.
خاڵی دووەم بۆ دەسەڵات بریتییە لە دادپەروەری، دادپەروەری بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ لە
دەسەڵاتیدا لەگەڵ خێزانیدا لەگەڵ دراوسێ و نزیک و کۆمەڵگەکەیدا دادپەروەر بێت، خوای
گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ ﴿١٠﴾ الرحمن. واتە: زەویشی بۆ
خەڵکی راخستووەو باری هێناوە (تا ژیانی خۆیانی تێدا بەرنە سەر).
ئەم زەوییەی کە خوای گەورە بۆمانی دروست کردووە بۆ ئەوەیە کە هەموومان بە دادپەروەری
لەسەری بژین وە دادپەروەری زۆر گرنگە، تەسەور بکەن عەرەبانچی وا فەقیر هەیە لەم وڵاتەی
ئێمەدا بە درێژایی تەمەنی هەر عەرەبانەی کێشاوە و کرێچی یە، خەڵکێکی تریش لە جێگەیەکی
ترەوە هاتووە بێ بەشە لەخاکی ئەم وڵاتە دەیان کۆمپانیای ورگ زلی دروست کردووە، یان
ئەوانەی لە رابردوودا خەباتگێر بوون ئێستە بوون بە مشەخۆر بەسەر خێرو بێری ئەم وڵاتەوە
خەڵکە هەژار و فەقیرەکەی ئێمەش تا هەر لەسەر جادەکان پاڵ بە عەرەبانەوە بنێت و کرێچی
بێت.
کەسانێک تا لە شاخ بوون و بەحساب خەباتیان دەکرد ئێستە کۆشک و ڤێلاکانیان هەور بڕە
ئەو خەڵکەش کە هەر لەسەردەمی بەعسەوە لەم وڵاتەدا کرێچی یە ئێستەش هەروا، باشە ئەم نا
دادپەروەرییە بۆچی؟ تەنانەت شەهیدەکانیش جیاوازییان تێدا دەکرێت، ئەوە شەهیدی
سەرکردەیە دەبێت خانووەکەی سێ چوار قات بێت ئەوەی تر شەهیدی ئاساییە قەینا با زەوییەک
وەربگرێت. ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە، ئەو هەموو گەنجە ئەم وڵاتە

بەجێبهێڵن و ئینتیمایان بۆ نیشتمانەکەیان نەمێنێت، ئەم خاکە هی هەمووماڵە پێویستە خێرو بێریش بۆ هەموومان بێت. ئەم وڵاتەی ئێمە جارێکی تر پێویستی بە پرۆژەی دادپەروەرییەو ئەرکی ئیسلامیەکانیشە کە کارای بکەنەوە و بێنەوە ناو دڵ و دەروونی خەڵکی، خواناس بن، دادپەروەر بن، دادپەروەریش بەبێ ئازایەتی بەدەست نایەت، پێویستە ئەم گەل و هۆزەی ئێمەش کە موسوڵمانە بە جورئەتەوە بێنەوە پێش بۆ ئەوەی دادپەروەرییەکە بچەسپێنین، کە کابرا دەڵێت دادپەروەر خۆ دادپەروەری بەوە ناکرێت کە تۆ هەر تەنها بە مقالە نووسینێک و قسەو باسی ناو تەلەفزیۆنێک تەواو بەدەست بێت، پێویستە منداڵ و ژن و پیاو هەرهەموویان ئازابن لەبەرانبەر هێنانەوە و چەسپاندنی دادپەروەریەکەدا، ئینجا دەسەڵاتە ئیسلامییەکە، دەسەڵاتە گۆڕانکارییەکە دێتەوە پێشەوە، پاشان ڕەوشت جوانی تۆ دادپەروەر نابیت ئەگەر ڕەوشتت جوان نەبێت وخواناس نابیت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: إذا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ" . رَوَاهُ البخاري.

ئەگەر تۆ شەرمت نەکرد برۆ چی دەکەیت بیکە بۆیە شەرم زۆر گرنگە و بەشێکە لە ئیمان ئێمە شەرممان نەماوە، خۆ ئیسلام هەر لەمانە پێک دێت، کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتییە، خواناسییە، دادپەروەرییە، ڕەوشت جوانییە، چونکە پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەفەرموێت وا هەست دەکەیت کە خوای گەورە تەنها بۆ ئەوەی ناردووە کە ڕەوشتی خەڵکی جوان بکات، إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الأخلاق.

ڕەوشت جوانی زۆر زۆر گرنگە بە دەدەب بین بەرانبەر خوشک و دایکی خەڵکی، چونکە ئەوەی هەست و شعوری بەوە بشکێت کە خۆی خوشک و دایکی هەیە رێز لە خوشک و دایکی خەڵکیش دەگرێت، ئاخر خۆ کاتێک کە سەیری ئافرەتێک دەکەیت خۆ دەزانم ئەو بە جۆرەها دەرمان خۆی رازاندۆتەوە و دوو مەتر قوماشی لەبەردا نییە، بەڵام ئەگەر لەبەرخاتری خوای گەورە سەرت داخست و چاوت نوقاند گەورە دەبیت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: هەرکەسێک لەپێناوی خوای گەورەدا واز لە ڕوانینێکی حەرام بهێنێت راستەوخۆ لە دەروونیەوە هەست بە شۆرشێکی گەورەی حیلاوە و خۆشی دەکات. ئاقی بکەنەوە بزان چ خۆشی و ئاسوودەییەکت پێ دەبەخشێت، ئیمامی عەلی ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: جاری وا هەیە مرۆڤ بۆ سەعاتێکی شەهوەت و خۆشی کاتی دنیا خۆی توشی ناڕەحەتی و نەمبارییەکی چەند بەرانبەری دەکات، دەزانن ئەو خۆشییە چییە کە ئیمامی عەلی باسی لێوە دەکات؟ شەهوەتە! شەهوەت مرۆڤ وا لێ دەکات چەند چرکەیەک لە خۆشیدا بێت، بەڵام لە دوای ئەوە توشی ناخۆشی و کەئابە دەبێت، جاری وا هەیە توشی نەخۆشی نەفسیشی دەکات. کەواتە لەم ڕەوشت جوانییە بۆ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین دادپەروەریەکەی پێ بچەسپێنین، خواناسیەکەی پێ بچەسپێنین، رێز و حورمەتی کەس و کاری خۆمان وخەڵکی پێ بکرینەوە کە ئەمە پەیوەندی بە نێوان مرۆڤ و مرۆڤەوە هەیە وە پەیوەندی بە بیناکردنی کەسایەتی یەوە هەیە. دەسەڵاتی ئیسلامی ئەگەر ڕەوشتی جوان پشتیوانی نەبێت هەرگیز دانامەزرێت، لە ئەوروپادا خواناسی کاری پێناکرێت بەڵکو خواناسی یەکەیان کردووە بە یاساو کاروباری خۆیان بە یاسا ڕێکخستۆتەوە. بەڵام ئێمە نە یاسامان هەیەو نە خواناسی یەکەشمان وەکو خۆی گرتووە، کە

كە هەموو لایەک لە ئاستی یاسادا ملكەچ بن بە بێ جیاوازی، ئەو وڵاتانەی كە پێشكەوتوون سەرجەمیان جێبەجێكردنی یاسا تیایاندا بۆ هەموو كەسێكە، دەبینی وەزیرێك و كەسێكی ئاسایی ئەو وڵاتە لە دادگادا وەكو یەک هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا دەكرێت هەموویشی لەسەر بنەڕەتی دیموكراتییە وە دیموكراتیش لەسەر بنەڕەتی بەڵگەیە دەڵێن یاسامان نییە بە واتای ئەوەی حەق بەو دەدرێت.

هەركەس بەڵگەی هەبوو حەق بەو دەدرێت. هەرکەس بەڵگەی هەبوو حەق بەو رەوشتیدان جوانە، دەشێت لای من و تۆ بەو واتاو مەفهومەش لە خۆیان تێكەیشتوون كە رەوشتیدان جوانە، لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیان پاک هەندێك شتیدان بێ رەوشتی بێت بەڵام لای خۆیان ئاساییەو وا نییە، لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیان پاک و خاوێن راگرتنی ژینگەیان، شێوازی قسەكردنیان، وەستانیان لە دائیرەكاندا..هتد. هەر بۆیە تواییوانە پێشبكەون و ئێمەش دەستیان بۆ پان بكەینەوە، حەق وابوو ئێمە وابین چونكە قیامەتیەن وە دنیایەن داوامان لێكراوە وەكو موسوڵمان، هەروەها هەوڵدان بۆ زانست دەسەڵاتێک دروست نابێت تا زانست لە پشتی نەبێت، پێویستە زانست لە زانكۆكانماندا زیاتر پەرەی پێ بدرێت، رێز لە مامۆستاو زانا و دانشمەندەكان بگیرێت بە داخەوە ئێستە كێشەی كەم رێزی لە نێوان مامۆستاو قوتابی دا لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، مامۆستای وا هەیە هەموو زانیارییەكی نادات بە قوتابیەكانی بەهۆی بەخیلییەوە، قوتابی هەیە ئیهمالەو گوێ ناگرێت، ئەمە هەڵەیە بۆ هەردوولا وە پێویستە پارسەنگیەک بپارێزرێت لەو ئێوەندە دا ئینجا گۆڕانكاری دەكرێت.

ئەمەی كە باسی لێوە دەكەین هەموو شتێک نییە بەڵكو تەنها كۆمەڵە شتانێكن بۆ بیرخستنەوەی ئێوەی ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾﴾ الذاريات. واتە: (بەڵكو تۆ هەمیشە) یادیان بخەرەوە چونكە یادخستنەوە سوود بە ئیمانداران دەگەیەنێت.

ئەگەر هەریەک لە ئێمە لەماڵی خۆیەوە دەست پێبكات چاكسازی بەرپا بكات، ئەوە وردە وردە كۆمەڵگەو وڵاتیش گۆڕانكاری بەسەردا دێت، كێشەی ئێمە ئەوەیە كەسمان بەم شێوەیە دەست پێ ناكەین و هەنگاویشمان نەناوە بۆیە پێویستمان بەوەیە كە هەموو شتێک لەناخی خۆمانەوە دەست پێ بكەین.

كۆمەڵێک لە هاوەڵە بەڕێزەكان رەزامەندی خوایان لەسەر بێت لە دەوری پێغەمبەری ئازیز ﷺ كۆ دەبنەوە و پێی دەڵێن ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ ئێمە پێش ئەوەی موسوڵمان بین هەموومان ئازاو بە غیرەت بووین با دەست بكەین بە جیهاد بۆ سەرخستنی دینەكەمان، كە دەبێت هەر زەلیل و ژێر دەستە بین، لەسەردەمی جاهیلیەتماندا كەس نەیتوانیوە سەرپێشمان بكات نەک ئێستا، خوای گەورەش بەم ئایەتە پیرۆزە هاوەڵان ئاگادار دەكاتەوە و دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە یادی ئازو نیعمەتەكانی خوا بكەنەوە لەسەرتان كاتێ كە هەندێك ویستیان دەستدرێژی بكەنە سەرتان خوایش دەستدرێژیەكەی راگرتن و (ئێوەی پاراست)، دەی كەواتە لە خوا بترسن و پارێزكار بن با ئیمانداران هەر پشت بەخوا ببەستن (تا هەمیشە فریایان بكەوێت و لە پیلانی دوژمنان بیانپارێزێت).

دەستتان بپارێزن لەبەرئەوەی هێشتا زەمەنی ئەوەتان نەهاتووە ئێوە لە قۆناغی پەروەردەی نەفس دان، پێش دەست بەرز کردنەوە لە بەرانبەر پەروەردەی نەفس هەیە، پێش جیهاد کردن خۆ پاککردنەوەو خۆ نزیک کرنەوە هەیە لە خوای گەورە. ئەو کەسانەی کە داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە جیهاد و خەبات و قیتال بکەن لە مەککەو خوای گەورەش پێی فەرمون: "فَكُفَّ أَيْدِيَهُمْ" کاتێک کە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینەو قیتالیان لەسەر فەرز کرا، هەر ئەوانە ترس چووە دڵیانەوەو وتیان بە خوا کاتەکەی لەبارنییە بۆ جیهاد، خۆ موسوڵمانی تەواو بوون مونافیق نەبوون وە ئەمە رووی دا بۆئەوەی دەرس بێت بۆ ئێمە، خوای گەورەش دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾ الصف. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن و ئەنجامی نادەن؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە؟

چارەسەری نەخۆشییەکەیان بۆ دەکات کاتی قیتالە وە پێیان دەفەرموێت: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾ الصف. واتە: بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناویدا بە یەکڕیزو یەکپارچەو یەك دڵ، هەروەک دیوارێکی بەرزی قایمی تێهەڵکێش و رێکوپێك.

کە باسی قیتالیش دێتە پێشەوە، با خەڵکێک باش بزانێت قیتال بۆ پاراستنی دین و ژیانی موسوڵمانانە، نەک بۆ دەستدرێژی و کوشت و بڕی خەڵکی بێتاوان، لە قورئانی پیرۆزدا لە هیچ جێگەیەکدا نەهاتووە کە موسوڵمانان دەستدرێژکار بن، بەڵکو بەردەوام ئەمر کراوە کە بابای موسوڵمان دەست بۆ ئاشتی درێژ بکات: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾ البقرة. واتە: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئاشتی و ئاسوودەیی یەوەو (شەڕخواز مەبن) وە شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (وە هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لەنێوان خەڵکی دا بەرپا بکات).

هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیسلام حەز ناکات کەس لەناو بچێت، ئیسلام حەز دەکات هەمیشە مرۆڤ بنیاتنەر بێت، هەر ئەو ئایەتانەش کە زۆرجار خەڵکێکی نەزان رەخنەیان لێ دەگرێت و بە موسوڵمانان دەڵێت ئێوە ئایەتەکانتان باسی قیتال و کوشتن و بڕین دەکەن، با باش بزانن کە هەمووجارێکیش لە قورئانی پیرۆزدا کە باسی قیتال کرابێت باسی کوشتار کرابێت وەڵامی دەستدرێژی خەڵکێکی ترە کە کردوویانەتە سەر موسوڵمانان واتە بۆ بەرگری یە، نێ ناکوژم، یان ئەو بە چەک رووبەڕووت بێتەوەو تۆش بە گوڵ شتی چۆن دەبێت، کەسێک گولەت لێ بگرێت تۆ گوڵی تێبگری! ئەمە مەعقول نییەو زۆریش بێ مانایە، تۆی بێ دین هەموو ئارەق، تیرگەلە، جگەرە، داوێن پیسی، درۆ و...هتد، ئێستاش هاتوویت دەتەوێت پۆز لێ بدەیت و مافی مرۆڤ کە هەر خۆت خستووتەتە ژێر پێتەوە دەیفرۆشیتەوە بە موسوڵمانان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرچی زیندانی هەن پڕ کراون لە موسوڵمان و بەچکە موسوڵمان، دەتەوێت موسوڵمانیش فێری ئاشتی و ئاوەدانی بکەیت لە کاتێکدا ئەو خۆی خاوەنی راستەقینەی ئەو

شتانەیە؟ خۆ موسوڵمانان نەبوون چوونە سەر تەتارو مەغۆل هەر ئەوان بوون هێرشیان كردە سەر موسوڵمانان، هەر خاچپەرستەكان بوون هەڵیان كوتایە سەر موسوڵمانان، هەر ئەمریكا بوو هاتە ئەفغانستان و عێراق بە بیانووی بێ مانا، هەر ڕوس بوو هاتە سەر ئەفغانستان.

بۆیە پێویستە ئێمەی موسوڵمان چوار خاڵی پێشوو كە باسكران، كە پێویستە پشتیان پێ بەسترێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا وە لە گۆڕانكاری دا لە خۆماندا جێبەجێیان بكەین، كە بریتی بوون لە: خواناسی، ڕەوشت، دادپەروەری و زانست تا دەگەینە ئامانج، لە دوای دەسەڵات و بونیادی تاك پێویستمان بەوەیە كە حكومەت دروست بكەین، حكومەتی ئیسلامیش زۆر جیاوازە لە حكومەتەكانی تر، حكومەتی ئیسلامی لەسەر بنەڕەتی پێكەبشتنی ئێوان مرۆڤ و خوای گەورە، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و ژینگە دەست پێدەكات چونكە پێغەمبەری سەروەرو نوری چاومان ﷺ بەو شێوەیە بونیادی ناوە، باسمان كرد كە حكومەتی ئیسلامی دوو جومگە دەخاتە ناو خەڵكی یەوە كە بریتین لە: نان و ئەمان، لیشی حكومەتی ئیسلامی تەنها دابینكردنی ئەم دوو شتەیە، ئەركی سەرشانیەتی كە نەهێڵێت خەڵك ماڵ و مافی یەكتری بخۆن، هەروەها خزمەتی خەڵكی بكات بە نەهێشتنی بێ كاری و خۆشنودی و كامەرانی بخاتە ناو خەڵكەوە، ئەگەر نەتوانێت ئەم دوو كارە بكات ئیتر سەركەوتوو نابێت.

باقی كارەكانی تر لە بەڕێوەبردنی حكومەت لە تەشریع و سوڵتەی قەزایی لەناو ئیسلامدا پەیوەندیان نیە بە حكومەتەوە بەڵكو لەناو كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە هەڵدەقوڵێن، ئەو كەسەی كە دادپەروەرەو قازییە دەبێت لەناو كۆمەڵگەكەیەوە سەر دەربهێنێت و بە شەرعی خوای گەورە حوكم بكات، دادپەروەر بێت بە قورئان و سونەت. ئەم قازییە بەڕێزە كە لەناو كۆمەڵگەكەیەوە سەر دەردەهێنێت واتە كۆمەڵگەیەكی مەدەنییە و جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو حكومەت و دەسەڵاتەكانی تری جیهان، حكومەتانی جیهان بە بیانووی جۆراوجۆر چوونەتە ناو هەموو جومگەكانی خەڵكەوە تەنانەت تەعدایان كردووە لە كەرامەتی مرۆڤایەتی، بەڵام حكومەتی ئیسلامی تەنها لە دوو جومگە تەداخول دەكات باقی ئەوانی تر بەجێ دەهێڵێت بۆ كۆمەڵگە خۆی و دەبێت خۆیان ڕێكیان بخەنەوە، حوكمە قەزاییەكەش كە قازی دەیكات بە قورئان و سونەتە، ئەی یاسا دانان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ یاسا دانان لە موفتی یەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت بزانین كە قازی لە موفتی جیایە، موفتیش وەكو قازی هەر لەناو كۆمەڵگە مەدەنییە ئیسلامییەكەوە سەر دەردەهێنێت، پەیوەندی نییە بە سیاسەتەوە، پەیوەندی نییە بەسەر ئەوەوە كە چاوەڕێ بكات حزب ئاڕاستەی بكات. نەخێر! دەبێت قورئان و سونەت ئاڕاستەی بكەن، دەزانن ئەمە چەندە گرنگە؟ دەزانن بۆچی تاكو ئێستا گیرۆدە و كڵۆڵین بە دەست ئەو ئەفكارە عەلمانییەوە كە هاتۆتە وڵاتی ئێمەوە و بەچكە موسوڵمان پێی كاریگەر و مەفتون بوونەتەوە؟ هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئێمەی موسوڵمان لە حاڵەتێكدا دەژین جاری وا هەیە كەسێك بە ئارەزوو و ویستی خۆی ئێمە ئاڕاستە دەكات، بەڵام لە ئیسلام دا خوای گەورە ئاڕاستەمان دەكات، ئاخر مەعقولە خەڵكێك بڵێت وەڵا من نامەوێت خوا ئاڕاستەم بكات، خوایەك كە خالقی مرۆڤ بێت ئەو بزانێت كە ئەم مرۆڤە چی پێویستە، كەچی كەسێك بێت و بە ئارەزووی خۆی بیەوێت هەموو مرۆڤەكان ئاڕاستە بكات، بەڕاستی زۆر زۆر سەیرە!

خوای گەورە زانایە بەم مرۆڤە چونکە خۆی دروستی کردووە، عەقڵی چی تێدایە و ناو سکی چی تێدایە وە چی بۆ باشە و چی بۆ خراپە، بەڵام کەسێک بڵێت کاکە وەڵا ئێمە نامانەوێت خوا بەرنامەمان بۆ دابنێت و ئاڕاستەمان بکات.

بۆیە موفتیش هەر لەناو کۆمەڵگەکەوە هەڵدەقوڵێت پاشان ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتی و شتە مەدەنیانەی تر کە باسیان لێوە دەکرێتەوە لە حکومەتی دیموکراتی و حکومەتە عەلمانییەکاندا لەناو ئیسلام دا پەیوەندییان بە موفەقیهەوە هەیە، فەقیهەکان لە شەریعەتی ئیسلامیەوە شتەکان دادەڕێژن وەکو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو مەسائیلی رێکخستنی قانونی ئەحوالی شەخسی و هاوسەرگیری یان مەسائیلی عیبادات و موعاملات هەمووی لە موفەقیهەوە وەردەگیرێن، کەواتە سوڵتەی یاسادانانە و موفتی و قازی و موفەقیهە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی رێک دەخەن، پێویستە ئەم سیانە هەرسێکیان لەناو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئیسلامی دەست پێ بکەن لەسەر گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دایمەزراندووە، نەک جان جاک رۆسۆ و ئەمسالەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێش جان جاک رۆسۆ دامەزراوە لە ئیسلام دا پێغەمبەری خواﷺ لە مەدینەدا دایمەزراند لەسەر بنەمای "کلکم راع وکلکم مسؤل عن رعیتە".

ئێمە خاوەنی ئەم هەموو چەمکە جوانە بین، بۆچی بڕۆین بیانگۆڕینەوە بە شتێکی شەق و شڕ، ئێمە بۆ خۆمان وەکو موسوڵمان خاوەنی شتی زۆر جوانین پێش ئەوەی کە خەڵکێکی تر بێت و دانی بکات بۆ کۆمەڵگەکەمان، ئێمە بۆ خۆمان خاوەنی بووین و هەمانبووە بۆچی بچین بۆ لای یەکێکی تر و هەڵیگرینەوە، سەیرە ئەی بۆ ئەوەی خۆمان هەڵنەگرینەوە، کەواتە بونیادی مرۆڤ لە زەمینەکەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ بوونیادی ناوە کەسایەتی رێک خستووە پاشان ئامادەی کردووە بۆ ئیعداد پاشان ئازای کردووە بۆ ئەوەی شۆڕش بکات خەبات بکات لەڕووی سەقافییەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە رووی ئابوورییەوە، لە رووی فیکرییەوە ...هتد، ئێمە بۆچی بڕۆین شوێنی کەسی تر بکەوین؟ خەڵکێک هەیە وابیر دەکاتەوە دەڵێت کاکە گیان ئەوە نییە لەناو ئەم دیموکراسییە لەناو ئەم عەلمانی و سیستەمە لیبرالیزمەدا هەموو دامەزراوەکان ئازادن بۆ باسیان ناکەنەوە؟ بەڵێ؛ باسیان دەکەینەوەو هیچ ترسێکیشمان لێیان نییە، ئێمە خاوەنی فیکرێکین کە بە هیچ شێوەیەک ترسی لە هیچ فیکری تر نییە کە بەسەریدا زاڵ بێت، موسوڵمانان هەمیشە لەڕووی فیکرییەوە سەرکەوتوو بوون، کێشەی موسوڵمانان لە رووی سیاسییەوەیە کە کەم ئەزموونن ئێستا، چونکە ئەوەندە فرت و فێڵی رۆژئاوا هاتووە و عەلمانییەکان پێی مەفتون بوونەتەوە موسوڵمانی فەقیریش هەر لەسەر بنەڕەتی تەقواو خواناسی و رەوشت جوانی ئیش دەکات بۆیە هەرکەس هەڵدەستێت فرت و فێڵێکی لێ دەکات. بەڵێ؛ دامەزراوەکانیان ئازاد کراون بەڵام بۆ ڕماندنی مرۆڤایەتی نەک بۆ خزمەتکردنی، سیستەمی سیاسییان بارگاوی کراوە بە لیبرالیزم، کەس گومانی لەوە نییە چونکە سەرەتای دەستپێکی دیموکراسی لە ئەوروپادا لە سەدەکانی ناوەڕاست دا سەری هەڵدا، پێشتر لە یۆنان دا دیموکراسیەکی راستەوخۆ هەبوو بەڵام ئەوە زۆر گرنگی پێ نادرێت، ئەم دیموکراسیەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەستی پێکردوو سەری هەڵدا لەسەر بنەڕەتی ئەوەبوو کە ویستیان لەگەڵ ئەمەتی ژیاندا رێکی بخەنەوەو ناویان نا دیموکراسی سیاسی و لە بەرانبەر کڵێسادا بەکاریان دەهێنا، چونکە کڵێسا لەو کاتەدا بە ئارەزووی خۆی

دەستی خستبووە ناو ژیانی خەڵکییەوە، کەس نەیدەتوانی قسە لە قسەیا بکات، ڕۆشنبیرو چەوساوەکانیان دیموکراسییان هێنا بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەجات بدەن لە زوڵم و زۆری پاپاو ئەکلیرۆسەکان بۆیە هاتن دیموکراسیەکی سیاسیان هێناو وتیان خەڵک رای ئازادی هەیەو بە ئارەزووی خۆی چی هەڵدەبژێرێت یا هەڵیبژێرێت، ئەبەعن ئەمە لە ئەوروپادا پێی دەوترێت پۆلەتیک دیموکراسی، دوای دیموکراسی سیاسی دیموکراسی ئیدارییان هێنا پێی دەوترێت، ( Administrative Democratization)، واتە دیموکراسییەک کە حکومەتی لەسەر دادەمەزرێت و دامەزراوەکانی لەسەر دیاری بکرێت، دوای ئەوە پێویستیان بە دیموکراسی صناعی هەبوو، دیموکراسی صناعیشیان هێنا، پاشان دیموکراسی سەلتەرلزیمیان هێنا، دوای ئەوە فراوانیان کرد بە جۆرێک کە ئەمە فیکرێکەو جیهان بینی هەیەو خاوەنی دید بینی یە بۆ گەردوون و ژیانی مرۆڤ پێی دەوترا لیبرالیزم، ئەمانە کێ کردی؟ کێ ئەم شتانەی دامەزراند؟ سەرمایەدای، هەمووی بۆ خزمەت سەرمایەداری بوو، سەرمایەدار کێن؟ ژمارەیەک دەوڵەمەندن بەڵام هەموو جیهانیان قۆرخ کردووە، هەموو جیهان بەڕێوە دەبەن و ئیحتیکاری هەموو جیهانیان کردووە، ئەو هەموو خەڵکە خێزان هەڵدەوەشێنن وە دام و دەزگە هەڵدەوەشێنن، شت دەکەن بە ئەنتیپۆلەتیک تەنها بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بن و سەروەت و سامانیان زیاد بکات و بین بە مشە خۆر بەسەر خەڵکییەوە، وەکو زەروو وان بەسەر گیانی خەڵکییەوە هەرزل دەبن، هەر خەریکی خواردنی خوێنی ئەو خەڵکەن.

جوان دەرکەوت کە بۆچی ئەم شیعارە گەورانەیان هەڵگرتووە هەر لە دامەزراوە و میدیای ئازاد یان ڕۆژنامەنووسی ئازاد، ئەمانە بە ڕواڵەت جوانن بەڵام وەرن سەیری فێڵەکە بکەن کە لە ناوەڕۆک دا دەردەکەوێت، ڕۆژنامەنووس و میدیایان ئازاد کردووە بەناو بەڵام بۆ ئەوەی هەرچی گەندەڵی و دزی هەیە لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهاندا سەرمایەداری بۆیان کەشف کات و بۆیان بنووسێت، ئێ کە بۆی نووسیت هێزێکی عەسکەرتاری داناوەو ناوی لێناوە ئاتۆ یان ئەتلەنتی و چی و چی بۆ ئەوەی بەم گەندەڵیەی کە کەشف دەبێت بەم هێزە بچێت ئەو کەسانە کە زەرەر دەدەن لە کۆمپانیاکانی سەرمایەداری و سەرمایەدارەکان بیانگرێت، یەک مەحکەمەی موحتەریفیش بۆ ئازاد کردووە بۆئەوەی هیچ کەسێک ئەداخولی تێدا نەکات، بەم هێزە سەربازییە سوپەرمانییە سەروەت و سامانەکەی خۆی دەپارێزێت و دەیدات بە مەحکەمە بۆچی؟ بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی ئەم چەند دەوڵەمەندە بپارێزرێت، دوای ئەوە چی دەکات؟ دوای ئەوە پارەیەکیشیان داناوە بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تر بۆ ئەوەی لە حاڵەتی کەوتن پارەتیان بدەن، وەکو لە ئیسپانیا و یۆنان و فینلەندا و ئایسلاند و ....هتد دەکرێت، ئەمە تەنها بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کۆمپانیا زەبەلاحەکان هەڵسنەوە.

ئێوە ئەمەتان پێ گرنگە کە ڕەتاڵنی خەڵکە؟ ڕۆژنامەنووس ئازاد بووە و مەحکەمە ئازاد بووە، نازانم ئەم هەموو دامەزراوانە ئازاد بوون ئایا لە پێناوی چاوی گەشی مرۆڤایەتییە؟ یان لەناو کۆمەڵگەکەوە هەڵقوڵاون؟ یاخود لە پێناوی ئەوەدایە ئەو چەند دەوڵەمەندەی کە ئەم جیهانەیان ویران کردووە سەرمایەکانی خۆیان زیاد بکەن؟ ئەمە واقیعە و دامەزراوەی ئەوانە وە هەر ئەوان

بوون خێزانیان نەهێشت لە وڵاتی خۆیاندا، تەنها بۆ ئەوەی پیاو و ژن کە ئازادکراون لە شیکاگۆ کە شۆڕشی ئافرەتان کرا لە ٨ی مارس دا، خەڵکێک زۆر بە گرنگی دەزانن و بۆی عەودالیەتی، ئەمە کۆمپانیایەکی مەسیحی بوو زۆربەی زۆری کارمەندەکانی ئافرەت بوون، جولەکەکان ویستیان ئەو کۆمپانیایە هەر هەڵوەشێننەوە، بۆیە هاتن وتیان مافی ئافرەت، بەڵێ سەرمایەدارەکان هاتنە پێشەوەو ئافرەت و پیاویان وەکو یەک لێ کرد، ئەمە گەورەترین خراپەکاری بوو کە بەرانبەر کۆمەڵگە کردیان، تەنانەت گەورەترین خراپەکاری بوو بەرانبەر بە پیاو و ئافرەتیش، شیرازەی ئیشکردنیان لێ تێک دان، هەردوو رەگەز هەریەک ئیش دەکەن ئەمە زۆر ترسناکە، خەڵکانێکیش لە وڵاتی کوردەواری ئێمەدا ئێستە پێیان وایە ئەمە پێشکەوتن و یەکسانیە کە پیاو و ژن وەکو یەک ئیش بکەن، نەخێر یەکسانی نیە، پیاو و ژن هەردووکیان پێکهاتەی مرۆڤن بەڵام هەریەکەیان ئیشی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم سیستەمە جیاوازە لەگەڵ سیستەمە ئیسلامیەکەدا، بۆیە ئێمە ئەگەر کەسێک پێمان بڵێ ئایا ئیسلامی و دیموکراسی بەیەکەوە دەگونجێن؟ لە وەڵامدا بۆ ئەو برا بەڕێزە دەڵێین کورە ئەمە کارەساتە ئەمە گرفتە، چۆن ئیسلامە جوانەکەی خۆمان بەراورد و هاوتا دەکەینەوە بە دیموکراسییەک کە لە رۆژئاواوە بەرهەمی هاتووەو لە عەقڵی خەڵکێکی غەیرە دینەوەو سەرچاوەی گرتووە.

بەڕاستی سەیرە نازانین خەڵکێک چۆن بەڵگەی بۆ ئەهێنێتەوە، ئاواتە خوازین بەوەی کە بزانین بەڵگەو حوجەی ئەوانە چین، بەڵگەو حوجەی هەندێک لەوانە تەنها پیاوێکی خەڵکی کەربەلایە بەناوی ئەحمەد کاتب ئێستا لە وڵاتی بەلجیکا دەژی، ئەم پیاوە کتێبێکی نووسیووە کە گوایە پێی وایە سیستەمی ئیسلامی فیکرەکەی بەجێهێڵراوە بۆ خەڵک یان لە محمد پاشایەکەوە هێناویانەوە کە وەختی خۆی سەرسام و مەفتون بووەتەوە بە فیکری رۆژئاواو هاوشێوەی خدێوی ئیسماعیل و رەفعەت طحتهاوی و جەمالەدینی ئەفغانی ....هتد کە هەموویان لە مەحفەلی ماسۆنی دا کاریان دەکرد و لە فەرەنسا دەژیان، کەواتە دەسەڵات، حکومەت، گۆڕانکاری، بونیادی تاک و هەموو شتەکانی تر لە ئیسلامدا جیاوازییان هەیە، هەرکەسێکیش بیەوێت بە غەیری پشت بەستن بە ئیسلام گۆڕانکاری بکات سەرکەوتوو نابێت.

هەربۆیە پرۆژەی ئیسلامی توشی شەلەل بووەو بە دار شەق دەڕوات لەبەرئەوەی ئیسلامەکە خۆی نییە، تکایە با ئیسلامەکە وەکو خۆی بە خەڵکی بناسرێت، مەترسن لە ناساندنی ئیسلام وەکو خۆی وە مەترسن لەوەی کە کەمینە شوێنی بکەوێت، هەمیشە کەم براوەیە لە فیکرو ئەسەوراتی ئیسلامی دا لە سونەتی خوای گەورەدا، خوای گەورەش دەفەرموێت: فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو اللَّهِ كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ البقرة. واتە: ئینجا طالوت سەربازانی جیاکردەوەو پێی وتن (وا ئێمە دەڕۆین) (بەڵام) خوا (لە رێگوزەرماندا) تاقیمان دەکاتەوە بە رووبارێك (دوای ماندووبوون و تینویەتی)، جا ئەوەی تێر لێی بخواتەوە (ئەوە سەربازی) من نییەو (بگەڕێتەوە) وە ئەوەی جگە لە لوپێك زیاتر ناخواتەوە (ئەوە سەربازی) منەو (دەپەڕێتەوەو دەڕۆین)، )جا لەگەڵ ئەو

خوارەدەوە، کەمێکیان نەبێت. کاتێك کە ڕوونکردنەوەیەشدا) زۆربەیان (لە ئاوی ڕووبارەکەیان) وتیان: ئەمڕۆ (زەحمەتە بەم ژمارە بەرێنەوە خۆی و ئەوانەی باوەڕدار بوون لە تەکیا (گەلێکیان) کەمەوە) دەرەقەتی جالوت و سەربازانی بێین، (بەڵام) ئەوانەی کە دڵنیابوون بە خزمەتی پەروەردگاریان دەگەن وتیان: (مەترسن) چەندەها جار دەستەی کەم، زاڵ بووە بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا، وە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

ئێمەی موسوڵمان تەنهاو تەنها بە دەدەبیاتە ئیسلامیەکەمان دەتوانین گۆڕانکاری بکەین بە غەیری ئەوە ئاستەمە، دەبێت بجوڵێینەوە کات ڕەحم بەکەسمان ناکات، خوای گەورەش بە گەورەیی خۆی سوێندی بەکات خواردووە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالْعَصْرِ ﴿١﴾

سوێند بە زەمانە (سوێند بە کاتی عەسر).

إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾

بەڕاستی ئادەمیزاد زەرەرمەندو خەسارەتمەند و ڕەنج بە خەسارە.

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿٣﴾العصر.

جگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە، وە ئامۆژگاری یەکتریان کردووە، کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە بەردەوام، خۆگر و ئارامگریش بن.

ئەگەر ئێمەی موسوڵمان ڕێز لە کات نەگرین خەسارەتمەند دەبین، تا ئەو کەسانە ڕێز لە کات دەگرن کە بەخوانانسی دەست پێ دەکەن، ئیماندار بن هەمیشە حەق بڵێن و ئارامگر بن، بۆیە کۆمەڵێك لە موفەسیرین دەربارەی ئەم سوورەتە پیرۆزە دەفەرموون: (الذين آمنوا) واتە ئەبوبەکری صدیق، (وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) واتە عومەری کوڕی خەتاب، (وتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ) واتە عوسمانی کوڕی عەفان، (وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) واتە عەلی کوڕی ئەبی تالیب، چوار خەلیفە بەڕێزەکەی ڕاشیدین، کەواتە سیستەمە ئیسلامیەکەی خەلافەی ڕاشیدینە، خەلافە پێگەیشتووەکەیە کە ئێمە ئیشی بۆ بکەینەوە.

با بزانین کە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ حەرەکەتی گۆڕانکاری و حەرەکەتی مێژوو یان با بڵێین بزاڤی مێژوو و گۆڕانکاری چۆن دەست پێ کردووە.

پێش هەموو شتێك پێویستە لەبەرچاوماندا بێت کە هەموو بوونیادێك کە بوونیاد دەنرێت و پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەستی پێکردووە لە خاڵی سفرەوە بووە و پێویستی بەوە کردووە کە بونیادی خەڵك بنێت و کەسایەتیەکان دروست بکات لەسەر ئەو سێ چەمکە: مرۆڤ و خوای گەورە، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و ژینگە، لەمە بونیادە بنەڕەتیەکەیە کە دەنرێت، چونکە تاکو ئەم بونیادە نەنرێت ئەو گۆڕانکاریی، شارستانیەت و دەسەڵاتە بوونیاد نانرێت، باسیشمان لێوە کرد کە لەمە بە سەرکردە یان بە گۆڕانکار و گۆڕانخواز دەکرێت، بە گۆڕانکار دەکرێت بەو کەسە دەکرێت کە سەرکردەیە یان کۆمەڵ و جەماعەیەکن، دەبێت ئەو بونیادە لە نێوانی خەڵکیدا

دابمەزرێت، کەواتە دەبێت سەرکردەیەک یاخود کۆمەڵێک سەرکردە یان کۆمەڵێک نوخبە هەڵسن بە بونیادنانی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا.

کەواتە سەرکردەیە کە دەست دەکات بە سەرەتای گۆڕانکاری و بانگەواز و ئەم سەرەتای بانگەوازە هەمیشە زەمەنێکی پێویستە چونکە نازانین چەندی پێ دەچێت، گرفتی ئێمەی موسوڵمان لەوەدایە کە دەمانەوێت زوو سەربکەوین و زوو بگەینە ئەو جێگەیەی کە دەمانەوێت و مەبەستمانە، ئەوەی کە ئێمە بەلامانەوە مەبەستە و گرنگە کە باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە هەموو ئەمەی کە باسی لێوە دەکەینەوە خەڵکێک وا هەست دەکات کە ئێمەی موسوڵمان هەدەفمان تەمکین و گەیشتنە بە دەسەڵات، ئەمە شتێکی باش و جوانە بەڵام ئەگەر ئامانجت ئەوەبوو زۆر هەڵەیەو زۆر خەتەرە، چونکە قیامەتت لەبیر دەباتەوە، تۆ ئامانجت ئەوەیە کە ئیصلاح و چاکەکاری بکەیت لەناو خەڵکیدا و نازانیت دوای تۆ کێ دێت ئەو کارە تەواو دەکات، کەواتە گرنگە تۆ لەم ئارەحەتییەدا بژیت، کە سەرەتای دەستپێکیەتی وە هەستیشت بۆ دروست بێت کە ئەمە باشترین کردارە لەسەردەمی دەستپێکی بانگەوازدا.

سەرەتای دەستپێکی بانگەواز بۆ ئیصلاح کردنە، خوای گەورە دەفەرموێت هەموو سەرەتایەکی دەستپێکی بانگەواز بۆ ئەوەیە کە ئێوە ئیصلاح بکەن: قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾هود. واتە: (شوعەیب) وتی: ئەی قەوم و خزمەکانم ئەگەر منتان بینی و بۆتان دەرکەوت کە لەسەر بەرنامەیەکی ڕێك و ڕۆشنم لەلایەن پەروەردگارمەوە، وە هەر لەلایەن ئەویشەوە ڕزق و ڕۆزیی باش و ماڵ و سامانی زۆرم هەیە، من نامەوێ قەدەغەی شتێکتان لێ بکەم کەچی خۆم وەك ئێوە نەکەم (چی بە ئێوە بگەیەنم خۆم لە پێشا ئەنجامی دەدەم) من تەنها چاکەخوازیم دەوێت، بەگوێرەی توانام، من بەردەوام تەوفیق و یارمەتی و سەرکەوتنییم تەنها لەلایەن خواوەیە، پشت و پەنام تەنها ئەوەو تەنها بۆلای ئەو دەگەڕێمەوە.

دەمانەوێت تەنها ئیصلاح بکەین ئەوەی کە لەتوانامانداییە بە توفیق و تەوەکولی خوای گەورە، ئەم ئیصلاحەی کە باسی لێوەدەکەینەوە بۆ ناو کۆمەڵگەیەکەو بۆ ئەوەیە ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری.

ئیصلاح بە چی دەکرێت؟ بە بیروباوەڕێکی پاک و بێگەرد، بەواتای ئەوەی کە بیروباوەڕت ئیصلاح بکەیت و خەڵکێکیش کە کەوتوونەتە ناو بیروباوەڕێکی هەڵەو خورافی ڕزگاریان بکەیت، پاشان برایەتیەکی پتەو بچەسپێنیت کە ئەویش پێویستی بە ڕەوشتێکی جوان هەیە.

ئەمە دەستپێکی گۆڕانکارییە، ئەگەر ئەمە نەکرێت هیچ کاتێک گۆڕانکاری لەناو خەڵکدا ڕوونادات و لەدوای ئەوەی کە بانگەواز دەست پێ دەکات هەمیشە ئەم بانگەوازە خەڵکێکی کەم دەیکەن، خۆیان زۆر ماندوو دەکەن چالاکییەکی زۆریان هەیە، بەڵام خەڵکێکی کەم لە دەوریان کۆ دەبنەوە تاوەکو خەڵکەکە دەیانناسن، ئەگەر نوخبەکە باش بوون و پێیگەیاندن و پەروەدەکەیان لەسەر بنەڕەتی ئەقواو خواناسی بوو سەرکەوتوو دەبن.

فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا ﴿٣﴾النصر.

داوای لێخۆش بوونی لێ بکە، بە ڕاستی پەروەردگارت بکەو
وانە: ئەوسا ئیتر تۆ سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو داوای لێخۆش بوونی لێ بکە، بە ڕاستی
خوا زۆر چاو پۆشی دەکات و تەوبە وەرگرە.. (ئومێدە لە ئایندەیەکی نزیکدا، خوای باڵادەست
سەرکەوتنێك ببەخشێت، ئەو کاتە ئیمانداران هەست دەکەن ئەم سوورەتە تازە دابەزیوە
ئەم کۆمەڵە دەگەنە قۆناغێک کە تێیدا چالاکی زۆرەو بەرهەم کەمە، ئەمە بەردەوام دەبێت تا
ئەوکاتەی کە دەناسرێن، کە ناسران دەکەونە قۆناغی نارەحەتییەوە و ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگ
و ناقیکردنەوەیە، خۆشەویسترین خەڵک ئەو خەڵکانەن کە لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدەن و ماندوو
دەبن، ئەم قۆناغە سالی ماتەمینی تێدایە وە نارەحەتی و ئەشکەنجەو ئازاری تێدایە هەروەها ئید
ڕوونی تێدایە، دیە ڕوونی واتە خەڵک ئیتر پاڵفتە دەکرێت و خەڵکانێک ئیتر ئیسلامەکە جێ
ناهێڵن و بۆ ئیسلام دەژین و بۆ ئیسلامیش دەمرن، لە پێناوی ئیسلام دا ژیان دەبەنە سەر،
خۆشەویستی و رق لێبوونەوەیان لەپێناوی خوای گەورە.
ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر نارەحەت و مەشەقەتە، خەڵک تێیدا ڕادەچڵەکێت ڕاچڵەکاندنەکەش
وەکو زیل زال وایە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ
وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ
آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾البقرة. واتە: ئایا وا دەزانن هەروا بە ئاسانی
دەچنە بەهەشتەوە (بێ تەنگانەو ناخۆشی) مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشوتان بۆ باس نەکراوە
کە توشی شەڕو ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردووە و زۆریان بۆ
هاتووە بە ڕادەیەك کە هەتا پێغەمبەرەکەو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە تەکیا وتویانە: کەی
پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟! کەی خوا سەرمان دەخات؟! ئاگادار بن و دڵنیا بن کە تا ئەو
کاتە ئیتر سەرکەوتنی خوا نزیکە.
ئەم قۆناغە زیل زال دەگاتە قۆناغی کۆچ، کۆچیش ئەو کاتەیە کە خوای گەورە زۆری پێ خۆشە
کەواتە ئەسڵ ئەوەیە کە ئێمە هەوڵمان بۆ تەمکین و دەسەڵات نەبێت، بە مانای ئەوەش نییە کە
مرۆڤ هەر لە ناخۆشیدا بمێنێتەوە، خوای گەورە بۆ ئەم قۆناغەی پێ خۆشە؟ چونکە ئەگەر
خەڵکێک بە هەمیشەیی لەنارەحەتیدا بن لە پێناویدا خۆشەویستی و لێیەوە نزیکن، مرۆڤ کاتێک
کە توشی نارەحەتی دەبێت بە ئیخلاصەوە خوای گەورە دەپەرستێت و دینداریەکەی پاک و
بێگەردانەیە، بەڵام ئەو کەسەی کە کێشەیەکی وەهای نییە وە لە دەسەڵات و تەمکین دایە
جیاوازە لەو کاتەی کە کێشەی هەبێت و خوای گەورە بپەرستێت، خوای گەورە کاتێک مرۆڤی
خۆش دەوێت کە خالیصەن موخلیصەن بۆ ئەو بەندایەتی بکات.
وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَٰلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ
﴿٥﴾البینة. واتە: وە فەرمانیان پێ نەدرابوو جگە بەوەی کە خواپەرستی بکەن، وە ملکەچ و
فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکەی ئەو بن و زەکات لە ماڵ و سامانیان دەرکەن، (بێگومان) هەر
ئەوەشە دین و ئاینی ڕاست و دروست.
کەواتە ئەو کۆمەڵەی کە دەگەنە قۆناغی زیل زال بژارکراو و هەڵبژێردراون بۆ گۆڕانکاری، ئەمانە
بە قۆناغێکی زۆر ناخۆش دا تێپەڕیون، نە بۆ ژیانێکی خۆش وە نە بۆ پارەو پۆست هەوڵیان داوە
و دوورن لەو مەرامانەو پەروەردەکراون بۆ ئەوەی ئیسلامەکە بگەیەنن بە خەڵکی، ئەمانە

ئیمتیازیشیان وەرگرتووەو جیاوازیشن لە خەڵکی چونکە ناسنامەی ئیسلامەکەیان هەڵبژاردووە، تەنها بەسەرو سیماو کرداری جوانی ئیسلامی خەڵک دەیانناسنەوە، هەروەکو خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ الفتح. واتە: محمد ﷺ ڕەوانە کراوی خوایە، ئەوانەش، کە لە خزمەتیان و (شوێنی کەوتوون) ئازاو بەهێزن بەسەر بێ باوەڕاندا، وە بەبەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینی سەرگەرمی نوێژو خواپەرستین، کڕنوش و سوژدە دەبەن (بۆ خوای پەروەردگار)، هەردەم ئاواتیدان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی و پایەبەرزییە لەلای ئەو زاتە، نیشانەی چاکیی و پاکییان لە ناوچەوانیاندا دیارییەو دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی سوژدە بردن و خوا پەرستییانەوە لە تەوراتدا، نمونەیان لە ئینجیلیشدا وەك ڕوەکێك وایە کە لە سەرەتاوە چەکەرە دەکات و سەردەرهێنێت، دوای ئەوە چەکەرەکە بەهێزو ئەستوور بێت، قەدەکەی خۆ بگرێت و ڕابوەستێت، ئەوەندە زوو پێ بگات کشتکارەکان پێی سەرسام بن و پێیان سەیر بێت: (چۆن وا پێ گەیی؟! چۆن ئاوا خۆی گرت؟! هەر بەو گەشەکردنە خوای گەورە کافران داغ لەدڵ دەکات، جا خوای (بەدەسەڵات) بەڵێنی بە باوەڕدارانی کردەوە چاك لەوان داوە: کە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەو بێ سنووریان پێببەخشێت.

بەدر سەرکەوتنێکی جوانی بوو بۆ موسوڵمانان، ڕاستە ڕاچڵەکاندن و ناڕەحەتیەکە زۆر زۆرە و موسوڵمان لەم سەردەمەی ئێستادا تاکو قۆناغی کۆچ لە ناڕەحەتیدایە، دیقەت بدەن سەرەتای بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ وە سەرەتای بانگەوازی ئەو هەموو گۆڕانکارو گۆڕانخوازانەی کە گۆڕانکارییان کردووە لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا هەمیشە زەمەنی دەستپێکی سەرەتای بانگەواز تاکو زەمەنی سەرکەوتن و تەمکین کە قۆناغێکی زۆرە ئەگەر ناڕەحەتی ناخۆشییەکان بەراورد بکەینەوە بە تەمکین و سەرکەوتنەکان ئەوکات بۆت دەردەکەوێت کە قۆناغی سەرکەوتن و تەمکین قۆناغێکی زۆر زۆر کەمە، ١٣ ساڵی بانگەواز لە شاری مەککەدا ناڕەحەترین کاتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، ئەم قۆناغانە سەرەتای بانگەواز بوو وە ساڵی ماتەمینی، کۆچ، ڕۆشتنە طائف، ئازاردانی جۆراوجۆر، ناشیرین کردنیان بە ئەنواع و ئەشکال ئاو و ناتۆرە و دەستپێکی بانگەوازەکەی پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزامەندی خوایان لێ بێت تا قۆناغی ڕاچڵەکاندن لە ناڕەحەتیدا بوون.

هۆکاری دووبارەبوونەوەی ئەم هەموو ناڕەحەتیەش بەسەر پێغەمبەری ئازاردا ﷺ بەو ئیعتیبارەیە کە ئەو ئازارە ﷺ أسوه الحسنه یە بۆمان، هەروەها بۆ تەحقیق بوونەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزەو بۆ ئەوەی ژیانی پێغەمبەری ئازدار ﷺ پیادە بکەینەوە، هەمیشە موسوڵمانان بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن ئیعدادێکی زۆریان دەوێت، سەرەتای بانگەوازو کارکردنیان دەبێت زۆر بێت، قۆناغەکەش دوورو درێژە ئەگەر دیقەت بدەن باسمان کرد کاتێک کە خاچپەرستەکان هاتنە ناو خاکی موسوڵمانانەوە سەرەتا کەسێک دەستی کرد بە جیهاد و خەبات و ئیعدادی دەست پێکرد، ئەم شەخسە ناوی زۆر کەم هەیە لەناو مێژوودا بەتایبەتی کورد هەرنایناسێ

ئەویش مەمدوحی کوڕی تومتوکین بوو -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-، ئەم پیاوە بەڕێزە لە ساڵی ٤٠٥-٤٠٦ کۆچی دەستی کرد بە ئیعداد و جیهادی بەرپا کرد لە دژی خاچپەرستەکان و فاطمیە شیعەکان و بۆ خۆی توانی قۆناغێک ببڕێت، دوای ئەو ئاق سنقور هات دوای ئەویش ئاڵ تغرول هات، دوای ئەویش عیمادەدین زەنکی، دوای ئەویش نورەدین مەحمود ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، ئەم ئیعدادە بەردەوام بوو تاوەکو گەیشتە سەردەمی صەڵاحەدینی ئەیوبی. صەڵاحەدینی ئەیوبی سەرکەوت بەسەر فاطمیەکان داو دوای ئەوەش خاچپەرستەکانی شکاند لە مەوقیعی حەتین دا لە ساڵی ٥٨٣ی کۆچی ١٠٣ ساڵ ئیعداد کرا تاوەکو لە سەردەمی صەڵاحەدین دا سەرکەوتنێک بەدەست هات، بەڵام سەرکەوتنێکی تەنها ١١-٢٠ ساڵی، چونکە دوای ئەوە هەرخۆیان ئەوەکانی بە دیاری بەخشیانەوە بە مەسیحییەکان.

دەستێکی گۆڕانکاری بۆ سەرکەوتن زۆری دەوێت و نابێت پەلەی تێدا بکرێت، چونکە ئەمە لە ڕەحمی خوای گەورەیە کە خەڵکێک لە خۆی نزیک دەکاتەوە بۆ ئەوەی تووشی نەهامەتی و نارەحەتی نەبن، لەم قۆناغەدا خەڵک لە خوا نزیکەو خەڵک فێری خواناسی بووە، ئەگەر لێرەدا پەروەردە نەکرێت کە کەوتە خۆشی و سەرکەوتن ئیتر پەروەردە نابێت، سەرکەوتنی موسوڵمانان لە بەدردا سەرکەوتنی جوزئی بوو، تا دوای ئەوە پێغەمبەری ئازدار ﷺ لەبەرئەوەی خۆی و ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە دەوری بوون خۆڕاگر بوون، لەبەرئەوەی پەروەردەکەیان باش بوو لە پارچە زەوییەکی بچووکدا لە شاری مەدینەدا هەمووڵاکانی لێ گیرا دە هەزار کەس کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت لەناو بەرن لەبەرئەوەی سەرەتای بانگەوازەکەیان پتەو بوو لەو حاڵەتەشدا کە ئەو نارەحەتییەی ئەحزابیان بەسەر دا هات توانیان سەربکەون.

لە دوای سەرکەوتنی ئەحزابەوە موسوڵمانان دەچنە قۆناغێکی ترەوە، پێغەمبەری ئازدار ﷺ دەفەرموێت: ئیتر لەمەولا سەردەمی هێز و تەمکینە دەفەرموێت: "ألان نغزوهم ولا يغزوننا" لەومەولا ئێمە دەچینە سەر ئەوان و ئەوان توانایان نییە بێنە سەر ئێمە، زۆر زۆر گرنگە ئەم دیدو تەسەورە لەناو خەڵکیدا دروست بێت، سەردەمی پێغەمبەری ئازدار ﷺ ١٣ ساڵی لە شاری مەککەدا بردە سەر پاشان کۆچی کرد بۆ شاری مەدینەو دوو ساڵ لە نارەحەتیدا بوون تاکو بەدر هاتە پێشەوە و سەرکەوتنێکی جوزئی یان بەدەست هێنا، دوای ئەوە توشی نارەحەتی بوونەوە بە شکستی ئوحود، پاشان سەرکەوتن لە ئەحزاب دا لە ساڵی ٥ی کۆچی.

ئەگەر ورد ببینەوە لە ٢٣ی ژیانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبینین ١٨ ساڵی لە نارەحەتیدا بووە، ١٨ ساڵ پێغەمبەری ئازدار و ﷺ هاوەڵان ڕەزامەندی خوایان لێ بێت لە نارەحەتی و ئیعدادو کۆکردنەوەدا بوون، ئەوەی کە مایەوە وەکو ساڵی سەرکەوتن و دەسەڵات و هێز بوو چوار بۆ پێنج ساڵی بچڕ بچڕ بوو، لە دوای هەموو سەرکەوتنێکی موسوڵمانان دابڕانێک دەست پێ دەکاتەوە.

دەگەڕێینەوە بۆ ئاوجەرگەی مێژوو لە جیهانی ئیسلامیدا، باسمان کرد جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی مەمدوحی کوڕی تومتوکین دا کە دەستی کرد بە ئیعداد ئیعدادەکەی بەردەوام بوو تاوەکو سەردەمی صەڵاحەدینی ئەیوبی کە موسوڵمانان لەسەر دەستی ئەم کەڵە پیاوە کوردە

سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ١٠٦-١٠٥ ساڵ ئیعداد بەردەوام بوو تەنها بۆ سەرکەوتنێکی ٦-٧ ساڵی سەرکەوتن بەدەست هات، بەڵام پاش وەفاتی صەلاحەدینی ئەیوبی لەساڵی ٥٨٩ی کۆچی سەرکەوتنەکەش تەواو بوو، دوای ئەوە خراپەکاری کەوتەوە ناو براو برازاو براکانی صەلاحەدینی ئەیوبی، دوای ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی تر هەر بەتەواوی داڕمان کەتەوە ناو موسوڵمانان کە قودسیان پێشکەش کردەوە بە خاچ پەرستان و دوژمنانی خودا، ئەم ناحەزانە بارودۆخی ناوخۆی موسوڵمانانیان قۆستەوەو هێرشیان کردەوەو قودسیان داگیر کردەوە.

دیقەت بدەن کاتێک کە ئیبن عەباد نامە دەنووسێت بۆ فۆنسۆو پێی دەڵێت پاوەشێنێکت بۆ دەنێرم لە پاوەشێنی مورابطین، باشە بۆچی فۆنسۆ بەم نامەیە خۆی سوپاکەی گەڕاندەوە، چونکە فۆنسۆ باش دەیزانی کە بۆ ماوەی ١٠٥ ساڵ مورابطین و کۆمەڵێک لە ئەهلی جوداله و ئەبوبەکری عومەری لەمتوونی و یوسفی کوڕی تاشفین و پێش ئەوانیش ئیبراهیمی جودالی و شێخ عبدالله یاسین و ....هتد رەحمەتی خوایان لێ بێت بۆ ماوەی ١٠٥-١٠٦ ساڵ ئەمانە تەنها ئیعدادیان کردووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی شەرەفمەندانە بەدەست بهێنن، بەڵێ گەیشتنە سەرکەوتن و تەمکین، موسوڵمانان توانییان لە ئەندەلوس دا سەربکەون بەسەر سوپای فۆنسۆدا و سوپایەکی شەست هەزار سەربازیان تێک شکاند، بەڵام زۆر بە داخەوە دوای ئەوە دیسانەوە ئیبن عەباد کەوتەوە ناو خراپەکاری و دیسان داڕمان رووبەڕووی موسوڵمانان بوویەوە، بزانی مێژوو لە ئیسلامدا زیگزاکییە، واتە سەرکەوتن و داڕمان سەرکەوتن و داڕمانە.

( وتلك الايَامُ نُداولُهَا بَينَ النَّاسِ) دەبێت ئەمە تەحقیق بێتەوە، ئەگەر ئەمە تەحقیق نەبوو کەواتە ئێمە ناتوانین گۆڕانکاری بکەین، ئەمەش کە داتراوە بەسەر موسوڵمانانەوە لە فەزڵی خوای گەورەیە چونکە ئەگەر موسوڵمانان لەم سونەتەی خوای گەورە تێ بگەن زۆر بە ئاسانی دەزانن ئێمە لە کوێداین، لەو قۆناغانەی کە باسمان لێوە کردن لە رابردوودا ئێستا لە کوردستاندا ئێمە لە کام قۆناغیانداین؟ ئایا لە قۆناغی مەککی داین یان لە قۆناغی مەدەنی داین، لە قۆناغی دید روونی داین یان لە قۆناغی چالاکی زۆرو کەم بەرهەمداین، لە قۆناغی راچڵەکاندین یان لە قۆناغی سەرکەوتن داین، یان لە قۆناغی تەمکین و سەرکەوتن داین؟

لە وڵاتێکی وەکو تورکیادا رووداو و سیناریۆ سیاسیەکانت باش بۆ دەخوێنرێتەوە، ئەم باسەی کە ئێمە دەیکەنەوە بەرانبەر بە خودی موسوڵمانانە، چونکە موسوڵمانان دەبێت بەم قۆناغانەدا برۆن ئینجا دەگەنە سەرکەوتن و تەمکین، خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ الأحزاب

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا چاکترین نمونەی تەواو رێك و پێك هەیەتا چوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی رەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا بە زۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو.

دەبێت ژیانی پێغەمبەری نازدار ﷺ تەحقیق بێتەوە بۆمان، ئاستەمە موسوڵمانێک سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بە قۆناغەکانی ژیانی پێغەمبەری نازداردا ﷺ نەڕوات، کاتێک کە خوای گەورە بە ئێمە دەفەرموێت پێغەمبەرەکەتان ﷺ أسوه الحسنەیە بۆتان واتە دەبێت لاسایی

ژیانی بكەنەوە لە هەموو شتێكدا، لە هەڵسوكەوتیدا لە زەمەنی دا لە عیبادەتیدا، دەبێت هەرچیمان كردووە بە شوێن پێی ئەو سەروەرە دا بڕۆینەوە بۆ ئەوەی سەركەوتنمان بە نسیب بێت، بۆیە باسی مێژووش دەكەینەوە لە باسی ئەندەلوس و مورابطین و حەتا موەحدینیش لەسەردەمی دەستپێكی محمدی كوڕی تومرتەوە تاكو دەگاتەوە سەردەمی علی كوڕی مولمین كە دەگەنەوە سەردەمی هێز و تەمكینی ئەبی حامیدی مەنصوری مواحیدی، پاشان سەركەوتن بەسەر فونتیەكان دا كە جارێكی تر نەیانتوانی بێنەوە ناو خاكی موسوڵمانەوە.

سەیری عزی كوڕی عەبدوسەلام بكەن هەمان كێشەی تووش دەبێتەوە لە بلادی شام، ئەم زانا خوانامە كاتێك دەگەڕێتەوە بۆ میسر لەگەڵ نەجمەدین ئەیووب دا دەست دەكەن بە ئیعداد و سەرلەنوێ مەمالیكی بەحری و صالحی دروست دەكەن، ئیعداد بەردەوام بوو تاوەكو لە سەردەمی سەیفەدین قوطز دا سەركەوتن بەدەست دەهێنن، ئەمە ئیعدادێكی زۆر گەورە بوو كە كۆمەڵێك خەڵكی بەڕێز كردیان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ موسوڵمانان هەڵسنەوە كە لەدوای وەفاتی صەلاحەدینی ئەیوبی تووشی داڕمان بوون.

ئەمە حەرەكەتی بزاڤی مێژووە وە گۆڕانكاری بەم قۆناغانە دەكرێت. قۆناغی گۆڕانكاری مێژوو یان با بڵێین بزاڤی مێژوو دەبێت بەم شێوەیە بێت، تۆ بینای كەست بۆ ئەكرێت چۆن دەتوانیت گۆڕانكاری بكەیت!؟ بڕوامان وایە بیناكردن و بونیادنانی مرۆڤ دەستپێكی كاركردنە، چونكە تۆ بۆ خۆت ئەگەر بونیادەكەت باش نەبێت چۆن دەتوانین ئەم قۆناغانە ببڕیت، كەواتە دەبێت بزانیت دەستپێكت لە كوێوەیە تاوەكو كۆتاییەكەت لێوە دیار بێت.

بونیادی مرۆڤ و بونیادی كەسایەتییەكان بۆ گۆڕانكاری گرنگ و پێویستە، لەوانەیە پرسیار دروست ببێت لەلای خەڵكێك كە بۆچی ئەم قۆناغانە دێن بەسەر موسوڵماناندا؟ خۆ خوای گەورە دەتوانێت لە كن فیكونێكدا هەموو گۆڕانكارییەكان بەسەر خەڵكیدا بهێنێت، لەسەرەتای قۆناغی دەستپێكی بانگەوازەوە راستەوخۆ بیگەیەنێتە سەركەوتن. باسمان كرد كە داواكردنی سەركەوتن یاخود تەمكین و جێنشین كردن و دەسەڵات لە ئیسلامدا ئامانجێكی زۆر گەورە نییە، راستە هەوڵدانە بۆ دەسەڵات و سەركەوتن، بەڵام ئامانجی گەورە ئەوەیە كە مرۆڤ خەریكی عیبادەت بێت، وە خوای گەورەش لە فەزڵی خۆیەتی كە دەیەوێت بەم قۆناغەدا خەڵك بێنێ بۆ ئەوەی لێی نزیك ببنەوە، چونكە ئەم قۆناغە كە قۆناغی هێز و دەسەڵات و تەمكین و جێنشین كردنە ئەو قۆناغەیە كە خەڵكی دووردەكەونەوە لە خوای گەورە، ئەمە لە دەسەڵاتی كەس دا نییە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو شەپۆلی دەریاییەمان بۆ دەكات كە كۆمەڵێك لەناو دەریایەكدا دەڕۆن شەپۆلێكیان بەر دەكەوێت، كاتێك كە شەپۆلەكە دێت بەرەو روویان هەموویان بە خالصی و موخلصی هانا دەبەنە لای، بەڵام كە ئاسایی دەبێتەوە دوای ئەوە وەكو ئەوە وایە كە نە بایان دیوە نە بۆران.

ئەو مەوج و بایەی كە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوە دەكات، ئەو ساڵی ماتەمینیەبە كە لە دۆڵی ئەبی تالب دا كەمارۆی ئابووریان دەكەوێتە سەر موسوڵمانان، یان لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی تردا ئەزیەت دەدرێن، لە هەرجێگەیەكدا كە ئەمریكا دێت و وڵاتی موسوڵمانان داگیر دەكات، لە بۆرمایە موسوڵمانان بێ ئاوان دەسوتێنرێن و ئازار دەدرێن، هەرهەمان جێگەیە یان

لە ئەزویری هەڵبژاردنە، یان شتێکە لەو شتانە کە دەبێتە ساڵی ماتەمی بۆ خەڵک و خەڵک وا لێ دەکات کە بزانێت لە یەکێک لەم قۆناغانەدایە. تۆ بۆخۆت دەبێت بزانیت ئەو کۆمەڵەی کە پێکەوەن لە چ قۆناغێکی کارکردنی پێغەمبەری ئازدازدان ﷺ. کاری تۆیە ئەو کاتە خوای گەورەش سەرکەوتنت پێ دەبەخشێت و گۆڕانکاریشت بۆ دەکرێت کە بڵێی من لە گەل و گۆڕانکاری دا کار دەکەم، من ئێستا لە سەرجێ ئوممەتێکی ئیسلامیدا کار دەکەم و دەمەوێ ئەم ئوممەتە بەرەو چاکەکاری بڕوات وە بەرەو ئەوە بڕوات کە چۆن بتوانێت گۆڕانکاری بەرپا بکاتەوە.
کاتێک کە موسوڵمانان لە دۆڵی ئەبی طالیب دا گەمارۆی ئابووری دەخرێتە سەریان و دەکەونە ناو ساڵی ماتەمینییەوە خوای گەورە دەخاتە دڵی پێنج کەس لە ئەهلی کوفرەوە کە بێن ئەم ساڵی ماتەمینیەیان لەسەر هەڵگرن، باشە بۆچی خوای گەورە هەر لە سەرەتاوە نەیخستە دڵیان؟ بۆ ئەوەی موسوڵمانان بکەنە ئیمتیاز و پاک بیینەوە، بکەنە ئەوەی کە بە چاکە پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن کۆڵە قورسەکە هەڵبگرن، یانی بۆ نمونە تۆ ئەگەر هەستی بەرپرسیارێتیت بۆ دروست نەبوو و لێرەوە خێرا گەیشتیتە هێز و تەمکین ئەو کاتە نازانیت ئێش و ئازاری برسیەتی چەندە ناخۆشە. ئاخر بۆیە خەڵکێک لە وڵاتی ئێمەدا خواناسی نەکردووە بۆیە کە گەیشتە دەسەڵات ماڵی خەڵکی دەخوات، دزی و گەندەڵی دەکات و فەساد و خراپەکاری بڵاو دەکاتەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم قۆناغانەی نەبڕیوەو خێرا گەیشتۆتە دەسەڵات، بەم قۆناغە ناڕەحەتانەدا تێپەڕ نەبووە ئەم نەهامەتیدانەی نەبینیوە، بەڵکو تەنها بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی خۆی کاری کردووە و خوای گەورەش پێی دەبەخشێت چونکە هەر ئەم دنیایەی هەیە و خوای گەورە تۆڵەی لێ دەکاتەوە لە قیامەتدا.
مرۆڤی موسوڵمان نابێت بەخیل بێت بەرانبەر بە کافران، خوای گەورە دەفەرموێت لەبەر دڵی موسوڵمانان نەبوایە سەقفی ماڵەکانیانم دەکرد بە ئاڵتوون، فەقیرانە هەر ئەم دونیایەیان هەیە! ئەی خوای گەورە بۆچی لەسەر زاری پێغەمبەری ئازدازدا ﷺ بە موسوڵمانان دەفەرموێت الدنیا سجن المؤمن.
دنیا زیندانی ئیماندارانە، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات لە ناڕەحەتی و ئازار و مەینەتیدان، کورد وتەیەکی زۆر جوان و بەمانای هەیە دەڵێت "گەردنم ئازاد کە"، دەزانن گەردنم ئازاد کە یانی چی؟ مرۆڤ کاتێک کە هەڵەیەک دەکات بەرانبەر برایەکی دەکەوێتە زیندانی نەفسەوە بەو داوای لێبوردنە ئازاد دەبێت، لەم بارەوە سێ نمونەتان بۆ باس دەکەین:
یەکەم: دوای ئەوەی کە موسوڵمانان لە ئەحزاب بوونەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی بچێتە سەر جولەکەکان چونکە خیانەتیدان لە موسوڵمانان کرد، بە هاوەڵە بەڕێزەکانی فەرموو نابێت کەس بەم پلانە بزانێت، یەکێک لە هاوەڵە بەڕێزەکانیش بەناوی ئەبو لوبابە ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت ماڵی نزیک بوو لە جولەکەکانەوە، کە گەڕایەوە وتیان ها ئەبو لوبابە محمد نیازی چییە بەرانبەرمان، دەیانزانی خیانەتیدان لە موسوڵمانان کردووە، ئەویش تەنها بە ئیشارەت وتی لەملتان دەدات، دوای ئەوە ئەم هاوەڵە بەڕێزە هەستی کرد کە ئەم کارەی هەڵەیە بە بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات کەس هیچی پێ بڵێت هات بە کۆڵەکەیەکی مزگەوتی پێغەمبەری خواوە

خۆی بەستەوە و خۆی زیندانی کرد، زیندان بۆچی؟ لەبەرئەوەی تاوانێکی کردووە، ﷺ خۆی بەستەوە و خۆی زیندانی کرد... پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت ئەگەر بهاتبایە بۆ لای خۆم و حوکمەکەی وا لەسەر خۆی قورس نەکردایە گەردنمان ئازاد دەکرد، بەڵام ئەو خۆی کە زانی تاوانی کردووەو تاوانەکەشی بە جاسوسی حسابە هات خۆی پێچا بە کۆڵەکەیەکەوە لەناو مزگەوتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، ئەم کۆڵەکەیە دوای ئەوە ناسرا بە کۆڵەکەی تەوبە، تاوەکو خوای گەورە ئەمری لەسەر دانەبەزاند خۆی ئازاد نەکرد، دنیا زیندانە بۆ ئیمانداران پێویستە مرۆڤی موسوڵمان لەو زیندانەدا خۆی ئازاد بکات بەچی بەوەی کە تاوان نەکات.

دووەم: ئەو سێ موسوڵمانەی کە وتیان ئەمڕۆ بەڕوو بووە باخەکەمان کۆدەکەینەوەو ناچینە دەرەوە بۆ جیهاد لەگەڵ موسوڵماناندا بەرانبەر بە ڕۆم، بەرانبەر ئەو هەڵەیان موسوڵمانان قسەیان لێ دابڕین تاوەکو خوای گەورە وەحی لەسەر دابەزاندن و ئازادی کردن، زۆر گریان تەنها بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت، خوای گەورە لێیان خۆش بوو و ئایەتی لەسەر دابەزاندن، کاتێک کە لە ئایەتێدان لەسەر دابەزی یەکێیان عەباکەی خۆی بەخشی و بوو بە خۆشترین ڕۆژیان بوو.

سێ یەم: ئافرەتێکی غامدی تووشی زینا دەبێت، دوای ئەوە دێتە خزمەتی پێغەمبەری ئازدار و ﷺ دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زینام کردووە، سەیری ئەو کۆمەڵگە عەزیمە بکەن کە چۆن پەروەردە بوون، بەبێ ئەوەی بترسێ، دەڵێت زینام کردووە ئازادم بکە لەم زیندانە. خۆی لە زیندانێدا دەبینیەوە چونکە باش دەیزانی بەرگەی ئەزیەت و ئازاری قیامەت ناگرێت، ئەمە تەسەوری تاکی موسوڵمان بوو هۆکارەکەشی بۆ پەروەردەکەی دەگەڕێتەوە، هەر لەسەرەتای دەستپێکی بانگەوازەوە پێغەمبەری خوا ﷺ تاکی پەروەردە دەکرد بۆ ئەوەی مرۆڤێک مرۆڤێکی صالحی لێ دەربچێت لە دەسەڵات و لە حکومەتەکەیدا، ئەم قۆناغانە مرۆڤ پیایاندا تێپەڕ بێت بۆ ئەوەیە بە جوانی بێتە بەرهەم، ڕەحمی خوای گەورەشە کە هەمیشە تەمکین و سەرکەوتنی موسوڵمانان کەمە چونکە خەڵکی بەگشتی لە کاتی خۆشی و سەرکەوتن دا خواناسیان لاواز دەبێت، ئەمە قاعیدەیە ئەو ئافرەتە غامیدییە کە دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زینام کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێت بۆی بپۆشێت، زۆر سام بوو لەسەر ئەوەی کە حەد بدات لەسەر کەسێک کە بێتە بەردەمی مەحکەمە، ئەم حوکمە جوانەی ئیسلام جیاوازە لە قانونەکانی تری جیهان، ئیسلام دادپەروەرییەکی تەواوەتی تەتبیق دەکات لەسەر خەڵکی و لەگەڵ ناخی خەڵکیدا دەدوێت، بەڵام قانونە جیهانییەکان بە پێچەوانەوە تەنها دادپەروەری بەرانبەر بە کامێرایەک بەرانبەر بە قازییەک بەرانبەر بە شتێک حەل دەکات، ئەسڵ ئەوەیە بۆ خەڵکیش بپۆشرێ هاوکاری خەڵکیش بکرێت بۆ ئەوەی فێریان بکات کە تاوان نەکەن، مرۆڤ کە تاوانی کرد قابیلی پەشیمان بوونەوەشە.

ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەم قۆناغەدا تێپەڕ دەبێت و پەروەردە دەبێت کۆمەڵگەیەکی لێ بەرهەم دێت ئەگەر ئافرەتێک بە بێ ئەوەی کەس بڵێت یان کەس وتی وتی لەسەر بکات تەنها زینای کرد تەنها چوو بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها چیان لێ کرد، ئەخێر هەرگیز ئەخێر ئەو خۆی بە ئاشکرا دەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خواو ﷺ پێی ڕادەگەیەنێت ڕزگارم بکە، ئەو ئازدارەش ﷺ پێی دەفەرموێت بڕۆ مودەیەکی تر وەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت زیناکەی بووەتە هۆی سک پڕ

بوونی، دوای چەند مانگێک دێتەوە و حاملەیە، پێی دەڵێت برۆ با منداڵەکەت ببێت و تا ئەو کاتەش کە پێویستی بە شیرتە بەخێوی بکە ئینجا وەرەوە، دوای ئەوە منداڵەکەی دەبێت و دوو ساڵیش شیری دەداتێ پاشان دێتەوە چونکە دەیەوێت ئەجالی بێت لەو زیندانە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەڵێت برۆ جارە پێویستی بە پەروەردەی تۆیەو گەورەی کە، دوای چەند ساڵێک دێتەوە دەبینێ منداڵەکە بە پێی خۆی دەڕوات و نانێکی بەدەستەوەیە، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ حەدی تاوانەکەی لەسەر جێبەجێ کرد.

تەوبەی ئەم ئافرەتە لە میزانی ئەهلی سەرزەویدا بەهێزترین تەوبەیە، خۆ ئەمە شتێک نییە هەروا بۆ خۆشی بیگێڕینەوە وەکو چیرۆک، نەخێر بۆ ئەوەیە بزانین ئەم کۆمەڵگەیە بەم بونیادە پەروەردە بووە، دەستێکی سەرەتای بانگەوازەکەی بەم ئارەحەتییە هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی سەرکەوتن و دەسەڵات و حکومەتەکەیدا تا بەم شێوەیە تەعامولی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا کردۆتەوە، هیچ کەسێک نەیتوانی ناوی ئەم ئافرەتە بە خراپە بهێنێت یاخود گاڵتەی پێ بکات بەسەبەبی تاوانەکەی، ئەمە کۆمەڵگەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، کۆمەڵگە یوتوبیاکەی ئەفلاتون نیە، کۆمەڵگەیەکی راستگۆی مەیدانییە هەزاران کەسی تر لەو شێوە دروست دەبنەوە، چونکە پەروەردەی دەستی پێغەمبەری خوا بوون ﷺ.

لێرەدا لەوانەیە ئێوە بپرسن دەی باشە کوردستانی ئێمە لە کوێی ئەم گۆڕانکارییە دایە؟ بە داخەوە دەڵێین ئێمە لە قۆناغی کەوتن و داڕماندایین، لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت و بڵێن رەشبینن، نەخێر هەرگیز رەشبین نین، کە ئەمە دەڵێین نابێت ئێوە تووشی داڕمان و ئارەحەتی بن بەڵام فیعلەن ئەمە راستەو ئێمە لێرەداین، لەبەرئەوەی لێرەداین پێویستمان بەدەستپێکردنەوەیە و بزانین هۆکاری کەوتن و داڕمانەکامان چییە؟ نموزەجی زۆر باشمان هەیە، سەرکردەی ئیسلامی زۆر باشمان هەیە، خەڵکی زۆر بەڕێزو دیندارمان هەیە خوای گەورە محفوزیان بکات وە خاوەنی کادیری زۆر باشین لەناو حزبە ئیسلامییەکاندا، خوای گەورە هەر هەموومان سەرکەوتووی دنیا و دواڕۆژ بکات، بەڵام عەیب نییە ئەگەر مرۆڤ تەسەوراتی خۆیشی بخاتە روو مەرجیش نییە ئەوەی کە ئێمە وتمان تەواو راست و دروست بێت.

بۆچی دەڵێین لە داڕماندایین؟ مەعقولە خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمە کە ٩٥٪ لەسەر ئیسلام ماڵن کەچی ٪٥٠یان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە عەلمانییەکان دەدەن ئەمە بۆ خۆی داڕمانە، مەعقوله بابایەکی موسوڵمانی وەکو من و تۆ کادیری حزبێکی عەلمانییەو حەرام و حەڵاڵ دەزانێت و پێش من و تۆش دەچێتە مزگەوتەوە و نوێژ دەکات و لە جومعەو جەماعەتدا بەشدارەو لە ئەهلی ئەم ئیسلام و ئەم دینەیە کەچی ناوی خۆی دەخاتە ناو دەنگدەرانی حزبێکی عەلمانییەوە، ئەتان پرسی هۆکاری ئەمە چییە؟ زۆرجار بۆیە دەڵێین لە داڕمان و کەوتن داین، لەبەرئەوەی ئێمە بۆ خۆمان رومان نایە باسی دەدەبیانی ئیسلامەکەی خۆمان وەکو خۆی بکەینەوە، زۆرجار بەناوی دیموکراسی و لیبرالی و بەناونیشانی باق و بریق و ئەنواع و ئەشکال تێ دەمانەوێت ئاینەکەمان جوان بکەین، لەبیرمان چووە کە دینەکەمان لە جوانترین دینە چونکە لەلای خوای گەورەوە ئیردراوە بۆمان، لەم بارەوە خوای گەورە دەفەرموێت: من دینێکی کامل و تەواوم بۆ "هەڵبژاردوون اَلْيَوْمَ اَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَاَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ

نموونێک لە گۆڕانکاری مێژووی گەلان

ئەگەر ئیسلام دینمان بێت کەچی لا حول ولا قوة إ
الإسلام. دیناً خوای گەورە ڕازی بووە بەوەی کە ئیسلام دینمان بێت کەچی لا حول ولا قوة إ... قسە ناکەین.

باشە ئێمە تەنها بە ئیسلامەکەی خۆمان قسە ناکەین.
بۆیە ئێمە تەنها بە ئیسلامەکەی خۆمان کە کۆمان بکاتەوە، زۆرمان پێمان وایە
کەواتە ئێمە لە داڕماندایین و پێویستمان بەو دەستێکە کە کۆمان بکاتەوە، دەزانین قسەی
کە هیچ کام لەم سەرکردە ئیسلامیانەی لای خۆمان ناتوانن کۆمان بکەنەوە و هەموو گیانمان
قورسە برینێکی زۆر قووڵە کە پەنجەش دەخەینە سەر برینەکە دەکولێتەوەو هەموو گیانمان پڕ
دەبێت لە ئازار، چارەسەر بە پرۆژەیە پرۆژەکەش زۆر ئاسانە ئەویش پرۆژەیەکی صەحیح
لەبەردەستدایە تێکس پرێس بە پەلە دەتوانێت چارەسەری کێشەی خۆمانی پێ بکەین بۆ
دەڵێین سیستەمی پێغەمبەری ئازدار ﷺ لە هەموو سەردەم و حاڵەتێکدا دووبارە دەبێتەوە
پێویستمان پێی دەبێت یاخود سیستەمی خیلافەتی پێگەیشتوو، چونکە ئێمە دەتوانین سەرلەنوێ
لەسەر ئەو سیستەمە خۆمان بینا بکەینەوە.

سەرکردە ئیسلامیەکانی لای ئێمە هەریەکەیان دەیانەوێت خۆی ببێتە دەم ڕاستی موسوڵمانان
ئەمە کەی ڕاستە؟ کەی ئەمە لەگەڵ دەدەبیاتی ئیسلام یەکدەگرێتەوە یاخود دەیانەوێت وەکو
حزبە عەلمانییەکان بڵێن فەیچی دەکات با سێ ئیسلامی هەبێت! ئەمە پێی ناوترێت دەدەبیاتی
ئیسلامی، بەڵکو دەدەبیاتی ئیسلامی ئەوەیە هەمووومان یەک بین، سەبەب و فەشەل و
داڕمانیشمان هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نیزاع لە نێوانماندایە، ڕاستیش نییە ئەگەر بڵێین وایە
وەکو برا دەژین ئەی بۆ بە ڕاستگۆیی قسە ناکەین، هەموومان هەڵەمان هەیە بەڵام هەندێ
هەڵە هەیە زۆر چاو زەقە وە ئەگەر چارەسەری نەکەین بەرەو هەڵدێرمان دەبات. کۆبوونەوە لە
دەوری یەک و خوێندنەوەی خەتی یەکتر دەبێتە پرۆژەیەکی گۆڕانکاری سەرکەوتوو، هەروەکو
چۆن هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خیلافەتی ڕاشدین دا گۆڕانکارییان کرد بە پرۆژەیەکی
تێکس پرێسی ئامادەکراو، ئەگەر ئێوەش خۆتان بە شوێنکەوتەی قورئان سونەت دەزانن وەرن کار
بەم پرۆژە تێکس پرێسە بکەنەوە.

پرۆژە تێکس پرێسەکە، پرۆژەیەکی زۆر ناسراوەو چارەسەری بارودۆخی ئێستەی ئیسلامیەکانی
کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی لە داڕمانەوە دەست پێ بکەنەوە بەرەو سەرکەوتن، سەرکەوتنیشیان
پەیوەستە بە دەست گرتنیان بە قورئان و سونەتەوە. پێغەمبەری ئازداریش ﷺ لە دوای خۆی
دەفەرموێت دەست بگرن بە سونەتی خولەفای ڕاشیدینەوە ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت
چونکە پەروەردەکراوی دەستی خۆی بوون، لە دوای هەموو پێغەمبەران و پێغەمبەری ئازدار
ﷺ أشرف مخلوق لە سەر زەوی دا ئەبوبەکری صدیقە، دوای ئەو عومەری کوڕی خەتاب ئینجا
عشرەی موبشرە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت ئەگەر لە دوای من پێغەمبەر
بهاتایە عومەری کوڕی خەتاب دەبوو ڕەزامەندی خوای گەورەی لێ بێت.

ﷺ عومەرێک!! ئەگەر ئێستا تەنها یەک دانە عومەر بوونی هەبوایە لە سەر زەویدا هەرچی کێشە
هەبوو چارەسەری دەکرد بە دادپەروەرییەکەی، ئەو هەموو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان بوونەتەوە
بێ عومەرییە، وەڵڵایی ئەگەر خۆرهەڵات و ڕۆژئاوا عومەرێکیان هەبوایە دەیانخواردین
ڕۆژئاوایەک کە خاوەنی فایکینە. مۆزەخانەیان بۆ ئەم دزانایان کردۆتەوەو شانازیشی پێوە دەکەن
ئێمەش خاوەنی عومەری کوڕی خەتابین، پێغەمبەری ئازدار ﷺ کە خوای گەورە سوێند بە

ئەمەی دەخوات و نوێژی لەسەر کردووە بە فریشتەکانیش دەفەرموێت ئێوەش نوێژی لەسەر بکەن:

إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾الأحزاب

واتە: بەڕاستی خواو فریشتەکانی (صلوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێوەش (صلوات)ی لەسەر بدەن و (بەردەوام یادی خێری بکەن).

ئێمە نازانین ئەو نوێژە چۆنەو چۆن نییە، ئەم نازدارەی ئێمە ﷺ ئەوەندە گەورەیە ئەوەندە ئازیزە، دەفەرموێت من سەیدی بەشەریەتم فەخریشی پێوە ناکەم، جوانترە بڵێین فەخری هەموو عالەمە، هەر ئەم ئازیزە دەفەرموێت ئەگەر لە دوای من پێغەمبەر بهاتایە عومەری کوڕی خەتاب دەبوو ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت، خوای گەورە دەفەرموێت شوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەتان بن، پێغەمبەری نازداریش ﷺ ئەمر بە ئێمە دەکات کە شوێنکەوتەی خەلیفەکانم بن.

سەیدنا عومەری کوڕی خەتاب ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت کاتێک کە لە میحراب دا بریندار کرا پرۆژەیەکی زۆر جوانی دانا بۆ هاوەڵانی، شەش کەس دیاری کرد بۆ خیلافەت و عبدالله ی کوڕیشی کردە چاودێر بەسەریانەوە، ئەم شەش کەسە کێن کە ئەم ئوممەتە بریندارە کۆ بکەنەوە، ئێستەش ئێمە بریندارین جەستەمان خوێنی پێدا دێتە خوارەوە خوێنی مەعنەویەت، بێتاقەتین بێزارین هیلاک بووین لە ململانێی ناو خۆمان، گوێمان بۆ بگرن هەر ئێوەی قیادە قسەتان کردووەو ئێمە بە گوێمان کردون، بەڵام ئێستا پێویستە ئێمە قسە بکەین و ئێوە گوێمان بۆ بگرن، ئێمە خەڵکێکی سادەین و دەمانەوێت گۆڕانکاری بکەین، ئێوە بە سیفەتی سەرکردەیتان باوەشمان بۆ کردوونەتەوە و دەمانەوێت بتانپارێزین، پێغەمبەری نازداریش ﷺ دەفەرموێت بە ڕەحمم بۆتان وەکو ئەوەی کە ئێوە پەپولە بن و خۆتان بدەن بە ئاگردا و منیش ناهێڵم بکەونە ناو ئاگرەکەوە و بسوتێن، ئێمەش ئەو هەستەمان بۆتان هەیەو بە پەپولەتان دەزانین و حەزناکەین بکەونە ناو ئاگرەکەوە، پێتان دەڵێین ئەم پرۆژەیە بگرنە ئەستۆی خۆتان و هەستان بەوە کردووە ئێمەی ئیسلامی و بەتایبەتی ڕۆژنامە نووسە ئیسلامیەکان دەم ناپارێزین لە عەلمانیەکان، پێیان دەڵێین گەندەڵییان کردووە دزییان کردووە، لەسەر حسابی خەڵکی ڕەش و ڕووت بوونە ملیارد لێر، بەڵام بە سنگ فراوانییەوە لێمان وەردەگرن چونکە حەقیقەتەو بە ئینسافەوە دەیڵێین پێویستە ئێوەی سەرکردەی ئیسلامیش گوێمان بۆ بگرن، پێویستە گوێگرن بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان بە یەکەوە چاکسازی بکەین، باشیش بزانن کە بەرپرسیارەتی یەکەم لەسەر شانی ئێوەی سەرکردەیە.

عومەری کوڕی خەتاب شەش هاوەڵی بەڕێزی دیاری کرد: ئەبا عوبەیدەی جەراح، سعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عوسمانی کوڕی عەفان، علی کوڕی ئەبی تالیب، تەڵحەی کوڕی عوبێدڵا، زوبەیری کوڕی عەوام ڕەزامەندی خوایان لێ بێت، ئەم شەش هاوەڵە بەڕێزە کاندید کران بۆ ئەوەی ببنە خەلیفەی موسوڵمانان، ئەی ئەمانە چییان کرد؟ دەستیان کرد بە مونافەسەو کێشە نانەوەو شەڕکردن لەسەر کورسی خیلافەت؟! نەخێر سعد و زوبەیر و تەڵحە کشانەوەو ئەبا عوبەیدە و عوسمان و علی مانەوە، سێ پیاوی گەورە و خواناس، علی ئامۆزا و زاوا و خۆشەویستی

پێغەمبەری خوا بوو ﷺ، عوسمان خاوەنی زولنورەین و فریشتە شەرمیان لێ دەکرد، ئەبو عوبەیدە ئەمینی ئەم ئوممەتە بوو، سەیری ئەم سێ پیاوە گەورەیە بکەن، بگەڕێن بە هەموو جیهاندا بزانن کەسانی واتان دەست دەکەوێت ئێستا؟ دەی چاویان لێ بکەن، سەیری مەوقیف و هەڵوێستی ئەبا عوبەیدە بکەن بە عوسمان و عەلی دەفەرموێت: ئەگەر من بکشێمەوە و ئەنازولتان بۆ بکەم قبوڵتانە یەکێکتان هەڵبژێرم؟ چۆن قبوڵی ناکەن ئەمینی ئەم ئوممەتەیە.
موسوڵمان پاک و بێگەردە، هەر لەبەر ئەوەی کاندید کراوە بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە ئیتر دەست بکات بە دزی و خیانەت و سندوقەکان پڕ بکات لە دەنگی تەزویر، هەرچەندە ئێستا بەداخەوە حزبە ئیسلامیەکانی لای ئێمە دەدەبیاتێک فێربوون کە لە کۆنفرانس دا دەست دەکەن بە خەن خەتین و پەت پەتێن، سێ شەو و سێ ڕۆژ چاوەڕێ دەکرێ دوای ئەوە هەڵبژاردن دەست پێ دەکات لەناو مەدینەی پێغەمبەری خوادا ﷺ وە باشیش بزانن کە هەڵبژاردن تەنها تایبەت نیە بە دیموکراسییەوە، هەڵبژاردن ئالیەتی ئیش کردنە لە هەموو زەمینەیەکدا، ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئەبا عوبەیدە ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت سێ شەو و سێ ڕۆژ خەوی لێ ناکەوێت، دوای ئەوە هەڵبژاردن دەکرێت، هەڵبژاردنێک کە پێویستی بە فراکسیۆن نییە، پێویستی بەوە نیە سەیدنا عوسمان و سەیدنا عەلی ڕەزامەندی خوایان لێ بێت ڕەسمی خۆیان هەڵواسن، ئەبا عوبەیدە خەڵکی موسوڵمانی شاری مەدینەی کۆکردەوە، زۆرینەی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە سەیدنا عوسمان بکرێتە خەلیفە، بەڵێ سەیدنا عوسمان دیاری کرا وەکو خەلیفەی موسوڵمانان و سەیدنا عەلیش بوو بە سەنەدی.

زۆر ئاسانە بەڕێزان ئێمە خۆمان شتەکانمان لە خۆمان قورس نەکردووە خۆشەویستی دنیا وای لێ کردووین کە نەگەینە ئەم قۆناغە، سەیدنا عومەر ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت لە ماوەی ١٣ساڵی خیلافەتیدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا فەتح کرا، چونکە موسوڵمانان یەک دەنگ و کۆک بوون وە پشتیان لە خۆشیە کاتییەکانی دنیا کردبوو، بەڵام دوای ئەوە دیسانەوە داڕمان دەستی پێکردەوە لەسەردەمی خیلافەتی سەیدنا عوسمان دا، لە سەردەمی داڕمانی موسوڵمانانیدا خەواریج دروست بوو، فیتنە کەوتە ناو موسوڵمانانەوە وە دوای بڵاو بوونەوەی فیتنەو ناکۆکی لە نێوان موسوڵمانانا لە سەردەمی هەردوو خەلیفەی راشیدین سەیدنا عوسمان و سەیدنا علی دوا شەهید بوونی هەردووکیان بە دەستی ناحەزانیان، دوای ئەوان ئەمە چارەسەر کرا لەلایەن حەسەنی کوڕی علی ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت، ئەم پیاوە بەڕێزە خواناسە ئامانجی دەسەڵات نەبوو بەڵکو سەرخستنی دینی خوای گەورە بوو، گەورەی گەنجانی بەهەشتە وە دنیای بۆ چییە چۆن بەدوای کورسی و پلەو پایەدا دەگەڕێت! ئەمەیە دەدەبیاتی ئیسلامی! کورسی دەسەڵاتەکەی بەخشیە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان، لەسەر ئەم هەڵوێستە موسوڵمانان هەموو کۆبوونەوە و ئەو ساڵە ناونرا عام الجماعە.

وا دەزانن ئێستە پێویستمان بە عام الجماعە نیە، ئەگەر عام الجماعەمان کرد دوای ئەوە دەستپێکی بانگەوازمان دەست پێ دەکات، ڕێگەمان زۆر دوورو درێژە، لەگەڵ ڕێزی تەواومان بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کە ئەمانیەکی وەکو نوشیروان مستەفا هەستا پێی دەبوایە ئیسلامیەکان پیانکردایە، چونکە ئیسلامیەکان لەو زەمینەیەدا لە پێشترن، کەس ناتوانێت بڵێت فلان ئیسلامی

دزی كردووەو سەروەت و سامانی خەڵكی بەهەدەر بردووە مەگەر موسوڵمانێكی ئەزویر، ئێمەی موسوڵمان كێشە دزی و كێشەی ترسمان نییە زیندانەكانیش پڕن لە خەڵكی موسوڵمان و ئیسلام خواز، كێشەی ئەوەشمان نییە كە بێ توانا بین چونكە هەموو لایەك باش دەزانن كە یەكێك لە چالاكترین و شەفافترین وەزارەتەكانی ئەم هەرێمەی ئێمە لە دەستی ئیسلامیەكاندایە، بەڵكو كێشەی ئێمە پارچە پارچەیی یە سەبەبی فەشەل و كەوتنیشمان هەر دەگەڕێتەوە هەر بۆ ئەوە، وەڵایی چارەسەری زۆر ئاسانە، ئێمە لەم كاتەدا لە داڕماندایین، ئافەرم بۆ ئەو سەركردەیە بۆ ئەو كۆمەڵەیەی كە بەو قۆناغانەدا دەمانیەن و دەمانگەیەننە جێنیشین كردن، خۆ لە بنەڕەتیشدا جێنشین كردن و ئەمكین هەوڵ نییە بۆ ئێمە بەڵكو هەوڵەكەمان بۆ ئەوەیە لە خوای گەورە نزیك ببینەوە، ئایێت و هەڵەیە ئامانجی حزبایەتی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئیسلامی و یاخود ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییەی كە دەمانەوێت هەوڵی بۆ بدەین تێیدا ببین بە بەرپرس و مەسئول تێیدا و موهیم بین، ئەخێر پێویستە خواناسی فێری خەڵكی بكەین و قیامەتیدان بیربخەینەوە، وەكو سەیدنا عومەر رەزامەندی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: عیزەتی ئێمەی موسوڵمان پەیوەستە بە ئیسلامەكەمانەوە "نحن قومنا أعزنا الله بالاسلام." مەعقولە خوای گەورە پێت بڵێت من ئیسلامم بۆ هەڵبژاردوویت كەچی تۆ هەر بە خەیاڵیشتدا نەیەت، بۆیە ئەم وتانەش ئەوەندە دووبارە دەكەینەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە و بزانین كە هەر بە ئیسلامەكەی خۆمان سەركەوتن بەدەست دەهێنین، رەحمەتی خوا لەو كەسانەی كە تەمەسوك دەكەن بە ئیسلامەكەوە چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت هەركەس تەمەسوكی كرد بەم ئیسلامەوە واتە بە قورئان و سونەتەوە سەركەوتن بەدەست دەهێنێت.

موسوڵمانانی بەڕێز داواتان لێ دەكەین بە مێژوودا بچنەوە، چونكە مێژوو بووەتە زانستێكی ئیهمال كراو لامان، مێژووی موسوڵمانان بخوێننەوە و ئەو گەنزو گەنجانەی تێدا دەربهێنن كە سوودی دەبێت بۆمان و لە بەرپاكردنی گۆڕانكاردا بەرچاومان رۆشن دەبێت، پێویستە بزانین كە ئیبراهیمی جودالی كێ بووە؟ شیخ عبدالله یاسین كێ بووە؟ یوسفی كوڕی تاشفین كێ بووە؟ ئەبوبەكری عومەری لەمتوونی كێ بووە؟ عیمادەدین زەنكی و نورەدین مەحمود كێ بوون؟ ئەسەدین و شێركۆ و صەلاحەدینی ئەیوبی كێ بوون؟ ئەم پیاوە بەڕێزانە چییان كردووە كە ئێمە ئەوتە ناویان دەبەین؟

ئێمەی كورد وەكو نەتەوە دەبێت شانازی بە صەلاحەدینی ئەیوبییەوە بكەین، بچنە ناو گەلانی جیهانە وە بزانن كورد بە چی و بە كێوە ناسراوە؟ باش بزانن كە كورد بە هیچ سەركردەیەكەوە ناناسرێت جگە لە صەلاحەدینی ئەیوبی نەبێت، مێژوونووسی بەناوبانگ میشیل رینۆ و سەدان مێژوو نووسی تریش لە مێژووی ئەوروپادا نووسیویانەتەوە كە صەلاحەدین تەنانەت دەدەب و ئەخلاق و دادپەروەری فێری خاچپەرست و ئەوروپیەكان كردەوە، لە مێژووی خۆیاندا دان بەوەدا دەنێن.

خوێنەری موسوڵمان شانازی بە دینەكەی خۆتەوە بكە و دەستی پێوە بگرە بەخوا قەسەم ئێمە خاوەنی دینێكی عەزیمین، ئەوانەی كە رەخنە لە دینەكەمان دەگرن لە بەخیلیانەوەیە، برۆن سەرنج بدەن كتێبخانەكانیان بەناوی زاناو عولەمایانی ئیسلامەوە ناو دەنێن، وەكو چۆن لە

فەرەنسا کتێبخانەیەک هەیە بەناوی پایتەختی پاریسی لەشاری کە کرد باسمان رابردوودا ٨٠٠ موجەلەدە، ئەمە پارێزراوە ئەڵمانیا لە کە عوقەیلی ئیماس کتێبی یان سینا)، (ئیبن ئەفەسینا خۆیانیان بۆ مۆزەخانەکانی بردوویانەو دزییەوە بە کە ئێمە توراسەی هەموو لەو جگە دەوڵەمەند کردووە.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەچەی خۆمان و بیکەین بە مەشخەڵێک و داهاتووی خۆمانی پێ ڕووناک بکەینەوە، ئاخر چەندە لە ئێمە شارەزاو ئاگادارە لە ژیان و مێژووی ئیبراهیمی خیزانی، ئیبراهیمی میللی، شێخ عوبەیدولای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، میر بەدرخانی گەورە، میر محمدی سۆران، ئەردەڵانییەکان، بابانییەکان، شاعیرانی بەڕێزی وەکو مەولەوی، مەحوی، نالی، ناری، پیرەمێرد ...هتد. دەوڵەتی هەزبانی کوردی، دەوڵەتی دیناوەری، دەوڵەتی حەسنەوی، دەوڵەتی ئەیوبی، سەلاجیقەی کورد، ...هتد، پێویستە دیراسەیان بکەینەوە کە بەداخەوە بە مەبەست ئێمە تەنها ئەوەندە فێرکراوین کە ڕۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین، لێ باشە میدییەکان بەس تەنها کورد نەبوون، ئێرانییان تێدا بووە ئەفغانی و ئۆزبەکی و پاکستانی و هیندییان تێدا بووە.

کورد ئەسڵ زاگرۆسییە، بۆ نایەن لە ژیانی زاگرۆسی ئەم کوردەوە سەیری بکەن، جوان سەرنج بدەن و ورد بینەوە بزانن کێ مێژووی ئەم کوردەی شێواندووە، هەر مێجەرسۆنی عەمانی بۆ هاتە وڵاتمانەوە و لە ڕێگەی هێنانی چاپخانەیەکەوە بۆ حەسەن حوزنی موکریانی دەستی کرد بە تێکدانی مێژوومان، سەیر بکەن بزانن چۆن خیانەتمان لێ کراوە، چۆن وایان لێ کردووین کە هەموو شتێکمان تەزویر بێت، ئێمە لە موئامەرەداین و موئامەرەمان لەسەرە واش دەزانن کە زۆر موهیمین و خۆمان حەلی گرفتەکامان دەکەین ئیتر بۆیە ئەفەوتاوین، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت موئامەرەو کەیدی ئەوانە وَقَدْ مَكَرُواْ مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ﴿٤٦﴾ إبراهيم. واتە: بێگومان (خوانەناسان) پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا فێڵ و فڕی زۆریان کرد، بەڵام هەموو پیلان و فێڵیان لای خوا ئاشکراو دیارە (بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە) هەرچەندە پیلان و فێڵیان کێوەکانیش لە بن بهێنێت.

بە فیعلی مضارع هێناویەتی، واتە شاخ دەتوێنێتەوە، ئەگەر خوای گەورە فریامان نەکەوێت لە کەید و موئامەرەی ئەم خوانەناسانە دەرناچین، بۆیە خواناسیی ئێمە دەگەڕێنێتەوە سەر ئەو ڕێچکەیەی، کە گۆڕانکاریمان پێ بکرێت.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە مەودای پێ بەخشین لە نووسینی ئەم کتێبەدا، پێویستە لەمەولا ئێمە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی، کە چۆن بتوانین گۆڕانکاری لە ناخی خۆماندا بکەین، پاشان لەناو خێزانەکانمان، دوای ئەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و پاشانیش بۆ ناو حکومڕانیی و دەسەڵات، ئێمە نەهاتووین وتارێکی ئاینیتان بۆ بنووسین شتێکی تازەشمان باس نەکردووە، نەخێر ئەوەی کە ئێمە باسمان لێوە کردووە تەنها بۆ بیرخستنەوەیە، دەزانین زۆربەتان لە ئێمە زاناتر و دانشمەندتر و زیرەکتر و بەتواناترن، ئەوەی باسکرا لە رابردوودا لەبەر ئەوەی مرۆڤێک نووسیویەتی دڵنیابن خاڵی نییە لە هەڵە. ئەمەی، کە نووسراوە دەلالەت لە دید و تەسەوراتی بەندەیەک دەکات، بۆیە هەرشتێکی هەڵە وترابێت و نووسرا بێت لەلایەنی ئەم بەندە بێهێزەوە بووە، هەرشتێکی باشیشمان وتبێت و نووسیبێت لە ئیسلامەوە فێربووین و لەلایەن خوای گەورەوە بووە.

سەرچاوەکان

١- القران الكريم
٢-تەفسیری ئاسان
٣- مختصرتفسير ابن كثير
٤- مختصر صحيح البخاري
٥- السيرة النبوية ابن هشام
٦- فيقه السيرة النبوية محمد رمضان البوطي
٧- الحركة الكردية المعاصرة د. عثمان على
٨ - السلوك التنظيمي والدارة الافراد د. عبدالغفار حنفي
٩- تاريخ الخلفاء الامام جلال الدين السيوطي
١٠- اسوة للعالمين د. راغب السرجاني
١١- قصة التتار د.راغب السرجاني
١٢- قصة الحروب الصليبة د.راغب السرجاني
١٣- بين التاريخ والواقع د. راغب السرجاني
١٤- بنو اسرائيل د.م. محمد الحسيني اسماعيل
١٥ - الاندلس التاريخ المصور د. طارق السويدان
١٦ - السيرة النبوية د. مصطفى السباعي
١٧- اخلاق الحروب د. راغب السرجاني
١٨ - قصة الاندلس د.راغب السرجاني
١٩ - صلاح الدين الايوبى بطل حطين... عبدالله ناصح علوان
٢٠- الدولة الاموية .. د. محمد على الصلابي
٢١- دولة السلاجقة .. د. محمد على الصلابي
٢٢- الدولة الزنكية.. د. محمد على الصلابي
٢٣- صلاح الدين الايوبي .. د. محمد على الصلابي
٢٤- الايوبيون بعد صلاح الدين .. د. محمد على الصلابي
٢٥- دولة المرابطين و الموحدين .. د. محمد على الصلابي
٢٦ - الوسطية في القران الكريم .. د. محمد على الصلابي
٢٧- الدولة العباسية... الشيخ محمد لاخضري
٢٨- احمد بن حنبل ..عبدالغني الدقر
٢٩- قصة الامام محمد بن عبدالوهاب.. د.راغب السرجاني
٣٠- مێژووی کوردستان .. ن لازاریف
٣١- مێژووی هاوچەرخی کورد ..دیڤید مەکداول
٣٢- سوپای ئەیوبیان لەسەردەمی سەلاحەدین .پ .د. موحسین محمد حسین وەرگێڕانی عوسمان عەلی قادر
٣٣-کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا ..حەسەن مەحموود حمە کریم
٣٤- کۆمەڵێک لە وتاری دەنگی بانگخوازەکان و بەرنامە تەلەفزیۆنییە هەمەچەشنەکان.

## ناوەرۆك


١. پێشەکی ٧
٢. ڕێڕەوی باس ١٠
٣. چۆن گۆڕانکاری بکەین؟ بەچ ئامرازێك؟ ٢٠
٤. نمونەی زانای گەورەی کورد (الجزري) چ گۆڕانکارییەکی کردووە؟ ٢٣
٥. أبو عبدالله أسد بن الفرات بن سنان بناسە ٢٤
٦. عەباسی کوڕی فەناس، یەکەم بە ئاسماندا فڕیوی موسوڵمان ٢٧
٧. ئیدریسی کێیە؟ ٢٩
٨. یەکەم کەس ئەمریکای دۆزییەوە، کێ بوو؟ ٢٩
٩. ئێمە بۆچی زانایانی خۆمان ناناسین؟ ٣١
١٠. نامەکەی پادشای ئینگلتەرا بۆ خەلیفە عەبدوڕەحمان ناسر ٣١
١١. بۆچی بەم شێوەیە مێژوومان شێوێنراوە؟ ٣٧
١٢. خالە ڕەجەب کێیە؟ داهێنانەکانی چین؟ ٣٨
١٣. میری سۆران و ئیمارەتەکەی ٣٨
١٤. ئیمارەتی بۆتان ٤٣
١٥. میر بەدرخان ٤٤
١٦. سیمای دەسەڵاتی ئیمارەتی بەدرخان ٤٤
١٧. هۆکاری سەرکەوتنی ئیمارەتی بەدرخان ٤٥
١٨. جەنگی نێوان ئاشورییەکان و ئیمارەتی بۆتان ٤٧
١٩. ڕووداوەکانی دوای جەنگ ٤٩
٢٠. هێرشی عوسمانلی بۆ سەر ئیمارەتی بۆتان ٥٠
٢١. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەدرخان ٥٠
٢٢. سەرچاوەی دروستبوونی شێخایەتی ٥٢
٢٣. شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهری ٥٥
٢٤. شێخ عوبێدوڵای نەهری و شۆڕشەکەی لە ١٨٨٠-١٨٨٣ زاینی ٥٥
٢٥. ڕوودلوەکانی ڕاپەڕین ٥٧
٢٦. وتارە مێژووییەکەی شێخ عوبێدوڵا لە کۆنگرەدا ٥٩
٢٧. هەڵەیەکی مێژوویی زۆر گەورە ٦٠
٢٨. ستراتیژیەتەکانی سوڵتان عبدالحمید ٧٦
٢٩. سوارچاکانی حەمیدیە یاخود سوارچاکانی کورد؟ ٧٨
٣٠. هۆکاری دروستبوونی سوارچاکانی حەمیدیە ٨٠
٣١. نمونەیەک لە ژیانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ٨٦
٣٢. پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ چۆنگۆڕانکاری کردووە ١٠٤
٣٣. خالید کوڕی وەلید کێیە؟ ١٠٦

٣٤. مێژووی پڕ لە گۆڕانکاری ئەندەلوس ٢٠١
٣٥. بۆچی مێژووی ئەندەلوس شیبکەینەوە؟ ٢٠٤
٣٦. شۆڕش و تایبەتمەندییەکانی لە ناو ئیسلامدا ٢٠٧
٣٧. سوپا و بانگەوازکاران! ٢١٠
٣٨. بیرکردنەوە لە فەتحی ئەندەلوس ٢١٥
٣٩. کێشە و ڕێگرییەکان ٢١٥
٤٠. چارەسەری کێشەکان ٢١٧
٤١. یەکەم پێکدادانی موسوڵمانان و سەرەتای فەتحی ئەندەلوس ٢٢٢
٤٢. ڕووداوی دۆڵی برباط لە ساڵی ٩٢ کۆچی فەتحی ئەندەلوس ٢٢٣
٤٣. جیاوازی نێوان ئەم دوو هێزە ٢٢٤
٤٤. جەنگی دۆڵی برباط لە مانگی ڕەمەزاندا ٢٢٦
٤٥. ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ لە مێژوونووسانی ئەوروپا ٢٢٧
٤٦. طارقی کوڕی زیاد دوای جەنگی دۆڵی برباط ٢٣٠
٤٧. طارقی کوڕی زیاد و فەتحکردنی باکووری ئەندەلوس ٢٣٢
٤٨. چوونە ناو پایتەختی ئەندەلوس طوڵەیطیلە ٢٣٣
٤٩. پەڕینەوەی موسا نوصێر و گەورەترین کاری لە خاکی ئەندەلوس ٢٣٤
٥٠. بەیەکگەیشتنی طارقی کوڕی زیاد و موسا کوڕی نوصێر ٢٣٦
٥١. نامەیەک لە وەلیدی کوڕی عبدالملیک بۆ وەستاندنی فتوحات ٢٣٧
٥٢. (صخرە بلای) وانەیەکی زۆر سەخت ٢٤٠
٥٣. سەردەمی والییەکان ٢٤١
٥٤. سەردەمی یەکەمی فەرمانڕەوایی والییەکان ٢٤٢
٥٥. سامیح کوڕی مالیکی خولانی ١٠٢ کۆچی ٢٤٤
٥٦. عەنبەسەی کوڕی سوحیم ٢٤٤
٥٧. عەبدوڕەحمان غافقی ٢٤٥
٥٨. بیلاتی شەهیدان و گەورەترین و خوێناویترین جەنگ ٢٥٠
٥٩. هەڵوێستەیەک لەسەر جەنگی بیلاتی شەهیدان ٢٥٢
٦٠. کێشەی هۆزگەرایی و جاهیلیەت ٢٥٨
٦١. گەڕانەوەی موسوڵمانان بۆ ئەندەلوس ٢٦٠
٦٢. سەردەمی دووەمی والییەکانی ئەندەلوس ٢٦١
٦٣. گۆڕانکاری لە ئەندەلوس ٢٦٤
٦٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە چۆن چووە ناو خاکی ئەندەلوس ٢٦٧
٦٥. شەڕی مەسارە ٢٦٩
٦٦. عەبدوڕەحمانی داخل و سەردەمی ئەمارەتی ئەمەوی ٢٧١
٦٧. هەڵۆی قورەیش و شۆڕشی عەباسییەکان لە ئەندەلوس ٢٧٣

٦٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویە و خیلافەتی عەباسی ٢٧٤
٦٩. عەبدوڕەحمانی داخل و کێشەی یاخی بووەکان ٢٧٧
٧٠. عەبدوڕەحمانی داخل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ ٢٧٨
٧١. سەردەمی حەکەمی کوڕی هیشامی عەبدوڕەحمانی داخل ٢٨٤
٧٢. کارە گرنگەکانی عەبدوڕەحمانی ناوەند بۆ ئەندەلوس ٢٨٦
٧٣. کاریگەریی و هۆکارەکانی سەردەمی لاوازی ئەمەوییەکان ٢٨٩
٧٤. لاوازی و کۆتایی ئەمەوییەکان لە ئەندەلوس ٢٩٣
٧٥. کۆتایی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، سەردەمی هێز و دەسەڵات ٢٩٥
٧٦. عەبدوڕەحمان ناصر و سەرەتای ژیانی بەرەو چاکسازی ٢٩٧
٧٧. عەبدوڕەحمانی ناصر و گۆڕانکاری لە مێژوودا ٢٩٨
٧٨. کۆتاییهێنان بە شۆڕشی سامۆئیلی کوڕی حەفصون ٣٠٠
٧٩. دامەزارندنەوەی خیلافەتی ئەمەوی ٣٠٤
٨٠. عەبدوڕەحمانی ناصر و بەرزترین رەوشت ٣١٣
٨١. سەردەمی حەکەمی عەبدوڕەحمانی ناصر-٣٥٠- ٣٦٦ کۆچی ٣١٤
٨٢. قورتوبە بووە شارێکی نموونەیی لە جیهاندا ٣١٥
٨٣. هەندێک لەو زانایانەی لە قورتوبە ژیاون ٣١٩
٨٤. حەکەمی کوڕی عەبدوڕەحمان و لەدەستچوونی دەسەڵات ٣٢٦
٨٥. موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر ٣٢٧
٨٦. دامەزراندنی دەوڵەتی عامریە لە ساڵی ٣٦٦ -٣٩٩ کۆچی ٣٢٨
٨٧. ژیار و شارستانییەت لەسەردەمی موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر ٣٣٣
٨٨. دەوڵەتی عامریە دوای فەرمانڕەوایی موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر ٣٣٥
٨٩. قشتالە کێیە؟ ٣٤٠
٩٠. هیشامی کوڕی حەکەم و گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات ٣٤٢
٩١. شۆڕشی بەربەر دژی سولەیمانی کوڕی حەکەم گەورەبوونی کێشەکان ٣٤٤
٩٢. بیست و دوو دەوڵەت و لێکۆڵینەوەیەک لە رەوشی پارچە پارچەبوونیان ٣٥٢
٩٣. رۆڵی گەلان لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا ٣٦٩
٩٤. عبداڵلەی کوڕی یاسین کێیە؟ ٣٧٢
٩٥. عبداڵلەی کوڕی یاسین و دامەزراندنی دەوڵەتی مورابطین ٣٧٤
٩٦. یەحیای کوڕی عومەری لەمتونی و مورابطون ٣٨٠
٩٧. ئەبوبەکری عومەری لەمتونی سەرکردەی دەوڵەتی مورابطین ٣٨١
٩٨. یوسف کوڕی تاشفین و کارە گرنگەکانی ٣٨٣
٩٩. یوسفی کوڕی تاشفین و نموونەی پێشەنگ ٣٨٩
١٠٠. مورابطین ئەندەلوسی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی ٤٠١
١٠١. مورابطین و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکان ٤٠٣

١٠٢.مورابطین بەرەو شکست دەڕوات ٤٠٤
١٠٣.دامەزراندنی دەوڵەتی موەحیدون دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە سەرکەوتن ٤٠٩
١٠٤.دەستپێکردنی چاکسازی لە دامەزراندنی دەوڵەتی موەحیدین ٤٣١
١٠٥.جەنگی نێوان مورابطین و موەحیدین ٤٤٥
١٠٦.ڕووداوەکانی ناو ئەندەلوس لە دوای رووخاندنی مورابطین ٤٥٢
١٠٧.دەمێک لەمێژووی عەباسی، تا هاتنی صەلاحەدینی ئەیوبی و مەمالیک ٤٦٥
١٠٨.کارەکتەری شانۆی گۆڕنکاری: صەلاحەدینی ئەیوبی ٤٦٥
١٠٩.باطنیەکان کێن؟ ٤٧٠
١١٠.لەناوچوونی دەوڵەتی فاطمی شیعی ٤٨٤
١١١.ڕۆیشتنی صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ قودس ٤٨٦
١١٢.کێشەی نێوان شیعەی حەمدانی و نەجاحی لە یەمەن ٤٩٦
١١٣.جەنگی خاچ دروشمەکان ٥٠١
١١٤.چاکسازییەکانی صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەساراکان ٥٠٤
١١٥.گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتننامەی رەملە ٥٢٠
١١٦.مێژوویەکی گرنگ ٥٤٥
١١٧.تەتار و مەغۆل کێن؟ ٥٥١
١١٨.جینۆسایدی هیندە سوورەکان ٥٥٣
١١٩.بەڵگە لەسەر ئامار و ژمارەکان ٥٥٦
١٢٠.هێرشی تەتار بۆ ناوچەی موسوڵمانان ٥٦٥
١٢١.کۆکردنەوەی هێز بۆ گرتنی شاری بەغداد ٥٨٢
١٢٢.هێزی سەربازەکانی خیلافەتی عەباسی ٥٩٢
١٢٣.موستەعصیم و هۆلاکۆ ٦٠٣
١٢٤.وێرانکرنی کتێبخانەی شاری بەغداد ٦٠٨
١٢٥.سەدام و ئەمەریکا ٦١٣
١٢٦.ئەی سەرکەوتن چۆن دەبێت؟ یان چۆن سەربکەوین؟ ٦٢٣
١٢٧.مەمالیکی صاڵحی کێن؟ ٦٣٦
١٢٨.کۆتایی ٧٠٧
١٢٩.سەرچاوەکان ٧٠٨

گۆڕانکاری بە باشترین خەڵک ئەکرێت،
لەوەی ئەیەوێ لە باشەوە بەرەو باشتر بڕوات،
وە لەوەی ئەیەوێ کە گۆڕانکاری بکات
لە خراپەکارییەوە بەرەو چاکەکاری،
لە فەسادەوە بەرەو پێچەوانەکەی
پێویستە کەسێکی چاکەکار و
کەسێکی باش و نموونەی ناو خەڵکی بێ
پێش هەموو شتێک ئەبێت ئەوە بزانین و
بە خەڵکی تێبگەیەنین لەوەی کە
ئەو کەسەی گۆڕانکاری ئەکا کێ یە؟
وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا
ناوی ناوە خَیرَ أمّة، کە دەفەرموێت:

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ
عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ۗ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ
لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾﴾

کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
■ 07504671394 - 07501734977
فەیس بووک : کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی
هەولێر - پشت قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری ■ نرخ : ١٢٥٠٠